تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز

بەرگی سی و دووەم

سوورەتەکانی

(عبس) و(التكوير) و(الإنفطار) و(المطففين)
و(الإنشقاق) و(البروج) و(الطارق) و(الأعلى)
و(الغاشية) و(الفجر) و(البلد) و(الشمس)
و(الليل) و(الضحى) و(الشرح) و(التين)

عەلی باپیر

تەفسیری سوورەتەکانی

عَبَسَ تاکو التِّینِ

تەفسیری شازدە سوورەتەکانی

عَبَسَ تاکو التِّينِ

نووسینی : عەلی باپیر
دیزاینی ناوەوە : زەردەشت کاوانی
چاپی یەکەم ١٤٤٥ك - ٢٠٢٣ز
٨٩٧ لاپەڕە
١٧* ٢٤ سم
بابەت : ئایینی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (٧) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

تەفسیری سوورەتەکانی

عَبَسَ تاكو التِّينِ

نووسینی: عەلی باپیر



پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتیی

إنَّ الحَمْدَ للَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شرُورِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْده اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَن لاَ إلَهَ إلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسولُهُ.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ (١٠٢)﴾ آل عمران.

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا (١)﴾ النساء.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا (٧٠) يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا (٧١)﴾ الأحزاب.

أمَّا بَعْدُ: فإنَّ أَصْدَقَ الحَديث كَلامُ اللَّه، وَخَيْرَ الْهَدِي هدْيُ مُحَمَّد ﷺ وَشرّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ، وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّار(١).

خوێنەرە بەڕێزو خۆشەویستەکان!

هیچ گومانی تێدانییە - بۆ مرۆڤی بڕوادار - کە ئەو تەمەنەی لە خزمەت دوایین کتێبی خوا (قورئان)دا بەسەردەبرێ، جا بە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی لە خزمەتدابووندا بێ؛ خوێندنەوە، تێفکرین و ڕامان، فێرکردن، کارپێکردن ... هتد، بە باشترین جێگرتن جێگا دەگرێ و، خاوەنەکەی لە دنیاو دوارۆژدا لێی بەهرەمەندە.

---

(١) ئەوە پێی دەگوترێ: (خطبة الحاجة) کە پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بەڕێزی فێردەکرد، پێش هەر قسەیەکی گرنگ، بیڵێن، وەك وتاری جومعەو داخوازییکردن (خِطْبة)و... هتدو، ئەم وتارە، هەرکام لە: الترمذي: (١١٠٥)، النسائي: (١١٠٤)، ابن ماجه: (١٨٩٢) أحمد: (٣٧٢٠)، الطَّبراني: (٢٤١٤) هێناویانەو (مسلم)یش بەشێکی هێناوە.

منیش - کە وەك باسکردنی چاکەی خوا (**التحدّث بنعمة اللّه**) دەیخەمەڕوو-لەوەتی فامم کردۆتەوە، خوای بەبەزەیی و بەخشەر چاکەی لەگەڵ کردووم و، بە فەرمایشتی بەرزو بێ وێنەی خۆیەوە سەرگەرمی کردووم و، بەر لە تەمەنی بیست ساڵییەوە هیدایەتی داوم، قورئانی بەڕێزو پێز لەبەر بکەم و، سەرقاڵی خوێندنەوەی تەفسیرەکانی قورئان و، تێوەڕامانی ئایەتە پڕ بەرەکەتەکانی و، لێوردبوونەوەیان بم.

هەر بۆیەش تێکڕای کتێب و نامیلکەو وتارو دەرسەکانم، کەم و زۆر لەبەر ڕۆشنایی قورئان دابوون، کە دیارە هەر ئەمەش شتێکی سرووشتییە؛ ئاخر ئایا ئیسلام، بێجگە لە قورئان پاشان سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، کە ئەویش هەر ڕوونکردنەوەی قورئان و چۆنیەتی جێبەجێکردن و کارپێکردنیەتی، شتێکی دیکەیە؟! بێگومان نەخێر.

ئنجا لەمێژ ساڵیش بوو، کە براو خوشکانێکی دڵسۆزی نزیك و ئاشنام، داوایان لێدەکردم کە دەست بکەم بە دانانی تەفسیرو لێکدانەوەیەکی قورئان، هەتا لە ڕەمەزانی ساڵی (١٤٢٨)دا هاتە دڵمەوە، کە ناوی خوای لێبهێنم و دەست بەو کارە گەورەو گرنگە بکەم، بەڵکو وردە وردە بەپێی بوارو دەرفەت، هەرساڵە هەندێکی لێ ئەنجام بدەم، لەگەڵ سەرقاڵیی زۆرو جۆراو جۆریشدا، هەتا دەرفەتێکی وام بۆ دەڕەخسێ کە بتوانم خێرایی تێدا بکەم و خۆمی بۆ یەکلایی (**متفرّغ**) بکەمەوەو، خوا پشتیوان بێ تەواوی بکەم، ئەگەر تەمەن بەبەریەوە مابێ.

سەرچاوەی دانانی ئەم تەفسیرو لێکدانەوەیەشم، وێڕای سەرنجدانی زۆربەی ئەو تەفسیرانەی کە باون و، دەستم پێیان گەیشتوە، بریتیە لە وردبوونەوەو تێوەڕامانی خۆم لە خودی قورئان، چونکە بێگومان قورئان: هەندێکی هەندێکی ڕوون دەکاتەوە: (**القرآن يُفَسِّر بَعضُهُ بَعْضاً**)، پاشان سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ چونکە پێغەمبەری خواش ڕوونکەرەوە (**مُبَيِّن**)ی قورئانە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی:

﴿...وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ النحل.

واتـە: هەروەهـا زیکرمـان بـۆ لای تـۆ ناردۆتـە خـوار، تاکـو ئـەوەی بـۆ خـەڵکی نێرراوەتـە خـوار، بۆیـان ڕوون بکەیـەوە، وە بەڵـکو خۆشـیان بیـربکەنەوە.

ئومێدیشـم وایـە - بـە یارمـەتی خـوای بەخشـەر ﷻ - شـایسـتەیی ئـەوەم هـەبێ تەفسـیـرو لێکدانەوەیەکی وا بۆ قورئـان پێشـکەش بە مسـوڵمانانی کوردسـتان بکەم، کـە لـە قورئـان بوەشـێتەوەو، مایـەی بەهـرەو سـوودی خوێنـەران بـێ، بەتایبـەتیش کـە زیاتـر لـە سـی (٣٠) سـاڵە لەگـەڵ قورئانی بـەرزو مـەزن و تەفسـیـرەکانی و کتێبەکانی سـوننەتدا خـەریکم و، دەیـان کتێـب و بەرهـەمی جۆراوجـۆرم لـە زۆربـەی بـوارەکانی زانسـتەکانی شـەریعەتدا پێشـکەش کردوون.

شـایانی باسیشـە کـە ئەو بیسـت و دوو مانگ زیندانیـی کرانەم لەلایـەن ئەمریکاوە - لـە (٢٠٠٣/٧/١٠ تاکـو: ٢٠٠٥/٤/٢٨) - دەرفەتێـکی گـەورەو گرنـگ بـوو، بـۆ زیاتـر پێدا قووڵـبوونەوەی کتێبـی خـوا (تبـارك و تعالـى) و، بۆ پەیدابوونی تێگەیشـتنی تایبـەت لەبـارەی زۆرێـك لـە ئایەتـەکانییەوە، ئـەم ڕاسـتییەش لـە مەوسـووعەی: (**الإسـلام كـما يتجـلّى فـي كتـاب اللّـه تعالـى**)دا زۆر چـاك درەوشـاوەتەوە[1]، بـەڵام هـەڵبەتە ناڵـێم و هیچکەسیش بـۆی نیـە بڵـێ: کـە ئـەم تەفسـیرەی من تێروتـەواوە، چونکـە وێـڕای سـنوورداربوونی توانـاو بڕسـتم، لـە بەرانبـەر کتێبـی لـە هـەموو ڕووێکـەوە ڕەهـا (مطلـق)و بێسـنوور (لا محـدود)ی خـوادا، نەشـمویسـتوە کـە زۆر بەمـلاولادا بچـم و بچمـە نێو هـەندێك وردەکارییەوە، کە یان من تێیـدا پسپۆڕو

---

(١) ئـەو مەوسـووعەیە ئێسـتا چـاپ کـراوەو، کەوتۆتـە بەردەسـتی خوێنـەران و، سـەرجەم هەشـت بەرگ و دەوری سـێ هـەزارو پێنج سـەد (٣٥٠٠) لاپەڕەیەو، هـەوڵـمداوە بەگشـتی تێیـدا باسـی سـەرجەم لایەنـەکانی ئیسـلام بکـەم و، تاکـە سـەرچـاوەشم قورئـان بـووە، وێـڕای دەقـەکانی سـوننەت، کـە لـە هـۆش (ذاكـرة)دا بـووون.

شـایانی باسـە ئەو مەوسـووعەیە لە چاپی دووەمی دا، کراوە بە دوازدە (١٢) کتێبـی سـەربەخۆ، بە مەبەستی ئاسـانتـر سـوود لێ بینـرانی .

شــارەزا نیم، یـان خوێنــەر پێویســتی پێـی نیـە، لـە کاتێکـدا دەیــەوێ لـە قورئان تێبگات و، بزانـێ خـوا (تبـارك وتعـالـی) ڕاستەوخۆ چـی پـێ فــەرمووە؟!

ئنجا هــەر لێرەشـەوە بە پێویستی دەزانم پڕ بە دڵ سوپاسی ئەو بـرا گەنجە ڕووح سـووك و گـورج و گـۆڵ و دڵسـۆزە بکـەم (حـەزی نەکـرد نـاوی بهێنـم)، کـە هـەڵسـا بـە نووسینەوەو هێنـانە سـەر کاغـەزو، پاشـان تایپکـردن و دوایـی پێداچوونـەوەو هەڵەگیـریی، سـەرجـەم ئـەم زنجیـرە دەرسـە، کـە لـە ئەسـڵدا لـە شێوەی وتـار (محـاضرة)دا پێشـکەش کراون، هــەروەها هــەڵسـا بـە (تخریج)ی سـەرجەم دەقەکانی سـوننەت، لـە سـەرچاوە متمانـە پێکراوەکانـەوەو، زەحمـەت و ماندووبوونێـکی زۆری بـە سـەرجەم بەرگـەکانی ئـەم تەفسیـرەوە کێشــاوە، خــوا بـە باشتـرین شــێوە پاداشـتی بداتـەوەو، هــەر صـاڵح و سـاغ و سـەلامەت و سـەربەرزبێ[1]، لـە خـوای بـەرزو بێهـاوتاش داواکارم ئـەو جـۆرە گەنـج و لاوانـە لـە کـوڕان و کچـان، لەنێـو گەلەکەمانـدا، زۆر بـکات .

شـایانی باسیشـە کـە ئێمـە لـەم تەفسیـرەماندا، بـاسی بـەش (جـزء)ەکانی قورئـان و دابەشـکردنەکانی دیکـەی وەك: - (حـزب) - ناکەیـن، چونکـە هــەر ســوورەتێك بۆخــۆی شــتێکی ســەربەخۆیــەو، ســەرجەم ئایەتـەکانی وەك ئاڵقـەکانی زنجیرێـك پێکـەوە پەیوەستن و، ئاشکراشـە کـە دابەشـکرانی سـەرجەم قورئـان بـۆ سـی (٣٠) بـەش (جـزء) و شەســت (٦٠) (حـزب)، شتێکە لەلایـەن زانایانـەوە کـراوە، بـۆ ئاسـانکاریی خوێنـدنی قورئــان، دیـارە ئێمـە لـە دابەشـکردنی بەرگـەکانی ئـەم تەفسیـرەشـدا، دیسـان حیســاب بـۆ بەشـەکان (أجـزاء)ی ناکەیـن و، بـە گوێـرەی ســوورەتەکان، بەرگــەکانی دیـاریی دەکەیـن.

---

(١) ئـەو بــرا دڵسـۆزە ئێســتاش پـاش تەواوکردنـی زۆربـەی قورئـان، لێبڕاوانـە بەردەوامـە و عەزمیشـی جــەزم کردوە، کە ئەگەر تەمەنمــان بەردەوام بێ، هەتــا کۆتــایی ئەم تەفسیــرە ســەرگەرمی کارەکـەی بێ .

دوا قسـەشـم ئەوەیـە کە:

ئـەم تەفسـیرە - وەك پێشـتـر گوتمـان - لـە ئەسـڵدا بەشـێوەی دەرس و وتـار پێشـکەش کـراوە، بـەڵام دواتـر خـۆم دووجـار بـە وردیـی پێیـدا چوومـەوەو، بەپێـی پێویسـت دەسـتکارییم کـردوە، دیـارە هــەموو دەرسـێکیش بەنـاوی خـواو سـتایشی خـوا ﷻ دەسـتی پێکـردوە، بـەڵام ئێمـە لـە سـەرەتای دەرسـەکانەوە، ئەوانەمـان لابـردوە، بـۆ زۆر دووبـارە نەبوونـەوەو، ئـەو (خطبـة الحاجـة)یەی لـە سـەرەتای ئـەم پێشـەکەییەوە هاتـوە، لەجیـاتی سـەرەتای سـەرجەم دەرسـەکانە.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ،

وَسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

دووشەممە ٢٥ رجب ١٤٣٢

٢٠١١/٦/٢٧

هـەولـێر

بەرچاو ڕوونییەکی گرنگ لەبارەی ئەم تەفسیرەوە

خوێنەری بەڕێز !

هەرچەندە لە (پێشەکی گشتیی) ئەم تەفسیرەدا باسمان کردوە کە بۆ نووسینی ئەم تەفسیرە، لە هەموو ئەو تەفسیرە باوانەی دەستم پێیان گەیشتوە، بەهرەمەندبووم، هەروەها لە کۆتایی هەر بەرگێکی ئەم تەفسیرەدا، سەرجەم ئەو تەفسیرانەی کەم و زۆر لێیان سوودمەند بووم، ناوەکانیانمان بە ڕیز نووسیون[1]، بەڵام لێرەش وەك جەختکردنەوەی زیاترو بەرچاوڕوونیی باشتر بۆ ئێوەی بەڕێز دەڵێم :

مادام ناوی تەفسیرەکانمان نووسیوە، نە پێویست دەکات و نەدەشگونجێ، بۆ هەر تێگەیشتن و بیرۆکەیەك، کە زۆربەی تەفسیرەکان لەبارەی ئایەتێکەوە، یان ڕستەو برگەیەکی ئایەتێکەوە، دەیهێنین، ئێمە هەموو جارێ ناوی ئەو تەفسیرانە بێنین، بەڵام بێگومان هەر کات بیرۆکەو تێگەیشتنێکی تایبەتی یەکێك لە تەفسیرەکان هەبێ و بکەوێتە بەرچاوم، ئنجا چ پەسندی بکەم، چ ڕەفزی بکەم، هەر کات بە پێویستی بزانم، بە تایبەت ئاماژەی پێدەکەم، ئەگەرنا بە ئاماژەی گشتیی و بە نووسینی ناوی تەفسیرەکان لە کۆتایی هەر بەرگێك دا، ئیکتیفا دەکەم و، زۆریش لە ئەمانەتی زانستیی (الأمانة العلمية) دەخەفتێم و مەبەستمە ڕەچاوی بکەم، چونکە ئەمینیی و ئەمانەت پارێزیی، ڕەوشتێکی گەورەو بەرزی مسوڵمانەتییە .

---

(١) دوایی وا بەباش زانرا ناوی تەفسیرەکان لابرێن و، لە کۆتایی کۆی بەرگەکانی [تەفسیری قورئانی بەرز و بەپێز]دا دەیاننووسین.

شایانی باسیشە جاری وا هەیە بیرۆکەو تێگەیشتنێکی تایبەتیی خۆمم، دەربارەی کۆمەڵە ئایەتێك یان ئایەتێك یان ڕستەو بڕگەیەکی ئایەتێك، بۆ دروست دەبێ، وەك تێگەیشتن و بۆچوونی خۆم دەینووسم، کەچی ڕەنگە لە تەفسیرەکانی دیکەش - یەکێکیان یان زیاتر - دا هەبێ، ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە کە من ئەو تەفسیرەم نەکەوتۆتە بەر دیدە، یان دیتوومەو لەیادم نەماوە.

پێشەکی ئەم بەرگە

الحمدلله الأحد الصمد الذي لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفوا أحد، والصلاة والسلام على محمد خاتم النبين المبعوث رحمة للعالمين، وآله أجمعين من الصحب والأزواج والقرابة إلى يوم الدين.

ئەم بەرگە -لەچاپی یەکەمدا- بەرگی سی و دووەم (٣٢)ە لەتەفسیری قورئانی بەرز و بەپێز و شازدە سوورەتی گرتوونە خۆی و هەمووشیان دەکەونە جوزئی سییەم (٣٠) ەوە، بەپێی دابەشکردنی زانایان بۆ قورئان بە سی بەش (جزء).

ئەم بەرگەش وەک سەرجەم بەرگەکانی دیکەی ئەم تەفسیرە، بە حەوت قۆناغ ئایەتەکانی سوورەتەکان ڕووندەکەینەوە و، وێڕای ئەوەش ژمارەیەک کورتە باسیشی گرتوونە خۆی، بەم شێوەیە:

یەکەم: لەسووڕەتی (عبس) دا:

١- کورتەباسێک دەربارەی حەوت حیکمەت لەو گلەییەی خوادا کە لە پێغەمبەری کردوە.

٢- کورتەباسێک لەبارەی ئەندازەگیریی خواوە بۆ نوتفە.

٣- کورتەباسێک دەربارەی ئاسانبوونی لەدایک بوونی کۆرپەلە.

٤- دوو قسەی پاڵدراو بۆ ئەبوبەکر و عومەر و بەرپەچدانەوەی قسەی بەدگوماناوی شیعەکان.

دووەم: لەسووڕەتی (التکویر)دا:

١- قووڵەباسێک دەربارەی حوکمی منداڵان لە ڕۆژی دواییدا.

٢- کورتەباسێک لەبارەی پەیوەندی نێوان و ویستی ڕەهایی خوا و ویستی بەشیی مرۆڤەوە.

سێیەم: لەسوورەتی (الإنفطار) دا:

کورتەباسێک لەبارەی دروستکردنی جەستەی مرۆڤەوە.

چوارەم: لەسوورەتی (الإنشقاق) دا:

کورتەباسێک لەبارەی پانتایی زەوی و کیشوەر و ئۆقیانوسەکانییەوە.

پێنجەم: لەسوورەتی (البروج) دا:

١- قسەیەکی کورت لەسەر بورجەکان.

٢- قسەیەک لەبارەی (لوح المحفوظ)ەوە.

شەشەم: لەسوورەتی (الطارق) دا:

کورتەباسێک لەبارەی چۆنییەتی دروستبوونی مرۆڤەوە.

حەوتەم: لەسوورەتی (الأعلى) دا:

کورتەباسێک لەبارەی ڕێکو پێکی ڕێنمایی خواوە لەدروستکراوەکانیدا.

هەشتەم: لەسوورەتی (الغاشية) دا:

١- کورتەباسێک: حەوت بەڵگە لەسەر ئەوەی کە مەبەست لە ﴿ عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ ﴿٣﴾ ﴾. بێگار پێکرانە بێبڕوایانە لە دۆزەخدا.

٢- کورتەباسێک لەبارەی تایبەتمەندییەکانی حوشترەوە.

٣- پێنج هەڵوەستە لەئاقار ئەو شەش ئایەتەی کۆتایی (الغاشیه)وە.

نۆیەم: لەسوورەتی (الفجر) دا:

١- کورتەباسێک لەبارەی دۆزەخ و دۆزەخییەکانەوە.

٢- کورتەباسێک دەربارەی بەهەشت و ئەو نازونیعمەتانەی تێیدان بۆ بەهەشتیان.

دەیەم: لەسوورەتی (البلد) دا:

١- کورتەباسێک دەربارەی کۆئەندامی بینین و سەرنجدانێکی زمان و لێوەکان.

٢- هەڵوەستەیەک لەبەرانبەر نەهێشتنی ستەمی سیاسی و ئابوورییدا.

یازدەیەم: لەسوورەتی (الشمس) دا:

١- کورتەباسێک دەربارەی خۆروپەیوەستبوونی ژیانی مرۆڤ پێیەوە.

٢- کورتەباسێک دەربارەی تەزکییە.

دوازدەیەم: لەسوورەتی (الليل) دا:

١- کورتەباسێك: شەش وردە سەرنج.

٢- کورتەباسێک: چوار جۆرە وەڵامی ئیشکالێک.

سێزدەیەم: لەسوورەتی (الضحى) دا:

١- قسەیەکی کورت لەبارەی (ضلال) ڕاڵانە پێغەمبەری خواوە.

٢- چەند دەقێکی سوونەت لەبارەی هەتییوو سواڵکەر و باسکردنی چاکەی خواوە.

چواردەیەم: لەسوورەتی (الشرح) دا:

١- سێ گێڕدراوە لەبارەی سینە بۆ گوشادکرانی پێغەمبەر لەڕووی جەستەییەوە.

٢- حەوت سەرنجدان لەو ئایەتانە.

پازدەیەم: لەسوورەتی (التين) دا:

کورتەباسێک لەبارەی هەنجیرەوە.

تەفسیری سوورەتی

عَبَسَ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمڕۆ کـە (١٣)ی مانگـی (**ذي القعـدة**)ی سـاڵی (١٤٤١) کۆچییـە، بەرانبـەر (٤)ی حوزەیرانـی سـاڵی (٢٠٢٠)ی زایینیـی، لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (**عَبَسَ**)، سـەرەتاش پێناسـەو نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتەو، هێڵـە گشـتییەکانی و چوارچێوەکـەی و سـەرو سـیماو کەسـایەتییەکەی، لـە حـەوت (٧) بڕگـەدا دەخەینـە ڕوو:

پێناسەی سوورەتی (عبس) و بابەتەکانی

یەکەم: نـاوی:

نـاوی هــەرە بـاوی ئــەم سـوورەتە ئەوەیـە کـە: (**سُـورَةُ عَبَـسَ**)ی پـێ دەڵێـن، بـەڵام هەندێـك لـە زانایـان چەنـد ناوێکـی دیکەشـیان بـۆ بەکارهێنـاون، وەك: (**سـورة الصاخَّـة، سـورة السَّـفرة، سـورة الأعمـى، سـورة ابْـنِ أُمِّ مَكْتُـومٍ**)، ئـەو وشـانەش لـەو سـوورەتە موبارەکـەدا هاتـوون، جگـە لـە هـی کۆتایـی، بـەڵام زیاتـر هـەر سـوورەتی (عەبەسـە)ی پـێ دەڵێـن.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

زانایـان لەسـەر مەککەیـی بوونـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە یەکدەنگـن، لـەو بـارەوەش بەڵگـە زۆرن، ئـەم دەقـەش وەك نموونـە دێنیـن: {**عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ** رضي الله عنهما، **قَـالَ: نَزَلَـتْ سُـورَةُ عَبَـسَ بِمَكَّـةَ**} (**ذكـره السـيوطي في الـدر المنثـور: ج٨، ص٤١٥، ونسـبه لابـن**

الضريس والنحاس وابن مردويه والبيهقي، وقال: أخرج ابن مردويه عن ابن الزبير رَضِي اللهُ عَنْهُمَا مثله).

واته: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﷺ، گوتوویەتی: سوورەتی (عَبَسَ) لە مەککە دابەزیوە، ئەمە (**السیوطي**) لە (**الدرُّ المنثور**)دا هێناویەتی و، گوتوویەتی: (**إبن مردويه**) هەمان شت کە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە گێڕاویەتەوە {کە گوتوویەتی: ئەم سوورەتە لە مەککە دابەزیوە}، لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیریشی (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، گێڕاوەتەوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:

ئەم سوورەتە موبارەکە لە (موصحەف)دا، ڕیزبەندییەکەی هەشتا (٨٠)یە، کە لە سوورەتی (**فاتيحة**)ەوە دێی، لە دابەزینیشدا ژمارە بیست و چوار (٢٤)یان بۆ داناوە، پێش سوورەتی (**القدر**)و دوای سوورەتی (**النجم**).

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

زانایان (زانایانی ژمێرەری ئایەتەکانی قورئان)، سێ ژمارەیان بۆ باسکردوون:

أ- زۆربەیان خەڵکی مەککەو خەڵکی مەدینەو خەڵکی کووفە، گوتوویانە: ژمارەی ئایەتەکانی چل و دوو (٤٢)یە.

ب- بەڵام خەڵکی بەسرا، ژمارەی ئایەتەکانیان بە چل و یەك چل (٤١) داناوە.

ج- خەڵکی شامیش بە چل (٤٠)یان داناوە، بەڵام ژمارەی چل و دوو (٤٢) زیاتر تەبەنیی کراوەو، پێشتریش زۆرجار گوتوومانە: جیاوازیی لە ژمارەی ئایەتەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ کورتیی و درێژیی ڕستەکان، نەك زانایەك بڵێ: فلان ڕستە لەو سوورەتەدا هاتوە، یان فلان دوو ڕستە هاتوون و، یەکێکی دیکە بڵێ: نەخێر نەهاتوون، چونکە زانایان نەك لەسەر ئایەتەکان و ڕستەکانی قورئان، بەڵکو لەسەر وشەکانی و پیتەکانیشی یەکدەنگن.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئەم سوورەتە سێ تەوەری سەرەکیی گرتوونە خۆی:

تەوەری یەکەم: کە ئایەتەکانی: (١ - ١٦)، شازدە (١٦) ئایەتی سەرەتای سوورەتی (**عبس**)ن، باسی ڕووداوی ڕووگرژکردنی پێغەمبەری خوا ﷺ و ڕوو لێوەچەرخاندنی لە (**إبنُ أُمِّ مَكْتُوم**)، کە دەڵێن ناوی (عەبدوڵڵا) بووە، یاخود ناوی (عەمر) بووەو، کوڕە خاڵی دایکمان (خدیجە) بووە (خوا لێیان ڕازی بێ)، ئەویش لە کاتێکدا کە پێغەمبەر ﷺ قسەی کردوە بۆ ژمارەیەك لە ناوداران و قسە ڕۆیشتووانی قوڕەیش، بە ئومێدی ئەوەی بەرەو ئیسلامیان بێنێ و تێیان بگەیەنێ.

هەروەها بەو بۆنەوە باسی قورئانیش کراوە، هەر لەو شازدە (١٦) ئایەتە موبارەکەداو، پێناسەی قورئان کراوەو، پێگەی بەرزی قورئان خراوەتەڕوو.

تەوەری دووەم: کە ئایەتەکانی: (١٧ - ٣٢)ن و، ئەوانیش هەر شازدە (١٦) ئایەتن، باسی مرۆڤی بێبڕواو چۆنیەتیی دروستبوونی، ئنجا فەرمان پێکردنی بە سەرنجدانی خۆراکەکەی و پێکهاتەکانی خۆراکەکەی و، ئەو هەموو چاکانەی خوا ﷻ لەگەڵیدا کردوون.

تەوەری سێیەم: کە ئایەتەکانی: (٣٣ - ٤٢)ن و، دە (١٠) ئایەتی کۆتایی ئەم سوورەتەن، باسی قیامەت و ڕاکردنی مرۆڤ لە نیزیکترین کەسەکانی لە: برای، لە بابی، لە دایکی، لە هاوسەری، لە ڕۆڵەکانی، پاشان دابەش بوونی خەڵك بۆ دوو کۆمەڵ:

کۆمەڵی یەکەم: ڕووگەشانی دڵخۆش بە پاداشتی خواو، بەوەی سەر بەرزو ڕوو سوورن، کە ژیانی دنیایان بە جۆرێك گوزەراندوە، جێگای ڕەزامەندیی و پەسندیی خوای پەروەردگار بووە.

کۆمەڵی دووەم: خەمبارانی ڕووگرژو تاڵ، کە خەفەتبارن و تەمی خەم لە دەم و چاویان نیشتوە، بەهۆی ئەوەوە کە ژیانی دنیایان دۆڕاندوەو، لە تاقیکردنەوەی ژیانی دنیا دەرنەچوون.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

چوار تایبەتمەندییم لەم سوورەتە موبارەکەدا کەوتوونەتە بەرچاو، کە وەك ئیمتیازو جیاکەرەوەیەکی ئەم سوورەتە لە سوورەتەکانی دیکە، دەیانخەینە ڕوو:

١- گلەیی کردنی خوا ﷻ لە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و زۆر بە نەرمیی، لەسەر ڕوو گرژکردنی و پشتتێکردنی بابایەکی کوێر، کە هەموو زانایان دەڵێن: بریتی بووە لە (**إبنُ أُمِّ مَكْتُوم**)، کوڕی ئوممو مەکتووم کە ناوی عەبدوڵڵا بووە، یاخود ناوی عەمرِ بووەو، لە ئایەتەکانی (١ - ١١)دا هاتوە.

٢- فەرمانکردنی خوا بە مرۆڤ کە سەرنجی خۆراکەکەی بدات و، باسکردنی حەوت شت لە پێکهاتەکانی خۆراکەکەی، کە لە هەموو قورئاندا، ئەو شێوە تەعبیرە بەس لێرەدا هاتوە، لە ئایەتەکانی: (٢٤ - ٣٢)دا.

٣- باسی ڕاکردنی مرۆڤ لە قیامەتدا لە برای و بابی و دایکی و هاوسەری و کوڕەکانی، یاخود ڕۆڵەکانی، کە لە ئایەتەکانی: (٣٤ - ٣٧)دا هاتوە.

٤- چەند وشەو تەعبیرێك، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون:

١- وشەی: ﴿عَبَسَ﴾.

٢- وشەی: ﴿تَصَدَّىٰ﴾.

٣- وشەی: ﴿تَلَهَّىٰ﴾.

٤- وشەی: ﴿مُّكَرَّمَةٍ﴾.

٥- وشەی: ﴿سَفَرَةٍ﴾.

٦- وشەی: ﴿فَأَقْبَرَهُۥ﴾.

٧- وشەی: ﴿وَقَضْبًا﴾.

٨- وشەی: ﴿غُلْبًا﴾.

٩- وشەی: ﴿وَأَبًّا﴾.

١٠- وشەی: ﴿ٱلصَّآخَّةُ﴾.

١١- وشەی: ﴿مُّسْفِرَةٌ﴾.

١٢- وشەی: ﴿عَلَيْهَا غَبَرَةٌ﴾.

١٣- وشەی: ﴿تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ﴾.

١٤- وشەی: ﴿ٱلْفَجَرَةُ﴾.

دوایی ئێمە مانای ئەم وشانە دەکەین.

حەوتەم و کۆتایی: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمە کۆی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە دەکەینە دەرسێك، چونکە هەرچەندە سێ تەوەری سەرەکیی پێکدێنن، بەڵام ئەو سێ تەوەرە، هەرسێکیان پێکەوە پەیوەست و تێکهەڵکێشن، هەرچەندەش زۆر سەرنجمدا، بگونجێ بیانکەینە زیاتر لە دەرسێك، بەڵام ئایەتەکان زۆر تێکهەڵکێشن و پێکەوە پەیوەستن، بۆیە کردمانن بە دەرسێك.

دەرسی ئەم سوورەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان - وەك گوتم: هەموو سووڕەتەکە دەکەینە دەرسێك - لە کۆی چل و دوو (٤٢) ئایەتەکەی ئەم سووڕەتەی (**عبس**)، پێکهاتووەو، ئەو چل و دوو ئایەتە موبارەکەش دابەش دەبن بۆ سێ تەوەری سەرەکیی تێکهەڵکێش و پێکەوە پەیوەست:

تەوەری یەکەم: لە سازدە (١-١٦)ی سەرەتا پێکهاتووە، باسی ڕووگرژکردنی پێغەمبەری خوا ﷺ و، ڕوو وەرچەرخاندن و ڕوووەرگێڕانیەتی لە بابایەکی کوێر (**إبنُ أُمِّ مَكْتُوم**)، کە ناوی عەبدوڵڵا یاخود عەمق بووەو، کوڕە خاڵی دایکمان (**خديجة**) بووە، ئەویش لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ سەرقاڵی قسە کردن بووە بۆ کۆمەڵێك لە دەسترۆیشتووان و زلەزلانی هۆزی قوڕەیش، کە بێبڕوابوون، لەو کاتەدا ئەویش هاتوە بۆ خزمەتی و وەك دوایی باسی دەکەین، لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا، گوتوویەتی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! خوا چ ئایەتێکی دیکەی بۆ دابەزاندووی پێم بڵێ! دەبێ ئاگای لێ نەبوو بێ کە پێغەمبەر ﷺ سەرقاڵی قسەکردنە، ئەویش ڕووی لێ گرژ کردوەو ڕووی لێوەرگێڕاوە، هەروەها بەو بۆنەوە باسی قورئانیش کراوە.

تەوەری دووەم: ئەویش لە شازدە ئایەتی دووەم ئایەتەکانی: (١٧ - ٣٢)دا، باسی مرۆڤی بێبڕوا دەکات، چۆنیەتیی دروستبوونی مرۆڤ و فەرمان پێ کردنی کە سەرنجی خواردنەکەی خۆی بدات و تێیەوە ڕامێنێ و لێی وردبێتەوە، دوایی باسی پێکهاتەکانی خۆراکەکەی لە حەوت بڕگەدا، کردووە.

تەوەری سێیەم: کە لە دە ئایەتی کۆتایی پێك دێ، ئایەتەکانی: (٣٣ - ٤٢)، باسی قیامەت و ڕاکردنی مرۆڤ لە نیزیکترین و خۆشەویسترین کەسانی، لە دنیادا، کە بریتین لە: بابی و دایکی و برای، ئنجا هاوسەری و ڕۆڵەکانی، دواییش

دابەشبوونی کۆی خەڵك و مرۆڤایەتیی بۆ دوو کۆمەڵ: ڕوو گەشانی دڵخۆش و، خەمبارانی ڕوو گرژو تاڵ.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ١ أَن جَآءَهُ ٱلۡأَعۡمَىٰ ٢ وَمَا يُدۡرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ ٣ أَوۡ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ
ٱلذِّكۡرَىٰٓ ٤ أَمَّا مَنِ ٱسۡتَغۡنَىٰ ٥ فَأَنتَ لَهُۥ تَصَدَّىٰ ٦ وَمَا عَلَيۡكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ ٧ وَأَمَّا مَن جَآءَكَ
يَسۡعَىٰ ٨ وَهُوَ يَخۡشَىٰ ٩ فَأَنتَ عَنۡهُ تَلَهَّىٰ ١٠ كَلَّآ إِنَّهَا تَذۡكِرَةٞ ١١ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ١٢ فِي
صُحُفٖ مُّكَرَّمَةٖ ١٣ مَّرۡفُوعَةٖ مُّطَهَّرَةِۭ ١٤ بِأَيۡدِي سَفَرَةٖ ١٥ كِرَامِۭ بَرَرَةٖ ١٦ قُتِلَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَآ أَكۡفَرَهُۥ
١٧ مِنۡ أَيِّ شَيۡءٍ خَلَقَهُۥ ١٨ مِن نُّطۡفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ١٩ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ٢٠ ثُمَّ أَمَاتَهُۥ
فَأَقۡبَرَهُۥ ٢١ ثُمَّ إِذَا شَآءَ أَنشَرَهُۥ ٢٢ كَلَّا لَمَّا يَقۡضِ مَآ أَمَرَهُۥ ٢٣ فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ ٢٤ أَنَّا
صَبَبۡنَا ٱلۡمَآءَ صَبّٗا ٢٥ ثُمَّ شَقَقۡنَا ٱلۡأَرۡضَ شَقّٗا ٢٦ فَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا حَبّٗا ٢٧ وَعِنَبٗا وَقَضۡبٗا ٢٨ وَزَيۡتُونٗا
وَنَخۡلٗا ٢٩ وَحَدَآئِقَ غُلۡبٗا ٣٠ وَفَٰكِهَةٗ وَأَبّٗا ٣١ مَّتَٰعٗا لَّكُمۡ وَلِأَنۡعَٰمِكُمۡ ٣٢ فَإِذَا جَآءَتِ
ٱلصَّآخَّةُ ٣٣ يَوۡمَ يَفِرُّ ٱلۡمَرۡءُ مِنۡ أَخِيهِ ٣٤ وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ ٣٥ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ ٣٦ لِكُلِّ ٱمۡرِيٕٖ
مِّنۡهُمۡ يَوۡمَئِذٖ شَأۡنٞ يُغۡنِيهِ ٣٧ وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٖ مُّسۡفِرَةٞ ٣٨ ضَاحِكَةٞ مُّسۡتَبۡشِرَةٞ ٣٩ وَوُجُوهٞ يَوۡمَئِذٍ
عَلَيۡهَا غَبَرَةٞ ٤٠ تَرۡهَقُهَا قَتَرَةٌ ٤١ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَفَرَةُ ٱلۡفَجَرَةُ ٤٢ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، ڕووی گرژ کردو وەرچەرخا (١) لە سۆنگەی ئەوەوە کە (پیاوە) کوێرەکە هاتە لای (٢) چ شتێك بە تۆی دەزانێنێ، ڕەنگە خۆی پاك و چاك بكات! (لە ئەنجامی قەسەکردنیدا لەگەڵ تۆدا) (٣) یان بیری بکەوێتەوەو بیرکەوتنەوەکە سوودی پێ بگەیەنێ! (٤) بەڵام کەسێك

کە بێنیازیی نواند (لە هیدایەتی خوا) تۆ ڕووی تێدەکەی (و لێی دەچیە پێش)!
﴿٥﴾ ئنجا ئەگەر (ئەو کەسە) خۆی پاك و چاك نەكات ﴿٦﴾ چ (بەرپرسیارێتییەك)
لەسەر تۆیە؟ ﴿٧﴾ بەڵام کەسێك کە بە گرنگیی پێدانەوە دێتە لات ﴿٨﴾ لە حاڵێکدا
بە مەزنگرتنییشەوە (لە خوا) دەترسێ ﴿٩﴾ کەچی تۆ خۆتی لێ دەخافڵێنی! ﴿١٠﴾
نەخێر (جارێکی دیکە وامەکە)، بێگومان ئەم (ئامۆژگاریی)ە بیرخەرەوەیە ﴿١١﴾
هەر کەس ویستی یادی دەکات (و پەند وەردەگرێ) ﴿١٢﴾ (ئەو قورئانە) لە چەند
پەڕەیەکی ڕێز لێنراو دایە ﴿١٣﴾ (ئەو پەڕانە، پایە) بەرز کراوەو پاككراوەن ﴿١٤﴾ بە
دەست نوێنەرانێکەوەن (لە فریشتان) ﴿١٥﴾ (لە لای خوا) بەڕێزو قەدرن، چاکەکارن
﴿١٦﴾ مرۆڤ (ی بێبڕوا) بە کوشتبچێ چەندە بێبڕواو سپڵەیە! ﴿١٧﴾ (خوا) لە چی
دروستیکردوە؟ ﴿١٨﴾ لە تۆویلکەیەك دروستیکردوە، ئنجا ئەندازەگیریی کردوە ﴿١٩﴾
دواییش ڕێی (لەدایک بوون و ژیانی) بۆ ئاسانکردوە ﴿٢٠﴾ ئنجا مراندوویەتی و
خستوویەتە گۆڕەوە (شوێنی خستنەگۆڕی بۆ ڕەخساندوە) ﴿٢١﴾ دوایی هەر کات
ویستی (زیندووی دەکاتەوەو) بڵاوی دەکاتەوە ﴿٢٢﴾ نەخێر (با واز لە سپڵەیی
بێنێ)، ئەوەی (خوا) فەرمانی پێکردوە جێ بەجێی نەکردوە ﴿٢٣﴾ دەجا با مرۆڤ
بۆ خۆراکەکەی بڕوانێ (و لێی وردبێتەوە) ﴿٢٤﴾ (خۆراکەکەی بەو جۆرە هاتۆتە
دی:) ئێمە (لە سەرێوە) بە خورزەم ئاومان هەڵڕشتوە ﴿٢٥﴾ دوایی بە لەتکردن
زەویمان قڵیشاندوە ﴿٢٦﴾ ئنجا دانەوێڵە(ی جۆراو جۆر)مان تێدا ڕواندوە ﴿٢٧﴾
هەروەها ترێ و سەوزەو تەڕەکار ﴿٢٨﴾ دیسان زەیتوون و دارخورما ﴿٢٩﴾ هەروەها
باخە چڕو پڕەکان ﴿٣٠﴾ هەروەها میوەو لەوەڕ ﴿٣١﴾ بۆ بەهرەگەیاندن بە خۆتان
و ئاژەڵەکانتان ﴿٣٢﴾ ئنجا هەر کات هاڕژنەکە (ی ڕۆژی دوایی) هات ﴿٣٣﴾ ئەو
ڕۆژەی مرۆڤ لە برای ڕا دەکات ﴿٣٤﴾ هەروەها لە دایکی و بابی ﴿٣٥﴾ دیسان
لە هاوسەری و ڕۆڵەکانی ﴿٣٦﴾ بۆ هەر کەسێك لەوان کارێك هەیە سەرقاڵی
دەکات (نەیپەڕژێتە سەر کەس) ﴿٣٧﴾ ڕووانێك لەو ڕۆژەدا ڕوون و پرشنگدارن ﴿٣٨﴾
پێکەنیوو شادمانن ﴿٣٩﴾ ڕووانێکیش لەو ڕۆژەدا تۆزو گەردیان لەسەرە ﴿٤٠﴾ ڕەشایی
و تڵخیی (خەم و پەژارە)یان لێنیشتوە ﴿٤١﴾ ئا ئەوانە بێبڕوا تاوانبارەکانن ﴿٤٢﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(﴿عَبَسَ﴾): ڕووی گرژ کرد، (**العُبُوسُ: قُطُوبُ الوَجْهِ مِنْ ضِيقِ الصَّدْرِ**)، (**عُبُوس**): بریتیە لە نێوچەوان تێکنان و خۆ مۆنکردن و ڕووگرژ کردن، لە ئەنجامی سینە تەنگ بووندا، مرۆڤ کە شتێکی بە دڵ نەبوو، خەمی لە شتێك خوارد، ئەو خەمەی لە دڵیدایە، لەسەر دەم و چاویشی ڕەنگ دەداتەوە.

(﴿تَصَدَّىٰ﴾): (**التَّصَدِّي: أَنْ يُقَابَلَ الشَّيءُ مُقَابَلَةَ الصَّدَى، أي: الصَّوْت الرَّاجِع مِنَ الجَبَل**)، (**تَصَدِّي**): ئەوەیە شتێك وەك دەنگدانەوە، ڕووبەڕووی بکرێتەوە، (**صَدَى**): بریتیە لە دەنگی چیا، (دەنگدانەوە).

(﴿يَسْعَىٰ﴾): (**السَّعِيُ: المَشْيُ السَّرِيْع، وَهُوَ دُونَ العَدْو، وَيُسْتَعْمَلُ لِلْجِدِّ فِي الأَمْرِ خَيْراً كَانَ أو شَرّاً**)، (**سَعِي**): بریتیە لە ڕۆیشتنی خێرا، بەڵام نەگاتە گورگە لۆقەو ڕاکردن، وشەی: (**سَعِي**) بەکاردەهێنرێ بۆ چاك ئەنجامدانی کارێك، ئنجا ئەو کارە چاك بێ، یان خراپ بێ.

(﴿تَلَهَّىٰ﴾): (**اللَّهُو: مَا يَشْغَلُ الإنسَانَ عَمَّا يَعنِيهِ ويُهِمُّهُ، يُقَالُ: لَهَيْتُ عَنْ كَذَا، وَلُهِيْتُ بِكَذَا**)، (**لَهو**): بریتیە لەوەی مرۆڤ بخافڵێنێ و بێئاگای بکات لە شتێك، کە پێیەوە پەیوەستەو بۆی گرنگە، بۆی مایەی بایەخە، دەگوترێ: (**لَهَيْتُ عَنْ كَذَا**)، واتە: لە فڵان شتە خافڵام، (**لُهِيْتُ بِكَذَا**)، واتە: بە فڵان شت خافڵ بووم.

(﴿كَلَّآ﴾): (**كَلَّا: كَلِمَةُ رَدْعٍ وَزَجْرٍ وَإِبْطَالٍ، لِقَولِ القَائِل، وَذَلِكَ نَقِيضُ «إي» فِي الإِثْبَاتِ**)، (**كَلَّا**): وشەیەکە بەکاردەهێنرێ بۆ بەرپەرچدانەوەو تێوەخوڕین و هەڵوەشانەوەی قسەی کەسێك، یان ڕەفتاری کەسێك.

{ئەو گوتوویەتی: (**لقول القائل**)، بۆ قسەی بێژەرێك، بەڵام لە ڕاستییدا (**كلا**) تەنیا بۆ بەرپەرچدانەوەی قسەی بێژەرێك بەکارنایەت، بەڵکو وێڕای قسە، بۆ

بەرپەرچدانـەوەی هەڵسـوکەوتی بابایەکیـش کـە هەڵسـوکەت و ڕەفتارێکـی نوانـدوە، بــەکاردێ، لێــرەش دا پێغەمبــەر ﷺ هیچــی نەگوتــوە لەگــەڵ (**إبــن أم مكتــوم**)دا، بـەس ڕووی لـێ گـرژ کـردووەو ڕووی لـێ وەرچەرخانـدوە، کەواتـە: (**كلاّ**)، تەنیـا بـۆ بەرپەرچدانـەوەی قسـەی قسـەکەرێك نەهاتـوە، بەڵکـو بـۆ هەڵوەشاندنەوەو ڕەخنـە لێگرتنــی ڕەفتارێکیــش دێ}.

ئنجـا وشـەی: (**كَلاّ**)، دژو پێچەوانـەی (**إي**)یـە، (**إي**): لـە چەسـپاندنداو (**كلاّ**): لـە ڕەخنـە لێگرتــن و هەڵوەشـاندنەوەدا، (**إي**)، یـانی: بەڵــێ، یاخــود: ئــەرێ.

(تَذۡكِرَةٌ): (**التَّذْكِـرَةُ: مَـا يُتَذَكَّـرَ بِـهِ الـشَّيءُ، وَهُـوَ أَعَـمُّ مِـنَ الدَّلاَلَـةِ وَالأَمَـارَةِ**)، (**تَذْكِـرَة**): بریتیــە لــەوەی شــتێکی پــی بێتــەوە یــاد، کــە گشــتییترە لــە وشــەی (**دلالــة**)، ڕێ پێشــاندان و (**أمــارة**)، نیشــانە.

(صُحُفٖ مُّكَرَّمَةٖ): (**الصَّحِيْفَـة: المَبْسُـوطُ مِـنَ الـشَّيءِ كَصَفْحَـةِ الوَجْـهِ، وَالصَّحِيْفَـة الَّتِـي يُكْتَـبُ عَلَيْهَـا وَجَمْعُهَـا صَحَائِـف وَصُحُـف**)، (**صَحِيْفَـة**): بریتیـە لـە هـەر شـتێك پـان کـرا بـێ، یاخـود ڕاخـرا بـێ، وەك (**صفحـة الوجـه**)، واتـە: پـەڕەی دەم و چـاو، (**صحیفـة**)، بـەوەش دەگوتـرێ کـە لـە سـەری دەنـووسرێ، کـە بـە (**صحائـف**)و (**صُحُـف**) کـۆ دەکرێتـەوە، واتـە: پـەڕ، یاخـود هەرشـتێك شـتی تێـدا بنـووسرێ، مـەرج نیـە هـەر کاغـەز بـێ.

(سَفَرَةٖ): (**السَّـفَرَةُ جَمْـعُ سَـافِر، كَكَاتِـب وَكَتَبَـة، وَالسَّـفِيرُ: الرَّسُـولُ بَـيْنَ القَـوْمِ يَكْشِـفُ وَيزِيـلُ مَـا بَيْنَهُـمْ مِـنَ الوَحْشَـةِ، فَهُـوَ فَعِيـل بِمَعْنَـى الفَاعِـل**)، وشـەی: (**سَـفَرَة**) کـۆی (**سَـافِر**)ە، وەك (**كَتَبَـة**) کـە کـۆی (**كَاتِـب**)ە، (**كَاتِـب**)، واتـە: نووسـەر، {(**سَـافِر**)، هـەم بـە مانـای خوێنـەرەوە (**قـارِيء**) و، هـەم بـە مانـای نوێنەریـش دێ}، بـەڵام (**سـفير**): بـە نێردراوێـك دەگوتـرێ، کـە دەکەوێتـە نێـوان خەڵکێکـەوەو ئـەوەی لـە نێوانیانـدا هەیـە، لـە ناکۆکیـی و نـا تەبایـی لایدەبـات، بۆیـە (**سـفير**)، لەسـەر کێشـی (**فعيـل**)ە، بـەڵام بـە مانـای بکـەر (**فاعـل**)ە، ئـەو کەسـەی ئـەو کارە ئەنجـام دەدات کـە بریتیـە لـە لابردنـی ناتەبایـی لـە نێـوان خەڵکێکـدا.

(كِرَامٍ): (جَمْعُ كَرِيـم: مَـا شَرُفَ فِي بَابِـهِ، وَهُـوَ اسْـم للأَخْـلَاقِ المَحْمُـودَةِ تَظْهَـرُ مِنْـهُ)، (كِـرَام) كـۆی (كَرِيـم)ە، (كَرِيـم): هـەر شـتێكە لـە جـۆری خـۆی باشـترین بـێ، هەروەهـا (كريـم): نـاوی ئـەو ڕەوشـت و كـردارە پەسـند كراوانەیـە كـە لـە مرۆڤـەوە دەردەكـەون.

(بَرَرَةٍ): (بَـرَرَةَ جَمْـع بَـرّ، وَأَبْـرَار جَمْـع بَـار، وَبَـرّ أَبْلَـغُ مِنْـهُ، كَـمَا أَنَّ العَـدْل أَبْلَـغُ مِـنْ عَـادِل)، (بَـرَرَة) كـۆی (بَـرّ)ە، واتـە: چـاك، بـەڵام (أَبْـرَار) كـۆی (بَـارّ)ە، بـە مانـای چاكـەكار.

وشـەی: (بـرّ) مانایەكـەی بەهێزتـرە لـە (بـارّ)، هـەروەك (عَـدْل) كـە چاوگـە، مانایەكـەی بەهێزتـرە لـە (عَـادِل)، واتـە: دادگـەر، كـە مەبەسـت لـە (عَدْل)یـش هـەر دادگـەرە، یـانی: ئـەو كەسـە دادگـەرە و، بۆتـە خـودی دادگەریـی، هـەروەك (بـرّ) یـش بـە مانـای چاكەكارییـەو چاوگـە، بـەڵام وەك ئـەو كەسـە خـودی چاكەكاریـی و سـەرچاوەی چاكـە كاریـی بـێ.

(فَأَقْبَرَهُۥ): (قَبَرْتُـهُ: جَعَلْتُـهُ فِي القَـبْرِ، وَأَقْبَرْتُـهُ: جَعَلْـتُ لَـهُ مَكَانَـاً يُقْـبَرُ فِيـهِ)، (قَبَرْتُـهُ)، واتـە: خسـتمە گـۆڕەوە، بـەڵام (أَقْبَرْتُـهُ)، واتـە: شـوێنێكم بـۆ دانـا تێیـدا بخرێتـە گـۆڕەوە، كەواتـە: (فَأَقْـبَرَهُ)، واتـە: خـوا زەوی بـۆ ڕەخسـاندوە كـە تێیـدا بخرێتـە گـۆڕەوە، (قَابِـر): كەسـێكە كەسـێك دەخاتـە گـۆڕەوە، بـەڵام (مُقْـبِر): كەسـێكە شـوێنێك دەڕەخسـێنێ بـۆ ئـەوەی تێیـدا بخرێتـە گـۆڕەوە.

(أَنشَرَهُۥ): (نَـشَرَ وَأَنْـشَرَ): هەردووكیـان هاتـوون، واتـە: بـڵاوی كـردەوە، (نَـشَرَ: مُسْـتَعَارٌ مِـنْ نَـشْرِ الثَّـوْبِ)، (نَـشْر): خوازراوەتـەوە بـۆ بڵاوكردنـەوەی پۆشـاكێك كـە هەڵدەخـرێ، یـان بڵاوەكرێتـەوەو پێشـانی كڕیـار دەدرێ، بـەڵام (أَنْـشَرَهُ): هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: تەنیـا بـۆ بڵاوكردنـەوەی مـردووان و زینـدوو كردنەوەیـان، بـەكاردێ.

(صَبَبْنَا): (صَـبَّ المَـاءَ: أَرَاقَـهُ مِـنْ أَعْـلَى، صَبَّـهُ فَانْصَـبَّ)، ئاوەكەی لەسـەر ڕا هەڵبڕشـتە خـوارێ، ڕشـتی ئەویـش ڕژا، (الصُّبَابَـةُ وَالصُّبَّـةُ: البَقِيَّـةُ الَّتِـي مِـنْ شَـأْنِهَا أَنْ تُصَـبَّ)،

(**صُبَابَـة وصُبَّـة**) ئـەو بەرمـاوەی پێویسـتەو حاڵـی وایـە بڕژێـنرێ، کەسـێك شـتێك دەخـوات، یـان شـتێك دەخواتـەوە، هەندێکـی لـێ دەمێنێتـەوە، مـاوەو خڵتەکـەی کـە دەڕێـژێ، پێـی دەگوتـرێ: (صبابـة).

(شَقَقْنَا): (**الشَّقُّ: الخَـرْمُ الوَاقِـعُ فِي الـشَّيء**)، (**شَـقّ**): بریتیـە لـە قڵیشـێك و درزێـك کـە لـە شـتێکدا پەیدادەبـێ، زۆر لـە زانایـان گوتوویانـە: (**الشَّـقُّ: هُـوَ الصَّـدْعُ طُـوْلاً**)، (**شـق**) ئەوەیـە بـە بـاری درێژییـدا شـتێك بقڵیشـێ، یـان درزی تێـدا پەیدابـێ.

(وَقَضْبًا): (**القَضْـبُ: كُلُّ شَـجرَةٍ طَالَـتْ وَبَسَـطَتْ أَغْصَانَهَا**)، (**قَضْـب**): هـەر درەختێکـە درێـژ بـێ و لـق و پۆپەکانـی بـڵاو بکاتـەوە، هەروەهـا (**القَضْـب**): **الشَّـجَرُ الرَّطْـبُ يُقْطَـعُ مَـرَّة بَعْـدَ أُخْـرَى**)، (**قَضْـب**): بریتیـە لـە هـەر ڕووەکێکـی تـەڕەکار جـار لـە دوای جـار ببـڕدرێ، بـۆ وێنـە: وێنجـەو سـێوەڕەو، ئەوانـە، دیسـان (**قَضْـب**)، بـە مانـای سـەوزەو تەڕەکاریـش هاتـوە، واتـە: هەمـوو ئـەو شـتانەی مـرۆڤ بـە قـەپ و قەپاڵتـە دەیانخـوات، ڕاسـتەوخۆ، چونکـە دەگوتـرێ: (**قَضَبَـهُ يَقْضِبُـهُ قَضْبَـاً**)، بـڕی، دەیبـڕێ، بڕیـن، واتـە: بـە زارو بـە قەپاڵتـە بـڕی، بۆیـەش هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: (**قَضْـب**) مەبەسـت پێـی ئـەو شـتانەیە کـە بـە زار دەخورێـن وەك: ترۆزیـی و خەیـارو کاڵـەك و شـووتیی، بۆیـە ئەگـەر بـۆ مانـای (**قَضْـب**) بگوتـرێ: سـەوزەو تـەڕەکار، وا پێ دەچـێ مانایەکـەی ڕاسـتتر بـێ.

(غُلْبًا): (**جَمْـعُ أَغْلَـب، وهـو الغَلِيـظُ الرَّقَبَـة**)، (**أَغْلَـب**): بـە مرۆڤێك دەگوتـرێ گەردنی قەبـەو ئەسـتوور بـێ، بۆیـە بـە گەردنـی شـێر دەگوتـرێ: (**أَغْلَـب**)، لەبـەر ئـەوەی شـێر کورتـەو تێـك سـڕماوەو، ناتوانـێ مـل بسـووڕێنێ، دەبـێ هەمـوو جەسـتەی بسـووڕێنێ، (**غُلْبَـاً**): ئـەو دارو درەختانـەن کـە تێکسـڕماون و هەموویـان وەك یـەك دێنـە بەرچـاو.

(وَأَبًّا): (**الأَبُّ: المَرعـى المتهَّيـىءُ للرَّعـي**)، (**أَبّ**)، بریتیـە لـەو لەوەڕگایـەی ئامـادە کـراوە بـۆ تێـدا لـەوەڕان.

(ٱلصَّآخَّةُ): (**الصَّاخَّةُ: شِدَّةُ صَوْتٍ ذِي النُّطْقِ، وعِبَارَةٌ عَنِ القِيَامَةِ**)، (**صَاخَّة**): بریتیە لە دەنگی بەهێزی، شتێك دەنگی هەبێ و قسەی هەبێ، هەروەها بریتییە لە قیامەت.

هەڵبەتە (**راغب الأصفهاني**)، وا دەڵێ.

بەڵام من پێم وایە (**صاخّة**)، بە هاڕژن و دەنگێکی گەورە دەگوترێ و، مەرج نیە، هی خاوەن نوتق و بێژتن بێ، بێگومانیش (**صاخّة**) لێرەدا مەبەستی پێ ڕۆژی دواییەو، یەکێکە لە ناوەکانی ڕۆژی دوایی، چ ئەوەی دوای فووی یەکەم ڕوو دەدات، کە ئاخیر زەمانە، چ ئەوەی دوای فووی دووەم ڕوو دەدات، کە هەڵسانەوەو قیامەتە، یانی: کۆی ڕۆژی دوایی.

(مُّسْفِرَةٌ): (**السَّفْرُ: كَشْفُ الغِطَاءِ**)، (**سَفْر**)، لابردنی داپۆشەرێکە لەسەر شتێك، (**أَسْفَرَ: أَشْرَقَ لَوْنُهُ**)، ڕووی درەوشایەوەو گەش بوو، کەواتە: (**مُسْفِرَة**)، یانی: کەسانێك کە ڕووگەش و ڕووخۆشن.

(غَبَرَةٌ): (**كِنَايَةٌ عَنْ تَغَيُّرُ الوَجْهِ عَنْ غَمٍّ**)، (**غَبَرَة**): کنارەیە بۆ گۆڕانی دەم و چاو لە ئەنجامی خەم و خەفەتدا.

(تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ): (**القُتَارُ وَالقَتْرُ: الدُّخَانُ السَّاطِعُ مِنَ الشِّوَاءِ، وَالعُودِ وَنَحْوِهِمَا**)، (**قُتار، قَتْر**): بریتییە لەو دوو کەڵەی بەرز دەبێتەوە لە ئەنجامی برژاندنی گۆشت و سووتاندنی دارو چڵوێ و شێوەی ئەواندا.

(**القَتَرَةُ: شِبْهُ دُخَانٍ يَغْشَى الوَجْهَ مِنَ الكَذِبِ**)، (**قَتَرَة**): شێوەی دوو کەڵە دەکەوێتە سەر دەم و چاو، لە ئەنجامی درۆکردندا، کەسێك کە درۆ دەکات و، دەشزانێ درۆیەکەی بەسەردا ساغ بۆتەوەو لێی ئاشکرا بووە، لە شەرمەزارییان ڕووی ڕەش دادەگەڕێ.

هۆی هاتنه خوارەوەی ئایەتەکان

له بارەی دابەزینی سەرەتای سوورەتی (عَبَسَ)وە سێ گێڕراوان دێنین:

١- {عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها، قَالَتْ: أُنْزِلَتْ: ﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴾ فِي ابْنِ أُمِّ مَكْتُومٍ الْأَعْمَى أَتَى رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَجَعَلَ يَقُولُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ! أَرْشِدْنِي، وَعِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ رَجُلٌ مِنْ عُظَمَاءِ الْمُشْرِكِينَ، فَجَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُعْرِضُ عَنْهُ، وَيُقْبِلُ عَلَى الْآخَرِ، وَيَقُولُ: أَتَرَى بِمَا أَقُولُ بَأْسًا؟ فَيَقُولُ: لَا، فَفِي هَذَا أُنْزِلَ}، (أخرجه الترمذي: ٣٣٣١، والطبري في جامع البيان: ج٣٠، ص٣٢، و أبو يعلى في مسنده: ٤٤٤٨، وابن حبان: ٥٣٥، قال شعيب الأرنؤوط : إسناده صحيح على شرط مسلم).

واتە: دایکمان خاتوو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: سوورەتی ﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴾، لە بارەی (**ابْنِ أُمِّ مَكْتُومٍ**)ی کوێرەوە هاتە خوار، هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ دەیگوت: ئەی پێغەمبەری خوا! ڕێنماییم بکە، لەو کاتەشدا لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ پیاوێك لە هاوبەش بۆ خوا دانەرە مەزنەکان هەبوو، (واتە: ئەوانەی قسە ڕۆیشتوو گەورەو پایەدار بوون)، پێغەمبەریش ﷺ ڕووی وەرگێڕا لە (**عبد الله بن أُمِّ مَكْتُوم**) و ڕووی کردە ئەو کابرا خاوەن پێگەیە، {کە بێبڕوا بوو} و دەیگوت: ئایا ئەوەی دەیڵێم هیچ نارێکیی تێدایە؟ ئەویش دەیگوت: نەخێر، ئیدی لەو بارەوە ئەمە هاتە خوار.

٢- {عَنْ أَنَسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: جَاءَ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ وَهُوَ يُكَلِّمُ أُبَيَّ بْنَ خَلَفٍ، فَأَعْرَضَ عَنْهُ، فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ① أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ ② ﴾، فَكَانَ النَّبِيُّ ﷺ بَعْدَ ذَلِكَ يُكْرِمُهُ} (أخرجه أبو يعلى: ٣١٢٣، فتح القدير: ج٥، ص٥٤٤، وقال مؤلفا الإستيعاب في بيان الأسباب: سندهٌ صحيح).

واتە: ئەنەس دەڵێ: قسەی خوای بەرز: ﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ① أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ ② ﴾ لەو بارەوە هاتە خوار کە (**ابْنِ أُمِّ مَكْتُوم**)، هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا

ﷺو، لەو کاتەدا قسەی لەگەڵ ئوبەییەی کوڕی خەلەف دەکرد، پێغەمبەریش ﷺ ڕووی لە (ابْـنِ أُمِّ مَكْتُـوم) وەرگێڕا، ئیدی لەو بارەوە خوا (**عزوجـل**)، ئەم ئایەتە موبارەکانەی ناردنە خوار، ئنجا دوای ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێزی لە عەبدوڵڵای کوڕی ئوممو مەکتووم، دەگرت.

لە هەندێك شوێنەواراندا هاتوە: هەر کاتێك پێی دەگەیشت، پێی دەفەرموو: (**مَرْحَباً بِمَنْ عَاتَبَنِي فِيهِ رَبِّي**)، سڵاو لەو کەسەی لەسەر وی پەروەردگارم گلەیی لێکردم.

٣- {عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها، قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ الله ﷺ فِي مَجْلِسٍ مِن نَاسٍ مِن وُجُوهِ قُرَيْشٍ مِنْهُمْ: أَبُو جَهْل بنِ هِشَام، وَعُتْبَة بن رَبِيْعَة، فَيَقُولُ لَهُمْ: أَلَيْسَ حَسَناً أَنْ جِئْتُ بِكَذَا وَكَذَا؟ فَيَقُولُونَ: بَلَى وَالله، فَجَاءَ ابنُ أُمِّ مَكْتُومٍ وَهُوَ مُشْتَغِلٌ بِهِم، فَسَأَلَهُ، فَأَعْرَضَ عَنْهُ، فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَىٰ ﴿٥﴾ فَأَنتَ لَهُ تَصَدَّىٰ ﴿٦﴾ وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَن جَاءَكَ يَسْعَىٰ ﴿٨﴾ وَهُوَ يَخْشَىٰ ﴿٩﴾ فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّىٰ ﴿١٠﴾﴾، يَعْنِي ابْنُ أُمِّ مَكْتُوم} (ذكره الدر المنثور: ج٨، ص٤١٦، ونسبه لابن المنذر وابن مردويه).

واتە: دایکمان خاتوو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەر خوا ﷺ لە کۆڕێکدا بوو لەگەڵ ئەوانەی خاوەن پێگەن، لە هۆزی قورەیش، ئەبوو جەهلی کوڕی هیشام و عوتبەی کوڕی ڕەبیعەیان تێدابوون، پێی دەفەرموون: ئایا باش نیە فڵانە شت و فڵانە شتەم هێناوە، (باسی ئیسلامی بۆ دەکردن)؟، ئەوانیش، دەیانگوت: با، سوێند بە خوا، لەو کاتەدا (**ابْـن أُمِّ مَكْتُـوم**) هات، ئەویش سەرقاڵی قسە کردن لەگەڵ ئەوان بوو، پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد، ئەویش ڕووی لێوەرگێڕا، ئیدی خوا (**عزوجـل**) لەو بارەوە ئەو ئایەتانەی ناردنە خوار: ﴿أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَىٰ ﴿٥﴾ فَأَنتَ لَهُ تَصَدَّىٰ ﴿٦﴾ وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَن جَاءَكَ يَسْعَىٰ ﴿٨﴾ وَهُوَ يَخْشَىٰ ﴿٩﴾ فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّىٰ ﴿١٠﴾﴾، تۆ خۆت دەخافڵاند لە (**ابْـنِ أُمِّ مَكْتُـوم**).

مانای گشتیی ئایەتەکان

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ) بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە: دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، ئەوەش مەبەستی ئەوەیە:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای میهرەبان دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

ئنجا خوا ﷻ یەکسەر باسی ڕووداوێکی ژیانی پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکات، کورتەکەی ئەوەیە: کە ڕۆژێك پیاوێکی نابینا، پیاوێکی کوێر، بە ناوی (**ابْنِ أُمِّ مَكْتُومٍ**)، کە هەندێك دەڵێن: ناوی عەبدوڵلایە و، هەندێکی دیکەش دەڵێن، ناوی عەمرەو دەڵێن: کوڕە خاڵی خەدیجە بووە، هاوسەری یەکەمی پێغەمبەری خاتەم ﷺ، خوا لێی ڕازی بێ، لە کاتێکدا وەك لە هۆی هاتنە خوارەوەکەی باسمان کرد، ئەو پیاوە نابینایە (خوا لێی ڕازی بێ) دێتە خزمەت پێغەمبەر ﷺو، داوای لێ دەکات ڕێنمایی بکات و فێری بکات و، لەوەی خوا بۆ دابەزاندوە ئاگاداری بکاتەوە، لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا ﷺ سەرقاڵی دواندنی یەکێك یان زیاتر لە سەرانی هۆزی قورەیش دەبێ، لە قسە بە دەست و دەستڕۆیشتووەکانیان، لە کاتێکدا کە گەرمەی قسەو باسە لەگەڵیانداو، تەماعی ئەوەی تێیاندا دەبێ، خوا دڵیان نەرم بکات و بەرەو ئیسلامیان بێنێ، لەو کاتەدا ئەو هاوەڵە نابینایەش دێ، دەبێ گوێی لێ نەبووبێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ خەریکی گفتوگۆیە لەگەڵ ئەواندا، یاخود گوێی لێ بووە، بەڵام هەر چۆن بێ پرسیارکردنەکەی خۆی نێواخنی قسەکان و دیالۆگەکە کردوە، پێغەمبەریش ﷺ خۆی گرژ کردوەو ڕووی

لێوەرگێڕاوە، باس نەکراوە هیچی فەرموو بێ، بەڵام ڕووی خۆی لێ گرژ کردوەو خۆی لێوەچەرخاندوە، ئیدی بەو بۆنەوە سەرەتای ئەم سوورەتە موبارەکە دابەزیوە، وەك لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا باسمان کردوەو، دوایی زیاتریش قسەی لێ دەکەینەوە.

دەفەرموێ: ﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴾، ڕووی خۆی گرژ کردو خۆی وەرسووڕاند، دیارە ئەو هاوەڵە (خوا لێی ڕازی بێ)، ئەگەر لە پێشەوە هاتبێ، یان لە لای ڕاست، یان لە لای چەپ، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووبەڕووی بووە، بەڵام کاتەکەی نەگونجاو بووەو، ئەویش نابینا بووەو نەیزانیوە پێغەمبەر ﷺ خەریکی چییە، یان ئەگەر زانیبێتیشی خەریکی چییە، ڕەنگە پرسیار کردنەکەی خۆی پێ گرنگتر بووبێ، بە ئیجتیهادو بۆچوونی خۆی، بۆیە کە قسەکان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ دەکات، پێغەمبەری خوا ڕووی گرژ دەکات، یانی: لە دڵی خۆیدا تووڕە دەبێ و، ڕووشی لێ وەردەگێڕێ.

لێرەدا خوا ﷻ بە شێوەی نادیار ئەو گلەییە لە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکات و نافەرموێ: (**عَبَسْتَ وَتَوَلَّيْتَ**)، دەفەرموێ: ﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴾، ڕووی خۆی گرژ کردو خۆی وەرسووڕاند، ﴿ أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ ﴾، لە سۆنگەی ئەوەوە کە کوێرەکە هات بۆ لای ﴿ ٱلْأَعْمَىٰ ﴾، (أل)کەی بۆ ناساندنە، بەڵام مەبەست پێی (**عهد**)ە، واتە: ئەو کوێرەی زانراوەو ناسراوە، کوێرەکە (**ابْنِ أُمِّ مَكْتُومٍ**)ە، ناوەکەی وا زیاتر ڕۆیشتووە، کوڕی ئوممی مەکتووم، (أم مكتوم)، نازناوی دایکیەتی، یانی: کوڕی دایکی مەکتووم، ﴿ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ ﴾، خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: چ شتێك بە تۆی زانانـدوە، ﴿ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ ﴾، لەوانەیە، نیزیکە پاك و چاك بێ (واتە: بەهۆی ئەوەوەی لە تۆی وەردەگرت)، ئەگەر تۆ ڕووت تێکردبایەو گوێت بۆ گرتبایەو ڕێنماییت کردبایە، ئەوەی تۆ پێت دەگوت، دەبووە هۆی پاك و چاك بوونی، واتە: بەردەوام بوونی لەسەر پاك و چاك بوون، یاخود زیاد کردنی پاکیی و چاکیی، ئەگەرنا بە دڵنیایی (**ابْنِ أُمِّ مَكْتُوم**) یەکێك بووە لە هاوەڵان و،

بڕواداریـش بـووەو خاوەنـی پاکیـی و چاکیـی (**تزکیـة**) بـووە، بـەڵام پاکیـی و چاکیـی یـەك پلـە نیـەو، مـرۆڤ دەبـێ لەسـەری بـەردەوام بـێ و، هـەوڵ بـدات لێشـی زیـاد بـکات.

﴿ أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ ٱلذِّكْرَىٰٓ ﴾، یـان (بـەلای کەمـەوە) ئەگـەر پاکیـی و چاکییشـی پـێ زیـاد نەکردبایـە، پەنـدی وەردەگـرت و بیـری دەهاتـەوەو، ئـەو وەبیـر هاتنـەوەو پەنـد وەرگرتنـەش سـوودی پـێ دەگەیانـد.

﴿ أَمَّا مَنِ ٱسْتَغْنَىٰ ﴾، بـەڵام کەسـێك کـە بێنیـازەو خـۆی بێنیـاز پیشـانداوەو بێمنەتـە لـە پەیـام و بانگەوازەکـەی تـۆ، لێـرەدا (**إستغنی**)، بـە مانای ئـەوە نیـە - وەك هەندێك لـە توێـژەرەوان و ڕوونکەرەوانـی قورئـان گوتوویانـە - مـاڵ و سامانی هەیـەو بـە مـاڵ و سـامانەکەیەوە نازیـوە، چونکـە سیاقەکە ئـەوە ناگەیەنـێ، بەڵکـو یـانی: بـێ نیازیـی پیشـانداوە بەرانبـەر بـە پەیامەکـەی تـۆ.

﴿ فَأَنتَ لَهُۥ تَصَدَّىٰ ﴾، تـۆ ڕووی تێدەکـەی و، بایەخـی پێـدەدەی و، لێـی دەچیـە پێـش، ﴿ وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ ﴾، (ما): أ-دەگونجـێ بـۆ لابـردن (**نفي**)بـێ، (**ما النّافية**)بـێ، یانـی: (**لَيْسَ عَلَيْكَ شَيء ألاَّ يَزَّكَّى**) ئەگـەر ئـەو خـۆی پـاك و چـاك نـەکات، بەهـۆی وەرگرتنـی پەیامـی خـواوە لـە تـۆ، هیـچ بەرپرسـیارییەتییەکت لەسـەر نیـە.

ب-یاخـود (مـا) بـۆ پرسـیار کـردن، (**ما الإستفهامية**)بێ، یانـی: (**أيُّ شَيءٍ عَلَيْكَ ألاَّ يَزَّكَّى**)، چ شـتێك، چ بەرپرسـیارییەتێکت دەکەوێتـە سـەر، ئەگـەر ئـەو کەسـە خـۆی پـاك و چـاك نـەکات؟

بێگومـان ﴿ يَزَّكَّىٰ ﴾ی پێشـێ و، ئـەم ﴿ يَزَّكَّىٰ ﴾ی ئێـرە لـە ئەسـڵدا (**يَتَزَكَّى**)ن، بـەڵام (**ت**)کـە لـە (ز)کـەدا دەغـم کـراوەو بۆتـە ﴿ يَزَّكَّىٰ ﴾، ئەگـەر نـا (**يتزكّى**)یـە لەسـەر کێشـی (**تَفَعُّل**)، واتـە: ئەگـەر ئـەو کەسـە خۆشـی پـاك و چـاك نـەکات، تـۆ هیـچ بەرپرسـیارییەتییەکت لەسـەر نیـە، یاخـود: تـۆ چ بەرپرسـیارییەتییەکت لەسـەرە! ﴿ وَأَمَّا مَن جَآءَكَ يَسْعَىٰ ﴿٨﴾ وَهُوَ يَخْشَىٰ ﴿٩﴾ فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّىٰ ﴿١٠﴾ ﴾، بـەڵام کەسـێك کـە بـە

گرنگیی پێدانەوە دێ بۆ لات، یاخود ﴿يَسْعَىٰ﴾، یانی: بە خێرایی دێ، لە ئەسڵدا (سعي): بریتیە لە ڕۆیشتنی خێرا (المشي السَّرِيع دُونَ العَدْوِ)، ڕۆیشتنێکی خێرا بەڵام کەمتر لە ڕاکردن، بەڵام لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ ڕۆیشتن بەرەو مەبەستێك بە گرنگیی و بایەخ پێدانەوە، واتە: کەسێك کە بە بایەخ پێدان و گرنگییەوە دێ بۆ لات، ﴿وَهُوَ يَخْشَىٰ﴾، لە حاڵێکیشدا ترس و سام و هەیبەتی هەیە، بە مەزنگرتنەوە بەرانبەر بە خوا، (خشية) و (خوف) جیاوازییەکەیان ئەوەیە: (الخَشْيَةُ: هُوَ الخَوْفُ مَعَ التَّعظيم)، (خَشْيَة) ترسانە لەگەڵ بەمەزنگرتن دا، بەڵام (خوف) یانی: ترس، یانی: لە حاڵێکدا کە بە مەزنگرتنەوە لە خواش دەترسێ.

یاخود: ﴿وَهُوَ يَخْشَىٰ﴾، لە حاڵێکدا کە مەترسییشی هەبوو لە بێبڕوایەکان ئازاری بدەن، یاخود: ﴿وَهُوَ يَخْشَىٰ﴾، لە کاتێکدا کە دەشترسا لەبەر ئەوەی نابینایە هەڵبنگوێ و بکەوێ و تووشی ناڕەحەتیی بێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەهات بۆ لات.

﴿فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّىٰ﴾، کەچی تۆ خۆتی بەسەرەوە نابەی، خۆتی لێ دەخافڵێنی، چونکە ﴿تَلَهَّىٰ﴾، ئەسڵی خۆی (تَتَلهَّى)یە، یانی: (تتشاغل)، دەخافڵای، دەگوترێ: (لَهَوْتُ بِكَذَا وَلَهَيْتُ عَن كَذَا)، بەو شتە خافڵام و لەو شتە بێئاگابووم، یانی: خۆتی لێ بێئاگا دەکەی، یان خۆت بە شتێکی دیکەوە سەرقاڵ دەکەی، بۆ ئەوەی ئاگات لەو نەبێ.

﴿كَلَّآ﴾، واز بێنە لەوە، جارێکی دیکە ئەو ڕەفتارە دووبارە مەکەوە، ئەی موحەممەد ﷺ! چونکە وشەی: ﴿كَلَّآ﴾: (كَلِمَةُ رَدْعٍ وَزَجْرٍ وَإِبطَالٍ)، (كلا) وشەیەکە بۆ بەرپەرچدانەوەو تێوەخوڕین و هەڵوەشاندنەوە، لێرەش بۆ هەڵوەشانەوەی ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ کردوویەتی، ئنجا زۆرێك لە زانایان گوتوویانە: (كَلَّا)، بۆ بەرپەرچدانەوەی قسەیەکە کە لە پێشدا کرابێ، بەڵام وەك پێشتریش گوتوومە: نەخێر بەڵکو (كَلَّا)، هەم بۆ بەرپەرچدانەوەی قسەیەکە کە پێشتر کرابێ (قسەیەکی هەڵە) یاخود ڕەفتارو هەڵوێستێکی پێشتر نوێنرابێ، مەرج نیە، بەس

قسـە بـێ، چونکـە لێـرەدا پێغەمبـەر ﷺ هیچـی بـە (ابْـنِ أُمِّ مَكْتُـومٍ) نەگوتـوە، بەڵکـو بـەس ڕووی لـێ گـرژ کـردوەو ڕووی لـێ وەرگێـڕاوە، کەواتـە: خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: جارێکـی دیکـە ڕوو لـە پیـاوی وا گـرژ مەکـەو، ڕووی لێـوەر مەچەرخێنـە.

ئەگـەر ورد سـەرنج بدەیـن، دەزانیـن ئـەوە گلەییەکـی زۆر نـەرم و میهرەبانانـەی خوایـە ﷻ بـۆ پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ.

دوایـی خـوا ﷻ دێتـە سـەر باسـی ئـەو قورئانـەی (ابْـنِ أُمِّ مَكْتُـومٍ) بـە پێغەمبـەری خـوای گوتـوە: ئـەو پەیامـەی خـوام بـۆ بخوێنـەوە!، کـە پێغەمبـەر ﷺ ویسـتوویەتی بـە هەندێـك لـە سـەرانی قورەیـش و، زلەزلـەو دەسترۆیشـتووەکانی ئەوانـی بگەیەنێ، بۆیـە ڕووی موبـارەکی لـە (ابْـنِ أُمِّ مَكْتُـومٍ)، گـرژ کـردوە، لـە پێنـاوی ئـەوەدا قسـە بـۆ ئـەوان بـکات، خـوا لـە بارەیـەوە دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ﴾، بـە دڵنیایـی ئـەو قورئانـە، یـان ئـەو ئایەتانـە بیرخـەرەوەن، ﴿تَذْكِرَةٌ﴾: بریتیـە لـەوەی مـرۆڤ بەهـۆی ئـەوەوە شـتی بێتـەوە یـاد، واتـە: بیرخەرەوەیـە، هەروەهـا (تذکرة) بـە مانـای پەنـدو ئامۆژگارییـش دێ.

﴿فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ﴾، ئنجا هـەر کەسـێك بیـەوێ یـادی دەکاتـەوە، ﴿ذَكَرَهُۥ﴾، (ە)ی (ذکره) ڕانـاوی نێرینەیـە و بـۆ قورئـان دەچێتەوە، پێشـێ دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ﴾، ئـەو ئایەتانـە بیرخـەرەوەن، ئایەتـەکان مێینـەن، بۆیـە ڕانـاوی مێینـەی بەکارهێنـاوە، بـەڵام دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ﴾، ڕانـاوی نێرینـەی بەکارهێنـاوە، لەبـەر ئـەوەی دەچێتـەوە بـۆ قورئـان، یـان لەبـەر ئـەوەی ئایەتەکانـی قورئـان، ئەگـەر ڕانـاوی مێینەشـیان بـۆ بەکارهاتبـێ، مێینـەی (مجازي)یـن و، مێینـەی (مجازي)یـش دەگونجـێ ڕانـاوی نێرینەشـی بـۆ بەکاربـێ.

هەروەهـا دەشـگونجێ ڕانـاوی سـەر(ذَكَرَهُۥ)، بـۆ خـوا بچێتـەوەو هەندێکیـان ئاوایـان لێکداوەتـەوە: هـەر کەسـێك بیـەوێ یـادی خـوا دەکات.

ئنجا دوایی باس دەکات ئەو ئایەتانە پێگەکەیان چۆنە لە لای خوا، دەفەرموێ:

﴿فِي صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ﴾، ﴿صُحُفٍ﴾، کۆی (**صحيفة**)یە، یانی: پەڕ، یاخود هەر شتێك لەسەری بنووسرێ، مەرج نیە هەر پەڕی کاغەز بێ، لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا کاغەز زۆرە، بەڵام کاتی خۆی لە سەر چەرم و پێست و توێکڵی دارو گەڵای دارو بەردی تەنك و ئەوانەیان نووسیوە، گرنگ ئەوەیە: ﴿صُحُفٍ﴾، کۆی (**صحيفة**)یەو ئەویش هەر شتێکە لەسەری بنووسرێ، ﴿مُّكَرَّمَةٍ﴾، ڕێز لێگیراوەکان، لە پەڕە ڕێز لێ گیراوەکاندایە، لە نووسراوە ڕێز لێگیراوەکاندایە، ﴿مَّرْفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةٍ﴾، بەرزکراوەو پاککراوەن، (**مرفوعة**)، یانی: ئەو پەڕانەی ئەو قورئانەیان تێدا نووسراوە، لە لای خوا زۆر بە قەدر و خاوەن پێگەن، ﴿مُّطَهَّرَةٍ﴾، یانی: پاککراوەشن، لەوەی دەستی شەیتانەکانیان بگاتێ، یان: لەوەی هەڵەو کەم و کووڕییان بچێتێ.

﴿بِأَيْدِي سَفَرَةٍ﴾، بەدەستی چەند سەفیرێکەوەن، (**سفير**)، نوێنەر، کۆیەکەی: (**سُفُر**)ە، وەك (**كُتُب**) کۆی (**كاتب**)، (**سَفَرة**)ش کۆی (**سافر**)ە، کە:

١- بە مانای نوێنەر دێ..

٢- هەروەها بە مانای نووسەر دێ.

٣- دیسان بە مانای خوێنەریش دێ، بە دڵنیاییش مەبەست پێی فریشتەکانن.

هەندێکیش گوتوویانە: مەبەست پێی هاوەڵانن (خوا لێیان ڕازی بێ)، کە ئەو قورئانەیان بەدەستەوەیەو دەینووسنەوەو دەیخوێننەوەو، بەڵام ئەم مانایە بێهێزە، چونکە بە پێی سیاقەکە دەردەکەوێ کە هەمووی قسەکە لەگەڵ فریشتەکانە، چونکە دوایی دەفەرموێ: ﴿كِرَامٍ بَرَرَةٍ﴾، ئەم تەعبیرە لە قورئاندا لە شوێنی دیکەشدا هاتووەو بۆ فریشتەکان بەکارهێنراوە ﴿كِرَامٍ﴾، کۆی (**كريم**)ە، واتە: زۆر پەسەندو چاك، (**الكريم هو الجَيِّدُ من نوعه**)، شتێکی هەرە چاك لە جۆری خۆی: (**شَخْصٌ كريم**)، (**مَلَكٌ كريم**)، (**كتاب كريم**)، یانی: کەسێکی زۆر پەسەندو چاك، فریشتەیەکی زۆر پەسەندو چاك، نووسراوێکی زۆر پەسەند و چاك.

﴿ بَرَرَةٍ ﴾، کۆی (بَـرّ)ە، کـە لـە ئەسـڵدا بـە مانـای چاکەکاریـی دێ و، چاوگـە ﴿ بَرَرَةٍ ﴾، واتـە: هـەرە چاکـەکان، کـۆی (بَـرّ)ە.

هەندێکیش گوتوویانە: (بَرَرة) کۆی (بارّ)ە، واتە: چاکەکار.

بـەڵام بۆچوونـی ڕاسـت ئەوەیـە کـە: ﴿ بَرَرَةٍ ﴾، کـۆی (بَـرّ)ە و، (أبـرار) کـۆی (بـارّ)، (أبـرار)، واتـە: چاکـەکان، ﴿ بَرَرَةٍ ﴾یـش هـەر یـانی: چاکـەکان، بـەڵام (بـررة) مانایەکـەی بەهێزتـرە، چونکـە (بَـرّ) یانـی: خـودی چاکیـی و چاکەکاریـی، چاوگـەو وەك نـاو بەکارهاتـوە.

چۆنیەتیـی پێکـەوە پەیوەسـت بوونـەوەی ئـەم ئایەتانـەش، ئاوایـە: ئـەم قوڕئانـە ئـەی موحەممـەد ﷺ! کـە خـوا بـۆ تـۆی دابەزانـدوە، ئـەوە پێگەکەیەتـی و ئـەوە حاڵەکەیەتـی:

بیرخەرەوەیـەو پەنـدو ئامۆژگارییـە، ئنجـا هـەر کەسـێك بیـەوێ، دەتوانـێ بەهۆیـەوە یـادی خـوا بـکات، یـان: دەتوانـێ تێیبـگات، یـان: پەنـدی لێوەربگـرێ، هەروەهـا ئـەم قوڕئانـە لـە پـەڕە ڕێـز لێگیراوەکاندایـە، دەگونجـێ مەبەسـت ئـەوە بـێ: ئـەم قوڕئانـە بەرلـەوەی دابەزێنرێتـە سـەر زەوی لـە لای جیبریـل و فریشـتە پـاك و چاکـەکان بـووە بـە نووسراویـی، یـان مەبەسـت تەختـە پارێزراوەکـە (**لـوح محفوظ**)یـە، یـان مەبەسـت دوای نووسرانەوەیـەتی لـە لایـەن هاوەڵانـەوە، یـانی: ئـەو پـەڕو شـتانەی قوڕئانیـان تێـدا نووسراوەتـەوە: ﴿ مَّرۡفُوعَةٖ مُّطَهَّرَةِۭ ﴾، ئـەو پەڕانـە خـاوەن پێگـەی بـەرزو پاککـراوەن، هەڵبەتـە دوو ئایـەتی دوایـی: ﴿ بِأَيۡدِي سَفَرَةٖ، كِرَامِۭ بَرَرَةٖ ﴾، مانـای یەکـەم زاڵ دەکات، بگـرە سـاغی دەکاتـەوە، واتـە: ئـەم قوڕئانـە بـە دەسـتەکانی نوێنەرانێکەوەیـە، یەکجـار بەڕێـزو پەسـندو چاکـەکارن کـە مەبەسـت پێی ئـەو پەڕانـەن بـە دەسـت فریشـتەکانەوەن، ئنجـا چ ئەمـە تەعبیرێکـی مەجازیـی بـێ، واتـە: وەك لـە پەڕانـدا نووسرابێتـەوەو فریشـتەکان دایبەزێنـن، هێنـدە بـە وردەکاریـی و ڕێکیـی دایدەبەزێنـن، بێگومـان جیبریـل لەگـەڵ ژمارەیـەك لـە فریشـتاندا، وەحیـی

و سرووشی خـوای پـەروەردگاری هێنـاوە بـۆ پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ، چ هـەروەك خـوای پـەروەردگار هەواڵیـداوە، مانـا ڕواڵەتییەکـەی مەبەسـت بـێ و ئـەم قورئانـە پێشـتر لـە ئاسـمان دا نووسرابێتـەوە، کـە هەندێـك لـە زانایـان دەڵێـن، ئـەم قورئانـە بـەر لـە دابەزێنرانـی لـە تەختـی پارێـزراو (**لـوح محفـوظ**)دا نـووسراوەو، دواییـش کـە دابەزێـنراوە لـە پەڕانێکـی دیکـەدا، یـان لـە شـتانێکی دیکـەدا نـووسراوەو بـە نووسراویـی دابەزێـنراوە، بـەڵام ئـەوە پەنهـان (**غیـب**)ەو ئێمـە نایزانیـن.

کەواتـە: ئـەی موحەممـەد ﷺ! قورئانێـك وابـێ، پێویسـت بـەوە نـاکات بـۆ گەیاندنـی بـە کەسـانێك کـە لێـی بـێ منەتـن و، بێنیازیـی لـە بەرانبـەردا پێشـان دەدەن، ڕووی خـۆت گـرژ بکـەی لـە بڕوادارێکـی نابینـاو، ڕووی لـێ وەرچەرخێنـی، چونکـە قورئانێکـی هێنـدە بـەرزو بەڕێـزو خـاوەن پێگـە، شایسـتەی هەمـوو کـەس نیـەو، تـۆش کـە گەیەنـەری ئـەو قورئانـەی، پێویسـتە لـە خـۆت وریابـی، لـە هەڵـەو پەڵەیـەك کـە لەگـەڵ پێگـەو پایـەی بـەرزو پاکیـی و چاکیـی ئـەم قورئانـەدا نەگونجێ، بـا ئـەو هەڵـەو پەڵەیـە ئیجتیهادییـش بـێ، کـە بـە دڵنیایـی هەروایـە، وەك دوایـی باسـی دەکەیـن، پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ وەك بـۆ چـوون و ئیجتیهادێـك پێـی وابـووە، لـەو کاتـەدا کـە خەریکـی بانگەوازکردنـی ئەوانەیـە، ئـەو کارە تـەواو بـکات باشـترە، چونکـە (**ابْـنِ أُمِّ مَكْتُـومٍ**)، دەرفـەت و هەلـی دیکـەی دەبـێ، گـوێ بـۆ پێغەمبـەر ﷺ بگـرێ و، پەیامـی خـوای زیاتـر لـێ وەربگـرێ، بـەڵام بـۆ ئەوانـە دەرفەتێکـەو هەڵکەوتـوەو وا باشـە بیقۆزیتـەوەو زایـەی نـەکات، بـەڵام دیـارە خـوای پـەروەردگار ئیجتیهـادو بۆچوونەکـەی پێغەمبـەری ﷺ لـەو بـوارەدا، بـە هەڵـە دانـاوەو بـۆی ڕاسـت کردۆتـەوە، تاکـو جارێکـی دیکـە، دووبـارەی نەکاتـەوە.

ئنجا خـوا ﷻ دێتـە سـەر بابەتێکـی دیکـەی هـەر پەیوەسـت بـە بابەتی پێشـەوەو دەفەرمـوێ: ﴿قُتِلَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَآ أَكۡفَرَهُۥ﴾، ئینسـان بـە کوشـتبچێ، بـە دڵنیایـی مەبەسـت پێـی ئینسـانی بێبڕوایـە، کـە دەسـتی نەگەیشـتۆتە هیدایەتـی خـواو، هیدایەتـی خـوای وەرنەگرتـوە، ئـەو جـۆرە مرۆڤـە بـە کوشـتبچێ، یـان: نەفرینـی لـێ بکـرێ،

﴿ مَآ أَكۡفَرَهُۥ ﴾، چ شتێك وای لێکردوە بێبڕوا بێ؟ ئەگەر (ما) لێرەدا پرسیارکردەنیی (**إستفهامية**) بێ، چ شتێك وای لێکردوە بێبڕوا بێ، یاخود: ﴿ مَآ أَكۡفَرَهُۥ ﴾، هەمووی بەسەرسوڕهێنەوەیە وەك: (**ما أحسنه! ما أروعه!**)، ئەوەش ڕێژگەی سەرسوڕمانە، واتە: چەند بێبڕوایە! (**كفر**)یش لێرەدا دەگونجێ بە مانای: نادیدەگرتن (**كفران**)ی نیعمەت بێ، واتە: چەند سپڵەو ناسپاسە! یاخود بە مانای بێبڕوایی بێ، واتە: چەند بێبڕوایە! چ شتێك وای لێکردوە سپڵەو ناسپاس بێ؟ یاخود: چ شتێك وای لێ کردوە بێبڕوا بێ! یان: چەن بێبڕوایە! یان: چەندە سپڵەو ناسپاسە!

﴿ مِنۡ أَيِّ شَيۡءٍ خَلَقَهُۥ ﴾، لەچی دروستی کردوە؟ واتە: خوای ﷻ بەدیهێنەری لە چی هێناویەتە دی؟ ﴿ مِن نُّطۡفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ﴾، لە تۆویلەکەیەك هێناویەتە دی، ئنجا ئەندازەگیریی کردوە، ﴿ نُّطۡفَةٍ ﴾: بریتیە لەو زیندەوەرە گچکەیەی لە ئەنجامی پێکەوە ئاوێتە بوونی زیندەوەری تۆویی (حیمن)ێکی پیاوو هێلکۆڵە (**بويضة**)ی ئافرەتدا، لە نێو منداڵدانی ئافرەتدا، یەکدەگرن و دەبێتە زیندوەرێکی دیکە، ئەگەرنا ئەوانیش هەردووکیان زیندەوەرن و، ژیاندارن، بەڵام بە هەردووکیان زیندەرەوەرێکی دیکە پێکدێنن، کە پێی دەگوترێ: تۆویلکە ﴿ نُّطۡفَةٍ ﴾، خوا ئەوی لە ﴿ نُّطۡفَةٍ ﴾، تۆویلکەیەك دروستکردوە، ئنجا ئەندازەگیریی کردوە، دوایی باسی ئەو ئەندازەگیرییە دەکەین، لە کورتە باسێکدا.

﴿ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ﴾، دوایی ڕێی بۆ ئاسان کردوە، زۆرێك لە ڕوونکەرەوانی قورئان، گوتوویانە: ڕێی هاتنە دەری لە منداڵدان و سکی دایکی بۆ ئاسان کردوە، بۆ لە دایك بوون، دوایی لەو بارەشەوە لە مەسەلە گرنگەکاندا ڕوونکردنەوەیەك دەدەین، چونکە لە دایك بوونی منداڵ، پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزەو، خوا ﷻ سیستم و ڕێك و پێکییەکی سەرسوڕهێنەری بۆ داناوە، ئەگەرنا لە دایك بوونی منداڵ و هاتنە دەری لە منداڵدان و سکی دایکی شتێکی ئاسان نیە، بەڵام خوا بۆی ئاسان کردوە.

واتایەکی دیکەی: خوا ڕێی چاکەو خراپەی بۆ ئاسانکردوە، دەتوانێ هەر ڕێیەك بگرێتە بەر.

منیش پێم وایە مانایەکەی گشتییترە، یانی: هەموو شتێکی بۆ ئاسان کردوە، بۆ ئەو منداڵە:

أ- هاتنە دەری لە سکی دایکی.

ب- مژینی مەمکی دایکی.

ج- فێربوونی خواردن و خواردنەوە.

د- فێربوونی قسە کردن.

هـ- ئنجا ڕۆیشتن و گەشەکردن و...هتد، ئەوە لە ڕووی ماددییەوە، لە ڕووی مەعنەوییشەوە خوا ﷻ بۆی ئاسان کردوە، ڕێی ڕاستی خوا بگرێتەبەر، هەم عەقڵی پێداوە، هەم پێنج هەستەکانی پێداون، هەم ناخ و زگماکێکی باشی پێداوە کە هەقی پێ بناسێ، ئنجا وێڕای ئەوەش خوا ﷻ وەحیی و سرووشیشی بۆ ناردوە بە پێغەمبەراندا.

﴿ ثُمَّ أَمَاتَهُۥ فَأَقْبَرَهُۥ ﴾، دوایی خوا مراندوویەتی و کردوویەتی بە خاوەنگۆڕ، واتە: کارێکی وایکردوە شوێنێك هەبێ تێیدا بخرێتەوە گۆڕەوە، ﴿ ثُمَّ إِذَا شَآءَ أَنشَرَهُۥ ﴾، دوایی هەر کاتێکیش ویستی، بڵاوی دەکاتەوەو زیندووی دەکاتەوە.

﴿ كَلَّا لَمَّا يَقْضِ مَآ أَمَرَهُۥ ﴾، نەخێر، مرۆڤی بێبڕوا، ئەوەی خوا فەرمانی پێکردوە، جێبەجێی نەکردوە، با واز بێنێ لە لاف لێدان و نکوولّییکردن لە پەیامی خوا، یان: واز بێنێ لەوەی گوایە زیندوو ناکرێتەوە، ئەوەی خوا فەرمانی پێکردوە، جێبەجێی نەکردوە، کەواتە: دەبێ چاوەڕێی سزا بێ.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر بابەتێکی دیکە، دەفەرموێ: ﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ ﴾، با مرۆڤ بۆ خواردنەکەی بڕوانێ، با سەرنجی بداتێ و لێی وردبێتەوە،

پێشـێ فەرمـووی: بـا مـرۆڤ بزانـێ چـۆن دروسـت بـووە؟ ئەگـەر بزانـێ چـۆن دروست بـووە، لـە خـوا یاخیـی نابـێ، هـەر کەسـێك خـۆی بناسـێ، خـواش دەناسـێ..

دوایـی دەیگوازێتـەوە بـۆ سـەرنجدانی دەوروبـەری تاکـو ئـەو خواردنـەوەو خۆراکـەی دێتـە بەردەسـتی، لێـی ورد بێتـەوەو تەماشـای پێکهاتەکانـی بـکات، چـۆن دروسـت بـووە، ئنجـا باسـی پێکهاتـەکان و باسـی دروسـت بوونـی ئـەو خواردنـە دەکات و دەفەرمـوێ:

﴿ أَنَّا صَبَبْنَا ٱلْمَآءَ صَبًّا ﴾، ﴿ أَنَّا ﴾، خوێندراویشـەتەوە: (إِنـَّا صَبَبْنَا ٱلْمَآءَ صَبًّا)، ئێمـە بەهەڵڕژتـن ئاومـان هەڵڕژاندۆتـە خـوارێ، واتـە: لـە هـەورەکان لەسـەرێوە لە شـێوەی بـاران و بەفـر و تـەزرەدا، ﴿ ثُمَّ شَقَقْنَا ٱلْأَرْضَ شَقًّا ﴾، دوایـی زەوییـمان بـە قڵیشـاندن، قڵیشـاندوە، ئـەو نەمامـە، ئـەو دەنکـە تـۆوەی دەخرێتـە زەوییـەوە، دوایـی چەکـەرە دەداو دێتـە دەرێ و زەوی دەقڵیشـێنێ، بگـرە نێـوك (**نـواة**)و، دەنـك (**حـبٌ**) و چەکەرە بـەردی سـەخت دەقڵیشـێن، ﴿ فَأَنۢبَتْنَا فِيهَا حَبًّا ﴾، ئنجـا دانەوێڵەمـان تێـدا ڕوانـدوە، دوای ئـەوەی ئاوێکـی زۆرمـان هەڵڕژاندۆتـە سـەر زەوی و، زەویـمان پێقڵیشـاندوە، کـە دەگونجێ مەبەسـت لـە زەوی قڵیشـاندنەکە ئەوەبـێ: زەوییـمان وا لێکـردوە ئـەو ئـاوەی پێـدا بچێتـە خـوارو، دەشـگونجێ مەبەسـت ئـەوە بـێ: زەوییـمان وا لێکـردوە بقڵیشـێ، ئـەو دەنکـە تـۆوەو ئـەو چەکەرەیـە بتوانـێ تێیـدا بـڕوێ و گەشـە بـکات، ﴿ حَبًّا ﴾، نـاوی کـۆ (**اسـم جمـع**)ە، تاکەکـەی بریتیـە لـە (**حبـة**)، واتـە: یـەك دەنکـە تـۆو (**حبـة قمـح، حبـة شـعير، حبـة رُز**)، دەنکـە گەنمێـك، دەنکـە جۆیـەك، دەنکـە برنجێـك.

کەواتـە: (**حـب**) واتـە: دانەوێڵـە بـە گشـتیی و هەمـوو جۆرەکانـی دانەوێڵـە دەگرێتـەوە، ﴿ وَعِنَبًا وَقَضْبًا ﴾، هەروەهـا ترێـمان تێـدا ڕووانـدوەو سـەوزەو تـەڕەکار، ﴿ وَقَضْبًا ﴾، زانایـان زۆریـان قسـە لێکـردوە، بـەڵام وا پێدەچـێ مەبەسـت پێـی سـەوزەو تەڕەکاربـێ، ئـەو شـتانەی بـە زارو قەپاڵتـە دەخورێـن، کـە مـرۆڤ

ڕاستەوخۆ دەیانخوات، سەوزەیە، وەك: كەوەرو پیازو كاهوو، تەڕەكارە، وەك: ترۆزیی و خەیارو شووتیی كاڵەك و ئەوانە، ﴿ وَزَيْتُونًا وَنَخْلًا ﴾، هەروەها درەختی زەیتوون، درەختی دارخورمامان تێدا ڕواندوە، ﴿ وَحَدَآئِقَ غُلْبًا ﴾، باخە چڕو پڕو لێك ئاڵاوەكانیش، ﴿ وَحَدَآئِقَ ﴾، كۆی (حَدِيقَة)یە، كە بریتییە لە باخێك دیوارو شووورای بەدەوردا كرابێ، ﴿ غُلْبًا ﴾، كۆی (أغلب)ە، یانی: چڕو پڕو بە هێزو پێز، گەردن و ملی شێر (أَغْلَب)ی پێ دەگوترێ، لەبەر ئەوەی زۆر چڕ و پڕ و بەهێزە، ناتوانێ بەملاو لادا ئاوڕ بداتەوە، دەبێ بە هەموو جەستەی ئاوڕ بداتەوە، كەواتە: ﴿ وَحَدَآئِقَ غُلْبًا ﴾، یانی: باخەكان كە دارو درەختەكانیان چڕو پڕن و، لێك ئاڵاون، ﴿ وَفَٰكِهَةً ﴾، هەروەها میوە هەموو جۆرەكانی مێوە، بە نەناسراو (نكرة) هێناویەتی، بۆ ئەوەی هەموو جۆرەكان بگرێتەوە، ﴿ وَأَبًّا ﴾، (أب)، بە مانای لەوەڕگایە، ئەوەی ئاژەڵ دەیخوات و تێیدا دەلەوەڕێ.

﴿ مَّتَٰعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَٰمِكُمْ ﴾، بۆ بەهرەگەیاندن بە خۆتان و بە ئاژەڵەكانتان، یان: بۆ بەهرە وەرگرتنی خۆتان و ئاژەڵەكانتان، هەموو ئەو شتانەمان بۆ بەرهەم هێناون.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر تەوەری كۆتایی، كە باسی ڕۆژی دواییە، واتە: دوای ئەوەی خوا ﷻ باسی نەرمە گلەییەكی كرد لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ لە سۆنگەی ئەوەوەی ڕووی گرژ كردەو ڕووی وەرچەخاندوە لە بابایەكی كوێر، كە هاتوەو داوای وەرگرتنی هیدایەتی زیاتری خوای لێ بكات، دوایی باسی قورئانی كرد، كە ئەو قورئانە پێگەیەكی چەند بەرزی هەیە، كە فریشتە پاك و چاكەكانی نوێنەرانی خوا دەیهێنن، ئنجا باسی مرۆڤی بێبڕوای كرد، كە چەند سپڵەو ناسپاسەو، چ شتێك وای لێكردوە، سپڵەو ناسپاس بێ و، چ شتێك وای لێكردوە بێبڕوا بێ، ئایا لە چی دروستی كردوە؟ دوایی خوا ﷻ سەرنجی مرۆڤی ڕاكێشا بۆ خواردنەكەی و پێكهاتەكانی خواردنەكەی و، لە كۆتاییدا، سەرنجیان ڕادەكێشێ بۆ ڕۆژی دوایی، كە ئەی مرۆڤەكان! ئەگەر ئەو پەیامەی خوا وەرنەگرن و،

پەنـدو دەرس وەرنەگـرن لـە چۆنیەتیـی دروسـتبوونی خۆتـان و، لـەو خـواردن و خۆراکـەی خـوا بۆتـان دەڕەخسـێنێ و، سوپاسـگوزاریی نەکـەن بـۆ خـوا، پـەروەردگارو بەدیهێنـەری خۆتـان نەناسـن و نەیپەرستن و، پەیامێـك كـە بـە پێغەمبـەری کۆتایـی دا بـۆی نـاردوون، لێـی وەرنەگـرن، ئـەو ڕۆژە سـەختە چاوەڕێتـان دەکات:

﴿ فَإِذَا جَآءَتِ ٱلصَّآخَّةُ ﴾، ئنجـا هـەر کاتێـك ﴿ ٱلصَّآخَّةُ ﴾ هـات، واتـە: هاڕژنێـك و دەنگێکـی گـەورە، کـە گوێـی خەڵـك کـەڕ دەکات، یـان وادەکات خەڵـك نەیبیسـتێ، دەنگـی زۆر گـەورە مـرۆڤ کـەڕو وڕو کاس دەکات، ئەگـەر دەنگەکـە زۆر گـەورە بـێ، گوێـی وەخـۆی ناگـرێ و وڕو کاس دەبـێ، مـرۆڤ کـە گوێـی لـە تەقینەوەیەکـی گـەورە دەبـێ، دوایـی ماوەیـەك گوێـی لـە هیـچ نابـێ، چونکـە کاس و وڕ بـووە، ﴿ ٱلصَّآخَّةُ ﴾، واتـە: هاڕژنێکـی کـەڕو وڕو کاسـکەر، ﴿ يَوۡمَ يَفِرُّ ٱلۡمَرۡءُ مِنۡ أَخِيهِ ﴾، ئـەو ڕۆژەی مـرۆڤ لـە برایەکـەی خـۆی ڕادەکات، ﴿ وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ ﴾، هەروەهـا لـە دایکـی و بابـی ڕادەکات، ﴿ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ ﴾، دیسـان لـە هاوژینەکـەی، هاوسـەرەکەی و منداڵـەکانی ڕادەکات، بۆچـی لێیـان ڕادەکات؟

تاکـو داوای شـتیکی لـێ نەکـەن، چونکـە دەزانـێ هیچـی پـێ ناکـرێ لـە ڕۆژی دواییـدا، هیچکـەس هیچـی لـە دەسـت نایـەت، وەك دوایـی خـوا بـاس دەکات: ﴿ لِكُلِّ ٱمۡرِيٕٖ مِّنۡهُمۡ يَوۡمَئِذٖ شَأۡنٞ يُغۡنِيهِ ﴾، بـۆ هـەر مرۆڤێـك لـەوان، لـەو ڕۆژەدا کارێـك هەیـە، سـەرقاڵی دەکات، وای لـێ دەکات نەیپەڕژێتـە سـەر هیـچ شـتێکی دیکـە.

ئنجا خـوای پەنهانـزان لـە کۆتاییـدا باسـی ئـەوە دەکات، کـە ئـەو خەڵکـە دابـەش دەبـێ بـۆ دوو کۆمـەڵ:

﴿ وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٖ مُّسۡفِرَةٞ ﴾، ڕووانێـك (لـەو ڕۆژەدا، ڕوون و گەشـن)، ﴿ ضَاحِكَةٞ مُّسۡتَبۡشِرَةٞ ﴾، پێکەنیـون شـادمانن و دڵخۆشـن، مـرۆڤ ئەگـەر دڵـی خـۆش و شـاد بوو، دەم بـە زەردەخەنـەش دەبـێ و ڕووشـی گـەش و جـوان و ڕوون و پرشـنگدار دەبـێ، کۆمەڵێـك هـەن بـەو شـێوەیەن.

﴿ وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ عَلَيْهَا غَبَرَةٌ ﴾، ڕووانێکیش هەن لەو ڕۆژەدا تەپ و تۆز (ی خەمباریی)یان لێنیشتوە، مەبەست ئەوەیە: وەك چۆن کەسێك تۆزو خۆڵ لە دەم و چاوی دەنیشێ، ئاوا دەم و چاویان لێڵ و تاریکە، ﴿ تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ ﴾، تەنوویان کەوتۆتە سەری.

﴿ قَتَرَةٌ ﴾ و (قَتار) و (قِتار) بە مانای دوو کەڵ دێ، واتە: وەك دووکەڵ و تەنوو نیشتبێتە سەر دەم و چاویان، بەو شێوەیە دێنە بەرچاو، تەمی خەمیان کەوتۆتە سەر دەم و چاوو، تەنووی خەم دەم و چاوی ڕەشکردوون.

﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَفَرَةُ ٱلۡفَجَرَةُ ﴾، ئا ئەوانە بێبڕوا تاوانبارەکانن، یان ئا ئەوانە کەسە سپڵەو تاوانبارەکانن.

خوا بە لوتف و کەرەمی ڕەهای خۆی، ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ، کە لەو ڕۆژەدا ڕوویان گەش و جوان شادو درەوشاوە دەبێ و، دڵیان خۆش و شادمان دەبێ، دەم بە پێکەنین و زەردەخەنە دەبن، خوا بە بەزەیی خۆی بمانپارێزێ لەوەی بەهۆی دڵتەنگیی و پەستیی و خەم و نارەحەتییەوە، تەمی خەم و تۆزو خۆڵی خەفەتباریی، دەم و چاومان ڕەش و تاڵ و تڵخ و تاریك بکات.

بەڕێـــــزان!

بەر لەوەی مانای گشتیی ئەم سووڕەتە موبارەکە بەجێ بێڵین، ئاماژەیەك دەکەم بە مشت و مڕی زانایان لە بارەی هۆی هاتنە خواری سەرەتای ئەم سووڕەتە موبارەکەو، چۆنیەتیی گونجانی ئایەتەکان لەگەڵ پارێزراویی (**معصومية**) ی پێغەمبەردا ﷺ:

زۆربەی هەرە زۆری تەفسیرەکان لە سەر وەرگرتنی ئەو ڕیوایەتانەی ئێمە هێنامانن لە هۆی هاتنە خواردا کە ئێمە سێ گێڕدراوەمان لەو بارەوە هێناون، سەنەدیشیان ڕاست و دروستە زۆربەی هەرە زۆری تەفسیرەکان لەسەریان یەکدەنگن، ئەو تەفسیرانەی من لەبەر دەستم دان، تەنانەت خاوەنی تەفسیری

(الكاشف)یش کە **(محمد جواد مُغنية)**یەو زانایەکی شیعەیە، لە بەرگی حەوتی تەفسیرەکەیدا[1]، ئەویش ئەو ڕیوایەتانە وەردەگرێ و هیچ گرێ و گۆتاڵێک دروست ناکات، کە لە سەرەتای ئەم سوورەتەدا خوای پەروەردگار پێغەمبەری خاتەم دەدوێنێ و، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گلەیی لێ دەکات.

بەڵام تەفسیرەکانی دیکەی شیعەکان وەك عادەتی خۆیان، بۆ وێنە: **(محمد حسين الطباطبائي)**، کە خاوەنی تەفسیری (الميزان)ە[2]، بە حیساب ڕەخنە دەگرێ لەو ڕیوایەتانە کە ڕاست نین و دەڵێ:

خوا ﷻ ڕەوشت و ئاکاری پێغەمبەری ﷺ بە مەزن داناوە -- مەبەستی پێی سەرەتای سووڕەتی (القلم)ە، کە دەفەرموێ: ﴿ نٓ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ ١ مَآ أَنتَ بِنِعۡمَةِ رَبِّكَ بِمَجۡنُونٖ ٢ وَإِنَّ لَكَ لَأَجۡرًا غَيۡرَ مَمۡنُونٖ ٣ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٖ ٤ ﴾، کە پێشتر قسەمان لێ کرد - خوا هەر لە سەرەتاوە ڕەوشتی پێغەمبەری کۆتایی ﷺ بە مەزن وەسف بکات، کەواتە: چۆن دەچێتەوە عەقڵەوە، دوای ئەوەی لە سەرەتای ناردنی دا، خوا ڕەوشتی وی بە مەزن وەسف کردبێ، کەچی دوایی لەسەر هەندێك لە هەڵسوکەوت و ڕەوشتەکانی گلەیی لێ بکات؟!

واتە: ئەمە ناگونجێ مەبەست پێی پێغەمبەری خوا ﷺ بێ، لەبەر ئەوەی ئەو پێی وایە دژ دەوەستێ لەگەڵ ئەوەدا کە لە سەرەتای سووڕەتی (القلم) دا خوا پێغەمبەری کۆتایی خۆی، بە خاوەن ڕەوشتێکی مەزن وەسف دەکات!.

هەروەها تەفسیری (نمونە)ش کە تەفسیرێکی فارسییە هی (ناصری مکارمی شیرازی) و هەندێك زانای دیکەی شیعە[3]، لەو بارەوە قسەی زۆری کردوە، کە ئەو ڕیوایەتانە قبووڵ ناکەن.

---

(١) ص: ٥١٥، ٥١٦.

(٢) ج٢٠، ص ٢٠٣.

(٣) ج ٢٦، ص ١٢٥ - ١٢٧.

بەڵام لە ڕاستییدا قسەکانیان هیچیان پشتبەستوو نین بە هیچ بەڵگەیەکی عەقڵیی و نەقڵیی، بەڵێ، خوا ڕەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ بە مەزن وەسف کردوە، بەڵام ئەوە کە ڕەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ مەزنە، مانای وانیە هیچ شتێك نەکات، پێویست بێ خوای پەروەردگار بۆی ڕاست بکاتەوە، ئەگەر بشگوترێ: ئەوە لەگەڵ پارێزراو بوونی پێغەمبەری خوادا ﷺ لە گوناح، تێکدەگیرێ، ڕاست نیە، چونکە ئەوە گوناهێك نیە، پێغەمبەر ﷺ کردبێتی و، تەنیا هەڵەیەکی ئیجتیهادییەو، یەکەم گلەییش نیە خوای کاربەجێ لە پێغەمبەرەکەی ﷺ بکات و، ڕەخنەی لێ بگرێ، بەڵکو، ئەوە چەند جارێك لە قورئان دا دووبارە بۆتەوە:

١- لە سوورەتی (**التوبة**)دا، دەفەرموێ: ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمۡ ﴿٤٣﴾﴾، واتە: خوا لێت ببورێ بۆچی مۆڵەتت دان؟ هەرچەندە لێرەدا خوای پەروەردگار لێبوردنەکەی پێش گلەییەکە خستوە!.

٢- هەروەها لە سوورەتی (**الأنفال**)دا: ﴿مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴿٦٧﴾﴾، واتە: هیچ پێغەمبەرێك بۆی نیە، دیلان بگرێ (لە بەرامبەر ئەوەدا کە قەرەبوویان لێوەربگرێ)، هەتا (دوژمنان) لە پەل و پۆ نەخات.

٣- هەروەها لە سوورەتی (**التوبة**)دا: ﴿وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٖ مِّنۡهُم مَّاتَ أَبَدٗا وَلَا تَقُمۡ عَلَىٰ قَبۡرِهِۦٓۖ ﴿٨٤﴾﴾، واتە: لە مەودوا نوێژ لەسەر هیچ کام لە وان (مونافیقەکان) مەکەو لەسەر گۆڕەکەشی ڕامەوەستە.

ئەوە بەلای کەمەوە لە چوار شوێندا، خوای پەروەردگار هەڵەی ئیجتیهادیی بۆ پێغەمبەری کۆتایی ﷺ ڕاست کردۆتەوە، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەقێك نەبووە پێچەوانەی بجووڵێتەوەو بۆچوونێکی بووە، بەڵام لە بۆ چوونەکەیدا نەیپێکاوە، خوای میهرەبانیش بۆی ڕاست کردۆتەوە، بێگومان ئەوەش لەگەڵ پارێزراوبوونی پێغەمبەر ﷺ لە گوناهاندا تێکناگیرێ، چونکە ئەو شتانەی پێغەمبەری خوا ﷺ کردوونی، هەڵەی ئیجتیهادیی بوون و گوناح نەبوون، چونکە

کەسێك کە ئیجتیهاد دەکات، ئەگەر بیپێکێ، دوو پاداشتی هەن و، ئەگەر نەیپێکێ پاداشتێکی هەر هەیە.

ئنجا هەر کام لە شیخ (**محمد عبدة**) لە (**الأعمال الكاملة**)کەیدا هاتوە[1]، لە تەفسیری بەش (**جزء**)ی (**عمَّ**)دا، هەندێ قسەی زۆر ڕێك و جوانی لەو بارەوە کردوون.

هەروەها (**إبن عاشور**)یش، لە تەفسیرەکەی (**التحرير والتنوير**)دا[2]، ئەویش لە بارەی ئەو ئایەتانەوە هەندێ قسەی زۆر جوان دەکات.

هەروەها (**سيد قطب**)یش لە تەفسیرەکەیدا[3]، هەڵوەستەیەکی زۆر جوان و ڕێك و پێك لە بەردەم ئەو ئایەتانەدا دەکات، دواییش لە کاتی خستنە ڕووی مەسەلە گرنکەکاندا لەو بارەوە، قوڵە باسێك دەکەم و حەوت (٧) حیکمەتی ئەو گلەییەی خوا ﷻ لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەخەمەڕوو.

---

(١) ج ٥، ص: ٣٢٦ ، ٣٢٧.

(٢) ج١٢، ص: ١٠٩، ١١٤

(٣) في ظلال القرآن ج٦.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

گلەیی ناڕاستەوخۆی خوا ﷻ لە پێغەمبەر موحەممەد ﷺ کە بە هۆی هاتنە لای بابایەکی کوێرەوە، ڕووی گرژ کردووەو، خۆی وەرچەرخاندووە، لە حاڵێکدا ڕەنگە ئەوە هۆکاری پاك و چاکبوونی زیاترو پەند وەرگرتنی بێ، کە چی ڕووی کردۆتە کەسانێکی بێنیازیی پێشاندەر، کە ئەگەر بەهۆی گەڕانەوە بۆ لای خواشەوە پاك و چاك نەبن، پێغەمبەر ﷺ بەرانبەریان بەرپرسیار نیەو، خەتای خۆیانەو، وەسفکردنی قورئانیش بە پەندو بیرخەرەوەیان کە لەبەر دەستی هەموو لایەکدایە، لە چەند پەڕەیەکی بەرزو بە ڕێزو پاك داو، بە دەستی فریشتانێکی گرانقەدری چاکەکاری نوێنەری خواوەن:

خوا دەفەرموێ: ﴿عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١﴾ أَن جَآءَهُ ٱلۡأَعۡمَىٰ ﴿٢﴾ وَمَا يُدۡرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ ﴿٣﴾ أَوۡ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ ٱلذِّكۡرَىٰٓ ﴿٤﴾ أَمَّا مَنِ ٱسۡتَغۡنَىٰ ﴿٥﴾ فَأَنتَ لَهُۥ تَصَدَّىٰ ﴿٦﴾ وَمَا عَلَيۡكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَن جَآءَكَ يَسۡعَىٰ ﴿٨﴾ وَهُوَ يَخۡشَىٰ ﴿٩﴾ فَأَنتَ عَنۡهُ تَلَهَّىٰ ﴿١٠﴾ كَلَّآ إِنَّهَا تَذۡكِرَةٌ ﴿١١﴾ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ﴿١٢﴾ فِي صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ ﴿١٣﴾ مَّرۡفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةِۭ ﴿١٤﴾ بِأَيۡدِي سَفَرَةٍ ﴿١٥﴾ كِرَامِۭ بَرَرَةٍ ﴿١٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شازدە بڕگەدا:

١)- ﴿عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ﴾، ڕووی خۆی گرژ کردو وەرچەرخا، وشەی: ﴿عَبَسَ﴾، (**العُبُوسُ: قُطُوبُ الوَجْهِ مِنْ ضَيْقِ الصَّدْرِ**)، (**عُبُوس**): بریتیە لە ڕووی خۆگرژ کردن لە ئەنجامی سینە تەنگ بووندا، مرۆڤ کە شتێکی بە دڵ نەبوو، کەیفی بە شتێك نەهات و خەفەتی لە شتێك خوارد، ڕووشی لە بەرانبەریدا ترش و تاڵ دەبێ، ﴿وَتَوَلَّىٰٓ﴾، (**أَصْلُهُ تَحَوّل الذّاتِ مِنْ مَكَانِهَا، وَيُسْتَعَارُ لِعَدَمِ اشْتِغَالِ المرْءِ بكَلَامٍ يُلْقَى إِلَيْهِ**)، (**تَوَلِّي**): لە ئەسڵدا بریتیە لەوەی

مرۆڤ لە شوێنی خۆی لابچێ، بەڵام دوایی دەخوازرێتەوە بۆ سەرگەرم نەبوونی مرۆڤ بە قسەیەکەوە کە بۆی دەکرێ، واتە: گرنگیی پێنەدانی.

کەواتە: بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، خوا ﷻ باسی پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکات، کە ڕووی خۆی لە کوێرەکە گرژ کردو، خۆی خافڵاند، یان: گوێی بۆ نەگرت و گرنگیی پێنەدا.

٢)- ﴿ أَن جَآءَهُ ٱلۡأَعۡمَىٰ ﴾، لە کاتێکدا کوێرەکە هاتەلای، ﴿ أَن جَآءَهُ ٱلۡأَعۡمَىٰ ﴾، پسپۆڕانی زمان دەڵێن: (**فِي محل مَجْرُورٍ بِلاَمِ جَرّ مَحْذُوفٍ مَعَ (أَنْ) وَهُوَ حَذْفٌ مُطَّرِد**)، ئەمە لە شوێنی (مجرور)دایە بە (ل)ێك کە هەمیشە لەگەڵ (أن)دا دەقرتێنرێ، یانی: (**لأن** جَآءَهُ ٱلۡأَعۡمَىٰ) بە هۆی ئەوەوەی کوێرەکە هاتە لای، ڕووی خۆی گرژ کردو، خۆی وەرچەرخاند، (**إبن عاشور**)، قسەیەکی جوان دەکات، لە مانا لێکدانەوەی ئەم دوو ئایەتە موبارەکەدا، دەڵێ:

١- زانیاریی هەبوون بە ڕووداوەکە، دەلالەت لەسەر ئەوە دەکات، کە هاتنەکە (هاتنی ئەو پیاوە کوێرە)، هاتنێکی تایبەت بووەو، کوێرەکەش بابایەکی ناسراوو زانراو بووە.

٢- خوای میهرەبان بە شێوەی هەواڵ فەرموویەتی و نەیفەرمووە: (**عَبَسْتَ وَتَوَلَّيْتَ**)، ڕووی خۆت گرژکردو خۆت وەرچەرخاند! بەڵکو دەفەرموێ: ﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴾، ڕووی خۆی گرژ کردو خۆی وەرگێڕا، ﴿ أَن جَآءَهُ ٱلۡأَعۡمَىٰ ﴾، بەهۆی ئەوەوەی کوێرەکە هاتە لای، شێوازی هەواڵ بەکارهێنراوە لە گلەییکردندا، لەو بێئاگاییەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە گرنگیی نەداوە بەو بابا کوێرە، بۆ ئەوەی پەیامی خوای پێ بگەیەنێ، بەڵکو مەبەستی بووە گرنگیی بدات بەوانەی دیکە کە قسەیان بۆ دەکات.

ئنجا خوا ﷻ کە بە شێوەی نادیار گلەییەکە ئاڕاستەی پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکات، لوتف و میهرەبانییەکی زۆری تێدایە، هەروەك لە شوێنی دیکەش دا شێوەی ئەوە هاتوە، بۆ وێنە:

أ- لە سوورەتی (**التوبة**)دا دەفەرموێ: ﴿ عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمۡ ﴿٤٣﴾ ﴾، لێرەدا بە شێوەی دواندنی ڕاستەوخۆیە، بەڵام لێبوردنەکە پێش دەخات و دوایی گلەییەکەی لێ

دەكات: خوا لێت ببوورێ بۆچی مۆڵەتت دان، یانی: بۆچی مۆڵەتی دڵنەخۆشەكانت دا، نەیەن بۆ جەنگی تەبووك، ﴿ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَتَعْلَمَ الْكَاذِبِينَ ﴿٤٣﴾ ﴾، {دەبووایە مۆڵەتت نەدابان}، تاكو ئەوانەی ڕاستیان كردووە و بەڕاستیی خاوەن بەڵگەو پۆزش بوون، لەگەڵ ئەوانەی درۆزن بوون، لێك جیابووبانەوە، واتە: دەبووایە مۆڵەتت نەدابانایە، نەیەن، تاكو سەرەنجام ئەوانەی ڕاست دەكەن، لەگەڵ ئەوانەی درۆ دەكەن، لێك جیادەبوونەوە.

ب- هەروەها لە سوورەتی (**الأنفال**)دا، خوا دەفەرمووێ: ﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ ﴿٦٧﴾ ﴾، واتە: هیچ پێغەمبەرێك بۆی نیە، دیلی هەبن، هەتا كوشتاری خەست و خۆڵ نەكات لە بێبڕوایان.

بێگومـان بـەو واتایەنـا كـە نابـێ بـە دیلیـان بگـرێ و دەبـێ بیانكـوژێ، بەڵكـو بـەو واتایـەی بـە تەماعـی قەرەبـوو (**فدیـة**) لێوەرگرتـن، نابـێ كۆتایـی بـە شـەڕ بێنـێ، كـە دوژمنـان ببنـە دیـل و دوایـی بـە خۆكڕینـەوە دەربـاز بـن و، پارەیـان لـە بەرانبـەردا لێوەربگیـرێ، بەڵكـو لـە جیاتـی تەماعـی فیدیـەو قەرەبـوو وەرگرتـن، بـا جەنگەكـە بـەردەوام بـێ، هەتـا لـە پـەل و پۆیـان دەخـەن، وەك لـە تەفسـیری سـوورەتی (**الأنفـال**)داو لـە تەفسـیری سـوورەتی (**محمد**)یشـدا كـە هـەر لـەو بـارەوە هاتـووە دەفەرمـووێ: ﴿ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً حَتَّىٰ تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ﴿٤﴾ ﴾، لـەو بـارەوە قسـەمان كـردوە.

بێگومـان ئـەوەش لوتـف و میهرەبانیـی بـێ سـنووری خوایـە بـۆ پێغەمبـەری خـۆی، كـە بـەر لـەوەی گلەییەكـەی لـێ بـكات، لێبوردنەكـەی باسـكردوە، یاخـود بـە شـێوەیەكی ناڕاسـتەوخۆ گلەییەكـەی باسـكردوە، وەك هـەم لـە سـوورەتی (**الأنفـال**) داو، هـەم لـەم سـوورەتە موبارەكـەش دا هاتـووە.

٣)- ﴿ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّىٰ ﴾، چ شتێك بە تۆی زانادوە، نیزیك بوو، لەوانە بوو، پاك و چاك ببێ، (ما) لێرەدا پرسیاركردەنیی (**إستفهامیة**)یە، ﴿ وَمَا يُدْرِيكَ ﴾، واتە: تۆ چووزانی،

چ شتێك وا لە تۆ دەكات بزانی و پەی پێ ببەی، ﴿لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ﴾، ڕەنگە ئەوەی لێت وەردەگرێ، ببێتە هۆی ئەوەی پێی پاك و چاك بێ، ئەو پەیامەی لە تۆی وەردەگرێ، ئەو ئایەتانەی هاتوە لێتیان وەربگرێ.

٤)- ﴿أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ ٱلذِّكْرَىٰٓ﴾، یاخود (ئەگەر نەشبووبایە، هۆی ئەوەی پێی پاك و چاك بێ)، هاتبایەوە بیری و پەندی لێ وەرگرتبایەو، پەند وەرگرتن و هاتنەوە بیرەكەی، سوودی پێگەیاندبایە.

وشەی: ﴿فَتَنفَعَهُ﴾، بە: (فَتَنْفَعُهُ)ش خوێندراوەتەوە.

كـە دەفەرمـوێ: ﴿أَوْ يَذَّكَّرُ﴾، ئەسـڵی خـۆی (يَتَذَكَّر)يـە، بـەڵام (ت)كـە لـە (ذ) كـەدا دەغـم كـراوە، (**التَّذَكُّرُ: حُصُـولُ أَثَـرِ التَّذْكـير، وهـو خطـورُ أَمْـر مَعْلُـوم فِي الذِّهْـن بَعْـد نِسـيانِهِ، وهـو مُشـتقٌّ مِـنَ الذُّكْـر**)، (**تَذَكُّـر**): بریتیـە لـە پەیدابوونـی شـوێنەواری بیرخسـتنەوە، ئەویـش بریتیـە لـەوەی شـتێك پێشـتر زانـراوەو دوایـی لـە بیـر چۆتـەوە، بێتـەوە هۆشـی مـرۆڤ، كـە لـە ئەسـڵدا داتـاشراوە لـە (**ذُكْـر**)، یـانی: هاتنـەوە بیـر، بـەڵام (**ذِكـر**)، واتـە: باسـكردن.

٥)- ﴿أَمَّا مَنِ ٱسْتَغْنَىٰ﴾، بەڵام كەسێك بێنیاز بووە، بێنیازیی پێشانداوە، (**أما**)، وەك پێشتر گوتوومانە: (**حرف تفصيل**)، پیتێكە بەكاردەهێندرێ بۆ درێژەدان بە قسە، (ٱسْتَغْنَىٰ)، یانی: (**مَنْ عَدَّ نَفْسَهُ غَنِيّاً عَنْ هَدِيكَ**)، كەسێك خۆی پێ دەوڵەمەندو بێ نیازە لەو ڕێبازو بەرنامەیەی بە تۆدا نێرراوە.

٦)- ﴿فَأَنتَ لَهُۥ تَصَدَّىٰ﴾، تۆ لێی دەچیە پێش و ڕووی تێدەكەی و بایەخی پێ دەدەی، (**التَّصَدِّي: أَن يُقَابَلَ الشيء مَقابَلَة الصدّى**)، (**صَدى**)، یانی: دەنگدانەوە، (**تَصَدِّي**)یش، یانی: (**تعرُّض**)، خۆ بردنە پێش و ڕوو كردنە شتێك، وەك چۆن دەنگدانەوەیەك كە بۆت دێتەوە، ڕووت تێ دەكات.

٧)- ﴿وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ﴾، تۆ چیت لەسەرە ئەگەر خۆی پاك و چاك نەكرد؟ (ما)، لێرەدا:

أ- یان لابەرە (**نافِیة**)یە، یانی: هیچ شتێك لەسەر تۆ نیە، ئەگەر ئەو خۆی پاك و چاك نەكات، (**أي: عَدَمُ تَزَكِّيهِ لَيْسَ مَحْمُولاً عَلَيْكَ**)، پاك و چاك نەبوونی، خۆ پاك و چاك نەكردنی لەسەر شانی تۆ نیە، تۆ بەرپرسیاریەتییەكەی هەڵناگری.

ب- دەشگونجێ (**ما**) پرسیاركردەنیی (**الإستفهامية**)بێ، یانی: ﴿وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ﴾، (**أيُّ شَيءٍ عَلَيْكَ ألاَّ يزَّكَّى؟**)، چ شتێك (چ بەرپرسیارییەتییەك) لەسەر تۆیە، ئەگەر ئەو خۆی پاك و چاك نەكات! هیدایەتی خوا لەبەر دەستیەتی، ئەگەر كەسێك خۆی وەری نەگرێ و هەڵینەگرێ و لە ئەنجامدا بەهۆی ئیمان و تەقواوە، پاك و چاك نەبێ، تۆ چ بەرپرسیارییەتییەكت لەسەر شانە!.

٨)- ﴿وَأَمَّا مَن جَآءَكَ يَسْعَىٰ﴾، بەڵام كەسێك كە بە گرنگیی پێدانەوە، یاخود: بە خێرایی ڕۆیشتنەوە دێت بۆ لات.

(**سعي**) بـە مانـای خێـرا ڕۆیشـتنەو، لێـرەدا بەكارهێـنراوە بـۆ سـوور بـوون لەسـەر دیـدار، واتـە: بـە جیددیـی و بـە مشـوورخواردنەوەو ڕوو تێكـردن، بـەڵام كەسـێك كـە بـە جیددیـی بـۆ لای تـۆ دێ و، بـە مشـوور خواردنـەوە دەخەفتـێ لـەوەی بـە دیـداری تـۆ بـگات.

٩)- ﴿وَهُوَ يَخْشَىٰ﴾، لە حاڵێكیشدا دەترسێ، ئەمە سێ ئەگەری هەن:

أ- لە خوا دەترسێ.

ب- لە بێبڕوایەكان دەترسێ ئازاری بدەن، لەبەر ئەوەی نابینایە.

ج- دەترسێ بكەوێ، یان بكەوێتە چاڵێكەوە، چونكە بەر پێی خۆی نابێنی، هەموویان دەگرێتەوە، بەڵام زیاتر وا پێدەچێ مەبەست ئەوە بێ: لە خوا دەترسێ، (**خشية**)یش وەك پێشتریش باسمان كردوە، ترسێكە لەگەڵ بە مەزنگرتندا ئاوێتەیە، بۆیە خوا فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴿٢٨﴾﴾، واتە: تەنیا بەندە زانایەكان سام و هەیبەتیان بەرانبەر بە خوا هەیە.

ئنجا کەسێك کە ئاوایە:

١٠)- ﴿فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّىٰ﴾، تۆ لێی بێ ئاگا دەبی و بە جگە لەوەوە دەخافڵێی، (طبري)، ئاوای لێکداوەتەوە: (فَأَنْتَ عَنْهُ تُعْرِضُ وَتَشَاغَلُ عَنْهُ بغَيْرِه وَتَغَافَلُ)، ڕووی لێ وەردەگێڕێ و خۆت بە جگە لە ئەوەوە دەخافڵێنی و لەو بێئاگا دەبی.

١١)- ﴿كَلَّآ إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ﴾، نەخێر (وامەکە) ئەوە بیرخەرەوەو ئامۆژگارییە، (كَلَّاً): وشەیەکە بۆ تێوەخوڕین و گلەیی کردن و هەڵوەشاندنەوە، هەڵوەشاندنەوەی شتێك کە پێشتر باسکراوە، ئەگەر قسەیە، ئەگەر ڕەفتارە، ئەگەر هەڵوێستە، هەرچی هەیە، (طبري) ئاوای لێکداوەتەوە: (**ما الأَمْر كما تفعل يا محمَّد! من أن تعبس في وجه من جاءك يسعى، وهو يخشى، وتتصدّى لمن استغنى**) کار وانیە کە دەیکەی ئەی موحەممەد! کەسێك کە بە گرنگیی پێدانەوە دێ بۆ لات و دەشترسێ، ڕووی خۆتی لێ گرژبکەی، بەڵام کەسێك کە خۆی بێنیاز پێشانداوە، ڕووی تێبکەی و گرنگیی پێبدەی! (ئەوە ڕاست نیەو لەو ئیجتیهادەتدا نەتپێکاوە).

﴿إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ﴾، بە دڵنیایی ئەم قورئانە، یاخود: ئەم ئایەتە موبارەکانە بیرخەرەوەن، پەندو ئامۆژگاریین، (الطبري)، دەڵێ: (**إِنَّ هَذِهِ العِظَةَ وَهَذِهِ السُّورة تذكرة: يقول: عِظَة وعبرة «فَمَنْ شَاءَ ذَكَرَهُ» يقول: فَمَنْ شاء من عباد الله ذكره**)، دەڵێ: ﴿إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ﴾، واتە: ئەم ئامۆژگارییەو ئەم سوورەتە پەندو ئامۆژگارییە، هەر کەس بیەوێ لە بەندەکانی خوا یادی دەکات.

١٢)- ﴿فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ﴾، هەر کەسێك (لە بەندەکانی خوا) بیەوێ باسی دەکات، (ذكر)، باسی دەکات، یاخود: یادی دەکات، (الطبري)، دەڵێ: (**ذَكَرَ تَنْزِيلَ اللهِ وَوَحِيَهُ والهاء في قوله: «إنَّها» للسورة، وفي قوله: «ذَكَرَهُ» للتنزيل والوحي**)، واتە: دابەزێنراوی خواو سرووشی خوا یاد دەکات، ڕاناوی (هـ) لە: ﴿إِنَّهَا﴾دا، بۆ سوورەتەکە دەگەڕێتەوە، بەڵام ڕاناوی (هـ)، لە: (ذكره)دا، کە بۆ نێر (مذكّر)ە، بۆ (تنزيل) و (وحي)، دەچێتەوە، هەندێکیش گوتوویانە: ﴿إِنَّهَا﴾، بۆ ئایەتەکان دەچێتەوەو، (ذكره)، بۆ خوای بەرز دەچێتەوە، واتە:

هەر کەسێك بیەوێ یادی خوا دەکات، بەڵام ئەوەی (**طبري**) گوتوویەتی: لەگەڵ ڕەوتی ئایەتەکاندا، گونجاوترە.

١٣)- ﴿ فِي صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ ﴾، لە پەڕە ڕێز لێگیراوەکاندایە، (**الطبري**) دەڵێ: (صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ) مەبەست پێی تەختەی پارێزراو (**لوح محفوظ**)ە، (**صحف**)، کۆی (**صحيفة**)یە، بەڵام مەبەست پێی ئەو تەختە پارێزراوەیە کە زانیاریی خوای هەموو تێدا تۆمار کراوە، لە بارەی دروستکراوەکانیەوە.

١٤)- ﴿ مَّرْفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةٍ ﴾، بەرزکراوەو بە پاکگیراون، ئەو پەڕە ڕێز لێگیراوانە، پێگەو پایەیان بەرزە، پاکیشن لەوەی دەستی شەیتانەکانیان بگاتێ.

هەڵبەتە جۆرە تەفسیری دیکەشیان بۆ کردوون، بە تایبەت بۆ ئەو ئایەتەی دەفەرموێ: ﴿ فِي صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ ﴾، لەپەڕە ڕێز لێگیراوەکاندایە، یان: لەپەڕە پەسندو چاکەکاندایە.

ئەم دوو ئایەتە: ﴿ فِي صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ، مَّرْفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةٍ ﴾، سێ مانای سەرەکییان هەن:

١- قورئان لە تەختی پارێزراودا بووە بەرلەدابەزێنرانی.

٢- قورئان بەر لە نووسرانەوەی لەلایەن هاوەڵانەوە، بە تۆمارکراویی لەلایەن فریشتەکانەوە هەبووە، هێندە بە وردیی و ڕێکیی وەك نووسرا بێتەوە، یان هەر نووسراویشەتەوە لەلایەن فریشتانەوە.

٣- مەبەست پێیان نووسرانەوەو تۆمارکرانی قورئانە لەلایەن هاوەڵانەوە خوا لێیان ڕازی بێ.

﴿ مُّكَرَّمَةٍ ﴾، زۆر ڕێز لێگیراون، زۆر پەسند کراون، ﴿ مَّرْفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةٍ ﴾، بەرزکراوەن، ئەو پەڕانە زۆر بەرز کراوەن، واتە: لە ڕووی مەعنەویی، یاخود: لە ڕووی ماددییەوە شوێنەکەیان زۆر بەرزە، یاخود: لە ڕووی مەعنەوییەوە پلەو پایەیان زۆر بەرزە، ﴿ مُّطَهَّرَةٍ ﴾: پاککراون، کە مەبەست پێی پاککرانەوەی

مەعنەوییە، یانی: هەڵەو پەڵەیان تێدانییە، یاخود: پاکن لەوەی شەیتانەکان دەستیان بیانگاتێ.

١٥)- ﴿بِأَيْدِي سَفَرَةٍ﴾، بە دەستەکانی نوێنەرانێکەوەن، ﴿سَفَرَةٍ﴾، کۆی (**سافر**)ە، وەك (**كَتَبة**)، کۆی (**كاتب**)ە، واتە: نووسەر، (سافر)یش بە مانای نوێنەر دێ، نوێنەرانی خوا ﷻ.

١٦)- ﴿كِرَامٍ بَرَرَةٍ﴾، بەڕێزن چاکەکارن، ﴿كِرَامٍ﴾، کۆی (**كريم**)ە، واتە: هەرە چاك لە جۆری خۆی، هەر شتێك لە جۆری خۆیدا زۆر چاك و پەسند بێ، پێی دەگوترێ: (**كريم**)، ﴿بَرَرَةٍ﴾، کۆی (**بَرّ**)ە، یانی: هەرە باش، هەروەك چۆن (**أبرار**)، کۆی (**بارّ**)ە، یانی: چاکەکار، (**بَرّ**)و (**بارّ**)، هەردووکیان بە مانای چاکەکارن، بەڵام مانای (**بَرّ**) بەهێزترە، چونکە (**بر**)، چاوگە، واتە: خودی چاکەکاریی، وەك: (**عدل**) و (**عادل**)، (**عادل**)، یانی: دادگەرو (**عدل**) یش بە مانای دادگەر بەکاردێ، بەڵام (**عَدْل**) یانی: خودی دادگەریی، ئەگەر بڵێین: (**فلان عدلٌ**)، واتە: دادگەرە، بەڵام بەو واتایەی دادگەریی لەودا بەرجەستە بوو، هەروەك (**فلان بَرٌّ**)، واتە: چاکەکاریی لەویدا بەرجەستە بووە.

هەندێکیشیان گوتوویانە: ﴿بِأَيْدِي سَفَرَةٍ ﴿١٥﴾ كِرَامٍ بَرَرَةٍ﴾، بە دەستەکانی نوێنەرانێکەوەن، بەڕێزی چاکەکارن، مەبەست پێی قورئانخوێنەکانن، بەڵام بێگومان ڕەوتی ئایەتەکان، هەر ئەوە دەگەیەنێ کە مەبەست پێی فریشتەکانە، خوا ﷻ وەك پێشتریش گوتمان لەم ئایەتانەدا دەیەوێ، بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ و بە بڕواداران بە گشتیی، هەروەها بە بێبڕوایان و نەیارانی پێغەمبەری خواش ﷺ، بفەرموێ: ئەو قورئانەی ئێوە لە بەرانبەریدا بێ منەتیی و بێ باکیی پێشان دەدەن، بێنیازیی پێشان دەدەن، ئەوە پێگەکەیەتی و، خوای پەروەردگار ئەوەندە بە گرنگیی و بایەخ پێدانەوەو، ئەوەندە بە ڕێزو حورمەت و بە قەدرو گرانییەوە ئەو قورئانەی دابەزاندوەو، بە دەست فریشتەکانەوەیەو ئەوە پێگەو پایەیەتی و، ئەوە سەرچاوەی لێوە هاتنیەتی، کەواتە: شتێکی هەڵە دەکەن کە

گرنگیـی و بایـەخ بـە قورئـان نـادەن و، لـە بەرانبەریـدا بێنیازیـی پێشـان دەدەن.

بـە کورتیـی: ئایینـی خـوا منەتـی کـەس هەڵناگـرێ، چونکـە بەرنامـەی خـوای بـەرز بێنیـازەو، دەبـێ خەڵـك بـەرەو لای بچـێ و منەتـی هەڵبگـرێ، نـەك خەڵـك بـە منەتـەوە گـوێ بـۆ فەرمایشـتی خـوا بگـرێ و، پەیامـی خـوا وەربگـرێ.

قوڵە باسێک دەربارەی

حەوت حیکمەت لەو گلەییەی خوادا کە لە پێغەمبەر ﷺی کردوە

هەرچەندە پێشتریش قسەمان لەو بارەوە کرد، کە لە ڕاستییدا ئەو گلەییەی خوا ﷻ لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ لەسەر گوناهێك نەبووە، پێغەمبەری خوا کردبێتی، بەڵکو لەسەر ئیجتیهادو بۆچوونێکی هەڵەی بووەو، دوایی خوا ﷻ بۆی ڕاستکردۆتەوە، بۆیەش ئەوە لەگەڵ پارێزراو بوونی پێغەمبەری خاتەم ﷺ و پێغەمبەرانی دیکەدا لە گوناح، تێکناگیرێ، پێغەمبەران لە گوناهو تاوان پارێزراو بوون، بەڵام لە هەڵەی ئیجتیهادیی و بۆچوونێکیان هەبێ، نەیپێکن، پارێزراو نەبوون، ئنجا ئێرەش تاکە شوێنێك نیە کە خوا ﷻ نەرمە گلەییەك لە پێغەمبەری خۆی دەکات ﷺ، بەڵکو وەك پێشتریش گوتمان: لە هەر کام لە سوورەتی (**التوبة**) دا، لە دوو شوێن: ﴿ عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمۡ ﴿٤٣﴾ ﴾، هەروەها: ﴿ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٖ مِّنۡهُم مَّاتَ أَبَدٗا وَلَا تَقُمۡ عَلَىٰ قَبۡرِهِۦٓۖ ﴿٨٤﴾ ﴾، لە سوورەتی (**الأنفال**)یش دا: ﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ ﴿٦٧﴾ ﴾، بە لای کەمەوە لەو سێ شوێنەدا ئاشکرایە خوا ﷻ، پێغەمبەری خاتەم ﷺ هەڵەیەکی ئیجتیهادیی کە بوویەتی، بۆی ڕاستکردۆتەوە، بەڵام با تەماشای ئەو حەوت حیکمەتەی ئەو گلەییەی خوا لە پێغەمبەرەکەی موحەممەد ﷺ کردوویەتی، بکەین:

١- حیکمەتی یەکەم ئەوەیە کە خوا ﷻ ئەم ئایینە پاك و بێ خەوشەی بە پێغەمبەری خاتەم دا ناردوویەتی، لەبەر ئەوەی دوا نوسخەی ڕێنمایی و بەرنامەی خوایە بۆ مرۆڤایەتیی، بۆیە ڕێی نەداوە هێندەی نووکی دەرزیی، هەڵەو کەم و کووڕیی تێدابێ، تەنانەت هەڵەیەکی ئیجتیهادییش کە پێغەمبەری خوا ﷺ کردوویەتی، خوا بەسەریدا بازنەداوەو بۆی ڕاستکردۆتەوە، وەك ئێرە، ئنجا ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ کردوویەتی تێیدا نەیپێکاوەو هەڵە بووە، بۆیەش قسەی هەندێك لە ڕوونکەرەوانی قورئانم بە دڵ

نیە، کە گوتوویانە: ئەوە هیچ هەڵەو کەم و کووڕییەکی تێدانیە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ خەریکی کارێکی گەورەترو گرنگتر بووە، بەڵام ئەو بابا کوێرە هاتوە، کە بیخافڵێنێ لەو کارە گەورەو گرنگەی! ئەو ڕایەم بە دڵم نیە، چونکە ئەگەر هەڵە نەبووایە خوای کاربەجێ گلەیی لە پێغەمبەرەکەی ﷺ نەدەکرد، ئنجا پێویست ناکات بۆ لابردنی گلەیی لەسەر پێغەمبەر ﷺ ئایەتەکان لە نێوەڕۆکی خۆیان خاڵیی بکەینەوە و، وای پێشان بدەین کە ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ کردوویەتی، شتێکی زۆر ڕاست و چاك بووەو بابا کوێرەکە (إبن أم مكتوم) هەڵەی کردوە! چونکە ئەگەر وابووایە خوای پەروەردگار بەسەر کەسدا بازنادات و خاتری کەس ناگرێ و، دەیفەرموو: هەڵوێستی بابا کوێرەکە هەڵە بووە، بەڵام کە دەفەرموێ: نەدەبوو ڕووت گرژ کردباو خۆت لێوەرچەرخاندبایە، چونکە بەهۆی ئەوەوە چاك و پاك دەبوو، یاخود پەندی وەردەگرت، کەواتە: هەڵوێستی بابای کوێر لە شوێنی خۆیدا بووەو، پێکاویەتی، بەڵام ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەرچەندە پێغەمبەری خاتەم و سەروەری پێغەمبەرانەو، باشترین ئینسانەو، چاکترین بەندەی خوایە، بەڵام لەو ئیجتیهادەیدا نەیپێکاوە، ئەمەش شتێکی زۆر گەورەو گرنگە، کە خوا ﷻ ڕێی نەداوە هێندەی نووکی دەرزیی هەڵەو کەم و کووڕیی بچێتە نێو ئیسلامەوە.

٢- حیکمەتی دووەم بریتیە لە دەرخستنی یەکێك لە بەها بەرزەکانی بەرنامەی خوا، کە لایەنگری خەڵکی سادەو هەژارو کەم ئەندامە، ئەمە شتێکی زۆر گەورەیە: خوا لەسەرووی حەوت ئاسمانانەوە، گلەیی بکات لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ کە سەروەری پێغەمبەرانەو، کۆتایی پێغەمبەرانەو باشترین ئینسانەو چاکترین بەندەی خوایە، گلەیی لێ بکات لەسەر ئەوەی ڕووی گرژ کردوە، لە بابایەکی کوێر، کە بابای کوێر، ڕوو گرژییەکەی پێغەمبەری ﷺ نەبینیوەو ڕووی لێ وەرگێڕانەکەشی نەبینیوە، بەڵام خوا بینیویەتی، ئەگەرنا کافرەکانیش نەیانگێڕاوەتەوە بۆ خەڵك کە موحەممەد ﷺ لەبەر خاتری ئێمە ڕووی گرژ کرد لە عەبدوڵڵای کوڕی ئوممی مەکتووم، بەڵام خوا لەسەرووی حەوت ئاسمانانەوە بینیویەتی و بەرگریی کردوە لە بابایەکی کوێری کەم ئەندام و، گلەیی کردوە لە باشترین بەندەی خۆی و سەروەری پێغەمبەران ﷺ.

کەواتـە: ئـەم ئایینـەی خـوای دادگـەر زۆر لایەنگیریـی خەڵکـی هـەژارو نـەدارو کـەم ئەنـدام و سـادەو مافخـوراو دەکات.

٣- حیکمەتی سێیەم ئەوەیە کە پابەندیی بە مەبدەئەوە، لە بەرهەمی سیاسیی گرنگترو لە پێشترە، مەبدەئەکەش - لێرەدا - ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووی خۆشیی و گرنگیی و بایەخی تەواو بدات بە کەسێك کە بڕوای هێناوە، بەرهەمە سیاسییەکەش ئەوە بووە کە پێغەمبەر ﷺ تەماعی بووە، ئەوانە گوێی بۆ بگرن و پەیامی خوای لێ وەربگرن، ئەوە وەدەستهێنانێکی سیاسیی بوو، بەڵام خوا ﷻ پابەندیی بە مەبدەئەکانەوە، بە ئەدەب و ڕەوشتێکی ئیسلامییەوە، کە بریتیە لە ڕوو خۆشیی و قسەخۆشیی و گرنگیی پێدان و بایەخدان بە بابایەکی کوێر، ئەوەی پێ گەورەتر بووە، لەوەی داخۆ یەکێك لە زلەزلانی قوڕەیش مسوڵمان دەبێ یان مسوڵمان نابێ؟ چونکە دوایی دەفەرموێ: چی لەسەر تۆیە؟ یان: هیچ بەرپرسیارییەتییەك لەسەر تۆ نیە: ﴿وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ﴾، ئەگەر ئەو بێبڕوایە خۆی پاك و چاك نەکات.

٤- حیکمەتی چوارەم، ئەوەیە کە بانگەواز بۆ لای خوا، نابێ لەسەر حیسابی جەوهەرو نێوەڕۆکی ئایینەکەی بێ، ئەوە دەرسێکی زۆر گەورەی تێدایە، بەڵێ، دەبێ ئێمە خەڵك بۆ لای خوا بانگ بکەین و، هەوڵبدەین خەڵك بێنینە نێو باوەشی ئیسلام، بەڵام نابێ ئەوە لەسەر حیسابی جەوهەرو نێوەڕۆکی ئایین بێ و، وامان لێبکات تەنازول بکەین و دەستبەرداری جەهەورو نێوەڕۆکی ئایینەکەمان بین، یان دەستبەرداری بەشێك لە ئایینەکەمان بین، بۆ ئەوەی خەڵکی پێ ڕازیی بکەین!

٥- حیکمەتی پێنجەم کە لەو ڕووداوە وەردەگیرێ، بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر نێردراوبوونی موحەممەد ﷺو، هیچ بە دەست نەبوونی لە بەرانبەر خواو وەحیی خوادا، بەڵێ حیکمەتێکی دیکە کە لەو بەسەرهاتە وەردەگیرێ، ئەوەیە کە وەك یەکێك لە هاوەڵان گوتوویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا شتێکی شاردبایەوە، ئەوە ئایەتەی دەشاردەوە، کە خوا ﷻ ئاوا گلەیی لێ دەکات، گلەیی ناڕاستەوخۆ، کە دەفەرموێ:

ڕووی خۆی گرژ کرد و خۆی وەرچەرخاند، لەبەر ئەوەی بابا کوێرەکە هات بۆ لای، لە کۆتاییەکەش دا پێی دەفەرموێ: ﴿ كَلَّآ ﴾، نەخێر، جارێکی دیکە شتی وا نەکەی!.

بێگومان ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە، لەسەر ئەوەی موحەممەد ﷺ نێردراوی خوایەو، هیچی بەدەست نەبووە لە بەرانبەر خواو وەحیی و پەیامی خوادا، جگە لە گەیاندنی، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ﴿٤٨﴾﴾، تۆ تەنیا گەیاندن و پێڕاگەیاندنی پەیامی خوات لەسەرە.

٦- حیکمەتی شەشەم بریتیە لە: ڕاهێنانی مسوڵمانان بە تایبەت بەرپرسان، کە هیچ کەس لەسەرووی ڕەخنە لێگیران و هەڵە بۆ ڕاست کردنەوەوە نیە، چونکە ئەگەر خوا ﷻ هەڵە بۆ پێغەمەری خاتەم ﷺ ڕاست بکاتەوە، کە هەڵەکەشی ئەوە نەبوو، گوناهو تاوانێك بووبێ، بەڵکو هەڵەیەکی ئیجتیهادیی بووەو، پێی وابووە لەو کاتەدا کە تەرخانی کردوە بۆ قسەکردن لەگەڵ ئەو زلە زلەو قسە ڕۆیشتووانەی قورەیش دا، وا باشە قسەکانی نەبڕێ بۆ وەڵامدانەوەی بابایەکی مسوڵمان، چونکە ئەگەر یەکێك لەوانە مسوڵمان بێ، خەڵکێکی زۆری دیکەی ڕەش و ڕووت و مسوڵمان دەبێ، یان هەر بەلای کەمەوە خەڵکە ڕەش و ڕووتەکە، ئەو زەخت و زۆرەی ئەو زلە زلانەی بەسەرەوە نامێنێ، بەڵام خوا ﷻ ئەوەی پێی ڕاست نەبووەو، ئەو ئیجتیهادو بۆ چوونەی پێغەمبەری ﷺ پێ هەڵە بووەو بۆی ڕاستکردۆتەوە، ئنجا ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ، خوا هەڵەی بۆ ڕاست کردبێتەوە، مانای وایە هیچ کەس لەسەرووی هەڵە بۆ ڕاست کردنەوەو ڕەخنە لێگیرانەوە نیە، هەرچەندە بەرپرس بێ و هەر کەسێك بێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە: لە ئیسلامدا مرۆڤ تاکو بەرپرسیارێتیی زیاتر بێ، دەبێ گوێڕایەڵیی بۆ شەریعەت باشتر بێ، نەك لەبەر ئەوەی بەرپرسە، حوکمڕانە، دەستڕۆیشتوویە، خەڵك زۆر بە قسەی دەکات، بگوترێ: بووراوە، یان مافی ڤیتۆی هەیە لە بەرامبەر شەریعەتدا! بە پێچەوانەوە: مسوڵمانان کێیان لە هەمووان بەرپرسترە، دەبێ لە هەمووان ملکەچتر بێ بۆ خوا ﷻ و ئایینەکەی!

٧- حیکمەتی حەوتەم و کۆتایی: حاڵییکردنی خەڵکی خۆ بەزلگر، کە ئایینی خوا لەبەر سامان و دەسەڵاتیان، خاتریان ناگرێ و نەرم کێشییان بۆ ناکات، ئەوەش دەرس و حیکمەتێکی

زۆر گەورە بوو کە هەر لە سەرەتاوە، خوا زلەزلەکان و حوکمڕان و دەسەڵاتداران و ساماندارانی حاڵیکردن، کە: بە تەما مەبن بەرنامەی خوا نەرم کێشییتان بۆ بکات و لەبەر دەسەڵاتتان، لەبەر سەروەت و سامانی حەڕامتان، لەبەر دەسەڵاتی خۆ سەپێنانەتان خاترتان بگرێ، ئەو خەیاڵە مەکەن، ئایینی خوای دادگەر نەرمکێشیی بۆ کەس ناکات و، خاتری هیچ کەس ناگرێ لەبەر سامان و دەسەڵاتەکەی.

لـە کۆتایـی ئـەم دەرسەشـماندا ئـەو فەرمایشـتەی پێغەمبـەر ﷺ دێنیـن، کـە دەفەرمـوێ: {المَاهِـرُ بالقُـرْآنِ مَـعَ السَّـفَرَةِ الكِـرَامِ الـبَرَرَة، وَالَّـذِي يَقْـرَأُ القُـرْآنَ وَيَتَتَعْتَـعُ فِيـهِ، وَهُـوَ عَلَيـهِ شَـاقٌ، لَـهُ أجْـرَانِ} (أخرجـهُ مُسْـلِمٌ: ١٨٥٩، وَابْـنُ مَاجَـهْ: ٣٧٧٩، وَابْـنُ حِبَّـانَ: ٧٦٧، والتِّرمِـذِي: ٢٩٠٤، عَـنْ عَائِشَـة رَضِيَ اللـهُ عَنْهَـا).

واتـە: کەسـێك کـە شـارەزاو کارامەیـە لـە قورئانـدا (لـە خوێندنـی داو لـە تێگەیشـتنیدا)، لەگـەڵ ئـەو فریشـتانەیە کـە نوێنـەرە چاکـەکارە بەڕێزەکانـی خـوان (خـوا دەیاننێـرێ کـە وەحییـان پێـدا بنێـرێ)، کەسـێکیش دەیخوێنـێ، بـەڵام لەسـەر زمانـی ڕاسـت نایـەت و لەسـەری قورسـە (کـە چـاك نایزانـێ)، دوو پاداشـتی هـەن (پاداشـتی خوێندنـی و پاداشـتی ئـەوەش کـە لەسـەر دڵـی قورسـەو هەرچەنـدە هەوڵ دەدا فێـری نابـێ، کەواتـە بـا ئەویـش هـەر خەریـك بـێ).

کەواتـە: ئـەم فەرمایشـتە بۆمـان دەردەخـات کـە مەبەسـت لـە: **(السـفرة الكـرام الـبررة)** فریشـتەکانن و، ئـەو فەرمایشـتەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ تیشـکی زیاتـر دەخاتە سـەر چەمـك و واتـای ئـەو وشـەیە.

مەسەلەی دووەم:

هەڕەشـەکردنی خـوا ﷻ لـە مرۆڤـی بێبـڕواو سـپڵەو، سـەرنج ڕاکێشـانی بـۆ چۆنیەتیی دروستکرانی لـە نوتفەیەکی ئەندازەگیریی کراوی ڕێ بـۆ ئاسان کراو، پاشـان مرێنـدراوو شـوێنی گـۆڕ بـۆ دانـدراو، دوایـی لـە کاتـی ویسـتراودا زینـدوو کـراوەو، هەرچـی زیاتـر جێبەجـێ نەکـەری ئـەرك و فەرمانێـك کـە خـوا خسـتوویەتە سەرشـانی:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿قُتِلَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَآ أَكۡفَرَهُۥ ۝١٧ مِنۡ أَيِّ شَيۡءٍ خَلَقَهُۥ ۝١٨ مِن نُّطۡفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ۝١٩ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ۝٢٠ ثُمَّ أَمَاتَهُۥ فَأَقۡبَرَهُۥ ۝٢١ ثُمَّ إِذَا شَآءَ أَنشَرَهُۥ ۝٢٢ كَلَّا لَمَّا يَقۡضِ مَآ أَمَرَهُۥ ۝٢٣﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿قُتِلَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَآ أَكۡفَرَهُۥ﴾، مرۆڤ بە کوشتبچێ، چەند بێبڕوایە! یاخود: چەند سپڵەیە! واتایەکی دیکەی: مرۆڤ بە کوشتبچێ چ شتێك بێبڕوای کردوە؟ یان: چ شتێك وای لێ کردوە سپڵەو ناسوپاس بێ (بەرانبەر بە خوا)؟، ئایا لێرەدا مەبەست لە ئینسان کە (ألـ) ناساندنی لەسەرە، جینسی ئینسانەو تێکڕای مرۆڤەکان، یاخود مەبەست لەو (ألـ) ی ناساندنە، (ألـ)ی (**عهد**)ە، واتە: مرۆڤەکەو مەبەستی مرۆڤی بێبڕوایە؟! (**الطبري**) لە (**مجاهد**)ەوە بە ژمارە: (٣٦٤٤٥)، هێناویەتی، دەڵێ: (**مَا كَانَ فِي الْقُرْآنِ** (قُتِلَ ٱلۡإِنسَٰنُ) **أو فُعِلَ بالإنسانِ، فإنَّما عُنِي بهِ الكَافِرُ**)، هەرچی لە قورئاندا وشەی: ﴿قُتِلَ ٱلۡإِنسَٰنُ﴾ هەیە، (ئینسان بە کوشتبچێ) یاخود: (**فُعِلَ بالإِنْسَان**)، ئینسان وای لێ بێ، (یانی: خراپی بەسەر بێ)، مەبەست پێی مرۆڤی بێبڕوایە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿مَآ أَكۡفَرَهُۥ﴾، وەك پێشـتریش گوتمـان، ئەمـە زانایـان دوو واتایـان بـۆ لێکداونـەوە، بـۆ وێنـە: (**الطـبري**) دەڵـێ: (**وَفِي قولـه مـا (أكفـره) وجهـان: أحدهـما: التَّعَجُّـب مـن كفـره مـع إحسـان اللـه إليـه وأياديـه عنـده، والآخـر: مـا الـذي أكفـره، أيُّ**

شيءٍ أكفره؟!)، واتە: کە خوا دەفەرموێ: ﴿مَآ أَكۡفَرَهُۥ﴾، دوو واتای هەن، یەکەمیان: سەرسوڕمانە لە بێبڕواییەکەی لەگەڵ چاکەی خوا لەگەڵیداو، نیعمەتەکانی خوا لەلای وی، واتای دووەمی: چ شتێك وای لێکردوە بێبڕوا بێ؟.

کەواتە: ﴿مَآ أَكۡفَرَهُۥ﴾، یان یەك وشەیەو هەمووی بەسەر یەکەوەیە، وەك (ما **أَجْمَلَهُ**)، (ما **أَشْجَعَهُ**)، (ما **أكرمَهُ**)، ئەوانە هەموویان ڕێژگەی سەرسوڕمانن، واتە: چەند بێبڕوایە! یاخود: چەند سپڵەیە! ئەگەر بڵێی: (ما **أكرمه**)، یانی: چەند بەخشندەیە! ئەگەر بڵێی: (ما **أجمله**)، چەند جوانە!

واتای دووەمی: ئەوەیە کە: ﴿مَآ أَكۡفَرَهُۥ﴾، هەمووی پێکەوە یەك وشە نەبێ، بەڵکو (ما)، (**إستفهامية**)بێ و بۆ پرسیارکردن بێ، یانی: (**أيُّ شيءٍ أكفره**)، چ شتێك وای لێکردوە بێبڕوا بێ؟!

شایانی باسە: زۆربەی تەفسیرەکان گوتوویانە: لێرەدا (**كفر**) بە مانای بێبڕواییە، بەڵام پێم وایە، وێڕای بێبڕوایی، سپڵەیی و ناسپاسییش دەگەیەنێ، واتە: دەگونجێ وشەی (کفر) لێرەدا مەبەست پێی دژو پێچەوانەی ئیمان بێ، چ شتێك بێبڕوای کردوە! یان چەند بێبڕوایە! دەشگونجێ مەبەست لە (**كفر**)، (**كفران**)بێ، کە پێچەوانەی دژی سوپاسگوزاریی و پێزانین و ئەمەگە، واتە: چەند سپڵەیە! یاخود: چ شتێك وای لێکردوە سپڵەو ناسپاس بێ؟.

٢)- ﴿مِنۡ أَيِّ شَيۡءٍ خَلَقَهُۥ﴾، لە چ شتێك دروستیکردوە! هەڵبەتە ڕاناوەکە بۆ خوای بەدیهێنەر دەچێتەوە، هەرچەندە باس نەکراوە، بەڵام هەر دیارە کە خوای بەدیهێنەری دروستیکردوە.

(**الطبري**)، بەمجۆرە مانای لێکداوەتەوە، دەڵێ:

(**مِـنْ أيِ شَيء خَلَـقَ الإنسـان الكَافِـرَ، رَبُّـهُ، حَتّـى يَتَكَـبَّرَ وَيَتَعَظَّـمَ عَـنْ طَاعَـةِ رَبِّـهِ، والإِقْرَار بتَوحِيـدِهِ؟**)، واتە: مرۆڤی بێبڕوا پەروەردگاری لە چی هێناویەتە دی، تاکو

خۆی بـە زلبگـرێ و لـە بەرانبـەر فەرمانـی خـوادا، خـۆی بـە مـەزن بگـرێ و، لـە بەرانبـەر دانهێنـان بـە یەکتایـی خـوادا، خـۆی بـە زل و گـەورە بگـرێ؟.

ئنجا خوا ﷻ ڕوونی دەکاتەوە لە چی دروستی کردوە:

٣)- ﴿مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ﴾، لە نوتفەیەك هێناویەتە دی و ئەندازەگیریی کردوە.

(**نطفـة**)، وەك زۆرجـاران گوتوومانـە، بـە کوردیـی: تۆویلکـە، لـە ئەسـڵدا (**نُطْفَـة**)، بـە ئـاوی کـەم دەگوتـرێ، دوایـی خوازراوەتـەوە بـۆ ئـەو ئـاوە کەمـەی مرۆڤـی لـێ دروسـت دەبـێ، کـە ئێسـتا زانسـت دەریخسـتوە، مـرۆڤ لـە هەمـوو ئاوەکە دروسـت نابێ، وەك لـە فەرمایشـتی پێغەمبەریـش دا ﷺ هاتـوە: {**مَا مِـنْ كُلِّ الْـمَاءِ يَكُونُ الْوَلَدُ، وَإِذَا أَرَادَ اللَّـهُ خَلْـقَ شَيْءٍ لَـمْ يَمْنَعْـهُ شَيْءٌ**} (**أخرجـه مسـلم: ١٤٣٨، وأبـو يعـلى: ١١٥٣، وأحمـد: ١١٩٠٢، وأبـو عوانـة: ٤٣٤٩**).

واتـە: منـداڵ لـە کـۆی ئاوەکـە (تـۆوی پیـاوو ژن) پەیدانابـێ و، هـەر کاتیـش خـوا دروسـتکردنی شـتێکی ویسـت، هیـچ شـتێك ڕێـی لێناگـرێ.

بەڵکـو ئێسـتا دەرکەوتـوە، کـە یـەك سـانتیمەتر سـێجا (١سـم³)ی تـۆوی پیـاوا پێنجسـەد (٥٠٠) ملیـۆن (٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) زینـدەوەری گچکـەی تێدایـە، بـە نـاوی زینـدەوەری تۆویـی: (**الحيـوان المنوي**)، کـە بـە کۆ دەگوترێ: (**حيامـن**) و بـە یەکێکیان دەگوتـرێ: (**حيمـن**)، کورتکـراوەی: (**الحيـوان المنـوي**)، ئنجـا یەکێـك لـەو زینـدەوەرە گچکانـە، کـە لـە ئـاوی پیـاودا هەیـە، لـەو (٥٠٠) ملیۆنـە، لەگـەڵ زیندەوەرێکـی گچکـەی نێـو ئـاوی ئافـرەت دا کـە پێـی دەگوترێ: هێلکۆڵـە (**بويضة**)، یـان هێلکۆکـە، یـەك دەگـرن، کـە ئەویـش زیندەوەرێکـەو ژیانـی هەیـەو، ژیانـداری تۆوییـش ژیانـی هەیـەو هەردووکیـان ژیانـدارن، یەکدەگـرن و زیندەوەرێکـی دیکـە پێکدێنـن پێـی دەگوتـرێ: (**نطفـة**)، ئنجـا ئەگـەر خـوا ویسـتی لەسـەر بـێ، ئـەوە ببێتـە مـرۆڤ، ئـەو دوو زینـدەوەرەی یەکیـان گرتـوەو (**نطفة**)یـان پێکهێنـاوە، دەچێتـە نێـو منداڵدانـی ئافرەتـەوەو، خـۆی بـە دیـواری ئـەو منداڵدانـە هەڵدەواسـێ و، لەوێدا گەشـە دەکات

و، لـە تۆویلکـە (**نطفـة**)وە، دەبێتـە خوێنپـارە (**علقـة**) و ئەویـش دەبێتـە زارجـوو (**مضغـة**)، هەروەهـا پـێ بـە پـێ، هەتـا دەبێتـە کۆرپەلـەو لـە دایـك دەبـێ، کەواتـە: خـوا لـە تۆویلکـە (**نطفة**)یـەك ئـەوی هێناوەتـە دی، ﴿فَقَدَّرَهُۥ﴾، ئنجا ئەندازەگیریـی کـردوە، ئـەو ئەندازەگیریـی کردنـە دوو واتـای سـەرەکیی هـەن:

یەکەم: هەموو شتێکی بۆ ئەندازەگیریی کردوە.

دووەم: قۆناغەکانی بۆ ئەندازەگیریی کردوون، وەك لە سوورەتی (**المؤمنون**) لە ئایەتەکانی: (١٢ - ١٤)دا، خوا ﷻ باسی حەوت (٧) قۆناغەکەی دروستبوونی مرۆڤ دەکات، کە ئێمە لە سەرەتای تەفسیری سوورەتی (**المؤمنون**)دا کورتە باسێکمان لەوبارەوە هێناوە، خوا دەفەرموێ:

﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ مِن سُلَـٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلْنَـٰهُ نُطْفَةً فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَـٰمًا فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَـٰمَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَـٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَـٰلِقِينَ ﴿١٤﴾ ﴾.

قۆناغـی یەکـەم: واتـە: ئێمـە مرۆڤـمان لـە پوختـەو خوڵاصەیـەك لـە قـوڕ دروسـتکردوە، ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ مِن سُلَـٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴾، ﴿سُلَـٰلَةٍ﴾، پوختەیـەك، وەرگیراوێـك، ﴿سُلَـٰلَةٍ مِّن طِينٍ﴾، لـە ئەنجامـی ئـەوەدا کـە مـرۆڤ خـواردن دەخـوات و خواردنەکـە دوای هەرسـکران دەبێتـە خوێـن، دوای ئـەوە چ ئـاوی پیـاو، چ ئـاوی ئافـرەت، لـەو خوێنـەی خواردنـی هەزمکـراوە، دروسـت دەبـێ، کەواتـە: خوڵاصـەو گوشراوێکـی قـوڕەو لـە خاکـەوە هاتـوە.

قۆناغـی دووەم: ﴿ ثُمَّ جَعَلْنَـٰهُ نُطْفَةً فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴾، دوایی کردمان بە تۆویلەکەیەك لە نشـینگەیەکی مەحکەمـدا، کە منداڵدانـی دایکە.

قۆناغـی سـێیەم: ﴿ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً ﴾، دوایـی تۆویلکـە (**نطفة**)کەمـان کـردە خوێنپـارە (**علقـة**)، زیندەوەرێکـی گچکـەی وەك زەروو، خـۆی بـە منداڵدانـی دایـك هەڵدەواسـێ.

قۆناغی چوارەم: ﴿ فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً ﴾، دوایی خوێنپارە (**علقة**)کەمان گۆڕی بۆ زارجوو (**مضغة**)یەك، پارچە گۆشتێك بە ئەندازەی ئەوەی بە زار بجووڕێ.

قۆناغی پێنجەم: ﴿ فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمًا ﴾، دوایی ئەو پارچە گۆشتە (**مضغة**)مان گۆڕی بۆ ئێسقانەکان.

قۆناغی شەشەم: ﴿ فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَٰمَ لَحْمًا ﴾، ئنجا ئەو گۆشتەشمان بە ماسوولکەو گۆشت داپۆشی.

قۆناغی حەوتەم: ﴿ ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ ﴾، دواییش کردمانە دروستکراوێکی دیکە، کە بە پێی بۆچوونی زۆربەی زانایان و بە پێی سیاقی ئایەتەکەش وا دەگەیەنێ، مەبەست پێی ڕووح بە بەرکردنیەتی، تاکو ئێستا هەر ژیاندار بوو، ئنجا بوو بە ژیاندارێکی ڕووحدار، ڕووح لە بەر.

واتایەکەی دیکەشی: خوا هەموو شتێکی بۆ ئەندازەگیریی کردوە، وەك دوایی کورتە باسێك لەو بارەوە دەکەین، بەڵام با جارێ تەفسیری ئایەتەکان تەواو بکەین.

٤)- ﴿ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ﴾، دوایی ڕێی بۆ ئاسان کرد، ئەم ڕێ بۆ ئاسان کردنە، زۆرێك لە زانایان بە مانای لە دایك بوونیان لێکداوەتەوە، واتە: خوا ڕێی هاتنە دەری بۆ ئاسان کرد، دوای ئەوەی هەموو شتێکی بۆ ئەندازەگیریی کرد، ئنجا ڕێی هاتنە دەری لە منداڵدانی دایکی بۆ ئاسان کرد.

٥)- ﴿ ثُمَّ أَمَاتَهُۥ فَأَقْبَرَهُۥ ﴾، دوایی مراندی و کردی بە خاوەن گۆڕ، (**فأقبره: جَعَلَهُ ذَا قَبْرٍ**)، وایکرد گۆڕی هەبێ، چونکە (**قَبَرَهُ**)، واتە: ناشتی، بەڵام (**أَقْبَرَهُ**)، واتە: وایکرد گۆڕی هەبێ، (**قَبَرَ المَيِّتَ: دَفَنَهُ وجَعَلَهُ فِي قَبْرٍ**)، (قَبَرَهُ) ناشتی و خستیە گۆڕەوە، بەڵام (**أَقْبَرَ المَيّت: جَعَلَهُ ذاقَبْرٍ، أَو جَعَلَ لَهُ مَكَاناً يُقْبَرُ فِيهِ**)، (**أَقْبَرَ المَيّت**)، واتە: کردیە خاوەنگۆڕ، یاخود وای لێ کرد شوێنێکی هەبێ تێیدا بنێژرێ و بخرێتە گۆڕەوە.

٦)- ﴿ ثُمَّ إِذَا شَآءَ أَنشَرَهُۥ ﴾، ئنجا هەر کاتێکیش ویستی زیندووی دەکاتەوە، ﴿ أَنشَرَهُۥ ﴾، خوێندراویشتەوە: (**نَشَرَهُ**)، واتە: بڵاوی دەکاتەوە، چونکە ﴿ أَنشَرَهُۥ ﴾، واتە: (**أَحْيَاهُ**)،

زیندووی کردەوە، بێگومانیش مرۆڤەکان هەرکات زیندووبوونەوە، ئەو کاتە بە زەویدا بڵاو دەبنەوە، کەواتە: **(أنشر)** و **(نشر)** پێکەوە پەیوەست **(متلازم)**ن.

٧)- ﴿ كَلَّا لَمَّا يَقْضِ مَآ أَمَرَهُۥ ﴾، نەخێر، ئەوەی (خوا) فەرمانی پێکردوە جێ بەجێی نەکردوە، ﴿ كَلَّا ﴾، لە ئەسڵدا **(كَلِمَةُ رَدْعٍ وَزَجْرٍ وَإِبْطَالٍ)**، وشەیەکە بۆ بەرپەرچدانەوەو تێخوڕین و هەڵوەشاندنەوە بەکاردێ، لێرەدا دەگونجێ بە مانای **(حقاً)** بێ، واتە: بەڕاستیی (لَمَّا يَقْضِ مَآ أَمَرَهُۥ)، ئەوەی فەرمانی پێ کردوە، ئەو ئەرکەی خوا خستوویەتە سەرشانی جێبەجێی نەکردوە.

یاخـود: ﴿ كَلَّا ﴾، هـەر بـە مانـای بەرپەرچدانەوەیـە، یانـی: بـا مـرۆڤ وازبێنـێ، لـە سـپڵەیی و بێبڕوایـی، ئـەوەی خـوا فەرمانـی پێکـردوە جێبەجێـی نەکـردوە.

(مجاهـد)، وەك **(الطـبري)**، بـە ژمـارە: (٣٦٤٥٧) لێـوەی هێنـاوە، گوتوویەتـی: **(لاَ يَقْـضِي أَحَـدٌ أَبَـدَاً مَـا افْـتُرِضَ عَلَيْـهِ، قَـالَ الحَـارِث: كُلّ مَـا افْـتُرِضَ عَلَيْـهِ)**، واتـە: هیـچ مرۆڤێـك هەرگیـز ئـەوەی لەسـەری پێویسـتکراوە جـێ بەجێـی نـاکات، بـەڵام **(حـارث)** کـە یەکێکـە لـە زانایـان گوتوویەتـی: مەبەسـت ئەوەیـە هەمـوو ئـەوەی لەسـەری پێویسـت کـراوە بـۆی جـێ بەجـێ ناکـرێ.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ كَلَّا لَمَّا يَقْضِ مَآ أَمَرَهُۥ ﴾، **(القَضَـاءُ: فِعْـلُ مَا يَجِبُ عَلَى الإِنْسَـان كَامِلاً، لأَنَّ أَصـل القضـاء مُشْـتَقٌ مِـنَ الإِتمَـام)**، واتـە: **(قضـاء)**، هـەر شـتێکە کـە مرۆڤ لەسـەری پێویسـت بـێ بـە تەواویـی جێبەجێـی بـکات، چونکـە وشـەی: **(قضـاء)** داتـاشراوە لـە تەواوکـردن **(إتمـام)**، ﴿ فَقَضَىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَاتٍ ﴿١٢﴾ ﴾فصلـت، واتـە: خـوا حـەوت ئاسـمانەکانی تـەواو کـردن، هەروەهـا: ﴿ فَوَكَزَهُۥ مُوسَىٰ فَقَضَىٰ عَلَيْهِ ﴿١٥﴾ ﴾القصـص، مووسـا ﷺ مسـتێکی لێـدا تـەواوی کـرد، کەواتـە: یانـی: ئـەوەی خـوا فەرمانـی پێکـردوە، بـە تەواویـی ئەنجامـی نـەداوە، هەڵبەتـە ئەگـەر مەبەسـت مرۆڤـی بێبـڕوا بـێ، نـە بـە تەواویـی و، نـە بـە ناتەواویـی ئەنجامـی نـەداوە، بـەڵام ئەگـەر مەبەسـت مـرۆڤ بـێ بەگشـتیی، واتـە: هیـچ کامیـان بـە تەواویـی ئەرکـی سەرشـانی خۆیـان جـێ بەجـێ نەکـردووەو، وەك بـۆ خـوا شایسـتەیە بەندایەتییـان بـۆی نەکـردووە.

کورتە باسێک لە بارەی ئەندازەگیریی خواوە بۆ نوتفە[1]

بەڕێـــزان! ئەم کورتە باسە لە دوازدە خاڵان دا دەخەینەڕوو:

١- لەو (**نطفة**)یەدا کە بە چاو بە زەحمەت دەبینرێ و زۆر زۆر گچکەیە، وەك پێشتریش گوتمان: زیندەوەرێکی تۆو (**حیوان منوي**)ی، لەگەڵ هێلکۆڵەی ئافرەتدا یەکیان گرتوەو ئەو (**نطفة**)یان پێکهێناوەو، بۆتە زیندەوەرو ژیانداریکی دیکەی سێیەم و، جیاواز لەو دووانەی پێشووی.

٢- ئەو نوتفەیە قەدو قیافەو باڵاو شێوەو دیمەنی ئەو مرۆڤەی هەموو تێدایەو ئەندازەگیریی کراوە، لەسەر کرۆمۆسۆمەکانی هەرچی زانیاریی پێویستە لە بارەی ئەو مرۆڤەوە، هەمووی تۆمارکراوەو، هەموو خانەیەکی جەستەی مرۆڤ چل و شەش (٤٦) کرۆمۆسۆمی لەسەرەو، ئەو کرۆمۆسۆمانەش هەرچی زانیارییە لەسەریان تۆمار کراوە، زانایان دەڵێن: ئەو زانیارییانە بە ئەندازەی هەزار (١٠٠٠) بەرگ کتێب دەبن، هەر بەرگەی پێنجسەد (٥٠٠) لاپەڕە بێ، یانی: بە ملیۆنان زانیاریی لەسەر ئەو کرۆمۆسۆمانە تۆمار کراون.

ئنجا لـە ئەنجامـی ئـەوەدا کـە ئـەو دوو زینـدەوەرە یەکدەگـرن، هێلکۆڵـەی ئافرەت لەگـەڵ ژیانـداری تۆویـی پیـاو، یەکـێ (٢٣) کرۆمۆسـۆم لەگـەڵ خۆیـان دێنـن، چونکـە هـەر کام لـە هێلکۆڵـەو زینـدەوەرە تۆوییەکـەش لـەت دەبـن و، نیوەی کرۆمۆسـۆمەکان پێکـەوە یـەك دەگـرن: (٢٣ + ٢٣ = ٤٦)، ئەگـەر کرۆمۆسـۆمێك کـەم بـێ و ببێتـە (٤٥)، یاخـود زیـاد بـێ و ببێتـە (٤٧)، ئـەو مرۆڤـە، مرۆڤێکـی نائاسـایی دەردەچـێ.

٣- خوا ﷻ لە نێو ئەو (**نطفة**)یەدا ئەوەی داناوە، دوایی جەستەی ئەو کۆرپەلەیە کە دروست دەبێ، کۆئەندامی بیستنی هەبێ، چونکە خوا ﷻ دەزانێ دوایی ئەو مرۆڤە

(١) ئـەم کورتـە باسـەمان بـە پوختکراوەیـی و گوشراویی لە تەفسـیرەکەی (الطنطـاوي) وەرگرتوە، بڕوانـە: الجواهـر في تفسـیر، القرآن الکریـم، المجلد: ١٣، الجـزء: ٣٠.

دەچێتە نێو ژینگەیەکەوە هەوای تێدایەو، دەبێ کۆئەندامێکی هەبێ لەگەڵ شەپۆلە دەنگییدا گونجاوبێ ەکان و ئەو قسانەی بە شەپۆلەکانی هەوا دەگوازرێنەوە، بتوانێ ئەو دەنگانە وەربگرێ، تاکو لێیان تێبگات و بیانگەیەنێ بە مێشك، مێشکیش شییان بکاتەوە، کەواتە: کۆئەندامی بیستن و پێکهاتەکانی هەموویان ئەندازەگیریی کراون لەو (**نطفة**)یەدا، هەروەها خوا ﷻ دەزانێ دوایی ئەو مرۆڤە دێتە نێو ژینگەیەکەوە، کە ڕووناکیی تێدایەو، پێویستیی بەوە هەیە دیمەنەکان ببینێ و دروستکراوو ڕەنگەکان ببینێ، بۆیە کۆئەندامی دیتنیش لە نێو ئەو (**نطفة**)یەدا ئەندازەگیریی کراوە، بەو هەموو سەرسوڕهێنەرییەی هەم کۆئەندامی دیتن هەیەتی، هەروەها ئەو هەموو وردەکارییەی کۆئەندامی بیستن هەیەتی، کە ئێمە تاڕادەیەك لە مەوسووعەی: (ئیمان و ئیلحاد)دا، باسی هەموو ئەو کۆئەندامانەمان کردوە، کۆئەندامەکانی بیستن و دیتن و بۆنکردن و تامکردن، دەستلێکوتان.

٤- خوا ﷻ دەزانێ وەك چۆن ئەو مرۆڤە، پێویستیی بە زانیاریی هەیە، پێویستیشی بە جووڵەی کردەیی هەیە، بۆیە بۆ وەدەستهێنانی زانست، عەقڵ و پێنج هەستەکانی پێداون، هەر لەو (**نطفة**)یەدا ئەندازەگیریی کردوە، کە دەبێ پێنج هەستەکانی هەبن، بۆ ئەوەی مامەڵە بکات لەگەڵ:

١- بیستراوەکان (**مسموعات**) دا، کە دەنگەکانن.

٢- لەگەڵ بینراوەکان (**مرئیات**) دا، کە وێنەکانن.

٣- لەگەڵ بۆنکراوەکان (**مشمومات**) دا.

٤- لەگەڵ تامکراوەکان (**مذوقات**).

٥- لەگەڵ دەست لێدراوەکان (**مَلْمُوسات**)، ئەو پێنج جۆرە، خوای پەروەردگار پێنج کۆئەندامی بۆ مرۆڤ خوڵقاندوون، کە ئەو پێنج جۆرە زانیارییانە کۆ بکاتەوەو وەك کەرەستەیەکی خاو، بیانخاتە بەر دەستی عەقڵ و، لە ئەنجامدا مرۆڤ توانای شت

دەرککردوون و زانینی هەبێ، بەڵام ئایا مرۆڤ تەنیا بە زانین و دەرککردن، شتەکان، کاری پێك دێ؟ نەخێر، بەڵکو پێویستیی بە کردەوەو جووڵەو هەڵسوکەوتیش هەیە، بۆیە خوا ﷻ دەستەکان و پێیەکان و ئەندامەکانیشی بۆ مرۆڤ خوڵقاندوون، تاکو هەم لە ڕووی تیۆریی و زانینەوە، هەم لە ڕووی کرداریی و توانینەوە ئەو مرۆڤە بتوانێ ژیانی خۆی ڕایی بکات.

٥- هەر لە نێو ئەو (**نطفة**)یەدا، خوا ﷻ توانای خواردنەوەو خواردن و هەرسکردنی، داناوە، چونکە خوا ﷻ دەزانێ، ئەو کۆرپەلەیە هەر لە نێو منداڵداندا نابێ، تاکو لە ڕێی پەتی نێوك (**الحبلُ السُّرِيُّ**)یەوە، پێداویستییەکانی دابین بکات لە نێو منداڵدانی دایکی دا، بەڵکو دوایی لە دایك دەبێ و دوو مەمکی دایکی چاوەڕێی دەکەن، بەڵام دیسان هەر لە ڕێی دوو مەمکەکانی دایکیەوە، مەداری ساز نابێ و، ناکرێ هەتا هەتایە مەمکی دایکی بمژێ، بۆیە خوا ﷻ سیی و دوو ددانی بۆ خوڵقاندوەو، زمان و مەڵاشوو و قورقوراگەو هەموو ئەوانەی بۆ خوڵقاندوون، ئنجا ددانەکانیش سێ جۆرن:

١- بڕەرەکان (**قواطع**) کە شتیان پێ دەبڕێ.

٢- کەڵبەکان (**نواجذ**) کە شتیان پێ قڵت قڵت دەکات.

٣- خرێیەکان (**أفراس**) کە شتیان پێ دەهاڕێ، چونکە ئەو خواردنە پێشێ دەبێ ببڕدرێ، ئنجا دوایی قڵت قڵت بکرێ، دوایی بدرێتە خرێنەکان و بیهاڕن، تاکو بە کەڵکی ئەوە بێ، زمان لە قورگەوە ئەو دیوی بکات بۆ دیوی گەدەو لەوێدا هەرس بکرێ و، بکرێتە وزەو تواناو بگەیەنرێ بە خانەکان.

٦- هەروەها خوا ﷻ لە نێو ئەو (**نطفة**)یەدا، ئێسقانەکانی دەست و ئێسقانەکانی پێی ئەندازەگیریی کردوون، کە هەرکامیان - دەست و پێ - خاوەنی چەندان ئێسقانی وردن، بەهۆی ئەو ئێسقانانەوەو ئەو جومگانەوە، دەست دەتوانێ چەندان جۆرە جووڵە بکات، کە جگە لە پەنجە گەورە، دوو جومگەی هەن، پەنجەکانی دیکە یەکی سێ جومگەیان هەن و، بەهۆی ئەو جومگانەوە دەست جووڵەکانی دەکات، ئەگەرنا ئەگەر دەست ڕەق

و یەك پارچە بووایە، حاڵەکە دەگۆڕا، کەسی وایە تووشی هەندێ حاڵەتی نەخۆشیی دەبێ و پەنجەکانی ڕەق دەبن، هیچی بۆ ناگیرێ، کۆتایی پەنجەکانیش بە نینۆك هاتوە، ئینسان با ئەزموون بکات، کاتێك نینۆکی نامێنن، یان نینۆکێکی دەکێشرێ یان دەشکێ هیچ شتێکی پێ هەڵناگیرێ، بگرە خۆی پێ ناخورێنرێ، هەروەها ئێسقانەکانی دیکەی مەچەك و ئانیشك و شان، هەروەها لاقەکانیش بە هەمان شێوەن، تاکو ئەو مرۆڤە بتوانێ هەم بە دەستەکانی جووڵە بکات، هەم بە پێیەکانی بەملاو لادا بچێ و جووڵە بکات.

٧- هەروەها لە نێو ئەو (**نطفة**)یەدا، خوا ﷻ، ئەندازەگیریی چوار جۆرە ئاوەکەی نێو کەللە سەری کردوە: ١- لیکی شیرینی نێو زار، ٢- ئاوی مزری نێو لووت، ٣- ئاوی سوێری نێو چاو، ٤- ئاوی تاڵی نێو گوێ.

لە نێو زاردا ئاوی شیرین، لیکی داناوە، چونکە با مرۆڤ ئەزموونی بکات، ئەگەر لیك لە نێو زاردا نەبێ، یەك پارووی بۆ قووت نادرێ، گریمان بە ددانەکانی بڕی و قڵت قڵتی کردو هاڕی، بەڵام کە زار لیکی تێدا نەبێ، ئەو پاروەی بۆ قووت ناچێ، مەگەر هەموو جارێ ئاوی لەگەڵ بخواتەوە، تاکو شل بێتەوەو بتوانێ قووتی بدات، ئنجا لیکی نێو زار تامەکەی شیرینە، ئەگەر ئینسان بیهێنێتە بەرچاوی خۆی، لە جیاتی ئەوەی ئەو ئاوەی لە نێودا دەمدایە کە شیرینە، ئاوی گوێ لە نێو زاردا بووایە، کە تاڵە، یان ئاوی لووت لە نێو زاردا بووایە، کە مزرە، یان ئاوی چاو لە نێو زاردا بووایە، کە سوێرە، چۆن شتی بۆ دەخورا؟! کە هەر کامێك لەوانە بۆ شوێنەکەی خۆی باشە:

١- ئاوی تاڵی نێو گوێ بۆ وێ باشە، کە ئەو زیندەوەرانەی بەرەو گوێ دێن، دەیانکوژێ، زۆرجار ئینسان فرە فرێك لە نێو گوێی دێ، کە هی زیندەوەرێکی مردووە، ئەو ئاوە تاڵە یەکسەر دەیکوژێ.

٢- ئاوی نێو لووتیش مرزە، بۆ ئەوەی ئەو تۆزو گەردو تەنۆلکە نامۆیانەی لە ڕێی هەناسە هەڵمژینەوە دێنە نێو لووت، ئاوە مزرەکەی لووت بیانگرێ، دوایی دەبێتە چڵم و، فڕێ دەدرێ.

٣- هەروەها ئاوی نێو چاو سوێرە، چونکە چاو زیاتر ماددەیەکی چەورییەو، دەبێ لە نێو ژینگەیەکی سوێر دابێ تاکو بپارێزرێ.

٤- ئاوی نێو زار، لیکیش شیرینەو، هەر ئەوەش بۆ نێو زار باشە، وەك پێشتر باسمان کرد.

٨- هەروەها لەو ئەندازەگیرییانەی کراون، ئەوەیە کە خوا ﷻ سورێنچکی بۆ ئینسان خوڵقاندوە، کە وێڕای خۆراك، شلەمەنیی و خواردنەوەی لێوەدەچێ و، هەناسەشی لێوەدەچێ، بەڵام دوایی بە پێی سیستمی کارزانانەی خوا ﷻ لە لای قورقوڕاگە لەو شوێنەی هەوا دەچێ بۆ سییەکان، زمانەچکۆڵە هەیە، کە ڕێ دەگرێ لەوەی خواردن و خواردنەوە، بچێتە نێو سییەکان، ئەگەر ئینسان لێشی هەڵە بێ، یان زمانەچکۆڵە فریا نەکەوێ، شتێکی بچووك بچێتە نێو سییەکانەوە، هەر دەکۆکێ هەتا ئەو شتەی چۆتە نێو بۆڕی هەناسەوە، دێتە دەرێ.

٩- یەکێکی دیکە لەو ئەندازەگیرییانەی هەر لەسەرەتاوە خوا لە نێو (نطفة)دا کردوویەتی، بریتیە لە گەدە، گەدە وەك ئەندامی سەرەکیی هەرس، دوای ئەوەی خواردن ئەو دیو دەکەی، تۆ بەس خواردن و جوینی و ئەو دیو کردنت لەسەرە، بەڵام سەرەو بەرە کردنی و هەرسکردنی و...هتد، هەمووی خوا ﷻ مشووری خواردوە: لە نێو گەدەدا ئەو خواردنە - وەك چۆن مەنجەڵێك خواردنی تێدا دەکوڵێنرێ ئەو خواردنەی دەیخۆی هەر جۆرێکی بێ و هەرچی هەیە، دەکوڵێنرێ و وای لێ دەکرێ بە کەڵك بێ، دوایی بچێتە نێو ڕیخۆڵەکانەوەو لەلایەن ڕیخۆڵەکانیشەوە وردە وردە بمژرێ و ببێتە خوێن، ئنجا لە ڕێی خوێنیشەوە، ئەو خواردنە هەرسکراوە بگەیەنرێ بە خانەکانی جەستە، وەك زۆرجاریش گوتوومانە: خانەکانی جەستە زانایان بە سەد (١٠٠) تریلیۆن (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) خانە مەزندەیان دەکەن!.

ئنجا جێی سەرسوڕمانە، کە ئەو گەدەیە دوو دەرگای هەن: دەرگایەك بۆ لای سەرێ و دەرگایەك بۆ لای خوارێ، دەرگای لای سەرێ، هەمیشە کراوەتەوە، هەر کاتێك بتەوێ شتێك قووت دەدەی، ئەگەر خواردنە، ئەگەر خواردنەوەیە، ئەگەر چەرەزاتە، ئەگەر نوقڵێکی شیرینە، هەر کاتێك بتەوێ دەتوانی خواردن حەواڵەی ئەو دیوی گەدەت بکەی، بەڵام دەرگای خوارێ، نەخێر، تەنیا لە کاتی دیاریکراودا دەرگاکە دەکرێتەوەو، ئەگەر وانەبووایە، هەرچییەکت دەخوارد، یەکسەر دەچووە خوارێ، بەڵام لە گەدەو ڕیخۆڵەکان دا دەمێنێتەوە، گەدە سەرەوبەرەی دەکات، لە ڕێی پەنکریاسەوە، ڕژێنێکی دەرژێنێرێتە سەرو، لە ڕێ لووی تیمۆسەوە، ڕژێنێکی دیکەی دەرژێنرێتە سەرو، بەسەر ئەو خواردنە دا دەکرێ، تاکو بە کەڵکی ئەوە دێ، هەرس بکرێ و، دوایی بە ڕیخۆڵەکاندا بچێتە خوارو، وردە وردە بمژرێ و تێکەڵ بە خوێن بێ.

١٠- یەکێکی دیکە لەو شتانەی خوا ئەندازەگیریی کردوون، هەر لە نێو ئەو (**نطفة**)یەدا، مەسەلەی کۆئەندامی دڵ و دەمارەکان و دابەشکردنی خوێنە، کە لەو ڕێیەوە هەم ئەو ئۆکسجینەی هەڵیدەمژین و، هەم ئەو خواردن و خواردنەوەیەی دەیخۆین و هەرس دەکرێ، دەبنە پێکهێنەری خوێن و لە ڕێی دڵەوە خۆراکی تازە بۆ هەموو خانەکانی جەستە دەنێردرێ و، لەو سەریشەوە پاشەڕۆکەکەیان دەهێنرێتەوەو فڕێدەدرێتە دەرێ.

١١- یەکێکی دیکە لەو شتانەی هەر لەبەرێوە[1] لە نێو نوتفەدا ئەندازەگیریی بۆ کراوە، کۆئەندامی مێشك و دەمارە، کە وەك چۆن هەموو وڵاتێك شارێك پێویستی بە حوکمڕانێك هەیە، سەرپەرشتیی بکات و ئاگای لە هەمووی بێ، کۆئەندامی مێشك و دەماریش ئەو حوکمڕانەیە بەسەر وڵاتی جەستەو شاری جەستە ڕادەگات و، هەموو کاروبارەکان، هەندێکیان بە شێوەیەکی ویستەنیی (**إرادي**) و هەندێکیشیان بە شێوەی ناویستەنیی (**لا إرادي**)، خوا ﷻ وایکردوە ژمارەیەکی زۆر لە کۆئەندامەکانی جەستەی ئێمە بە شێوەیەکی ناویستەنیی لە ڕێی مێشکەوە فەرمانیان بۆ بنێررێ، بۆوێنە: گەدە کە خواردن هەرس دەکات،

(١) لە بەرێوە: لەسەرەتاوە.

گورچیلەکان کە ئاو دەپاڵێون، هەروەها سییەکان، کە هەوا هەڵدەمژن، هەروەها دڵ کە لێدەدا، بە دەست خۆمان نیە، بڵێی: دڵی خۆم ڕادەگرم، هەروەها زۆربەی کۆئەندامەکانی نێو جەستە، بە شێوەیەکی ناویستەنیی بێ ئەوەی خۆمان ئاگامان لێ بێ، مێشك فەرمانیان بۆ دەنێرێ ئەو کارانە بکەن، بەڵام هەندێك لە کارەکانمان وەك: کردنەوەی چاو، قسە کردن، خواردن و خواردنەوە، دەست جووڵاندن و پێ جووڵاندن، ئەوانە ویستەنیین، کە هەر واش باش بوو ویستەنیی (إرادي) بن، چونکە ئینسان بێ ئەوەی بیەوێ: دەستی بجووڵێ و چاوی بجووڵێ و، بێ ئەوەی بیەوێ قسە بکات، شتێکی زۆر سەیرو سەمەرە دەردەچوو، واتە: هەموو ئەندام و کۆئەندامەکانی دەبێ ناویستەنیی بن، مێشك فەرمانیان بۆ دەنێرێ، بێ ئەوەی ئێمە ئاگامان لێ بێ و بمانەوێ، ئنجا ئەگەر وا نەبووایە، ئینسان لە بیری دەچوو بە گەدەی بڵێ: خواردن هەرس بکات و، لە بیری دەچوو بە گورچیلەکانی بڵێ: ئەو ئاوە بپاڵێون و، لە بیری دەچوو بە دڵ بڵێ: لێبدەو دڵی دەوەستا! بەڵام هەموو ئەوانە ناویستەنیین و، مێشك فەرمانیان بۆ دەنێرێ، ئەوانی دیکەش لە ڕێی ویستنی مرۆڤ و، حاڵەتی بە هۆشیی مرۆڤەوە، ئەنجام دەدرێن.

١٢- شتێکی دیکەی زۆر گرنگ کە خوا ﷻ لە نێو ئەو **(نطفة)**یەدا ئەندازەگیریی کردوە، کە دەفەرموێ: ﴿ مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ﴾، ئەوەیە کە هەر ئەندامێك لە جەستەی مرۆڤدا، تاکو گرنگترو هەستیارترو بایەخدارتر بێ، خوا لە شوێنێکی مەحکەمتردا دایناوە:

١- مێشك (دماغ): لەبەر ئەوەی لە هەموو ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ گرنگترو بایەخدارترەو، لە ڕاستییدا مرۆڤ بە مێشکەوە مرۆڤە، بۆیە خوا خستوویەتە شوێنیکی زۆر مەحکەم و، خستوویەتە سەرەوەی جەستەش و لە نێو کەللەی سەردایە، کە هەمووی ئێسقانە، زۆر کەس وا دەزانێ کەللەی سەر، یەك ئێسقانەو نازانێ چەندان پارچە ئێسقانە، ئەوەش گرنگییەکەی ئاشکرایە: تاکو ئەگەر یەکێکیان شکا، ئەوانەی دیکە نەشکێن، نەك وەك شووشەیەك یان پەنجەرەیەك، ئەگەر لە شوێنێکەوە درزێکی تێبوو، درزەکە لە هەمووی دەبێ، نەخێر کەللەی سەر، ئەگەر شوێنیکیشی بشکێ، یەکێ لە پارچە ئێسکەکان، ئەوانی دیکە ناشکێن.

٢- لە دوای مێشك، ئەو كۆئەندامانەی زۆر گرنگن لە جەستەی مرۆڤدا، بریتین لە دڵ و، سییەكان و، جەرگ و، پەنكریاس، كە خوا خستوونیە نێو قەفەسی سینگەوە.

٣- یەكێكی دیكە لەو كۆئەندامانە، بریتیە لە: دڕكە پەتك **(النخاع الشوكي)**، كە لە مێشكەوە دێ و بە هەموو جەستەدا بڵاو دەبێتەوە، خوا خستوویەتە نێو بڕبڕەكانی پشتەوە، مرۆڤ سیی و سێ (٣٣) بڕبڕەی هەیە لە پشتیدا:

١- بڕبڕەكانی مل حەوت (٧) بڕبڕەن.

٢- بڕبڕەكانی پشت كە دەكەوێتە ئاقاری پەراسووەكان دوازدە (١٢) بڕبڕەن، (٧ + ١٢ = ١٩).

٣- ئنجا پێنج (٥)یان دەكەونە بەرانبەر سك.

٤- پێنج (٥) دیكەشیان لە خوارترەوەن.

٥- چواریشیان دەكەونە كلێنجە، كە پێی دەگوترێ: **(عُصْعُصْ)**، كەواتە: (٧ + ١٢ + ٥ + ٥ + ٤= ٣٣ بڕبڕە)، ئەو دڕكە پەتكەی هەموو جەستە لەوەوە فەرمان وەردەگرێ، خوا خستوویەتە نێو ئەو ئێسكە زۆر ڕەق و پتەوانەوەی پێیان دەگوترێ: بڕبڕاگەو، بە هەر كامێكیان دەگوترێ: بڕبڕە **(فقرة)**، كە ئێسكی زۆر پتەوو مەحكەمن.

كەواتــە: وەك خــوا ﷻ: ﴿ مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ﴾، خــوا عزوجــل ئەندازەگیریــی (تقدیــر)ی یەكجــار وردو گرنگــی بــۆ جەســتەی مــرۆڤ و كۆئەنــدام و ئەندامــەكانی لــە نوتفــەدا دانــاون، ئــەوەش كورتەیەكــی زۆر كــورت بــوو، لــە بــارەی ئــەو ئەندازەگیرییانــەوە كــە خــوا ﷻ لــەو **(نطفة)**یــەدا كردوونــی و، ئــەو زانیارییانــەی لەســەر كرۆمۆســۆمەكانی نێوجینەكانــی هــەر خانەیــەك لــە جەســتەی مرۆڤــدا، هــەن، خــوای كاربەجــێ و توانــا، هەمــوو ئــەو زانیارییانــەی تۆمــار كــردوون، كــە دوایــی بــە شــێوەیەكی كردەیــی لــە دنیــای واقیــع دا بەرجەســتە دەبــن.

کورتە باسێک دەربارەی
چۆنیەتیی ئاسانبوونی لە دایک بوونی کۆرپەلە(١)

بەڕێـــــزان!

یەکەمین شت کە دەبێ لە بارەی لە دایك بوونی مرۆڤەوە، بیزانین، ئەوەیە کە منداڵدانی ئافرەت (**رحم المرأة**) هێندەی کوڵە مستێك، یاخود گچکەتریشە، بەڵام دوای ئەوەی تۆویلکە (**نطفة**)، لەوێدا گەشە دەکات و دەبێتە زارجوو (**مضغة**)، دوایی دەبێتە ئێسك و، دوایی ئێسکەکە بە گۆشت دادەپۆشرێ، دوایی بە شێوەیەکی دیکە خوا دروستی دەکات، وای لێ دێ قەبارەی بە ئەندازەی (٧٥٠) سم^3 دەکشێ، واتە: سەرەتا ئەوەندە بچووکە، دوایی ئەوەندە گەورە دەبێ، تاکو جێی ئەو کۆرپەلەیەی تێدا ببێتەوە، یانی: خوا ﷻ ئەو منداڵدانەی وا خوڵقاندوە، بتوانێ بکشێ، ئنجا نەك تەنیا جارێك، ئافرەتی وا هەیە پازدە (١٥) منداڵی بوون و هی وا هەیە هەژدە (١٨) منداڵی بووە، کە هەموو جارێ ئەو منداڵدانە دەکشێ تاکو جێی کۆرپەلەکە ببێتەوە، بەڵکو ئافرەتی وا هەیە دوو منداڵی پێکەوە دەبن و، هەیە چواری دەبن، دوای ئەوەی منداڵەکان دەبن، دێتەوە یەك و، جارێکی دیکە دەکشێتەوەو، دوایی دێتەوە یەك، واتە: حاڵەتێکی وەك هی لاستیکی هەیە.

ئایا منداڵ چۆن لە دایك دەبێ؟

١- لە مێشکەوە فەرمانێك دێ، لە ڕێی هۆڕمۆنێکەوە بۆ ئێسقانی حەوزی ئافرەت، کە ئەو ئێسقانانە لێکبکشێن، بۆ ئەوەی ئەو کۆرپەلە بواری هەبێ ببێتە دەر.

---

(١) ئەم باسە بە تۆزێ دەستکارییەوە لە تەفسیری (النابلسي) بەرگی (١٠) لاپەڕە (٢٤٤ - ٢٤٥)، وەردەگرم.

٢- دوایی فەرمانێکی دیکەی هۆرمۆنیی دێ، بۆ ئەو کۆرپەلەیە کە سەرەوبن ببێ و هەڵگەڕێتەوە، چونکە کۆرپەلە لە سکی دایکی و لە نێو منداڵدانی دایکی دا، مرۆڤ چۆن دادەنیشێ، بەو شێوەیە دانیشتوەو سەری لە سەرێیەو ئەندامەکانی دیکەی لە خوارێن و، خۆشی کۆکردۆتەوەو ڕێکهێناوە، بۆ ئەوەی جێی ببێتەوە، بەڵام لە کاتی لە دایك بوونیدا، یەکسەر ئەو کۆرپەلە تەقڵەیەك لێدەدا، فەرمانێك لە مێشکەوە دێ، کە: کاتی ئەوە هاتوە ئێرە بەجێ بهێڵی و، بچییە دەرێ، بۆیە دەبێ خۆتی بۆ ئامادە بکەی، خۆ ئامادە کردنەکەش ئەوەیە یەکسەر تەقڵەیەك لێدەداو سەرەوبن دەبێ، سەری دەکەوێتە لای خوارێ و، دەست و پێی دەکەوێتە لای سەرێ.

٣- فەرمانی هۆرمۆنیی سێیەم ئەوەیە فەرمانێك بۆ منداڵدان دێ، کە گرژببێ و بێتەوە یەك، بەڵام بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دانراو، بە شێوەیەکی کاتیی و پلە پلە، بۆ ئەوەی وردە وردە ئەو منداڵە پاڵپێوەنێ، بۆ دەرێ، کاری گەشەو دروستبوونی بەسەر چووەو، کاتی ئەوە هاتوە ئەوێ بەجێ بهێڵێ، ئیدی ئەو منداڵدانە وردە وردە دێتە حاڵەتی گرژبوون (**قبض**)و هاتنەوەیەك، بۆ ئەوەی وردە وردە ئەو کۆرپەلەیە فڕێداتە دەرێ.

٤- کاتێك کۆرپەلە لە سکی دایکی دێتە دەرێ، ئنجا بە پێچەوانەی حاڵەتی یەکەمەوە، کە پلە پلەو وردە وردە منداڵدان دەهاتەیەوە یەك، تاکو ئەو منداڵە پاڵ پێوە بنێ، دوای ئەوەی کۆرپەلەکە دێتە دەر، منداڵدان زۆر بە خێرایی و بەهێز دێتەوە یەك، کە ئەگەر کاتێك کۆرپەلەکە لە نێوی دابوو، ئاوا هاتبایەوە یەك، دەیکوشت، بەڵام دوای ئەوەی ئەو منداڵە دەرداوێ، ئنجا بەو جۆرە دێتەوە یەك، بۆ ئەوەی هەموو ئەو دەمارانەی پچڕاون، لە ئەنجامی ئەوەدا کە ئەو منداڵە لە سکی دایکی هاتۆتە دەرێ و، خوێنیان لێ بەربووە، ئەو منداڵدانە دێتەوە یەك، تاکو ئەو دەمارانە هەموویان بگیرێن و، ئەو ئافرەتە چی دیکە خوێنڕێژیی (**نزيف**)ی نەبێ، ئنجا ئەگەر هەروەك حاڵەتی فڕێدانە دەری کۆرپەلە، بە نەرمیی هاتبایەوە یەك، ئەو ئافرەتە لەسەر حاڵەتی خوێن لێهاتن بەردەوام دەبوو و، خوێن لە جەستەیدا نەدەما.

٥- خوای کارزان ﷻ وایکردوە کە ئەو کۆرپەلەیەی پێشێ سەری دێتەدەر، سەری لە شانەکانی گچکەتر بێ، نەك سەریشی هێندەی شانەکانی بێ، ئەگەر وابووایە نەدەهاتە دەر، ئنجا خوا ﷻ وایکردوە کە ئەو منداڵە هەڵبگەڕێتەوەو سەری بێتە لای خوارێ، کە پێشتر سەری لە سەرێ بووە، ئەگەرنا ئەگەر لاقی هاتبایە یان دەستی هاتبایە، بێگومان ئەو منداڵە، ئەو کاتە لەوێدا عاسێ دەبوو و، بە هیچ کەس چارەسەر نەدەکرا.

دوو هەڵوەستەی گرنگ:

هەڵوەستەی یەکەم: لە بەردەم چەمکی گشتیی ئەم ئایەتە موبارەکەدا، کە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ﴾، دوایی (خوا) ڕێی بۆ ئاسان کردوە، کە زۆر لە زانایان گوتوویانە: واتە: ڕێی لە دایك بوونی بۆ ئاسان کردوە، کە باسمان کرد، ڕێی لە دایك بوونەکە، چۆن ئاسان کراوەو لە سەدا سەد (١٠٠٪) وایە.

بەڵام وێڕای ئەو مانایە هەندێکی دیکە لە زانایان گوتوویانە: ڕێی دینداریی و گرتنەبەری ڕێی ڕاستی، بۆ ئاسانکردوە، کە ئەوەشیان هەروایەو ئەمەیان مەبەست پێی ڕێی مەعنەوییە.

منیش دەڵێم: یەکەم: چەمکی ئایەتەکە لە ڕووی ڕواڵەتیی و جەستەییەوە، لەوەی باسکراوە فراوانترە، چونکە:

١- ڕێی لە دایك بوونی بۆ ئاسان کردوە.

٢- دوایی مەمك مژینی دایکی بۆ سانا کردوە.

٣- ڕێی خواردن و خواردنەوەی بۆ ئاسان کردوە، کە ددانەکانی دەڕوێن، کە هەرچی دەیەوێ بیخوات.

٤- ڕێی قسەکردنی بۆ ئاسانکردوە.

٥- ڕێی ڕۆیشتنی بۆ ئاسان کردوە.

٦- دوایی وردە وردە ڕێی گەشە کردنی بۆ ئاسان کردوە، هەتا دەبێتە مرۆڤێکی تێرو تەواو، هەموو ئەو ڕێیانەی بۆ ئاسان کردون لە ڕووی جەستەییەوە.

دووەم: لە ڕووی مەعنەوییشەوە خوا ڕێی بۆ مرۆڤ ئاسان کردوە:

١- ناخ و فیترەت و زگماکی خوا دەناسێ.

٢- لە ڕێی عەقڵەوە خوا دەناسێ و بەڵگە نەویستە عەقڵییەکان **(البدهيّات العقلية)** لە مێشکی دا هەن.

٣- لە ڕێی وەحییەوەش خوا بەرچاو ڕوونی دەکات و شارەزای دەکات، کەواتە: ﴿ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ﴾، چەمك و واتایەکەی زۆر فراوانەو شتێك و دوو شت نیە.

هەڵوەستەی دووەم: ئەوەیە کە **(إبن عاشور)** لە تەفسیرەکەی خۆی **(التحرير والتنوير)**[1]دا دەڵێ:

(وَفِي الْآيَةِ دَلِيلٌ عَلَى أَنَّ وُجُوبَ دَفْنِ أَمْوَاتِ النَّاسِ بِالْإِقْبَارِ دُونَ الْحَرْقِ بِالنَّارِ، كَمَا يَفْعَلُ مَجُوسُ الْهِنْدِ، وَدُونَ الْإِلْقَاءِ لِسِبَاعِ الطَّيْرِ فِي سَاحَاتٍ فِي الْجِبَالِ مَحُوطَةٍ بِجُدْرَانٍ دُونَ سَقْفٍ، كَمَا كَانَ يَفْعَلُهُ مَجُوسُ الْفُرْسِ، وَكَمَا كَانَ يَفْعَلُهُ أَهْلُ الْجَاهِلِيَّةِ بِمَوْتَى الْحُرُوبِ وَالْغَارَاتِ فِي الْفَيَافِي، إِذْ لَا يُوَارُونَهُمْ بِالتُّرَابِ).

واتە: لەم ئایەتەدا بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی پێویستە مردووەکانی خەڵك بنێژرێن و بخرێنە ژێر خاك، نەك بسووتێنرێن، وەك مەجووسییە هیندییەکان دەیانکرد، (ئێستاش ئەوە هەر هەیە، لە هەندێك شوێنی هیندو، لە هەندێك وڵاتانی ئەورووپاش دا)، هەروەها نەك فڕێ بدرێن بۆ دڕندەی باڵندان (خەرتەل و داڵاش و لاك خۆرەکان) لە مەیدانەکانی چیایەکاندا، کە بە دیوار دەورەدراون، بێ ئەوەی سەقفی هەبێ، هەروەك مەجووسەکانی فارس وایانکردووەو، خەڵکی سەردەمی نەفامییش وایاندەکرد، ئەوانەی لە جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەکاندا

---

(١) ج١٢، الجزء: ٣٠، ص ١٢٥.

دەکوژران، لە دەشت و چۆڵ بەجێیان دەهێشتن، {بۆ ئەوەی باڵندە لاشخۆرو درندەکان وەك کەمتیارو شێر و گورگ و پڵینگ، گۆشتەکەیان بخۆن}، ژێر گڵیان نەدەخستن.

هەر کەسیش بە ویژدانەوە تەماشا بکات دەزانێ، هەموو ڕێزو حورمەتێکی مرۆڤ، بە زیندوویی یان بە مردوویی لە شەریعەتی خوای پەروەردگاردا هەیە، چ شەریعەتی کۆتایی کە بە پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺدا ڕەوانەکراوە، چ هەموو بەرنامەو شەریعەتەکانی دیکە کەبە پێغەمبەراندا نێردراون، لە هەموو شەریعەتەکانی ئاسماندا، مردوو شۆردن و ڕێزگرتن لە لاشەی مردوو و ژێر خاککردنی هەیەو، ئەوانەی لایانداوە لە شەریعەت و بەرنامەکانی خوا ﷻ، ئنجا ئەگەر مەجووسیی فارسن، هیندیین، بووزایین، ئەورووپایین، ڕۆژهەڵاتیی یان ڕۆژئاواییین، ئەوانەن کە بەو شێوەیە مامەڵە ناکەن، لەگەڵ جەستەی مرۆڤدا، کە شایستەی مرۆڤە.

مەسەلەی سێیەم:

فەرمانکردنی خوا بە مرۆڤ کە سەرنجی خواردنەکەی بدات، چۆن و لە چی ئامادە بووە؟ خوا ئاوی لەسەرێوە بە خورزەم هەڵڕشتوە، دوایی زەوی قڵیشاندوە، ئنجا دانەوێڵەو، ترێ و سەوزەو، تەڕەکارو، زەیتوون و، خورماو، باخی چڕو پڕو، میوەو، لە وەڕگای ڕواندوون، تاکو هەمووی ببێتە مایەی بەهرەی مرۆڤەکان و ئاژەڵەکانیان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ ﴿٢٤﴾ أَنَّا صَبَبۡنَا ٱلۡمَآءَ صَبّٗا ﴿٢٥﴾ ثُمَّ شَقَقۡنَا ٱلۡأَرۡضَ شَقّٗا ﴿٢٦﴾ فَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا حَبّٗا ﴿٢٧﴾ وَعِنَبٗا وَقَضۡبٗا ﴿٢٨﴾ وَزَيۡتُونٗا وَنَخۡلٗا ﴿٢٩﴾ وَحَدَآئِقَ غُلۡبٗا ﴿٣٠﴾ وَفَٰكِهَةٗ وَأَبّٗا ﴿٣١﴾ مَّتَٰعٗا لَّكُمۡ وَلِأَنۡعَٰمِكُمۡ ﴿٣٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ ﴾، ئنجا با مرۆڤ بڕوانێتە خواردنەکەی! پیتی (ف)، لێرەدا دەگونجێ بڵێین: (ف)ی (**فصيحة**)یە، یانی: لە حاڵێکدا مرۆڤ، بەو شێوەیە خوا خوڵقاندوویەتی، لە (**نطفة**)یەك و، دوایی هەموو شتێکی تێدا ئەندازەگیریی کردوە، لەو (**نطفة**)یەدا، کە شتێکی زۆر بچووك و نابووتە، مادام خوا ﷻ بەو هەموو قۆناغانەدا مرۆڤی تێپەڕاندوەو، هەموو ئەو پێداویستییانەی بۆ ڕەخساندوون، ﴿ فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ ﴾، ئنجا با مرۆڤ دوای خۆی، سەرنجی خواردنەکەشی بدات، تاکو چاکەو نیعمەتی خوا، وێڕای ئەوەی لە دروستکرانی خۆیدا دەبینێ، لە خواردن و خۆراکەکەشیداو، لە دابینکردنی پێداویستییەکانیشیدا، ئەو چاکەو نیعمەتانەی خوا ببینێ.

لێرەدا زانایان بوونە دوو بەش کە ئایا مەبەست لە بابڕوانێ: ﴿ فَلۡيَنظُرِ ﴾، چییە؟ أ-ئایا ڕوانینی چاوە (دیتن)؟ ب-یاخود ڕوانینی دڵ و عەقڵە (زانین)؟:

١- (القرطبي)، دەڵێ: (كَيْفَ خَلَق الله طعامه؟ وهذا النَّظر نظر القلب بالفِكْر)، با تەماشا بكات، خوا ﷻ چۆن خواردنەکەی بۆ دروست کردوە؟ لێرەدا مەبەست تەماشاکردنی دڵە بە بیرکردنەوە.

٢- بەڵام (إبن عاشور)، دەڵێ: (تَعْدِيَةُ فِعْلِ النَّظَرِ هُنَا بِحَرْفِ إِلَى، تَدُلُّ عَلَى أَنَّهُ مِنْ نَظَرِ الْعَيْنِ)، کە لێرەدا ﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ إِلَىٰ ﴾، وشەی: (نظر) تێپەڕی کردوە بۆ بەرکار، بە پیتی (إلى)، ﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ ﴾، کە دەشگونجا خوا بفەرموێ: (فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ طَعَامَهُ) با ئینسان سەرنجی خواردنەکەی بدات، بەڵام کە دەفەرموێ: ﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ ﴾، با ئینسان بۆ خواردنەکەی بڕوانێ، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لێرەدا مەبەست لە تەماشا کردن، تەماشاکردنی چاوە، (نَظَرَ إِلَيْهِ)، واتە: بە چاو تەماشای کرد، بەڵام (نَظَرَهُ)، واتە: (عَقَلَهُ)، واتە: زانیی و دەرکی کرد بە عەقڵ و دڵ، پێشم وایە قسەکەی (إبن عاشور) ڕاستترە.

بەڵێ لێرەدا مەبەست تەماشاکردنی چاوە، بەڵام بێگومان چاو کە دەبینێ و، گوێ کە دەبیستێ، ئەگەر عەقڵ و دڵ هوشیار و بێدار نەبن، مرۆڤ لە بیستنی گوێ و دیتنی چاو، سوود نابینێ، ئنجا دوایی خوا ﷻ باس دەکات، ئەو خواردنەی لەبەر دەستی مرۆڤە، چۆن دروست بووە؟ وەك (شێخ سەعدی شیرازیی) کە یەکێك بووە لە زانایانی پایە بەرزی ئیسلام لە ئێران، دەڵێ:

خورشيد ماه و زمين همه دركارند كەتو نانى بخوريد!

خۆرو مانگ و زەوی هەموویان لە کاردان، تاکو تۆ نانێك بخۆی (ئەی مرۆڤ!).

قسەکەشی زۆر ڕاستە: ئەو نانەی لەبەر دەستی تۆ دایە، نانێکی جۆ، نانێکی گەنم، کولێرەیەك بیری لێ بکەوە چۆن کەوتۆتە بەردەستی تۆ! پێشێ تیشکی خۆر لە ئاوی زەریاکانی داوەو هەڵمی لێ پەیدا کردوون، ئنجا هەڵمەکە با هێناویەتی و بردوویەتی بۆ شوێنە ساردەکان، لەوێش ئەو پارچە بچووکانەی هەڵمەکان لە یەك نیزیك بوونەوە، ئنجا بوونە هەور، هەورەکە متوربە بووە،

ئنجا ئـاو بـە شـێوەی بـاران و بەفـر و تـەزرە داباریـوەو هاتۆتـە نێـو زەوی و لەوێـدا خـەزن بـووەو، بـە شـێوەی كانیـی و سـەرچاوەو بیـر هاتۆتـە دەرێ، جۆگـەو ڕووبـاری لـێ هەڵبەسـتراون، ئنجـا دانەوێڵـەی سـەوز كـردوەو دارو درەختـی سـەوز كـردوە، ئنجـا ئـەو دارو درەخـت و دانەوێڵەیـە دوایـی پـێ دەگات و گەشـە دەكات، دوایـی مـرۆڤ وردە وردە ڕەنێـوی دێنـێ و دەیدوورێتـەوەو دەبێتـە ئـاردو...، سـەرەنجام دەبێتـە ئـەو نانـەی دەكەوێتـە بەردەسـتی تـۆ، كـە بـە كـردەوە هـەم خـۆرو مانـگ، هـەم زەوی و بـا، ئەوانـە هەموویـان لـە كاردان تاكـو نانێـك دێتـە بـەر دەسـتی تـۆ.

٢)- ﴿ أَنَّا صَبَبْنَا ٱلْمَآءَ صَبًّا ﴾، ئێمە ئاومان بە هەڵڕشتن هەڵڕشتوە، (أَنّا)ش خوێندراوەتەوەو (إنّا)ش خوێندراوەتەوە، ئەگەر (أَنّا) بێ، واتە: با تەماشا بكات، ئێمە چۆن ئاومان لەسەرێوە هەڵرشتوە، ئەگەر (إنا)ش بێ، ڕستەیەكی دەست پێكردنە، **(جملة إبتدائية)**، ڕستەیەكە لە سەرەتاوە دەست پێدەكات، خوا دەفەرموێ: ئێمە ئاومان لەسەرێوە هەڵڕژاندوە بە هەڵڕشتن، **(الصَّبُّ: إراقة من أعلى)**، لەسەرێوە ئاوێك هەڵڕژێ، پێی دەگوترێ: **(صب)**.

٣)- ﴿ ثُمَّ شَقَقْنَا ٱلْأَرْضَ شَقًّا ﴾، دوایی زەویمان بە قڵیشاندن، قڵیشاندوە، **(الشقُّ: الصَّدْعُ والفتق)**، **(شق)** بریتیە لە قڵیشاندن و درز پێدان.

ئەمەش چەند واتایەكی هەن:

١- مەبەست ئەوەیە وامان كردوە ئەو ئاوە بەو زەوییەدا بچێتە خوار.

٢- ئەو زەوییەمان وا خوڵقاندوە بگونجێ لە ڕێی كێڵانەوە، بدڕدرێ و گۆڵ و دێراو خەت و كووزی لێ دروست بكرێن.

٣- بەهۆی تیشكی خۆرەوە ئەو زەوییە دەقڵیشێ و، تیخ تیخ و درز درز دەبێ و ئاوەكە لێی دەچێتە خوار.

٤)- ﴿ فَأَنۢبَتْنَا فِيهَا حَبًّا ﴾، ئنجا دانەوێڵەمان لە زەویدا ڕواندوە، وشەی: ﴿ حَبًّا ﴾، ناوی كۆی (حَبَّة)یە، یانی: یەك دەنك، یەك دەنكە گەنم یان جۆ، یان نیسك، یان نۆك، یان ماش،

ماشی ڕەش و ماشی سپیی، یان زوڕات، یان هەرزن، یان برنج ....، هەمووی دەگرێتەوە، هەندێك كەس لەوانەیە، وابزانێ دانەوێڵە وەك چۆن لە لای ئێمە، تەنیا گەنم و جۆو نیسك و نۆك و برنج و ماش، هەیە، ڕەنگە وابزانێ هەر ئەوەندە جۆرە دانەوێڵە هەن، یان بەس ئەو جۆرانەی لە لای ئێمە هەن، بوونیان هەیە، بەڵام بۆ زانیارییتان بەس لە گەنم چل و پێنج هەزار (٤٥٠٠٠) جۆر هەیە، لە هەموو دنیادا، هەڵبەتە لە لای خۆمان گەنم چەند جۆرێكی هەیە، بەڵام لە نێو كۆی دانیشتووانی زەوی دا، چل و پێنج هەزار جۆرە گەنم هەیە، هەروەها جۆش بەهەمان شێوە زۆری هەن و، ئەگەر (٤٥) هەزار جۆریشی نەبن، چەند هەزارێكی هەیە، هەروەها جۆرەكانی برنج و، جۆرەكانی ماش و، جۆرەكانی هەرزن و، جۆرەكانی نیسك و، جۆرەكانی نۆك و فاسۆلیا، ئەمانە هەموویان وشەی (حب)، دانەوێڵە دەیانگرێتەوە.

خـوا دەفەرمـوێ: ئێمـە دانەوێڵەمـان تێـدا ڕوانـدوە، ئنجـا مـرۆڤ دەبـێ سـەرنج بـدات: هەرچـی جۆرەكانـی دانەوێڵـەن، هەموویـان پێكـەوە پێدەگـەن، ئـەوە شـتێكی زۆر جێـی سـەرنجە، گەنمـە هەمـوو پێكـەوە پـێ دەگات، جۆیـە پێكـەوە پـێ دەگات، هەروەهـا نیسـك و نـۆك و مـاش و برنـج و ...هتـد، چونكـە ئەگـەر هەندێكـی ئێسـتا پـێ بـگات و، هەندێكـی بیسـت ڕۆژی دیكـە پـێ بـگات و، هەندێكـی دیكـەی مانگێكـی دیكـە، چـۆن چۆنـی درووبانایـەوەو ڕەنێـو هێنرابایـە؟ بـەڵام سـەوزەو تـەڕەكارو میـوەكان بـە پێچەوانـەوە: ئەمـڕۆ چینێـك پـێ دەگات، ئنجـا ترۆزییـە، خەیـارە، شـووتییە، كاڵەكـە، تەماتـەو باینجانـە، بامیەیـە، ماشـە، فاسـۆلیایە، چینێـك پـێ دەگات و، ئـەو چینـە دەبڕێتـەوەو چینێكـی دیكـە پـێ دەگات، ئـەو چینـەش دەبڕێتـەوە و چینێكـی دیكـە پـێ دەگات.

هەروەهـا میـوەكان: خـۆخ و قەیسـیی و هەرمـێ و تـوو و تـرێ و گێـلاس و مـۆزو پرتەقـاڵ و سـێوو...هتد، هەمـووی چیـن چیـن پـێ دەگات، نـەك هەمـووی پێكـەوە پێبـگات، دانەوێڵـە ئەگـەر هەمـووی پێكـەوە پـێ نەگەیبایـە، ڕەنێـو نەدەهـات و هەڵنەدەگیرایـەوە، بـەڵام هـی میـوەو تـەڕەكارو سـەوزەو، ئەگـەر هەمـووی پێكـەوە

پێ بگەیبایە، خەسار دەبوو، خاوەنەکەی چی لێ بکات، ئەو هەمووە، بەڵام ئەمڕۆ چینێك پێدەگات و، دوای سێ چوار ڕۆژ هەفتەیەکی دیکە، چینێکی دیکە، دوای چەند ڕۆژێکی دیکە، چینیکی دیکەو، دوایی چینێکی دیکە، ئەوەش بێگومان حیکمەت و نیعمەتێکی گەورەی خوای پەروەردگارە.

هەندێك لە زانایان دەڵێن: لێرەدا کە خوا ﷻ فەرمان بە مرۆڤ دەکات، سەرنجی خواردنەکەی بدات و، لە ئایەتەکانی پێشێ دا سەرنجی مرۆڤی ڕاکێشاوە بۆ دروستبوونی خۆی، مەبەست پێی بەڵگە هێنانەوەیە لەسەر ئەوە کە زیندوو کردنەوە، لە لای خوای پەروەردگار شتێکی سێناو ئاسانە، ئەو خوایەی ئاوا دروستی کردوون و ئاوا خواردن و خۆراکتان بۆ دەڕەخسێنێ، دەشتوانێ دوای مردن زیندووشتان بکاتەوە.

بەڵام من پێم وایە وێڕای ئەوەو لە پێش ئەوەدا، ئەوەی لەگەڵ ڕەوت و سیاقی ئایەتەکاندا گونجاوترە، ئەوەیە کە مەبەست ئەوە بێ: ئەو خوایەی ﷻ ئەو مشوورەی لێ خواردوون، هەم لە دروستکردنی خۆتاندا، هەم لە ڕەخساندنی خواردن و خواردنەوەتاندا، هەر ئەو خوایەش، مشووری لێخواردوون و، پەیام و بەرنامەی بۆ ناردوون، خوا وەك چۆن خەمی لە جەستەتان خواردوە، خەمی لە ڕووحیشتان و ناخیشتان خواردوە، چونکە مرۆڤ بە ڕووح و ناخەوە مرۆڤە، پێش جەستەی.

واتە: خوایەك ئەو هەموو نیعمەتەی لە ڕووی جەستەیی و ماددییەوە پێداون، هەم لە دروستکرانی خۆتاندا، هەم لە ڕەخساندنی خواردن و خواردنەوەو پێداویستییەکانتاندا، بۆ خۆتان و ئاژەڵەکانتان، هەر ئەو خوا پەروەردگارو میهرەبانە، مشووریشی لێخواردوون و لە ڕووی مەعنەوییەوەو، پەیام و بەرنامەی بۆ ناردوون و، ئەو پەیام و بەرنامەیەی لە ئایەتەکانی پێشێ دا خوای کاربەجێ باسی کردو فەرمووی: ﴿ كَلَّآ إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ ﴿١١﴾ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ﴿١٢﴾ فِى صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ ﴿١٣﴾

﴿مَرْفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةٍ ﴿١٤﴾ بِأَيْدِي سَفَرَةٍ ﴿١٥﴾ كِرَامٍ بَرَرَةٍ ﴿١٦﴾﴾، بۆیـە ئـەو پەیامـەی خـوا بـەو شـێوەیە باسـی کـرد، کـە لـە ڕێـی فریشـتەکانەوە دەینێـرێ لێـی وەربگـرن و قـەدری بگـرن و، وەك چـۆن ئـەو نیعمەتانەتـان پـێ خۆشـن و وەریاندەگـرن و لێیـان بەهرەمەنـد دەبـن، ئـەو نیعمەتـە مەعنەوییـەش لـە خـوای پـەروەردگار وەربگـرن، بـۆ ئـەوەی لەسـەر بوونەکەتـان قـەرزدار نەبنـەوە.

٥)- ﴿وَعِنَبًا وَقَضْبًا﴾، هەروەها خوا ترێ و تەڕەکاریشی بۆ ڕەخساندوون.

تـرێ (**عنـب**) کـە بـە (**أعنـاب**) کـۆ دەکرێتـەوەو، مەبەسـت لـە تـرێ (**عنـب**) دار مێوەکەیـە کـە (**کَـرْم**)ی پـێ دەڵێـن و بـە (**کـروم**) کـۆ دەکرێتـەوە، بـەڵام لـە تەفسـیرەکاندا نەمبینیـوە حیکمەتـی ئـەوە بـاس بکـرێ: بۆچـی خـوا ﷻ وەك چـۆن باسـی دارخورمـاو دارزەیتـوون دەکات، بۆچـی باسـی درەختـی مێویشـی نەکـردوە؟ پێـم وایـە هۆکارەکـەی ئەوەیـە دارمێـو، میوەکـەی کـە ترێیەکەیـە، زیاتـر بەرچـاوەو دیمەنێکـی جوانـی هەیـە، هێشـووی گـەورە گـەورەو جوانـن، ئەگـەر ترێـی سـپییە، ئەگـەر ڕەشـە، ئەگـەر ترێـی بـێ دەنکـە، ئـەو هەمـوو جـۆرە ترێیانـەی هـەن، ترێیەکـە زیاتـر سەرنجڕاکێشـەو دیمەنێکـی جوانـی هەیـە، نـەك درەختـی مێوەکـە کـە لاسـکێکی باریکـی هەیـەو، هیـچ جوانیـی و ڕەونەقێکـی تێدانیـە، وەك وایـەری کارەبـا بـڵاو دەبێتـەوە!

(قَضْـب): (**القَضْـبُ: هـو كل مـا أكِلَ مـن النبـات رطبـاً كالقثـاء والخيار ونحوهما، سمّي قضباً لأنـه يُقْضَـبُ أي يُقْطَـعُ مـرة بعـد أخـرى**)[١]، واتـە: (قضـب): بریتیـە لـەو ڕووەکەی بـە تەڕیـی دەخـورێ، وەك: ترۆزیـی و خەیـار (هـاروێ) و شـێوەی ئـەوان (کاڵـەك و شـووتیی و تەماتـەو هەمـوو تەڕەکارەکانـی دیکـە، کـە بـە قەپـاڵ دەخورێـن)، بۆیـەش پێـی گوتـراوە: (**قضـب**)، چونکـە بـە زار بـە قەپاڵتـە دەبـڕدرێ و دەخـورێ.

---

(١) محاسن التأويل، جمال الدين القاسمي، المجلد: ١٠، الجزء: ٣٠، ص٦١.

هەندێکـی دیکـەش وشـەی: (**قضب**)یـان بـە لـەوەڕ لێکداوەتـەوە، وەك: وێنجـەو سـێوەڕەو وێنەکانیـان کـە ئـاژەڵ دەیانخـوات.

بـەڵام (**قضـب**) لـەو ڕووەك و تەڕەکارانـەی بـە قەپـاڵ و زار دەخورێـن، نیزیکـترە چونکـە لەگـەڵ تـرێ دا هاتـوەو، ترێـش مـرۆڤ دەیخـوات، دواییـش باسـی لـە وەڕگای ئـاژەڵ دەکات، ئاڵفێـك کـە ئـاژەڵ دەیخـوات.

٦)- ﴿ وَزَيْتُونًا وَنَخْلًا ﴾، (هەروەها خوا) زەیتوون و دارخورماش(ی بۆ ڕواندوون لە زەویدا).

٧)- ﴿ وَحَدَآئِقَ غُلْبًا ﴾، دیسان باخە چڕوپڕەکان، ﴿ وَحَدَآئِقَ ﴾، کۆی (**حديقة**)یەو بە باخێك دەگوترێ جۆرەکانی مێوەی تێدابن، بەڵام دەوری بە دیوار تەنرابێ، ﴿ غُلْبًا ﴾، کۆی (**غلباء**)، (**أي ضخمة عظيمة**)، قەبەو مەزن، یانی: باخە چڕو پڕەکان کە درەختی قەبەو زلیان تێدان.

٨)- ﴿ وَفَٰكِهَةً وَأَبًّا ﴾، هەروەها جۆرەکانی میوەو لەوەڕ، واتە: لەوەڕێك کە ئاژەڵەکان دەیخۆن.

٩)- ﴿ مَّتَٰعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَٰمِكُمْ ﴾، (ئەمەش هەمووی) بەهرەگەیاندنە بە خۆتان و ئاژەڵەکانتان، وشەی: ﴿ مَّتَٰعًا ﴾، لە ڕووی ڕێزمانییەوە دوو حاڵەتی هەن:

١- حاڵەتی یەکەم: یان بەرکاری پێناو (**مفعول له**)ە، بۆ (**أَنْبَتْنا**)، یانی: (**أنبتنا فيها هذه الأشياء** مَّتَٰعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَٰمِكُمْ)، ئەو شتانەمان لە زەویدا ڕواندوون، بۆ بەهرە وەرگرتن و سوودمەند بوونی خۆتان و ئاژەڵەکانتان.

٢- حاڵەتی دووەم: {﴿ مَّتَٰعًا ﴾، **مصدر حذف فعله وجُرِّد ومن الزوائد**)، چاوگەو کردارەکەی قرتێنراوەو زیادەکانی لابراون، کەواتە: ئاوای لێدێتەوە: (**متَّعَكُم بذلك مَتَاعاً**)، خوا بەهرەمەندی کردوون بە بەهرەمەند کردن.

دوو قسـەی گێـڕراوە لـە ئەبـوو بەکـرو عومـەرەوە خـوا لێیـان ڕازی بـێ و بەرپەرچدانـەوەی هەندێـك قسـەی شـیعە:

دوو قسـەی پاڵـدراو بـۆ لای ئەبـو بەکـر و عومـەر و بەرپەچدانـەوەی قسـەی بەدگومانـاوی شـیعەکان لێـرەدا بـەر لـەوەی ئـەم مەسـەلەیەی سـێیەمە بـە جـێ بهێڵێـن و بچینـە سـەر مەسـەلەی چوارەم و کۆتایـی، بـە باشـی دەزانـم دوو قسـە، کـە لـە زۆربـەی تەفسـیرەکاندا هاتـوون، ئێمـەش بیانهێنیـن و هەندێـك قسـەیان لەسـەر بکەیـن:

دەقـی یەکـەم: (رُوِيَ أَنَّ أَبَـا بَكْـرٍ الصِّدِّيـقَ سُـئِلَ عَـنِ الْأَبِّ: مَـا هُـوَ؟ فَقَـالَ: «أَيُّ سَـمَاءٍ تُظِلُّنِـي، وَأَيُّ أَرْضٍ تُقِلُّنِـي إِذَا قُلْـتُ فِي كِتَـابِ اللَّـهِ مَـا لَا عِلْـمَ لِي بِـهِ»)، (فتـح القديـر: ج٥، ص٤٦٩، روح المعـاني: ج١٥، ص٣١٨).

واتـە: گێردراوەتـەوە کـە پرسـیار کـرا لـە ئەبـوو بەکـری صیددیـق (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، لـە بـارەی (أَبّ)ەوە چییـە؟ ئەویـش گوتـی: چ ئاسـمانێك سـێبەرم لـێ دەکات و، چ زەوییـەك هەڵـم دەگـرێ، ئەگـەر لـە کتێبـی خـوادا شـتێك بڵێـم کـە زانیارییـم لـە بارەیـەوە نیـە!! واتـە: نازانـم و بەبـێ زانیارییـش قسـە ناکـەم لـە بـارەی هیـچ ئایەتێکـەوە لـە کتێبـی خـوادا.

دەقـی دووەم: (رُوِيَ أَنَّ عُمَـرَ بْـنَ الْخَطَّـابِ قَـرَأَ يَوْمًـا عَـلَى الْمِنْـبَرِ: فَأَنْبَتْنـا فِيهـا حَبًّـا إِلَى وَأَبًّـا، فَقَـالَ: كُلُّ هَـذَا قَـدْ عَرَفْنَـاهُ، فَـمَا الْأَبُّ؟ ثُـمَّ رَفَـعَ عَصًـا كَانَـتْ فِي يَـدِهِ، وَقَـالَ: هَـذَا لَعَمْـرُ اللَّـهِ هُـوَ التَّكَلُّـفُ، فَـمَا عَلَيْـكَ يَـا ابْـنَ أُمِّ عُمَـرَ أَنْ لَا تَـدْرِيَ مَـا الْأَبُّ، ابْتَغُـوا مَـا بُيِّنَ لَكُـمْ مِـنْ هَـذَا الكِتَـابِ، فَاعمَلُـوا بِـهِ، وَمَـا لَـمْ تَعْرِفُـوهُ، فَكِلُـوهُ إِلَى رَبِّـهِ») (أخرجـه ابـن سـعد، وسـعيد بـن منصـور: ٤٣، عبـد بـن حميـد، وابـن جريـر: ٣٦٤٩٧، والحاكـم: ٣٨٩٧).

واتـە: گێردراوەتـەوە کـە عومـەری کـوڕی خەتتـاب (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، لەسـەر مینبـەر (ئـەو کاتـەی خەلیفـەی مسـوڵمانان و حوکمڕانیـان بـووە)، ئـەو ئایەتانـەی خوێندنـەوە: ﴿ فَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا حَبّٗا ﴿٢٧﴾ وَعِنَبٗا وَقَضۡبٗا ﴿٢٨﴾ وَزَيۡتُونٗا وَنَخۡلٗا ﴿٢٩﴾ وَحَدَآئِقَ غُلۡبٗا ﴿٣٠﴾ وَفَٰكِهَةٗ وَأَبّٗا ﴿٣١﴾ ﴾، دوایـی گوتـی: هەمـوو ئەوەمـان زانـی، بـەڵام (أَبّاً) چییـە؟ دوایی

گۆچانێکـی بـە دەسـتەوە بـوو فڕێـی داو گوتـی: بـە خـوا ئـەوە زۆر لـە خـۆ کردنـە، چیـت لەسـەرە ئـەی کـوڕی دایـکی عومـەر ئەگـەر نەزانـی، (أَب) چییـە؟ لـەو کتێبـەی خـوادا ئـەوەی بۆتـان ڕوونکراوەتـەوە شـوێنی بکـەون و کاری پێبکـەن و، ئـەوەش کـە نایزانـن، بیگێڕنـەوە بـۆ خاوەنەکـەی (کـە خـوای زانـاو شـارەزایە).

ئـەم دوو دەقـە هاتـوون و، لـە تەفسـیرەکان دا کـە بـاون، بینیـم زۆربەیـان هێناویانــن.

لێـرەدا دەمـەوێ هەڵوێسـتەیەك بکەیـن، لـە بەرانبـەر تەفسـیرەکانی شـیعەکاندا، کـە بـە داخـەوە چونکـە بناغـە لـە لای ئـەوان بـەد گومانییـە، بـە تایبەتـی بەرانبـەر بـە (ئەبـوو بەکـر و عومـەر) خـوا لێیـان ڕازی بـێ، دوو هـاوەڵ و کەسـایەتییە هـەرە نیزیـك و خۆشەویسـتەکەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ و دوو وەزیرەکـەی و، بـە گشـتییش بەرانبـەر بـە هـاوەڵان، لەبـەر ئـەوەی بناغـە لـەلای وان لـە پشـت پـەردەی ڕەشـەوە تەماشـا کردنـە، بـا تەماشـا بکەیـن لـەو بـارەوە لـە تەفسـیرەکانیان دا چـی دەڵێـن؟

دوو نموونان دێنمەوە:

أ- تەفسیری (الميزان)ی (محمد حسين الطباطبائي)[1]، لە بارەی ڕیوایەتەکەی کە لە ئەبوو بەکرەوە هاتوە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ:

(أَنَّ أَبَـا بَكْـرٍ سُـئِلَ عَـنِ الْأَبِّ: مَـا هُـوَ؟ فَقَـالَ: «أَيُّ سَـمَاءٍ تُظِلُّنِـي، وَأَيُّ أَرْضٍ تُقِلُّنِـي إِذَا قُلْـتُ فِي كِتَـابِ اللَّـهِ مَـا لَا عِلْـمَ لِي بِهِ»فَبَلَـغَ أَمـيرَ المؤمنـين مَقَالَـهُ فِي ذَلِـكَ، فقـال: سُـبْحَانَ اللـهِ أَمَـا عَلِـمَ أَنَّ الأَبَّ هُـوَ الـكَلأُ المَرْعـى)، (إرشـاد المفيـد).

واتـە: گێڕدراوەتـەوە کـە پرسـیار کـراوە لـە ئەبـوو بەکـری صیددیـق (خوا لێـی ڕازی بـێ)، لـە بـارەی (أب)ەوە چییـە؟ ئەویـش گوتـی: چ ئاسـمانێك سـێبەرم لـێ دەکات و، چ زەوییـەك هەڵـم دەگـرێ، ئەگـەر لـە کتێبـی خـوادا شـتێك بڵێـم، زانیارییـم لـە

---

(١) المجلد: ٢٠، الجزء: ٣٠، ص: ٢١١، ٢١٢.

بارەیـەوە نەبـێ؟ (واتـە: نازانـم و بەبـێ زانیارییـش قسـە ناکـەم لـە بـارەی هیـچ ئایەتێکـەوە لـە کتێبـی خـوادا)، ئنجـا ئـەوە دەگاتـەوە بـە ئەمیـری بـڕواداران عەلـی (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، ئەویـش دەڵـێ: سـبحان اللـە ئـەدی نەیدەزانـی کـە (أبّ)، بریتیـە لـە لـەوەڕگاو ئـەو لـەوەڕەی ئـاژەڵ دەیخـۆن!

لـە بـارەی قسـەکەی عومـەرەوەش (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، کـە گوتوویەتـی: ئـەوەی لـە کتێبـی خـوا بۆتـان ڕوونکراوەتـەوە شـوێنی بکـەون و، ئـەوی دیکـەش بگێڕنـەوە بـۆ لای خاوەنەکـەی.

دەڵـێ: (**أقـول: هـو مبنـيٌّ عـلى منعهـم عـن البحـث عـن معـارف الكتـاب حتـى تفسير ألفاظـه**)، واتـە: دەڵێـم: ئـەو قسـەیە بنیاتـنراوە لەسـەر ڕێگرتنیـان لـە لێکۆڵینـەوە لـە بـارەی زانسـتەکانی کتێبـی خـواوە، تەنانـەت ڕوونکردنـەوەی بێژەکانیـشی!!

ب- تەفسیری (نموونە) کە تەفسیرێکی فارسییەو (**ناصری مکارمی شیرازی**) سەرپەرشتیی دەکات، کە ئێستاش لە ژیاندایە[1]، دوای ئەوەی ئەو دوو ڕیوایەتە دێنێ، لە ئەبوو بەکرو عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێ)، دەڵێ:

(**إيـن نشـان مـى دهـد كـه أو مفهـوم كلمـه (أب) را چيـز پيچيـدەاي ميدانسـت، درحـالى كـه بـا مراجعـة بـه متـون لغـت روشـن ميشـود كـه مطلـب پيچيـدەاى نيسـت**)،

واتـە: ئەمـە ئـەوە دەگەیەنـێ کـە ئـەو [واتـە: عومـەر (خـوا لێـی ڕازی بـێ) و هەروەهـا ئەبـوو بەکریـش (خـوا لێـی ڕازی بـێ)] شـارەزای مانـای وشـەی (أبّ) نەبـووەو، بـە شـتێکی ئاڵـۆزی زانیـوە، لـە حاڵێکـدا بـە گەڕانـەوە بـۆ فەرهەنگەکانـی زمـان، ڕوون دەبێتـەوە کـە شـتێکی هێنـدەش زەحمـەت نیـە، دوایـی دەڵـێ: {بـەڵام هـەر چـۆن بـێ جێـی ئـەو پرسـیارە هـەر هەیـە، کەسـێك کـە بەناوونیشـانی پێشـەوای مسـوڵمانان و خەلیفـەو حوکمڕانـی مسـوڵمانان بیـەوێ حوکمداریـی بـکات،

---

(١) ج ٣٦، ص ١٥١، ١٥٢.

چـۆن دەبـێ وشـەیەك كـە لـە دەقـی قورئـان دا هاتـوەو هێنـدەش ئاڵـۆز نیـە، مانـای ئـەو وشـەیە نەزانـێ؟، ئەمـە بەڵگـەی ئەوەیـە كـە دەبـێ لـە هـەر ڕۆژگارو زەمانێكدا پێشـەوایەكی خوایـی لـە نێـو خەڵكدا هەبووبـێ، كـە لـە هەمـوو مەسـەلە شـەرعییەكاندا ئاگاداربـێ و، لـە هـەر هەڵـەو لادانێـك پارێـزراو بـێ}.

ئـەوە هـەردوو قسـەكەی تەفسـیرەكانی (المیـزان) و (نمونـە) لـە بـارەی هـەردوو هەڵوێسـتی ئەبـوو بەكـرو عومـەرەوە (خـوا لێیـان ڕازی بـێ).

منیش لێرەدا دەڵێم:

١- جارێ قسەكەی ئەبوو بەكر[١] (خوا لێی ڕازی بێ)، كە دەڵێ: چ ئاسمانێك سێبەرم لێ دەكات و، چ زەوییەك هەڵم دەگرێ، لە بارەی كتێبی خواوە شتێك بڵێم، كە نایزانم؟ لە ڕاستییدا لە جیاتی ئەوەی بە نوقصانیی بۆ ئەبوو بەكر دابنرێ، سیفەتێكی بەرزی ئەبوو بەكر بووە (خوا لێی ڕازی بێ) بووە، كە ئامادە نەبووە شتێك نەیزانێ و قسەی لێ بكات.

٢- ئایا نەك هەر ئەبوو بەكرو عومەر (خوا لێیان ڕازی بێ)، هیچ كەسێك هەیە هەرچی لە كتێبی خوادا هەیە، هەر هەمووی بزانێ، مەگەر پێغەمبەری خاتەم ﷺ؟ بێگومان هیچ كەسێك نیە، نە عەلی (خوا لێی ڕازی بێ)و نە جگە لە ویش و هیچ كەس، ئیددیعای ئەوەی نەكردوە بڵێ: هەرچی لە كتێبی خوادا هاتوە، هەموو مانایەكانی دەزانم، چونكە لە ڕاستییدا تەنیا خوا ﷻ بە هەموو نهێنییەكان و پەنهانەكانی فەرمایشتی خۆی ئاگادارە.

٣- ئەبوو بەكرو عومەر (خوا لێیان ڕازی بێ)، پێشەنگی هاوەڵان بوون كە خەڵكیان لە قورئان و سوننەتدا شارەزاو ئاگادار كردوە، ئەوەش كە عومەر (خوا لێی ڕازی بێ)، گوتوویەتی: شتێك كە نایزانن لێی گەڕێن و، ئەوەی دەیزانن كاری پێ بكەن، ویستوویەتی خەڵك خەریكی كاركردن بە قورئان بێ، نەك لەو شتانە بكۆڵێتەوە كە نایانزانێ و كاتی خۆیان بە فیڕۆ بدەن، وەك دوایی مسوڵمانان كردیان! بە دڵنیایی ئەوەی عومەر گوتوویەتی (خوا لێی ڕازی بێ)، هەق و ڕاستەو، دیارە عومەر (خوا لێی

---

(١) ئەگەر لە ڕووی سەنەدەوە چەسپاو و ڕاست بێ.

ڕازی بێ)، زانیویەتی کە ئەو قورئانە تەنیا بۆ ڕۆژگاری ئەوان نەهاتوە، بەڵکو بۆ هەموو ڕۆژگارەکان هاتوە، بۆیە هەندێك نهێنیی تێدان، مەرج نیە ئەو کاتە دەربکەون و دوایی دەردەکەون.

٤- ئایا ئەوە بەد گومانیی نیەو لە پشت پەردەوە تەماشای کردن نیە، ئەمە بکرێتە بەڵگە، لەسەر ئەوەی ئەوان نەیانویستوە خەڵك لە قورئان تێبگات؟!، بەڕاستیی ئەوە درۆیەکی شاخدارەو گومانێکی زۆر خراپە، بەداخەوەش ئەوە نوختەی بێهێزی شیعەیە، شیعەی دوازدە ئیمامیی کە گومانیان خراپە بەرانبەر بە هاوەڵان و لە پشت پەردەی ڕەشەوە تەماشایان دەکەن، ئەگەرنا ئەو دوو هەڵوێستەی ئەبوو بەکر و عومەر، لە جیاتی خاڵی بێهێزیان بن، خاڵی بەهێزیانن، ئەبوو بەکر خوا لێی ڕازی بێ، کە دەڵێ: قسە لە شتێك ناکەم کە نایزانم، لە کتێبی خوادا، عومەریش (خوا لێی ڕازی بێ)، کە دەڵێ: ئەگەر مانای وشەی (**أب**)یشمان نەزانی، چ زیانی هەیە؟ خەریکی ئەوە بن کە دەیزانن و کاری پێ بکەن، لەوی دیکە بگەڕێن، لە ڕاستییدا ئەوە دوو هەڵوێستی زۆر زانایانەو سەر ڕاستانەو حەکیمانەن و دەبووایە مەدح بکرێن لەسەری، بەڵام هەرکات ئینسان لە پشت پەردەی ڕەشەوە تەماشای کەسێکی کرد، هەرچەندە دیمەنێکی جوانیشی هەبێ، هەر ڕەش و تاڵ دێتە بەرچاوی.

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

کاتێـك هاڕژنـە بێرەزایەکـەی قیامـەت دێ، مـرۆڤ لـە بـرای و بـابی و دایکـی و هاوسـەری و ڕۆڵەکانـی، ڕادەکات، چونکـە هـەر کەسـە بـە خۆیـەوە سـەرقاڵە، خەڵکیـش دابـەش دەبـن بـۆ دوو کۆمـەڵ: یەکەمیـان: ڕوو پڕشـنگدارانی دەم بـە پێکەنیـن و شـادمان، کـە بڕوادارانـن، دووەم: ڕوو تڵخانـی ڕەشـداگەڕاوی مەینەتبـار، کـە بێبڕوایانـی تاوانبـارن:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ فَإِذَا جَآءَتِ ٱلصَّآخَّةُ ﴿٣٣﴾ يَوْمَ يَفِرُّ ٱلْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ ﴿٣٤﴾ وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ ﴿٣٥﴾ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ ﴿٣٦﴾ لِكُلِّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ ﴿٣٧﴾ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ ﴿٣٨﴾ ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ ﴿٣٩﴾ وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ عَلَيْهَا غَبَرَةٌ ﴿٤٠﴾ تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ ﴿٤١﴾ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَفَرَةُ ٱلْفَجَرَةُ ﴿٤٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ فَإِذَا جَآءَتِ ٱلصَّآخَّةُ ﴾، ئنجا هەر کاتێك هاڕژنەکە **(الصَّاخة)** هات، **(الصَّاخة)**، دەڵێ: **(صيحة شديدة تصخُّ الأسماع أي تَصُمُّها)**، **(صاخّة)**، دەنگێکی گەورەیە، چریکەو هاڕژنێکی گەورەیە، گوێیان کەڕ دەکات، دەگوترێ: **(صخَّ يصخُّ أي: صَمَّ يَصم)**، واتە: کەڕ بوو، کەڕ دەبێ، **(صاخّة)** یەکێك لە ناوەکانی ڕۆژی دواییەو، وا پێدەچێ بە پێی ڕەوتی ئایەتەکان مەبەست پێی قۆناغی دووەمی ڕۆژی دوایی بێ، واتە: قۆناغی قیامەت، چونکە لە قۆناغی قیامەتدا مرۆڤ لە برای و دایکی و بابی و خێزانی و ڕۆڵەکانی، ڕادەکات.

٢)- ﴿ يَوْمَ يَفِرُّ ٱلْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ ﴾، ئەو ڕۆژەی مرۆڤ لە چەنگ برایەکەی ڕادەکات، **(الفرارُ)**: **(الهُرُوبُ مِن مُخِيف)**، **(فرار)** ڕاکردن و هەڵاتنە لە شتێك کە مەترسیی لێ دەکرێ.

٣)- ﴿ وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ ﴾، هەروەها لە دایکیشی و لە بابیشی (ڕادەکات).

٤)- ﴿ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ ﴾، دیسان لە هاوژینەکەشی و لە کوڕەکانیشی (ڕۆڵەکانیشی) ڕادەکات، لێرەدا خوا ﷻ ڕیزبەندییەکەی بەو شێوەیە هێناون: ئەو ڕۆژەی مرۆڤ لە

برای و لە دایکی و لە بابی و لە هاوسەری و لە ڕۆڵەکانی، ڕادەکات بۆ لێ ڕاکردن، ئەوەی دوورترە پێشیخستووەو ئەوەی نیزیکترە، دوایخستووە، بۆچی؟

چونکە مرۆڤ ئەگەر کۆمەڵێك خەڵکی نیزیکی خۆی بە دەورەوە بێ، پێشێ دەستبەرداری ئەوەیان دەبێ، کە دوورترە، ئنجا دوایی ئەوی دی و، دوایی ئەوی دی و، لە دواجاردا دەستبەرداری ئەوەیان دەبێ کە لە هەموویان لێی نیزیکترو لە لای خۆشەویستترە، لێرەش دەفەرموێ: ئەو ڕۆژەی مرۆڤ لە برای ڕادەکات، پێشێ لە برای ڕادەکات، دوایی لە دایکی، ئنجا لە بابی، ئنجا لە هاوسەری و، کۆتاجار لە جگەر گۆشەکانی و ڕۆڵەکانی، چونکە لە هەموویان لە لای خۆشەویستترن.

بەڵام لە سوورەتی (**المعارج**)دا، ئایەتەکانی: (١١، ١٢، ١٣، ١٤)دا ڕیزبەندییەکەیان بە پێچەوانەوە دانراوە، لێرە لە دوورەوە بۆ نیزیك، بەڵام لە وێ لە نیزیکەوە بۆ دوور، لەوێ دەفەرموێ: ﴿يَوَدُّ ٱلْمُجْرِمُ لَوْ يَفْتَدِى مِنْ عَذَابِ يَوْمِئِذٍۭ بِبَنِيهِ ﴿١١﴾ وَصَـٰحِبَتِهِۦ وَأَخِيهِ ﴿١٢﴾ وَفَصِيلَتِهِ ٱلَّتِى تُـْٔوِيهِ ﴿١٣﴾ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ يُنجِيهِ ﴿١٤﴾﴾، واتە: لەو ڕۆژەدا مرۆڤی تاوانبار خۆزگە دەخوازێ لە سزاو ئازاری ئەو ڕۆژە، ڕۆڵەکانی بکاتە بەلاگێڕی، ئنجاهاوژینەکەی، هاوەڵە هاوسەرەکەی، ئنجا برایەکەی و ئەو عەشیرەتەی ئەویان گرتۆتە خۆیان و، هەر کەسێك لە زەویدا هەیە لە دۆست و ئاشناو لە دوورو نیزیك، هەموو ئەوانە بکاتە بەلاگێڕی خۆی و ئەوە دەربازی بکات.

بۆ کردنە بەلاگێڕ، مرۆڤ لەوێ کاتەکەی هێندە سەغڵەتییە، کێ نیزیکترە، ئامادەیە بیکاتە بەلاگێڕی، بەڵام بۆ لێ ڕاکردن، مرۆڤ پێشێ لە دوورترە کە ڕادەکات، ئنجا لە نیزیکەکە، تاکو کۆتایی.

٥)- ﴿لِكُلِّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ﴾، بۆ هەر مرۆڤێك لەوان لەو ڕۆژەدا، حاڵێك هەیە سەرقاڵی دەکات، (**الطبري**) لە (**قتادة**) بە ژمارە: (٣٦٥٠١)، دەڵێ: (**أُفْضِيَ إلى كل**

إنسان ما يشغله عن الناس)، بۆ هەر مرۆڤێك حاڵێك هێنراوەتە پێشێ سەرقاڵی دەكات و، بێئاگای دەكات و نایپەرژێتە سەر خەڵك؟

كە دەفەرموێ: ﴿ لِكُلِّ ٱمۡرِيٕٖ مِّنۡهُمۡ يَوۡمَئِذٖ شَأۡنٞ يُغۡنِيهِ ﴾، یانی: هەر مرۆڤێك لەوان كارێكی هەیە لەو ڕۆژەداو حاڵێكی هەیەو، ئەو حاڵەی خۆی بەسە بۆ ئەوەی گرنگیی پێ بدات و نەیپەرژێتە سەر كەسی دیكە.

٦)- ﴿ وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٖ مُّسۡفِرَةٞ ﴾، ڕووانێك لەو ڕۆژەدا گەش و جوان و درەوشاوەن.

٧)- ﴿ ضَاحِكَةٞ مُّسۡتَبۡشِرَةٞ ﴾، پێكەنیون و دڵخۆشن، موژدە پێدراون، بێگومان مرۆڤ كاتێك دڵی خۆش بێ، ڕووشی گەش دەبێ، تەنانەت پێغەمبەری خاتەم ﷺ كاتێك دڵی خۆش دەبوو، دەم و چاوی وەك پارچەیەك مانگ دەدرەوشایەوەو، ئەگەر خەفەت و ناڕەحەتییەكی ببووایە، دەم و چاوی تاریك دادەهات، بە تایبەت بۆ ئینسانی ڕاستگۆ، ئینسانێك كە ڕواڵەت و دەروونی پێكەوە جووتبن، وایەو هەر شتێك لە دڵیدا هەبێ، لەسەر دەم و چاو و ڕواڵەتیشی دەردەكەوێ، بەڵام ئینسان خاوەن دوو فلیقانەیی و دوو ڕوو، دەگونجێ ئەوەی لە دڵی داهەیە، پێچەوانەی ئەوە دەربخات، ڕقی لە كەسێك بێ، بەڵام وای پێشان بدات خۆشیدەوێ و، شتێكی خۆشبوێ، بەڵام وا دەریبخات ڕقی لێیەتی، بەڵام ئینسانی ڕاست، دڵ و زمانی یەكن، ڕواڵەت و دەروونی یەكن.

٨)- ﴿ وَوُجُوهٞ يَوۡمَئِذٍ عَلَيۡهَا غَبَرَةٞ ﴾، ڕووانێكیش لەو ڕۆژەدا هەن، تۆزو خۆڵیان لێ نیشتوە.

٩)- ﴿ تَرۡهَقُهَا قَتَرَةٌ ﴾، دوو كەڵ چۆتە سەریان. واتە: وەك چۆن كەسێك كە تۆزو خۆڵی لێ دەنیشێ و، كەسێك كە تەم و دووكەڵ دایدەپۆشێ، بەو شێوەیە دەم و چاویان تاڵخ و ناشیرینە، بێگومان لێرەدا مەبەست پێی ئەوەیە، لە دەروونیان دا خەم و ناسۆرو ناڕەحەتیی هەیەو، ئەو خەم و ناسۆرو ناڕەحەتییەش لەسەر دەم و چاویان بە شێوەیەك كە ڕەش دادەگەڕێن و تاڵخ دەبن و ناشیرین دەبن، ئاوا دەردەكەوێ.

(غُبـار)، تـۆزو خـۆڵ، ﴿قَتَرَةٌ﴾، دوو کـەڵ و ڕەشـایی، یانـی: لـە خەفـەت و ناڕەحەتییـان شـێوەی تـۆزو خـۆڵ و دووکـەڵ دەچێتـە سـەر دەم و چاویـان.

١٠)- ﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَفَرَةُ ٱلۡفَجَرَةُ﴾، ئا ئەوانەن بێبڕوایان و تاوانباران، واتە: لە ڕووی ئیمان و عەقیدەوە خراپ بوون و، بێبڕوا بوون و، لە ڕووی کردارو ئاکاریشەوە تاوانبارو لادەر بوون.

(الطبري) لـە **(إبـن زيـد)**ەوە بـە ژمـارە: (٣٦٥٠٧)، دەڵـێ: **(هَـذِهِ وُجُـوهُ أَهْـلِ النَّارِ؛ قَـالَ: وَالقَـتَرَةُ مِـنَ الغَـبَرَةِ، قَـالَ: وَهُـمَا وَاحِـدٌ؛ قَـالَ: فَأَمَّـا فِي الدُّنْيَـا فَـإِنَّ القَـتَرَةَ: مَـا ارْتَفَـعَ، فَلَحِـقَ بِالسَّـمَاءِ، وَرَفَعَتْـهُ الرِّيـحُ، تُسَـمِّيهِ العَـرَبُ القَـتَرَةَ، وَمَـا كَانَ أَسْـفَلَ فِي الأَرْضِ فَهُـوَ الغَـبَرَةُ)**.

واتـە: ئـەوە مەبەسـتی دەم و چاوەکانـی ئەوانەیـە کـە خەڵکـی ئاگـری دۆزەخـن ﴿قَتَرَةٌ﴾، لـە ﴿غَبَرَةٌ﴾یـە، هەریەکـن و یـەك شـتن {بـە قسـەی **(إبـن زيـد)**}، بـەڵام لـە دنیـادا ﴿قَتَرَةٌ﴾، بـەو تـۆزو خۆڵـە دەگوتـرێ کـە بەرزدەبێتـەوە بـەرەو سـەرێ و بـا بـەرزی دەکاتـەوە، بـەڵام ئـەوەی نـزم دەبێتـەوە بـۆ زەوی پێـی دەگوتـرێ: ﴿غَبَرَةٌ﴾.

بـەڵام مـن پێـم وایـە: ﴿غَبَرَةٌ﴾، بـە مانـای تـۆزو گـەردو خـۆڵ دێ، ﴿قَتَرَةٌ﴾ش بـە مانـای دوو کـەڵ و ڕەشـایی و تڵخایـی دێ، هـەر کەسـێك بـەس تـۆز و خـۆڵ لـە دەم و چـاوی بنیشـێ، دەم و چـاوی تڵـخ و ناشـیرین دەبـێ، چ جـای دووکـەڵ و تەنـووش لـە دەم و چـاوی بنیشـێ!.

لە کۆتایی ئەم دەرسەشماندا ئەم دەقە دێنین:

{عَـنْ سَـوْدَةَ رضي اللـه عنهـا، زَوْجِ النَّبِـيِّ ﷺ قَالَـتْ: قَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ: يُبْعَـثُ النَّـاسُ حُفَـاةً عُـرَاةً غُـرْلًا، يُلْجِمُهُـمُ الْعَـرَقُ، وَيَبْلُـغُ شَـحْمَةَ الْأُذُنِ «قَالَـتْ: قُلْـتُ: يَـا رَسُـولَ اللَّـهِ! وَاسَـوْءَتَاهُ يَنْظُـرُ بَعْضُنَـا إِلَى بَعْـضٍ، قَـالَ: «شُـغِلَ النَّـاسُ عَـنْ ذَلِـكَ» وَتَـلَا رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ: يَـوْمَ يَفِـرُّ المَـرْءُ مِـن أَخِيـهِ وَأُمِّـهِ وَأَبِيـهِ وَصَاحِبَتِـهِ وَبَنِيـهِ لِـكُلِّ امْـرِئٍ مِنْهُـمْ يَوْمَئِـذٍ شَـأْنٌ

يُغْنِيهِ، عبس: ٣٥} (أخرجه الطبراني: ٩١، قال الهيثمي (١٠/٣٣٣): رجاله رجال الصحيح غير محمد بن عباس وهو ثقة، والحاكم: ٣٨٩٨، وقال: صحيح على شرط مسلم، وأخرجه أيضًا: ابن أبي عاصم في الآحاد والمثاني: ٣٠٦٦).

واتە: دایكی بڕواداران سەوده (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێك فەرمووی: خەڵك ڕۆژی قیامەت كۆدەكرێنەوە بە پێخواسیی، بە ڕووتیی، بە خەتەنە نەكراویی، لە كاتێكدا ئارەقەیان دەگاتە چەناگەیان و، جلەویان دەكات و دەگاتە نەرمەی گوێیان، دەڵێ: منیش گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! ئەی هاوار بۆ ئێمە، هەندێكمان تەماشای هەندێكمان دەكەین!، ئەویش فەرمووی: خەڵك لەو ڕۆژەدا سەرقاڵ دەكرێن لەوە، (نایانپەڕژێتە سەر ئەوە)، دوایی ئەو ئایەتانەی خوێندنەوە: ﴿يَوْمَ يَفِرُّ ٱلْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ ﴿٣٤﴾﴾، تا كۆتایی.

لێرەدا كۆتایی بە تەفسیری سوورەتی (عبس) دێنین و، لە خوای پەروەردگار داواكارین یارمەتییمان بدات بە لوتف و كەرەمی خۆی، هەرچی زیاتر لەو فەرمایشتەی كۆتایی خوا تێبگەین و بە هۆیەوە پێبگەین و، هەم خۆمان پێ پاك و چاك بكەین و، هەم دەوروبەریشمانی پێ پاكسازیی و چاكسازیی بكەین.

خوا بە بەزەیی خۆی یارمەتییمان بدات، بە شێوەیەك ئەم ژیانی دنیایەمان بگوزەرێنین، لە ڕۆژی دوایی دا لەو كەسانە بین، دڵخۆشن دەم بە پێكەنین و، ڕوو درەوشاوەو گەش دەبن و، بمانپارێزێ لەوەی تەمی خەم لەسەر دەم و چاومان بنیشێ و، داخ و خەفەت و حەسرەت هەڵكێشین، لەسەر ئەوەی ژیانی دنیامان بە جۆرێك بەڕێكردوە، خوا پێی ناخۆش بووەو، خۆشمان لێی چووینە زەرەرێ.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

تەفسیری سوورەتی

التَّكْوِيرِ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمـڕۆ (١٨)ی مانگــی (**ذي القعـدة**)ی سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچیــی، بەرانبــەر (٩)ی حوزەیرانــی ســاڵی (٢٠٢٠)ی زاینییــە، خـوا پشــتیوان بــێ دەســت دەکەیــن بــە تەفســیرکردنی ســوورەتی (**التکویــر**).

پێناسەی سوورەتی (التکویر) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی:

ئـەم سـوورەتە زیاتـر بـە (**سـورة التكويـر**) نـاسراوە، بـەڵام هـەرکام لـە: (**سـورة** إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ) و (**سـورة كورت**)یشــی بــۆ بەکارهێـنراوە، لـەو بارەشـەوە ئـەم دەقـە دێنیـن:

عەبدوڵـڵای کـوڕی عومـەر (خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ)، دەگێڕێتـەوە، کـە پێغەمبــەری خــوا ﷺ فەرموویەتــی: {**مَــنْ سَرَّهُ أَنْ يَنْظُــرَ إِلَى يَــوْمِ الْقِيَامَــةِ كَأَنَّــهُ رَأْيُ عَــيْنٍ، فَلْيَقْــرَأْ:** ﴿إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ ١﴾، ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتۡ ١﴾، ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ ١﴾} (**أخرجـه أحمـد: ٤٨٠٦، قـال الهيثمـي ج٧، ص١٣٤: رواه أحمـد بإسـنادين ورجالهـما ثقـات، والترمـذي: ٣٣٣٣، وقـال: حسـن غريـب، والحاكـم: ٨٧١٩، وقـال: صحيـح الإسـناد، وأبـو نعيـم في الحليـة ج٩، ص٢٣١**).

واتــە: هــەر کەسـێك پێیخۆشـە، تەماشـای ڕۆژی قیامـەت بـکات، وەك ئـەوەی بـە چـاو ببینــێ (بــە چـاوی ســەر) بـا ســوورەتی: ﴿إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ ١﴾، و ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتۡ ١﴾، و ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ ١﴾، بخوێنێتــەوە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ئەم سووڕەتە مەککەییە بەبێ ڕاجیایی، لەو بارەشەوە ئەم دەقە هەیە:

(عَنْ عَبْد اللهِ بْنِ عَبَّاسٍ ﷺ: نَزَلَتْ سُورَةُ إذَا الشَّمْسُ كُوِّرت بِمَكَّةَ)(ذكره السيوطي في الدر المنثور: ج٨، ص٤٢٥، ونسبه لابن الضريس والنحاس وابن مردويه والبيهقي، وقال: أخرج ابن مردويه عن عبد الله بن الزبير رضي الله عنهما، وعائشة رضي الله عنها مثله)[1].

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﷺ گوتوویەتی: سووڕەتی ﴿إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ ۝١﴾، لە شاری مەککە دابەزیوە.

هەروەها **(السيوطي)** هەمان قسەی لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر ﷺو، لە عائیشە (دایکی بڕواداڕانەوە)ش (خوا لێی ڕازی بێ) هێناوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

ئەم سووڕەتە موبارەکە لە (مصحف)دا، ڕیزبەندییەکەی ژمارە (٨١)ە، لە سووڕەتی **(فاتحة)**ەوە کە دێی، لە دابەزینیشدا ژمارەکەی حەوت (٧)یان بۆ داناوە، پێش سووڕەتی **(الأعلى)** و دوای سووڕەتی **(الفاتحة)** دابەزیوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سووڕەتە بە بیست و نۆ (٢٩) دانراوە، نەمزانیوە ڕاجیاییەك لەو بارەوە هەبێ.

---

(١) وێڕای (الدر المنثور)، لە کتێبی: (الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ص٥٠٠)یش دا هاتوە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئەم سوورەتە دوو بابەتی گەورەو گرنگی گرتوونە خۆی:

بابەتـی یەکـەم: باسـی ڕۆژی دوایـی بـە هـەردووك قۆناغـی ئاخیـر زەمـان و قیامەتـەوە، کـە هـەر کامیان بە شـەش لـە ڕووداوە گـەورەو گرنگەکانیان وەسـفکراون، لـە ئایەتەکانـی: (١ - ١٤)دا.

بابەتـی دووەم: باسـی قورئـان و هێنرانـی لـە لایـەن جیبریلـەوە بـۆ پێغەمبـەر ﷺ و، وەسـفکرانی جیبریـل بـە شـەش سـیفەتی گـەورەو گرنگـی و، پووچەڵکردنـەوەی تۆمەتـی شـێتیی پاڵدانـە لای موحەممـەد ﷺو، قسـەی شـەیتان بـوون پاڵدانـە لای قورئـان.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە، چوار تایبەتمەندییمان کەوتوونە بەرچاو:

١- وەسفکردنی هەردووك قۆناغی ڕۆژی دوایی، یەکی بە شەش (٦) سیفەت.

٢- پێناسەو وەسفی جیبریل بە شەش (٦) سیفەتی بەرزی.

٣- کورتهەڵێنانی ئامانجی نێررانی قورئان لەوەدا، کە خەڵکی ڕێك و ڕاست بن.

٤- چەند وشەو تەعبیرێك کە تەنیا لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوون:

١- ﴿ كُوِّرَتۡ ﴾.

٢- ﴿ ٱنكَدَرَتۡ ﴾.

٣- ﴿ وَإِذَا ٱلۡعِشَارُ عُطِّلَتۡ ﴾.

٤- ﴿ سُجِّرَتۡ ﴾.

٥- ﴿ ٱلْمَوْءُۥدَةُ ﴾.

٦- ﴿ كُشِطَتْ ﴾.

٧- ﴿ بِٱلْخُنَّسِ ﴾.

٨- ﴿ ٱلْكُنَّسِ ﴾.

٩- ﴿ عَسْعَسَ ﴾.

١٠- ﴿ بِٱلْأُفُقِ ٱلْمُبِينِ ﴾.

١١- ﴿ بِضَنِينٍ ﴾، (بظنين)، به (ضاد) و (ظاء).

١٢- ﴿ لِمَن شَآءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ ﴾.

حەوتەم و کۆتایی: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمە کۆی بیست و نۆ (٢٩) ئایەتەکەی ئەم سوورەتە موبارەکە دەکەینە، یەك دەرس، کە دوو تەوەری سەرەکییە:

تەوەری یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ١٤)، خستنە ڕووی دوازدە (١٢) لە نیشانەکانی ڕووداوی ڕۆژی دوایی، لە هەر دووك قۆناغی ئاخیر زەمان و قیامەتداو، سەرەنجامەکەی.

تەوەری دووەم: ئایەتەکانی: (١٥ - ٢٩)، سێ سوێند خواردنی خوا ﷻ لەسەر ئەوەی قورئان قسەی جیبریلەو، خوا پێیدا ناردوە بۆ موحەممەد ﷺو، وەسفی جیبریل بە شەش سیفەت، پاشان پووچەڵکردنەوەی تۆمەتی شێتیی بۆ موحەممەد ﷺ و، تۆمەتی قسەی شەیتان بوون بۆ قورئان و، خستنەڕووی ئامانجی دابەزێرانی قورئان، کە بریتیە لەوەی خەڵك ڕێك و ڕاست بن.

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە بیست و نۆ (٢٩) ئایەتەکەی ئەم سوورەتە، (**سورة التكوير**) پێك دێ، کە وەك باسمان کرد، دوو بابەتی سەرەکیی دەخەنە ڕوو:

بابەتی یەکەم: لە ئایەتەکانی: (١ - ١٤)دا، لە بارەی ڕۆژی دوایییەوە، خوا ﷻ شەش وەسف لە بارەی قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دوایی، کە ئاخیر زەمانەو، تێکچوونی ئەم گەردوونەیە کە ئێمە دەیبینین، خوا شەش ڕووداوی لەوە خستوونەڕوو، لە بارەی قیامەتیشەوە دیسان شەش سیفەتی دیکەی خستوونەڕوو، بە هەردووکیان دەبنە دوازدە (١٢)، سەرەنجامەکەشی ئەوەیە: ﴿عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّآ أَحْضَرَتْ﴾، هەموو کەس زانی چی ئامادە کردوە؟

بابەتی دووەم: لە ئایەتەکانی: (١٥ - ٢٩)دا، واتە: پازدە (١٥) ئایەت، کە خوا ﷻ تێیان دا باسی وەحیی ناردنی بۆ موحەممەد ﷺ دەکات لە ڕێی جیبریلەوەو، جیبریل ﷺ بە شەش لە سیفەتە بنەڕەتییەکانی پێناسە دەکات، دوایی خوا ﷻ تۆمەتی شێتیی پاڵدرانە لای موحەممەد ﷺ پووچەڵ دەکاتەوە، دوایی تۆمەتی قسەی شەیتان بوونی قورئان، دەپووچێنێتەوەو، ڕایدەگەیەنێ کە خوا ئەم قورئانەی دابەزاندوە، بیرەخەرەوەو پەندو ئامۆژگاریی بێ بۆ هەموو جیهانییان، بۆ هەر کەسێك بیەوێ ڕێك و ڕاست بێ، لەگەڵ خۆی و، لەگەڵ خوا و، لەگەڵ خەڵکداو، دەروونی و ڕواڵەتی و دڵی و قسەی و کردەوەی، ڕێك و ڕاست بن، ڕاستە ڕێی خوا لە دوو توێی کۆتا فەرمایشتی، لەبەر دەستی دایە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ ﴿١﴾ وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتۡ ﴿٢﴾ وَإِذَا ٱلۡجِبَالُ سُيِّرَتۡ ﴿٣﴾ وَإِذَا
ٱلۡعِشَارُ عُطِّلَتۡ ﴿٤﴾ وَإِذَا ٱلۡوُحُوشُ حُشِرَتۡ ﴿٥﴾ وَإِذَا ٱلۡبِحَارُ سُجِّرَتۡ ﴿٦﴾ وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ
زُوِّجَتۡ ﴿٧﴾ وَإِذَا ٱلۡمَوۡءُۥدَةُ سُئِلَتۡ ﴿٨﴾ بِأَيِّ ذَنۢبٖ قُتِلَتۡ ﴿٩﴾ وَإِذَا ٱلصُّحُفُ نُشِرَتۡ ﴿١٠﴾ وَإِذَا
ٱلسَّمَآءُ كُشِطَتۡ ﴿١١﴾ وَإِذَا ٱلۡجَحِيمُ سُعِّرَتۡ ﴿١٢﴾ وَإِذَا ٱلۡجَنَّةُ أُزۡلِفَتۡ ﴿١٣﴾ عَلِمَتۡ نَفۡسٞ مَّآ أَحۡضَرَتۡ
﴿١٤﴾ فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلۡخُنَّسِ ﴿١٥﴾ ٱلۡجَوَارِ ٱلۡكُنَّسِ ﴿١٦﴾ وَٱلَّيۡلِ إِذَا عَسۡعَسَ ﴿١٧﴾ وَٱلصُّبۡحِ إِذَا تَنَفَّسَ ﴿١٨﴾
إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ﴿١٩﴾ ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٖ ﴿٢٠﴾ مُّطَاعٖ ثَمَّ أَمِينٖ ﴿٢١﴾ وَمَا صَاحِبُكُم
بِمَجۡنُونٖ ﴿٢٢﴾ وَلَقَدۡ رَءَاهُ بِٱلۡأُفُقِ ٱلۡمُبِينِ ﴿٢٣﴾ وَمَا هُوَ عَلَى ٱلۡغَيۡبِ بِضَنِينٖ ﴿٢٤﴾ وَمَا هُوَ بِقَوۡلِ شَيۡطَٰنٖ
رَّجِيمٖ ﴿٢٥﴾ فَأَيۡنَ تَذۡهَبُونَ ﴿٢٦﴾ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴿٢٧﴾ لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن يَسۡتَقِيمَ ﴿٢٨﴾
وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٢٩﴾﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. هەر کات خۆر پێچڕایەوە (و کوژێنرایەوە)
(١) هەر کاتیش ئەستێرەکان هەڵوەرین (و پرژان) (٢) هەر کاتیش چیایەکان
ڕۆێنران (و هەڵکەنران) (٣) هەر کاتیش (ماڵی بە قیمەت وەك) حوشترانی
ئاوس (دەی مانگە) پەکخران (و وێڵ کران) (٤) هەر کاتیش (ئاژەڵە) کێوییەکان
کۆکرانەوە (٥) هەر کاتیش دەریایەکان گڕیان بەردرایە (٦) هەر کاتیش
نەفسەکان (لەگەڵ جەستەکانیان دا) جووت کران (٧) هەر کاتیش کچی زیندە
بە چاڵکراو لێپرسرا (٨) بە چ گوناهێك کوژراوە؟ (٩) هەر کاتیش نامەکان (ی
کردەوان) کرانەوە (١٠) هەر کاتیش ئاسمان کەوڵکرا (١١) هەر کاتیش دۆزەخ
نێڵ درا (١٢) هەر کاتیش بەهەشت وەنیزیك خرا (١٣) هەموو کەس زانی چی

ئامادە کردووە (لە چاکەو خراپە) ﴿١٤﴾ وانیە (وەك ئێوەی بێبڕوا دەڵێن:) سوێند دەخۆم بە (ئەستێرە) خۆ پەنهانکەرەکان ﴿١٥﴾ خیرا ڕۆیشتووە خۆ پەنادەرەکان ﴿١٦﴾ هەروەها سوێند بە شەوگار کە ڕادەبرێ ﴿١٧﴾ دیسان سوێند بە بەرەبەیان کە (شەبەق دەدات و) هەناسە دەداتەوە ﴿١٨﴾ بە دڵنیایی ئەو (قورئانە) قسەی نێرراوێکی بەڕێزو پەسندە ﴿١٩﴾ خاوەن هێزە، لە لای (خوای) خاوەن عەرش پێگەدارە ﴿٢٠﴾ لەوێ (لە ئاسمان) فەرمانبەرییکراوی ئەمیندارە ﴿٢١﴾ (بە دڵنیایی) هاوەڵەکەشتان (موحەممەد ﷺ) شێت نیە (وەك لاف لێدەدەن) ﴿٢٢﴾ بێگومانیش (موحەممەد) ئەو (جیبریل)ی لە ئاسۆی ڕوون دا (لەسەر شێوەی خۆی) بینی ﴿٢٣﴾ هەروەها ئەو (موحەممەد) لەسەر گەیاندنی (هەواڵی) نادیار چرووك نیە ﴿٢٤﴾ ئەو (قورئان)ەش قسەی شەیتانێکی نەفرینکراو نیە (وەك لاف لێدەدەن) ﴿٢٥﴾ ئنجا بەرەو کوێ دەڕۆن؟ ﴿٢٦﴾ ئەمە تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ جیهانییان ﴿٢٧﴾ بۆ هەر کامێك لە ئێوە بیەوێ ڕێك و ڕاست بێ ﴿٢٨﴾ ناشتانەوێ مەگەر خوای پەروەردگاری جیهانییان بیەوێ ﴿٢٩﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(**كُوِّرَتْ**): (**كَوْرُ الشَّيءِ: إدَارَتُهُ، وَضَمُّ بَعْضِهِ إلى بَعْضٍ كَكَوْرِ العِمَامَةِ، (يَكَوِّرُ اللَّيلَ عَلَى النَّهَار ويكوِّر النهار على الليل)**، (كَور)، واتە: سووڕاندنی شتێک و ئەوە کە شتێك هەندێکی بخرێتەوە سەر هەندێکی، وەك پێچەکانی مێزەر، خوا دەفەرموێ: ﴿يُكَوِّرُ ٱلَّيۡلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ وَيُكَوِّرُ ٱلنَّهَارَ عَلَى ٱلَّيۡلِ ﴿٥﴾﴾الزمر، شەوگار بە دەوری ڕۆژگاردا دەسووڕێنێ و، ڕۆژگاریش بە دەوری شەوگاردا دەپێچێ، دەگوترێ: (**طَعَنَهُ فَكَوَّرَهُ**)، واتە: لێیداو خڕی کردەوە، کەوتە سەریەك.

(**ٱنكَدَرَتۡ**): (**الكَدَرُ ضِدُّ الصَّفَاءِ**)، (**كَدَر**) پێچەوانەی (**صَفَاء**)ەو، (**صفاء**)یش واتە: ڕوونیی، بەڵام (**كَدَر**)، واتە: لێڵیی، (**عَيْشٌ كَدِر**)، ژیانێکی لێڵ (**وَالكُدْرَةُ فِي اللَّوْنِ

خَاصـة)، (**كُـدْرَة**): زیاتـر بـۆ ڕەنـگ بەکاردەهێـنرێ، ڕەنگـی خاکیـی (**الإنْكِـدَارُ: تَغِيـيرُ وانْتِشَـارُ الـشَّيءِ**)، شـتێك کـە دەگـۆڕێ و پـرژو بـڵاو دەبـێ، پێـی دەگوتـرێ: (**إنْكَـدَرَ**)، واتـە: پـرژا.

(**ٱلْعِشَارُ**): (**العِشَار جَمْـع عُـشَرَاء وَهِـيَ نَاقَـةٌ مَـرَّتْ مِـن حَمْلِهـا عَشْرَة أشْـهُرٍ**)، (**عِشَـار**) کـۆی (**عُـشَرَاء**)ە، زەیسـتاندار (**نِفَـاس**)، کـۆی (**نُفَسَـاء**)ە، ئنجـا (**عُـشَرَاء**)، حوشـترێك کـە دە مانـگ بەسـەر ئـاوس بوونییـدا تێپەڕیبـێ و حوشـتریش بـە دە (١٠) مانگیـی دەزێ.

(**عُطِّلَتْ**): پەکخـرا، ویڵکـرا، (**العَطَـلُ: فُقْـدَانُ الزِّيْنَـةِ وَالشُّـغْلِ**)، (**عَطَـل**): بریتیـە لـە نەمانـی جوانیـی و نەمانـی ئیـش، دەگوتـرێ: (**عَطَّلْتُـهُ مِـنَ العَمَـلِ، فَتَعَطَّـلَ، وَعَطَّـلَ الـدَّارَ عَـنْ سَـاكِنِيهَا، وَالإِبِـلَ عَـنْ رَاعِيهَـا**)، (**عَطـل**): نەمانـی جوانیـی و نەمانـی ئیـش و کارو سـەرقاڵییە، دەگوتـرێ: (**عَطَّلْتُـهُ مِـنَ العَمَـلِ**) واتـە: لـە ئیشـەکەی پەکـم خسـت و لامـدا، ئەویـش بـێ ئیـش بـوو، هەروەهـا دەگوتـرێ: خانووەکـەی لەوانـەی تێیـدا نیشـتەجێ بـوون، چۆڵکـردو، وایکـرد حوشـترەکان شـوانەکەیان نەمێنـێ، (ئەو کەسـەی دەیانلەوەڕێنـێ و ئـاگای لێیانـە).

(**ٱلْوُحُوشُ**): (**الوَحْـشُ خِـلاَفُ الأُنْـسِ، وَتُسَـمَّى الحَيْوَانَـات الَّتِـي لاَ أُنْـسَ لَهَـا بالإِنْـسِ: وَحْشَـاً وَالجَمْـعُ وُحُـوش**)، (**وحـش**): پێچەوانـەی (**أُنْـس**)ە، (**أُنْـس**)، واتـە: ماڵیـی، کەویی، (**وَحْـش**)، واتـە: کێویـی، ئـەو ئاژەڵانـەی لەگـەڵ مـرۆڤ دا هەڵناکـەن و دەسـتەمۆ نابـن، پێیـان دەگوتـرێ: (**وَحْـش**) و کۆیەکـەی (**وُحُـوش**)ە، ئاژەڵـە کێوییـەکان.

(**سُجِّرَتْ**): (**السَّـجْرُ: تَهْيِيـجُ النَّـارِ، سَـجَرْتُ التَّنُّـورَ، سُـجِّرَت: أُضْرِمَـت النَّـار**)، (**سـجر**): بریتیـە لـە ئاگـر خۆشـکردن، دەگوتـرێ: (**سَـجَرْتُ التَّنُّـورَ**)، واتـە: تەندوورەکـەم خۆشـکرد، ئاگـرم دایەبـەر، (**سُـجِّرَت**)، (**أُضْرِمَـت النَّـار**)، واتـە: ئاگـری تێبـەردرا.

(**زُوِّجَتْ**): (**قُرِنَـتِ الأَرْوَاحُ بأَجْسَـادِهَا، أو قُـرِنَ كُلُّ شِـيْعَةٍ بِمَـنْ شَـايَعَهُمْ فِي الجَنَّـةِ وَالنَّـار**)، (**زُوِّجَـت**): بـە مانـای جووتکـرا، ﴿ وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتْ ﴾، کاتێـك نەفسـەکان جووتکـران، یـان مەبەسـت پێـی جووتکرانیانـە لەگـەڵ جەسـتەکانیاندا، {کـە لـە

قیامەتدا هەڵدەستنەوە}، یان مەبەست ئەوەیە هەر کەسە کەسێك کە لە دنیادا لەگەڵیدابووەو پێکەوە بوون، پێکەوە جووت دەکرێن و دەخرێنەوە لای یەك.

(ٱلۡمَوۡءُۥدَةُ): زیندە بە چاڵکراو، (وَأَدَ بِنْتَهُ: دَفَنَهَا حَيَّةً، فَهِيَ مَوْءُودَةٌ، وَكَانَت كِنْدَةُ تَئِدُ البَنَاتِ)، کچەکەی خۆی بە زیندوویی خستە ژێر خاك، (فَهِيَ مَوْءُدَةٌ)، ئەو زیندە بە چاڵکراوە، هۆزی کیندەش عادەتیان وابووە کچیان زیندە بە چاڵ کردوون، {بەڵام لە هۆزی دیکەش دا، ئەو حاڵەتە هەر بووە، وەك دوایی باسی دەکەین}.

(نُشِرَتۡ): (نَشَرَ المَتَاعَ: بَسَطَهُ)، (نُشِرَت): بڵاوکرایەوە، (نَشَرَ المَتَاعَ)، کەل و پەلەکەی بڵاوکردەوە، (أَنْشَرَهُ: أَحْيَاهُ)، (أَنْشَرَهُ)، زیندووی کردەوە.

(كُشِطَتۡ): (كَشَطَ الجُلَّ عَنْ ظَهْرِ الفَرَسِ، وَالغِطَاءَ عَنِ الشَّيء: كَشَفَهُ عَنْهُ)، ئەو جلەی دەخرێتە سەر پشتی ئەسپ (پێش ئەوەی زین بکرێ)، هەروەها ئەو پۆشاکەی دەخرێتە سەر هەر شتێك، ئەگەر جلەکەت لابردو، ئەو پۆششەت لابرد، پێی دەگوترێ: (كَشْط)، (كَشَطَ البَعِيْرَ: نَزَعَ جِلْدَهُ)، حوشترەکەی کەوڵکرد، پێستەکەی لێ دارنی.

(سُعِّرَتۡ): (السَّعر: إلتِهَابُ النَّار)، (سَعْر): یانی: ئاگر خۆشبوون، دەگوترێ: (سَعَرْتُهَا وَسَعَّرْتُهَا وَأَسْعَرْتُهَا)، هەر سێك کارەکە بە مانای ئاگرەکەم خۆشکرد (المِسْعَرُ: الخَشَبُ الذِي يُسْعَرُ بِهِ)، (مِسْعَر): ئەو دارەیە کە ئاگری پێ خۆش دەکرێ، ئەو بزووتەیە ئاگرەکەی پێ خۆش دەکرێ، (مقاش)ی بۆ بەکاردێنین، کە دوو پارچە ئاسنی پێکەوە لکاون.

(أُزۡلِفَتۡ): (الزُّلْفَةُ: المَنْزِلَةُ وَالحُظْوَةُ)، (زُلْفَة): بریتیە لە پێگەو نیزیکیی لە کەسێك.

(أَحۡضَرَتۡ): (الحَضَرُ خِلاَفُ البَدْوِ، وَالحَضَارَةُ وَالحِضَارَةُ: السُّكُون بالحَضَرِ، ثُمَّ جُعِلَ ذَلِكَ اسْمَاً لِشَهَادَةِ مَكَانٍ أو إنْسَان أو غَيْرِهِ، أَحْضَرَ الشَّيءَ: أَتَى بِهِ، أَحْضَرَ فُلاناً الشَّيءَ: أَتَاهُ بِهِ)، (حَضَرْ): پێچەوانەی (بدو)ە، واتە: بیابانشین، بەڵام (حَضَرْ)، یانی:

شارنشـین، (حَضَـارَة) و (حِضَـارَة)ش، یـانی: نیشـتەجێ بوونـی شـار، وەك (بَـدَاوة) و (بِـدَاوة)، واتـە: بیابانشـین، دوایـی ئـەو وشـەیان بەکارهێنـاوە بـۆ ئامـادە بـوون لـە شـوێنێك، یاخـود لـە لای کەسـێك، دەگوتـرێ: (أَحْـضَرَ الـشَّيءَ: أَتَى بِـهِ)، شـتەکەی هێنـا، بـەڵام ئەگـەر بگوتـرێ: (أَحْـضَرَ فُلانـاً الـشَّيءَ: أَتَـاهُ بِـهِ)، یـانی: فـڵان شـتەی بـۆ فڵانکـەس هێنـا.

(بِٱلْخُنَّسِ): (خَنَـسَ: انْقَبَـضَ وَرَجَـعَ وَاسْـتَخْفَى)، خـۆی گـرژ کـردو گەڕایـەوەو خـۆی پەنهانکـرد، دەگوتـرێ: (أَخْنَسْـتُ حَقَّـهُ: أَخَّرْتُـهُ، خُنَّـس جَمْـعُ خَانِـس، مِثْـل رُكَّـع جمـع رَاكِـع)، (أَخْنَسْـتُ حَقَّـهُ) مافەکەیـم دواخسـت، (خُنَّـس)، کـۆی (خَانِـس)ە، هەروەهـا کـۆی (خانسة)شـە، وەك (رُكَّـع) کـۆی (راكـع)ەو کـۆی (راكعة)شـە، (خَنَـسَ إِبْهَامَـهُ خُنُوسَـاً: قَبَضَهَـا)، واتـە: پەنجـە نوشـتاندنەوە، یاخـود بـە خۆیـەوە لکانـد.

(ٱلْجَوَارِ): (جَمْعُ جَارِيَـة مِـنَ الجَـرِي)، (جـواري) کـۆی (جارية)یـە، ڕۆیشـتوو، ئەویـش لـە (جري)یـەوە هاتـوە، (الجَـرِي: المَـرُّ السَّرِيـعُ)، ڕۆیشـتنی خێـرا.

(ٱلْكُنَّسِ): (جَمْـعُ كَانِـس وَكَانِسَـة، كَرُكَّـع)، (كُنَّـس) کـۆی (كَانِـس و كَانِسَـة)یە، وەك (رُكَّـع) کـۆی کـە (رَاكِـع و رَاكِعَة)یـە، دەگوتـرێ: (كَنَـسَ الظَّبْـيُ، مِـنَ بَـابِ، نَـزَلَ: دَخَـلَ كِنَاسَـهُ، وَهُـوَ بَيْتَـه الـذي يَتَّخِـذَهُ مِـنْ أغصـان الشَّـجَرِ)، ئەگـەر ئاسـك بچێتـە کونەکـەی خۆیـەوە، شـوێنەکەی خـۆی کـە لـە لـق و پۆپـی دارو درەخـت دروسـتی دەکات، دەگوتـرێ: (دَخَـلَ كِنَاسَـهُ)، چـووە شـوێنەکەی خـۆی، هێلانەکـەی خـۆی، (كَنَـس) لەسـەر کێـشی (نَزَلَ)یـە.

(عَسْعَسَ): (أي: أَدْبَـرَ ظَلاَمُـهُ، وَأَقْبَـلَ)، (عَسْـعَسَ): تاریکییەکـەی ڕۆیشـت، هەروەهـا: هـات، ئەمـە یەکێکـە لـەو وشـانەی دوو واتـای پێکـەوە دژی هـەن و، بـە پێـی سـیاق دەزانـرێ کام مانایـە مەبەسـتە؟.

(تَنَفَّسَ): (أَضَـاءَ وَتَبَلَّـجَ، وَأَصْـلُ التَّنَفُّـسِ خُـرُوجُ النَّفَـسِ مِـنَ الجَـوْفِ)، (تَنَفُّـس): بـە مانـای ڕوون و ڕۆشـن بـوو، وشـەی (تَنَفُّـس): لـە ئەسـڵدا بریتیـە لـە دەرچوونـی

هەناسە لە هەناوی مرۆڤ، ئەو شنەبایەش کە دێ لەگەڵ هاتنی بەیانیی دا، وەك هەناسەدان بۆ ڕۆژگار دانراوە.

(مَكِينٍ): (أي: **مُتَمَكِّنٌ ذِي قُدْرَة وَمَنْزِلَة**)، (مَكِين): یانی: چەسپاوو خاوەن پێگەو خاوەن پلە، (**مَكِنَاتُ الطَّيْرِ وَمَكُنَاتُهَا: مَقَارُّهَا**)، ئەو شوێنانەی باڵندە تێیاندا نشتەجێ دەبن، هێلانەکانیان.

(مُّطَاعٍ ثَمَّ): لەوێ بە قسە کراوە، فەرمانبەریی بۆ کراوە، (**الطَّوْعُ: الإنقيادُ ويُضَادُّه الكُرْهُ**) (**طَوْع**): بە مانای ملکەچیی دێ و پێچەوانەکەی (**كُرْه**)ە، واتە: پێناخۆش نابوون، (**مُطَاع مَنْ يُقَدَّمُ لَهُ الطَّاعَة**)، کەسێك فەرمانبەریی بۆ بکرێ، (**ثَمَّ**) لەوێ (**هناك**)، (**ظَرْفُ مَكَان**)، ناوی شوێنەو مەبەست پێی کۆمەڵی سەرتر (**الملأ الأعلى**)ە، ئەو شوێنەی فریشتە پێگەدارو بەرزەکانی لێن.

(أَمِينٍ): (**الذِي يَحْفَظُ مَا عُهِدَ لَهُ بِهِ، حتى يؤَدِّيَهُ دون نَقْص ولا تغيير**)، (**أمين**): ئەو کەسەیە ئەوەی پێی سپێردراوە، دەیپارێزێ بەبێ کەم و کووڕیی و گۆڕانکاریی، (**وهو فعيل بمعنى مفعول**)، وشەی: (**أمين**) لەسەر کێشی (**فعيل**)ەو، بە مانای (**مفعول**)ە، واتە: (**مأمون**)، (**أَمِنَهُ عَلَى كَذَا، فَهُوَ مَأْمونٌ**) واتە: لێی دڵنیابوو لە بارەی فڵانە شتەوە، بۆیە ئەو جێی دڵنیاییە، کە ئەو کارەی پێ بسپێردرێ، (**أو صِفَة مشَبَّهَة مِنْ (أَمُنَ)، إِذَا صَارَتِ الأَمَانَةُ سَجِيَّةً لَهُ**)، یان سیفەتێکی چوێنراوە بە کردارەوە و لە (**أَمُنَ**)وە هاتوە، هەر کاتێك دەستپاکیی بوو بە ڕەوشتێکی ڕیشەدار، لەودا (ئەو وشەیەی بۆ بەکاردێ).

(بِٱلۡأُفُقِ): (**أُفُق**) کۆیەکەی (**آفَاق**)ە، (**أُفُق**)، بە کوردیی: ئاسۆ، (**آفاق**)، واتە: ئاسۆیەکان، لالایەکان (**الأُفُق: جَمْعُهُ آفَاق، النَّاحِيَة وَالنَّوَاحِي، والأُفُقُ: الذِي يَبْلُغُ النِّهَايَةَ فِي الكَرَمِ، تَشْبِيهاً بالأُفُقِ الذَاهِبِ فِي الآفَاقِ**)، (**أُفُق**): بەو کەسەش دەگوترێ لە بەخشندەییدا گەیبێتە قۆناغی کۆتایی، چوێنراوە بە ئاسۆیەکەوە کە لە نێو ئاسۆیەکاندا دەڕوات، واتە: سنوورەکەی دیار نیە.

(بِضَنِينٍ): (يَعْنِـي: ببَخِيـل، الضِّنَّـةُ: البُخْـل بالـشيء النفيـس)، (ضَـنَّ): بـە مانـای چرووکیـی و دەستنووقاندن و، نەبەخشـین دێ، بـەڵام نەبەخشـینی شـتێکی بـە نـرخ، دەگوتـرێ: (ضَنَنْـتُ بالـشيء، ضَنَّـاً وَضَنَانَـةً، وَقِيـل ضَنِنْـتُ بالـشَّيء)، واتـە: ئـەم شـتەم نـە بەخشـیی و پێـم شـتێکی چـاك و گرنـگ بـوو، دڵـم لەبـەری نەبـۆوە ببیەخشـم، هەندێکیـش گوتوویانـە: کـردار (فعل)ەکـەی بریتیـە لـە (ضَنِنْـتُ)، نـەك (ضَنَنْـتُ).

ئـەم وشـەیە بـە (ظَنِينٍ)یـش خوێندراوەتـەوە، واتـە: بـە خوشـکی طـاء (الأخـت الطـاء) ئـەو کاتـەش بـە مانـای (مُتَّهَـم) تۆمەتبـار کـراو، دێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

بەڕێـــزان!

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە چـوارده (١٤) ئایەتـی یەکەمیـدا، خـوا ﷻ باسـی ڕۆژی دوایـی دەکات و، لـە پـازده (١٥) ئایەتـی دووەمیشـی دا، باسـی سرووشـکردنی بـۆ پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ لـە ڕێـی جیبریلـەوەی کـردوە.

خـوا دەفەرمـوێ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ) واتـە: بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، یـانی:

دەست بە خوێندنی ئەم قورئانە دەکەم (یان هەر کارێکی دیکە) بە ناوی خواوە.

ئەم کارە بۆ خوا ئەنجام دەدەم.

بە پێی بەرنامەی خوا، ئەم کارە دەکەم.

ئەم کارە دەکەم، بە وزەو توانایەك کە خوا بۆی ڕەخساندووم،

﴿إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ﴾، هـەر کات خـۆر پێچرایـەوە، (تکویـر)، بـە مانـای پێچرانـەوە دێ، کاتێـك خـۆر دەپێچرێتـەوە، یـانی: تاریـك دادێ، هەندێکیـان (تکویـر) یـان بـە

تاریك داهاتن، لێكداوەتەوە، ﴿ وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتۡ ﴾، هەر كاتێك ئەستێرەكانیش هەڵوەرین (پرژان)، ئەستێرەكانیش كاتێك دێ دەپرژێن و هەڵدەوەرن و، ئەوانیش ئەو گەرمیی و تیشكەیان نامێنێ، بۆیە ڕوونكەرەوان هەندێكیان (كدُرت)یان بە: تاریك داهاتن، لێكداوەتەوە، ﴿ وَإِذَا ٱلۡجِبَالُ سُیِّرَتۡ ﴾، هەر كاتێك چیایەكانیش ڕۆێنران، لە شوێنی خۆیان بران و، جووڵێندران، ئەوە قۆناغی یەكەمی نەمانی چیایەكان، قۆناغێكی دیكەش ئەوەیە كە وردو خاش دەبن و پێك دادەرێن و، دەبنە تۆزو گەردی وەك تراویلكە، ﴿ وَإِذَا ٱلۡعِشَارُ عُطِّلَتۡ ﴾، هەر كاتێك حوشتری ئاوسی دە مانگەش وێڵكرا، پشت گوێ خرا، كە ئەو كاتەو ئێستاش لە لای عەرەبەكان ماڵێكی زۆر بە نرخ بووەو هەیە، یانی: ماڵی زۆر بە نرخ وێڵكرا، بەڵام هەندێكیان: ﴿ ٱلۡعِشَارُ ﴾یان بە هەور لێكداوەتەوە، هەندێكیش گوتوویانە: بەڵێ (**عشار**) كۆی (**عشراء**)ە، وەك (نِفاس)ی كۆی (**نُفساء**)، بەڵام مەبەست پێی ماڵی بە قیمەت و نایابە، ﴿ وَإِذَا ٱلۡوُحُوشُ حُشِرَتۡ ﴾، هەر كاتێك ژیانداره كێوییەكانیش كۆكرانەوە، ﴿ ٱلۡوُحُوشُ ﴾، كۆی (وحش)ەو، ئەویش ئەو ئاژەڵەیە كە كەویی نیە و ماڵیی نەبووە، خووگرتن و ئاشنایی و تەبایی بۆ پەیدا نەبووە لەگەڵ مرۆڤاندا، ﴿ وَإِذَا ٱلۡبِحَارُ سُجِّرَتۡ ﴾، هەر كاتێك دەریایەكانیش گڕیان تێپەردرا، دوایی ئەمە زیاتر ڕوون دەكەینەوە، هەندێكی دیكەش گوتوویانە: ﴿ سُجِّرَتۡ ﴾، واتە: (**ملئت**)، پڕكران، واتە: دەریایەكان ڕژانە نێو یەكدیی و، هەرچی وشكانیی هەیە كە (١/٥)ی پانتایی زەوی وشكانییەو (٤/٥)ی دەریایە، ئەو (٤/٥)ە، ئەو (١/٥)ی داپۆشیی.

بێگومان ئەمانە شەش ڕووداوەكەی قۆناغی ئاخیر زەمانن و، ئەو شەشەی دیكەش كە دێن هی قۆناغی دووەمی ڕۆژی دوایین كە قیامەتە:

﴿ وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتۡ ﴾، كاتێك نەفسەكانیش جووتكران، واتە: نەفسەكان لەگەڵ جەستەكاندا جووتكران و زیندوو كرانەوە، یاخود: كاتێك نەفسەكان لەگەڵ هاوێنەكانی خۆیاندا جووتكران، چاك لەگەڵ چاك و خراپ لەگەڵ خراپ، ﴿ وَإِذَا ٱلۡمَوۡءُۥدَةُ سُئِلَتۡ ﴿٨﴾ بِأَیِّ ذَنۢبٖ قُتِلَتۡ ﴿٩﴾ ﴾، هەر كاتێك كچی زیندە بە چاڵكراویش،

پرسیاری لێکرا: بە چ گوناهێك کوژراوە؟ هەڵبەتە کە دەفەرموێ: پرسیاری لێکرا، واتە: خوا لە بارەیەوە دەپرسێتەوە: ئەو کچە گچکەیە، ئەو کچە نابالغە، بۆچی کوژراوە، بە چ گوناهێك، ئایا چ گوناهێکی کردوە؟ کە بێگومان هیچی نەکردوە، بە دڵنیاییش زۆر گرنگە کە خوا ﷻ لە نێو نیشانەو ڕووداوەکانی هاتنی ڕۆژی دواییدا، لێپرسرانەوە لە کچی زیندە بەچاڵکراوی، داناوە، ﴿ وَإِذَا ٱلصُّحُفُ نُشِرَتۡ ﴾، کاتێك پەڕەکانیش، (لیستی کردەوەکانی مرۆڤەکان) کرانەوە، ﴿ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ كُشِطَتۡ ﴾، کاتێك ئاسمانیش کەوڵکرا، ئەمە لە نیشانەکانی ڕۆژی دواییە لە قیامەتدا، کەواتە، ئەوە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ فُرِجَتۡ ﴿٩﴾ ﴾المرسلات، کاتێك ئاسمان کرایەوە، یان دەفەرموێ: ﴿ وَفُتِحَتِ ٱلسَّمَآءُ فَكَانَتۡ أَبۡوَٰبٗا ﴿١٩﴾ ﴾ النبأ، ئاسمانیش کرایەوە بوو بە دەروازە گەل، مەبەست پێیان قۆناغی ئاخیر زەمان (**ساعة**)ە، بەڵام ئەوەی ئێرە: ﴿ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ كُشِطَتۡ ﴾، واتە: ئاسمان بەو شێوەیەی هەیە، ئاوا نامێنێ و، جۆرێکی دیکە دەبێ لە قیامەت دا، هەروەها کە لە سووڕەتی (**الفرقان**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَيَوۡمَ تَشَقَّقُ ٱلسَّمَآءُ بِٱلۡغَمَٰمِ وَنُزِّلَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ تَنزِيلًا ﴿٢٥﴾ ﴾، ئەو ڕۆژەی ئاسمان لەت و پەت دەبێ و فریشتەکان بە دابەزێنران دادەبەزێنرێن، هەروەها لە سووڕەتی (**البقرة**)دا خوای بێ وێنە باسی هاتنی خۆی و فریشتەکان دەکات و دەفەرموێ: ﴿ هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأۡتِيَهُمُ ٱللَّهُ فِي ظُلَلٖ مِّنَ ٱلۡغَمَامِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ ﴿٢١٠﴾ ﴾البقرة.ئەمانە هەموویان لە قۆناغی قیامەتدا دەبن.

﴿ وَإِذَا ٱلۡجَحِيمُ سُعِّرَتۡ ﴾، هەر کاتێك دۆزەخیش بڵێسەدار کرا، نێڵ درا، ﴿ وَإِذَا ٱلۡجَنَّةُ أُزۡلِفَتۡ ﴾، هەر کاتێك بەهەشتیش وەنیزیك خرا، ﴿ عَلِمَتۡ نَفۡسٞ مَّآ أَحۡضَرَتۡ ﴾، ئەمە وەڵامی هەموو ئەو (**إذا**)یانەیە، لە کاتێکدا ئەوانە ڕوودەدەن: هەموو کەسێك دەزانێ چی ئامادە کردوە، هەڵبەتە بۆخۆی ئامادەی نەکردوە، بەڵام مادام ئەو کردەوەکانی ئەنجام داون و ئێستاش ئامادەکراون، وەك خۆی ئامادەی کردبن وایە.

ئنجا دێتە سەر بابەتی دووەم و دەفەرموێ: ﴿ فَلَآ ﴾، وانیە ئەی بێبڕوایەكان! ﴿ أُقۡسِمُ بِٱلۡخُنَّسِ ﴾، سوێند دەخۆم بەو ئەستێرانەی خۆیان پەنهان دەكەن، ﴿ ٱلۡجَوَارِ ٱلۡكُنَّسِ ﴾، ئەو ئەستێرانەی بە خێرایی دەڕۆن و خۆیان پەنهان دەكەن و خۆیان پەنا دەدەن، ﴿ وَٱلَّيۡلِ إِذَا عَسۡعَسَ ﴾، سوێند بە شەوگاریش كە ڕادەبرێ، یاخود دێ، ﴿ وَٱلصُّبۡحِ إِذَا تَنَفَّسَ ﴾، سوێند بە بەیان كە هەناسە دەدات، كاتێك شەبەقی بەیانی دەدا.

سوێند بەوانە:

﴿ إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ﴾، ئەو (قورئان)ە قسەی نێردراوێكی بەڕێزە، كە جیبریلە ، چۆنە؟ ﴿ ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٖ ﴾، خاوەن هێزە لە لای خاوەن عەرش (كە خوای بەرزو مەزنە)و خاوەن پێگەیە، ﴿ مُّطَاعٖ ثَمَّ أَمِينٖ ﴾، لەوێ بە قسە كراوە، فەرمانبەریی بۆ كراوە واتە: لە لای كۆمەڵی باڵا (**الملأ الأعلى**)، ﴿ أَمِينٖ ﴾، زۆریش دەست پاكە.

ئنجا دێتە سەر باسی پێغەمبەر موحەممەد ﷺ: ﴿ وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجۡنُونٖ ﴾، هاوەڵەكەشتان (كە لە نیزیكەوە دەیناسن)، شێت نیە، وەك ئێوە لاف لێدەدەن، ﴿ وَلَقَدۡ رَءَاهُ بِٱلۡأُفُقِ ٱلۡمُبِينِ ﴾، بە دڵنیایی [لە خۆوەش قسە ناكات، بەڵكو (جیبریل)ی] لە ئاسۆی ڕووندا بینی (لەسەر شێوەی ڕاستەقینەی خۆی)، ﴿ وَمَا هُوَ عَلَى ٱلۡغَيۡبِ بِضَنِينٖ ﴾، (موحەممەد ﷺ) لەسەر ئەو پەنهانەش كە خوا ئاگاداری دەكاتەوە، چرووك نیە، كە پێتان نەڵێ، واتە: هەرچی خوا پێی بفەرموێ، پێتان ڕادەگەیەنێ، ﴿ وَمَا هُوَ بِقَوۡلِ شَيۡطَٰنٖ رَّجِيمٖ ﴾، ئەو (قورئان)ە قسەی شەیتانێكی دوورخراوە (لە بەزەیی خوا)و بەردبارانكراو نیە، ﴿ فَأَيۡنَ تَذۡهَبُونَ ﴾، بۆ كوێ دەچن؟ بۆچی سەرنجی قورئان نادەن، تاكو بزانن: جگە لە خوای زاناو توانای بێ سنوور، ناگونجێ لە هیچ كەسێكی دیكەوە هاتبێ، ﴿ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴾، ئەم (قورئان)ە تەنیا بیرخەرەوەیە، پەندو ئامۆژگارییە بۆ هەموو جیهانییان،

﴿ لِمَن شَآءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ ﴾، بۆ هەر کەسێك لە ئێوە بیەوێ ڕێك و ڕاست بێ، ﴿ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، ناشتانەوێ تاکو خوا پەروەردگاری جیهانییان نەیەوێ، خوا ویستوویەتی ویستێکتان هەبێ و، بەو ویستە ئازادانەیە چاکەشتان پێی بوێ و خراپەشتان پێی بوێ، تاکو پێی تاقی بکرێنەوە، کەواتە: ویستەکەشتان کە ئازادانە شتتان پێ دەوێ، هەر خوا پێیداون.

کەواتە: وا مەزانن تەنیا خۆتانن، بەڵکو خوا ﷻ ئێوەی خوڵقاندووەو ئەو ویستەشی پێداون، کە دەتوانن شتتان پێی بوێ، شتی چاك، یان شتی خراپ، دەشتوانن ئەو شتانەتان پێی نەوێ و ڕەفزیان بکەن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

خستنەڕووی شەش لە ڕووداوەکانی قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دوایی (ئاخیر زەمان)، کە بریتین لە: پێچرانەوەی خۆرو، هەڵوەرینی ئەستێران و، هەڵکەنرانی چیایەکان و، وێڵکرانی حوشتران و، خڕکرانەوەی ئاژەڵانی کێویی و، گڕدرانی دەریایەکان:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِذَا ٱلشَّمْسُ كُوِّرَتْ ۝١ وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتْ ۝٢ وَإِذَا ٱلْجِبَالُ سُيِّرَتْ ۝٣ وَإِذَا ٱلْعِشَارُ عُطِّلَتْ ۝٤ وَإِذَا ٱلْوُحُوشُ حُشِرَتْ ۝٥ وَإِذَا ٱلْبِحَارُ سُجِّرَتْ ۝٦﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿إِذَا ٱلشَّمْسُ كُوِّرَتْ﴾، هەر کات خۆر (ڕۆژ) پێچرایەوە، {﴿كُوِّرَتْ﴾: (**لُفَّت، كَوَّرَ العِمَامَةَ: لَفَّهَا وَأَدْخَلَ بَعْضَهَا عَلَى بَعْض**)، (**كُوِّرَت**) یانی: (**لُفَّت**)، هەڵوێزنەرا[1]، پێچرایەوە، دەگوترێ: (**كَوَّرَ العِمَامَةَ**)، واتە: مێزەرەکەی پێچایەوە، هەندێکی بە دەوری هەندێکی دا پێچا، بێگومان ئەو خۆرەی ئێستا دەیبینین، زانایانی گەردووناس دەڵێن: مەزەندە دەکرێ پێنج ملیار (٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ساڵ لە تەمەنی تێپەڕیبێ و، بایی پێنج ملیار ساڵی دیکەش گازی هایدرۆجینی پێ مابێ، کە دەیسووتێنێ و دەیگۆڕێ بۆ هێلیۆم، واتە: ئەگەر خوا بهێڵێتەوە، بەشی پێنج ملیار ساڵی دیکە، تیشکی پێماوە، هەر خوا ﷻ خۆیشی دەزانێ، کەی کۆتایی پێدێنێ.

---

(١) هەڵوێزنین: کۆکردنەوە سەریەك وپێچانەوە.

بـەڵام کاتێـك دێ ئـەم خـۆرە دەپێچرێتـەوە، وەك چـۆن مێزەرێـك دەپێچرێتـەوە، ئنجـا کـە دەشـپێچرێتەوە، مانـای وایـە تاریـك دادێ و، ئـەو تیشـك و ڕووناکییـەی ئێسـتای نامێنـێ.

٢)- ﴿وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتۡ﴾، هەر کات ئەستێرەکانیش پرژان و هەڵوەرین، (**انكدار**) بە مانای: (**تناثر**) هاتوە، واتە: پرژان هەڵوەرین و، هەندێکیشیان گوتوویانە: (**انكَدَرَت**)، (**أظْلَمَت**)، واتە: تاریك داهاتن، بێگومان ئەستێرەکانیش لە ڕۆژی دوایی دا خوا ﷻ ئەو حاڵەتەی ئێستای هەیانە، نایهێڵێ و تاریك دادێن، دەپرژێن و هەڵدەوەرن، ﴿ٱنكَدَرَتۡ﴾، لە (**كُدْرة**)وە هاتوە، (**الكُدْرة: ضِدُّ الصَّفَاء**)، (**كُدْرَة**)، واتە: لێڵیی دژو پێچەوانەی ڕوونییە.

٣)- ﴿وَإِذَا ٱلۡجِبَالُ سُيِّرَتۡ﴾، هەر کات چیایەکانیش ڕۆێنران، (**تَسِيرُ الجِبَالِ: قَلْعُهَا وَنَقْلُهَا مِنْ أَمَاكِنِهَا ثُمَّ انَدِثَارُهَا وَتَهشُمها**)، مەبەست لە ڕۆێنرانی چیایەکان، هەڵکەندنیانە لە شوێنی خۆیان، دوایی وردو خاش بوون و تێکهاڕینیانە.

٤)- ﴿وَإِذَا ٱلۡعِشَارُ عُطِّلَتۡ﴾، هەر کاتێك حوشترە ئاوسە دە مانگەییەکانیش وێڵکران، (**عِشَار جَمْعُ عُشَرَاء، مِثْلُ نِفَاس جَمْعُ نُفَسَاء**)، (**نِفَاس**)، واتە: ئافرەتانێ کە لە حاڵەتی زەیستانییدان، (**نُفَسَاء**)یش تاکە، هەروەك (**عُشَرَاء**)، حوشترێکە ئاوس بێ و سکەکەی دە (١٠) مانگ بێ، حوشتر بە دە (١٠) مانگان دەزێ، (**العشراء: الناقة: الحامل ذات العشرة أشهر**)، (**عُشراء**) حوشترێکی ئاوسە سکەکەی دە (١٠) مانگ بێ.

حوشـتری ئـاواش لـە لای عەرەبـەکان ماڵەکـی خۆشەویسـت بـووە، چونکـە زۆری نەمـاوە بـزێ و بەچکـەی ببـێ و، لـەو کاتـەدا خـۆی و بەچکەکەشـی هەردووکیـان ماڵـی بـە قیمەتـن، بـەڵام لـەو ڕۆژەدا حوشـتری ئاوسـی دە (١٠) مانگـە، وێـڵ دەکـرێ و کـەس بـە لایـدا ناچـێ.

هەندێکیـش (**عِشـار**)یان بـە (**سـحاب**) لێکداتـەوە، یـانی: هەورێـك کـە بارانـی پێوەیـە، خەڵـك هەمیشـە چاوەڕێ دەکات هـەور بێتـە ئاسـمان و، ئاویـان بـۆ ببارێنێ،

ئنجا باران بێ، بەفر بێ، تەزرە بێ، بەڵام لەو ڕۆژەدا ئەگەر هەوریش بێ و باران و بەفرو تەرزەشی پێوە بێ، کەس گوێی ناداتێ، چونکە زۆر سەرقاڵن و گرفتارن بە بارودۆخی خۆیانەوە.

٥)- ﴿ وَإِذَا ٱلْوُحُوشُ حُشِرَتْ ﴾، [﴿ حُشِرَتْ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (**حُشِّرَت**)، کە مانایەکەی بە هێزتر دەکات]، کاتێك ئاژەڵە کێوییەکان لە یەك شوێن کۆکرانەوە، ﴿ ٱلْوُحُوشُ ﴾، کۆی (وَحْش)ە: (**الحَيْوَانُ البَرِّيُّ غَيْرُ المتَأَنِّسِ بالنَّاسِ**)، ئەو ئاژەڵە کوێیەی ئولفەتی بە خەڵکەوە نەگرتوە، ماڵیی و کەویی نەبووە، لە مرۆڤ ڕادەکات، بەڵام لە ڕۆژی دواییدا خوا هەموویان کۆ دەکاتەوە، هەڵبەتە لە قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دوییدا، واتە: لە ئاخیر زەماندا، ئەو ئاژەڵە کێوییانە، هەموویان خڕدەبنەوە سەر یەك، کاتێك ئەو گۆڕانکارییانە دەقەومن، ئەو ئاژەڵانەی لەسەر زەوی هەن، پێکدادێن و دەچن و کۆدەبنەوە.

٦)- ﴿ وَإِذَا ٱلْبِحَارُ سُجِّرَتْ ﴾، هەر کاتێك دەریایەکانیش گڕدران، داگیرسێنران، یاخود: پڕ کران (**ملئت**)، ﴿ سُجِّرَتْ ﴾، هەم بە مانای: پڕکران (**ملئت**) دێ، هەم بە مانای: گڕدران (**أُشعلت**) دێ، واتە: کاتێك دەریاکان پڕکران، یاخود دەریاکان گڕدران.

لە بارەی ئەو حوشترانەوەی تۆلدارو ئاوسن و، سکیان دە (١٠) مانگە، (**الطبري**)، دەڵێ: ﴿ وَإِذَا ٱلْعِشَارُ عُطِّلَتْ ﴾، (**أي: تَخَلَّى عَنْهَا أَرْبَابُهَا**)، یانی: خاوەنەکانیان وازیان لێ هێنان.

هەروەها (**الطبري**) ئاواشی لێکداوەتەوە: (**لَمْ تُحْلَبْ وَلَمْ تُصَرّ**)، نەدۆشران و گوانەکانیشیان نەبەستران (بۆ ئەوەی شیرەکەیان تێدا کۆبێتەوە).

لێرەدا خوای بەرزی مەزن باسی قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دوایی دەکات و، شەش جاران وشەی: (**إذا**)، دووبارە دەکاتەوە.

(**إذا**)ش لە ڕێزمانی عەرەبییدا تێداکراو (**ظرف**)ە، بۆ کات، بەڵام مانای مەرجیشی خراوەتە نێو، بۆیە کاتێك (**إذا**) دێ، کە کاتێکە شتێکی تێدا ئەنجام دەدرێ، وا

دەخـوازێ بـە شـتێکەوە پەیوەسـت بـێ، بۆیـە بابایـەك گوێـی لـە (إذا) بـێ، چـاوەڕێ دەکات، ئایـا چـی بـەوەدا دادێ؟.

لێـرەش دا کـە خـوا ﷻ شـەش جـاران هێناویەتـی و، لـە ئایەتەکانـی دیکەشـدا کـە بـاسی ڕووداوەکانی قیامـەت دەکـەن، شـەش جـاران هێناویەتـی و سـەرجەم دوازدە جـاران هاتـوەو، بـە (و)ی بادانـەوە (**عطـف**)ش هاتـوە، ئەمـە ئـەوە دەگەیەنـێ کـە هـەر جارێـك (**إذا**) دێ، ئـەو ڕسـتانە هەموویـان سـەربەخۆن و، هـەر کامێکیـان مانـای تایبـەت بـە خـۆی هەیـە.

لێـرەدا خـوا ﷻ باسـی ئـەو شـەش ڕووداوەی کـردوە، لـە قۆناغـی یەکەمـی ڕۆژی دواییـدا کـە ئاخیـر زەمانـە، ڕوو دەدەن: پێچرانـەوەی خـۆر، هەڵوەریـن و پرژانـی ئەسـتێرەکان، ڕۆیـتران و هەڵقەنرانـی چیایـەکان و، وێڵکرانـی حوشـتری ئـاوسی دە (١٠) مانگـەو، کۆکرانـەوەی ئاژەڵـە کێوییـەکان و، گـڕ تێبەردانـی دەریایـەکان، یاخـود: کۆکرانـەوە دەریایـەکان و پڕکرانیـان.

مەسەلەی دووەم:

خستنەڕووی شەش لە ڕووداوەکانی قۆناغی دووەمی ڕۆژی دوایی (قیامەت) کە بریتین لە: پێکەوە جووتکرانی نەفسەکان و، لێپرسرانەوەی کچی زیندەبەچاڵ کراو، کە بە چ گوناهێك کوژراوە؟ کردنەوەی پەڕەکان (لیستی کردەوان) و، کەوڵکرانی ئاسمان و، بڵێسەدارکرانی دۆزەخ و، وەنیزکخرانی بەهەشت، سەرەنجام: زانین و پەیبردنی هەر کەسێك کە چی ئامادە کردوە؟:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتْ ﴿٧﴾ وَإِذَا ٱلْمَوْءُۥدَةُ سُئِلَتْ ﴿٨﴾ بِأَيِّ ذَنۢبٍ قُتِلَتْ ﴿٩﴾ وَإِذَا ٱلصُّحُفُ نُشِرَتْ ﴿١٠﴾ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ كُشِطَتْ ﴿١١﴾ وَإِذَا ٱلْجَحِيمُ سُعِّرَتْ ﴿١٢﴾ وَإِذَا ٱلْجَنَّةُ أُزْلِفَتْ ﴿١٣﴾ عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّآ أَحْضَرَتْ ﴿١٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتْ ﴾، هەر کات نەفسەکانیش جووتکرانەوە، (**نفوس**) کۆی (**نفس**)ە، کە بە ڕووح دەگوترێ، ئەگەر لە نێو جەستەدا بێ، ئەگەر لە دەرەوەی جەستەش بێ پێی دەگوترێ: (**روح**)، کاتێك نەفسەکان جووتکران، واتە: لەگەڵ جەستەکانیاندا، یانی: (**قُرِنَتِ الأَرْوَاحُ مَعَ الأَجْسَاد**)، ڕووحەکان لەگەڵ جەستەکاندا جووتکران، واتە: ڕووحەکان خرانەوە نێو جەستەکان و، جەستەکان زیندووکرانەوە بەو شێوەیەی خوا دەیزانێ.

یاخود: (**قُرِنَتِ الأَمْثَالُ والقرناء بعضهُم مَعَ بَعَض**)، هاووێنەکان و هاونشینەکان هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیاندا پێکەوە کۆکرانەوە.

٢)- ﴿وَإِذَا ٱلْمَوْءُۥدَةُ سُئِلَتْ ﴿٨﴾ بِأَيِّ ذَنۢبٍ قُتِلَتْ ﴿٩﴾ ﴾، هەر کاتێك کچی زیندەبەچاڵکراویش پرسیاری لێکرا، بە چ گوناهێك کوژراوە؟ (**الموءودة: المدفونة حَيَّة**)، مێینەی خراوە ژێر خۆڵ و گڵ بە زیندوویی، زیندە بە چاڵکراو.

ئەمە خویندراویشەتەوە: (وَإِذَا ٱلْمَوْءُ,دَةُ سَئَلَتْ بأيِّ ذنبٍ قُتِلت؟)، کاتێك کچی زیندەبەچاڵکراو پرسیاری کرد: بە چ گوناهێك کوژراوە، چی کردبوو؟ لێرەدا ئەم دەقە دێنین:

(عَنْ قَتَادَةَ، قَالَ: جَاءَ قَيْسُ بْنُ عَاصِمٍ التَّمِيمِيُّ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَ: إِنِّي وَأَدْتُ ثَمَانِيَ بَنَاتٍ فِي الجَاهِلِيَّةِ ، قَالَ: «فَأَعتِق عَنْ كُلِّ وَاحِدَةٍ رَقَبَةً»، قَالَ: إِنِّي صَاحِبُ إِبِلٍ، قَالَ: «فَأَهْدِ إِنْ شِئْتَ عَن كُلِّ وَاحِدَةٍ بَدَنَةً»)(أخرجه الطبري: ٣٦٧٧٩، وعبدالرزاق في تفسيره: ٣٥١٢ واللفظ له).

واتە: قەتادە (کە یەکێکە لە زانایانی شوێنکەوتووانی هاوەڵان) دەڵێ: قەیسی کوڕی عاصیمی تەمیمیی هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ گوتی: من لە سەردەمی نەفامییدا هەشت کچم زیندە بە چاڵ کردوون! پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: لە جیاتی هەر کامێکیان بەندەیەك ئازاد بکە، گوتی: من خاوەن حوشترم، فەرمووی: ئەگەر دەتەوێ لە جیاتی هەر کامێکیان حوشترێکی مێینە سەرببڕە، بیکە بە خێر.

ئەوە عادەتێکی سەردەمی نەفامیی بووە، لە نێو عەرەباندا کە کچیان زیندەبەچاڵ کردوە، ئایا ئەو زیندەبەچاڵکردنە، هۆکارەکەی چی بووە؟، بە پێی ئەوەی سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن: دوو هۆکاری سەرەکیی هەبوون:

١- هەژاریی و نەداریی.

٢- خێڵە عەرەبەکان پێش هاتنی ئیسلام، هەمیشە ڕاو و ڕووتیان لە دژی یەکدی کردوە، ئنجا هۆزێك کە بەسەر هۆزێکی دیکەی داداوە، ئافرەت و منداڵەکانی کە کەوتوونە بەر دەست، دوایی نەیداونەوە بەو هۆزەی دیکە، ئنجا بۆ ئەوەی ئەوانە ئافرەت و کچیان نەبێ بکەوێتە بەردەستی هۆزێکی دیکە، کە بەسەریاندا دەدا، کچەکانیان زیندە بە چاڵ کردوون.

هەندێکی دیکە: (کە ئەو ڕایەم پێ بێهێزە)، گوتوویانە: لەبەر ئەوەی هەندێ لە هۆزو تیرەکانی عەرەب پێیان وابووە فریشتەکان مێینەن و کچانی خوان، گوتوویانە: مادام خوا فریشتەکانی هەن و کچەکاننی، با ئەو کچانەش هەر بە گچکەیی لە بەین بەرین و، بچنەوە خزمەتی خوا ﷻ!!.

پێم وایە هاندەرو پاڵنەری سەرەکیی بۆ زیندە بە چاڵ کردنی کچان هەڵبەتە لە نێو هەموو گەلی عەرەبیش دانەبووە، ئەگەرنا قڕە بڕ دەبوون و تەنیا لە نێو هەندێك لە هۆزەکاندا هەبووە هەر لەبەر هەژاریی و نەداریی بووە، یاخود لەبەر ئەوە بووە، دوایی عەیبەو شوورەییان نەیەتە سەر.

٣)- ﴿ وَإِذَا ٱلصُّحُفُ نُشِرَتۡ ﴾، کاتێك پەڕەکانیش کرانەوە، خوێنراویشەتەوە: (**نُشِّرتْ**)، ئەو کاتەش مانایەکەی بەهێزترە، (**الطبري**) دەڵێ: (**وَإِذَا صُحُفُ أَعْمَالِ الْعِبَادِ نُشِرَتْ لَهُمْ، بَعْدَ أَنْ كَانَتْ مَطْوِيَّةً عَلَى مَا فِيهَا مَكْتُوبٌ، مِنَ الْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ، وَبِنَحْوِ الَّذِي قُلْنَا فِي ذَلِكَ، قَالَ أَهْلُ التَّأْوِيلِ**) واتە: کاتێك لیستی کردەوەکان کە پێشتر پێچراوە بووە بەسەر ئەوەدا، کە تێیدا نووسراوە، لە چاکەکان و لە خراپەکان، بۆ بەندەکان کرانەوە، بەو مانایەش کە گوماں، ڕوونکەرەوان گوتوویانە، یانی: لیستی کردەوەکان دەکرێنەوەو پان ڕا دەخرێن، وەك لە سوورەتی (**الإسراء**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱقۡرَأۡ كِتَٰبَكَ كَفَىٰ بِنَفۡسِكَ ٱلۡيَوۡمَ عَلَيۡكَ حَسِيبٗا ١٤ ﴾، واتە: (ئەی مرۆڤ!) نووسراوەکەت بخوێنەوە، بەسە خۆت لێپرسینەوەی لەگەڵ خۆتدا بکەی.

٤)- ﴿ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ كُشِطَتۡ ﴾، کاتێك ئاسمانیش کەوڵ کرا، (**الطبري**)، دەڵێ: (**وإذا السماء نُزِعَتْ وجُذِبَتْ ثم طُوِيَتْ**)، کاتێك ئاسمان داڕنراو ڕاکێشرا، دوایی پێچرایەوە، وەك لە شوێنێکی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿ يَوۡمَ نَطۡوِي ٱلسَّمَآءَ كَطَيِّ ٱلسِّجِلِّ لِلۡكُتُبِ ١٠٤ ﴾، ئەو ڕۆژەی ئاسمان وەك چۆن ئەو تۆمارەی شتی تێدا نووسراوە، دەپێچرێتەوە، ئاوا دەیپێچینەوە، کە بێگومان ئەمە لە ڕووداوەکانی قۆناغی دووەمی ڕۆژی دواییە، کە ڕۆژی قیامەتە و، جیایە لەوەی خوا ﷻ لە ئایەتەکانی پێشێ دا، باسی هەڵوەرینی ئەستێرەکانی کرد.

هەروەهـا کـە لـە شـوێنێکی دیکـەدا دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ فُرِجَتۡ ٩ ﴾ المرسـلات، کاتێـك ئاسـمان کرایـەوە، یـان دەفەرمـوێ: ﴿ وَفُتِحَتِ ٱلسَّمَآءُ فَكَانَتۡ أَبۡوَٰبٗا ١٩ ﴾، ئاسـمان کرایـەوە بـوو بـە دالان دالان، دەروازە دەروازە، ئـەوە لـە قۆناغـی یەکەمـی ڕۆژی دواییدایـە، کـە خـوا ئـەم گەردوونـەی دەپێچێتـەوەو بـەم شـێوەیەی نامێنـێ: ﴿ يَوۡمَ تُبَدَّلُ ٱلۡأَرۡضُ غَيۡرَ ٱلۡأَرۡضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ ٤٨ ﴾إبراهيـم، ئـەو ڕۆژەی زەوی دەبێتـە جیـا لـەم زەوییـەو، ئاسـمانەکانیش (دەبـن بـە ئاسـمانانی جیـا لـەم ئاسـمانانە)، یـانی: بـە شـێوەیەکی دیکـە خـوا ﷻ ئـەو گەردوونـەی ئـەو کاتـە دروسـت دەکاتـەوە، کەواتـە: لێـرەدا ﴿ كُشِطَتۡ ﴾، باسـی قۆناغـی دووەمـی ڕۆژی دوایـی دەکات، (كَشْـط)یش لـە ئەسـڵ دا ئەوەیـە ئاژەڵێـك: جەسـتەکەی لـە کەوڵەکـەی بهێنرێتـە دەرێ، ئـەو ئاسـمانەش لـە ڕۆژی دواییـدا بـەم شـێوەیەی نامێنـێ، وەك لـە سـووڕەتی (الفرقان)یـش دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَيَوۡمَ تَشَقَّقُ ٱلسَّمَآءُ بِٱلۡغَمَٰمِ وَنُزِّلَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ تَنزِيلًا ٢٥ ﴾الفرقـان، ئـەو ڕۆژەی ئاسـمان بـە هـەوران (لـە شـێوەی هـەوران دا) شـەق دەبـێ و، فریشـتەکانیش دادەبەزێنرێـن. ئەمـەش لـە قۆناغـی دووەمـی ڕۆژی دوایـی دایـەو قۆناغـی قیامەتـە.

٥)- ﴿ وَإِذَا ٱلۡجَحِيمُ سُعِّرَتۡ ﴾، هەر کاتێك دۆزەخیش خۆشکرا، بڵێسەدار کرا، خوێندراویشەتەوە: ﴿ سُعِرَتۡ ﴾، کە مانایەکەی بەهێزتر دەبێ، یانی: دۆزەخ زۆر داگیرسێنرا، (**التَّسْعِيرُ: الإيقَادُ، أي: هُيِّئَتْ لِعَذَابِ مَنْ حَقَّ عَلَيهِمُ العَذَاب**)، (**تسعير**): بە مانای بڵێسەدار کردن و خۆشکرانی ئاگرەکەیەتی، واتە: ئامادە کرا بۆ سزادانی ئەوانەی سزایان لەسەر پێویست بووە.

٦)- ﴿ وَإِذَا ٱلۡجَنَّةُ أُزۡلِفَتۡ ﴾، هەر کاتێك بە هەشتیش وەنیزیك خرا، (**الزُّلْفَى: القُرْبُ، أي: أُدْنِيَت، أي: قَرُبَت مِنْهُم، بحَيْثُ لا يَتْعَبُون للوصُولِ إلَيْهَا**)، بە هەشتیان لێوەنیزیك خرا، بە جۆرێك ماندوونەبن تاکو پێی دەگەن.

٧)- ﴿ عَلِمَتۡ نَفۡسٞ مَّآ أَحۡضَرَتۡ ﴾، هەموو کەسێك زانی چی ئامادە کردوە! (**النفس نكرة في سياق الشرط مرادٌ بها العموم، أي: عَلِمَتْ كُلّ نفس ما أحضرت**)، لێرەدا نەفس بە نەزانراو

(نكرة) هاتوە، بەڵام لە ڕەوتی مەرج داو مەبەست پێی گشتییە، واتە: هەموو نەفسێك دەزانێ چی ئامادە کردوە، بۆیە ئامادەکردنەکە پاڵدراوەتە لای نەفسەکان، چونکە نەفسەکان ئەو کردەوانەی ئەنجامیان داون، شوێنەواری سزاو پاداشتی کردەوەکان لەو ڕۆژەدا دەردەکەوێ.

(الشوكاني) لە مانای: ﴿ عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّآ أَحْضَرَتْ ﴾دا، دەڵێ: **(وَمَعْنَى مَا أَحْضَرَتْ: مَا أَحْضَرَتْ مِنْ أَعْمَالِهَا، وَالْمُرَادُ حُضُورُ صَحَائِفِ الْأَعْمَالِ، أَوْ حُضُورُ الْأَعْمَالِ نَفْسِهَا، كَمَا وَرَدَ أَنَّ الْأَعْمَالَ تُصَوَّرُ بِصُوَرٍ تَدُلُّ عَلَيْهَا وَتُعْرَفُ بِهَا)** (فتح القدير: ج٥، ص٤٧٢).

واتە: (**مَا أَحْضَرَتْ**) واتە: کردەوەکانی کە ئامادەی کردوون، مەبەست ئامادەبوونی ئەو پەڕانەیە کە کردەوەکانیان تێدا نووسراون، یاخود ئامادە بوونی خودی کردەوەکانە، چونکە - لە شوێنەواردا - هاتوە کە کردەوەکان لە چەند وێنەیەکدا بەرجەستە دەکرێن، دەلالەتیان لەسەر دەکەن و پێیانەوە دەناسرێن.

ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (**الكهف**)دا، هەروەها لە تەفسیری سوورەتی (**الجاثية**)ش دا، لەو بارەوە کورتە باسێکمان کردوە، کە خوا ﷻ خودی کردەوەکان دێنێتەوە بەرچاوی مرۆڤەکان، وەك چۆن ئێستا جاری وایە کامێرای شێردراوە دانراوە، دوایی بە دەنگ و وێنەوە کەسێك ئەو کردەوەیەی دەیکات، لەسەری تۆمار کراوە.

ئنجا بە دڵنیایی خوا ﷻ ئەو فریشتانەی دایناون و کردەوەکانی مرۆڤەکان و چالاکییەکانیان تۆمار دەکەن، ئامێری پێشکەوتووتر کە هەر شایستەی خوای پەروەردگارە، داویەتی بەو فریشتانە، بۆ ئەوەی هەموو کردەوەو چالاکییەکانی مرۆڤەکان، چ نیەتی دڵیان، چ قسەی زمانیان، چ جموجۆڵی ئەندامەکانیان، تۆمار بکەن.

یەکێك لە زانایان دەڵێ:

بۆیەش زانینی نەفسەکان بۆ سزاو پاداشتی کردەوەکانیان، لە کۆتایی هەموو مەرجەکاندا دانراوە، کە لە دوازدە (١٢) ڕستەکاندا باسکراون، چونکە هەندێکیان کە بریتین لە شەشەکانی کۆتایی، لە قۆناغیی دووەمی ڕۆژی دواییدا، دێنە دی، هەندێکیشیان زووتر لەوەو لە قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دواییدا دێنە دی، بۆیە ئەوەی زووتر هاتۆتە دی، لەگەڵ ئەوەدا کە دواتر دێتە دی، پێکەوە کراون بە وەڵامی ئەو مەرجەی خوای پەروەردگار دوازدە (١٢) جاران دووبارەی کردۆتەوە: کاتێك ئەوە بوو، کاتێك ئەوە بوو، هەر کەسێك دەزانێ چی ئامادە کردوە، لێرەش دا ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ دێنین:

{عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ الطَّائِيِّ رضي الله عنه، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا سَيُكَلِّمُهُ رَبُّهُ لَيْسَ بَيْنَهُ وَبَيْنَهُ تُرْجُمَانٌ، فَيَنْظُرُ عَمَّنْ أَيْمَنَ مِنْهُ، فَلَا يَرَى إِلَّا شَيْئًا قَدَّمَهُ، وَيَنْظُرُ عَمَّنْ أَشْأَمَ مِنْهُ، فَلَا يَرَى إِلَّا شَيْئًا قَدَّمَهُ، وَيَنْظُرُ أَمَامَهُ، فَتَسْتَقْبِلُهُ النَّارُ فَمَنْ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ يَتَّقِيَ النَّارَ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ فَلْيَفْعَلْ} (أخرجه أحمد: ١٨٢٧٢، والبخاري: ٧٠٠٥، ومسلم: ١٠١٦، والترمذي: ٢٤١٥).

واتە: عەدیی کوڕی حاتەمی تائیی (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: هیچ کامێك لە ئێوە نیە، مەگەر پەروەردگاری دەیدوێنێ لە نێوان خواو ئەودا تەرجومان نیە، (پێویست بە وەرگێڕ ناکات)، ئنجا ئەو مرۆڤە تەماشای لای ڕاستی دەکات، هەر ئەوە دەبینێ کە لە کردەوەکانی پێشیخستوەو، تەماشای لای چەپی دەکات، هەر ئەوە دەبینێ کە لە کردەوەکانی پێشیخستوە، دوایی سەرنجی پێش خۆی دەدات، ئنجا بەرەو ئاگر دەچێ، بۆیە هەر کامێك لە ئێوە، ئەگەرتوانی بە لەتکە خورمایەکیش بێ، با خۆی لە ئاگر بپارێزێ.

قوڵە باسێک دەربارەی

حوکمی منداڵان لە ڕۆژی دوایی دا

لە چوار بڕگەی کورتدا، ئەم قوڵە باسە دەکەین:

١)- منداڵەکانی بڕواداران بە ڕای زۆربەی هەر زۆری زانایان، لەگەڵ دایك و بابی خۆیاندان، لە بەهەشتدا، **(النووي)**، لە کتێبە ناودارەکەی **(شرح صحیح مسلم)**دا دەڵێ:

(أَجْمَعَ مَنْ يُعَتَدُّ بِهِ مِنْ عُلَمَاءِ المسلمين، على أن من مات من أطفالِ المسلمينَ، فهو من أهل الجنَّةِ، لأنَّهُ لَيْسَ مُكَلَّفاً). واتە: هەموو ئەوانەی گرنگییان پێدەدرێ لە زانایانی مسوڵمان، یەکدەنگن لەسەر ئەوەی منداڵەکانی مسوڵمانان خەڵکی بەهەشتن، چونکە هیچ کام لەو منداڵانە ئەرکدار نەکراوە (تاکو بگوترێ: گوناهێکی کردوە، یاخود ئەرکێکی چواندوە).

٢)- بەڵام بە نسبەت منداڵی بێبڕوایانەوە، زانایان ڕاجیاییان هەیەو، **(الآلوسي)**، لە تەفسیرەکەی خۆیدا[١]، دەڵێ:

(الصحيح الذي ذهب إليه المحققون، أنَّهم من أهل الجنَّة، ويستدلُّ له بأشياء، منها:

أ- حديث إبراهيم الخليل عليه السلام حين رآه النَّبيّ ﷺ فِي الجَنَّة حَوْلَهُ أَولَاد النَّاس قَالُوا: يا رَسُولَ الله! وأولاد المشركِيْنَ؟ قَالَ: وَأَوْلَادَ المشْركين، رواه البخاري في صحيحه

ب- ومنها قوله تعالى: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا ﴿١٥﴾﴾ **الإسراء)**.

واتە: منداڵی بێبڕوایان، ڕای ڕاست کە زانایان و لێکۆڵەرەوەکان بۆی چوون، ئەوەیە کە ئەوانیش هەر خەڵکی بەهەشتن و، چەند شتێك لەو بارەوە بە بەڵگە دەهێنرێنەوە:

---

(١) روح المعاني: الجزء: ٣٠، ص ٢٣٠.

أ- ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەرە ﷺ کە دەفەرموێ: ئیبراهیم خەلیلم بینی، لە بەهەشتدا منداڵی خەڵکی بە دەورەوە بوون، هاوەڵان لێیان پرسی: منداڵی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیش؟ فەرمووی: منداڵی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیش.

ب- ئەو ئایەتە موبارەکەی سوورەتی (**الإسراء**)یش بەڵگەیەکی دیکەیە: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا ﴿١٥﴾﴾، ئێمە سزادەری خەڵك نابین، تاکو پێغەمبەر نەنێرین، (ئەو منداڵانەش جارێ عەقڵ و هۆشیان کامڵ نەبووە، تاکو لە بانگەوازی پێغەمبەر ﷺ تێبگەن).

٣)- پێنج جۆرە ڕای دیکەی جیاواز لە بارەی حوکمی منداڵانەوە:

١- (**إبن تيمية**)، گوتوویەتی: وا باشە مرۆڤ بوەستێ و بە هیچ لایەکدا بڕیار نەدات.

٢- ڕایەکی دیکەش هەیە دەڵێ: ئەو منداڵانە، ئنجا چ هەموویان، چ تەنیا هی بێبڕوایان، لە شوێنێکن لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدا.

٣- (**أحمد السرهندي الفاروقي**)یش، دەڵێ: ئەوانیش وەك ئاژەڵ و زیندوو دەکرێنەوە، بەڵام دوایی وەك ئاژەڵ و ژیاندارانی دیکە، دەبنەوە بە خاك و خۆڵ!.

٤- ڕایەکی دیکەش هەیە دەڵێ: ئەوانە دەبن بە خزمەتکاری بەهەشتییەکان.

٥- ڕایەکی دیکەش دەڵێ: ئەوانە خوا لە قیامەت دا تاقییان دەکاتەوەو، هەر کەس لەو تاقیکردنەوەیە دەرچوو، سەرفرازە ئەگەرنا زیانبارە.

٤)- ڕای پەسندیش لە لای من ئەوەیە کە (**الآلوسي**)، گوتوویەتی: کە منداڵەکان هی مسوڵمانان و نامسوڵمانان، مادام نەگەیشتوونە ڕاددەی باڵغ بوون و ئەرکدار نەبوون، هەموویان دەرباز دەبن لە سزای خوای دادگەرو کاربەجێ، چونکە خوا ﷻ نەیخستوونە تاقیکردنەوەو توانای تاقیکرانەوەیان نەبووە.

پێشم وایە تەنیا ئەو ڕایەی پەسندمان کردو هەڵمانبژارد بەڵگەدارەو، ڕایەکانی دیکە هیچ کامیان بە بەڵگەیەکی ڕاست و دروست پشتڕاستکراوەنین،

بۆیە ئەو ڕایەم پێ ڕاست و بەهێزە کە ئەو منداڵانە هەموویان هی بڕواداران و هی بێبڕوایان، دەرباز بوون و هەموویان بەهەشتیی دەبن، ئنجا ئایا خوای پەروەردگار چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و چییان پێدەکات؟ ئەوە باس نەکراوەو، ئەوەش کە خوای کاربەجێ لە بارەی بەهەشتییانەوە دەفەرموێ: ﴿يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ ﴿١٧﴾﴾ **الواقعة**، واتە: لاوانی هەر بە لاویی هێڵراوە، بەسەریانەوە دەگەڕێن و خزمەتیان دەکەن، خوای بەرزو مەزن باسی نەکردوە، ئەوانە کێن و چین؟ بەڵکو وا دێتە بەرچاو، وەك چۆن خوای میهرەبان حۆرییان دەخوڵقێنێ بۆ پیاوانی بەهەشتیی، ئەو کوڕە گەنجانەش بخوڵقێنێ بۆ خزمەتکردنی بەهەشتییەکان لە بەهەشتدا، یانی: خوا لە قیامەتدا دەیانخوڵقێنێ و پەیوەندییان بە خەڵکی دنیاوە نیە.

مەسەلەی سێیەم:

سوێند خواردنی خوا ﷻ بە ئەستێرە خۆ پەنهاکەرە بە خێرایی ڕۆیشتووە خۆ پەنادەرەکان و، بە شەوگار کە ڕادەبرێ و، بە بەرەبەیان کە شەبەق دەدا، کە قورئان گوتراوی نێراوێکی پەسندو بەڕێزی، خاوەن هێزی، لەلای خوای خاوەن عەرش پێگەداری، لە ئاسمانێ گوێڕایەڵیی بۆ کراویی، ئەمینداره:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلۡخُنَّسِ ﴿١٥﴾ ٱلۡجَوَارِ ٱلۡكُنَّسِ ﴿١٦﴾ وَٱلَّيۡلِ إِذَا عَسۡعَسَ ﴿١٧﴾
وَٱلصُّبۡحِ إِذَا تَنَفَّسَ ﴿١٨﴾ إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ﴿١٩﴾ ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٖ ﴿٢٠﴾ مُّطَاعٖ ثَمَّ
أَمِينٖ ﴿٢١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلۡخُنَّسِ ﴾، وانیە (کە ئێوە دەڵێن، ئەی بێبڕوایەکان! کە قورئان موحەممەد ﷺ لە خۆیەوە هەڵیبەستبێ، یان شەیتانەکان فێریان کردبێ)، سوێند دەخۆم بە ئەستێرە خۆ پەنهانکەرەکان، (خُنَّس): ئەو ئەستێرانەن کە خۆیان پەنهان دەکەن، خۆیان دەشێرنەوە، مەبەست پێیان ئەو ئەستێرانەن کاتێك خۆر هەڵدێ، کە خۆریش هەر ئەستێرەیەکە لە ئەستێرەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئێمەوە نیزیکترە، ڕووناکیی و شەوقەکەی دنیا دادەگرێ و، ڕووناکیی کەمی ئەستێرەکان دیار نامێنێ.

٢)- ﴿ ٱلۡجَوَارِ ٱلۡكُنَّسِ ﴾، بە خێرایی ڕۆیشتووە خۆ پەنا دەرەکان، (**الجوار جمع جارية وهي التي تَجْري، أي: تَسير سَيْراً حثيثاً**)، ﴿ ٱلۡجَوَارِ ﴾، کۆی (**جارية**)یە، یانی: بە خێرایی ڕۆیشتوو، واتە: ئەو ئەستێرانەی بە ڕۆیشتنێکی خێرا دەڕۆن، ﴿ ٱلۡكُنَّسِ ﴾، کۆی (**كَانِس و كَانِسَة**) یە، (**كَانِس**) بۆ نێرو (**كَانِسَة**) بۆ مێ، هەردووکیان بە ﴿ ٱلۡكُنَّسِ ﴾، کۆ دەکرێنەوە، (**كَنَس الظَّبْيُ**)، واتە: ئاسکەکە چووە نێو کونەکەی خۆیەوە، چووە نێو هێلانەکەی خۆیەوە، ئەو ماڵ و هێلانەیەی دروستی دەکات، بۆ شەو تێدا مانەوە، لە چرۆ و لق و پۆپی

درەختەکان، ئەستێرەکان خوای کاربەجێ وای خولْقاندوون، کاتێك خۆر هەڵدێ، وەك بچنە دواوەو بە خێرایی بڕۆن و خۆیان لە پەنایەك بگرن، وان.

٣)- ﴿ وَٱلَّيۡلِ إِذَا عَسۡعَسَ ﴾، سوێند بە شەوگاریش کاتێك ڕادەبرێ، وشەی: ﴿ عَسۡعَسَ ﴾: لەو کردارانەیە کە مانای هاتن و مانای ڕابردنیش دەگرێتەوە کەواتە: دەگونجێ بڵێی: (وَٱلَّيۡلِ إِذَا عَسۡعَسَ: **إذا أقبل**)، شەوگار کە دێ، یاخود (**إذا أدبر**) شەوگار کە ڕادەبرێ، بەڵام لێرەدا ڕابردن گونجاوترە، چونکە دوایی دەفەرموێ:

٤)- ﴿ وَٱلصُّبۡحِ إِذَا تَنَفَّسَ ﴾، سوێند بە بەیانییش کە هەناسە دەدا، بێگومانیش شەوگار ڕادەبرێ، ئنجا بەرەبەیان هەناسە دەدات و شەبەق دەدا، (**التنفُّس: خُرُوجُ النَّفَسِ مِنَ الحَيْوَانِ، واسْتُعِيرَ لِظُهُورِ الضياء مع بقايا الظَّلَامِ**)، (**تنفس**): بریتیە لەوەی ژیاندار هەناسە دەرباوێ و، لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ دەرکەوتن و ئاشکرابوونی بەرەبەیان لەگەڵ مانەوەی هەندێك لە تاریکییش، کەواتە: ﴿ وَٱلَّيۡلِ إِذَا عَسۡعَسَ ﴾، واتە: سوێند بە شەوگار کە ڕادەبرێ، یاخود: سوێند بە شەوگار کە دێ، یاخود: هەردووکیان پێکەوە، چونکە بە نسبەت ئێمەوە کە شەبەقی بەیانی دەدا، شەوگار ڕادەبرێ و بەیانی دێ، بەڵام بۆ دیوی ئەو لای زەوی (ئەمریکاییەکان و ئوستڕاڵییەکان) لەوێ شەوگار دێ و ڕۆژگار ڕادەبرێ، هەمیشە شەو و ڕۆژ بە دوای یەکەوەن و بە دەوری زەوییەوە دەپێچرێن، بۆیەش خوای بەرز ئەو وشەیەی بەکارهێناوە، چونکە بەنسبەت نیوەی گۆی زەوییەوە، شەوگار ڕادەبرێ و بەیانیی دێ و، بە نسبەت نیوەکەی دیکەیەوە، شەوگار دێ و ڕۆژگار ڕادەبرێ.

٥)- ﴿ إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ﴾، ئەم (قورئان)ە قسەی نێردراوێکی زۆر بەڕێزو نایابە، (**الكَرِيمُ هُوَ الجَيِّدُ مِنْ نَوْعِهِ**)، (**كريم**) باشترینە لە جۆری خۆیدا.

٦)- ﴿ ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٖ ﴾، خاوەن هێزە، لە لای خاوەن عەرش (خوای بێ وێنە) خاوەن پێگەیە.

٧)- ﴿ مُّطَاعٖ ثَمَّ أَمِينٖ ﴾، لەوێ بە قسە کراوە، فەرمانبەریی بۆ کراوە، زۆریش دەستپاکە، کەواتە: لێرەدا خوا ﷻ جیبریلی عليه السلام بە حەوت سیفەتان، پێناسە کردوە:

١- (رسول) نێرراو، ڕەوانەکراو.

٢- ﴿ كَرِيمٍ ﴾، (النَّفِيس مِنْ نَوْعِهِ)، زۆر چاك و نایاب له جۆری خۆی.

٣- ﴿ ذِي قُوَّةٍ ﴾، خاوەن هێز، چ هێزی ماددیی، چ هێزی مەعنەویی، له هەندێك له تەفسیرەکاندا هاتوە، جبیریل بۆ وەسفکردنی هێزی خۆی، باسی کردوە که باڵی خستۆته ژێر شارەکانی گەلی لووتەوە، بەرزی کردوونەوەی بۆ ئاسمان و خەڵکی ئاسمان گوێیان له بارەی مەڕو بزن و وەڕینی سەگ و زەڕەی کەر بووە، ئنجا نخوونی کردوونەوە، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَٱلْمُؤْتَفِكَةَ أَهْوَىٰ ﴿٥٣﴾ ﴾، شارە هەڵگێڕاوەکانی بەردانەوە.

٤- ﴿ مَكِينٍ ﴾، خاوەن پێگەیە، (صِفَة مُشَبَّهة بالفعل من (مَكُن مَكَانَةً) إذَا عَلَتْ رُتْبَتهُ عِنْدَ غَيْرِهِ)، واته: خاوەن پێگەیە، ئەمە سیفەتی چوێنراوە بە کردار لە (مَكُنَ)وە هاتوە، (مَكُن مَكَانَة)، واته: بووە خاوەن پێگە، هەر کاتێك پلەی بەرز بۆوە لە لای جگە لە خۆی.

٥- ﴿ ثَمَّ ﴾، لـەوێ، (هُنَـاكَ اسْـم مَـكَان وَالمـرَادُ هنـا: المـكانُ المجـازيّ)، مەبەسـت شـوێنی مەجازییـە، دەشـگونجێ مەبەسـت سـەرەوەی دروسـتکراوەکانی خـوای پەروەردگاربـێ، بـەو شـێوەیەی شایسـتەی خـوای بـێ وێنەیـە.

٦- ﴿ مُطَاعٍ ﴾، بـە قسـەکراو، فەرمانبەریـی کـراو، واتـە: خەڵـك فەرمـان پێکـراوی ویـن، بـە هـەر شـتێك فەرمانیـان پێبـکات، یاخـود: لـەوێ فریشـتەکان بـە قسـەی دەکـەن، هـەر شـتێك فەرمانیـان پـێ بـکات.

٧- ﴿ أَمِينٍ ﴾، دەسـتپاك، (الـذي يحفـظ مـا عُهِـد لـه بـه، حتـى يؤديـه دون نقـص ولا تغيير)، ﴿ أَمِينٍ ﴾: واتـە: دەسـتپاك، ئـەو کەسـەی ئـەوەی پێـی سـپێردراوە، بیپارێـزێ، دەیپارێـزێ تاکـو بـە بـێ کـەم و کووڕیـی و بـێ گۆڕانکاریـی دەیگەیەنـێ.

شـایانی باسـە: لێـرەدا، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَآ أُقْسِمُ بِٱلْخُنَّسِ ﴿١٥﴾ ٱلْجَوَارِ ٱلْكُنَّسِ ﴿١٦﴾ ﴾، ڕوونکەرەوەیـەك دەڵـێ: (الفَـاءُ لِتَفْرِيـعِ القَسَـمِ وَجَوَابُـهُ عَـلَى الـكَلَامِ السَّـابِقِ،

لِلْإِشَارَةِ إِلَى مَا تَقَدَّمَ مِنَ الْكَلَامِ هُوَ بِمَنْزِلَةِ التَّمْهِيدِ لِمَا بَعْدَ الفَاءِ، فَإِنَّ الكَلَامَ السَّابِقَ أَفَادَ تَحْقِيقَ وُقُوعِ البَعْثِ وَالْجَزَاءِ، وَهُمْ قَدْ أَنْكَرُوهُ وَكَذَّبُوا الْقُرْآنَ الَّذِي أَنْذَرَهُمْ بِهِ، فَلَمَّا قُضِيَ حَقُّ الْإِنْذَارِ بِهِ، وَذُكِرَ أَشْرَاطُهُ، فُرِّعَ عَنْهُ تَصْدِيقُ الْقُرْآنِ الَّذِي أَنْذَرَهُمْ بِهِ، وَأَنَّهُ مُوحًى بِهِ مِن عِندِ اللَّهِ)[1].

واتە: (فاء): لێرەدا بۆ بنیاتنانی سوێندەو، وەڵامی سوێندەکەشە لەسەر قسەی پێشێ، ئاماژەیە بۆ قسەکانی پێشێ، کە وەك ڕێخۆشکردن وابوون، بۆ ئەوەی لە دوای (فاء)ەکەوە دێ، چونکە قسەی پێشێ ئەوەی گەیاند کە سزاو پاداشت دەبێ، ئەوانیش نکووڵییان لەوە کردبوو و ئەو قورئانەی ئەو هەواڵەی داوەو لەو بارەوە هۆشداریی داوە، بە درۆیان دانابوو، ئێستاش کە باسی ئەوە کرا، لەو ڕۆژەدا ئەوە ڕوودەداو باسی نیشانەکانیشی کرا، ئنجا ئەوە بنیاتدەنرێ کە ئەو قورئانەی ئەو هۆشدارییەی پێداون و ترساندوونی لەو ڕۆژە، دڵنیابن کە لەلایەن خواوە (بە هۆی جیبریلەوە بۆ موحەممەد ﷺ) نێردراوە.

---

(١) التحرير والتنوير: ج١٢، جزء: ٣٠، ص١٥٢.

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

باسی پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ کە وەك بێبڕوایان لافیان لێدەدا، شێت نەبووەو، جیبریلیشی لەسەر شێوەی ڕاستەقینەی خۆی لە ئاسۆی ڕووندا بینیوەو، لەسەر گەیاندنی نادیاریش چرووك، (یاخود: تۆمەتبار) نیەو، قورئانیش قسەی شەیتانی نەفرینلێکراو نیە، بەس بیرخەرەوەیە بۆ جیهانییان، بۆ هەر کەس بیەوێ ڕێك و ڕاست بێ، بەبێ ویستی ڕەهای خواش، هیچکەس ناتوانێ بیەوێ ڕێك و ڕاست بێ، یاخود بە پێچەوانەوە، لارو لادەر بێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجْنُونٍ (٢٢) وَلَقَدْ رَءَاهُ بِالْأُفُقِ الْمُبِينِ (٢٣) وَمَا هُوَ عَلَى الْغَيْبِ بِضَنِينٍ (٢٤) وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَيْطَانٍ رَّجِيمٍ (٢٥) فَأَيْنَ تَذْهَبُونَ (٢٦) إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ (٢٧) لِمَن شَاءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ (٢٨) وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ (٢٩) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجْنُونٍ ﴾، هاوەڵەکەشتان شێت نیە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجْنُونٍ ﴾، هەندێك لە بێبڕوایەکان لە ئەنجامی بێ و یژدانیی و نەسەلمێنیی و عینادییدا، تۆمەتی سەیر سەیریان پاڵداونە لای پێغەمبەری خاتەم ﷺ وەك: شێتیی، جادووگەریی، شاعیریی، کاهینیی ... هتد.

ئنجا لێرەدا خوا ﷻ کە دەفەرموێ: هاوەڵەکەتان شێت نیە، وەك یەکێك لە زانایان گوتوویەتی: (**إِشَارَة لَطِيفَة إِلى كَوْنِهِ مَعْرُوفاً بَيْنَهُمْ بِكُلِّ خُلُقٍ سَنِيٍّ وَرَجَاحَةِ العَقْلِ وسُمُوِّ الأدب**)، کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجْنُونٍ ﴾، هاوەڵەکەشتان شێت نیە، ئەمە ئاماژەیەکی پەنهانە بەوەی (پێغەمبەر ﷺ موحەممەد) لە نێویاندا ناسراو بووە، بە هەموو ڕەوشتێکی بەرزو جوان و، بە تێرو تەواویی عەقڵ و ئەدەبی پەسندو باڵا، خوای زاناو توانا ئەوەندە بە بەس دەزانێ کە بفەرموێ: ﴿ وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجْنُونٍ ﴾، هاوەڵەکەتان، واتە: خۆتان باشی دەناسن

و پێـی ئاشـنان، لـە نێوانـدا ژیـاوە، هەرگیـز هیـچ کەسـێك باسـی ئـەوەی نەکـردوە کـە ناتەواوییـەك لـە عەقڵ و هۆشـی موحەممـەددا هەیـە، پێـش پێغەمبەرایەتیـی و، دوای ئـەوەش، گومانـی تێدانیـە کـە بەهـۆی پەیـام و وەحیـی خـوای پـەروەردگارەوە، عەقـڵ و هۆشـەکەی تێـرو تەواوتـر بـووەو لێـی کـەم نەبۆتـەوە!.

٢)- ﴿ وَلَقَدْ رَءَاهُ بِٱلْأُفُقِ ٱلْمُبِينِ ﴾، بە دڵنیایی ئەوی بینیوە، یانی: جیبریل، چونکە پێشێ باس باسی جیبریلە عليه السلام کە خوا لە وەسفیدا فەرمووی: ﴿ فَلَآ أُقْسِمُ بِٱلْخُنَّسِ ﴿١٥﴾ ٱلْجَوَارِ ٱلْكُنَّسِ ﴿١٦﴾ وَٱلَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ ﴿١٧﴾ وَٱلصُّبْحِ إِذَا تَنَفَّسَ ﴿١٨﴾ إِنَّهُۥ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ ﴿١٩﴾ ﴾، نەخێر، سوێند دەخۆم... ئەم (قورئان)ە گوتراوی نێردراوێکی بەرزو پەسندو بەڕێزە، ﴿ ذِى قُوَّةٍ عِندَ ذِى ٱلْعَرْشِ مَكِينٍ ﴿٢٠﴾ ﴾، خاوەن هێزەو لە لای خاوەن عەرش پێگەدارە، ﴿ مُّطَاعٍ ثَمَّ أَمِينٍ ﴿٢١﴾ ﴾، لەوێ گوێڕایەڵیی و فەرمانبەریی بۆ کراوە، دەستپاك و پارێزەری سپاردەیە.

لێـرەدا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَقَدْ رَءَاهُ بِٱلْأُفُقِ ٱلْمُبِينِ ﴾، ئـەو هاوەڵەتـان کـە موحەممـەدە ﷺ ئـەوی (جیبریـلی) بینیـوە، لـە ئاسـۆی ڕوون دا.

(**إبـن كثـير**)، لـە تەفسـیرەکەی خۆیـدا، دەڵـێ: (**والظاهـر أن هـذه السـورة نزلـت قبـل الإسراء لأنـه لم يذكـر منهـا إلاّ هـذه الرؤيـة، وهـي الأولى**)، واتـە: وا پێدەچـێ ئـەم سـوورەتە پێـش سـوورەتی (**الإسراء**) دابەزیبـێ، چونکـە تەنیـا ئـەو بینینـەی تێـدا باسـکراوە، (کـە پێغەمبـەر خـوا ﷺ جیبریلـی بینیـوە) ئەویـش بینینـی یەکەمـە.

لێـرەدا مەبەسـت ئەوەیـە کـە پێغەمبـەر ﷺ موحەممـەد جیبریلـی بینیـوە بـە بینینێکی ڕوون و ئاشـکرا، ﴿ ٱلْمُبِينِ ﴾، بە مانای (**واضح**)، ڕوون و ئاشـکرا، ﴿ بِٱلْأُفُقِ ﴾، (**أفـق**) واتـە: (ئاسـۆ)، لـە ئاسـۆی ڕوونـدا بینیویەتـی، لـە صەحیحـی بوخاریـی دا هاتـوە، کـە پێغەمبـەری خاتـەم موحەممـەد ﷺ دوای ئـەوەی لـە ئەشـکەوتی **حـراء** دا جیبریـل بـۆی دەچێتـە سـەر شـێوەی پیاوێـك و پێغەمبـەری خاتـەم بەخۆیـەوە دەگوشـێ، بەسـەرهاتەکەی هەیـە، دوایـی خـوا پشـتیوان بـێ لـە تەفسـیری سـوورەتی

(العلـق)دا پێـی دەگەیـن و باسـی دەکەیـن، کـە جیبریـل پێـی دەفەرمـوێ: بخوێنـە! دەڵـێ: خوێندەوارنیـم، دووبـارە جیبریـل بـە خۆیـەوە دەگوشـێت و بـەری دەداو پێـی دەڵـێ: بخوێنـە! دیسـان دەڵـێ: خوێنـدەوار نیـم، بـۆ جـاری سـێیەم بـە هەمـان شـێوە، جـاری سـێیەم، یـان بـۆ جـاری چـوارەم بـە پێـی جیاوازیـی ڕیوایەتـەکان پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفەرمـوێ: (مَـا ذا أقـرأ)، چـی بخوێنـم؟ ئنجـا ئـەو پێنـج ئایەتـەی سـەرەتای سـوورەتی (العلـق)ی بـۆ دادەبەزێنـێ: ﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ﴿١﴾ خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ ﴿٢﴾ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ ﴿٣﴾ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ ﴿٤﴾ عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴿٥﴾ ﴾.

دوایـی کـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دەگەڕێتـەوە بـۆ ماڵـێ و دەفەرمـوێ: دەترسـم دەسـتم لێوەشـێنرابێ و بـە دایکـمان خەدیجـە دەفەرمـوێ: داپۆشـە! خەدیجـەش دڵـی دەداتـەوە، ئنجـا بـۆ جارێکـی دیکـە، جیبریـل لەسـەر شـێوەی ڕاسـتەقینەی خـۆی، خـۆی پێشـانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەدات لـە ئاسـۆدا، ئنجـا ئەوەیـە خـوای پـەروەردگار باسـی دەکات، کـە موحەممـەد ﷺ جیبریلـی بینیـوە لـە ئاسـۆی ڕوونـدا، واتـە: لەسـەر شـێوەی ڕاسـتەقینەی خـۆی، ئەگەرنـا لـە ئەشـکەوتی (حـراء)دا، لەسـەر شـێوەی پیاوێـك کـە جیبریـل خـۆی بردبـووە سـەر شـێوەی وی، دیبـووی و ئـەو پێنـج ئایەتـە موبارەکـەی سـەرەتای سـوورەتی (العلق)یشـی پـێ فەرمـوو بـوون.

٣)- ﴿ وَمَا هُوَ عَلَى الْغَيْبِ بِضَنِينٍ ﴾، ئەو لەسەر گەیاندنی پەنهان و نادیار، چرووك نیە، (ضنین)، یانی: (بخیل)، بە مانای: چرووك و دەست قووچاو، واتە: وانیە خوای زاناو توانا شتێکی پەنهانی پێ بڵێ، بەڵام ئەو بە ئێوەی ڕانەگەیەنێ.

ئـەو وشـەیە بـە شـێوەیەکی دیکـەش خوێندراوەتـەوە: (بظنـین)، یـانی: (زمُتَّهَـم)، تۆمەتبـار، واتـە: موحەممـەد ﷺ تۆمەتبـار نیـە، لەسـەر گەیاندنـی پەنهانێـك کـە خـوای پـەروەردگار ئـەوی لـێ ئـاگادار دەکاتـەوە، بەڵکـو موحەممـەد ﷺ پیاوێکـی ڕاسـتگۆو ڕاسـتبێژو ئەمانـەت پارێـزە.

لـە بـارەی ئـەو دوو خوێندنـەوەوە، هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: خوێندنـەوەی (بظنـین) بەهێزتـرە، لـە هـی (بضنـین)و، دوو بەڵگەشـیان هێناونـەوە:

١- بێبڕوایەکان موحەممەدیان ﷺ بەوە تۆمەتبار نەکردوە، کە چرووکە (**إنهم لَمْ يُبَخِّلُوهُ**)، ئەوان بە چرووکیان دانەنابوو، بەڵکو دەیانگوت: شێتە، یان دەیانگوت: جادووگەرە، یان دەیانگوت: کاهینە، یان دەیانگوت: شاعیرە، کەواتە: بەشتی دیکە تۆمەتباریان کردوە، نەك گوتبێتیان: چرووك و ڕژدەو هیچی لەدەست هەڵناوەرێ.

٢- ئەگەر وشەکە (**ضنين**) بووایە، ئەو کاتە دەیفەرموو: (**وما هو بالغيب بضنين**)، واتە: موحەممەد ﷺ بە گوتنی شتێك کە پەنهانەو خوای پەنهانزان ئەوی لێ ئاگادار کردۆتەوە، چرووك نیە، (**ضاد و ظاء**)، کە بە (**أخت الضّاد وأخت الظّاء**)، ناوبراون، کاتی خۆی کە نووسراون، لە ڕێنووسی کۆندا زۆر لێك نیزیك بوون، چونکە ئەو چوکڵەیەی سەر (**ضاد**) ەکە، دەیکات بە (**ظاء**)، بەڵام بێگومان هەردووك خوێندنەوەکان موتەواتیرن و (**الطبري و إبن كثير**) و زۆرێك لە زانایانیش گوتوویانە: باش نیە، هەڵسەنگاندن بکرێ لە نێوان خوێندنەوەکاندا، مادام هەموویان بە تەواتور بە ئێمە گەیشتوون، واتە: کۆمەڵێکی زۆری هاوەڵان لە پێغەمبەری خوایان بیستوەو، ئەوانیش بە کۆمەڵێکی زۆری دوای خۆیانیان گەیاندوەو، ئەوانیش بە هەمان شێوە، هەتا گەیشتۆتە ئێمە.

ئنجا دوای ئەوەی خوای پەروەردگار تۆمەتی شێتیی لە موحەممەد ﷺ دوورخستەوە، بە بەڵگەی ئەوەی هاوەڵ و ڕەفیقتانەو لە نێوتاندایەو چاك دەیناسن، هەروەها دوای ئەوەی ڕایگەیاند کە موحەممەد ﷺ لە خۆوە قسە ناکات، بەڵکو جیبریلی بینیوە لە ئاسۆی ڕووندا، کە مەبەست ئەو جارەیە لە شێوەی ڕاستەقینەی خۆی دا بینیویەتی، وەك لەم دەقەی سوننەتیش دا هاتوە:

{عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه، فِي قَوْلِهِ: ﴿ فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَىٰ ۝٩ ﴾، قَالَ: رَأَى النَّبِيُّ ﷺ جِبْرِيلَ لَهُ سِتُّمِائَةِ جَنَاحٍ} (**اخرجه البخاري: ٤٨٥٦، ومسلم: ١٧٤، والترمذي: ٣٢٧٧، والنسائي في التفسير:٥٥٤**)، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود (خوا لێی ڕازی بێ)، لە بارەی فەرمایشتی خواوە کە دەفەرموێ: ﴿ فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَىٰ ۝٩ ﴾، واتە: بە ئەندازەی دوو کەوانە، یاخود نیزیکتریش لێی نیزیك بوو، گوتوویەتی: پێغەمبەر ﷺ جیبریلی بینیوە، شەشسەد (٦٠٠) باڵی هەبووە.

واتە: لێرەدا مەبەست دیتنی پێغەمبەرە ﷺ بۆ جیبریل.

وەك لە تەفسیری سوورەتی (النجم)دا بە تەفصیڵ لەو بارەوە قسەمان کردوە.

ئنجا دوای ئەوە خوای کاربەجێ دێتە سەر باسی قورئان و دەفەرموێ:

٤)- ﴿ وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَيْطَٰنٍ رَّجِيمٍ ﴾، ئەو (قورئان)یش قسەی شەیتانێکی دوورخراوە نیە (لە بەزەیی خوا).

﴿ رَّجِيمٍ ﴾، لەسەر کێشی (**فعیل**) و بە مانای (**مفعول**)ە، واتە: بەرد بارانکراو، لێرەدا مەبەست پێی ئەوەیە لە بەزەیی خوا دوورخراوەتەوە، وەك چۆن کەسێك بتەوێ دووری بخەیەوە، بەردانی پێدادەی بۆ ئەوەی بڕوا، شەیتانیش ئاوا لە بەزەیی خوا دوور خراوەتەوە، ئەم قورئانەش قسەی شەیتانێکی دوور خراوە نیە لە بەزەیی خوا، وەك ئێوە لاف لێدەدەن و تۆمەت هەڵدەبەستن.

٥)- ﴿ فَأَيْنَ تَذْهَبُونَ ﴾، ئنجا بۆ کوێ دەچن؟ بەرەو کوێ دەڕۆن، لە حاڵێکدا بەڵگەتان لەسەر تەواو کراوە؟ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەر کەسێك عەقڵی خۆی بەکاربێنێ و تەماشای قورئان بکات، دەزانێ لە جگە لە خوای پەروەردگارەوە، ناگونجێ ئەم قورئانە هاتبێ.

وەك لە کتێبەکانی مێژوودا هاتوە کە ئەبوو بەکری صیددیق (خوا لێی ڕازی بێ) دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ، کە مسوڵمانان هەڵیان بژاردوە بە یەکەم جێنشینی پێغەمبەری خاتەم، شاندێك لە لای موسەیلیمەی درۆزنەوە هاتوونە لای و، لافی ئەوەیان لێداوە کە موسەیلیمەش سرووشی بۆ کراوەو خوا کتێبی بۆ ناردوە! ئەبوو بەکریش (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: بۆم بخوێننەوە، ئەوانیش هەندێك لەوەی گوایە موسەیلیمە بۆی نێردراوە، بۆی دەخوێننەوە، ئەبوو بەکریش (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: بە دڵنیایی ئەم قسەیە لە خواوە دەرنەچووە، واتە: هەروەك قسەی ئاسایین، یەکێك لەو قسانەی موسەیلیمە

گوتوویەتـی: منیـش بـۆم نێـردراوە بـە وەحیـی، ئەوەیـە کـە لاسـایی سـوورەتی (القارعــة)ی کردۆتــەوە: ﴿ٱلْقَارِعَةُ ۝١ مَا ٱلْقَارِعَةُ ۝٢ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْقَارِعَةُ ۝٣﴾، گوتوویەتـی: (**الضِّفـدعُ، مـا الضِّفـدع، وَمَـا أَدْرَاكَ مَـا الضِّفـدع**)، یاخـود گوتوویەتـی: (**الفِیـل، مـا الفِیـل، ومـا أدراك مـا الفیـل، لَـهُ أُذنـان عریضـان، وخرطـوم طویـل**)، فیـل چییـە؟ تـۆ چووزانـی فیـل چییـە؟ دوو گوێـی پـان و لووتێکـی درێـژی هەیـە!.

هەڵبەتـە هەمـوو کـەس دەتوانـێ ئـەو جـۆرە قسـەیە بـکات، ئنجـا ئـەوە لـە کـوێ و ئـەوە لـە کـوێ کـە خـوای پـەروەردگار فەرموویەتـی!!

بۆیـە خـوای پـەروەردگار دەفەرمـوێ: ﴿فَأَيْنَ تَذْهَبُونَ﴾، بـەرەو کـوێ دەچـن؟ واتە: ئێـوە لـە تۆمەتبـار کردنـی قورئانـدا بـەوەی قسـەی شـەیتانێکی نەفریـن لێکـراوو دوورخراوەیـە لـە بەزەیـی خـوا، زۆر دوور دەڕۆن، زۆر لـە هـەق دوور دەکەونـەوە.

٦)- ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ﴾، ئەو تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ جیهانییان، (**إن**)، لێرەدا بە مانای: (**ما**)ی لابەرە (**النافية**)یە، یانی: (**ما هو** إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ)، قورئان هیچ شتێك نیە، جگە لە بیرخەرەوەو پەندو ئامۆژگاریی بۆ جیهانییان، جیهانییانیش:

أ- دەگونجێ مەبەست پێی هەموو مرۆڤەکان بێ، لە هەر شوێنێکی گۆی زەویدا هەن.

ب- دەگونجێ مەبەست پێی مرۆڤ و جند بێ، (**عالَمَي الإنس و الجن**).

ج- دەشگونجێ مەبەست پێی جگە لە ئەوانیش بێ، چونکە ئەو پەیامەی پێغەمبەری کۆتایی هێناویەتی ﷺ لە بەرژەوەندیی زیندەوەران و ئاژەڵ و پەڕەورو ژیاندارانیش دایە، بە گشتیی، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ فەرمانی بە مسوڵمانان کردوە بە چاکە لەگەڵ ئاوو دارو درەخت و ڕێ و بان و ژینگەدا، لەگەڵ دەوروبەریاندا، لەگەڵ ئاژەڵاندا، لەگەڵ پەڕەوەران دا، لەگەڵ زیندەوەراندا، مامەڵە بکە.

٧)- ﴿ لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن يَسۡتَقِيمَ ﴾، بۆ هەر کامێك لە ئێوە بیەوێ ڕێك و ڕاست بێ، هەڵبەتە کە دەفەرموێ: بۆ هەر کامێك لە ئێوە ڕێك و ڕاست بێ، واتە: ڕێك و ڕاست بێ لەگەڵ خوادا ﷻ، لەگەڵ خودی خۆیدا، لەگەڵ خەڵکدا، ئنجا زمانی ڕاست بێ، دڵی ڕاست بێ، کردەوەی ڕاست بێ، هەروەها دیوی پەنهانی ڕاست بێ، دیوی دەرەوەی ڕاست بێ، ڕاست و ڕێك بێ، بە مانای وشەو بە گشتیی.

٨)- ﴿ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، ناشتانەوێ تاکو خوای پەروەردگاری جیهانییان نەیەوێ.

هەندێـك لـە تەفسـیرەکان هێناویانـە دەڵێـن: یەکێـك لـە زلەزلانـی قوڕەیـش، یەکێـك لـە بێبـڕوا دەسترۆیشـتووەکان، گوتـی: کەواتـە، ئـەوە عایـدی خۆمانـە، داخـۆ ڕاسـت دەبیـن، یـان ڕاسـت نابیـن، ئەگـەر ویسـتمان ڕاسـت و ڕێـك دەبیـن، ئەگـەر نەشمانویسـت ڕێـك و ڕاسـت نابیـن، دەڵێـن: بۆیـەش خـوای پـەروەردگار فەرموویەتـی: ﴿ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، ناشـتانەوێ مەگـەر خـوای پـەروەردگاری جیهانییـان بیـەوێ.

لێـرەدا زانایـان زۆریـان قسـەیان کـردوە، وەك پێشـتریش لـەو بـارەوە هـەر دواوین، کـە ئایـا ئەمـە مەبەسـت پێـی چییـە؟ بۆیـە لـەو بـارەوە کورتـە باسـێك دەکەین.

کورتە باسێک لە بارەی

پەیوەندیی نێوان ویستی ڕەهای خواو ویستی بەشیی مرۆڤەوە

هەر کام لە قەدەرییە و موعتەزیلەو، جەبرییە ئەو ئایەتەیان: ﴿ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، بە بەڵگە هێناوەتەوە لەسەر بیروڕای خۆیان:

قەدەرییەو موعتەزیلە، گوتوویانە: لێرەدا خوا ﷻ کارەکەی بەستۆتەوە بە ویستی خۆمانەوە، کەواتە: خوا ویستێکی داوینێ، بەو ویستە دەتوانین ڕێك و ڕاست بین و، دەشتوانین چەوت و لار بین، بۆیە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆمان.

جەبرییەش گوتوویانە: ئەها خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، ناتانەوێ تاکو خوای پەروەردگاری جیهانییان نەیەوێ، کەواتە: هەر کردەوەیەك دەیکەی، دەبێ خوا بیەوێ، ئنجا دەتوانی ئەنجامی بدەی.

لێرەدا وەك جارانی دیکەش باسمان کردوە، هەر کام لە قەدەرییەو موعتەزیلەو جەبرییە، یەکێکیان تووشی کورتهێنان بووەو، یەکێکیان تووشی تێپەڕاندن بووە.

قەدەرییەو موعتەزیلە، کە دەڵێن: مرۆڤ دەتوانێ هەموو شتێك بکات و تەنانەت بەدیهێنەری کردەوەکانیشی بێ، لە ڕاستییدا ئەوە جۆرێکە لە تێپەڕاندن (**إفراط**).

جەبرییەش کە دەڵێن: مرۆڤ هیچ شتێکی بۆ ناکرێ، تاکو خوا بۆی نەکات، ئەوەش بێگومان کورتهێنان (**تفريط**)ە.

تاکە ڕای ڕاست و ڕێك کە زۆربەی هەرە زۆری زانایانی ئوممەت لەسەرینی، هەرچەندە شێوەی دەربڕینەکەیان جۆراو جۆرە، ئەوەیە:

خوا ﷻ ویستێکی بە ئێمەی مرۆڤ داوە، هەروەها جندیش بە هەمان شێوە، کە بەو ویستە، بەو ئیرادەیە، دەتوانین چاکەمان پێی بوێ و دەتوانین ئیمانی پێ

هەڵبژێرین و فەرمانبەریی، دەشتوانین بە پێچەوانەوە: کوفرو خراپەو بێ فەرمانیی پێ هەڵبژێرین، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، ناتانەوێ تاکو خوای پەروەردگاری جیهانییان نەیەوێ، واتە: ئێوە نەتاندەتوانی ڕێی ڕاست بگرنەبەر، یان ڕێی چەوت، ئەگەر خوا ﷻ ئەو توانایەی پێ نەدابان، نەك بۆ هەر کردەوەیەکی چاك، یان خراپ کە مرۆڤ دەیکات، خوا ﷻ ڕێی بدات، ئنجا بتوانێ بیکات، نەخێر ئایەتەکە وا نافەرموێ، بەڵکو دەفەرموێ: ئێوە ناتانەوێ تاکو خوا نەیەوێ، واتە: بۆیە دەتوانن چاکەتان بوێ و، بەو ویستە بەشیی (**إرادة جزئية**)یەی پێتان دراوە بۆ تاقیکردنەوە، دەتوانن ڕووی پێ لە ئیمان و تاعەت و چاکەکاریی بکەن، یاخود بە پێچەوانەوە: ڕووی پێ لە بێبڕوایی و خراپەکاریی بکەن، چونکە خوا ﷻ ئەو ویست و توانایەی پێداون.

کەواتە: ئەنجامدانی هەر کردەوەیەکی مرۆڤەکان، ئەگەر چاك بێ، ئەگەر خراپ بێ، پەیوەست نیە بە ویستی خوای کارزان، کە لەو کاتەدا خوا بیەوێ، ئنجا مرۆڤ بتوانێ بیکات، بەڵکو خوا ﷻ ویستێکی پێداون، بەو ویستە ئەوەی بیانەوێ پێی هەڵدەبژێرن، ئنجا لەبەر ئەوەی پێدانی ئەو ویستە، بە ویستی ڕەهای خوای پەروەردگارە، بۆیە خوای پەروەردگار ئاوای فەرمووە.

بە ڕاستیی مرۆڤ دەبێ لێرەدا وریا بێ و، نە تێپەڕێنێ و سەری بە بیرۆکەی موعتەزیلەو قەدەرییە بگات، نە کورتیشی بێنێ و سەری بە جەبر بگات، کە بە داخەوە ئەشعەرییەکانیش هەتا ڕادەیەك و ماتوردییەکانیش لە ژێر کاریگەریی بیرۆکەی جەبرییە دابوون.

مامۆستای گەورەی کۆیە لە تەفسیرەکەی خۆی و لە کتێبێکی خۆیدا دەڵێ:

{چونکە سەلبی تەئسیریان لە قودرەتی عەبدی کرد

ئۆممەتی وا زەبەلاح هەمووی بە زیندوویی مرد!

بیرۆکەی جەبر دەڵێ: مرۆڤ هیچ شتێکی لەدەست نایەت و ناتوانێ هیچ شتێك ئەنجام بدا، تاکو خوا بۆی ئەنجام نەدات و بۆی نەخوڵقێنێ! ئەمەش

لـە ڕاسـتییدا پێچەوانـەی هەمـوو ئـەو ئایەتانەیـە کـە خـوای بـەرز دەفەرمـوێ: مرۆڤـەکان دەتوانـن چـاك بکـەن و خـراپ بکـەن و، لەسـەر چاکـە، لەبـەر ئـەوەی بـۆ خۆیـان ئەنجامیـان داوە، پاداشـتیان هەیـەو، لەسـەر خراپـەش لەبـەر ئـەوەی بـۆ خۆیـان ئەنجامیـان داوە، سـزایان هەیـە، ئنجـا مـادام خـوای پـەروەردگار وا دەفەرمـوێ: ﴿ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٧ ﴾السـجدة، ﴿ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ٨٢ ﴾الأنعـام، کەواتـە: مـرۆڤ دەتوانـێ چاکـە بـکات و دەتوانـێ خراپـەش بـکات، بـەو ویسـتە بەشـییەی خـوای پـەروەردگار پێیـداوە.

بۆیـە بیرۆکـەی جەبـر لەگـەڵ ئایەتەکانـدا تێـك دەگیـرێ، ئنجـا ئەگـەر ئایەتێکـی ئـاوای لەسـەر بـە بەڵگـە بێننـەوە: ﴿ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، وەك پێشـتریش گوتمـان: مانـا ڕاسـت و دروسـتەکەی بەمجۆرەیـە: ئێـوە نەتاندەتوانـی بتانـەوێ، مەگـەر خـوا ویسـتبای بـەوە کـە توانـای ویسـتنتان پـێ ببخەشـێ و پێیداون، واتـە: ئەگـەر خـوا ئـەو توانایـەی پـێ نەدابـان، نەتاندەتوانـی چاکەتـان بـوێ، یـان خراپـە، بـەڵام ئێسـتا کـە دەتوانـن ڕێـی ڕاسـت بگـرن و ڕێـی چەوتیـش بگـرن، لەبـەر ئەوەیـە کـە خـوای زانـاو بەتوانـا توانـاداری کـردوون.

هەروەهـا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن يَسۡتَقِيمَ ﴾، بـۆ هـەر کامێـك لـە ئێـوە بیـەوێ ڕێـك و ڕاسـت بـێ، واتـە: مـرۆڤ دەتوانـێ ڕێـك و ڕاسـت بـێ، هـەروەك دەتوانـێ چـەوت و لاریـش بـێ، هـەر بەوەشـە کـە مـرۆڤ تاقـی دەکرێتـەوەو، خراوەتـە تاقـی کردنـەوەوە.

هەڵبەتـە تێپەڕانـدن خراپـەو کورتهێنانیـش خراپـەو خەتـی ئێوەڕاسـت گرتـن چاکـە، ئێمـە کـە پێنـج فـەڕزە لـە خـوای پـەروەردگار دەپاڕێینـەوە: ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ ﴾، واتـە: ڕێـی ڕاسـتمان پێشـان بـدە، بمانخـە سـەر ڕێـی ڕاسـت، بێگومان دۆزینـەوەی ڕێـی ڕاسـت، ئاسـان نیـە، بۆیـەش خـوا ﷻ ئـەو هەمـوو پێغەمبەرانـەی نـاردوون، کـە ڕێـی ڕاسـت پێشـانی ئێمـە بـدەن، لـە بـواری بووناسـیی و ئیـمان و عەقیـدەدا، لـە بـواری تێڕوانیـن و بۆچوونـەکان دا، لـە بـواری کردەوەکانـدا.

کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، ناشتانەوێ تاکو خوای پەروەردگاری جیهانییەکان نەیەوێ، واتە: بۆتان نەدەلوا، بتوانن ڕێی ڕێك و ڕاست هەڵبژێرن، ئەگەر خوا ئەو توانایەی پێنەدابان.

لێرەدا تۆزێك چەمکی ئەم ڕێك و ڕاست بوونە: ﴿ لِمَن شَآءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ ﴾، ڕوون دەکەینەوە:

یەکەم: بەر لە هەموو شتێك مرۆڤ دەبێ کار لەسەر خۆی بکات، عەقڵێکی ڕێك و ڕاستی هەبێ، ئنجا دەبێ کار لەسەر خۆی بکات، دڵ و دەروون و ناخ و زگماکێکی پاك و ساغ و ڕاستی هەبێ و، دەروونی بژار بکات لەو شتانەی زگماك دەشوێنن و چەشماندازی تێکدەدەن، هەروەها مرۆڤ دەبێ هەوڵبدات ئەو زانراوانەی بەهۆی پێنج هەستەکانەوە پەیدایان دەکات، ڕێك و ڕاست بن، بە هەڵە دا نەچێ و، گوێی بە هەڵە زانیارییە بیستراوەکان وەرنەگرێ و، چاوی بە هەڵە بینراوەکان نەبینێ، هەروەها هەستەکانی دیکەشی.

دووەم: مرۆڤ دەبێ وەك چۆن لە ڕووی عەقڵ و زگماك و، بەکارهێنانی هەستەکانیەوە ڕێك و ڕاست دەبێ، ڕێك و ڕاستیش لە ئایین و بەرنامەی خوای پەروەردگار تێبگات و لێی حاڵیی بێ، چونکە چەوت تێگەیشتن لە ئایین، پابەندییەکی چەوت و لاریش بەرهەم دێنێ.

سێیەم: مرۆڤ دەبێ هەوڵبدات لە زاتی خۆیداو لەگەڵ خۆیدا ڕاست بێ، ئەوەی بە زمانی دەیڵێ، لە دڵیشی دابێ و، ئەوەی بە زمان گوتی، بە کردەوەش جێ بەجێی بکات، واتە: دڵ و زمان و کردەوەکانی پێکەوە جووت بن.

چوارەم: دەبێ هەوڵ بدات لەگەڵ خوادا ڕاست بێ و کاتێك دەڵێ: خوایە! بەس تۆ دەپەرستم و، داوای یارمەتیی تەنیا لە تۆ دەکەم، بمخە سەر ڕێی ڕاست، بە جیددیی و بە هەموو توانایەوە سەرەتا هەوڵبدات لە بەرنامەی خوا تێبگات، چونکە ئەگەر لە ئایینی خوا تێنەگات، چۆن دەتوانێ خوا بپەرستێ و، دەتوانێ بە ڕێی ڕاستی خوادا بڕوات، ئەگەر شارەزای ڕێی ڕاستی خوا نەبێ؟

پێنجەم: هەروەها دەبێ هەوڵبدات لەگەڵ خەڵکیشدا ڕاست بێ، چ نیزیك و دۆست بن، چ دوورو ناحەزبن، دەبێ لەگەڵیاندا ساغ و ڕاست بێ، ئەویش بە گشتیی و لە هەموو ڕوویکەوە: لە ڕووی ڕەوشت و ئاکارو هەڵسوکەوت و مامەڵەی ڕۆژانەیەوە، لە سەرجەم بوارەکانی ژیان دا.

شەشەم: هەروەها مرۆڤەکان دەبێ هەوڵبدەن بەگشتیی و بە کۆ لە ڕووی ئیدارەدانی کۆمەڵگاوە، بە ڕێیەکی ڕاستداو بە شێوەیەکی ڕاست و دروست کۆمەڵگایەکەیان بەڕێوەبەرن، دیسان هەر کامێکیان وەك تاك کارێکی دەکەوێتە دەست لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، هەروەها لە چوارچێوەی خێزاندا، دەبێ هەوڵبدات ماڵ و خێزانەکەی بە ڕێك و ڕاستیی بەڕێوەبەرێ، ئنجا ئایا چەندە قسەی دەڕواو کاری لەبەر دەڕوا، ئاوی لە دوا دێ، دەبێ هەوڵبدات بە شێوەیەکی ڕێك و ڕاست، ئەوانەی لەبەر دەستیدان، سەرپەرشتییان بکات و، بە ڕێی ڕاستیاندا بەرێ.

خوای پەروەردگار بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ، کە هەمیشە لە زاتی خۆیاندا ڕاستن و، لەگەڵ خوادا ڕاستن و، لەگەڵ خەڵکدا ڕاستن، دیوی شێرراوەو پەنهانیان ڕاستەو، دیوی دیارو بەرچاویان ڕاستەو، لە هەموو هەڵسوکەوتیاندا هەوڵدەدەن، ڕێك و ڕاست بن، تاکو وەبەر ئەو موژدەیەی خوا بکەوین، کە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ١١٩ ﴾التوبة، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! پارێز لە خوا بکەن و لەگەڵ ڕاستتان دا بن، پێشێ فەرمان دەکات بە پارێزکاریی (تقوى)، لەبەر ئەوەی تەقوا ناخی مرۆڤ دەشوات و لە دیوی نیوەوەی ساغی دەکات و سافی دەکات، هەر کاتیش وابوو دەتوانێ لەگەڵ ڕاستانیش دا بێ و، لەگەڵ ڕاستانیشدا بەڕێدا بڕوات.

لێرەش دا کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی (التكوير) دێنین.

سُبحَانَكَ اللّٰهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

تەفسیری سوورەتی

الإنفطار

دەستپێک

بەڕێـــــزان!

ئەمڕۆ کـە (١٩)ی مانگـی (ذي القعـدة)ی سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچیـی بەرانبـەر (١٠)ی تەممـووزی سـاڵی (٢٠٢٠) زایینییـە، لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن، بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (الإنفطـار).

پێناسەی سوورەتی (الإنفطار) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە زیاتـر نـاوی سـوورەتی (الإنفطـار)ی بـۆ بەکارهاتـوە، پێشـتر ئـەم فەرموودەیەمـان بـۆ هێنـا، لـە کاتـی تەفسـیرکردنی سـوورەتی (التکویـر)دا، کـە پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتـی: {مَـنْ سَرَّهُ أَنْ يَنْظُـرَ إِلَى يَـوْمِ الْقِيَامَـةِ كَأَنَّـهُ رَأْيُ عَـيْنٍ، فَلْيَقْـرَأْ: ﴿إِذَا ٱلشَّمْسُ كُوِّرَتْ ۝١﴾، ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتْ ۝١﴾، ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتْ ۝١﴾}، (أخرجـه أحمـد: ٤٨٠٦، قـال الهيثمـي ج٧، ص١٣٤: رواه أحمـد بإسـنادين ورجالهـما ثقـات، والترمـذي: ٣٣٣٣، وقـال: حسـن غريـب، والحاكـم: ٨٧١٩، وقـال: صحيح الإسـناد، وأبـو نعيـم في الحليـة ج٩، ص٢٣١).

واتـە: هـەر کەسـێك پێـی خۆشـە، تەماشـای ڕۆژی قیامـەت بـکات، وەك ئـەوەی بـە چـاو ببینـێ (بـە چـاوی سـەر)، بـا سـوورەتی: ﴿إِذَا ٱلشَّمْسُ كُوِّرَتْ ۝١﴾ و ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتْ ۝١﴾ و ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتْ ۝١﴾، بخوێنێتـەوە.

بەڵام وێڕای ناوی (سورة الإنفطار)، سێ ناوی دیکەشی بۆ بەکارهاتوون:

أ- سورة ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتۡ ١﴾.

ب- سورة انفطرت.

ج- سورة **المنفطرة.**

بەڵام ناوی هەرە باوی (**سورة الإنفطار**)ە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ئەم سووڕەتە بە یەکدەنگیی زانایان مەککەییە، لەو بارەوەش ئەم دەقە دێنین:

(**عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَبَّاسٍ** رضي الله عنه، **قَالَ: نَزَلَتْ:** ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتۡ ١﴾، **بِمَكَّةَ**)[1].

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس رضي الله عنهما گوتوویەتی: سووڕەتی: ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتۡ ١﴾، لە مەککە دابەزیوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:

ئەم سووڕەتە موبارەکە لە موصحەفدا، ژمارەکەی: (٨٢)یەو، لە دابەزینیشدا هەر ژمارە (٨٢)یەو، لە ڕووی دابەزینەوە، پێش سووڕەتی (**الإنشقاق**)و، دوای سووڕەتی (**النازعات**)، دابەزیوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

بە لای تێکڕای ژمێرەرانی ئایەتەکانی قوڕئان، ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سووڕەتە موبارەکە نۆزدە (١٩)یە.

---

(١) الدر المنثور للسيوطي (٨/ ٤٣٧).

پێنجەم: نێوەڕۆكی:

ئەم سوورەتە موبارەكە لە بارەی سێ بابەتی سەرەكییەوە دەدوێ:

بابەتی یەكەم: ئایەتەكانی: (١ - ٥)، پێنج (٥) ئایەتی سەرەتا، باسی ڕۆژی دوایی بە هەردوو قۆناغەكەیەوە.

قۆناغی یەكەم: سێ نیشانانی لێ دەخاتەڕوو.

قۆناغی دووەم: دوو نیشانانی لێ‌ دەخاتەڕوو.

بابەتی دووەم: ئایەتەكانی: (٦ - ١٢)، حەوت (٧) ئایەت، دواندنی مرۆڤ بە سەرزەنشتكردنیەوە، كە بۆچی بەرانبەر بە پەروەردگاری فریوی خواردوەو بوغرا بووە، لە حاڵێكدا كە بە چەندان قۆناغ هێناویەتە دی، پاشان خستنەڕووی ئەو ڕاستییە كە فریشتە پارێزەرەكانی بەسەرەوەن و، هەرچی مرۆڤەكان ئەنجامی دەدەن، لە خولیاو نیازی عەقڵ و دڵیان و، وشەو تەعبیری زارو زمانانیان و، لە كردەوەی ئەندامەكانیان، هەمووی دەزانن.

بابەتی سێیەم و كۆتایی: ئایەتەكانی: (١٣ - ١٩) دەگرێتەوە، حەوت (٧) ئایەت، باسی سەرەنجامی هەر كام لە چاكەكاران و تاوانباران و، پێناسەیەكی كورتی ڕۆژی دواییە.

شەشەم: تایبەتمەندییەكانی:

ئەم سوورەتە موبارەكە چوار تایبەتمەندییمان لێ كەوتوونە بەرچاو:

١- تاكە سوورەتێكە باسی ڕۆژی دوایی كردبێ، بە هەردوو قۆناغەیەكەیەوە، لە تەنیا پێنج (٥) ئایەتداو، سێ ڕووداوی ئاخیر زەمان و دووانی قیامەتی تێدا باس كرابن، لە ئایەتەكانی: (١ - ٥)دا.

٢- ئەم تەعبیرە ڕاچڵەکێنە، تەنیا لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْإِنسَٰنُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلْكَرِيمِ ۝٦ ﴾.

٣- بە (چوار) قۆناغی پلە پلەیی باسی دروستکردنی مرۆڤ لە ڕووی جەستەییەوە کراوە، لە ئایەتەکانی: (٧ - ٨)دا.

٤- چەند وشەو تەعبیرێکی تایبەت بەم سوورەتەوە:

١- وشەی: ﴿ ٱنتَثَرَتْ ﴾، واتە: پرژو بڵاو بوو.

٢- وشەی: ﴿ فُجِّرَتْ ﴾: واتە: تەقییەوە، یاخود تێکەڵ بوو.

٣- وشەی: ﴿ بُعْثِرَتْ ﴾: شکنرایەوە، یاخود هەڵگێردرایەوە.

٤- وشەی: ﴿ فَعَدَلَكَ ﴾: کە خوێندراویشەتەوە: (فَعَدَّلَكَ)، واتە: تۆی تەعدیل کردوەو ڕێك و ڕاست کردوە، هەندێك دەڵێن: (عَدَلَكَ)، یانی: ڕێك و ڕاستی کردووی، هەندێکشیان دەڵێن: ﴿ فَعَدَلَكَ ﴾، یانی: تۆی لاداوە لە چەوتیی بەرەو ڕاستیی.

٥- هەروەها تەعبیری: ﴿ يَوْمَ لَا تَمْلِكُ نَفْسٌ لِّنَفْسٍ شَيْـًٔا ۖ وَٱلْأَمْرُ يَوْمَئِذٍ لِّلَّهِ ﴾، ئەو ڕۆژەی هیچ کەس، هیچ شتێکی بۆ هیچ کەس پێ ناکرێ و، کاروبار بە دەست خوایە، ئەم تەعبیرەش تەنیا لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوە.

حەوتەم و کۆتایی: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك:

ئێمە نۆزدە (١٩) ئایەتەکەی ئەم سوورەتە موبارەکە دەکەینە یەك دەرس، چونکە هەرچەندە سێ بابەتیان تێدا باسکراون، بەڵام زۆر بە کورتیی و بە تێکهەڵکێشیی و جۆشدراویی کە ناگونجێ لە یەك جیابکرێنەوە.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە سـەرجەم لـە ئایەتەکانـی نـۆزدە ئایەتەکـە: (١ - ١٩)ی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە دەگرێتـە خـۆی، کـە وەك گوتمـان: سـێ بابەتـی گـەورەو گرنـگ و سـەرەکیی دەگرنــە خۆیان.

بابەتــی یەکــەم: باســی ڕۆژی دوایــی، بــە هــەردوو قۆناغــی ئاخیــر زەمــان و هەڵسـانەوەو زیندووکرانــەوەوە، لــە پێنــج ئایــەتی ســەرەتادا.

بابەتــی دووەم: بانگکردنــی مــرۆڤ و سەرزەنشــتکردنی لەســەر هەڵخەڵەتــان و فریـو خواردنـی لـە بەرانبـەر خـوای پـەروەردگاردا، کـە لـە حـەوت (٧) ئایـەت پێـك دێ، ئایەتــەکانی: (٦ - ١٢).

بابەتــی ســێیەم: باســی ســەرەنجامی هــەر کام لــە چاکــەکاران و تاوانبــاران لــە قیامەتــدا، لــە حــەوت (٧) ئایەتــی کۆتایــی، ئایەتــەکانی: (١٣ - ١٩) دا.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿ إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتْ ﴿١﴾ وَإِذَا ٱلْكَوَاكِبُ ٱنتَثَرَتْ ﴿٢﴾ وَإِذَا ٱلْبِحَارُ فُجِّرَتْ ﴿٣﴾
وَإِذَا ٱلْقُبُورُ بُعْثِرَتْ ﴿٤﴾ عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ وَأَخَّرَتْ ﴿٥﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْإِنسَٰنُ مَا غَرَّكَ
بِرَبِّكَ ٱلْكَرِيمِ ﴿٦﴾ ٱلَّذِى خَلَقَكَ فَسَوَّىٰكَ فَعَدَلَكَ ﴿٧﴾ فِىٓ أَىِّ صُورَةٍ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ
﴿٨﴾ كَلَّا بَلْ تُكَذِّبُونَ بِٱلدِّينِ ﴿٩﴾ وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَٰفِظِينَ ﴿١٠﴾ كِرَامًا كَٰتِبِينَ ﴿١١﴾
يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ ﴿١٢﴾ إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍ ﴿١٣﴾ وَإِنَّ ٱلْفُجَّارَ لَفِى جَحِيمٍ ﴿١٤﴾ يَصْلَوْنَهَا
يَوْمَ ٱلدِّينِ ﴿١٥﴾ وَمَا هُمْ عَنْهَا بِغَآئِبِينَ ﴿١٦﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا يَوْمُ ٱلدِّينِ ﴿١٧﴾ ثُمَّ مَآ أَدْرَىٰكَ مَا
يَوْمُ ٱلدِّينِ ﴿١٨﴾ يَوْمَ لَا تَمْلِكُ نَفْسٌ لِّنَفْسٍ شَيْـًٔا وَٱلْأَمْرُ يَوْمَئِذٍ لِّلَّهِ ﴿١٩﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

(بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە. هەر کات ئاسمان لێکپچڕا (١) هەر کاتیش ئەستێرەکان هەڵوەرین (و پرژان) (٢) هەر کاتیش دەریاکان تەقێنرانەوە (٣) هەر کاتیش گۆڕەکان ژێرو ژوورکران (و هەڵگێڕدرانەوە) (٤) هەموو کەسێك دەزانێ چی پێشخستوەو چی دواخستوە! (٥) ئەی مرۆڤ! چی تۆی بەرانبەر بە پەروەردگاری بەخشندەت فریوداوە؟ (٦) ئەو کەسەی دروستیکردووی و ڕێك و پێکی کردووی و هاوسەنگی کردووی (٧) لە هەر وێنەیەکدا کە ویستوویەتی پێکیهێناوی؟ (٨) وا نیە (وەك ئێوە خەیاڵ دەکەن)، بەڵکو ئێوە ڕۆژی سزاو پاداشت بە درۆ دادەنێن (٩) بە دڵنیاییش پارێزەرانتان بەسەرەوەن (لە فریشتان) (١٠) پەسندو بەڕێزن و (تۆمارکەرو) نووسەرن (بۆ کردەوەکانتان) (١١) دەزانن چی دەکەن! (١٢) مسۆگەر چاکەکاران لە نێو نازو نیعمەت (ی بەهەشت)دان (١٣) تاوانبارانیش لە نێو کڵپە(ی دۆزەخ)دان (١٤) لە ڕۆژی سزاو پاداشتدا دەیچنەتێ (و بە شێوەیەکی تایبەت پێی) دەسووتێنرێن (١٥) (بەردەوامیش تێیدا دەبن و) هیچ کات بوێرەری نابن (١٦) چی بە تۆی زاناندوە ڕۆژی سزاو پاداشت چییە؟ (١٧) دیسان چی پێی زاناندووی ڕۆژی سزاو پاداشت چییە؟ (١٨) ڕۆژێکە هیچکەس هیچ شتێکی بۆ هیچکەس بەدەست نیەو، لەو ڕۆژەدا کارو بڕیار هەمووی هی خوایە (١٩)).

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(انفَطَرَتْ): (الفَطْـرُ: الشَـقُّ طُـولاً، افَطَـرَ: إنْشَـقَّ، تَفَطَّـرَت: تَشَـقَّقَت وَتَصَدَّعَـت)، (فَطْـر): بریتیـە لـەوەی شـتێك بـە بـاری درێژییـدا بقڵیشـێنی، دای بـدڕی، (إنْفَطَـرَ)، یانـی: (إنْشَـقَّ)، واتـە: قڵیشـا، یاخـود پچـڕا، (تَفَطَّـرَت: تَشَـقَّقَت وَتَصَدَّعَـت)، واتـە: ئـەو شـتە لـە یـەك بـووەوەو پچـڕا.

(الْكَوَاكِبُ): (جَمْـعُ كَوْكَـب، والكَوْكَـبُ فِي عِلْـمِ الفَلَـكِ جُـرْمٌ سَـمَاوِيٌّ يَدُورُ حَوَلَ الشَّـمْسِ وَيَسْـتَضِيءُ بِنُورِهَـا والكَوْكَـبَ: النَّجْـمُ)، (كواكـب) كـۆی (كَوْكَـب)ە، كـە لـە زانسـتی گەردووناسـییدا بریتیـە لـە تەنێكـی ئاسـمانیی بـە دەوری خـۆردا دەخولێتـەوە، لـە ڕۆشـنایی خـۆر بـە هرەمەنـد دەبـێ، [خـۆر نـۆ (٩) خڕۆكـەی بـە دەوردا دەخولێنـەوە، یەكێكیـان زەوییـەو ئەوانـی دیكـە: (مەرریـخ و موشـتەریی و زوحـەل و نیبتـۆن و بلۆتـۆن و ئۆرانـۆس و عەطـاردو زوهـرە]، وشـەی: (كَوْكَـب)، بە ئەسـتێرەش دەگوترێ.

(انتَثَرَتْ): (نَـثَرَ الـشَّيءَ: رَمَـى بـِهِ مُتَفَرِّقَـا)، (نَـثَرَ الـشَّيءَ)، شـتەكەی هاویشـت و بـڵاوی كـردەوە، پـرژو بـڵاوی كـردەوە، (نَـثَرَ الحَـبَّ)، دەنكـەكانی بڵاوكردنـەوە كاتێـك كەسێك دانەوێڵـە دەچێنـێ و، دەڕێـژێ، (نَـثَرَتِ المَـرأَةُ بَطْنَهَـا)، ئافـرەت كـە چەنـد منداڵێكـی دەبـن، دەڵـێ: (نَـثَرْتُ بَطْنِـي)، واتـە: سـكی خـۆم هەڵڕشـتوە.

(فُجِّرَتْ): (الفَجْـرُ: شَـقُّ الـشَّيءِ شَـقَّاً وَاسِـعَاً، كَفَجْـرِ الإِنْسَـانِ السِّـكْر)، (فجـر): بریتیـە لـە لـەت كردنـی شـتێك، بـە دڕینێكـی فـراوان، وەك كاتێـك مـرۆڤ بناوانگیـر (سِـكْر)، ئـەو شـتەی بنەوانـی پـێ گیـراوەو ڕێـی ئاوەكـەی پـێ گیـراوە، لایدەبـات و ئاوەكـە بـە فراوانیـی دێ.

(بُعْثِرَتْ): (قُلِـبَ تُرَابُهَـا وَأُثِـيرَ مَـا فِيهَـا)، (بُعْثِرَتْ)، وشـەیەكە پێكهاتـوە لـە: (بُعِـثَ + أُثِـير)، یاخـود وشـەی (بُعِـثَ) پیتـی (ر)ی خراوەتـە سـەر، (بُعْثِرَتْ) واتـە: گڵەكـەی

هەڵگێڕدرایەوەو ئەوەی تێیدایە، دەرهێنرا، وشەی: (بُعْثِرَتْ) یان لە: (بُعِثَ وَ أُثِيرَ)، واتە: هەڵسێنراو پرش و بڵاو کرا، پێکهاتوە، یاخود: (بُعْث + ر)، بۆتە (بُعْثِرَتْ).

(مَا غَرَّكَ): (الغُرورُ: الإطْمَاعُ بِمَا يَتوهَّمه المغرورُ نَفْعَاً وَهُوَ ضُرٌّ)، (غرور): بریتیە لە تەمادار کردنی کەسێك بەوەی بابای تەمادار، بە قازانجی تێدەگات، بەڵام زیانیەتی، واتە: فریو خواردن.

(غَرَّكَ): (الغِرَّةُ: غَفْلَةٌ فِي اليَقْظَةِ، وَأَصْلُ ذَلِكَ مِنْ غَرّ، وَهُوَ الأَثَرُ الظَّاهِرُ مِنْ شَيء، وَمِنْهُ غُرَّةُ الفَرَسِ)، (غِرَّة): بریتیە لە بێئاگایی لە کاتی بێدارییدا، کاتێك مرۆڤ نەخەوتوەو بێدارە، بەڵام لە شتێك دەخافڵێ ئەوە پێی دەگوترێ: (غِرّة)، ئەویش لە (غُرَّة)وە هاتوە، کە بریتیە لە شوێنەواری دەرکەوتوو لەسەر شتێك، وەك: (غُرَّةُ الفَرَسِ)، ئەسپ کە بەڵەك بێ، یاخود نێوچەوانی سپیی بێ، یاخود خۆی رەش بێ، بەڵام قۆڵ و بازووی خەتی سپیی تێدابن، کەواتە: (غَرَّكَ)، واتە: تۆی فریو داوەو هەڵخەڵەتاندوە.

(فَسَوَّىٰكَ): (السَّوِيُّ: الَّذِي صِينَ مِنَ الإِفْرَاطِ مِنْ حَيْثُ القَدَرِ والكَيْفِيَّةِ، وَتَسْوِيَةُ الشَّيءِ جَعْلُه سَواءًا)، (سَوِيّ): بریتیە لەوەی پارێزرا بێ لە زێدەڕۆیی و لە کورتهێنان، چ لە ئەندازەدا، چ لە چۆنیەتیی دا، کەواتە: (تَسْوِيَةُ الشَّيءِ)، کە دەگوترێ: (سَوَّى الشَّيء، أي: جَعَلَهُ سَوَاءً)، شتەکەی ڕێکخست و ڕێك و پێکی کرد، کە زێدەڕۆیی کەمتەرخەمیی تێدانەبێ.

(فَعَدَلَكَ): (تَعْدِيلُ الشَّيءِ: تَقْوِيمُهُ، عَدَلْتُ فُلَانَاً بِفُلَانٍ: سَوَّيْتُ بَيْنَهُمَا)، (تَعْدِيلُ الشَّيءِ)، واتە: ڕاستکردنی ئەو شتە، دەگوترێ: (عَدَلْتُ فُلَاناً بِفُلَانٍ)، واتە: فڵانکەسم لەگەڵ فڵانکەس دا یەکسان کرد.

(رَكَّبَكَ): (رَكَّبَ الشَّيءَ: وَضَعَ بَعْضَهُ عَلَى بَعْض)، هەندێکی لەسەر هەندێکی دانا، کەواتە: (رَكَّبَكَ)، واتە: تۆی پێکهێناوە، (رَكَّبَ الدَّوَاءَ: أَلَّفَهُ مِنْ المَوَادِ المُخْتَلِفَة)، واتە: دەرمانەکەی لە چەند ماددەیەکی جۆراوجۆر پێکهێناوە.

(يَصۡلَوۡنَهَا): (أَصْلاَهُ النَّارَ، وَأَصْلاَهُ بِهَا، وَأَصْلاَهُ فِيهَا، وَأَصْلاَهُ عَلَيْهَا، وَصَلاَّهُ)، ئەوانە هەموویان بە واتایەك دێن، ئەگەر بویسترێ بگوترێ: خستیە نێو ئاگرەوە، دەگوترێ: (أَصْلاَهُ بِهَا، وَأَصْلاَهُ فِيهَا، وَأَصْلاَهُ عَلَيْهَا)، هەروەها وشەی: (صَلَّى) و (صَلاَّهُ)، هەردووکیان بەکاردەهێنرێن، ئنجا ئەمە ئەگەر وشەی: (صلي)، بۆ گۆشت بەکاربێ، یان وێنەی گۆشت، واتە: برژاندیی، کەواتە: (يَصۡلَوۡنَهَا)، بە مانای (يَدْخُلُونَهَا) دەیچنەتێ، نیە، بەڵکو یانی: پێی دەبرژێنرێن بە شێوەیەکی تایبەت، پێی دەپیشێنرێن.

(وَمَا هُمۡ عَنۡهَا بِغَآئِبِينَ): لێشی نادیار نابن، (غَابَ: خِلاَفُ شَهِدَ وَحَضَر، وَغَابَ أي: بَعُدَ)، (غاب)، دیار نەبوو، دیار نەما، پێچەوانەی (شَهِد و حَضَر)ـە، (شهد)، بینی، (حضر)، ئامادە بوو، کەواتە: (غاب)، یانی: (بَعُدَ)، دوورکەوتەوە، (وَمَا هُمۡ عَنۡهَا بِغَآئِبِينَ)، ئەو بێبڕوایانە لە دۆزەخیش دا نا ئامادە نابن، هەمیشە تێیدا ئامادەن.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە:

١- بە ناوی خوا ئەم قورئان خوێندنە دەست پێدەکەم.

٢- بە پێی بەرنامەی خوا ئەم کارە دەکەم.

٣- بۆ وەدەستهێنانی پاداشت و ڕەزامەندیی خوا، ئەم کارە دەکەم.

٤- بە هەوڵ و توانایەك کە خوا بۆی ڕەخساندووم، ئەم کارە دەکەم.

﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتۡ﴾، ﴿إِذَا﴾، وەك پێشتریش گوتوومانە: (ظرف زمان)ە، واتە: کاتێکە کارێکی تێدا ئەنجام دەدرێ، خوا دەفەرموێ: ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتۡ﴾،

هەر کاتێك ئاسمان قڵیشا، لە سەرڕا بۆ خوارێ، ﴿ وَإِذَا ٱلْكَوَاكِبُ ٱنتَثَرَتْ ﴾، هەر کاتێك خڕۆکەکان یان ئەستێرەکان پرژان و هەڵوەرین، ﴿ وَإِذَا ٱلْبِحَارُ فُجِّرَتْ ﴾، هەر کاتێك دەریاکان گڕیان گرت، یاخود گڕیان تێبەردراو تەقێندرانەوە.

ئەم سێ نیشانەیە: (شەق و پەق بوونی ئاسمان و قڵیشانی و، هەڵوەرینی ئەستێرەکان و پرژانیان و، گڕگرتنی دەریاکان و تەقێندرانەوەیان)، هەر سێکیان بێگومان لە قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دواییدان، کە قۆناغی ئاخیر زەمان، قۆناغی کۆتایی پێ هاتنی ئەم قۆناغەی ژیانی دنیاو، ئەم حاڵەتەی ئێستای گەردوونە.

دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا ٱلْقُبُورُ بُعْثِرَتْ ﴾، هەر کات گۆڕەکان هەڵگێڕدرانەوە، واتە: ئەوەی تێیاندایە هێنرایە دەرێ، (بَعْثَرَة)، بریتیە لەوەی شتێك لای بنەوەی بێتە لای سەرێی و، لای سەرێی بێتە لای بنەوەی، واتە: هەڵگێڕدرانەوەو سەرەوبن کران، ﴿ عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ وَأَخَّرَتْ ﴾، هەموو کەسێك زانی چی ئامادە کردوەو چیشی دواخستوە، ئەم دووانە، لە ڕۆژی قیامەتدا (واتە: قۆناغی دووەمی ڕۆژی دواییدا) ڕوودەدەن، بێگومان لە ڕۆژی قیامەتدا مردووەکان لە شوێنی خۆیان دەردەهێنرێنەوەو، ڕووحیان بەبەردا دەکرێتەوەو، لەو کاتەدا هەموو کەس، دەزانێ چی پێشخستوەو دواخستوە، چونکە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ عَلِمَتْ نَفْسٌ ﴾، (نفس)، لێرەدا (نفس) بە (نکرة)، نەزانراو هاتوە، واتە: هەموو کەس دەزانێ چی پێش خستوە لە چاکەو خراپەو، چیشی دواخستوە لە چاکەو خراپە، یاخود: چی پێشخستوە لە چاکە و، چیشی دواخستوە لە خراپە، یاخود چی پێشخستوە بۆ ڕۆژی دوایی خۆی و، چیشی دواخستوەو ئەنجامی نەداوە لە چاکە.

ئنجا دوای ئەوەی خوا ﷻ باسی ڕۆژی دوایی کرد بە هەدوو قۆناغەکەیەوە:

قۆناغی یەکەم: سێ نیشانەی لێ هەڵدان و بریتین لە: قڵیشانی ئاسمان و، هەڵوەرین و پرژانی ئەستێرەکان و، گڕ تێبەردران و تەقێنرانەوەی دەریاکان، ئەوە قۆناغی ئاخیر زەمان.

قۆناغـی دووەم: هەڵگێڕدرانـەوەی گـۆڕەکان و هێنرانـەدەری ئـەوەی تێیانـدا هەیـەو، زانینـی هـەر کەسێك کـە چـی پێشخسـتووەو، چـی دواخسـتوە.

هەڵبەتـە لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذَا ٱلْبِحَارُ فُجِّرَتْ ﴾، لـە سـوورەتی (**التكویر**) دا فەرموویـەتی: ﴿ وَإِذَا ٱلْبِحَارُ سُجِّرَتْ ۝٦ ﴾، ﴿ سُجِّرَتْ ﴾، واتـە: ئایسـێنران و سـووتێنران، گڕیـان تێبـەردرا، بـەڵام لێـرەدا دەفەرمـوێ: ﴿ فُجِّرَتْ ﴾، تەقێنرانـەوە، ئـەوە ئیعجازێکـی زانسـتیی تێدایـە کـە کاتـی خـۆی نەزانـراوە، بۆیـە ڕوونکـەرەوانی قورئـان: ﴿ سُجِّرَتْ ﴾ و ﴿ فُجِّرَتْ ﴾یـان بـە مانـای (مُلِئَـت) پڕکـران، لێکداونـەوەو گوتوویانـە: ئـەم دەریایانـە سـەر وشـکانی پـڕ دەکـەن و وشـکانی ناهێڵـن! بـەڵام لـە ڕاسـتییدا وانیـەو ئـەوە ئیعجازێکـی زانسـتیی تێدایـە، چونکـە ڕەمـزە کیمیاییەکـەی ئـاو بریتیـە لـە: (H_2O)، واتـە: دوو گەردیلـەی هایدرۆجیـن، لەگـەڵ یـەك گەردیلـەی ئۆکسـجین دا گەردێـکی ئـاو پێـك دێنـن، بێگومانیـش هایدرۆجیـن خـۆی دەسـووتێ و، ئۆکسـجینیش یارمەتیـی سـووتان دەدات، کەواتـە: دوو مـاددەی سـووتێنەرن و کاتێـك کۆدەبنـەوە بـە ڕێژەیەکـی دیاریکـراو کـە خـوا داینـاوە، دەبنـە هـۆی دروسـت بوونـی ئـاوو، کـە لێـك جیادەبنـەوە هایدرۆجیـن دەسـووتێ و، ئۆکسـجینیش یارمەتیـی سـووتان دەدا.

ئنجـا دوای ئـەوە خـوا سـبحانه و تعالـی ڕوو دەکاتـە مـرۆڤ و دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْإِنسَٰنُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلْكَرِيمِ ﴾، ئـەی مـرۆڤ! چ شـتێك تـۆی بەرانبـەر بـە پـەروەردگاری بەخشـندەت، پـەروەردگاری بـەرزو پەسـەندت، فریـو داوەو، لـە خشـتەی بـردووی؟ چ شـتێك وای لـە تـۆ کـردوە فریـو بخـۆی لـە بەرانبـەر پەروەردگارتـدا، بـەو شـێوەیەی بـۆ خـوا شایسـتەیە مامەڵـەی لەگەڵـدا نەکـەی، ئـەو پـەروەردگارە هـەر بەخشـندەو هـەرە بـەرزو پەسـندەت؟ ﴿ ٱلَّذِى خَلَقَكَ ﴾، ئـەو زاتـەی تـۆی هێناوەتـە دی، ﴿ فَسَوَّىٰكَ ﴾، ئنجـا تـۆی ڕێکخسـتوە، ڕێـك و پێکـی کـردووی، نـەك هـەر پارچـە گۆشـتێك بـی لـەو گـۆڕە، بەڵکـو چەنـدان ئەندامـی بـۆ تـۆ دانـاون، ﴿ فَعَدَلَكَ ﴾، ئنجـا هـەر ئەوەنـدەش نەبـووە تەنیـا ئەندامەکانـت بـۆ

دروست بکات، بەڵکو هاوسەنگی کردووی، ئەندامەکانت بە ئەندازەی یەکن، دەستێکت لە دەستێکت درێژتر نیە، چاوێکت لە چاوێك گەورەتر نیە، ﴿فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ﴾، لە هەر وێنەیەك دا کە ویستوویەتی تۆی پێکهێناوە، چ لە ڕووی قەدو قیافەوە، چ لە ڕووی ڕەنگ و دیمەنەوە، چ لە ڕووی ڕەنگی پێستەوە، چ لە ڕووی جەستەییەوە، چ لە ڕووی مەعنەوییەوە، لە هەر شێوەیەکدا کە ویستوویەتی تۆی هێناوەتە دی و تۆی پێکهێناوە.

کەواتە: خوایەك سبحانە وتعالی کە بەو شێوەیەی تۆی خوڵقاندوە، شایستەی ئەوەیە بەندایەتیی بۆ بکەی و، بیپەرستی و، سەرپێچیی لی نەکەی و، فریو نەخۆی لە مامەڵە کردن لەگەڵیدا و، بە شێوەیەك مامەڵە بکەی کە شایستەی خوا نیە.

دوایی خوا سبحانە وتعالی دەفەرموێ: ﴿كَلَّا﴾، با واز بێنن، لە فریو خواردن لە بەرانبەر خوای پەروەردگاردا، یاخود: باواز بێنن لە قسەو باسانەی دەیانکەن، لەو شێوە هەڵسوکەوتەی دەیکەن، ﴿بَلۡ تُكَذِّبُونَ بِٱلدِّينِ﴾، بەڵکو ئێوە بێبڕوان و، ڕۆژی سزاو پاداشت بە درۆ دادەنێن، هی ئەوەیە کە بەو شێوەیەن، بڕواتان بە ڕۆژی دوایی نیە، بۆیە خۆتانی بۆ ئامادە ناکەن و، بەو شێوەیەش کە بۆ خوا شایستەیە، مامەڵەی لەگەڵدا ناکەن.

﴿وَإِنَّ عَلَيۡكُمۡ لَحَٰفِظِينَ﴾، بە دڵنیایی ئێوە پارێزەرتان بەسەرەوەن، ئەو پارێزەرانە، چۆنن، کە بە دڵنیایی فریشتەکانن؟ ﴿كِرَامٗا﴾، کۆی (**کریم**)ە، ئەویش: (**الجَيِّدُ مِنْ نَوْعِهِ**)، هەر شتێك لە جۆری خۆی باشترین بێ، پێی دەگوترێ: (**کریم**)، واتە: ئەو فریشتانە زۆر باشن، زۆر بەرزو پەسندن، زۆر بەرێزو بەخشندەن، ﴿كَٰتِبِينَ﴾، نووسەریشن، واتە: هەرچی ئێوە دەیکەن، هەمووی تۆمار دەکەن، چی تۆمار دەکەن؟ ﴿يَعۡلَمُونَ مَا تَفۡعَلُونَ﴾، هەرچی ئێوە ئەنجامی دەدەن، ئەوان دەیزانن، ئەو شتانەش کە مرۆڤ ئەنجامیان دەدا، بەرلەوەی بە ڕواڵەت مرۆڤ ئەنجامیان بدات، لە دەروون و ناخی دا هەن، بۆ

وێنە: کە قسەیەك دەکات پێشتر لە عەقڵ و دەروونی خۆی ئامادەی دەکات، پاشان ئەو قسەیەی دەیکات، هەوڵ دەدا کاری پێ بکات، کەواتە: سەرچاوەی قسەکانی مرۆڤ و سەرچاوەی کردەوەکانی مرۆڤ، بریتیە لە دڵ و دەروون، بۆیە فریشتەکان وەك دوایی باسی دەکەین وێڕای ئەوەی قسەکانتان دەبیستن و، کردەوەکانیشتان دەبینن و، تۆماریان دەکەن، وێڕای ئەوە نیازو مەبەستەکانی نێو دڵتان و، خولیاو بیرو بۆچوونەکانی نێو عەقڵیشتان، ئەوانیش دەزانن و تۆمار دەکەن، ئەگەر چاك، ئەگەر خراپ، چونکە ئینسان جاری وایە نیەت لە شتێکی باش دێنێ، بەڵام بۆی ئەنجام نادرێ، فریشتەکان ئەو نیەتە چاکە دەزانن، لە شوێنەوارێکدا هاتوە: (**نِيَّةُ المُؤْمِنِ خَيْرٌ مِنْ عَمَلِهِ**)[1]، نیازو مەبەستی بڕوادار باشترە لە کردەوەکەی، مرۆڤ بە نیەت دەتوانێ زۆر شت باش لە دڵی خۆیدا بچەسپێنێ، بەڵام بۆی ئەنجام نادرێ، خواش نیەتەکەی دەزانێ و فریشتەکانیش دەیزانن و تۆماری دەکەن.

وەك لە فەرمایشتی صەحیحی پێغەمبەردا هاتوە ﷺ دەفەرموێ: {**«مَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كُتِبَتْ لَهُ حَسَنَةً، وَمَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَعَمِلَهَا كُتِبَتْ لَهُ عَشْرًا إِلَى سَبْعِمِائَةِ ضِعْفٍ، وَمَنْ هَمَّ بِسَيِّئَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا لَمْ تُكْتَبْ وَإِنْ عَمِلَهَا كُتِبَتْ»**} (**أخرجه مسلم: ٣٥٤، وابن حبان: ٣٨٤، قال شعيب الأرنؤوط : إسناده صحيح على شرط الشيخين**).

واتە: هەر کەس ویستی چاکەیەك بکات و نەیکرد، چاکەیەکی بۆ دەنووسرێ و، هەر کەس چاکەیەکی ویست بیکات و کردی، بە دە (١٠) هێندە هەتا حەوتسەد (٧٠٠) بۆی دەنووسرێ و، هەر کەس ویستی خراپەك بکات و نەیکرد بۆی نانووسرێ و، ئەگەر کردی، بۆی دەنووسرێ.

---

(١) {قال الإمام أحمد: وأخبرنا أبو محمد بن يوسف، قال: سمعت أبا الحسين بن أحمد بن زكريا الأديب بهمدان سمعت أبا الحسن علي بن عبد الله يقول : سمعت أحمد بن يحيى ثعلب يقول: سمعت ابن الأعرابي يقول: نية المؤمن خير من عمله، لأن النية لا يدخلها الفساد، والعمل يدخله الفساد، وإنما أراد بالفساد بالرياء} أخرجه البيهقي في شعب الإيمان برقم: ٦٨٦٠.

کەواتـە: مـرۆڤ کاتێـك دڵـی خـۆی دەچەسـپێنێ لەسـەر چاکەیـەك و، چاکەکـە ئەنجام نـەدا، یـانی: چاکەکـەی بـۆ ئەنجام نـەدرا، لەبـەر ئـەوەی دەسـتی نەگەیشـتێ، نـەك لێـی پەشـێمان بـوو بێتـەوە، بـە چاکەیـەك بـۆی دەنـووسرێ و، ئەگـەر ئەنجامـی دا، یـەك بـە دە بـۆی دەنـووسرێ تاکـو یـەك بـە حەوتسـەدیش دەڕوا، بـەڵام هـەر کات نیەتـی خـۆی سـاغ کـردەوە لەسـەر خراپەیـەك، ئەگـەر ئەنجامـی نـەدا، (واتـە: لێـی پەشـێمان بـووەوە)، خـوا یـەك چاکـەی بـۆ دەنووسـێ، بـەڵام ئەگـەر ئەنجامیـدا، یـەك خراپـەی بـۆ دەنووسـێ.

ئنجا خـوا سـبحانە وتعالـی دێتـە سـەر بابەتـی کۆتایـی ئـەم سـووڕەتە موبارەکـەو دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ لَفِي نَعِيمٖ ﴾، بـە دڵنیایـی چاکـەکاران لـە نێـو نـازو نیعمـەت دان، ﴿ ٱلۡأَبۡرَارَ ﴾، کـۆی (بَـرّ)، یاخـود کـۆی (بـارّ)ە، واتـە: چاکـەکار، کـۆی هـەر کامێکیـان بـێ: (بـرّ) و (بـارّ)، هەردووکیـان بـە مانـای چاکـەکار دێـن، چاکـەکاران، ﴿ لَفِي نَعِيمٖ ﴾، لـە نـازو نیعمـەت و خۆشـگوزەرانیی دان، کـە بێگومـان مەبەسـت پێـی بەهەشـتە، ﴿ وَإِنَّ ٱلۡفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٖ ﴾، بـە دڵنیاییـش تاوانبـاران و خراپـەکاران لـە نێـو کڵپـەی ئاگـری دۆزەخـدان، ﴿ يَصۡلَوۡنَهَا يَوۡمَ ٱلدِّينِ ﴾، لـە ڕۆژی سـزاو پاداشـتدا دەیچنەتـێ، (صَلِي)یـش، بریتیـە لـە سـووتێنرانی مـرۆڤ بـە ئاگـر بەشـێوەیەکی تایبـەت، ئەویـش ئەوەیـە کـە لـە هـەر چـوار لاوە ئاگرەکـە لێـی بـدات و ببرژێ، یـان ئەگـەر ئاگرەکـە لێـی دوور بـێ، بپیشـێ، ﴿ وَمَا هُمۡ عَنۡهَا بِغَآئِبِينَ ﴾، ئنجـا کـە دەخرێنـە نێـو ئاگریشـەوە لێـی نادیـار نابـن، واتـە: بـەردەوام سـزا دەدرێـن، نـەك ماوەیـەك سـزا بدرێـن و دوایـی لێـی بچنـە دەرێ و پشـوو بـدەن، بەڵکـو بـەردەوام لـە نێـو ئـەو ئاگـرەدا سـزا دەدرێـن، خـوا پەنامـان بـدات، ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ ﴾، چ شـتێك بـە تـۆی زانانـدوە، ڕۆژی سـزاو پاداشـت چییـە؟ دەگونجـێ ڕووی دوانـدن لـە پێغەمبـەری خاتـەم بـێ، یاخـود لـە هـەر کەسـێك بـێ بشـێ بدوێـنرێ، واش پێدەچـێ ئەمەیـان ڕاسـتر بـێ، ئـەی مـرۆڤ چ شـتێك بـە تـۆی زانانـدوە ڕۆژی سـزاو پاداشـت چییـە؟.

﴿ ثُمَّ مَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ ﴾، دیسان چ شتێك بە تۆی زانانـدوە ڕۆژی سزاو پاداشت چییە؟، واتە: هێندە گەورەو مەزنە، نایەتە وەسفکردن و، جگە لە خوا سبحانە و تعالی هیچ کەسێکی دیکە نازانێ چی تێدا ڕوودەدا.

﴿ يَوۡمَ لَا تَمۡلِكُ نَفۡسٞ لِّنَفۡسٖ شَيۡـٔٗاۖ ﴾، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە هیچ کەس بۆ هیچ کەس، هیچ شتێکی لە دەست نایەت، ئەو ڕۆژە هیچ کەس خاوەنی هیچ شتێك نیە، بۆ هیچ کەسێك ﴿ وَٱلۡأَمۡرُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ ﴾، کاروبارو بڕیار لەو ڕۆژەدا تەنیا هی خوایە ﷻ.

کەواتە: ئێوە ڕۆژێکی ئاواتان لە پێشە، ئەی مرۆڤەکان و، فریشتەکانیش هەموو شتێکی ئێوە تۆمار دەکەن، هەر لە نیازو مەبەستی نێو دڵ و دەروونتان و بیرو خولیای عەقڵ و هۆشتان، هەتا دەربڕینەکانی زمانتان و، هەڵسوکەوتی ئەندامەکانتان، هەموو شتێك تۆمار دەکرێ و، لەو ڕۆژەدا هەموو شتێکتان دێتەوە بەرچاو، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ عَلِمَتۡ نَفۡسٞ مَّا قَدَّمَتۡ وَأَخَّرَتۡ ﴾، هەموو کەسێك دەزانێ چی پێشخستوەو چیشی دوا خستوە، چی پێشخستوە لە چاکەو، چی دوا خستوە لە چاکە! یاخود: چی پێشخستوە لە گوناهو تاوان و خراپەو، چیشی دواخستوە لە چاکە! ئەوە بە نسبەت بێبڕوایانەوە، یاخود: لەبڕواداران: چی پێشخستوە لە چاکەو ئەنجامی داوەو، چیشی دواخستوەو تەنبەڵیی و سستیی تێدا کردوە، هەموو کەس هەموو شتێکی بۆ دەردەکەوێ.

بەڕێـــــزان!

بەڕاستیی ئیمان هێنان بەو ڕۆژەی ئەو سوورەتە موبارەکانە هەموویان زۆر جەختی لەسەر دەکەنەوە، هاندەرو پاڵنەری مرۆڤ دەبێ بۆ ئەوەی هەرچی لە دەست دێ بۆ چاکە بیکات و، خۆی لە هەموو جۆرەکانی خراپە بپارێزێ، بۆیە خوا ﷻ هەم لەم سوورەتە موبارەکەو، لە سوورەتی **(التكوير)** و، لە سوورەتی **(الإنشقاق)**دا و، لە سوورەتی **(المطففين)** دا، کە دوای ئێرە پێی دەگەین، هەروەها

لـە زۆر لـە سـووڕەتەکانی دیکـەدا، خـوا ﷻ زۆر باسـی قیامـەت دەکات، وەك لـە سـووڕەتی (**القیامة**)دا، کورتـە باسـێکی تـا ڕاددەیـەك تێـرو تەسـەلمان لـە بـارەی ڕۆژی دواییـەوە کـرد، خـوا ﷻ بۆیـە هێنـدە باسـی دەکات، چونکـە لـە دوای بـڕوا بـە خـوا ﷻ هێنـان، بـڕوا بـە ڕۆژی دوایـی، گەورەتریـن کاریگەریـی هەیـە لەسـەر مـرۆڤ، لەسـەر شـێوەی هەڵسـوکەوتی مـرۆڤ، کـە چاکـەکار بـێ و، لـە خراپـەو تـاوان و لادان دوور بـێ.

خـوا ﷻ لـەو کەسـانەمان بگێـڕێ کـە بـە ڕاسـتیی بڕوایـان بـە خـواو بـە دیـدار خـواو بـە ڕۆژی دوایـی هەیـەو، تەوفیقـمان بـدات هەرچـی چاکەیـە ئەنجامـی بدەیـن و، خۆمـان لـە هەرچـی تـاوان و خراپـەو لادانـە بپارێزیـن، تاکـو لـەو ڕۆژەدا کـە هیچکـەس هیـچ شـتێکی بـۆ هیچکـەس لـە دەسـت نایـەت، ئێمـە بـۆ خۆمـان پێشـتر کاری خۆمانمـان کردبـێ و، بـەڕەی خۆمانمـان لـە ئـاوێ دەرهێنابـێ و، لـەوێ ئاتـاج و موحتاجـی کـەس نەبیـن و، ئـاوڕ لەمـلاولا بدەینـەوە، دەبـێ کـێ هاوکارییـمان بـکات؟! کـە بـە دڵنیایـی هیچکـەس هیـچ شـتێکی بـۆ هیچکـەس لـە دەسـت نایـەت.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

کاتێـك ئاسـمان لێك دەپچڕێ و، ئەسـتێرەکان بـە پرژانـەوە دەوەرن و، دەریایەکان دەتەقنـەوەو گـۆڕەکان هەڵدەگێڕدرێنـەوەو، هەمـوو کـەس دەزانێ چی پێشخسـتوەو چییشـی دوا خستوە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتْ ﴿١﴾ وَإِذَا ٱلْكَوَاكِبُ ٱنتَثَرَتْ ﴿٢﴾ وَإِذَا ٱلْبِحَارُ فُجِّرَتْ ﴿٣﴾ وَإِذَا ٱلْقُبُورُ بُعْثِرَتْ ﴿٤﴾ عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ وَأَخَّرَتْ ﴿٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتْ﴾، هەر کات ئاسمان لێك پچڕا، **(فطر)**: بریتیە لە داقڵیشانی شتێك، قڵیشاندنی لە سەر ڕا بۆ خوارێ، بە باری درێژاییدا، دەگوترێ: **(فَطَرْتُهُ فَانْفَطَر)**، قڵیشاندم ئەویش قڵیشا، هەندێك لە زانایان **(إنفطار)**یان یە**(إنشقاق)**یش لێکداوەتەوە، بەڵام وەك دواتر لە تەفسیری سووڕەتی **(الإنشقاق)**، باس دەکەین، ئەم وشانە هەموویان جیاوازیی وردیان لەگەڵ یەکدیدا هەیە، **(إنفطار)**، بریتیە لەوەی شتێك بقڵیشێنرێ و دابدڕێنرێ لەسەر ڕا بۆ خوارێ، بەڵام **(إنشقاق)**دا، بریتیە لە لەتبوون و لێك بڵاوبوونی شتێك.

وشـەی: ﴿ٱلسَّمَآءُ﴾، وەك جارانـی دیکـەش گوتوومانـە: چ بـە تەنیـا بـێ، ﴿ٱلسَّمَآءُ﴾، چ بـە کـۆ بێ، ﴿سَمَٰوَٰتٍ﴾، چ بـە: ﴿سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ﴾ بێ، هەموویان مەبەسـت پێیـان کـۆی گەردوونـە[1]، - ئـەوەی بـۆ ئێمـە تاکـو ئێسـتا زانـراوە - ئەگەرنـا

---

(١) بەپێـی زاراوەو تێگەیشـتنی ئێمـە، ئەگەرنـا بێگومـان چەمـك و واتـای: ئاسـمان و ئاسـمانەکان و حـەوت ئاسـمانەکان (سـماء و سـموات و سـبع سـموات) زۆر لـە چەمـك و واتـای: گـەردوون

بێگومان کاتێك دەگوترێ: حەوت ئاسمانەکان، وەك پێشتریش لە چەند شوێنێکدا باسمان کردوە، مادام خوا سبحانە وتعالی دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ ۝٥﴾ الملك، بەدڵنیایی ئاسمانی نیزیکترمان بە چرایان ڕازاندۆتەوە، مەبەست لە: ﴿بِمَصَٰبِيحَ﴾ە، کە کۆی (**مصباح**)ە، ئەستێرەکانن، چونکە چرا تیشك دەداو ئەستێرەکانیش تیشك و ڕووناکییان هەیە، کەواتە: هەرچی ئەستێرەیە، کە هەر کۆمەڵە ئەستێرەیەك کەهکەشانێك پێکدێنن، هەرچی ئەستێرەیەو هەرچی کەهکەشانەو، هەرچی گەلە کەهکەشانە، ئەوانە هەموویان لە سنووری ئاسمانی نیزیکتر لە ئێمە دان، یانی: ئاسمانی یەکەم بە نسبەت ئێمەوە، ئەگەر لە خوارێ ڕا بەرەو سەرێ بچین، ئنجا لەسەرووی ئەویشەوە کە ناشزانرێ کە سنوورەکەی تاکو کوێیە، شەش ئاسمانی دیکەی: دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم، هەن، لە دوای ئەویش (**سدرة المنتهي**)، درەختی کۆتایی و، لە دوای ئەویشەوە عەرشی خوای پەروەردگار، خوا ﷻ لە دروستکراوەکانی خۆی، ئەوەندەی بۆ ئێمە باس کردوون، بەس خوا خۆشی دەزانێ چی دیکەی خوڵقاندوەو، چی دیکەش هەیەو، ئەوانیش سنووریان تاکو کوێیە؟.

خوا دەفەرموێ: کاتێك ئاسمان قڵیشا لەسەر ڕا بۆ خوارێ، بە باری درێژییدا لەتبوو.

٢)- ﴿وَإِذَا ٱلْكَوَاكِبُ ٱنتَثَرَتْ﴾، هەر کاتێك ئەستێرەکانیش پرژان و هەڵوەرین، (**إنتثار**) بریتیە لە پرژو بڵاو بوون، (**نَثَرَهُ أي فَرَّقَهُ**)، پرژو بڵاوی کردەوە، ﴿ٱنتَثَرَتْ﴾، (**نَثَرْتُهُ فَانْتَثَرَ**)، پرژاندم پرژا، بڵاوم کردەوە بڵاو بۆوە، بۆیە زانایان وایان لێکداوەتەوە (**أي: إذا تَسَاقَطتْ مُتَفَرِّقَةً**)، کاتێك ئەستێرەکان کەوتنە خوار بە پرژو بڵاویی، هەندێکیش ﴿ٱنتَثَرَتْ﴾یان بە: (**فَانْفَجَرْت**)، واتە: کاتێك ئەستێرەکان لێك بڵاو بوون، ئایا مەبەست لە ﴿ٱلْكَوَاكِبُ﴾، کە کۆی (**کوکب**)ە، چییە؟ (**مختار الصِّحاح**)، دەڵێ: (**الکوکب: النجم**)، (**کوکب**): بریتیە لە ئەستێرە.

(کون) فراوانترەو، گەردوون ڕەنگە تەنیا گۆشەیەکی گچکەو تەسکی ئاسمانی یەکەم بێ!

بەڵام ئێستا لە زاراوی گەردووناسییدا (**كواكب**)، بەو خڕۆكانە دەگوترێ كە بە دەوری ئەستێرەیەكدا دەخولێنەوە، بۆ وێنە: نۆ (٩) خڕۆكەكەی كۆمەڵەی خۆر، كە هەموویان بە دەوری خۆردا دەخولێنەوەو، تیشكی خۆریان بۆ دێ و، بە هۆی تیشكی خۆرەوە ڕووناك دەبنەوە، ئەو نۆ (٩) خڕۆكەیە: زەوی، مەرریخ، موشتەریی، زوحەل، نیبتۆن، بلۆتۆ، زوهەرە، ئۆرانۆس، پرۆتۆس، ئەو نۆیە هەموویان پێیان دەگوترێ: كۆمەڵەی خۆر، لەبەر ئەوەی هەر هەموویان بە دەوری خۆردا دەخولێنەوە، هەر كامێكیان لە سوورگەیەكی تایبەتی خۆیدا.

بەڵام لە بەكارهێنانی قوڕئاندا خوا ﷻ هەم وشەی: (**كواكب**) و هەم وشەی: (**نُجُوم**)ی بەكارهێناوە بۆ ئەستێرەكان و، دەگونجێ (**كواكب ونُجُوم**) وێڕای ئەستێرەكان، خڕۆكەكانیش بگرنەوە، واتە: ئەو تەنانەی بە دەوری ئەستێرەكاندا دەخولێنەوەو لە ئەستێرەكانەوە تیشك و ڕووناكییان بۆ دێ، كاتێك دێ ئەو ئەستێرانە دەپرژێن و هەڵدەوەرن.

٣)- ﴿ وَإِذَا ٱلْبِحَارُ فُجِّرَتْ ﴾، هەروەها كاتێك دەریاكان تەقێنرانەوە، یاخود: كاتێك دەریایەكان تێكەڵ بە یەكدی بوون، پێكەوە تێكەڵ كران و ئاوێتە كران، خوا ﷻ هەندێكیانی تێكەڵ بە هەندێكیان كردو، هەموویان پڕ بوون، بەو واتایەی دەریایەكان هەمووی وشكانییان كە (١/٥)ی پانتایی ڕووی زەوی وشكانییەو، دەریایەكان كاتێك تێكەڵ بە یەكدی دەبن، ئەو وشكانییە هەمووی دادەپۆشن، بەڵام وا پێدەچێ مەبەست لە: ﴿ فُجِّرَتْ ﴾، گڕدران و تەقێنرانەوەی دەریاكان بێ، وەك پێشتر باسمان كرد لە تەفسیری سووڕەتی (التكویر)دا، كە لەوێ دەفەرموێ: ﴿ سُجِّرَتْ ﴾، واتە: گڕدران و داگیرسێنران و، لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ فُجِّرَتْ ﴾، واتە: تەقێنرانەوە، ئاویش هێما كیمیاییەكەی بریتیە لە (H_2O)، واتە: دوو گەردیلەی هایدرۆجین لەگەڵ گەردیلەیەكی ئۆكسجین، گەردێكی ئاو پێكدێنن، مۆڵكۆلێك پێكدێنن، كە هایدرۆجین دەسووتێ و، ئۆكسجین یارمەتیی سووتان دەدا، كەواتە: كاتێك پێكەوە كۆ دەبنەوە بە ڕێژەیەكی دیاریكراو كە خوا بۆی داناون، ئاو پێكدێنن، بەڵام كاتێك لێك دەبنەوە، یەكیان خۆی

دەسووتێ، ئەوی دیکەش یارمەتیی سووتان دەداو، دەبنە دوو ماددەی سووتێنەر، بۆیە خوا سبحانە وتعالى کاتێك ئەو گەردیلانەی هایدرۆجین و ئۆکسجین لێك دەکاتەوە، دەریایەکان گڕ دەگرن و دەتەقنەوە.

ئەم سێ نیشانەیە - وەك پێشتریش باسمان کرد - لە ئاخیر زەماندا ڕوودەدەن، واتە: لە قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دوایی دا، کە بریتیە لە تێکچوونی ئەم گەردوونەو، پێچرانەوەی ئەم ژیانە دنیاییە، بە نسبەت ئێمەی مرۆڤەوە.

ئنجا خوا دوو نیشانەی دیکە باس دەکات، کە دەکەونە قۆناغی دووەمی ڕۆژی دواییەوەو بریتین لە:

٤)- ﴿ وَإِذَا ٱلْقُبُورُ بُعْثِرَتْ ﴾، هەر کات گۆڕەکان هەڵگێڕدرانەوە، ﴿ بُعْثِرَتْ ﴾، یەکێك لە زانایان دەڵێ: ﴿ بُعْثِرَتْ ﴾، واتە: هەڵگێڕدرانەوەو، ئەو مردووانەی تێیان دابوون لەو گۆڕانەدا بە زیندووی هێنرانە دەرێ، لە عەرەبیی دا دەگوترێ: (**بَعْثَرَ فُلَانٌ حَوْلَ فُلَانٍ، أي: جَعَلَ أَسْفَلَهُ أَعْلَاهُ**)، فلانکەس دەوری فلانکەسی (**بعثرة**) کردوە، واتە: سەرەو بنی کردوە، هەڵیگێڕاوەتەوەو هی بنەوەی هێناوەتە سەرێ و، هی سەرەوەشی هێناوەتە خوارێ، ئەمە نیشانەی یەکەمی قۆناغی دووەمی ڕۆژی دواییە، کە قۆناغی زیندوو کرانەوەو هەڵسێنرانەوەیە.

ئنجا خوا ﷻ نیشانەی دووەمی، یاخود ڕووداوی دووەم کە تێیدا ڕوودەدا، دەخاتە ڕوو:

٥)- ﴿ عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ وَأَخَّرَتْ ﴾، هەموو کەسێك دەزانێ چی پێش خستوەو چیشی دواخستوە.

زانایان لە بارەی ئەم ئایەتە موبارەکەوە: ﴿ عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ وَأَخَّرَتْ ﴾، هەڵوەستەی زۆریان کردوەو، زۆر ڕاو بۆ چوونی جۆراو جۆریان وەك لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی واتایەکەی خستوونەڕوو:

١- **(الطبري)**، ئاوا مانای لەم ئایەتە موبارەکە داوەتەوە: **(عَلِمَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَا قَدَّمَتْ لِذَلِكَ الْيَوْمِ مِن عَمَلٍ صَالِحٍ يَنْفَعُهُ، وَأَخَّرَتْ وَرَاءَهُ مِن شَيْءٍ سَنَّهُ فَعُمِلَ بِهِ) (جامع البيان: ج٢٤، ص١٧٥)**، واتە: هەموو کەسێك دەزانێ لەو ڕۆژەدا، چ کردەوەیەکی باشی پێشخستوە کە سوودی پێ بگەیەنێ و، چیشی لە دوای خۆی بە جێهێشتوە، لە کردەوەیەك کە چاوی لێ بکرێ.

واتە: لە کردەوەی باش کە خەڵك تەماشای بکات و لێی بەهرەمەند بێ و، ئەویش خێرو پاداشتی بۆ بچێ.

٢- هەر **(الطبري)** هێناویەتی، گوتوویەتی: **(عَنْ عِكْرِمَةَ، قَالَ: مَاقدَّمت افْتُرِضَ عَلَيْهَا، وَمَا أَخَّرَتْ قَالَ: مِمَّا افْتُرِضَ عَلَيْهَا) (جامع البيان: ج٢٤، ص١٧٥)**، واتە: هەموو کەسێك دەزانێ چی پێشخستوە لەوەی لەسەری پێویست کراوەو، چیشی دواخستوە، لەوەی لەسەری پێویست کراوە، واتە: چیشی چواندوەو ئەنجامی نەداوە.

٣- **(إبن زيد)**، **(الطبري)** بە ژمارە: (٣٦٦٧٢)، لێیەوە هێناوە دەڵێ: **(مَا قَدَّمَتْ: عَمِلَتْ، وَمَا أَخَّرَتْ: تَرَكَتْ وَضَيَّعَتْ، وَأَخَّرَتْ مِنَ الْعَمَلِ الصَّالِحِ الَّذِي دَعَاهَا اللَّهُ إِلَيْهِ)**، دەڵێ: مەبەست لە: **(مَا قَدَّمَتْ)**، ئەوەیە پێشیخستوە، ئەوەی ئەنجامی داوە، و (ما أخرت)، وازی لێهێناوەو زایەی کردوە، ئەو کردەوە چاکەی خوا ﷻ بۆی بانگ کردوە، وازی لێ هێناوەو ئەنجامی نەداوە.

٤- هەر **(الطبري)**، مانایەکی دیکەشی بۆ لێکداوەتەوە، دەڵێ: **(مَا قَدَّمَت مِن خَيْرٍ أَوْ شَرٍّ، وَأَخَّرَتْ مِن خَيْرٍ أَوْ شَرٍّ)**، هەرچییەك پێشیخستوە لە چاکەو لە خراپەو، هەر شتێك دوای خستوە لە چاکەو لە خراپە، هەڵبەتە خوا ﷻ ڕوونی نەکردۆتەوە ئەو شتەی پێشخراوەو دواخراوە چییە؟، بۆیە ئەم مانایانەو جگە لەو مانایەش کە لە چوارچێوەی ڕێزمانی عەرەبییدا جێیان دەبێتەوە، هەڵدەگرێ.

(الطبري)، لە بارەی وشەی: ﴿ بُعْثِرَتْ ﴾ەوە، دەڵێ: **(بَعْثَرَةُ وَبَحْثَرَةُ: لُغَتَانِ)**، لە زمانی عەرەبییدا **(بعثره)**، بەکاردەهێنرێ، واتە: پرژو بڵاوی کردەوە یان هەڵیگێڕایەوە، **(بحثره)**ش بەکاردەهێنرێ.

ئایا وشەی: ﴿ بُعۡثِرَتۡ ﴾، لە چییەوە هاتوە؟

پێشتریش باسمان کرد:

أ- هەندێك گوتوویانە لە: (**بُعِثَ** + **أُثِير**)، لەو دوو وشەیە پێکهاتوە.

ب- هەندێکی دیکەش گوتوویانە: (**بعث** + **ر**)، (**الزمخشري**)، وا دەڵێ.

گرنگ ئەوەیە ﴿ بُعۡثِرَتۡ ﴾، واتە: هەڵگێردرایەوەو شکێنرایەوە، یاخود سەرەوبن کراو ژێرەو ژوور کرا، لێرەدا ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەریش ﷺ دێنین، کە دەفەرموێ:

{**مَنْ سَنَّ فِي الإسلامِ سُنَّةً حَسَنَةً، فَلَهُ أَجْرُهَا، وَأَجْرُ مَنْ عَمِلَ بِها بَعْدَهُ مِنْ غَيْرِ أن يُنْقَصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيءٌ**} (**أخرجه مُسْلِم: ٢٣٤٨، وَابْنُ مَاجَهْ: ٢٠٣**) واتە: هەر کەسێك چاکەیەك دابێنێ، پاداشتی خۆی هەیەو پاداشتی هەموو ئەوانەشی هەیە کە کار بەو چاکەیە دەکەن (کە ئەو دایهێناوەو دەستپێشخەریی بۆ کردوە) بێ ئەوەی لە پاداشتی ئەوان کەم بێتەوە، (بە قەدەر هەمووان پاداشتی هەیە).

بەنسبەت دەریایەکانەوە، زۆرجاری دیکەش قسەمان لەو بارەوە کردوون، بەڵام چەند زانیارییەکی دیکەش لەو بارەوە دێنین، کە (**الدکتور محمد راتب النابلسي**)[1]، لە تەفسیرەکەی خۆیدا هێناونی:

یەکەم: دەریایەکان (٥/٤)ی پانتایی ڕووی زەوی دادەپۆشن.

دووەم: بەس لە ماسییان یەك ملیۆن جۆرە ماسیی لە دەریایەکان دا هەیە، ئنجا بەڵام بە دڵنیایی ژمارەی ماسییەکان هەر خوا دەزانێ چەندە؟!

سێیەم: قووڵایی قووڵترین شوێنی دەریا دەگاتە: دوازدە (١٢ کم)، واتە: (١٢،٠٠٠) مەتر ئەویش لە دورگەی میریانە لە ئۆقیانووسی هادیی.

---

(١) ج١٠، ص٢٥٩.

چوارەم: مۆڵکوڵ (**جزء**)ێکی ئاو هێما کێمیاییەکەی بریتیە لە (H_2O)، واتە: دوو گەردیلەی هایدرۆجین لەگەڵ گەردیلەیەکی ئۆکسجین یەك دەگرن، گەرد (**جزء**)ێکی ئاو پێك دێنن، کە دیارە هایدرۆجین دەسووتێ، بەڵام ئۆکسجین یارمەتیی سووتان دەدات، ئەگەر مەبەست لە: ﴿ فُجِّرَتْ ﴾، تەقینەوە بێ، بەڵام ئەگەر مەبەست لە: ﴿ فُجِّرَتْ ﴾، پڕ بوون بێ، واتە: دەریایەکان هەموویان پڕ دەبن و سنووریان لە نێوانیاندا نامێنێ، واتە: ئەو (١/٥)ی وشکانیی کە هەیە لەسەر پانتایی زەوی، ئەویش دادەپۆشن و، هەمووی دەبێتە ئاوو دەریا.

مەسەلەی دووەم:

بانگکردنی خوا بۆ مرۆڤی بێبڕوا، کە ئایا چی بۆتە هۆکاری هەڵخەڵەتانی و فریو خواردنی بەرانبەر بە پەروەردگاری بەخشەری، کە دروستیکردووەو، ڕێك و پێکی کردووەو، هاوسەنگی کردووەو، وێنەی کێشاوە بە ویستی خۆی؟!:

خوا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلۡكَرِيمِ ﴿٦﴾ ٱلَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّىٰكَ فَعَدَلَكَ ﴿٧﴾ فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ﴿٨﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلۡكَرِيمِ﴾، ئەی مرۆڤ! چ شتێك تۆی بەرانبەر بە پەروەردگاری هەرە بەخشەرت فریو داوە، {لە کەوڵی خۆتی دەرچواندووی و بوغڕای کردووی؟} گومانی تێدانیە، لێرەدا مەبەست لە مرۆڤ، مرۆڤی بێبڕوایە، چونکە مرۆڤی بێبڕوا بەرانبەر بە پەروەردگاری فریو دەخواو، هەڵدەخەڵەتێ و لە کەوڵی خۆی دەردەچێ و بوغڕا دەبێ، ئەگەرنا کەسێك بەڕاستیی خوا بناسێ، خۆی دەناسێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْ ﴿٢٨﴾﴾فاطر، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی بە مەزنگرتنەوە سام و هەیبەتیان بە بەرانبەر بە خوا هەیە، بەندە زاناکاننی.

هەڵبەتە هەندێکیش لە زانایان گوتوویانە: هەموو مرۆڤێك ئەندازەیەك لە فریو خواردنی تێدایە بەرانبەر بە پەروەردگاری هەرە بەخشەرو هەرە میهرەبان و بەرزو بەڕێزی، بەڵام وا پێدەچێ لێرەدا مەبەست مرۆڤی بێبڕوابێ، بە بەڵگەی ئەوەش کە خوا ﷻ لە کۆتایی ئەو ئایەتانەدا دەفەرموێ: ﴿كَلَّا بَلۡ تُكَذِّبُونَ بِٱلدِّينِ﴾، نەخێر بەڵکو ئێوە بڕواتان بە ڕۆژی سزاو پاداشت نیە، کە دیارە ئەو کەسەی بڕوای بە سزاو پاداشت نیە، مرۆڤێکی بێبڕوایە.

لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلۡكَرِيمِ ﴾، ئـەی مـرۆڤ (واتـە: ئـەی مرۆڤـی بێبـڕوا)، (ال)ەکـەی بـۆ ناسـاندنە، بـەڵام بـۆ ناسـاندنی (**عهـد**)ە، واتـە: ئـەی مرۆڤـە بێبڕوایەکـە! چ شـتێك تـۆی بەرانبـەر بـە پـەروەردگاری بەخشـندەو بەخشـەرت فریـو داوە، چ شـتێك تـۆی بوێـر کـردوە لەسـەر سـەرپێچیی کـردن لـە خـواو، ئەنجامدانـی ئـەو کردەوانـەی شایسـتەی پێگـەی بـەرزو بـێ وێنـەی خـوای پـەروەردگار نیـن؟ (**الغُـرورُ: الإطْـمَاعُ بِمَـا يَتَوَهَّمَـهُ المَغْـرورُ نَفْعَـاً وَهُـوَ ضُرٌّ**)، (**غُـرور**): بریتیـە لـە تەمـادار کردنێـك بـە شـتێك کـە، بابـای فریـو خـواردوو بـە قازانجـی تێـدەگات، بـەڵام لـە ڕاسـتییدا هـەر زیانیەتـی.

لە بارەی (**الإنسان**)ەوە، زانایان ڕا جیایان هەیەو پێشتریش ئاماژەم پێدا:

أ- هەندێکیان گوتوویانە: (**أل**) کە چۆتە سەر (**الإنسان**)، بۆ ناساندنە، بەڵام بۆ تێکڕا (جنس) و، تێکڕای مرۆڤەکان دەگرێتەوە.

ب- هەندێکیان گوتوویانە: مەبەست پێی مرۆڤی بێبڕوا یاخود بڕواداری گوناهبارە.

ج- هەندێکیش گوتوویانە: ئەوە تایبەتە بە مرۆڤی بێبڕواوە.

واش پێدەچـێ بـەس مەبەسـت مرۆڤـی بێبـڕوا بـێ، وەك پێشـتریش گوتمـان، ئەگەرنـا مرۆڤـی بـڕواداری سـەرپێچییکاریش دەگرێتـەوە، بـەڵام بـە پێـی ئایەتەکانـی کۆتایـی کـە دەفەرمـوێ: بەڵکـو ئێـوە بڕواتـان بـە ڕۆژی دوایـی نیـە، بڕواتـان بـە ڕۆژی سـزاو پاداشـت نیـە، تەنیـا مرۆڤـی بێبـڕوا بـەو شـێوەیەو، دوێـنراو (**مخاطَـب**) بابـای بێبڕوایـە.

ئنجـا خـوا سـبحانە وتعالـی دوای ئـەوەی بـەو جـۆرە نقورچکـەی لـە مرۆڤـی بێبـڕواداو، هۆشـداریی پێـداو بانگـی کـرد، کە چ شـتێك تـۆی بەرانبەر بە پـەروەردگاری هـەرە بەخشـەرو میهرەبـان و خـاوەن کەرەمـی بـێ سـنوورت فریـو داوە؟ چۆنیەتیـی دروسـتبوونی خـۆی بـۆ بـاس دەکات:

٢)- ﴿ ٱلَّذِى خَلَقَكَ ﴾، (ئەو پەروەردگارەت) کە تۆی هێناوەتە دی، (**خَلَقَكَ أي: أَوْجَدَكَ وَأَبْدَعَكَ وَقَدَّرَكَ**)، تۆی پەیداکردووەو داهێناوەو ئەندازەگیریی کردوە، (**خَلْق**)، هەم بە مانای (**إيجاد**)، پەیدا کردن دێ، بە زۆریی لە قورئاندا بەو واتایە بەکارهاتوە، هەم بە مانای داهێنان (**إبداع**) دێ، هەم بە مانای ئەندازەگیریی کردنیش دێ.

٣)- ﴿ فَسَوَّىٰكَ ﴾، ڕێك و پێکی کردووی، ﴿ فَسَوَّىٰكَ ﴾، (**التسويةُ: هِيَ جَعْلُ الأَشْيَاءِ عَلَى سَوَاء**)، (**تسوية**): بریتیە لەوەی شتەکان یەکسان و ڕێك و پێك بن، (**أي: جَعَلَ أَعْضَائَكَ سَوِيَّةً سَلِيمَةً مهيأةً لمنافعها عَلَى حَسَبِ مَا تقتضيهِ الحِكْمَة**)، واتە: ئەندامەکانی تۆی ساغ و چاك کردوون و، ئامادەی کردوون بۆ ئەو سوودانەی حیکمەت دەیانخوازێ، دەست بەو شێوەیە خوڵقێنراوە کە ئەو ئەرك و کارانەی مرۆڤ پەکی لەسەریان کەوتوە، بتوانێ پێیان ئەنجام بدات، هەروەها پێیەکان و چاوو گوێی و هەموو ئەندامەکان، بەهەمان شێوە.

٤)- ﴿ فَعَدَلَكَ ﴾، ئنجا هاوسەنگی کردووی، خوێندراویشەتەوە: (**فَعَدَّلَكَ**)، واتە: هەم بە گیرە (**شَدّة**)، هەم بەبێ گیرەش خوێندراوەتەوە، (**أي: اعْتَدَلَتِ الأَعْضَاءُ وَلَمَ تَتَفَاوَت**)، واتە: ئەندامەکان هاوسەنگن و لە یەك جیانین، دەستێك لە دەستێك درێژتر بێ، لاقێك لە لاقێك درێژتر بێ، چاوێك لە چاوێك گەورەتر بێ.... تا کۆتایی، ئەندامەکان هاوسەنگن، یان بۆ نموونە: سەر زۆر گەورە بێ و جەستە بۆی هەڵنەگیرێ، یان لاقەکان زۆر باریك بن و، جەستەیان بۆ هەڵنەگیرێ، هەموو ئەو حاڵەتانەی، ئەگەر خوا مرۆڤی (تعدیل) نەکردبایە، دەگونجا هەموو ئەو حاڵەتە نەگونجاوانە هەبوونایە.

وشەی: (**عَدَلَ**)، ئەگەر بەبێ گیرە (**شَدّة**) بێ، بە سێ واتایان دێ:

أ- بە مانای (**تعديل**) دێ، (**أي: جَعَلَكَ مُعْتَدِلاً**)، تۆی هاوسەنگ کردوە.

ب- هەروەها بە مانای یەکسانکردنیش دێ: (**عَدَلَ فُلَاناً بفلانٍ أي: ساوى بينهما**)، فڵانکەسی لەگەڵ فڵانکەس دا یەکسان کردوە، واتە: وەك یەکی لێکردن.

ج- لە بنەڕەت دا وشەی: (عَدَلَ)، یانی: (مالَ)، لایدا، ئنجا ئەگەر بە مانای (**مال**) بێ، یانی: تۆی لاداوە لە نارێك و پێكیی بۆ ڕێك و پێكیی و، تۆی لاداوە لە ناهاوسەنگییەوە بۆ هاوسەنگیی.

بەڵام (عَدَّلَكَ)، ئەگەر بە گیرە (شَدّة)بێ، یانی: تۆی هاوسەنگ کردووەو هیچ ئەندامێکت لە ئەندامێکی دیکەت گەورەتر نیەو، لەو قەبارەیەش کە پێویست بووە لەسەری بێ، قەبەتر نیە، واتە: چ (**عَدَلك**)، چ (**عدَّلك**)، بخوێنرێتەوە، مانایەکەیان هەریەکە.

٥)- ﴿ فِیٓ أَیِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ﴾، لە هەر وێنەیەکدا ویستوویەتی تۆی پێکهێناوە، (**أي: رَكَّبك فِي أي صُورَةٍ مِنَ الصّور المختلفة التي اقتضتها مَشِيْئَةُ الله**)، لەسەر هەر وێنەیەك لەو وێنە جۆراو جۆرانەی ویستی خوا خواستوویەتی، تۆی هێناوەتە بوون.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش:

ئایا ئەوە کە خوا ﷻ بەخشندەیەو بەخشەرە، خوازیاری ئەوە نیە مرۆڤ لە بەخشەریی و بەخشندەیی خوا ڕا ببینێ و، سەرپێچیی لێ بکات و بە قسەی نەکات؟!

هەروەها زانایان لەو بارەوە ئەو بەسەرهاتەش دێننەوە:

ڕۆژێك عەلی کوڕی ئەبوو تالیب (خوا لێی ڕازی بێ)، بانگی غوڵامێکی خۆی دەکات، بەردەستێك کە لە بەردەستی بووە، دوو سێ جاران بانگی دەکات، بەڵام وەڵامی ناداتەوە، دوایی دەڵێ ڕەنگە لەوێ نەبێ، دەچێتە دەر تەماشا دەکات لەوێ وەستاوە، دەڵێ: گوێت لێم بوو، کە بانگم کردی؟ دەڵێ: بەڵێ، دەڵێ: ئەدی بۆچی وەڵامت نەدامەوە؟ دەڵێ: لەبەر ئەوەی زۆر لە بەخشندەیی بەخشەریی و ڕێزو حورمەتی تۆم ڕا بینی و، گوتم: سزام نادەی! عەلی (خوا لێی ڕازی بێ) وەك لەو گێڕدراوەیەدا هاتوە گوتی: بڕۆ لەبەر ڕووی خوا، لەبەر

ڕەزامەندیی خوا ئازاد بی، مادام هێندەت لە من ڕا بینیوە، با تێ ڕابینینەکەت لە من، لە جێی خۆیدا بێ.

بەڵێ ئەو پرسیارە دەکرێ: ئایا ئەوە کە خوا زۆر بەخشەرو بەخشندەیەو خاوەن بەزەیی و کەرەمی بێ سنوورە، خوازیاری ئەوەنیە مرۆڤ سەرپێچیی لێ بکات؟

بۆچی خوا فەرموویەتی: ﴿مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلۡكَرِيمِ﴾و بۆچی خوا ﷻ بە سیفەتێکی دیکە خۆی نەناساندوە، بۆ وێنە فەرمووبای: (مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ العظيم)، یان: (مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ القهار)، یان: (مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الجبار)؟

هەندێك لە زانایان مانایەکی هەڵەیان بۆ ئەوە لێکداوەتەوەو دەڵێن: بۆیە خوا وایفەرموو، تاکو مرۆڤی سەرپێچیکار و تاوانبار لە ڕۆژی دوایی، بڵێ: (**غَرَّنِي كَرَمُكَ**)، بەخشندەیی تۆ منی فریودا، واتە: مادام هێندە بەخشندەی و هێندە بەبەزەیی و چاکەکاری و میهرەبانی، ئەوە وای لە من کرد، پێم وابێ هەر چۆن بم هەر دەمبەخشی و، لە تاوان و لادان و خراپەکانم دەمبووری و سزام نادەی! بەڵام بێگومان ئەم مانا لێکدانەوەیە هەڵەیە، بەڵکو ئەو پرسیارە سێ وەڵامی ڕاستی هەن، کە (**فخر الدين الرازي**)، لە تەفسیرەکەی خۆی (**التفسير الكبير**)دا، هێناونی:

یەکەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلۡكَرِيمِ﴾، لەبەر ئەوەی خوا زۆر بەبەزەیی و بەخشەرەو هەڵە ناکات لە سزادان دا، ماقووڵ نیە ببێتە هۆکاری فریو خواردنی مرۆڤ لە بەرانبەر خوادا، واتە: مادام پەروەردگارت خاوەنی ئەوپەڕی بەخشین و لێبوردن و چاکەکارییە، نەدەبوو، ئەو سیفەتەی بەرزەی پەروەردگارت بکەیە پاساوو دەستەچیلەی سەرپێچیی کردن و بەقسەنەکردنی.

دووەم: ئەوە کە خوا ﷻ بەخشەر (**كريم**)ەو خاوەن ئەوپەڕی چاکەکارییە، خوازیاری ئەوەیە سەرپێچیی لێ نەکرێ، نەك خوازیاری ئەوە بێ سەرپێچیی لێ بکرێ، چونکە زۆریی بەخشین و چاکەکاریی لە کەسێك دا، خوازیاری ئەوەیە باشتر خزمەت بکرێ و فەرمانبەریی بکرێ.

بۆ وێنە: دایك و باب بۆچی خوا ﷻ لە قوڕئاندا، لە چەند شوێنێك دا دوای فەرمان کردنی بە مرۆڤ کە بەندایەتیی بۆ خوا بکات، یەکسەر دەفەرموێ: لەگەڵ دایك و بابت دا چاك بە! چونکە دایك و باب لە هەموو کەس زیاتر بە منداڵیی بە مرۆڤەوە ماندوو بوون و حەقیان لەسەری زیاترە، بۆیە ئەرکیشیان لەسەری زیاترە، لە هەموو کەس زیاتر پێوەی ماندوو بوون، بۆیە مافیشیان زیاترەو، ئەویش لە بەرانبەریاندا ئەرکدارترە.

سێیەم: ئەوە کە خوا ﷻ خاوەنی ئەوپەڕی بەزەیی و بەخشین و چاکەکارییەو، ئەو چاکەکارییەشی وایکردوە ڕێی لێ نەگرێ لە بابای بێبڕوا لە نازو نیعمەتی سەخاوەتمەندانەو بەخشەرانەی خوای پەروەردگار لە دنیادا بەرهەرەمەند بێ، کەواتە: ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوا ﷻ مافی ستەم لێکراویش لە ستەمکار دەستێنێ، واتە: مادام خوا ﷻ ڕێی لە بابای بێبڕوا نەگرتوە، لە سفرەو خوانی چاکەکاریی خوای بەخشەر بەهرەمەند بێ لە دنیادا، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوا ﷻ لە ڕۆژی دواییدا مافی ستەملێکراو لە ستەمکار دەستێنێ.

ئەمە هۆکاری ڕاستەقینەی ئەوەیە کە خوا سیفەتی (**کریم**)ی کردوە بە ئاوەڵناو (**صفة**) بۆ پەروەردگارێتیی خۆی و ئەوەی (**الرازي**)، گوتوویەتی ڕەحمەتی خوای لێ بێ، قسەکەی زۆر ڕاست و بە جێیەو بەخشەریی و بەزەیی خوا لە سێ ڕووەوە خوازیاری ئەوەیە کە مرۆڤ سەرپێچیی لە خوا ﷻ نەکات و بەرامبەری سپڵەو ناسپاس نەبێ، چ سپڵەو ناسپاسیی یەکجارەکیی کە بڕوا بە دیداری نەکات و، بڕوا بە پێغەمبەرەکەی نەکات و، بڕوا بە پەیامەکەی نەکات، چ سپڵەیی و بێ ئەمەکیی بەشیی (**جُزئي**)، کە بریتیە لەوەی سەرپێچیی لێ بکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە بڕوای وایە ڕۆژێك دێتەوە خزمەتی و، دان دێنێ بە ڕاستیی پێغەمبەرەکەی ﷺ و ڕاستیی پەیامەکەی دا!! بێگومان ئەو هەڵوێست و ڕەفتارەی مرۆڤ پێچەوانەی ئەوەیە کە خوا ﷻ خاوەنی ئەو پەڕی کەرەم و بەخشندەیی و چاکەکارییە لەگەڵ بەندەکانیدا.

کورتە باسێک لە بارەی دروستکردنی جەستەی مرۆڤەوە

ئـەم کورتـە باسـە لەبـەر ڕۆشـنایی ئایەتەکانـی: (٦، ٧، ٨)دا، دەخەینـەڕوو، کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلۡكَرِيمِ ﴿٦﴾ ٱلَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّىٰكَ فَعَدَلَكَ ﴿٧﴾ فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ﴿٨﴾ ﴾، ئـەی مـرۆڤ! چ شـتێك تـۆی بەرانبـەر بـە پـەروەردگاری هـەرە بەخشـەرت فریـو داوە، کـە تـۆی هێناوەتـە دی، ڕێکیخسـتووی (ڕێـك و پێکـی کـردووی)، هاوسـەنگی کـردووی، لـە هـەر وێنەیـەك دا ویسـتوویەتی تـۆی پێکهێنـاوە.

ئەم کورتە باسەش لە دوو تەوەردا دەخەینەڕوو:

تەوەرەی یەکەم: دروستکردنی جەستەی مرۆڤ بە چوار قۆناغ.

تەوەرەی دووەم: سەرنجدانێکی، سەر تاپای جەستەی مرۆڤ.

تەوەرەی یەکەم: دروستکردنی جەستەی مرۆڤ بە چوار قۆناغ:

خـوا ﷻ لـەم سـێ ئایەتـە موبارەکـەدا، بانگـی مـرۆڤ دەکات و دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ ﴾، ئـەی مـرۆڤ! پێشـتر باسـمان کـرد، کـە ئایـا مەبەسـت لەمـرۆڤ تێکـڕای مرۆڤەکانـە، یـان مرۆڤـی بێبڕوایـە، یـان مرۆڤـی بـڕواداری گوناهبـارە؟ گوتیشـمان ئـەو ڕایەمـان پـێ ڕاسـترە کـە مەبەسـت پێـی مرۆڤـی بێبڕوایـە، بـە بەڵگـەی ئایەتەکانـی دوایـی کـە دێـن، خـوا بانگـی مـرۆڤ دەکات، دەفەرمـوێ: ئـەی مـرۆڤ! چ شـتێك تـۆی بەرانبـەر بـە پـەروەردگاری هـەرە بەخشـندەو بـەرزو بەڕێـزت فریـو داوە؟ دوایـی خـوا خـۆی پێناسـە دەکات و قۆناغـی یەکەمی دروسـتکردنی مـرۆڤ بـاس دەکات و دەفەرموێ:

١- ﴿ ٱلَّذِي خَلَقَكَ ﴾، ئەو کەسەی تۆی هێناوەتە دی، لە سەرەتای سوورەتی (الإنسان) یشدا هاتوە، کە کاتی خۆی تەفسیرمان کردوە: ﴿ هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ

﴿لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا ۝١﴾، هەر کامێك لە ئێمە کاتێك بووە، هیچ شتێکی باسکراو نەبووە، بۆیەش خوا ﷻ دەفەرموێ: شتێکی باسکراو نەبووی، چونکە ئەو گەردیلانەی دوایی حەیمەنەکانی دروستبوونی مرۆڤیان لێ دروست دەبێ، کە لە نێو ئاوی پیاودا هەن، هەروەها هێلکۆڵەیەك کە لە نێو ئاوی ئافرەت دا هەیەو، لەو دووانە ئەو تۆیلکە (**نطفة**)یە دروست دەبێ، ئەو گەردیلانە هەر بوون، بەڵام وانەبوون شایانی باس بن و شتێکی باسکراو و ناسراو و زانراو بن.

کەواتــە: گەردیلەکانــی جەســتەی ئێمــە پێشــتر دروســتکراون، کەواتــە: کــە دەفەرمــوێ: (ٱلَّذِى خَلَقَكَ)، ئــەو کەســەی دروســتیکردووی، یــانی: وەك جەســتە دروســتیکردووی.

٢- ﴿فَسَوَّىٰكَ﴾، ئنجا ڕێکیخستووی، (**التسوية: خَلْقُ الأَعْضَاءِ مُتَنَاسِبَة مَعَ وَظَائِفها**)، (**تسوية**): بریتیە لە دروستکردنی ئەندامە گونجاوەکان لەگەڵ ئەرکەکانیاندا، ئەگەر ئینسان تەماشا بکات دەبینێ: هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ و، هەر کۆئەندامێك لە کۆئەندامەکانی، بە شێوەیەك خوا ڕەخساندوویەتی و ڕێکیخستوە، ئەو ئەرك و کارەی بۆی دیارییکراوە بە باشترین شێوە ئەنجامی بدات، بۆ نموونە: ئەرکی چاو بینینە، خوا ﷻ چاوی وا خوڵقاندوە بتوانێ ئەو ئەرکە ببینێ، هەروەها ئەرکی گوێ بیستنەو، خواش گوێی وا خوڵقاندوە بتوانێ ببیستێ، هەروەها هەموو ئەندامەکانی دیکەو، هەموو کۆئەندامەکان کە جەستەی مرۆڤیان لێ پێکهاتوە، خوا وای ڕێکخستوون و وای لێکردوون، بتوانن ئەرکەکانی خۆیان بە باشترین شێوە ئەنجام بدەن.

٣- قۆناغی سێیەم: ﴿فَعَدَلَكَ﴾، هاوسەنگی کردووی (**جعل الأعضاء متساوية متوازنة**)، ئەندامەکانی یەکسان و هاوسەنگ کردوون، دوو دەستەکان و دوولاقەکان هەردووکیان بە ئەندازەی یەکن، هەروەها دوو چاوەکان هەردووکیان بە ئەندازەی یەکن، دوو گوێیەکان، دوو پێیەکان، هەروەها لە ڕوویەکی دیکەوە: سەرو گەردن لە قەدەر جەستەن، سەر هێندە گەورە نیەو ملیش هێندە باریك نیە، سەری بۆ هەڵنەگیرێ، هەروەها سەر

هێندە گەورە نیە جەستە نەیتوانێ، پاشان هێندەش گچکەش نیە، نەتوانێ بە ئەرکەکانی خۆی ڕابگات، هەروەها هەموو ئەندامەکان و هەموو کۆئەندامەکان پێکەڵپێکن و پێکەوە گونجاون و پێکەوە هاوسەنگن، وا نیە بۆ وێنە: مرۆڤ سینگی زۆر گەورە بێ، یان سکی زۆر گەورە بێ، لە ئەسڵی دروستبوون دا کە خوا خوڵقاندوویەتی، بەڵام دوایی کە کەسێك لە ئەنجامی زۆر خۆرییدا سکێکی گەورەی پەیدا دەبێ، ئەوە خۆی دروست کردنەکەی خوای پەروەردگاری تێکداوە، بەڵام لە ئەسڵدا کە خوا خوڵقاندوویەتی، سکی لە قەدەر سینگی و، لە قەدەر هەموو جەستەیەتی، بەڵام کە دوایی وای لێ دێ لە ئەنجامی زۆر کێش قورس بوونی دا، لاق و پێیەکانی هەڵیناگرن، ئەوە خۆی وای کردوە، ئەگەرنا خوا لە ئەسڵدا وای خوڵقاندوە کە لاقەکانی بتوانن هەڵیبگرن، بەڵام لاقەکانت خوا خوڵقاندوونی کە تۆ حەفتا (٧٠) کیلۆ هەشتا (٨٠) کیلۆیان لێ بار بکەی، وەختێك دێی (١٢٠) کیلۆ (١٤٠) کیلۆیان، لێ بار دەکەی، واتە: خۆت کێشت چەندە، هێندەی دیکەش لە خۆت بار دەکەی و بە کۆڵی خۆتی دا دەدەی، بێگومان ئەژنۆیەکانت دەسوێن و تووشی سەوەفان و دەردو نەخۆشیی دەبن، ئەوە خۆت وات لە خۆت کردوە.

٤- قۆناغی چوارەمی دروست بوونی مرۆڤ: بریتیە لە: وێنەکێشان (**تصوير**) و دیمەن پێدان، (**التَّصْوِيرُ: إعْطَاءُ الصُّورَةِ الَّتِي يُعْرَفُ بهَا البَشَرُ مِنْ بَيْنِ المخْلُوقَاتِ**)، (**تصوير**): وێنەکێشان وێنەدار کردن، بریتیە لەوەی مرۆڤ ئەو وێنەیەی پێ بدرێ، کە پێی لە نێو دروستکراوەکانی دیکەدا دەناسرێتەوە، وەك جۆری مرۆڤ و جگە لەوە لە نێو جۆری مرۆڤیشدا، هەر مرۆڤێك خوا ﷻ وێنەیەکی تایبەتی پێداوە، کە پێی لە خەڵکەکەی دیکە جیا دەکرێتەوە.

کە دەفەرموێ: ﴿ فِىٓ أَيِّ صُورَةٍ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ﴾، لە هەر وێنەیەکدا، لە هەر دیمەنێکدا کە پەروەردگارت ویستوویەتی، تۆی پێکهیناوەو دروستیکردووی.

تەوەری دووەم: سەرنجدانێکی خێرا لەسەر تاپای مرۆڤ:

مرۆڤ ئەگەر تەماشای خۆی بکات و، تەماشای هەر کەسێك بکات، لەلای سەرێیەوە، پێشێ سەر دەبینێ، لە سەریشی پێشێ تووکی سەر دەبینێ، دوایی کەللەی سەر، کە مێشکی گرتۆتە نێو خۆی، دوایی دوو گوێیەکان دەبینێ، لە لای ڕاست و چەپ، هەروەها چاوەکان دەبینێ، هەردووکیان لە پێشەوە، ئنجا لووت و زارو زمان و ددان و پووك و مەلاشوو دەبینێ، واتە: مرۆڤ کاتێك تەماشای خۆی دەکات، دەبینێ: بەرزترین ئەندامی جەستەی مرۆڤ لە سەری سەرەوەی جەستەی مرۆڤەوە دانراوە، کە بریتیە لە مێشك، چونکە مێشك کانگای زانیارییە، ئەگەرنا ئەو ڕووحەی خوا بە هەموو مرۆڤێکی داوە، بەبێ ئەو جەستەیەش عەقڵ و هۆشی هەر هەیە، دیتنی هەیە، بیستنی هەیە، قسە کردنی هەیە، هەموو ئەوانەی هەن، بەڵکو توانایەکانی زیاتریشن، بەڵام خوا ﷻ ئەو جەستەیەی بۆ کردوە بە ئامڕازێك و، ئەو جەستەیە بەکاردێنێ، دەستەکان بە کاردێنێ، پێیەکان بەکاردێنێ، زمان بەکاردێنێ، چاوەکان، گوێیەکان، هۆش و مێشکیش بەکاردێنێ، بەڵگەشمان لەسەر ئەوە کە ڕووحی مرۆڤ بەبێ ئەوانەش، هەر دەتوانێ شت بزانێ و ببینێ و ببیستێ و قسە بکات، بڕواو بێ و بچێ، حاڵەتی خەوو نووستنە، مرۆڤ لە کاتی نووستنیشدا هەموو ئەو شتانەی هەن، شت دەزانێ، دەتوانێ قسە بکات، ببینێ، ببیستێ، بخوات، بێ و بچێ و بڕوا، هەموو ئەو حاڵەتانەی لە کاتی بێداریی دا بەهۆی جەستەیەوە ئەنجامیان دەدا، لە کاتی خەوتندا، ڕووحەکە هەموو ئەوانە، بەڵکو زیاتریش ئەنجام دەدا، بۆ وێنە: مرۆڤ ناتوانێ بە جەستەی بەشێوەیەکی ئاسایی و بێ ئامڕاز، بچێ بۆ سەر مانگ[1]، بەڵام بە خەون دەتوانێ بچێتە سەر مانگ، بگرە دەتوانێ بچێتە بەهەشت و بچێتە دۆزەخ، بێگومان بە مۆڵەت و فەرمانی خوای پەروەردگار.

---

(١) دووجاران لەخەون دا چوومە سەرمانگ، هەروەها بەهەشت و دۆزەخیشم بینیون و.... هتد.

ئنجا لـە دوای سـەر کـە بـە نرخترین پێکهاتـەی مرۆڤـی تێدایـە و، بریتیـە لـە مێشـکەکەی، ئنجا گـەردن دێ، گەردنـی مـرۆڤ لـە ڕووی ئێسـکییەوە لـە حـەوت (٧) بڕگـە (فقرة) پێکهاتـوە، ئنجا دوایـی قـوڕگ هەیـە، لـە گـەردن و ملـی مرۆڤـدا، ئـەو قوڕگـەش هـەم بـۆ ئـەوەی خواردنـەوەو خواردنـی، پـێ ئـەو دیـو بـکات، دوای ئەوەی بـە زاری دەیجـوێ و، هـەم بـۆ ئەوەشـە کـە لـە ڕێـی زارو لووتیشـەوە هـەوا هەڵمـژێ و، هـەواش هـەر بـەو قوڕگـە دا دەچـێ، هـەم خـواردن و خواردنـەوە، هـەم هـەواش بـە یـەك شـوێن دا دەچـن، خـوا ﷻ زمانـە بچکۆڵە(مزمـار)ی دانـاوە، لـە نێو گـەروودا بەرانبـەر بـە بـۆڕی هەناسـەدان و کاتێـك مـرۆڤ خـواردن و خواردنـەوەی دەخـوات، ئـەو زمانـە بچکۆڵەیـە ڕێـی هـەوا دەگـرێ، بـۆ ئـەوەی خـواردن و خواردنەوەکـە نەچێتـە نێـو سـییەکان و بـۆڕی هەناسـەدانەوە، ئەگـەر زمانـە بچکۆڵـە فریـا نەکـەوێ، یـان مـرۆڤ بـە پەلـە پـەل شـتێك بخـوات و هەندێکـی بـە بـۆڕی هەناسـەدان دا بچـێ، دەبـێ بکۆکـێ تاکـو ئـەو تـۆزە خواردنـەی چۆتـە نێـو بـۆڕی هەناسـەدانەوە دێتـە دەرێ، ئەگەرنـا ئەگـەر خـواردن و خواردنـەوە بچێتـە نێـو بـۆڕی هەناسـەوە، مـرۆڤ لـە ژیـان دا بـەردەوام نابـێ.

ئنجا نـۆرەی سینگ دێ، سـینگ قەفەسـێکە، بیسـت و چـوار (٢٤) پەراسـوو ئـەو قەفەسـەیان پێکهێنـاوە، هـەر لایـەی سـینە دوازدە (١٢)، ئنجـا وەك چـۆن کەڵلـەی سـەرو ئێسـقانەکانی بـە نرخترین ئەندامـی مرۆڤیـان گرتۆتـە خۆیـان کـە عەقـڵ و مێشـکە، بێگومـان دوای مێشـکیش بـە نرخترین ئەندامەکانـی جەسـتەی مـرۆڤ: دڵ و سـییەکان و جـەرگ و پەنکریـاس و...هتـدن و، هەمـوو ئەوانـەش قەفەسـی سـینگ گرتوونیـە نێـو خـۆی.

بڕگـەکانی پشـتیش شـوێنی دڕکـە پەتـك (**الحبـل الشـوکي**)ن، کـە لـە مێشـکەوە دێ و بـە هەمـوو جەسـتەدا بڵاودەبێتـەوەو، لەوێـوە مێشـك فەرمانەکانـی خـۆی دەنێـرێ، چ ئـەو فەرمانانـەی ویسـتەنیی (**إرادي**)ن و مـرۆڤ ئـاگای لێیـان هەیـە، بـۆ وێنـە: کـە دەسـت دەجووڵێنـێ، لـە مێشـکەوە فەرمـان دێ، چ ئەوانـەی ئەوانـەی مـرۆڤ ئـاگای

لێیـان نیـەو، ویسـتەنیی نیـن و ناویسـتەنین، (لا إرادي)ن، وەك ئـەو فەرمانانـەی لـە مێشـکەوە دێـن بـۆ گورچیلـەکان، کـە کار بکـەن، بـۆ گـەدە، بـۆ جگـەر، بـۆ دڵ، بـۆ سـییەکان، بـۆ هەمـوو ئەندامـەکان، ئنجـا ئـەو دڕکـە پەتکـەش خـوای پـەروەردگار خسـتوویەتە نێـو بڕگەکانـی بڕبـڕەی پشـتەوە، بڕگەکانـی بڕبـڕەی پشـتیش سی و سـێ (٣٣) دانـەن:

١- حەوت (٧)یان لە مل دان.

٢- دوازدە (١٢)یان لە پشت دان، لە ئاستی سینگەوە.

٣- پێنج (٥) لەو بڕبڕانەش لە ئاقاری سکن.

٤- پێنج (٥)یشیان لە ئاستی سێبەندە (**عَجُزْ**)دان.

٥- چوار (٤)یشیان لە کۆتایی بڕبڕەی پشت دان کە پێی دەگوترێ: کلێنجە (**عصعص**).

کەواتـە: (٧ + ١٢ + ٥ + ٥ + ٤ = ٣٣)، خـوای بـەرزی مـەزن و کاربەجـێ، بڕبـڕەی پشـتی هـەر مرۆڤێـکی لـە سی وسـێ (٣٣) بڕگـە (**فقـرة**) پێکهێنـاوە.

ئنجا لـە دوای پشـت، سـك دێ، سـك (**بطن**)یـش هـەم گـەدەی تێدایـەو گرتوویەتە خـۆی، هـەم ڕیخۆڵـەکان (**أمعـاء**)، هـەم گورچیلـەکان و، ئـەو شـتانەی دیکـە کـە بـە گـەدەو ڕیخۆڵـەو گورچیلەکانـەوە پەیوەسـتن.

شـایانی باسیشـە: لـە زارەوە تاکـو دەگاتـە (کـۆم) ئـەو شـوێنەی پاشـەڕۆکی لێـوە دەچێتـە دەر، نـۆ (٩)مەتـرە، بـەڵام خـوای زانـاو توانـا ئـەو ڕیخۆڵانـەی پێکـەوە پێچاونـەوە، ڕیخۆڵـە باریکـەو ڕیخۆڵـە گـەورەو قۆڵـۆن، بێگومـان لـە نێـو گـەدەدا ئـەو خواردنـەی مـرۆڤ دەیخـوات هـەرس دەکـرێ و، دەکوڵێـنرێ، دوای ئـەوەی کۆمەڵێك ڕژێـن و مـاددەی بەسـەر دادەکرێـن، ئنجـا دوایـی دەچێتـە نێـو ڕیخۆڵەکانـەوەو لەوێـدا، مەمیلـەکان دەیمـژن و تێکـەڵ بـە خوێـن دەبێـت و، خـواردن خۆراکـی تـازە بـۆ خانەکانـی جەسـتە دەچـێ و تـازە دەبنـەوە.

کەواتە: جەستەی مرۆڤ حەوت پێکهاتەی سەرەکیی هەن:

١- سەر.

٢- گەردن.

٣- سینگ.

٤- پشت.

٥- سك.

٦- دوو دەستەکان.

٧- دوو لاقەکان.

مرۆڤ ئەگەر بەشێوەیەکی ئاسایی بوەستێ و تەماشایەکی خۆی بکات:

١- لە سەری سەرەوە عەقڵ دەبینێ، کەواتە: دەبێ عەقڵ بەسەر هەموو هەڵس و کەوتەکانیدا حوکمڕان بێ.

٢- لە دوای عەقڵ و هۆشیش دڵ دێ، کە کانگای ویستن و نەویستن و خۆشویستن و ڕق لێ بوونەوەیە، کەواتە: دەبێ دڵ لە ژێر کۆنترۆڵ و هەیمەنەی عەقڵ دابێ.

٣- ئنجا دوایی گەدە دێ.

کەواتە: مرۆڤ لە ڕووی گرنگیی پێدانەوە، پێشێ دەبێ گرنگیی بە عەقڵی بدات، دوایی بە دڵ و دەروونی، ئنجا دوایی بە خواردن و خواردنەوە.

٤- ئنجا دوایی داوێن و کۆئەندامی جینسیی دێ، بۆ ئەوەی مرۆڤ وەچەی بەردەوام بێ، خوای پەروەردگار وای داناوە کە پیاو حەز بە ئافرەت دەکات و ئافرەت حەز بە پیاو دەکات، کەواتە: دەبێ ڕیزبەندییەکە بەو شێوەیە بێ: عەقڵ، دڵ، گەدە، ئنجا داوێن.

مەسەلەی سێیەم:

هـۆکاری لـە خۆبایـی بوونـی مـرۆڤ بەرانبـەر بـە خـوا، بـڕوا نەبوونـە بـە ڕۆژی سـزاو پاداشـت، لـە حاڵێکـدا مرۆڤـەکان فریشـتە پارێزەرەکانیـان بـە سـەرەوەن، کە زۆر بەڕێـزن و هەمـوو شـتێکیان تۆمـار دەکـەن و، هەمـوو شتێکیشـیان لـە بـارەوە دەزانـن:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿كَلَّا بَلْ تُكَذِّبُونَ بِالدِّينِ ﴿٩﴾ وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ ﴿١٠﴾ كِرَامًا كَاتِبِينَ ﴿١١﴾ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ ﴿١٢﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿كَلَّا بَلْ تُكَذِّبُونَ بِالدِّينِ﴾، نەخێر (وازبێنن) بەڵکو سزاو پاداشت بەدرۆ دادەنێن، (كَلَّا: كَلِمَةُ رَدْعٍ وَزَجْرٍ وَإِبْطَال)، (كَلَّا): وشەیەکە بۆ بەرپەرچدانەوەو تێخوڕین و هەڵوەشانەوە بەکاردێ، قسەیەك پێشتر کراوە، یان کردەوەیەك یان هەڵوێستێك پێشتر نوێنراوەو، خوای پەروەردگاریش هەڵیدەوەشێنێتەوە، بەڵام جاری واشە بە پێی ڕەوتی ئایەتەکان بە مانای بەڕاستیی (**حقاً**)، ئەو شتە وایە، یان وانیە، دێ.

زۆرێـك لـە ڕوونکەرەوەکانـی قورئـان گوتوویانـە: لێـرەدا ﴿كَلَّا﴾، (**أي: حَقًّا**)، واتـە: بەڕاسـتیی وایـە، ﴿بَلْ تُكَذِّبُونَ بِالدِّينِ﴾، بەڵکـو ئێـوە بڕواتـان بـە ڕۆژی سـزاو پاداشـت نیـە.

﴿بَلْ﴾، لـە زمـانی کوردیـی دا دەکەوێتە بەرانبەر وشـەی (بەڵام)و لێرشـەدا: (**إِضْرَابٌ عَنْ جُمْلَةٍ مُقَدَّرَةٍ أي: لاَ تَرْتَدِعُونَ عَنْ ذَلِكَ، بَل تُجَاوِزونه إلى مَا هُوَ أَعْظَمُ مِنْهُ**)، بـە مانـای گواسـتنەوەیە لـە ڕستەیەکی مەزەنـدە کـراوەوە، یـانی: نەخێـر وانیـە، یاخـود واز بێنـن، دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿بَلْ تُكَذِّبُونَ بِالدِّينِ﴾، ئێـوە نـەك هـەر لـەوە وازناهێنـن، بەڵکـو بڕواشـتان بـە ڕۆژی سـزاو پاداشـت نیـەو، لـەوەش تێدەپەڕێنـن، واز لـەوە بێنـن کـە بەهۆیـەوە بەرانبـەر بـە پەروەردگارتان فریوتـان خـواردووەو هەڵخەڵەتـاون و کڵاوی ئیبلیسـتان چۆتـە سـەر، بەڵکـو بـە ڕۆژی سـزاو پاداشـتیش بێبـڕوان.

وشـەی: ﴿ تُكَذِّبُونَ ﴾، خوێنراویشـەتەوە: (**یُكَذِّبـون**)، بـە شـێوەی نادیـار (**غَائِـب**)، واتـە: بەڵکـو ئـەوان بڕواشـیان بـە ڕۆژی سـزاو پاداشـت نیـە.

وشەی: (**الدين**)، لێرەدا بە مانای (**الجَزَاء**)ە، واتە: سزاو پاداشت.

٢)- ﴿ وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَٰفِظِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئێوە پارێزەرانتان بەسەرەوەن.

دوایی پێناسەی ئەو پارێزەرانەش دەکات و دەفەرموێ:

٣)- ﴿ كِرَامًا كَٰتِبِينَ ﴾، زۆر بەڕێزن و نووسەرن (تۆمارکەری نیازو مەبەست و قسەو کردەوەکانتانن)، (**كرام**)، کۆی (**كريم**)ەو، ئەویش بریتیە لە: (**الجَيِّدُ مِنْ نَوْعِهِ، أو الأَجْوَدُ مِنْ نَوْعِهِ**)، شتێکی باش لە جۆری خۆی، یان: باشترین لە جۆری خۆی، بە پێی ڕەوتیش مانایەکەی دەگۆڕێ، واتە: زۆر بەڕێزن و بەخشندەن و، زۆر چاکەکارن، ﴿ كَٰتِبِينَ ﴾، واتە: نووسەرن، تۆمارکەرن، بۆ سەرجەم کردەوەکانی مرۆڤ و هەڵسوکەوتەکانی، چ نیازو مەبەستەکانی دڵ و دەروون و خولیایەکانی بیرو زەین و، چ قسەو تەعبیرەکانی زمان و، چ هەڵس و کەوتی ئەندامەکان.

٤)- ﴿ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ ﴾، هەرچی ئێوە دەیکەن دەیزانن، لێرەدا: ﴿ وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَٰفِظِينَ ﴾، لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە: (**فِي مَحَلِّ نَصْبٍ عَلَى الحَالِ مِن فَاعِل: تُكَذِّبون أو يُكَذِّبون**)، لە ڕووی شوێنی ئیعرابییەوە مەنصووبەو لە شوێنی حاڵ دایە لە بکەری: (**تُكَذِّبون أو يُكَذِّبون**)، بە هەردوو خوێندنەوەکان، واتە: ئێوە بێبڕوان بە ڕۆژی دوایی و، سزاو پاداشت بە درۆ دادەنێن، یان ئەوان ڕۆژی سزاو پاداشت بە درۆ دادەنێن، لە حاڵێکیشدا کە پارێزەرانتان بەسەرەوەن و ئەو پارێزەرانەش زۆر بەڕێزن و نووسەرن.

کەواتـە: وشـەی: ﴿ لَحَٰفِظِينَ ﴾، سـیفەتە بـۆ وەسـفکراوێکی قرتێـنراو، یانـی: (**ملائكـة حافظـين**)، ئێـوە فریشـتە پارێزەرەکانتـان بەسـەرەوەن، کردەوەکانتـان دەپارێـزن، سـەرژمێرو تۆماریـان دەکـەن.

لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێ:

ئایا ئەوانە هەموو شتێك تۆمار دەكەن و، هەموو شتێك لەسەر مرۆڤ دەنووسن، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ ﴾، هەر چ شتێك ئەنجامی دەدەن، ئەوان دەیزانن؟ لەو بارەوە (سفيان الثوري) پرسیاری لێ كراوە:

ئایا فریشتەكان چۆن دەزانن كە مرۆڤ ویستوویەتی چاكەیەك بكات، یاخود ویستوویەتی خراپەیەك بكات؟ ئەویش گوتوویەتی: ئەگەر چاكە بكات، بۆنی میسكی لێ دەكەن و، ئەگەر خراپەش بكات بۆنێكی ناخۆشی لێ دەكەن.

بەڵام پێم وایە ئەوەی سوفیانی ثەوریی (ڕەحمەتی خوای لێ بێ)، گوتوویەتی: وەك قیاس بۆ سەر ئێمەومانان، گوتوویەتی، ئەگەرنا فریشتەكان بۆ خوای پەروەردگار ئاسانە كە توانای پێدابن، خودی نیەتەكەش ببینن و بزانن، بەڵێ بۆ ئێمە نادیارو پەنهانە، بەڵام بۆ خوای پەنهانزان ئاسانە ئەو فریشتانە وا بخوڵقێنێ نیەتەكە ببینن، ئەگەر چاكە، ئەگەر خراپە، نەك هەر لەبەر ئەوەی بۆنی دەكەن، هەڵبەتە دووریش نیە وابێ، بەڵام بە هەر حاڵ ئەوە بەڵگەیەكی لەسەر نیە.

لێرەدا زانایان پرسیارێكیان وروژاندوە: ئایا فریشتەكان تەنیا ئەو قسانەی مرۆڤ دەیانكات و، ئەو هەڵس و كەوتانەی ئەنجامیان دەدا، تۆمار دەكەن، یاخود نیازو مەبەستەكانی نێو دڵ و دەروونیش تۆمار دەكەن؟ لەو بارەوە زانایان زۆربەیان ڕایان وایە، كە نیازو مەبەستەكانی نێو دڵ و دەروونیش تۆمار دەكەن، پێم وایە دەگونجێ لەوبارەوە سێ بەڵگان بێنینەوە دوو بەڵگەی عەقڵیی و یەكی نەقڵیی لەو بارەوە بهێنرێنەوە:

بەڵگەی یەكەم:

ئەوەیە كە تەنیا بە هۆی نیازو مەبەست و خولیا هاندەرو پاڵنەرەوەكانەوە، كردەوەكان ئەنجام دەدرێن، كەواتە: ناگونجێ فریشتەكان ئەو پاڵنەر هاندەرانەی مرۆڤەكان پاڵ پێوە دەنێن بۆ چاكە یان خراپە، نەزانن و تۆماریان نەكەن.

بەڵگەی دووەم:

هــەردووك وشــەی كــردەوە (فعــل) و (عمــل) كــە دەفەرمــوێ: ﴿ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ ﴾[1]، گشــتگیرن بــۆ نیــازو مەبەســتەكانی نێــو دڵ و دەروون و، قســەكانی زارو زمــان و، هەڵســوكەوتەكانی كــە بــە ئەندامــە ڕوواڵەتییــەكان ئەنجــام دەدرێــن، هــەر سێكیان دەگرنــەوەو كــە دەفەرمــوێ: ﴿ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ ﴾، فریشــتەكان دەزانــن چــی ئەنجــام دەدەن، چــی دەكــەن، واتــە: چ بــە دڵ بیكــەن، چ بــە زمــان بیڵێــن، چ بــە ئەندامــەكان ئەنجامــی بــدەن.

بەڵگەی سێیەم:

لــەو بــارەوە، ئــەم فەرمایشــتە، ڕێــك و ڕاســتەی پێغەمبــەری خاتەمیــش ﷺ هەیــە، كــە دەفەرمــوێ: {مَــنْ هَــمَّ بِحَسَــنَةٍ فَلَــمْ يَعْمَلْهــا، كَتَبَهــا اللــهُ لَــهُ عِنْــدَهُ حَسَــنَةً كامِلَــةً، فَــإِنْ هُــوَ هَــمَّ بِهــا فَعَمِلَهــا كَتَبَهــا اللــهُ لَــهُ عِنْــدَهُ عَــشْرَ حَسَــناتٍ، إلى سَــبْعِمائَةِ ضِعْــفٍ، إلى أَضْعــافٍ كَثيرَةٍ، وَمَــنْ هَــمَّ بِسَــيِّئَةٍ فَلَــمْ يَعْمَلْهــا، كَتَبَهــا اللــهُ لَــهُ عِنْــدَهُ حَسَــنَةً كامِلَــةً، فَإِنْ هُــوَ هَــمَّ بِهــا فَعَمِلَهــا كَتَبَهــا اللــهُ لَــهُ سَــيِّئَةً واحِــدَةً} (أخرجــه البخــاري: ٦٤٩١، ومســلم: ٢٠٣).

واتــە: هــەر كەســێك ویســتی چاكەیــەك بــكات، بــەڵام نەیكــرد، خــوا لــە لای خــۆی بــۆی بــە چاكەیــەكی تــەواو دەنووســێ (مــادام لێــی پەشــێمان نەبووبێتــەوە، چونكــە دەســتی نەگەیوەتــێ)، بــەڵام ئەگــەر كــردی خــوا لــە لای خــۆی بــۆی بــە دە چاكــە هەتا حەوتســەد بەرانبــەرو چەنــدان بەرانبــەری زۆر دەنووســێ، هــەر كەســیش ویســتی خراپەیــەك بــكات و نەیكــرد، خــوا چاكەیــەكی تــەواوی لــەلای خــۆی بــۆ دەنووســێ و، ئەگــەر كــردی یــەك خراپــەی بــۆ دەنووســێ.

لە كۆتایی ئەم مەسەلەیەی سێیەم دا دەڵێین:

---

(١) جیاوازیــی نێــوان (عمــل) و (فعــل) ئەوەیــە كــە (فعــل) زیاتــر بــۆ یــەك جــار ئەنجامــدانی شــتێك بــەكاردێ و، (عمــل) بــۆ بەردەوامیــی لەســەركردنی كارێــك بــەكاردێ.

خوا ﷻ فریشتەکانی بە چوار وەسفان پێناسە کردوون:

١)- پارێزەرن ﴿ وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَٰفِظِينَ ﴾، واتە: پارێزەرن بۆ هەموو هەڵس و کەوت و جم و جۆڵەکانی، مرۆڤ چ پەنهان بن، چ ڕواڵەتیی و بەرچاو بن.

٢)- زۆر بەڕێزن: ﴿ كِرَامًا ﴾، واتە: زۆر بەڕێزو بە حورمەتن، لە هەندێك شوێنەواران دا هاتوە، کە فریشتەکان لە سێ کاتدا لە مرۆڤ دوور دەکەونەوە، ئەگەرنا هەر لەگەڵینی:

أ- کاتێك دەچێتە سەرئاوو تارەت دەگرێ.

ب- لە کاتێك دا خۆی دەشوات و دەچێتە گەرماو.

ج- لە کاتێکدا کە لەگەڵ هاوسەریدا جووت دەبێ، ئەگەر پیاوە، ئەگەر ئافرەتە، بەس خواش دەزانێ ئەوە چۆنەو ئەگەر فەرمایشتەکە لە ڕووی سەنەدەوە ڕاست بێ، واتە: لەو کاتەدا بە جۆرێك فریشتەکان خۆیانی لێ دوور دەگرن، ئەگەرنا وە نەبێ ئاگایان لێ نەبێ داخۆ چی دەگوزەرێ لەو کاتانەش دا.

٣)- نووسەرو تۆمارکەرن: ﴿ كَٰتِبِينَ ﴾، مەبەست لە نووسین، مەرج نیە بەو جۆرە نووسینە ئاساییەی ئێمە بێ، کە دەزانین، بەڵام خوای کاربەجێ ئێمە تێدەگەیەنێ بەو وشانەی ئێمە لێیان حاڵیی دەبین، ئەگەرنا بەس خوا دەزانێ ئەو فریشتانە چۆن دەنووسن و، خوای پەنهانزان و بەرزی مەزن، چ جۆرە ئامێرێکی داونە دەست، کە هەموو هەڵس و کەوتەکانی مرۆڤ کە لە جەستەیدا دەردەکەون، یاخود لە دەروونیدا دەردەکەون، هەموویان تۆمار بکەن.

٤)- دەزانن چی دەکەن: ﴿ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ ﴾، زانیارییان هەیە بە هەموو ئەوەی مرۆڤ ئەنجامی دەدا.

شایانی باسە: ئێمە کاتی خۆی کورتە باسێکمان لە بارەی فریشتەکانەوە لە سەرەتای سوورەتی (**فاطر**)دا کردوە، بۆیە لێرە هەروا بە کورتیی و بە ئەندازەی ڕوونکردنەوەی چەمك واتای ئایەتە موبارەکەکان بەسەریدا ڕۆیشتین.

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

باسی سەرەنجامی چاکەکاران و، بەدکاران لە ڕۆژی دواییدا، چاکەکاران، لە نازو نیعمەتی بەهەشتدان و دوورن لە ئاگری دۆزەخ و، خراپەکارانیش لە ئاگری دۆزەخدان بە بەردەوامیی و لێی نادیار نابن، ڕۆژی دواییش ڕۆژێکی سەغڵەت و قورسەو هیچکەس دادی هیچ کەس نادات و، هەموو شتێك تەنیا عایدی خوای بەرزو مەزنە:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍ ﴿١٣﴾ وَإِنَّ ٱلْفُجَّارَ لَفِى جَحِيمٍ ﴿١٤﴾ يَصْلَوْنَهَا يَوْمَ ٱلدِّينِ ﴿١٥﴾ وَمَا هُمْ عَنْهَا بِغَآئِبِينَ ﴿١٦﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا يَوْمُ ٱلدِّينِ ﴿١٧﴾ ثُمَّ مَآ أَدْرَىٰكَ مَا يَوْمُ ٱلدِّينِ ﴿١٨﴾ يَوْمَ لَا تَمْلِكُ نَفْسٌ لِّنَفْسٍ شَيْـًٔا وَٱلْأَمْرُ يَوْمَئِذٍ لِّلَّهِ ﴿١٩﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍ﴾، بە دڵنیایی چاکەکاران لە نێو نازو نیعمەت دان.

٢)- ﴿وَإِنَّ ٱلْفُجَّارَ لَفِى جَحِيمٍ﴾، بە دڵنیایی خراپەکارانیش لە نێو کڵپەی دۆزەخدان.

ئەمە دەرخستن و ڕوونکردنەوەی دەرەنجامی پاراستنی کردەوەو جم و جۆڵەکانی مرۆڤە، لە لایەن فریشتەکانەوە کە سەرەنجامەکەی ئاوا دەبێ و، بەو شێوەیە دەردەچێ، خەڵك بە گشتیی دەبنە دووبەش:

أ- چاکەکاران، ئەوانە لە نێو نازو نیعمەتدا دەبن.

ب- تاوانباران و خراپەکاران، ئەوانیش لە نێو کڵپەی دۆزەخدا دەبن، خوا پەنامان بدات.

کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍ﴾، ﴿ٱلْأَبْرَارَ﴾، کۆی (بَرّ)، یان کۆی (بارّ)ە، هەندێك گوتوویانە: (بَرَرَة)، کۆی (بَرّ)ەو، ﴿ٱلْأَبْرَارَ﴾، کۆی (بارّ)ە، (بَرّ) و (بار)یش، هەردووکیان بە مانای چاکەکار دێن، (بِرّ)، بە مانای چاکەکارییە،

بەڵام (بارّ) بە مانای چاکەکارە، بەڵام عەرەب جاری واهەیە چاوگیان کردوە بە سیفەت بۆ مرۆڤ، واتە: ئەو مرۆڤە چاوگی ئەو سیفەتەیە.

﴿ ٱلْفُجَّارَ ﴾یش کۆی (فاجر)ەو بە مانای خراپەکار و تاوانبارو لادەر دێ، بێگومان چاکەکاریی بەرهەمی ئیمانەو، خراپەکارییش بەرهەمی کوفرە.

٣)- ﴿ يَصْلَوْنَهَا يَوْمَ ٱلدِّينِ ﴾، {ئەو تاوانبارانەی لە دۆزەخدان} لە ڕۆژی سزاو پاشتدا دەیچنەتێ و تێیدا دەبرژێنرێن و دەپیشێنرێن.

٤)- ﴿ وَمَا هُمْ عَنْهَا بِغَآئِبِينَ ﴾، ئەوان لێشی نادیار نابن، واتە: لەوێدا بە بەردەوامیی سزا دەدرێن، ﴿ يَصْلَوْنَهَا ﴾، وەك جارانی دیکەش باسمان کردوە، (صَلِي): بریتیە نیە تەنیا لە چوونە نێوی، بەڵکو بریتیە لە سووتێنرانی مرۆڤ لە نێو ئاگردا بە شێوەیەکی تایبەت کە لە چواردەورەیەوە ئاگرەکە بیگرێتەوەو، ببرژێنرێ یاخود بپیشێنرێ.

﴿ يَصْلَوْنَهَا يَوْمَ ٱلدِّينِ ﴾، یانی: (**یوم الجزاء**)، ڕۆژی سزاو پاداشت، (**جزاء**)، لە زمانی عەرەبییدا هەم بۆ سزا بەکاردێ، هەم بۆ پاداشت، بەڵام ئەگەر مەبەست پێی پاداشت بێ دەگوترێ: (**ثواب**)و، ئەگەر مەبەست پێی سزا بێ، دەگوترێ: (**عقاب**)، بەڵام وشەی: (**جزاء**)، لە یەك کاتدا هەردووکیان دەگرێتەوە، بەڵام لە زمانی کوردییدا تاکو ئێستا وشەیەکم پێ شك نایەت مانای پڕ بە پێستی (**جزاء**) بێ، بۆیە هەمیشە دەڵێم: ﴿ يَوْمُ ٱلدِّينِ ﴾، یانی: ڕۆژی سزاو پاداشت.

شایانی باسە: وشەی: ﴿ نَعِيمٍ ﴾ و ﴿ جَحِيمٍ ﴾، کورتترین بێژەن بۆ تەعبیرکردن لەو شوێنەی چاکەکاران دەیچنێ و، لەوەش کە تاوانباران دەیچنێ.

ڕستەی: ﴿ وَمَا هُمْ عَنْهَا بِغَآئِبِينَ ﴾، وەك ئەو ئایەتە موبارەکە وایە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿١٦٧﴾ ﴾البقرة، ئەوان لە ئاگر ناچنە دەرێ، ئەوان دەرچوو نین لە ئاگرو هەمیشە، تێیدا بەردەوام دەبن.

٥)- ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ ﴾، چ شتێك بە تۆی زانادوە ڕۆژی سزاو پاداشت، چییە؟ بێگومان ئەمە مەبەست پێی دەربڕینی مەزنیی ئەو ڕۆژەیە، واتە: هێندە گەورەو مەزنە، هێندە بێڕەزایە، مەگەر کەسێك بە تۆی بزانێنێ، ئەگەرنا نایزانی.

٦)- ﴿ ثُمَّ مَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ ﴾، دیسان چ شتێك بە تۆی زانادوە، ڕۆژی سزاو پاداشت چییە؟

٧)- ﴿ يَوۡمَ لَا تَمۡلِكُ نَفۡسٞ لِّنَفۡسٖ شَيۡـٔٗا ﴾، لەو ڕۆژەدا هیچکەس هیچ شتێکی بۆ هیچکەس لە دەست نایەت، ﴿ شَيۡـٔٗا ﴾، (**إِسْمٌ يَدلُّ عَلَى جنْسِ الموجُودِ وَهُوَ مُتَوغِّل، فِي الإبهام يفسره ما يقترن به فِي الكلام من تمييز أو صِفَة أو نحوها**)، واتە: (شَيء): ناوێکە مانای جینسی هەبوون دەگەیەنێ، کە شتێك هەیە، زۆر نادیارەو ئەوەی لە قسەدا لەگەڵیدا بەرانبەر کراوە، ئەگەر تەمییزە، یان سیفەتە، یان وێنەی وان، مانایەکەی دەردەخات.

﴿ يَوۡمَ لَا تَمۡلِكُ نَفۡسٞ لِّنَفۡسٖ شَيۡـٔٗا ﴾، ئەو ڕۆژەی هیچ کەسێك هیچ شتێکی بۆ کەس لە دەست نایەت.

٨)- ﴿ وَٱلۡأَمۡرُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ ﴾، کارو بڕیاریش لەو ڕۆژەدا تەنیا هی خوایە ﷻ.

زۆربەی تەفسیرەکان ئەم گێڕدراوەیان هێناوە: (**عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ** رضي الله عنهما: «**كُلُّ شَيْءٍ مِنَ الْقُرْآنِ مِنْ قَوْلِهِ: (مَا أَدْرَاكَ) فَقَدْ أَدْرَاهُ، وَكُلُّ شَيْءٍ مِنْ قَوْلِهِ: (وَمَا يُدْرِيكَ) فَقَدْ طُوِيَ عَنْهُ**»).

واتە: ئیبنو عەبباس رضي الله عنهما گوتوویەتی: هەر شتێك لە قورئاندا هەیە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ مَآ أَدۡرَىٰكَ ﴾، (چ شتێك بە تۆی زانادوە)، دوایی خوا پێی زانادوەو فێری کردوە (تە پێغەمبەر ﷺ) بەڵام هەر شتێك کە لە فەرمایشتی خوادا هاتوە: (**وَما يُدْرِيكَ**)، (چ شتێك بە تۆی دەزانانێ)، لێی پێچراوەتەوەو پێی نەگوتراوە.

بێگومان لە ئەنجامی تێوەڕامان (**إِسْتِقْرَاء**)ی هەموو قورئاندا، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ئەوەی وەرگرتوە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿وَٱلۡأَمۡرُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ﴾، (أل) سـەر ﴿وَٱلۡأَمۡرُ﴾، بـۆ تێکـڕا (جنـس)ەو، مەبەسـت لـە (**الأمـر**)، لێـرەدا: سـەرجەم فەرمـان و کارەکانـەو، وشـەی: (**أمـر**)، تاکـی (**الأوامـر**)ە، نـەك هـی (**أمـور**)، بـە مانـای (**شأن و حـال**)، واتـە: هەمـوو فەرمانـەکان و کارەکان و هەڵـس و کەوتـەکان، لـەو ڕۆژەدا تەنیـا بـە دەسـت خـوای پـەروەردگارن، یـانی: هیچکەسـێك هیـچ شـتێکی بـۆ هیچکـەس لـە دەسـت نایـەت، ئـەی مرۆڤـەکان! خۆتـان فریـو مـەدەن بـە وەسوەسـەو دنەدانـی شـەیتان و، بـە تەمـای ئـەوە تێبکـەون، فڵانکـەس شـەفاعەتتان بـۆ بـکات و دەربازتـان بـکات! وەك یەکێك لـە ئەوانـەی بەشـێوەی ناڕاسـت و ناشـەرعییانە دەسـت بـە هەندێك شـێخ و مەشـایەخانەوە دەگـرن، دەڵـێ:

بۆیە لە دنیا دەستم گرت بە تۆ   تاکو لە قیامەت نەبم ڕەنجەڕۆ

بـەڵام لـە ڕاسـتییدا مـرۆڤ دەبـێ لـە دنیـادا تەنیـا دەسـت بـە خـواو بـە بەرنامەکـەی خـواوە بگـرێ، ئنجـا ئەگـەر دەسـتی بـە بەرنامـەی خـواوە گـرت و، بـە ڕێـی پێغەمبەرەکەیـدا ﷺ ڕۆیـی، بـە ئەنـدازەی ئیـمان و تەقوایەکـەی، هـەم شـەفاعەت و تـکا کردنـی پێغەمبـەری خـوای ﷺ پـێ دەبـڕێ، هـەم تکاکردنـی جگـە لـە سـەروەری پێغەمبـەران ﷺ و جگـە لـە پێغەمبەرانیـش، کـە فریشـتەکان و شـەهیدەکانن و زانایـان و بـۆ خـوا صوڵـحاوانن، بـەڵام مـرۆڤ ئەگـەر لـە خـودی خۆیـدا دەسـت بـە خـواو بـە ئاییـن و بەرنامـەی خـواوە گرتـوو نەبـێ و، بـە تەمـای ئـەوە لێبگـەڕێ کـە بـە ناهـەق و بـە ناشایسـتەیی و لـە لایـەن کەسـێکی ناشایسـتەوە، شـەفاعەتی بـۆ بکـرێ، ئـەوە لـە ڕاسـتییدا جۆرێکـە لـە خـۆ فریـودان و کڵاو لەسـەری خـۆ نـان.

خـوا بـە لوتفـی کەرەمـی خـۆی لـەو کەسـانەمان بگێـڕێ، کـە تونـدو ڕێـك و چـاك دەسـت بـە ئاییـن و بەرنامـەی خـواوە دەگـرن و، شایسـتەی ئـەوەش دەبـن کـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ تـکاو شـەفاعەتیان بـۆ بـکات، خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی

خـۆی بــە ئیســلامەوە بمانژیەنــێ و بــە ئیمانــەوە بمانمرێنــێ و، ئــەم ژیانــە کــەم و کورتــەی دنیــا، ســەربەرزانە بەجــێ بهێڵیــن.

لێرەش دا کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی (**الإنفطار**) دێنین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

تەفسیری سوورەتی

المُطَفِّفِين

دەستپێک

بەڕێـــــــزان!

ئەمـڕۆ کـە (٢٢)ی مانگـی (ذي القعـدة)ی سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچیـی، بەرانبـەر (١٣)ی تەممـووز، {مانگـی (٧)}ی سـاڵی (٢٠٢٠)ی زایینییـە، لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن بـە ڕوونکردنـەوەی چەمـك و واتـای ئایەتـە بـە پێزەکانـی سـوورەتی (المطففـين).

پێناسەی سوورەتی (المطففين) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

نـاوی هـەرە بـاوی: (سـورة المطففـين)ە، بـەڵام نـاوی: (سـورة وَيۡلٌ لِّلۡمُطَفِّفِينَ)یشـی بـۆ بەکارهێنراوە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

لـەو بـارەوە مشـتومڕی زۆر لـە نێـوان زانایانـدا هەیـە: هەندێکیـان بـە مەککەیـی دادەنێـن و، هەندێکیـان بـە مەدینەیـی دادەنێـن، بـۆ وێنـە: هـەر کام لـە: (الكلبـي و جابـر بـن زيـد)، گوتوویانـە: لـە نێـوان مەککـەو مەدینـە دابەزیـوەو، بـە پێـی ژمـارەی دابەزینیشـی، یـان کۆتـا سـوورەتی، سـوورەتە مەککەیەکانـە، یاخـود سـەرەتای سـوورەتە مەدینەییەکانـە، لـەو بـارەوەش ئـەم گێڕدراوەیـە هەیـە:

{عَنِ ابْنِ عَبّاسٍ رضي الله عنهما، قَالَ: نَزَلَتْ سُورَةُ المطفّفينَ بِمَكَّةَ}[1]، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس رضي الله عنهما دەڵێ: سوورەتی (المطفّفينَ) لە مەککە دابەزیوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:

ئەم سوورەتە موبارەکە لە (مصحف)دا، ژمارەکەی (٨٣)یەو، لە دابەزینیشدا ژمارە (٨٦)ەو، ئەم سوورەتە موبارەکە لە ڕووی دابەزینەوە پێش سوورەتی (البقرة)و، دوای سوورەتی (العنكبوت)، دابەزیوە، بە ڕای زۆربەی زانایان.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

بە ڕای تێکڕای ژمێرەرانی ئایەتەکانی قورئان، ئایەتەکانی ئەم سوورەتە موبارەکە سی و شەش (٣٦) ئایەتن.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئەم سوورەتە چوار بابەت دەگرێتە خۆی:

بابەتی یەکەم: لە ئایەتەکانی: (١ - ٦)، شەش (٦) ئایەتی سەرەتادا، باسی سزای سەخت بۆ ناساغ و فێڵبازان لە کێشان و پێوان داو، خوای بەرز باسیکردوون -- هی ئەو جۆرە کەسانە -- ئەگەر بۆ خەڵکی بکێشن، یان بپێون، لێیان دادەشکێنن، بەڵام ئەگەر بۆ خۆیان بکێشن یان بپێون، بە تەواویی وەری دەگرن.

بابەتی دووەم: لە ئایەتەکانی: (٧ - ١٧)، یازدە (١١) ئایەتدا، باسی سزای سەختی خوا بۆ تاوانبارانی بێبڕوا بە ڕۆژی دوایی، کراوە.

---

(١) أورده السيوطي في الدرّ المنثور ج٨، ص٤٤١، وَنَسَبَهُ للنَّحّاسِ وابن مردويه والبيهقي.

بابەتی سێیەم: لە ئایەتەکانی: (١٨ - ٢٨)، یازده (١١) ئایەتدا، باسی پاداشتی بەرزو بێ وێنەی خوا بۆ بڕوادارانی چاکەکار، کراوە.

بابەتی چوارەم: لە ئایەتەکانی: (٢٩ - ٣٦)، هەشت (٨) ئایەتەکانی کۆتایی دا، باسی پێکەنین و گاڵتەو جەفەنگ پێکردنی تاوانبارانی بێبڕوا، بە بڕواداران لە دنیاداو، دوایی لە ڕۆژی دواییدا گاڵتە پێکرانەوەیان لەلایەن بڕوادارانەوەو سزا درانیان، کراوە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە موبارەکە، پێنج تایبەتمەندییمان کەوتوونە بەرچاو:

١- هەڕەشەکردنی سەختی خوا لە فێڵبازان لە کێشان و پێواندا، کە تەنیا لەم سوورەتە موبارەکەدا بەم شێوەیە هاتوە، هەڵبەتە لە سوورەتەکانی دیکەش دا، لە بەسەرهاتی نێرراني شوعەیب ﷺ بۆ گەلی مەدیەن و بۆ (**أصحاب الأيكة**)، {خاوەنانی باخەکە، یان درەختە چڕو پڕەکە}، باسی ئەوە کراوە، بەڵام وەك ئەوەی لێرەدا هاتوە، لەو شوێنانەی دیکەدا بەو شێوەیە نەهاتوە، ئەویش لە ئایەتەکانی: (١ - ٦)دا.

٢- باسی (سِجِّينٍ و عِلِّيِّينَ)، وەك شوێنی تۆماری کردەوەی تاوانباران و چاکەکاران، کە لە ئایەتەکانی: (٧ - ١٨)دا کراوە، تەنیا لە هەموو قورئاندا تەنیا لێرەدا هاتوون.

٣- باسی پەردە پۆشکرانی بێبڕوایان لە دیداری خوا: ﴿ كَلَّآ إِنَّهُمۡ عَن رَّبِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّمَحۡجُوبُونَ ﴿١٥﴾ ﴾.

٤- باسی پێکەنینی بڕواداران لە ڕۆژی قیامەتدا بە بێبڕوایان: ﴿ فَٱلۡيَوۡمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنَ ٱلۡكُفَّارِ يَضۡحَكُونَ ﴿٣٤﴾ ﴾.

٥- چەند وشەو تەعبیرێك کە تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون و ئێمە سێزدە (١٣)یانمان هێناون:

١- ﴿ لِّلْمُطَفِّفِينَ ﴾.

٢- ﴿ ٱكْتَالُواْ عَلَى ٱلنَّاسِ ﴾.

٣- ﴿ كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ ﴾.

٤- ﴿ سِجِّينٍ ﴾.

٥- ﴿ مَّرْقُومٌ ﴾.

٦- ﴿ بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ﴾.

٧- ﴿ لَّمَحْجُوبُونَ ﴾.

٨- ﴿ عِلِّيِّينَ ﴾.

٩- ﴿ رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ ﴾.

١٠- ﴿ خِتَٰمُهُۥ مِسْكٌ ﴾.

١١- ﴿ فَلْيَتَنَافَسِ ٱلْمُتَنَٰفِسُونَ ﴾.

١٢- ﴿ تَسْنِيمٍ ﴾.

١٣- ﴿ هَلْ ثُوِّبَ ٱلْكُفَّارُ مَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ ﴾.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك:

ئێمە سی و شەش (٣٦) ئایەتەکەی ئەم سوورەتە بە پێزە دەکەینە دەرسێك، هەرچەندە چوار (٤) بابەتی سەرەکیی گرتوونە خۆی، بەڵام بابەتەکان تێکهەڵکێشن و، پێکەوە پەیوەستن و، پێمان پەسندو باش نەبوو لە یەکیان دابڕین.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسە کۆی سوورەتی (المطففين) دەگرێتە خۆی، کە پێشتریش گوتمان چوار بابەتی سەرەکیی دەگرێتە خۆی:

یەکەم: لە ئایەتەکانی: (١ - ٦)دا، کە خوا ﷻ لەو شەش ئایەتەدا، باسی سزای سەختی خۆی دەکات بۆ کەسانێك کە تەرازوو بازیی و کەم پێوان و کەم کێشیی دەکەن لە پێوان و کێشانداو، کەم بە بابای کڕیار دەدەن، بە پێچەوانەی ئەوەوە کە بۆ خۆیان بکڕن، بە کێشان بێ، یان بە پێوان، بە تەواویی مافی خۆیان وەردەگرن، ئنجا دیارە دەبێ ئەو جۆرە کەسانە پێیان وانەبێ بۆ ڕۆژێکی مەزن زیندوو دەکرێنەوە، ئەو ڕۆژەی خەڵك بۆ پەروەردگاری جیهانییان، بۆ خوای بەرز ڕادەوەستن، بە پێوە دەبن و چاوەڕێ دەکەن: چییان بۆ بڕیار دەدرێ؟

دووەم: لە ئایەتەکانی: (٧ - ١٧)دا، خوای پەروەردگار لەو یازدە (١١) ئایەتە موبارەکەدا، باسی تاوانباران دەکات، کە شوێنی نووسراوەکەیان و جێی تۆماری کردەوەکانیان ﴿سِجِّينٍ﴾ە، دواییش خوا ﷻ پێناسەی: ﴿سِجِّينٍ﴾ دەکات، بەوەی نووسراوێکی نیشانەدار کراوە، یاخود: نووسراوێکە بە زەقیی و درشتیی نووسراوە، ئنجا خوا ﷻ سزای سەخت و بێڕەزا بۆ بە درۆ دانەران، ئەوانەی سزاو پاداشت بە درۆ دادەنێن، دیاریی دەکات، تەنیا کەسانێکیش ڕۆژی سزاو پاداشت بە درۆ دادەنێن، کە سنوور شکێن و زۆر گوناهبار بن و، کاتێك ئایەتەکانی خوایان بەسەردا بخوێنرێنەوە، بە ئەفسانەی پێشینانیان ناوزەد دەکەن، کە واش نیە، بەڵام ئەوە گوناهەکانی خۆیانن کە ژەنگ و کەمرەی لەسەر دڵیان پەیدا کردووەو، چاوی دڵیان کوێر بووەو، ئایەتەکانی خوا وەك خۆیان بەدی ناکەن، بۆیەش ئەو جۆرە کەسانە لە بینینی پەروەردگاریان و، دیداری خوا بێ بەش و پەردە پۆش دەکرێن، دواییش بە شێوەیەکی تایبەت لە نێو ئاگری دۆزەخدا دەسووتێنرێن و، پێشیان دەگوترێ: ئا ئەوە بوو کە پێی بێبڕوا بوون!.

سێیەم: پانتایی ئەویش هەر یازدە (١١) ئایەتە، ئایەتەکانی: (١٨ - ٢٨)، خوا ﷻ لەو یازدە ئایەتەدا، باسی بڕوادارانی چاکەکار دەکات، کە لیستی کردەوەکانیان لە: ﴿ عِلِّيِّينَ ﴾ە، کە شوێنێکی زۆر بەرزە، بە پێچەوانەی ﴿ سِجِّينٍ ﴾ەوە، کە شوێنێکی زۆر نزمە.

ئنجـا خـوا ﷻ پێناسـەی: ﴿ عِلِّيِّينَ ﴾ دەکات و پێشـێ دەفەرمـوێ: چووزانـی ﴿ عِلِّيِّينَ ﴾ چییـەو کـێ پێـی زانانـدووی چییـە؟ واتـە: شـتێکی سەرسـوڕهێنەرەو ئەگـەر خـوا پێـت نەفەرمـوێ، نازانـی چییـە؟ دوایـی بـەوە پێناسـەی دەکات، کـە نووسراوێکـە نیشـانەدار کـراوە، یاخـود بـە نووسـینێکی درشـت و زبـر نـووسراوەو، ئەوانـەی زۆر لـە خـوا نزیکـن لـە فریشـتەکان، دەیبینـن.

ئنجـا خـوا ﷻ باسـی ئـەوە دەکات کـە چاکـەکاران لـە نێـو نـازو نیعمەتـدان، لەسـەر تەختـان دەڕوانـن، بـۆ پاداشـتی خۆیـان، ئـەو جێگاو ڕێـگا خـۆش و بـەرزو ناوازەیـەی خـوا پێیـداون، کـە ئەگـەر تـۆ سـەرنجیان بـدەی، لـە دەم و چاویانـدا، لـە ڕوویانـدا، نـازو نیعمـەت دەبینـی، گەشـیی و شـادیی دەبینـی، تـەڕو تۆڵیـی پاراویـی دەبینـی و، ئەوانـە لـە شـەڕابێك كـە سـەرەکەی بەسـتراوە، پێیـان دەنۆشـێنرێ، کۆتاییەکـەی وەختێـك دەیخۆنـەوە بۆنـی میسـکی لـێ دێ و، هـەر ئەوەش شایسـتەیە خەڵـك پێشـبڕکێی تێـدا بـکات، ئـەو شـەڕابەش کـە چاکـەکاران دەیاندرێتـێ، لـە ئـاوی سـەرچاوەی تەسـنیم، ئاوێتـەی دەکـرێ، ئەویـش سـەرچاوەیەکە زۆر لـە خـوا نیزیـکان لێـی دەخۆنـەوە، واتـە: ئـەو سـەرچاوەیەی تەسـنیم زۆر لـە خـوا نیزیـکان لـە ئاوەکەی دەخۆنـەوە، بـەڵام لـە ئـاوی ئـەو سـەرچاوەیەی لـە سـەریەوە دەڕژێ، تێکـەڵ دەکـرێ بـە ئـەو شـەڕابەی دەدرێ بـە چاکـەکاران (أبـرار)، هـی چاکـەکاران بۆیـان ئاوێتـەو تێکـەڵ دەکـرێ، بـەڵام هـی زۆر نیزیکخـراوان (مقربیـن) هـەر وەك خـۆی دەیاندرێتێ، بـێ ئـەوەی شـتی دیکـەی ئاوێتـە بکـرێ.

چـوارەم و کۆتایـی: لـە هەشـت (٨) ئایـەتی کۆتاییـش، ئایەتەکانـی: (٢٩ - ٣٦) دا، خـوا ﷻ باسـی هەندێـك لـە هەڵسـوکەوتی تاوانبـاران دەکات لـە دنیـادا کـە بـە بـڕواداران پێکەنیـون و، گاڵتەیـان پێکـردوون، کاتێـك بـە لایانـدا تێپەڕیـون چاویـان

داگرتـوه، وەك گاڵتـە پێكـردن و ئەزیەتدانـی ڕووحیـان، كاتێـك گەڕاویشـنەوە بـۆ لای كـەس و كارو مـاڵ و خێزانـی خۆیـان، زۆر بـە دڵخۆشـیی گەڕاونـەوە، وەك شـتێكی زۆر گەورەیـان كـرد بـێ! كاتێـك بڕوادارانیشـیان بینیـون، گوتوویانـە: ئەوانـە گومـڕان، لـە حاڵێكـدا بەسەریشـیانەوە پارێـزەر نەبـوون، داخـۆ گومـڕان، یاخـود ڕێـی ڕاسـتگرتوون!

دوایـی خـوا دەفەرمـوێ: بـڕواداران لـەم ڕۆژەدا (واتـە: لـە ڕۆژی دواییـدا)، بـە بێبڕوایـان پێدەكەنـن -- كـە دوایـی بـاس دەكەیـن، هەندێـك لـە زانایـان هـۆكاری پێكەنینەكەیـان چـۆن باسـكردوە - یـانی: ئەگـەر لـە دنیـادا بـڕواداران، گاڵتـە پێكـراوی بێبڕوایـان بـوون، لـە ڕۆژی دواییـدا خـوا ﷻ وەك سـزایەكی پێكەڵپێـك (**مطابق**) و پـڕ بـە پێسـت، بـڕواداران دەكاتـە گاڵتـە پێكـەری بێبڕوایـان و، بێبڕوایـان دەكاتـە گاڵتـە پێكراویـان و، بـڕواداران لەسـەر تەختـان تەماشـای سـزاردارانی بێبڕوایـان، دەكـەن.

لـە كۆتایـی دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ هَلْ ثُوِّبَ ٱلْكُفَّارُ مَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴾، ئایـا بێبڕوایـان بـە پێـی ئـەوەی دەیانكـرد پاداشـت درانـەوە؟ واتـە: ئەگـەر پاداشـتێك هەبـێ بـۆ وان، لەسـەر كـردەوە خراپەكانیانـەو بـە دڵنیاییـش كـردەوەی خـراپ، هـەر سـزای لەسـەرە، نـەك پاداشـت، بـەڵام لێـرەدا خـوای بـەرز بـە توانجـەوە باسـی پاداشـت (**ثـواب**) دەكات، هەندێكیـش لـە زانایـان گوتوویانـە: (**ثـواب**): بریتیـە لـەوەی لـە ئەنجامـی كـردەوەدا بـۆ مـرۆڤ دێتـەوە (**مـا يَثُـوبُ إلى الإنْسَـان مـن عملـه**)، چ سـزا بـێ، چ پاداشـت.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ ﴿١﴾ ٱلَّذِينَ إِذَا ٱكْتَالُوا۟ عَلَى ٱلنَّاسِ يَسْتَوْفُونَ ﴿٢﴾ وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو
وَّزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ ﴿٣﴾ أَلَا يَظُنُّ أُو۟لَٰٓئِكَ أَنَّهُم مَّبْعُوثُونَ ﴿٤﴾ لِيَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٥﴾ يَوْمَ يَقُومُ
ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦﴾ كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْفُجَّارِ لَفِى سِجِّينٍ ﴿٧﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا سِجِّينٌ ﴿٨﴾
كِتَٰبٌ مَّرْقُومٌ ﴿٩﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿١٠﴾ ٱلَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوْمِ ٱلدِّينِ ﴿١١﴾ وَمَا يُكَذِّبُ

بِهِۦٓ إِلَّا كُلُّ مُعۡتَدٍ أَثِيمٍ ﴿١٢﴾ إِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿١٣﴾ كَلَّاۖ بَلۡۜ رَانَ عَلَىٰ
قُلُوبِهِم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿١٤﴾ كَلَّآ إِنَّهُمۡ عَن رَّبِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّمَحۡجُوبُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّهُمۡ لَصَالُواْ
ٱلۡجَحِيمِ ﴿١٦﴾ ثُمَّ يُقَالُ هَٰذَا ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿١٧﴾ كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلۡأَبۡرَارِ لَفِي عِلِّيِّينَ
﴿١٨﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا عِلِّيُّونَ ﴿١٩﴾ كِتَٰبٞ مَّرۡقُومٞ ﴿٢٠﴾ يَشۡهَدُهُ ٱلۡمُقَرَّبُونَ ﴿٢١﴾ إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ لَفِي
نَعِيمٍ ﴿٢٢﴾ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴿٢٣﴾ تَعۡرِفُ فِي وُجُوهِهِمۡ نَضۡرَةَ ٱلنَّعِيمِ ﴿٢٤﴾ يُسۡقَوۡنَ مِن
رَّحِيقٖ مَّخۡتُومٍ ﴿٢٥﴾ خِتَٰمُهُۥ مِسۡكٞۚ وَفِي ذَٰلِكَ فَلۡيَتَنَافَسِ ٱلۡمُتَنَٰفِسُونَ ﴿٢٦﴾ وَمِزَاجُهُۥ
مِن تَسۡنِيمٍ ﴿٢٧﴾ عَيۡنٗا يَشۡرَبُ بِهَا ٱلۡمُقَرَّبُونَ ﴿٢٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ أَجۡرَمُواْ كَانُواْ مِنَ
ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يَضۡحَكُونَ ﴿٢٩﴾ وَإِذَا مَرُّواْ بِهِمۡ يَتَغَامَزُونَ ﴿٣٠﴾ وَإِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِمُ
ٱنقَلَبُواْ فَكِهِينَ ﴿٣١﴾ وَإِذَا رَأَوۡهُمۡ قَالُوٓاْ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَضَآلُّونَ ﴿٣٢﴾ وَمَآ أُرۡسِلُواْ عَلَيۡهِمۡ
حَٰفِظِينَ ﴿٣٣﴾ فَٱلۡيَوۡمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنَ ٱلۡكُفَّارِ يَضۡحَكُونَ ﴿٣٤﴾ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ
﴿٣٥﴾ هَلۡ ثُوِّبَ ٱلۡكُفَّارُ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە. سـزای سـەخت بـۆ کەمکـەران (لـە
کێشـان و پێـوان دا) ﴿١﴾ ئەوانـەی کاتێـك بـە پێـوان (و کێشـان) لـە خەڵك دەکـرِن، بە
تەواویـی وەریدەگـرن ﴿٢﴾ بـەڵام هـەر کات بۆیـان پێـوان (یـان بۆیـان کێشـان) لێیـان
کـەم دەکـەن ﴿٣﴾ ئایـا ئەوانـە پێیـان وانیـە کـە (لـە لایـەن خـواوە) زیندووکـراوەن؟
﴿٤﴾ بـۆ ڕۆژێکـی (زۆر) مـەزن ﴿٥﴾ ڕۆژێـك کـە خەڵـك تێیـدا بـۆ پـەروەردگاری
جیهانییـان هەڵدەسـتێ و ڕادەوەسـتێ! ﴿٦﴾ وانیـە (کـە ئـەوان گومـان دەبـەن) بـە
دڵنیایـی نـووسراوی تاوانبـاران لـە (سِجِّين) دایـە ﴿٧﴾ ئایا چـی پێی زانانـدووی (سِجِّين)
چییـە؟ ﴿٨﴾ نووسراوێکـی نیشـانەدار کـراوە ﴿٩﴾ لـەو ڕۆژەدا سـزای سـەخت بـۆ بـە

درۆ دانەران (ی سزاو پاداشت) ﴿١٠﴾ ئەوانەی ڕۆژی سزاو پاداشتیان بە درۆ دادەنا ﴿١١﴾ جگە لە هەر سنوور شکێنێکی گوناهکاریش، کەس بە درۆی دانانێ ﴿١٢﴾ (ئەو کەسەی) هەر کات ئایەتەکانمانی بەسەردا خوێنرانەوە، دەڵێ: ئەفسانەکانی پێشینانە ﴿١٣﴾ وا نیە (با واز لەو قسانە بێنن) بەڵکو بەهۆی ئەو (خراپ)ەوە کە وەدەستیان هێناوە، دڵیان کەمرەی بەستوە (ژەنگی لەسەر پەیدابووە) ﴿١٤﴾ وانیە (با وازبێنن) بە دڵنیایی ئەوان لەو ڕۆژەدا لە پەروەردگاریان پەردە پۆشن ﴿١٥﴾ دواییش بێگومان ئەوان چووە نێو کڵپەن ﴿١٦﴾ دواییش (پێیان) دەگوترێ: ئەوە ئەو (سزای)ەیە کە بە درۆتان دادەنا ﴿١٧﴾ وانیە (با وازبێنن) بێگومان نووسراوی چاکەکاران لە (عِلِّيِّينَ) دایە، ﴿١٨﴾ ئایا چی بە تۆی زانادوە (عِلِّيِّينَ) چییە؟ ﴿١٩﴾ نووسراوێکی نیشانەدار کراوە ﴿٢٠﴾ زۆر نیزیکخراوەکان (لە خوا) دەیبینن ﴿٢١﴾ بە دڵنیایی چاکەکاران لە نێو نازو نیعمەتدان ﴿٢٢﴾ لەسەر تەختان دەڕوانن ﴿٢٣﴾ شادمانیی و گەشیی نازو نیعمەت لە ڕوویاندا دەناسی (و دەزانی) ﴿٢٤﴾ لە شیلەیەکی بەستراو دەخۆنەوە ﴿٢٥﴾ بە میسك بەستراوەو، با پێشبڕکەکاران تەنیا لەوەدا پێشبڕکە بکەن ﴿٢٦﴾ لە ئاوی تەسنیمی ئاوێتە کراوە ﴿٢٧﴾ (تەسنیمیش) سەرچاوەیەکە زۆر نیزیکخراوەکان (لە خوا) لێی دەخۆنەوە ﴿٢٨﴾ بێگومان ئەوانەی تاوانیان کردوە (لە دنیادا) بەوانەی بڕوایان هێناوە پێدەکەنین ﴿٢٩﴾ ئەگەر بەلاشیاندا ڕەتبوونایە، ئاماژەیان بۆ یەکدی دەکرد ﴿٣٠﴾ هەر کاتیش بۆ لای خێزان و کەسیان گەڕابانەوە، بە شادمانیی دەگەڕانەوە ﴿٣١﴾ هەر کاتیش بینیبایانن (بڕوادارانیان دیبایە)، دەیانگوت: بەڕاستیی ئەوانەن گومڕایان ﴿٣٢﴾ هەرچەندە بە پارێزەریش بە سەریانەوە نەنێررابوون! ﴿٣٣﴾ ئنجا ئەمڕۆش ئەوانەی بڕوایان هێنابوو بە بێبڕوایان پێدەکەنن ﴿٣٤﴾ لەسەر تەختان تەماشا دەکەن (چۆن سزا دەدرێن!) ﴿٣٥﴾ ئایا بێبڕوایان سزای ئەوەیان درایەوە کە دەیانکرد! ﴿٣٦﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(لِّلْمُطَفِّفِينَ): (**الطَّفِيـفُ: الـشَّيءُ النَّـزْرُ، وَمِنْـهُ الطُّفَافَـةُ لِـمَا لاَ يُعْتَـدُّ بِـهِ، وَطَفَّـفَ الكَيْـلَ: قَلَّـلَ نَصِيـبَ المَكِيـلِ فِي إِيفَائِـهِ وَاسْتِيفَائِهِ**)، وشـەی: (**مُطَفِّفِين**)، کـۆی (**مُطَفِّـف**)ە، (**مُطَفِّف**)یـش: لەسـەر کێشـی (**مُفَعِّـل**)ەو، نـاوی بکـەرە، واتـە: سـووککەر، کەمکـەر، لـە (**طَفِيـف**)ەوە هاتـوە، (**طَفِيـف**)، واتـە: شـتێکی کـەم، وشـەی (**طُفَافَـة**)ش، شـتێکە گرنگیـی پێنـەدرێ، دەگوتـرێ: (**طَفَّـفَ الكَيْـلَ**)، واتـە: بەشـی بابـای بـۆی دەپێـوێ، کەمـی کـرد، لـەوەدا کـە هەقێکـی پێبـداو کەمـی پێـدا.

(اكْتَالُوا): (**الكَيْـلُ: كَيْـلُ الطَّعَـامِ، كِلْـتُ لَـهُ الطَّعَـامَ: تَوَلَّيْـتُ ذَلِـكَ لَـهُ**)، (**كَيْـل**): بریتیـە لـە پێوانـی خـواردن، [واتـە: بـەرە شـێو، ئـەوەی دەخـورێ، دانەوێڵەیـە، یـان هـەر شـتێکی دیکەیـە،] دەگوتـرێ: (**كِلْـتُ لَـهُ الطَّعَـامَ**)، خۆراکەکـەم بـۆ پێـوا، یـانی: سەرپەرشـتیی ئـەوەم کـرد بـۆی بپێـورێ، مـەرج نیـە بەدەسـتی خـۆی بـۆی پێوابـێ.

(يَسْتَوْفُونَ): (**تَوْفِيَـةُ الـشَّيءِ: بَذْلُـهُ لَـهُ وافيـاً**)، (**تَوْفِيَـةُ الـشَّيءِ**) ئەوەیـە شـتەکە بـە تەواویـی پێـی بـدرێ، بـەڵام (**إستيفاء الـشَّيء**)، ئەوەیە شـتەکە بـە تەواویـی وەربگیرێ.

(يُخْسِرُونَ): (**الخُـسْرُ والخُـسْرَانُ: انْتِقَـاصُ رَأْسِ المَـالِ، يِنْسَـبُ إِلى الإِنْسَـانِ وإِلى الفِعْـلِ، خَـسِرَ فُـلاَن، وَخَـسِرَت تِجَارَتُـهُ**)، واتـە: (**خُـسْر و خُـسْرَان**)، هەردووکیـان بـە مانـای کەمکردنـی سـەرمایەو دەسـتمایەن و (**خُـسْر و خُـسْرَان**) پاڵدەدرێنـە لای مـرۆڤ و پاڵدەدرێنـە لای کردەوەکـەش، دەگوتـرێ: (**خَـسِرَ فُـلاَن**)، فڵانکـەس زیانـی لێکـەوت، دۆڕا، هەروەهـا دەشـگوترێ: (**خَـسِرَت تِجَارَتُـهُ**)، بازرگانییەکـەی دۆڕا، زیانـی لێکـەوت.

(سِجِّينٌ): (**السِّجيـنُ: اسْـمٌ لِجَهَنَّـم، وَقِيـلَ: اسْـمُ الأَرْضِ السَّـابِعَة**)، (**سـجين**): ناوێکـە لـە ناوەکانـی دۆزەخ، یاخـود نـاوە بـۆ زەوی حەوتـەم، چینـی حەوتـەم لـە زەوی.

(مَّرْقُومٌ): (الرَّقْمُ: الخَطُّ الغَلِيْظُ، وَقِيْلَ التَّعْجِيمُ للكِتَابِ، وَفِي (المطففين) حُمِلَ عَلَى الوَجْهَيْنِ)، وشەی (مرقوم) لە (رقْم)ەوە هاتوە، کە بە مانای نووسینی زبر دێ، هەندێکیش گوتوویانە: بە مانای سەروبۆر بۆ کردنی نووسراوە، بۆیەش گوتوویانە: (تعجیم)، لەبەر ئەوەی بابای عەرەب ڕێنووسەکەی خۆی زانیوە، بیخوێنێتەوە، بەڵام ئەوەی جگە لە عەرەب بووە، لە فارس و کوردو ڕۆم و هەموو ئەوانەی پێیان گوتوون: عەجەم، بۆ خوێندنەوەی نووسینی عەرەبیی، پێویستی بەوە کردوە ئەو نووسراوە عەرەبییە خاڵدار بکرێ، (ت) دوو خاڵی لەسەر دابنرێن و، (یـ) دوو خاڵ لە ژێریەوەو، (ن) خاڵێك لەسەریەوەو، (ب) لە ژێریەوەو هەروەها، ئەوە پێی دەگوترێ: (تعجیم)، ئنجا ئەوەی (المطففين)، لەسەر هەردوو ڕووەکە مانا کراوە، واتە: دەگونجێ مەبەست لە وشەی: (مرقوم)، نووسینی زبر بێ، یان نووسینێك بێ کە خاڵبەندیی بۆ کراوە.

(رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم): (الرَّيْنُ: صَدَأٌ يَعْلُو الشَّيءَ الجَلِيَّ)، (ران)، کرداری ڕابردوو (فعل ماضي)یەو، لە (رین)ەوە هاتوە، (رین)یش ژەنگێکە لەسەر شتێك کە سپیی و درەوشاوە بێ، پەیدابێ و سپێتیی و درەوشاوەییەکەی نەهێڵێ، (أي: صَارَ ذَلِكَ كَصَدَأٍ عَلَى جلاء قُلُوبهم، فَعَمِيَ عَنْ معرفة الخير مِنَ الشرِّ)، واتە: ئەو گوناح و تاوانانەی دەیکەن، وەك ژەنگێکە لەسەر دڵیان و دڵەکانیانی کوێر کردوون، لەوەی چاکە لە خراپە جیابکەنەوە.

(عِلِّيِّينَ): کۆی (عِلِّيّ)یە، بەڵام (سِجِّين)، وشەیەك نیە، لە تاکێکەوە هاتبێ، بە پێچەوانەی (عِلِّيِّينَ)ەوە، کە دوایی خوای بەرزی مەزن بە (عِلِّيُّونَ)یش هێناویەتی، (عليين) لە (عُلُو)ەوە هاتوە، بە بێ گیرە (شدة)، (العلو: ضِدُّ السُّفْلِ والعُلْوِيّ السفليّ المنسُوبِ إِلَيْهِ)، واتە: (عُلو) پێچەوانەی (سفل)ە، یانی: خوارێ و (علو)، یانی: بەرز، (عُلْوِيٌّ)، واتە: شتێك کە پاڵ دەدرێتە لای (علو) و، (سُفْلِيٌّ)، واتە: شتێك کە پاڵ دەدریتە لای (سفل)، واتە: نزمیی، (عِليين)یش یانی: بەرزیی و،

ناوە بۆ باشترینی باخەکانی بەهەشت، هەروەك چۆن (سجين)، ناوە بۆ خراپترین جۆرەکانی ئاگری دۆزەخ.

هەندێکیش گوتوویانە، وشەی: (**سجين و عليين**)، هەردووکیان ناون، بۆ ئەو کەسانەی لە خوارەوەن یان لەسەرەوەن و، لە ڕووی زمانی عەرەبییەوە نیزیکترە، مانایەکەیان بەو شێوەیە بێ.

(ٱلۡأَرَآئِكِ): (**جَمْعُ أرِيكَة، والأَرِيْكَةُ حَجَلَةٌ عَلَى سَرِيرٍ**)، جارانی دیکەش بە تایبەت لە تەفسیری سوورەتی (**الواقعة**)دا، باشمان باسی ئەو وشەیە کردوە، (ٱلۡأَرَآئِكِ) کۆی (**أريكة**)یە، کە بە تەختێك دەگوترێ پەردەی بەسەرەوە بێ، لە هەندێ شوێنان پەردە کوللەی پێ دەڵێن، بەڵام ئەگەر پەردەکەی بە سەرەوە نەبێ، پێی ناگوترێ، (**أريكة**)و پێی دەگوترێ: (سرير)، ئێستا قەنەفە هەیە، خەڵك لەسەری دادەنیشێ، کورسییش هەیە بۆ لەسەر دانیشتن، بەڵام (سرير)، جیابووە لە قەنەفەو لە کورسییش، (سرير) شوێنی لەسەر دانیشتن بووەو، هی لەسەر پاڵکەوتن و ڕاکشانیش بووەو، پانتاییەکەی فراوانترە لە قەنەفەو لە کورسیش، ئەگەر پەردەشی بەسەرەوە بوو بێ پێیگوتراوە: (**أريكة**) و بە (ٱلۡأَرَآئِكِ)، کۆ دەکرێتەوە.

(نَضۡرَةَ ٱلنَّعِيمِ): (**نضرة**) بە مانای جوانیی و گەشیی دێ، وەك چۆن ڕووەك و درەخت ئاو دەدرێ و، گەش و جوانە، (نَضۡرَةَ ٱلنَّعِيمِ)، واتە: گەشیی و جوانیی ئەو نازو نیعمەتانەی ئەو مرۆڤانە تێیدان.

(رَّحِيقٍ): هەندێکیان هەر بە مانای مەیی و شەڕابیان لێکداوەتەوەو، هەندێکیش گوتوویانە: (**رحيق**) باشترین جۆری (مەی)یە، هەندێکیش گوتوویانە: (**رحيق**) جۆرێکە لە خواردنەوە، بەس خوا دەزانێ چییەو چۆنە؟

(مَّخۡتُومٍ): واتە: (**مُغْلَق، مَسْدُود**)، گیراو، سەرەکەی بەستراوەو ئاوەڵا نیە، هەندێکیش لە زانایان گوتوویانە: (**الخَتْمُ: الطَّبْعُ وَيُتَجَوَّزُ بِهِ فِي الإستيثاقِ وَالمَنْعِ**

مِنْـهُ اعتبـاراً بِمَـا يَحْصُـلُ مِـنَ المَنْـعِ بالخَتْـمِ عَـلَى الكتابـة والأبـواب)، واتـە: (ختـم) بـە مانـای مـۆرە، دوایـی بەکارهێـنراوە بـۆ قایمکردنـی شـتێك و ڕێ لێگرتنـی هـەر کـەس کـە دەسـتی بەگەیەنێتـێ، چونکـە نووسراوێـك دەرگایـەك مـۆری لێدرابایـە، نەدەبـوو کـەس بـە لای ئـەو نـووسراوە دابچـێ و بیکاتـەوە، یاخـود بـەلای ئـەو دەرگایـە دا بچـێ و بیکاتـەوە، بزانـێ لـە دیـوی ژووری چ باسـە!.

(**مِسْكٌ**): (**المِسْـكُ: مِـنَ الطِّيْـبِ، فَـارِسِيٌّ مُعَـرَّبٌ وَهِـيَ المَشْـمُوم**)، (**مسـك**): جۆرێکـە لـە بۆنـی خـۆش و وشـەیەکی فارسـییەو کـراوە بـە عەرەبیـی، کـە بریتیـە لـە: بۆنکـراو، بۆنێکـی خـۆش، (**المعجـم الوسـيط**)، دەڵـێ: (**ضَرْبٌ مِـنَ الطِّيْـبِ اتُّخِـذَ مِـنْ ضَرْبٍ مِـنَ الغِـزْلَانِ**)، واتـە: جۆرێکـە لـە بۆنـی خـۆش لـە جۆرێـك لـە ئاسـك وەردەگیـرێ، نـەك لـە هەموویـان، دوایـی زیاتـر (مسـك) شـی دەکەینـەوە، چییـەو چۆنـە؟

(**وَفِي ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ ٱلْمُتَنَٰفِسُونَ**): واتـە: بـا پێشـبێڕکەکاران لـەوەدا پێشـبڕکە بکـەن، دەگوتـرێ: (**تَنَافَـسَ فِي الـشيءِ: بالَـغَ فِي رَغْبَتِـه فيـه**)، (**مُنافسـة**)ی لـە شـتەکەدا کـرد: زێدەڕۆیـی کـرد لـە ئـارەزوو بـۆ دەربڕینـی دا، (**نَافَسْـتُ فُلَانَـاً فِي كَـذا، أي: سَـابَقْتُهُ وباريتـه مِـنْ غَـيْرِ أَنْ يُلْحَـقَ الـضَّرَرُ بـهِ، والتَّنَافُـسُ التَّسَـابق**)، دەگوتـرێ: لەگـەڵ فڵانکەسـدا مونافەسـەم کـرد، واتـە: پێشـبێڕکێم کـرد، داخـۆ مـن پێـش دەکـەوم، یـان ئـەو؟ بـێ ئـەوەی زیانـی پـێ بگەیەنـرێ، (**تنافـس**) یـان: (**تسـابق**)، واتـە: پێشـبڕکەو مـەرج نیـە تەنیـا لـە ڕاکردنـدا بـێ، جـاری وایـە لـە زۆرانبازییدایـەو، جـاری وا هەیـە لـە یارییەکـی فیکریـی دایـە، هەمـووی وشـەی مونافەسـەی بـۆ بەکاردەهێـنرێ.

(**تَسْنِيمٍ**): (**مَـاء فِي الجَنَّـة، وَسَـنِم يَسْـنَمُ: ارْتَفَـعَ عَـلَى وَجْـهِ الأَرْضِ**)، (**تَسْـنِيم**): ئاوێکـە لـە بەهەشـت، {سـەرچاوەیەکەو کانیاوێکـەو مـەرج نیـە، وەك ئـاوی خۆمـان بـێ}، دەگوتـرێ: (**سَـنِم يَسْـنَمُ: ارْتَفَـعَ عَـلَى وَجْـهِ الأَرْضِ**)، واتـە: شـتەکە لەسـەر ئاسـتی زەوی بەرزبـۆوە، (**سَـنَام**)یش، بـە دونگـی حوشـتر دەگوتـرێ، چونکـە لـە ئاسـتی پشـتی بەرزتـرە.

(يَتَغَامَزُونَ): (التَّغَامُـزُ: بالعَـيْنِ أو الجُفْـنِ أو الحَاجِـبِ، أي: أَشَـارَ بَعْضُهُـم إلى بعـض بهَـا)، واتـە: بـە چـاو، یـان بـە پێلـووی چـاو، یـان بـە بـرۆ، هەندێکیـان ئاماژەیـان بـۆ هەندێکیـان کـرد، هەڵبەتـە ئامـاژە بـۆ یەکـدی کردنەکەیـان بـۆ گاڵتـە پێکـردن بـووە بەبـڕواداران، ئەهـا ئـاگادار بـە! بزانـە چۆنـن! یـان بزانـە چـۆن دەڕوا! یـان چـی دەڵـێ؟

(ٱنقَلَبُوٓاْ): واتـە: گەڕانـەوە، (الإنقـلاب: تَحَـوّل الـشَّيءِ عَـنْ وَجْهِـهِ)، شـتێك کـە بـەرەو شـوێنێك بـڕوا بـەرەو لایـەك و دوایـی بگەڕێتـەوە، پێـی دەگوتـرێ: (إنقـلاب)، کەواتـە: (إنقلبـوا)، یـانی: ئـەو شـوێنەی بـۆی دەچـوون، دوایـی بـە پێچەوانـەوە پشـتیان تێکـردو گەڕانـەوە بـەرەو دواوە.

(أَهْلِهِمُ): (الأَهْـلُ: الزَّوْجَـةُ، وَأَهْـلُ الـشَّيءِ: أَصْحَابُـهُ، أَهْـلُ الـدَّارِ وَنَحْوِهـا: سُـكَّانُهَا)، وشـەی (أهـل): هـەم بـە مانـای ژن و هاوسـەر، دێ، هـەم بـە مانـای هاوەڵانـی ئـەو شـتە دێ، دەگوتـرێ: (أَهْـلُ الـدَّارِ)، واتـە: ئەوانـەی خاوەنـی ئـەو خانـوو و ماڵـەن و تێیـدا نیشـتەجێن، نشـینگەکانی ئـەوێ، دیسـان وێنـەی ئـەوەش وەك خەڵـکی شـارەکە (أهـل القريـة)، دەڵێـم: (أهـل) بـە مانـای خـزم و نیزیـکانی ئـەو کەسـەش دێ، بۆیـەش مـن بـە کـەس و کارو نیزیکـەکان، لێکـم داوەتـەوە.

(فَكِهِينَ): (الفَكِـهُ: الطَّيِّـب النَّفْـسِ الَّـذِي يُكْثِرُ الدُّعابـة)، (الفَكِـهُ): یـانی: کەسـێکی مەشـەڕەبخۆش، کـە زۆر قسـەی خـۆش دەکات و گاڵتـەو سـوعبەت دەکات و دەم بـە زەردەخەنەیـە.

(ثُوِّبَ): (المثُوبَـةُ وَالمثْوَبَـةُ: الجَـزَاءُ: وَثَوَّبَـهُ، أي: كَافَـأَهُ)، (مَثُوبَـة و مَثْوَبَـة)، هەردووکیان بـە مانـای پاداشـت و بەرانبـەر دێـن، ئنجـا ئـەو بەرانبـەرەش بـە زۆریـی وایـە (ثـواب) لـە بەرانبـەر چاکـەدا بـەکاردێ، واتـە: پاداشـت، بـەڵام (عِقـاب) لـە بەرانبـەر خراپـەدا بـەکاردێ، واتـە: سـزا، لـە زمانـی کوردییـدا وشـەیەکمان نیـە لـە یـەك کاتـدا، هـەم بـۆ سـزادان و هـەم بـۆ پاداشـتدانەوە بەکاربـێ، لـە عەڕەبییـدا هەیـە، وشـەی: (جَـزَاء)،

بەڵام عەرەبیش ئەگەر بیانەوێ بڵێن: پاداشت، دەڵێن: (**ثَوَاب**) و، ئەگەر بیانەوێ بڵێن: سزا، دەڵێن: (**عقاب**)، بەڵام (**جزاء**)، هەردووکیان دەگرێتەوە، لە کوردییش دا وشەیەکمان نیە - بە پێی زانیاریی من - پڕ بە پێستی مانای (**جزاء**) بێ، مەگەر بگوترێ: بەرانبەر، شتێك کە بەرانبەر کردەوەکەی ئەوە، چاکە یان خراپە.

(**وَثَوَّبَهُ، أي: كَافَأَهُ**)، پاداشتی دایەوە، لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ هَلْ ثُوِّبَ ٱلْكُفَّارُ مَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴾، ئایا بێبڕوایەکان پاداشتی ئەوەیان درایەوە کە دەیانکرد، زانایان دەڵێن: ئەوە بۆ توانجە، واتە: ئەگەر پاداشتێك هەبێ، بۆ بێبڕوایان هەر ئەو سزایەیە کە دەیاندرێتێ، پاداشتێکی دیکەیان نیە، چونکە چاکەیەکیان نەبووە تاکو پاداشتیان بدرێتەوە، هەندێکیش گوتوویانە: وشەی: (**ثواب**)، وەك چۆن بۆ چاکە دانەوەو پاداشت دانەوە، بەکاردێ، بۆ سزادانەوەش بەکاردێ.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

لە بارەی هاتنە خوارەوەی ئەم سوورەتە موبارەکەوە، ئەم گێڕدراوەیە دێنین:

{**عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄، قَالَ: لَمَّا قَدِمَ نَبِيُّ اللَّهِ ﷺ الْمَدِينَةَ كَانُوا مِنْ أَخْبَثِ النَّاسِ كَيْلًا، فَأَنْزَلَ اللَّهُ: {وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ} فحَسَّنُوا الكيلَ بَعْدَ ذَلِكَ**}[1].

واتە: ئیبنو عەبباس ﵄ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ کە چوو بۆ مەدینە، خەڵکەکە خراپترین جۆرە پێوانیان هەبوو (واتە: خراپترین جۆرە پێوان و کێشانیان هەبووەو فێڵیان تێدا کردوە)، بەڵام کە خوا (**عزوجل**)، ئەم ئایەتە موبارەکەی دابەزاند: ﴿ وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ ﴾، (ئایەتەکانی دیکەش)، دوای ئەوە کێشان و پێوانیان چاك کرد.

---

(١) أخرجه النسائي في تفسيره: ٦٧٤، وابن ماجه: ٢٢٢٣، وابن حبان: ١٧٧٠، والطبراني في الكبير: ١٢٠٤١، والواحدي في أسباب النزول ص٢٩٨، وغيرهم، وقال شعيب الأرنؤوط: حديث حسن.

بەڵکو لە شوێنی دیکەدا هاتوە: لە دوای ئەوە خەڵکی مەدینە باشترین کێشان و پێوانیان هەبوو، یەکێك لە زانایان لە ڕۆژگاری خۆیدا گوتوویەتی: ئێستاش لەگەڵ دابێ خەڵکی مەدینە باشترین کێشان و پێوانیان هەیە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

ئەم سوورەتە - پێشتریش باسمان کرد - زانایان مشتومڕو ڕاجیاییان هەیە، کە ئایا مەککەییە، یان مەدینەییە، یاخود هەردووکیانە؟ چونکە: هەندێك لە زانایان گوتوویانە: کاتێك پێغەمبەری خاتەم ﷺ بەڕێوە بووە لە نێوان مەککەو مەدینەدا، ئەم سوورەتە دابەزیوە، پێیشم وایە هەرچۆنێك بێ، ئەم سوورەتە یان کۆتا سوورەتە لە قورئانی مەککەیی، یاخود یەکەم سوورەتە لە قورئانی مەدینەیی، خوا ﷻ دەفەرموێ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ) بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە:

١- بە ناوی خوا، ئەم قورئانخوێندنە دەست پێدەکەم، نەك بە ناوی خۆم، یان بە ناوی هەر کەسێکی دیکە، یان هەر شتێکی دیکە، بەس خوا شایستەی ئەوەیە کاتێك کارەکانت ئەنجام دەدەی، ناوی ئەویان لێ بێنی.

٢- ئەم کارەی ئەنجامی دەدەم، بۆ خوا ئەنجامی دەدەم، واتە: لە ئەنجامدانی ئەم کارەم دا، ئنجا قورئان خوێندنە، یان هەر کارێکی دیکەیەو ناوی خوای لێ دەهێنرێ، ئامانج و مەبەستم لێی ئەوەیە خوا لێم ڕازی بێ.

٣- ئەم کارەم بە پێی بەرنامەو ئایینێك کە خوا دایناوە، ئەنجام دەدەم، نەك هەر لە خۆوە چۆنم پێخۆش بێ، وابکەم، بەڵکو تەماشا دەکەم خوا چۆنی فەرمووە، خوای کاربەجێ لە بەرنامەکەی خۆیدا، لە ئایینەکەی خۆیدا چۆنی داناوە، بەو شێوەیە ئەنجامی دەدەم.

٤- ئەم کارەم بە تواناو وزەیەك کە خوا بۆی ڕەخساندووم، ئەنجام دەدەم، بۆ ئەوەی مرۆڤ سەرسام نەبێ بە خۆی و بە تواناو وزەکانی خۆی.

لە ڕاستییدا مرۆڤ تواناو وزەکانی، هەموویان دروستکراوی خوان و ﷻ ئەو پێیداون، بەڵام خوا ویستێکی پێداوە، کە دەتوانێ بەو ویستەی ئەو توانایانەی خۆی لە چاکەدا بەکاربێنێ، یان لە خراپەداو، هەر لەسەر ئەوەشە ئەگەر لە چاکەدا بەکاریان بێنێ، پاداشتی هەیەو، لە خراپەدا بەکاریان بێنێ، سزای هەیە.

وەك بابەت و تەوەری یەکەمی ئەم سوورەتە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَيۡلٞ لِّلۡمُطَفِّفِينَ﴾، وشەی: ﴿وَيۡلٞ﴾، وەك دواتریش باسی دەکەین:

أ- هەندێك لە زانایان گوتوویانە: بە مانای سزا دێ.

ب- هەندێك گوتوویانە: یانی: (**أَشَدُّ العَذَابِ**)، سەختترین سزاو ئازار.

ج- هەندێك گوتوویانە: بە مانای هاوار بۆ فڵانکەس، چونکە کەسێك هاوار دەکات، خەڵك لە فریای بێ، کە تووشی ناڕەحەتییەکی گەورە بووبێ.

د- هەندێك گوتوویانە: ﴿وَيۡلٞ﴾، شیوێکە لە شیوەکانی دۆزەخ.

هـ- هەندێك گوتوویانە: جۆرێکە لە سزایەکانی دۆزەخ و سزایەکی زۆر سەختە، گرنگ ئەوەیە خوای بەرز کە ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، وەك ترساندن و هەڕەشە پێکردن و سەرزەنشتکردن بەکاری هێناوە، ﴿لِّلۡمُطَفِّفِينَ﴾، (**مطفِّفين**)، کۆی (**مُطَفِّف**)ە، لەسەر کێشی (**مُفَعِّل**) و، بە مانای ناوی بکەر (**إسم فاعل**) دێ، (**طَفَّفَ، يُطَفِّفُ، تطفيفاً فَهُوَ مُطَفِّفٌ**)، واتە: کەمی کرد یان سووکی کرد، کەم دەکات یان سووك دەکات، کەمکردن یان سووك کردن، ئەو کەمکەرە یان سووککەرە.

ئنجا دوایی خوا ﷻ هەر بۆ خۆی ڕوونی دەکاتەوە، (**مطففين**)، کێن؟ بە کوردیی دەگونجێ بڵێین: ئەوانەی کاتێک دەکێشن و دەپێون بۆ خەڵك، کەمیی و ناتەواویی لە کێشان و پێوانەکەیاندا، دێننە دی، واتە: کەمکەران، یان کەم

فرۆشـان، یاخـود تـەرازوو بـازان، بۆیـەش وشـەی تـەرازووم بەکارهێنـاوە، چونکـە لـە درێـژەی ئایەتەکانـدا باسـی کێشـان (وزن)یـشی کـردوە، پێـوان (كَيْـل) ئەوەیـە شـتێك بخەیـە نێـو شـتێکەوە، بـۆ نموونـە گەنـم دەخەیـە نێـو تەنەکـەوە، یـان عەرەبـەوەو دەیپێـوی، کێشـان (وزن)یـش ئەوەیـە شـتێك لەسـەر تـەرازوو دابنێـی و بیکێشـی داخـۆ کێشـی چەنـدە؟ پێـوان بـۆ قەبارەیـە، بـەڵام کێشـان بـۆ قورسـاییە، وشـەی: (**مطففين**)یـش، خـوا بـۆ هەردووکیـانی بەکارهێنـاوە، واتـە: ئەوانـەی کەمیـی و کـەم و کوڕیـی دەکـەن، لـە پێـوان و لـە کێشانیشـدا، چونکـە دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ ٱلَّذِينَ إِذَا ٱكْتَالُوا۟ عَلَى ٱلنَّاسِ ﴾، ئەوانـەی کاتێـك لـە خەڵکیـان پێـوا، شـتیان لـە خەڵـك وەرگـرت و خەڵکەکـە بۆیـان پێـوان، ﴿ يَسْتَوْفُونَ ﴾، بـە تەواویـی وەری دەگـرن، ﴿ وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ ﴾، بـەڵام کاتێـك بۆیـان پێـوان، یاخـود بۆیـان کێشـان، ﴿ يُخْسِرُونَ ﴾، کـەم دەکـەن و زیانیـان لێـدەدەن، ئەگـەر وەربگـرن، بـە تەواویـی مافـی خۆیـان وەردەگرن، چ بـە کێشـان بـێ، چ بـە پێـوان بـێ، بـەڵام ئەگـەر بۆیـان بکێشـن، یـان بپێـون، کـەم و کورتیـی تێـدا دەکـەن.

هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: یەکێـك لـە ئەوانـەی خەڵکـی مەدینـە بـوون، دوو دەفـری هەبـوون بـۆ پێـوان، ئەگـەر بـۆ خـۆی شـتی کڕیبایـە، بـە دەفرێـك دەیپێـواو، ئەگـەر بـۆ بەرانبەرەکـەی بیپێوابایـە، دەفرێکـی دیکـە کـە گچکەتـر بـوو دەیپێـوا.

﴿ أَلَا يَظُنُّ أُو۟لَٰٓئِكَ أَنَّهُم مَّبْعُوثُونَ ﴿٤﴾ لِيَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٥﴾ ﴾، ئایـا ئەوانـە نازانـن، پێیـان وانیـە، کـە زینـدوو کـراوەن، واتـە: زیندووکـراوەن لـە لایـەن خـواوەو هەڵسـێنراوەن لـە لایـەن خـواوە، کەنگـێ؟ ﴿ لِيَوْمٍ عَظِيمٍ ﴾، ئـەم (ل)ە، لای کاتدانـان (لام التوقیـت) ە، واتـە: لـە ژوانگەیـەك و ڕۆژێکـی مەزنـدا، خـوا ﷻ هەڵیاندەسـێنتەوەو زیندوویـان دەکاتـەوە، ئنجـا ئایـا ئـەو ڕۆژە چ ڕۆژێکـە؟ ﴿ يَوْمَ يَقُومُ ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، ئـەو ڕۆژەی خەڵـك بـۆ پـەروەردگاری جیهانییـان هەڵدەسـتنە پـێ، ڕادەوەسـتن، وشـەی: (ظـن)، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ أَلَا يَظُنُّ ﴾، ئایـا گومـان نابـەن، هـەر لەسـەر مانـا ڕواڵەتییەکـەی خۆیەتـی کـە بریتیـە لـە گومانـبردن، ئایـا ئەوانـە پێیـان وانیـە، گومـان

نابەن کە زینـدوو کـراوەن لـە ڕۆژێکـی مەزنـدا، ئـەو ڕۆژەی خەڵـك بـۆ پـەروەردگاری جیهانییـان ڕادەوەسـتن و هەڵدەسـتنە سـەر پـێ؟ هەندێکـی دیکـەش، گوتوویانـە: لێـرەدا (**ظـن**)، بـە مانـای زانیـن (**عِلْـم**)ە، یـانی: ئایـا نازانـن.

ئنجـا دێتـە سـەر بابـەت و تـەوەری دووەم، لـە یـازدە ئایەتەکانـی: (٧ - ١٧)دا، کـە باسـی تاوانبـاران و خراپەکارانـە کـە بەهـۆی بێبڕواییـەوە تـاوان و خراپـە دەکـەن، باسـی سـەرەنجامی ئەوانـەو چـۆن سـزا دەدرێـن و چـۆن لـە دیـداری خـوا بـێ بـەش دەکرێـن؟

دەفەرمـوێ: ﴿ كَلَّآ ﴾، وشـەی: ﴿ كَلَّآ ﴾، لـەم سـووڕەتە موبارەکـەدا چـوار جاران هاتـوە، وەك زۆر جاریـش گوتوومانـە: (كَلَّآ: **كَلِمَـةُ رَدْعٍ وَزَجْـرٍ وَإِبْطَـال**)، وشـەیەکە بـۆ پەرچدانـەوەو سەرزەنشـتکردن و هەڵوەشـاندنەوە، ئایـا ئـەوەی هەڵیدەوەشـێنێتەوە چییـە؟ زۆرجـار خـوای کاربەجـێ ، بـۆ عەقـڵ و سـەلیقەی مرۆڤـی بەجـێ دێڵـێ، لێـرەش دا دیـار نیـە، ئـەو شـتەی دەبـێ وازی لـێ بهێـنرێ، چییـە؟ بـەڵام بـە عەقڵ و سـەلیقە دەتوانیـن، لێـی ورد بینـەوە، کـە مەبەسـت ئەوەیـە: بـاواز بێنـن لـە تـەرازوو بازیـی و لـە پێوانبازیـی، واتـە: کاتێـك شـت بـۆ خەڵـك دەپێـون، فێڵیـان لـێ بکـەن، یـان کەشـتێکیان بـۆ دەکێشـن، فێڵیـان لـێ بکـەن، بـا واز لـەوە بێنـن.

یاخـود: بـا واز لـەو بۆچوونەیـان بێنـن کـە پێیـان وایـە، زینـدوو ناکرێنـەوە بـۆ ڕۆژێکـی مـەزن، ئـەو ڕۆژەی خەڵـك تێـدا هەڵدەسـتێ و ڕادەوەسـتێ لـە بەرانبـەر خـوای پـەروەردگاری جیهانییـان داو، چاوەڕێـی بڕیـارو حوکمـی خـوای دادگـەر دەکـەن، بـا وازبێنـن لـەوەی پێیـان وابـێ ڕۆژێـك نایـەت لێیـان بپرسرێتـەوەو سـزاو پاداشـتیان بەملـدا بهێـنرێ.

دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْفُجَّارِ لَفِى سِجِّينٍ ﴾، بـە دڵنیایـی نـووسراوی تاوانبـاران لـە: ﴿ سِجِّينٍ ﴾دایـە، ﴿ كِتَٰبَ ﴾، بـە مانـای نـووسراو دێ و، بـە مانـای جێـگاو ڕێـگاش دێ، ئەو شـوێنەی بۆ تاوانبـاران نووسراوەو تەرخانکـراوە، ﴿ ٱلْفُجَّارِ ﴾، ﴿ ٱلْفُجَّارِ ﴾، کـۆی (فاجـر)ە، وەك چـۆن (**كُفَّـار**)، کـۆی (کافـر)ە، (فاجر)یـش، واتـە:

خراپەکارو تاوانبار، وشەی: ﴿ سِجِّينٍ ﴾، کە خوای بەرز دوایی ڕوونی دەکاتەوە، زانایان هەموو لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە وشەیەکی عەرەبییە، هەندێکی دیش گوتوویانە: وشەیەکی جگە لە عەرەبییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە وشەیەکە تاکی نیە، وەك وشەی: ﴿ عِلِّيِّينَ ﴾، کە لە بەرامبەر ﴿ سِجِّينٍ ﴾دایە، ﴿ عِلِّيِّينَ ﴾، زانایان دەڵێن: کۆی (عِلّي)یە، کە بە: ﴿ عِلِّيِّينَ ﴾ و ﴿ عِلِّيُّونَ ﴾یش، کۆ دەکرێتەوە، بەڵام ﴿ سِجِّينٍ ﴾، هەر یەك حاڵەتی هەیەو وشەیەکە کۆی نیەو، خۆی هەر بەو شێوەیە، ﴿ سِجِّينٍ ﴾، کە شوێنی نووسراوی تاوانبارانە، وا مەزەندە دەکرێ زۆر لە خوارەوە بێ، هەرچەندە بۆ ئێمە لە گەردووندا سەرەوەو خوارەوە، ڕێژەیی (نِسبيٌ)ن، بەڵام کە خوا ﷻ ئەو وشانەی بەکارهێناون، دیارە لە ئەسڵدا سەرەو خوارەوە هەن، هەرچەندە بۆ ئێستای ئێمە ڕێژەیی بن، ئێستا ئێمە لەم بەشەی سەر زەوین، کیشوەر (قارة)ی ئاسیا و ئەمریکاییەکان لەولان و ئوستڕالییەکان لەو لان، ئەوەی بە نسبەت ئێمەوە لای سەرێیە، بە نسبەت ئەوانەوە لای خوارێیەو، لای خوارەوەی ئەوانیش لای سەرەوەی ئێمەیە، لەبەر ئەوەی خڕۆکەی زەوی هێلکەیی و خڕ هەڵکەوتوە، بەڵام مانای وانیە لە ئەسڵیشدا هەروایە، مادام خوای پەروەردگار وشەکانی: سەرێ و خوارێ بەکاردێنێ، دیارە سەرو خوار هەن، لەو ڕۆژی دواییەدا، کە خوا عالەمێکی دیکە دەیهێنێتە پێش.

دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا سِجِّينٞ ﴾، چ شتێك بە تۆی زانانـدوە، ﴿ سِجِّينٍ ﴾، چییە؟ واتە: شتێکی زۆر گەورەو گرنگەو، شوێنێکی زۆر بێڕەزایە، هی ئەوە نیە تۆ بزانی، مەگەر کەسێك پێت بزانێنێ و پێت بڵێ، ئنجا ڕوونی دەکاتەوەو، دەفەرموێ: ﴿ كِتَٰبٞ مَّرۡقُومٞ ﴾، نووسراوێکی نیشانەدار کراوە، (رَقْم)، بە مانای نیشانەیە، ﴿ مَّرۡقُومٞ ﴾، واتە: شتێك نیشانەی لەسەر دانرابێ.

یاخود: ﴿ كِتَٰبٞ مَّرۡقُومٞ ﴾، واتە: نووسراوێك کە نووسینەکەی زبرەو بە زبریی و درشتیی نووسراوە، ﴿ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴾، لەو ڕۆژەدا، {ڕۆژێ کە خەڵك بۆ

پـەروەردگاری جیهانییـان ڕادوەسـتێ و هەڵدەسـتێ}، لـەو ڕۆژەدا سـزای سـەخت بـۆ بـە درۆدانـەران، چـی بـەدرۆ دادەنێـن؟ ڕوونـی دەکاتـەوە: ﴿ ٱلَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴾، ئەوانـەی ڕۆژی سـزاو پاداشـت بـە درۆ دادەنێـن، ﴿ ٱلدِّينِ ﴾ مانـای (الجـزاء)، وەك پێشـتریش گوتـم، ئێمـە لـە زمانـی کوردییـدا دەبـێ بڵێیـن: سـزاو پاداشـت، ڕەنگـە هەبـێ و تاکـو ئێسـتا نەمدۆزیوەتـەوە، وشـەیەکم پـێ شـك نایـەت، ڕێـك پێکەڵپێـك و پـڕ بـە پێسـت بـێ لەگـەڵ وشـەی: (الجـزاء)دا، کـە لێـرەدا: ﴿ ٱلدِّينِ ﴾، بـە مانـای (الجـزاء)ە، بـەڵام لـە ئەسـڵ دا بـە مانـای: ١- ملکەچیـی، ٢- بەرنامـە بـە گشـتیی، ٣- بەرنامـەی تایبـەت کـە بەرنامـەی خـوای پـەروەردگارە، بەگشـتیی، ٤- سـزاو پاداشـت، ﴿ ٱلدِّينِ ﴾، یانـی: (الجـزاء)، یـانی: ئەوانـەی بێبـڕوان، ڕۆژی دوایی، ڕۆژی سـزاو پاداشـت بـە درۆ دادەنێـن، ﴿ وَمَا يُكَذِّبُ بِهِۦٓ إِلَّا كُلُّ مُعۡتَدٍ أَثِيمٍ ﴾، هیـچ کەسـیش ڕۆژی سـزاو پاداشـت بـە درۆ دانانـێ، مەگـەر هـەر سـنوور شـکێنێکی زۆر گوناهبـار، ﴿ مُعۡتَدٍ ﴾، واتـە: کەسـێك کـە سـنووری بەزانـدوە، سـنووری شـکاندوە، یـان: سـتەمکار، ﴿ أَثِيمٍ ﴾، ڕێژگـەی زێدەڕۆیـی (آثـم)ە، واتـە: گوناهـکار، بـەڵام ﴿ أَثِيمٍ ﴾، واتـە: زۆر گوناهـکار، هـەروەك (راحـم)، واتـە: بـە بەزەیـی، بـەڵام (رحيـم)، واتـە: زۆر بـە بەزەیـی، ئنجـا ئایـا بۆچـی کەسـێك کـە زۆر سـنوور شـکێن و زۆر گوناهـکارە، سـزاو پاداشـت بـە درۆ دادەنـێ؟ وەك لـە تەفسـیری سـوورەتی (القيامـة)ش دا باسـی ئەوەمـان کـرد: ﴿ بَلۡ يُرِيدُ ٱلۡإِنسَٰنُ لِيَفۡجُرَ أَمَامَهُۥ ۝٥ يَسۡـَٔلُ أَيَّانَ يَوۡمُ ٱلۡقِيَٰمَةِ ۝٦ ﴾، بەڵکـو مرۆڤـی بێبـڕوا دەیـەوێ هـەر بـە گوناهـو تـاوان بیداتـە بـەر، بۆیـە دەپرسـێ: ڕۆژی قیامـەت کەنگێیـە؟ واتـە: نکووڵیـی لـێ دەکات، بۆیـە ئەوانـەی زۆر خراپـەکارن و سـنوورەکانی خـوا دەشـکێنن و، سـنوور بـە لای خەڵکـدا دەشـکێنن، ئەگـەر بـە دڵـی ئـەوان بـێ، حـەز دەکـەن، ڕۆژی سـزاو پاداشـت و لێپرسـینەوەو لـێ پێچینـەوە نەبـێ.

ئنجـا ئایـا ئـەو جـۆرە کەسـە چۆنـە؟ ﴿ إِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴾، هـەر کات ئایەتەکانـی ئێمـەی بەسـەردا بخوێندرێنـەوە، دەڵـێ: ئـەوە ئەفسـانەی

پێشـینانە، وشـەی: ﴿ إِذَا ﴾، بـۆ (ظـرف)ە، کاتێـك کـە شـتێکی تێـدا ڕوو دەدات و، کاتێـك دەچێتـە سـەر کـرداری ڕابـردوو، دەیـکات بـە داهاتـوو: ﴿ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾، کاتێك ئایەتەکانـی ئێمـەی بەسـەردا دەخوێندرێنـەوە: ﴿ قَالَ ﴾، واتـە: دەڵـێ: دەیـکات بـە ئێسـتاو داهاتـوو، دەڵـێ: ئـەوە ئەفسـانەی پێشـینانە، ﴿ أَسَٰطِيرُ ﴾، کـۆی (أسـطُورَة)یە، (أسـطورة)ش، یانـی: (القِصَّـة المفتعلـة)، بەسـەرهاتێکی هەڵبەسـتراو، هەندێکیـش گوتوویانـە: هـەر بەسـەرهاتێك، چ هەڵبەسـترا بـێ، چ لـە ئەسـڵدا ڕاسـت بووبێـت بـەڵام دوایـی گۆڕدرابـێ، بـەڵام وا پێدەچـێ (أسـطورة) بەسـەرهاتێکی هەڵبەسـتراو یـان ئەفسـانەیی بـێ، بۆیـە بـە کوردیـی کـە دەڵێـن: ئەفسـانەی پێشـینان، ئەفسـانەی ئـەو گەلانـەی پێشـتر بـوون، وا پێدەچـێ مانایەکـی تـاڕاددەك پـڕ بـە پێسـت بـێ لەگـەڵ وشـەی: ﴿ أَسَٰطِيرُ ﴾دا.

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ كَلَّا ﴾، نەخێـر {وانیـە، کـە ئـەوان دەڵێـن}، ﴿ بَلْ ﴾، بەڵکـو ﴿ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴾، ئـەوەی دەیکـەن، ژەنگـی لەسـەر دڵیـان پەیـدا کـردوە، ئـەوەی دەیکـەن، کـردەوە، خراپەکانیـان، بۆتـە هـۆی ئـەوەی ژەنـگ و کەمـڕە لەسـەر دڵیـان بنیشـێ، دڵـی مـرۆڤ کە ژەنگـی لەسـەر نیشـت، وەك ئاسـنی ژەنگگرتوو، ڕەونـەق و سـپییەتییەکەی نامێنـێ، ئاسـن لـە ئەسـڵدا سـپییە، بـەڵام کـە ژەنگـی لەسـەر نیشـت، ڕەش دەبـێ، هەروەهـا ئاوێنـە ئەگـەر تۆزو خۆڵی لەسـەر نیشـت، شـت پێشـان نـادات، دڵـی ئەوانـەش لـە ئەسـڵدا خـوا وای خوڵقانـدوە، هـەق و ناهـەق لێـك جیـا بکاتـەوە، چاکـەو خراپـە لێـك جیا بکاتـەوە، بـەڵام لـە ئەنجامـی ئـەو کـردەوە خراپانـەدا کـە وەدەسـتیان دەهێنـن، دڵیـان کوێـرو کوتـر بـووە چونکـە ژەنگـی لەسـەر نیشـتوە، هەڵبەتـە: ﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم ﴾، تەنیـا (حفـص)و، هەندێکیـان وایـان خوێندۆتـەوە، بـەڵام زۆربەیـان (ل) کـە یـان لـە (ر)کـەدا دەغـم کـردوە[1]، نەخێـر بـا واز بێنـن، ئـەوە ئەفسـانەی پێشـینان نییـە، بـەڵام ئـەوان ئـەوەی دەیکـەن لـە کـردەوە خراپەکانیـان، ژەنگـی لەسـەر دڵەکانیـان پەیـدا کـردوە، بۆیـە دڵەکانیـان بـە تەواویـی نابیسـتن و

---

(١) واتە: بۆتە: (بڕّران علی قلوبهم).

نابینـن، ﴿ كَلَّآ ﴾، بـا وازبێنـن، یـان وانیـە وەك ئـەوان دەڵێـن، ﴿ إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴾، بـە دڵنیایـی ئـەوان لـەو ڕۆژەدا لـە پەروەردگاریـان پـەردە پـۆش دەكرێن، (حجـاب)، بـە مانـای پەردەیـە (محجوب)یـش، كەسـێكە خرابێتـە پشـت پـەردەوە، واتـە: ئـەوان ئـەو گوناهـو تاوانانـەی كردوویانـن لـە دنیـادا، بۆیـان دەبنـە پەردەیـەك و خـوا نەبینـن، ئەگەرنـا هیـچ كەسـێك نیـە خـوای پـەروەردگار لـە ڕۆژی دواییـدا، نەبینـێ، جگـە لـەو بێبڕوایانـەی بـە گوناهـو تاوانەكانیـان پەردەیەكـی مەحكـەم و ئەسـتووریان لەبەردەمـی خۆیـان دا دروسـت كـردوە، خـوای پەروەردگاریـان لـێ دەپۆشـێ و ڕێ دەگـرێ ببینـن.

﴿ ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا الْجَحِيمِ ﴾، ئنجـا بـە دڵنیایـی ئـەوان بـە شـێوەیەكی تایبـەت لـە كڵپـەی دۆزەخـدا دەسـووتێنرێن، ﴿ لَصَالُوا الْجَحِيمِ ﴾، یانـی: (**داخلـو الجحیـم**)، چـووە ژووری كڵپـەن، بـەڵام بـە شـێوەیەكی تایبـەت دەخرێنـە تـێ، وەك زۆرجـاری دیكـەش گوتوومانــە: بۆیــە خــوا لێــرەدا نەیفەرمــووە: (إِنَّهُمْ لداخلــو الْجَحِيمِ) و دەفەرمــوێ: ﴿ لَصَالُوا الْجَحِيمِ ﴾، چونكـە (صَلِي) بریتیـە لـە سـووتاندنی شـتێك كـە لـە هـەر چـوار لاوە ئاگـری بـۆ بـێ، یـانی: دەبـرژێ لـە هـەر چـوار لاوە، وەك گۆشـت و تكـە كـە دەبرژێـنرێ، یاخـود دەپیشـێ، عـەڕەب بـەوە دەڵێـن: (مگـزوف)، كـە لـە هـەر چـوار لاوە ئاگـری دەدرێتـێ و سـەرەنجام بـە ئاگرەكـە دەپیشـێ، هەمـووی وەك یـەك دەپیشـێ و دەبـرژێ، ﴿ ثُمَّ يُقَالُ هَٰذَا الَّذِي كُنتُم بِهِ تُكَذِّبُونَ ﴾، دواییـش دەگوتـرێ (بـەو كەسـانە دەگوتـرێ)، ئـا ئـەوە بـوو كـە ئێـوە پێـی بێبـڕوا بـوون و بەدرۆتـان دادەنـا.

ئنجـا دێتـە سـەر تـەوەری سـێیەم و ئەویـش یـازدە (١١) ئایـەت دەگرێتـەوە، ئایەتەكانـی: (١٨ - ٢٨)، لـەو یـازدە (١١) ئایەتـەدا، خـوای بـەرزی مـەزن باسـی جۆرێكـی دیكـە لـە خەڵـك دەكات، جـۆری یەكەمیـان تاوانبارانـی بـە درۆ دانـەری ڕۆژی دوایـی بـوون، كـە ئایەتەكانـی خوایـان بـە ئەفسـانە دادەنـا، ئەوانـە لـە خـوا پـەردە پـۆش دەكرێـن و دوایـی دەخرێنـە دۆزەخـەوە، بـەڵام ئـەم جۆرەیـان بڕوادارانـی چاكـەكارن، دەفەرمـوێ: ﴿ كَلَّآ ﴾، (نەخێـر بـا وازبێنـن)، لـەو بێبڕوایـی

و ملهوڕییەیـان: ڕاسـت نیـە وەك ئـەوان دەڵێـن، ﴿إِنَّ كِتَٰبَ ٱلۡأَبۡرَارِ لَفِي عِلِّيِّينَ﴾، بـە دڵنیایـی نـووسراوی چاکـەکاران لـە ﴿عِلِّيِّينَ﴾ە، دواییـش خـوای بـەزری مـەزن هـەر بـۆ خـۆی ﴿عِلِّيِّينَ﴾ینـمان، بـۆ مانـا دەکات، ﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا عِلِّيُّونَ﴾، چ شـتێك بـە تـۆی زانانـدوە (علیّون) چییـە؟ بـە دڵنیایـی ڕووی دوانـدن بـەر لـە هـەر کەسێك لـە پێغەمبـەری خاتـەم موحەممـەدە ﷺ لـەم ئایەتـە موبارەکـەدا، یەکەمجـار دابەزیوەتـە سـەر دڵـی موبارەکـی ئـەو، کـە پاکتریـن و چاکتریـن و شایسـتەترین دڵ و دەروون بـووە، خـوای کاربەجـێ یەکەمجـار ئـەم ئایەتانـەی دابەزێنێتـە سـەر، بـەڵام دوای پێغەمبەریـش ﷺ هـەر کەسـێکی دیکـە، کـە وەك پێغەمبـەری خـوا موحەممـەد ﷺ ئـەم ئایەتانـە دەخوێنێتـەوە، دەبێتـە دوێـنراوی خـوای میهرەبـان لـە هەمـوو دواندنەکانیـدا، مەگـەر ئـەو دواندنانـەی تایبەتـن بـە پێغەمبـەر خـواوە ﷺ و بـە بەڵگەیەکـی ڕوون و بـێ چەنـدو چـوون، تایبەتیـان بکـەن بـەوەوە، ئەگەرنـا هەمـوو ئـەو ئایەتانـەی پێغەمبـەری خاتەمیـان ﷺ پـێ دوێـنراون، ئۆممەتەکـەی و شوێنکەوتووانیشـی پێیـان دوێـنراون، کـە دەشـڵێین، ئۆممەتەکـەی و شـوێنکەوتووانی واتـە: بـڕواداران، بـەڵام بێگومـان جگـە لـە بـڕواداران هەمـوو مرۆڤەکانیـش بـە ئایەتەکانـی خـوا دوێـنراون، خـوا ﷻ بانگـی هەمـووان دەکات، مەگـەر بـە نازنـاوی ئیـمان بانگیـان بـکات: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ٢٨﴾ الحدیـد، ئـەو کاتـە ئەوانـەی بـێ ئیمانـن نایانگرێتـەوە، بـەڵام لێـرەدا ئـەم سـوورەتە ئەگـەر ئـەوە تەبەننیـی بکـرێ، کـە مەککەییـە، کـە ئێمـە ئـەم ڕایەمـان پـێ بەهێزتـرە، ئـەوە ڕووی دواندن لـە تێکڕای مرۆڤەکانـە، بـەڵام ئەگـەر مەدینەییـش بـێ، لـە مەدینـەش دا خـوای پـەروەردگار مسـوڵمانان و نامسـوڵمانانی دوانـدوون: ١- ٢- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ﴾ الانشـقاق(٦) ، ٣- ﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ﴾ الأعـراف (٣٥).

﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا عِلِّيُّونَ﴾، {ئـەی ئـەو کەسـەی قورئـان دەخوێنـی}، چ شـتێك بـە تـۆی زانانـدوە ﴿عِلِّيُّونَ﴾، چییـە؟ ﴿كِتَٰبٞ مَّرۡقُومٞ﴾، نووسراوێکـی نیشـانەدار کـراوە،

یاخـود: نووسراوێکـە بـە زبریـی و درشـتیی نـووسراوە، ﴿ يَشْهَدُهُ ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴾، زۆر نزیکخـراوان دەیبینـن، یـان لـە لای ئامـادە دەبـن، زۆر نزیکخـراوان (**مقربون**) بـە ڕای زۆربـەی هـەرە زۆری زانایـان، فریشـتەکانن، هەندێـك لـە زانایانیـش بـۆ وێنـە: (**محمـد عبـده**) ڕای وایـە دەگونجـێ مەبەسـت: مرۆڤـە زۆر لـە خـوا نزیکـەکان بـن، وێـڕای فریشـتەکانیش.

بـەڵام زیاتـر واپێدەچـێ لێـرە لـەم سیاقەدا مەبەسـت پێـی فریشـتەکان بـن، یـانی: فریشـتەکان ئـەو نـووسراوە دەبینـن، بـۆ ﴿ سِجِّينٍ ﴾، خـوا نەیفەرمـووە: ﴿ يَشْهَدُهُ ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴾، چونکـە (**سـجين**) زۆر لـە خوارێیـە، بـەڵام ﴿ عِلِّيُّونَ ﴾، لەبـەر ئـەوەی زۆر لـە سـەرێیەو فریشـتەکانیش هـەر لـە سـەرێن، دەیبینـن و لـە لای ئامـادە دەبـن، ﴿ يَشْهَدُهُ ﴾، هـەم بـە مانـای: لـە لای ئامـادە دەبـن (**يحـضروه**)، هـەم بـە مانـای: دەیبینـن، یـانی: (**يـراه**)، (**شـهود**) بـە مانـای دیـتن و بـە مانـای ئامـادە بوونیـش دێ، ﴿ إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍ ﴾، بـە دڵنیایـی چاکـەکاران لـە نێـو نـازو نیعمـەت دان، ﴿ نَعِيمٍ ﴾، واتـە: نـازو نیعمـەت و خێـرو خۆشـیی، ﴿ عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴾، لەسـەر تەختـان، ئـەو تەختانـەی پەردەیـان بەسـەر دادراون و ڕازێنراونـەوە، تەماشـا دەکـەن، سـەرنج دەدەن، تەماشـای موڵکـی خۆیـان دەکـەن، کـە پێیـان دراوەو، دەڕواننـە ئـەو نـازو نیعمەتـەی خـوای پـەروەردگار پێیـداون.

﴿ تَعْرِفُ فِى وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ ٱلنَّعِيمِ ﴾، ئەگـەر تەماشـایان بکـەی، لـە دەم و چاویانـدا خۆشـیی و گەشـیی نـازو نیعمـەت دەبینـی، (**وجـوه**) کـۆی (**وجـه**)ە، واتـە: ڕوو، ڕووش لـەو شـوێنەوە کـە تووکـە سـەری لـێ دێ، تاکـو کۆتایـی چەناگـەو، لـە گوێـی ڕاسـتەوە تاکـو گوێـی چـەپ، هەمـووی ڕووی پـێ دەگوترێ، لە ڕووی ئەواندا شـادیی و خۆشـیی نـازو نیعمـەت دەبینـی، ﴿ تَعْرِفُ ﴾، واتـە: دەزانـی، دەناسـی، ﴿ فِى وُجُوهِهِمْ ﴾، لـە دەم و چاوەکانـی ئەوانـدا، چـی دەناسـی و دەبینـی؟ ﴿ نَضْرَةَ ٱلنَّعِيمِ ﴾، (**نضرة**)،یانـی: مانـای جوانیـی و ڕەونـەق و بەدەویـی، گەشـیی و شـادمانیی، کـە بەهـۆی ژیانـی پـڕ نـازو نیعمەتـەوە بـۆ مـرۆڤ پەیدادەبـێ.

﴿ يُسْقَوْنَ مِن رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ ﴾، پێیـان دەنۆشـێنرێ لـە شـیلە ﴿ رَّحِيقٍ ﴾ێکـی بەستراو، ﴿ رَّحِيقٍ ﴾، زانایـان گوتوویانـە: باشـترین جـۆری شـەڕابە، یاخـود: جۆرێکـە لـە خواردنـەوە، هـەر خـوا دەزانـێ چۆنـەو لـە دنیـادا وێنـەی نیـە، یـان: باشـترین جـۆری شـەڕابە کـە بێگومـان شـەڕابی بەهەشـت، مـەی بەهەشـت، جیایـە لـە هـی دنیا، ﴿ مَّخْتُومٍ ﴾، واتـە: سـەرەکەی بەسـتراوەو ئـاوەڵا نیـە، هەڵبەتـە لـە بەهەشـتدا تـۆزو خـۆڵ و گـەرد و مێـش و مەگـەزو مێشـوولە نیـە تاکـو بچێتـە تێـی، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئێمـە دەزانیـن و عـادەت وایـە شـتێك ببەسـترێ، مانـای وایـە زیاتـر گرنگیـی دراوە بـە پارێزرانـی، خـوای بەرزیـش ئـەو نیعمەتانـەی لـە بەهەشـتدا دایناون، چـۆن بـە لای عەقـڵ و زگماکـی بەشـەرەوە باشـترە، ئـاوان.

﴿ خِتَٰمُهُۥ مِسْكٌ ﴾، هەندێکیـان خوێندوویانەتـەوە: (خاتِمُـهُ مسـك)، ئـەوەی بەسـتوویەتی، میسـکە، قوڕەکـەی لـە بۆنـی میسـکە، یاخـود: خـۆی جۆرێکـە لـە میسـك کـە خەڵـك تۆزێکـی دەسـتناکەوێ لـە خۆیشـی بـدات، بـەڵام لـەوێ زارەوانـەی ئـەو خواردنەوانەیـە کـە دەیانخۆنـەوە.

هەندێکیـش گوتوویانـە: ﴿ خِتَٰمُهُۥ مِسْكٌ ﴾، واتـە: کاتێـك دەیخۆنـەوە، لـە کۆتایـی خواردنەوەکـەدا بۆنـی میسـك لـە دەمیـان دێ. هـەردوو واتایەکـەش بـە جێـن و، هەردووکیـان ڕواڵەتـی بێـژەکان هەڵیـان دەگـرێ.

﴿ وَفِي ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ ٱلْمُتَنَٰفِسُونَ ﴾، ئەوانـەی پێشـبڕکەش دەکـەن، بـا هەر لەوەدا پێشـبڕکە بکـەن، بـەس ئـەوە شایسـتەی ئەوەیـە پێشـبڕکەی بـۆ بکـەن، بۆیـە بـا هـەر کەسـە هەوڵبـدات لـەو نیعمەتـەی خـوا زیاتـر بەدەسـت بێنـێ.

﴿ وَمِزَاجُهُۥ مِن تَسْنِيمٍ ﴾، تێکەڵکراوەکەیـشی لـە تەسـنیمە، ئایـا ﴿ تَسْنِيمٍ ﴾، چییـە؟ خـوای زانـاو شـارەزا مانـای دەکات و ڕوونـی دەکاتـەوە: ﴿ عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴾، سـەرچاوەیەکە زۆر نیزیکخـراوەکان لێـی دەخۆنـەوە، بـە دڵنیایـی لێـرەدا مەبەسـت لـە: زۆر نیزیکخـراوەکان ﴿ ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴾، ئـەو بەندانـەن کـە زۆر

لـە خـوا نیزیکـن، ئەگـەر مرۆڤـن، ئەگـەر جنـدن، ئەوانـەی لـە ئەنجامـی کـردەوەی چاکـی خۆیانـدا، زۆر لـە خـوا نیزیـك خراونـەوە، ئـەوان بـە سـاغیی و بـێ خڵتەیـی لـەو شـەڕابە دەخۆنـەوە، لـە سـەرچاوەی: ﴿ تَسۡنِيمٍ ﴾، دەخۆنـەوە، بـێ ئـەوەی شـتی دیکـەی لەگـەڵ تێکـەڵ کرابـێ، ﴿ ٱلۡأَبۡرَارَ ﴾، چاکـەکاران، بۆیـان ئاوێتـە دەکـرێ لەگەڵ ﴿ رَّحِيقٍ ﴾دا، بـەڵام سـەرچاوەی ﴿ تَسۡنِيمٍ ﴾، شایسـتەی ئەوەیـە ئەوانـەی زۆر لـە خـوا نیزیکـن، بـە سـاغیی لێـی بخۆنـەوەو هیچیدیکەیـان بـۆ لەگـەڵ تێکـەڵ نەکـرێ.

ئنجا نـۆرەی تـەوەری چـوارم کۆتاییـە، ئەویـش هەشـت (٨) ئایەتی کۆتایـی دەگرێتە خـۆی، ئایەتەکانـی: (٢٩ - ٣٦): ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ أَجۡرَمُواْ كَانُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يَضۡحَكُونَ ﴾، بـە دڵنیایـی ئەوانـەی تـاوان و خراپەیـان کـردوە، ئەوانـە (کاتـی خـۆی لـە ژیانی دنیـادا)، گاڵتەیـان، بـە بـڕواداران دەکـردو بەوانـەی بڕوایـان هێنابـوو، دەخەنین.

واتـە: ئـەو تاوانبارانـە لـە ژیانـی دنیـادا عادەتیـان وابـوو، بەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە پێدەکەنیـن، پێیـان ڕادەبـواردن، ﴿ وَإِذَا مَرُّواْ بِهِمۡ يَتَغَامَزُونَ ﴾، کاتـێ بـە لایـان دا تێپەڕیبـان، واتـە: تاوانبـارەکان بـە لای بڕوادارانـدا تێپەڕبـان، ئاماژەیـان بـۆ یەکـدی دەکـرد، بێگومـان (و)ی سـەر (مَرُّواْ) بکـەر (فاعـل)ی (مَرَّ)یـەو، دوو ئەگـەری هـەن:

أ- مەبەست پێی تاوانبارانە، کاتێ تاوانباران بەلای بڕواداران ڕەت بووبان، بەلایاندا تێپەڕیبانایە، ﴿ يَتَغَامَزُونَ ﴾، ئاماژەیان بۆ یەکدی دەکرد، بە چاوو لووت و برۆ و ئەوانە.

ب- یاخود کاتێك بڕواداران بە لایاندا تێپەڕیبان، بە لای بێبڕوایان دا تێپەڕیبانایە.

﴿ يَتَغَامَزُونَ ﴾، وشـەی: (غمـز)، لـە ئەصڵـدا یانـی: دەسـت بەسـەر داگرتنـی شـتێك بەهێـز، (جَسُّ النَّبْض)، ئەوەیـە کـە مـرۆڤ دەسـت بـە سـەر دەمـاری کەسـێك دابگـرێ، داخـۆ دڵـی چـۆن لێـدەدا؟ (غَمْـز)، بـەو مانایـە هاتـوەو، بـە مانـای ئامـاژە کـردن بـۆ یەکدیـش هاتـوە، بـە زمـان و لێـوو لـووت و چـاوو بـرۆو هـەر ئەندامێـك ئامـاژەی پـێ بکـرێ، واتـە: ئاماژەیـان بـۆ یەکـدی دەکـرد، ئەگـەر یەکێکیـان غافڵا بـێ و ئـاگای لـێ نەبووبـێ ئاماژەیـان بـۆ کـردوە: ئەهـا چـاوت لـە فڵانکەسـە چۆنـە؟!

﴿ وَإِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِمُ ٱنقَلَبُواْ ﴾، کاتێك گەڕابانایەوە بۆ لای کەس و کاریان بە دڵخۆشیی و شادمانیی دەگەڕانەوە، بە جۆرێك دەگەڕانەوە وەك شتێکی زۆر گرنگ و گەورەیان کردبێ: لە حاڵێك دا گاڵتەیان کردوە بە بڕواداران و، پێیان پێکەنیون و ئاماژەیان بۆ یەکدی کردوەو پێیان ڕابواردوون!!.

وشەی: ﴿ فَكِهِينَ ﴾، خوێنراوییشەتەوە: (**فاكهين**)، هەردووکیشیان بە مانای: (**مُتَلذِّذين**)، یانی: چێژ وەرگرانە، یان: زۆر خۆشحاڵانەو شادیی دەربڕانە، دەگەڕانەوە، ﴿ وَإِذَا رَأَوۡهُمۡ قَالُوٓاْ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَضَآلُّونَ ﴾، کاتێکیش تاوانبارەکان بڕوادارانیان بینیبایە، دەیانگوت: ئا ئەوانەن گومڕایان، یانی: ئەگەر گومڕا هەبن، لەسەر زەوی، هەر ئەوانەن.

خوای پەروەردگاریش بە توانجەوە دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أُرۡسِلُواْ عَلَيۡهِمۡ حَٰفِظِينَ ﴾، ئەوان وەك پارێزەران ڕەوان نەکراونە سەریان و، بەسەریانەوە پارێزەرنین، ئاگایان لێیان بێ، بەوەی وەسف و پێناسەیان بکەن، داخۆ گومڕان، یان ڕێی ڕاستگرتوون؟ ئەوان لە دنیا بەو شێوەیە بوون، ﴿ فَٱلۡيَوۡمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنَ ٱلۡكُفَّارِ يَضۡحَكُونَ ﴾، ئەمڕۆش ئەوانەی بڕوایان هێناوە، بە بێبڕوایان پێدەکەنن، کە دەفەرموێ: ﴿ ءَامَنُواْ ﴾، واتە: بڕوایان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ، هەروەها کە دەفەرموێ: (**كفروا**)، یان (**كفار**)، یانی: ئەوانەی بێبڕوا بوون، یان بێبڕوان بە هەموو ئەو شتانەی پێویست بوو بڕوایان پێ بێنن، کەواتە: ﴿ فَٱلۡيَوۡمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، یانی: ئەمڕۆ ئەوانەی بڕوایان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ، ﴿ مِنَ ٱلۡكُفَّارِ يَضۡحَكُونَ ﴾، بە بێبڕوایان {بە هەموو ئەو شتانەی پێویست بوو، بڕوایان پێ بێنن}، پێدەکەنن، هەڵبەتە مرۆڤ ئەگەر بە یەك شتیش لەو شتانەی پێویستە پێیان بڕوادار بێ، بێبڕوا بێ، هەر بە بێبڕوا (کافر) دادەنرێ، بەڵام ئەوانە مەگەر چۆن، ئەگەرنا بەهەموو شتێك بێبڕوا بوون:

١- بە خوا بێبڕوابوون، ڕەنگە زانیبیان خوای پەروەردگار بەدیهێنەرەو پەروەردگارو خاوەنە، بەڵام بە خوا بێبڕوابوون، لەو ڕووەوە کە بە تاکە پەرستراوی خۆیانی بزانن و، بەس ئەو بە خاوەنی ناوو سیفەتە بەرزو بێ وێنانە بزانن، کە هەینی.

٢- هەروەها بە ڕۆژی دوایی و بە دیداری خواش بێبڕوا بوون.

٣- دیسان بەوەش بێبڕوا بوون کە موحەممەد پێغەمبەری خوا بێ.

٤- بە فەرمایشتی خواش بێبڕوا بوون.

٥- هەروەها بە هەموو شتە بنەڕەتییەکانی دیکەش بێبڕوا بوون.

خوا دەفەرموێ: ئەمڕۆ واتە: لە ڕۆژی دواییدا ئەمە باسی ڕۆژی دواییە، ئەوانەی بڕوایان هێنابوو (لە دنیادا) پێدەکەنن، دەخەنن، بەوانەی بێبڕوابوون لە دنیادا، ﴿ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴾، لەسەر تەختان، ئەو تەختانەی پەردەیان بەسەریان دادراون و ڕازێنراونەوە، تەماشا دەکەن، تەماشای چی دەکەن؟ تەماشای سزادرانی بێبڕوایەکان دەکەن و، تەماشای نازو نیعمەتەکەی خۆیان دەکەن، تەماشای بەدبەختیی و ماڵوێرانییەکەی بێبڕوایان دەکەن، کە بە ویست و دەستی خۆیان، خۆیان تووشی ئەو دۆخە کردوە.

لە کۆتاییدا خوای مەزن دەفەرموێ: ﴿ هَلۡ ثُوِّبَ ٱلۡكُفَّارُ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴾، ئایا بێبڕوایەکان ئەوەی دەیانکرد لەسەری بەرانبەریان درایەوە، لەسەری سزا دران؟.

وشەی: (**ثُوِّبَ**)، بە دڵنیایی لە (**ثواب**)ەوە هاتوە، (**ثواب**) زانایان دەڵێن: هەر بە مانای پاداشت دێ، واتە: ئەو بەرانبەرەی دەدرێ بە کەسێك لە بەرانبەر چاکەیەکدا کە کردوویەتی، پێی دەڵێن پاداشت (**ثواب**).

ئنجا لێرەدا خوای بەرزو مەزن کە وشەی (**ثواب**)، بۆ بێبڕوایان بەکاردێنێ، یانی: ئەگەر ئەوانە پاداشتێك هەبێ بیاندرێتێ، هەر ئەوەیە کە بەو شێوەیان

بەسـەر بـێ، چونکـە هیـچ چاکەیـان نەبـووە، تاکـو پاداشـتیان بدرێتـەوەو، ئەگـەر پاداشـتێك بـۆ ئـەوان هەبـێ، هـەر ئەوەیـە کـە باسـکرا، بـەس ئـەو سـزایەیە.

حیکمەتێـکی دیکـەش بـۆ بەکارهێنـانی وشـەی (**ثـواب**) ئەوەیـە کـە وشـەی (**ثـواب**) وێـڕای پاداشـت، سـزاش دەگرێتـەوە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ هَلْ ثُوِّبَ ٱلْكُفَّارُ مَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴾، ﴿ هَلْ ﴾، بـۆ پرسـیارکردنە، ئایـا بێبڕوایـەکان لەسـەر ئـەوەی دەیانکـرد، پاداشـت درانـەوە یاخـود: سـزا دران؟ ئـەم پرسـیارکردنەش دەگونجـێ بڵێیـن: پرسـیارکردنی دانپێپێداهێنـان (**تقریـري**)ە، واتـە: بـە دڵنیایـی پاداشـت درانـەوە، یـان: سـزا دران، دەشـگونجێ پرسـیارکردن بـێ، بـە مانـای دڵنیایـی، واتـە: بـە دڵنیایـی ﴿ ثُوِّبَ ٱلْكُفَّارُ ﴾، بێبڕوایـان پاداشـت (یـان: سـزا) درانـەوە، وەك: ﴿ هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ ﴿١﴾ ﴾الإنسـان، لەوێـدا گوتمـان: جـاری وایـە (هـل)ی پرسـیارکردن بـە مانـای (**قـد**)، لـە زمانـی عەرەبییـدا، کەواتـە: ﴿ هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ ﴾، بـە دڵنیایی بەسـەر مـرۆڤ داهاتـوە، کاتێـك شـتێکی شـایانی باسـکراو نەبـووە، لێرەشـدا: ﴿ هَلْ ﴾، دەگونجـێ بـە مانـای بێگومـان (قـد) بـێ، واتە: بـە دڵنیایـی بێبڕوایـەکان لەسـەر ئـەوەی دەیانکـرد سـزاو پاداشـت درانـەوە، واتـە: ئـەو سـزایە درانـەوە کـە لـە شـێوەی پاداشـت دایـە بـۆ بـڕواداران، زانایانـی ڕێزمانـی عەرەبیـی دەڵێـن: وشـەی: ﴿ هَلْ ﴾، ئەگـەر لـە ڕەوتێـك بـێ، کـە وەڵامەکـەی دیـار دابـێ، ئـەو کاتـە بـە مانـای پرسـیارکردن نیـە، مەبەسـت ئـەوە بـێ داوای وەڵام بـکات، بەڵکـو مەبەسـت دڵنیاکردنـەوەی بەرانبەرەکەیـە، وەك تـۆ شـتێك دەدەی بـە کەسـێك، دەڵێـی: فـڵان شـتەم پـێ نـەدای! دەتـەوێ بیـری بخەیـەوە، یـان دەتـەوێ ئـەو بڵـێ: بـا، دڵنیاشـی کـە دەڵـێ: بـا، چونکـە ناتوانـێ نکووڵیـی بـکات، لێرەشـدا مەبەسـت ئەوەیـە: بـە دڵنیایـی ئەوانـەی بێبـڕوا بـوون، لـە بەرانبـەر ئـەو کردەوانـەدا کـە دەیانکـردن، کـە بریتـی بـوون لـە:

١- گاڵتە کردن بە بڕواداران و توانج تێگرتنیان.

٢- بە گومڕا لە قەڵەم دانیان.

٣- پێ ڕابواردنیان.

٤- گەڕانەوەش بۆ لای کەس و کاریان بە دڵخۆشیی.

لەسەر ئەوانە هەموویان ئەو سزایە دران، کە سزای پڕ بە پێستە، خوا پەنامان بدات، لەوەی کارێ بکەین لە ڕۆژی دواییدا شایستەی سزای دادپەروەرانەی خوای دادگەر بین.

مەسەلە گرنگەكان

مەسەلەی یەكەم:

ڕاگەیاندنی ئەوە كە كەسانی كەمكەر لە پێوان و كێشان دا، سزای سەختیان هەیە، ئەوانەی لە كاتی كڕیندا مافی تەواوی خۆیان وەردەگرن، بەڵام لە كاتی فرۆشتن دا، ئەگەر كێشانە، ئەگەر پێوانە، لێیان كەم دەكەن، وەك نەزانن بۆ ڕۆژێكی مەزن زیندوو دەكرێنەوە، كە خەڵك بۆ پەروەردگاری جیهانییان ڕادەوەستێ و چاوەڕوان دەبێ: داخۆ خوا ﷻ چ بڕیارێكیان لە بارەوە دەدات؟:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ ﴿١﴾ الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ ﴿٢﴾ وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ ﴿٣﴾ أَلَا يَظُنُّ أُولَٰئِكَ أَنَّهُم مَّبْعُوثُونَ ﴿٤﴾ لِيَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٥﴾ يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٦﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ ﴾، سزای سەخت بۆ كەمكەران، واتە: ئەوانەی كاتێك شت دەفرۆشن، بە كێشان یان بە پێوان، لێیان كەم دەكەنەوە، وشەی: ﴿ وَيْلٌ ﴾ ناوەو چاوگ نیە، چونكە وشەی: ﴿ وَيْلٌ ﴾، كردەوەی نیەو، ئەو وشانەی كردەوە (**فعل**)یان هەیە، ئنجا چاوگیان لێ دروست دەبێ، وەك: (**ضَرَبَ، يَضْرِبُ، ضَرْباً**)، بەڵام ﴿ وَيْلٌ ﴾، خۆی ناوەو لە بارەی چەمك و واتایەكەشیەوە زانایان زۆر قسەیان كردوون:

١- هەندێكیان گوتوویانە: ﴿ وَيْلٌ ﴾، بە مانای سزای سەخت دێ.

٢- هەندێكی دیكەش گوتوویانە: بە مانای خراپەو زیان دێ.

٣- هەندێك گوتوویانە: شیوو دۆڵێكە لە دۆزەخدا.

٤- هەندێك گوتوویانە: ﴿ وَيْلٌ ﴾، بە مانای هاوار بۆ فلانکەس، لەبەر ئەوەی کەسێك زۆر تینیی بۆ بێ و نارەحەت و سەغڵەت بێ، ئنجا هاوار دەکات.

لە بارەی واتای (**مطفّفين**) یشەوە، زانایان زۆر قسەیان کردوە:

أ- (**الطبري**)، دەڵێ: (**المُطَفِّفُ: المُقَلِّلُ حَقَّ صَاحِبِ الْحَقِّ عَمَّا لَهُ مِنَ الوَفَاءِ وَالتَّمَامِ فِي كَيْلٍ أَوْ وَزْنٍ؛ وَمِنهُ قِيلَ لِلقَومِ الَّذِين يَكُونُونَ سَوَاءً فِي حِسْبَةٍ أَوْ عَدَدٍ: هُمْ سَوَاءٌ كَطَفِّ الصَّاعِ، يَعْنِي بِذَلِكَ: كَقُرْبِ الْمُمْتَلِئِ عن النَّاقِصِ عَنِ المِلءِ**) (**مُطَفِّف**)، واتە: کەمکەر، ئەوەی مافی هاوەڵەکەی کەم دەکات، مافی ئەو کەسەی شتی پێ دەفرۆشێ، لەوەی بۆی بگەیەنێتە رادەی پێویست، لە پێواندا، یاخود لە کێشان دا، هەر بۆیە کەسانێك لە رووی ژماردن، یان لە رووی ژمارەوە، بە ئەندازەی یەکن پێیان دەگوترێ: (**هُمْ سَوَاءٌ كَطَفِّ الصَّاعِ**)، {(**طَفّ الصَّاع**)، دەفرێکە نیزیك بێ پڕ بێ، بەڵام پڕ نەبووبێ}، ئەوان یەکسانن وەك (**طف الصاع**) یانی: وەك نیزیکیی ڕبەی پڕ لە هی پڕ نەبوو.

ب- یەکێکی دیکە لە ڕوونکەرەوانی قورئان دەڵێ: (**المُطَفِّفُ: المُنْقِصُ، وَحَقِيقَتُهُ: الأَخْذُ فِي الكَيْلِ أَوِ الوَزنِ شَيئًا طَفِيفًا، أَيْ: نَزْرًا حَقِيرًا**)، واتە: (**مُطَفِّف**) بە مانای (**مُنَقِّص**) کەمکەرەوەیە، ئەسڵەکەی بریتیە لە وەرگرتن لە پێوان و لە کێشان داو، ئەوەی لە پێوان و لە کێشان وەردەگیرێ، شتێکی کەم و کەم بایەخە، بۆیە گوتراوە: (**مُطَفِّف**).

ج- یەکێکی دیکە دەڵێ: (**المُطَفِّفُ: هُوَ المُقَلِّلُ حَقَّ صَاحِبِهِ بِنُقْصَانِهِ عَنِ الحَقِّ فِي كيل، أو وَزْنٍ**)، (**مُطَفِّف**): کەسێکە مافی بەرانبەرەکەی کەم دەکات، {لەو هەقەی شایستەیەتی}، چ لە پێوان دابێ، یاخود لە کێشان دا.

د- (**الزَّجَّاجُ**)یش یەکێکە لە شارەزایانی زمان و دەڵێ: (**إِنَّمَا قِيلَ لِلَّذِي يَنْقُصُ المِكْيَالَ وَالمِيزَانَ مُطَفِّفٌ، لِأَنَّهُ لَا يَكَادُ يَسْرِقُ فِي المِكْيَالِ وَالْمِيزَانِ إِلَّا الشَّيْءَ اليَسِيرَ الطَّفِيفَ**)، واتە: بۆیە بەو کەسەی لە کێشان و پێوان دا کەم دەدات، {واتە: بۆ بەرامبەرەکەی مافەکەی کەم دەکاتەوە}، پێی گوتراوە: (**مُطَفِّف**)، چونکە ئەو کەسەی لە کێشان و پێوان دا دزیی دەکات، شتێکی کەم لە مافی خەڵك بۆ خۆی دێنێ.

لێرەدا کە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ ﴾، وەك لە هۆی هاتنە خوارەوەکەشی دا باسمان کرد، هەندێك لە زانایان گوتوویانە: خەڵکی مەدینە لە کێشان و پێواندا فێڵ و کەم و کوڕییان زۆر بووە، بەڵکو هەیانبووە، وەك: (جوهەینە)، دوو دەفری هەبوون، یەکێکیانی بۆ ئەوە بووە پێی بفرۆشێ و گچکەتر بووە لەوی دیکە، کە پێی بکڕێ و ئەو گەورەتر بووە، خواش ﷻ سزای سەختی بۆ داناون، بۆ هەموو ئەوانەی کەم دەکەن لە کڕین و فرۆشتنداو، کاتێك دەدەن بە خەڵك، مافەکەیان لێ کەم دەکەنەوە.

٢)- ﴿ الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ ﴾، ئەوانەی کاتێك لە خەڵك بپێون، {لێیان بکڕن و خەڵکەکە بۆیان بپێون}، بە تەواویی مافی خۆیان وەردەگرن.

٣)- ﴿ وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ ﴾، بەڵام ئەگەر بۆیان بپێون، یاخود بۆیان بکێشن، کەم دەکەنەوە، واتە: لە کاتێکدا خۆیان بکڕن، بە کێشان بێ یان بە پێوان، بە تەواویی مافی خۆیان وەردەگرن، بەڵام ئەگەر بفرۆشن بە کێشان بێ، یان بە پێوان، کەم دەکەنەوە.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ ﴾، أ- هەندێك لە زانایان گوتوویانە: (عَلَى بمعنى مِنْ أي: **اشتروهُ لأنفسهم كيلاً أو وزناً من الناس**)، (على) بە مانای (مِن)ە، یانی: کاتێك لە خەڵك دەکڕن بە کێشان یان بە پێوان.

ب- هەندێکیش گوتوویانە: ﴿ الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ ﴾، (**إكتَالَ عَلَيْهِ أي: أَخَذَ مِنْهُ**)، واتە: لێی وەرگرت، ﴿ وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ ﴾، (**أي: كَالُو لَهُم، أو وَزَنُوا لَهُمْ**)، کاتێك بۆیان پێوان، یان بۆیان کێشان، مافەکەیان لێیان کەم دەکەنەوە.

وشەی: (**كَيْل**)، بە کوردیی پێی دەگوترێ: پێوان، بۆ وێنە: دەفرێك – وەك تەنەکە دەغڵێکی تێدەکرێ، چ پڕ بێ، چ پڕ نەبێ، بەڵام کێشان (**وزْن**) ئەوەیە لایەکی تەرازووەکە تا تەرازووێك قورساییەکی تێدا بێ و، لایەکی دیکەش تا تەرازووەکەی دیکە ئەو شتەی تێدابێ کە دەویسترێ بکێشرێ، ئەگەر کیلۆیەکە،

ئەگەر دوو کیلۆیە، سەدە... هتد، ئەو شتەی دیکەش کە دەویستریٚ کێشەکەی بزانریٚ چەندە؟ لە تای تەرازووی بەرانبەریدا دادەنریٚ و پێك هەڵدەسەنگێنرێن.

وشەی: ﴿ يَسْتَوْفُونَ ﴾، (إستَوْفَى أي: أَخَذَ حَقَّهُ وَافِيَاً تَمَامَاً)، مافی خۆی بە تەواویی وەرگرت.

وشەی: ﴿ اكْتَالُوا ﴾، (إفْتِعَال مِنَ الكَيْلِ يُسْتَعَمَلُ فِي تَسَلُّمِ ما يُكال)، (إكتيال): لەسەر کێشی (إفتعال)ە، {لە وشەی: (کیل)ەوە هاتوە {(کیل)، واتە: پێوان}، بەکاردەهێنریٚ بۆ وەرگرتنی ئەوەی دەپێوریٚ، (إکتال)، واتە: ئەوەی پێوراوە، وەریگرت، یانی: کڕی.

٤)- ﴿ أَلَا يَظُنُّ أُولَٰئِكَ أَنَّهُم مَّبْعُوثُونَ ﴿٤﴾ لِيَوْمٍ عَظِيمٍ ﴾، ئایا ئەوانە پێیان وانیە، ئەوان بۆ ڕۆژێکی مەزن هەڵسێنراوەن، زیندووکراوەن (لە لایەن خوای پەروەردگارەوە)؟!.

٥)- ﴿ يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾، ڕۆژێك کە خەڵك بۆ پەروەردگاری جیهانییان هەڵدەستن، ڕادەوەستن.

بۆ واتای وشەی: (ظنّ) لێرەدا:

أ- هەندێك گوتوویانە: (الظن: العِلْم)، (ظن) یانی: زانین، ﴿ أَلَا يَظُنُّ أُولَٰئِكَ ﴾، یانی: (ألاَ يَعْلَمُ أُولَٰئِكَ)، ئایا ئەوانە نازانن، کە زیندوو کراوەو هەڵسێنراوەن بۆ ڕۆژێکی مەزن.

ب- هەندێکیش گوتوویانە: وشەی (ظن)، لێرەدا هەر لەسەر مانا ئەسڵییەکەی خۆیەتی، واتە: گومان و پێوابوون، یانی: ئایا ئەوانە پێیان وانیە، گومانیان وانیە، کە زیندووکراوەن بۆ ڕۆژێکی مەزن؟ ڕۆژە مەزنەکەش ئاوا پێناسە دەکات: ﴿ يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾، ڕۆژێك کە خەڵك هەڵدەستن، ڕادەوەستن بۆ پەروەردگاری جیهانییان، (ل)ی سەر ﴿ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾، پێی دەگوتریٚ: (لام للأجل)، (لامی لە پێناودا، لەبەر خاتری)، چونکە خوا ﷻ فەرمانیان پێ دەکات، ڕادەوەستن و ئەوانیش بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی وی ڕادەوەستن.

لێرەدا کە خوای بەرز ئاوا دەفەرموێ: ﴿ أَلَا يَظُنُّ أُوْلَٰٓئِكَ ﴾، ئەوە پرسیارکردنی سەرسوڕماندنە، یانی: شتێکی سەیرو عەجایبە، کە نەزانن ڕۆژێك دێ، ئەوانە تێیدا زیندوو دەکرێنەوە، ئەو ڕۆژەی خەڵك هەموو ڕادەوەستن و ڕادەگیرێن بۆ پەروەردگاری جیهانییان، واتە: ئەگەر ئەوان ئیمانیان بەو ڕۆژە بێ، بە ڕاوەستانیان لەو ڕۆژەدا، وەك چاوەڕوانییان بۆ بڕیاری پەروەردگاری جیهانییان، بەو شێوەیە لە کێشان و پێواندا، فرت و فێڵ ناکەن و مافی خەڵك ناخۆن.

لە بارەی ڕاوەستانی خەڵکەوە لەو ڕۆژەدا بۆ خوای پەروەردگار، ئەم سێ دەقە دێنین:

١- {عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﷺ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: ﴿ يَوْمَ يَقُومُ ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، حَتَّى يَغِيبَ أَحَدُهُمْ فِي رَشْحِهِ إِلَى أَنْصَافِ أُذُنَيْهِ} (أخرجه البخاري: ٦١٦٦، والترمذي: ٣٣٣٦، وغيرهما).

واتە: ئیبنو عومەر ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەری خاتەم ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ يَوْمَ يَقُومُ ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، دوایی فەرمووی: یەکێك لە مرۆڤان لە ئارەقی خۆیدا، ون دەبێ تاکو نیوەی گوێیەکانی. (تاکو لای زارو چەناگەی دەکەوێتە ئارەق و گەرمایی جەستەیەوە).

٢- {عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: كَيْفَ بِكُمْ إِذَا جَمَعَكُمُ اللَّهُ كَمَا يُجْمَعُ النَّبْلُ فِي الْكِنَانَةِ، خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ لَا يَنْظُرُ إِلَيْكُمْ} (أخرجه الحاكم: ٨٧٠٧، وقال: هذا حديث صحيح الإسناد، ولم يخرجاه، تعليق الذهبي في التلخيص: حديث صحيح، قال الهيثمي (١٣٥/٧): رواه الطبراني ورجاله ثقات، وأخرجه أيضا: الديلمي (٢٩٣/٣ ، رقم ٤٨٧٧)).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ {ئەم ئایەتەی موبارەکەی خوێندەوە: ﴿ يَوْمَ يَقُومُ ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ دوایی} فەرمووی: چی دەبێ کاتێك خوا وەك تیر لە تیرداندا کۆ دەکرێنەوە، ئاوا کۆتان دەکاتەوە، پەنجا هەزار ساڵ تەماشاتان ناکات.

بـەڵام لـە فەرمایشـتی پێغەمبـەردا ﷺ هاتـوە، کـە ئـەو پەنجـا هـەزار سـاڵە بـۆ بـڕواداران بـە ئەنـدازەی نوێژێکـی فـەڕزە کـە دەیکـەن، بـەس ئەوەنـدەی پێدەچـێ، وەك پێشـتریش لـە تەفسـیری سـوورەتی (المعـارج)دا کـە باسـی ئـەو پەنجـا هـەزار سـاڵە دەکات، باسـمان کـردوە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿تَعْرُجُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ﴿٤﴾﴾، ئنجـا بـە پێـی ئـەو فەرموودەیـە، ئـەو پەنجـا هـەزار سـاڵە مەبەسـتی پـێ ڕۆژی دواییـە، کاتێـك خەڵـك کـۆ دەکرێتـەوەو سـزاو پاداشـتیان بـۆ دیـاری دەکـرێ، هـەر لـەو بـارەوە ئـەم دەقـەش هەیـە:

٢)- {عَنْ سُمَيْرِ بنِ نَهَارٍ قَالَ: قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ رضي الله عنه: يَدْخُلُ فُقَرَاءُ الْمُسْلِمِينَ الجَنَّةَ قَبْلَ الْأَغْنِيَاءِ، بِمِقْدَارِ نِصْفِ يَوْمٍ، قُلْتُ: وَمَا مِقْدَارُ نِصْفِ يَوْمٍ؟ قَالَ: أَوَ مَا تَقْرَأُ الْقُرْآنَ؟ قُلْتُ: بَلَى قَالَ: وَإِنَّ يَوْمًا عِنْدَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِمَّا تَعُدُّونَ} (أخرجه ابن حبان: ٧٣٣٣، قال شعيب الأرنؤوط : إسناده صحيح على شرط البخاري).

واتـە: سـومەیری کـوڕی نەهـار دەڵـێ: ئەبـوو هوریرەیـرە (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، گوتـی: مسـوڵمانانی هـەژار پێـش دەوڵەمەندەکانـان دەچنـە بەهەشـت بـە ئەنـدازەی نیـو ڕۆژ، گوتـم: نیـو ڕۆژە چەنـدە؟ گـوتی: ئایـا قورئـان ناخوێنـی؟ گوتـم: بـا، گـوتی: ڕۆژێـك لـە لای پـەروەردگارت وەك هـەزار سـاڵە لـەوەی دەیژمێـرن.

مەسەلەی دووەم:

باسی تاوانباران کە نووسراوەکەیان لە (سِجِّين)دایەو، نووسراوێکە نیشانەدار کراوەو، لەو ڕۆژەشدا سزای دژوار بۆ بەدرۆ دانەرانی ڕۆژی سزاو پاداشتە، کە تەنیا سنوورشکێنانی گوناهکار بەو ڕۆژە بێبڕوان، کە بە ئایەتەکانی خوا دەڵێن: ئەفسانەی پێشووانن، کردەوە خراپەکانیان ژەنگیان لەسەر دڵیان پەیداکردووەو، سەرەنجام لە دیداری خوا پەردە پۆش کراون و، دوایی دەخرێنە کڵپەی دۆزەخەوەو، پێشیان دەگوترێ: ئەوە بوو کە بە درۆتان دادەنا:

خوا دەفەرموێ: ﴿كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْفُجَّارِ لَفِى سِجِّينٍ ﴿٧﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا سِجِّينٌ ﴿٨﴾ كِتَٰبٌ مَّرْقُومٌ ﴿٩﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿١٠﴾ ٱلَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوْمِ ٱلدِّينِ ﴿١١﴾ وَمَا يُكَذِّبُ بِهِۦٓ إِلَّا كُلُّ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ ﴿١٢﴾ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٣﴾ كَلَّا ۖ بَلْ ۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٤﴾ كَلَّآ إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا۟ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٦﴾ ثُمَّ يُقَالُ هَٰذَا ٱلَّذِى كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿١٧﴾﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْفُجَّارِ لَفِى سِجِّينٍ﴾، نەخێر (با وازبێنن) نووسراوی خراپەکاران لە (**سجین**) دایە، لە ئایەتەکانی پێشێدا خوا ﷻ باسی کەسانێکی کرد، کە لە کێشان و پێوان دا، فێڵ و فەرەج دەکەن و مافی خەڵك بە تەواویی نادەن، پێچەوانەی ئەوەی کاتێك بۆ خۆیان دەکڕن، بە کێشان، یان بە پێوان، مافی خۆیان بە تەواویی وەردەگرن، ئنجا خوا ﷻ فەرمووی: ئەوانە سزای سەختیان بۆ هەیە، ئایا ئەوانە نازانن، یان پێیان وانیە کە زیندووکراوەن و هەڵسێنراوەن بۆ ڕۆژێکی مەزن، ئەو ڕۆژەی کە خەڵك بۆ پەروەردگاری جیهانییان ڕادەگیرێ و ڕادەوەستێنرێن، چاوەڕێ دەکەن: خوا چ بڕیارێکیان بۆ دەدا، ئنجا لەم ئایەتە موبارەکانەدا باسی: خراپەکاران ﴿ٱلْفُجَّارِ﴾مان بۆ دەکات، تاوانباران کە دەگونجێ مەبەست هەر ئەو کەسانە بێ، کە لە کڕین و فرۆشتن دا فرت

و فێڵ و فەرەج دەکەن، لە کاتی کێشان و پێوان دا، کە بۆ خەڵك دەکێشن و دەپێون، دەشگونجێ مەبەست ئەوانیش و جگە لەوانیش بێ و، ئەوەی دووەەمیان زیاتر پێ دەچێ، چونکە خوا ﷻ بە گشتیی دەفەرموێ: ﴿ كَلَّآ ﴾، با وازبێنن لە تەرازووبازیی، واز بێنن لە فرت و فێڵ لە کێشان و پێوان بۆ خەڵکدا، یان ڕاست نیە، ئەوە کە ئێوە دەڵێن: هەڵناستێنرێینەوەو زیندوو ناکرێینەوەو لێمان ناپرسرێتەوەو، سزاو پاداشت لە ئارادا نیە، وانیە وەك ئەوان دەڵێن و، با وازبێنن لەو جۆرە قەناعەتە هەڵەیە، ﴿إِنَّ كِتَـٰبَ ٱلْفُجَّارِ لَفِى سِجِّينٍ﴾، بە دڵنیایی نووسراوی تاوانباران لە ﴿سِجِّينٍ﴾دایە، وشەی: ﴿ كَلَّآ ﴾، زۆرجار گوتوومانە: قسەیەکە بۆ هەڵوەشاندنەوەو تێوەخوڕین و سەرزەنشتکردن، ئەوەی لێرەشدا هەڵوەشێنراوەتەوە زیاتر وا پێدەچێ نێوەڕۆکی ئەم ڕستەیە بێ: ﴿ أَلَا يَظُنُّ أُو۟لَـٰٓئِكَ أَنَّهُم مَّبْعُوثُونَ ﴿٤﴾ لِيَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٥﴾ ﴾، واتە: با وانەزانن کە زیندوو ناکرێنەوەو هەڵناسێنرێنەوە بۆ ڕۆژێکی مەزن، دەشگونجێ مەبەست ئەوەبێ: با وازبێنن لە فرت و فێڵ لە کێشان و پێواندا، بەڵام زیاتر وا پێدەچێ ئەوە بێ کە نکووڵییان کردوە، لە زیندووکرانەوەو سزاو پاداشت، چونکە مرۆڤ کە نکووڵیی لە ڕۆژی دوایی و لە قیامەت کرد، ئەو لادان و تاوان و خراپانە هەموویان ڕێیان بۆ تەخت و ئاچووغ دەبێ لەو مرۆڤە دا، وەك کاتی خۆی لە تەفسیری سوورەتی **(القيامة)**دا باسمان کرد: ﴿ بَلْ يُرِيدُ ٱلْإِنسَـٰنُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُۥ ﴿٥﴾ يَسْـَٔلُ أَيَّانَ يَوْمُ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴿٦﴾ ﴾، بەڵکو مرۆڤ (ی بێبڕوا) دەیەوێ هەر بە گوناهو تاوان بیداتە بەر، (وەك هەتا ئێستا بە گوناه هێناویەتی، لەسەر گوناح بەردەوام بێ لەوەو دواش، بۆیە) دەپرسێ: ڕۆژی قیامەت کەنگێیە؟

وشەی: ﴿ ٱلْفُجَّارِ ﴾، کۆی **(فاجر)**ە، یانی: تاوانبار، یان کەسێك زۆر گوناهان بکات، وشەو ناوێکە زاڵ بووە بەسەر هاوبەش بۆ خوادانەرەکانداو، هەر کەسێکی دیکەش دوای ئەوەی دەشبیستێ و دەزانێ، خوا قەدەغەی کردوە، فرت و فێڵ بکرێ لە کێشان و پێواندا، هەر لەسەری بەردەوام دەبێ، ئەوانەش دەگرێتەوە.

﴿ سِجِّينٍ ﴾، وشەیەکە خوای پەروەردگار لە قورئاندا بەکاری هێناوەو، زانایان زۆریان قسە لەبارەوە کردوە، بەڵام بە پێی ئەوەی خوا ﷻ دەفەرموێ:

نووسراوی تاوانباران لە: ﴿سِجِّينٍ﴾ە، دواییش دەفەرموێ: ﴿كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْأَبْرَارِ لَفِى عِلِّيِّينَ﴾، نووسراوی چاکەکاران لە ﴿عِلِّيِّينَ﴾ە، ئەویش خودی بێژە (لفظ) ەکەی دەلالەت لەسەر نێوەڕۆك و واتایەکەی دەکات، واتە: لەسەرێ، کەواتە: ﴿سِجِّينٍ﴾، دەبێ لە خوارێ بێ و، شتێکی مسۆگەرە کە ﴿سِجِّينٍ﴾، لە خوارەوەی دروست کراوەکانی خوای بەرزو باڵادەستە.

هەڵبەتە ئێمە دەزانین کە ئێستا خواروو و سەروو، شتێکی ڕێژەیین و بە نسبەت ئێمەوە، لای پێیەکانمان کە زەوی ڕاماندەکێشێ، دەبێتە خوارێ و، لای پێچەوانەی پێیەکانمان، لای سەرەوەمان دەبێتە سەرێ، بەڵام بێگومان کە خوا ﷻ لە قورئاندا باسی سەرو خوار دەکات، لە دروستکراوانی خوای زاناو توانادا، لەو گەردوونەدا کە ئێستا هەیە، دواییش لەو عالەمەدا کە خوا دەیخوڵقێنێ و دەیهێنێتە پێش، بۆ ڕۆژی سزاو پاداشت، دیارە سەرێ و خوارێی هەیە، هەرچەندە ئێستاش ئێمە نەزانین چۆنە؟ چونکە بە دڵنیایی ئەو عالەمەی ئەو کاتە دروست دەکرێتەوە، جیایە لەوەی ئێستا، وەك خوای بێ وێنەو تاك لە سوورەتی (إبراهيم)دا دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿٤٨﴾﴾، واتە: ئەو ڕۆژەی زەوی جیا لەم زەوییە دەبێ و ئاسمانەکانیش جیا لەم ئاسمانانەی ئێستا دەبن و، هەموویان بۆ خوای تاکی مل پێکەچکەر دێنە گۆڕێ.

٢)- ﴿وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا سِجِّينٌ﴾، ئایا چی بە تۆی زانandوە ﴿سِجِّينٍ﴾، چییە؟ لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَدْرَىٰكَ﴾، چی شتێك بە تۆی زانیوە، چ شتێك وای لە تۆ کردوە بزانی: ﴿سِجِّينٍ﴾ چییە؟ ئەوە بۆ بە زەبەلاح و مەزن پیشاندانی ﴿سِجِّينٍ﴾ە، واتە: شتێکی هێندە گەورەو گرنگە، هێندە زەبەلاح و بێڕەزایە، ئەگەر خوا پێت نەفەرموێ، خۆت نازانی چییە؟ چ دوێنراو (**مخاطب**) موحەممەد ﷺ بێ، چ هەر کەسێکی دیکە بێ.

دوایی خوا بۆ خۆی پێناسەی دەکات و دەفەرموێ:

٣)- ﴿كِتَٰبٞ مَّرۡقُومٞ﴾، نووسراوێکی نیشانەدار کراوە، (کتاب)، یانی: (مکتوب)، نووسراو.

کە دەفەرموێ: ﴿مَّرۡقُومٞ﴾، أ- بە مانای نیشانەدار کراو دێ و، ب- بە مانای شتی چنراوو، ج- بە مانای نووسینی درشت و زەقیش دێ.

بۆیە هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ﴿كِتَٰبٞ مَّرۡقُومٞ﴾، نووسراوێکە بە نووسینێکی زۆر ڕوون نووسراوەو، وەك ئەو نیشانانە وایە کە لە پۆشاکێکدا دەچێنرێن.

کەواتە: ﴿كِتَٰبٞ مَّرۡقُومٞ﴾، یانی: نووسراوێکی نیشانەدار کراوی زانراو، بە جۆرێك کە کەسەکان بە هۆیەوە دەناسرێن و، هەر کامیان لەوانی دیکە جیا دەکرێتەوە.

٤)- ﴿وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ﴾، لەو ڕۆژەدا سزای سەخت، یاخود هاوار، یان سەختترین سزا، بۆ بە درۆ دانەران، چی بە درۆ دادەنێن؟.

٥)- ﴿ٱلَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾، ئەوانەی ڕۆژی سزاو پاداشت بە درۆ دادەنێن.

٦)- ﴿وَمَا يُكَذِّبُ بِهِۦٓ إِلَّا كُلُّ مُعۡتَدٍ أَثِيمٍ﴾، هیچ کەسیش ئەو (ڕۆژی سزاو پاداشت)ە، بە درۆ دانانێ، مەگەر هەر سنوورشکێنێکی زۆر گوناهکار.

﴿مُعۡتَدٍ﴾: **(الإعْتِداءُ: تَجَاوزُ الحَدِّ مَعَ اللهِ وَالرَّسُولِ وَالنَّاس)**، (إعتداء) سنوور شکاندنە لە مامەڵە لەگەڵ خواو لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ و لەگەڵ خەڵکدا.

﴿أَثِيمٍ﴾، واتە: زۆر گوناهکار، ڕێژگەی زێدەڕۆیی (آثم)ە، واتە: گوناهکار ﴿أَثِيمٍ﴾یش، واتە: زۆر گوناهکار.

٧)- ﴿إِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ﴾، کاتێك ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا بخوێنرێنەوە، دەڵێ: ئەفسانەکانی پێشینانە.

(آیاتنا) مەبەست پێی ئایەتەکانی قورئانە، بۆیە دەفەرموێ: بخوێنرێنەوە، ئەگەرنا وشەی: **(آیات)**، وەك چۆن بە مانای ڕستەکانی قورئان دێ، بە مانای بەڵگەو موعجیزەکانی پێغەمبەرانیش دێ و، بە مانای دیاردەو دیمەنەکانی بوونەوەرو دەوروبەریش دێ.

﴿ قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾، دەڵێ: ئەفسانەی پێشینانە، ﴿ قَالَ ﴾، یانی: گوتی، بەڵام ﴿ إِذَا ﴾، کە جێبووەوەی کات (**ظرف الزمان**)ە، کە بەکاردەهێنرێ بۆ کردەوەیەك شتێکی تێدا ڕوودابێ، ئەگەر ڕابردووش بێ، مانایەکەی دەکات بە ئێستاو داهاتوو: کاتێك ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا دەخوێنرێنەوە: ﴿ قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾، دەڵێ: ئەفسانەی پێشینانە، ﴿ أَسَٰطِيرُ ﴾، (**جَمْعُ أسْطُورَة، وهي القِصَّةُ، وَالأَكْثَرُ عَلَى أَنَّ المرَادَ: القِصَّة المختَرَعَة الَّتِي لَمْ تَقَع**)، ﴿ أَسَٰطِيرُ ﴾، کۆی (**أسطورة**)یە، ئەویش بە مانای بەسەرهات و چیرۆك دێ، بەڵام زیاتر (زانایان ڕایان وایە) مەبەست ئەو چیرۆکەیە، هەڵبەستراوەو ڕووی نەداوە، یانی: شتێکی هەڵبەستراوە، خوای بەرزیش دەفەرموێ:

٨)- ﴿ كَلَّا ﴾، ڕاست نیە، وەك ئەوان دەڵێن، یاخود: با وازبێنن لەو بیرڕواییە.

٩)- ﴿ بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴾، بەڵکو ئەوەی ئەنجامی دەدەن لە کردەوە (خراپە)کانیان، ژەنگی لەسەر دڵیان پەیداکردوە.

﴿ بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم ﴾، (حفص) و هەندێك لە قوڕئان خوێنەکان وایان خوێندۆتەوە، کە: ﴿ بَلْ ﴾ و ﴿ رَانَ ﴾، لێك دەپچڕێن، بەڵام زۆربەیان ئاوایان خوێندۆتەوە: (**كَلاَّ بَرَّان عَلَى قُلُوبِهِم**)، لە ڕاستییدا خوێندنەوەی دووەمیشیان خۆشترە لەسەر زمان، واتە: باواز بێنن، یان وانیە، وەك ئەوان دەڵێن، بەڵکو کردەوەکانیان ژەنگیان لەسەر دڵیان پەیدا کردوەو، کاتێك بە دڵی ژەنگاوییەوە تەماشای ئایەتەکانی خوا دەکەن، وایان دێتە بەرچاو کە ئەفسانەی پێشینانن، دڵەکەیان ئەو حاڵەتی سپیی و ڕۆشنیەی نەماوە، کە شتەکان وەك خۆیان ببینێ، وەك چۆن ئاوێنەیەك تۆزو خۆڵی دەکەوێتە سەر، ئەگەر وێنەیەکی بەرامبەری بخرێتە سەر، وەك خۆی پێشانی نادات، لەبەر تۆزو خۆڵەکە، دڵی ئەوانەش ژەنگی لێنیشتوە، بۆیە ئایەتەکانی خوا وەك خۆیان نابینن، وشەی: ﴿ رَانَ ﴾، (**الرَّين: الصَّدَءُ الَّذِي يَعْلُو الحَدِيدَ**)، (**رَيْن**)، ئەو ژەنگەیە لەسەر ئاسن دەنیشێ، ﴿ رَانَ ﴾ کرداری ڕابردووە، (**مِثْلُ عَيْب وعاب**)، (**عیب**)، کەم و کوڕیی، ناوەو (**عاب**)ش کرداری تێپەڕیوە، یانی: کردەوە خراپەکانیان دڵی داپۆشیون کە تێگەیشتن لە قوڕئانی بچێتەتێ.

١٠)- ﴿ كَلَّآ إِنَّهُمۡ عَن رَّبِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّمَحۡجُوبُونَ ﴾، با وازبێنن، (یاخود: ڕاست نیە، وەك ئەوان دەڵێن)، بە دڵنیایی ئەوان لەو ڕۆژەدا لە پەروەردگاریان پەردە پۆش کراون، (**الحَجْبُ: السَّتْرُ، وَيُسْتَعْمَلُ عَلَى المنْعِ مِنَ الحُضُورِ لَدَى الملِكِ**)، وشەی (**حَجْب**) بە مانای پۆشین دێ و، دوایی بەکاردێ بۆ ڕێگرتن لە ئامادە بوون لە لای حوکمڕان، واتە: ئەوانە پەردە پۆش دەکرێن و ڕێگا نادرێن پەروەردگاریان ببینن.

١١)- ﴿ ثُمَّ إِنَّهُمۡ لَصَالُواْ ٱلۡجَحِيمِ ﴾، دواییش بە دڵنیایی ئەوان بە شێوەیەکی تایبەت خراوەوە نێو کڵپەی دۆزەخن.

وشەی: ﴿ ثُمَّ ﴾، (**للتراخي الرُّتبيّ**)، بۆ بە دوای یەکداهاتنی پلە پلەییە.

وشەی: (**صلي**)، ئەوەیە شتێك گەرمایی ئاگری بگاتێ بە شێوەیەکی تایبەت، وەك زۆر جار باسمان کردوە (**صلي**) ئەوە نیە هەر بسووتێ و هیچی دیکە، بەڵکو ئەوەیە لە هەر چوار دەورەوە تینی ئاگری بگاتێ و بیپیشێ، یاخود ببرژێ، یانی: ئەوانە بەو شێوەیە دەخرێنە نێو کڵپەی دۆزەخەوە.

١٢)- ﴿ ثُمَّ يُقَالُ هَٰذَا ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴾، دوایی دەگوترێ: (بەوان دەگوترێ)، ئەمە ئەوە بوو ئێوە پێی بێبڕوا بوون و بە درۆتان دادەنا.

زانایان لە بارەی ئەم دوو ئایەتە موبارەکەوە زۆریان قسە کردوە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ كَلَّاۖ بَلۡۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿١٤﴾ كَلَّآ إِنَّهُمۡ عَن رَّبِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّمَحۡجُوبُونَ ﴿١٥﴾ ﴾، با واز بێنن، بەڵکو کردەوە خراپەکانیان کە دەیانکەن، ژەنگیان لەسەر دڵیان پەیدا کردوە، با واز بێنن، ئەوان لەو ڕۆژەدا لە پەروەردگاریان پەردە پۆش دەکرێن:

أ- هەندێك لە زانایان گوتوویانە: لێرەدا کە خوا دەفەرموێ: ﴿ كَلَّآ إِنَّهُمۡ عَن رَّبِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّمَحۡجُوبُونَ ﴾، با واز بێنن ئەوان لەو ڕۆژەدا لە پەروەردگاریان پەردە پۆش دەکرێن، مەبەست ئەوەیە: پەروەردگاریان لوتفیان لەگەڵ نانوێنێ و ڕێزیان ناگرێ و پاداشتیان ناداتەوە.

ب- هەندێکیش گوتوویانە: بەڵکو مەبەست ئەوەیە پەروەردگاریان نابینن و بە دیداری شاد نابن.

(الطبري) لەو بارەوە دەڵێ: (**فَالصَّوَابُ أَنْ يُقَالَ: هُمْ مَحْجُوبُونَ عَنْ رُؤْيَتِهِ، وَعَنْ كَرَامَتِهِ، إِذْ كَانَ الخَبَرُ عَامًّا، لَا دَلَالَةَ عَلَى خُصُوصِهِ**)، واتە: نزیکترینی قسەکان لە ڕاستییەوە ئەوەیە بگوترێ: ئەوانە پەردە پۆش دەکرێن، لە دیتنی خواو لە ڕێز لێگرتنی خوا، چونکە خوا ﷻ بە گشتیی وای فەرمووەو، هیچ بەڵگەیەك نیە لەسەر تایبەتکردنی بە شتێکەوە، جیا لە شتەکانی دیکە، (کە مەبەستی پێ بینینە)، کەواتە: بێبڕوایان پەردە پۆش دەکرێن، لە ڕێز لێگرتنی خواو، لە دیتنی خواو، بە دیدار شادبوونی خوا، لە هەموو شتێك پەردە پۆش دەکرێن.

لە بارەی ئەو ڕستەیەی پێشەوەش: ﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴾، سەرەتا ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ دێنین، کە زۆربەی تەفسیرەکان هێناویانە:

أ- {**عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، عَنْ رَسُولِ الله ﷺ قَالَ: «إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا أَخْطَأَ خَطِيئَةً نُكِتَتْ فِي قَلْبِهِ نُكْتَةٌ سَوْدَاءُ، فَإِذَا هُوَ نَزَعَ وَاسْتَغْفَرَ وَتَابَ، صُقِلَ قَلْبُهُ، وَإِنْ عَادَ زِيدَ فِيهَا، حَتَّى تَعْلُوَ قَلْبَهُ، وَهُوَ الرَّانُ الَّذِي ذَكَرَ اللهُ: ﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴿١٤﴾ ﴾المطففين»} (أخرجه التِّرمِذِيُّ: ٣٣٣٤، وقال حديث صحيح، وَحَسَّنَهُ الألباني في «صحيح الترغيب والترهيب»: ٢٤٦٩).**

واتە: ئەبوو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: کاتێك بەندە گوناهێکی کرد، خاڵێکی ڕەش لەسەر دڵی پەیدا دەبێ، ئنجا ئەگەر وازی لێ هێناو داوای لێبوردنی کردو، گەڕایەوە (بۆ لای خوا) و، تۆبەی کرد، دڵی سپیی دەبێتەوە، ئەگەر گوناهەکانیشی بەردەوام بوون، خاڵە ڕەشەکان زیاد دەکەن، هەتا دەبێتە ژەنگ بەسەر دڵیەوەو تەواو کەمرەی لەسەر دەبەستێ و ئەوەیە کە خوا **عزَّوجل** باسی فەرموە: ﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم

مَّا كَانُواْ يَكْسِبُونَ (١٤)﴾المطففين، واتە: نەخێر ڕاست ناکەن، بەڵکو دڵیان بە هۆی گوناهەکانیانەوە، کەمەڕەی بەستوەو ژەنگی هێناوەو داخراوە.

ب- هەر لەو بارەوە لە (**الحسن البصري**)یەوە (**الطبري**) بە ژمارە: (٣٦٧٤٠)، هێناویەتی: (**الذَّنْبُ عَلَى الذَّنْبِ، حَتَّى يَعْمَى الْقَلْبُ فَيَمُوتَ**)، واتە: گوناح لە دوای گوناح، تاکو دڵەکە کوێر دەبێ و یەکجاریی دەمرێ.

ج- هەر (**الطبري**) بە ژمارە: (٣٦٧٤٢)، ئەم دەقەشی هێناوە: (**عَنِ الْأَعْمَشِ، قَالَ: أَرَانَا مُجَاهِدٌ بِيَدِهِ، قَالَ، كَانُوا يَرَوْنَ الْقَلْبَ فِي مِثْلِ هَذَا، يَعْنِي الْكَفَّ، فَإِذَا أَذْنَبَ الْعَبْدُ ذَنْبًا ضُمَّ مِنْهُ، وَقَالَ بِأُصْبُعِهِ الْخِنْصَرِ هَكَذَا، فَإِذَا أَذْنَبَ ضَمَّ أُصْبُعًا أُخْرَى، فَإِذَا أَذْنَبَ ضَمَّ أُصْبُعًا أُخْرَى، حَتَّى ضَمَّ أَصَابِعَهُ كُلَّهَا، ثُمَّ يُطْبَعُ عَلَيْهِ بِطَابَعٍ، قَالَ مُجَاهِدٌ: وَكَانُوا يَرَوْنَ أَنَّ ذَلِكَ الرَّيْنُ**).

واتە: ئەعمەش (کە یەکێکە لە زانایانی شوێنکەوتووان، جیلی دوای هاوەڵان ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێ)، دەڵێ: موجاهید بە دەستی خۆی پێشانی داین، (ئەو ژەنگ لێ نیشتنەی دڵ چۆنەو)، گوتی: زانایان پێیان وابووە دڵ بەم شێوەیە، وەك لەپە دەستی مرۆڤ، کاتێك بەندە گوناهێك دەکات، هەندێکی لێ دێتەوە یەك، ئنجا پەنجەی گچکەی هێنایەوەیەك، ئەگەر گوناهێکی دیکەی کرد، پەنجەیەکی دیکەشی هێنایەوە لای لەپە دەستی، ئەگەر گوناهێکی دیکەی کرد، پەنجەیەکی دیکەشی هێنایەوە یەك، هەتا هەر پێنج پەنجەکانی بە لەپە دەستیەوە نووساندن، دواییش بە مۆرکردنێك مۆر دەکرێ، موجاهید گوتی: پێیان وابووە مەبەست لەو مۆر کردنە، ئەو ژەنگەیە لەسەری دەنیشێ (ڕێی وەرگرتنی هیدایەتی خوای پەروەردگاری لێ دەگرێ).

کورتەو پوختەی واتای ئەم ئایەتە موبارەکانەی، خوا ﷻ باسی تاوانبارانی تێدا کردن، ئەوەیە: نووسراوی تاوانباران لە: ﴿سِجِّينٍ﴾ە، کە هەندێك لە زانایان گوتوویانە: {(**سجين**): (**الأَرْض السَّابعة السُّفْلَى**)، چینی حەوتەمینی ژێرەوەی زەوییە.

ئنجا خـوا ﷻ پێناسـەی ﴿ سِجِّينٍ ﴾ی کـرد، کـە نووسراوێکـی نیشـانەدار کـراوەو، باسـی ئـەوەی کـرد کـە سـزای سـەخت بۆ بـە درۆ دانـەران، ئەوانـەی بڕوایان بـە ڕۆژی سـزاو پاداشـت نیـە، دوایـی خـوا ﷻ ڕایگەیانـد: تەنیا ئەوانـە بڕوایـان بـە ڕۆژی سـزاو پاداشـت نیـە، کـە زۆر سـنوور بەزێـن و زۆر گوناهـکارن، بابـای گوناحـکاری سـنوور شـکێن، خـوا ﷻ خوایەتـی قیامـەت هـەر نەبـێ و لێپرسـینەوەو سـزاو پاداشـت هـەر نەبـێ، ئـەو کەسـەی کاتێـك ئایەتەکانـی ئێمـەی بەسـەردا دەخوێنرێنـەوە، دەڵـێ: ئەمانـە ئەفسـانەی پێشـینانن، خـوای پەروەردگاریـش دەفەرمـوێ: نەخێـر بەڵکـو کـردەوە خراپەکانیـان ژەنگیـان لەسـەر دڵیـان پەیـدا کـردوون و، دڵیـان ژەنگاویـی بـووەو بـەو دڵـە ژەنگاوییـەوە ئـەو ئایەتانـەی خـوا وەك خۆیـان نابینیـن.

ئنجـا خـوا دەفەرمـوێ: بـا وازبێنـن ئەوانـە لـە ڕۆژی دواییـدا لـە پەروەردگاریـان پـەردە پـۆش دەکرێـن، واتـە: بـێ بـەش دەکرێـن لـە دیـداری پەروەردگاریـان و، بـێ بـەش دەکرێـن لـە پاداشـتی پەروەردگاریـان و لـە ڕێـز لێگرتنـی پەروەردگاریـان، ئنجا دوای ئـەوە دەخرێنـە دۆزەخـەوەو، بـە شـێوەیەکی تایبـەت دەسـووتێنرێن و پێشـیان دەگوتـرێ: ئەمـە بـوو ئێـوە پێـی بێبـڕوا بـوون و بـە درۆتـان دادەنـا!

کەواتـە: کـردەوە خراپـەکان دەبنـە هـۆی پەیدابوونـی ژەنـگ لەسـەر دڵ و، ئـەو ژەنـگ هێنانـەی دڵیـش دەبێتـە هـۆی بـڕوا نەهێنـان بـە ئایەتەکانـی خـواو، ئەویـش دەبێتـە هـۆی پـەردە پۆشـکران لـە دیـداری خـوا، ئنجـا دەخرێنـە دۆزەخـەوە.

خـوای میهرەبـان پەنامـان بـدات و، لـەو کەسانەشـمان بگێـڕێ کە بەهـۆی ئیمانەوە هەمیشـە دڵیـان ڕوونـاك و پرشـنگدار دەبـێ و، ئایەتەکانـی خـوای پەروەردگاریـش، وەك بـۆ ئایەتـەکان شایسـتەیە، ئـاوا دەیانبینیـن و لێیـان تێدەگەیـن.

مەلەسەی سێیەم:

باسی لە: ﴿عِلِّيِّينَ﴾ بوونی نووسراوی چاکەکاران، کە نووسراوێکی نیشانەدار کراوەو، فریشتە زۆر لە خوا نیزیکخراوەکان دەیبینن و، باسی چاکەکارانیش کە لە نێو نازو نیعمەتدان و، لەسەر تەختان تەماشا دەکەن و، گەشیی و شادمانییان پێوە دیارەو، لە شیلەی سەر بەستراو کە کۆتاییەکەی میسکە، دەیاندرێتێ و، هەر ئەوەش شایستەی پێشبڕکە تێدا کردنەو، خواردنەوەکەیان لە تەسنیمی تێکەڵ دەکرێ، کە کانییەکە زۆر لە خوا نیزیکخراوان بە ڕووتیی و بێ ئەوەی هیچی لەگەڵ تێکەڵ بکرێ، لێی دەخۆنەوە:

خوا دەفەرمووێ: ﴿كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْأَبْرَارِ لَفِى عِلِّيِّينَ ﴿١٨﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا عِلِّيُّونَ ﴿١٩﴾
كِتَٰبٌ مَّرْقُومٌ ﴿٢٠﴾ يَشْهَدُهُ ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴿٢١﴾ إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍ ﴿٢٢﴾ عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴿٢٣﴾ تَعْرِفُ
فِى وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ ٱلنَّعِيمِ ﴿٢٤﴾ يُسْقَوْنَ مِن رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ ﴿٢٥﴾ خِتَٰمُهُۥ مِسْكٌ وَفِى ذَٰلِكَ
فَلْيَتَنَافَسِ ٱلْمُتَنَٰفِسُونَ ﴿٢٦﴾ وَمِزَاجُهُۥ مِن تَسْنِيمٍ ﴿٢٧﴾ عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴿٢٨﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١- ﴿كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْأَبْرَارِ لَفِى عِلِّيِّينَ﴾، نەخێر (با وازبێنن) نووسراوی چاکەکاران لە (عِلِّيين)ە، وەك زۆرجار گوتوومانە: ﴿كَلَّآ﴾(**كلمة ردع وزجر وإبطال**)، لێرەدا (**كلاّ**): (**الردّع والزّجر عمّا كانوا عليه**)، (**كلاّ**) بۆ تێخوڕین و دوورخستنەوەیانە لەوەی لەسەری بوون، واتە: واز بێنن لەوەی لەسەرینی، یاخود: واز لەو جۆرە قسانە بێنن.

دەشگونجێ لێرەدا: ﴿كَلَّآ﴾، بە مانای (حَقًّا) بێ، واتە: بەڕاستیی، ﴿إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْأَبْرَارِ لَفِى عِلِّيِّينَ﴾، بە دڵنیایی نووسراوی چاکەکاران لە ﴿عِلِّيِّينَ﴾ە، ﴿ٱلْأَبْرَارِ﴾، کۆی (بارّ)، یان (بَرّ)ەو هەردووکیان، یانی: (**الّذِي يَفْعَلُ الخَيْرَ**)، ئەو کەسەی چاکە دەکات، هەندێکیش لە زانایان گوتوویانە: (بَرَرَة)، کۆی (بَرّ)ەو،

﴿ ٱلۡأَبۡرَارِ ﴾، كـۆی (بـارّ)ە، هەندێكیـش گوتوویانـە: هەردووكیـان كـۆی هـەردوو ناوەكـەن.

٢)- ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا عِلِّيُّونَ ﴾، چ شتێك بە تۆی زانـاندوه، ﴿ عِلِّيُّونَ ﴾ چییە؟ لە بارەی ﴿ سِجِّينٍ ﴾ەوە، زانایان هیچ ڕا جیاییان نیە كە یەك وشەیەو تەواو و نەیانگوتوە: كۆیە وەك (عِلّيين)، بەڵكو وشەیەكەو ناوێكە بۆ شوێنێكی زۆر نزم كە لە خوارەوەی دروستكراوەكانی خوایەو، لیستی (نووسراو)ی بێبڕوایان لەوێدایە.

بەڵام بە نسبەت ﴿ عِلِّيُّونَ ﴾ەوە زانایان دوو ڕایان هەن:

أ- هەندێكیان گوتوویانە: ﴿ عِلِّيُّونَ ﴾، كۆی (عِلّي)یە، یانی: ئەو كەسەی پاڵدەدرێتە لای بەرزیی.

ب- (**الفَراء**)، دەڵێ: ﴿ عِلِّيُّونَ ﴾، (**عَلَمٌ عَلَى مَكَانِ الأَبْرَارِ لاَ وَاحِدَ لَهُ، فَلَيْسَ جَمْعَاً**)، واتە: ﴿ عِلِّيُّونَ ﴾، هەمووی ناوێكە بۆ شوێنی چاكەكاران (شوێنی لیستی كردەوەی چاكەكاران) و تاكی نیە لە خۆی و خۆیشی كۆ نیە، بەڵكو هەر ناوێكی ناسێنەر (**عَلَم**)ە.

هـەردوو ڕایـەكان هـەن، بـەڵام ڕای یەكەمیـان لـە ڕاسـتییەوە نیزیكـترە، كـە ﴿ عِلِّيُّونَ ﴾، كـۆی (**عِـلّي**) بـێ، خـوا دەفەرمـوێ: چ شـتێك بەتۆی زانانـدوە ﴿ عِلِّيُّونَ ﴾، چییـە؟ ئـەم شـێوازەش بـۆ گـەورەو زەبـەلاح پێشـاندانی پلـەو پێگـەی ﴿ عِلِّيُّونَ ﴾ە.

٣)- ﴿ كِتَٰبٌ مَّرۡقُومٌ ﴾، نووسراوێكی نیشانەدار كراوە، یاخود: ﴿ مَّرۡقُومٌ ﴾، (**أي: المَكْتُوبُ كِتَابَةً بَيِّنَةً تُشْبِهُ الرَّقْمَ المَنْسُوج**)، ﴿ مَّرۡقُومٌ ﴾، نووسراوێك بە نووسینێكی ڕوون نووسراوە، دەشوبهێتە ئەو نەخش و نیگارەی لەسەر قوماشێكی چنراو هەیە.

٤)- ﴿ يَشۡهَدُهُ ٱلۡمُقَرَّبُونَ ﴾، زۆر نیزیكخراوەكان دەیبینن و لە لای ئامادە دەبن، (**شهِدَ**): بە مانای: زانی (**إطلع**) و، بە مانای: ئامادەبوو (**حضر**)، دێ، كەواتە: ﴿ يَشۡهَدُهُ ٱلۡمُقَرَّبُونَ ﴾، زۆر نیزیكخراوەكان دەیبینن، یاخود لە لای ئامادە دەبن، زۆر نیزیكخراوان لە كێ؟ ئەوانەی لە خوای پەروەردگار زۆر نیزیكخراوەن، ناوی چاكەكاران لەوێدایە، بەڕێزو حورمەتەوە ناوەكانیان لەوێدا تۆمار كراون، یاخود لیستی كردەوە تۆماركراوەكانیان لەوێدایە.

٥)- ﴿ إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍ ﴾، بە دڵنیایی چاکەکاران لە نێو نازو نیعمەت دان، (**النَّعِيمُ: التَّنَعُّمُ العَظِيمُ الَّذِي لاَ يُقَادَرُ قَدْرُهُ**)، (**نَعِيم**): بریتیە لەو خۆشگوزەرانییە مەزنەی ئەندازەکەی نازانرێ.

﴿ ٱلْأَبْرَارِ ﴾، کۆی (**بارّ**)، یان کۆی (**بَرّ**)ە، بە مانای چاکەکار، خوا دەفەرموێ: بە دڵنیایی چاکەکاران لە نێو نازو نیعمەت دان، لێرەدا: ﴿ ٱلْأَبْرَارِ ﴾، دەکەوێتەوە بەرانبەر ﴿ ٱلْفُجَّارِ ﴾، گوناهکارو تاوانباران.

٦)- ﴿ عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴾، لەسەر تەختان دەڕوانن، ﴿ ٱلْأَرَآئِكِ ﴾، (**جَمْعُ أَرِيكَة: الأَسِرَّةُ الَّتِي لَهَا حِجَالٌ**)، ﴿ ٱلْأَرَآئِكِ ﴾، کۆی (**أَرِيكَة**)یەو، بریتین لەو تەختانەی پەردەیان بەسەرەوەیە، (**سرير**)، بە (**أسرة**) کۆ دەکرێتەوەو، ئەگەر پەردەی بە سەرەوە بێ، پێی دەگوترێ: (**أَرِيكَة**)، ئەگەر پەردەی بە سەرەوە نەبێ، هەر پێی دەگوترێ: (سرير)، تەخت، پێشتریش چەند جارێك باسمان کردوە.

خوا دەفەرموێ: چاکەکاران لە نێو نازو نیعمەت دان لەسەر تەختەکانی خۆیانەوە کە پەردەیان بەسەر دادراون، تەماشا دەکەن، ئایا تەماشای چی دەکەن؟ خوا ﷻ ڕوونی نەکردۆتەوە تەماشای چی دەکەن:

١- تەماشای نازو نیعمەتێك دەکەن کە خوا پێیداون.

٢- تەماشای یەکدی دەکەن.

٣- تەماشای تاوانباران دەکەن، چۆن سزا دەدرێن! هەمووی دەگرێتەوە.

٧)- ﴿ تَعْرِفُ فِى وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ ٱلنَّعِيمِ ﴾، لە دەم و چاویاندا گەشیی و شادمانیی نازو نیعمەت دەبینی.

وشەی: ﴿ تَعْرِفُ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (**تُعْرَف**)، دەناسرێ، ئەو کاتەش دەبێ بگوترێ: (**نَضْرَةُ النَّعيم**)، واتە: لە ڕوویاندا گەشیی نازو نیعمەت دەزانرێ و دەناسرێ، بەڵام ئەگەر بخوێنرێتەوە: ﴿ تَعْرِفُ ﴾، واتە: تۆ (ئەی دوێنراو!) ئەگەر

تەماشـایان بکـەی لـە دەم و چاویانـدا گەشـەی نـازو نیعمـەت دەبینـی، یانـی: (**إِذَا رَأَيْتَهُمْ عَرَفْتَ أَنَّهُم مِنْ أَهْلِ النِّعْمَةِ لِمَا تَرَى فِي وُجُوهِهِم مِنَ النُّورِ وَالحُسْنِ وَالبَيَاضِ وَالبَهْجَةِ وَالرَّوْنَقِ**)، ئەگـەر بیانبینـی، دەزانـی ئەوانـە لـەو جـۆرە کەسـانەن کـە لـە نـازو نیعمـەت دان، چونکـە لـە دەم و چاویـان دا ڕووناکیـی و جوانیـی و سـپێتیی و گەشـیی و ڕەونـەق دەبینـی.

٨)- ﴿ يُسْقَوْنَ مِن رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ ﴾، پێیان دەنۆشرێ لە شیلەی سەربەستراو.

﴿ رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ ﴾:

أ- یەکێك لە زانایان وای لێکداتەوە: (**الرَّحِيقُ: الخَمْرُ الصَّافِيَةُ الطَّيِّبَة**)، ﴿ رَّحِيقٍ ﴾: بریتیە لە شەڕابێکی ڕوونی خۆش و چاك.

ب- یەکێکی دیکە لە زانایان دەڵێ: (**الرَّحِيقُ: الخَمْرُ الَّذِي لاَ غَشَّ فِيهِ، وَلاَ شَيءَ يُفْسِدُهُ**)، ئەو مەیەیە کە هیچ فێڵی تێدا نیەو، هیچ شتێك تێکی نادات.

﴿ مَّخْتُومٍ ﴾: أ- (**الَّذِي لَه خِتَام**)، (**مختوم**) ئەوەیە کۆتاییەکی هەیە.

ب- (**أو مطويٌّ فممنوع أن تمسه يَدٌ**).

ب- یاخود: پێچراوەتەوەو ڕێ گیراوە، هیچ دەستێك بیگاتێ.

ج- هەندێکی دیکەش گوتوویانە: ﴿ مَّخْتُومٍ ﴾: واتە: دەفرەکەی بەستراوە، چونکە (مختوم) ناوی بەرکار (**اسم مفعول**)ە و لە (**ختم**)وە هاتوە، دەفرێك بە جۆرێك لە قوڕ ببەسترێ کە زۆر جیڕ بێ و، کاتێکیش وشك بێتەوە بە زەحمەت هەڵبکەنرێ و ئەگەر هەڵبکەنرێ، بزانرێ هەڵکەندراوە، واتە: لە شەڕابێکی زۆر نایابی زار بەستراوی دەست لێ نەدراو، دەیاندرێتێ.

٩)- ﴿ خِتَامُهُ مِسْكٌ ﴾، کۆتـاییەکەی، بەستەرەکەی میسـکە، ﴿ خِتَامُهُ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (**خَاتِمُهُ**)، کۆتایی هێنەرەکەی یانی: ئەو شتەی زاری ئەو دەفرەی پێ

بەستراوە بریتیە لە میسك، یانی: ئەگەر لە دنیادا زاری دەفرەکانیان بە قوڕو شێوەکانی دەبەستن، لەوێ بە میسك بەستراوە، یاخود: کۆتاییەکەی کە دەیخۆیەوە، کۆتا تام لە دەمتدا، لە زارتدا، بۆنی میسك دەدا.

(**إبن عاشور**)، ئاوا پێناسەی میسك دەکات، هەڵبەتە پێشتریش پێناسەی میسکمان کرد، کە لە هەندێك جۆری ئاسك پەیدا دەبێ، بەڵام (إبن عاشور) جوانتر ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێ:

(الْمِسْكُ: مَادَّةٌ حَيَوَانِيَّةٌ ذَاتُ عَرْفٍ طَيِّبٍ مَشْهُورٍ طِيبُهُ وَقُوَّةُ رَائِحَتِهِ مُنْذُ الْعُصُورِ الْقَدِيمَةِ، وَهَذِهِ الْمَادَّةُ تَتَكَوَّنُ فِي غُدَّةٍ مَمْلُوءَةٍ دَمًا تَخْرُجُ فِي عُنُقِ صِنْفٍ مِنَ الْغَزَالِ فِي بِلَادِ التِّبِيتِ مِنْ أَرْضِ الصِّينِ، فَتَبْقَى مُتَّصِلَةً بِعُنُقِهِ إِلَى أَنْ تَيْبَسَ فَتَسْقُطُ فَيَلْتَقِطُهَا طُلَّابُهَا وَيَتَّجِرُونَ فِيهَا، وَهِيَ جِلْدَةٌ فِي شَكْلِ فَأْرٍ صَغِيرٍ وَلِذَلِكَ يَقُولُونَ: فَأْرَةُ الْمِسْكِ).

واتە: میسك ماددەیەکی ئاژەڵییە، بۆنێکی زۆر خۆشی هەیە، شتێکی زۆر زانراوە، هەم بۆنەکەی و، هەم هێزی بۆنەکەی و، لە ڕۆژگارەکانی زووەوە میسك هەر هەبووە، ئەو ماددەیەش لە ئەصڵدا لە لوویەك کە پڕە لە خوێن، لە گەردنی هەندێك لە ئاسکەکان پەیدادەبێ، زیاتر لە وڵاتی (**التِّبِيتِ**)، لەسەر زەمینی چین هەیە، ئنجا ئەو لووە دەمێنێتەوە بە گەردنی ئەو ئاسکەوە، تاکو وشك دەبێ و دەکەوێتە خوارو، ئەوانەی بەدوایدا دەگەڕێن، هەڵیدەگرنەوەو بازرگانیی پێ دەکەن، ئەو پێستۆکەش کە بە ملی ئەو جۆرە ئاسکانەوەیە، لە شێوەی مشکێکی گچکە دایە، بۆیە گوتراوە: (**فَأْرَةُ الْمِسْكِ**)، واتە: مشکی میسك.

١٠)- ﴿ وَفِي ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ ٱلْمُتَنَٰفِسُونَ ﴾، با پێشبڕکەکاران هەر لەوەدا پێشبڕکە بکەن، **(التَّنَافُسُ: التَّشَاجُرُ عَلَى الشَّيءِ والتَّنَازُعُ فِيهِ، بِأَنْ يُحِبَّ كُلُّ وَاحِدٍ أن يَتَفَرَّد بِهِ دون صاحبهُ يُقَالُ: نَفَسْتُ الشَّيء عَلَيْهِ أنفسه نَفَاسَةً، أي: ضَنَنْتُ بِهِ**[1]**، وَلَمْ أُحِبْ أَنْ يَصِيرَ إِلَيْهِ)**، (**تنافس**): بریتیە لە ناکۆکیی لەسەر شتێك و لەسەری پێکەوە ناکۆك بوون، هەر کامێکیان بیەوێ

---

(١) ضَنَنت به: بَخِلتُ به: ڕژدییم تێداکرد، بەڵام (ظننتُ به): گومانم پێبرد.

بۆ خۆی بێ و بۆ هاوەڵەکەی نەبێ، دەگوترێ: (نَفَسْتُ الشَّيء عَلَيْهِ أنفسه نَفَاسَةً)، واتە: ئەو شتە ویستم بۆ خۆم بێ و بۆ بەرامبەرەکەم نەبێ، خوا دەفەرموێ: با هەر لەوەدا پێشبڕکەکاران پێشبڕکە بکەن، یانی: تەنیا بۆ بەدەستهێنانی ئەو نازو نیعمەتەی باسکرا، پێشبڕکە بکەن.

ئنجا خوا ﷻ هەر لەسەر باسی ئەو خواردنەوەیە بەردەوام دەبێ و، دەفەرموێ:

١١)- ﴿ وَمِزَاجُهُۥ مِن تَسۡنِيمٍ ﴾، تێکەڵەکەی، (ئەوەی تێکەڵی ئەو ﴿ رَّحِيقٍ ﴾ە، دەکرێ)، لە ﴿ تَسۡنِيمٍ ﴾ە.

ئایا: ﴿ تَسۡنِيمٍ ﴾، چییە؟! خوا خۆی ڕوونی کردۆتەوە:

١٢)- ﴿ عَيۡنٗا يَشۡرَبُ بِهَا ٱلۡمُقَرَّبُونَ ﴾، (ئەویش) کانییەکە زۆر نزیکخراوان لێی دەخۆنەوە، واتە: زۆر نیزیکخراوان لە خوا، لە خودی کانییەکە دەخۆنەوە، بەڵام هەندێك لە ئاوی ئەو کانییەو ئەو خواردنەوەیەی لەو کانییە دایە، لەگەڵ ﴿ رَّحِيقٍ ﴾، تێکەڵ دەکرێ و دەدرێ بە چاکەکاران، بەڵام زۆر لە خوا نیزیکان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لێی دەخۆنەوە، بەبێ ئەوەی شتی دیکەی لەگەڵ تێکەڵکرابێ.

وشەی: ﴿ وَمِزَاجُهُۥ ﴾، (مَصْدَرٌ بِمَعْنى مفعول، أي مَمْزُوجُهُ)، واتە: (مزاج) چاوگە بە مانای بەرکار، یانی: تێکەڵکراوەکەی، ئەوەی لەگەڵی تێکەڵ دەکرێ لە ﴿ تَسۡنِيمٍ ﴾ە.

کە دەفەرموێ: ﴿ عَيۡنٗا يَشۡرَبُ بِهَا ٱلۡمُقَرَّبُونَ ﴾، (عَيْناً: انْتِصَابُ «عَيْنَاً» عَلَى المَدْحِ، أو عَلَى الحَالِ، أو مَنْصُوبَةٌ ب «يَشْرَبُون» أي: يُسْقَونَ عَيْنَاً)، واتە: وشەی: ﴿ عَيۡنٗا ﴾ کە (منصوب) بووە، لەبەر ئەوەیە کە مەدحکردنە، یان حاڵە، یان مەنصووبە بە کرداری پێشووی پێیان دەنۆشرێ (يُسقَون)، یان بە کرداری داهاتووی دەخۆنەوە (يَشْرَبُون)، کە دەفەرموێ: ﴿ عَيۡنٗا يَشۡرَبُ بِهَا ٱلۡمُقَرَّبُونَ ﴾، واتە: (يُسْقَونَ عَيْنَاً)، لەو کانیی و سەرچاوەیە دەیاندرێتێ، یان: (يَشْرَبُون عَيناً) لەسەرچاوەیەك دەخۆنەوە.

وشـەی: ﴿ تَسْنِيمٍ ﴾: (تَسْنِيم: وَهُـوَ شَرَابٌ يَنْصَـبُّ مِـنْ عُلـوٍ، وَهُـو أَشْرَفُ شَرَابِ الجَنَّةِ، وَأَصْـلُ التَّسـنيم فِي اللُّغَـةِ: الإِرْتِفَـاعُ، وَمِنْـهُ سَـنَامُ البَعِـير)، وشـەی: ﴿ تَسْنِيمٍ ﴾، بریتیـە لـە خواردنەوەیـەك كـە لـە سـەرێوە هەڵـدەڕژێ و باشـترین جـۆرە خواردنـەوەی بەهەشـتە، وشـەی: ﴿ تَسْنِيمٍ ﴾یـش، لـە زمانـدا بـە مانـای بەرزیـی دێ، (سـنام البعـير) یـش لـەوەوە هاتـوە، دونگـی حوشـتر (كـە لـە پشـتەكەی بەرزتـرەو هەڵدەتۆقـێ، بۆیە ئـەو نـاوەی لێـنراوە)، دەگوتـرێ: (سَـنَّم الـشَيء، أي: جَعَلَـهُ كَهَيْئَـةِ السَّـنَام)، واتـە: وەك دونگـی حوشـتری لێكـرد.

كـە دەفەرمـوێ: ﴿ يَشْرَبُ بِهَا ﴾، أ- یـان (ب)كـە زیـادە، یانـی: (يشربهـا) و (ب) زیـاد كـراوە بـۆ زیـادە جەختكردنـەوە.

ب- یاخـود (ب)كـە بـە مانـای (مِـن)ە، یانـی: (يَشْرَبُ منهـا ٱلْمُقَرَّبُونَ) یـانی: لێـی دەخۆنەوە.

(الطـبري)، لـە (مـسروق)ەوە هێناویەتـی بـە ژمـارە: (٣٦٨٠٨)، دەڵـێ: (فَيَـشْرَبُ بهَـا المُقَرَّبُونَ صِرْفاً، وَيُمْـزَج بهَـا كَأس أَصْحَـاب اليَمِـيْن)، ئەوانـەی زۆر لـە خـوا نیزیكخـراوەن بـە ڕووتیـی لێـی دەخۆنـەوە، (هیـچ شـتێكی دیكـەی لەگـەڵ دا تێكـەڵ ناكـرێ لەگـەڵ تەسـنیم دا)، بـەڵام بـۆ پێـكی هاوەڵانـی لای ڕاسـت (یاخـود چاكـەكاران) تێكـەڵ دەكـرێ.

(الطـبري) بـە ژمـارە: (٣٦٨١٨)، لـە (الضحـاك)ەوە هێناویەتـی، دەڵـێ: (هُـوَ أَشْرَفُ شَرَابِ الجَنَّـةِ)، ئـەو (تسـنیم) باشـترین جـۆری خواردنـەوەی بەهەشـتە.

خوا بە بەزەیی و كەرەمی بێ سنووری خۆی بە قسمەتمان بكات.

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

باسی بێبڕوایانی تاوانبار کە لە دنیادا بە بڕواداران خەنیون و، لە کاتی بەلادا ڕەتبوونیاندا ئاماژەیان بۆ یەکدی کردوە، دوایی بە دڵخۆشیی گەڕاونەوە لای کەس و کاریان و، بە بڕوا دارانیان گوتوە: ئەوانە گومڕان، هەرچەندە پارێزەریش نەبوون بەسەریانەوە، لە ڕۆژی دواییش دا، بڕواداران بە بێبڕوایان دەخەنن و، لەسەر تەختان دەڕوانن، بێگومانیش بێبڕوایان سزای ئەوەی دەیانکرد، درایانەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ أَجْرَمُواْ كَانُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يَضْحَكُونَ ﴿٢٩﴾ وَإِذَا مَرُّواْ بِهِمْ يَتَغَامَزُونَ ﴿٣٠﴾ وَإِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمُ ٱنقَلَبُواْ فَكِهِينَ ﴿٣١﴾ وَإِذَا رَأَوْهُمْ قَالُوٓاْ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَضَآلُّونَ ﴿٣٢﴾ وَمَآ أُرْسِلُواْ عَلَيْهِمْ حَٰفِظِينَ ﴿٣٣﴾ فَٱلْيَوْمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنَ ٱلْكُفَّارِ يَضْحَكُونَ ﴿٣٤﴾ عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴿٣٥﴾ هَلْ ثُوِّبَ ٱلْكُفَّارُ مَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ ﴿٣٦﴾﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ أَجْرَمُواْ كَانُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يَضْحَكُونَ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی تاوانیان کرد، کاتی خۆی (لە دنیادا)، بە وانەی بڕوایان هێنابوو، پێدەکەنین، **(الطبري)** لە (قتادة)ەوە بە ژمارە: (٣٦٨١٩)، هێناویەتی، دەڵێ: **(فِي الدُّنْيَا، يَقُولُونَ: وَاللَّهِ إِنَّ هَؤُلَاءِ لَكَذَبَةٌ، وَمَا هُمْ عَلَى شَيْءٍ، اسْتِهْزَاءً بِهِمْ)**، لە دنیادا دەیانگوت: سوێند بە خوا ئەوانە درۆزنن و، لەسەر هیچ شتێك نین، وەك گاڵتە پێکردنیان.

٢)- ﴿وَإِذَا مَرُّواْ بِهِمْ يَتَغَامَزُونَ﴾، کاتێك بەلایاندا ڕەتبووبانایەش، ئاماژەیان بۆ یەکدی دەکرد.

﴿وَإِذَا مَرُّواْ بِهِمْ﴾، دوو ئەگەری هەن:

أ- ﴿ وَإِذَا مَرُّواْ بِهِمْ ﴾، بکەری (مَرّوا) کە (و)ی کۆمەڵە، دەگەڕێتەوە بۆ تاوانباران، یانی: ئەگەر تاوانباران بە لای بڕواداراندا ڕەتبوونایە.

ب- ﴿ وَإِذَا مَرُّواْ بِهِمْ ﴾، بکەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاکەکاران، ﴿ ٱلْأَبْرَارِ ﴾ یانی: ئەگەر چاکەکاران بەلای تاوانباران دا ڕەتبووبانایە.

﴿ يَتَغَامَزُونَ ﴾، (التَّغَامُزُ: تَفَاعُلٌ مِنَ الغَمْزِ)، (تغامز) لە (غمز)ەوە هاتووە، ئەویش بریتییە لەوەی بە دەست شتێك بە توندیی بگری و دەستی لەسەر دابگری، (جَسّ النبض)یش، ئەوەیە دەماری کەسێك بگری و بزانی دڵی چۆن لێدەدا.

ئنجا ئایا ئەو ئاماژە بۆ یەکدی کردنە، چۆن بووە؟

دەڵێین: وشەی: (غمز)، بەکاردەهێنرێ، بۆ بەکارهێنانی چاوو لووت و لێوو برۆ، بۆ ئەوەی بابای کە لەوێ وەستاوە، ئاگادار بێتەوە، نەوەك دیمەنێك لە دیمەنەکانی ئەو کەسەی تەماشا دەکرێ، لێی بفەوتێ، لەبەر ئەوەی لێی بێئاگا بووە.

دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، وشەی: (غمز)ی بەکارهێناوە، وەك لەو فەرمایشتەدا هاتووە، دەڵێ: {لَقَدْ رَأَيْتُنِي وَرَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُصَلِّي وَأَنَا مُضْطَجِعَةٌ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْقِبْلَةِ، فَإِذَا أَرَادَ أَنْ يَسْجُدَ غَمَزَ رِجْلَيَّ فَقَبَضْتُهُمَا}، (أخرجه البخاري: ٤٩٧)، واتە: خۆم و پێغەمبەری خوام ﷺ دەبینی کە نوێژی دەکرد، منیش لە نێوان ئەو و قیبلەدا ڕاکشابووم، کاتێك دەیویست کڕنووش ببات، (شوێنەکەیان تەسك بووە)، دەستی دەگەیاندە لاقم، منیش لاقم هەڵدەکێشا، {تاکو ڕێی هەبێ کڕنووش بەرێ}.

٣)- ﴿ وَإِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمُ ٱنقَلَبُواْ فَكِهِينَ ﴾، کاتێك دەگەڕانەوە بۆ لای کەس و کاریان بە دڵخۆشیی و شادمانیی دەگەڕانەوە، ﴿ ٱنقَلَبُوٓاْ ﴾، (الإِنْقِلاَبُ: الرُّجُوع إلى الموضع الذي جِيءَ مِنْهُ)، (إنقلاب): بریتییە لە گەڕانەوەی ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە،

کە دەفەرموێ: ﴿ انقَلَبُواْ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِمُ ﴾، (**أهل الرجل: الزَّوجُ والأَبناء والعَشِيرَة**)، (**أهـل**) بە مانای هاوسەرو منداڵان و خزم و کەسیش، دێ، یانی: کاتێك بۆ لای خزم و کەسیان گەڕابانەوە، بە دڵخۆشیی و شادمانیی دەگەڕانەوە.

٤)- ﴿ وَإِذَا رَأَوۡهُمۡ قَالُوٓاْ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَضَآلُّونَ ﴾، ئەگەر بینیبایانیشن (تاوانبارەکان بڕوادارانیان بینیبایە)، دەیانگوت: ئا ئەوانە گومڕان.

بێگومـان مەبەسـتیان لـە گومـڕا، کەسـێکە ڕایەکـی هەڵـەی هەیـە، بۆچوونێکـی هەڵـەی هەیـە، مەبەسـتیان ئـەو نەبـووە بـە ڕێـی خـوا نازانـن، یانـی: ئەمانـە بـە هەڵەداچـوون و، لـە سـەرگەردانیی سـەر لێشـێواویی دان.

٥)- ﴿ وَمَآ أُرۡسِلُواْ عَلَيۡهِمۡ حَٰفِظِينَ ﴾، (خوا دەفەرموێ:) بە پارێزەریش بەسەریانەوە نەنێردرابوون، واتە: تاوانبارەکان پارێزەر نەبوون بەسەر چاکەکارەکان، تاکو ئاوا بە کەیفی خۆیان گاڵتەیان پێبکەن و پێیان پێبکەنن و ئاماژە بۆ یەکدی بکەن و، سەرەنجامیش بە گومڕا ناوزەدیان بکەن!.

٦)- ﴿ فَٱلۡيَوۡمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنَ ٱلۡكُفَّارِ يَضۡحَكُونَ ﴾، ئەمڕۆش ئەوانەی بڕوایان هێنابوو (لە دنیادا بڕوایان هێنابوو، بە هەموو ئەو شتانەی پێویست بوو بڕوایان پێ بهێنرێ)، بە بێبڕوایان پێ دەکەنن.

(ف)ی ﴿ فَٱلۡيَوۡمَ ﴾، (**فـاء السَّـبَبِيَّة، وَتَقْدِيـمُ «اليَـومِ» عَـلَى يَضْحَكُـون، للإهتِـمَامِ بـهِ**)، پیتـی (ف) بـە مانـای هـۆکارەو (**یـوم**)ش لەسـەر (**یضحکـون**) پێشـخراوە، لەبـەر گرنگیـی پێـدان، ئەمـڕۆ (ڕۆژی دوایـی)، ئەوانـەی بڕوایـان هێنابـوو (بـە هەمـوو ئـەو شـتانەی پێویسـتە بڕوایـان پـێ بهێـنرێ) بـە بێبڕوایـەکان دەخەنـن، پێدەکەنـن.

٧)- ﴿ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴾، لەسەر تەختان (لەسەر ئەو تەختانەی بە پەردان داپۆشراون) تەماشا دەکەن، واتە: تەماشای بێبڕوایان دەکەن کە سزا و ئەشکەنجە دەدرێن.

٨)- ﴿ هَلْ ثُوِّبَ ٱلْكُفَّارُ مَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴾، (لە كۆتایی دا خوا دەفەرمویٚ:) ئایا بێبڕوایەکان پاداشتی ئەوەی دەیانکرد درایانەوە؟!.

پێشتریش باسمان کردوە: ﴿ ثُوِّبَ ﴾، لە (**ثواب**)ەوە هاتوەو بە مانای پاداشتە، کەواتە:

أ- ئەمە جۆرێکە لە گاڵتە پێکردن و بە توانجەوە قسە لە بارەوە کردنیان، واتە: ئەگەر پاداشتێك هەبێ بۆ ئەوان، بریتیە لەوەی بخرێنە دۆزەخەوە، چونکە پاداشت (**ثواب**) تەنیا لەسەر چاکەیەو، ئەوانیش هیچ چاکەیەکیان نیە، تاکو پاداشتیان هەبێ.

ب- یاخود وشەی: (**ثواب**)، مانای سزاش لەسەر خراپەش دەگەیەنێ، وەك مانای پاداشت لەسەر چاکە، ئنجا ئەگەر ئەوە بێ، ئەو کاتە مانای گاڵتە پێکردن و توانج تێگرتنی لێوەرناگیرێ، واتە: ئایا ئەوانەی بێبڕوابوون، سزای ئەو کردەوانەی دەیانکردن، کە بریتی بوون لە:

١- گاڵتە کردن بە بڕواداران و، ٢- چاو لە یەك داگرتن و، ٣- پێخەنین و، ٤- بە سەر لێ شێواو ناوبردنیان، ئایا سزای ئەوە کردەوانەیان درایەوە؟ بە دڵنیایی بەڵێ، هەڵبەتە لێرەدا پرسیار کردنەکە، پرسیاری کردنی ڕاستەقینە نیە، کە خوای زاناو شارەزا بپرسێ: ئایا سزا درانەوە؟ یان ئایا پاداشت درانەوە؟ ئەگەر مەبەست گاڵتە پێ کردنیان بێ و، وشەی پاداشتیان بۆ بەکاربێ، بەڵکو ئەو پرسیارکردنە مەبەست پێی ئەوەیە لایەنی بەرانبەر ناچار بکەی، دانی پێدابێنێ و پرسیارکردنی: دانپێپێداهێنان (**تقريري**)ە، یاخود وشەی: ﴿ هَلْ ﴾، لێرەدا بە مانای (قد)ە، یانی: ﴿ قد ثُوِّبَ ٱلْكُفَّارُ مَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴾، هەروەك لە سەرەتای سوورەتی (**الإنسان**)دا هاتوە، ﴿ هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ ﴿١﴾ ﴾، ئایا کاتێك لە ڕۆژگار، بەسەر مرۆڤدا نەهاتوە کە شتێکی باسکراو نەبووبێ؟ بە دڵنیایی: با، کەواتە: لێرەدا مەبەست پرسیار نیەو، لەوێش بە دڵنیایی مرۆڤ کاتێکی بەسەردا هاتوە، نەبووە، جاری وا هەیە مرۆڤ لە شێوەی پرسیاردا لە کەسێك دەپرسێ، بەڵام خۆی لە وەڵامەکەی دڵنیایە، بۆ وێنە:

کتێبێکـت داوە بـە کەسـێك و دەڵێـی: ئایـا فلانـە ڕۆژە، فـلان کتێبـەم نەدایـە؟ مەبەسـتت ئـەوە نیـە بڵـێ: بـا، یانـی: خـۆت ئـاگاداری ئـەو کتێبـەم پێـداوی.

لێـرە کـە دەفەرمـوێ: ﴿عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ﴾، (الطـبري) لـە (سـفيان)ەوە هێناویەتـی بـە ژمـارە: (٣٦٨٢٦)، دەڵـێ: (**يُجَاءُ بِالْكُفَّارِ، حَتَّى يَنْظُرُوا إِلَى أَهْلِ الْجَنَّةِ فِي الجَنَّةِ، عَلَى سُرُرٍ، فَحِينَ يَنْظُرُونَ إِلَيْهِمْ، تُغْلَقُ دُونَهُمُ الْأَبْوَابُ، وَيَضْحَكُ أَهْلُ الْجَنَّةِ مِنْهُمْ**)، واتـە: بێبڕوایـەکان لـە ڕۆژی دواییـدا دەهێنرێن، تاکو تەماشای بەهەشـتییەکان بکـەن لـە بەهەشـتێ دا، کـە لەسـەر تەختـان ڕاکشـاون و پاڵیـان داوەتـەوە، کاتێـك تەماشـایان دەکـەن، دەزانـن ئـەوان لـە چ نـازو نیعمـەت و خۆشـییەك دان، ئنجـا دەرگایەکانیـان بـە ڕوودا دادەخرێـن و، بەهەشـتییەکانیش پێیـان پـێ دەکەنـن، (وەك تۆڵـە لێکردنەوەیـەك، لـەو پـێ پێکەنینـەی، ئـەوان لـە دنیـادا بـە ناهـەق بـەوان دەخەنیـن و، پێیـان ڕادەبـواردن و گاڵتەیـان پـێ دەکـردن)، لەوێـش بـەو شـێوەیە خـوای پـەروەردگار دەفەرمـوێ: ﴿فَٱلۡيَوۡمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنَ ٱلۡكُفَّارِ يَضۡحَكُونَ﴾، وەك (**الطـبري**) هێناویەتـی، دەڵـێ: بـەو شـێوەیە بێبڕوایـەکان دەهێنرێـن و بڕوادارانیـان پێشـان دەدرێـن لـە بەهەشـتداو، دوای ئـەوەی دەیانبینـن، ئنجـا دەرگایەکانیـان بـەڕوودا دادەخرێـن و، بڕوادارانیـش پێیـان پـێ دەکەنـن.

بەڕێـــزان!

پوختـەی ئـەوەی لـەم ئایەتـە موبارەکانـە وەردەگیـرێ، بەمجۆرەیـە - یـانی: کـۆی سـوورەتی (**المطففين**) - لـە سـەرەتای سـوورەتەکەوە خـوای بـەرزی مـەزن، باسـی ئـەو عادەتـە خراپـە دەکات و، سـزای سـەخت بـۆ ئـەو کەسـانە دانەنـێ، ئـەو عادەتـە خراپەیـان هەیـە، کـە لـە کێشـان و پێوانـدا فێـڵ دەکـەن لـە بەرانبەرەکانیـان، دوایـی وەك پرسـیارکردن دەپرسـێ: ئایا ئەوانـە پێیـان وانیـە زینـدوو کـراوەن و هەڵسـێنراوەن بـۆ ڕۆژێکـی مـەزن، کـە خەڵـك تێیـدا ڕادەوەسـتێ بـۆ پـەروەردگاری جیهانییـان؟ دوایـی خـوا ﷻ باسـی شـوێنی تێـدا نووسرانـی کردەوەکانـی بێبڕوایـان و تاوانبـاران دەکات، دواییـش باسـی شـوێنی تێدا نـووسران و تێـدا تۆمـار کرانـی کـردەوەی چاکـە

کاران دەکات، لـە کۆتاییشـدا خـوای بـەرز باسـی ئـەوە دەکات کـە چـۆن تاوانبـاران لـە دنیایـەدا بـە بـڕواداران پێکەنیـون و کاتێـك بـە لاشـیان دا ڕەت بـوون، چاویـان لـە یـەك داگرتـووەو، کاتێـك گەڕاونـەوە بـۆ لای کـەس و کاریـان، زۆر بـە دڵخۆشـیی گەڕاونـەوە، وەك شـتێکی زۆر گرنـگ و چاکیـان ئەنجـام دابـێ، کـە گاڵتەیـان بـەو ئیماندارانـە کـردووەو کاتێـک بینیوشـیانن گوتوویانـە: ئەوانـە گومـڕان! ئنجـا خـوا ﷻ باسـی ئـەوەی کـردوە کـە لـە ڕۆژی دواییشـدا خـوا بـەو شـێوەیە حەقـی ئـەو مسـوڵمانە ڕەش و ڕووت و گاڵتـە پێکراوانـە، لـەو بێبـڕوا تاوانبـارو گاڵتـە پێکەرانـە دەکاتـەوە.

خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی ئێمـە لـەو کەسـانە بگێـڕێ، کـە هەمیشـە لـە هەڵسـوکەوت و لـە ڕەفتـارو ئـاکاری ژیانـی دنیایانـدا پابەنـد دەبـن بـە سـنوورەکانی شـەریعەتەوەو، بـە پێـی بەرنامـەو شـەریعەتی خـوای پـەروەردگار بەڕێـوە دەچـن و، بـە شـێوەیەك دەژیـن هەقـی خەڵکیـان نەکەوێتـەلاو، وانەبیـن کـە لـە ڕۆژی دواییـدا شـەرمەزارو گوناهـکارو عەیبـدار بیـن، خـوا بەهـۆی ژیانـی ئیماندارانـەوە سـەر بەرزمـان بـکات و پـاك و چاکـما بـکات، ڕاسـت و سـاغمان بـکات، هەروەهـا یارمەتییشـمان بـدات، کـە هەرچـی زیاتـر لـە کۆتـا فەرمایشـتی کـە قورئانـە تێبگەین و تێیـدا پـێ بگەیـن و، کارلێکـی باشـی لەگەڵـدا بکەیـن، بێگومان ئـەو کۆتا فەرمایشـتەی خـوا ﷻ کـە قورئانـە، سـەرچاوەی هەمـوو خێـرو نـوورو بەرەکەتێکـە بـۆ دنیـاو بـۆ دواڕۆژو، ڕێبازەکـەی پێغەمبـەری خاتەمیـش ﷺ هـەر بریتیـە لـە بەرجەسـتەکردنی ئـەو فەرمایشـتەی خـوا لـە ژیانـی تاکیـی و خێزانیـی و کۆمەڵایەتیـی دا، خـوا تەوفیقی ئێمـەش بـدات، کـە هـەروەك پێغەمبەرەکەمـان، ئـەو قورئانـە، ئـەو فەرمایشـتەی خـوا لـە ژیانـی خۆمانـدا جێبەجـێ بکەیـن.

لێرەشدا کۆتایی بە تەفسیری سووڕەتی (**المطففین**) دێنین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ، وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

تەفسیری سوورەتی

الانشقاق

دەستپێک

بەڕێـــــزان!

ئەمڕۆ کە (٢٤)ی مانگی (**ذي القعدة**)ی ساڵی (١٤٤١)ی کۆچییە، بەرانبەر (١٥) ی تەممووز {مانگی (٧)}ی ساڵی (٢٠٢٠) زایینی، لە شاری هەولێر خوا پشتیوان بێ دەست دەکەین، بەتەفسیرکردنی سوورەتی (**الإنشقاق**)و، سەرەتاش پێناسەو تێوەڕۆکی ئەم سوورەتە لە حەوت بڕگەدا، دەخەینە ڕوو.

پێناسەی سوورەتی (الإنشقاق) و بابەتەکانی

یەکەم: نـاوی:

ئەم سوورەتە ناوی هەرە باوی بریتیە لە سوورەتی: ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾، لە ڕۆژگاری هاوەڵاندا هەر بەو ناوە ناوبراوە، لەو بارەوە چەند گێڕدراوەیەك هەن، ئێمە ئاماژە بە سێیانیان دەکەین:

١- {عَنْ أَبِي سَلَمَةَ ﵁، أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ ﵁ قَرَأَ بِهِم: ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾، فَسَجَدَ فِيهَا، فَلَمَّا انْصَرَفَ أَخْبَرَهُم أَنَّ رَسُولَ الله ﷺ سَجَدَ فِيْهَا} (أخرجه مالك في الموطأ: ٤٨٠).

واتە: ئەبوو سەلەمە ﵁، دەگێڕێتەوە، کە ئەبوو هورەیرە ﵁ پێشنوێژیی بۆ کردوون و سوورەتی: ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾، خوێندەوەو کڕنووشی قورئانخوێندنی تێدا بردوەو، کاتێك تەواو بووە، هەواڵی پێداون کە پێغەمبەری خوا ﷺ کڕنووشی تێدا بردوە.

٢)- {عَنْ أَبِي رَافِعٍ ﵁، قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁، العَتَمَةَ فَقَرَأَ: ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾، فَسَجَدَ، فَقُلْتُ: مَا هذِهِ؟ قَالَ: سَجَدْتُ بِهَا خَلْفَ أَبِي الْقَاسِمِ ﷺ، فَلاَ أَزَالُ أَسْجُدُ بِهَا حَتَّى أَلْقَاهُ} (أخرجه البخاري: ٧٣٢، ومسلم: ٥٧٨).

واتە: ئەبوو ڕافیع ﵁، دەڵێ: لەگەڵ ئەبوو هورەیرەدا نوێژی خەوتنانم کرد، سوورەتی: ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾ی خوێندو کڕنووشی تێدا برد (واتە: کڕنووشی قورئانخوێندن)، گوتم: ئەوە چییە؟ گوتی: لە پشت ئەبوو قاسیمەوە (کونیەی پێغەمبەری خاتەمە ﷺ) نوێژم کرد، ئەو سەجدەیەی برد، منیش لەگەڵ ئەودا سەجدەم برد (سەجدەی قورئانخوێندن)، بۆیە هەتا پێی دەگەمەوە (واتە: لە ڕۆژی قیامەتداو لە قۆناغی بەرزەخدا)، ئەو کڕنووشە دەبەم لە کاتی خوێندنی ئەم سوورەتەدا.

٣- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁، قَالَ: سَجَدْنَا مَعَ رَسُولِ اللهِ فِي ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾، و ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ﴾: ١} (أخرجه مسلم: ٥٧٨ و ١٠٨، وأبو داود: ١٤٠٩، وابن ماجه: ١٠٥٨).

واتە: ئەبوو هورەیرە ﵁، دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ لە کاتی خوێندنی سوورەتی: ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾، و سوورەتی: ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ﴾دا، سەجدەمان برد، (سەجدەی قورئانخوێندن).

کەواتە: هەر ڕستەکەی سەرەتای کراوە بە ناوی، بەڵام ئەم ناوانەشی بۆ بەکارهێنراون:

١/ (سورةُ الإنشقاق). ٢/ (سورة ٱنشَقَّتۡ). ٣/ (سورة الكَدْح).

دووەم: شوێنی دابەزین:

ئەم سوورەتە بە یەکدەنگیی هەموو زانایان سوورەتێکی مەککەییەو زانایان لەو بارەوە ڕاجیاییان نیە، لەو بارەوەش ئەم دەقە دێنین:

{عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبَّاسٍ ﵄، قَالَ: نَزَلَتْ سُورَةُ: ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾، بِمَكَّةَ}[1].

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﵄ گوتوویەتی: سوورەتی ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾، لە مەککە دابەزیوە، عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیریش (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، هەمان شتی گوتوە.

---

(١) أورده السيوطي في الدر المنثور ج٨، ص٤٥٤، ونسبه لابن الضريس والنحاس وابن مردويه والبيهقي، وقال: أخرج ابن مردويه عن ابن الزبير رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا مثله. انظر: (الإستيعاب في بيان الأسباب: ج ٣، ص٥٠٤).

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و دابەزین دا:

ئەم سوورەتە موبارەکە لە (**مصحف**)دا ژمارەکەی: (٨٤)ە، بەڵام لە ڕیزبەندیی دابەزین (**ترتيب النزول**)دا، ژمارە: (٨٣)یە، ئەم سوورەتە لە ڕووی دابەزینەوە، پێش سوورەتی (**الروم**) و، دوای سوورەتی (**الإنفطار**)، دابەزیوە.

هەڵبەتە ڕیزکردنی سوورەتەکان لە (**مصحف**)داو، ڕیزبەندییەئەک کە دایانناوە بۆ دابەزینیان، بە کۆشش و بیرکردنەوەی هاوەڵان بووە (خوا لێیان ڕازی بێ)، لە زۆربەی هەرە زۆریدا.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە:

دوو ژمارەیان بۆ داناون: (**أهل البصرة وأهل الشام**)، گوتوویانە: ژمارەی ئایەتەکانی (٢٣)یە، بەڵام (**أهل المدينة، والكوفة، ومكة**)، گوتوویانە: ژمارەی ئایەتەکانی (٢٥)ە، زۆربەش ئەو ژمارەیەی دوایی (واتە: ژمارەی (٢٥)یان تەبەننیی کردوە).

پێنجەم: نێوەرۆکی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتەش وەك دوو هاوەڵە پێشووەکەی (واتە: **سورة التكوير وسورة الإنفطار**) - کە سوورەتی (**المطففين**)یشیان، نێواخن کراوە - باسی ڕۆژی دواییە، بە هەردوو قۆناغی ئاخیر زەمان و قیامەتیشەوە، سەرزەنشتکردنی بێبڕوایانیش کراوە، کە بۆچی بڕواناهێنن و لە کاتی بەسەردا خوێندرانەوەی قورئانیشدا، کڕنووش نابەن، یاخود بۆ خوا ملکەچ نابن؟ لە کۆتاییشدا خوا باسی سزای سەختی خۆی بۆ بێبڕوایان و، دواییش باسی پاداشتی نەبڕاوەی خۆی بۆ بڕوادارانی کردار باش، کردوە.

ئەمە هێڵە گشتییەکان و، چوارچێوەی گشتیی ئەم سوورەتە موبارەکەیە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە موبارەکە:

پێنج تایبەتمەندییمان لەم سوورەتە موبارەکە کەوتوونە بەرچاو، کە جیایدەکەنەوە لە سوورەتەکانی دیکە:

١- تەنیا لەم سوورەتەدا تەعبیری: ﴿ وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ ﴾، دوو جاران بۆ هەر کام لە ئاسمان و زەوی بەکارهاتوە، لە ئایەتەکانی: (٢ و ٥)دا، واتە: گوێی گرت بۆ پەروەردگاری و شایستەش بوو گوێی بۆ بگرێ.

٢- تەعبیری: ﴿ وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهْرِهِۦ ﴾، لە ئایەتی ژمارە (١٠)دا، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە، لە سوورەتەکانی دیکەدا لە جیاتی:

﴿ وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهْرِهِۦ ﴾.

﴿ وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِشِمَالِهِۦ ﴿٢٥﴾ ﴾ **الحاقة**، هاتوە.

واتە: بەڵام کەسێك لە پشتەوەی ڕا نامەی کردەوەکانی بدرێتەوە.

٣- تەعبیری: ﴿ إِنَّهُۥ ظَنَّ أَن لَّن يَحُورَ ﴾، ئەو پێی وابوو ناگەڕێتەوە، دوای ئەوەی دەمرێ ناگێڕدرێتەوە بۆ لای خواو، زیندوو ناکرێتەوە، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە لە ئایەتی ژمارە (١٤)دا.

٤- ئەم چوار سوێندەو وەڵامەکەیان بەس لێرەدا هاتوون: ﴿ فَلَآ أُقْسِمُ بِٱلشَّفَقِ ﴿١٦﴾ وَٱلَّيْلِ وَمَا وَسَقَ ﴿١٧﴾ وَٱلْقَمَرِ إِذَا ٱتَّسَقَ ﴿١٨﴾ لَتَرْكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٍ ﴿١٩﴾ ﴾.

حەوتەم و کۆتایی: دابەشکردنی ئایەتەکان:

کۆی بیست و پێنج (٢٥) ئایەتەکەی ئەم سوورەتە موبارەکە، دەکەینە دەرسێك، چونکە زۆر پێکەوە جۆشدراو و تێکهەڵکێشن.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسە لە کۆی بیست و پێنج ئایەتەکەی ئەم سوورەتە پێکهاتوە:

١- پێنج ئایەتی سەرەتا، ئایەتەکانی: (١ - ٥)، باسی قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دوایی دەکەن، کە ئاسمان لەت و پەت و ملکەچ دەبێ بۆ خواو، زەویش دەکێشرێ یان پان ڕا دەخرێ و، هەرچی تێیدایەو لەسەریەتی فڕێیدەدات و، بۆ خوا ملکەچ دەبێ.

٢- دە (١٠) ئایەتی دوای وان، ئایەتەکانی: (٦ - ١٥)، باسی بانگکردنی مرۆڤ کە وریا بێ! هەتا دەگاتە خوا ﷻ ڕەنج دەدات، ئنجا باسی سەرەنجامی بڕواداران و بێبڕوایان کراوە.

٣- دە (١٠) ئایەتی کۆتایی، ئایەتەکانی: (١٦ - ٢٥)، سوێند خواردنی خوا ﷻ بە چوار شتان:

١- تروووسکایی ئێوارە یان بەیانیی، بەڵام زیاتر مەبەست پێی تروووسکایی ئێوارەیە، کە یەکسەر بە دوای ئەودا باسی هاتنی شەو دەکات.

٢- شەوگار.

٣- هەرچی شەوگار کۆی دەکاتەوە.

٤- مانگ، کاتێك جێخونکە دەکات، هەتا دەگاتە: (١٣ و ١٤و ١٥)، کە بە عەرەبیی پێی دەگوترێ: (بدر)و، بە کوردیی دەگوترێ: مانگ جێخونکەی کردوە.

سوێند خواردن بەو چوار شتانە، کە مرۆڤەکان حاڵەتی جۆراو جۆریان بەسەر دادێن، دوایی گلەیی کردن لە بڕوا نەهێنانی بێبڕوایان و، ملکەچ نەبوونیان بۆ خوا، یاخود کڕنووش نەبردنیان لە کاتی خوێندرانی قورئاندا، سەرەنجام هەڕەشەی سەخت لە بێبڕوایان و موژدەدان بە بڕوادارانی چاکەکار.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ ﴿١﴾ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ﴿٢﴾ وَإِذَا ٱلۡأَرۡضُ مُدَّتۡ ﴿٣﴾ وَأَلۡقَتۡ مَا فِيهَا
وَتَخَلَّتۡ ﴿٤﴾ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ﴿٥﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدۡحٗا فَمُلَٰقِيهِ
﴿٦﴾ فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ ﴿٧﴾ فَسَوۡفَ يُحَاسَبُ حِسَابٗا يَسِيرٗا ﴿٨﴾ وَيَنقَلِبُ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ
مَسۡرُورٗا ﴿٩﴾ وَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهۡرِهِۦ ﴿١٠﴾ فَسَوۡفَ يَدۡعُواْ ثُبُورٗا ﴿١١﴾ وَيَصۡلَىٰ سَعِيرًا ﴿١٢﴾
إِنَّهُۥ كَانَ فِيٓ أَهۡلِهِۦ مَسۡرُورًا ﴿١٣﴾ إِنَّهُۥ ظَنَّ أَن لَّن يَحُورَ ﴿١٤﴾ بَلَىٰٓۚ إِنَّ رَبَّهُۥ كَانَ بِهِۦ بَصِيرٗا ﴿١٥﴾ فَلَآ
أُقۡسِمُ بِٱلشَّفَقِ ﴿١٦﴾ وَٱلَّيۡلِ وَمَا وَسَقَ ﴿١٧﴾ وَٱلۡقَمَرِ إِذَا ٱتَّسَقَ ﴿١٨﴾ لَتَرۡكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٖ
﴿١٩﴾ فَمَا لَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٢٠﴾ وَإِذَا قُرِئَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقُرۡءَانُ لَا يَسۡجُدُونَ ۩ ﴿٢١﴾ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ
يُكَذِّبُونَ ﴿٢٢﴾ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا يُوعُونَ ﴿٢٣﴾ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢٤﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونِۭ ﴿٢٥﴾﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. هەر کات ئاسمان لەت بوو ﴿١﴾ ملکەچی پەروەردگاری بوو و شایستەش بوو (ئاوا ملکەچ بێ) ﴿٢﴾ هەر کاتیش زەوی لێککێشرا (پان ڕاخرا) ﴿٣﴾ هەرچی تێشیدابوو هاویشتی و خۆی خاڵیی کرد ﴿٤﴾ ملکەچی پەروەردگاریشی بوو و شایستەش بوو (ئاوا ملکەچ بێ) ﴿٥﴾ ئەی مرۆڤ! بێگومان تاکو دەگەیە پەروەردگارت ڕەنجدەری و پێشیدەگەی ﴿٦﴾ ئنجا هەر کەس نووسراوەکەی (لیستی کردەوەکانی) بە (دەستی) ڕاستەی بیدرێتەوە ﴿٧﴾ لەمەودوا بە لێپرسینەوەیەکی ئاسان لێی دەپرسرێتەوە ﴿٨﴾ بە دڵخۆشییش دەگەڕێتەوە لای کەس و کاری ﴿٩﴾ بەڵام هەر کەس لە دوای پشتیەوە نووسراوەکەی بدرێتەوە ﴿١٠﴾ لەمەودوا فەوتان داوا دەکات (بۆ خۆی) ﴿١١﴾ دەشخرێتە کڵپە(ی ئاگرە)وە (و تێیدا دەسووتێ و دەپیشێ)

﴿١٢﴾ چونکە ئەو (لە دنیادا) لە نێو کەس و کاریدا دڵخۆش و بوغرا بوو ﴿١٣﴾ ئەو پێی وابوو ناگەڕێتەوە (بۆ لای خوا) ﴿١٤﴾ با، بێگومان پەروەردگاری بینەری بوو (چی دەکردو چۆنی دەکرد!) ﴿١٥﴾ ئنجا وا نیە (کە ئەو گومانی دەبرد) سوێند دەخۆم، بە سوور و سپیی (ئێوارە) ﴿١٦﴾ هەروەها سوێند بە شەوگارو، هەرچی کۆی کردۆتەوە ﴿١٧﴾ دیسان سوێند بە مانگ کاتێك جێخونکە دەکات ﴿١٨﴾ (ئەی خەڵکینە!) سواری چین لە دوای چین دەبن (حاڵەتە جۆراوجۆرەکانتان بەسەر دێن) ﴿١٩﴾ ئەوە چییانە بڕواناهێنن! ﴿٢٠﴾ هەر کات قورئانیشیان بەسەردا خوێندرا کڕنووش نابەن (ملکەچ نابن)؟ ﴿٢١﴾ بەڵکو ئەوانەی بێبڕوان (پەیامی خوا) بە درۆ دادەنێن ﴿٢٢﴾ خواش زاناترە بەوەی (لە دڵ و دەروونیاندا) هەڵیدەگرن ﴿٢٣﴾ ئنجا موژدەی ئازارێکی بە ئێشیان بدەیە ﴿٢٤﴾ جگە لەو کەسانەی بڕوایان هێناوەو، کردەوە باشەکانیان کردوون (ئەوانە) پاداشتێکی نەبڕاوەیان هەیە ﴿٢٥﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(انشَقَّتْ): (**الشَّقُّ: الخَرْمُ الوَاقِعُ فِي الشيءِ، انْشَقَّ أي: تَصَدَّعَ وَبَدَتْ شُقُوقُهُ**)، (**شَق**): بریتیە لە قڵیشانێ کە لە شتێکدا ڕوو دەدات، دەگوترێ: (انشق: **أي تَصَدَّعَ**)، واتە: لیکبۆوە، پارچە پارچە بوو، کەلێنەکانی دەرکەوتن.

(وَأَذِنَتْ): (**أَذِنَ: اسْتَمَعَ، الإِذْنُ بالشيء: إعْلاَمٌ بإجَازَتِهِ وَالرُّخْصَةُ فِيهِ**)، (**أَذِنَ**): گوێی گرت، گوێڕایەڵ و فەرمانبەر بوو، کە دەگوترێ: (**أَذِنَ بالشيء**)، ڕێپێدانی ڕاگەیاندو مۆڵەت پێدانی ڕاگەیاند.

(وَحُقَّتْ): (**أَحْقَقْتُ كَذَا: أثْبَتُّهُ حَقًّا، أو حَكَمْتُ بكَوْنِهِ حَقًّا**)، (**أَحْقَقْتُ كَذَا**)، واتە: وەك هەق چەسپاندم، یاخود بڕیارمدا ئەو شتە هەقە، (**حُقَّ لَكَ أَنْ تَفْعَل كَذَا، وَحَقِقْتَ وَحَقَّ لَهُ، أي: أَنْ يَفْعَلَ كَذَا وَهُوَ حَقِيقٌ ومَحْقُوقٌ، أي: خَلِيقٌ بِهِ وَحَقَّ أي: ثَبَتَ وَوَجَبَ**)، لە زمانی عەرەبییدا: (**حُقَّ لَكَ أَنْ تَفْعَل كَذَا، وَحَقِقْتَ وحُقَّ له**)، واتە: تۆ شایستە بووی ئەو کارە ئەنجام بدەی، ئەو شایستە بوو ئەو کارە ئەنجام بدات (**وَهُوَ حَقِيقٌ ومَحْقُوقٌ، أي: خَلِيقٌ**

بِهِ)، واتە: ئەو کەسە شایستەی ئەوەیە ئەو کارە ئەنجام بدات، (وَحَقَّ أي: ثَبَتَ وَوَجَبَ)، واتە: فڵان شتە چەسپاو پێویست بوو.

(مُدَّتْ): (أَصْلُ المدّ الجَرُّ، وَالمُدَّةُ: الوَقْتُ المُمْتَدُّ)، (مَدّ): لە ئەسڵی زمانی عەرەبیی دا، بە مانای ڕاکێشان و لێککێشانەوە دێ، (مدة)، بە مانای: کاتێکی درێژ کراوە دێ.

(وَتَخَلَّتْ): (خَلَّيْتُ فُلَانَاً: تَرَكْتُهُ فِي خَلَاءٍ)، (خَلَّيْتُ فُلَانَاً)، واتە: فڵانکەسم لە چۆڵاییەك، لە دەشتاییەکدا بەجێهێشت، (خَلَا الإِنْسَانُ: صَارَ خَالِيَاً)، واتە: فڵانکەس لە شوێنێکی چۆڵ و بە تەنیا بوو.

(كَادِحٌ): (الكَدْحُ: السَّعِي والعَنَاءُ)، (كَدْح) کۆششکردن و خۆ ماندوو کردن، (كَادِح)، واتە: بابای تێکۆشەر و ڕەنجدەر.

(ثُبُورًا): (الثُبُورُ: الهَلَاكُ وَالفَسَاد، المثَابِرُ عَلَى الإتْيَانِ أي: المُوَاظِب)، (ثُبُور): واتە: فەوتان لە بەینچوون و تێکچوون، (المثَابِرُ عَلَى الإتْيَانِ أي: المُوَاظِب)، واتە: کەسێك سوور بێ لەسەر ئەنجامدانی کارێك، واتە: (مواظب)ە، لەسەر ئەو کارە بەردەوام دەبێ و لە کۆڵی نابێتەوە.

(لَن يَحُورَ): (لَنْ يُبْعَثَ، لَنْ يَحُور: يَعْني لَنْ يَرْجِعَ حَار يَحُورُ حَوْرَاً، أي: رَجَعَ يَرْجِعُ رُجُوعاً)، نەگەڕێتەوە، گەڕایەوە دەگەڕێتەوە گەڕانەوە. لێرەدا مەبەست پێی زیندوو کرانەوەیە، پێی وایە زیندوو ناکرێتەوە، دوای ئەوەی خرایە نێو گۆڕ، جارێکی دیکە هەڵناسێنرێتەوە، (يُقَالُ حَارَ المَاءُ فِي الغَدِير: تَرَدَّدَ فِيهِ)، ئاوەکە لە چاڵەکەدا تێیدا هات وچوو، سووڕا، (وَحَارَ فِي أَمْرِه تَحَيَّرَ)، لە کارەکەی خۆیدا سەراسیمە بوو، سەرسام بوو، (المحور: العُود الَّتِي تَجْرِي عَلَيْهِ البكرة لِتَرَدُّدِهِ)، (محور): سووڕگە، ئەو دارەیە، پەتێك کە لە دۆڵچەکانی ناعور خراوە، تاکو ئاوەکەی لێ هەڵێنجێ، تێیدا دەسووڕێ.

(بِٱلشَّفَقِ): (الشَّفَقُ اخْتِلَاطُ ضوء النَّهَارِ بِسَّوَادِ اللَّيْلِ عِنْدَ غُرُوبِ الشَّمْسِ)، (شفق)، واتە: سوورایی، یاخود سوورو سپێتیی ئێوارە، یان بەرەبەیان، کە تێکەڵبوونی ڕۆشنایی ڕۆژە لەگەڵ ڕەشایی شەودا لە کاتی خۆر ئاوابووندا.

(وَمَا وَسَقَ): (الوَسْقُ: جَمْعُ المُتَفَرِّق)، (وَسْق) ئەوەیە شتێك كە بڵاوبووبێتەوە، كۆ بكرێتەوە، (وَسَقْتُ الشَّيءَ: جَمَعْتُهُ)، شتەكەم كۆ كردەوە، (سُمِّيَ قَدْرٌ مَعْلُومٌ مِنَ الحَمْلِ كَحَمْلِ البَعيرِ: وَسْقًا وَقِيلَ: هُوَ سِتُّونَ صَاعًا)، ئەندازەیەكی زانراو لە بار، وەك باری حوشتر پێی گوتراوە، (وسق)، هەندێكیش گوتوویانە، وەسقێك بریتیە لە شەست (٦٠) صاع، هەر صاعێكیش چوار مستە، صاع بە كوردیی ڕبەی پێ دەڵێن، كە چوار مستە، وەسقێكیش (٦٠) ڕبەیە.

(اتَّسَقَ): (الإتِّسَاقُ: الإجْتِمَاعُ وَالإطِّراد)، مانگ كاتێك كۆ دەبێتەوە، جێخونكە دەكات، هەندێك لە زانایانی گەردووناس گوتوویانە: شەوانی: (١٣، ١٤، ١٥)ی مانگ، ئەو شەوانەی (اللَّيَالُ البيض) پێ دەگوترێ، شەوە سپییەكان، كە مانگ دەگاتە حاڵەتی ئەو پەڕی تەواویی لە نێوە ڕاستی ئاسماندا.

(لَتَرْكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٍ): واتە: حاڵ لە دوای حاڵیان بەسەر دێ، دوایی زیاتر باسی دەكەین، كە (طَبَق): بە مانای چین دێ، هەروەها بە مانای شتێكیش دێ كە بەسەر شتێك دادەرێ و بە ئەندازەی خۆیەتی، واتە: وەك چۆن شتێك چین لەسەر چین هەڵدەچنرێ، ئێوەش حاڵەت لەسەر حاڵەتتان بەسەر دێ، یان: قۆناغ قۆناغ دەچنە پێش.

(يُوعُونَ): (الوَعِيُ: حِفْظُ الشيءِ، الحَدِيث ونحوه، الإيْعَاءُ: حِفْظُ الأَمْتِعَةِ فِي الوِعَاءِ)، (يوعون): لە (وعي)یەوە هاتوە، كە بریتیە لە پاراستنی قسەو لەبەركردنی وێنەی وی، (إيعاء): بریتیە لەوەی كەل و پەلێك لە توورەگەیەك، لە زەرفێك دا كە تێیدا هەڵدەگیرێ، بپارێزرێ.

(غَيْرُ مَمْنُونٍ): ناژمێردراو، یاخود: (غَيْرُ مَحْدُودٍ وَغَيْرُ مَنْقُوص)، بڕاو و ناتەواو نیە، گوتراوە: (المِنَّةُ تَهْدِمُ الصَّنِيعَة)، منەتكردن چاكە هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام لە بەرانبەریشیدا، گوتراوە: (إِذَا كُفِرَتِ النِّعْمَةُ، حَسُنَتِ المِنَّة)، هەر كاتێك چاكە نادیدە گیرا، ئەو كاتە باسكردنی و منەتكردن باشە، وەك بیر خستنەوەی بابای سپڵەو ناسوپاس.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوای بەرزو مەزن لەم سوورەتە موبارەکەدا، کە لە بیست و پێنج (٢٥) ئایەت پێکهاتوە، سێ بابەتان باس دەکات:

١- لە ئایەتەکانی: (١ - ٥)دا، بابەتێك.

٢- دوایی لە دە ئایەتەکانی: (٦ - ١٥)دا، بابەتێك.

٣- ئنجا لە دە (١٠) ئایەتی دوای وانیش دا، کە دە (١٠) ئایەتی کۆتایین، ئایەتەکانی: (١٦ - ٢٥)، بابەتێك.

سەرەتا خوای بەرزی مەزن دەفەرموێ: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە:

١- ئەم کارەم دەست پێدەکەم، بە ناوی خوا.

٢- بە پێی بەرنامەی خوا، ئەم کارە دەکەم.

٣- بە پشت بەستنم بە خوا، ئەم کارە دەکەم.

٤- بۆ وەدەستهێنانی پاداشت و ڕەزامەندیی خوا، ئەم کارە دەکەم.

ئنجا خوای پەروەردگار دێتە سەر بابەتی یەکەم لە سێ بابەتە سەرەکییەکەی کە ئەم سوورەتە موبارەکە دەیانگرێتە خۆی و، دەفەرموێ: ﴿إِذَا السَّمَاءُ انشَقَّتْ﴾، هەر کات ئاسمان لەت بوو، (شق): بریتیە لە لەت بوونی شتێك و پارچە پارچە بوونی، هەر کاتێك ئاسمان پارچە پارچە و لەت بوو، ﴿وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ﴾، گوێی گرت بۆ پەروەردگاری و، شایستەش بوو گوێ بگرێ، یانی: گوێڕایەڵ و فەرمانبەر بوو، بۆ پەروەردگاری و، شایستەی ئەوەشە گوێ بگرێ و فەرمانبەر بێ.

﴿ وَإِذَا ٱلْأَرْضُ مُدَّتْ ﴾، هەر کاتێك زەویش لێك کێشرایەوە، پانڕاخرا، ﴿ وَأَلْقَتْ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتْ ﴾، هەرچی تێیدایە، فڕێیداو خۆی خاڵیی کردەوە، خۆی بە تاڵ کردو هەرچی لە هەناویدا بوو، هەڵیدایە دەرێ، ﴿ وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ ﴾، گوێی گرت بۆ پەروەردگاری و شایستەش بوو گوێ بگرێ، لێرەدا خوای بەرزو مەزن، هەم باسی ئاسمان دەکات، کە لەت دەبێ و گوێ دەگرێ بۆ پەروەردگاری و شایستەشە گوێ بگرێ، هەم باسی زەوی دەکات کە لێك دەکێشرێتەوەو، هەرچی لە خۆیدا هەڵیگرتوە، فڕێی دەداتە دەرێ و، خۆی خاڵیی دەکاتەوە لە هەموو شتێك، بەڵام دوایی خوا ﷻ باسی نەکردوە چی دەبێ؟

واتە: (إذا)، کە تێکراو (**ظرف**)ی ڕوودانی شتێکەو، مانای مەرجیش دەگرێتە خۆی، وەڵامەکەی باس نەکراوە، بۆ ئەوەی زەینی بەشەر بۆ هەر شتێك بچێ، کە بگونجێ لەگەڵ نێوەڕۆك و ڕەوتی ئەو ئایەتە موبارەکانەدا، واتە: هەر کاتێك ئاسمان لەت بوو و گوێی گرت بۆ پەروەردگاری و شایستەش بوو، گوێ بگرێ، هەروەها هەر کاتێك زەوی لێك کێشرایەوەو پانڕاخراو، هەرچی لە نێو خۆیدا هەڵیگرتبوو، فڕێیدایە دەرێ و خۆی خاڵیی کردەوەو، گوێی گرت بۆ پەروەردگاری و شایستەش بوو، گوێ بگرێ: ئەی مرۆڤ! تۆ سزاو پاداشتت بۆ دێتە گۆڕێ، یان: لەو کاتەدا ئەی مرۆڤ! زیندوو دەکرێنەوەو لێت دەپرسرێتەوە.

دوایی خوا ﷻ دێتە سەر بابەتی دووەم: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْإِنسَـٰنُ ﴾، ئەی مرۆڤ! لێرەدا هەموو زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە (**الإنسان**)، (ال)ەکەی بۆ ناساندنەو بۆ جینسەو تێکڕای مرۆڤان دەگرێتەوە، چونکە دوایی خوای زاناو شارەزا دابەشیان دەکات، بۆ کەسانێك کە بە دەستی ڕاستیان نامەی کردەوەکانیان دەدرێتەوەو، کەسانێك کە لە پشتەوەڕا نامەی کردەوەکانیان دەدرێتەوە، کەواتە: لێرەدا مەبەست لە (**الإنسان**) هەموو مرۆڤەکانە، ئەی مرۆڤەکان! ﴿ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدْحًا فَمُلَـٰقِيهِ ﴾، بە دڵنیایی تۆ ڕەنج دەدەی، تاکو دەگەیە پەروەردگارت، واتە: تۆ کە لەم ژیانە دنیاییەدا، دانراوی ڕەنج دەدەی، خۆت ماندوو دەکەی و هەوڵ دەدەی بەو شێوەیەی بۆ خۆت حەز دەکەی و، بۆ هێنانە دی ئەو ئامانجانەی حەزیان پێ دەکەی، هەتا دەگەیە پەروەردگارت، کە

مەبەست پێی کاتی مردنە لە قۆناغی بەرزەخدا، یاخود مەبەست پێی قۆناغی قیامەتە، کە لەوێ سزاو پاداشتی یەکجارەکیی مرۆڤ دەدرێتەوە، ﴿فَمُلَٰقِيهِ﴾، سەرەنجام پێی دەگەی، واتە: بە پەروەردگارت دەگەی، یاخود: بە بەرهەمی ڕەنج و زەحمەت و تێکۆشانەکەت دەگەی، هەردوو واتایەکە گونجاون، ئنجا خوا ﷻ ئەنجامەکە باس دەکات: ﴿فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ﴾، (أمّا)، وەك زۆرجار گوتوومانە: پیتێکە بۆ ڕوونکردنەوە بەکاردەهێنرێ (**حرف تفصيل**)، یانی: ئنجا هەر کەسێك بە دەستی ڕاستی نووسراوەکەی بدرێتەوە، واتە: ئەو نووسراوەی، ئەو لیستەی کردەوەکانی تێدا تۆمار کراون، ﴿فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا﴾، ئەوە لەمەودوا بە لێپرسینەوەیەکی ئاسان لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێ، لێپرسینەوەی ئاسانیش وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی و دواییش فەرمایشتەکان دێنین ئەوەیە کە نەگوترێ: بۆچی ئەوەت کردو بۆچی ئەوەت نە کرد؟ ئەوە چۆن بوو، ئەوە چۆن نەبوو؟ بەڵکو تەنیا کردەوەکانی پێشان بدرێن، چونکە هەر کەسێك وتووێژی لەگەڵدا بکرێ و، شەڕە قسەی لەگەڵدا بکرێ، لە لێپرسینەوەدا، تووشی سزاش دەبێ.

﴿وَيَنقَلِبُ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ مَسْرُورًا﴾، هەر کەسێك بە دەستی ڕاستی نامەی کردەوەکانی بدرێتەوە، لێپرسینەوەیەکی سووك و ئاسانی لەگەڵدا دەکرێ و، بە شادمانیی و دڵخۆشییش دەگەڕێتەوە بۆ لای کەس و کاری کە چاوەڕێی دەکەن، ئایا ئەو کەس و کارەی کێن؟ دەگونجێ مەبەست پێی ئەوانە بێ کە خوا لە بەهەشت دا بۆی داناون: حۆرییەکان و ئەو لاوو گەنجانەی تەرخانکراون خزمەتی بەهەشتییان بکەن، یاخود: ئەوانەی لە دنیادا کەس و کاری بوون، ئەوانیش هەر کامێکیان چاوەڕێی ئەوی دیکە دەکات، داخۆ چۆن دێتەوە؟.

﴿وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهْرِهِۦ﴾، بەڵام کەسێك نووسراوەکەی لە لای پشتەوەی ڕا بدرێتەوە، لە پشتیەوە بیدرێتەوە، لە شوێنەکانی دیکەدا هەموویان خوا فەرموویەتی: ﴿بِشِمَالِهِۦ﴾، بە دەستە چەپی، زانایان گوتوویانە: لێرەدا کە دەفەرموێ: لە پشتەوەڕا، لەگەڵ ئەوەدا کە دەفەرموێ: بە لای چەپیدا، دژ ناوەستێ، واتە: بە لای پشتەوەدا،

بەڵام دەبێ بە دەستە چەپی، وەری بگرێتەوە، ئنجا هەر کەسێك بەو جۆرە نامەی کردەوەکانی بدرێتەوە: ﴿ فَسَوْفَ يَدْعُواْ ثُبُورًا ﴾، لە مەودوا لە بەینچوون بانگ دەکات، واتە: بە ئاوات دەخوازێ لە نێوبچێ و نەمێنێ، یاخود: تووشی حاڵەتێك دێ، مەرگی بە ئاوات دەخوازێ، ﴿ وَيَصْلَىٰ سَعِيرًا ﴾، دەشخرێتە نێو کڵپەی ئاگری دۆزەخەوەو بە شێوەیەکی تایبەت لەوێدا دەسووتێنرێ، دەپیشێنرێ و دەبرژێنرێ، ﴿ إِنَّهُۥ كَانَ فِيٓ أَهْلِهِۦ مَسْرُورًا ﴾، لە سۆنگەی ئەوەوە کە ئەو کەسە لە نێو کەس و کاریدا (لە دنیادا) زۆر دڵخۆش و کەیف خۆش بوو، کەیف خۆشیی و دڵخۆشیی بە ناحەق و بوغڕاو یاخیی بوونەوە، ﴿ إِنَّهُۥ ظَنَّ أَن لَّن يَحُورَ ﴾، ئەو پێی وابوو ناگەڕێتەوە، پێی وابوو کە مرد، تازە کۆتایی دێ و، جارێکی دیکە دروست ناکرێتەوەو زیندوو ناکرێتەوە، ﴿ بَلَىٰٓ ﴾، با، دەگەڕێتەوەو دروست دەکرێتەوەو زیندوو دەکرێتەوە، ﴿ إِنَّ رَبَّهُۥ كَانَ بِهِۦ بَصِيرًا ﴾، بە دڵنیایی پەروەردگاری بینەری بوو، دەیبینی چی کردووەو چۆنی کردووە!، ئنجا چۆن دەبێ وەك بەرزەکی بانان بۆی دەربچێ؟

ئنجا خوای بەرز دێتە سەر بابەتی سێیەم و کۆتایی و، دەفەرموێ: ﴿ فَلَآ أُقْسِمُ بِٱلشَّفَقِ ﴾، وانیە (کە ئێوە دەڵێن، یاخود: وانیە کە ئێوە بیر دەکەنەوە، کە بەس لە دایك بوون و مردن هەبێ و، زیندووکرانەوەو سزاو پاداشت و لێپرسینەوە نەبێ)، ﴿ أُقْسِمُ بِٱلشَّفَقِ ﴾، سوێند دەخۆم بە زەردە، (شَفَق)، بەو سوورایيە دەگوترێ، کە بە بنی ئاسمانەوە دەمێنێ، دوای خۆرئاوابوون، زانایان دەڵێن: نوێژی خەوتنان کاتێك دەبێ، کە سوورایی و زەردایی لە ئاسۆی ئاسماندا نەما، بۆ کەوتنە نێو کاتی نوێژی خەوتنان، دەبێ نوێژی شێوان کاتەکەی کۆتایی بێ، هەندێکیش گوتوویانە: (شفق)، ئەو سوورايیەيە کە بەبنی ئاسمانەوە دەمێنێ، بە ئاسۆوە دەمێنێ، لە کاتێکدا خۆر هەڵدێ بەر لەوەی خۆر دەربکەوێ، سوورایيەکەش پێشێ زەردایيە دوایی وردە وردە سوور هەڵدەگەڕێ، بەر لەوەی خۆر دەربکەوێ، بەڵام لێرەدا بە پێی ڕەوتی ئایەتەکان، بۆمان دەردەکەوێ کە زیاتر مەبەست پێی بوولێڵی ئێوارەیە، ئەو کاتەی خۆرئاوا دەبێ، چونکە دوایی باسی هاتنی شەو دەکات، دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّيْلِ وَمَا وَسَقَ ﴾، هەروەها سوێند دەخۆم بە

شەوگارو بەوەی شەوگار کۆی دەکاتەوە، دروستکراوەکان لە ڕۆژێ دا بڵاو دەبن، ڕۆژ ڕووناکەو خەڵك دەچێ بە دەم کارو کاسپیی خۆیەوە، مرۆڤە خاوەن عەقڵ و هەستەکان بڵاودەبنەوە بە زەویدا، بۆ داواکردنی بژیوی خوای پەروەردگار، بۆ جموجوڵ و ئیش و کار، بەڵام لە کاتی شەودا، خەڵکەکە هەر کەسە دەچێتەوە شوێنی خۆی و، جۆرێکی دیکە لە دروستکراوانی خوا بڵاودەبنەوە، ئەگەر جندو شەیتانەکانن، ئەگەر جرجانەوەرو دەعبان، دەرفەت وەردەگرن لە تاریکیی شەو بۆ ڕاوکردن و نێچیر پەیدا کردن و بژیو پەیدا کردن، ﴿ وَٱلْقَمَرِ إِذَا ٱتَّسَقَ ﴾، سوێندیش دەخۆم بە مانگ، کاتێك جێخونکە دەکات و کۆ دەبێتەوە، کە زیاتر شەوانی: (١٣ و ١٤ و ١٥)، دەگرێتەوە، سوێند بەو چوار شتانە:

﴿ لَتَرْكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٍ ﴾، ئەمە خوێندراویشەتەوە: (لَتَرْكَبَنَّ)، کە ئەو کاتە مەبەست پێی مرۆڤە بە تەنیا، بەڵام: ﴿ لَتَرْكَبُنَّ ﴾، یانی: ئەی مرۆڤەکان هەمووتان سواری چین لەسەر چین، دەبن، واتە: حاڵ لەسەر حاڵتان بەسەر دێ، وەك چۆن چەند شتێك کە بە ئەندازەی یەك بن، لەسەر یەك دادەنرێن، ئێوەش حاڵ لەسەر حاڵتان بەسەر دێ.

زانایان لەو بارەوە زۆر قسەیان کردوە، کە دوایی زیاتر شی دەکەینەوە، هەندێك گوتوویانە:

أ- مەبەست پێی حاڵەتی (**نطفة**)یە، دوایی (**علقة**)یە، دوایی (**مضغة**)یەو... هەروەها.

ب- هەندێکی دیش گوتوویانە: مەبەست حاڵەتی منداڵییە، دوایی گەنجییە، دوایی کامڵ بوونە، ئنجا پیرییە، تاکو مردن.

ج- هەندێکیش گوتوویانە: مەبەست پێی حاڵەتی دنیایە، دوایی بەرزەخە، دوایی قیامەتە، دوایی نیشتەجێ بوونە لە بەهەشتدا، یان لە دۆزەخ دا.

هەروەها مانای دیکەشیان بۆ لێداونەوە.

خوا ﷻ وەك ڕەخنەگرتن و سەرزەنشتکردن دەفەرموێ: ﴿ فَمَا لَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾، ئەوە چییانە، بۆچی بڕوا ناهێنن، چ شتێك ڕێی لێ گرتوون؟ ئەمە سەرسوڕماندنە بە

بڕوا نەهێنانی بێبڕوایەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو شتانەیان لەبەر چاون! ﴿ وَإِذَا قُرِئَ عَلَيْهِمُ ٱلْقُرْءَانُ لَا يَسْجُدُونَ ﴾، هەروەها کاتێك قورئانیان بەسەردا دەخوێندرێتەوە، کڕنووش نابەن، یاخود: بۆ خوا ملکەچ نابن؟ ﴿ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُكَذِّبُونَ ﴾، نەك هەر بڕواناهێنن و کڕنووش نابەن، لە کاتێکدا قورئانیان بەسەردا دەخوێنرێتەوە، بەڵکو ئەوانەی بێبڕوان بە درۆ دادەنێن، چی بە درۆ دادەنێن؟ ڕۆژی دوایی بە درۆ دادەنێن، پێغەمبەری خوا ﷺ بەدرۆ دادەنێن، قورئان بە درۆ دادەنێن، هەموو ئەو شتانە بە درۆ دادەنێن کە پێویستە بە ڕاست دابنرێن و بڕوایان پێ بهێنرێ، ﴿ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُوعُونَ ﴾، خواش زاناترە بەوەی هەڵیدەگرن، دەیپارێزن، واتە: لە بیرو هۆشی خۆیان و لە دڵ و دەروونی خۆیاندا، لە نیازو مەبەستەکان و خولیاو بیرو بۆچوونەکان، خوا زاناترە بەوەی هەڵیدەگرن و، لە خۆیان پێیان زاناترە، ﴿ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾، ئنجا موژدەی ئازارێکی بە ئێشیان پێ بدە.

هەڵبەتە موژدە بۆ شتی باشە، بەڵام ئەمە لێرەدا:

أ- یان بە توانجەوەیە، واتە: موژدەیان پێ بدە، ئەگەر شتێکی دڵخۆشکەر هەبێ بۆ ئەوان، بەس بریتیە لە ئازاری بە ئێش.

ب- یان مەبەست ئەوەیە کە بڕواداران موژدەی بەهەشتیان پێدەدرێ و، ئەوانیش موژدەی ئازارێکی بە ئێشیان پێ دەدرێ، ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍۭ ﴾، جگە لەوانەی بڕوایان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ، ﴿ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ﴾، هەروەها کردەوە باشەکانیشیان ئەنجام داون، ئایا ئەوانە چۆنن؟ ﴿ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍۭ ﴾:

١- پاداشتێکی نەبڕاوەیان هەیە.

٢- یاخود: پاداشتێکیان هەیە کە بە چاویان دا نادرێتەوەو، منەتیان بەسەردا ناکرێ.

٣- یاخود: پاداشتێکیان هەیە کە هیچ کەم و کوڕیی و ناڕێکیی و نوقصانییەکی تێدانیە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

باسی شەق و پەق بوونی ئاسمان و ملکەچبوونی بۆ پەروەردگاری و، لێککێشرانەوەی زەوی و، فڕێدانی هەرچی تێیدایەو، خۆ بە تاڵ کردنی و ملکەچبوونی بۆ پەروەردگاری و شایستە بوونیشیان بۆ ئەو ملکەچییە:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ ١ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ٢ وَإِذَا ٱلۡأَرۡضُ مُدَّتۡ ٣ وَأَلۡقَتۡ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتۡ ٤ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ٥﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾، هەر کاتێك ئاسمان لەت و پەت بوو، شەق و پەق بوو، وشەی: ﴿إِذَا﴾، وەك زۆر جاری دیکە گوتراوە: (**إذا: ظَرْف لِلْمُسْتَقْبَلِ وَالفِعْلُ الَّذِي فِي الجُمْلَةِ المضَافَةِ إلَيْهِ، (إذا)، مؤوّل بالمسْتَقْبَلِ، وصِيغَة الماضِي للتنبيه عَلَى وقوعِهِ المتَحَقُّق**)، واتە: ﴿إِذَا﴾، (**ظرف**)ە بۆ داهاتوو، ئەو کردارەش کە لەو ڕستەیەدایە، ﴿إِذَا﴾ی پاڵ دەدرێتە لا {﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾}، هەرچەندە (**انشقت**) لە ئەسڵدا بە شێوەی ڕابردوو هاتوە: {واتە: لەت و پەت بوو}، بەڵام مانا دەکرێ بە داهاتوو، {﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾، هەر کاتێك ئاسمان لەت بوو، چونکە ﴿إِذَا﴾ی چۆتە سەرو ئەویش مانای ڕابردوو دەگوازێتەوە بۆ داهاتوو، بەڵام بە شێوەی ڕابردوو هاتوە، بۆ ئاگادارکردنەوە لەوەی بە دڵنیایی هەر ڕوودەدا.

شایانی باسە: ﴿إِذَا﴾ کاتێك دەچێتە سەر ڕستەیەك، ڕوودانی ئەو واتایەی لەو ڕستەیەدا هاتوە، مسۆگەر دەکات، بە پێچەوانەی (إِنْ)ەوە کە دەیخاتە ئەگەرو نەگەرەوە.

٢)- ﴿ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ﴾، بۆ پەروەردگاری فەرمانبەر بوو، گوێی گرت، شایستەش بوو گوێ بگرێ، ﴿ وَأَذِنَتۡ ﴾، یانی: (**سمعت**)، گوێی گرت.

﴿ وَأَذِنَتۡ ﴾، (**فِعْلُ (أَذِنَتْ) مُشْتَقٌّ مِنْ اسْمِ جَامِدٍ (أُذُنْ)، وَالأُذُن آلَةُ السَّمْعِ بالإنْسَانِ، أَذِنَ لَهُ أي، اسْتَمَعَ لَهُ** ...)، واتە: کرداری (**أَذِنَت**) {کە کردارێکی ڕابردوویە}، داتاشراوە لە ناوی وشك (جامد)ی (**أُذن**) کە بە ئەندامی بیستن لە مرۆڤدا دەگوترێ، (**أَذِنَ لَهُ**)، واتە: گوێی بۆ هەڵخست، گوێی خۆی دایە.

﴿ وَحُقَّتۡ ﴾، (**أي: هِي مَحْقُوقَةٌ بِهَذَا**)، ئەویش پێی شایستە کراوە وابێ و بەوە شایستەیە.

٣)- ﴿ وَإِذَا ٱلۡأَرۡضُ مُدَّتۡ ﴾، هەروەها هەر کاتێك زەوی لێككێشرایەوە، یاخود: پانڕاخرا، ﴿ مُدَّتۡ ﴾، وەك چۆن چەرم یان پێست لێك دەكێشرێتەوەو گنجی لێ ناهێڵرێ، پێستێك کە خڕکراوەتە سەر یەك و لۆچ و گنجی هەن، کە لێك دەكێشرێتەوە پانتاییەکەی زیاتر دەبێ، زەویش بەو شێوەیە لێك دەكێشرێتەوە، وەك خوای پەروەردگار لە سوورەتی (**طه**)دا، فەرموویەتی: ﴿ وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡجِبَالِ فَقُلۡ يَنسِفُهَا رَبِّي نَسۡفٗا ﴿١٠٥﴾ فَيَذَرُهَا قَاعٗا صَفۡصَفٗا ﴿١٠٦﴾ لَّا تَرَىٰ فِيهَا عِوَجٗا وَلَآ أَمۡتٗا ﴿١٠٧﴾ ﴾، واتە: لە بارەی چیاپەکانەوە پرسیارت لێ دەکەن، بڵێ: پەروەردگارم بە وردو خاشکردن، وردو خاشیان دەکات، ﴿ فَيَذَرُهَا قَاعٗا صَفۡصَفٗا ﴾، لێیان دەگەڕێ، دەیانکاتە تەختاییەکی بێ گرێ و گۆڵ، ﴿ لَّا تَرَىٰ فِيهَا عِوَجٗا وَلَآ أَمۡتٗا ﴾، نە هیچ لارییان تێدا دەبینی، نە هیچ بەرزاییان تێدا دەبینی، (**عوج**)، واتە: لاریی و خواریی، (**أمت**)، واتە: بەرزایی، یانی: بێ گرێ و گۆڵ دەبێ.

بە باشی دەزانم لە بارەی ئایەتی پێشەوە: ﴿ وَإِذَا ٱلۡأَرۡضُ مُدَّتۡ ﴾، ئەم دوو دەقە بێنین:

یەکەمیان: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {**تُمَدُّ الأَرْضُ مَدَّ الأَدِيمِ لِعَظَمَةِ الرَّحْمَنِ، فَلاَ يَكُونُ لِرَجُلٍ مِنْ بَنِي آدَمَ فِيهَا إِلاَّ مَوْضِعَ قَدَمَيْهِ**} (**أخرجه الحاكم: ٨٧٠١، وقال: صحيح الإسناد على شرط الشيخين**).

واتە: زەوی لە ڕۆژی قیامەتدا لێك دەكێشرێتەوە وەك چۆن چەرمێك (پێستێك) لێك دەكێشرێتەوەو ڕادەكێشرێ، یان ڕادەخرێ، لەبەر مەزنیی خوای بە بەزەیی، دوایی هەر كام لە ڕۆڵەكانی ئادەم تەنیا بە ئەندازەی دوو پێیەكانی شوێنی دەست دەكەوێ، {ئەندازەی ئەوەی لێی بوەستێ}.

دووەمیان: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {**لَمْ يَأْذَنِ اللهُ لِشَيْءٍ مَا أَذِنَ لِلنَّبِيِّ أَنْ يَتَغَنَّى بِالْقُرْآنِ، يُرِيدُ: يَجْهَرُ بِهِ**} (**أخرجه البخاري: ٧٠٤٤، ومسلم: ٧٩٢، وأبو داود: ١٤٧٣، والنسائي: ١٠١٧، وابن حبان: ٧٥٢**).

واتە: خوا ﷻ گوێی نەگرتوە بۆ هیچ شتێك بە ئەندازەی گوێگرتنی بۆ پێغەمبەرێك كە قورئان بە دەنگی خۆش دەخوێنێ: مەبەستی ئەوەیە دەنگی پێ بەرز دەكاتەوە.

(**أَذِنَ**)، یانی: (**اسْتَمَعَ**)، گوێی گرت، گوێی هەڵخست، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی قبووڵ كردن و پێخۆشبوونی خوای پەروەردگارە، بۆ دەنگی ئەو پێغەمبەرەی ﷺ قورئان دەخوێنێ و دەنگی خۆی پێ دەلارێنێتەوە.

ئەم دەقەی سوننەت تیشكمان بۆ دەخاتە سەر چەمك و واتای ئەو ڕستە موبارەكەی دەفەرموێ: ﴿ وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ ﴾، كە خوا عز وجل بۆ ئاسمان بەكاری هێناوە: ئاسمان گوێی گرت بۆ پەروەردگاری و فەرمانبەریی كرد، بە قسەی كرد، ﴿ وَحُقَّتْ ﴾، شایستەی ئەوەش بوو گوێ بگرێ، هەروەها زەویش بە هەمان شێوە.

٤)- ﴿ وَأَلْقَتْ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتْ ﴾، هەرچی تێیدایە فڕێیدایە دەرو هەڵیداو، خۆی خاڵیی كردەوە، ﴿ وَأَلْقَتْ ﴾، (**أي: قَذَفَتْ وَرَمَتْ**)، واتە: فڕێیداو هاویشتی، ﴿ مَا فِيهَا ﴾، (**كُلُّ مَا فِي بَاطِنِهَا فَلَمْ يَبْقَ مِنْهُ شيءٌ**)، هیچ شتێكی لە خۆیدا نەهێشتەوە، هەرچی لە دەروونی دایە، هەمووی فڕێدایە دەرێ، لێرەدا مەبەست ئەو جەنازانەن كە دەخرێنە نێو زەوییەوە، هەروەها هەر شتێكی دیكەش كە لە زەوی دا هەیە، زەوی هەموو هەناوی خۆی خاڵیی دەكاتەوە، ﴿ وَتَخَلَّتْ ﴾، (**التَّخَلِّي: قُوَّةُ الخُلوِّ عَنِ الشَّيءِ**)، (**تَخَلِّي**) بە هێزیی خاڵیی بوونەوە لە شتێك دەگەیەنێ، واتە: زۆر بەهێزەوەو بە خۆهەڵتەكاندنەوە،

هەرچی لە نێو هەناویدا هەیە، فڕێدەداتە دەرێ و هیچ شتێك لە خۆیدا ناهێڵێ، لێرەدا وەڵامەکە دیار نیە، بۆیە زانایان لە بارەی وەڵامەکەیەوە، ڕاجیاییان هەیە:

١- هەندێك گوتوویانە: وەڵامەکەی ئەوەیە کە دوایی دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدۡحٗا فَمُلَٰقِيهِ ﴾، تاکو کۆتایی ئایەتەکان، یانی: کاتێك ئەوانە ڕوویان دا، ئەی مرۆڤ! تۆ ڕەنجدەری تاکو دەگەیەو پەروەردگارت و بە بەری ئەو ڕەنجەشت دەگەی، ئنجا کەسێك بە دەستی ڕاستی نووسراوی کردەوەکانی بدرێتەوە، بە ئاسانیی لێی دەپرسرێتەوەو، بە خۆشیی دەگەڕێتەوە بۆ لای کەس و کاری، بەڵام کەسێك لە پشتەوەڕا نامەی کردەوەکانی بدرێتەوە، لە بەینچوون بە ئاوات دەخوازێ، چونکە ژیانی دنیایدا لە نێو کەس و کاری دا دڵخۆش بووەو پێشی وا بووە، ناگەڕێتەوە بۆ لای خوا.

٢- بەڵام هەندێك گوتوویانە: وەڵامەکەی ئەوەیە: ﴿ فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ ﴾، ﴿ وَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهۡرِهِۦ ﴾، یانی: کاتێك ئەو گۆڕانکارییانە لە ئاسمان و زەویدا ڕوویان دا، ئنجا هەر کەسێك بە دەستی ڕاستی نووسراوەکەی بدرێتەوە، کە کردەوەکانی تێدا تۆمار کرابوون، ئەوە حاڵی وایەو، کەسێکیش لە پشتەوەی ڕا بیدرێتەوە، حاڵی بەو شێوەیە.

کورتە باسێک لە بارەی
پانتایی زەوی و کیشوەرو ئۆقیانووسەکانیەوە

بەڕێـــزان!

بە پێویستم زانی لێرەدا هەندێك زانیاریی دەربارەی زەوی و پانتایی زەویی و وشكانیی زەوی و، ئۆقیانووسەكانیەوە، كورتە باسێك لە سێ بڕگەدا بخەینەڕوو:

بڕگەی یەکەم:

سەرەتا دەڵێین: كە خوای پەروەردگار دەفەرمویٚ: ﴿ وَإِذَا ٱلْأَرْضُ مُدَّتْ ﴿٣﴾ وَأَلْقَتْ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتْ ﴿٤﴾ ﴾، هەر كاتێك زەوی لێككێشرایەوەو، هەرچی تێیدایە هەیە فڕێیدایە دەرێ و، خۆی خاڵیی كردەوە، (**فخرالدين الرازي**)[1]، لەو بارەوە گوتوویەتی:

وشەی: ﴿ مُدَّتْ ﴾، لە ﴿ وَإِذَا ٱلْأَرْضُ مُدَّتْ ﴾دا، دوو ئەگەری هەن:

(الأول: مَأْخُوذٌ مِنْ مَدَتُّ الشيءَ فَامْتَدَّ، وهو أن تُزَال جبالها بالنَّسْفِ، كما تعالى: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْجِبَالِ فَقُلْ يَنسِفُهَا رَبِّى نَسْفًا ﴿١٠٥﴾ فَيَذَرُهَا قَاعًا صَفْصَفًا ﴿١٠٦﴾ لَّا تَرَىٰ فِيهَا عِوَجًا وَلَآ أَمْتًا ﴿١٠٧﴾ ﴾طه، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ مُدَّتْ مَدَّ الأَدِيمِ العُكَاظي، لأن الأديم إذا مُدَّ زالَ كل انثناء فيه واستوى.

والثاني: أنه مأخوذ من مَدَّه بمعنى أَمَدَّهُ، أي: يُزَادُ في سَعَتِهَا يوم القيامة لوقوف الخلائق عليها للحساب، واعلم أنه لا بد من الزيادة في وجه الأرض سواء كان ذلك بتمديدها أو بإمدادها، لأن خلق الأولين والآخرين لما كانوا واقفين يوم القيامة على ظهرها، فلا بد من الزيادة في طولها وعرضها).

تەنیا لە تەفسیرەكەی (**الرازي**)دا ئەوەم بینی و قسەیەكی ژیرانەو زانستییانەشە:

---

(١) مفاتيح الغيب، المجلد: ١٦، الجزء: ٣٠، ص: ١٠٤.

واتە: وشەی: ﴿ مُدَّتْ ﴾، کە خوا بۆ زەوی بەکارهێناوە:

١- یان لە: (مَدَتُّ الشَّيءَ فَامْتَدّ) وەرگیراوە، یانی: شتەکەم لێککێشایەوەو لێککێشرایەوە، ئەویش ئەوەیە کە چیایەکانی، بە وردوخاش کردن لەسەر ڕووی زەوی لابچن، وەك لە سووڕەتی (طه)دا دەفەرموێ: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْجِبَالِ فَقُلْ يَنسِفُهَا رَبِّى نَسْفًا ﴿١٠٥﴾ فَيَذَرُهَا قَاعًا صَفْصَفًا ﴿١٠٦﴾ لَّا تَرَىٰ فِيهَا عِوَجًا وَلَآ أَمْتًا ﴿١٠٧﴾ ﴾طه، واتە: لە بارەی چیایەکانەوە لێت دەپرسن، بڵێ: پەروەردگارم وردو خاشیان دەکات و، زەوی دەکاتە تەختاییەکی ساف بێ گرێ و گۆڵ، کە هیچ خوار خێچیی و بەرزیی و نزمیی تێدا نابینی، لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، گێڕدراوەتەوە گوتوویەتی: ﴿مُدَّتْ ﴾، (مُدّت مدّ الأديم العُكاظي)، زەوی لێك دەکێشرێتەوەو پان ڕادەخرێ، وەك چۆن چەرمی عوکازیی (جۆرە چەرمێك بووە فرۆشراوە، پاڵدراوەتە لای بازاڕی **عُكاظ**)، ئاوا لێك دەکێشرێتەوە.

واتای دووەمی: ﴿مُدَّتْ ﴾، (مَدَّه بمعنى أَمَدَّهُ، أي: يُزَادُ في سعَتِهَا)، واتە: بۆی زیاد کرد، واتە: لە فراوانییەکەی زیاد دەکرێ لە ڕۆژی قیامەتدا، لەبەر ئەوەی هەموو دروستکراوەکان لەسەری دەوەستن، بشزانە! کە دەبێ ڕووی زەوی بۆی زیاد بکرێ، چ بەوەی لێك بکێشرێتەوە، چ بەوەی زیادەی بخرێتە سەر، چونکە دروستکراوە پێشووەکان و دروستکراوە دواییەکان، هەموویان لەسەر پشتی زەوی دەوەستن، دەبێ لە باری درێژایی و لە باری پانایی زیاد بکرێ.

بە ڕاستیی (**فخرالدين الرازي**)، پیاوێکی ڕۆشنبیر بووە و فیکرو بۆچوونەکانی ڕۆژگاری خۆی تاکو ڕاددەیەکی زۆر هەزم کردوون، زانیویەتی زەوی خڕ و هێلکەیی هەڵکەوتوە، بۆیەش هێڵی درێژی هەن و، هێڵی پانیشی هەن، هێڵە درێژەکان لە باکوورەوە بۆ باشوور دەچن و، هێڵەکانی دیکەش لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، ئنجا (**الرازي**)، وای لێکداوەتەوە کە لەسەر ئەم زەوییەی ئێمە جێی هەموو ئەو مرۆڤانە نابێتەوە، کە هەر لە سەرەتای دروست بوونی مرۆڤەوە، تاکو کۆتایی مرۆڤان، هەموویان لەسەر بووەستن،

گوتوویەتی: دەبێ لێی زیاد بکرێ، ئنجا چ بە لێککێشانەوەی بێ و ڕابکێشرێ، چ بەوە بێ زیادەی بخرێتە سەر.

بڕگەی دووەم:

لە تەفسیری سوورەتی (إبراهیم)دا لە لێکدانەوەی ئەو ئایەتە موبارەکەدا کە دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ ۖ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿٤٨﴾ ﴾، واتە: ئەو ڕۆژەی زەوی جیا لەم زەوییە دەبێ و، ئاسمانەکانیش (جیا لەم ئاسمانانە دەبن)، هەموویان بۆ خوای تاکی ملپێکەچکەر دێنە گۆڕێ، باسێکمان کردوە، کە ئەم زەوییە وەك ئێستای نامێنێ و، ئاسمانەکانیش وەك ئێستایان نامێنن، ئەم حاڵەتەی ئێستای گەردوون گۆڕانی بەسەردا دێ، وەك خوای پەروەردگار لە چەندان ئایەتدا باسی کردوە: ئاسمان دەقڵیشێ و شڕ دەبێ، ئەستێرەکان هەڵدوەرن، زەوی بەو شێوەیەی نامێنێ، دەریایەکان گڕ دەگرن، چیاکان و زەوی پێکدا دەدرێن و وردو خاش دەبن، بە کورتیی: ئەم حاڵەتەی ئێستای گەردوون بە ئاسمان و زەوییەوە بەو شێوەیەی ئێستای نامێنێ، لەوێ کورتە باسێکمان کردوەو پێویست ناکات، لێرە بچینەوە سەر درێژەی ئەو کورتە باسە.

با بزانین پانتایی زەوی چەندە هەمووی بە کیلۆمەتر دووجا، پاشان چەندی وشکانییەو، وشکانیەیکەشی دابەش دەبێ بۆ چەند کیشوەر (**قارة**)، هەروەها چەندیشی ئاوو دەریایەو، دەریایەکانیش دابەش دەبن بۆ چەند ئۆقیانووس؟[1].

١- ڕووبەری (پانتایی) زەوی:

پانتایی زەوی (٥١٠٧٢٠٠٠)کم٢، زەوی هەمووی بە وشکانیی و بە دەریاوە: (پێنجسەدو دە ملیۆن و حەفتاو دوو هەزار) کیلۆمەتر دووجایە، ئنجا ئەو (پێنجسەدو دە ملیۆن و حەفتاو دوو هەزار) کیلۆمەتر دووجایە، دابەش دەبێ بۆ وشکانیی و بۆ ئاو (دەریا)، وشکانییەکەی پانتاییەکەی: (١٤٨،٩٤٠،٠٠٠)کم٢، (سەدو چل و هەشت ملیۆن

---

(١) ئێمە ئەم زانیارییانەمان لە (ئینتەرنێت) وەرگرتوون.

و نۆسەدو چل هەزار) كیلۆمەتر دووجایە، پانتایی ئاویش لەسەر ڕووی زەوی (واتە: ئۆقیانووسەكان)، دەوری (٣٦١،١٣٢،٠٠٠)كم٢، (سێسەدو شەست و یەك ملیۆن و سەدو سی و دوو هەزار) كیلۆمەتر دووجایە، كەناراوەكانی لە نیزیك دەریاكانەوە هەن، لە نێوان دەریاو وشكانیی دا، ئەوانیش (٣٦٥،٠٠٠)كم٢ دەبن، كۆی ڕووبەری وشكانیی كە لە پانتایی زەوی دادەیگرێ، بریتیە لە: (٢٩،١٪) لە كۆی پانتایی ڕووی زەوی، كە دابەش دەبێ بۆ حەوت كیشوەر، ئەو حەوت كیشوەرەش بەم شێوەیەن:

٢- حەوت كیشوەرەكەی زەوی:

١- گەورەترین كیشوەر لە وشكانیی ڕووی زەویدا كیشوەری ئاسیایە، كە ڕووبەرەكەی (٤٤،٣٩١،١٦٢)كم٢، ئەوە گەورەترین پارچە وشكانییەكە پێی دەگوترێ: كیشوەر (**قارة**) ی ئاسیاو، دەوری: (٤،٥٧٥،٦٥٢،٦٧٥) كەس لە مێژووی (٩)ی (٤)ی ساڵی (٢٠١٩)ی زایینی لەو كیشوەری ئاسیادا دەژین، یانی: (چوار ملیار و نیو) زیاتر، ئەم كیشوەرە دوو تایبەتمەندیی هەن:

أ- بەرزترین شوێنی وشكانیی لەم كیشوەرەدایە.

ب- هەروەها نزمترین شوێن لەم كیشوەرە دایە، بەرزترین شوێن بریتیە لە لووتكەی (ئیڤریست)، كە (٨،٨٦٤)م، واتە: نیزیكەی (٩)كم لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، نزمترین شوێنیش بریتیە لە دەریاچەی مردوو.

٢- لە دوای ئاسیا كیشوەری ئەفریقیا دێ، ئەویش دووەمین كیشوەری گەورەیە لە ڕووی پانتاییەوەو ڕووبەرەكەی: (٣٠،٢٤٤،٤٩)كم٢، دانیشتوانی ئەو كیشوەرە (١،٣١٢،٤٣١،٥٨٩) كەسە، لە مێژووی (٩)ی نیسانی ساڵی (٢٠١٩)ی زایینی دا، تایبەتمەندییەكی ئەم كیشوەرە كە دووەمین كیشوەرە لە ڕووی پانتاییەوە لە وشكانیی زەویدا، ئەوەیە كە درێژترین ڕووباری دنیای تێدایە، كە بریتیە لە ڕووباری نیل.

٣- سێیەمین كیشوەر لە وشكانییدا، بریتیە لە كیشوەری ئەمریكای باكوور، كە ڕووبەرەكەی (٢٤،٢٤٧،٣٩)كم٢، لەم كاتەدا ژمارەی دانیشتووانی ئەو كیشوەرە (كیشوەری ئەمریكای

باکوور) (٣٦٦,٤٩٦,٨٠٢) کەسە، لە (٩/ ٤/ ٢٠١٩)دا، ئیمتیازێکی ئەم کیشوەری سێیەمە لە ڕووی پانتاییەوە، ئەوەیە کە گەورەترین دەریاچەی ئاوی شیرینی لە دنیادا تێدایە، کە بریتیە لە دەریاچەی (سۆبردیور) کە گەورەترین دەریاچەی ئاوی شیرینە لە ڕووی زەویدا.

٤- کیشوەری چوارەم لە ڕووی پانتاییەوە لەسەر ڕووی وشکانیی زەوی، بریتیە لە کیشوەری ئەمریکای خواروو، کە پانتاییەکەی (١٧,٨٢١,٢٩)کم٢، لەو کیشوەرەدا (٤٣١,١٣١,٢٩٥) کەس دەژین، بەر لە مێژووی (٩)ی نیسانی ساڵی (٢٠١٩)ی زایینی، تایبەتمەندییەکی ئەم کیشوەری چوارەمە، ئەوەیە کە درێژترین زنجیرە چیای لە هەموو دنیادا تێدایە، کە بریتیە لە (چیاکانی ئەندیز).

٥- کیشوەری پێنجەم لە وشکانیی زەوی دا، بریتیە لە کیشوەری (ئەنتار تیکا)، پانتاییەکەی (١٤,٢٤٥,٠٠٠)کم٢، بەڵام بێگومان ئەم کیشوەرەی پێنجەم لە ڕووی قەبارەوە، دانیشتووانی تێدا نین، بەڵکو تەنیا چەند هەزار کەسێك لە لێکۆڵەرەوان لەوێدا جاروبار ژیان دەبەنە سەرو، دێن و دەچن لێدەکۆڵنەوە، ئەم کیشوەرەش ئیمتیازەکەی ئەوەیە هەمیشە کە بە بەفر داپۆشراوەو، ئەویش کاریگەریی تەواوی لەسەر پلەی گەرمیی و ڕێژەی شێی لەسەر خڕۆکەی زەوی هەیە، هەروەها بە گشتیی کاریگەریی هەیە لەسەر کەش و هەوای زەوی.

٦- شەشەمین کیشوەر بریتیە لە کیشوەری ئەورووپا، کە لە ڕووی پانتاییەوە شەشەمینەو ڕووبەرەکەی (١٠,٣٥٤,٦٣٦)کم٢، ئێستا لەم کیشوەرەدا (٧٤٢,٩٩٩,١٢٠) کەس ژیان دەبەنە سەر، واتە: لە (٩)ی نیسانی (٢٠١٩)ی زایینی دا، ئەم کیشوەرەش ئیمتیازەکەی ئەوەیە: کە گەورەترین و بچووکترین دوو دەوڵەتی دنیای لە ڕووی پانتاییەوە گرتوونە خۆی، کە گەورەترین دەوڵەت بریتیە لە ڕووسیا لە ڕووی پانتایی و جوگرافیاوەو، بچووکترینیشیان بریتیە لە دەوڵەتی فاتیکان.

٧- کۆتا کیشوەر، کە کیشوەری حەوتەم، کیشوەری ئوستراڵیایە، کە گچکەترین حەوت کیشوەرەکەی زەوییە لە ڕووی ڕووبەرو پانتایی زەوییەوەو، پانتاییەکەی نیزیکەی

(٧,٦٦٨,٨٨٤)کم٢، ئێستا دەوری (٢٥,١٥,١٤٦) کەس لەسەر ئەو کیشوەرە ژیان دەبەنە سەر، واتە: لەو مێژووەدا کە ئەو سەرژمێرە کراوە، کە (٩)ی نیسانی ساڵی (٢٠١٩)ی زایینییە، ئەوە بە نسبەت کیشوەرەکانی زەوی و، وشکانیی زەوی کە دابەش دەبێ بۆ حەوت بەش و (٢٩,١٪) هەمووی گۆی زەوی دادەگرێ.

٣- پێنج ئۆقیانووسەکەی زەوی:

ئاوی ڕووی زەویی، کە ئاوی ڕووی زەوی گەورەترین پانتایی لە زەویدا دادەگرێ، کە بریتیە لە: (٧٠,٩٪)، هەمووی پانتایی زەوی، گەورەترین ئوقیانووسەکانی دەوری زەوییش ئەو پێنجەن:

١)- ئۆقیانووسی هادیی کە پانتاییەکەی (١٦٨,٧٢٣,٠٠٠)کم٢.

٢)- ئۆقیانووسی ئەتڵەسیی کە پانتاییەکەی (٨٥,١٣٣,٠٠٠)کم٢.

٣)- ئۆقیانووسی هیندیی کە پانتاییەکەی (٧٠,٥٦٠,٠٠٠)کم٢.

٤)- ئۆقیانووسی بەستەڵەکی خوارووی زەوی، کە پانتاییەکەی (٢١,٩٦٠,٠٠٠)کم٢.

٥)- ئۆقیانووسی بەستەڵەکی باکوور، کە پانتاییەکەی (١٥,٥٥٨,٠٠٠)کم٢.

لە کۆتایی ئەم کورتە باسەدا جارێکی دیکەش دووبارەی دەکەینەوەو دەڵێین:

خوای پەروەردگار لە سووڕەتی (إبراهیم)دا دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ ۖ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿٤٨﴾ ﴾، ئەو ڕۆژەی نە زەوی (ئەم زەوییەی ئێستا) دەمێنێ و نە ئاسمانەکانیش و، هەموویان بۆ خوای تاکی ملپێکەچەر دێنە گۆڕێ.

یانی: خوا ﷻ لە ڕۆژی دواییدا بە جۆرێکی دیکە، ئەم گەردوونە هەڵدەخاتەوە، نە زەوی وەك ئێستای دەمێنێ و نە ئاسمانەکانیش و، هەموویان گۆڕانیان بەسەر دادێ و، بەس خواش ﷻ خۆی دەزانێ، چ گۆڕانێکیان بەسەردا دێنێ و، چۆن هەڵدەخرێن، کە لەگەڵ واقیع و هەل و مەرجی ئەو کاتی دا، کە خوای کاربەجێ دیاریی کردوە، بگونجێ.

مەسەلەی دووەم:

مرۆڤ تاکو دەگاتە پەروەردگاری لە قیامەتدا، دەبێ ڕەنج بدات، ئنجا ئەگەر نامەی کردەوەکانی بدرێتەوە دەستی ڕاستی، بە ئاسانیی لێی دەپرسرێتەوەو، بە شادمانیی بۆ لای کەس و کاری دەگەڕێتەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدۡحٗا فَمُلَٰقِيهِ ۝٦ فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ ۝٧ فَسَوۡفَ يُحَاسَبُ حِسَابٗا يَسِيرٗا ۝٨ وَيَنقَلِبُ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ مَسۡرُورٗا ۝٩ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدۡحٗا ﴾، ئەی مرۆڤ! بە دڵنیایی تۆ ڕەنجدەری تاکو دەگەیە پەروەردگارت، بە ڕەنجدانێکی دیار، (**الكَدْحُ: السَّعِيُ وَالعَنَاءُ**)، (**كَدْح**): کۆشش و خۆماندووکردن و هەوڵدانە، (**وَالسَّعِيُ: إِتْعَابُ النَّفْسِ فِي العَمَلِ وَالكَدِّ**)، (**سعي**) خۆماندووکردنە لە کارکردن و ڕەنجداندا، کە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ ﴾، ئەی مرۆڤ! وەك پێشتریش گوتمان: (**أل**)ی سەر (**الإنسان**) بۆ ناساندنەو بۆ جینسە، واتە: لێرەدا خوا ﷻ تێکڕای مرۆڤان دەدوێنێ، مرۆڤەکان بە گشتیی، وەك مرۆڤ، بەبێ تێخوێندنەوەی پاشخانی نەتەوەیی و ڕەگەزیی و ئایینیی و فیکریی، ئەی مرۆڤ! وەك مرۆڤ، بێگومان تۆ تاکو دەگەیە پەروەردگارت، ڕەنجدەری، خۆماندووکەری، زەحمەتکێشی؟

٢)- ﴿ فَمُلَٰقِيهِ ﴾، بە دڵنیاییش پێی دەگەی، ئەمەش دوو واتای هەن:

أ- بە پەروەردگارت دەگەی.

ب- بە بەرهەمی کردەوەکەت دەگەی.

٣)- ﴿ فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ ﴾، ئنجا هەر کەسێك نووسراوەکەی بدرێتەوە دەستی ڕاستی.

٤)- ﴿ فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا ﴾، لەمەودوا لێپرسینەوەیەکی ئاسانی لەگەڵدا دەکرێ، لێپرسینەوەیەکی نەرم و ئاسان.

٥)- ﴿ وَيَنقَلِبُ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ مَسْرُورًا ﴾، بە دڵخۆشیی و شادمانییش دەگەڕێتەوە لای کەس و کاری، کە دەفەرمویّ: (ينقلب): (**الإنقلابُ: هُوَ الرُّجُوعُ مِنْ حَيْثُ أَتَى**)، گەڕانەوە بەو شوێنەدا کە لێیەوە هاتوە، لە کوێوە هاتوە، بگەڕێتەوە بۆ ئەویّ، لە قیامەت دا ئەو خەڵکە ڕادەگیریّ، هەموو کەس و هەر کەسە بە تەنیاو یەك بە یەك یان ناوی خەڵك دەخوێندرێتەوە، ئنجا کەسێك کە نامەکەی دەدرێتەوە دەستی ڕاستی، بە دڵخۆشیی دەگەڕێتەوە لای کەس و کاری کە چاوەڕێی دەکەن.

ئنجا لێرەدا دەربارەی کەس و کاری (**أهله**)، زانایان دەڵێن:

١- یان مەبەست پێی ئەو مرۆڤانەیە، کە پێش ئەو چوونە بەهەشت.

٢- یاخود ئەوانەی چاوەڕێی دەکەن لە مەیدانی لێپرسینەوەو سزاو پاداشتدا، لە خزم و نیزیك و کەس و کاری، ئەگەر بابە، ئەگەر دایکە، ئەگەر خێزانە، ئەگەر منداڵە، هەرکەس هەیە.

٣- هەندێکیش گوتوویانە: (**أَهْلُهُ مِنَ الجَنَّةِ**)، کەس و کارەکەی لە بەهەشتدا، واتە: حۆرییەکان و ئەو گەنج و لاوان (**غلمان**)ەی خزمەتیان دەکەن، ئەوانەی خوای پەروەردگار بە تایبەتی بۆی خوڵقاندوون.

٤- مانایەکی دیکەشی کە من زیاتر ئەوەم پێ ڕاستە، ئەوەیە: کەس و کاری هەموو ئەوانەن کە چاوەڕێی دەکەن، چ مرۆڤ بن و لە دنیادا لەگەڵی بووبن، چ لە بەهەشتدا خوای پەروەردگار بە تایبەت بۆ خزمەتی بەهەشتییانی خوڵقاندبن.

لێرەدا ئەم دوو دەقە دێنین:

١- {عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ «مَنْ حُوسِبَ يَوْمَ القِيَامَةِ عُذِّبَ»، فَقُلْتُ: أَلَيْسَ قَدْ قَالَ اللَّهُ ﷿: ﴿فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا ⑧﴾ الإنشقاق، فَقَالَ ﷺ: «لَيْسَ ذَاكِ الحِسَابُ، إِنَّمَا ذَاكِ العَرْضُ، مَنْ نُوقِشَ الحِسَابَ يَوْمَ القِيَامَةِ عُذِّبَ»} (أخرجه أحمد: ٢٥٠٠٢، والبخاري: ١٠٣، ومسلم: ٢٨٧٦، والترمذي: ٢٤٢٦، وقال: صحيح حسن).

واتە: عائیشە ﵂، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێك لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا لە ڕۆژی دواییدا، ئازار دراوە، (عائیشە دەڵێ:) گوتم: ئەدی خوای زاڵی پایەدار نەیفەرمووە: ﴿فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا ⑧﴾ الإنشقاق، واتە: لەمەودوا لێپرسینەوەیەکی سووك و ئاسانی لەگەڵدا دەکرێ؟ (پێغەمبەریش ﷺ) فەرمووی: ئەوە ئەو لێپرسینەوەیە نیە، بەڵکو ئەوە تەنیا پێشاندانی کردەوەکانیەتی، هەرکەسێك لە ڕۆژی قیامەتدا لە لێپرسینەوەدا مشت و مڕی لەگەڵدا بکرێ، ئازاردراوە.

٢- {عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ: فِي بَعْضِ صَلَاتِهِ: «اللَّهُمَّ حَاسِبْنِي حِسَابًا يَسِيرًا»، فَلَمَّا انْصَرَفَ، قُلْتُ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ! مَا الحِسَابُ اليَسِيرُ، قَالَ: أَنْ يُنْظَرَ فِي كِتَابِهِ فَيُتَجَاوَزَ عَنْه إِنَّهُ مَنْ نُوقِشَ الحِسَابَ يَوْمَئِذٍ يَا عَائِشَةُ هَلَكَ} (أخرجه أحمد: ٢٤٢٦١، تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح، والحاكم: ١٩٠، هذا حديث صحيح على شرط مسلم ولم يخرجاه بهذه السياقة، تعليق الذهبي في التلخيص: على شرط مسلم).

واتە: دایکمان عائیشە ﵂، دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ لە هەندێك لە نوێژەکانیدا دەیفەرموو: ئەی خوایە! بە لێپرسینەوەیەکی ئاسان لێپرسینەوەم لەگەڵدا بکە، کاتێك لە نوێژەکەی بۆوە، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! لێپرسینەوەی ئاسان چییە؟ فەرمووی: ئەوەیە کە تەماشای نووسراوەکەی بکرێ و، یەکسەر چاوپۆشیی لێ بکرێ، لێی تێبپەڕێنرێ، چونکە هەر کەسێك لە لێپرسینەوەدا، وتووێژی لەگەڵدا بکرێ {حەوت و هەشتی لەگەڵدا بکرێ}، دەفەوتێ.

مەسەلەی سێیەم:

هەر کەس لە لای پشتەوەی ڕا، نووسراوەکەی، لیستی کردەوەکانی، بدرێتەوە، مردن بە ئاوات دەخوازێ و، دەخرێتە نێو ئاگری دۆزەخەوە، بەهۆی ئەوەوە کە لە ژیانی دنیای دا هەمیشە بێباك و دڵخۆش و بوغڕا بووەو، پێشی وابووە ناگەڕێتەوە بۆ لای خوا، بەڵام خوا بینەری بووو، دەیزانی چی دەکات و چۆن دەکات؟ بۆیە ناگونجێ و نەدەگونجا مرۆڤ سزاو پاداشت و لێپرسراوەوەی نەبێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهْرِهِۦ ﴿١٠﴾ فَسَوْفَ يَدْعُوا۟ ثُبُورًا ﴿١١﴾ وَيَصْلَىٰ سَعِيرًا ﴿١٢﴾ إِنَّهُۥ كَانَ فِىٓ أَهْلِهِۦ مَسْرُورًا ﴿١٣﴾ إِنَّهُۥ ظَنَّ أَن لَّن يَحُورَ ﴿١٤﴾ بَلَىٰٓ إِنَّ رَبَّهُۥ كَانَ بِهِۦ بَصِيرًا ﴿١٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهْرِهِۦ ﴾، بەڵام هەر کەس نووسراوەکەی لە پشتیەوە ڕا بدرێتەوە، (وَرَاء)، واتە: پشت (**ظَهْر**)ە، یانی: لە دوایەوە، لە لای پشتەوەی ڕا نامەکەی بدرێتەوە، (**كِتَاب**)، واتە: نووسراو، مەبەست پێی لیست و تۆماری ئەو کردەوانەیە کە مرۆڤ ئەنجامی داون، ئەهلی ئیمان بە دەستی ڕاستیان نامەی کردەوەکانیان دەدرێتەوە، بەڵام بێبڕوایان لە هەموو قورئاندا هەر دەفەرموێ: بە دەستی چەپیان، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: لەلای پشتەوەی ڕا، نامەی کردەوەکانی دەدرێتەوە، زانایان وایان لێکداوەتەوە دەڵێن: (**مِنْ وَرَاءِ ظَهْرِهِ مِن شِمَالِهِ تَحْقِيراً لَهُ**)، لە لای پشتەوەی ڕا بە دەستی چەپی، (بەوە شێوەیە نامەی کردەوەکانی دەدرێتەوە)، وەك بێ بایەخ و بە کەم تەماشا کردنی.

ئنجا هەر کەس وابێ:

٢)- ﴿ فَسَوْفَ يَدْعُوا۟ ثُبُورًا ﴾، بە دڵنیایی مردن بانگ دەکات، (**الثبُورُ: الهَلاَكُ وَسُوءُ الحَالِ**)، (**ثُبُور**): بریتیە لە لەبەینچوون و حاڵ شپرزە بوون، ئنجا ئایا ئەو فەوتانە چۆن داوا

دەكات؟ دەڵێ: ئەی فەوتانی من وەرە! وەك (يَا وَيْلِي، يا وِيْلتي، يا وَيْلَتَا)، دەشگونجێ مەبەست ئەوە بێ كە مردن بە ئاوات دەخوازێ و، حەز دەكات بمرێ و نەمێنێ، بۆ ئەوەی لەو سزایەی چاوەڕێی دەكات، دەربازی بێ.

٣)- ﴿ وَيَصْلَىٰ سَعِيرًا ﴾، بە شێوەیەكی تایبەتیش دەخرێتە نێو كڵپەی دۆزەخەوە، ﴿ وَيَصْلَىٰ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (وَيُصَلَّى سَعِيرًا)، دەخرێتە نێو ئاگری دۆزەخەوە، ﴿ وَيَصْلَىٰ ﴾، یانی: بە جۆرێكی تایبەت دەسووتێ و، دەبرژێ، (يُصَلَّى)، واتە: دەبرژێنرێ و دەسووتێنرێ بە كڵپەی ئاگری دۆزەخ.

كە دەفەرموێ: (وَيُصَلَّى سَعِيرًا)، زانایانی ڕێزمانی عەرەبیی دەڵێن: (بِنَزْع الخَافِضِ، أي: يُصَلَّى بسَعِيرٍ)، ئەوەی بۆتە هۆی ژێرداركردن (خفض)ی كە (ب)كەیە لابراوە، واتە: بە كڵپەی ئاگری دۆزەخ بە شێوەیەكی تایبەت دەسووتێنرێ و دەپیشێنرێ، ئایا بۆچی وای لێ دەكرێ؟

٤)- ﴿ إِنَّهُۥ كَانَ فِىٓ أَهْلِهِۦ مَسْرُورًا ﴾، چونكە ئەو كاتی خۆی (لە ژیانی دنیای) لە نێو كەس و كاری دا زۆر دڵخۆش بوو.

هەڵبەتە زۆر دڵخۆش بوون، خراپ نیە، بەڵام دڵخۆشییەكەی ئەو بە خراپەكارییەكەی بووە، بە ستەم و زۆر و لادان و تاوانەكەی بووە، ئەگەرنا مرۆڤ ئەگەر بە چاكە دڵخۆشبێ، شتێكی باشە، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا۟ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾یونس، بڵێ: با بە بەخششی خواو بە بەزەیی خوا، بەس بەوە زۆر دڵخۆش بن، ئەوە باشترە لەوەی كۆی دەكەنەوە (لە ماڵ و سامان)، بەڵام ئەو كەسە دیارە بە خراپەكارییەكەی و بەبێ دینیی، بە ستەم لادان و تاوان، دڵخۆش بووە.

یەكێك لە ڕوونكەرەوانی قورئان، دەڵێ: ﴿ إِنَّهُۥ كَانَ فِىٓ أَهْلِهِۦ مَسْرُورًا ﴾، (مُسْتَعْمَلٌ فِي التَّعْجِيب مِنْ حَالِهِم كَيْفَ انقلب مِنْ ذَلِكَ السُّرور!)، ئەمە بەكارهێنراوە بۆ سەرسوڕماندن لە حاڵیان: چۆن حاڵیان لەو دڵخۆشییەی لە دنیادا تێیدا بوون، ئێستا گۆڕاوە بۆ ئەو ماتەمیی و دڵناڕەحەتییەی مەرگی تێدا بە ئاوات دەخوازن.

٥)- ﴿ إِنَّهُۥ ظَنَّ أَن لَّن يَحُورَ ﴾، ئەو پێی وابوو ناگەڕێتەوە، وشەی: ﴿ لَّن ﴾: (لِتَأكِيدِ النَّفي وتَأبيده)، ﴿ لَّن ﴾، مانای جەختکردنەوەی دەگەیەنێ و، مانای کۆتایی نەهاتن و نەبڕانەوەی شتێك دەگەیەنێ، ﴿ إِنَّهُۥ ظَنَّ أَن لَّن يَحُورَ ﴾، ئەمە وەك عەزم جەزمکردنی ئەوان و دڵنیابوونیان و بڕیاردانیان لە لایەن خۆیانەوە کە هەرگیز جارێکی دیکە ناگەڕێنەوە بۆ ژیان، ﴿ لَّن يَحُورَ ﴾، یانی: (لَنْ يَرْجِعَ)، (حَارَ، يَحُورُ، حَوْراً)، یانی: (رَجَعَ، يَرْجِعُ، رُجُوعاً)، ﴿ لَّن يَحُورَ ﴾، واتە: دوای ئەوەی دەمرێ و بە خاك دەسپێردرێ، جارێکی دیکە دەرنایەتەوە لە گۆڕ، وەك خاوەن ژیانێك، کە خوای کاربەجێ فەرموویەتی و پێغەمبەری خاتەم ﷺ هەواڵی پێداوە.

٦)- ﴿ بَلَىٰٓ إِنَّ رَبَّهُۥ كَانَ بِهِۦ بَصِيرًا ﴾، با، بە دڵنیایی پەروەردگاری بینەری وی بووە، ﴿ بَلَىٰٓ ﴾، لە زمانی کوردییدا بەرانبەر (با)یەو، ﴿ بَلَىٰٓ ﴾، بۆ لابردنی ئەو لابردنەیە کە لە ڕابردوودا بووە، یانی: (بلى) بۆ لابردنی لابردنە (بَلى لنفي النَّفي)، ئەوانە گوتوویانە: زیندوو ناکرێینەوە، خوا دەفەرموێ: با زیندووەدەکرێنەوە، کەواتە: ﴿ بَلَىٰٓ ﴾، لێرەدا بۆ لابردنی ئەو لابردنەیە کە ئەوان لە خەیاڵیان دا بووەو، وەڵامی گومانە بە هەڵە داچووەکەیانە.

کە دەفەرموێ: ﴿ بَلَىٰٓ ﴾، یانی: با، زیندووەدەکرێتەوە، دەگەڕێتەوە، ﴿ إِنَّ رَبَّهُۥ كَانَ بِهِۦ بَصِيرًا ﴾، بە دڵنیایی پەروەردگاری بینەری بوو، واتە: بینەری بوو چی دەکرد، لێرەدا مەبەست لە بینین، یان هەر خودی دیتنە، چونکە بینین سیفەتێکی تایبەتی خوای پەروەردگارە، دەشگونجێ مەبەست ئەوە بێ کە خوا زانیاریی تەواوی هەبووە بە حاڵی ئەو کەسە؛ چی دەکرد، چی دەگوت، چۆنی دەکردو دەگوت، بۆیەش خوایەك ﷻ کە زانیاری تەواوی پێی هەیەو، تەواو پێی ئاشنا بووەو بینیویەتی چی کردووەو چۆنی کردوە؟ موستەحیلە وازی لێ بێنێ وەك بەرزەکی بانان بۆ دەربچێ و، سزای نەدات لەسەر ئەوەی کردوویەتی و گوتوویەتی، لە قسەی خراپ و کاری خراپ.

مەسەلەی چوارەم:

سوێند خواردنی خوا بە زەردو سووری ئێوارێ و، شەوگاری کۆکەرەوەو، مانگی جێخونکەکەر، کە مرۆڤەکان بە حاڵە جۆراوجۆرەکاندا گوزەر دەکەن و دەڕۆن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلشَّفَقِ ١٦ وَٱلَّيۡلِ وَمَا وَسَقَ ١٧ وَٱلۡقَمَرِ إِذَا ٱتَّسَقَ ١٨ لَتَرۡكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٖ ١٩ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلشَّفَقِ ﴾، نەخێر (وانیە) سوێند دەخۆم بە زەردە (ی ئێوارێ)، ﴿ فَلَآ ﴾، یانی: وەك ئێوە دەڵێن، وانیە، یاخود: ﴿ فَلَآ ﴾، هەر جەختکردنەوەی سوێندەکەیە، بەڵام ڕاسترو باشتر وایە بۆ لابردنی قسەیەك بێ، کە لە پێشەوە کراوە، واتە: ڕاست نیە، وەك ئێوە دەڵێن، ﴿ أُقۡسِمُ بِٱلشَّفَقِ ﴾، سوێند دەخۆم بە زەردو سوور (شفق)، (**الشَّفَقُ: الحُمْرَةُ الَّتِي تظْهَرُ فِي الأُفُقِ الغَرْبِيِّ بَعْدَ الغُرُوبِ، أَو البَيَاضُ الَّذِي يَلِيَهَا، وَسُمِّيَ شَفَقاً لِرِقَّتِهِ**)، (**شَفَق**): بەو سوورایيە دەگوترێ، کە لە ئاسۆی ڕۆژئاوادا دوای خۆرئاوا بوون دەردەکەوێ، یاخود ئەو سپێتییە کە بەدوای دادێ، لەبەر نەرمیی و ناسکییش پێی گوتراوە: (**شَفَق**)، (**شَفَقَة**)، واتە: سۆزو پەرۆشیی مرۆڤ، بە کوردیی (**شَفَق**)، دەبێتە زەردو سووری ئێوارێ، ڕەنگی تیشکی خۆر لەو کاتەدا لە نێوان زەردو سوور دایە، خۆر دوای ئاوابوونی، ئەو تیشکەی دەیداتەوە بە ئاسمان، بە ئاسۆ، ڕەنگەکەی لە گۆڕانی بەردەوام دایە لە نێوان سوورو زەردو پرتەقاڵیی داو، دوایی وردە وردە سپیی هەڵدەگەڕێ، تاکو بە یەکجاریی ئاوا دەبێ.

هەڵبەتە دوای ئەوەی زەردو سووری ئێوارەێ نامێنێ و، بە تەواویی ون دەبێ لە ئاسۆی ئاسمان، ئنجا نوێژی شێوان کاتەکەی بەسەردەچێ و، نوێژی خەوتنان دەبێ.

٢)- ﴿ وَٱلَّيۡلِ وَمَا وَسَقَ ﴾، سوێند بە شەوگارو بەوەی شەوگاریش کۆی دەکاتەوە، لە شەوگاردا خەڵك دەچێتەوە ماڵ و حاڵی خۆی، دوای ئەوەی بڵاوبوون بە زەویدا بۆ کارو

کاسبیی، بۆ بازرگانیی، بۆ هەڵسوکەوتی جۆراو جۆر، کە شەو دادێ وردە وردە هەر کەسە دەگەڕێتەوە بۆ خانوو و ماڵ و شوێنی حەوانەوەی خۆی، ئەوە وەك مرۆڤەکان، بەڵام هەندێك لە دروستکراوانی دیکەی خوا، لە شەودا دێنە دەرێ، بە دەرفەتی دەزانن، جڕو جانەوەر و شەیتانەکان، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، کە لە دوای خۆر ئاوابوون منداڵەکانتان بێننەوە ژوور، چونکە لەو کاتەدا شەیتانەکان و جڕو جانەوەر دێنەدەر، بۆ ئەوەی تووشی زیان نەبن[١]، کەواتە: ئەوانەش دوو سوێندی دیکەن: سوێند بە شەوگار، ﴿وَمَا وَسَقَ﴾، بەوەی شەوگاریش کۆی دەکاتەوە.

٣)- ﴿وَٱلْقَمَرِ إِذَا ٱتَّسَقَ﴾، سوێند بە مانگیش کاتێك کۆدەبێتەوە، بە کوردیی پێی دەگوترێ: جێخونکە، مانگ کە جێخونکەی کرد، کە دەکەوێتە شەوانی: (١٣ و ١٤ و ١٥) کۆدەبێتەوەو ڕووناکییەکەی چاك دەردەکەوێ، (**إتَّسَقَ أي: اجْتَمَعَ وَتَمَّ نُورُهُ وَصَارَ بَدْرَاً، مِنَ الوَسْقِ، والجَمْعُ أوسق**)، واتە: کۆبۆتەوەو ڕووناکییەکەی تەواوبووەو بۆتە (**بَدْر**)، [(**بَدْر**)، واتە: مانگ لە (١٣ و ١٤ و ١٥)دایە، لە (**وسق**)ەوە هاتوەو، ئەویش بە (**أوسق**) کۆ دەکرێتەوە.

(**وَسْق**)یش یانی: کۆکردنەوەو خڕکردنەوە سەریەك.

٤)- ﴿لَتَرْكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٍ﴾، بێگومان ئێوە چین لە دوای چین سوار دەبن، وشەی: ﴿لَتَرْكَبُنَّ﴾، (**رَكِبَ، يَرْكَبُ، رُكُوباً**)، سواربوو، سوار دەبێ، سواربوون، بەڵام لێرەدا (**رکوب**) خوازراوەتەوەو بەکارهێنراوە بۆ حاڵەتی جۆراو جۆر بەسەر مرۆڤ داهاتن، ﴿لَتَرْكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٍ﴾، یانی: (**تَرْكَبُنَّ المَشَاقَّ وَالأَهْوَال**)، واتە: ناڕەحەتییان و سەختییان دەکێشن و دەچێژن، تووشیان دێن.

---

(١) {عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ، قَالَ رَسُولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم: إِذَا كَانَ جُنْحُ اللَّيْلِ، أَوْ أَمْسَيْتُمْ، فَكُفُّوا صِبْيَانَكُمْ، فَإِنَّ الشَّيَاطِينَ تَنْتَشِرُ حِينَئِذٍ، فَإِذَا ذَهَبَ سَاعَةٌ مِنَ اللَّيْلِ فَخَلُّوهُمْ وَأَغْلِقُوا الأَبْوَابَ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللهِ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ لاَ يَفْتَحُ بَابًا مُغْلَقًا} أخرجه البخاري: ٥٣٠٠، ومسلم: ٢٠١٢.

وشەی: ﴿لَتَرْكَبُنَّ﴾، بە دوو جۆر خوێنراوەتەوە:

أ- (لَتَرْكَبَنَّ) بۆ تاك، ئەی مرۆڤ! بە دڵنیایی تووش دەبی، ﴿طَبَقًا عَن طَبَقٍ﴾، (أي: حَالاً بَعْدَ حَال)، حاڵ لە دوای حاڵت بەسەر دێ، هەروەها دەشگونجێ دوێنراو پێغەمبەری خوا بێ.

ب- ﴿لَتَرْكَبُنَّ﴾، بۆ كۆ، كە دەگونجێ دوێنراو بێبڕوایەكان بن، ئەی بێبڕوایەكان! ئێوە حاڵ لە دوای حاڵ تووش دەبن، لە دنیادا لە حاڵێكی ناخۆش دا دەژین، بەهۆی كوفرو بێبڕواییتانەوەو، لە قۆناغی بەرزەخیشدا، ئێوە لە حاڵێكی ناخۆش دەژین و، تووشی سزاو ئازاری خوا دەبن، لە قیامەتیشدا بە هەمان شێوەو، لە دۆزەخیشدا بەهەمان شێوە، یانی: ئەی بێبڕوایەكان! ئێوە حاڵ دوای حاڵ بەسەرتان دێ و، هەمووی چین لەسەر چینە، پێگە لەسەر پێگەیە لە ڕووی سەختییەوە، هەندێكی لەسەرڕووی هەندێكیەوە، مەبەستیش لە (**ركوب**)، لێرەدا تووشبوونە، ئەگەرنا (**ركوب**)، بە مانای سوار بوونە.

پێشتریش گوتمان: ئەگەر بە تاك (لَتَرْكَبَنَّ)، بخوێندرێتەوە، وێڕای مرۆڤ وەك تاك تاكیان، دەشگونجێ ڕووی دواندن لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ بێ، ئەی موحەممەد! تۆ حاڵ لە دوای حاڵت بەسەر دێ، قۆناغ، قۆناغ، یاخود: ئەی مرۆڤ! بە گشتیی، تۆ لە یەك حاڵدا نامێنێ، بەڵكو حاڵ لە دوای حاڵت بەسەر دێ.

ئەگەر بە كۆ ﴿لَتَرْكَبُنَّ﴾ بخوێندرێتەوەش، وەك چۆن دەگونجێ بۆ بێبڕوایەكان بێ، دەشگونجێ بۆ تێكڕای خەڵكی بێ، یاخود بۆ مسوڵمانان بێ، بە گشتیی، ئەی مسوڵمانان! ئێوە حاڵ لە دوای حاڵتان بەسەر دێ.

وشەی: ﴿طَبَقٍ﴾: (**الطَّبَق: اسْمٌ مُفْرَد لِلشَّيء المسَاوِي شَيْئاً آخَرَ فِي حَجْمِهِ وَقَدْرِه، وَيُطْلَقُ اسْماً مُفْرَداً عَلى الغِطَاءِ الَّذِي يُغَطَّى بِهِ يُقَالُ: وَافَقَ شِنٌ طبقَة، وَيُطْلَقُ اسْمَاً لِمَا يُوضَع فِيهِ الفَوَاكِهُ، وَيُطْلَقُ اسْم جمعٍ لِطَبَقَةٍ، وَهِيَ مَكَان فَوْقَ مَكَان آخَر**).

(**طبق**): ناوێكی تاكە بۆ شتێك كە یەكسان بێ لەگەڵ شتێكی دیكەدا، لە قەبارەی و لە ئەندازەی دا هێندەی یەك بن، هەروەها وەك ناوێكی تاك بەكاردەهێنرێ بۆ سەر

سەرپۆشێك كە بە سەر شتێك دادەدرێ، لەوەوەش ئەو پەندە هاتوە: **(وافق شنٌ طبقةً)**، یانی: **شین** لەگەڵ تەبەقەدا گونجا، وەك یەك بوون {كە دوایی باسی دەكەین، مەبەستیان پێی چییە؟}، جاری واش هەیە وشەی: **(طبق)** بەكاردەهێنرێ، {دەگوترێ: ئەو شتەم بۆ بكە **(طبق)**ێك}، وەك ناوێك بۆ شتێك كە میوەی لەسەر دادەنرێ (سینی)، دیسان **(طبق)**: ناوی كۆیە بۆ **(طبقة)**، واتە: چین، كە شوێنێك لەسەر شوێنێك بێ، {شتێك لەسەر شتێك بێ}، ئەو پەندەش كە دەڵێ: **(وافق شِنٌ طبقة)**، لێكدانەوەكەی بە دوو جۆر لە كتێبەكانی ئەدەبی عەرەبیدا هاتوە، چونكە پەندەكە عەرەبییە:

أ- هەندێك دەڵێن: پیاوێك هەبووە بە ناوی **(شِنّ)**، ئافرەتێكیش هەبووە بە ناوی **(طبقة)**، یەكدیان گرتوەو بوونە ژن و مێردی یەكدی، ئیدی لەوەوە گوتراوە: **(وافق شنّ طَبَقة)**، شین لەگەڵ **(طَبَقة)**دا ڕێككەوتن.

ب- هەندێكی دیكە بەسەرهاتێك دێنن، دەڵێن: هۆزێك هەبووە بە ناوی **(طبقة)**، زۆر ملهوڕ و ستەمكارو خراپەكار بوون، ئنجا ڕۆژێك هۆزی شین لە ڕاستیان ڕاهاتوون و تۆڵەیان لێستاندوون و زەبریان لێوەشاندوون، لەوەوە گوتراوە: **(وافق شنّ طَبَقَة)**، یانی: شین پڕ بە پێستی **(طبقة)** بوو، واتە: تۆڵەیان لێ ستاندن و ئەو ستەم و زۆرەی لە خەڵكی دیكەیان دەكرد، ئەو حەقەیان لێكردنەوەو تەمبێیان كردن.

لە كوردەواریی خۆشماندا شێوەی ئەو پەندە هەیە: [دیزە خلۆر بۆوە، دەرخۆنەی دیتەوە] (دەرخۆنە): سەرقاپێك بووە لەسەر دیزە دایاناوە.

هەروەها پەندێكی دیكەش هەیە لەو بارەوە: (كورتە كەژێ لێك دەهەژێ)، كە ئەوە زیاتر بۆ پیاو و ئافرەت بەكاردەهێنرێ، پیاو و ئافرەتێك هاوكووفی یەكدی بن و شێوەی یەكدی بكەن، بە تایبەت لە شتی خراپدا، كورد ئەو پەندەیان بۆ بەكارهێناون، واتە: پێكەوە گونجاون و پێكەڵپێكن.

یەکێك لە ڕوونکەرەوان[1] (مفسِّرین) ئەو ئایەتە بەمجۆرە تەفسیر کردوە:

﴿لَتَرْكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٍ﴾، یانی: چین لەسەر چین سوار دەبن، دەڵێ: مەبەست پێی سوار بوونی ئەو ڕۆکێتەیە کە هەڵیانداوە بۆ سەر مانگ، چونکە ئەویش لە چەند چینێك پێك دێ و، هەر قۆناغێك کە دەڕوا چینێك فڕێ دەدا، دەڵێ: لەبەر ئەوەی لەگەڵ باسکردنی مانگ دا هاتوە!.

بەڵام پێم وانیە تەفسیرەکەی زۆر جێی خۆی بگرێ، چونکە خوا ﷻ قوڕئانی بۆ هەموو مرۆڤایەتیی فەرمووە، ئەو مەسەلەیەش شتێکی ئەوەندە گرنگ نیە، خوا ﷻ بیخاتە نێو کتێبی خۆیەوە، سەربارەش ئەو واتایە لەگەڵ ڕواڵەت و بێژەی ئایەتە موبارەکەکاندا ناگونجێ.

ئێستاش با ئاماژە بە قسەو بۆ چوونی چەند زانایەك بکەین لە بارەی ئەو ڕستەیەوە:

١- **(الطبري)**، لە قەتادەوە بە ژمارە (٣٦٢١٦)، دەڵێ: ﴿لَتَرْكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٍ﴾، **(أي: حَالاً بَعْدَ حَال وَمَنْزِلاً عَنْ مَنْزِل)**، حاڵ لە دوای حاڵ و پێگە لە دوای پێگە ئێوە تووش دێن، ئەی مرۆڤەکان!.

٢- هەروەها **(الطبري)** ئەو مانایەشی هێناوە: **(لَتَرْكَبَنَّ أَنْتَ يَا مُحَمَّد سَمَاء بَعْدَ سماءٍ)**، ئەی موحەممەد! ئاسمان لە دوای ئاسمان، سوار دەبی و دەڕۆی و پێیاندا تێدەپەڕی.

ئەوەش ئاماژەیە بە سەفەری شەوڕۆیی و بەرزبوونەوە **(الإسراء والعروج)**ی پێغەمبەری خوا ﷺ.

٣- **(إبن زيد)**، کە هەر **(الطبري)**، لێوەی هێناوە بە ژمارە (٣٦٩٢٤)، دەڵێ: ﴿طَبَقًا عَن طَبَقٍ﴾، **(أي: الآخِرَةَ بَعْدَ الأُولى)**، لە دوای یەکەم (کە ژیانی دنیایە)، تووشی ژیانی کۆتایی دێی (کە ڕۆژی دواییە).

---

(١) بڕوانە: تفسير جزء (عمّ)، عفيف عبدالفتاح طبارة، ص٧٤، ط٣، سنة: ١٩٨٠م.

٤- دیسان (الطبري) دەڵێ: (لَتَرْكَبَنَّ أَنْتَ يَا مُحَمَّد حَالاً بَعْدَ حَالٍ وَأَمْرَاً بَعْدَ أَمْرٍ مِنَ الشَّدَائِدِ، والمَرَادُ النَّاسُ)، ئەی موحەممەد! تۆ حاڵ لە دوای حاڵ و کار لە دوای کار، لە ڕووی سەختییانەوە بەسەرت دێ، مەبەستیش پێی خەڵکە.

ئەوەی لەم ئایەتە موبارەکە وەردەگیرێ، ئەوەیە کە خوا ﷻ سوێند دەخوا بەو چوار شتانە:

١- بە زەردو سووری ئێوارێ.

٢- بە شەوگار.

٣- بەوەی شەوگار کۆی دەکاتەوە.

٤- بە مانگ کە جێخونکە دەکات، کە:

١- ئەی مرۆڤەکان! ﴿لَتَرۡكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٍ﴾، ئێوە حاڵ لە دوای حاڵ بەسەرتان دێ و تووش دێن.

٢- یاخود: ئەی مرۆڤ! تۆ لە یەك حاڵدا نامێنی، بەڵکو لە دوای ئەو حاڵەتەت حاڵەتێکی دیکە دێ، تاکو دەگەیە کۆتایی ژیانە دنیاییەکەت، ئەوەش شتێکی زانراوو ئاشکرایە، کە مرۆڤ لە یەك حاڵدا نامێنێتەوە، بەڵکو وەك خوا ﷻ هەواڵی پێداوەو سوێندی لەسەر خواردوە، مرۆڤ حاڵەتە جۆراو جۆرەکانی بەسەر دێن، کەواتە: ئەی مرۆڤەکان! ئاگاتان لێ بێ، لەم ژیانە دنیاییەدا نامێننەوە، وەك چۆن کاتی خۆی نەبوون و خوا ﷻ دروستیکردن، ماوەیەك لە منداڵدانی دایکتاندا بوون، دوایی لە دایك بوون و کە لە دایك بوون، مەلۆتکە بوون، شیرە خۆرە بوون، دوای ئەوەش وردە وردە، هەراش و گەورە بوون، پێرۆچکە بوون، فێری قسە بوون، دوایی بوونە منداڵ، ئنجا بوونە هەرزەکار، بوونە گەنج، هەروەها کامڵ بوون و قۆناغ بە قۆناغ ژیانەکەتان بەو شێوەیە دەڕوا، ئنجا وەك چۆن ژیانە دنیاییەکەتان قۆناغ قۆناغە، بە هەمان شێوە، چەند قۆناغێکی دیکەشتان لە پێشن، سەرەتا قۆناغی ژیانی بەرزەخە، پاشان ڕۆژی دوایی و قیامەتەو، دواییش نیشتەجێ بوونە لە بەهەشتدا، ئەگەر مرۆڤ ئیماندارو چاکەکار بێ ئەگەرنا خوا پەمانان بدات لە دۆزەخ دا، ئەگەر مرۆڤ بێبڕواو خراپەکار بێ.

مەسەلەی پێنجەم و کۆتایی:

سەرسوڕماندن لە هۆی بڕوا نەهێنانی بێبڕوایان و، کڕنووش نەبردنیان لە کاتی خوێندنی قورئاندا، بەڵکو بە درۆدانانیان و، ئاگاداریی خواش ﷻ لە هەموو نهێنییەکانیان و، موژدەی ئازاری بە ژان پێدانیان، جگە لە بڕوادارانی کردار باش، کە پاداشتی نەبڕاوەیان هەیە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَمَا لَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٢٠﴾ وَإِذَا قُرِئَ عَلَيْهِمُ الْقُرْآنُ لَا يَسْجُدُونَ ۩ ﴿٢١﴾ بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا يُكَذِّبُونَ ﴿٢٢﴾ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُوعُونَ ﴿٢٣﴾ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢٤﴾ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴿٢٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ فَمَا لَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾، ئەوە چییانە بڕوا ناهێنن؟ لێرەدا ئەم پرسیارە، پرسیارکردنێکی نکووڵییلێکەرانەو سەرسوڕهێنەرانەیە! واتە: زۆر جێی ڕەخنەیەو جێی سەرسوڕمانە کە ئەوانە بڕواناهێنن، وشەی: ﴿ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾، دوو واتای هەن:

أ- ﴿ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾، وەك کرداری لازیم مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، یانی: (**لا يَتَّصِفُون بالإِيْمَان**)، سیفەتی ئیمان لە خۆیان دا ناهێننە دی.

ب- ﴿ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾، یانی: بڕوا ناهێنن بەرکار (**مفعول به**)ەکەی، قرتێندراوە: (**لَا يُؤْمِنُونَ باليوم الآخر**)، (**لَا يُؤْمِنُونَ بالنبي**)، (**لَا يُؤْمِنُونَ بالقرآن**)، ....الخ، بڕوا ناهێنن بە ڕۆژی دوایی، بڕوا ناهێنن بە پێغەمبەر ﷺ بڕوا ناهێنن بە قورئان.....هتد.

ئەو ڕستەیە لێرەدا ئەوە دەگەیەنێ کە بڕوا نەهێنانی بێبڕوایان شتێکی زۆر بێ جێ و نالۆژیکییە، بڕوانەهێنان بە قورئانی لێوانلێو لە زانست و حیکمەت، بەو قورئانە بەرزو مەزنە، هەروەها بڕوانەهێنان بەو پێغەمبەرە ﷺ کە موحەممەد هەر تەماشای ژیان و هەڵسوکەوت و ژیان و ڕابردووی بکەی، دەزانی کە پێغەمبەری خوایە ﷺ وەك (إبن

تیمیة)، (ڕەحمەتی خوای لێ بێ)، لە یەکێك لە کتێبەکانی دا دەڵێ: کەسێك کە دەڵێ من پێغەمبەری خوام، یان دەبێ باشترین کەس بێ، یان دەبێ خراپترین کەس بێ، بۆیە زۆر بە ئاسانیی ڕاستگۆو درۆزن لەو بوارەدا لێك جیادەکرێنەوە، چونکە ئەو کەسەی دەڵێ: من پێغەمبەری خوام یان دەبێ باشترین کەس بێ و ڕاست دەکات، یان دەبێ درۆ بکات و ئەگەر درۆش بکات، خراپترین کەسە، خواش دەفەرموێ: ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوحِىَ إِلَىَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَىْءٌ وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ مِثْلَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ﴿٩٣﴾ ﴾**الأنعام**، کێ ستەمکارترە لە کەسێك کە درۆ بە ناوی خواوە، هەڵدەبەستێ، یان دەڵێ: سرووشم بۆ لا کراوە، سرووشیشی بۆلا نەکراوە، یان دەڵێ: وەك ئەوەی خوا دایبەزاندوە، منیش دایدەبەزێنم.

هەر کەسێك ئەو لافانە لێ بدات، ستەمکارترین کەسە، خراپترین کەسە، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَمَا لَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾، بە ڕەخنە لێگرتن و بە سەرسوڕماندنەوە دەفەرموێ: چییانە بۆچی بڕواناهێنن؟.

٢)- ﴿ وَإِذَا قُرِئَ عَلَيْهِمُ ٱلْقُرْءَانُ لَا يَسْجُدُونَ ﴾، کاتێکیش قورئانیان بەسەر دادەخوێندرێتەوە، بۆچی کڕنووووش نابەن!.

لێرەدا: ﴿ لَا يَسْجُدُونَ ﴾، یان مەبەست پێی کڕنووشبردنە، ئەو کڕنووشەی دەیزانین، یان مەبەست ملکەچکردنە بۆ خوا بە گشتیی، شوێنەکانی کڕنووشبردن (**سجدة**)یش لە قورئان دا، کە دەوری چواردە پازدە شوێنن، لە نێوان زانایان داو لەسەر ژمارەکە ڕاجیایی هەیە:

١- هەندێك دەڵێن: دەیە.

٢- هەندێك دەڵێن: یازدەیە.

٣- هەندێکیش هەتا پازدەو شازدەیان بردوە، کە لە کاتی قورئان خوێندندا دەبێ کڕنووش ببردرێ و، ئێمە لە کۆتایی تەفسیری سووڕەتی (**الأعراف**)دا، لەو بارەوە کورتە باسێکمان کردوەو، ڕاجیایی زانایانیشمان لە بارەی شوێنەکانی قورئان کە کڕنووشیان تێدا

دەبردرێ، باس کردوە، (**یسجدون**)یش لێرەدا هەم مانای کڕنووش بردن دەگەیەنێ، یانی: بۆچی کاتێك قورئانیان بەسەردا دەخوێنرێتەوە، کڕنووش نابەن، هەم مانای ملکەچییش دەگەیەنێ، بۆچی کاتێك قورئانیان بەسەر دادەخوێنرێتەوە، بۆ خوا ملکەچ ناکەن و ڕادەستی خوای پەروەردگار نابن، ئنجا ئایا لێرەدا سەجدەی قورئان خوێندنی تێدا دەبردرێ، یان نابردرێ؟ زۆربەی زانایان دەڵێن: بەڵێ، ئێرە کڕنووشی تێدا دەبردرێ، بەڵام هەندێك لە زانایان ڕایان وایە، ئێرە شوێنی کڕنووشی قورئانخوێندن نیە.

٣)- ﴿ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُكَذِّبُونَ ﴾، بەڵکو ئەوانەی بێبڕوان بە درۆ دادەنێن، وشەی: ﴿ بَلِ ﴾، لە زمانی کوردییدا یانی: بەڵکو، یانی: بەڵکو ئەوانەی بێبڕوان بە درۆ دادەنێن، ئەمەش لێرەدا بۆ هەڵکشینە لە سەرسوڕماندن لەوەی بێبڕوان، یانی: نەك هەر بێبڕوان، بەڵکو بە درۆش دادەنێن، ئەوانەی بێبڕوان بە درۆ دادەنێن، چی بە درۆ دادەنێن؟، دیسان خوای زاناو توانا بەرکار (**مفعول بە**)ەکەی قرتاندوە، بۆ ئەوەی هەموو شتەکان بگرێتەوە: ڕۆژی دوایی بە درۆ دادەنێن، سزاو پاداشت بە درۆ دادەنێن، پێغەمبەری خوا ﷺو، ئەو قورئانەی خوا بۆی ناردوەو، هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ، ئەوان بە درۆیان دادەنێن.

٤)- ﴿ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُوعُونَ ﴾، خواش زاناترە بەوەی هەڵیدەگرن، لە دڵ و دەروون و عەقڵی خۆیانداو پەنهانی دەکەن، بگرە خوا لە خۆشیان پێیان زاناترە.

﴿ بِمَا يُوعُونَ ﴾، (**الإيعَاءُ: جَعْلُ الشَّيءِ فِي وِعَاءٍ وَهُوَ الظَّرْفُ، لأَنَّهُ مُجْمَعٌ فِيهِ**)، (**إيعَاء**): بریتیە لەوەی شتێك بخەیە نێو دەفرێك و توورەگەیەکەوە کە تێیدا هەڵدەگیرێ، چونکە تێیدا کۆ دەکرێتەوە، واتە: خوا زاناترە پێیان لەوەی هەڵیدەگرن لە دڵ و دەروونی خۆیاندا، لە بێبڕوایی و بە درۆ دانان و گومانی خراپ بردن بە پێغەمبەر ﷺ لە خۆیان پێیان زاناترە.

٥)- ﴿ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾، ئنجا موژدەیان پێ بدە، بە ئازارێکی بە ئێش و ژان، ئەمە وەك زانایان گوتوویانە: (**مُسْتَعَارٌ للإِنْذَارِ عَلَى طَرِيْقَةِ التَّهَكُّمِ**)، خوازراوەتەوە بۆ

ترساندن لەسەر شێوەی گاڵتە پێکردن و توانج، چونکە موژدە بۆ شتی خۆش و چاکە، نەك بۆ ئازارو مەینەتیی و ناڕەحەتیی، کە لێرەدا خوا دەفەرموێ: موژدەیان پێبدە، واتە: بیانترسێنە بە ئازارێکی بە ئێش، بەڵام بۆچی وشەی: موژدەدان و دڵخۆشکردن (تبشیر)ی بەکارهێناوە؟!، ئەمە جۆرێکە لە گاڵتە پێ کردنیان، یاخود: یانی: ئەگەر شتێك هەبێ بۆ ئەوان موژدەیان پێ بدرێ و دڵیانی پێ خۆش بکرێ لە ڕۆژی دواییدا، ئەوەیە کە بڵێی: ئازارو سزایەکی بێڕەزا چاوەڕێتانە.

٦)- ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونِۭ﴾، بێجگە لەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان ئەنجام داون:

أ- ئا ئەوانە پاداشتێکی نەبڕاوەیان هەیە،

ب- یان: پاداشتێکی نەژمێردراویان هەیە،

ج- یان: پاداشتێکی منەت لەسەر نەکراویان هەیە، هەر سێ واتایەکە دەگەیەنێ.

لێرەدا کە خوای کاربەجێ دەفەرموێ: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾، ئەمە پێی دەگوترێ: هەڵاواردنی دابڕاو (**إستثناء منقطع**)، چونکە ئەوانەی خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: موژدەی ئازارێکی بە ئێشیان پێ بدە، ئەوانە بێبڕوایەکانن و، کە دەفەرموێ: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾، جگە لەوانەی بڕوایان هێناوەو چاکەکانیان کردوون، ئەو بڕوادارانە بەشێك نین لەو بێبڕوایانەی موژدەی ئازاری بە ئێشیان پێ دەدرێ، هەر کاتیش هەڵاوێردراو (**مُستَثْنَى**) و لێهەڵاوێردراو (**مُسْتَثْنَى مِنْهُ**)، لێك جیابوون، پێی دەگوترێ: هەڵاواردنی دابڕاو (**الإستثناء المنقطع**)، بەڵام ئەگەر هەڵاوێردراو بەشێك بێ لە لێهەڵاوێردراوەکە، پێی دەگوترێ هەڵاواردنی پەیوەست (**الإستثناء المتصل**).

کە خوا دەفەرموێ: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾، جگە لەوانەی بڕوایان هێناوە، ئیمانیان بە چی هێناوە؟ دیسان بەرکارەکەی قرتێنراوە، یانی: (**آمَنُوا بِكُلِّ مَا يجِبُ الإِيْمَانُ بِهِ**)، ئیمانیان هێناوە بە هەر شتێك کە پێویستە ئیمانی پێ بهێنرێ.

ئیمانیان بە خوا ﷻ هێناوەو، بە فریشتەکانی و، بە کتێبەکانی خواو، بە پێغەمبەران و، بە ڕۆژی دوایی و، بە نەخشەو بە ئەندازەگیریی خواو، بە هەموو ئەو شتانەی خوا بە پێغەمبەردا ﷺ ناردوونی پێمان بگەیەنێ، ئیمانیان بە هەموویان هێناوە.

﴿وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾، کردەوە باشەکانیشیان ئەنجام داون، یانی: (**وَعَمِلوا الخِصَالَ الصَّالِحَات**)، ئەو سیفەتانەی باشن ئەنجامیان داون، (**الصالحات**)، سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە.

ئەوانە: ﴿لَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونِۭ﴾:

أ- پاداشتێکی نەبڕاویان هەیە، پاداشتێك کەم و کووڕیی تێدانیەو، کۆتایی نایەت..

ب- یاخود: پاداشتێك کە ناژمێردرێ و ژمێردراو نیە، هێندە زۆرە ناژمێردرێ، هەڵبەتە ژیانێکی نەبڕاوەو هەمیشەیی، بێگومان نازو نیعمەتێکی نەژمێردراوی تێدایە.

ج- یاخود: ﴿غَيۡرُ مَمۡنُونِۭ﴾، یانی: (**لا يُمَنُّ بِهِ عَلَيْهِم**)، ئەو چاکەو نیعمەتەی خوا پێیان دەدا، منەتیان لەسەر ناکات و بە چاویاندا ناداتەوە، بەڵام زیاتر وا پێ دەچێ: ﴿غَيۡرُ مَمۡنُونِۭ﴾، یانی: (**غَيْرُ مَقْطُوع و غَيْرُ مَنْقُوص**)، نەبڕاوەیەو کەم و کورتیی تێدانیە.

(**الزمخشري**): لێرەدا پەندێکی هێناوە کە وەك مەتەڵێك وایە، دەڵێ: (**طَعْمُ الْآلاءِ أَحْلَى مِنَ الْمَنِّ، وَهُوَ أَمَرُّ مِنَ الْآلاءِ مَعَ الـمَنِّ**)، تام و چێژی چاکەکان، شیرینترە لە گەزۆ، بەڵام تامی چاکە لەگەڵدا کران، لەگەڵ منەت دا لە ئالاء تاڵترە.

(آلاء) ڕووەکێکە بەرێکی زۆر تاڵی هەیە، وەك ژەقنەمووت، واتە: چاکە تامەکەی لە گەزۆ شیرینترە، بەڵام چاکە لەگەڵ منەت لەسەر کردن و بە چاو دادرانەوەدا، لە ژەقنەمووت تاڵترە.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ، کە لە دنیادا خۆیان بە ئیمان و کردەوە باشەکان دەڕازێننەوەو شایستەی ئەوەش دەبن، کە پاداشتێکی نەبڕاوەیان

هەبێ، پاداشتێکیان هەبێ هەر لە کەرەم و بەخششی بێ سنووری خوای پەروەردگار چاوەڕێ دەکرێ.

لێرەش دا لە کۆتایی تەفسیری سوورەتی (**الإنشقاق**)دا، لە خوای بەرزی مەزن داواکارم یارمەتییمان بدات، هەرچی زیاتر چاکتر لە فەرمایشتی خوا تێبگەین و، تێیدا قووڵ ببینەوەو، تێوەی ڕامێنین و، نهێنییەکانی دەرك بکەین، خوا یارمەتییمان بدات کارلێکی لەگەڵدا بکەین، بەو شێوەیەی فەرمایشتی خوا دەفەرموێ، بەو شێوەیە مامەڵەو ڕەفتار بکەین لە ژیانی تاکییمان و، خێزانییمان و، کۆمەڵایەتییماندا، تاکو هەم لە دنیادا بەهۆی قورئانەوە سەربەرزو سەرفراز بین و شادو بەختەوەر بین، هەم لە ڕۆژی دواییشدا ڕووگەش و سەربەرز بین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

تەفسیری سوورەتی

البُرُوجِ

دەستپێك

بەڕێـــزان!

ئەمڕۆ کە (٢٥)ی مانگی (ذي القعدة)ی ساڵی (١٤٤١)ی کۆچیی، بەرانبەر (١٦)ی تەمموزی، {واتە: مانگی (٧)ی} ساڵی (٢٠٢٠) زاینییە، لە شاری هەولێر، خوا پشتیوان بێ دەست دەکەین، بە تەفسیرکردنی سوورەتی (البروج)، سەرەتاش پێناسەو نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە لە حەوت بڕگەدا، دەخەینە ڕوو:

پێناسەی سوورەتی (البروج) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

باوترین ناوی: سوورەتی (البروج)ەو، هەر بە ناوی خۆیەوەیەو، ڕستەی سەرەتای وەك ناو بەکارهێنراوە، وەك لەم دوو دەقەوەش دیارە:

یەکەم: {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: «أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ يَقْرَأُ فِي العِشَاءِ الآخِرَةِ، بِالسَّمَاءِ «ذَاتِ البُرُوجِ»، وَالسَّمَاءِ وَالطَّارِقِ»} **(أخرجه أحمد: ٨٣١٤، قَالَ شُعَيْب الأرنؤوط: إسناده ضعيف).**

واتە: ئەبوو هورەیرە ﵁، دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژی عیشای کۆتاییدا (مەبەست نوێژی خەوتنانە)، سوورەتی: ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ﴾، {لە ڕکاتی یەکەم دا}و، ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ﴾، {لە ڕکاتی دووەم دا} دەخوێندن.

دووەم: {عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ ﵁: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَقْرَأُ فِي الظُّهْرِ وَالْعصرِ بِـ: ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ﴾ و ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ﴾} **(أخرجه أبو داود: ٨٠٥، والترمذي: ٣٠٧، والنسائي: ٩٧٨، والطبراني: ١٩٦٦، وابن حبان: ١٨٢٧، وغيرهم، إسناده حسن، قال الألباني: حسن صحيح).**

واتە: جابیری کوڕی سەموڕە ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ لە نوێژی نیوەڕۆ و ئێوارە (عصر)دا، سووڕەتی: ﴿ وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ ﴾، و ﴿ وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ ﴾، دەخوێندن.

دیارە هەر کامێکیانی لە ڕکاتێکدا خوێندوە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

بە یەکدەنگیی زانایان ئەم سووڕەتە مەککەییەو لە مەککە دابەزیوە، لەو بارەشەوە ئەم دەقە هەیە:

{عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَبَّاسٍ ﷺ، قَالَ نَزَلَتْ: ﴿ وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ ﴾ بِمَكَّةَ} (أَوْرَدَهُ السَيوطِي فِي الدر المنثور: ج٨، ص٨٦١، ونسبه لابن الضريس والنحّاس والبيهقي وابن مردويه، الإستيعاب فِي بيان الأسباب: ج٣، ص٥٠٥).

واتە: عەبدوڵلای کوڕی عەبباس ﷺ، گوتوویەتی: سووڕەتی: ﴿ وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ ﴾، لە مەککە دابەزیوەو هاتۆتە خوار.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

ئەم سووڕەتە موبارەکە لە (مصحف)دا، ژمارەکەی: (٨٥)و، لە دابەزینیشدا ژمارە (٢٧)ە، ئەم سووڕەتە موبارەکە لە ڕووی دابەزینەوە پێش سووڕەتی (**التین**) و، دوای سووڕەتی (**والضحى**)، هاتۆتە خوارێ.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سووڕەتە موبارەکە، بە یەکدەنگیی ژمێرەرانی ئایەتەکانی قوڕئان، بیست و دوو (٢٢)ە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە:

بابەت و تەوەری بنەڕەتیی هەر بیست و دوو (٢٢) ئایەتەکەی ئەم سوورەتە موبارەکە، باسی بەسەرهاتی کۆمەڵێکی بڕوادارە کە حوکمڕانانێکی بێبڕواو ستەمکار چاڵیان بۆ هەڵکەندوون، لە نێو چاڵەکەشدا ئاگریان کردۆتەوەو قرچ قرچ سووتاندوویانن، خۆشیان لەسەر کەناری چاڵەکان دانیشتوون و تەماشایان کردوون و تێیانەوە ڕاماون، لەبەر هیچ نا، جگە لەوەی بڕوایان بە خوای زاڵی ستایشکراو هێناوە، دواییش خوای بەرزو مەزن خۆی بە حەوت لە سیفەتە بەرزو بێ وێنەکانی وەسف کردوە، ئنجا ئاماژەیەکی کورتیشی بە سەربازە یاخییەکان کردوە، لە نێویاندا وەك نموونە: فیرعەون و سەربازەکانی فیرعەون و، گەلی (ثمود)، لە کۆتاییشدا خوا باسی قورئانی کردوە کە خاوەن شکۆو بەرزەو لە تەختێکی پارێزراو دایە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

دوو تایبەتمەندییم لەم سوورەتەدا کەوتوونە بەرچاو:

یەکەم: ئەم سوورەتە موبارەکە زەقترین و بەرچاوترین تایبەتمەندیی کە جیای دەکاتەوە لە سوورەتەکانی دیکە، ئەوەیە کە بەسەرهاتی کۆمەڵێکی بڕواداری بە ناهەق کوژراو لە لایەن هاوەڵانی چاڵە پڕ ئاگر ﴿أَصْحَٰبُ ٱلْأُخْدُودِ﴾ەکەوەی تێدایە، کە دوایی بەسەرهاتەکەیان باس دەکەین، لە هەموو قورئاندا تەنیا لێرەدا ئەو بەسەرهاتە هاتوە.

دووەم: چەند وشەیەك تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون، وەك:

١- وشەی: ﴿أَصْحَٰبُ ٱلْأُخْدُودِ﴾، ﴿ٱلْأُخْدُودِ﴾، بە مانای چاڵێك دێ، کە هەڵکەنراوە، بە کوردیی: خەندڕك.

٢- وشەی: ﴿ذُو ٱلْعَرْشِ ٱلْمَجِيدُ﴾، خاوەن تەختی شکۆدار، ﴿ٱلْمَجِيدُ﴾، هەم بە ژێر (كَسْرة) خوێنراوەتەوە، یانی: خاوەن عەرشێکی شکۆدار، هەروەها (ذو العَرْشُ ٱلْمَجِيدُ)

بۆر (**ضمَّة**)یش خوێنراوەتەوە، واتە: خوا هەم خاوەن عەرشە، هەم زۆر شکۆدارو پایە بەرزە.

٣- وشەی: ﴿ قُرۡءَانٞ مَّجِيدٞ ﴾، قورئانێکی خاوەن شکۆ، پایەبەرز.

٤- وشەی: ﴿ فِي لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ ﴾، لە تەختێکی پارێزراودا.

(**لوح**): لە زمانی عەرەبیدا بە مانای (تەختە) دێ، ئنجا یان خوا ﷻ ویستوویەتی ئێمە حاڵیی بکات کە زانیاریی خوا چەسپاوو نەگۆڕە، یان مەبەست ئەوەیە (لوح) شتێکە خوا قورئانی تێدا نووسیوە، بەر لەوەی دایبەزێنێ، گرنگ ئەوەیە قورئان، چ بە نەزانراویی و چ بە نووسراویی، بەر لەوەی خوا دایبەزێنێ لە زانیاریی بێ سنووری خوادا بووە.

حەوتەم و کۆتایی: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمە کۆی ئەو بیست و دوو (٢٢) ئایەتەکەی ئەم سوورەتە موبارەکەو دەکەینە یەك دەرس، چونکە هەموویان لە بارەی یەك بابەتەوەن، ئەویش باسی ئەو کۆمەڵە بڕوادارە بێ دەسەڵاتەیە، کە حوکمڕانانێکی ستەمکار، دوای ئەوەی ئامادە نابن هەڵگەڕێنەوەو دەستبەرداری ئایینەکەیان بن، دەیانسووتێنن لە چاڵێکی پڕ ئاگردا، ئەوەش پێش ئیسلام بووەو، زۆربەی زانایان دەڵێن: ئەوانە شوێنکەوتووانی ڕاستەقینەی عیسا عليه السلام بوون و خاوەنی خوا بە یەکگرتن (**توحید**) بوون، نەك دوای ئەوەی ئایینی عیسا تێکدراوەو، سێ پەرستراویی (**ثالوث**)ی تێدا پەیدابووە، بەڵکو ئەوانە لە شوێنکەوتووانی ڕاستەقینەی عیسا عليه السلام بوون، ئنجا ئایا لە حەبەشە بوون، ئایا لە چ شوێنێك بوون؟ دوایی لەو بارەوە باس دەکەین، ئنجا ئایا ئەو ستەمکارەی فەوتاندوونی کێ بووە؟ هەندێك دەڵێن: (**ذو نَوَاس**) بووە، کە جوولەکە بووەو، هەندێك دەڵێن: هاوبەش بۆ خوا دانەر بووە.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم سوورەتە بە چوار سوێندان دەست پێدەکات، بۆ ئەوەی وەڵامی سوێندەکەو، سوێند لەسەر خوراو (**مقسم علیه**)ەکە باس بکرێ، لە ئایەتەکانی: (١ - ٣)دا: ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ ۝١ وَٱلْيَوْمِ ٱلْمَوْعُودِ ۝٢ وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ ۝٣﴾.

ئنجا باسی ڕووداوی کوژرانی بڕوادارانێکی بێ دەستەڵات، کراوە، لە لایەن هاوەڵانی چاڵەکە ﴿أَصْحَٰبُ ٱلْأُخْدُودِ﴾وە، کە بە زیندوویی و لەبەرچاوی خۆیان سوتاندوویانن، تەنیا لەبەر ئەوەی بڕوایان بە خوا ﷻ هەبووە، ئەویش لە هەشت ئایەتەکانی: (٤ - ١١) دا، خراوەتەڕوو.

دوایی حەوت (٧) لە سیفەت و کردەوە بێ وێنەکانی خوا ﷻ پەیوەست کراون بەو ڕووداوەوە لە پێنج ئایەتەکانی: (١٢ - ١٦)دا.

ئنجا ئاماژەیەك بە سەربازانێکی لە خوا یاخیی و سزادراو، کراوەو وەك نموونە: (فیرعەن) و (**ثمود**) باسکراون، کەواتە: بابێبڕوایەکانی ڕۆژگاری موحەممەدیش ﷺو، ڕۆژگارەکانی دیکەش، دڵنیابن کە لەبەر دەستی خوا دەرناچن، ئەویش لە چوار ئایەتەکانی: (١٧ - ٢٠)دا.

لە دوو ئایەتی کۆتاییش (٢١ و ٢٢)دا، خوا وەسفی قوڕئانی کردوە بە شکۆدار (**مجید**) و، بەوە کە لە تەختێکی پارێزراو دایە.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ ۝١ وَٱلْيَوْمِ ٱلْمَوْعُودِ ۝٢ وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ ۝٣ قُتِلَ أَصْحَٰبُ
ٱلْأُخْدُودِ ۝٤ ٱلنَّارِ ذَاتِ ٱلْوَقُودِ ۝٥ إِذْ هُمْ عَلَيْهَا قُعُودٌ ۝٦ وَهُمْ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ
شُهُودٌ ۝٧ وَمَا نَقَمُوا۟ مِنْهُمْ إِلَّآ أَن يُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ ۝٨ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ

ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ﴿٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَتَنُواْ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ثُمَّ
لَمۡ يَتُوبُواْ فَلَهُمۡ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمۡ عَذَابُ ٱلۡحَرِيقِ ﴿١٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
لَهُمۡ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡكَبِيرُ ﴿١١﴾ إِنَّ بَطۡشَ رَبِّكَ لَشَدِيدٌ ﴿١٢﴾ إِنَّهُۥ هُوَ
يُبۡدِئُ وَيُعِيدُ ﴿١٣﴾ وَهُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلۡوَدُودُ ﴿١٤﴾ ذُو ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡمَجِيدُ ﴿١٥﴾ فَعَّالٞ لِّمَا يُرِيدُ ﴿١٦﴾ هَلۡ أَتَىٰكَ
حَدِيثُ ٱلۡجُنُودِ ﴿١٧﴾ فِرۡعَوۡنَ وَثَمُودَ ﴿١٨﴾ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي تَكۡذِيبٖ ﴿١٩﴾ وَٱللَّهُ مِن وَرَآئِهِم مُّحِيطُۢ
﴿٢٠﴾ بَلۡ هُوَ قُرۡءَانٞ مَّجِيدٞ ﴿٢١﴾ فِي لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ ﴿٢٢﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. سوێند بە ئاسمانی خاوەنی بورجەکان ﴿١﴾ سوێندیش بە ڕۆژی بەڵێندراو (ڕۆژی دوایی) ﴿٢﴾ سوێندیش بە بینەرو بە بینراو ﴿٣﴾ هاوەڵانی چاڵەکە بە کوشت بچن ﴿٤﴾ ئاگرێکی خاوەن سووتەمەنیی (لە چاڵەکەدا کرابۆوە بۆ سووتاندنی بڕواداران) ﴿٥﴾ کاتێك خۆشیان لەسەر (قەراغەکان) ی دانیشتبوون ﴿٦﴾ لە حاڵێکدا ئەوان بینەری ئەوە بوون کە بە بڕوادارانیان دەکرد ﴿٧﴾ هیچیشیان لێ بە ڕەخنە نەگرتن، جگە لەوەی بڕوا بە خوای زاڵی ستایشکراو بێنن ﴿٨﴾ ئەو کەسەی حوکمڕانیی ئاسمانەکان و زەوی هی ویەو، ئاگادارو چاودێری هەموو شتێکیشە ﴿٩﴾ بە دڵنیایی ئەو کەسانەی پیاوانی بڕوادارو ئافرەتانی بڕواداریان ئازارو ئەشکەنجە داوەو، دوایی نەشگەڕاونەوەو پەشێمان نەبوونەوە، ئازاری دۆزەخیان هەیەو ئازاری سووتێنەریشیان هەیە ﴿١٠﴾ بێگومان ئەو کەسانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان کردوون، باخاتێکیان هەن، ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، ئەوەیە بردنەوەی گەورە ﴿١١﴾ بە دڵنیایی زەبرو پەلاماری پەروەردگارت توندو سەختە ﴿١٢﴾ بێگومان هەر ئەو (دروستکراوان) پەیدا دەکات و دەگێڕێتەوە ﴿١٣﴾ هەروەها ئەو لێبوردەی خۆشویست (بۆ بەندە گوێڕایەڵەکانی) ﴿١٤﴾ خاوەن عەرشە، شکۆدارە ﴿١٥﴾ هەرچی

بیەوێ ئەنجامدەریەتی ﴿١٦﴾ ئایا هەواڵی سەرباز (و سوپای)ەکانت بۆ هاتوە! ﴿١٧﴾
فیرعەون و (گەلی) سەموود؟ (چۆن خوا سزای دان!) ﴿١٨﴾ بەڵكو ئەوانەی بێبڕوابوون
لە بە درۆدانان دان ﴿١٩﴾ خواش لە پشتیانەوە دەورە دەرە (و لێی دەرباز نابن) ﴿٢٠﴾
بەڵكو ئەو (قورئان)ە خوێنراوەیەکی شکۆمەندە ﴿٢١﴾ لە تەختێکی پارێزراو دایە ﴿٢٢﴾).

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلْبُرُوجِ): (**القُصُورُ جَمْعُ بُرْجٍ، وَبِهِ سُمِّي بُرُوجُ السَّمَاءِ لِمَنَازِلِهَا الْمُخْتَصَّةِ بِهَا**)، (**بُرُوج**): بە مانای کۆشکەکان (**قُصُور**)ەو کۆی (**بُرْج**)ە، {(**بُرْج**) هەم بە مانای کۆشك (**قَصْر**)، دێ، هەم بە مانای قەڵا (**حِصْن**)یش دێ}، ئنجا بورجەکانی ئاسمانیش ئەو مەنزڵگایەنەن کە پێیەوە تایبەتن {زەوی پێیاندا بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە}.

(ٱلْأُخْدُودِ): (**الخَدُّ والأُخْدُودُ: شَقٌّ فِي الأَرْضِ مُسْتَطِيل غَائطٌ، وَالجَمْعُ أخاديد، وَأَصْلُ ذَلِكَ مِنْ خَدَّي الإنْسَانِ**)، (**خَدّ وأُخْدُود**)، بە دابڕاوەییەکی زەوی دەگوترێ، لاکێشەییەو قووڵە، کۆیەکەی (**أَخَادِيد**)ە، لە ئەسڵدا لە هەردوو ڕوومەتی مرۆڤەوە هاتوە، (**خَدّ**)، کوڵمە، یان ڕوومەت.

(وَمَا نَقَمُوا۟ مِنْهُمْ): لێیان بە عەیب نەگرتن، (**وَمَا عَابُوا مِنْهُمْ، وَمَا انْتَقَدوا عَلَيْهِم**)، لێیان بە ڕەخنە نەگرتن، دەگوترێ: (**نَقِمْتُ الشَّيءَ وَنَقَمْتُهُ، أي: أَنْ أَنكَرْتُه إمَّا باللِسَانِ وَإِمَّا بالعُقُوبَةِ**)، (**نَقِمتُ الشَّيءَ وَنَقَمْتُهُ**)، هەردووکیان بە مانای ڕخنەم لێگرت، نکووڵییم لێکرد، بە زمان، یاخود بە سزادان.

(ٱلْحَرِيقِ): (**الحَرِيقُ: النَّارُ، أَحْرَقْتُ كَذَا، فَاحْتَرَقَ**)، (**الحريق**) ئاگر، فڵان شتەم سووتاند، ئەویش سووتا.

(ٱلْفَوْزُ): (**الظَّفَرُ بالخَيْرِ مَعَ السَّلَامَةِ**)، (**فوز**): بریتیە لە وەدەستهێنانی چاکە لەگەڵ هەبوونی سەلامەتیی و بێ زیانییدا.

(بَطۡشَ): (البَطْشُ: تَنَاوُلُ الشَّيء بصَولَةٍ)، (بَطْش): بریتیە لە پەلاماردان و داهاتنە شتێك بە توندیی و بە زەبر.

(ٱلۡوَدُودُ): (الوُدُّ: مَحَبَّةُ الشَّيءِ وَتَمَنِّي كَوْنِهِ)، (وُدّ): بە مانای خۆشویستنی شتێك و خۆزگە بخوازی ئەو شتەت بۆ ببێ، کەواتە: (الوَدُود) یانی: (المُحِبّ)، خۆشویست، (مَحْبُوب)یش، خۆشویستراوە.

(ٱلۡمَجِيدُ): (المَجْدُ: السَّعَةُ فِي الكَرَمِ وَالجَلاَل)، (مَجْد): بریتیە لە فراوانیی لە بەخشین و شکۆدا، (ٱلۡمَجِيدُ)، (يُجْرِي السَّعَةَ فِي البَذْلِ المخْتَصُّ بِهِ)، ئەو کەسەیە فراوانیی بەکاردێنێ، لە بەخشینی ئەو بەخششەی تایبەتە بە خۆیەوە، قورئانیش بۆیە بە (ٱلۡمَجِيدُ) وەسف کراوە، (لِكَثْرَةِ مَا يَتَضَمَّنُ مِنَ المَكَارِمِ الدُّنيَوِيَّةِ والأُخْرَوِيةِ)، چونکە قورئان زۆر خێرو چاکەی دنیاو دوارۆژی گرتوونە خۆی.

(لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ): (اللَّوحُ: وَاحِد مِنَ أَلوَاحِ السَّفِيْنَة، واللَّوْحُ مَا يُكْتَبُ فِيهِ مِنَ الخَشَبِ وَنَحْوِهِ، وَكَيْفِيَّةُ اللَّوحُ المحْفُوظِ تَخْفَى عَلَيْنَا إلاَّ بقَدَرِ مَا رُوِي لَنَا فِي الأَخْبَار، وَهُوَ المُعَبَّرُ عَنْهُ بالكِتَابِ فِي قوله: ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ فِي كِتَٰبٍۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٧٠﴾الحج).

(لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ)، واتە: تەختێکی پارێزراو، (لوح)، بریتیە لە یەکێك لە لەوحەکانی کەشتیی، کە بە (أَلواح) کۆدەبێتەوە، هەروەها (لوح)، بریتیە لەوەی لەسەری دەنووسرێ لە تەختە (و لە کاغەز) و هەر شتێك، چۆنیەتیی (لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ)یش، بۆ ئێمە شێردراوەو پەنهانەو، مەگەر بە ئەندازەی ئەوەی لە هەواڵەکاندا خوای پەروەردگار بە پێغەمبەردا ﷺ هەواڵی پێدابین، واش پێدەچێ مەبەست (لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ)، هەر ئەوەبێ کە لە قسەی خوای بەرزو مەزن داهاتوە، کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ فِي كِتَٰبٍۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٧٠﴾الحج، ئەوە لە نووسراوێکدا هەیەو لەسەر خوا ئاسانە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

بەر لە مانا گشتییەکە بە باشی دەزانم ئەو بەسەرهاتەی لەو بارەوە هاتوە بیهێنین، کە ژمارەیەك لە سەرچاوەکانی سوننەت هێناویانە[١]، بەڵام هەندێك لە ڕیوایەتەکان لە هەندێك بێژەدا لە یەکدی جیان و، ئەوەی ئێستا دەیهێنین، ئەوەیە کە لە دەقی (صحيح مسلم)دا هاتوە:

{عَنْ صُهَيْبٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: كَانَ مَلِكٌ فِيمَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، وَكَانَ لَهُ سَاحِرٌ، فَلَمَّا كَبِرَ، قَالَ لِلْمَلِكِ: إِنِّي قَدْ كَبِرْتُ، فَابْعَثْ إِلَيَّ غُلَامًا أُعَلِّمْهُ السِّحْرَ، فَبَعَثَ إِلَيْهِ غُلَامًا يُعَلِّمُهُ، فَكَانَ فِي طَرِيقِهِ، إِذَا سَلَكَ، رَاهِبٌ فَقَعَدَ إِلَيْهِ وَسَمِعَ كَلَامَهُ، فَأَعْجَبَهُ، فَكَانَ إِذَا أَتَى السَّاحِرَ مَرَّ بِالرَّاهِبِ وَقَعَدَ إِلَيْهِ، فَإِذَا أَتَى السَّاحِرَ ضَرَبَهُ، فَشَكَا ذَلِكَ إِلَى الرَّاهِبِ، فَقَالَ: إِذَا خَشِيتَ السَّاحِرَ، فَقُلْ: حَبَسَنِي أَهْلِي، وَإِذَا خَشِيتَ أَهْلَكَ، فَقُلْ: حَبَسَنِي السَّاحِرُ، فَبَيْنَمَا هُوَ كَذَلِكَ إِذْ أَتَى عَلَى دَابَّةٍ عَظِيمَةٍ قَدْ حَبَسَتِ النَّاسَ، فَقَالَ: الْيَوْمَ أَعْلَمُ آلسَّاحِرُ أَفْضَلُ أَمِ الرَّاهِبُ أَفْضَلُ؟ فَأَخَذَ حَجَرًا، فَقَالَ: اللَّهُمَّ إِنْ كَانَ أَمْرُ الرَّاهِبِ أَحَبَّ إِلَيْكَ مِنْ أَمْرِ السَّاحِرِ فَاقْتُلْ هَذِهِ الدَّابَّةَ، حَتَّى يَمْضِيَ النَّاسُ، فَرَمَاهَا فَقَتَلَهَا، وَمَضَى النَّاسُ، فَأَتَى الرَّاهِبَ فَأَخْبَرَهُ، فَقَالَ لَهُ الرَّاهِبُ: أَيْ بُنَيَّ أَنْتَ الْيَوْمَ أَفْضَلُ مِنِّي، قَدْ بَلَغَ مِنْ أَمْرِكَ مَا أَرَى، وَإِنَّكَ سَتُبْتَلَى، فَإِنِ ابْتُلِيتَ فَلَا تَدُلَّ عَلَيَّ، وَكَانَ الْغُلَامُ يُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ، وَيُدَاوِي النَّاسَ مِن سَائِرِ الْأَدْوَاءِ، فَسَمِعَ جَلِيسٌ لِلمَلِكِ كَانَ قَدْ عَمِيَ، فَأَتَاهُ بِهَدَايَا كَثِيرَةٍ، فَقَالَ: مَا هَاهُنَا لَكَ أَجْمَعُ، إِنْ أَنْتَ شَفَيْتَنِي، فَقَالَ: إِنِّي لَا أَشْفِي أَحَدًا إِنَّمَا يَشْفِي اللَّهُ، فَإِنْ أَنْتَ آمَنْتَ بِاللَّهِ دَعَوْتُ اللَّهَ فَشَفَاكَ، فَآمَنَ بِاللَّهِ فَشَفَاهُ اللَّهُ، فَأَتَى الْمَلِكَ فَجَلَسَ إِلَيْهِ كَمَا كَانَ يَجْلِسُ، فَقَالَ لَهُ الْمَلِكُ: مَنْ رَدَّ عَلَيْكَ بَصَرَكَ؟ قَالَ: رَبِّي، قَالَ: وَلَكَ رَبٌّ غَيْرِي؟ قَالَ: رَبِّي وَرَبُّكَ اللَّهُ، فَأَخَذَهُ فَلَمْ يَزَلْ يُعَذِّبُهُ حَتَّى دَلَّ عَلَى الْغُلَامِ، فَجِيءَ بِالْغُلَامِ، فَقَالَ لَهُ الْمَلِكُ: أَيْ بُنَيَّ قَدْ بَلَغَ مِن سِحْرِكَ مَا تُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ، وَتَفْعَلُ وَتَفْعَلُ، فَقَالَ: إِنِّي لَا أَشْفِي أَحَدًا، إِنَّمَا يَشْفِي اللَّهُ، فَأَخَذَهُ فَلَمْ يَزَلْ يُعَذِّبُهُ حَتَّى دَلَّ عَلَى الرَّاهِبِ،

---

(١) أخرجه مسلم: ٣٠٠٥، والترمذي: ٣٣٤٠، والنسائي في الكبرى: ١١٦٦١، وابن حبان: ٨٧٣.

فَجِيءَ بِالرَّاهِبِ، فَقِيلَ لَهُ: ارجِعْ عَن دِينِكَ، فَأَبَى، فَدَعَا بِالْمِنْشَارِ، فَوَضَعَ الْمِنْشَارَ فِي مَفْرِقِ رَأْسِهِ، فَشَقَّهُ حَتَّى وَقَعَ شِقَّاهُ، ثُمَّ جِيءَ بِجَلِيسِ الْمَلِكِ فَقِيلَ لَهُ: ارْجِعْ عَن دِينِكَ، فَأَبَى فَوَضَعَ الْمِنشَارَ فِي مَفْرِقِ رَأْسِهِ، فَشَقَّهُ بِهِ حَتَّى وَقَعَ شِقَّاهُ، ثُمَّ جِيءَ بِالْغُلَامِ فَقِيلَ لَهُ ارْجِعْ عَنْ دِينِكَ، فَأَبَى فَدَفَعَهُ إِلَى نَفَرٍ مِن أَصْحَابِهِ، فَقَالَ: اذْهَبُوا بِهِ إِلَى جَبَلِ كَذَا وَكَذَا، فَاصْعَدُوا بِهِ الْجَبَلَ، فَإِذَا بَلَغْتُمْ ذُرْوَتَهُ، فَإِنْ رَجَعَ عَنْ دِينِهِ، وَإِلاَّ فَاطْرَحُوهُ، فَذَهَبُوا بِهِ فَصَعِدُوا بِهِ الجَبَلَ، فَقَالَ: اللَّهُمَّ اكْفِنِيهِمْ بِمَا شِئْتَ، فَرَجَفَ بِهِمِ الْجَبَلُ فَسَقَطُوا، وَجَاءَ يَمْشِي إِلَى الْمَلِكِ، فَقَالَ لَهُ الْمَلِكُ: مَا فَعَلَ أَصْحَابُكَ؟ قَالَ: كَفَانِيهِمُ اللَّهُ، فَدَفَعَهُ إِلَى نَفَرٍ مِن أَصْحَابِهِ، فَقَالَ: اذْهَبُوا بِهِ فَاحْمِلُوهُ فِي قُرْقُورٍ، فَتَوَسَّطُوا بِهِ البَحْرَ، فَإِنْ رَجَعَ عَن دِينِهِ وَإِلاَّ فَاقْذِفُوهُ، فَذَهَبُوا بِهِ، فَقَالَ: اللَّهُمَّ اكْفِنِيهِمْ بِمَا شِئْتَ، فَانْكَفَأَتْ بِهِمِ السَّفِينَةُ فَغَرِقُوا، وَجَاءَ يَمْشِي إِلَى الْمَلِكِ، فَقَالَ لَهُ الْمَلِكُ: مَا فَعَلَ أَصْحَابُكَ؟ قَالَ: كَفَانِيهِمُ اللَّهُ، فَقَالَ لِلمَلِكِ: إِنَّكَ لَسْتَ بِقَاتِلِي حَتَّى تَفْعَلَ مَا آمُرُكَ بِهِ، قَالَ: وَمَا هُوَ؟ قَالَ: تَجْمَعُ النَّاسَ فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ، وَتَصْلُبُنِي عَلَى جِذْعٍ، ثُمَّ خُذْ سَهْمًا مِن كِنَانَتِي، ثُمَّ ضَعِ السَّهْمَ فِي كَبِدِ الْقَوْسِ، ثُمَّ قُلْ: بِاسْمِ اللهِ رَبِّ الْغُلَامِ، ثُمَّ ارْمِنِي، فَإِنَّكَ إِذَا فَعَلْتَ ذَلِكَ قَتَلْتَنِي، فَجَمَعَ النَّاسَ فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ، وَصَلَبَهُ عَلَى جِذْعٍ، ثُمَّ أَخَذَ سَهْمًا مِنْ كِنَانَتِهِ، ثُمَّ وَضَعَ السَّهْمَ فِي كَبْدِ الْقَوْسِ، ثُمَّ قَالَ: بِاسْمِ اللهِ، رَبِّ الْغُلَامِ، ثُمَّ رَمَاهُ، فَوَقَعَ السَّهْمُ فِي صُدْغِهِ، فَوَضَعَ يَدَهُ فِي صُدْغِهِ فِي مَوْضِعِ السَّهْمِ فَمَاتَ، فَقَالَ النَّاسُ: آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلَامِ، آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلَامِ، آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلَامِ، فَأُتِيَ الْمَلِكُ فَقِيلَ لَهُ: أَرَأَيْتَ مَا كُنْتَ تَحْذَرُ؟ قَدْ وَاللَّهِ نَزَلَ بِكَ حَذَرُكَ، قَدْ آمَنَ النَّاسُ، فَأَمَرَ بِالأُخْدُودِ فِي أَفْوَاهِ السِّكَكِ، فَخُدَّتْ وَأَضْرَمَ النِّيرَانَ، وَقَالَ: مَنْ لَمْ يَرجِع عَن دِينِهِ فَأَحْمُوهُ فِيهَا، أَوْ قِيلَ لَهُ: اقْتَحِمْ، فَفَعَلُوا حَتَّى جَاءَتِ امْرَأَةٌ وَمَعَهَا صَبِيٌّ لَهَا فَتَقَاعَسَتْ أَنْ تَقَعَ فِيهَا، فَقَالَ لَهَا الْغُلَامُ: يَا أُمَّهْ اصْبِرِي فَإِنَّكِ عَلَى الْحَقِّ}.

واتە: صوهەیب ﷺ دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ، کە فەرموویەتی: لە پێش ئێوەدا حوکمڕانێك هەبوو، جادووگەرێکی هەبوو، دوای ئەوەی جادووگەرەکە کەوتە تەمەنەوە، بە پادشای گوت: من کەوتوومە تەمەنەوە، منداڵێکم بۆ بنێرە (کوڕێکی گەنج) جادووی فێر بکەم، منداڵێکی بۆ نارد (کوڕێکی گەنج) فێری بکات، ئەو کوڕە گەنجە لەسەر ڕێگایەکەی کە دەچوو بۆ لای جادووگەرەکە، بۆ ئەوەی جادووی لێ فێر بێ،

خواپەرستێك (گۆشەگیرێك) هەبوو، دانیشت و گوێی لە قسەكەی گرت و پێی سەرسام بوو، بۆیە هەموو ڕۆژێك كە دەچووە لای جادوو گەرەكەو بە لای ڕاهیبەكەدا دەڕۆیی، لە لای دادەنیشت، كاتێك چوو بۆ لای جادووگەرەكە (دیارە تۆزێك دوا كەوتوە)، لێیدا، ئەویش ئەوەی بۆ ڕاهیبەكە باسكرد، سكاڵای خۆی لای ئەو كرد، ئەویش گوتی: ئەگەر لە جادوو گەرەكە ترسای، بڵێ: لە ماڵێ دوایانخستووم و، ئەگەر لە ماڵێش ترسای، بڵێ: جادووگەرەكە ڕایگرتم، ئیدی لەسەر ئەو حاڵەتە بەردەوام بوو، ڕۆژێك ژیاندارێكی مەزن هات، ڕێی بە خەڵك گرتبوو، نەیدەهێشت خەڵكەكە بڕوا، (لە ڕیوایەتی دیكەدا هاتوە، كە شێر بووە)، گوتی: ئەمڕۆ دەزانم داخۆ جادوو گەرەكە باشترە یاخود ڕاهیبەكە؟، بەردێكی هەڵگرت و گوتی: ئەی خوایە! ئەگەر ڕێبازی ڕاهیبەكە لە لای تۆ خۆشەویسترە لە هی جادووگەرەكە، بەم بەردەی دەیهاوێم ئەو ژیاندارە، ئەو دەعبایە بكوژە، بۆ ئەوەی خەڵكەكە بڕوا، ئەوە بوو بەردەكەی تێگرت و كوشتیی و خەڵك ڕۆیشت، ئەویش چووە لای ڕاهیبەكەو بۆی گێڕایەوە (ئەو كوڕە گەنجە هەواڵی پێدا)، ڕاهیبەكەش پێی گوت: ڕۆڵە! ئەمڕۆ تۆ لە من گەورەتری، كاری تۆ گەیشتۆتە ئەوەی من دەیبینم، بێگومان تۆ تاقی دەكرێیەوە، ئنجا ئەگەر تاقیكرایەوە، باسی منیان بۆ مەكە، ئیدی ئەوە بوو ئەو كوڕە گەنجە، لاڵی زگماك و بەڵەك و هەموو جۆرە نەخۆشەكانی بە فەرمانی خوای پەروەردگار، چاك دەكردنەوە، یەكێك لەوانەی هاونشینی پادشا بوو، كوێر بوو بوو، بیستی گەنجێكی وا هەیە، چوو بۆ لای و دیاریی و خەڵاتی زۆری بۆ بردن، گوتی: ئەو دیارییانەی هێناومن هەموویان بۆ تۆ، ئەگەر چاكم بكەیەوە، ئەویش گوتی: من كەس چاك ناكەمەوە، بەڵكو خوا خەڵك چاك دەكاتەوە، ئنجا ئەگەر بڕوا بە خوا بێنی، منیش لە خوا دەپاڕێمەوەو خوا شیفات دەدا، ئەو هاونیشینەی حوكمڕان ئیمانی بە خوا هێنا، ئەویش دوعای بۆ كردو خوای پەروەردگاریش شیفای داو چاك بۆوە، ئەو هاونشینەش چوو بۆ لای حوكمڕان و لە لای دانیشت وەك چۆن جاران دادەنیشت، بە چاوساغیی (دیارە كە چاوەكانی كوێر بوون، وازی لە كۆڕو مەجلیسەكەی هێناوە)، حوكمڕانەكە پێیگوت: كێ چاوتی چاك كردەوە؟

گوتی: پەروەردگارم.

گوتی: بۆچی جگە لە من پەروەردگارێکی دیکەت هەیە؟

گوتی: پەروەردگاری من و پەروەردگاری تۆش خوایە.

ئیدی حوکمڕانەکە گرتی و زۆر ئەشکەنجەیدا، تاکو لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەی زۆردا ناوی غوڵامەکەی پێ گوت، (کە ئەو کوڕە گەنجە بۆتە هۆی چاککردنەوەی من)، کوڕە گەنجەکەیان هێنا.

پادشا پێیگوت: ئەی ڕۆڵە! جادوو کردنی تۆ گەیشتۆتە ئەو ئەندازەیەی لاڵی و زگماك و بەڵەك چاك بکەیەوەو، ئاوا بکەی و ئاوا بکەی؟

کوڕە گەنجەکە گوتی: من هیچ کەس چاك ناکەمەوە، بەڵکو خوا چاکیان دەکاتەوە.

پادشاش گەنجەکەی گرت و بەردەوام ئازاری داو ئەشکەنجەی دا، تاکو لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا ناوی ڕاهیبەکەی پێگوت، ڕاهیبەکە هێنرا.

پێی گوترا: لە دینەکەت هەڵگەڕێوە؟

ئەویش ئامادە نەبوو هەڵبگەڕێتەوە، بۆیە مشارێکیان هێنا، لەسەر تەپڵی سەرییان داناو، دوو لەتیان کردو دوو لەتەکەی بەملاولادا کەوتن، دوایی هاونشینەکەی حوکمڕانیان هێنا، پێیگوترا: لە دینەکەت هەڵگەڕێوە!، بەڵام ئامادە نەبوو هەڵبگەڕێتەوە، بۆیە مشاریان لەسەر تەپڵی سەری ئەویش داناو ئەویشیان دوو لەت کرد، هەر لەتکەی بە لایەك دا کەوت، دوایی ئەو کوڕە گەنجەیان هێناو پێیگوترا، لە ئاینەکەت هەڵبگەڕێوە!، بەڵام ئامادە نەبوو، حوکمڕانەکەش تەسلیمی چەند کەسێکی کرد، لە هاوەڵەکانی و گوتی: بیبەن بۆ فلان چیایەی فلان شوێن، شوێنێکی بەرزو سەری بخەن بۆ سەرێ، هەر کاتێك گەیشتنە لووتکەکەی، ئەگەر لە ئایینەکەی هەڵگەڕایەوە، ئەگەرنا لەوێرا فرێی بدەنەخوار، بردیان و، چوونە سەر ئەو چیایە، ئەو کوڕە گەنجەش گوتی: ئەی خوایە! بەو شێوەیەی بۆ خۆت پێت چاکە، ئەوانەم لە کۆڵ بکەوە، چیایەکەش لەرزی و ئەوان هەموو کەوتنە خوارو، مردن، ئەویش بە ڕۆیشتن هات بۆ لای پادشا.

پادشا پێیگوت: هاوەڵەکانت چییان کرد؟

گوتی: خوا لە کۆڵی کردمەوە.

ئنجا تەسلیمی کۆمەڵێکی دی لە هاوەڵانی کردو گوتی: بیبەن سواری بەلەمێکی بکەن، یان سواری کەشتییەکی گچکەی بکەن، بیبەنە نێوەڕاستی دەریا، ئنجا ئەگەر لە ئایینەکەی هەڵگەڕایەوە، ئەگەرنا فڕێی بدەنە نێو دەریا، بردیان، بۆ نێو دەریا، گوتی: ئەی خوایە! بەو شێوەیەی بۆ خۆت پێت چاکە، ئەوانەم لە کۆڵ بکەوە.

کەشتییەکە هەڵگەڕایەوەو ئەوان هەموویان غەرق بوون، ئەویش بە ڕۆیشتن هاتەوە بۆ لای پادشا.

پادشا پێیگوت: هاوەڵەکانت چییان کرد؟

گوتی: خوا لە کۆڵی کردمەوە.

ئنجا بە پادشای گوت: تۆ ناتوانی من بکوژی، تاکو چی بۆ خۆم پێت دەڵێم، وانەکەی.

گوتی: چییە؟

گوتی: خەڵك هەمووی کۆبکەوە لە مەیدانێکدا، منیش بە قەدی دارخورمایەکەوە هەڵواسەو، لە تیر دانەکەی خۆم تیرێك دەربێنەو، بیخە نێو کەوانەوە، ئنجا بڵێ: بە ناوی خوا پەروەردگاری ئەو منداڵە، (ئەو کوڕە گەنجە)و تیرەکەم تێ بگرە، ئەگەر واتکرد، ئەو کاتە زەفەرم پێ دەبەی و دەمکوژی.

حوکمڕانەکە خەڵکەکەی کۆکردەوە لە مەیدانێکدا، ئەویشی بە قەدی دارخورمایەکی بەرزەوەی هەڵواسیی، {کە دیاربێ لە هەمووان}، دوایی تیرێکی لە تیردانەکەی دەرهێنا، {لە تیر دانی ئەو کوڕە گەنجە}و، تیرەکەی خستە نێو کەوانەوەو گوتی: (**بِاسْمِ اللهِ، رَبِّ الْغُلَامِ**)، بە ناوی خوا پەروەردگاری ئەو کوڕە گەنجەو، تیرەکەی تێگرت، تیرەکەش بە لاجانگی کەوت {(**صدغ**) نێوان چاوو گوێیە}، ئەو کوڕە گەنجەش دەستی خستە سەر لاجانگی خۆی {سەر برینەکەی، ئەو شوێنەی تیرەکەی تێدابوو}، وەفاتی کرد.

خەڵکیش هەموویان گوتیان: (آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلاَمِ، آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلاَمِ، آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلاَمِ)، سێ جاران گوتیان: بڕوامان بە پەروەردگاری ئەم کوڕە گەنجە هێنا، بڕوامان بە پەروەردگاری ئەم کوڕە گەنجە هێنا، بڕوامان بە پەروەردگاری ئەم کوڕە گەنجە هێنا، کەسانێك هاتن بۆ لای پادشاو پێی گوترا: بینیت ئەوەی لێی دەترسای! ئەوەی لێی دەترسای، سوێند بە خوا هاتۆتە دی و، خەڵك هەموویان بڕوایان هێناوە! ئەویش فەرمانی کرد، لە دەروازەو زاری کۆڵانەکاندا خەندەك لێدران و ئاگریشیان تێدا کرایەوە، حوکمڕانەکەش گوتی: هەر کەسێك لە دینەکەی هەڵنەگەڕایەوە، بیسووتێنن، یان: پێی بگوترێ: بچۆ نێوی، ئەوانیش بەو شێوەیان کرد، هەتا ئافرەتێك هات، منداڵێکی گچکەی پێ بوو، (لە ڕیوایەتی دیکەدا دەڵێ: منداڵەکە شیری دەخوارد، مەمکی دایکی لە زاری دابوو)، ئافرەتەکە ترساو گەڕایەوە، بەرەو دوا، منداڵەکە {کە شیرە خۆرە بوو، قسەی نە دەکرد}، پێی گوت: ئەی دایە! خۆت ڕابگرە، تۆ لەسەر هەقی (بەو شێوەیە ئەو حوکمڕانە ستەمکارە کۆتایی بەو کۆمەڵە بڕوادارە هێنا).

هەڵبەتە ئەم بەسەرهاتە تیشکی باشی بۆ خستینە سەر چەمك و واتای ئایەتە موبارەکەکان، ئێستاش مانای گشتیی ئایەتەکانی دەکەین بە کورتیی:

﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ﴾، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە:

١- بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، دەست بە خوێندنی ئەو سوورەتە قورئانییە دەکەم.

٢- تەنیا بۆ خوا دەیخوێنم و ڕەزامەندیی وی پێ دەخوازم.

٣- بە پێی بەرنامەی خوا، دەیخوێنم.

٤- بە هەوڵ و توانایەك کە خوا بۆی ڕەخساندووم، دەیخوێنم.

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الْبُرُوجِ ﴾، سوێند بە ئاسمانی خاوەن بورجەکان، دوایی لە بارەی بورجەکانەوە قسە دەکەین و، زۆربەی زانایان دەڵێن: مەبەست پێیان ئەستێرەکانن، هەر کام لە ئەستێرە و کەهکەشان و گەلە کەهکەشانانە، وەك قەڵاو کۆشکی گەورە وان، ﴿ وَالْيَوْمِ الْمَوْعُودِ ﴾، سوێندیش بە ڕۆژی بەڵێندراو، کە مەبەست

پێی ڕۆژی دواییە، کە خوا بەڵێنی داوە، بیهێنێتە دی، ﴿ وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ ﴾، سوێند بە بینەرو بە بینراویش، یاخود بە بابای ئامادەو، کەسێك کە خەڵکی لەلا ئامادە دەبێ.

وەڵامی سێ سوێندەکان نەهاتوەو، زۆربەی زانایان دەڵێن: ئەوەیە کە ڕۆژی دوایی هەقەو دێ، ئنجا خوا ﷻ بەسەرهاتی ئەو کۆمەڵە ئیماندارەی بە ستەم کوژراون، دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ: ﴿ قُتِلَ أَصْحَٰبُ ٱلْأُخْدُودِ ﴾، هاوەڵانی چاڵەکە بە کوشت بچن، نەفرینیان لێ بێ، ﴿ ٱلنَّارِ ذَاتِ ٱلْوَقُودِ ﴾، ئاگرێکی خاوەن سووتەمەنیی کە لە نێو چاڵەکەدا کردبوویانەوە، ﴿ إِذْ هُمْ عَلَيْهَا قُعُودٌ ﴾، کاتێك خۆشیان دانیشتبوون لە قەراغەکانی و دەوروبەری چاڵەکە، واتە: ئەوانەی بڕوادارانیان دەسووتاندن، خۆشیان لەو کاتەدا دانیشتبوون، ﴿ وَهُمْ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ شُهُودٌ ﴾، ئەوان لەسەر ئەوەی بە بڕوادارانیان دەکرد، خۆشیان بینەرو ئامادە بوون و، لەبەر چاوی ئەوان قرچ قرچ دەسووتان، ﴿ وَمَا نَقَمُوا۟ مِنْهُمْ إِلَّآ أَن يُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ ﴾، هیچیشیان لێ بە عەیب و ڕەخنە نەگرتن، ئەوە نەبێ کە بڕوایان هەبوو بە خوای زاڵی ستایشکراو، تاکە عەیب و کەم و کووڕییان لە چاوی سووتێنەرەکاندا هەر ئەوە بوو، کە ئیمانیان بە خوا هەبوو، ﴿ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، ئەو خوایەی حوکمڕانیی ئاسمانەکان و زەوی بەس هی ئەوە، ﴿ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴾، خواش بینەرو چاودێرو ئاگادارە بەسەر هەموو شتێکەوە.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَتَنُوا۟ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا۟ فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ عَذَابُ ٱلْحَرِيقِ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی ئازاری پیاوانی بڕوادارو ئافرەتانی بڕواداریان داوەو دواییش نەگەڕاونەوە، پەشێمان نەبوونەوە، ﴿ فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ ﴾، ئەوانە ئازاری دۆزەخیان بۆ هەیە، ﴿ وَلَهُمْ عَذَابُ ٱلْحَرِيقِ ﴾، هەروەها ئازاری سووتێنەریشیان بۆ هەیە، چونکە سزای دۆزەخ مەرج نیە تەنیا سووتاندن بێ، دۆزەخ زەمهەریرو زەققووم و غیسلینیش و، قەمچی ئاسن و زنجیرو کۆت و زۆر شتی دیکەشی تێدایە، ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمْ جَنَّٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْكَبِيرُ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان ئەنجامداون، باخەکانیان بۆ هەن ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، ﴿ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْكَبِيرُ ﴾، ئا ئەوە بردنەوەو بە ئامانج گەیشتنی گەورەیە.

﴿ إِنَّ بَطْشَ رَبِّكَ لَشَدِيدٌ ﴾، بە دڵنیایی پەلاماردان و زەبری پەروەردگارت زۆر سەخت و توندە، ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ يُبْدِئُ وَيُعِيدُ ﴾، ئەو بەس خۆی دروست دەكات و دەشیانگێڕێتەوە، واتە: دەستپێكی دروستكراوان لە خۆیەوەو، دوای ئەوەش، دەیانمرێنێ و دەشیانگێڕێتەوە، ﴿ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلْوَدُودُ ﴾، هەر ئەویش زۆر لێبوردەی زۆر خۆشویستە، بەندە چاكەكانی خۆی خۆشدەوێن، ﴿ ذُو ٱلْعَرْشِ ٱلْمَجِيدُ ﴾، خاوەن تەختەو شكۆداری هەرە بەرزیشە، خوێندراویشتەوە: (ذُو ٱلْعَرْشِ المجيدِ)، ئەو كاتەش (مجيد) دەبێتە سیفەت بۆ عەرش، واتە: خاوەن عەرشی شكۆمەندە، ﴿ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ﴾، ئەنجامدەری هەر شتێكە بیەوێ، هەرچی بیەوێ، ئەنجامی دەدا.

﴿ هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلْجُنُودِ ﴾، ئایا باس و خواسی سەربازەكانت پێ نەگەیشتوە؟ ئەی موحەممەد ﷺ! یان ئەی هەر كەسێك! كە قورئان دەخوێنی، ﴿ فِرْعَوْنَ وَثَمُودَ ﴾، وەك نموونە: فیرعەون و سوپایەكەی، هەروەها (گەلی) **ئەموود**، كە لە نیوە دورگەی عەرەبیی دا بوون، پێغەمبەرەكەیان ناوی (**صالح**) ﷺ بوو، كە لە تەفسیری سوورەتی (**الحجر**)دا بە تەفصیڵ باسی بەسەرهاتەكەیانمان كرد.

﴿ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى تَكْذِيبٍ ﴾، بەڵكو ئەوانەی بێبڕوا بوون، لە بە درۆ دانان دان، واتە: لە بە درۆ دانانی پێغەمبەردا ﷺ نغرۆ و نقووم بوون، ﴿ وَٱللَّهُ مِن وَرَآئِهِم مُّحِيطٌۢ ﴾، خواش لە پشتیانەوە دەورە دەرە، خوا دەوری داون و، لە سزاو تۆڵەی خوا دەرباز نابن و دەرناچن.

﴿ بَلْ هُوَ قُرْءَانٌ مَّجِيدٌ ﴾، {وانیە وەك ئێوە دەڵێن: كە ئەفسانەی قورئان پێشینان بێ و موحەممەد هەڵیبەستبێ}، بەڵكو ئەوە قورئانێكی خاوەن شكۆو پایە بەرزە.

﴿ فِى لَوْحٍ مَّحْفُوظٍۭ ﴾، لە تەختێكدایە، پارێزراوە، واتە: لەو تەختەدایەو تەختەكەش پارێزراوە كە شەیتانەكان دەستیان بیگاتێ، خوێندراویشەتەوە: (فِى لَوْحٍ **مَحْفُوظٌ**) واتە: ئەو قورئانە لە تەختێكدایەو، قورئانەكەش خۆی پارێزراوە لەوەی هیچ كەس دەستی بیگاتێ، بە گۆڕین و دەستكاریی كردن و كەم و زیادیی تێداكردن، وەك بێبڕوایەكان گومانیان دەبرد، كە موحەممەد ﷺ بە ناوی خوای پەروەردگارەوە شتێكی گوتبێ!.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سوێند خواردنی خوا ﷻ بە ئاسمانی خاوەن بورجەکان و، ڕۆژی بەڵێندراو و بینەرو بینراو:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ ۝١ وَٱلْيَوْمِ ٱلْمَوْعُودِ ۝٢ وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ ۝٣﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ﴾، سوێند بە ئاسمانی خاوەنی بورجەکان، ﴿ٱلْبُرُوجِ﴾، کۆی (**برج**)ە، کە لە زمانی عەرەبییدا هەم بە مانای (**قصر**) دێ، یانی: کۆشك و بینایەکی بەرزو گەورە، هەم بە مانای (**حِصْن**)، قەڵا دێ، بۆیەش خوا ﷻ ئاسمانی بەو شێوەیە وەسف کردوە، چونکە هەر کۆمەڵە ئەستێرەیەك لە ئاسماندا شێوەی قەڵاو، کۆشکێکی بەرز دەکەن.

هەندێك لە زانایانیش دەڵێن: ئێمە ئێستا وشەی (**برج**) بەکاردێنین کە بە (**بروج**) کۆدەکرێتەوە، بۆ ئەو وێستگانەی کاتێك زەوی بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە، هەر مانگە لە وێستگەیەکدا دەبێ و پێی دەگوترێ: (**برج**).

هەندێکیش گوتوویانە: مەبەست پێی بورجەکانی مانگە، مانگ کە بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە، بیست و هەشت (٢٨) قۆناغ و بورجی هەن، هەر چۆن بێ، خوا ﷻ سوێندی خواردوە بە ئاسمانی خاوەن بورجەکان.

٢)- ﴿وَٱلْيَوْمِ ٱلْمَوْعُودِ﴾، سوێند بە ڕۆژی بەڵێندراو، وەك خوا ﷻ لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ ٱلْيَوْمُ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يُوعَدُونَ ۝٤٤﴾ المعارج، واتە: ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە

بەڵێنیان پێدەدرا، کە ڕۆژێك دێ مرۆڤەکان تێدا هەڵدەستێنرێنەوەو زیندوو دەکرێنەوە، سزاو پاداشت ڕوویان تێدا دەکات، کەواتە: ﴿ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡمَوۡعُودِ ﴾، یانی: ئەو ڕۆژەی خوا بەڵێنی داوە، بێ، کە ڕۆژی دواییە.

٣)- ﴿ وَشَاهِدٖ وَمَشۡهُودٖ ﴾، سوێند بە شایەدو شایەدیی لەسەر دراو.

(**شَاهِد**)، کەسێکە شایەدیی دەدا، (**مَشهُود**)یش کەسێکە شایەدیی لەسەر دەدرێ، یاخود: (**شَاهِد**)، بە مانای بینەر، (**مَشهُود**)، واتە: بینراو، ئنجا ئایا مەبەست بەو بینەر و بینراوە، کێن؟

أ- هەندێك گوتوویانە: بینەرەکان فریشتەکانن و، بینراوەکان مرۆڤەکانن، هەروەها جندەکانیش کە فریشتەکان کردەوەکانیان دەبینین، تۆماریان دەکەن.

ب- هەندێکیش گوتوویانە: بینەر خوای بەرزی مەزنەو، بینراوەکانیش خەڵکە، خوا دەیانبینێ و ئاگای لێیانە.

ج- هەندێکیش گوتوویانە: (**شَاهِد**)، هەموو ئەوانەن کە دەتوانن ببینن و، ئامادە بن لە لای شت و ئاگاداری بن، (**مَشهُود**)یش، ئەوانەن کە دەگونجێ ببینرێن و، ئاگاداریی حاڵ و باڵیان بکرێ.

خوای پەروەردگار ئەم سێ سوێندانە دەخوات، بەڵکو چوار سوێندیشن: سوێند بە ئاسمانی خاوەن بورجەکان، سوێند بە ڕۆژی بەڵێندراو، سوێند بە بینەرو بینراو، بەڵام ئایا وەڵامی سوێندەکە چییە؟

زانایان لەو بارەوە ڕا جیاییان هەیە، چونکە وەڵامی سوێندەکە دیار نیە:

١- هەندێك گوتوویانە: وەڵامەکەی ئەوەیە: دڵنیابن کە زیندوو دەکرێنەوە.

٢- هەندێك گوتوویانە: هەر لە خودی ئایەتەکاندا دەلالەت لەسەر وەڵامی سوێندەکە هەیە، کە دەفەرموێ: ﴿ قُتِلَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأُخۡدُودِ ﴾، بە کوشت بچن هاوەڵانی چاڵەکە،

واتە: وەك چۆن ئەوان بە كوشتچوون، بێبڕوایەكانی ڕۆژگاری تۆش ئەی موحەممەد ﷺ! ئەگەر وازنەهێنن و، لەسەر كوفرو خراپەی خۆیان بەردەوام بن، ئەوانیش بەو جۆرە بە كوشت دەچن و سزا دەدرێن.

٣- هەندێكی دیكەش گوتوویانە: وەڵامی ئەو سوێندە ئەوەیە كە دوایی خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَتَنُوا۟ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا۟ فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ عَذَابُ ٱلْحَرِيقِ﴾، ئەوە وەڵامەكەیەتی: بە دڵنیایی ئەوانەی پیاوانی بڕوادارو ئافرەتانی بڕواداریان ئەشكەنجەو سزار داون، دواییش نەگەڕاونەوە، سزای دۆزەخ و سزای سووتێنەریان هەیە.

٤- هەندێكی دیكەش گوتوویانە: وەڵامی سوێندەكە ئەوەیە كە خوا دوایی دەفەرموێ: ﴿إِنَّ بَطْشَ رَبِّكَ لَشَدِيدٌ﴾، بە دڵنیایی پەلامارو گرتنی پەروەردگارت زۆر سەخت و توندە.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە كە خوا سبحانەو تعالی وەڵامی سوێندەكەی نەخستۆتە ڕوو، لێرەو لە چەند شوێنی دیكەش لە قورئاندا، بۆ ئەوەی هەم ئەوانەی باسمان كردن، بگرێتەوەو، هەر شتێكی دیكەش كە لەگەڵ ڕەوتی ئایەتەكاندا بگونجێ، بیگرێتەوە.

قسەیەکی کورت لەسەر بورجەکان

دەربارەی بورجەکان (إبن عاشور) ڕوونکردنەوەیەکی جوانی داوە، بە باشمزانی بیهێنم[1]، دەڵێ:

(الْبُرْجُ السَّمَاوِيُّ يَتَأَلَّفُ مِنْ مَجْمُوعَةِ نُجُومٍ قَرِيبَةٍ بَعْضُهَا مِنْ بَعْضٍ، لَا تَخْتَلِفُ أَبْعَادُهَا أَبَدًا، وَإِنَّمَا سُمِّيَ بُرْجًا لِأَنَّ الْمُصْطَلِحِينَ تَخَيَّلُوا أَنَّ الشَّمْسَ تَحِلُّ فِيهِ مُدَّةً فَهُوَ كَالْبُرْجِ، أَيِ الْقَصْرِ، أَوِ الحِصْنِ، وَلَمَّا وَجَدُوا كُلَّ مَجْمُوعَةٍ مِنْهَا يُخَالُ مِنْهَا شَكْلٌ لَوْ أُحِيطَ بِإِطَارٍ لِخَطٍّ مَفْرُوضٍ، لَأَشْبَهَ مُحِيطُهَا مُحِيطَ صُورَةٍ تَخَيُّلِيَّةٍ لِبَعْضِ الذَّوَاتِ مِنْ حَيَوَانٍ أَوْ نَبَاتٍ أَوْ آلَاتٍ، مَيَّزُوا بَعْضَ تِلْكَ الْبُرُوجِ مِنْ بَعْضٍ بِإِضَافَتِهِ إِلَى اسْمِ مَا تُشْبِهُهُ تِلْكَ الصُّورَةُ تَقْرِيبًا، فَقَالُوا: بُرْجُ الثَّوْرِ، بُرْجُ الدَّلْوِ، بُرْجُ السُّنْبُلَةِ مَثَلاً).

واتە: بورجی ئاسمانیی لە کۆمەڵێك ئەستێران پێك دێ، کە هەندێکیان لە هەندێکیان نیزیکن و، ماوەکانیان ناگۆڕێن و، لە یەك ئاستدا دەمێننەوە بە نسبەت، ئێمەی دانیشتووانی زەوییەوە، بۆیەش بەو کۆمەڵە ئەستێرەیە گوتراوە: (بورج)، چونکە ئەوانەی ئەو زاراوەیان بەکارهێناوە، وا هاتۆتە بەرچاویان، کە خۆر ماوەیەك لەو شوێنەدا دەمێنێتەوە، بۆیە وەك کۆشکێك، یان وەك قەڵایەك وایە، ئنجا لەبەر ئەوەی هەر کام لەو کۆمەڵە ئەستێرانە، ئەگەر بە هێڵێکی گریمانەیی بکێشرێ، وێنەکەی وەك وێنەی هەندێك لەو شتانەیە، وەك ئاژەڵ، یان ڕووەك، یاخود ئامێران، بۆیە هەندێك لەو بورجانەیان پاڵداوەتە لای ناوی، یەکێك لەو شتانەی پێی دەچێ، گوتوویانە: بورجی گا، بورجی دۆڵچە، بورجی گوڵە گەنم، یاخود گوڵە جۆ.

شایانی باسە: بورجەکان دوازدە (١٢) بورجن، کە ئەمانەن بە عەرەبیی و مانایەکانیشیان بە کوردیی:

---

(١) التحرير والتنوير: ج١٢، الجزء: ٣٠، ص٤٣٨.

١- (حَمَل): بەرخ.

٢- (ثَوْر): گـا.

٣- (جَوْزَاء): گوێز.

٤- (سَرَطَان): قرژال.

٥- (أَسَد): شێر.

٦- (سُنْبُلَة): گوڵە گەنم، یاخود گوڵە جۆ.

٧- (مِيزَان): تەرازوو.

٨- (عَقْرَب): دووپشك.

٩- (قَوْس): کەوان.

١٠- (جَدِي): کاریلە.

١١- (الدَّلو): دۆڵچە ئەوەی ئاوی پێ لە بیر هەڵدێنجن.

١٢- (حُوت): ماسی، یاخود نەهەنگ.

کاتی خۆیشی لە تەفسیری سوورەتی (الحجر)دا، دیسان باسی بورجەکانمان کردوە.

مەسەلەی دووەم:

هەڕەشەکردن لە هاوەڵانی چاڵەکە کە ئاگری تێدا کرابۆوەو، بێبڕوایانی ستەمکار بڕوادارانیان تێدا دەسووتاندن و خۆشیان تەماشایان دەکردن، ئەوەی لێشیان بە ڕەخنە دەگرتن تەنیا بڕواهێنانیان بوو بە خوای حوکمڕانی ئاسمانەکان و زەوی، بێگومانیش ئەشکەنجەدەرانی بڕوادارانی پەشێمان نەبووەوە، سزایان دۆزەخە، بڕوادارانی کردار باشیش بردنەوەی گەورەیان بە قسمەت دەبێ، کە بە هەشتەکانی خوان ﷻ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قُتِلَ أَصْحَٰبُ ٱلْأُخْدُودِ ﴿٤﴾ ٱلنَّارِ ذَاتِ ٱلْوَقُودِ ﴿٥﴾ إِذْ هُمْ عَلَيْهَا قُعُودٌ
﴿٦﴾ وَهُمْ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ شُهُودٌ ﴿٧﴾ وَمَا نَقَمُوا۟ مِنْهُمْ إِلَّآ أَن يُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ
ٱلْحَمِيدِ ﴿٨﴾ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
فَتَنُوا۟ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا۟ فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ عَذَابُ ٱلْحَرِيقِ ﴿١٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمْ جَنَّٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْكَبِيرُ ﴿١١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ قُتِلَ أَصْحَٰبُ ٱلْأُخْدُودِ ﴾، هاوەڵانی چاڵەکە بە کوشتبچن.

ئەمە لێرەدا:

أ- یان هەڕەشەکردنە، واتە: بە کوشت دەچن، هەرچەندە بە ڕابردوو هێنراوە.

ب- یاخود: نزای خراپە لێیان و لە هەردوو حاڵەتدا واتە: ئەوان شایستەی ئەوەن بە کوشت بچن و سزا بدرێن (دُعَاءٌ عَلَيْهِم بالهَلاَكِ وَالعَذَاب)، نزاو تووك لێکردنیانە بە فەوتان و سزاو ئازاردران، وشەی: ﴿ ٱلْأُخْدُودِ ﴾، پێشتریش باسمان کرد، کە لە (خَدّ) ەوە هاتوە، (خَدّ وأخدود)، هەردووکیان بە مانای چاڵ دێن، کە لە کوڵمەی مرۆڤەوە هاتوون.

﴿ٱلۡأُخۡدُودِ﴾، چەند وشەیەکی دیکەش هەن لە زمانی عەرەبیی دا لەسەر ئەو کێشە، وەك:

١- (**أحوسي**)، نشینگەی پەڕەور، ئەو شوێنەی کە مریشك باڵندەی هێلکەکەر دەگەڕێ هەتا پەیدای دەکات تاکو هێلکەی تێدا دا بنێ.

٢- (**أُسلُوب**)، شێواز.

٣- (**أُقنُوم**)، پێکهێنەری شتێك.

٤- (**أُضْحُوك**)، جاری وایە، بۆ مێینە (**مؤنث**)یش دێ، (**أضحوكة**)، مایەی پێکەنین.

٥- (**أُطروحة**)، پرۆژەیەك، نەخشەیەک کە پێشکەش دەکرێ.

کە دەفەرموێ: ﴿قُتِلَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأُخۡدُودِ﴾، هاوەڵانی چاڵەکە بە کوشت بچن، وشەی: ﴿أَصۡحَٰبُ﴾، هاوەڵان، خاوەنان، هەم ئەوانە دەگرێتەوە کە فەرمانیان کردوە بە هەڵکەندنی چاڵەکە، هەم ئەوانەی چاڵەکەیان هەڵکەندوە، هەم ئەوانەی ئاگریان تێدا کردۆتەوە، هەم ئەوانەی سەرپەرشتییان کردوەو، بڕوادارەکانیان خستوونە نێو ئەو چاڵە، ئاگر تێداکراوانەوە.

٢)- ﴿ٱلنَّارِ ذَاتِ ٱلۡوَقُودِ﴾، {ئەو چاڵەی بریتی بوو لە} ئاگرێکی خاوەن سووتەمەنیی {کە لەوێدا کرابۆوە}، (**الوَقُودُ: اسْمُ مَا تُوقَدُ بِهِ النَّارُ مِنْ حَطَبٍ وَنَفْطٍ وَغَيْرِهِمَا**)، (**وقُود**) ئەو سووتەمەنییەیە کە ئاگری پێ دادەگیرسێ، لە دارو لە نەوت و جگە لە ئەوانەش.

بێگومان: ﴿ٱلنَّارِ ذَاتِ ٱلۡوَقُودِ﴾، جێداری گشتگیر (**بَدَلُ آشْتِمَال**)ە، بۆ ﴿ٱلۡأُخۡدُودِ﴾، یانی: سەرجەم چاڵ و خەندڕەکەکە ئاگر بوو، پڕکرابوو لە ئاگر.

یاخود: جێگری هەندێك (**بدل البعض**)ە، واتە: هەندێك لەو چاڵە بریتی بوو لە ئاگر.

٣)- ﴿إِذۡ هُمۡ عَلَيۡهَا قُعُودٞ﴾، یادبکەوە! کاتێك ئەوان لەسەری دانیشتبوون، یانی: لەسەر کەنارو قەراغەکانی چاڵەکە دانیشتبوون.

ڕاناوی ئەوان ﴿ هُمْ ﴾، دەچێتەوە بۆ ﴿ أَصْحَٰبُ ٱلْأُخْدُودِ ﴾، واتە: هاوەڵانی چاڵەکە، هاوەڵانی چاڵەکەش ئەوانەبوون کە چاڵەکەیان هەڵقەندووەو، بڕوادارانیان تێدا سووتاندوون، ئنجا خۆشیان لەسەر چاڵەکە دانیشتوون، واتە: لە دەوروبەرو کەنارەکانی چاڵەکە.

٤)- ﴿ وَهُمْ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ شُهُودٌ ﴾، ئەوان لەسەر ئەوەش کە بە بڕوادارانیان دەکرد، ئامادەو بینەر بوون، واتە: لەبەر چاوی ئەوان ئەگەر پیاو بوون، ئەگەر ئافرەت بوون، ئەگەر منداڵ بوون، هەرچی بوون لەبەر چاوی ئەوان، لە نێو ئەو چاڵە ئاگرینەدا دەسووتان.

لێرەدا یەکێك پرسیارێکی بۆ دروست دەبێ کە بڵێ: ئەو بڕوادارانە چییان کردبوو، بەو شێوە دڵڕەقانەو بێڕەزایانە سزا دراون؟ خوای زاناو پەنهانزان وەڵامدەداتەوەو دەفەرموێ:

٥)- ﴿ وَمَا نَقَمُواْ مِنْهُمْ إِلَّآ أَن يُؤْمِنُواْ بِٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ ﴾، هیچیشیان لێ بە عەیب نەدەگرتن، جگە لەوەی بڕوایان هەبوو بە خوای زاڵی ستایشکراو، یانی: هیچیان لێ بە ڕەخنە نەدەگرتن کە بە حیساب عەیب و کەم و کووڕیی بێ، ئەوە نەبێ کە بڕوایان بە خوای زاڵی ستایشکراو هێنابوو! ئەمە وەك شیعرەکەی شاعیرە، شاعیرێك مەدحی قەومەکەی خۆی دەکات و دەڵێ:

لَا عَيْبَ فِيهِمْ غَيْرَ أَنَّ سُيُوفَهُمْ　　بِهِنَّ فُلُولٌ مِنْ قِرَاعِ الْكَتَائِبِ

هیچ عەیبیان نیە ئەوە نەبێ کە شمشێرەکانیان پاچاونەوە، هێندەی شەڕو جەنگیان پێبکەن.

بێگومان ئەوەش کەم و کووڕیی و عەیب نیە، بەڵکو شانازییەکی زۆر گەورەشە بۆ هۆزەکەی.

٦)- ﴿ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾، ئەو كەسەی حوكمڕانیی ئاسمانەكان و زەوی هەمووی بەس هی ئەوە.

٧)- ﴿ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىۡءٍ شَهِيدٌ ﴾، خواش چاودێرە بەسەر هەموو شتێكەوە، بە هەموو شتێك ئاگادارەو بینەری هەموو شتێكە، كەواتە: بڕوادارانیشی دەبینی، بڕوادارانی پیاوو ئافرەت كە سزا دەدران و، بێبڕوایەكانیشی دەبینی، كە بەو شێوەیە تێیان ڕاما بوون و تەماشایان دەكردن، لە كاتی سووتێنرانیان دا.

٨)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَتَنُواْ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَتُوبُواْ ﴾، بەدڵنیایی ئەوانەی ئازاری پیاوانی بڕوادارو ئافرەتانی بڕواداریان داوە، دوایش نەگەڕانەوەو پەشێمان نەبوونەوە.

٩)- ﴿ فَلَهُمۡ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمۡ عَذَابُ ٱلۡحَرِيقِ ﴾، مسۆگەر ئازارو سزای دۆزەخیان بۆ هەیەو، ئازارو سزای سووتێنەریان بۆ هەیە.

توێژەرەوانی قورئان لەو بارەوە زۆر قسەیان كردوە: بۆچی دوای ئەوەی خوا دەفەرموێ: سزای دۆزەخیان بۆ هەیە، دەفەرموێ: سزای سووتێنەریان بۆ هەیە؟!، وەڵامەكەشی هەر ئەوەیە:

كە سزای دۆزەخ تەنیا سووتاندن نیە، بەڵكو خوا لە قورئاندا باسی كردوە كە وێڕای ئەو سووتاندنەی خراپترین جۆری سزای دۆزەخە، بەڵام دۆزەخییەكان:

١- كێم و زووخاویشیان بە گەرووودا دەكرێ: ﴿ وَيُسۡقَىٰ مِن مَّآءٖ صَدِيدٖ ﴿١٦﴾ ﴾إبراهيم.

٢- زەققوومیش دەخۆن: ﴿ لَأٓكِلُونَ مِن شَجَرٖ مِّن زَقُّومٖ ﴿٥٢﴾ ﴾الواقعة.

٣- بە قەمچی ئاسنیش لێیان دەدرێ: ﴿ وَلَهُم مَّقَٰمِعُ مِنۡ حَدِيدٖ ﴿٢١﴾ ﴾**الحج.**

٤- لە نێو دووكەڵیشدا دەبن: ﴿ فِى سَمُومٖ وَحَمِيمٖ ﴿٤٢﴾ وَظِلٍّ مِّن يَحۡمُومٖ ﴿٤٣﴾ ﴾الواقعة.

٥- زۆریش ماندوو دەبن: ﴿ سَأُرۡهِقُهُۥ صَعُودًا ﴿١٧﴾ ﴾**المدثر**، كەبەشاخ و چیای بەرز هەڵدەگێردرێن، واتە: كە دەفەرموێ: ﴿ فَلَهُمۡ عَذَابُ جَهَنَّمَ ﴾، ئەوانە سزای دۆزەخیان

بۆ هەیە، یانی: سزای دۆزەخ بە هەموو جۆرەکانیەوە، ﴿ وَلَهُمْ عَذَابُ ٱلْحَرِيقِ ﴾، لە نێو جۆرەکانی سزای دۆزەخیشدا، سزای سووتێنەریان بۆ هەیە.

﴿ ٱلْحَرِيقِ ﴾، بە مانای ئاگر دێ، ئاگرێك کە بسووتێنێ و سووتێنەربێ.

لێرەدا جێی سەرنج ئەوەیە کە خوای سبحانە و تعالی دەفەرموێ: ئەوانەی پیاوانی بڕوادارو ئافرەتانی بڕوداریان ئەشکەنجە داون، دواییش نەگەڕاونەوەو پەشێمان نەبوونەوە، ئازاری دۆزەخ و ئازاری سووتێنەریان هەیە، کەواتە: لەگەڵ ئەوەشدا کە بێبڕوایان دۆستانی خوایان سزاو ئازارو ئەشکەنجە داون -- کە ئەمە وەك پێشنیارکردن و ئارەزوو کردنە بۆ گەڕانەوەو پەشێمان بوونەوەیان -- خوای پەروەردگار هەر لێیان دەبوورێ.

١٠)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمْ جَنَّٰتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بڕوایان هێناوە (بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ)، کردەوە باشەکانیشیان ئەنجام داون (بە گشتیی) ئەوانە چەندان باخیان هەن، ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن.

١١)- ﴿ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْكَبِيرُ ﴾، ئا ئەوەیە بردنەوەی گەورە، ﴿ ٱلْفَوْزُ ﴾، **(الظَّفَرُ بالخَيْرِ مَعَ حُصُولِ السَّلَامَةِ)**، (فوز): بریتیە لە بە ئامانج گەیشتن و بە دەستهێنانی خێرو چاکە، لەگەڵ سەلامەتیی و بێمزەڕەتییش دا.

لێرەدا خوای بەزری مەزن، کە بەسەرهاتی ئەو بڕوادارانەی هاوەڵانی چاڵەکە بەو شێوەیە کوشتوویانن و ئازاریان داون، بە ئەشکەنجەدانەوەو بە سووتاندنەوە، دەگێڕێتەوە، ئەوە لە کاتێکدا بووە کە مسوڵمانانی یەکەم لە مەککە، بە زۆر جۆر ئەشکەنجەدراون و ناڕەحەتکراون و ئازار دراون، خوای پەروەردگاریش بە مسوڵمانانی مەککە، بە پیاوو ئافرەتەوەی فەرمووە: ئێوە تەماشا بکەن! لە پێش ئێوەدا کەسانێك خراپتریش لە ئێوە ئازارو ئەشکەنجە دراون، کەچی خۆڕاگریش بوون، ئنجا ئێوەش وەك ئەوان خۆڕاگر بن، پێشتریش بەسەرهاتەکەمان باسکرد.

زانایان لە بارەی ئەو بەسەرهاتەوە زۆر قسەیان کردوە، بەڵام ئەوەی ئێمە لە (صحيح مسلم) و لە هەندێك سەرچاوەی دیکەوە هێنامان، ئەوەیە وەك پێغەمبەری خوا ﷺ گێڕاویەتەوە، کە لە پێش مسوڵمانان دا حوکمڕانێك هەبووە، بەو شێوەیە ئەو خەڵکەی ئازار داوە، کە ئامادە نەبوون بیپەرستن و دەستبەرداری خوا پەرستیی ببن، زۆریش پێدەچێ مەبەست لەو بەسەرهاتەی پێغەمبەری خوا ﷺ گێڕاویەتەوە، نێوەڕۆکی ئەم ئایەتە موبارەکانە بێ، ئەویش لەگەڵ ئەو هەل و مەرج و واقیعە سەخت و دژوارەی مسوڵمانان لە قۆناغی مەککەدا کەتێیدا بوون، پڕ بە پێست و گونجاو بووە، واتە: ئێوەش ئەو جۆرە کەسانە بکەنە سەر مەشقی خۆتان و تەماشای ئەوان بکەن.

(إبن عاشور) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، ناوی ژمارەیەك لە پیاوانی بڕوادارو ئافرەتانی بڕوداری هێناوە، کە ئازارو ئەشکەنجە دراون، هەروەها ناوی چەند کەسێکی هێناوە کە هەڵگەڕاونەوە، ئەوانەی لە پیاوان ئازار دراون:

ئەو پیاوانەی ئازاردراون:

(بِلَالُ بْنُ رَبَاحٍ، كَانَ عَبْدًا لِأُمَيَّةَ بِن خَلَفٍ فَكَانَ يُعَذِّبُهُ، وَأَبُوُ فُكَيْهَةَ كَانَ عَبْدًا لِصَفْوَانَ بنِ أُمَيَّةَ، وَخَبَّابُ بنُ الْأَرَتِّ كَانَ عَبْدًا لِأُمِّ أَنْمَارٍ، وَعَمَّارُ بنُ يَاسِرٍ، وَأَبُوهُ يَاسِرٌ، وَأَخُوهُ عَبْدُ اللَّهِ، كَانُوا عَبِيدًا لِأَبِي حُذَيْفَةَ بْنِ الْمُغِيرَةِ فَوَكَّلَ بِهِمْ أَبَا جَهْلٍ، وَعَامِرُ بنُ فُهَيْرَةَ كَانَ عَبْدًا لِرَجُلٍ مَنْ بَنِي تَيْمٍ)

واتە:

١- (بِلَالُ بْنُ رَبَاح): کۆیلەی ئومەییەی کوڕی خەڵەف بوو، ئازاری دەدا.

٢- (أَبُوُ فُكَيْهَةَ): ئەویش کۆیلەی صەفوانی کوڕی ئومەییە بوو.

٣- (خَبَّابُ بْنُ الْأَرَتُّ): کۆیلەی ئافرەتێك بوو بە ناوی (أُمُّ أَنْمَار).

---

(١) المجلد: ١٢، الجزء: ٣٠، ص ٢٤٥ - ٢٤٦.

٤و٥و٦- (عَمَّارُ بْنُ يَاسِرٍ، وَأَبُوهُ يَاسِرٌ، وَأَخُوهُ عَبْدُ اللَّهِ): ئەوانیش کۆیلەی (أَبُو حُذَيْفَة) بوون، ئەویش ئەبوو جەهلی لێراسپاردبوون، ئازارو ئەشکەنجەیان بدات.

٧- (عَامِرُ بْنُ فَهَيْرَة)، ئەویش کۆیلەی پیاوێك بووە لە بەنی (تَيْم).

ئەو ئافرەتانەی ئازاردراون:

١- (حَمَامَةُ أُمُّ بِلَالٍ أَمَةُ أُمَيَّة بْنِ خَلَفٍ): حەمامە دایکی بیلالی حەبەشەیی، کەنیزەکی ئومەییەی کوڕی خەڵەف بووە.

٢- (زِنِّيرَة): یەکێك بووە لە ئافرەتانی بڕوادار.

٣- (أُمُّ عُنَيْسٍ، كَانَتْ أَمَةً لِلْأَسْوَدِ بْنِ عَبْدِ يَغُوثَ): ئەویش کەنیزەکی (أَسْوَدِ بْنِ عَبْدِ يَغُوثَ) بووە.

٤و٥- (وَالنَّهْدِيَّةُ وَابْنَتُهَا كَانَتَا لِلْوَلِيدِ بْنِ الْمُغِيرَةِ): نەهدییەو کچەکەی، کە هەردووکیان کەنیزەکی وەلیدی کوڕی موغیرە بوون.

٦- (لَطِيفَة): یەکێکی دیکە بووە لە ئافرەتانی بڕوادار.

٧- (لِبِينَةُ بِنْتُ فُهَيْرَةَ كَانَتْ لِعُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ قَبْلَ أَنْ يُسْلِمَ كَانَ عُمَرُ يَضْرِبُهَا): لبینە کچی فوهەیرە کەنیزەکی عومەری کوڕی خەتتاب، بەر لەوەی مسوڵمان بێ و ئازاری داوە.

٨- (سُمَيَّةُ أُمُّ عَمَّارِ بْنِ يَاسِرٍ كَانَتْ لِعَمِّ أَبِي جَهْل): سومەییە دایکی عەمماری کوڕی یاسیر، کەنیزەکی مامی ئەبوو جەهل بووە.

ئەو کەسانەی کە هەڵگەڕاونەوە بە هۆی ئازاردرانەوە، ناوی چوار کەسان هاتوە:

١- (الْحَارِثُ بْنُ رَبِيعَةَ بْنِ الْأَسْوَدِ).

٢- (أَبُو قَيْسِ بْنُ الْوَلِيدِ بْنِ الْمُغِيرَةِ).

٣- (عَلِيُّ بْنُ أُمَيَّةَ بْنِ خَلَفٍ).

٤- (الْعَاصِي بْنُ الْمُنَبِّهِ بْنِ الْحَجَّاجِ)، بەڵام ئایا دوایی سەرەنجامیان چۆن بووە؟ باس نەکراوە.

مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

باسی زەبرو هێزی خوا سبحانه و تعالی و توانای بێ سنووری و، وەسفکردنی بە حەوت لە سیفەت و کردەوە بێ وێنەکانی کە بریتین لە:

یەکەم: خوا زەبرو پەلاماری توندە.

دووەم: پەیدا کەرو گێڕەرەوەیە.

سێیەم و چوارەم: لێبوردەو، خۆشویستە.

پێنجەم و شەشەم: خاوەن عەرش و، شکۆدارە.

حەوتەم: ئەنجام دەرە بۆ هەرچی بیەوێ.

ئنجا باسی ئەو سوپاو سەربازانەی لە خوا یاخیی بوون و خواش گرتوونی، بۆ وێنە: فیرعەون و سوپایەکەی، هەروەها گەلی (ثمود)، باسی لە بەدرۆ دانان دا نغرۆبوونی کافرەکان و، دەورەدانی خوا بۆیان و، باسی قورئان کە شکۆداری پایە بەرزە لە تەختێکی پارێزراودا:

خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ بَطْشَ رَبِّكَ لَشَدِيدٌ ﴿١٢﴾ إِنَّهُۥ هُوَ يُبْدِئُ وَيُعِيدُ ﴿١٣﴾ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلْوَدُودُ
﴿١٤﴾ ذُو ٱلْعَرْشِ ٱلْمَجِيدُ ﴿١٥﴾ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ﴿١٦﴾ هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلْجُنُودِ ﴿١٧﴾ فِرْعَوْنَ وَثَمُودَ
﴿١٨﴾ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى تَكْذِيبٍ ﴿١٩﴾ وَٱللَّهُ مِن وَرَآئِهِم مُّحِيطٌۢ ﴿٢٠﴾ بَلْ هُوَ قُرْءَانٌ مَّجِيدٌ ﴿٢١﴾ فِى
لَوْحٍ مَّحْفُوظٍۭ ﴿٢٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە بڕگەدا:

لێرەدا خوا خۆی بە حەوت سیفەتان دەناسێنێ:

١)- ﴿ إِنَّ بَطْشَ رَبِّكَ لَشَدِيدٌ ﴾، یەکەم: بە دڵنیایی زەبری پەروەردگارت توندو سەختە، (البَطْشُ: تَنَاوُلُ الشَّيءِ بصَوْلَةٍ)، (بطش): دەستگەیاندنە شتێکە بە توندیی، هەندێکیش

گوتوویانە: (البَطْشُ: الأَخْذُ بالشِّدَّة)، گرتنی توندە، پەلاماردانی توند، (بَطْش) ئەگەر لە کوردیی دا (زەبر) بێ: زەبری پەروەردگارت سەخت و توندە.

٢)- ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ يُبْدِئُ وَيُعِيدُ ﴾، دووەم: بە دڵنیایی هەر ئەو پەیدا دەکات (لەسەرەتاوە خەڵك و دروستکراوان پەیدا دەکات) و {دوای ئەوەی دەشفەوتێن، جارێکی دیکە} دەیانگێڕێتەوەو زیندوویان دەکاتەوە.

٣)- ﴿ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلْوَدُودُ ﴾، سێیەم و چوارەم: ئەو لێبوردەی خۆشویستە، لە گوناهو تاوان و هەڵەو کەم و کوورییەکان دەبووریٚ و، بەندە فەرمانبەرەکانیشی زۆر خۆشدەوێن.

٤)- ﴿ ذُو ٱلْعَرْشِ ٱلْمَجِيدُ ﴾، پێنجەم و شەشەم: خاوەن تەخت و بارەگای تایبەتی خۆیەتی، پایەدارو شکۆدارە، ئەوە ئەگەر: ﴿ ٱلْمَجِيدُ ﴾، بە بۆر (ضم) بخوێنرێتەوە، بەڵام ئەگەر (المجِيد) بە ژێر (كسْر) بخوێنرێتەوە: (ذُو ٱلْعَرْشِ المجيدِ) یانی: خاوەن عەرشێکی زۆر شکۆدارە.

٥)- ﴿ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ﴾، حەوتەم: زۆر بە چاکیی ئەنجامدەری هەر شتێکە کە بیەوێ.

لێرەدا خوا سبحانە و تعالی کە خۆی بەو حەوت سیفەتە پێناسە دەکات، وێڕای زیاتر ناساندنی خۆی، بۆ دڵدانەوەی بڕوادارانە، کە ئەوان خوایەك دەپەرستن، خاوەنی ئەو هەمووە سیفەتانەیە، خوایەك دەپەرستن، هەموو شتێکی بەدەستە، زەبری توندە لە کاتێکدا زەبر دەوەشێنێ، هەموو شتێکی پەیدا کردووەو، دوای فەوتانیشیان دەیانگێڕێتەوە، بە تایبەت ژیانداران (أحياء)، دوای ئەوەی دەمرن، دەتوانێ جارێکی دیکە بیانگێڕێتەوە بۆ ژیان و بیانژیەنێتەوە، هەروەها زۆر لێبوردەیە بۆ تاوان و خراپەو هەڵەو کەم و کووڕیی بڕواداران، ﴿ ٱلْوَدُودُ ﴾، دیسان زۆری خۆشدەوێن و ئەوەیان بۆ دەکات کە خۆشەویستێك بۆ خۆشویستراوەکانی خۆی دەیکات.

﴿ ذُو ٱلْعَرْشِ ﴾، هەروەها خاوەن بارەگاو تەختی هەرە مەزنە، ﴿ ٱلْمَجِيدُ ﴾، شکۆدارو پایەبەرزی بێ سنوورە لە هێزو گەورەییدا، (المَجِيدُ: القَوِيُّ العَظِيمُ فِي نَوْعِهِ)،

(**مجيد**) بريتيه له زۆر بەهێزی، زۆر مەزن له جۆری خۆی، عەرەب لەو بارەوە گوتوویانە: (**فِي كُلِّ شَجَرٍ النَّارُ، وَاسْتَمْجَدَ الْمَرْخُ والعَفَّار**)، واتە: هەموو درەختێك ئاگری تێدایە، بەڵام (**مَرْخ، وعَفَّار**)، {كە بەكارهێنراون بۆ ئاگر پێكردنەوە}، ئەو دووانە زۆر مەزن و شكۆدارن، باشتر ئاگریان لێ پەیدا دەبێ.

﴿ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ﴾، ﴿ فَعَّالٌ ﴾، ڕێژگەی زێدەڕۆیی (**صيغة المبالغة**)ی (**فاعل**)ە، یانی: كەسێك كە زۆر ئەنجامدەری شتێكە، (**فعال لما يريد**)، واتە: زۆر ئەنجامدەری هەر شتێكە كە بیەوێ، یانی: (**يَفْعَلُ كُلَّ مَا يُرِيدُهُ حَسْبَ مَا يُرِيدُهُ**) هەر شتێك بیەوێ، دەیكات، بەو پێیەی دەیەوێ.

٦)- ﴿ هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلْجُنُودِ ﴾، ئایا باس و خواسی سەربازەكانت بۆ هاتوە، پێت گەیشتوە؟ (**الإِتْيَانُ: مُسْتَعَارٌ لِبُلُوغِ الخَبَرِ، وَالحَدِيثُ: الخَبَرُ، وَالجُنُودُ جَمْعُ جُنْد، وَهُوَ العَسْكَرُ المُتَجَمِّعُ لِلقِتَالِ، وَأُطْلِقَ هُنَا عَلَى الأُمَمِ الَّتِي تَجَمَّعَتْ لِمخَاصَمَةِ الرُّسُل**)، كە دەفەرموێ: بۆت هاتوە (**إتيان**): خوازراوەتەوە بۆ گەیشتنی هەواڵ، مەبەستیش لە (**حديث**)، هەواڵە، (جنود)یش كۆی (جند)ە، كە سوپایەكی كۆبووەوەیە بۆ جەنگ، لێرەدا مەبەست پێیان ئەو كۆمەڵگایانەن كە كۆبوونەتەوە بۆ دژایەتیی پێغەمبەران (**صلى الله عليهم وسلم**)، وەك لە سووڕەتی (ص)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ جُندٌ مَّا هُنَالِكَ مَهْزُومٌ مِّنَ ٱلْأَحْزَابِ ﴿١١﴾ ﴾، واتە: سەربازانێك لەولا تێكشكاون لە كۆمەڵەكان، یانی: لەو كۆمەڵانەی دژی پێغەمبەران كۆبوونەتەوە.

ئنجا خوای پەروەردگار، دوو وێنە لەو سەربازە تێكشكاوانە، دێنێتەوە كە سزا دراون و تێكشكاون:

٧)- ﴿ فِرْعَوْنَ وَثَمُودَ ﴿١٨﴾ ﴾، فیرعەون و ثەموود، خوا ﷻ فیرعەون وەك خۆی باس دەكات، بەڵام ئاشكرایە فیرعەون خەڵك و سوپاو هێزی هەبووە، گەلی (**ثمود**)یش یەكێك لەو گەلانەیە كە فەوتاون و بنبڕكراون (**الأمم البائدة**)، لە سەرچاوە مێژووییەكاندا عەرەب دەكرێن بە سێ بەشەوە: (**العَرَب البائدة، العرب العاربة، العرب المستعربة**)، عەرەبە

قەلاچۆکراوەکان، (لەوانە گەلی عادو، گەلی ثەموود و، گەلی جەدیس)، عەرەبی عاریبە، {کە عەرەبی (قحطاني)ین و ئەسڵی عەرەب لەوانەوە هاتوون}، عەرەبی موستەعرەبە: (کە عەرەبی عەدنانیین، ئەوانەی لە ئەسڵ دا عەرەب نەبوون، بەڵام دوایی بوونە عەرەب و زمانی عەرەبیی فێر بوون}، پێغەمبەری خۆشمان ﷺ لەوانە، چونکە ئیبراهیم[1] عليه السلام کە هاجەری خێزانی قیبتیی بوو، میسریی بوو لەگەڵ ئیسماعیلی کوڕی، لە لای ئەو شوێنەی دوایی لەگەڵ ئیبراهیم دا بەیتیان لێدروست کرد، لەوێ داینان، دوایی لەگەڵ هۆزی (جرهم)دا، نث هاتبوونەوێ، تێکەڵ بوون، دوایی نەسڵ و وەچەی ئیسماعیل بە تایبەت لە ڕێی عەدنانەوە، بوونە عەرەبی موستەعرەبە، یانی: ئەو عەرەبانەی بە عەرەبکراون و عەرەب نەبوون، بەڵام دوایی زمانی عەرەبیی فێر بوون.

لە تەفسیری سوورەتەکانی دیکەدا، بە تەفصیل باسمان کردوە، کە فیرعەون و سوپایەکەی چۆن فەوتان! هەروەها باسی گەلی سەموودیش کە چۆن بە هاڕژن و چریکەو بلێسەیەك لە ئاسمانەوە، فەوتان، ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (الحجر)دا باسی فەوتانی گەلی سەموودمان کرد، لە تەفسیری (الأعراف) و سوورەتی (القصص)یش دا بە تەفصیل بەسەرهاتی مووساو هاڕوونی برای (علیهما السلام) و هۆزی بەنوو ئیسرائیل لە لایەك و، فیرعەون و هامان و قاڕوون و دارو دەستەکەیان و سوپاو هێزەکەیان لە لایەکی دیکەوە، باسمان کردوە.

٨)- ﴿ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِى تَكْذِيبٍ ﴾، بەڵکو ئەوانەی بێبڕوان لە بە درۆ دانان دان، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ فِى تَكْذِيبٍ ﴾، واتە: ئەوانە لە بەر درۆ داناندا، نغرۆ بوون، (**إِشَارَةٌ إِلى إِحَاطَةِ التَّكْذِيب بِهِم إِحَاطَةَ الظَّرْفِ بِالمَظْرُوفِ**)، ئاماژەیە بەوەی بە درۆ دانان وا دەورەی داون، وەك چۆن شتێك دەخرێتە نێو توورەگەیەکەوە، توورەگەکە دەوری ئەو شتە دەدات، (**ظَرْف**) بریتیە لەو توورەگەیەی شتێکی تێدەکرێ، (**مَظْرُوف**)یش، تێکراوەکەیە، بە هەمان شێوە، بە درۆ دانانیش دەوری وانی داوەو، لە بەدرۆ دانان دا نغرۆ بوون.

---

(١) ئیبراهیم علیه السلام بابی ئیسماعیلەو، ئەویش باپیرە گەورەی عەدنان و، پێغەمبەری کۆتاییش (محمد) عەدنانییە.

٩)- ﴿ وَٱللَّهُ مِن وَرَآئِهِم مُّحِيطُۢ ﴾، خواش لە پشتیانەوە دەورە دەرە، لێرەدا خوای باڵا دەستی پەروەردگار بە وێنەیەك دەیخاتە بەرچاومان، كە وەك چۆن سوپایەك دەوری كەسێك، یان كەسانێك بدات، بە دڵنیایی لە بەردەستیان دەرناچن، خوای بەرزی مەزنیش لە پشتیانەوە ئاوا دەوری داون، واتە: لە دەستی خوا قوتار نابن.

١٠)- ﴿ بَلْ هُوَ قُرْءَانٌ مَّجِيدٌ ﴾، بەڵكو ئەوە خوێندراوەیەكی زۆر شكۆدارە، قورئان خۆی یانی: خوێندراوە، قورئان خوێندراوەیەكی زۆر شكۆدارە، ئەمە بۆ بەدرۆخستنەوەو بە درۆ دانانی بێبڕوایەكانە كە:

١- دەیانگوت: قورئان ئەفسانەی پێشینانە.

٢- دەیانگوت: قورئان شیعرەو موحەممەد گوتوویەتی.

٣- دەیانگوت: قورئان قسەی كاهینانە.

٤- دەیانگوت: قورئان قسەی جادووگەرانە.

٥- دەیانگوت: قورئان قسەی شێتانە! خوا دەفەرموێ: ﴿ بَلْ هُوَ ﴾، (وانیە وەك ئێوە دەڵێن)، بەڵكو ئەوە، (ئەو قورئانەی موحەممەد ﷺ هێناویەتی) خوێندراوەیەكی زۆر شكۆمەندو شكۆدارە.

١١)- ﴿ فِى لَوْحٍ مَّحْفُوظٍۭ ﴾، [جندو شەیتان و هیچ كام لەوانەی ئێوە دایاندەنێن، دەستیان ناگاتە قورئان]، لە تەختێكی پارێزراو دایە.

وشەی: ﴿ مَّحْفُوظٍۭ ﴾، بە هەم بە ژێر (**كسر**) خوێندراوەتەوە: ﴿ فِى لَوْحٍ مَّحْفُوظٍۭ ﴾، یانی: لە تەختێكی پارێزراو دایە، هەروەها ﴿ مَّحْفُوظٌ ﴾، بە بۆر (**رفع**)یش خوێندراوەتەوە (فِى لَوْحٍ مَحْفُوظٌ)، ئەو كاتەش: ﴿ مَّحْفُوظٍ ﴾، دەبێتە سیفەت بۆ قورئان، (بَلْ هُوَ قُرْءَانٌ مَّجِيدٌ فِى لَوْحٍ مَحْفُوظٌ)، بەڵكو ئەم قورئانە قورئانێكی شكۆمەندەو شكۆدارە، لە تەختێكدایە، پارێزراوە، پارێزراوە لەوەی زەفەری پێ ببردرێ، شەیتانەكان ڕێی تێبەرن و، ئەگەری ئەوە هەبێ، نەك هەمووی، بەڵكو بەشێكی قورئانیش دەستی جگە لە خوای پەروەردگاری پێ گەیشتبێ.

قسەیەک لە بارەی (لوح محفوظ)ەوە

وشەی: ﴿لَوۡحٖ﴾، لە ئەسڵی زمانی عەرەبییدا: (**اللَّوح: قِطْعَةٌ مِنْ خَشَبٍ مُسْتَوِيَةٌ تُتَّخَذُ لِيُكْتَبَ فِيهَا**)، (**لوح**): بە مانای تاکی ئەو تەختانە هاتوە، کە کەشتییان لێ دروست دەکرێ و بە (**ألواح**)، کۆ دەبنەوە، بەڵام وێڕای ئەوەش: بە پارچە تەختەیەك، دارێك دەگوترێ تەخت و ڕێکەو بەکاردەهێنرێ بۆ ئەوەی شتی لەسەر بنووسرێ.

ئەو شتەش لە قورئانێ دا چوار تەعبیری بۆ بەکارهێنراون:

١- لێرەدا لە سوورەتی (**البروج**)دا، دەفەرموێ: ﴿فِي لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ﴾ -٢٢-.

٢- لە سوورەتی (**الواقعة**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿فِي كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ ٧٨﴾.

٣- لە سوورەتی (یس)دا دەفەرموێ: ﴿وَكُلَّ شَيۡءٍ أَحۡصَيۡنَٰهُ فِيٓ إِمَامٖ مُّبِينٖ ١٢﴾.

٤- لە سوورەتی (ق)دا دەفەرموێ: ﴿وَعِندَنَا كِتَٰبٌ حَفِيظُۢ ٤﴾ ق.

١- ﴿لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ﴾، تەختێکی پارێزراو.

٢- ﴿كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ﴾، نووسراوێکی شێردراوە.

٣- ﴿إِمَامٖ مُّبِينٖ﴾، پێشەوایەکی ڕوون، یان ڕوونکەرەوە.

٤- ﴿وَعِندَنَا كِتَٰبٌ حَفِيظُۢ﴾، نووسراوێکی پارێزەرمان لەلایە.

وا پێدەچێ مەبەست لەو چوار شتانە، هەر چواریان یەك بێ:

١- بەڵام خوا سبحانه و تعالی لەو ڕووەوەی کە خەڵك پێی نازانێ، فەرموویەتی: ﴿كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ﴾، نووسراوێکی شێردراوە.

٢- لەو ڕووەوەش کە پارێزراوەو کەس دەستی نایگاتێ و زەفەری پێنابات، نە مرۆڤ و نە جند و نە هیچ کەس، فەرموویەتی: ﴿فِي لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ﴾.

٣- لەو ڕووەوەش کە لە پێش دروستکراوەکانەوەیە، فەرموویەتی: ﴿إِمَامٍ مُّبِينٍ﴾، پێشەوایەکی ڕوون، یاخود ڕوونکەرەوە.

٤- لەو ڕووەوەش کە پارێزەری هەموو شتێکە، فەرموویەتی: ﴿كِتَٰبٌ حَفِيظٌ﴾.

لەو بارەوەش زانایان دوو ڕای سەرەکییان هەن:

أ- هەندێکیان دەڵێن: ئەم تەعبیرانە بۆ ئەوەن خوای کارزان دەیەوێ ئێمە حاڵیی بکات، کە هەم قورئان، هەم زانیارییەکانی خوا، هەموویان پارێزراون، وەك چۆن ئێوە شتێك بنووسن، وەك گوتراوە: (**قيِّدوا العلم بالكتابة**)، زانیاریی بە نووسین بپارێزن و بیبەستنەوە، بە هەمان شێوەش خوا زانیارییەکانی بەو شێوەیە پارێزراون، خوا ویستوویەتی ئێمە حاڵیی بکات، ئێمەش چۆن حاڵیی دەبین؟ بەوەی بزانین شتێك ئەگەر نووسرابێتەوە لە لەوحێکداو، لە نووسراوێکداو، ئەو زانیارییانە تۆمار کرابن، گۆڕانیان بەسەردا نایەت.

ب- هەندێکیش لە زانایان گوتوویانە: وەك جاری دیکەش باسمان کردوە خوا سبحانەو تعالى بەو تەعبیرانە باسی دروستکراوێکی خۆی دەکات، کە زانیارییەکانی ئەوی تێدا تۆمار کراون و لە نێویاندا قورئانە، بەڵام ئێمە نازانین چۆنە؟

هەڵبەتە بۆ خۆم زیاتر بۆچوونی یەکەم بە عەقڵ و دڵمەوە دەنووسێ، کە هەموو ئەو تەعبیرانە بەکارهێنراون بۆ حاڵیی کردنی ئێمە، نەك دروستکراوێك هەبێ خوا زانیارییەکانی خۆی تێدا تۆمار کردبن.

بەڵام ئەگەر دووەمیشیان بێ، هەرچەندە جگە لە مانای ڕواڵەتی ئایەتە موبارەکەکان بەڵگەیەکی دیکەی وا نیە، بەڵام ئاساییە، چونکە هەموو شتێك بۆ خوای بەرزومەزن ئاسانەو، ئاساییە خوا زانیارییەکانی خۆی لە دروستکراوێکی خۆیدا تۆمار کردبن و، نووسیبنی، لە نێوشیاندا ئەو قورئانەی ناردوویەتی و، کتێبەکانی دیکەش کە بۆ پێغەمبەرانی دیکەی ناردوون.

لێرەدا کۆتایی بە تەفسیرکردنی سوورەتی (البروج)، دێنین و، لە خوای پەروەردگار دەپاڕێینەوە بە ناوە هەر بەرزەکانی و بە سیفەتە هەرە پەسندەکانی، کە تەوفیقمان بدات و، یارمەتییمان بدات، باشترین بەهرە وەربگرین لە قورئان، بە هۆی چاك خوێندنەوەی و، بیر لێ کردنەوەی و، تێوە رامانی و، پەند لێوەرگرتنی و، کارپێکردنی، لە چوارچێوەی خودی خۆمان و ماڵ و منداڵمان و کەس و کارو دەوروبەرمان و کۆمەڵگامان، لە هەموو بوارو ڕەهەندەکانی دینداریی و دنیادارییدا.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

تەفسیری سووڕەتی

الطَّلاق

دەستپێك

بەڕێـــــزان!

ئەمڕۆ کە (٣٦)ی مانگی (**ذي القعدة**)ی ساڵی (١٤٤١)ی کۆچیی، بەرانبەر (٢٠٢٠/٧/١٧) زاینییە، لە شاری هەولێر، خوا پشتیوان بێ دەست دەکەین بە تەفسیرکردنی سووڕەتی (**الطارق**).

پێناسەی سووڕەتی (الطارق) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە:

ناوی باوتری ئەم سووڕەتە: (**سُورةُ الطارق**)ە، بەڵام بە ناوی: (**سورة والسماء والطارق**)یش، ناسراوە، وەك لەو سێ گێڕدراوەیە دەفامرێتەوە، کە دووانیان پێشتریش هێنامانن:

یەکەم: {**عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ كَانَ يَقْرَأُ فِي العشَاءِ الأَخِرَة بـ ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ﴾ و ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ﴾**} (**أخرجه أحمد: ٨٣١٤، تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده ضعيف**).

واتە: ئەبوو هوڕەیڕە (خوا لێی ڕازی بێ)، دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە عیشای کۆتاییدا (مەبەست نوێژی خەوتنانە)، هەردوو سووڕەتی: ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ﴾ و ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ﴾، دەخوێندن، (هەر کامیان لە ڕکاتێکدا).

دووەم: {**عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَقْرَأُ فِي الظُّهْرِ وَالعَصْرِ بـ ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ﴾، و ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ﴾**}، (**أخرجه أبو داود: ٨٠٥، والترمذي: ١٩٠، قال الألباني:حسن صحيح**).

واتە: جابیری کوڕی سەموڕە (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ لە هەردوو نوێژی نیوەڕۆو عەصردا، سوورەتی: ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ﴾، و ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡبُرُوجِ﴾ی، دەخوێندن.

دیارە ئەوانیش هەر سوورەتە لە ڕکاتێکدا.

سێیەم: {عَن خَالِدِ الْعَدوَانِيِّ رضي الله عنه، أَنَّهُ أَبْصَرَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فِي مَشْرِقِ ثَقِيفٍ، وَهُوَ قَائِمٌ على قَوْسٍ أَوْ عَصًى، حِينَ أَتَاهُمْ يَبْتَغِي عِنْدَهُمُ النَّصْرَ قَالَ: فَسَمِعْتُهُ يَقْرَأُ: {وَالسَّمَاءِ وَالطَّارِقِ} حَتَّى خَتَمَهَا، قَالَ: فَوَعَيْتُهَا فِي الْجَاهِلِيَّةِ وَأَنَا مُشْرِكٌ ثُمَّ قَرَأْتُهَا فِي الإِسْلَامِ، قَالَ: فَدَعَتْنِي ثَقِيفٌ فَقَالُوا: مَاذَا سَمِعْتَ مِنْ هَذَا الرَّجُلِ؟ فَقَرَأْتُهَا عَلَيْهِمْ، فَقَالَ مَنْ مَعَهُمْ مِنْ قُرَيْشٍ: نَحْنُ أَعْلَمُ بِصَاحِبِنَا، لَوْ كُنَّا نَعْلَمُ مَا يَقُولُ حَقًّا لَاتَّبَعْنَاهُ}، (أخرجه أحمد: ١٨٩٧٨، والطبراني: ٤١٢٦ و ٤١٢٧، والبخاري في تأريخه: ٤٦٥: وقال الهيثمي في المجمع: ١١٤٨٣: فيه عبدالرحمن بن خالد ذكره ابن أبي حاتم ولم يجرحه أحد، وبقية رجاله ثقات، قلت: ابن حبانٍ يوثّقُ المجاهيل).

واتە: خالیدی عەدوانیی (خوا لێی ڕازی بێ)، گێڕاویەتەوە کە پێغەمبەری خوای ﷺ لە بازاڕی (ثقیف)دا بینیوە، لەو کاتەدا خۆی داوەتە سەر کەوانێك، یان گۆچانێك، هاتوە بۆ لایان، داوای یارمەتیی و پشتگیریی لێ کردوون، گوێی لێ بووە کە ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ﴾ی، خوێندوە، هەتا تەواوی کردوە، دەڵێ: منیش لە سەردەمی نەفامییدا ئەو سوورەتەم لەبەر کرد، (دوایی کە هاتۆتە نێو ئیسلامەوەش خوێندوویەتی)، هۆزی (ثقیف) بانگیان کردم، گوتیان: وەرە چیت لەو پیاوە بیست؟ منیش سوورەتەکەم بۆ خوێندنەوە، ئەوانەی لە هۆزی قورەیش لەگەڵیان بوون، گوتیان: ئێمە بە هاوەڵەکەی خۆمان ئاگادارترین، ئەگەر زانیبامان ئەوەی دەیڵێ هەقە، شوێنی دەکەوتین.

واتە: تۆش گوێی پێ مەدەو شوێنی مەکەوە، واشپێدەچێ کەوتبێتە ژێر کاریگەریی ئەوان، بەڵام دیارە ئەو سوورەتەی لەبەر کردوەو دوایی هاتۆتە نێو ئیسلامەوەو خوێندوویەتی.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

زانایان لەسەر مەککەیی بوونی ئەم سوورەتە یەکدەنگن، لەو بارەوەش ئەم دەقە هاتوە:

{عَنْ عَبْدِ اللهِ بنِ عَبَّاسٍ ﷺ، قَالَ: نَزَلَتْ ﴿ وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ ﴾ بِمَكَّةَ} **(أورده السيوطي في الدُّرِّ المنثور: ج٨، ص٤٧٣، ونسبه لابن الضريس والنحاس والبيهقي وابن مردويه، الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ص٥٠٧).**

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﷺ، گوتوویەتی: سوورەتی ﴿ وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ ﴾، لە مەککە دابەزیوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

ئەم سوورەتە لە (موصحەف)دا ژمارەکەی (٨٦)ە، لە دابەزینیشدا ژمارەکەی (٣٦)ە، لە ڕووی دابەزینەوە پێش سوورەتی: ﴿ ٱقْتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلْقَمَرُ ﴾ و، دوای سوورەتی: ﴿ لَآ أُقْسِمُ بِهَٰذَا ٱلْبَلَدِ ﴾، هاتۆتە خوارێ.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمێرەرانی ئایەتەکانی قوڕئان، لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە موبارەکە حەڤدە (١٧)یە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئەم سوورەتە بە ڕاو بۆ چوونی بەندە، پێنج تەوەر دەگرێتە خۆی:

١- سوێند خواردن بە ئاسمان و ئەستێرەی تاریکیی کونکەر، یاخود دڕ بە تاریکییدەر، کە هەموو کەس پارێزەرێکی بەسەرەوەیە، ئایەتەکانی: (١ - ٤).

٢- فەرمانکردنی خوا بە مرۆڤ کە سەرنج بدات: لە چی دروست بووە؟ لە ئاوێکی بە فیچقە دەرهاتوو، لە نێوان ئێسکی پشت و سینگ دروست بووە، ئایەتەکانی: (٥ - ٧).

٣- توانایی خوا لەسەر زیندووکردنەوەی مرۆڤ، لە ڕۆژی دەرکەوتنی نهێنییەکاندا، کە مرۆڤی بێبڕوا هیچ تواناو سەرخەری نابن، ئایەتەکانی: (٨ - ١٠).

٤- سوێند خواردنی خوا بە ئاسمانی گێڕەرەوەو، زەوی خاوەن قڵیش (ئامادەیە بقڵیشێ)، کە قورئان فەرموودەی لێك جیاکەرەوەیەو گاڵتە نیە، ئایەتەکانی: (١١ - ١٤).

٥- باسی فێڵ و پیلانی ناحەزان و، نەخشەی خوای کاربەجێ لە بەرانبەریانداو، مۆڵەتدانی بێبڕوایان بۆ ماوەیەکی کەم، ئایەتەکانی: (١٥ -- ١٧).

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

ئەم سێ تایبەتمەندییەم کەوتوونە بەرچاو:

١- لەم سوورەتەدا دوو جاران سوێند بە ئاسمان خوراوە، لە سەرەتاوە و، لە لای نێوەڕاستیشەوە.

٢- قورئان بە: ﴿ إِنَّهُۥ لَقَوۡلٞ فَصۡلٞ ١٣ وَمَا هُوَ بِٱلۡهَزۡلِ ١٤ ﴾، قسەیەکی لێك جیاکەرەوەی نێوان هەق و ناهەق، ڕاست و چەوت، چاك و خراپ، ﴿ وَمَا هُوَ بِٱلۡهَزۡلِ ﴾، ئەم قورئانە گاڵتە نیە، بەوە وەسف کراوە.

٣- لەم سوورەتە موبارەکەدا چەند وشەو تەعبیرێك هاتوون، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون:

١- ﴿ وَٱلطَّارِقِ ﴾.

٢- ﴿ دَافِقٖ ﴾.

٣- ﴿ يَخۡرُجُ مِنۢ بَيۡنِ ٱلصُّلۡبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ﴾.

٤- ﴿رُوَيْدًا﴾.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمە کۆی ئەو حەڤدە (١٧) ئایەتە، دەکەینە دەرسێك، چونکە هەرچەندە بابەتەکانی پێنج تەوەرو پێنج بابەتن، بەڵام زۆر تێکهەڵکێشن و پێکەوە پەیوەست و جۆشدراون و لە یەك پچڕاندنیان لە چەند دەرسێك دا پێویست ناکات.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسە لە هەر حەڤدە (١٧) ئایەتەکەی ئەم سوورەتە پێك دێ، ئایەتەکانی: (١ - ١٧)، و ئەو حەڤدە (١٧) ئایەتەی ئەم سوورەتەش، پێنج بابەتی گرنگی پێکەوە جۆشدراو دەگرنە خۆیان:

١- خوا سبحانه و تعالى سوێند دەخوا بە ئاسمان و بە ئەستێرەی کونکەر، دڕ بە تاریکیی دەر، کە هەموو کەس پارێزەرێکی بەسەرەوەیە، ئەمە لە چوار ئایەتی یەکەم (١ - ٤)دا.

٢- فەرمانکردنی خوا بە مرۆڤ کە سەرنج بدات لە چی دروست بووە؟ لە ئاوێکی بە فیچقە دەرهاتوو، لە نێوان ئێسکی پشت و سینگ: ﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ﴿٥﴾ خُلِقَ مِن مَّآءٍ دَافِقٍ ﴿٦﴾ يَخْرُجُ مِنۢ بَيْنِ ٱلصُّلْبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ﴿٧﴾ ﴾، ئایەتەکانی: (٥، ٦، ٧).

٣- باسی توانایی خوا لەسەر زیندووکردنەوەی مرۆڤ لە ڕۆژی دەرکەوتنی نهێنییەکاندا، کە هیچ توانایەك و هیچ سەرخەری نابن: ﴿ إِنَّهُۥ عَلَىٰ رَجْعِهِۦ لَقَادِرٌ ﴿٨﴾ يَوْمَ تُبْلَى ٱلسَّرَآئِرُ ﴿٩﴾ فَمَا لَهُۥ مِن قُوَّةٍ وَلَا نَاصِرٍ ﴿١٠﴾ ﴾، ئایەتەکانی (٨، ٩، ١٠).

٤- سوێند خواردنی خوا بە ئاسمانی گێڕەرەوەو، زەوی خاوەن قڵیش، کە قورئان فەرموودەیەکی لێك جیاکەرەوەیەو گاڵتە نیە: ﴿ وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلرَّجْعِ ﴿١١﴾ وَٱلْأَرْضِ ذَاتِ ٱلصَّدْعِ ﴿١٢﴾ إِنَّهُۥ لَقَوْلٌ فَصْلٌ ﴿١٣﴾ وَمَا هُوَ بِٱلْهَزْلِ ﴿١٤﴾ ﴾، ئایەتەکانی: (١١، ١٢، ١٣، ١٤).

٥- باسی پیلان و نەخشەی ناحەزان و، نەخشەی خوا لە بەرانبەریانداو، مۆڵەتدانی خوا بۆ بێبڕوایان و بوار پێدانی و، فەرمانکردنیشی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە ماوەیەکی کەم مۆڵەتیان بدات: ﴿ إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا ﴿١٥﴾ وَأَكِيدُ كَيْدًا ﴿١٦﴾ فَمَهِّلِ ٱلْكَٰفِرِينَ أَمْهِلْهُمْ رُوَيْدًۢا ﴿١٧﴾ ﴾. ئایەتەکانی: (١٥ و ١٦ و ١٧).

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ وَالسَّمَاءِ وَالطَّارِقِ ﴿١﴾ وَمَا أَدْرَاكَ مَا الطَّارِقُ ﴿٢﴾ النَّجْمُ الثَّاقِبُ ﴿٣﴾ إِن كُلُّ نَفْسٍ لَّمَّا عَلَيْهَا حَافِظٌ
﴿٤﴾ فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ ﴿٥﴾ خُلِقَ مِن مَّاءٍ دَافِقٍ ﴿٦﴾ يَخْرُجُ مِن بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ ﴿٧﴾ إِنَّهُ
عَلَىٰ رَجْعِهِ لَقَادِرٌ ﴿٨﴾ يَوْمَ تُبْلَى السَّرَائِرُ ﴿٩﴾ فَمَا لَهُ مِن قُوَّةٍ وَلَا نَاصِرٍ ﴿١٠﴾ وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الرَّجْعِ ﴿١١﴾
وَالْأَرْضِ ذَاتِ الصَّدْعِ ﴿١٢﴾ إِنَّهُ لَقَوْلٌ فَصْلٌ ﴿١٣﴾ وَمَا هُوَ بِالْهَزْلِ ﴿١٤﴾ إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا ﴿١٥﴾ وَأَكِيدُ
كَيْدًا ﴿١٦﴾ فَمَهِّلِ الْكَافِرِينَ أَمْهِلْهُمْ رُوَيْدًا ﴿١٧﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. سوێند بە ئاسمان و بە شەوگەڕ ﴿١﴾ چیش بە تۆی زاناندوە شەوگەڕ چییە؟ ﴿٢﴾ ئەستێرەیەکی (تاریکیی) کونکەر(و دڕێدەر)ە ﴿٣﴾ هیچ کەسێك نیە مەگەر پارێزەرێکی (لە فریشتان) بەسەرەوەیە ﴿٤﴾ ئنجا با مرۆڤ سەرنج بدات لە چی دروستکراوە! ﴿٥﴾ لە ئاوێکی بەفیچقە دەرقوڵیو دروستکراوە ﴿٦﴾ کە لە نێوان پشت و ئێسکەکانی سینگ دێتە دەرێ ﴿٧﴾ بێگومان ئەو (خوا) لەسەر گێڕانەوەی (و زیندوو کردنەوەی) توانایە ﴿٨﴾ لە ڕۆژێك دا کە نهێنییەکان ئاشکرا دەکرێن ﴿٩﴾ (ئنجا مرۆڤی بێبڕوا) لەو ڕۆژەدا هیچ هێزێك و، هیچ پشیتوانێکی نیە ﴿١٠﴾ سوێندیش بە ئاسمانی خاوەن گێڕانەوە ﴿١١﴾ هەروەها سوێندیش بە زەوی خاوەن قڵیش ﴿١٢﴾ ئەو (قورئان)ە قسەیەکی جیاکەرەوەیە (بۆ هەق و ناهەق و ڕاست و چەوت) ﴿١٣﴾ ئەو گاڵتە نیە ﴿١٤﴾ بێگومان ئەوان (بێبڕوایان) پیلان دەگێڕن (لە دژی پەیامەکەم) ﴿١٥﴾ منیش نەخشە دادەنێم، چ نەخشە دانانێك! ﴿١٦﴾ دەجا (ئەی موحەممەد!) مۆڵەتی بێبڕوایان بدە (منیش) کەمە مۆڵەتێکیان دەدەم ﴿١٧﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(وَٱلطَّارِقِ): (الطَّرْقُ كَالضَّربِ إلاَّ أَنَّهُ أَخَصُّ، لِأَنَّهُ ضَرْبٌ على صَلبٍ بِصَوتٍ، كَطَرْق الحَديدِ، وَعُبِّرَ عَن النَّجْمِ بِالطَّارِق، لاخْتِصَاصِ ظُهُورِهِ بِاللَّيْل)، (طارق): لە (طَرق)ەوە هاتوە، (طَرْق): وەك (ضَرْب) وایە، واتە: لێدان، بەڵام (طَرق): تایبەتترە لە (ضرب)، چونكە (طَرق): بریتیە لەوەی لە شتێكی ڕەق بدرێ و دەنگی لێ بێ، وشەی: (طارق)یش لێرەدا بۆ ئەستێرە بەكارهێنراوە، چونكە ئەستێرە بە شەوێ دەردەكەوێ. (چونكە بە ڕۆژ لەبەر تیشكی خۆر، ئەستێرەكان دیار نین و، دوای ئەوەی تیشكی خۆر نامێنێ، ئنجا ئەستێرەكان دەردەكەون).

(دَافِقٍ): (أَي: سَائِلٍ بِسُرْعَةٍ، يُقَالُ: جَاءَ دُفْعةً، وَمشَى الدِّفِقَ، أَي: تَصبَّبَ فِي عَدْوِهِ كَتَّصَبُّبِ المَاءِ المُتَدَفِّقِ)، (دَافِق): هەر شلەمەنییەكە بە خێرایی بڕژێ، دەگوترێ: (جاءَ دُفْقَةً)، واتە: بەخێرایی و لێكڕا هات، دەگوترێ: (مَشَى الدِّفِقَّ)، واتە: لە ڕۆیشتنەكەیدا، لە ڕاكردنەكەیدا لێژ بۆوە، وەك چۆن ئاوێكی بە خورزەم دەڕژێ و لێژدەبێتەوە.

(ٱلصُّلْبِ): لە (صَلْب)ەوە هاتوە، (الصُّلْبُ: الشَّديدُ)، (صَلْب): بە مانای پتەو، ڕەق، سەخت، دێ. (وبِاعْتِبارِ الشِّدَّةِ وَالصَّلابَةِ، سُمِّيَ الظَّهْر صُلْباً، وَصَلَبَاً)، لە ڕووی سەختیی و توندییەو پشت پێی گوتراوە: (صُلْب) و پێشی گوتراوە: (صَلَب)، (والصَّلْب: تَعْلِيقُ الإِنْسَانِ لِلْقَتلِ)، (صَلْب): بریتیە لە هەڵواسینی مرۆڤ بۆ لە سێدارەدان و كوشتنی.

(وَٱلتَّرَآئِبِ): (جَمْعُ تَريبَة: أَضْلاعُ الصَّدْرِ)، پەراسووەكانی سینە پێیان دەگوترێ: (تَرَائِب) و كۆی (تَريبة)ن، یانی: (ضِلع)، (وَٱلتَّرَآئِبِ)، یانی: (أَضْلاَع)، بەڵام پەراسووەكانی كە سینە پێكدێنن.

(تُبْلَى): یانی: (تُظْهَر)، دەردەخرێن، (بَلَوْتُ فُلاَنَاً: خَبَرْتُهُ، (تُبْلَى ٱلسَّرَآئِرُ) أَي: تُخْتَبَرُ وَتُعْرَفُ)، (بَلَوْتُ فُلاَناً) واتە: فڵانكەسم تاقیكردەوە، تاكو شارەزای بم، (تُبْلَى ٱلسَّرَآئِرُ)، (أي: تُخْتَبَر وَتُعْرَف)، واتە: تاقی دەكرێنەوەو دەناسرێن.

(ٱلسَّرَآئِرُ): (السِّرّ: جَمْعُهُ أَسْرَار، والسَّرِيْرَةُ جَمْعُهَا: سرائر)، (سِرّ) بە (أَسْرار) کۆدەبێتەوە، (سَرِيْرَة)، بە (سَرائِر) کۆ دەبێتەوە، هەردووکیشیان یانی: شتێك کە مرۆڤ دەیشارێتەوە، یاخود لە سینەدا هەڵیدەگرێ و خەڵك پێی نازانێ.

(ٱلرَّجْعِ): (المَطَر، أَو النَّفْعُ)، هەندێك لە زانایان وشەی: (رَجْع)یان بە مانای باران و، بە مانای سوود، لێکداوەتەوە، بەڵام (رَجْع): یانی: گەڕانەوەو چاوگە، (الرُّجُوعُ: وَهُوَ العَوْدُ إلى مَا كَانَ مِنْهُ البَدْءُ)، (رُجُوع): بریتیە لە گەڕانەوە بەرەو ئەو شوێنەی دەستپێکەکە لەوەوە بووە، (وَسُمِّيَ المَطَر رَجْعَاً لِرَدِّ الهَوَاءِ مَا تَنَاوَلَهُ مِنَ المَاء)، بۆیە باران پێیگوتراوە: (رَجْع)، چونکە هەوا ئەو ئاوەی هەڵیگرتوە، دەیگێڕێتەوە بۆ زەوی و، دواییش تێکەڵ بە ئۆقیانووسەکان دەبێتەوە، دوای ئەوەی مرۆڤەکان پێداویستییەکانی خۆیانی پێ جێبەجێ دەکەن.

(ٱلصَّدْعِ): (الشَقُّ لِلأَجْسَامِ الصُّلْبَةِ)، (صَدْع): بریتیە لە لەت بوون و قڵیشان لە تەنە ڕەق و پتەوەکاندا.

(فَصْلٌ): (الفَصْلُ: إبَانَةُ أَحَد الشَّيْئَيْنِ مِنَ الآخِرِ، حَتَى يَكُونَ بَيْنَهما فُرْجَةٌ، فَصْلُ الخِطابْ: الكلام الجليُّ الذي فيه قَطْع الحُكْم، وَحُكم الفَيْصَل)، (فَصْل): بریتیە لە لێك جیاکردنەوەی دووشتان تاکو کەلێنێکیان دەکەوێتێ، (فَصْلُ الخِطَاب): بریتیە لە قسەیەك کە زۆر ڕوون بێ و بڕیارێکی یەکلاییکەرەوەی تێدابێ، دەگوترێ: (حُكْم الفَيصلُ)، واتە: حوکمێك کە لێك جیاکەرەوە بێ.

(بِٱلْهَزْلِ): (الهَزْلُ: كُلُّ كَلَامٍ لا تَحصيلَ لَهُ وَلا رَيْعَ، تَشْبيهاً بِالهُزال)، (هَزْل): بریتیە لە هەر قسەیەك کە هیچ سوودێکی نەبێ و، هیچ بەرهەمێکی نەبێ، چوێندراوە بە (هُزَال)ەوە، واتە: ئاژەڵێکی لەڕ کە گۆشتی پێوە نەبێ.

(كَيْدًا): (الكَيْدُ: ضَرْبٌ مِنَ الإحْتِيَالِ مَذْمُوماً أَو مَمْدُوحَاً، وَمَذْمُوماً أَكْثَر)، (كَيْد): بریتیە لە جۆرێك لە فێڵ، ئنجا جاری وا هەیە سەرزەنشت کراوە، جاری واش هەیە ستایشکراوە، بەڵام بەزۆریی بۆ حاڵەتی سەرزەنشت و خراپە بەکاردێ.

(**فَمَهِّلِ**): بوارو مۆڵەت بدە، (**المَهْلُ: التُّؤَدَةُ وَالسُّكُونُ**)، (**مَهْل**) هێواشیی و ئارامیی (**وَأَمْهَلْتُهُ: رَفَقْتُ بِهِ**)، واتە: لەگەڵی دا میهرەبان بووم، (**وَمَهَل فِي فِعْلِهِ وَعَمِلَ فِي مُهْلَةٍ**)، واتە: لە کارەکەیدا لەسەرەخۆ بوو، یان لە مۆڵەتدا کاری کرد.

(**رُوَيْدًا**): (**الرَوْدُ: التَّرَدُّدُ فِي طَلَبِ شَيْءٍ بِرِفْقٍ، رَادَ وَارتَادَ، وَمِنهُ الرَّائِدُ لِطَالِبِ الكَلأِ**)، (**رَوْد**): بریتیە لە هاتن و چوون لە داواکردنی شتێکدا بە نەرمیی و میهرەبانیی، دەگوترێ: (**رَادَ وَارْتَادَ**)، بە دوای شتێکدا چوو بە نەرمیی، (**وَمِنْهُ الرَّائِدُ**)، (**رَائِد**): کەسێکە بە دوای لەوەڕگەدا بگەڕێ، (**وَمِنْهُ بُنِيَ رُوَيْدٌ**)، (**رُوَيْد**)یش لەوەوە بنیاتنراوە، دەگوترێ: (**فُلَانٌ يَمْشِي عَلَى رُودٍ، أي: مَهْلٍ، وَمِنْهُ قِيْلَ: الدَّهْر إِرْوَدٌ ذوُ غِيَرٍ**)، (**رُود**): بە مانای مۆڵەتدان و لەسەرەخۆیی، لەوەوەش گوتراوە: (**الدَّهر إِرْوَدٌ ذوُ غِيَرٍ**)، ڕۆژگار مۆڵەت دەدات و خاوەن گۆڕانکارییە، (**أَي: يَعْمَلَ عَمَلَهُ فِي سُكُونٍ لا يُشْعَرُ بِهِ**)، یانی: کاری خۆی دەکات بە ئارامیی و بە مەندیی و هەستی پێناکرێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴾، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە:

١- ئەم قورئانخوێندنە (یان ئەم کارە) دەست پێدەکەم بە ناوی خوا.

٢- ئەم کارە بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوا، دەکەم.

٣- ئەم کارە بە پێی بەرنامەی خوا ئەنجام دەدەم.

٤- ئەم کارە بە وزەو توانایەك کە خوا بۆی ڕەخساندووم، پێی هەڵدەستم.

تەوەری یەکەم: ﴿ وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ ﴾، سوێند بە ئاسمان و سوێند بە (**طَارِق**)، (**طارِق**)م بە شەوگەڕ لێکداوەتەوە، چونکە هەموو زانایان دەڵێن: مەبەست لەو

ئەستێرەیە کە بە شەوێ دەردەکەوێ، ئەستێرەش هەر بە شەوێ دەردەکەون، بە ڕۆژێ لەبەر ڕووناکیی و شۆقی ڕۆژ ئەستێرەکان دیار نین، ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلطَّارِقُ ﴾، چ شتێك بە تۆی زانادوە (طَارِق) چییە؟ ئەم پرسیارکردنە، بۆ گەورە پێشاندانی (طارق)ە، ﴿ ٱلنَّجۡمُ ٱلثَّاقِبُ ﴾، ئەستێرەیەکی کونکەر(ی تاریکییە)، یانی: (النَّجمُ المُضِيء)، ئەستێرەیەکی بە شۆقە، یاخود: (النَّجْمُ: الَّذِي يَثْقُبْ)، ئەستێرەیەکە کون دەکات، چی کون دەکات؟ تاریکیی کون دەکات و دڕ بە تاریکیی دەدا، بۆیە ئەو ڕایە ڕاستترە کە لێرەدا مەبەست کۆی ئەستێرانە، نەك ئەستێرەیەکی تایبەت چونکە هەندێك گوتوویانە: ئەستێرەی زوحەلە، یان فڵان ئەستێرەیە، بەڵام خوا بە گشتیی فەرموویەتی و، هەموو ئەستێرەکانیش، بێگومان تیشك و شۆقێکیان هەیەو دڕ بە تاریکیی دەدەن. ﴿ إِن كُلُّ نَفۡسٖ لَّمَّا عَلَيۡهَا حَافِظٞ ﴾، هیچ نەفسێك نیە، مەگەر پارێزەرێکی بەسەرەوەیە، ﴿ إِن ﴾، یانی: (مَا) (ما كُلُّ نَفْسٍ)، ﴿ لَّمَّا ﴾، یانی: (إلاَّ)، یانی: هیچ کەسێك نیە، مەگەر پارێزەرێکی بەسەرەوەیە. ئەمە جۆرێك لە خوێندنەوەو، بە جۆرێکی دیکەش خوێندراوەتەوە: ﴿ إِن كُلُّ نَفۡسٖ لَمَا عَلَيۡهَا حَافِظٞ ﴾، ئەو کاتەش: ﴿ إِن ﴾، (مُخَفَّفَة)، دەبێ لە (مُثَقَّلَة) و (ل)ی سەر (لَما) بۆ جیاکردنەوەی (إنْ)ی (مُخَفَّفَة)یە،کە مانای جەختکردنەوەی هەیە لە (إنْ)ی لابەرە (نافية) و، بەمجۆرەی لێ دێ: (إنْ كُلُّ نَفْسٍ لَعَلَيْها حَافِظٌ)، یانی: (ما)یەکە زیاد کراوە بۆ تۆخکردنەوەی واتایەکەی، واتە: هەموو نەفسێك پارێزەرێکی بەسەرەوەیە، (الطَبري)، ئەم خوێندنەوەیەی هەڵبژاردووەو، خوێندنەوەکەی دیکەی زۆر لەلا بەهێز نیە، دەڵێ: مەگەر بە ڕیوایەت چەسپا بێ، ئەگەرنا ئەمە خوێندنەوەی ڕاستە.

گرنگ ئەوەیە خوا سبحانە و تعالى لە وەڵامی ئەو دوو سوێندەدا -- سوێند خواردن بە ئاسمان و سوێند خواردن بە (طارق)، کە دوایی (طارق)یش بە ئەستێرەی کونکەر لێك دەداتەوە - دەفەرموێ: هەر کەسێك پارێزەرێکی بەسەرەوەیە، یان هیچ کەسێك نیە، پارێزەرێکی بە سەرەوە نەبێ، مەبەستیشی لە پارێزەرەکان بە دڵنیاییەوە فریشتەکانن، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّ عَلَيۡكُمۡ لَحَٰفِظِينَ ١٠ كِرَامٗا كَٰتِبِينَ ١١ ﴾،

واتە: بە دڵنیایی ئێوە پارێزەرانتان بە سەرەوەن، زۆر بەڕێزن، زۆر بەخشندەن، زۆر بەرزو پەسندن، ﴿كَٰتِبِينَ﴾، نووسەریشن، تۆمارکەرن بۆ هەموو هەڵسوکەوتەکانتان.

تـەوەرەی دووەم: خـوای پـەروەردگار فەرمـان دەکات بـە مـرۆڤ کـە بیـر بکاتـەوەو تێبفکـرێ و سـەرنج بـدات: لـە چـی دروسـت بـووە؟ ﴿فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ﴾، بـا مـرۆڤ سـەرنج بـدات لەچـی دروسـت بـووە، لێـرەدا وشـەی ئینسـان بەگشـتیی هاتـووەو (ألْ)ە کـە بـۆ ناسـاندنەو، ڕاسـتترو باشـتر وایـە بگوتـرێ: بـۆ ناسـاندنی جینسـە، واتـە: لێرەدا مەبەسـت پێـی کـۆی مرۆڤەکانـە، بـا هـەر مرۆڤێـك سـەرنج بـدات لەچـی دروسـت بـووە؟ ﴿خُلِقَ مِن مَّآءٍ دَافِقٍ﴾، لـە ئاوێکـی بـە فیچقـە دەرقوڵیـو دروسـت بـووە، ﴿دَافِقٍ﴾، لەسـەر کێشـی (فاعِـل)ە، بـەڵام بـە مانـای بەرکار (مفعـول)ە، وەك (سِرٌّ کَاتِـم)، واتـە: نهێنییەکـی شـێردراوە، یانـی: (سِرٌّ مَكْتُـوم)، دوایـی زیاتریـش شـیدەکەینەوە، گرنـگ ئەوەیـە خـوا دەفەرمـوێ: مـرۆڤ لـە ئاوێکـی بـە فیچقـە دەرقوڵیـو دروسـت بـووە، ئایـا ئـەو ئـاوە لـە کوێـوە دێ؟ ﴿يَخْرُجُ مِنۢ بَيْنِ ٱلصُّلْبِ وَٱلتَّرَآئِبِ﴾، لـە نێـوان پشـت و ئێسـقانەکانی سینگەوە دێ، زۆرێـك لـە ڕوونکەرەوانـی قورئـان گوتوویانـە، تـۆوی دەرقوڵیـو لـە نێـوان ئێسـکەکانی پشـتی پیـاوو ئێسـقانەکانی سـینگی ئافـرەت دەردەچـێ، یاخـود: لـە نێـوان ئێسـقانەکانی سـینگ و پشـت، هـەم بـە نسـبەت پیـاوەوەو هـەم بـە نیسـبەت ئافرەتـەوە[1]، دەردەچـێ.

تـەوەرەی سـێیەم: ﴿إِنَّهُۥ عَلَىٰ رَجْعِهِۦ لَقَادِرٌ ﴿٨﴾ يَوْمَ تُبْلَى ٱلسَّرَآئِرُ ﴿٩﴾ فَمَا لَهُۥ مِن قُوَّةٍ وَلَا نَاصِرٍ ﴿١٠﴾﴾، بـە دڵنیایـی ئـەو (خـوای باڵادەسـت)، لەسـەر گێڕانـەوەی توانایـە، هەڵبەتـە نـاوی خـوای بـەرزی مـەزن لـەم سـووڕەتە موبارەکـەدا نەهێـنراوە، بـەڵام دەزانیـن کـە خوایـە مرۆڤـی خوڵقانـدوە، هـەر خواشـە لەسـەر گێڕدرانـەوەی مـرۆڤ بـە توانایـە، ﴿إِنَّهُۥ عَلَىٰ رَجْعِهِۦ لَقَادِرٌ﴾، لەسـەر گێڕانـەوەی واتـە: دوای ئـەوەی دەمـرێ و دەخرێتـە نێـو خۆڵـەوە، خـوا دەتوانـێ جارێکـی دیکـە ئـەو جەسـتەیە زینـدوو بکاتـەوەو بیگێڕێتـەوە بـۆ ژیـان.

---

(١) دوایی لەو بارەوە کورتە باسێك دەکەین.

ئایا کەنگێ ئەوە دەکات و دەیگێڕێتەوە؟

﴿يَوْمَ تُبْلَى ٱلسَّرَآئِرُ﴾، ئەو ڕۆژەی نهێنییەکان تاقیدەکرێنەوە، دەناسێنرێن، ئاشکرا دەکرێن، ﴿ٱلسَّرَآئِرُ﴾، کۆی (سَرِيرَة)یە، وەك چۆن (أَسْرار) کۆی (سِرّ)ەو هەردووکیشیان بە مانای نهێنیین، ئەو نهێنییەی مرۆڤ لە دڵی خۆیداو لە عەقڵی خۆیدا هەڵیدەگرێ و، بە کەسی ناڵێ، لەو ڕۆژەدا ئەو نهێنییانە هەموویان کەشف دەبن، دەردەخرێن و دەخرێنە ڕوو، ﴿فَمَا لَهُۥ مِن قُوَّةٍ وَلَا نَاصِرٍ﴾، هیچ هێزێکی (زاتیی) نیەو، هیچ پشتیوان و سەرخەرێکی (دەرەکیی)شی نیە، مرۆڤەکان تێکڕا بێگومان هیچ هێزێکی زاتییان نیە لە بەرامبەر ئەو ڕۆژەداو، هیچ پشتیوانێکی دەرەکییشیان نیە، بەڵام واپێدەچێ زیاتر مەبەست پێی مرۆڤی بێبڕوابێ.

تەوەرەی چوارەم: ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلرَّجْعِ ﴿١١﴾ وَٱلْأَرْضِ ذَاتِ ٱلصَّدْعِ ﴿١٢﴾ إِنَّهُۥ لَقَوْلٌ فَصْلٌ ﴿١٣﴾ وَمَا هُوَ بِٱلْهَزْلِ ﴿١٤﴾﴾، سوێند بە ئاسمانی خاوەن گێڕانەوە، ﴿ذَاتِ﴾، یانی: (صَاحِبَة)، خاوەن، ﴿ٱلرَّجْعِ﴾، بە مانای گێڕانەوە (الإِعَادة)، خوای پەروەردگار ئاسمانی وا خوڵقاندوە شتەکان بگێڕێتەوە، بەتایبەت تیشکی خۆر، لە ئۆقیانووسەکان دەداو هەڵمی ئاو بەرز دەبێتەوە، خوێ و مادده تفتییەکە بەجێ دێڵێ لە دەریاداو هەڵمەکە بەرز دەبێتەوە، دوایی با دەیهێنێ بۆ شوێنە ساردەکان و کەڵەکە دەبێ لەسەر یەکدی و دەبێتە هەورو ئاوی لێ دێتە خوار، لە شێوەی باران و بەفرو تەرزەدا، ئەو ئاسمانە خوای کاربەجێ وای خوڵقاندوە نەهێڵێ ئەو هەڵمە بچێتە سەرێ و، لە دەست مرۆڤان بچێ، چونکە ساڵانە چەندان ملیۆن تەن ئاو بەهۆی تیشکی خۆرەوە لە دەریایەکان دەبێتە هەڵم، دوایی بەرز دەبێتەوەو دەبێتە هەورو، بە شێوەی باران و بەفرو تەرزە دادەبارێتەوە، ئێمە ئاوی شیرینمان تەنیا لەو ڕێیەوە دەست دەکەوێ، ئەگەرنا هەرچی ئاوە لە ئۆقیانووسەکاندا، کە (٤/٥) زیاتری پانتایی زەوی بە ئۆقیانووسەکان داپۆشراوە، هەموو ئاوەکەیان سوێرە، تفت و تاڵە، نەك هەر مرۆڤ ناتوانێ بیخواتەوە، بەڵکو ئەگەر بیخواتەوە، پێی دەمرێ، ئایا ئاوی شیرینمان لە چ ڕێیەکەوە

دەستدەکەویٚ؟ لە ڕێی ئەوەوە کە تیشکی خۆر لە دەریاکان دەداو، هەڵمیان لیٚ پەیدا دەکات و، هەڵمەکە با دەیهێنیٚ بۆ شوێنە ساردەکان و، لەویٚ دەبێتە هەورو بەشێوەی باران و بەفرو تەزرە دێتە خوار، ئێمە ئاوی شیرین و زوڵاڵمان بەس لەو ڕێیەوە دەستدەکەویٚ، هەر بۆیەش کویٚ بەرزتر بیٚ، ئاوی زیاتر لیٚ دێتە خوار، چ لە شێوەی بەفردا، چ لە شێوەی تەرزەدا، چ لە شێوەی باراندا، بۆ ئەوەی ئاوەکە لەو شوێنە بەرزانەدا عەمبار بکریٚ، دوایی لە شێوەی کانیی و سەرچاوەدا دێتەدەرو ڕووباری لیٚ پەیدادەبن و، وشکانیی و سەر زەوی ئاودێر دەکریٚ، بەو ڕووبارانەی لەو کانیی و سەرچاوانە پەیدادەبن، کە لە چیایەکان و لە شوێنە بەرزەکاندا هەن.

﴿ وَٱلۡأَرۡضِ ذَاتِ ٱلصَّدۡعِ ﴾، سوێند بە زەوی خاوەن قڵیش، ﴿ ٱلصَّدۡعِ ﴾، بریتیە لە شکان و لەتبوونی شتێك، لێکبوونەوەی شتێك کە دەنگی لێوە بیٚ، خواش زەوی وا خوڵقاندوە لێکبێتەوە، هەم ئاوی پێدا بچێتە خوارو، هەم ڕووەك و شیناورد لێی بێتەدەریٚ، سوێند بەوانە: بە ئاسمانی خاوەن گێڕەرەوەو بە زەوی خاوەن قڵیش، ﴿ إِنَّهُۥ لَقَوۡلٞ فَصۡلٞ ﴾، بە دڵنیایی ئەو (قورئان)ەی بەسەرتاندا دەخوێنرێتەوە، قسەیەکی لێك جیاکەرەوەیە، قسەیەکی لێك هەڵاوێرەرە، هەق و ناهەق ڕاست و چەوت، چاك و خراپ، حەڵاڵ و حەرام، لێك جیا دەکاتەوە، ﴿ وَمَا هُوَ بِٱلۡهَزۡلِ ﴾، ئەو (قورئانە) گاڵتە نیە، **(هَزْل)** یانی: گاڵتە، هەوەنتە، **(الهَزْلُ: عَكْسُ الجِدِّ)**، **(جِدّ)**، کارێکە بە گرنگیی و بایەخ پێدانەوە بکریٚ، **(هَزْل)** یش، پێچەوانەی ئەوەیە.

تەوەرەی پێنجەم و کۆتایی: ﴿ إِنَّهُمۡ يَكِيدُونَ كَيۡدٗا ١٥ وَأَكِيدُ كَيۡدٗا ١٦ ﴾، بە دڵنیاییەوە ئەوان (واتە: ناحەزانی تۆ ئەی موحەممەد ﷺ)، فێڵ دەکەن، بە فێڵ کردنێك کە شایستەی خۆیانە، ﴿ وَأَكِيدُ كَيۡدٗا ﴾، منیش پلان دادەنێم، نەخشە دادەنێم، بە نەخشە دانانێك کە شایستەی خۆمە، ﴿ فَمَهِّلِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾، ئنجا مۆڵەتی بێبڕوایەکان بدە، بواریان پیٚ بدە، لێیان گەڕیٚ، ﴿ أَمۡهِلۡهُمۡ رُوَيۡدَۢا ﴾، منیش کەمێك مۆڵەتیان دەدەم، کەمە مۆڵەتدانەکەش، ئەوەیە کە لێیان دەگەڕیٚ ژیانی دنیا

بگوزەرێنن و تاقیکردنەوەی خۆیان بدەن، بەو شێوەی پێیان خۆشە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە.

یاخود کەمە مۆڵەتدانەکە، ئەو کاتەیە کە خوا لێیان دەگەڕێ بە کەیفی خۆیان بێن و بچن و هەڵسوکەوت بکەن، بەڵام دوایی هەر لە دنیادا سزایان دەدا، چ بە سزایەکی یەکجارەکیی، چ بە سزایەکی بەشیی (**جزئي**) وەك چۆن بێبڕوایەکانی سزادا لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ، سەرەتا لە مەککە لێیان گەڕا، بەڵام دوای دوو ساڵ لە قۆناغی مەککەو لە ساڵی دووەمی کۆچییدا، جەنگی بەدر هاتە پێش و کافرەکان لووتیان شکاو (**يَومُ الفُرقان**)، ڕۆژی لێکجیاکردنەوەی هەق و ناهەق، ڕاست و چەوت، هاتە پێش و ئەوەبوو کافرەکان حەفتایان لێکوژراو، حەفتاشیان لێ بە دیلگیرا لە گەورەو زلەزلەکانیان بە تایبەت، دوایی جەنگەکانی دیکەش هاتنە پێش: جەنگی ئوحود، دواتر جەنگی ئەحزاب، یاخود خەندەق، ئنجا جەنگی حونەین، دواییش فەتحی مەککە، هەموو ئەو ڕووبەڕووبوونەوانە هاتنە پێش و، بێبڕوایەکان بەشێك لە سزای خوای دادگەریان بینی، بەڵام بە دڵنیایی سزای گەورەو یەکلاییکردنەوەی گەورە، دادگایی کردنی گەورە، هەڵگیراوە بۆ ڕۆژی دوایی، بۆیە دەفەرمویّ: مۆڵەتی بێبڕوایەکان بدەو بواریان پێبدە، ﴿أَمۡهِلۡهُمۡ رُوَيۡدَۢا﴾، منیش ماوەیەکی کەم مۆڵەتیان پێدەدەم، دوایی بە توندیی سزایان دەدەم و دەیانگرم، ئەگەر بڕوا نەهێنن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سوێند خواردنی خوای کاربەجێ بە ئاسمان و ئەستێرەی گەڕۆکی کونکەری تاریکیی، کە هەموو کەسێك پارێزەرێکی بەسەرەوە دانراوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ ۝١ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلطَّارِقُ ۝٢ ٱلنَّجۡمُ ٱلثَّاقِبُ ۝٣ إِن كُلُّ نَفۡسٖ لَّمَّا عَلَيۡهَا حَافِظٞ ۝٤﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ﴾، سوێند بە ئاسمان و سوێند بە (**طَارق**)، ﴿وَٱلسَّمَآءِ﴾، (ئاسمان) وەك زۆر جاری دیکەش گوتوومانە، لە زاراوەو بەکارهێنانی قورئاندا، مەبەست پێی کۆی دروستکراوەکانی خوایە سبحانە و تعالی و، لە بەرانبەر (**سَمَاء**)دا، زەوی هەیە، جاری واش هەیە وشەی: (**سَمَاء**)، بە کۆ دێ، ﴿سَمَٰوَٰتٍ﴾، جاری واش هەیە بە ژمارەی حەوت دێ: ﴿سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٍ﴾، لە بەرانبەریشیدا زەوی، هەیە.

هەڵبەتە زەوی شتێکی بچووکە، لە ڕووی قەبارەوە لە بەرانبەر ئاسمانەکاندا، یان ئاسماندا، یان حەوت ئاسمانەکاندا، بەڵام بۆ ئێمەی مرۆڤ، زەوی یەکجار بایەخدارو گرنگە، چونکە ژیانی ئێمە بە زەوییەوە بەستراوە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿مِنۡهَا خَلَقۡنَٰكُمۡ وَفِيهَا نُعِيدُكُمۡ وَمِنۡهَا نُخۡرِجُكُمۡ تَارَةً أُخۡرَىٰ ۝٥٥﴾طه، واتە: لەوێ هێناومانەتە دی و، دەشتانگێڕینەوە بۆ نێو خاك، (جەستەکەتان)و، جارێکی دیکەش هەر لەوێ دەرتان دێنینەوە.

لێرەدا خوا سبحانە و تعالی کە دەفەرموێ: ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ﴾:

(الطبري)، ئاوا مانای ئەم ئایەتە موبارەکەی کردوە، دەڵێ: **(أَقْسَمَ رَبُّنا بِالسَّماء وَبِالطَّارِقِ الَّذي يَطْرُقُ لَيْلاً مِنَ النُّجومِ المُضيئةِ، وَيَخْفى نَهَاراً، وَكُلُّ مَا جَاءَ لَيْلاً فَقَدْ طَرَقَ)**، واتە: پەروەردگارمان سوێندی خواردوە بە ئاسمان و بە **(طارق)** کە بە شەوان دێ، لە ئەستێرە ڕۆشنەکان، بە ڕۆژێ پەنهان دەبێ، هەر شتێك بە شەوێ بێ، لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێ: **(طارِق)**، دەگوترێ: **(طَرَقَ، أي: جَاءَ لَيْلاً)**، لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: یەکێك لە ئێوە کە لە سەفەرێکی دوورو درێژ دەگەڕێتەوە، با یەکسەر نەچێتەوە ماڵێ، ئنجا لە فەرمایشتەکەدا حیکمەتەکەی ڕوون کردۆتەوە: {**لِكَي تَمْتَشِطَ الشَّعِثَةُ وَتَسْتَحِدَّ الْمُغِيبَةُ**} **(أخرجه أحمد:** ١٤٢٨٧، **والبخاري:** ٤٧٩١، **ومسلم:** ٧١٥، **وأبو داود:** ٢٧٧٨، **والنسائي في الكبرى:** ٩١٤٤، **والدارمي:** ٢٢١٦)، واتە: بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتەی مێردی لە ماڵ نەبووە، سەرو قژی خۆی دابێنێ و، خۆی بشوات و خۆی پاك بکاتەوە.

کەواتە: **(طارق)**، واتە: **(الآتي لَيْلاً)**، ئەوەی بە شەوێ دێ، بێگومان ئەستێرەکانیش هەر بە شەوێ دەردەکەون، چونکە بە ڕۆژ لەبەر تیشکی خۆر ئەستێرەکان هیچیان دیار نین.

دوایی خوا سبحانه و تعالی هەر بۆ خۆی دەپرسێ:

٢)- ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلطَّارِقُ ﴾، چ شتێك بە تۆی زانادوە **(طارِق)** چییە؟ **(الطبري)**، دەڵێ: **(وَمَا أَشْعَرَكَ يَا مُحَمَّد! مَا الطَّارق الَّذي أَقْسَمْتُ بِهِ)**، واتە: ئەی موحەممەد ﷺ! چ شتێك بە تۆی زاناندوە، چ شتێك وای لە تۆ کردوە، هەست بکەی و بزانی **(طارِق)** کە سوێندم پێخواردوە، چییە؟

ئنجا خوا هەر بۆ خۆی هەواڵ دەداو دەفەرموێ:

٣)- ﴿ ٱلنَّجۡمُ ٱلثَّاقِبُ ﴾، ئەستێرەیەکی تیشکدەرە، یاخود ئەستێرەیەکی کونکەرە، وشەی ﴿ ٱلنَّجۡمُ ﴾، کە **(أل)**ی ناساندنی لەسەرە، هەندێك لە زانایان گوتویانە: مەبەست پێی **(أل)**ی ناساندنی **(عهد)**ە، واتە: ئەستێرە کونکەرەکە، ئنجا هەندێکیان گوتوویانە: **(شَعرى)** یە، واتە: گەلاوێژو، هەندێك گوتوویانە: زوحەلەو، هەندێك گوتوویانە: یەکێکی دیکەیە،

بەڵام ڕای ڕاستتر ئەوەیە کە (أل)ی سەر ﴿ ٱلنَّجْمُ ﴾، کە بۆ ناساندنە، مەبەست پێی جینسە، واتە: ئەستێرە بە گشتیی، هەموو ئەستێرەکان.

لەبارەی وشەی: ﴿ ٱلثَّاقِبُ ﴾ەوە، **(الطبري)** چەند ڕایەکی هێناون:

١- یەکێکیان لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە بە ژمارە: (٣٧٠١٣)، دەڵێ: **(الثَّاقِبُ: المُضِيءُ)**، **(ثَاقِب)**، واتە: تیشکدەر، کونکەر.

٢- هەروەها هەر لە ئیبنو عەبباسەوە بە ژمارە: (٣٧٠١٤)، گوتوویەتی: **(هِيَ الكَوَاكِبُ المُضِيئَةُ، وَثُقُوبُهَا إِذَا أَضَاءَت)**، بریتیە لە ئەستێرە ڕۆشنەکان و، کونکردنی ئەو ئەستێرانەش کاتێکە کە تیشك دەدەن و دڕ بە تاریکیی دەدەن.

٣- لە عیکریمەوەش بە ژمارە: (٣٧٠١٥)، هێناویەتی، دەڵێ: **(الثَّاقِبُ الَّذي يَثْقُب)**، ئەوەی کون دەکات و دڕ بە تاریکیی دەدات.

٤- لە موجاهیدەوەش بە ژمارە: (٣٧٠١٦)، لە مانای **(ثاقِب)**دا، گوتویەتی: **(الَّذي يَتَوَهَّجُ)**، ئەو ئەستێرەیەی دادەگیرسێ، (تیشکێکی بەهێز دەدات و دڕ بە تاریکیی دەدا).

لێرەدا خوا سبحانە و تعالی سوێند دەخوا بە ئاسمان و بە **(طارِق)**و دوای ئەوەی دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلطَّارِقُ ﴾، چ شتێك بە تۆی زاناندوە **(طارِق)** چییە؟ واتە: تۆ نازانی مەگەر خوا پێت بفەرموێ، ئنجا بۆ خۆی مانای **(الطارق)** دەکات و دەفەرموێ: ﴿ ٱلنَّجۡمُ ٱلثَّاقِبُ ﴾، ئەستێرەیەکی تیشکدەرە، بە تیشکەکەی دڕ بە تاریکیی دەداو کونی دەکات.

کەواتە: سوێند بە دوو شتان خوراوە: بە ئاسمان و بە **(طارِق)**، وەڵامی سوێندەکەش:

٤)- ﴿ إِن كُلُّ نَفۡسٖ لَّمَّا عَلَيۡهَا حَافِظٞ ﴾، هیچ کەسێك نیە مەگەر پارێزەرێکی بەسەرەوەیە، ئەمە بە دوو جۆر خوێندراوەتەوە

أ- ئەوەی خوێندمەوە جۆرێکی بوو: ﴿ إِن كُلُّ نَفۡسٖ لَّمَّا عَلَيۡهَا حَافِظٞ ﴾، یانی (ما كُلُّ نَفۡسٖ إلاَّ عَلَيۡهَا حَافِظٞ)، هیچ نەفسێك نیە، هیچ کەسێك نیە، مەگەر پارێزەرێکی بەسەرەوەیە.

ب- بە جۆرێکی دیکەش خوێندراوەتەوە: ﴿إن﴾، (مُخَفَّفَة)یە لە (مُثَقَّلة)و بۆ جەختکردنەوەیە، جیاوازییش لە نێوان ﴿إن﴾ی (مُخَفَفة) لە (مُثَقَّلة)، لەگەڵ ﴿إن﴾ی لابەرە (نافية)، بریتیە لە هەبوونی (ل): (إن كُلُّ نَفْسٍ لَما عَلَيْهَا حَافِظٌ)، یانی: (إن كُلُّ نَفْسٍ لَعَلَيْهَا حَافِظٌ)، واتە: (ما) وەك هەر نەبێ، چونكە بۆ تۆخكردنەوەی واتایەكەی زیادكراوە، (إن كُلُّ نَفْسٍ لَمَا عَلَيْهَا حَافِظٌ)، بە دڵنیایی هەر كەسێك پارێزەرێكی بەسەرەوەیە، كە (الطبري)، گوتوویەتی: (القِرَاءَةُ الَّتِي أَختَارُهَا، ولا أخْتارُ غَيْرَها في ذَلِك التَّخفيفُ - إن كُلُّ نَفْسٍ لَمَا عَلَيْهَا حَافِظٌ -)، ئەو وای مانا كردوە، هەموو نەفسێك بە دڵنیایی پارێزەرێكی بە سەرەوەیە، بەڵام گوتوویەتی: ئەوی دیكەش ئەگەر لە ڕێیەكی چەسپاوەوە هاتبێ، هەر خوێندنەوەیەكی ڕاست و دروستە، بەڵام ئەوەی هەڵیبژاردوە ئەوەیە كە باو نیە، چونكە (ل) كە بۆ جیاكردنەوەی: ﴿إن﴾ی (مُخَفَّفة)یە، لە (مُثَقَّلة)، لە: ﴿إن﴾ی لابەرە (نافية)، (ما)یەكەش زیاد كراوە، بۆ بەهێزكردنی واتایەكەی.

واتە: (لَمَّا) هەمووی یەك وشە نیە بەسەریەكەوە، بەڵكو (ل) و (ما)یەو دوو پیتی لە یەك جیان لە واتادا.

(الشَّوكاني) لە (فَتحُ القَدير)ەكەی خۆیدا[1]، دەڵێ:

{(إنْ هِيَ المُخَفَّفَة مِنَ الثَّقِيْلَة، فِيْهَا ضَمِيرُ الشَّأْنِ المُقَدَّرِ، وَهُوَ اسْمُهَا، واللاَّمُ هيَ الفارِقة، و (ما) مَزِيدَةٌ، أي: إنَّ شَأْنَ كُلُّ نَفْسٍ لَعَلَيْهَا حَافِظ)}، واتە: ﴿إن﴾ (مُخَفَّفَة)یە لە (مُثَقَّلة) {واتە: لە (إنَّ)}، ئەویش بۆ جەختكردنەوەیە، ڕاناوێكی تێدا تەقدیر دەكرێ و دەبێتە ناوی و، (ل)كەش جیاكەرەوەیەو، (ما)ش زیادكراوە، یانی: حاڵ وایە هەموو كەسێك پارێزەرێكی بەسەرەوەیە، دوایی دەڵێ: هەر كەسێكیش بە گیرەدار (تشدِيد) كردنی (لمّا) بیخوێنێتەوە، ئەو كاتە (إنْ) دەبێتە لابەرە (نافية)، لە جیاتی (مُخَفَّفة) بێ لە (مُثَقَّلة)، دەگوترێ: (إن نافِيةٌ)، یانی: (ما كُلُّ نَفْسٍ)، هیچ كەس نیە، لەو كاتەش (لَمّا) بە مانای (إلاّ) دەبێ، یانی: (ما كُلُّ نَفْسٍ إلاّ عَلَيْهَا حَافِظٌ)، واتە: هیچ نەفسێك نیە، مەگەر پارێزەرێكی

---

(١) ج٥، ص ٥١٠.

بەسەرەوەیە، هەڵبەتە چ بگوترێ: هەر نەفسێك پارێزەرێكی بەسەرەوەیە، یاخود بگوترێ: هیچ نەفسێك نیە، مەگەر پارێزەرێكی بەسەرەوەیە، لە مانادا هەر دەبنەوە بە یەك.

كەواتە: ئەمە وەڵامی سوێندەكەیە، كە بەڕاستیی وامان لێدەكات، ڕامان و هەڵوەستەیەكی باش بكەین لە بەرانبەر ئەوەدا: كە خوا سبحانه و تعالى سوێند دەخوا بە ئاسمان، بە هەموو گەردوون، بەوەی بینراوەو بە ئەوەش كە نەبینراوە، هەروەها سوێند دەخوا بە ئەستێرەكان، چونكە (ال)ی سەر (**الطارق**)، كە خوای پەروەردگار خۆی پێناسەی دەكات و دەفەرموێ: ﴿ ٱلنَّجۡمُ ٱلثَّاقِبُ ﴾، ئەستێرەی كونكەر، ئەستێرەی تیشكدەر، (ال) بۆ تێكرا (جنس)ە، یانی: تێكڕای ئەستێرەكان، خوا سوێند دەخوا بە ئاسمان و بە تێكڕای ئەستێران، دواییش دەفەرموێ: چ شتێك بە تۆی زانااندوە (**طارق**) چییە؟ دوایی خۆیشی (**طارق**)، ڕوون دەكاتەوەو دەفەرموێ: ئەستێرەی كونكەرە، وەڵامی سوێندەكەش ئەوەیە: ﴿ إِن كُلُّ نَفۡسٖ لَّمَّا عَلَيۡهَا حَافِظٞ ﴾، یان: (إِن كُلُّ نَفۡسٖ لَمَا عَلَيۡهَا حَافِظٞ)، هیچ كەسێك نیە، مەگەر پارێزەرێكی بەسەرەوەیە، یان هەر كەسێك هەبێ پارێزەرێكی بەسەرەوەیە.

كەواتە: سوێند لەسەرخوراوەكە ئەوەیە كە خوا ئێمەی لەم ژیانی دونیایەدا داناوە، ئێشكچیی و پاسەوانی بەسەرەوە داناوین! ئەو ڕاستییەش وێڕای ئێرە، لە زۆر شوێنی دیكەی قورئاندا هاتوە: بۆ وێنە:

١- لە سوورەتی (**الإنفطار**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّ عَلَيۡكُمۡ لَحَٰفِظِينَ ١٠ كِرَامٗا كَٰتِبِينَ ١١ يَعۡلَمُونَ مَا تَفۡعَلُونَ ١٢ ﴾.

٢- هەروەها لە سوورەتی (**الأنعام**)دا هاتوە: ﴿ وَيُرۡسِلُ عَلَيۡكُمۡ حَفَظَةً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ تَوَفَّتۡهُ رُسُلُنَا وَهُمۡ لَا يُفَرِّطُونَ ٦١ ثُمَّ رُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ مَوۡلَىٰهُمُ ٱلۡحَقِّۚ أَلَا لَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَهُوَ أَسۡرَعُ ٱلۡحَٰسِبِينَ ٦٢ ﴾.

٣- هەروەها لە سووڕەتی (ق)یشدا دەفەرموێ: ﴿ مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴿١٨﴾ ﴾، کەواتە: ئێمە بەرهەڵدای ئەم ژیانە دنیاییە نەکراوین، بەڵکو چاودێرمان بەسەرەوە داندراون، بەڵێ، ئازاد کراوین و دەستمان کراوەیە، خێر دەکەین و شەڕ دەکەین، چاك دەکەین، خراپ دەکەین، ڕاست دەڕۆین، چەوت دەڕۆین، بەڵام دەبێ بزانین کە چاودێرییمان بە سەرەوەیەو، هەموو شتێکمان تۆمار دەکرێ و، دواییش لێپرسینەوەمان لەگەڵدا دەکرێ.

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکردنی خوا بە مرۆڤ کە سەرنج بدا لەچی دروستکراوە؟ لە ئاوێکی بە فیچقە دەرقوڵیو، کە لە نێوان پشت و سینگ دێتە دەرێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ﴿٥﴾ خُلِقَ مِن مَّآءٍ دَافِقٍ ﴿٦﴾ يَخْرُجُ مِنۢ بَيْنِ ٱلصُّلْبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ﴿٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ﴾، ئنجا با ئینسان سەرنج بدا لەچی دروستکراوە! لێرەدا دەگونجێ مەبەست لە (**الإنسان**) گشتیی بێ و (**أل**)کە بۆ جینس بێ، واتە: با هەموو مرۆڤێك سەرنج بدات لە چی دروستکراوەو هێنراوەتە دی؟ دەشگونجێ بەپێی ڕەوتی ئایەتەکان بڵێین: لێرەدا مەبەست لە وشەی: (**إنسان**)، مرۆڤی بێبڕوایە، وەك (**الطبري**) دەڵێ: (**فَلْينظُرِ الإنسانُ الَّذي يُكَذِّب بِالبَعثِ بَعْدَ المَمَات، المُنكِرِ قُدْرَةَ اللهِ عَلَى إِحْياءِهِ بَعْدَ مَمَاتِه، مِن أَيِّ شَيءٍ خَلَقَهُ رَبُّه؟**)، با مرۆڤی بە درۆدانەری زیندووکرانەوەی دوای مردن و، نکووڵییکەر لە دەسەڵاتی خوا لەسەر زیندووکردنەوەی دوای مردنی، سەرنج بدات پەروەردگاری لە چی دروستکردوەو هێناویەتە دی؟!

پێشم وایە ڕاستتر وایە لێرەدا مەبەست کۆی مرۆڤان بێ، چونکە ئەگەر بەڵگەیەك نەبێ لەسەر تایبەتکردنی ئایەتێك بەیەکێك لە چەمکەکانیەوە، وا باشە چەمکەکەی هەر بە ڕەهایی و بە فراوانیی بهێڵدرێتەوەو (**الطبري**)یش، ڕەحمەتی خوای لێبێ زۆر داکۆکیی لەسەر ئەو بنەمایە دەکات و بنەمایەکی زۆر ڕاستیشە، بۆیە مەگەر تەماشای دوای ئایەتەکان بکەین، کە ئەو مانایە زاڵ دەکات، (**الطبري**) هەڵیبژاردوە - کە مەبەست مرۆڤی بێبڕوایە - چونکە دوایی خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّهُۥ عَلَىٰ رَجْعِهِۦ لَقَادِرٌ ﴿٨﴾ يَوْمَ تُبْلَى ٱلسَّرَآئِرُ ﴿٩﴾ ﴾، ئنجا مەگەر بە پێی سەرنجدانی ئایەتەکانی دوایی، بڵێین لێرەدا مەبەست

پێی ئینسانی بێبڕوایە، ئەگەرنا وشەی: ئینسان لە قورئاندا مەبەست پێی کۆی مرۆڤانە، هەموو مرۆڤێك.

دوایی خوا ڕوونی دەکاتەوە، مرۆڤ لە چی دروستبووەو دەفەرموێ:

٢)- ﴿ خُلِقَ مِن مَّآءٖ دَافِقٖ ﴾، (مرۆڤ) لە ئاوێکی دەرقوڵیو دروستبووە، وشەی: ﴿ دَافِقٖ ﴾، هەرچەندە لەسەر کێشی بکەر (**فاعل**) هاتوە، بەڵام مەبەست پێی بەرکار (**مفعول**)ە، (**دافِق أي: مَدْفُوق، وَهُوَ مِمَّا أَخْرَجَتْهُ العَرَبُ بِلَفْظِ فَاعِل، وهو بِمَعْنى المَفعولِ: مِثْلُ سِرٌّ كاتِمٌ، وَهَمٌّ ناصِبٌ**)، (**كاتِم**)، لەسەر ڕێژگەی (**فاعِل**) هاتوە، بەڵام مەبەست پێی (**مَكْتوم**)ە، یانی: نهێنییەکی شێردراوە، (**وَهَمٌّ ناصِب**)، خەمێکی بەردەوام کە هەمیشە لەگەڵ مرۆڤدایە.

٣)- ﴿ يَخۡرُجُ مِنۢ بَيۡنِ ٱلصُّلۡبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ﴾، لە نێوان (ئێسکەکانی) پشت و سینگ دێتە دەرێ، (**الطبري**)، ئاوای مانا لێکداوەتەوە:

(**يَخْرج مِن صُلْبِ الرَّجُلِ وَتَرائِبِ المَرْأَةِ، وَقيلَ: يَخْرُجُ مِن بَيْنِ ذلِكَ، وَمَعْنَى الكَلامِ مِنْهُما**)، واتە: لە پشتی پیاوو ئێسکەکانی سینگی ئافرەت دێتە دەرێ، گوتراویشە: لەو نێوانە دێتە دەرێ، واتە: لە هەردووکیان دێتە دەرێ.

وشەی: ﴿ وَٱلتَّرَآئِبِ ﴾، پێشتریش گوتمان کۆی (**تَريبَة**)یەو بە پەراسوو (**ضِلْع**) دەگوترێ، واتە: پەراسووەکانی کە قەفەسی سینگ پێکدێنن، مرۆڤ بیست و چوار (٢٤) پەراسووی هەیە، دوازدە (١٢) لە لای ڕاست و دوازدە (١٢) لە لای چەپ، بە هەموویان ئەو قەفەسەی سینگ پێك دێنن، کە دڵ و جگەرو پەنکریاس و سییەکان و... هتد، دەگرنە خۆیان.

(**التَّرائِبُ: مَوْضِعُ القِلادَةِ مِنَ المَرْأَةِ**)، ئەمە (**الطبري**) لە (إبن عباس)ەوە، بە ژمارە: (٣٧٠٢٤) هێناویەتی، واتە: (**ترائب**) بریتیە لەو شوێنەی ئافرەت ملوانکەی پێ هەڵدەواسێ، ئافرەت کە ملوانکە لە ملی دەکات، بە سینگی دا دێتە خوارێ، کەواتە: (ترائب)، یانی: ئێسقانەکانی قەفەسی سینگ.

(الطبري) دەڵێ: **(الصَّوابُ هو مَوضُع القِلادةِ مِنَ المَرأَةِ بِحَيثُ تَقَعُ عَلَيْهِ مِن صَدْرِها)**، واتە: ڕای ڕاست ئەوەیە کە (ترائب)، ئەو شوێنەیە لە سینگی کە گەردنبەندو ملوانکەی ئافرەت (کاتێك لە ملی دەکات) دەکەونە سەری، واتە: شوێنی پێکگەیشتنی پەراسووەکانی سینگ.

زانایانیش لەو بارەوە زۆر قسەیان کردوە، کە خوا سبحانە و تعالی دەفەرمویٚ، ئەو ئاوە بە فیچقە دەرقوڵیوەی لە نێوان پشت و سینگ دێتە دەرێ، ئایا مەبەست پێی چییە؟ بۆیە بە باشمزانی، لەو بارەوە ئەم کورتە باسە بێنین، کە یەکسەر لە مەوسووعەی: (درەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد، لەبەر تیشکی زگماك و عەقڵ و زانست و وەحیی دا)[1]، دەیگوازینەوە، بەڵام بە تۆزێك کورتکردنەوەو پوختکردنەوەوە.

(١) بڕوانە: بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ساڵی: ٢٠٢٠ز، لاپەڕە: ٤٥٦ - ٤٦٣.

کورتە باسێک لە بارەی چۆنیەتیی دروستبوونی مرۆڤەوە

بەڕێـــزان!

ئێمە ئەم کورتە باسە لەبەر ڕۆشنایی ئەم سێ ئایەتەی سووڕەتی (**الطارق**)دا دەکەین: ﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ﴿٥﴾ خُلِقَ مِن مَّآءٍ دَافِقٍ ﴿٦﴾ يَخْرُجُ مِنۢ بَيْنِ ٱلصُّلْبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ﴿٧﴾ ﴾، واتە: با مرۆڤ سەرنج بدات لە چی دروست بووە، لە ئاوێکی دەرقوڵیو کە لە نێوان (ئێسقانەکانی) پشت و سینگ دا دێتە دەرێ.

هەروەها لە بەر ڕۆشنایی ئەو سێ ئایەتەی دیکە لە سووڕەتی (المرسلات): ﴿ أَلَمْ نَخْلُقكُّم مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ ﴿٢٠﴾ فَجَعَلْنَٰهُ فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿٢١﴾ إِلَىٰ قَدَرٍ مَّعْلُومٍ ﴿٢٢﴾ فَقَدَرْنَا فَنِعْمَ ٱلْقَٰدِرُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾، واتە: ئایا لە ئاوێکی بێهێزو بە کەم بایەخ تەماشا کراو، دروستمان نەکردوون، کە لە نشینگەیەکی مەحکەمدا دامانناوە، (لە منداڵدانی دایکدا)، هەتا ئەندازەیەکی دیارییکراو، ئەندازەگیرییمان کردوە، ئێمە باشترین تواناداریین، (یاخود باشترین ئەندازەگیریین).

خوا پشتیوان بێ لە نۆ (٩) خاڵدا بە کورتیی و بە گوشراویی، چۆنیەتیی دروستبوونی مرۆڤ دەخەینە ڕوو:

١- دوای پێکەوە جووتبونی باب و دایك، زیندەوەرێکی وردیلەی نێو تۆوی باب، کە ژیانداری تۆوی (**حَيْوانٌ مَنَوِي**) کورتکراوەکەی (**حَيْمَن**)ی پێ دەگوترێ و، بە ملیۆنانن، یەکێك لەو زیندەوەرە وردانە، لەگەڵ زیندەوەرێکی دیکەی گچکەی نێو تۆوی دایکدا کە هێلکۆڵە (**بوَيْضة**)ی پێ دەڵێن، یەکدەگرن و، بە هەردووکیان زیندەوەرێکی دیکەی سێیەم پێکدێنن، کە تۆویلکە (**نُطفَة**)ی پێدەگوترێ و، وشەی (**نُطْفة**)ش لە زمانی عەرەبییدا بە مانای ئاوێکی کەم (**ماءٌ قَليل**)، یاخود ئاوێکی ساغ و ساف، (**ماءٌ صافِي**) دێ[1].

---

(١) (لسان العرب)، بەرگی (١٤)، لاپەڕە: (١٨٧).

بێگومان ئەو ژیاندارە تۆویی (**حیمن**) و ئەو هێلکۆڵەیە، کە پێکەوە دەلکێن، دوای گەشەکردن دەبنە کۆرپەلە، لە چاو کۆی تۆوی باب و دایك، ئاوێکی کەم، بگرە زۆر زۆر کەمیشە، جێی سەرنجیش ئەوەیە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکیدا ئاماژەی پێکردوە، کە کۆرپەلەی مرۆڤ لە کەمۆکەیەکی ئاو (تۆو)ی دایك و باب دروست دەبێ، نەك لە هەموو ئاوەکە، وەك فەرموویەتی: {**مَا مِنْ كُلِّ الْمَاءِ يَكُونُ الْوَلَدُ، وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ خَلْقَ شَيْءٍ لَمْ يَمْنَعْهُ شَيْءٌ**}، (**أخرجه مسلم**: ١٤٣٨) واتە: لە هەموو ئاوەکە مرۆڤ دروست نابێ، بەڵکو لە هەندێکی دروست دەبێ، هەر کاتێك خواش شتێکی ویست، هیچ ڕێگرێکی لەبەردەم دا نابێ.

٢- ئنجا ئەو زیندەوەرە یەك خانەییە دابەش دەبێ و دەبێتە دوو خانە، دوایی ئەو دووانەش دابەش دەبن و، دەبن بە چوار، ئەوانیش دابەش دەبن و دەبنە هەشت و، هەشت دەبن بە شازدە، دوایی دەبن بە سی و دوو و، شەست و چوارو، سەدو بیست و هەشت و، بەو شێوەیە، سەرەنجام هەموو ئەو ئەندامانەی جەستەی مرۆڤ و، هەموو کۆئەندامە سەرسوڕهێنەرەکانی، (لەو کتێبەدا کە ناومان برد ئاماژەیەکمان پێداون)، هەموویان لەو خانانە دروست دەبن، کە دەبنە هەزاران و ملیۆنان و ملیاران و، وردە، وردە، پلە پلە، بە گوێرەی سیستم و بەرنامەیەك کە خوا بۆی داناون، دروست دەبن و کۆرپەلەی مرۆڤ پێکدێنن، لە نێو منداڵدانی دایك دا.

٣- هەر خانەیەك لە جەستەی مرۆڤ، وا بەرنامەی بۆ دانراوە، کە کائینێکی دیکەی وەك خۆی لە خۆی بگرێتەوەو کۆپی بکات، کت ومت وەك خۆی، ئەوەش پێی دەگوترێ: زۆربوونی خانەیی (**التَّكاثُر الخَلَويُّ**)، هەر خانەیەك خانەیەکی وەك خۆی کت ومت بەبێ جیاوازیی لە چل و شەش (٤٦) کرۆمۆسۆمەکەوە کۆپی دەکاتەوە، سەرجەم خانە ئاساییەکانی جەستەی مرۆڤ، کە پێشتریش گوتوومانە: بە مەزەندەی زانایان سەد (١٠٠) تریلیۆن خانە دەبن، هەموویان بەو شێوەیەن.

٤- بەڵام خانە جینسییەکان (**الخلاية الجنسية**)، چ هی پیاو، کە زیندەوەری تۆویی، (**الحَيوان المنوي**)یان تێدایە، چ هی ئافرەت، کە هێلکۆڵە (**بويضة**)یان تێدایە، وانین،

بەڵکو خانەی جینسیی پیاو (٢٣) کرۆمۆسۆمی تێدایەو، هی ئافرەتیش (٢٣) و بە هەردووکیان دەبنەوە چل و شەش (٤٦)، کە پێکەوە یەکدەگرن و، خانەیەکی دیکەو زیندەوەرێکی دیکە پێکدێنن و پێی دەگوترێ: (نُطْفَة)، تۆویلکە، کە ئەگەر هاتباو هەر یەکەو (٤٦) کرۆمۆسۆمیان پێ بووایە، وەك سەرجەم خانەکانی دیکەی جەستەی مرۆڤ، واتە: هەموو ئەو خانانەی جگە لە خانە جینسییەکەن، ئەو کاتە: (٤٦ + ٤٦ = ٩٢)، کرۆمۆسۆم، هەر خوا دەزانێ چ زیندەوەرێك و مەخلووقێکی سەرسوڕهێنەر دەردەچوو، بەڵام بەرنامەی خوای ئەوپەڕی زاناو کارزان، هەڵە قبووڵ ناکات، هەر کام لە (حەیمەن) و (هێلکۆڵە) هەر لە سەرەتاوە یەکی (٢٣) کرۆمۆسۆم لە کۆڵ خۆیان دەکەنەوەو، کاتێك پێکدەگەن: حەیمەنی پیاو و هێلکۆڵەی ئافرەت، تەنیا یەکی (٢٣) کرۆمۆسۆمیان هەیەو هی هەردووکیان دەکاتە (٤٦) کرۆمۆسۆم.

٥- ئاوی پیاو (**مَنِيّ**) شوێنی دروستبوونی و کارگەکەی، بریتیە لە هەردوو گونەکانی پیاو، ئنجا لێرەدا یەکێك بۆی هەیە بڵێ: ئەدی بۆچی خوا دەفەرموێ: ﴿ يَخْرُجُ مِنۢ بَيْنِ ٱلصُّلْبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ﴾، لە نێوان (ئێسکەکانی) پشت و سینگ دێتە دەرێ، واتە: ئاوی دەرقوڵیو لە نێوان (ئێسکەکانی) پشت و سینگ دێتە دەرێ؟ لە وەڵامدا دەڵێین: تۆوی پیاو لە هەردوو گونەکانیدا دروست دەبێ و کارگەکەیان ئەوێیە، بەڵام زانستی پزیشکییگەریی ئێستا دەریخستوە کە کۆرپەلە (**جَنين**)، دروست دەبێ، کوڕیش گونەکانی لە نێوان ئێسکەکانی و پشت و سینگنی، هەروەها ئافرەتیش هێلکەدان (**بويضة**)ەکەی لە نێوان ئێسقانەکانی پشت و سینگنی، دوایی وردە وردە کە کۆرپەلەکە تەمەنی دەگاتە حەوت (٧) مانگیی، ئنجا چ هێلکەدانی کۆرپەلەی کچ، چ گونەکانی کۆرپەلەی کوڕ، هەردووکیان دادەبەزن بۆ شوێنی ئاسایی خۆیان.

کەواتە: ئەوەی خوا سبحانە و تعالی فەرموویەتی، ڕێك وایەو سەرچاوەی ئەسڵیی دروستبوونی مرۆڤ: ئێسکەکانی پشت و سینگن، بۆیە ئەو ڕایەی دیکەی زانایان کە دەڵێ: تۆو لە نێوان ئێسقانەکانی پشتی پیاوو سینگی ئافرەتدا دروست دەبێ، وانیە، بەڵکو هەم گونەکانی کۆرپەلەی کوڕ، هەم هێلکەدانی کۆرپەلەی کچ، ئەسڵی شوێنی دروست بوونیان نێوان ئێسقانەکانی سینگ و پشتی هەر کامێکیانە.

٦- تۆوی پیاو لە گونەکانیدا دروست دەبێ، بەڵام وەك گوتمان: لە ئەسڵدا شوێنی دروست بوونی گون و هێلکەدانی ئافرەت، نێوان ئێسقانەکانی سینگ و پشتیانە، بەڵام دوایی دادەبەزن، شایانی باسیشە: گونەکان وێڕای تۆو (مَنيّ) هۆڕمۆنی تیستۆسترۆن، کە گرنگترین هۆڕمۆنی کۆمەڵەی ئەندرۆجینە، دەردەدەن و، هانی گون دەدا بۆ بەرهەم هێنانی تۆوی پیاوو، پەیداکردنی سیفەتەکانی پیاوەتیی لە پیاودا، وەك: دەنگی گڕو بەهێز، لەشی ماسوولکەیی، ڕووانی موو لەو شوێنانەی کە پیاوان، لە ژنان جیا دەکەنەوە، وەك ڕیش و سمێڵ، هەروەها جیاوازییەکانی دیکە بە تایبەت لە ڕووی عەقڵیی و دەروونییەوە، ئەوە هەمووی کاریگەریی ئەو هۆڕمۆنەیە کە لە نێو ئاوی پیاودایەو، لە نێو گونەکاندا دروست دەبێ.

٧- ئاوی ئافرەت لە هێلکەدانەکاندا دروست دەبێ، کە ئەویش هەر تۆوی پێدەگوترێ، بەڵام ڕەنگەکەی جیایە، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئاوی پیاو، خەست و سپیی و، هی ئافرەت ڕوون و زەردە:

{عَنِ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ أَنَّ أُمَّ سُلَيْمٍ حَدَّثَتْ أَنَّهَا سَأَلَتْ نَبِيَّ اللَّهِ ﷺ عَنْ الْمَرْأَةِ تَرَى فِي مَنَامِهَا مَا يَرَى الرَّجُلُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا رَأَتْ ذَلِكِ الْمَرْأَةُ، فَلْتَغْتَسِلْ، فَقَالَتْ أُمُّ سُلَيْمٍ وَاسْتَحْيَيْتُ مِنْ ذَلِكَ قُلْتُ: وَهَلْ يَكُونُ هَذَا؟ فَقَالَ نَبِيُّ اللَّهِ ﷺ نَعَمْ، فَمِنْ أَيْنَ يَكُونُ الشَّبَهُ؟، إِنَّ مَاءَ الرَّجُلِ غَلِيظٌ أَبْيَضُ، وَمَاءَ الْمَرْأَةِ رَقِيقٌ أَصْفَرُ، فَأَيُّهُمَا عَلَا أَوْ سَبَقَ، يَكُونُ مِنْهُ الشَّبَهُ}، (أخرجه مسلم: ٣١٢).

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك (خوا لێی ڕازی بێ) لە ئوممو سولەیمەوە (خوا لەویش ڕازی بێ)، دەگێڕێتەوە، کە پرسیاری لە پێغەمبەری خوا ﷺ کردوە لە بارەی ئافرەتەوە کاتێك خەو دەبینێ، وەك چۆن پیاو خەون دەبینێ، {(إحتلام)ی دەبێ، حوکمی چۆنە؟} پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: هەر کات ئافرەت ئەوەی بینی، با خۆی بشوات، ئوممو سولەیم دەڵێ: شەرمم لەوە کرد، گوتم: ئایا ئەوە دەبێ؟ (واتە: ئافرەتیش ئاوی دێتەوە)، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەدی بەهۆی چییەوە منداڵ وەك دایك، یان وەك بابی دەچێ؟

دوایی فەرمووی: ئاوی پیاو سپیی و خەستە، ئاوی ئافرەت ڕوون و زەردە، هەر کامێکیان ئاوەکەی سەرکەوت، یان پێشکەوت، وێنەی ئەو منداڵە، ئەو کۆرپەلەیە دەچێتەوە سەر ئەوەیان {کە ئاوەکەی پێشکەوتوە، یاخود سەرکەوتوە}.

ئنجا جێی سەرنجە کە هێلکۆڵەکان (**بوَیضات**)ی نێو ئاوی ئافرەت، کە ئافرەت دوو هێلکەدانی هەن، وەك چۆن پیاو دوولا گونی هەن، ئەو دوو هێلکەدانەی ئافرەت هەر مانگە لایەکی هێلکەدانەکە هێلکۆڵەیەك دروست دەکات و، هێلکەدانی ئافرەتیش هۆڕمۆنی مێینە دروست دەکات، کە دوو جۆرە هۆرمۆنن:

١/ ئیسترۆجین.

٢/ پرۆجیسترۆن.

ئەوانیش کاریان ئەوەیە هانی هێلکەدانەکان دەدەن، جارێکی دیکە بۆ بەرهەم هێنانی هێلکۆڵەکان و، سیفەتەکانی مێیانەیەتییش و لە ئافرەتاندا پەیدا دەکەن و، تۆخ دەکەنەوە.

٨- (یەك سم٣) لە ئاوی پیاو سەد (١٠٠) ملیۆن زیندەوەری تۆویی (**حَیْمن**)ی تێدایە.

سەرچاوەیەکی دیکەش (**إعجازُ القُرآن فیما تُخْفیه فـي الأَرحام**)[1]، دەڵێ: (٣ ملیلتر) لە تۆوی پیاو (٣٥٠) ملیۆن حەیمەنی تێدایە.

(د. ڕاتب نابلسی)یش دەڵێ: (١سم٣) لە ئاوی پیاو (٥٠٠) ملیۆن حەیمەنی تێدایە.

واتە: ئەو زیندەوەرە بچووکانەی ئاوی پیاو پێکدێنن، چونکە مەنیی پیاو، هەمووی زیندەوەری بچووکە، بەڵام ئێمە وەك ئاو دێتە بەرچاومان، ئنجا کاتێك پیاو لەگەڵ ژندا جووت دەبێ، هەرجارە (٢ - ٤)سم٣ تۆو فڕێ دەداو، مانای وایە دەوری (٣٠٠) ملیۆن زیندەوەری تۆویی تێدا هەیە، بە پێی ئەو سەرژمێرەی ئێرە، ئەگەرنا بەپێی سەرژمێری یەکێکی دیکە لە زانایان، (٧٠٠) ملیۆن تاکو ملیارێك، زیندەوەری تۆویی (حیمن)ی تێدایە.

---

(١) ص ١١٢.

بەڵام هێلکەدانەکانی ئافرەت، لە سەرەتاوە سێ ملیۆن هێلکۆڵە (**بويضة**)یان تێدایە، هێلکۆڵەکان لە سەرەتاوە ژمارەیان زۆرە، بەڵام دوایی ئافرەت کە باڵغ دەبێ، دەمێننەوە (٥ - ٦) هەزار، ئنجا لەو (٥ - ٦) هەزارەش، تەنیا چەند سەدێکیان لێ پێدەگات، کە بگونجێ مرۆڤیان لێ دروست بێ، هەر مانگێ یەکێك لەو هێلکۆڵانە لە هێلکەدانی ئافرەتەوە دێتە نێو مناڵدانی، ئنجا ئەگەر حاڵەتی جووتبوون دروستبوو، خواش ویستی وابوو مناڵ دروست ببێ، هێلکۆڵەیەك و زیندەوەرێکی تۆویی (حیمن) یەك دەگرن و زیندەوەرێکی یەك خانەیی پێکدێنن، کە چل و شەش (٤٦) کرۆمۆسۆمی تێدایە، بۆ ئەوەی سیفەتەکانی باب و دایك لەو مناڵەدا کۆببنەوە، بەڵام ئەگەر ئەو مناڵە قەدەری وا نەبوو دروست ببێ و، ئەو هێلکۆڵەیە لەگەڵ ژیانداری تۆویی دا یەك بگرن، لە کاتی خوێنی مانگانەدا ئەو هێلکۆڵەیە دێتە دەرێ، بۆیەش ئافرەت هەموو مانگان دەکەوێتە حەیزەوە خوێنی پێدا دێ، چونکە ئەو مناڵە دروست نەبووە، ئەگەر مناڵەکە دروست ببێ، خوێنەکە نایەت و لە مناڵدان دا دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو (**نُطفة**)یە لەوێدا گەشە بکات، کە وەك حەوزێکی ئاو لەوێدا دێت و دەچێ و، گەشەی تێدا دەکات و، پێی گەورە دەبێ.

٩- هێلکۆڵە (**بويضة**) تیرەکەی (١٢٠ - ٢٠٠) مایکرۆ مەتر دەبێ، بەڵام ژیانداری تۆویی (حیمن) تیرەکەی (٥٢) مایکرۆنە، واتە: هێلکۆڵەی ئافرەت گەورەترەو دەگونجێ بەچاو ببینرێ، شێوەکەشی خڕ هەڵکەوتوە، بەڵام حەیمەن درێژکۆڵەیە و کلکێکی درێژی هەیە، نزیکەی (١١/١٢)ی درێژییەکەی هی کلکەکەیەتی، شایانی باسە: مایکرۆمەترێك بریتیە لە (١/١٠٠٠)ی ملم، واتە: (١) ملم بکەیە هەزار بەشەوە، ئنجا یەك بەشی پێیدەگوترێ: مایکرۆمەتر، کەواتە: ئێمە کە خۆمان ئاوا دەبینین، وەك مرۆڤێکی پڕ بە کراس، چ پیاو چ ئافرەت، گرنگە بزانین لە کوێوە هاتووین!

ئنجا ئێمە ستایش بۆ خوا لە سەرەتای تەفسیری سوورەتی (**المؤمنون**)و، لە کاتی تەفسیرکردنی ئەم سێ ئایەتە موبارەکەدا، کورتە باسێکمان کردوە، تێرترو درێژتر لەوەی تێرە، لە بارەی چۆنیەتیی دروستبوونی مرۆڤەوە، ئێستاش ئەم سێ ئایەتە موبارەکە دەخوێنینەوەو، مانایەکی کورتیان دەکەین.

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلْنَٰهُ نُطْفَةً فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمًا فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَٰمَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴿١٤﴾ ﴾.

وەك لەم سێ ئایەتەدا دەبینین، خوای كارزان بە حەوت قۆناغ باسی دروستبوونی مرۆڤ دەكات:

قۆناغی یەكەم: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴾ بە دڵنیاییەوە ئێمە مرۆڤمان لە خوڵاصەیەكی قوڕ دروست كردوە، چونكە تۆوی پیاوو تۆوی ئافرەت لە خوێن دروست دەبن، خوێنیش لەو خواردن و خۆراكانەی، دەخورێن و ئەوانیش سەرجەم لە گڵ و ئاون (گڵ + ئاو = قوڕ) ئەوە قۆناغی یەكەم.

قۆناغی دووەم: ﴿ ثُمَّ جَعَلْنَٰهُ نُطْفَةً فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴾، دوایی گێڕاومانە بە تۆویلكە (**نطفة**)یەك لە نشینگەیەكی مەحكەمدا، واتە: یەكگرتنی حەیمەنێك و هێلكۆڵەیەك پێی دەگوترێ: تۆویلكە (**نطفة**) لە نێو منداڵداندا جێگیردەبێ.

قۆناغی سێیەم: ﴿ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً ﴾، دوایی ئەو تۆویلكە (**نطفة**) یە دەگۆڕین بۆ خوێنپارە (**عَلَقة**) كە زیندەوەرێكە خۆی بە دیواری منداڵداندا هەڵدەواسێ و زۆر بچووكە.

قۆناغی چوارەم: ﴿ فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً ﴾، دوایی خوێنپارە (**علقة**)كەش دەگۆڕین بۆ زارجوو (**مُضغَة**)، كە پارچە گۆشتێكی بە قەدەر زارجوویە، كە دەجوورێ.

قۆناغی پێنجەم: ﴿ فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمًا ﴾، دوایی ئەو زارجوو (**مضغة**) یەش دەگۆڕین بۆ ئێسقان، پێنجەمین قۆناغی دروستبوونی كۆرپەلە، ئەوەیە كە ئێسقان دروست دەبێ، ئەوەی خوا فەرموویەتی، زانیاریی ئێستاش هەر ئەوە پشتڕاست دەكاتەوە.

قۆناغی شەشەم: ﴿فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَٰمَ لَحْمًا﴾، ئنجا ئێسکەکانیش بە گۆشت (ماسوولکە) دادەپۆشین.

قۆناغی حەوتەم: ﴿ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ﴾، دوایی کردمان بە دروستکراوێکی دیکە، یانی: تاکو ئێستا تەنیا ژیانی هەبوو، بەڵام لەمەودواوا ڕووحی بەبەردا دەکرێ، کەواتە: ژیان لە ڕووح جیایە، ڕووح تایبەتە بە مرۆڤەوە، بەڵام ژیان (**حیاة**) وانیەو، ڕووەکیش ژیانی تێدایە، زیندەوەرانیش ژیانیان تێدایە، ئاژەڵانیش ژیانیان تێدایە، هەر کام لە: (**نُطفة**) و (**عَلَقة**) و (**مُضغة**) یش ژیانیان تێدایە، بەڵام هەتا دوای چوار مانگ و دە شەو، ئەو دەوروبەرە کە فەرمایشتەکەی پێغەمبەر ﷺ دیاریی دەکات، ڕووحی بەبەردا ناکرێ، بۆیە خوا دەفەرموێ: دوایی کردمان بە دروستکراوێکی دیکە، یانی: دروستکراوێکی دیکەی ڕووح بەبەردا کراو.

لە کۆتاییشدا خوا دەفەرموێ: ﴿فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ﴾، واتە: بەرزیی و بە پێزیی و شکۆمەندیی بۆ خوای چاکترین بەدیهێنەر.

بەڕێزان!

بەڵێ مرۆڤ ئاوا دروست بووە، هەر بۆیەش ئەهلی تەزکیەو عیرفان قسەیەکی جوانیان هەیە: (**مَن عَرَفَ نَفْسَهُ فَقَد عَرَفَ رَبَّه**)، هەر کەسێك خۆی بناسێ، پەروەردگارو خاوەنی خۆشی دەناسێ.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی یارمەتییمان بدات، باش خۆمان بناسین و، چاك خوای خۆمان بناسین و، زۆر باشیش خۆمان بۆ دیداری خوا سبحانە و تعالی ئامادە بکەین.

مەسەلەی سێیەم:

ڕاگەیاندنی خوای بێوێنە کە لەسەر گێڕانەوەی مرۆڤ بۆ ژیان دوای مردنی توانایە، لە ڕۆژی ئاشکرابوونی نهێنییەکانداو، ئەو کاتەش بابای بێبڕوا هیچ هێزو پشتیوانێکی نیەو نابێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُۥ عَلَىٰ رَجۡعِهِۦ لَقَادِرٞ ﴿٨﴾ يَوۡمَ تُبۡلَى ٱلسَّرَآئِرُ ﴿٩﴾ فَمَا لَهُۥ مِن قُوَّةٖ وَلَا نَاصِرٖ ﴿١٠﴾﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێ بڕگەدا

١)- ﴿إِنَّهُۥ عَلَىٰ رَجۡعِهِۦ لَقَادِرٞ﴾، بەدڵنیایی ئەو (خوا) لەسەر گێڕانەوەی توانایە، بێگومان ڕاناوی سەر ﴿إِنَّهُۥ﴾، بۆ خوای بەرزو مەزن دەچێتەوە، هەرچەندە بە ئاشکرا ناوی خوای مەزن نەهاتوە، بەڵام بە سیاق و سەلیقە دیارە: ﴿عَلَىٰ رَجۡعِهِۦ﴾، (رَجْع) چاوگە، بە مانای: (إعادة و رُجوع)ە، خوا لەسەر گێڕانەوەی ئەو مرۆڤە، ﴿لَقَادِرٞ﴾، بە توانایە، (الطبري) ئاوا مانای لێکداوەتەوە: (**إنَّ اللهَ عَلى رَدِّهِ الإنسانَ المَخْلوقَ مِن ماءٍ دَافِقٍ، مِن بَعْدِ مَمَاتِهِ حيًّاً كَهَيْئَتِهِ قَبْلَ مَمَاتِهِ، لَقادِرٌ**)، واتە: بە دڵنیایی خوا لەسەر گێڕانەوەی مرۆڤێك کە لە ئاوێکی دەرقوڵیو دروستبووە، دوای ئەوەی مردووە، کە زیندووی بکاتەوەو، وەك حاڵەتی پێش مردنی لێ بکاتەوە، بە توانایە.

ئنجا ئایا ئەوە لە چ ڕۆژێکداو لە چ کاتێکدا؟

٢)- ﴿يَوۡمَ تُبۡلَى ٱلسَّرَآئِرُ﴾، ئەو ڕۆژەی نهێنییەکان ئاشکرا دەبن، وشەی: ﴿تُبۡلَى﴾، هەر لەسەر ئەسڵی واتایەکەی خۆی بەکارهێنراوە، یانی: (تُخْتَبَر)، (**يَومَ تخْتَبَرُ سرائر العِبادِ، فَيَظْهَر مِنها يَومَئِذٍ مَا كانَ فِي الدُّنيا مُسْتَخْفياً عَن أَعْيُنِ العِبَادِ**)، واتە: نهێنییەکانی بەندەکان لەو ڕۆژەدا، ئەوانەی لە دنیادا لە چاوی مرۆڤان پۆشراون و پەنهانکراون، هەموویان دەکەونە گۆڕێ و ئاشکرا دەبن.

وشەی: ﴿ٱلسَّرَآئِرُ﴾ کۆی (سَريرة)یە، (والسَّريرةُ ما يُخفِيهِ الإنْسانُ وَيُسِرُّهُ مِن نَوايَاهُ، وَعَقائِدِهِ وَأَعْمَالِهِ)، ﴿ٱلسَّرَآئِرُ﴾، کۆی (سَريرة)یە، ئەویش هەر شتێکە کە مرۆڤ پەنهانی دەکات و دەیشارێتەوە لە نیازو مەبەستەکانی و بیروبڕوایەکانی و کردەوەکانی.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ تُبْلَى ٱلسَّرَآئِرُ﴾، مەبەست تاقیکردنەوەی ئەو نهێنییانەو لێکجیاکردنەوەی چاك و خراپیانەو، مەبەست پێی لێپرسینەوەو سزاو پاداشت بەسەردا چەسپێنرانە.

٣)- ﴿فَمَا لَهُۥ مِن قُوَّةٍ وَلَا نَاصِرٍ﴾، ئنجا (لەو ڕۆژەدا) نەهیچ هێزێکی هەیەو نە پشتیوانێك، (الطبري) ئاوا مانای لێکداوەتەوە: (فَمَا لِلإِنْسَانِ الكَافِرِ يَوْمَئِذٍ مِنْ قُوَّةٍ يَمتَنعُ بِها مِنْ عَذَابِ اللهِ، وَلا نَاصِرٍ يَنْصُرُهُ فَيَسْتَنْقِذُهُ مِمَّن نَالَهُ بِمَكْروهٍ)، واتە: لەو ڕۆژەدا مرۆڤی بێبڕوا هیچ هێزێکی نابێ، خۆی پێ لە سزاو ئازاری خوا بپارێزێ و خۆی پێ پەنا بدات، هەروەها هیچ یارمەتییدەرێکیشی نابێ، یارمەتیی بدات، لەو کەسەی دەرباز بکات کە دەیەوێ تووشی زیان و ئازارو ناڕەحەتیی بکات.

هەڵبەتە ئەگەر بشڵێین: مەبەست لە مرۆڤ، مرۆڤە بە گشتیی، دیسان هەر مانایەکەی ڕێك و ڕاستە، چونکە هیچ مرۆڤێك لەو ڕۆژەدا نە توانایەکی زاتیی هەیە، خۆی پێ پەنا بدات، نە هیچ کەسیشی لە فریا دێ، ئەگەر خوا لە فریای نەیەت و پشتی نەگرێ و ئاگای لێی نەبێ.

مەسەلەی چوارەم:

سوێند خواردنی خوا بە ئاسمانی خاوەن گێڕانەوەو، زەوی خاوەن قڵیش، کە قورئان قسەیەکی هەق و یەکلاییکەرەوەیەو، گاڵتە نیە:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الرَّجْعِ ﴿١١﴾ وَالْأَرْضِ ذَاتِ الصَّدْعِ ﴿١٢﴾ إِنَّهُ لَقَوْلٌ فَصْلٌ ﴿١٣﴾ وَمَا هُوَ بِالْهَزْلِ ﴿١٤﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الرَّجْعِ﴾، سوێند بە ئاسمانی خاوەن گێڕانەوە، زانایان لەو بارەوە کە ئایا ئاسمان چی دەگێڕێتەوەو، بۆچی ئاسمان بە خاوەنی گێڕانەوە پێناسەو وەسف کراوە؟ زۆر قسەیان کردوە، بۆ وێنە: **(الطبري)**، دەڵێ: (**تَرْجِعُ بِالغُيومِ وَالأَرْزاقِ على العِبادِ كُلَّ عامٍ**)، واتە: ئاسمان هەورەکان و بژیوەکان هەموو ساڵێك بۆ بەندەکان دەگێڕێتەوە، **(الطبري)** یش خۆی ئەو ڕایەی هەڵبژاردوەو لە (إبن عباس)یشەوە، ﷺ، بە ژمارە: (٣٦٠٦٠) هێناویەتی، دەڵێ:

(**رَجَعَ القَطْرَ وَالرِّزْقَ كُلَّ عام**)، ئاسمان هەموو ساڵێك باران و بژیو دەگێڕێتەوە بۆ زەوی، هەروەها زانایانی دیکەش هەر وایانگوتوە، ئاسمان خوا سیفەتێکی تێدا داناوە کە بریتیە لە گێڕانەوەی ئەو شتانەی بۆ لای بەرز دەکرێنەوە، ئنجا هەڵمی ئاوە، هەر شتێکە کە بەرز دەبێتەوە بەرەو ئاسمان، ئاسمان دەیگێڕێتەوە بۆ زەوی.

هەروەها ئاسمان جگە لە ئاو، کە لە باران و بەفرو تەزرەدا بەرجەستە دەبێ، تیشکی ڕۆژیش، جۆرە تیشکەکانی دیکەش و، جۆرە شەپۆلەکانی دیکەش، بۆ زەوی دێنێتەوە.

٢)- ﴿وَالْأَرْضِ ذَاتِ الصَّدْعِ﴾، سوێند بە زەوی خاوەن قڵیشان، خاوەن لەتبوون، ﴿الصَّدْعِ﴾، لەتبوونی شتێکی ڕەقە، کە دەنگی لێبێ، **(الطبري)** لە (إبن عباس)ەوە ﷺ، بە ژمارە: (٣٧٠٦٨)، لە بارەی: ﴿وَالْأَرْضِ ذَاتِ الصَّدْعِ﴾ەوە، هێناویەتی، دەڵێ: (**صَدْعُها**

عَن إخراجِ النَّباتِ كُلَّ عام)، بریتیە لە قڵیشانی زەوی بەهۆی دەرهاتنی ڕووەکەوە هەموو ساڵێك، هەرچی ڕووەك و شیناورد هەیەو تۆوەکەی و دەنکەکەی دەچێتە نێو زەوییەوە، خوای پەروەردگار زەوی وا خوڵقاندوە، بتوانێ شەق ببێ و، ئەگەر وەك ئاسن، یان مس، بووایە بە دڵنیایی شەق نەدەبوو، ئنجا سوێند بەو دووانە، بە ئاسمانی خاوەنی گێڕانەوە و، بە زەوی خاوەن قڵیش: ﴿ إِنَّهُۥ لَقَوۡلٞ فَصۡلٞ ﴾، بە دڵنیایی ئەوە قسەیەکی جیاکەرەوەیە، قسەیەکی یەکلاییکەرەوەیە، **(إنَّه)** ڕاناوەکەی دەچێتەوە بۆ قورئان و، دەشچێتەوە بۆ ئەو قسانەی لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوون.

٣)- ﴿ إِنَّهُۥ لَقَوۡلٞ فَصۡلٞ ﴾، بە دڵنیایی ئەو (ئەو قورئان)ە، قسەیەکی لێکجیاکەرەوەیە، لە نێوان هەق و ناهەق، ڕاست و چەوت، حەڵاڵ و حەڕام، چاك و خراپدا، **(الطبري)**، گوتوویەتی: **(أي: قَولٌ يَفصِلُ بَيْنَ الحَقِّ وَالبَاطِل بِبَيَانِهِ)**، واتە: قسەیەکە هەق و ناهەق، بەهۆی ڕوونکردنەوەی خۆیەوە لێك جیادەکاتەوە.

٤)- ﴿ وَمَا هُوَ بِٱلۡهَزۡلِ ﴾، نە یارییەو نە قسەی پووچە، **(الطبري)**، ئاوای لێکداوەتەوە: **(مَا هوَ باللَّعِبِ والباطِلِ)**، نە یارییەو نە پووچە، **(هَزْل)** لە بەرانبەر **(جِدّ)**دایە، **(جِدّ)**، واتە: شتێك گرنگیی و بایەخی پێبدرێ، **(هَزل)**یش پێچەوانەی **(جِدّ)**ە، واتە: شتێکی بێبایەخ، گرنگیی پێنەدراوو گوێ پێنەدراو، شتێك بە گاڵتەو بە جەفەنگ بکرێ.

(کميت)، یەکێکە لە شاعیرەکان دەڵێ:

(يُجَدُّ بِنا بِكُلِّ يَوْمٍ وَنَهْزِلُ)، لە هەموو ڕۆژاندا کاری جیددییمان لەسەر دەکرێ، ئێمەش هەر گاڵتە دەکەین.

لێرەدا خوای زاناو توانا قورئان بەوە وەسف دەکات، کە قسەیەکی جیاکەرەوەیەو گاڵتەو سوعبەت نیە، جێی خۆیەتی ئەم فەرموودەیە بێنین، هەرچەندە هەندێك لە زانایان لە بارەی سەنەدەکەیەوە مشت و مڕێکیان بووە، بەڵام بەڕاستیی دەقێکی زۆر ڕوونکەرەوەیەو، دەوری حەڤدە (١٧) وەسفی قورئانی گرتوونەتە خۆی، ئەمەش دەقی ئەو فەرموودەیە:

{عَنِ الْحَارِثِ الأَعْوَرِ قَالَ: دَخَلْتُ الْمَسْجِدَ فَإِذَا أُنَاسٌ يَخُوضُونَ فِي أَحَادِيثَ، فَدَخَلْتُ عَلَى عَلِيٍّ، فَقُلْتُ: أَلاَ تَرَى أَنَّ أُنَاساً يَخُوضُونَ فِي الأَحَادِيثِ فِي المَسْجِدِ، فَقَالَ: قَدْ فَعَلُوهَا؟ قُلْتُ: نَعَمْ، قَالَ: أَمَا إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «سَيَكُونُ فِتَنٌ»، قُلْتُ: وَمَا المَخْرَجُ مِنْهَا؟ قَالَ: «كِتَابُ اللَّهِ، فِيهِ نَبَأُ مَا قَبْلَكُمْ، وَخَبَرُ مَا بَعْدَكُمْ، وَحُكْمُ مَا بَيْنَكُمْ، هُوَ الفَصْلُ لَيْسَ بِالهَزْلِ، هُوَ الَّذِي مَنْ تَرَكَهُ مِنْ جَبَّارٍ قَصَمَهُ اللَّهُ، وَمَنِ ابْتَغَى الهُدَى فِي غَيْرِهِ أَضَلَّهُ اللَّهُ، فَهُوَ حَبْلُ اللَّهِ الْمَتِينُ، وَهُوَ الذِّكْرُ الْحَكِيمُ، وَهُوَ الصِّرَاطُ الْمُسْتَقِيمُ، وَهُوَ الَّذِي لاَ يَزِيغُ بِهِ الأَهْوَاءُ، وَلاَ تَلْتَبِسُ بِهِ الأَلْسِنَةُ، وَلاَ يَشْبَعُ مِنْهُ الْعُلَمَاءُ، وَلاَ يَخْلَقُ عَنْ كَثْرَةِ الرَّدِّ، وَلاَ تَنْقَضِي عَجَائِبُهُ، وَهُوَ الَّذِي لَمْ يَنْتَهِ الجِنُّ إِذْ سَمِعُوهُ أَنْ قَالُوا: «إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآناً عَجَباً»، مَنْ قَالَ بِهِ صَدَقَ، وَمَنْ حَكَمَ بِهِ عَدَلَ، وَمَنْ عَمِلَ بِهِ أُجِرَ، وَمَنْ دَعَا إِلَيْهِ، هُدِيَ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ، خُذْهَا}، (أخرجه الترمذي: ٢٩٠٦، وقال: إسناده مجهول، والبيهقي في شعب الإيمان: ١٩٣٥، وحديث معاذ: أخرجه الطبراني برقم (١٦٠). قال الهيثمي (١٦٥/٧): فيه عمرو بن واقد وهو متروك).

واتە: **حاریثی** یەك چاو (نازناوەكەی وا هاتوە)، دەڵێ: (ڕۆژێ) چوومە مزگەوت تەماشام كرد، خەڵك ڕژابوونە نێو قسان، (دەبێ قسەكانیان بە دڵ نەبووبن)، چوومە لای عەلی (خوا لێی ڕازیبێ)، هەواڵم پێدا، ئەویش گوتی: ئاوایان كرد؟ من گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو، دەیفەرموو: لە مەودوا ئاشووب و گێژاوێك دەبێ، منیش لێم پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! دەرچوون لەو گێژاوەو ئاژاوەیە، چۆنە؟ لە چ ڕێیەكەوە لێی دەربچین؟ فەرمووی: كتێبی خوا {بە هۆی كتێبی خواوە، لەو گێژاوەو ئاشووبە دەردەچن، ئنجا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر سەنەدی ئەم دەقە ڕاستبێ، وەسفی كتێبی خوای كردو فەرمووی}: هەواڵە گرنگەكەی پێش ئێوەی تێدایەو، باس و خواسی ئەوانەی دوای ئێوەشی تێدایە، دادوەریی ئەوەشی تێدایە كە لە نێوان ئێوەدا دەبێ لە كێشەو مشت و مڕ، ئەو (قوڕئان) یەكلاییكەرەوەو جیاكەرەوەیەو گاڵتە نیە، هەر ستەمكارێك وازی لێ بێنێ، خوا پشتی دەشكێنێ و، هەر كەسێك ڕێنمایی لە جگە لە قوڕئان بخوازێ، خوا گومڕای دەكات، ئەو (قوڕئان) بریتیە لە ڕێسمانی پتەوی خوا، {هەر كەسێك خۆی پێوە بگرێ، پێی دەرباز دەبێ لەوەی بكەوێتە چاڵ و كەنداڵی گومڕایی و

سەر لێشواویی}، ئەو (قورئان) بریتیە لە زیکری کاربەجێ (بیرخەرەوەی کارزانە)، ئەو ڕاستە ڕێیەیە کە ئارەزووەکان ناتوانن لای بدەن و، زمانەکان بە هۆی قورئانەوە تێك نائاڵقێن، (هەر کەسێك مەبەستی بێ، زۆر بە ڕێك و چاکیی دەتوانێ لە قورئان تێبگات و بیخوێنێ)، زانایان لێی تێر نابن، بە هۆی زۆر دووبارەکردنەوەوە (قورئان) کۆن و شڕ نابێ، {بۆیە پێشینان گوتوویانە: زۆر گوتن قورئان خۆشە}، شتە سەرسوڕهێنەرەکانی (قورئان) هەرگیز کۆتاییان پێ نایەت، (هەتا زانست بەرەو پێشەوە بچێ و ژیانی مرۆڤ بەرەو پێشەوە بچێ، نهێنیی زیاتر لە قورئاندا دەردەکەون)، (قورئان) ئەو کتێبەیە کاتێك جند بیستیان وازیان نەهێنا تاکو گوتیان: ئێمە گوێمان لە قورئانێکی سەرسوڕهێنەر بووە، (بەرەو ڕاستە ڕێ ڕێنمایی دەکات، خەڵك دەخاتە سەر ڕاستە ڕێ)، هەر کەسێك بەو (قورئان) قسە بکات، (قورئان چی دەفەرمووێ ئاوا بدوێ)، ڕاستیی دەڵێ و، هەر کەسێك بە پێی وی (قورئان) دادوەریی بکات، دادگەر دەبێ، هەرکەسێك کاری پێ بکات، پاداشتی دەدرێتەوە، هەر کەسێك خەڵك بەرەو لای وی بانگ بکات، بەرەو ڕاستە ڕێ ڕێنمایی کراوەو خراوەتە سەر ڕاستە ڕێ، ئنجا وەریبگرە.

خوا لەو کەسانەمان بگێڕێ کە باشترین بەهرە لەو کۆتا فەرمایشتەی خوای بەرزی مەزن وەردەگرن.

مەسەلەی پێنجەم و کۆتایی:

باسی فێڵ و پیلانی ناحەزانی خواو پێغەمبەرەکەی و، نەخشەی خوا لە دژیان و، فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەرەکەی خۆی ﷺ کە مۆڵەتیان بدات، خواش ماوەیەکی کەم مۆڵەتیان دەدات و، دواییش سزایان دەدات:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا ﴿١٥﴾ وَأَكِيدُ كَيْدًا ﴿١٦﴾ فَمَهِّلِ ٱلْكَٰفِرِينَ أَمْهِلْهُمْ رُوَيْدًۢا ﴿١٧﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا﴾، بە دڵنیایی ئەوان بە پیلانگێڕانێك (کە شایستەی خۆیانە)، پیلان دەگێڕن.

(**راغب الأصفهاني**)، دەڵێ: (**الكَيْدُ: إِخْفَاءُ قَصْدِ الضُّرِّ وَإِظْهَارُ خِلَافِهِ، فَكَيْدُهُم مُسْتَعْمَلٌ فِي حَقِيقَتِهِ، لَكِنَّ الكَيْدَ المُسْنَدَ إِلى اللهِ، مُسْتَعْمَلٌ فِي إِمهالِهِ مَعَ إِرادَةِ الإِنْتِقام**)، واتە: (کید): (جۆرێکە لە فێڵ و پیلانگێڕان، بە شێوەیەکی پەنهان)، بریتیە لە شاردنەوەی مەبەستی زیانلێدان و، دەرخستنی پێچەوانەکەی، (واتە: ئەوە کە کەسێك لە لای یەکێکی دیکە خۆی وا پێشان بدات، دەیەوێ قازانجی پێ بگەیەنێ، بەڵام لە ئەسڵدا بیەوێ زیانی لێبدات، ئەوە پێی دەگوترێ: (**کَید**)).

وشەی: (**کَید**) کە بۆ بێبڕوایان و ناحەزانی ڕێبازی خوا بەکارهێنراوە، لە مانای ڕاستەقینەی خۆیدا بەکارهێنراوە، بەڵام وشەی: (**کَید**) کە پاڵ دراوەتە لای خوا سبحانە و تعالى، بەکارهێنراوە بە مانای مۆڵەتدان، لەگەڵ ویستنی تۆڵەستاندنەوەدا.

واتە: خوا مۆڵەتیان دەدا، بەڵام دەشیەوێ تۆڵەیان لێ بستێنێ، ئەوەش خوا ناوی لێناوە (**کَید**)، چونکە ئەوان پێیان وایە خوا تۆڵەیان لێ ناستێنێ و لێیان گەڕاوەو وازی لێهێناون، لە حاڵێکیشدا کە خوای بەرز دەیەوێ تۆڵەیان لێ بستێنێ و سزایان بدات، ئەمەش

ڕواڵەتەکەی وەك فێڵ دەچێ، بەڵام بێگومان نابێ هیچ وشەیەکی ناڕێك بۆ خوای بەرزی مەزن بەکاربهێنرێ، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا ﴾، لە سوورەتی (الأنفال) دا، دەفەرموێ: ﴿ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ ٱللَّهُ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَٰكِرِينَ ﴿٣٠﴾ ﴾، لە هەموو ئەو شوێنانەدا زانایان دەڵێن: بۆیە خوا سبحانه و تعالی لەوێ وشەی: **(مَكْر)**ی بۆ ناحەزان بەکارهێناوەو بۆ خۆیشی و، لێرەشدا وشەی: **(كَيد)**ی بۆ ناحەزانی ئیسلام و بۆ خۆیشی بەکارهێناوە: **(لِلْمُشاكَلَة)**، ئەوە بۆ لێکچوونە، ئەگەرنا **(كيد و مكر)**ی خوا سبحانه و تعالی بە دڵنیایی واتایەکی هەیە، کە شایستەی خوای پەروەردگارە، هی وانیش واتایەکی هەیە شایستەی خۆیانە.

هەندێکیش گوتوویانە: وشەی: **(كَيد)**، هەمان واتای کە ئەگەر مرۆڤەکان بەکاری بێنن، بۆ خوای پەروەردگاریش هەیەتی.

بێگومانیش ڕای یەکەم ڕاستەو، ئەو بێژانەی خوا بۆ وەسفی خۆی بەکاریان دێنێ، مانایەکی شایستە ئەویان هەیەو، هەموو سیفەتەکانی دیکەی خوای پەروەردگاریش هەر وان، بۆ وێنە: کاتێك دەڵێین: خوا فەرمایشت دەکات، فەرمایشتکردنی خوا وەك هی ئێمەی مرۆڤ نیە، هەروەها کاتێك دەڵێین: خوا دەبینێ، ئێمە بە کۆئەندامی چاو دەبینین، کاتێك دەڵێین: خوا دەبیستێ، ئێمە بە کۆئەندامی بیستن، دەبیستین، بەڵام خوای پەروەردگار پێویستیی بە ئەندامەکان نیە، بیستنی خوا، دیتنی خوا، ویستنی خوا، لێرەش نەخشەدانانی خوا، هەموو ئەو سیفاتەنەی بە شێوەیەکن، شایستەی خوای بەرزو مەزن بن.

٢)- ﴿ وَأَكِيدُ كَيْدًا ﴾، منیش بەفێڵکردن فێڵ دەکەم، (نەخشە دادەنێم بە نەخشەدانانێکی مەحکەم)، فێڵ یانی: نەخشەدانان، یان: فێڵێك چەمك و واتایەکەی شایستەی خوای بەرز بێ.

٣)- ﴿ فَمَهِّلِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴾، ئنجا مۆڵەتی بێبڕوایەکان بدە، **(التَّمْهِيلُ مَصْدَرُ مَهَّلَ، بِمَعْنى أَمْهَلَ، وَهُوَ الإِنْظارُ إِلى وَقْتٍ مُعَيَّنٍ، أَوْ غَيْرِ مُعَيَّنٍ)**، وشەی: **(تَمْهيل)** چاوگی **(مَهَّلَ)**یە، **(مَهَّل)**، بە مانای

(**أَمْهَلَ**)یە، (**إمهال**)یش بەمانای (**إنظار**)ە، چاوەڕێکردن، واتە: مۆڵەتیدان، چاوەڕێیکردن، بواری پێدان، تاکو کاتێکی دیارییکراو، یاخود تاکو کاتێکی دیاریی نەکراو.

٤)- ﴿أَمۡهِلۡهُمۡ رُوَيۡدَۢا﴾، منیش کەمێك مۆڵەتیان دەدەم، وشەی: ﴿رُوَيۡدًا﴾، (**تَصْغيرُ رُودْ، وَهُوَ المَهْلُ وَعَدَمُ العَجَلَةِ، وَهُوَ مَصْدَرٌ مُؤَكِّدٌ لِفِعلِ أَمْهِلْهُم، وتَصْغيرٌ لِلدَّلالَةِ عَلَى التَّقْلِيلِ أَي: مُهْلَةٌ غَيْرَ طَويلةٍ**).

﴿رُوَيۡدًا﴾، گچکە کردنەوەی (**رُودَ**)ە، (**رُودْ**)یش، بریتیە لە مۆڵەتدان و پەلە نەکردن، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿أَمۡهِلۡهُمۡ رُوَيۡدَۢا﴾، (**رُویدا**) دەبێتە چاوگێکی جەختکەرەوە بۆ کرداری ﴿أَمۡهِلۡهُمۡ﴾، واتە: من مۆڵەتیان دەدەم بە مۆڵەتدانێکی کەم، وشەی: ﴿رُوَيۡدًا﴾یش، لە (رود)ەوە هاتوە، بۆیەش گچکە کراوەتەوە، هەتا بزانرێ ماوەیەکی کەم مۆڵەتیان دەدات، نەك مۆڵەتێکی درێژ، دەشگونجێ: ﴿رُوَيۡدًا﴾، لێرەدا ناوی کردار (**إسم فعل**)بێ بۆ فەرمان (**أَمْر**)، وەك: ١- (**صَهْ**)، یانی: (**اسْكت**)، بێدەنگ بە، ٢- (**مَه**)، یانی: وازبێنە، ٣- (**إِلَيْك**)، یانی: (**إبتعِد**)، دوور بکەوە، ٤- (**عَلَيْك**) یانی: (**إفْعَل**)، بیکە، ئەوانە هەموویان (**إسم الفِعل**)ن، یانی: ناون بەڵام بەمانای کردار دێن، لێرەشدا (**رُوَيدَك**)، یانی: ڕاوەستێ، بۆ ماوەیەك چاوەڕێبە.

کەواتە: لێرە خوا سبحانە و تعالی بە پلەی یەکەم ڕوو دەکاتە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ، هەڵبەتە هەموو قورئانیش بە پلەی یەکەم خوا، موحەممەدی ﷺ پێ دواندوەو دایبەزاندۆتە سەر دڵی موبارەك و ساغ و ساف و بێگەردی ئەو، ئنجا لە دوای ئەویشەوە هاوەڵەکانی (خوا لێیان ڕازی بێ)، مسوڵمانانێك کە لە خزمەتی دابوون، دوای وانیش پشت و جیلەکانی دیکە، ئەوانەی بڕوایان بە قورئان و بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ هەیە، تاکو دنیا کۆتایی پێ دێ.

لێرەدا خوا سبحانە و تعالی ڕوو دەکاتە پێغەمبەرەکەی ﷺ و پێی دەفەرموێ: دوژمنان و ناحەزانی تۆ فێڵ دەکەن، نەخشە دادەنێن، پیلان دەگێڕن، بە پیلانگێڕانێکی شایستەی خۆیان، ﴿إِنَّهُمۡ يَكِيدُونَ كَيۡدٗا﴾، فێڵ دەکەن بە فێڵکردنێکی گرنگ، فێڵ کردنێك

کە شایستەی خۆیانە، ﴿ وَأَكِيدُ كَيْدًا ﴾، منیش نەخشە دادەنێم نەخشەو پلانێك کە شایستەی خۆم بێ، ﴿ فَمَهِّلِ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴾، ئنجا مۆڵەتی کافرەکان بدە، بواریان پێبدەو لێیان گەڕێ، وازیان لێ بێنە، ﴿ أَمْهِلْهُمْ رُوَيْدًا ﴾، منیش کەمێك مۆڵەتیان دەدەم و بواریان دەدەم.

ئەو مۆڵەتە ماوە کەمەش دوو واتای هەن:

یەکەمیان: مەبەست کۆی ژیانی دنیایە، واتە: من لە ژیانی دنیادا لێیان گەڕاوم و لەسەر خراپەکانیان سزایان نادەم، لەسەر شیرك و کوفر سزایان نادەم و، لەسەر لادان و تاوانیان سزایان نادەم، لێیان گەڕاوم، چونکە لێرەم داناون، لەم ژیانی دنیایەدا بۆ تاقیکردنەوە، بۆیە دەبێ لێیان گەڕێم، بە کەیفی خۆیان وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوەو هەڵسوکەوت بکەن، وەك لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿ فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ
(٢١) لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ (٢٢) إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ (٢٣) فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَكْبَرَ
(٢٤) إِنَّ إِلَيْنَآ إِيَابَهُمْ (٢٥) ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم (٢٦) ﴾الغاشية.

واتە: بیریان بخەوە، تۆ تەنیا تۆ بیرخەرەوەی، تۆ بەسەردا زاڵبوویان نی، (دڵیان ناچار بکەی ئیمان و ئیسلامی تێبخەی)، مەگەر کەسێك پشت هەڵبکات و بێبڕوا بێ، ئنجا کەسی وا خوا سزای هەرە گەورەی دەدا، بە دڵنیایی گەڕانەوەیان بۆ لای ئێمەیەو، ئنجا لێپرسینەوەشیان لەسەر ئێمەیە. ﴿ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ﴾یش، جیاکردنەوەی پچڕاو (إِسْتِثناء مُنقَطِع)ە، چونکە کەسێك کە پشت هەڵدەکاو بێبڕوا دەبێ، بەشێك نیە لەوانەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەستەڵاتی بەسەردا هەبن، کە دەفەرموێ: ﴿ لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ (٢٢) إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ﴾، وەنەبێ کەسێك پشت هەڵبکاو بێبڕوا بێ، پێغەمبەر ﷺ بەسەریدا زاڵ بێ و وای لێ بکات بڕوا بێنێ! نەخێر، بەڵام کەسێك پشت هەڵبکاو بێبڕوا بێ: ﴿ فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَكْبَرَ ﴾، ئنجا خوا سزای گەورەترینی دەدا، بێگومان لە ڕۆژی دواییدا، وەك لە سووڕەتی (السجدة)دا، خوا باسی سزای گەورەتر دەکات، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە دنیادا هەرچی بەسەربێ، هەر بە سزایەکی گچکە

دادەنرێ، لە سوورەتی (**السجدة**)دا، دەفەرموێ: ﴿وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنَ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَدْنَىٰ دُونَ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَكْبَرِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ۝٢١﴾، بە دڵنیایی ئێمە سزای کەمترین و نزیکترینیان دەدەین، جگە لە سزای گەورەتر، ﴿لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾، بەڵکو بگەڕێنەوە، بەڵام سزای گەورەتر، بێگومان لە ڕۆژی دواییدایە.

لێرەش خوای باڵادەست فەرمان بە پێغەمبەر دەکات، کە تۆ لێیان گەڕێ، من کەمێك مۆڵەتیان دەدەم، کە مەبەست لە کەمێك، ژیانی دنیایە بە گشتیی.

دووەمیان: دەشگونجێ مەبەست لە کەمێك (**رويدا**) ئەوەبێ تۆ لێیان گەڕێ، دوای ماوەیەکی دیکەی کەم، ئەوانە ئەو کوفرو زوڵم و خراپەیەی دەیکەن، بەشێك لە سزای ئەوە دەچێژن، ئەویش مەبەست پێی ئەوەیە هەندێك بەڵایان بەسەردێن، چ گرانیی بێ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ دوعای لێکردن: {**أَللَّهُمَّ اجْعَلْهَا سِنِينَ كَسِنِي يُوسُفَ**} (**أخرجه البخاري**: ٩٦١)، واتە: خوایە ساڵانێکیان بۆ بنێرە، وەك ساڵەکانی یوسوف ﷺ، ئەو حەوت ساڵە گرانییەی بەسەر خەڵکی میسردا هاتن، لە ڕۆژگاری یوسوف دا کە لە میسر بوو.

یاخود مەبەست سزادرانی بێبڕوایەکان بێ، لە جەنگ و بەرەنگارییەکانی نێوان خەڵکی ئیسلام و خەڵکی کوفردا، بۆ وێنە: لە جەنگی بەدردا حەفتا (٧٠) لە بڕیار بەدەستەکانیان لێ کوژران و، حەفتاشیان لێ بەدیل گیران، هەروەها لە جەنگەکانی دیکەشدا کەم و زۆر تووشی زیان و زەرەرە بوون، تاکو یەکجاریی کوفرو شیرك لە نیوە دورگەی عەرەبییدا دەسەڵاتی نەما، بەڵام زیاتر وا پێدەچێ مەبەست واتای یەکەمیان بێ، کە بۆ ڕۆژگاری پێغەمبەریش ﷺ و، بۆ ئێستاش و، بۆ دوای ئێستاش هەروایە، خوا سبحانە و تعالی کەمێك مۆڵەتی مرۆڤەکان دەدا بەگشتیی، بەتایبەت بێبڕوایان ژیانی دنیا بەو شێوەیە بگوزەرێنن، کە خۆیان حەزی لێ دەکەن، دوایی خوا سبحانە و تعالی لە کاتی خۆیدا، بە پێی ئەو سیستمەی داناوە لە ڕۆژی دواییدا، سزاو پاداشتیان بەسەردا جێ بەجێ دەکات، هەر کەسە بەپێی خۆی.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی، ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ بە شێوەیەك ژیانی دنیامان بگوزەرێنین، شایستەی ئەوە بین پاداشتمان بداتەوەو، بە هۆی لە خزمەت قورئاندا ژیانەوە، ژیانمان ڕێك و ڕاست و پاك و ساغ بکات، ژیانی دنیامان ژیانێکی بەختەوەرانەو پاك و ڕاست بکات، تاکو سەرەنجامیشمان بەو شێوەیە بێ، چونکە پێغەمبەری کۆتایی ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێك لە سەرچی بژی، لەسەر ئەوەش دەمرێ و، لەسەر چیش بمرێ، لەسەر ئەوەش زیندوودەبێتەوە[1].

لێرەدا کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی (**الطارِق**) دێنین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

---

(١) {يُبْعَثُ كُلُّ عَبْدٍ عَلَى مَا مَاتَ عَلَيْهِ} أخرجه عبد بن حميد: ١٠١٣، ومسلم: ٢٨٧٨، وابن حبان: ٧٣١٩، والحاكم: ٣٦٨٨.

تەفسیری سوورەتی

الأعلى

دەستپێک

بەڕێـــــزان!

ئەمڕۆ (٢٨)ی مانگی (**ذي القعدة**)، {واتە: مانگی (١١)ی} ساڵی (١٤٤١)ی کۆچیی، بەرانبەر (١٩)ی تەممووز، {واتە: مانگی (٧)ی} ساڵی (٢٠٢٠) زاینییە، لە شاری دێرینی هەولێر، خوا پشتیوانبێ دەست دەکەین بە تەفسیرکردنی سووڕەتی (**الأعلى**).

پێناسەی سووڕەتی (الأعلى)و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە:

زۆربەی هەرەزۆری ڕوونکەرەوانی قورئان، ناوی: (**سورة الأعلى**)یان بۆ بەکارهێناوە، بەڵام وێڕای ئەوە ناوی: ﴿ سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى ﴾شیان بۆ بەکارهێناوە، وەك لە چەند دەقێکەوە دیارە، بۆ وێنە:

١)- {**عَنِ الْبَرَاءِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: أَوَّلُ مَنْ قَدِمَ عَلَيْنَا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ ﷺ مُصْعَبُ بْنُ عُمَيْرٍ، وَابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ فَجَعَلَا يُقْرِئَانِنَا الْقُرْآنَ، ثُمَّ جَاءَ عَمَّارٌ وَبِلَالٌ وَسَعْدٌ، ثُمَّ جَاءَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ فِي عِشْرِينَ، ثُمَّ جَاءَ النَّبِيُّ ﷺ فَمَا رَأَيْتُ أَهْلَ الْمَدِينَةِ فَرِحُوا بِشَيْءٍ فَرَحَهُمْ بِهِ حَتَّى رَأَيْتُ الْوَلَائِدَ وَالصِّبْيَانَ يَقُولُونَ: هَذَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ قَدْ جَاءَ، فَمَا جَاءَ حَتَّى قَرَأْتُ سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى، فِي سُوَرٍ مِثْلِهَ**} (**أخرجه البخاري**: ٤٦٥٧، **والنسائي**: ٦٨٦).

واتە: بەڕائی کوڕی عازیب (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: یەکەمین کەسێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کە هات بۆ لامان (بۆ شاری (**يثرب**))، موصعەبی کوڕی عومەیر لەگەڵ ئیبنو ئوممی مەکتووم بوون، (هەندێك گوتوویانە: ناوی عەبدوڵڵایە، هەندێکیش گوتوویانە ناوی: عەمرە)، ئەو دووانە قورئانیان پێ دەخوێندین، دوایی عەممارو بیلال و سەعد،

(خوا لێیان ڕازی بێ) هاتن، دوایی عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێ) لەگەڵ بیست کەسدا هات، دواییش پێغەمبەر ﷺ هات، خەڵکی مەدینەم نەبینیوە، دڵخۆش بن بە هیچ شتێك بە ئەندازەی دڵخۆشییان بە هاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ، تەنانەت کچانی گچکەو کوڕانی گچکەم دەبینین، دەیانگوت: ئەوە پێغەمبەری خوایە ﷺ هات، ئنجا پێغەمبەر نەهات تاکو من سووڕەتی: ﴿سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى﴾م خوێند، (واتە: لەبەرم کرد)، لەگەڵ چەند سووڕەتێکی دیکەی هاو وێنەیدا.

کەواتە: وێڕای ناوی (الأعلى)، ناوی (سَبِّح اسْمِ رَبِّكَ الأَعلى)یشی بۆ بەکارهاتوە.

٢)- {عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ رضي الله عنه، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَقْرَأُ فِي الظُّهْرِ بِسَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى} (**أخرجه مسلم**: ٨٧٨، **وأبو داود**: ١١٢٢، **والترمذي**: ٥٣٣، **والنسائي**: ٨٦٥).

واتە: جابری کوڕی سەمورە (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ لە نوێژی نیوەڕۆدا سووڕەتی: ﴿سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى﴾ی، دەخوێند.

٣)- {عَنْ عَائِشَةَ رَضِي الله عَنْها، قالَت: كَانَ النَّبِيُّ يَقْرَأُ فِي الوَتْرِ فِي الرَّكْعَةِ الْأُولَى بِسَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى، وَفِي الثَّانِيَةِ بِقُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ، وَفِي الثَّالِثَةِ بِقُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ وَالْمُعَوِّذَتَيْنِ} (**أخرجه أبو داود**: ١٩٢٤، **والترمذي**: ٤٦٣، **وابن ماجه**: ١١٧٣، **والحاكم**: ج١، ص٣٦٥، **وصححه الحاكم على شرطهما، ووافقه الذهبي**).

واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژی وەتردا، (ئەو سێ ڕکاتەی کە دەکەونە دوای شەونوێژ، ئەگەر کەسێك لە خۆی ڕاببینێ شەو خەبەری دەبێتەوە بۆ شەونوێژ، ئەگەرنا دەشگونجێ پێشیان بخات، واتە: پێش خەوتن ئەنجامیان بدا)، لە ڕکاتی یەکەمدا، سووڕەتی ﴿سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى﴾ی دەخوێندو، لە ڕکاتی دووەمدا: ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ﴾و، لە ڕکاتی سێیەمیشدا: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾، لەگەڵ (**مُعَوِّذَتَيْن**)، {واتە: سووڕەتی (**الفَلَق**) و (**النَّاس**)}ی دەخوێندن.

٤)- {عَن أُبَيٍّ بْنِ كَعْبٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: كَانَ يُوتِرُ بِسَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى، وَقُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ، وَقُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ} **(أخرجه أبو داود: ١٤٢٣، والنسائي: ج٣ ص٢٢٤، وإبن ماجه: ١١٧٣، والحاكم: ج٢، ص٢٥٢، وصححه الحاكم ووافقه الذهبي).**

واتە: ئوبەیی کوڕی کەعب (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی وەتری دەکرد، بەو سێ سوورەتانە: لە ڕکاتی یەکەمدا، سوورەتی: ﴿سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى﴾ی دەخوێندو، لە ڕکاتی دووەمدا: ﴿قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْكَـٰفِرُونَ﴾و، لە ڕکاتی سێیەمیشدا: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾.

کەواتە: وێڕای **(سورة الأعلى)**، ناوی: ﴿سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى﴾یشی بۆ بەکارهاتوە، یانی: ئایەتەکە هەمووی.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

بە ڕای زۆربەی زانایان ئەم سوورەتە مەککەییە، بەڵام **(الضحّاك)** بە مەدینەیی داناوە، لەو بارەوەش کە مەککەییە، بەڵگە زۆرن، ئێمە وەك نموونە ئەم دەقە دێنین:

{عَن عَبدِ اللهِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما، قَالَ: نَزَلَتْ سُورَةُ سَبِّحِ اسْمِ رَبِّكَ الأَعْلَى بِمَكَّة} **(أورده السيوطي فِي (الدرُّ المنثور)، ج٨، ص ٤٧٨، ونَسبَهُ لابنِ الضَّرِيس، وَالنحّاس، وابن مَردَوَيه، والبيهقي، وَقَالَ: أخرج ابن مردويه عن عبدالله بن الزبير، وقال: نَزَلَتْ سُورَةُ سبح اسم ربك الأعلى بمكة، الإستيعاب فِي بيان الأسباب: ج٣، ص٥٠٨).**

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس رضي الله عنهما گوتوویەتی: سوورەتی ﴿سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى﴾، لە مەککە هاتۆتە خوار.

هەروەها **(السيوطي)**، پاڵیداوەتە لای **(إبن مُردَوَيْه)**و گوتوویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیریش رضي الله عنهما هەمان شتی گوتوە، کە ئەم سوورەتە لە مەککە دابەزیوە.

هەڵبەتە مەککەیی بوونی ئەم سوورەتە، وێڕای ڕیوایەتەکان، زۆر ئاشکراو دیارە، وەك پێشتریش زۆرجار باسمان کردوە، سرووشتی قورئانی مەککەیی ئاشکرایەو، سرووشتی قورئانی مەککەییش زۆر ڕوونە لەم سوورەتە موبارەکەدا.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

ئەم سوورەتە لە موصحەفدا ژمارەکەی: (٨٧)ەو، لە دابەزینیشدا لە لای جابیری کوڕی زەید، ژمارەکەی (٨)ە، بەڵام لە ئیبنو عەبباس و عیکریمەو حەسەنی بەسرییەوە هاتوە کە (٧)ەمین سوورەتەو، ڕستەی: ﴿ سَنُقۡرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ ﴾ش، بەڵگەی زوو دابەزینی ئەم سوورەتە موبارەکەیە.

ئنجا ئەگەر ئەم سوورەتە موبارەکە (٧ یان ٨)ەمین بێ، گرنگ ئەوەیە یەکێکە لەو سوورەتە موبارەکانەی زوو دابەزیون و، ئەو ڕستەیەش کە دەفەرموێ: ﴿ سَنُقۡرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ ﴾، ئێمە قورئانت پێ دەخوێنین و لە بیرت ناچێ، موژدەیەکی خۆش و گەورەی تێدابووە بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ کە نەخوێندنەوەی هەبووە، نە نووسینی هەبووە: ﴿ وَمَا كُنتَ تَتۡلُواْ مِن قَبۡلِهِۦ مِن كِتَٰبٖ وَلَا تَخُطُّهُۥ بِيَمِينِكَۖ إِذٗا لَّٱرۡتَابَ ٱلۡمُبۡطِلُونَ ﴿٤٨﴾ ﴾**العنکبوت**، واتە: تۆ پێش وی (قورئان)، نە هیچ کتێبێکت خوێندۆتەوەو نە هیچ شتێکت بە دەستی ڕاستت نووسیوە، ئەگەرنا ئەوانەی لەسەر ناهەقن دەکەوتنە دوو دڵییەوە، ئەگەر خوێندن و نووسینت هەبووایە، بەڵام ئێستا کە خوێندن و نووسینت نیە، ئەو قورئانەش بەو شێوەیە بەوان ڕادەگەیەنی، کەواتە: دیارە خوا ﷻ فێری کردووی، ئنجا کە خوا پێی فەرموو: قورئانت پێ دەخوێنین و لە بیریشت ناچێ، بێگومان دڵخۆشیی و موژدەیەکی گەورە بووە بۆ پێغەمبەر ﷺ.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

بەیەکدەنگیی ژمێرەرانی ئایەتەکانی قورئان، ئەم سوورەتە موبارەکە، نۆزدە (١٩) ئایەتە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئەم سوورەتە وێڕای کورتییشی، شەش تەوەری جۆراوجۆری گرتووتە خۆی، کە ئەمانەن:

١- فەرمانکردن بەپاکگرتنی ناوی خواو، ناساندنی خوا، لە میانی پێنج لە کارە ناوازەکانیدا.

٢- دڵنیاکردنەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە خوا قورئانی فێر دەکات و، لە بیریشی ناچێتەوە، بۆ چاکەش ئاسانی دەکات.

٣- فەرمانکردن بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ کە هەر کات زانیی ئامۆژگاریی سوودی هەیە، بیکات، هەر کەس سام و هەیبەتی خوای لە دڵدا هەبێ، بەهرەمەند دەبێ و، بابای خراپەکاریش دووچاری ئاگری هەرە گەورە دەبێ، کە نەمر نەژی تێیدا دەبێ، ئەو جۆرە کەسەش خۆی لێ بە دوور دەگرێ.

٤- ڕاگەیاندنی سەرفرازیی بابای خۆ تەزکیەکاری ناوی خوا هێنەری نوێژکەر.

٥- سەرزەنشتکردنی خەڵك لەسەر هەڵبژاردنی دنیا، هەرچەندە دواڕۆژ لە خودی خۆیدا باشترەو بەردەوامیشە.

٦- ڕاگەیاندنی ئەوەی ئەو ڕاستییانە لە نامەو پەڕاوە پێشووەکانیشدا هەن، کە خوا بۆ پێغەمبەرانی پێشووی ناردوون، بە تایبەتی هی ئیبراهیم و مووسا (سەلامی خوایان لێ بێ).

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

چوار تایبەتمەندیی لێ دەخەینە ڕوو:

١- دەست پێکردنی بە وشەی: (سَبِّحِ)، پێشتریش گوتوومانە: حەوت سوورەت بە پاکگرتنی خوا دەست پێدەکەن: یەکەمیان سوورەتی (**الإسراء**)ە: ﴿سُبْحَٰنَ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا مِّنَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ إِلَى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا ٱلَّذِى بَٰرَكْنَا حَوْلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنْ ءَايَٰتِنَآ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١﴾﴾.

دووەم: سوورەتی **(الحديد)**ە: ﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ۝١ ﴾.

سێیەم: سوورەتی **(الحشر)**ە: ﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ۝١ ﴾.

چوارەم: سوورەتی (الصف)ە: ﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ۝١ ﴾.

پێنجەم: سوورەتی **(الجمعة)**یە: ﴿ يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ ٱلْمَلِكِ ٱلْقُدُّوسِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ۝١ ﴾.

شەشەم: سوورەتی **(التغابن)**ە: ﴿ يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِۖ لَهُ ٱلْمُلْكُ وَلَهُ ٱلْحَمْدُۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ۝١ ﴾.

حەوتەم: سوورەتی **(الأعلى)**یە: ﴿ سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى ۝١ ﴾.

ئەو حەوت سوورەتەی باسمان کردن:

١- سوورەتی **(الإسراء)** بە چاوگی: **(تسبيح)** دەستی پێکردوە: ﴿ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا مِّنَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ إِلَى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا ۝١ ﴾.

٢و٣و٤- سوورەتەکانی: **(الحديد و الحشر و الصف)**، بە کرداری ڕابردوو دەستیان پێکردوە: ﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ ﴾.

٥و٦- هەردووك سوورەتی: **(الجمعة و التغابن)**یش بە کرداری داهاتوو: ﴿ يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ ﴾.

٧- ئەم سوورەتە موبارەکەش بە کرداری فەرمان: ﴿ سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى ۝١ ٱلَّذِي خَلَقَ فَسَوَّىٰ ۝٢ ﴾.

٢- تایبەتمەندیی دووەمی ئەم سوورەتە، ئەم تەعبیرەیە: ﴿ فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكْرَىٰ ﴾، وەبیریان بخەوەو ئامۆژگارییان بکە، ئەگەر ئامۆژگاریی سوودی هەبوو، دوایی باسی دەکەین کە ئەوە مەبەست پێی چییە؟

٣- تایبەتمەندیی سێیەم، ئەو تەعبیرەیە: ﴿ إِنَّ هَٰذَا لَفِى ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ ۝١٨ صُحُفِ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ ۝١٩ ﴾الأعلى، کە تەنیا لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوە.

٤- تایبەتمەندیی چوارەم، وشەی: (غُثَآءً أَحْوَىٰ)، (غثاء)، واتە: گیاو گۆڵ، کە دەبێتە پووش و پەڵاش و وشك دەبێ، (**أَحْوى**)، واتە: ڕەشداگەڕاو، ڕەشهەڵگەراو، ئەمیش تەنیا لێرەدا هاتوە.

حەوتەم و کۆتایی: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمە کۆی نۆزدە (١٩) ئایەتەکان، کە شەش تەوەر دەگرنە خۆیان، دەکەینە یەك دەرس، لەبەر ئەوەی ئەو شەش تەوەرە هەموویان تێکهەڵکێشن، وەك ئاڵقەکانی زنجیرێك پێکەوە پەیوەست و جۆشدراون.

دەرسی ئەم سوورەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان هەر نۆزدە (١٩) ئایەتەکە دەگرێتەوە، ئایەتەکانی: (١ - ١٩)، پێشتریش باسمانکرد: لەو نۆزدە ئایەتەدا، خوای بەرزو مەزن شەش تەوەر دەخاتە ڕوو، کە پێشتریش قسەمان لێکردن و بە خێرایی باسیان دەکەینەوە:

١- فەرمانکردنی خوا ﷻ بە بەپاکگرتنی ناوی خواو ناساندنی خوا، لە میانی پێنج لە کارەکانیدا، لە پێنج ئایەتی سەرەتادا (١ - ٥).

٢- دڵنیاکردنەوەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ کە خوا قورئانی فێر دەکات و لە بیریشی ناچێتەوە، بۆ چاکەش، یان بۆ بەرنامەی ئاسانکراوی خواش، وەریدەچەرخێنێ و ئاسانی دەکات، ئەمیش لە هەر سێ ئایەتی: (٦، ٧، ٨)دا.

٣- فەرمانکردن بە پێغەمبەر ﷺ کە هەر کات زانی ئامۆژگاریی سوودی هەیە، ئامۆژگارییەکەی بکات و، بشزانێ هەرکەس سام و هەیبەتی خوای لە دڵ دابێ، بەهرەمەند دەبێ، بابای خراپەکاریش کە دووچاری ئاگری گەورەتری خوای دادگەر دەبێ، نە تێیدا دەژی، نە تێیدا دەمرێ، ئەمیش لە پێنج ئایەتەکانی: (٩ - ١٣)دا.

٤- ڕاگەیاندنی سەرفرازیی بابای خۆ تەزکیەکاری، ناوی خوای هێنەری، نوێژکەر، ئەمیش لە دوو ئایەتەکانی: (١٤، ١٥)دا.

٥- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە خوا سبحانە و تعالی سەرزەنشتی مرۆڤەکان بە تایبەت دنیا ویستەکانیان دەکات، کە دنیا هەڵدەبژێرن، هەرچەندە دوارۆژ باشترەو، بەردەوامیشە، لە هەردووك ئایەتی: (١٦ و ١٧)دا.

٦- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە ئەوەی گوترا -- بە تایبەت لە ئایەتەکانی کۆتاییدا -- لە نامە پێشووەکانی پەیامی پێغەمبەرانیشدا هاتوە، بە تایبەت نامەو پەیامی هەردوو

پێغەمبەری پایە بەرزی خوا: ئیبراهیم و مووسا سەلامی خوایان لەسەر بێ، لە هەردووك ئایەتی: (١٨ و ١٩)دا.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿ سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى ﴿١﴾ الَّذِي خَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٢﴾ وَالَّذِي قَدَّرَ فَهَدَىٰ ﴿٣﴾ وَالَّذِي أَخْرَجَ الْمَرْعَىٰ ﴿٤﴾ فَجَعَلَهُ غُثَاءً أَحْوَىٰ ﴿٥﴾ سَنُقْرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰ ﴿٦﴾ إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ ۚ إِنَّهُ يَعْلَمُ الْجَهْرَ وَمَا يَخْفَىٰ ﴿٧﴾ وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَىٰ ﴿٨﴾ فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ الذِّكْرَىٰ ﴿٩﴾ سَيَذَّكَّرُ مَن يَخْشَىٰ ﴿١٠﴾ وَيَتَجَنَّبُهَا الْأَشْقَى ﴿١١﴾ الَّذِي يَصْلَى النَّارَ الْكُبْرَىٰ ﴿١٢﴾ ثُمَّ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ ﴿١٣﴾ قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ فَصَلَّىٰ ﴿١٥﴾ بَلْ تُؤْثِرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا ﴿١٦﴾ وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ ﴿١٧﴾ إِنَّ هَٰذَا لَفِي الصُّحُفِ الْأُولَىٰ ﴿١٨﴾ صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ ﴿١٩﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە. ناوی پەروەردگاری هەرە بەرزت بەپاك بگرە ﴿١﴾ ئەو کەسەی دروستیکرد (هەموو شتێك)، ئنجا ڕێك و پێکی کرد ﴿٢﴾ ئەو کەسەش کە ئەندازەگیریی (هەموو شتێکی) کرد، ئنجا ڕێنمایی کرد ﴿٣﴾ ئەو کەسەش کە ڕووەك و لەوەڕگای دەرهێنا (لە زەوی) ﴿٤﴾ ئنجا کردیە پووش و پەڵاشێکی ڕەشهەڵگەڕاو ﴿٥﴾ (ئەی موحەممەد! ئەو قورئانەی بۆمان ناردووی) لەمەودوا پێت دەخوێنین، ئنجا لە بیریشت ناچێ ﴿٦﴾ مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ، بێگومان ئەو ئاشکراو ئەوەی پەنهانیش دەبێ دەیزانێ ﴿٧﴾ ئاسانیشت دەکەین بۆ (گرتنی ئایینی) ئاسان ﴿٨﴾ لەمەودوا هەرکەس سام و هەیبەتی هەبێ (بەرانبەر بە خوا) پەند (لە بیرخستنەوەکەت) وەردەگرێ و دێتەوە یادی ﴿٩﴾ ئەو کەسەش کە ملهوڕو بێخێرە، خۆی لێ دوور دەگرێ

﴿١١﴾ ئەو کەسەی بە ئاگرە هەرە گەورەکە (ی خوا) سزا دەدرێ و (بە شێوەیەکی تایبەت) دەسووتێنرێ ﴿١٢﴾ دواییش نە تێیدا دەمرێ و نە دەشژی ﴿١٣﴾ بە دڵنیایی هەر کەس خۆی پاك و چاك کرد، سەرفرازو بە مراد گەیشتوویە ﴿١٤﴾ هەروەها (کەسێك) ناوی پەروەردگاری یادو باس کرد، ئنجا نوێژی کرد ﴿١٥﴾ بەڵکو (زۆربەتان) ژیانی نیزیکتر (ی دنیا) هەڵدەبژێرن ﴿١٦﴾ (مەنزڵگای) کۆتاییش باشترو بەردەوامترە ﴿١٧﴾ ئەمە لە پەڕاوە یەکەمەکاندا هەیە ﴿١٨﴾ پەڕاوەکانی ئیبراهیم و مووسا ﴿١٩﴾﴾.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(سَبِّحِ): بە پاك بگرە، (**السَّبْحُ: المَرُّ السَّريع فِي الماءِ أَوْ فِي الهَواء**)، (سَبْح): بریتیە لە ڕۆیشتنی خێرا بەنێو ئاودا یان بە هەوادا، بە کوردیی مەلەی پێ دەڵێن، مەلەکردن. (**والسَّبحُ: تَنْزيهُ الله**)، (سَبْح): بۆ بەپاکگرتنی خواش بەکاردەهێنرێ، (**وَالمَرُّ السَّريعُ فِي عِبادَةِ الله**)، ڕۆیشتنی خێرا لە بەندایەتییکردن بۆ خوادا.

(فَسَوَّىٰ): (**تَسْويَةُ الشَّيءِ: جَعلهُ سَواءً**)، (تَسْوية)ی شتێك بریتیە لە ڕێکخستنی و ڕێك و پێك کردنی.

(قَدَّرَ): (**القَدَرُ: التَّقْديرُ، تَبيينُ كَمّيَّةِ الشَّيْءِ، قَدَرْتُهُ وَقَدَّرْتُهُ**)، واتە: (قَدَّرَ)، لە (قَدَر)وە هاتوە، (**تَقْدير**): بریتیە لە دیارییکردنی ئەندازەی شتێك، دەگوترێ: (**قَدَرْتُهُ**) و (**قَدَّرْتُهُ**): هەردووکیان بە یەك واتان، واتە: ئەندازەگیرییەکەیم، دیارییکرد، ئەندازەگیرییم کرد.

(الْمَرْعَىٰ): لە (رعي)یەوە هاتوە، (**الرَّعيُ: حِفْظُ الحَيْوانِ، إمَّا بِالغِذَاءِ الحَافِظِ لِحَياتِهِ، وَإمَّا بِذَبِّ العَدوِّ عَنْهُ**)، (رَعي): بریتیە لە پاراستنی ئاژەڵ، یان بەو خواردنەی ژیانی دەپارێزێ، یاخود بەوەی دوژمنی لێ دووربخرێتەوەو بپارێزرێ، (**المرعى: مَكَانُ الرَّعي**)، شوێنی تێدا لەوەڕان، شوێنێ کە ئاژەڵ لەوەڕی تێدا بخوات.

(غُثَآءً أَحۡوَىٰ): (الغثاء: غُثاءُ السَّيْلِ وَالقِدْرِ)، (غُثَاءُ): پووش و پەڵاش و کەف و کوڵ، چ ئەوەی لەسەر لافاوو لێزماو پەیدادەبێ، چ ئەوەی لەسەر مەنجەڵێك کە دەکوڵێنرێ، ئەو کەفەی دەکەوێتە سەری، پێی دەگوترێ: (غُثَاء).

(أَحۡوَىٰ): (الأَحْوَاءُ، أي: شَديدُ السَّواد)، واتە: زۆر ڕەش، (والحُوَّةُ: شَديدةُ الخُضْرَة)، (حُوَّة)، واتە: زۆر سەوز، سەوزیش کە زۆر تۆخ بۆوە بە لای ڕەشییدا دەشکێتەوە.

(لِلۡيُسۡرَىٰ): (اليُسر: السَّهْلُ، واليُسْرُ، ضِدُّ العُسْرِ)، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَنُيَسِّرُكَ لِلۡيُسۡرَىٰ ﴾، واتە: تۆ ئاسان دەکەین بۆ گرتنی ڕێی ئاسان، کە ڕێی خوایە، ئنجا (لِلۡيُسۡرَىٰ): بە مانای ئاسان دێ، ئاسانیش (يُسْر) پێچەوانەی (عُسْر)ە، (يُسْر)، ئاسان و سێنا، (عُسْر)، واتە: زەحمەت و قورس.

(سَيَذَّكَّرُ): وەبیری دێتەوە، یاخود: پەند وەردەگرێ، (الذِّكْرَى: كَثْرَةُ الذِّكْرِ وَهوَ أَبْلَغُ مِنَ الذِّكْرِ)، (ذِكْرَى): بە مانای زۆر یادکردن، یاخود زۆر باسکردن، مانایەکەی بەهێزترە لە (ذِكْر)، (ذِكْر) یانی: یادکردن، باسکردن، بەڵام (ذِكْرَى)، واتە: زۆر یادکردن، یاخود زۆر باسکردن.

(ٱلۡأَشۡقَى): (أَشْقَى)، ڕێژگەی زێدەڕۆییە لە (شَقَاوَة)وە هاتوە، (الشَّقَاوَةُ: خِلَافُ السَّعَادَة)، واتە: بەدبەختیی، پێچەوانەی بەختەوەرییە، (ٱلۡأَشۡقَى): کەسێکی زۆر بەدبەخت و بێبەش، کە بۆ خۆی وای لە خۆی کردوە.

(تُؤۡثِرُونَ): (أَيْ: تُفَضِّلونَ وَتَخْتَارون، وَالإِيْثَار هوَ: الإِخْتيارُ بَيْنَ مُتَعَدِّدٍ)، (تُؤْثِرُونَ) واتە: هەڵدەبژێرن، (إِيْثار): بریتیە لە هەڵبژاردنی شتێك لە نێو چەند شتێکدا.

(صُحُفِ): (الصُّحُفُ: جَمْعُ صَحِيفَة، وَهيَ المَبْسوطُ مِنَ الشَّيْءِ، وَالصَّحِيْفَةُ مَا يُكْتَبُ فِيْهَا، والجَمْعُ صُحُف وصَحَائِفْ)، (صُحُف) کۆی (صَحِيفَة)یە، ئەویش هەر شتێکە شتی تێدا بنووسرێ و، بڵاوبکرێتەوە، وشەی (صَحِيفَة) بە (صُحُف)و (صحائف)، کۆ دەکرێتەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوای بەرز لە سەرەتای ئەم سوورەتەدا دەفەرموێ: ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴾، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، وەك زۆرجار گوتوومانەو دووبارەی دەکەینەوە، هەر کاتێك مرۆڤ دەڵێ: ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴾، ئنجا چ بۆ قورئانخوێندن بێ وەك ئێستا، چ بۆ هەر کارێکی دیکەی گرنگ، کە ناوی خوای لێ دێنێ، پێویستە بەلای کەمەوە چوار واتایان لە عەقڵ و دڵی خۆی دا ئامادە بکات:

١- ئەم کارە بەناوی خواوە ئەنجام دەدەم.

٢- ئەم کارە بە پێی بەرنامەی خوا، ئەنجام دەدەم.

٣- ئەم کارە بەمەبەستی وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

٤- ئەم کارە بە هەوڵ و توانایەك کە خوا بۆی ڕەخساندووم، ئەنجام دەدەم.

تەوەری یەکەم: خوا سبحانە و تعالی فەرمان بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکات: ﴿ سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى ﴾، ناوی پەروەردگاری هەرە بەرزت بە پاك بگرە، بەبێ خەوش بگرە، دووری بخەوە لە هەر لەکەو هەڵەو پەڵەو کەم و کوورییەك، دوایی چەمکەکەی زیاتر ڕوون دەکەینەوە لەکاتی خستنەڕووی مەسەلە گرنگەکاندا، هەندێك لە زانایان گوتوویانە: لێرەدا وشەی: (إسم)، تێخزێنراو (**مُقْحَم**)ە، ئەگەرنا لە ئەسڵدا ئاوایە: پەروەردگاری هەرە بەرزت بە پاك بگرە، بەڵام وێڕای ئەوەی بە پاکگرتنی پەروەردگار هەیە، بە پاکگرتنی ناوی پەروەردگاریش سبحانە و تعالی هەیە، بە پاکگرتنی ناوی پەروەردگاریش زۆر بوارو ڕەهەندی هەن:

١- یەکێك لە بوارو ڕەهەندە گرنگەکانی ئەوەیە، ناوی خوا لەگەڵ ناوەکانی جگە لە خوادا تێکەڵ نەکرێ.

٢- هیچ ناوێکی خوا بۆ جگە لە خوا بەکارنەهێنرێ.

٣- هیچ ناوێك بۆ خوا بەکارنەهێنرێ، ئەگەر خوا بۆ خۆی یان پێغەمبەرەکەی ﷺ بۆی بەکارنەهێنابێ.

٤- هەروەها ناوی خوای پەروەردگار پێویستە بە ڕێزو بە حورمەتەوە بهێنرێ.

﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴾، (ئەو پەروەردگارە هەرە بەرزەت) کە هێناویەتە دی و ڕێك و پێکی کردوە، ﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ ﴾، یانی: (خَلَقَ الخَلْقَ)، ﴿ فَسَوَّىٰ ﴾، یانی: (فَسَوّاهُ)، ئەو پەروەردگارە هەرە بەرزەت کە هەموو دروستکراوەکانی هێناونە دی و پەیدای کردوون، ﴿ فَسَوَّىٰ ﴾ ڕێکیخستوون و ڕێك و پێکی کردوون، بۆیەش بەرکاری (خَلَقَ) و (سَوَّى) قرتێنراون، چونکە بە سیاق و سەلیقە دیارە، کە مەبەست پێیان هەموو شتێکە، خوا هەموو شتێکی خوڵقاندوە، هەموو شتێکیشی ڕێك و پێك کردوەو ڕێکیخستوە، ﴿ وَٱلَّذِى قَدَّرَ فَهَدَىٰ ﴾، لێرەش دیسان بەرکاری ﴿ قَدَّرَ ﴾ و بەرکاری ﴿ فَهَدَىٰ ﴾، هەردووکیان قرتێنراون، ﴿ وَٱلَّذِى قَدَّرَ ﴾، ئەو پەروەردگارە هەرە بەرزەت کە هەموو شتێکی ئەندازەگیریی کردوە، (قَدَّر كُلَّ شَيءٍ)، ﴿ فَهَدَىٰ ﴾، ئنجا هەموو شتێکیشی ڕێنمایی کردوە (فَهَدى كُلَّ شَيء).

﴿ وَٱلَّذِىٓ أَخْرَجَ ٱلْمَرْعَىٰ ﴾، ئەمە سیفەتی پێنجەمی پەروەردگاری هەرە بەرزە، یان کاری پێنجەمیەتی، ئەو زاتەی لەوەڕگای دەرهێناوە، بێگومان لەوەڕگای لە زەوی دەرهێناوە، ﴿ فَجَعَلَهُۥ غُثَآءً أَحْوَىٰ ﴾، دوایی گێڕاویەتی بە پووش و پەڵاشێکی ڕەشهەڵگەڕاو، یاخود: گێڕاویەتی بە پووش پەڵاشێکی سەوزی تۆخ، بەڵام زیاتر مەبەست پێی ڕەشهەڵگەڕاوو ڕەشداگەڕاوە.

ئەمە تەوەری یەکەم کە لەم پێنج ئایەتە موبارەکەدا خراوەتە ڕوو، کە بریتیە لە فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەر ﷺو، بە هەر کەسێك لە دوای پێغەمبەرەوە ﷺ دەڕوات، ناوی پەروەردگاری هەرە بەرزی بە پاك بگرێ، کە ئەو پێنج کارەی ئەنجامداون:

١- هەموو شتێکی هێناوەتە دی.

٢- هەموو شتێکی ڕێکخستوە.

٣- هەموو شتێکیشی ئەندازەگیریی کردوە.

٤- هەموو شتێکیشی ڕێنمایی کردوە.

٥- لەوەڕگای لە زەوی دەرهێناوەو واشی لێکردوە، ڕەشهەڵگەڕێ دوای ئەوەی وشك دەبێ.

تەوەری دووەم: ﴿ سَنُقْرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ ﴾، ئێمە لەمەودوا بە تۆ دەخوێنین (واتە: قورئانت پێ دەخوێنین، قورئانت فێر دەکەین)، لە بیریشت ناچێ، پێغەمبەری خوا ﷺ وەك لە سوورەتی (**القيامة**)شدا باسمان کردو، لە تەفسیری سوورەتی (**طه**)شدا، جاری وا هەبووە پەلەی کردوە کە قورئانی بۆ دابەزیوە، زوو گوتوویەتەوە، نیگەرانی ئەوە بووە نەوەك وشەیەکی لە بیر بچێ.

لێرەدا خوا سبحانه و تعالى، دڵنیای دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿ سَنُقْرِئُكَ ﴾، قورئان بە تۆ دەخوێنین، ﴿ فَلَا تَنسَىٰٓ ﴾، لە بیریشت ناچێ، ﴿ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ﴾، مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ، ئەمە وەك زۆر لە ڕوونکەرەوانی قورئان گوتوویانە، تەنیا بۆ دەرخستنی ڕەهایی ویستی خوای باڵا دەستە، ویستی خوای بەرزو مەزن هیچ کۆت و بەندێکی لەسەر نیە، یاسایەکانی خوا (**سنن الله**) نابنە پەرچ و کۆسپ لە بەردەم ویستی ڕەهای خوای تاك و پاك دا، خوا ﷻ خۆی یاسایەکانی داناون و، هەر کاتێك ویستیشی ئەو یاسایانە لادەباو، بە پێی یاسایەکی دیکە، مامەڵە دەکات، چونکە هیچ شتێکی خوا ﷻ گۆترەکاریی و بێ یاسایی نیە.

﴿ إِنَّهُۥ يَعْلَمُ ٱلْجَهْرَ ﴾، بە دڵنیایی خوا ئاشکرا دەزانێ، ﴿ وَمَا يَخْفَىٰ ﴾، هەروەها ئەوەش کە پەنهانیش دەبێ، ئەوەی دەشاردرێتەوە، ئەوەش دەزانێ، ﴿ وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَىٰ ﴾، تۆش ئاسان دەکەین بۆ ڕێی ئاسان، ڕێی ئاسانیش بریتیە لە کۆتا پەیامی خوای پەروەردگار، هەموو پەیام و بەرنامەکانی خوا، ئاسان بوون، بە تایبەت دوا پەیامی خوا، کە بۆ کۆی مرۆڤایەتیی ناردوە، نەك وەك کاردانەوەی هەندێك بارودۆخی تایبەت، وەك خوا

سبحانە و تعالى ئینجیلی ناردبوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەندێك لەو سزایانەو، لابردنی هەندێك یاسا کە خوا بەسەر گەلی جوولەکەدا سەپاند بوونی، لەسەر زێدەڕۆیی و تاوان و لادانیان، ئیسلام وەك حاڵەتی کاردانەوە نەهاتوە، بەڵکو وەك بەرنامەیەکی گشتیی هاتوە، لەلایەن خوای پەروەردگارەوە بۆ هەموو مرۆڤایەتیی.

تـەوەری سێیەم: ئەمیشـیان لـە پێنـج ئایـەت: (٩ - ١٣) پێـك دێ: ﴿ فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكْرَىٰ ﴾، ئەگـەر بیرخسـتنەوەو ئامۆژگاریـی کـردن، سـوودی هەبـوو، ئامۆژگاریـی بکـەو بیریـان بخـەوە، دوایـی ئـەوە زیاتـر ڕوون دەکەینـەوە: ئەگـەر سـوودی هەبـوو، یانـی چـی؟ یەکێـك لـە واتایەکانـی ئەوەیـە کـە ئەگـەر بزانـی قسـەکەت جێناگـرێ، مەیکـە، پێشـینان گوتوویانـە: (قسـە بکـە، جـێ بگـرێ، ڕبـە بپێـوە سـەر بگـرێ)!

قسەیەك کە بزانێ جێ ناگرێ، نەیکەی باشە، ئامۆژگاریی کردنێك بزانی شوێنی خۆی نیەو کاتی خۆی نیەو گونجاو نیە، نەیکەی باشە، بۆ ئەوەی قسەکەت خەسار نەبێ، ﴿ سَيَذَّكَّرُ مَن يَخْشَىٰ ﴾، بە دڵنیایی هەر کەس ترس و سام و هەیبەتی (خوای) لە دڵدا هەبێ، پەندو ئامۆژگاریی وەردەگرێ، ﴿ وَيَتَجَنَّبُهَا ٱلْأَشْقَى ﴾، کەسێکیش زۆر بەدبەختە، ئەو کەسەی زۆر خراپەکارو تاوانبارە، خۆی لێ بەدوور دەگرێ، ﴿ ٱلَّذِى يَصْلَى ٱلنَّارَ ٱلْكُبْرَىٰ ﴾، ئەو کەسەی سزا دەدرێ بە ئاگری هەرە گەورە، ﴿ ثُمَّ لَا يَمُوتُ فِيهَا ﴾، دواییش نەتێیدا دەمرێ، دەربازی بێ، ﴿ وَلَا يَحْيَىٰ ﴾، نە تێشیدا دەژی، ژیانێك پێی بگوترێ: ژیان.

تــەوەری چــوارەم: ﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴾، بــە دڵنیایــی کەســێك خــۆی پــاك و چــاك کــردوە، ســەرفرازە، ﴿ وَذَكَرَ ٱسْمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ ﴾ هەروەهــا کەســێکیش کــە نــاوی پــەروەردگاری خــۆی هێنــاوە، نوێــژی کــردوە.

هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ﴿ وَذَكَرَ ٱسْمَ رَبِّهِۦ ﴾، مەبەست پێی: (**ألله أكبر**)ی نوێژی دابەستنە، ﴿ فَصَلَّىٰ ﴾، ئنجا نوێژی کردوە، گرنگ ئەوەیە خوای پەروەردگار ئەو سێیەی پێکەوە هێناون و، سەرفرازیی و بردنەوەی کردۆتە بەرهەمی ئەو سێیانە:

یەکەم: خۆ پاك و چاککردن.

دووەم: ناوی پەروەردگار هێنان.

سێیەم: نوێژ کردن.

تـەوەری پێنجـەم: ﴿ بَلْ تُؤْثِرُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿١٦﴾ وَٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ﴾، ﴿ بَلْ تُؤْثِرُونَ ﴾، خوێندراویشـەتەوە: (بَـلْ يُؤْثِـرُونَ)، بەڵکـو ئەوانـە ژیانـی نیزیکـتر (دنیـا) هەڵدەبژێـرن، ﴿ وَٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ﴾، لـە حاڵێکـدا قۆناغـی کۆتایـی، یانـی: (**المَنْزِلَةُ الأَخِـرَة، الحَيَـاةُ الأَخِـرَة**)، مەنزڵـگای کۆتایـی، ژیانـی کۆتایـی باشتریشـەو زیاتریـش دەمێنێتـەوە، کەچـی ئـەوان ژیانـی دنیـا هەڵدەبژێـرن، لەبـەر ئـەوەی ئێسـتا لەبەردەسـتە.

تـەوەری شەشـەم و کۆتایـی: ﴿ إِنَّ هَٰذَا لَفِى ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ ﴿١٨﴾ صُحُفِ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ ﴿١٩﴾ ﴾، زۆرێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: ئەمـە (**هـذا**) دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەم چەند ئایەتە: ﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ وَذَكَرَ ٱسْمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ ﴿١٥﴾ بَلْ تُؤْثِرُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿١٦﴾ وَٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ﴿١٧﴾ ﴾، ﴿ إِنَّ هَٰذَا لَفِى ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ ﴾، بـە دڵنیایـی ئەمـە لـە پـەڕە پێشووەکانیشـدا هەیـە، واتـە: لـەو پەیـام و بەرنامانـەدا کـە خوا پێشـتر ناردوونـی، بـۆ نموونـە: ﴿ صُحُفِ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ ﴾، نامـەو بەرنامەکانـی، پەڕاوەکانـی ئیبراهیـم ﷺ (**خَلیلُ الله**) و مووسـا (**کَلیمُ الله**)، صـەڵات و سـەڵامی خـوا لەسـەر هەردووکیـان بـێ، واتـە: ئـەوەی باسـکرا لـە بەرنامـەی ئـەو دوو پێغەمبەرەشـدا صـەڵات و سـەلامی خوایـان لەسـەر بـێ، هەبـووە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکردنی خوا ﷻ بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە ناوی پەروەردگاری هەرە بەرزی بە پاك بگرێ، کە هەموو شتێکی دروستکردوەو ڕێك و پێك کردوە، هەروەها هەموو شتێکی ئەندازەگیریی کردوەو، ڕێنمایی کردوە، گیاو گۆڵ و لەوەڕگاشی دەرهێناوەو، گێڕاویەتی بە پووش و پەڵاشێکی وشکی ڕەشهەڵگەڕاو:

خوا دەفەرموێ: ﴿ سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى ﴿١﴾ ٱلَّذِى خَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٢﴾ وَٱلَّذِى قَدَّرَ فَهَدَىٰ ﴿٣﴾ وَٱلَّذِىٓ أَخْرَجَ ٱلْمَرْعَىٰ ﴿٤﴾ فَجَعَلَهُۥ غُثَآءً أَحْوَىٰ ﴿٥﴾ ﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا

١)- ﴿ سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى ﴾، ناوی پەروەردگاری هەرە بەرزت بەپاك بگرە، هەندێکیش گوتوویانە: ﴿ ٱلْأَعْلَى ﴾، دەچێتەوە بۆ (إِسْم)، واتە: ناوی هەرە بەرزی پەروەردگارت بە پاك بگرە، بەڵام ڕای ڕاستتر ئەوەیە کە: ﴿ ٱلْأَعْلَى ﴾، سیفەتی (رَبٌّ)ە، واتە: ناوی پەروەردگاری هەرە بەرزت بە پاك بگرە، بێخەوش تەماشای بکە، ناوی پەروەردگارت دوور بخەوە لە هەر لەکەو پەڵەو کەم و کووڕییەك، (**التّسبيحُ: التَّنْزيهُ عَنِ النَّقَائِصِ وَهوَ مِنَ الأَسْماءِ الَّتي لاتُضافُ لِغَيْرِ اسْمِ اللهِ تَعَالى**)، وشەی: (**تَسْبيح**)، ڕیشە زمانەوانییەکەی بە مانای: (**المَرُّ السَّريعُ في المَاءِ أَوِ الهَواء**)، ڕۆیشتنی خێرا بە نێو ئاوو، بە نێو هەوادا، واتە: مەلەکردن، بەڵام وشەی: (**تَسْبيح**)، بە پاکگرتن لە کەم و کووڕییان لەو ناوانەیە کە تەنیا پاڵ دەدرێتە لای ناوی خوای بەرز سبحانە و تعالى، واتە: بۆ جگە لە خوا سبحانە و تعالى ئەو ناوە بەکار نایەت، (**الطبري**) (ڕەحمەتی خوای لێ بێ)، ئەم ئایەتە موبارەکە ئاوا مانا دەکات و دەڵێ: (**نَزِّهِ اسْمَ رَبِّكَ أَنْ تَدْعُوَ بِهِ الآلِهَةَ وَالأَوثَان**)، ناوی پەروەردگارت

دوور بخەوە و بەپاکی بگرە لەوەی پەرستراوەکان و بتەکانی پێ بانگ بکەی، واتە: ناوی پەروەردگارت بۆ جگە لە پەروەردگارت بەکار مەهێنە.

{عَن ابْنِ عُمَر رضي الله عنه، أَنَّهُ كَانَ يَقْرَأُ سَبِّحِ اسْمِ رَبِّكَ الأَعْلَى، فَيَقولُ: سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى} الطبري: (٣٧٠٨٣)، واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە خوا لێیان ڕازیبێ، هاتوە، کاتێك ئەمەی دەخوێندەوە: ﴿ سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ﴾، دوای ئەوەی یەکسەر دەیگوت: (**سُبْحانَ رَبِّيَ الأَعْلى**)، وەك جێبەجێکردنی فەرمانی خوا.

هەروەها (**الطبري**)، لە قەتادەوە کە یەکێکە لە زانایانی جیلی دوای هاوەڵان، واتە: شوێنکەوتووان (تابعين) هێناویەتی، گوتوویەتی: (**ذُكِرَ لَنَا أَنَّ نَبِيَّ اللهِ ﷺ كَانَ إِذا قَرَأَها، قال: سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلى**) (جامع البيان: ٣٧٠٨٦).

قەتادە گوتوویەتی: بۆمان باسکراوە: پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە، دەیفەرموو: (**سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلى**)، پاکیی بۆ پەروەردگاری هەرە بەرز.

ئنجا خوا سبحانه و تعالى پێناسەی خۆی دەکات بە پێنج سیفەتی بەرزو ناوازە:

٢)- ﴿ ٱلَّذِي خَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴾، ئەو کەسەی هەموو شتێکی هێناوەتە دی، ئنجا ڕێکیخستوە، ﴿ خَلَقَ ﴾، بەرکارەکەی دیار نیە، ﴿ ٱلَّذِي خَلَقَ ﴾، یانی: (**خَلَقَ الخَلْقَ**) یان (**خَلَقَ الأَشْياءَ**) یان (**خَلَقَ المَوجودات**)، ئەو زاتەی هەموو شتێکی هێناوەتە دی.

﴿ فَسَوَّىٰ ﴾، ڕێکیخستوەو ڕێك و پێکی کردوەو سیستماتیکی کردوە، (**الطبري**)، دەڵێ: (**الَّذي خَلَقَ الأَشْياءَ فَسَوّى خَلْقَها وَعَدَّلَها، وَالتَّسْوِيَةُ: التَّعديلُ**)، ئەو زاتەی هەموو شتەکانی هێناونەدی و ڕێکیخستوون، (دروستکرانیانی ڕێك و پێك کردوە)و، هاوسەنگی کردوون، (**التسوية**)، یانی: (**التَّعديل**)، هاوسەنگکردن و ڕێك و پێك کردن.

ئەوانە سیفەتی یەکەم و دووەم بوون، ئنجا سیفەتەکانی سێیەم و چوارەم دەخاتە ڕوو:

٣)- ﴿ وَٱلَّذِي قَدَّرَ فَهَدَىٰ ﴾، هەروەها کەسێکیش کە ئەندازەگیریی (هەموو شتێکی) کردوە، ئنجا ڕێنمایی (هەموو شتێکیشی) کردوە، (وَٱلَّذِي قَدَّرَ) ئەو زاتەی هەموو شتێکی

ئەندازەگیریی کردوە، خوێندراویشەتەوە: (قَدَرَ)، (قَدَرَ) و (قَدَّرَ)ش، یانی: دیارییکردنی ئەندازەو قەبارەو چۆنیەتیی و چەندێتیی شتێك.

﴿ فَهَدَىٰ ﴾، هەموو شتێکیشی ڕێنمایی کردوە، ڕێی پێشانداوە، خستوویەتە سەر ئەو ڕێیەی پێیدا بڕواو، ئەو ئەرك و کارەی بۆی دیارییکردوە، بەو شێوەیە ئەنجامی بدات، کە کەم و کووڕیی تێدا نەبێ، (**التَّقْديرُ: وَضْعُ المِقْدارِ وَإِيجادُهُ فِي الأَشْياءِ فِي ذَوَاتِهَا وَقِواهَا**) (**تقدير**)، بریتیە لە دانانی ئەندازەی شتێك و پەیداکردنی ئەندازە لە شتەکاندا، هەم لە خودیان دا، هەم لە هێزە پەنهانەکانیاندا، کە دەفەرموێ: (**فَهَدى**)، (**أي: هَدى كُلَّ ما قُدِّرَ إلى مَاقُدِّرَ لَهُ**)، هەر ئەندازەگیرییکراوێکی ڕێنمایی کردوە، بۆ ئەوەی بۆی ئەندازەگیریی کراوە، یەکێك لە ڕوونکەرەوانی قوڕئان دەڵێ: (**قَدَّرَ الأَشْياءَ كُلَّهَا فَهَداهَا إلى أداءِ وَظَائِفها**)، هەموو شتەکانی ئەندازەگیریی کردوون، ڕێنمایی کردوون، بۆ ئەوەی ئەرکەکانی خۆیان بەو شێوەیەی خوا بۆی داناون، جێبەجێ بکەن.

ئنجا سیفەتی پێنجەم دەخاتەڕوو:

٤)- ﴿ وَالَّذِىٓ أَخْرَجَ ٱلْمَرْعَىٰ ﴾، ئەو کەسەی لەوەڕگای (لە زەوی) دەرهێناوە، (**المَرْعى: النَّبْتُ الَّذي تَرْعَاهُ السَّوائِمُ، وأَصْلُهُ إِمَّا مَصْدَرٌ ميمي، أَوْ اسمُ مَكانِ الرَّعْي**)، ﴿ ٱلْمَرْعَىٰ ﴾، بریتیە لەو ڕووەکەی ئاژەڵ دەیخۆن، ﴿ ٱلْمَرْعَىٰ ﴾ش، یان چاوگێکی میمییە، یاخود ناوی شوێنی تێدا لەوەڕانە، لەوەڕگا، ﴿ ٱلْمَرْعَىٰ ﴾، بە کوردیی هەر دەڵێین: لەوەڕگا، زۆرجاریش مەرعا (**مَرعى**) بەکاردەهێنرێ، بە تایبەت ئەو شوێنەی ماڵات و ئاژەڵ تێیدا دەلەوەڕێ.

ئەمانە پێنج سیفەت بوون کە خوا خۆی پێ وەسف و پێناسە کردوون.

٥)- ﴿ فَجَعَلَهُۥ غُثَآءً أَحْوَىٰ ﴾، ئنجا گێڕاویەتی بە پووش و پەڵاشێکی ڕەشهەڵگەڕاو، (**الغُثاءُ: اليابِس مِنَ النَّبَاتِ، وَالأَحْوَى: المَوصُوفُ بالحُوَّةِ وَهِي مِنَ الأَلْوانِ سَمُرَةٌ تَقْرُبُ إلى السَّواد**)، (**غُثاءُ**): ڕووەکی وشك هەڵگەڕاوە، (**أَحْوى**)ش واتە: ئەوەی وەسف دەکرێ بە (**حُوَّة**)، ئەویش لە ڕەنگاندا جۆرێکە مەیلەو بۆرەو لە ڕەشیی نیزیك دەبێتەوە، لێرەدا خوا سبحانه و تعالى خۆی بەو پێنج سیفەتە دەناسێنێ و، پێشتریش فەرموویەتی: ناوی

پەروەردگاری هەرە بەرزت بە پاك بگرە، یانی: ئەو پەروەردگارەت کە ئەوانە کارەکانی:

١- هەموو شتێکی هێناوەتە دی.

٢- هەموو شتێکی ڕێك و پێك کردوە.

٣- هەموو شتێکی ئەندازەگیریی کردوە.

٤- ڕێی بە هەموو شتێك نیشان داوە چۆن بەڕێوەبچێ؟

٥- لە نێو شتەکانیش دا باسی لەوەڕگا دەکات و، دەفەرموێ: لەوەڕگای هێناوەتە دەرێ، دواییش گێڕاویەتی بە پووش و پەڵاشێکی ڕەشداگەڕاو.

زانایان لەو بارەوە کە ئایا خوا سبحانە و تعالی مەبەستی چی بووە، کە لە نێو هەموو دروستکراوەکاندا بە تایبەت باسی لەوەڕگا دەکات، دواییش دەفەرموێ: لەوەڕگایەکەش دوای ئەوەی دەری هێناوە، گێڕاویەتی بە پووش و پەڵاشێکی وشکی ڕەشهەڵگەڕاو و ڕەشداگەڕاو؟:

١- هەندێك گوتوویانە: مەبەست لێرەدا ئەوەیە خوا ژیانی دنیامان دەخاتەوە یاد، کە ژیانی دنیای ئێوەش، وەك ئەو گژوگیاو پاوان و لەوەڕگایە وایە، سەرەتا سەر دەردێنێ، دوایی پێدەگات و هەراش دەبێ، دواییش لە سەوزییان ڕەش هەڵدەگەڕێ، بەڵام دوایی دەبێتە پووش و پەڵاش و وشك دەبێ و کۆتایی دێ، ژیانی ئێوەش بەو شێوەیەو ئاگاتان لە خۆتان بێ، ئێوە بۆ ئەم سەر زەوییە دروست نەکراون، بەڵکو لێرەدا دانراون بۆ تاقیکردنەوە.

٢- هەندێکیش گوتوویانە: خوا سبحانە و تعالی دەیەوێ ئەو گۆڕانکارییەمان تێ بگەیەنێ کە بەسەر ڕووەك و دارو درەخت و گژوگیاو لەوەڕو زەمەندی دا هێناوەو، کردوویەتی بە خەڵووزی بەرد، بەڵکو هەندێك لە زانایانی جیۆلۆجیا دەڵێن: نەوت و غازیش هەر دەگەڕێنەوە بۆ ئەو دارو درەخت و ڕووەکانەی، کاتی خۆی ملیۆنان ساڵ لەمەو پێش بوون، بەر لەوەی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی دروست بێ، چەندان گۆڕانکاریی بەسەر

ئەم زەوییەدا هاتوون، لەوەڕگاو دارستان و ئاژەڵی گەورە گەورەی، وەك دیناصۆرەکان بوون، دوایی گۆڕانکاریی بەسەر زەویدا هاتوەو، ئەوانە کەوتوونە بن زەوی، سەرەنجام کارلێکی کیمیایی لە جەستەیاندا بووەو، بوون بەو نەوت و گازو خەڵووزی بەردو ... هتدەی ئێستا لێیان بەهرەمەندین.

هەرچۆن بێ، بۆ ئێمە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، چ مەبەست پێی ئەوەی ڕابردوو بێ، یاخود مەبەست پێی ئێستاش بێ، دارو درەخت و گژو گیاو لەوەڕو پاوان و لەوەڕگا، دوای ئەوەی وشك دەبن، ڕەش هەڵدەگەڕێن و، جارێکی دیکە دەبنەوە پەین بۆ زەوی، زەوی بەپێزو بەهێز دەکەنەوەو، ساڵێکی دیکە، دووبارە سەوز دەبنەوە.

کورتە باسێک لە بارەی

ڕێک و پێکیی و ڕێنمایی خواوە لە دروستکراوەکانیدا

بە باشی دەزانم لێرەدا کورتە باسێك لە بارەی ڕێك و پێكیی و ڕێنمایی خوای پەروەردگارەوە لە دروستکراوەکانیدا بخەمە ڕوو[1].

لە دە (١٠) خاڵ دا ئەم کورتە باسە دەخەینەڕوو، بە شێوازی خۆم ئەو قسانە دەخەمە ڕوو، هەندێکیان زیاتر تیشکیان دەخەمە سەرو، هەندێکیشیان کورت دەکەمەوەو، هەندێکیشیان شی دەکەمەوە.

خوا سبحانە و تعالى دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ فَسَوَّىٰ ۝٢ وَٱلَّذِى قَدَّرَ فَهَدَىٰ ۝٣﴾، ئەو پەروەردگارەت کە هەموو شتێکی هێناوەتە دی، ڕێك و پێکی کردوە، هەموو شتێکی ئەندازەگیریی کردوەو ڕێنمایی کردوە.

با بزانین ئەو ڕێك و پێکییەی خوا لە دروستکراوەکانیدا دایناوە، ئەو ئەندازەگیرییەی دایناوە، ئەو ڕێنماییەی بۆی داناون، چییەو چۆنە؟ لە دە (١٠) نموونەدا، چەمکی ئەوەی گوتمان دەخەینەڕوو:

یەکەم: گڵ (**تراب**) دوای ئەوەی بەهۆی ئاوەوە دەتوێتەوەو شیی دەبێتەوە، ئەو هەموو ڕووەکە جۆراوجۆرانە لەو گڵە دێنە دەرێ، ئایا ئەگەر هەندێك ئاو بێنین، شەکرو خوێ و ماددەیەکی صابوونیی و ماددەیەکی لیمۆیی و ...هتدی، تێبکەین، دوایی هەندێك لە دەزوولەی موویی بێنین، هەندێك بۆڕی گچکەی وەك دەزوولە، ئایا دەگونجێ ئەو دەزوولانە یەکێکیان تەنیا خوێیەکە بمژێ و، یەکێکیان تەنیا شەکرەکەو، ئەوی دیکە تەنیا ئاوە لیمۆییەکە؟ نەخێر بێگومان ئەوە موستەحیلە، بەڵکو ئەو بۆڕیچکانە ئاوەکە

---

(١) ئەم کورتە باسە لەبەر ڕۆشنایی هەندێك لە قسەکانی دکتۆر (محمد راتب النابلسي)، لە تەفسیرەکەی (تفسیر النابلسي)، بەرگی (١٠)، لاپەڕە: (٣١٧ - ٣١٨)دا، دەخەینەڕوو.

هەمووی دەمژن بەیەکسانیی، چونکە بۆرییەکان نازانن ئەو ئاوە چۆنەو ئەو تامە چییە؟ بەڵکو ئەو تامانەی لەنێو ئاوەکەدان هەموویان بە یەکسانیی دەیانمژن، بەڵام بەپێی سیستمی خوای کاربەجێ لە یەك زەویدا هەمووی وەك یەکە، سێو دەڕوێ، بەهێ دەڕوێ، خۆخ دەڕوێ، ترێ، زۆرجارانیش جگە لەوانە، تەرەکارو شووتیی و کاڵەك و خەیارو ترۆزیی، هەروەها جگە لەوانەش جاری وا هەیە، جۆرەکانی سەوزە: کەوەر، توور، کەرەوز، پیاز، سیر، دیسان جگە لەوانەش: دانەوێڵە، گەنم، جۆ، نۆك، نیسك، هەرزن، ئایا چۆنە سەرجەم ئەو شتە جۆراو جۆرانە لە یەك گڵی وەك یەکدا دەڕوێن و، هەر کامێکیشیان بەرەکەی و میوەکەی، تامێکەو ڕەنگێکەو بۆنێکەو شێوەیەکە؟ وەك خوا سبحانە و تعالى لە سوورەتی (**الرعد**)دا کە کاتی خۆی تەفسیرمان کردوە، دەفەرموێ: ﴿ وَفِي ٱلْأَرْضِ قِطَعٌ مُّتَجَٰوِرَٰتٌ وَجَنَّٰتٌ مِّنْ أَعْنَٰبٍ وَزَرْعٌ وَنَخِيلٌ صِنْوَانٌ وَغَيْرُ صِنْوَانٍ يُسْقَىٰ بِمَآءٍ وَٰحِدٍ وَنُفَضِّلُ بَعْضَهَا عَلَىٰ بَعْضٍ فِي ٱلْأُكُلِ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأَيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٤﴾ ﴾، واتە: لە زەوی چەند پارچە زەوییەکی بەسەر یەکەوە هەن، هەروەها چەند باخێك لە ترێیەکان و کشت و کاڵەکان و درەختی خورمای یەك بنکی دوو قەدو یەك قەد بە یەك جۆرە ئاو، ئاودەدرێ، بەڵام هەندێکی بەسەر هەندێکیدا (لە تام و بۆن و خۆشییدا) هەڵدەبژێرین، بەڕاستیی لەوەدا نیشانە هەن بۆ کۆمەڵێك بفامن.

ئنجا ئایا ئەوە چۆن ڕوودەدا؟ لە وەڵام دا دەڵێین: خوا ﷻ لە نێو ڕەگە وردەکانی ئەو ڕووەکانەدا، واتە: ئەو دەزوولانەی لە نێو ڕەگەکاندان و خواردنەکان دەمژن، سیستم (**نظام**)ێکی وای داناوە: یەکێکیان (پۆتاس) بمژێ و، ئەوی دیکە (ئاسن) و، ئەوی دیکە (فۆسفۆر)و، ئەوی دیکە (کالیسیۆم)، ئەوی دیکە ... هتد، هەر کام لەو توخمانەش یەکێکیان بەو ئەندازەیەو، یەکێکی دیکە بەو ئەندازەیە، بەڵام مرۆڤ ناتوانێ شتی وا بکات و، ئەوە تەنیا بە خوا دەکرێ.

ئەوە نموونەی یەکەم، بۆ ئەوە کە خوا ﷻ هەرچی دروستیکردوە، ڕێکیشیخستوەو، هەرچی ئەندازەگیرییشی کردوە، فێریشی کردوە چۆن بەڕێوەبچێ؟!

دووەم: ماسیی سەڵەموون جۆرە ماسییەکی تایبەتە، کە لە سەرچاوەی ڕووبارەکانی ئەمریکاوە دێ، دوایی کۆچ دەکات، هەتا نێوەڕاستی ئۆقیانووسی ئەتڵەسیی و لەوێدا دەمرێ، ئنجا ئایا بەچکەکانی چۆن جارێکی دیکە لەوێوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتوون، ئەو ڕووبارانەی کاتی خۆی باب و دایکیان، لێیانەوە هاتوون؟ ئەو بەچکانە کە لە نێوەڕاستی زەریای ئەتڵەسییدا، وەك گەرایەك دایکیان دایاندەنێ، دەچنەوە بۆ ئەوێ، دوایی کە لەوێدا گەورە دەبن و گەشە دەکەن، جارێکی دیکە دێنەوە بۆ ئەو شوێنەو، دووبارە گەرایەکانیان دادەنێن و، کە گەورە بوون دەچنەوە بۆ ئەوێ، جاری وا هەیە سەدان، بەڵکو هەزاران کیلۆمەتریان بەینە!!

سێیەم: هەندێك لە باڵندەکانیش جاری وا هەیە نشینگەیان شوێنێکی تایبەتە، بەڵام دەچن لە شوێنێکی دیکەی دوور، هێلانە دەکەن و هێلکانیان تێدا دەکەن و، دەترووکێن و دەبنە بەچکەو هەراشیان دەکەن، زۆرێك لە باڵندەکاندا گەرمێن و کوێستان دەکەن، بۆ وێنە: پەڕەسێلکەو حاجی لەق لەق و، قازو قورینگ، لە وڵاتی خۆماندا هەن، ئەو باڵندانە گەرمیان و کوێستان دەکەن، لە شوێنێك کە لێین، دوای ئەوەی کەشی ساڵ گەرم دەبێ، دەچن بۆ کوێستان و، کە ئەوێش زۆر سارد دەبێ، دێنەوە بۆ گەرمێن، زۆرجارانیش ئەو بەچکانەی دایاندەنێن، بۆ وێنە: حاجی لەق لەق، دوای ئەوەی بەچکەکانی باڵە فڕدەبن و گەورە دەبن و پێدەگەن، لەگەڵ خۆیان دەیانبەن بۆ ئەو شوێنەی دیکە، جاری وا هەیە هەندێ لەو باڵندانە بە چکەکانیان لە شوێنێك دادەنێن، کە ئەو بەچکانە بە ژیانیان شوێنی دایك و بابیان نەبینیوە، کەچی دوایی کە گەورە دەبن، دەچنەوە بۆ ئەوێ! چونکە خوا سبحانە و تعالى هەرچی دروستیکردوە، ڕێك و پێکی کردوەو، هەرچی ئەندازەگیریی کردوە، ڕێشی پێشانداوە.

چوارەم: هەنگ: ئەگەر تەماشای مێشەنگوینە بکەین، وەك لە تەفسیری سوورەتی (النحل) دا کورتە باسێکمان لە بارەی هەنگ و هەنگوینەوە کردوە، ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە، لە ژیانی هەنگدا ئەوەیە خانووەکەی کە دروستی دەکات خانەکان (کەلووەکان)ی، شەش پاڵوویین، نە چوار گۆشەن، نە سێگۆشەن، نە بازنەیین، نە لاکێشەن، بەڵکو شەش

پاڵوویین، شەش گۆشەن، ئەوەش وایکردوە کە هەنگ بە ئەندازەیەکی زۆر کەمیش لەو پانتاییەی ماڵەکەی لێ دروست دەکات، لێی خەسار نەبێ و، ئەگەر سێگۆشە یان بازنەیی یان لاکێشەیی یان چوار گۆشە بوونایە، ئەندازەیەکی لێ خەسار دەبوو، بەڵام بە شێوەی شەش گۆشە، هیچی لێ خەسار نابێ و هەمووشیان دەکەونە پاڵ یەك، ژیانی هەنگ پێویست بەوە دەکات کتێبی تایبەتی لەسەر دابنرێ:

١- ژمارەیەك لە هەنگەکان بەس پاسەوانی دەرگان.

٢- هەندێکیان دەفڕن و دێن و دەچن، بۆ ئەوەی سەرماو گەرمای ژوورەکە لە یەك ئاستدا ڕابگرن، چونکە ئەو گەرایەی دایانناوە، ئەگەر هەوایەکە گەرمتر، یان ساردتربێ، دەمرن.

٣- هەندێکیان تەنیا کاریان ئێشکچێتییەو ئەگەر دوژمنێك، ناحەزێك بێتە کولانەکەیانەوە، ڕێی لێدەگرن، بگرە ئەگەر ڕێیان بۆ نەگیرا خۆشیان بە کوشت دەدەن و دوای ئەوەی ناحەزێك دەچێتە نێو کولانەکەیانەوە، ئەگەر مشك یان مار بێ، یان هەر شتێك بێ، زۆر پێوەی دەدەن هەتا هەموویان دەمرن، دوایی دەورەکەی بە مێو دەتەنن، بۆ ئەوەی بۆن و پیسیی لاشەی ئەو ئاژەڵە زیان بە گەرایەکان و هەنگوینەکەشیان نەگەیەنێ.

پێنجەم: باڵندەیەك لە ناوچەی خۆشمان هەیە پێی دەڵێن: (کەندەسمە)، یاخود: دارکۆڵە (**نَقَّارُ الخَشَب**)، جۆرێکی هەیە تەنیا لەسەر درەختی سنەوبەر و ئەو کرمەی لە نێو درەختی سنەوبەردا هەیە دەژی، جێی سەرنج ئەوەیە کە خوا ﷻ دەندووکێکی بۆ خوڵقاندوە، دەوری دوازدە (١٢ سم) درێژە، هەر کاتێك ویستی ئەو کرمە بخوات، لەسەر قەدی ئەو درەختە ڕادەوەستێ و بەو دەندووکەی کونی دەکات، هەتا دەگاتە سەر ئەو کرمەی لەنێو هەناوو جەرگەی ئەو درەختەدا هەیە، دەڵێی تیشکی لێزەری پێیە، یان تیشکی سەرووی وەنەوشەیی، یاخود ژێر سووری پێیە، کە شوێنی ئەو کرمە بزانێ، بەڵام خوا ڕێنمایی کردوەو، کە دروستیکردوە، ئەندازەگیرییشی کردوە، چۆن بژی؟.

شەشەم: مار لە تاریکایی زۆر ئەنگوستەچاودا دەتوانێ مشك بدۆزێتەوەو بیخوات! جارێك بۆ تاقیکردنەوە مارێکیان هێناوە مێویان لەسەر چاوەکانی داناوەو چاوەکانیان نوساندوون

و لە ژوورێكی تاریكدا دایانناوە، مشكێكیشیان لەوێ داناوە، بەڵام ڕێك چووە مشكەكەی خواردوە، دوایی تەماشایان كردوە دووچاڵی گچكە هەن لەسەریداو بەهۆی تیشكی ژێر سوورەوە شتەكان دەبینێ، دوایی كە هاتوون ئەو دوو چاڵە گچكەیان كە تیشكی ژێر سووریان لێوە دەردەچێ، گرتوویانن، ئنجا نەیتوانیوە نێچیرەكەی خۆی بدۆزێتەوە.

حەوتەم: جۆرێك لە زەردەواڵە و ژەنگەسوورە هەیە، چاڵێك لە زەویدا لێدەدا، دوایی قالۆنچەیەك دەگرێ، لە شوێنێكی تایبەتدا، جۆرێك لە ژەهری خۆی تێدا دادەنێ بێهۆش (تَخدیر)ی دەكات، واتە: ئەوە نیە یەكجاریی بیكوژێ، بەڵكو بێهۆشی دەكات، تاكو بەچكەكانی كە لە دایك دەبن و دێنە دەرێ، یەكسەر خواردنێكی تەڕو تازەیان لەبەردەست دابێ، لاشەی ئەو قالۆنچەیە تەڕو تازەبێ، چونكە ئەگەر بمرێ، وشك هەڵدەگەڕێ، بەڵام هەر بە تەڕو تازەیی دەمێنێتەوە، چونكە جۆرێك لە بەنجی دەكات.

هەشتەم: حەیمەنی پیاو، ژیانداری تۆویی، وەك پێشتریش باسمان كرد، دوای ئەوەی لەگەڵ هێلكۆڵەی نێو ئاوی ئافرەتدا یەك دەگرن، سەرەتا یەك خانەیە، ئنجا دەبێتە دوو، دووەكان دەبنە چوار، چوارەكان دەبنە هەشت، هەشتەكان دەبنە شازدە، دەبنە سی و دوو، دەبنە شەست و چوار، سەدو بیست و هەشت، ...هتد، بەو شێوەیە تاكو دەبن بە هەزاران، بەڵكو بە ملیۆنان، ئنجا ئەو خانانە هەر كۆمەڵەیان دەچن ئەندامێك و، كۆئەندامێك لە جەستەی مرۆڤدا دروست دەكەن، هەندێكی دەچێ مێشك دروست دەكات، هەندێكێ دەچێ دڵ دروست دەكات، هەندێكی ماسوولكەكان دروست دەكات، هەندێكی پێست دروست دەكات، هەندێكی ئێسقان دروست دەكات، هەندێكی چاو دروست دەكات، هەندێكیان خانەی دەمارین و، هەندێكیان خانەی پێستیین و، هەندێكیان خانەی موویین، هەتا هەموو ئەندام و كۆئەندامەكانی جەستەی مرۆڤ دروست دەكەن، ئنجا بەڕاستیی زۆر جێی سەرسوڕمانە كە ئەو خانانە، وەك سوپایەكی مەشق پێكراو ملیۆنانیان دەچن ئەو ئەندامە دروست دەكەن و، ملیۆنانی دیكە دەچن ئەو ئەندامەی دیكە دروست دەكەن، هەمووشیان لە یەك كاتدا، كارەكانیان لە نێو خۆیاندا دابەشكردوون.

نۆیەم: لە نێوان خانەکان و خوێندا پەردەیەك هەیە، وەك ئەوە وایە کۆمەڵە باڵەخانەیەکی بەرز لە لای ڕاست و، کۆمەڵێکی دیکە لە لای چەپ بن، ئنجا دیوارێك هەبێ ڕێ نەدات هیچ کەس لە شەقامەکەوە بچێتە نێو ئەو بینایانەو، لە بینایەکانەوەش بچێتە نێو ئەو شەقامەوەی کە بە نێوەڕاستیاندا دەڕوا، خانەکانیش کە خوا ﷻ لەجەستەی مرۆڤدا خوڵقاندوونی، ماددەی پۆتاسیان تێدا هەیە، ئەو ماددەیەش ئەو جەستەیە پێویستیی بە هەر شتێك هەبێ، وا دەکات، ئەو دەرگایە بە ئەندازەی ئەوەی ئەو پێویستیی پێیەتی، بکرێتەوە، واتە: ئەو خوێنەی دێت و دەچێ بە جەستەدا، خانەکان دەرگایان هەیەو داخراون، بەڵام هەر خانەیەك پێویستیی بەچی بێ، دەرگای خۆی دەکاتەوەو بە ئەندازەی ئەو پێویستییەی لەو خوێنە وەردەگرێ، بۆ وێنە: پەنکریاس پێویستیی خۆی وەردەگرێ و، زراو پێویستیی خۆی وەردەگرێ و، جگەر پێویستیی خۆی وەردەگرێ و، ئەو لووانەی فرمێسك پێویستیی خۆیان وەردەگرن و، لیك پێویستیی خۆی وەردەگرێ، هەر ئەندامێك پێویستی خۆی وەردەگرێ، دوایيش دەرگای خۆی دادەخات! کە بەڕاستیی ئەوە هەر بیر لێکردنەوەی ئینسان زۆر دەتاسێنێ، چ جای بە واقیعیی و کردەیی بیزانێ.

دەیەم: مرۆڤ کاتێك زیاد لە ئەندازەی پێویستی خۆی دەخوات، ئەو خواردنە زیادە -- هەڵبەتە بۆ هەندێ کەس نا بۆ زۆر کەس یەکسەر دەبێتە پاشەڕۆك و فڕێی دەدا، بەڵام بۆ هەندێ کەس خواردنە زیادەکە، وزە زیادەکە کۆدەکرێتەوە لە جەستەداو، دەڵێن: فڵانکەس قەڵەو بووە، بەڵام کاتێك مرۆڤـ بیەوێ خۆی دابەزێنێ، هەموو ئەو چەورییە، هەموو ئەو وزە زیادە، هەموو ئەو کالۆرییە لە لاشەدا کەڵەکە کراوە، دەتوێتەوە، نەك لاشە بچێ ئێسقان و ماسوولکە و گۆشت بتوێنێتەوە، بەڵکو تەنیا ئەو ماددە چەورییە زیادە کە لە لاشەدا کەڵەکە بووەو، پێویستی پێی نیە، بۆ کاتی تەنگانە هەڵیگرتوە، ئەوە دەتوێنێتەوە.

بەسەرهاتێك:

دەگێڕنەوە جارێك شاندێك دەچن بۆ لای عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان، کە یەکێك بووە لە حوکمڕانەکانی بەنی ئومەییە، گەنجێکی کەم تەمەنیان تێدا دەبێ، ئەو سەرەتا

دێتە ژوورێ، عەبدولمەلیك گلەیی و سەرزەنشت لە دەرگەوانەکە دەکات و دەڵێ: ئەوە چییە هەر کەسێك ویستی دێ بۆ لامان، تەنانەت منداڵیش هەر دێن؟ کوڕە گەنجەکە پێی دەڵێ: (أَيُّهَا الأَميرُ! إِنَّ دُخُولِي عَلَيْكَ لَمْ يَنْقُص قَدْرَكَ، وَلكِنَّهُ شَرَّفَنِي، أَصابَتْنا سَنَةٌ أَذابَتِ الشَّحْمَةَ، وَسَنَةٌ أَكَلَتِ اللَّحْمَةَ، وَسَنَةٌ دَقَّتِ العَظْمَةَ، وَبِيَدِكُم فُضُولُ مالٍ، فَإِن كَانَت لِلَّهِ، فَعَلى مَا تَحْبِسَنَّهَا عَنْ عِبَادِهِ، وَإِن كانَتْ لَكُم، فَتَصَدَّقوا بِهَا عَلَيْنا، وَإِنْ كانَتْ لَنَا فَأَعْطُونا إِيَّاهَا).

واتە: ئەی فەرماندە! هاتنی من بۆ لای تۆ، لە ڕێزو پایەی تۆی دانەشکاندوە، بەڵام منی ڕێزدار کردوە، ساڵێکمان گرانیی بەسەرهات، چەوریی و بەزی تواندەوە، ساڵێکی دیکەش گۆشتەکەی خوارد، ساڵێکی دیکەش ئێسکیشی باریك کرد، ئێوەش ماڵ و سامانی زیادەتان لەبەر دەستدا هەیە، ئنجا ئەگەر هی خوایە، بۆچی لە بەندەکانی حەپس دەکەی، (بیدە بە بەندەکانی) و، ئەگەر هی خۆشتانە، چاکەو خێرمان لەگەڵ بکەن و، ئەگەر هی خۆشمانە، بمادەنێ.

واتە: ئەو ماڵ و سامانەی لەبەر دەستی تۆدا هەیە، ئەی عبدوملەلیکی کوڕی مەڕوان! کە جگە لە عومەری کوڕی عەبدولعزیز (ڕەحمەتی خوای لێ بێ)، ئەوانی دیکە هەموویان وابوون، خوا لێیان خۆش بێ، ئەو ماڵ و سامانە لە سێ حاڵ بەدەر نیە: أ- یان بە هی خوای دەزانن، کە هەمووشی لە ئەسڵدا هی خوایە، ئنجا ئەگەر هی خوایە، بیدەن بە بەندەکانی، ب- یان بەهی خۆتانی دەزانن، ئەگەر بەهی خۆشتانی دەزانن، خێرمان پێ بکەن، ج- یان هی خۆمانەو دەستتان لێ بەسەردا گرتووین، ئەگەر هی خۆشمانە بماندەنەوە، عەبدوملەلیکی کوڕی مەڕوان پێی سەرسام دەبێ، ئنجا تێدەگات ئەو شاندەی ئەو کوڕە گەنجەیان کردوە بە دەمڕاست و قسەکەری خۆیان، پێکاویانە.

مەبەستم لێرەدا ئەوەبوو کە ئەو کوڕە گەنجە ئاماژە بەوە دەکات، گرانیی و برسییەتی ساڵێك بەزی تواندەوەو، ساڵی دوایی گۆشت، ئنجا ساڵی ئاینده ئێسك، خوای پەروەردگاریش جەستەی مرۆڤی وا خوڵقاندوە، کە ئەگەر مرۆڤ خواردنی نەبوو و دەستی نەکەوت، یان ئەگەر ویستی خۆی دابەزێنێ، پێشێ چەوریی دەتوێتەوە، دوایی

دەگاتە گۆشت، دوایی دەگاتە ئێسك، ئنجا ئەوە ئەگەر خوا ﷻ ڕێکی نەخستبایەو ڕێنمایی نەکردبایە، هەر لە سەرەتادا ئێسکەکە توابایەوە، یاخود ماسوولکەو گۆشتەکە توابایەوە، پێش چەورییەکەی، بێگومان حاڵ بە جۆرێکی دیکە دەبوو.

مەسەلەی دووەم:

ڕاگەیاندنی خوا ﷻ بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە لەمەودوا قورئانی پێدەخوێنێ و فێری دەکات و، لە بیریشی ناچێ -مەگەر خوا بیەوێ- ئەو (خوا) ئاشکراو پەنهان دەزانێ، بۆ شوێنکەوتنی بەرنامەی ئاسانی خۆی، ئامادەو ئاسانی دەکات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ سَنُقْرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ ﴿٦﴾ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ إِنَّهُۥ يَعْلَمُ ٱلْجَهْرَ وَمَا يَخْفَىٰ ﴿٧﴾ وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَىٰ ﴿٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا

١)- ﴿ سَنُقْرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ﴾، لەمەودوا قورئانت پێ دەخوێنین، لە بیریشت ناچێ، مەگەر ئەوەی خوا ویستبی، (**إِسْنادُ الإِقْراءِ إلى اللهِ مَجازٌ عَقْلِيٌّ، لِأَنَّهُ جاعِل الكَلامِ المَقْروءِ وَآمِرٌ بِإِقْرائِهِ**)، قورئان پێخوێندن، پاڵدانی بۆ لای خوا، مەجازێکی عەقڵییە، چونکە لە ئەسڵدا خوا ﷻ وشە خوێندراوەکەی فەرمووەو، فەرمانیشی کردوە پێی بخوێنرێ (لەڕێی جبریلەوە)، کە دەفەرموێ: ﴿ سَنُقْرِئُكَ ﴾، پێت دەخوێنین، یانی: فێرت دەکەین و شارەزات دەکەین لە فەرمایشتی خۆمان، ﴿ فَلَا تَنسَىٰٓ ﴾ لە بیریشت ناچێ لەوە دڵنیابە، (**نِسیان**): بریتیە لەوەی زانراوێکی پێشتر، کە لە مێشکی مرۆڤدا پارێزراوە، ماوەیەکی کەم، یاخود ماوەیەکی زۆر لە هۆشدان (**ذاکرة**)ی مرۆڤدا نەمێنێ.

کە دەفەرموێ: ﴿ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ﴾، (**المَقْصودُ بِهَذا، شیئان: إذا شَاءَاللهُ نَسَخَ تِلاوَةَ بَعْضِ ما أَنْزَلَ عَلَى النَّبيِّ، أَمَرَهُ بِتَرْكِ قِراءَتِهِ، ومَا يَعرِض نِسْيانَهُ لِلنَّبِيِّ مُؤَقَّتاً**)، مەبەست لەوە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ﴾، مەگەر خوا بیەوێ، دوو شتن:

أ- ئەگەر خوا ویستی هەندێك لە خوێندنەوەی ئەوەی دایبەزاندۆتە سەر پێغەمبەر ﷺ، هەڵیبوەشێنێتەوە، فەرمانی پێ دەکات نەیخوێنێ (و مسوڵمانانیش نەیخوێنن).

ب- ئەوە بووە کە پێغەمبەر ﷺ جاری وابووە شتێکی بە شێوەیەکی کاتیی و بۆ ماوەیەکی کەم، لەبیر چووە (و دوایی هاتۆتەوە بیری)، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ فَلَا تَنسَىٰٓ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ﴾، یانی: (إلاَّ الَّذِي شَاءَ اللهُ أَنْ تَنْسَاهُ)، مەگەر ئەوەی خوا ویستبی لەبیرت بچێ، هەندێکیش گوتوویانە: ﴿ فَلَا تَنسَىٰٓ ﴾، لابردن (**نفي**) نیە، بەڵکو نەهێشتن (**نهي**)ە، یانی: (**فَلا تَنْسى**)، یانی: ئەلیفەکەی لەبەر ئەوەی کۆتایی ئایەتە، بۆیە بەو شێوەیە هاتوە، واتە: لەبیرت نەچێ!، ﴿ سَنُقۡرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ ﴾، پێت دەخوێنین لە بیرت نەچێ، ئەگەرنا لە ئەسڵدا بەمجۆرە بووە: (**فلا تنْسَ**)

بەڵام ئەو جۆرە خوێندنەوەیە زانایان ڕایان لەسەری نیەو، هەر ئەوەیە کە ئەوە موژدەیەکە خوا بە پێغەمبەری ﷺ داوەو هاتۆتەدیش و ئەوە ئیعجازێکی مێژووییشە، چونکە هەرچی خوا ﷻ فێری پێغەمبەری ﷺ کردوە، لەبیری نەچووە، یەکێك لە زانایان دەڵێ: (**وَعْدٌ مِنْهُ لِنَبِيِّهِ أَن يُمَكِّنَه مِنَ القُرآنِ وَحِفْظِهِ عَلَى مَا أُنْزِلَ، بِحَيْثُ يَرْتَفِعُ عَنْهُ النِّسيانُ، يَقْرَأُهُ كَمَا أُنْزِلَ**)، ئەمە بەڵێنە لەلایەن خواوە بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ کە یارمەتیی دەدات و وای لێ دەکات زانیاریی بە قورئان و بە لەبەرکردنی قورئان هەبێ، بەو شێوەیەی دایبەزاندوە، بە شێوەیەك هیچ شتێکی لەبیر نەچێ و، هیچ شتێکیشی لێ لەدەست نەچێ.

کە دەفەرموێ: ﴿ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ﴾، (**إسْتِثْناءٌ مُفِيدٌ لِبَقاءِ قُدْرَةِ اللهِ عَلَى إِطْلاقِهِ، وَذلِكِ لأَنَّ كُلَّ إِنسانٍ لا يَنْسى إِلاَّ مَا شاءَاللهُ نِسيانَهُ**)، ئەمە بۆ هێشتنەوەی دەسەڵات و ویستی خوایە بە ڕەهایی، چونکە هەر کەسێك هەر شتێکی لەبیر دەچێ، بەس ئەوەی لەبیر دەچێ کە خوا ویستوویەتی.

لە ئایەتەکانی دیکەی قورئانیشدا وێنەی ئەمە هاتوە، بۆ وێنە:

أ- لە سوورەتی (**القيامة**)دا هاتوە، دەفەرموێ: ﴿ لَا تُحَرِّكۡ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعۡجَلَ بِهِۦٓ ﴿١٦﴾ إِنَّ عَلَيۡنَا جَمۡعَهُۥ وَقُرۡءَانَهُۥ ﴿١٧﴾ فَإِذَا قَرَأۡنَٰهُ فَٱتَّبِعۡ قُرۡءَانَهُۥ ﴿١٨﴾ ﴾، وەك کاتی خۆی تەفسیرمان کرد.

ب- هەروەها لە سوورەتی (**طه**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَعۡجَلۡ بِٱلۡقُرۡءَانِ مِن قَبۡلِ أَن يُقۡضَىٰٓ إِلَيۡكَ وَحۡيُهُۥۖ وَقُل رَّبِّ زِدۡنِي عِلۡمٗا ﴿١١٤﴾ ﴾.

لێرەش دا خوا ﷻ دڵنیایی داوەتە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە ئەوەی فێری دەکات، لە بیری ناچێ، کەواتە: ﴿إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ﴾، مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ، تەنیا بۆ دەرخستنی ئەوەیە کە ویستی ڕەهای خوای پەروەردگار، هیچ شتێك ڕێی لێ ناگرێ و، ئەگەر خوا بیەوێ لە بیرت بباتەوە، لە بیرت دەباتەوە، بەڵام خوا نەیویستوە لەبیرت بچێتەوە، بۆیەش لە بیرت نەچۆتەوە.

٣)- ﴿إِنَّهُ يَعْلَمُ الْجَهْرَ وَمَا يَخْفَىٰ﴾، بە دڵنیایی ئەو ئاشکراو، ئەوەش کە پەنهان دەبێ، دەیزانێ، (**الجَهْرُ**): بریتیە لە دەرکەوتنی تەواو بۆ هەستی بینین، یاخود هەستی بیستن، لێرەدا (**جهر**)، وەك حاڵەتی لەبیر بوونە، (**يَخْفَى**)ش، وەك حاڵەتی لە بیرچوونە، خوا ﷻ ئاگای لە هەردووك لایان هەیە.

٤)- ﴿وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَىٰ﴾، ئاسانیشت دەکەین بۆ (ڕێی) ئاسان، یان بۆ (شەریعەتی) ئاسان، چونکە وشەی ﴿لِلْيُسْرَىٰ﴾، (**مُؤَنَّثُ الأَيْسَرِ وَهوَ صِفَةٌ لِمَوْصوفٍ مَحْذوفٍ: الطَّرِيقَةِ اليُسْرى أَوِ الشَّرِيعَةِ اليُسْرى**)، ﴿لِلْيُسْرَىٰ﴾، بە مانای ئاسانتر، مێینەی (**أَيْسَرَ**)ە، (**أَيْسَر**)، واتە: ئاسانتر بە باری نێرینەدا، بەڵام (**يُسْرى**)، یانی: ئاسانتر بەباری مێینەدا، لێرەدا (**يُسْرى**) سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، وەك ڕێبازی ئاسانتر، بەرنامەی ئاسانتر.

خاوەنی تەفسیری (**الميزان**)، دەڵێ: (**مُقْتَضى الظَّاهِرِ وَنُيَسِّرُ لَكَ اليُسْرى، لَكِنَّ المَقْصودَ أنْ يُهَيِّئه وَيُجهِّزَهُ لِتَأْدِيَةِ الرِّسَالَةِ**)، واتە: ڕواڵەت خوازیاری ئەوەیە بگوترێ: ئاسانت بۆ سێنا دەکەین، (ڕێی ئاسان بۆ تۆ ئاسان دەکەین)، بەڵام بۆیە دەفەرموێ: ﴿وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَىٰ﴾، چونکە ئامانج ئەوەیە ئامادەو سازی بکات، کە بتوانێ ئەو پەیامە ئاسانەی خوا بگەیەنێ.

(**فخرالدين الرازي**)، لە بارەی حیکمەتی ئەو تەعبیرەوە، دەڵێ: (**الفِعْلُ فِي نَفْسِهِ ماهِيَّةٌ مُمْكِنَةٌ قَابِلَةٌ لِلْوجودِ، وَالعَدَمِ، عَلَى السَّوِيَّةِ، ولكِن إِذَا صَارَ الفَاعِلُ مُيَسَّراً لِلْفِعلِ، يَفْعَلُه**)، هەر کردەوەیەك لە خودی خۆیدا چییەتێکی گونجاوە بۆ بوون و بۆ نەبوون، بەڵام ئەگەر بکەر وا بوو ئەنجامی بدات، ئەو کاتە ئەو کردەوەیە (کە لە ئەسڵدا بۆ هەردووك لای بوون و نەبوون گونجاوە)، حاڵەتی بوونی بەسەر نەبوونیدا زاڵ دەبێ و دەیکات.

کەواتە: ﴿ وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَىٰ ﴾، تۆ ئاسان دەکەین بۆ ئەو ڕێیە، یانی: ئەو شەریعەت و بەرنامە ئاسانەی خوا ﷻ دایبەزاندوە.

کۆتایی ئەم مەسەلەیەش بەم دەقەی سوننەت دێنین:

{عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها، قَالَتْ: سَمِعَ النَّبِيُّ ﷺ رَجُلًا يَقْرَأُ فِي الْمَسْجِدِ، فَقَالَ: رَحِمَهُ اللَّهُ لَقَدْ أَذْكَرَنِي كَذَا وَكَذَا آيَةً، أَسْقَطْتُهُنَّ مِنْ سُورَةِ كَذَا وَكَذَا} (أخرجه أحمد: ٢٤٣٨٠، والبخاري: ٤٧٥٥، ومسلم: ٧٨٨).

واتە: (دایکی ئیمانداران) خاتوو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ گوێی لە پیاوێك بوو لە مزگەوتێ، بە شەو قورئانی دەخوێند، دوایی فەرمووی: خوا بەزەیی پێدا بێ، فڵان ئایەت و فڵان ئایەتەی خستنەوە بیرم، کە کەواندبوومن، (لە بیرم برابوونەوە) لە سوورەتی فڵان و فڵان.

کەواتە: بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ شتێکی ئاسایی بووە، جارجار ئایەتێکی لەبیر بچێ، بەڵام یەکێك لە هاوەڵان خستوویەتەوە بیری، یان دوایی جیبریل سەلامی خوای لێبێ کە هەمیشە قورئانی لەگەڵدا دەورکردۆتەوە، خستوویەتەوە یادی، کەواتە: ڕەوایە بشڵێین: ﴿ سَنُقْرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ ۝٦ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ﴾، یانی: پێت دەخوێنین لە بیرت ناچێ، مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ، واتە: خوا بیەوێ بە شێوەیەکی کاتیی لە بیرت بچێ، بۆ ماوەیەکی کەم، بەڵام دوایی بێتەوە یادت، مەگەر ئەوە، ئەگەرنا ئەوەی خوا فێرت دەکات، لە عەقڵ و دڵتدا خوا دەیچەسپێنێ و لە بیرت ناچێ.

مەسەلەی سێیەم:

فەرمانكردنی خوا بە پێغەمبەر ﷺ كە ئامۆژگاریی بكات، مادام سوودی هەبێ، كە بابای ترس و سامدار بەرانبەر بە خوا پەندی لێ وەردەگرێ و، بیری دێتەوە، بابای بەدبەختی خراپەكاریش كە دەخرێتە ئاگری هەرە گەورەوەو نە تێیدا دەمرێ، نە تێیدا دەژی، خۆی لەو ڕێنمایی و ئامۆژگارییەی پێغەمبەر ﷺ بە دوور دەگرێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكْرَىٰ ﴿٩﴾ سَيَذَّكَّرُ مَن يَخْشَىٰ ﴿١٠﴾ وَيَتَجَنَّبُهَا ٱلْأَشْقَى ﴿١١﴾ ٱلَّذِى يَصْلَى ٱلنَّارَ ٱلْكُبْرَىٰ ﴿١٢﴾ ثُمَّ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ ﴿١٣﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكْرَىٰ ﴾، ئنجا بیربخەوە (ئامۆژگاریی بكە) ئەگەر بیرخستنەوە سوودی گەیاند، لێرەدا پیتی: (**ف**) لە: ﴿ فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكْرَىٰ ﴾، پێی دەگوترێ: (**فَاءُ التَّفْرِيع**)، واتە: ئەو ڕستەیەی لێرەدا هاتوە، دەیگێڕێتەوە بۆ ڕستەكانی پێشێ، یانی: بینا لەسەر ئەوەی باسكرا، كەواتە: ئەگەر بیرخستنەوەو ئامۆژگاریی، سوودی هەبێ، بیریان بخەوەو ئامۆژگارییان بكەو، ڕێنماییان بكە، زانایان لە بارەی ئەم ڕستە موبارەكەوە زۆریان قسە كردوە:

أ- هەندێكیان گوتوویانە: لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكْرَىٰ ﴾، ئەمە بەرانبەرێكی هەیە، بەڵام قرتێنراوە، وەك چۆن خوا ﷻ لە سوورەتی (النحل)دا دەفەرموێ: ﴿ سَرَٰبِيلَ تَقِيكُمُ ٱلْحَرَّ وَسَرَٰبِيلَ تَقِيكُم بَأْسَكُمْ ﴿٨١﴾ ﴾، یانی: (**تَقيكُمُ الحَرَّ وَالبَرْدَ**)، لێرەش: ﴿ فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكْرَىٰ ﴾، (**وَإِن لَمْ تَنْفَع**)، ئەگەر بیرخستنەوە سوودی هەبوو، یان نەیبوو، بیرخستنەوەی خۆت و ئامۆژگاریی خۆت هەر بكە.

ب- هەندێكی دیكە گوتوویانە: كە دەفەرموێ: ﴿ فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ ﴾، ﴿ إِن ﴾ لێرەدا (**إِنِ الشَّرطِيَّة**)یەو بۆ مەرجە، یانی: ئەگەر سوودی هەبوو بیرخستنەوەو ئامۆژگاریی،

ئامۆژگاریی بکەو بیریان بخەوە، بەڵام ئەگەر زانیت سوودی نیە، لێی گەڕێ، بێگومانیش ڕای دووەمم پێ ڕاستەو، ئەم مەرجە مەرجێکی ڕاستەقینەیە، چونکە بیرخستنەوەو ئامۆژگارییەك بزانی شوێنی خۆی نیەو کاتی خۆی نیە، حاڵەکە گونجاو نیەو قسەکەت بێ هوودە دەبێ، بێگومان چ پێغەمبەری خاتەم ﷺ، چ هەر کەسێکی دیکە پێویستە لەو حاڵەتەدا ئامۆژگاریی نەکات و بیرخستنەوەیەك ئەنجام نەدات، کە بزانێ بێسوودە، دەشتوانین بە چەند ئایەتێك لەو بارەوە، بەڵگە بێنینەوە، بۆ وێنە:

خوای بەرز لە سوورەتی (النجم)دا دەفەرموێ: ﴿ فَأَعۡرِضۡ عَن مَّن تَوَلَّىٰ عَن ذِكۡرِنَا وَلَمۡ يُرِدۡ إِلَّا ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ﴿٢٩﴾ ﴾، واتە: پشت هەڵبکە لە کەسێك کە ڕوو لە بەرنامەو یادی ئێمە وەردەگێڕێ و تەنیا ژیانی دنیای دەوێ، واتە: ئەگەر بزانی کەسێك قسەکەت لەگەڵیدا بێسوودە، قسەی بۆ مەکە، کەواتە: ﴿ فَذَكِّرۡ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكۡرَىٰ ﴾، لێرەدا بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکەوێتە بەر ئیجتیهادو تێفکرینی خۆی، یانی: ئەگەر زانیت بیرخستنەوەو ئامۆژگارییەکەت، سوودی هەیە، بیکەو، ئەگەر زانیت سوودی نیە، لێی گەڕێ، چونکە مرۆڤی مسوڵمان دەبێ خۆی لە لەغو بپارێزێ و، قسەیەکیش سوودی نەبێ، مانای وایە لەغوویە، خوای پەروەردگاریش بڕوادارانی بە گشتیی بەوە پێناسە کردوون کە خۆیان لە لەغوو دەپارێزن: ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنِ ٱللَّغۡوِ مُعۡرِضُونَ ﴿٣﴾ ﴾، چ جای پێشەواو ڕابەرو سەروەریان پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ!!.

٢)- ﴿ سَيَذَّكَّرُ مَن يَخۡشَىٰ ﴾، بە دڵنیایی کەسێك ترس و سام و هەیبەتی (خوای) لە دڵدا بێ، پەندو ئامۆژگاریی وەردەگرێ، یانی: (**سَيَذَّكَّرُ بِالقُرآنِ وَيَتَّعِظُ مَنْ فِي قَلْبِهِ شَيْء مِنْ خَشْيَةِ الله**)، کەسێك شتێك ترس و سام و هەیبەتی خوای لە دڵدا هەبێ، بەهۆی قورئانەوە پەندو ئامۆژگاریی وەردەگرێ، بیری دێتەوە.

وشەی: ﴿ مَن ﴾ لێرەدا بۆ تاکێك نیە، بەڵکو بۆ جینسە، چونکە (مَن) مانای تاك و مانای کۆش دەگەیەنێ، واتە: ئەوانەی ترس و سام و هەیبەتیان بەرانبەر بە خوا لە دڵدا هەیە، ئەوانە پەند وەردەگرن و، لەو ئامۆژگارییەی تۆ بەهرەمەند دەبن.

٣)- ﴿وَيَتَجَنَّبُهَا ٱلۡأَشۡقَى﴾، هەرە خراپ و بێمرادیش لێی دوور دەکەوێتەوە، ﴿ٱلۡأَشۡقَى﴾ش دیسان لێرەدا بۆ جینسە، یانی: تێکڕای ئەوانەی زۆر خراپەکارن و بەدبەختن، (**الأَشْقى: شَديدُ الشَّقْوَة، وَالشَّقَاءُ فِي لِسانِ الشَّرْعِ حَالَةٌ نَاشِئَةٌ فِي الآخِرَةِ عَنِ الكُفْرِ مِن حَالَةِ الإهَانَةِ وَالتَّعْذيبْ**)، ﴿ٱلۡأَشۡقَى﴾، واتە: زۆر خراپ، زۆر خراپەکار، (**الشَّقَاء**): لە زاراوەی شەرعدا، حاڵەتێکە لە ڕۆژی دواییدا لە کوفر پەیدادەبێ، کە بریتیە لەوەی مرۆڤ ڕیسوا بێ، سزاو ئازار بدرێ، ئنجا کەسێك بەو شێوەیە بێ، ﴿وَيَتَجَنَّبُهَا﴾، (**يَتَبَاعَد**) یانی: خۆی لەو ئامۆژگاریی کردنە، لەو بیرخستنەوەیە، دوور دەگرێ.

(**أَصْلُ التَّجَنُّبِ تَفَعُّلٌ لِتَكَلُّفِ الكَيْنونَةِ لِجَانِبٍ مِنَ الشَّيء**)، (**تَجَنُّب**): لەسەر کێشی (**تَفَعُّل**)ەو بریتیە لەوەی کەسێك زۆر لە خۆی بکات، لە تەنیشت شتێکەوە بێ و ڕووی تێ نەکات و خۆی لێ لابدات.

ئنجا ئایا ئەو زۆر بەدبەخت و زۆر خراپەکارە، کێیە؟

٤)- ﴿ٱلَّذِي يَصۡلَى ٱلنَّارَ ٱلۡكُبۡرَىٰ﴾، ئەو کەسەی دەسووتێنرێ (دەپیشێنرێ) بە ئاگری هەرە گەورە، (**نَارُ جَهَنَّم وَالَّتي هِيَ نَارٌ كُبْرى بِالقِياسِ إلى نَارِ الدُّنيا**)، ئاگری دۆزەخ بە بەراورد لەگەڵ ئاگری دنیادا، ئاگری گەورەترو گەورەترین ئاگرە.

٥)- ﴿ثُمَّ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحۡيَىٰ﴾، ئنجا نە لەوێدا دەمرێ و نەدەشژی، ﴿ثُمَّ﴾، لێرەدا (**لِلتَّرتيبِ وَالتَّراخي**)، بۆ ڕیزبەندیی و بەدواداهاتنە، چونکە مرۆڤ کە دەخرێتە نێو ئاگرەوەو پێی دەپیشێنرێ و دەسووتێنرێ، وەك زۆرجار گوتوومانە: (**صَلي**)، ئەوەیە کەسێك بخرێتە نێو ئاگرەوەو لە هەموو لاوە تینی ئاگرەکەی بۆ بێ، نەك هەر لە لایەکەوەو تێیدا بپیشێنرێ و ببرژێنرێ، ئنجا چوونە نێو ئاگری مرۆڤ بەو شێوەیە، ئاسانترە لەوەی نە تێیدا بمرێ و نە تێیدا بژی، بۆیە ﴿ثُمَّ﴾، (**لِلتَّرتيبِ وَالتَّراخي**)، بۆ ڕیزبەندیی و بەدواداهاتنە، چونکە مردنەکەی لەوێداو، ژیانەکەشی لە ئاگرەکەدا، ناخۆشترەو خراپترە لە چوونە نێوی، مرۆڤ جاری وایە تووشی بەڵایەك دێ، بەڵام دوایی لێی دەرباز دەبێ، یاخود گیان دەسپێرێ و ئازارەکەی لە کۆڵ دەبێتەوە، بەڵام ئەو کەسە: ﴿ثُمَّ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحۡيَىٰ﴾، لەوێدا نامرێ بەو واتایەی هەمیشە هەر هەست دەکات بە ئازارەکە، ﴿وَلَا يَحۡيَىٰ﴾، ژیانێکیش ناژی پێی بگوترێ: ژیان، ژیانێك تام و چێژو خۆشییەکی تێدابێ.

خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِى يَصۡلَى ٱلنَّارَ ٱلۡكُبۡرَىٰ ﴾، ئەو کەسەی دەپیشێ، دەبرژێ بە ئاگری گەورەتر، لە فەرمایشتی پێغەمبەردا هاتوە ﷺ فەرموویەتی: {**نَارُكُمْ هَذِهِ الَّتِي يُوقِدُ ابْنُ آدَمَ، جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ**}، (**أخرجه أحمد: ١٠٢٠٤، والبخاري: ٣٠٩٢، ومسلم: ٢٨٤٣**). واتە: ئەم ئاگرەتان کە ئادەمیزاد دایدەگیرسێنێ، بەشێکە لە حەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ، واتە: ئاگری دۆزەخ بکەیە حەفتا بەشەوە، یەك بەشی ئەم ئاگرەی دنیایە، ئەویش واپێدەچێ بۆ دیارییکردن (**تحدید**) نەبێ، کە هەر ئەوەندە بێ، بەڵکو وەك عادەتی عەرەب و جگە لە عەرەبیش وایە، وشەی: (حەفتا، یان حەوت، یان دە) بەکاردێنن بۆ زێدەڕۆییکردن لە شتێکدا، ئنجا مەرج نیە هەر حەفتا بێ، دەگونجێ حەفتاش زیاتر، یاخود کەمتر بێ.

کەواتە: لێرەدا خوای بەرزی مەزن فەرمان بە پێغەمبەری خاتەم ﷺو، هەر کەسێکیش دەکات کە لە ڕێی ویەوە دەڕوات، هەر کاتێك زانی بیرخستنەوەو ئامۆژگاریی و پەندادانی خەڵك، سوودی هەیە، بە ئەرکی خۆی بزانێ بیریان بخاتەوەو ئامۆژگارییان بکات، بەڵام ئەگەر زانی بێسوودە، مرۆڤ دەبێ، قسەی خۆی خەسار نەکات و، لە شوێنێك، لە حاڵێك، لە کاتێکدا، کەسێك نەدوێنێ و قسەی بۆ نەکات و ئامۆژگاریی نەکات کە بزانێ سوودی نیە، ئەمەش بێ ئەوەی بەڵگەی نەقلیی لەسەر بێنینەوە، هەر بە عەقڵیش دیارە، چونکە ئینسانی مسوڵمان دەبێ لێزان و دانا بێ و، حیکمەت و لێزانییش ئەوەیە قسەی خۆت خەسار نەکەی و قسە بۆ کەسێك نەکەی، لێی بەهرەمەند نەبێ، بەڵام بێگومان مرۆڤ لەوە دڵنیا نیە، داخۆ کێ بەهرەمەند دەبێ و کێ بەهرەمەند نابێ، بۆیەش مرۆڤ بە زۆریی دەبێ قسەی خێری خۆی بکات، ئنجا کەسێك لێی بەهرەمەند بوو، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ سَيَذَّكَّرُ مَن يَخۡشَىٰ ﴾، خۆی قازانجی کردوەو کەسێکیش بەهرەمەند نەبوو و خۆی لێ دوورگرت، بێگومان خۆی زیانی کردوە، بەڵام بۆ دەرکەوتنی ئەوە: کێ ترس و سام و هەیبەتی خوای لە دڵدا هەیەو، کێش بەدبەختەو خۆی بە دوور دەگرێ؟ تاکو ئامۆژگارییەکەت نەکەی، ئەو خەڵکەت بۆ دەرناکەوێ، بەڵام ئەگەر هەر لە سەرەتاوە بزانی کەسێك گوێت لێ ناگرێ و، قسەکەت جێ ناگرێ، نابێ قسەی خۆت زایە بکەی و بە فیڕۆ بدەی.

مەسەلەی چوارەم:

بە جەختکردنەوەوە ڕاگەیاندنی سەرفرازیی بابای خۆ پاك و چاککەر و، ناوی پەروەردگاری هێنەرو نوێژکەر:

خوا دەفەرموێ: ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ فَصَلَّىٰ ﴿١٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ﴾، بە دڵنیایی کەسێك کە پاك و چاك بووە، سەرفراز بووە، (قَدْ) کە دەچێتە سەر کرداری ڕابردوو، مانای ساغکردنەوەو چەسپاندن دەگەیەنێ، **(قد للتَّحقِيقِ وَالتَّأْكِيد)**، یانی: بە دڵنیایی سەرفرازو خۆشبەخت و بە مراد گەیشتوویە، کەسێك کە خۆی پاك و چاك کردوە.

٢)- ﴿وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ فَصَلَّىٰ﴾، هەروەها (کەسێک سەرفرازە کە) ناوی پەروەردگاریشی هێناوەو نوێژی کردوە، **(الفَلَاحُ: نَجَاحُ المَرءِ فيمَا يَطْمَحُ إِلَيْهِ)**، **(فَلاح)**: بریتیە لە سەرکەوتنی مرۆڤ لە شتێکدا کە هەوڵی بۆ دەدات، چاوی تێیەوەیەتی هەندێکیش دەڵێن: **(فَلاحُ)**: بریتیە لە وەدەستهێنانی شتێکی داواکراو لە خێرو چاکە، وشەی: **(تَزْكِية)** وەك زۆرجار گوتوومانە: سێ واتایان دەگرێتەخۆ:

١- پاکبوون **(الطَّهارَة)**.

٢- گەشە کردن **(النُّمُو)**.

٣- چاکبوون **(الصَّلَاحُ)**.

(التَّزَكِّي: السَّعْي لِنَيلِ الطَّهَارَةِ، وَالنُّمُوِّ، وَالصَّلاح)، **(تَزَكِّي)** واتە: هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی پاکیی و گەشە کردن و چاکیی، ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ﴾، هەر کەسێك هەوڵبدات خۆی پاك و چاك بکات و گەشە پێبدات، بە دڵنیایی سەرفرازو بە ئامانج گەیشتوویە.

﴿ وَذَكَرَ ٱسْمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ ﴾، یانی:

أ- کەسێك کە ناوی پەروەردگاری دێنێ و، نوێژ دەکات.

ب- کەسێك کە لە پەروەردگاری دەپاڕێتەوە.

بەڵام لێرەدا زیاتر وا پێدەچێ، ﴿ فَصَلَّىٰ ﴾ بە مانای: نوێژی کرد.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَذَكَرَ ٱسْمَ رَبِّهِۦ ﴾، **(الذُّكْرُ مِنَ الذِّكْرِ اللِّسَانِيِّ، وَالمَقْصُودُ بِاسْمِ رَبِّهِ ذِكْرُ أَسْمَاءِ اللهِ للتَّعظيم)**، **(ذِكْر)**: مەبەست پێی باسکردنی بە زمانە (باسکردنی بە زمانیش کاتێك سوودی هەیە، لە دڵیشدا هەبێ)، مەبەست لە ناوی پەروەردگار باسکردنیش، باسکردنی ناوە بەرزەکانی خوایە بۆ بە مەزنگرتن.

﴿ وَذَكَرَ ٱسْمَ رَبِّهِۦ ﴾، لێرەدا **(ذِكْر)**، دەگونجێ لە **(ذِكْر)**ەوە بێ، واتە: (باسکردنی بەزمان) و دەشگونجێ لە **(ذُكْرَ)**ەوە بێ، واتە: یادکردن.

(ذُكْر: حُضُورُ الشَّيْءِ فِي نَفْسِ الذَّاكِرَ)، **(ذُكْر)**: بریتیە لە ئامادەبوونی شتێك لە نەفسی مرۆڤدا، لە دڵ و هۆشی مرۆڤدا.

(فَتَكُونُ كَلِمَةُ اسْم مُقَحَّمَةٌ لِتَدُلَّ عَلَى شَأْنِ اللهِ وَصِفَاتِ عَظَمَتِهِ، لأنَّ أَسْماء اللهِ أَوْصافُ كَمَالٍ)، ئەو کاتە وشەی ناو **(إسم)** لێرەدا تێخزێنراوەو خزێنراوەتە ئێرە تاکو پێگەو پایەی بەرزیی خواو سیفەتە مەزنەکانی خوا بگەیەنێ، چونکە ناوەکانی خوا، سیفەتە تێرو تەواوەکانی خوان.

شایانی باسە: هەندێك لە زانایان ئەم دوو ئایەتەیان کردوونە بەڵگەی ئەوە کە ئەم سووڕەتە مەدینەییەو، گوتوویانە: مەبەست لەم ئایەتە موبارەکانە زەکاتدانەو، خوێندنی زیکرەکانی دوای نوێژەکانە بە تایبەت جەژنی ڕەمەزان، بەڵام لە ڕاستییدا مەبەست لە: یادی خوا کردن و نوێژ کردن، بەر لەوەش زەکات، مانای گشتیی ئەو وشانەیە:

١- **(تَزَكِّي)**، بە مانای خۆ پاك و چاککردنە، نەك زەکاتدان.

٢- (**ذكر الرب**) ناوی پەروەردگار هێنانیش، چەمکە گشتییەکەی مەبەستە، نەك زیکرێکی تایبەت.

٣- (صَلاة) نوێژیش، نوێژکردنە بە گشتیی، نەك نوێژێکی تایبەت، بێگومان ئەم سێیەش پێکەوە تێکهەڵکێشن:

١- کاتێك مرۆڤـ خۆی پاك و چاك کرد.

٢- ئنجا شایستەی ئەوە دەبێ ناوی پەروەرگار بهێنێ.

٣- دوای ئەوەش شایستەی ئەوە دەبێ نوێژ بکات، دەبێ پێشێ مرۆڤ هەوڵبدات، خۆی پاك و چاك بکات، ئنجا شایستەی ئەوە دەبێ لەگەڵ خوادا پەیوەندیی بگرێ و ناوی خوا بهێنێ، دواییش بەندایەتیی بۆ خوای بەرزی مەزن ئەنجام بدات.

مەسەلەی پێنجەم:

هەڵبژاردنی زۆربەی مرۆڤان بۆ ژیانی دنیا بەسەر دوا ڕۆژدا، هەرچەندە ژیانی ڕۆژی دوایی، لە خودی خۆیدا چاکترە، بێگومان نەبڕاوەشەو، بەردەوامتریشە لە ژیانی دنیا:

خوا دەفەرموێ: ﴿بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ١٦ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ ١٧﴾

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا﴾، بەڵکو (ئەی مرۆڤینە!) ئێوە ژیانی دنیای نزیکتر هەڵدەبژێرن، (دنیا)، (**مُؤَنّث**)ی (**أَدْنَى**)یە، (**أَدْنى**) واتە: (**أَقْرَبْ**)، وشەی (**دُنيا**)ش مێینەی مەجازییە، واتە: ئەو ژیانەی لێتان نیزیکترە، کە ژیانی دنیایە.

(إیثار) هەڵبژاردنی شتێك لە نێو کۆمەڵێك شت دا.

٢)- ﴿وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ﴾، لە حاڵێکدا مەنزڵگای کۆتایی، باشترەو بەردەوامتریشە، (**الأخرة: الحَيَاةُ الأَخِرَة**)، یان (**المَنْزِلَةُ الأَخِرَة**)، ژیانی دوایی، مەنزڵگای دوایی، باشترە لە خودی خۆیداو بەردەوامتریشە، وشەی: ﴿تُؤۡثِرُونَ﴾، خوێنراویشەتەوە: (**يُؤْثِرونَ**)، واتە: ئەو مرۆڤە بێبڕوایانە ژیانی دنیا هەڵدەبژێرن بەسەر ژیانی دواییدا، لە حاڵێکدا مەنزڵگای کۆتایی باشترەو بەردەوامتریشەو زیاتر دەمێنێتەوە.

وشەی: ﴿بَلۡ﴾، بەڵکو:

أ- (إِضْرَابٌ عَنْ حِكايَةِ أَحْوالِ الفَرِيْقَيْنِ بِالإِنْتِقَالِ إِلى تَوْبِيخِ أَحَدِ الفَرِيْقَيْنِ وَهُوَ أَشْقَى)، گواستنەوەیە لە باسکردنی حاڵی دوو کۆمەڵەکە، (ئەوانەی سام و ترسی خوایان لە دڵدا هەیەو، ئەوانەش کە لە خوا بێترس و بێباکن)، بۆ سەرزەنشتکردنی یەکێك لەو دوو کۆمەڵە کە ئەوانەن ترس و سامی خوایان، لە دڵ و دەروونـدا نیە.

ب- یاخود: گواستنەوەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی قسەی خوای بەرز گرتنیە خۆی، کە فەرمووی: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ۝١٤ وَذَكَرَ ٱسۡمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ ۝١٥ ﴾، واتە: بەڵکو ئەوانە لەوە دوورترن کە گومانی ئەوەیان پێ ببردرێ، پێشبڕکە بکەن لە بەدەستهێنانی سەرفرازییدا، چونکە ژیانی دنیا هەڵدەبژێرن بەسەر ڕۆژی دواییداو، ئەسڵەن لەو مەیدانەدا هەر نین، واتە: لە مەیدانی داواکردنی سەرفرازییدا هەر نین، تاکو پێشبڕکە بکەن، چونکە بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیەو، دنیاو ژیانی دنیا هەڵدەبژێرن.

مەسەلەی شەشەم و کۆتایی:

ئەو ڕاستییە لە کتێبە پێشووەکانیشدا هەیە، کتێبی ئیبراهیم و مووسا سەلامی خوا لە هەردووکیان بێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ هَٰذَا لَفِي ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ ﴿١٨﴾ صُحُفِ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ ﴿١٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ هَٰذَا لَفِي ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ ﴾، بە دڵنیایی ئەمە لە پەڕە پێشووەکان دا هەیە، یانی: ئەوەی پێشتر باسکرا، بە تایبەت ئەوەی لە چوار ئایەتەکانی: (١٤، ١٥، ١٦، ١٧)دا هات، زۆربەی هەرەزۆری ڕوونکەرەوانی قورئان گوتوویانە: ئەم ناوی ئاماژەیە (هذا) بۆ ئەوێ دەچێتەوە، ﴿ إِنَّ هَٰذَا ﴾، ئەوەی باسکرا پێشتر، ﴿ لَفِي ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ ﴾، لە پەڕە پێشووەکاندا هەیە، (**صُحُف**) کۆی (**صَحِيفَة**)یە، لە ئەسڵدا (**صَحِيْفَة**)، بە (**صَحَائِف**) کۆدەکرێتەوە، بەڵام بە (**صُحُف**)یش کۆدەکرێتەوە.

کە دەفەرموێ: ﴿ لَفِي ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ ﴾، لە پەڕاوە پێشووەکاندا هەیە، واتە: بە نسبەت قورئانەوە، لە ڕووی کاتییەوە لە پێش قورئاندا بوون، نەك ئەو پەڕاوانەی کە هیچ کتێب و پەڕاوی دیکەیان پێش نەکەوتبێ، چونکە بە دڵنیایی خوای بەرزی مەزن، وەك چۆن بۆ ئیبراهیم و بۆ مووسا پەیام و کتێبی ناردوە، کتێبەکەی مووسا ئەوە دیارە تەوراتە، کتێبەکەی ئیبراهیمیش (**صُحُف**)ە، ئنجا لە پێش ئەو دوو پێغەمبەرە پایە بەرزەشدا، خوا کتێب و پەیام و بەرنامەکانی خۆی بۆ پێغەمبەرانی دیکە هەر ناردوون.

لە کۆتایی تەفسیرکردنی ئایەتە موبارەکەکانی ئەم سوورەتەدا، سێ دەقی سوننەت دێنین:

١- دەقی یەکەمیان: {عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَرَأَ فِي الْعِيدَيْنِ بِسَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى، وَهَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْغَاشِيَةِ، وَإِنْ وَافَقَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ قَرَأَهُمَا جَمِيعًا} (أخرجه مسلم: ٨٧٨، وأبو داود: ١١٢٢، والترمذي: ٥٣٣، والنسائي: ١٥٦٨، وإبن ماجه: ١١٨١).

واتە: نوعمانی کوڕی بەشیر (خوا لێی ڕازی بێ)، دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوو جەژنەکاندا (جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان و لە ڕۆژی جومعەشدا) لە ڕکاتی یەکەمیاندا: ﴿سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى﴾ی دەخوێند، لە دوای سوورەتی (**الفاتحة**)و، لە ڕکاتی دووەمیشدا سوورەتی: ﴿هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلْغَٰشِيَةِ﴾ی دەخوێند، ئەگەر ڕۆژی جومعەش هەر ئەو ڕۆژەی جەژن بووایە، دیسان هەر ئەو دوو سوورەتەی دەخوێندن (لە نوێژی جەژنداو لە نوێژی جومعەشدا).

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ کە نوێژی جەژنی دەکرد، یان نوێژی جومعەی دەکرد، ئەو دوو سوورەتە موبارەکەی لە دوو ڕکاتەکانیان دا دەخوێندن، چونکە لە هەندێك فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە ئەگەر هاتباو یەکێك لە دوو جەژنەکان کەوتبایە ڕۆژی جومعەوەو، مرۆڤ نوێژی جەژنی کردبایە، وەبری جومعەش دەکەوێ، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەر ئەوەی ڕەنگە خەڵکێك بۆ نوێژی جەژنەکەی نەهاتبێ، بۆ ئەوەی جومعەکەی نەچێ، هەردووکیانی کردوون.

٢- دەقی دووەم: {**عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ رضي الله عنه، قَالَ: لَمَّا نَزَلَتْ: فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ الْعَظِيمِ، قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: اجْعَلُوهَا فِي رُكُوعِكُمْ، فَلَمَّا نَزَلَتْ: سَبِّحْ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى قَالَ اجْعَلُوهَا فِي سُجُودِكُمْ**} (**أخرجه أبو داود: ٨٦٩، وابن ماجه: ٨٨٧، والدارمي: ١٣٠٥، إسناده حسن**).

واتە: عوقبەی کوڕی عامیری جوهەنیی (خوا لێی ڕازیبێ)، دەڵێ: کاتێك ئەم ئایەتە موبارەکە دابەزی: ﴿فَسَبِّحْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلْعَظِيمِ ۝٥٢﴾ **الحاقة**، (کە لە سوورەتی (**الواقعة**)داو، لە سوورەتی (**الحاقة**)شدا هاتوە)، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ﴿فَسَبِّحْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلْعَظِيمِ﴾، بیخەنە ڕکووعەکەتانەوە.

(هەڵبەتە لە ڕکووع دا ناگوترێ: ﴿فَسَبِّحْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلْعَظِيمِ﴾، چونکە خوا فەرمانی کردوە، بەڵکو دەڵێی: (**سُبْحَانَ رَبِّيَ العَظِيم**)، پاکیی بۆ پەروەردگاری مەزنم، لە هەندێك ڕیوایەتاندا (**وَبِحَمْدِه**)یشی بۆ زیاد کراوە، (**سُبْحَانَ رَبِّيَ العَظِيم وَبِحَمْدِه**)، پاکیی بۆ

پەروەردگاری مەزنم و ستایشکردنیش هەر بۆ وی)، کاتێکیش: ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى﴾ دابەزی، فەرمووی: بیخەنە کڕنووش بردنتانەوە، (واتە: بڵێن: (سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَىَ)، (سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَىَ وَبِحَمْدِهِ)، پاکیی بۆ پەروەردگاری هەرە بەرزم، یاخود: پاکیی و ستایشکردن بۆ پەروەردگاری هەرە بەرزم.

٣- دەقی سێیەم: ئەم دوو دەقەی ڕابردوو لە ڕووی سەنەدەکەیانەوە گرفت و ئیشکالیشیان نیە، بەڵام هی سێیەم تاڕاددەیەك گرفت و ئیشکالی هەیە، بەس هەر هێنام، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك زانیاریی و، چەمك و واتای زۆر گرنگی گرتووونە خۆی:

{عَنْ أَبِي ذَرٍّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: قُلْتُ يَا رَسولَ الله ﷺ! كَمْ أَنْزَلَ اللهُ مِن كِتَابٍ؟ قَالَ: مَائَةَ كِتَابٍ وَأَرْبَعة كُتُبٍ، أَنْزَلَ اللهُ عَلَى شِيثْ خَمْسينَ صَحِيفَة، وَعَلَى إِدْرِيس ثَلاَثِينَ صَحِيفَة، وعَلى إِبْرَاهِيم عَشْرَ صَحَائِف، وَعَلَى مُوسى قَبْل التَّوْرَاةِ عَشْرَ صَحَائِفْ، وَأَنْزَلَ التَّوْرَاةَ وَالإِنْجِيلَ وَالزَّبورَ وَالفُرقَان، قَالَ: قُلْتُ يَا رَسوُلَ الله! مَا كَانَتْ صُحُفُ إِبْرَاهيم؟ قَالَ: كَانَتْ أَمْثَالاً كُلُّهَا: أَيُّها المَلِكُ المُسَلَّطُ المُبْتَلَىَ المَغْرُور، إِنِّي لَمْ أَبْعَثْكَ لِتَجْمَعَ الدُّنيا بَعْضَها عَلَى بَعْض، وَلكِنْ بَعَثْتُكَ لِتَرُدَّ عَنِّي دَعْوَةَ المَظْلوم، فَإِنِّي لاَ أَرُدُّهَا وَلَوْ كَانَتْ مِنْ كَافِرٍ، وَكَانَ فِيها: وَعَلى العَاقِلِ أَنْ تَكُونَ لَهُ سَاعَاتٍ سَاعَةٌ يُنَاجِي فِيهَا رَبَّهُ، وَسَاعَةٌ يُحَاسَبُ فِيهَا نَفْسَهُ، وَسَاعَةٌ يَتَفَكَّرُ فيهَا في صُنْعِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ، وَسَاعَةٌ يَخْلُو فِيهَا لِحَاجَتِهِ مِنَ الحَلالِ، وَعَلَى العَاقِلِ أَن لا يَكونَ ظَاعِناً إلاَّ لِثَلاثٍ: تَزَوُّدٌ لِمَعَاد، أَوْ مَرَمَّةٌ لِمَعاشٍ، أَوْ تَلَذُّذٍ في غَيْرِ مَحْرَمٍ، وَعَلَىَ العَاقِلِ أَنْ يَكُونَ بَصيراً بِزَمانِه، مُقْبِلاً عَلىَ شَأْنِه، حَافِظاً لِلِسَانِه، وَمَن حَسَبَ كَلاَمَهُ مِن عَمَلِه، قَلَّ كَلاَمُهُ، إلاَّ فيمَا يَعْنيه، قُلْتُ: يَا رَسولَ الله! فَمَا كَانَتْ صُحُف مُوسى؟ قال: كانَت عَبراً كُلُّها: عَجِبْتُ لِمَن أَيْقَنَ بِالمَوْتِ كَيْفَ يَفْرَح؟ وَعَجِبْتُ لِمَن أَيْقَنَ بِالقَدَرِ ثُمَّ يَنْصِبُ، وَعَجِبْتُ لِمَن رَأَى الدُّنيا وَتَقَلُّبِهَا ثُمَّ اطْمَأَنَّ إِلَيْها، وَعَجِبْتُ لِمَنْ أَيْقَنَ بِالحِسابِ غَداً، ثُمَّ لا يَعْمَل، قُلْتُ: يَا رَسولَ الله! وَهَلْ كانَتْ في الدُّنيا شَيءٌ لِما في يَدِ إِبْرَاهيم وَموُسَى، مِمَّا أَنْزَلَ اللهُ عَلَيْك؟ قَالَ: نَعَمْ، إِقْرَأْ يا أبا ذر: (قَدْ أَفْلَحَ مَنْ تَزَكَّى وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ فَصَلَّى) ثم قال: قلت يا رسول الله! أوصني قال: أوصيك بتقوى الله، فإنه رأس أمرك، قلت: زدني؟ قال: عليك بتلاوة القرآن وذكر الله، فإنه ذكر لك في السماء وذخر لك في الأرض، قلت: يا رسول الله! زدني قال: وإياك وكثرة الضحك، فإنه يميت القلب، ويذهب بنور الوجه، قلت: يا رسول الله! زدني، قال: عليك بالجهاد،

فإنه رهبانية أمتي، قلت: يا رسول الله! زدني، قال: عليك بطول الصمت إلا من خير، فإنه مطردة للشيطان عنك، وعون لك على أمر دينك}[1].

واتە: ئەبوو زەڕی غیفاریی (خوای لێ ڕازی بێ)، دەڵێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! خوا چەند کتێبی دابەزاندون؟ فەرمووی: سەدو چوار (١٠٤) کتێب، پەنجا (٥٠) پەڕی دابەزاندوە بۆ سەر (**شیث**)، [(**شیث**) ناوی یەکێکە لە پیغەمبەران و پێش ئیدریس بووە]، سی (٣٠) پەڕیشی دابەزاندوە بۆ ئیدریس، هەروەها بۆ سەر ئیبڕاهیم دە (١٠) پەڕی دابەزاندوون و، بۆ سەر مووساش، پێش تەوڕات دە (١٠) پەڕی دابەزاندوون، [ئەمە سەد (١٠٠)]، تەوڕات و ئینجیل و زەبوورو فورقانیشی دابەزاندوون، [ئەمە سەدو چوار (١٠٤)] ئەبوو زەڕ، دەڵێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! پەڕەکانی ئیبڕاهیم عليه السلام چییان تێدابوو؟ فەرمووی: هەموویان پەند بوون، (ئنجا پێغەمبەری خوا ﷺ لەو پەندانە هەندێکیان وەك نموونە باس دەکات:)

ئەی حوکمڕانی دەسەڵاتداری لە خۆبایی! تۆم نەناردوە تاکو دنیا هەندێکی خڕبکەیەوە سەر هەندێك، بەڵکو تۆم ناردوە تاکو پاڕانەوەی بابای ستەملێکراو لەمن بگێڕیەوەو نەیەت بۆ لام، چونکە من ستەم لێکراو، ئەگەر بێبڕواش بێ، پاڕانەوەکەی ڕەت ناکەمەوە، (پاڕانەوەکەی وەردەگرم).

هەروەها لە پەڕەکانی ئیبڕاهیمدا هەبوو: لەسەر مرۆڤی عاقڵ پێویستە چەند سەعاتێکی هەبن:

أ- سەعاتێك (کاتێك) تێیدا ڕازو نیاز لەگەڵ پەروەردگاری دەکات.

ب- هەروەها کاتێك کە تێیدا لێپرسینەوە لەگەڵ خۆیدا دەکات.

ج- هەروەها کاتێك کە تێیدا بیر لە دروستکراوەکانی خوا عزوجل دەکاتەوە.

د- هەروەها کاتێك کە تێیدا بەهرە وەردەگرێ لە خواردن و خواردنەوە.

---

(١) أخرجه السيوطي في «الدر المنثور»: ج٦، ص٥٧١، وعبد بن حميد وابن مردويه، وابن عساكر، وذكره ابن حبان في «الثقات»: ج٢، ص١٢٠، وأبو الشيخ في «العظمة»: ج٥ ص١٦٠٢.

مرۆڤی عاقڵ مەگەر بۆ سێ شتان: ئەگەرنا سەفەر ناکات: ١- بۆ ڕۆژی دوایی خۆی سەفەر بکات، (دەچێ بۆ نوێژی بەکۆمەڵ، یان هەر خوا پەرستییەك)، ٢- یان بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی ژیان و گوزەرانی خۆی دابین بکات، (ئەو کەسەش کە مەسرەفی لەسەریەتی)، ٣- یاخود چێژێك وەربگرێ، بێ ئەوەی تووشی حەرام بێ.

مرۆڤی عاقڵ دەبێ شارەزای ڕۆژگاری خۆی بێ و، خەریکی کاری خۆی بێ و، پارێزەری زمانی خۆی بێ، هەر کەسێك قسەکەی لە کردەوەکەی حیساب بکات، قسەی کەم دەبن، مەگەر لە شتێکدا کە پێویست بێ قسە بکات.

ئەبوو زەڕ دەڵێ گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەدی پەڕەکانی مووسا چییان تێدابوو، فەرمووی: هەموویان پەندو عیبرەت بوون، (ئنجا چەند پەندو عیبرەت وەك نموونە باس دەکات):

١- سەرم سوڕما لە کەسێك دڵنیایە کە دەمرێ، ئەدی چۆن زۆر دڵخۆش دەبێ بە دنیا؟.

٢- سەرم سوڕما لە کەسێك بڕوای بە ئەندازەگیریی و نەخشەی خوا هەیە، دواییش خۆی ماندوو دەکات! (واتە: خۆی زۆر ماندوو دەکات و دڵی زۆر بە دنیاوە خەریك دەکات).

٣- سەرم سوڕما لە کەسێك کە دنیا دەبینێ، چۆن خەڵك هەڵدەسووڕێنێ سەرو خواریان دەکات، دوایی دڵ بەدنیا دەبەستێ!.

٤- سەرم سوڕما لە کەسێك کە دڵنیایە لە ڕۆژی دوایی دا لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێ، دواییش کار ناکات بۆ ڕۆژی دوایی!.

دەڵێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! ئایا لە دنیادا لەوەی خوا بۆ ئیبراهیم و موسای ناردوە، هیچ شتێك خوا بۆ تۆی دابەزاندوە؟ دەڵێ: فەرمووی: بەڵێ: ئەی ئەبوو زەڕ! بخوێنەوە: ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ ﴿١٥﴾ بَلْ تُؤْثِرُونَ الْحَيَوٰةَ الدُّنْيَا ﴿١٦﴾ وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ﴿١٧﴾﴾، دوایی ئەبوو زەڕ دەڵێ گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! ئامۆژگارییم بکە! فەرمووی: ئامۆژگارییت دەکەم بە پارێزکاریی بەرانبەر بەخوا عزوجل، چونکە ئەوە سەری هەموو کاروبارێکتە.

گوتم: بۆم زیاد بکە (لە ئامۆژگارییکردن)، فەرمووی: قورئان بخوێنەوەو یادی خوا ﷻ بکە، چونکە ئەوە بۆ تۆ لە ئاسمان دەبێتە مایەی ئەوەی باس بکرێی لەلای فریشتەکان و، بۆ تۆ دەبێتە ڕۆشنایی.

گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! بۆم زیاد بکە، فەرمووی: خۆت لە زۆر پێکەنین بپارێزە، چونکە دڵ دەمرێنێ، گەشیی و ڕووناکیی دەم و چاویش لادەبات.

گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! بۆم زیاد بکە، فەرمووی: جەنگ و جیهاد بکە لە پێناوی خوادا (تێکۆشان بکە)، چونکە ئەوە ڕەبەنایەتیی ئوممەتی منە.

گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! بۆم زیاد بکە، فەرمووی: با زۆر سیفەتی بێدەنگییت هەبێ، مەگەر لە خێردا، ئەگەرنا قسە مەکە، چونکە بێدەنگیی دەبێتە مایەی دەرکردنی شەیتان و، هاوکارت دەبێ لەسەر کاروباری دنیات.

ئەم دەقە هەرچەندە لە ڕووی سەنەدیشەوە، هەندێك لە زانایان ئیشکالیان هەیە تێیدا، بەڵام شتی زۆر گەورەو بەکەڵکی تێدا هەن، خوای پەروەردگار لەو کەسانەمان بگێڕێ، ئەو ئامۆژگارییە بەرزو مەزنانە کار پێ بکەین.

لێرەدا کۆتایی بە تەفسیر کردنی سوورەتی (**الأعلى**) دێنین، لە خوای بەخشەر داواکارین تەمەنمان پڕ بەرەکەت بکات و، پارمەتییمان بدات بە لوتف و کەرەمی خۆی، هەرچی زیاتر لە خزمەت کۆتا فەرمایشتیدا بین، قورئانی مەزن، قورئانی بە پێزو، لە ژێر سایەی ڕێبازی پێغەمبەرەکەیدا ﷺ ڕێ بکەین و بڕۆین، تاکو هەم لە دنیادا سەر بەرزو ڕێك و ڕاست و پاك و چاك بین و، هەم لە ڕۆژی دواییشدا سەربەرزو سەرفراز بین، کاتێك بە خزمەتی خواو بە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و پێغەمبەرانی دیکەو، دۆستانی خوا دەگەین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

تەفسیری سوورەتی

الغَاشِيَة

دەستپێک

بەڕێـــــزان!

ئەمــڕۆ (٢٩)ی مانگــی (**ذي القَعــدة**)، {واتــە: مانگــی (١١)}ی ســاڵی (١٤٤١)ی کۆچیـی، بەرانبـەر (٢٠)ی تەممـووز، {واتـە: مانگـی (٧)}ی سـاڵی (٢٠٢٠)ی زاینییـە لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (**الغاشية**)، سـەرەتاش پێناسـەو نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە حـەوت بڕگەدا دەخەینـە ڕوو:

پێناسەی سوورەتی (الغاشية) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

نـاوی باوتـری ئـەم سـوورەتە بریتیـە لە: (**سوُرةُ الغَاشية**)، هـەردووك نـاوی: ﴿ هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلۡغَٰشِيَةِ ﴾ و ﴿ هَلۡ أَتَىٰكَ ﴾شـی بـۆ بەکارهێـنراون، بـەڵام زیاتـر هـەر بـە: (**سوُرَةُ الغَاشية**) نـاسراوە.

دووەم: شوێنی دابەزین:

بـە ڕای تێکـڕای زانایـان ئـەم سـوورەتە مەککەییـەو، لـە شـاری مەککـە دابەزیـوە، لـەو بـارەوەش ئـەم گێڕدراوەیـە هەیـە:

(**عَـن عَبـدِ اللـهِ ابْـنِ عَبَّـاس** ، **قَـالَ: نَزَلَـتْ سُـورَةُ الغَاشِـية بِمَكَّـة**} (**أورده السـيوطي في الـدر المنثـور**: ج٨، ص٤٩٠، **ونسـبه لابـن الضُّريـس وَالنحَّـاس والبَيهقـي وابـن مُردَوَيْـه**،

وَقال: أخرج ابن مَرْدَوَيه عَن عَبْدِ الله ابْنِ الزُّبَيرِ رضي الله عنهما مثله، الإستيعاب فِي بَيان الأَسباب: ج٣، ص٥١١).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ، گوتوویەتی: سووڕەتی **(الغاشية)** لە مەککە هاتۆتە خوار.

هەروەها **(السيوطي)**، گوتوویەتی: **(إبن مُرْدَوَيه)** هەمان قسەی لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) هێناوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

ئەم سووڕەتە موبارەکە لە **(مُصْحَف)**دا، ژمارەکەی: (٨٨)ە، لە سووڕەتی **(الفاتحة)** کە دێی لە لای ڕاستەوە (٨٨)مین سووڕەتە، لە ڕیزبەندیی دابەزینیشدا، ژمارەکەی (٦٧)ە، پێش سووڕەتی **(الكَهْف)** و، دوایی سووڕەتی **(الذَّاريات)** دابەزیوە، بە ڕای ژمارەیەك لە زانایان، چونکە وەك زۆرجاران گوتوومانە: دەگونجێ زانایەکی دیکە بڵێ: نەخێر ژمارە (٦٠)ە، یەکێکی دیکە بڵێ: نەخێر ژمارە (٧٠)یە، ئەوە شتێکی ئیجتیهادییەو زانایان بەکۆششی خۆیان ڕیزبەندیی سووڕەتەکانیان داناوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمارەی ئایەتەکانی بە یەکدەنگیی زانایان: بیست و شەش(٢٦) ئایەتە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئەم سووڕەتە موبارەکە چوار تەوەری سەرەکیی گرتوونە خۆی، کە ئەمانەن:

١- لە حەوت ئایەتەکانی: (١ - ٧)دا، باسی هاتنی ڕۆژی دوایی و، خراپیی حاڵ و باڵی بێبڕوایان و، ئازارو ئەشکەنجەو مەینەتییەکانیان لە دۆزەخدا، لە ڕۆژی دواییدا، کراوە.

٢- لە نۆ ئایەتەکانی: (٨ - ١٦)دا، باسی بڕوادارانی چاکەکارو نازو نیعمەتێك کە لە ڕۆژی دواییدا چاوەڕێیان دەکات و، لێی بەهرەمەند دەبن، کراوە.

٣- لە چوار ئایەتەکانی: (١٧ - ٢٠)دا، باسی سەرنج ڕاکێشانی خوا سبحانە و تعالی بۆ مرۆڤەکان کراوە، کە سەرنج بدەنە چوار لە دروستکراوە سەرسوڕهێنەرەکانی:

١- حوشتر، یان حوشترەکان.

٢- ئاسمان.

٣- چیایەکان.

٤- زەوی.

٤- لە شەش ئایەتەکانی: (٢١ - ٢٦)دا، باسی فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەرەکەی ﷺ، کە لەسەر ئەرك و کاری خۆی، کە بیر خستنەوەو ئامۆژگارییە بەردەوام بێ، ئەو لەسەری پێویست نیەو، ئەرکی نیە، هیدایەتی خوا بسەپێنێ و ناشیسەپێنێ، گەڕانەوەش بۆ لای خوایە، لێپرسینەوەش بەس کاری خوای بەرزی مەزنە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

سێ تایبەتمەندیی سەرەکییمان لەم سوورەتە موبارەکەدا، کەوتوونەتە بەرچاو، کە جیاکەرەوەینی لە سوورەتەکانی دیکە:

١- یەکسەر خستنەڕووی سەرەنجامی کۆمەڵێکی شووم و بێخێرو، کۆمەڵێکی گەش و دڵخۆشی ڕۆژی دوایی، کەسانێك، بێئەوەی ناویان بهێنرێ، بەڵام دەزانرێ کە کۆمەڵی یەکەم بێبڕوایانن و، کۆمەڵی دووەمیش بڕوا دارانن، ئەمە لە ئایەتەکانی: (١ - ١٦)دا، هاتوە.

٢- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە موحەممەد ﷺ بەس بیرخەرەوەیە، لێپرسینەوەو سزاو پاداشت بەس هی خوایە، ئەمیش لە ئایەتەکانی: (٢١ - ٢٦)دا، هاتوە.

٣- چەند وشەو تەعبیرێك تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون:

١- (نَّاصِبَةٌ).

٢- (ضَرِيعٍ).

٣- (وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ).

٤- (وَزَرَابِيُّ مَبْثُوثَةٌ).

٥- (أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ).

٦- (لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ).

٧- (فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَكْبَرَ).

٨- (إِنَّ إِلَيْنَآ إِيَابَهُمْ).

حەوتەم و کۆتایی: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمە کۆی ئەو بیست و شەش (٢٦) ئایەتە، دەکەینە دەرسێك، بە هەر چوار تەوەرو بابەتەکەیەوە، چونکە تەوەرو بابەتەکانی ئەم سوورەتە موبارەکە، زۆر تێکهەڵکێشن و وەك ئاڵقەکانی زنجیرێك یەکدی دەبەستنەوە.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسە لە کۆی بیست و شەش (٢٦) ئایەتەکەی ئەم سوورەتە موبارەکە، پێك دێ، ئەو (٢٦) ئایەتە موبارەکەش، چوار تەوەری بنەڕەتیی دەگرنە خۆیان:

تەوەری یەکەم: کە حەوت ئایەتەکانی: (١ - ٧) دەگرێتەوە، حەوت ئایەتی سەرەتا: ﴿هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلْغَٰشِيَةِ ۝١ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ خَٰشِعَةٌ ۝٢ عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ ۝٣ تَصْلَىٰ نَارًا حَامِيَةً ۝٤ تُسْقَىٰ مِنْ عَيْنٍ ءَانِيَةٍ ۝٥ لَّيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٍ ۝٦ لَّا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِي مِن جُوعٍ ۝٧﴾، یەکسەر باسی هاتنی ڕۆژی دوایی، دوایی یەکسەر باسی خراپیی حاڵ و باڵی بێبڕوایان و، ئازارو ئەشکەنجەو مەینەتییەکانیان، لە ڕۆژی دواییدا و، هەم لە نێو دۆزەخدا، خوا پەنامان بدات.

تەوەری دووەم: کە نۆ ئایەتەکانی: (٨ - ١٦) دەگرێتە خۆی، باسی بڕوادارانی چاکەکارو، نازو نیعمەت و خێرو خۆشییەك کە لە ڕۆژی دواییدا چاوەڕێیان دەکات: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ ۝٨ لِّسَعْيِهَا رَاضِيَةٌ ۝٩ فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ ۝١٠ لَّا تَسْمَعُ فِيهَا لَٰغِيَةً ۝١١ فِيهَا عَيْنٌ جَارِيَةٌ ۝١٢ فِيهَا سُرُرٌ مَّرْفُوعَةٌ ۝١٣ وَأَكْوَابٌ مَّوْضُوعَةٌ ۝١٤ وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ ۝١٥ وَزَرَابِيُّ مَبْثُوثَةٌ ۝١٦﴾، کە باسی نشینگەو شوێنی نیشتەجێبوونی بڕواداران و، باسی ئەو کەل و پەل و پێداویستییانەی بەکاریان دێنن، کراوە.

تەوەری سێیەم: کە لە چوار ئایەتی (١٧ - ٢٠) دایە، سەرنجڕاکێشانی خوا سبحانە و تعالی بۆ مرۆڤەکان، کە ڕابمێنن و تەماشا بکەن و سەرنج بدەن، لە چوار لە دروستکراوە سەرسوڕهێنەرەکانی:

١- حوشترەکان، چۆن دروستکراون!.

٢- ئاسمان چۆن بەرز کراوەتەوە!.

٣- چیایەکان چۆن چەسپێنراون و داکوتراون بە زەویدا!.

٤- زەوی چۆن پانڕاخراوە!.

﴿ أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ ﴿١٧﴾ وَإِلَى ٱلسَّمَآءِ كَيْفَ رُفِعَتْ ﴿١٨﴾ وَإِلَى ٱلْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ ﴿١٩﴾ وَإِلَى ٱلْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ ﴿٢٠﴾ ﴾.

تەوەری چوارەم: کە لە شەش ئایەتی کۆتایی ئەم سوورەتە موبارەکە دایە، ئایەتەکانی: (٢١ - ٢٦)، فەرمانکردنی خوا سبحانه و تعالی بە پێغەمبەری خۆی موحەممەد ﷺ کە لەسەر ئەرك و کاری خۆی، کە بیرخستنەوەو ئامۆژگارییە، بەردەوام بێ و، لەسەری پێویست نیە هیدایەتی خوا بسەپێنێ بەسەر خەڵکداو، ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییەش کە گەڕانەوەی هەموو مرۆڤەکان و هەموو دروستکراوەکان، تەنیا بۆلای خوایەو، لێپرسینەوەش تەنیا کاری خوایەو، خوا سبحانه و تعالی تەنیا خۆی لە مرۆڤەکان دەپرسێتەوەو دەپێچێتەوە، سزاو پاداشتیان بۆ دیاریی دەکات: ﴿ فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ ﴿٢١﴾ لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ ﴿٢٢﴾ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ﴿٢٣﴾ فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَكْبَرَ ﴿٢٤﴾ إِنَّ إِلَيْنَآ إِيَابَهُمْ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم ﴿٢٦﴾ ﴾.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلْغَٰشِيَةِ ﴿١﴾ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ خَٰشِعَةٌ ﴿٢﴾ عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ ﴿٣﴾ تَصْلَىٰ
نَارًا حَامِيَةً ﴿٤﴾ تُسْقَىٰ مِنْ عَيْنٍ ءَانِيَةٍ ﴿٥﴾ لَّيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٍ ﴿٦﴾ لَّا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِى
مِن جُوعٍ ﴿٧﴾ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ ﴿٨﴾ لِّسَعْيِهَا رَاضِيَةٌ ﴿٩﴾ فِى جَنَّةٍ عَالِيَةٍ ﴿١٠﴾ لَّا تَسْمَعُ فِيهَا
لَٰغِيَةً ﴿١١﴾ فِيهَا عَيْنٌ جَارِيَةٌ ﴿١٢﴾ فِيهَا سُرُرٌ مَّرْفُوعَةٌ ﴿١٣﴾ وَأَكْوَابٌ مَّوْضُوعَةٌ ﴿١٤﴾ وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ
﴿١٥﴾ وَزَرَابِىُّ مَبْثُوثَةٌ ﴿١٦﴾ أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ ﴿١٧﴾ وَإِلَى ٱلسَّمَآءِ كَيْفَ

رُفِعَتۡ ﴿١٨﴾ وَإِلَى ٱلۡجِبَالِ كَيۡفَ نُصِبَتۡ ﴿١٩﴾ وَإِلَى ٱلۡأَرۡضِ كَيۡفَ سُطِحَتۡ ﴿٢٠﴾ فَذَكِّرۡ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٞ ﴿٢١﴾ لَّسۡتَ عَلَيۡهِم بِمُصَيۡطِرٍ ﴿٢٢﴾ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ﴿٢٣﴾ فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلۡعَذَابَ ٱلۡأَكۡبَرَ ﴿٢٤﴾ إِنَّ إِلَيۡنَآ إِيَابَهُمۡ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيۡنَا حِسَابَهُم ﴿٢٦﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەكان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. ئایا باس و خواسی (قیامەتی) داپۆشەرت بۆ هاتوە! ﴿١﴾ ڕووانێك لەو ڕۆژەدا بزڕكاوو زەبوونن ﴿٢﴾ ئیشكەری ماندوو (و ڕەنجەڕۆ)ن ﴿٣﴾ بە ئاگرێكی (یەكجار) گەرم (دەپیشێنرێن و) دەسووتێنرێن ﴿٤﴾ لە كانییەكی ئەوپەڕی گەرم، پێیان دەنۆشرێ ﴿٥﴾ خواردنیان نیە، جگە لە حوشتر خۆركە ﴿٦﴾ نە (مرۆڤ) قەڵەو دەكات و، نە برسیەتیی لادەبات (و نە سوودێك دەگەیەنێ) ﴿٧﴾ ڕووانێك لەو ڕۆژەدا گەش و بەدەون ﴿٨﴾ لە كۆششی (دنیایی) خۆیان ڕازیین ﴿٩﴾ لە باخێكی بڵند دان ﴿١٠﴾ هیچ قسەیەكی پووچی تێدا نابیستن ﴿١١﴾ سەرچاوەیەكی لەبەر ڕۆیشتووی تێدایە ﴿١٢﴾ تەختە بەرزكراوەكانی تێدان ﴿١٣﴾ هەروەها دەفرە (پێخۆرەوە) دانراوەكان ﴿١٤﴾ دیسان باڵنجە ڕیز كراوەكانیش ﴿١٥﴾ هەروەها فەڕش و بەڕە بڵاو كراوەكانیش ﴿١٦﴾ ئایا لە حوشترانەوە ڕانامێنن، چۆن دروستكراون؟ ﴿١٧﴾ هەروەها لە ئاسمانەوەش، چۆن بڵند كراوە؟ ﴿١٨﴾ دیسان لە چیایەكانیش، چۆن چەسپێنراون؟ ﴿١٩﴾ هەروەها لە زەویش، چۆن پانڕاخراوە؟ ﴿٢٠﴾ دەجا بیریان بخەوە، بێگومان تۆ تەنیا بیرخەرەوە (و ئامۆژگار)ی ﴿٢١﴾ تۆ بەسەریانەوە سەپێنەری (هیدایەتی خوا) نی ﴿٢٢﴾ جگە لە كەسێك كە پشتی هەڵكردو بێبڕوا بوو ﴿٢٣﴾ ئەو خوا ئازاری هەرە گەورەی دەدات ﴿٢٤﴾ بە دڵنیایی گەڕانەوەیان تەنیا بۆ لای ئێمەیە ﴿٢٥﴾ دوایی لێپرسینەوەشیان بەس لەسەر ئێمەیە ﴿٢٦﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکانە

(ٱلْغَـٰشِيَةِ): (غَشِيَهُ غِشَاوَةً وَغِشَاءً: أَتَاهُ إِتيَانَ مَا قَدْ غَشِيَهُ، وَغَشِيَهُ: سَتَرَهُ، وَالغِشَاوَةُ: مَا يُغَطَّى بِهِ الشَّيْء، وَالغَاشِيَةُ: نَائِبَةٌ تَغْشَاهُ)، وشەی (غَاشِيَة) لە (غَشِيَه)ەوە هاتوە، (غَشيَهُ، غِشَاوَةً، غِشَاءً)، واتە: دایپۆشی، (أَتَاهُ إِتيَانَ مَا قَدْ غَشِيَهُ)، بە شێوەیەك بۆی هات، وەك هاتنی شتێك كە دایدەپۆشێ، (وَغَشِيَهُ: سَتَرَهُ، والغِشَاوَةُ: مَا يُغَطَّى بِهِ الشَّيْء)، غَشِيَهُ: دایپۆشیی (غِشَاوَة): هەر شتێکە شتێکی دیکەی پێ داپۆشرێ (وَالغَاشِيَةُ: نائِبَةٌ تَغْشَاهُ) بەڵایەك كە دایاندەپۆشێ و هەموویان دەگرێتەوە.

(عَامِلَةٌ): ئیشکەر، یان: ئەو کەسانەی ئیشکەرن، (العَمَلُ: كُلُّ فِعْلٍ يَكُونُ مِنْ حَيَوانٍ بِقَصْدٍ فَهُوَ أَخَصُّ مِنَ الفِعْلِ)، (عَمَل): بریتیە لە هەر کردەوەیەك لە ژیاندارێك كە بە مەبەستەوە ئەنجام بدرێ، بۆیە (عَمَل) لە (فِعْل) تایبەتترە، (فِعل) پاڵدەدرێتە لای جگە لە ژیانداریش، با بە مەبەستەوەش نەبێ، بەڵام (عَمَل) ئەوەیە نیاز و مەبەستێکی لە پشتەوە بێ، بە زۆرییش پاڵدەدرێتەوە لای ژیانداران.

هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان گوتوویانە: (عَامِلَةٌ): ئەوانەن لە دنیادا کار دەکەن، بەڵام بە جگە لە ڕێی خواداو، تەنیا ماندووبونیان پێ دەبڕێ.

هەندێکیش وایان لێکداوەتەوە: (عَامِلَةٌ)، یانی: لە دۆزەخدا کار دەکەن و بێگاریان پێ دەکرێ، وەك دوایی باسی دەکەین.

ئێمەش مانای دووەمیان هەڵدەبژێرین و لەگەڵ ڕەوتی ئایەتەکاندا دەگونجێ.

(نَّاصِبَةٌ): (النَّصْبُ وَالنَّصَبُ: التَّعَبُ)، (نَصْب ونَصَبْ)، هەردووکیان بە مانای ماندوبوونن، دەگوترێ: (أَنْصَبَنِي كَذَا، أَيْ: أَتْعَبَنِي وَأَزْعَجَنِي)، واتە: ماندووی کردم

و بێزاری کردم، (فَهُوَ نَصِبٌ وَناصِبٌ)، ئەو ماندوویە، (نَصِيب)یشی بۆ بەکاردێ و (ناصِبِ)یشی بۆ بەکاردەهێنرێ، کۆی (ناصِب)یش، (نَاصِبَة)یە، واتە: ماندووەکان، ڕەنجەڕۆیەکان، کە ماندوو و بێزار دەبن و، نارەحەت دەبن.

(تَصْلَىٰ): (أَصْلُ الصَّلِي: الإِيْقَادُ بِالنَّارِ، صَلِيَ بِالنَّارِ وَبِكَذا: بُلِيَ بِهَا وَاصْطَلَى بِهَا، وَصَلَيْتُ الشَّاةَ أَيْ: شَوَيْتُهَا وَهِيَ مَصْلِيَّةٌ)، وشەی: (صَلِي) لە ئەسڵدا بە مانای ئاگردانەبەرە، شتێك ئاگری بدەیە بەرێ، دەگوترێ: (صَلِيَ بِالنَّارِ وَبِكَذَا، أَي: بُلِيَ بِهَا)، واتە: پێی ئازاردرا، پێی نارەحەت کرا، بە ئاگر یان بە هەر شتێکی دی، (وَاصْطَلى بِهَا)، بە هەمان شێوە: پێی ئازاردرا، پێی نارەحەت بوو، (وَصَلَيْتُ الشَّاةَ: شَوَيْتُها)، واتە: مەڕەکەم برژاند، (وَهِيَ مَصْلِيَّةٌ)، ئەو برژێندراوە، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەت، (شاةٌ مَصْلِيَّة) وەك زانایان بە تایبەت (فَخْرَ الدِّين الرَّازي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا، دەڵێ: ناگوترێ، (شَاةٌ مَصْلِيَّة)، هەتا نەخرێتە نێو کۆمەڵێك پشکۆی ئاگرەوە لە هەر چوار دەورەی، پشکۆ ئاگرەکان تینی بۆ بێنن، یان بپیشێ، یان لە هەموو لاوە ببرژێ، ئنجا پێی دەگوترێ: (مَصْلِيَّة).

(حَامِيَةً): (الحَمِيُ: الحَرَارةُ المُتَوَلِّدَةُ مِنَ الجَوَاهِرِ المَحْمِيَّةِ كَالنَّار وَالشَّمْسِ، وَحَامِيَةٌ أَي: حَارَّةٌ)، (حَمِي): بە گەرمییەك دەگوترێ، لەو شتانەی لە خودی خۆیاندا گەرمن، وەك ئاگرو خۆر، پەیدا دەبێ (حَامِيَةٌ أَيْ: حَارَّةٌ)، گەرم، ﴿ تَصْلَىٰ نَارًا حَامِيَةً ﴾، ئاگر هەر گەرمە، خوا کە دەفەرموێ: ئاگرێکی گەرم، مانای وایە گەرمییەکەی ئەو گەرمییە نیە، کە ئێمە دەیزانین.

(ءَانِيَةٍ): (أَنَى الشَّيءُ وَءانَ، أَيْ: قَرُبَ إِنَاهُ)، واتە: کاتی گەیشتنی، شتەکە هات، یانی: (قَرُبَ إِنَاهُ، أَيْ نَضْجُهُ)، کاتی کوڵینی، کاتی برژانی، کاتی پێگەیشتنی نیزیك بۆتەوە، (حَميمٍ آنٍ، أَي: بَلَغَ إِنَاهُ مِنْ شِدَّةِ الحَرِّ)، ئاوێك کە گەیشتۆتە ڕاددەی کوڵین، ئەوپەڕی کوڵین و پێگەیشتنی لەبەر زۆر گەرمیی.

(ضَرِيعٍ): (يابـس، الشِّـبْرِق أَوْ نَبَـاتٌ أَحْمَـرٌ، يَرْمِـي بِـهِ البَحْـرُ)، (ضَرِيعٍ): هەندێـك گوتوویانـە: (شِـبريق) بـە کوردیـی (حوشـترخۆرکە)ی پـێ دەڵێـن، گیایەکـی دڕکاوییـە بـەس حوشـتر دەیخـوات، ئەویـش بەتەڕیـی کـە وشـك بـۆوە نایخـوات، بـە وشـکیی پێی دەگوتـرێ: (ضَرِيعٍ)، بـەڵام بـە تەڕیـی پێـی دەگوتـرێ: (شِبْرِق)، هەندێکیـش گوتوویانـە: (ضَرِيعٍ)، ڕووەکێکـی سـوورە، دەریـا فڕێـی دەدات، تـاڵ و ژەهراوییـەو ناخـورێ.

(نَّاعِمَةٌ): (نَعَّمَـهُ تَنْعِيـمَاً وتَنَعَّـمَ: جَعَلَـهُ فِي نِعْمَـةٍ، أَيْ: لِيْنِ عَيْـشٍ، وَطَعَـامٌ نَاعِـمٌ وَجَارِيَـةٌ نَاعِمَـةٌ)، واتـە: (نَعَّمَـهُ تَنْعِيـمَاً)، نـازداری کـرد، خۆشـیی و لەززەتـی پێـدا، (فَتَنَعَّـمَ)، ئـەو بەهرەمەنـدە، (جَعَلَـهُ فِي نِعْمَـةٍ)، خسـتیە نێـو نـازو نیعمـەت و خۆشـییەوە، کـە بریتیـە لـە ژیانێکـی نـەرم و خـۆش، (طَعَـامٌ نَاعِـم)، خواردنێکـی خـۆش و بەتـام و چێـژ، (وَجَارِيَـةٌ نَاعِمَـة)، کەنیزەکێـك جەسـتەی نـەرم و ناسـك بـێ.

(لَٰغِيَةً): (اللَّغـو مِـنَ الـكَلَامِ: مَـا لا يُعْتَـدُّ بِـهِ)، (لَٰغِيَةً)، (لاغِيـة): بـە مانـای قسـەی پووچـە، ئـەو قسـەیەی گرنگیـی و بایەخـی پـێ نـادرێ، (لَٰغِيَةً): (أَيْ: لَغـو، مِثْـلُ كَاذِبَـة بِمَعْنـى الكَـذِبْ)، (لَٰغِيَةً): بـە مانـای قسـەی پووچـە، وەك چـۆن (كَاذِبَـة)، بـە مانـای (كَـذِبَ) درۆیـە.

(راغـب الأَصفهـاني)، دەڵـێ: (اللغـو: هُـوَ صَـوتُ العَصَافِيرِ)، (لغـو) دەنگـی پاسـاریی و چۆلەکەیـە، بـۆ ئێمـە هـەر جریـوە جریـوەو هیـچ مانایەکـی نیـە، بـەڵام بێگومـان بـۆ خۆیـان مانـای هەیـە، هەمـوو ئـەو باڵنـدەو زیندەوەرانـە دەنگیـان هەیـەو بێگومـان پێـی لێـك تێدەگـەن، بـە ئەنـدازەی ئـەوەی کاروبـاری نێـو خۆیـان بەڕێـوە بـەرن.

(وَنَمَارِقُ): (جَمْـعُ نُمْرُقَـة، وَهِـيَ وِسَـادَةٌ صَغِـيرَةٌ، وَالنِّمْرِقَـةُ لُغَـةٌ)، (نمَـارق) کـۆی (نُمْرُقـة) یـەو بریتیـە لـە باڵنجـی گچکـە، شـانی لەسـەر دادەنـرێ، بـە (نِمْرِقـة)ش هاتـوە، لـە زارێکـی دیکـەدا، ﴿ وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ ﴾، واتـە: باڵنجـە ڕیزکـراوەکان، ئـەو شـوێنانەی هـی خەڵـکی ئاسـوودەو خۆشـگوزەرانن، باڵنـج بەڕیـز دادەنرێـن و خەڵکەکـە شـانیان لەسـەردا دەدات.

(وَزَرَابِيُّ): (جَمْـعُ زَرْبِيّ، وَهـوَ البِسَـاطُ، أَوِ الطُّنْفُسـةُ فَـوْقَ الرَّحْـل)، (بِسَـاط) واتـە: بـەڕەو فـەڕش، یـان (طُنْفسَـة) پۆشـاکێکی نەرمـە لەسـەر کورتـان دادەنـرێ و پێـی دەگوتـرێ: سـەرجل، (طِنْفِسَـة وَ طَنْفُسـة وَ طَنْفِسة)شـی، پێدەگوتـرێ، لـە بـارەی (وَزَرَابِيُّ)ەوە زانایـان زۆر قسـەیان لێوەکـردووەو، دواتریـش مـن قسـەیەکی لـە بـارەوە دەکـەم.

گوتوویانـە: (وَزَرَابِيُّ): (جَمْـعُ زَرِیـبَ، وَهُـوَ ضَرْبٌ مِـنَ الثِّیَـابِ مُطَـرَّزٌ مَنْسـوبٌ إِلى مَوْضِـعٍ)، (وَزَرَابِيُّ) کـۆی (زَرِیبَة)یـە، جۆرێکـە لـە پۆشـاك دەچـنرێ و دەڕازێنرێتـەوە، پاڵدراوەتـە لای شـوێنێك ئەمـە ڕایەکـی زانایانـە.

بـەڵام دوایـی ڕای خـۆم دێنـم و دەری دەخـەم کـە (زَرَابِيُّ) ئەسـڵێکی نیـە لـە زمانـی عەرەبیـی دا، چونکـە وشـەیەکی فارسـیی، یاخـود کوردییە.

(بِمُصَيْطِرٍ): (مُصَیْطِـر) به (ص) و (مُسَـیْطِر) به (س)، بـە هەردووکیان خوێنراوەتەوە، {مُسَـيْطِر أي: قَـامَ عَلَیْـهِ قِیَـامَ سَـطْرٍ}، وەك چـۆن دێڕێـك ڕاسـت دەکـرێ، بەسـەریەکەوە ڕێـك وەسـتاوە، ئـاوا بەسـەریەوە وەسـتا، وەك خـوای مـەزن دەفەرمـوێ: ﴿ أَفَمَنْ هُوَ قَآئِمٌ عَلَىٰ كُلِّ نَفْسِۭ بِمَا كَسَبَتْ ﴿٣٣﴾ ﴾المدثر، واتـە: ئایـا ئـەو کەسـەی ڕاوەسـتاوە بەسـەر هـەر کەسـێکەوە، داخـۆ چـی دەکات! کـە خـوای پـەروەردگارە و، خۆشـی ئـاگاداری هەمـوو شـتێکەو، فریشتەکانیشـی بەسـەریەوە وەك چاودێـر دانـاون.

(إِيَابَهُمْ): (أَبَ أَوْبـاً، وإِيَابـاً وَمَآبَـاً، أَيْ: رَجَـعَ)، آب: گەڕایـەوە، (أَوْبـاً، وإِيَابـاً، وَمَآبَـاً) هەرسـێکیان چاوگـن، یانـی: گەڕانـەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا سـبحانه و تعالـی دەفەرمـوێ: ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ﴾، بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، ئەمـەش یـانی:

١- خوێندنی ئەم سوورەتە دەست پێدەکەم و بە ناوی خوا دەیخوێنم.

٢- بەپێی بەرنامەیەك کە خوا دایناوە، دەیخوێنم.

٣- بۆ خوا دەیخوێنم و، چاوەڕێی پاداشتەکەی لە خوا دەکەم.

٤- بە هەوڵ و توانایەك کە خوا بۆی ڕەخساندووم، دەیخوێنم.

﴿ هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْغَاشِيَةِ ﴾، ئایـا بـاس و خـواسی داپۆشـەرت بـۆ هاتـوە؟ گومانـی تێـدا نیـە، ڕووی دوانـدن لـە پێغەمبـەری خاتەمـە ﷺ بەپلـەی یەکـەم، لـە دوای ئەویشـەوە ڕوو لـە هـەر کەسێکە بـە ڕێـی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺدا دەڕوات و، هـەر کەسێك کـە قورئـان دەخوێنـێ و، شایستەی ئەوەیە خـوا بیدوێنـێ، ﴿ هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْغَاشِيَةِ ﴾ ئایـا بـاس و خواسـی داپۆشـەرت بـۆ هاتـوە، واتـە: ئایـا بـاس و خواسـی ئـەو ڕووداوەی هەمـوو شـتێك دادەپۆشـێ، بـە تـۆ گەیشـتوە؟ ﴿ أَتَاكَ ﴾، (أَيْ بَلَغَكَ)، پێـت گەیشـتوە، بێگومـان مەبەسـت لـە: ﴿ الْغَاشِيَةِ ﴾ ڕۆژی دواییـەو، یەکێکـە لـە ناوەکانـی ڕۆژی دوایـی، لەبەرئـەوەی ڕۆژی دوایـی، بـەو هەمـوو نارەحەتیـی و دژواریـی و سـەختییانەی تێیـدان، هەمـوو شـتێك دادەپۆشـێ و، هەمـوو کەسـێك دادەپۆشـێ، بۆیـە خـوا سـبحانە و تعالـی ئـەو نـاوەی لێنـاوەو، کاتـی خۆیشـی ئێمـە لـە تەفسـیری سـوورەتی (القيامة)دا، کورتـە باسێکمان لـە بـارەی ڕۆژی دواییـەوە کـرد، ڕۆژی دوایـی بـە هـەردووك قۆناغـی: تێکچوونـی ئـەم گەردوونـە (ساعة)و، دووبـارە زیندووکرانـەوەی خەڵـك و هەڵسـێنرانەوەیان (قيامة)، ئاخیـر زەمـان و قیامـەت، کـە هـەر کامێکیـان لـەو دوو قۆناغـە، خـوا چەنـدان نـاوی بـۆ بەکارهێنـاون و، لـەو کورتـە باسـەدا هێناومانـن[1].

---

(١) بـاس و خـواس و لێکۆڵینـەوەی تێـرو تەسەلیشـمان لـە بـارەی ڕۆژی دوایـی (اليوم الآخر)ەوە

ئنجا یەکێك لەو ناوانەی ڕۆژی دوایی، بریتیە لە: ﴿ ٱلۡغَٰشِيَةِ ﴾ داپۆشەر، ئایا باس و خواسی داپۆشەرت بۆ هاتوە، ئنجا خوا سبحانه و تعالى کە ئەمەمان بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە موبارەکە دانا یەکسەر دێتە سەر پۆلێنکردنی خەڵك لەو ڕۆژەدا بۆ دوو بەش:

بەشی یەکەمیان: ﴿ وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٍ خَٰشِعَةٌ ﴾، ڕووانێك (کەسانێك) لەو ڕۆژەدا بزرکاوو زەبوون و شپرزن، وشەی: (**خُشوع**)، بە مانای ملکەچیی و زەبوونیی دێ، بەڵام لێرەدا بە مانای هەڵبزرکان و ترس و لەرز لێنیشتن و مات و مەلوول بوونە، ﴿ عَامِلَةٞ نَّاصِبَةٞ ﴾، ئیشکەری ڕەنجەڕۆن، ئیشکەری ماندوون، ﴿ عَامِلَةٞ ﴾ کۆی (عامل)ە، واتە: ئیشکەر، (**عاملة**)ش کۆیە، ئەو ڕووانە، خاوەنانی ئەو ڕووانە ئیش دەکەن، ﴿ نَّاصِبَةٞ ﴾ کۆی (**ناصِب**)، یان (**نَصِبٌ**)ە، یانی: ماندوو، ئیش دەکەن و ماندوون، ڕوونکەرەوانی قورئان گوتوویانە: مەبەست کەسانێکە کە لە دنیادا بە جۆرێك خۆیان ماندوو دەکەن و کار دەکەن بۆ خوا، بەڵام چونکە بە ڕێی خوادا نیەو خوا لێی ڕازی نیە، بۆیە ماندوو دەبن و کار دەکەن، بەڵام بەس ماندوو بوون و ڕەنج دانیان پێدەبڕێ.

بەڵام باشتر وایە وا لێکبدرێتەوە کە هەر لە ڕۆژی دواییدا، وەك چۆن هەڵبزرکان و مات و مەلوول بوون، ڕوو لە دەم و چاویان دەکات، بەهەمان شێوە، لە دۆزەخیشدا هەر ئیش دەکەن و زۆریش ماندوو دەبن، ئیشکردنەکەشیان ئەو سۆغرەو بێگارەیە، کە پێیان دەکرێ لە دۆزەخدا و، ئیشەکەیان هیچ سوودێکی بۆ ئەوان نیە، بەس ماندوبوون و ڕەنج دانە.

﴿ تَصۡلَىٰ نَارًا حَامِيَةٗ ﴾ بە شێوەیەکی تایبەت - کە پیشان و برژانە - دەسووتێنرێن بە ئاگرێکی زۆر گەرم، ئاگر بۆ خۆی هەر گەرمە، بەڵام کە خوا دەفەرموێ: ﴿ نَارًا حَامِيَةٗ ﴾، ئاگرێکی گەرم، مانای وایە گەرمییەکەی گەرمییەکی نائاساییەو،

لە کتێبی هەشتەمی: (موسوعة: الإسلام كما يتجلىٰ في كتاب الله)، (الإيمان باليوم الآخر)دا کردوە.

ئەو گەرمییە نیە کە ئێمە دەیزانین، پێشتریش باسمان کرد، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {إِنَّ نَارَكُمْ هَـذِهِ جُـزْءٌ مِـنْ سَـبْعِينَ جُـزْءًا مِـنْ نَـارِ جَهَنَّـمَ} (أخرجه أحمد: ٧٣٢٣)، واتە: ئەو ئاگرەی ئێوە بەشێکە لە حەفتا بەش لە ئاگری دۆزەخ، واتە: ئاگری دۆزەخ حەفتا هێندە گەرمە، ﴿تُسْقَىٰ مِنْ عَيْنٍ ءَانِيَةٍ﴾، لە کانیی و سەرچاوەیەك کە ئاوەکەی ئەوپەڕی داغ و گەرمە، پێیان دەنۆشرێ، ﴿ءَانِيَةٍ﴾، دەگوترێ: (أَنَى وَآنَ الطَّعَامُ أَي: نَضِجَ)، خواردنەکە پێگەیشت و کوڵیی، ئەدی خۆراکیان چییە؟ ﴿لَّيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٍ﴾، خواردنیان نیە مەگەر لە حوشتر خۆرکە: ﴿ضَرِيعٍ﴾، ئەمیش بە: (يَابِسُ الشُّبْرُقِ)، مانا کراوە، حوشترخۆرکەی وشك، ڕووەکی حوشترخۆرکە، کە وشك دەبێ پێی دەگوترێ: ﴿ضَرِيعٍ﴾، حوشترخۆرکەش تەنیا حوشتر دەیخوا، بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە، گیایەکی دڕکاویی و تاڵ و ناخۆشە، بە زۆریی لە بیابان دەڕوێ، ئەوان خواردنیان تەنیا ئەوەیە.

یەکێك بۆی هەیە بڵێ: ئەدی بۆچی لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنْ غِسْلِينٍ ﴿٣٦﴾﴾ الحاقة، خواردنیان نیە مەگەر لە کێم و زووخاو ﴿غِسْلِينٍ﴾؟!.

وەڵامەکەی ئەوەیە کە دۆزەخ شوێن شوێنەو، لە شوێنێك دا تەنیا: ﴿غِسْلِينٍ﴾ دەخۆن و، لە شوێنێك دا تەنیا: ﴿ضَرِيعٍ﴾، دەخۆن و، لە شوێنێکی دیکەدا: ﴿زَقُّومِ﴾، دەخۆن.

یاخود حاڵەت حاڵەتە، خوای کارزان و دادگەر خواردنەکانیان بۆ جۆراو جۆر دەکات و، ماوەیەك ﴿ضَرِيعٍ﴾یان پێدەدەن و، ماوەیەك ﴿غِسْلِينٍ﴾یان پێدەدەن و، ماوەیەك ﴿زَقُّومِ﴾یان پێدەدەن، ماوەیەك شتێکی دیکەیان پێدەدەن، ﴿لَّا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِي مِن جُوعٍ﴾، ئەو خواردنە نە قەڵەو دەکات، نە کەلێنی برسییەتییش دەگرێ، واتە: نە برسێتیی لە مرۆڤ دوور دەخاتەوەو، نە دەبێتە هۆی قەڵەوبوونی مرۆڤیش، نە گۆشتی پێدەگرێ و، نە برسێتییشی لادەبات، ئەو خۆراکە هیچ سوودێکی نیە، ئەوە کۆمەڵێ یەکەم، کە لە ڕۆژی هاتنی ئەو بەڵا داپۆشەرەدا، خەڵك دەبنە ئەو دوو کۆمەڵە.

کۆمەڵی دووەم: ﴿وُجُوهٌ يَوۡمَئِذٖ نَّاعِمَةٞ﴾، خوا سبحانه و تعالی بە (و)ی بادانەوە (**واو العطف**) ئەم کۆمەڵەی نەگێڕاوەتەوەو بـا نەداوەتەوە سەر کۆمەڵەی یەکەم، چونکە زۆر لێك دوورن و لێك جیان، ئەوان لە عالەمی دۆزەخ داو، ئەمان لە عالەمی بەهەشتدا، زۆر لێك جیان، ﴿وُجُوهٌ يَوۡمَئِذٖ نَّاعِمَةٞ﴾، ڕووانێك هەن لەو ڕۆژەدا زۆر شادو گەش و بە دەون.

﴿لِّسَعۡيِهَا رَاضِيَةٞ﴾، لە هەوڵ و کۆششی خۆیان - کە لە دنیادا ئەنجامیان داوە - ڕازیین، زۆر دڵشادو ڕازیین لەو هەوڵ و کۆششەی خۆیان کە کردوویانەو بە ئیرەی گەیاندوون، کە بەهەشتە، ﴿فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٖ﴾، لە باخێکی بەرزدان، ﴿لَّا تَسۡمَعُ فِيهَا لَٰغِيَةٗ﴾ لەوێدا (لەو باخەدا) قسەی پووچ نابیستی، قسەیەك کە سوودی نەبێ، چ جای قسەی خراپ! ﴿فِيهَا عَيۡنٞ جَارِيَةٞ﴾، لەوێدا (لەو باخە بەرزەدا) کانیی و سەرچاوەیەکی لە بەر ڕۆیشتووی تێدایە، بەردەوام ئاوی لەبەر دەڕوات.

کە دەفەرموێ: ﴿فِيهَا عَيۡنٞ جَارِيَةٞ﴾، ئەمە مانای ئەوە وانیە تەنیا یەك سەرچاوەی تێدایە، بەڵکو یانی: ئەو سەرچاوانەی تێیدان، ئاوەکەیانیان لەبەر دەڕوات، ﴿فِيهَا سُرُرٞ مَّرۡفُوعَةٞ﴾، تەختە بەرزکراوەکانی - لە ڕووی مەعنەویی و ماددییەوە - تێدان، خوا ﷻ دوو جاران وشەی: ﴿فِيهَا﴾ی هێناوە، جارێکیان: ﴿فِيهَا عَيۡنٞ جَارِيَةٞ﴾ جاری دووەم: ﴿فِيهَا سُرُرٞ مَّرۡفُوعَةٞ﴾، ئنجا ئەوانەی دیکەی هەموویان هێناوە: ﴿وَأَكۡوَابٞ مَّوۡضُوعَةٞ ١٤ وَنَمَارِقُ مَصۡفُوفَةٞ ١٥ وَزَرَابِيُّ مَبۡثُوثَةٌ ١٦﴾، بۆچی؟

وەڵام:

﴿فِيهَا﴾ی یەکەم، باسی کانیی و سەرچاوەو مێرگ و سەوزاییە، ئەمە باسی ژینگەکەیانە.

﴿فِيهَا﴾ی دووەم، باسی تەخت و شوێنی ئیسراحەت و پشوودانیانە، ئەمەش باسی ماڵ و حاڵ و شوێنی تایبەتیانە، بەڵام ئەوانی دیکە هەموویان کەل و پەل و پێداویستییەکانیانن و، هەر لەو ژینگەو ماڵ و حاڵەشیان دان!! ﴿سُرُرٞ﴾ کۆی

(سَرِیـر)ەو، ئەویـش ئـەو تەختەیـە کـە خەڵـك لەسـەری پـاڵ دەکـەوێ، یـان لەسـەری شـان دەداو، ئیسـرٍاحەت دەکات، بـەڵام ئـەو تەختانـە بـەرز کراونـەوە، ئەمـەش هـەم بـەرز کردنـەوەی ڕواڵەتیـی دەگەیەنـێ و، هـەم بـەرز کردنـەوەی مەعنەوییـش، یـانی: هـەم لـە ڕووی ڕواڵەتییـەوە بـەرزن، هـەم لـە ڕووی مەعنەویشـەوە زۆر نایـاب و بـە نـرخ و چاکـن.

﴿ وَأَكْوَابٌ مَّوْضُوعَةٌ ﴾، هەروەهـا لـەو باخـەدا دەفـرە دانـراوەکان هـەن، ﴿ وَأَكْوَابٌ ﴾، کـۆی (كُـوب)ە، زانایـان دەڵێـن: دەفرێکـە هەنگڵـی نەبـێ، قوڵفـی نەبـێ، لـەو بـارەوە زۆر قسـەیان کـردووە، گرنـگ ئەوەیـە: ﴿ وَأَكْوَابٌ ﴾، شـلەمەنیی پـێ دەخورێتـەوە، ئنجـا: ئـاوە، شـەڕابە، هەنگوینـە، شـەربەتە، هەرچـی هەیـەو دەخورێتـەوە، ﴿ مَّوْضُوعَةٌ ﴾، دانـراون، ڕۆنـراون تاکـو پێیـان بخورێتـەوە.

﴿ وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ ﴾، (نَمَـارِق) کـۆی (نُمْرُقَـة) یـان (نِمْرِقة)یـە، کـە بـە مانـای سـەرین و باڵنـج دێ، ئـەوەی خەڵـك شـانی لەسـەر دادەدا، واتـە: باڵنجـی ڕیزکـراو لەوێـدا هـەن.

﴿ وَزَرَابِيُّ مَبْثُوثَةٌ ﴾، (زَرَابِيُّ)، زانایـان لـە بـارەی ڕیشـەکەیەوە، ئایـا لـە کوێـوەو لـە چییـەوە هاتـوە؟ ڕاجیاییـان هەیـە، بـەڵام وەك پێشـتریش گوتوومانـە: وا پێدەچـێ لـە: (زیربـی)وە هاتبـێ، (زیربـی)ش لـە ئەسـڵدا (ژێرپێ)یـە، بـەڵام لـە زمانـی عەرەبییـدا نـە پیتـی (ژ) هەیـە، نـە پیتـی (پ)، بۆیـە (ژێرپـێ) بۆتـە: (زیـربي)، وەختـێ (ژ)یەکـە ببێتـە (ز)، (پ) یەکـە ببێتـە (ب)، دەبێتـە (زیـربي)و کـە کـۆ دەکرێتـەوە دەبێتـە (زَرَابِيُّ)، یـانی: ئـەو بەڕانـەی خەڵـك پێیـان لـێ دەنـێ و ڕادەخرێـن و، پێویسـت نـاکات پێـڵاو دابنرێ، کـە لـەم ڕۆژگارەدا وشـەی (کۆمبـار) بـەکاردێ، بەڵکـو ئێسـتا کەسـانێك کـە زۆر خۆشـگوزەرانن و زێدەڕۆیـی دەکـەن، لەسـەر حیسـابی خەڵـك و میللـەت، فەرشـی زۆر نایـاب و بـە نـرخ ڕادەخـەن و پێـی لـێ دەنێـن.

﴿ مَبْثُوثَةٌ ﴾ بڵاوکراوەن، لە هەموو شوێنان بڵاو کراون، ئەو بەڕەو ڕایەخانە.

ئنجا خوا سبحانە و تعالی سەرنجی مرۆڤان ڕادەکێشێ بۆ چوار لە دروستکراوەکانی خۆی:

﴿ أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ ﴾، ئایا سەرنجی حوشترانیان نەداوە چۆن دروستکراون؟، ﴿ وَإِلَى ٱلسَّمَآءِ كَيْفَ رُفِعَتْ ﴾، هەروەها تەماشای ئاسمانیان نەکردوە چۆن بەرز کراوەتەوە؟ ﴿ وَإِلَى ٱلْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ ﴾، دیسان سەرنجی چیایەکانیان نەداوە، چۆن چەقێنراون و چەسپێنراون؟ ﴿ وَإِلَى ٱلْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ ﴾، هەروەها تەماشای زەوییان نەکردوە، چۆن پانڕاخراوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا کە خڕو هێلکەییە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر گەورەیە، وا دەکەوێتە بەرچاو، پانڕاخرابێ.

خوا لە کۆتاییدا بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: ﴿ فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ ﴾ بیریان بخەوە تۆ تەنیا بیرخەرەوەی، ئامۆژگارییان بکە، تۆ تەنیا ئامۆژگارییکاری، ﴿ لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ ﴾، دەسەڵاتت بەسەریاندا نیە، بەسەریاندا دەسەڵاتدار نەکراوی، بە زۆر ئیمان بخەیە دڵیانەوە، ﴿ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ﴾، مەگەر کەسێك پشت هەڵبکاو بێبڕوا بێ، کەسێك پشت هەڵبکاو بێبڕوا بێ: ﴿ فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَكْبَرَ ﴾، خوا سزای هەرە گەورەی دەدا، زانایان دەڵێن: (إلاّ) لێرەدا بە مانای (لَكِنْ)ە، (لكِنْ مَنْ تَوَلَّى وَكَفَر)، بەڵام کەسێك پشت هەڵبکاو بێبڕوا بێ، خوا سزای هەرە گەورەی دەدا، ﴿ إِنَّ إِلَيْنَآ إِيَابَهُمْ ﴾ بە دڵنیایی گەڕانەوەیان بۆ لای ئێمەیە، ﴿ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم ﴾، دواییش لێپرسینەوەیان تەنیا لەسەر ئێمەیە، کەواتە: تەنیا بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوەو، بۆ هیچ شوێنێکی دیکە ناچن، لێپرسینەوەشیان تەنیا لەسەر ئێمەیەو، لێرە لە قیامەت لەگەڵیاندا یەکلایی دەکەینەوەو، تەسفیەی حیسابیان لەگەڵدا دەکەین، کەواتە: تۆ ئەی موحەممەد! تەنیا پەیامی خوایان پێ دەگەیەنی و، ئەرکی تۆ نیە پەیامی خوایان لەسەر فەرز بکەی، کە لە ڕاستییدا نە پەیامی خواو، نە هیچ بەرنامەیەکی دیکەش، ناگونجێ لەسەر هیچ کەسێك فەرز بکرێ، کەسێك بە زۆر شتێکی لەسەر فەرز بکرێ و، ئەویش ملی بۆ کەچ بکات، ئەوە هەر ملکەچکردنێکی ڕواڵەتییەو، لە حاڵەتی کوفری ئاشکراوە، بردراوە بۆ حاڵەتی کوفری پەنهان، کە نیفاقە، خوای پەروەردگاریش ڕێ نادات لە ئایین و بەرنامەی خۆیدا، خەڵك ناچار بکرێ لەسەر نیفاق و کوفری ئاشکرا یان پەنهان!.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

ناوبردنی قیامەت بە داپۆشەرو، باسی هەڵبزرکان و زەبوونیی ڕووی بێبڕوایان و دووچاری کارو بێگارو ماندووبوونی زۆربوونیان و، لە دۆزەخدا بە ئاگرێکی زۆر گەرم و، ئاوێکی یەکجار داغ سزادرانیان و، جگە لە ڕووەکی حوشترخۆرکەش خواردنێکی دیکەیان نیە، ئەویش هیچ سوودێکی نیە، نە بۆ قەڵەو بوون، نە بۆ لابردنی برسیەتیی:

خوا دەفەرموێ: ﴿هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلْغَٰشِيَةِ ۝١ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ خَٰشِعَةٌ ۝٢
عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ ۝٣ تَصْلَىٰ نَارًا حَامِيَةً ۝٤ تُسْقَىٰ مِنْ عَيْنٍ ءَانِيَةٍ ۝٥ لَّيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٍ
۝٦ لَّا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِى مِن جُوعٍ ۝٧﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلْغَٰشِيَةِ﴾ ئایا باس و خواسی داپۆشەرەکەت، بۆ هاتوە؟ ڕووی دواندن لە پێغەمبەری خاتەمە ﷺ و لە پشت ئەویشەوە، هەر کەسێك بشێ بۆ دواندن.

پێشتریش گوتوومانە: ﴿أَتَىٰكَ﴾، یانی: (جَاءَكَ)، لێرەش دا ﴿أَتَىٰكَ﴾ یانی: (بَلَغَكَ)، ئایا پێتگەیشتوە، ﴿حَدِيثُ ٱلْغَٰشِيَةِ﴾، یانی: (خَبَرُ حَدِيثِ الغَاشِيَةِ)، هەواڵ و باس و خواسی داپۆشەرەکە ﴿ٱلْغَٰشِيَةِ﴾.

کە دەفەرموێ: ﴿هَلْ﴾، ئایا، ئەم پرسیارکردنە، پرسیارکردنە بۆ سەرسوڕمان و مەزن پێشاندان، واتە: باس و خواسی ئەو داپۆشەرە - کە یەکێکە لە ناوەکانی ڕۆژی دوایی - باس و خواسێکی زۆر گەورەو گرنگەو زۆر جێی سەرسوڕمانە،

(الغَاشيَةُ مِن أَسْماءِ القِيامَةِ، وهي الدَّاهيَةُ الَّتي تُغَطِّي عَلَى غَيْرِهَا)، ﴿ٱلْغَـٰشِيَةِ﴾ یەكێكە لە ناوەكانی ڕۆژی دوایی، واتە: ئەو بەڵاو گرفتارییەی هەموو شتێك دادەپۆشێ، ئنجا خوای بەرزو مەزن دوای ئەوەی بەو شێوەیە دەستی پێكرد، یەكسەر دێتە سەر پۆلێنكردنی خەڵك لەو ڕۆژەدا بۆ دوو پۆل، دوو كۆمەڵ:

٢)- ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ خَـٰشِعَةٌ﴾، ڕووانێك لەو ڕۆژەدا هەن، دەم و چاوانێك هەن، ترس و لەرزو سام و بیمیان لێ نیشتوە، هەڵبزڕكاون و داماون، وشەی: ﴿خَـٰشِعَةٌ﴾ ئەو واتایانە هەموویان دەگرێتەوە، زانایان بە: (ذَليلَةٌ ضَعِيفَة) مانایان لێكداوەتەوە، واتە: هەم زەبوونن، هەم بێهێزن، بەڵام وێڕای ئەوە: هەڵبزڕكان و ترس و لەرزداگرتن و سام و هەیبەت لێنیشتن، ئەوانەش هەموویان دەگرێتەوە، لێرەدا كە دەفەرموێ: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ﴾، ڕووانێك هەن لەو ڕۆژەدا، واتە: لەو ڕۆژەدا كە داپۆشەرەكە ﴿ٱلْغَـٰشِيَةِ﴾ دێ، بەو شێوەیەن، هەڵبزڕكاون و، ترس و لەرز لێنیشتوون، بە دڵنیایی مەبەست تەنیا ڕووەكان نیە، بەڵكو مەبەست پێی كەسانێكە كە ڕوویان بەو شێوەیە.

ئنجا خوا دێتە سەر چۆنیەتیی سزادرانیان لە دۆزەخداو دەفەرموێ:

٣)- ﴿عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ﴾، ئیشكەری ماندووبوون، واتە: لە دۆزەخدا ئیش و كار دەكەن، بێگاریان پێ دەكرێ، وەك چۆن لە دنیاش دا ئەو جۆرە سزایە هەیەو دەگوترێ: فلانكەس بە دە ساڵ زیندانیی حوكم درا، لەگەڵ كارە قورسەكانیش دا (**مَع الأَعْمال الشَّاقَّة**)، واتە: وێڕای سجن كران، بێگاریشیان پێدەكەن.

واتایەكی دیكەشی ئەوەیە كە ئەو جۆرە كەسانەی ڕوویان هەڵدەبزڕكێ و كزو داماوو مات و مەلوول دەبن لە ڕۆژی دوایی دا، لە دنیادا كاریان كردوە، بەڵام تەنیا ماندووبوونیان پێبڕاوەو، ڕەنجەڕۆ بوون.

﴿عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ﴾، (**عَامِل**) كە بە ﴿عَامِلَةٌ﴾ كۆكراوەتەوە، واتە: ئیشكەرن، ﴿نَّاصِبَةٌ﴾ش كۆی (**ناصِب**)ە، واتە: ماندوون، یانی: تەنیا ماندووبوون و ڕەنجدانیان پێبڕاوە، لەو كردو كۆششەی لە دنیادا كردوویانە، چونكە لە ڕێیەكی ڕاستەوە

نەبــووە، وەك خــوای دادگــەر لــە ســوورەتی (الفرقــان)دا دەفەرمــوێ: ﴿ وَقَدِمْنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُواْ مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَـٰهُ هَبَآءً مَّنثُورًا ﴿٢٣﴾ ﴾، واتــە: ئـەو کردەوانــەی کردبوویانــن ڕوومـان تێکـردن و کردمانـن بـە تـۆزو گـەردی بـڵاو.

هەروەهــا لــە ســوورەتی (إبراهیــم)دا خــوای کاربەجــێ دەفەرمــوێ: ﴿ مَّثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمْۖ أَعْمَـٰلُهُمْ كَرَمَادٍ ٱشْتَدَّتْ بِهِ ٱلرِّيحُ فِى يَوْمٍ عَاصِفٍۖ لَّا يَقْدِرُونَ مِمَّا كَسَبُواْ عَلَىٰ شَىْءٍۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَـٰلُ ٱلْبَعِيدُ ﴿١٨﴾ ﴾، واتــە: ئەوانــەی بێبڕوابــوون کردەوەکانیــان لــە ڕۆژیــی دواییــدا وەك خۆڵەمێشــێکە بایەکــی تونــدو بەهێــز لێــی دەدات، ئــەوەی وەدەســتیان هێنــاوە، دەســەڵاتیان بەســەر هیچیــدا نابــێ، ئائەوەیــە گومڕایــی دوور.

بــەڵام وەك پێشــتریش گوتمــان: مانــای یەکەمیــان بەهێزتــرەو، مەبەســت ئەوەیــە کــە لــە دۆزەخــدا ســزا دەدرێــن، بێگاریــان پێدەکــرێ و کاری قورســیان پێدەکــرێ، ڕەنــج دەدەن و زۆریــش مانــدوو دەبــن، بەڵگەشــمان لەســەر ئــەوە کــە ئــەو مانایــە بەهێزتــرە، زۆرن، بــۆ وێنــە:

ئیبنــو تەیمییــە (ڕەحمەتــی خــوای لــێ بــێ) لــە: (**مَجمــوع الفَتاوى**)کــەی دا، کــە (**الشــنقیطي**) خــاوەنی: (**أَضْــواءُ البیــان**)[1]، لێــی خواســتۆتەوە، حــەوت بەڵگــە لــەو بارەوە دێنێتــەوە، منیــش بــە تۆزێــك ڕوونکردنــەوەو دەســتکارییکردنەوە دەیانخەمــەڕوو:

---

(١) ج٨، ص: ٥١١ - ٥١٣

کورتە باسێک

حەوت بەڵگە لەسەر ئەوە کە مەبەست لە: ﴿عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ﴾، بێگار پێکرانی بێبڕوایانە لە دۆزەخ دا:

بەڵگەی یەکەم:

لـە ڕووی ڕێزمانـی عەرەبییـەوە وا باشـترە تێدابـوو (ظَـرف)، واتـە: ئـەو کاتـەی یاخـود ئـەو شـوێنەی شـتێکی تێـدا ڕوودەدا، پەیوەسـتبێ بـە نزیکتریـن باسـکراو لـە خۆیـەوە، نیزیکتریـن باسـکراویش لـە: (عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ)وە بریتیـە لـە: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ خَٰشِعَةٌ ۝٢﴾، لـەو ڕۆژەدا، لـە ڕۆژێکـدا کـە داپۆشـەرەکە (غَاشـيَة) دێ، ڕووانێـك هەڵبـزڕکاوو مەلـوول و دامـاوو کـزن، کەواتـە: ﴿عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ﴾، هـەر پەیوەسـتە بـەڕۆژی هاتنـی داپۆشـەرەکەوە، کـە ڕۆژی دواییـە، نـەك مەبەسـت ئەوەبـێ، کـە لـە دنیـادا وابـوون.

بەڵگەی دووەم:

خـوا سـبحانە و تعالـی لـە ئایەتەکانـی دواییـدا، باسـی ڕووەکانـی دیکەشـی کـردوە: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ ۝٨ لِّسَعْيِهَا رَاضِيَةٌ﴾، ڕووانێـك لـەو ڕۆژەدا نـەرم و نیـان و خۆشـگوزەرانن، لـە هـەوڵ و کۆششـەکەیان ڕازییـن، باسـی ئەوانیشـی کـردوە، کەواتە: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ خَٰشِعَةٌ، عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ﴾، ڕووانێـك لـەو ڕۆژەدا کـزو دامـاوو مـات و مەلـوول و هەڵبـزڕکاون، ئیشـکەرو مانـدوون، واتـە: لـە دۆزەخـدا، وەك چـۆن ئـەوەی دیکـەش: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ ۝٨ لِّسَعْيِهَا رَاضِيَةٌ ۝٩ فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ﴾، هەمـووی هـەر باسـی ڕۆژیـی دوایـی و بەهەشـتە، لێـرەش دەبـێ هەمـووی هـەر باسـی ڕۆژی دوایـی و دۆزەخ بـێ.

بەڵگەی سێیەم:

خـوا سـبحانە و تعالـی لـە چەنـد شـوێنێکی دیکـەی قورئانـدا، بـەو شـێوەیە دابەشـکردنی دیکـەی هێنـاوە، بـۆ وێنـە: لـە سـوورەتی (القيَامـة)دا، خـوای بەخشـەر دەفەرموێ: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴿٢٣﴾ وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ بَاسِرَةٌ ﴿٢٤﴾ تَظُنُّ أَن يُفْعَلَ بِهَا فَاقِرَةٌ ﴿٢٥﴾﴾.

هەروەهـا لـە سـوورەتی (عبس)یشـدا لـە ئایەتەکانـی: (٣٨ - ٤٢)دا، دیسـان خـوای بـەرزی مـەزن باسـی هـەردوو جـۆرە کەسـەکان دەکات، واتـە: هـەم باسـی خاوەنـانی ئیـمان، هـەم باسـی خاوەنـانی کوفـر، کـە ڕوویـان چـی لێـدێ، لـە بـارەی بڕوادارانـەوە دەفەرمـوێ: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ ﴿٣٨﴾ ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ ﴿٣٩﴾﴾ لـەو ڕۆژەدا ڕووانێـك هـەن، سـپیی و گـەش و جوانـن، دەم بـە پێکەنیـن و دڵخۆشـن، هەروەهـا لـە بـارەی بێبڕوایانیشـەوە دەفەرمـوێ: ﴿وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ عَلَيْهَا غَبَرَةٌ ﴿٤٠﴾ تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ ﴿٤١﴾ أُولَٰئِكَ هُمُ الْكَفَرَةُ الْفَجَرَةُ ﴿٤٢﴾﴾، ڕووانێکـی دیکـەش لـەو ڕۆژەدا هـەن، تـۆزو خۆڵـی خـەم و مەراقیـان لێنیشـتوە، دووکـەڵ و ڕەشـایی خەمباریـی و مەینەتباریـی دایگرتـوون و چۆتـە سـەریان، ئائەوانـەن بێبـڕوا تاوانبـارەکان، کەواتـە: لێـرەش خـوا سـبحانە و تعالـی هەمـوو سیفەتەکانی دوو کۆمەڵەکـە لـە یـەك ڕەوتـدا دێنـێ و، هەمووشـیان پەیوەندییـان بـە ڕۆژی دواییـەوە هەیـە.

بەڵگەی چوارەم:

خـوا کـە دەفەرمـوێ: ﴿عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ﴾، ئەگـەر بڵێین: مەبەسـت پێی سـیفەتێکیانە لـە دنیـادا، کـە لـە دنیـادا کاریـان کـردوە، بـەڵام تەنیـا مانـدوو بوونیـان پێبـڕاوە، ئـەو کاتـە ئـەوە گلەیـی و زەم و سەرزەنشـت ناگەیەنـێ، بەڵکـو ئـەوە زیاتـر مـەدح و سـتاییش دەگەیەنـێ، ئـەو پەڕەکـەی ﴿عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ﴾ دەبـوو بـە سـیفەتێکی هاوبـەش لـە نێـوان بـڕواداران و بێبڕوایـان دا، ئنجـا ئەگـەر گریـمان مەبەسـت دنیـا بووایـە، خـوا دەیفەرمـوو: (**خَاشِـعَةٌ لِلْأَوْثَـانْ، عَامِلَـةٌ لِغَـيْرِي، نَاصِبَـةٌ فِي طَاعَـةِ الشَّـيْطَان**)،

ڕووانێك هەن لەو ڕۆژەدا داماوو ملكەچن بۆ بتەكان، كاریان كردوە بۆ جگە لە من، ماندوو بوون لە فەرمانبەریی شەیتاندا، بەڵام لە هەموو قورئاندا، شتێكی وا نابینین خوا سبحانە و تعالی زەمی كەسانێكی كردبێ، كە لە دنیادا خوایان پەرستوە، با بە هەڵەش بووبێ و لەسەر ئەوە هەڕەشەی لێ كردبن!

بەڵگەی پێنجەم:

ئەگەر ئەوە بكرێتە سیفەتی دنیایان، واتە: لە دنیادا كاریان كردوە، بەڵام تەنیا ماندوبوونیان پێبڕاوە، كاریان كردوە بۆ خواو لە دینداریدا، بەڵام تەنیا ماندووبوون و ڕەنج كێشانیان پێبڕاوە، تایبەت دەبێ بەهەندێك لە بێبڕوایەكانەوە، نەك هەموویان. واتە: تەنیا تایبەت دەبوو بەو كەسانەیانەوە كە خوا پەرستییان كردوە، بەڵام بەشێوەیەكی هەڵە، بەڵام ئەوانەی ئەسڵەن خوایان نەپەرستوە، نەیدەگرتنەوە، بەڵام ئێستا كە دەگوترێ: بێبڕوایان لە ڕۆژی دواییدا لە دۆزەخدا بێگاریان پێ دەكرێ و، ماندووبونیان پێ دەبڕێ، هەموویان دەگرێتەوە.

بەڵگەی شەشەم:

ئەگەر ئەوە بكرێتە سیفەتی دنیایان، ئەوكاتە دژ دەوەستێ لەگەڵ ئەوەدا كە لە سیرەو سوننەتی پێغەمبەردا هاتوە ﷺ، كە فەرمانی كردوە بە خۆ پاراستن و، واز لێهێنانی ئەوانەی خوا پەرستیی و گۆشەنشینیی دەكەن (**أَصْحابُ الصَّوامِعْ**) ئەوانەی لە پەرستگا تایبەتەكاندا خواپەرستیی دەكەن، ئەگەر تەماشای قورئانیش بكەین دەبینین، بەگشتیی پەرستنی خوای پەروەردگار، شتێكی ڕێز لێگیراوە، بەڕاست بێ، یان بە هەڵە بێ، وەك لە سووڕەتی (**الحج**)دا خوای میهرەبان دەفەرموێ: ﴿وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَٰتٌ وَمَسَٰجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا ٱسْمُ ٱللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴿٤٠﴾﴾، واتە: ئەگەر خوا هەندێك لە خەڵكی بێبڕواو خراپەكاری بەر پەرچ نەدابایەوە، بە هەندێك خەڵكی دیكە، بە خەڵكی باش و

تێکۆشـەرو فیـداکار، ﴿ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ ﴾، صەومیعـەکان و کڵێسـایەکان (ی نەصرانییـان)و، کەنیشـتەکان (ی جوولـەکان) و مزگەوتـەکان، کـە زۆر یـادی خوایـان تێـدا دەکـرێ، تێکدەڕووخێـنران....

کەواتـە: خـوا سـبحانە و تعالـی پێیخۆشـە، خـوا بپەرسـترێ، جەنـگ و جیهـاد بکـرێ، بـۆ ئـەوەی پەرسـتگایەکان، کـە خوایـان تێـدا دەپەرسـترێ، ئەگـەر بـە ڕاسـت بـن، ئەگـەر بـە هەڵـە، پارێـزراو بـن و حورمەتیـان نەشـکێنرێ.

بەڵگەی حەوتەم:

ئەگـەر بگوتـرێ: ئەوانـە کەسـانێك بـوون، لـە دنیـادا خوایـان پەرسـتوە، بـەڵام بـە شـێوەیەکی هەڵـەو تەنیـا ماندوبوونیـان پێبـڕاوە، ئەمـە وەك دەسـتکارییکردنی فەرمایشـتی خوایـەو، لێبارکردنـی واتایەکـە، کـە ڕواڵەتەکـەی نایگەیەنـێ، هەڵبەتـە فەرمایشـتی خـواش سـبحانە و تعالـی پێویسـتیی بـەوە نـاکات، ئێمـە مانـای دیکـەی لـێ بـار بکەیـن، ئنجـا: ﴿ عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ ﴾ یەکسـەر لـە دوای ﴿ خَٰشِعَةٌ ﴾وە هاتـوە: ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ خَٰشِعَةٌ ۝٢ عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ ﴾، بۆیـە کافـرەکان لـە کـوێ هەڵبـزرکان و داماویـی و کزیـی و مـات و مەلوولییـان تـووش دێ، هـەر لەوێـش کارکـردن و ڕەنجەڕۆیـی و مانـدوو بوونیـان بەسـەر دێ، کـە بریتیـە لـە ڕۆژی دوایـی و دۆزەخ.

٤)- ﴿ تَصْلَىٰ نَارًا حَامِيَةً ﴾، بە شێوەیەکی تایبەت لە ئاگرێکی گەرم دا دەسووتێن، خوێندراویشەتەوە: (تُصْلَى نَارًا حَامِيَةً)، واتە: دەسووتێنرێن، بە ئاگرێکی زۆر گەرم، پێشتریش باسمانکرد کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ئاگرەکەی ئێوە بەشێکە لە حەفتا بەش، لە ئاگری دۆزەخ، لێرەش دەفەرموێ: ﴿ تَصْلَىٰ نَارًا حَامِيَةً ﴾ یانی: دەچێتە نێو ئاگرێکی گەرم، (تُصْلى) واتە: دەخرێتە نێو ئاگرێکی گەرم، پێشتر باسی (صَلْي)یمان کرد، کە جیایە لە چوونە نێو، (صَلي) بریتیە لەوەی شتێك بخەیە نێو کۆمەڵێك پشکۆوە بە هەر چوار دەورەیداو بپیشێ، یاخود ببرژێ، واتە: (صلي) سووتانێکی تایبەتە، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ نَارًا حَامِيَةً ﴾، بێگومان ئاگر هەر خۆی گەرمە: **(الحَمْيُ مِن لَوازِمِ مَاهِيَّةِ النَّار)**، گەرمیی

لە پەیوەستەکانی چییەتی ئاگرە، کەواتە: ئەو ئاگرە گەرمییەکەی گەرمییەکی تایبەتە، جیایە لەو گەرمییەی ئێمە لە دنیادا دەیزانین، هەروەك فەرمایشتەکەی پێغەمبەری خواش ﷺ ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

٥)- ﴿تُسْقَىٰ مِنْ عَيْنٍ ءَانِيَةٍ﴾، پێیان دەنۆشێنرێ لە سەرچاوەیەکی ئەوپەڕی گەرم و داغ، دەگوترێ: (**أَنَى المَاءُ وَ آنَ المَاءُ، أَي: بَلَغَ شِدَّةَ الحَرَارَةِ**)، گەیشتە ئەوپەڕی گەرمیی، (**آنَى الطَّعامُ وَآنَ الطَّعَامُ**)، یانی: (**نَضُجَ**)، خواردنەکە ئامادەبوو، کوڵیی.

٦)- ﴿لَّيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٍ﴾، خۆراکیان نیە، جگە لە حوشترخۆرکە: ﴿ضَرِيعٍ﴾، هەندێك لە زانایان گوتوویانە: بەزاری هەندێك لە هۆزەکانی عەرەب (**ضريع**) هەر (**شِبرِق**)ە، یانی: حوشتر خۆرکە، هەندێکیش گوتوویانە: ﴿ضَرِيعٍ﴾یش، هەر بریتیە لە (**شبرق**)، بەڵام دوای ئەوەی وشك دەبێ.

ئنجا حوشترخۆرکەش بە زۆریی لە دەشت و بیاباندا هەیەو، لە هەندێك شوێنی وڵاتی ئێمەشدا هەیە، گیایەکی دڕکاوییە تەنیا حوشتر دەتوانێ بیخوا، ئەویش بەتەڕیی و کە وشك بوو دەبێتە گیایەکی ژەهردارو حوشتریش نایخوات، خوا دەفەرموێ: خۆراکیان نیە جگە لە: ﴿ضَرِيعٍ﴾، ئایا ئەو ﴿ضَرِيعٍ﴾ە، چۆنە؟!.

٧)- ﴿لَّا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِي مِن جُوعٍ﴾، نە قەڵەو دەکات، نە برسێتییش لادەبات، واتە: نە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ برسێتیی پێ لابچێ و، نەدەبێتە هۆی قەڵەو بوونیش، (**السِّمَنُ: وَفْرَةُ اللَّحْمِ وَالشَّحْمِ لِلْحَيْوانِ**)، (**سَمَن**)، بریتیە لە زۆربوونی گۆشت و چەوریی لە ژیانداردا، (**وَالإِغْنَاء: الإِكْفَاءُ وَدَفْعُ الحاجَة**)، (**إغناء**) بریتیە لە پێویستیی جێبەجێ کردن، کە دەفەرموێ: ﴿مِن جُوعٍ﴾، (**أَيْ: غَنَاءً بَدَلاً عَنِ الجُوعِ**)، واتە: بێنازییەك کە بچێتە شوێنی برسێتیی، ئەو سوودەشی نیە.

لێرەدا پرسیارێك دەکرێ: خوا دەفەرموێ: ﴿لَّيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٍ﴾، لە شوێنی دیکەش خۆراکێکی دیکە دەفەرموێ، بۆ نموونە:

أ- لە سوورەتی (**الحاقّة**)، لە ئایەتەکانی: (٣٥ - ٣٧)دا دەفەرموێ: ﴿ فَلَيْسَ لَهُ ٱلْيَوْمَ هَٰهُنَا حَمِيمٌ ﴿٣٥﴾ وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنْ غِسْلِينٍ ﴿٣٦﴾ لَّا يَأْكُلُهُۥٓ إِلَّا ٱلْخَٰطِـُٔونَ ﴿٣٧﴾ ﴾، واتە: (ئەو کەسەی تووشی سزای خوا دێ)، ئەمڕۆ هیچ دۆست و نزیکێکی نیە (دڵسۆزو خۆشەویستێکی دڵسووتاوی نیە)، هەروەها هیچ خۆراکێکی نیە جگە لە زووخاو {﴿ غِسْلِينٍ ﴾: (**صَدِيدُ أَهْلِ النَّار**)، ئەو کێم و زووخاوەیە کە لە برینی جەستەی دۆزەخییەکان دێتەخوار}، ﴿ لَّا يَأْكُلُهُۥٓ إِلَّا ٱلْخَٰطِـُٔونَ ﴿٣٧﴾ ﴾، واتە: تەنیا گوناهباران و تاوانباران دەیخۆن.

ب- لە شوێنی دیکەش دا باسی ﴿ زَقُّومٍ ﴾ دەکات: ﴿ لَأَكِلُونَ مِن شَجَرٍ مِّن زَقُّومٍ ﴿٥٢﴾ فَمَالِـُٔونَ مِنْهَا ٱلْبُطُونَ ﴿٥٣﴾ فَشَٰرِبُونَ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْحَمِيمِ ﴿٥٤﴾ فَشَٰرِبُونَ شُرْبَ ٱلْهِيمِ ﴿٥٥﴾ ﴾، ئایا وەڵامی ئەوە چییە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە: أ- کە دۆزەخ شوێن شوێنەو، تەنیا یەك شوێن نیە، ئەو هەموو ملیاران خەڵکەی دەچنە نێو دۆزەخ، هەمووی شوێن شوێنەو پلە پلەیە، وەك دوایی لە کاتی تەفسیرکردنی سوورەتی (الفجر)دا، کورتە باسێك لە بارەی دۆزەخەوە دەکەین و، کورتە باسێك لە بارەی بەهەشتەوەش دەکەین، کەواتە:

أ- لە هەندێ شوێن تەنیا حوشترخۆرکە ﴿ ضَرِيعٍ ﴾ دەخۆن.

ب- لە هەندێك شوێن تەنیا ژەقنەمووت ﴿ زَقُّومٍ ﴾ دەخۆن.

ج- لە هەندێ شوێن تەنیا زووخاو ﴿ غِسْلِينٍ ﴾، ب- وەڵامێکی دیکەش ئەوەیە کە خوای دادگەر بۆ زیاتر سزادان و ئازار دانیان، ماوەیەك ﴿ ضَرِيعٍ ﴾یان دەداتێ و، ماوەیەك ﴿ غِسْلِينٍ ﴾و ماوەیەکی دیکەش ﴿ زَقُّومٍ ﴾.

مەسەلەی دووەم:

باسی ڕوو خۆشیی و گەشیی بڕواداران لە بەهەشتداو، ڕازیبوونیان لە هەوڵ و کۆششی خۆیان و، نیشتەجێ بوونیان، لە باخی بەرزدا، کە قسەی پووچی تێدا نابیستن و، کانیی و سەرچاوەی بەردەوام و، تەختە بەرزکراوەکان و، دەفرەکانی پێخواردنەوەو، باڵنجە ڕیزکراوەکان و، فەرش و ڕایەخە بڵاو کراوەکان، لەوێدا هەن:

خوا دەفەرموێ: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ ﴿٨﴾ لِّسَعْيِهَا رَاضِيَةٌ ﴿٩﴾ فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ ﴿١٠﴾ لَّا تَسْمَعُ فِيهَا لَاغِيَةً ﴿١١﴾ فِيهَا عَيْنٌ جَارِيَةٌ ﴿١٢﴾ فِيهَا سُرُرٌ مَّرْفُوعَةٌ ﴿١٣﴾ وَأَكْوَابٌ مَّوْضُوعَةٌ ﴿١٤﴾ وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ ﴿١٥﴾ وَزَرَابِيُّ مَبْثُوثَةٌ ﴿١٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ (٩) بڕگەدا:

دوای ئەوەی خوای کارزان و دادگەر لە ئایەتەکانی پێشیدا، باسی سەرەنجامی مەینەتبارو شەرمەزارانەو، ڕیسوابووانەی دۆزەخییەکانی کرد، کە چۆن بڵێی وەزعیان ناخۆشە، بەو شێوەیەن، ڕوویان زەبوون و هەڵبزڕکاوەو، بێگاریان پێ دەکرێ لە دۆزەخداو، تەنیا ماندوبوونیان پێدەبڕێ و، دەچنە نێو ئاگرێکی یەکجار گەرمەوەو، لە سەرچاوەیەکی یەکجار داغ و گەرم پێیان دەنۆشێنرێ و، خوادرنیشیان تەنیا حوشترخۆرکە ﴿ضَرِيعٍ﴾یە، کە نە مرۆڤ قەڵە دەکات، نە برسێتییشی لێ لا دەبات، دوای ئەوە یەکسەر خوا سبحانه و تعالى بەبێ بەکارهێنانی ئامرازی بادانەوەی، وەك: (ثُمَّ)، یاخود (و) یاخود (ف)، دەفەرموێ:

١)- ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ﴾، ڕووانێك هەن لەو ڕۆژەدا زۆر پڕ نازو نیعمەتن.

بنەچەکەی وشەی: ﴿نَّاعِمَةٌ﴾ دوو ئەگەری هەن:

أ- (مُشْتَقٌّ مِن نَعُمَ يَنعُمُ نُعومة، وَهِيَ اللِّيْنُ وَهيَ بَهْجَةُ المَنظَر)، ﴿نَّاعِمَةٌ﴾، له وشەی: (نُعومَة) داتاشراوە: (نَعُمَ يَنعُمُ، نُعُومَة)و بریتیە لە ژیانێکی خۆش و دیمەنێکی جوان و شادمانیی و بەختەوەریی.

ب- (أَو مُشْتَقٌّ مِن نَعِمَ يَنْعُمُ نَعْمَةً، مِثْل: حَضَرَ يَحْضَرُ حَضْرَةً، أَي: صَارَ ذا نَعْمَةٍ، وَهيَ حُسْنُ العَيْشِ وَالتَّرَف)، یان لە: (نَعِمَ يَنْعُمُ نَعْمَةً)وە هاتوە، وەك (حَضَرَ، يَحْضُرُ، حَضْرةً)، یانی: بووە خاوەن نەعمەت، ئەویش بریتیە لە ژیانی خۆش و خۆشگوزەرانیی و پڕ نازو نیعمەتیی، لێرەدا زانایان پرسیاریان کردوە: بۆچی خوا لە شوێنەکانی دیکە (و)ی بادانەوە (عطف)ی بەکارهێناوە، وەك: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴿٢٣﴾ وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ بَاسِرَةٌ ﴿٢٤﴾ تَظُنُّ أَن يُفْعَلَ بِهَا فَاقِرَةٌ ﴿٢٥﴾﴾القيامة، هەروەها: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ ﴿٣٨﴾ ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ ﴿٣٩﴾ وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ عَلَيْهَا غَبَرَةٌ ﴿٤٠﴾ تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ ﴿٤١﴾﴾، بەڵام لێرەدا (و)ی بادانەوە (عَطْف)ی بەکارنەهێنراوە؟ زانایان زۆر قسەیان لەو بارەوە کردوون و، ئەو قسەیانم بە دڵە، کە دەڵێ: (لَمْ تُعْطَف هَذِهِ الجُمْلَةُ عَلى سَابِقَتِهَا، لِلدَّلَالَةِ عَلى كَمَال البَوْنِ بَيْنَهُما)، ئەم ڕستەیە بۆیە بانەدراوەتەوە سەر ڕستەی پێشێ، تاکو ئەوە بگەیەنێ کە یەکجار زۆر لێك دوورن و زۆر جیاوازن، بۆیە خوا سبحانە و تعالى کۆی نەکردوونەوە سەریەك بە (و)ی بادانەوە.

٢)- ﴿لِّسَعْيِهَا رَاضِيَةٌ﴾، لە کۆششی خۆیان ڕازیین، یانی: لە هەوڵدانی خۆیان لە دنیادا کە کردوویانە زۆر ڕازیین، ستایشی خوا دەکەن کە لە دنیادا یارمەتیی داون، ڕێی ڕاست بگرن، ئەو ڕێیە ڕاستەی بەو شوێنە خۆشەی گەیاندوون، نەك ڕێی چەوت بگرن و، دوایی بە دۆزەخیان بگەیەنێ، وەك پێشینانی خۆمان گوتوویانە: (ڕاستی ڕەفتی، چەوتی کەوتی).

٣)- ﴿فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ﴾، لە باخێکی بەرزدا، باخ بەپێی زانیاریی ئێمەو لە دنیادا خواش بە پێی عەقڵی ئێمە قسە دەکات ئەو باخانەی شوێنیان بەرزە، تیشکی خۆر لە هەموو شوێنانەوە پێیان دەکەوێ و، بایان تێدەکەوێ، بەزۆریی وایە درەختەکانیان باشترن و میوەکانیان چاکترن، وەك لە سوورەتی (البقرة)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿كَمَثَلِ جَنَّةٍ بِرَبْوَةٍ ﴿٢٦٥﴾﴾، وەك باخێکە لە بەرزاییەکدا.

٤)- ﴿لَّا تَسۡمَعُ فِيهَا لَٰغِيَةً﴾ لەوێدا قسەی پووچ نابیستی، ﴿لَٰغِيَةً﴾، یانی: (لغو): (**اللَّغْو مَا لا فَائِدَةَ فِيهِ مِنَ الكَلامِ وَلا يُعْتَدُّ بِهِ**)، قسەیەکە سوودی نەبێ و، گرنگیی و بایەخی پێ نەدرێ، لە ئەسڵدا ئەوە واتایەکەیەتی، لە ڕووی ڕێزمانییەوەش، ﴿لَٰغِيَةً﴾ سێ حاڵەتی هەن:

١- بە مانای (**لَغْو**)ە، وەك خوای زاناو شارەزا وشەی: ﴿كَاذِبَةٌ﴾ی بەکارهێناوە بە مانای: درۆ (**كَذِب**): ﴿لَيۡسَ لِوَقۡعَتِهَا كَاذِبَةٌ ۝٢﴾ **الواقعة**، یانی: درۆ لە ڕوودانیدا نیە.

٢- ﴿لَٰغِيَةً﴾، سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، یانی: (**لا تَسْمَعُ فِيهَا نَفْساً لاغِيَةً تَلغُوا**)، هەرگیز لەوێدا گوێبیستی بابایەکی لەغووکەر نابی، لەغوو بکات، قسەی پووچ بکات.

٣- ﴿لَٰغِيَةً﴾، یانی: (**كَلِمَةً ذَات لَغْوٍ**)، وشەیەکی خاوەنی پووچیی (**لَغْو**) نایبیستی.

٥)- ﴿فِيهَا عَيۡنٞ جَارِيَةٞ﴾، لەوێدا سەرچاوەیەکی (لەبەر) ڕۆیشتووی لێیە، یانی: (**فِيهَا عَيْنٌ جَارِيةٌ أَيْ: تَجْرِي عَلَى الدَّوامِ فَلاَ تَنْقَطِعُ أَبَداً**)، سەرچاوەیەکی تێدایە بەردەوام ئاوی لەبەر دەڕوا.

پێشتریش گوتمان: مانای وانیە، تەنیا یەك کانیی و سەرچاوەیە، بەڵکو واتە: ئەو سەرچاوانەی لە بەهەشتدا هەن، هەمیشە ئاویان لەبەر دەڕواو وەك هی دنیا نین وشك بکەن، یاخود ئاویان کەم بێ و زۆربێ.

٦)- ﴿فِيهَا سُرُرٞ مَّرۡفُوعَةٞ﴾، لەوێدا (لەو باخەدا) تەختە بەرزکراوەکان هەن، ﴿سُرُرٞ﴾، کۆی (**سَرِير**)ە، (**هُوَ مَا يُجْلَسُ عَلَيْهِ وَيُضْطَجَعُ**)، (**سَرِير**) ئەوەیە لەسەری دابنیشێنرێ و لەسەری پاڵ بکەوێنرێ، مرۆڤ شانی لێدا بدات و پاڵ بکەوێ و، ئیسراحەتی لەسەر بکات، کە دەفەرموێ: ﴿مَّرۡفُوعَةٞ﴾، (**أَيْ: مَرفوعَةٌ عَلَى سَطحِ الأَرْض**)، بەرزکراوەنەوە لە ئاستی زەوی، وەك قەرەوێڵەو چوار پایەو شوێنی لەسەر خەوتن و ئیسراحەت، شایانی باسە: لەم ئایەتە موبارەکانەدا دووجاران خوا فەرموویەتی: ﴿فِيهَا﴾: یەکەمیان: ﴿فِيهَا عَيۡنٞ جَارِيَةٞ﴾، دووەمیان: ﴿فِيهَا سُرُرٞ مَّرۡفُوعَةٞ﴾، بەڵام شتەکانی دیکە: ﴿وَأَكۡوَابٞ مَّوۡضُوعَةٞ ۝١٤ وَنَمَارِقُ مَصۡفُوفَةٞ ۝١٥ وَزَرَابِيُّ مَبۡثُوثَةٌ ۝١٦﴾، ﴿فِيهَا﴾یان بۆ بەکارنەهێنراوە،

هۆکارەکەش ئەوەیە کە ئەو دوو جارە، باسی هەردوو بەشە سەرەکییەکەی نازونیعمەتی بەهەشت کراوە: یەکەم: کانیی و سەرچاوەو جۆگەو جۆبارو باخ و باخات، دووەم: تەخت و شوێنی تێدا پشوودان، هەردووکیشیان پێویستن بۆ ژیانێکی خۆشگوزەرانانەی بەتام و چێژ، بەڵام شتەکانی دیکە کەل و پەل و پێداویستییەکانن.

٧)- ﴿ وَأَكْوَابٌ مَّوْضُوعَةٌ ﴾، هەروەها دەفرە ڕۆنراوەکانیش هەن، یانی: (**وَفيهَا أَكْوَابٌ مَوْضوُعَة**)، لەو باخەدا بۆیان هەیە کووپە داندراوەکان، (**الكُوبُ إِنَاءٌ لِلْخَمْرِ لَهُ سَاقٌ وَلا عُرْوَةَ لَهُ**)، کوپ دەفرێکە شەڕابی تێدا دەخورێتەوە، بنکی هەیە، بەڵام هەنگڵی نیە، وەك گۆزە، کە دەگونجێ وەك پەرداخ بێ، یاخود جۆرێکی دیکە بێ، چونکە خوا سبحانە وتعالی (**إبريق**)یشی بەکارهێناوەو (**كوب**)یشی بەکارهێناوەو (**كَأْس**)یشی بەکارهێناوە، کە بە دڵنیایی (**إبريق**) لەجێی سوراحیی و گۆزەیەو خواردنەوەی تێدا هەڵدەگیرێ، (**أكوَاب**) ﴿ وَأَكْوَابٌ ﴾یش پێدەچێ لەوە گچکەتر بێ، وەك دەفرو جام، (كأس)یش ئەوەیە کە پێی دەخورێتەوە: پەرداخ، کە دەفەرموێ: ﴿ مَّوْضُوعَةٌ ﴾، واتە: داندراون، داندراون بۆ خواردنەوەو لا نابرێن و، هەمیشە لەبەر دەستن.

٨)- ﴿ وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ ﴾، هەروەها باڵنجە ڕیزکراوەکانیش هەن، ﴿ وَنَمَارِقُ ﴾ کۆی (**نُمْرُقَة**) یان (**نِمْرِقَة**)یە، (**النَّمرِقَةُ، والنُّمْرقَةُ: الوِسَادَةُ الَّتي يُتَّكَأُ عَلَيْهَا عِنْدَ الجُلوُس**)، باڵنج، ئەوەی پاڵی وێدەدرێ لە کاتی دانیشتنداو شانی دەدرێتە سەر، ﴿ مَصْفُوفَةٌ ﴾، بەڕیز دانراون لەو شوێنەدا بۆ شان لەسەر دادان و پاڵ لەسەر دانەوە.

٩)- ﴿ وَزَرَابِيُّ مَبْثُوثَةٌ ﴾، بەڕەو ژێرپێ بڵاوەکانیش هەن، هەروەها لەو باخەدا ﴿ وَزَرَابِيُّ ﴾ ژێرپێ و بەڕەکان بەڕەو فەڕشی نایاب (**مبثوثة**) کە بڵاوکراوەن، (**أَي: مُنْتَشِرَةٌ عَلَى الأَرْضِ، وَهُوَ كِنَايَةٌ عَنِ الكَثْرَةِ**)، یانی: بڵاو کراونەوە بە زەویدا، مەبەست پێی زۆرییە، ﴿ وَزَرَابِيُّ ﴾، پێشتریش باسمان کرد، کە زانایان زۆر قسەیان لە بارەوە کردوە، لە چییەوە هاتوە؟ بەڵام وا پێدەچێ و ئەو ڕایەم پێ ڕاستە کە: (**زرابي**) لە ئەسڵدا کۆی (**زَرْبي**) بێ.

(**زيربي**)یـش لـە ئەسـڵدا: (ژێرپێ)یـەو، ئـەو بەڕەیە کـە دەخرێتە ژێرپێ و پێویسـت نـاکات خەڵـك پێـڵاوان دابنـێ، بەڵکـو بـە پێـڵاوەوە بەسـەریدا دەڕۆن، وەك ئێسـتاش بـاوە: کۆمبارێـك، بەڕەیـەك، فەرشـێك ڕادەخـرێ، هـەر بۆیـەش زانایـان لـە ڕیشـە زمانەوانییەکەیـدا کەوتوونـە ڕاجیاییـەوە، چونکـە ئەسـڵەکەی وشـەیەکی عەرەبیـی نیـەو لـە (زێربـێ)وە هاتـوە، واتـە: (ژێرپـێ)، بـەڵام چونکـە پیتـی (ژ) هەروەهـا پیتـی (پ) لـە زمـانی عەرەبییـدا نیـن، بۆیـە (ژ) بۆتـە (ز) و (پ)ێـش بۆتـە (ب) و لـە (ژێـر پـێ)وە بۆتـە (**زيـربي**)، ئنجـا کـە کۆکراوەتـەوە، کردوویانەتـە: (**زَرَابِي**)، هـەر بۆیـە پسـپۆڕو شـارەزایانی زمانـی عەرەبیـی هەرچەنـدە گـەڕاون، لـە زمانـی عەرەبییـدا ئەسـڵ و بنەمایەکیـان بـۆ ئـەم وشـەیە نەدۆزیوەتـەوەو، هەندێکیـان گوتوویانـە: ئـەم وشـەیە یانـی: (ئازربایجانیـی) و جـۆرە فەرشـێك بـووە لـە ئازربایجـان دروسـتکراوە، بـەڵام دوایـی هەندێـك شـتیان لـێ کردۆتـەوەو خوڵاصـە بۆتـەوەو بۆتـە: (**زربيـة**) و (**زرابي**)! بـەڵام بـە بۆچوونـی مـن لـە (ژێرپـێ)وە هاتـوەو وشـەیەکی فارسییە، فارسـیی و کوردیـی بـە دڵنیایـی وشـەی هاوبەشـیان هـەن، بـە فارسـیی دەڵێـن: (زیـر پـا)، بەکوردیـی دەڵێـن: (ژێرپـێ)، کوردیـی و فارسـییش لـە ئەسـڵدا دەبنـەوە بەزمانێـك، بگـرە هەمـوو زمانـە هینـدو ئەورووپییـەکان لـە ڕیشـەدا دەچنـەوە سـەر یـەك بنـەڕەت.

کەواتـە: ئەگـەر تەماشـای ئـەم ئایەتـە موبارەکانـە بکەیـن، دەبینین: لە بەهەشـتدا، ئـەو بەهەشـتەی بـۆ بـڕواداران دانـراوە، وێـڕای ژینگەیـەکی هەرەبـاش، هەمـوو جۆرەکانـی کەلوپەلـی نایـاب و، هەمـوو جـۆرە نـازو نیعمەتـەکان لەوێـدا هـەن، لـە خـواردن و خواردنـەوە، جێـگاو ڕێـگا، فـەرش و ڕایـەخ، تەختـی پشـوو لەسـەردان، چـۆن مـرۆڤ بـە خەیاڵـی دادێ، خـۆش و چاکبـێ، لـە بەهەشـتدا هەیـە، هەڵبەتـە لێـرە خـوای پـەروەردگار بەکورتیـی باسـی کـردوەو، ئێمـە لـە تەفسـیری زۆرێـك لـە ئایەتەکانـدا، کـە کاتـی خـۆی تەفسـیرمان کـردن، بـە تایبەتـی لـە تەفسـیری سـوورەتی (الرحمـن) و، تەفسـیری سـوورەتی (**الواقعـة**)دا، خـوای پـەروەردگار درێژتـر باسـی

نـازو نیعمەتەکانـی بەهەشـتی کـردوە، هەروەهـا باسـی مەینەتییەکانـی دۆزەخیـشی کـردوە، بـە تایبەتـی لـە سـوورەتی (**الواقعـة**)دا.

خـواش پشـتیوان بـێ لـە کاتـی تەفسـیرکردنی سـوورەتی (الفجـر)دا، کورتـە باسـێك لەبـارەی دۆزەخـەوە دەکەیـن، لەچەنـد بڕگەیەکـدا، هەروەهـا کورتـە باسـكێكیش لـە بـارەی بەهەشـتەوە دەکەیـن، ئەویـش لەچەنـد بڕگەیەکـدا، ئـەو دوو کورتـە باسـەش لـە کتێبـی هەشـتەمی مەوسـووعەی: (**الإسـلام كَـمَا يَتَجَـلَّى فِي كِتَـابِ اللـه**) وەردەگریـن، بۆیـە لێـرە هـەر بـە ڕوونکردنـەوەی چەمـك و واتـای ئایەتـەکان وازمـان هێنـا، درێژەی باسـی دۆزەخ و مەینەتییەکانـی دۆزەخ و دۆزەخییـەکان و، باسـی بەهەشـت و نـازو نیعمەتەکانـی بەهەشـت و بەهەشـتییەکان هەڵدەگریـن بـۆ ئـەو دوو کورتـە باسـە.

مەسەلەی سێیەم:

سەرنج ڕاکێشانی خوا سبحانه و تعالی بۆ چوار لە دروستکراوەکانی: حوشترەکان، ئاسمانی بەرز، چیا داکوتراوەکان، زەوی ڕاخراو:

خوا دەفەرموێ: ﴿أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ ﴿١٧﴾ وَإِلَى ٱلسَّمَآءِ كَيْفَ رُفِعَتْ ﴿١٨﴾ وَإِلَى ٱلْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ ﴿١٩﴾ وَإِلَى ٱلْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ ﴿٢٠﴾﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ﴾، ئایا تەماشای حوشتران ناکەن، چۆن دروستکراون؟ (إِبْل) ناوی کۆیە، بۆ ئەو ئاژەڵەی پێی دەگوترێ: حوشتر، نێرەی حوشتر پێی دەگوترێ: (**جَمَل**) و مێیەکەی پێی دەگوترێ: (**نَاقَة**)، (**بَعِيْر**)یش بۆ هەردووکیان (نێرو مێ) بەکاردەهێنرێ و بە (**أَبْعار**) کۆ دەکرێتەوە، هەروەها بە (**أَبْعُر**)یش کۆ دەکرێتەوە، لێرەدا خوا دەفەرموێ: ئایا تەماشای حوشتران ناکەن چۆن دروستکراون؟ کە دەفەرموێ: ﴿أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ﴾، وشەی: ﴿يَنظُرُونَ﴾، کە بە (**إلى**) بەرکاری خواستوە، بەڵگەیە لەسەرئەوە کە مەبەست لە ڕوانین (**نظر**)، وێڕای ڕوانینی چاو، سەرنجدان و لێوردبوونەوەو تێوڕامانیشە (**أي:** أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ **هَيْئَتُ خَلْقَها**)، ئایا سەرنجی حوشتران نادەن چۆن دروستبوونەکەیم سازکردوە؟.

٢)- ﴿وَإِلَى ٱلسَّمَآءِ كَيْفَ رُفِعَتْ﴾، هەروەها ئایا سەرنجی ئاسمان نادەن، چۆن بەرزکراوەتەوە؟ وشەی: ﴿ٱلسَّمَآءِ﴾، (**السّماءُ: كُلُّ مَا عَلاَكَ، كُلُّ مَا فَوْقَك**)، هەرچی لە سەرەوەتە، هەرچی لەباڵای تۆیە، پێی دەگوترێ: ﴿ٱلسَّمَآءِ﴾، ئێمە کە تەماشای سەرێ دەکەین، گومبەزێکی شین دەبینین، ئەوە ئاسمان ﴿ٱلسَّمَآءِ﴾ە، لە شوێنی دیکەدا باسمان کردوە کە: ﴿ٱلسَّمَآءِ﴾، بە مانای سەقفی خانووش هاتوە، هەروەها بەمانای هەوریش هاتوە، بە مانای هەواو جەوویش هاتوە، ئەوەی لە سەرووەوەیە، لێرەش دا:

﴿ٱلسَّمَآءِ﴾، واتە: ئەو دروستکراوە مەزنەی لە سەرووتانەوەیەو لە گومبەزێك شین دەچێ، ئایا تەماشای ناکەن چۆن بەرز کراوەتەوە؟.

٣)- ﴿وَإِلَى ٱلْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ﴾، ئایا سەرنجی چیایان نادەن، چۆن چەقێنراون، داکوتراون؟ (**النَّصْبُ: الرَّفْعُ وَالرُّسُوخُ**)، (**نَصْب**) بە مانای بەرز کردنەوەو چەقاندن و داکوتان دێ.

٤)- ﴿وَإِلَى ٱلْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ﴾، ئایا سەرنجی زەوی نادەن، چۆن پانکراوەو ڕاخراوە؟ (**سَطَحَ الشَّيءَ: سَوَّاهُ، وَمِنْهُ سَطْحُ الدَّار**)، واتە: شتەکەی ڕێکخست، لەوەوەش (**سَطْحُ الدَّار**)، سەربانی خانوو، پێی دەگوترێ: (**سَطْح**).

ئێمە بە نسبەت ئاسمانەوە، لە چەند شوێنێك، قسەمان لە بارەوە کردوە، بە تایبەت لە تەفسیری سوورەتی (**الرَّحمن**)دا: ﴿وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلْمِيزَانَ ⑦﴾، باسێکی تایبەتمان لە بارەی گەردوون و ئاسمانەوە کردوە، لە بارەی چیایەکانیشەوە زۆرجاران باسمان کردووەو، لە بارەی زەویشەوە دیسان لە چەند جێیەك دا باسمان کردوە، بە تایبەت لە تەفسیری سوورەتی (یونس)داو، لە تەفسیری سوورەتی (فصلت)داو، لە چەند شوێنێکی دیکەشدا، لێرەش کورتە باسێك لە بارەی حوشترەوە دەکەین:

کورتە باسێك لە بارەی تایبەتمەندییەکانی حوشترەوە

بەڕێـــزان!

بـۆ ئـەوەی فەرمانـی خـوای بـەرزو مەزنمـان جێبەجـێ بکەیـن، کورتەیـەك لـە بـارەی تایبەتمەندییەکانـی حوشـترەوە دەخەینـە ڕوو، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ﴾، واتـە: ئایـا تەماشـای حوشـتران ناکـەن، چـۆن دروسـتکراون؟ ئایـا سـەرنجیان نەداونـێ و لێیـان ورد نەبوونـەوەو تێیانـەوە ڕانەمـاون؟ ئنجـا بـا تۆزێـك لـە حوشـترەوە ڕابمێنیـن:

بـە سـەرنجدانی تەفسـیرەکان و، کۆمەڵێـك سـەرچاوەی دیکەی تایبەت، پـازدە (١٥) تایبەتمەندییـم لـە حوشـتراندا بەدیکـردوون، پێـش ئـەوەی بێمـە سـەر خسـتنەڕووی پـازدە تایبەتمەندییـەکان، دەڵێـم: خـوا سـبحانه و تعالـی لێـرەدا دوای ئـەوەی باسـی هاتنـی ڕۆژی داپۆشـەری کـرد، خەڵکـی پۆلێـن کـرد، بـۆ دوو کۆمـەڵ:

کۆمەڵـی یەکەم: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ خَٰشِعَةٌ ﴿٢﴾ عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ ﴿٣﴾ تَصْلَىٰ نَارًا حَامِيَةً ﴿٤﴾ تُسْقَىٰ مِنْ عَيْنٍ ءَانِيَةٍ ﴿٥﴾ لَّيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٍ ﴿٦﴾ لَّا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِي مِن جُوعٍ ﴿٧﴾﴾.

دوایـی یەکسـەر هاتـە سـەر بـاسی کۆمەڵـی دووەم: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ ﴿٨﴾ لِّسَعْيِهَا رَاضِيَةٌ ﴿٩﴾ فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ ﴿١٠﴾ لَّا تَسْمَعُ فِيهَا لَٰغِيَةً ﴿١١﴾ فِيهَا عَيْنٌ جَارِيَةٌ ﴿١٢﴾ فِيهَا سُرُرٌ مَّرْفُوعَةٌ ﴿١٣﴾ وَأَكْوَابٌ مَّوْضُوعَةٌ ﴿١٤﴾ وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ ﴿١٥﴾ وَزَرَابِيُّ مَبْثُوثَةٌ ﴿١٦﴾﴾.

ئنجـا یەکسـەر فەرمـووی: ﴿أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ ﴿١٧﴾ وَإِلَى ٱلسَّمَاءِ كَيْفَ رُفِعَتْ ﴿١٨﴾ وَإِلَى ٱلْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ ﴿١٩﴾﴾، زانایـان لـە بـارەی چۆنیەتیـی پێکـەوە پەیوەسـتبوونی ئـەم ئایەتانـە، بـە ئایەتەکانـی پێـش خۆیانـەوە، زۆر قسـەیان کـردوون و، وا پێدەچـێ باشـترین قسـە ئەوەبـێ:

دوای ئـەوەی خـوا باسـی ئـەو ڕۆژە دەکات، کـە نـاوی نـاوە: داپۆشـەر **(غاشـية)** و، هەمـوو شـتێك دادەپۆشـێ، باسـی کۆمەڵـی یەکەمـی کـرد لـە مرۆڤـەکان، کـە تووشـی مەینەتیـی و سـزاو ئـازار دێـن، دوایـی باسـی کۆمەڵـی دووەمـی کـرد، کـە لـە نـازو نیعمـەت و خۆشـییدا دەبـن، ئنجـا باسـی ئـەوەی کـرد کـە ئێمـە چـۆن و بـە چ ڕێیەکـدا لـەو مەینەتییانـە دەپارێزرێـن، کـە ئەهلـی دۆزەخ تووشـیان دێـن و، چـۆن لـەو نـازو نیعمەتانـە بەهرەمەنـد دەبیـن کـە خـوای پـەروەردگاری بەخشـەر، بـە بڕوادارانیـان دەبەخشـێ؟ بێگومـان سـەرەتا بـەوەی بـە ڕاسـت و دروسـتی خـوا بناسـین و، خـواش سـبحانه و تعالـی لـە ڕووی دوو کتێبەکەیـەوە دەنـاسرێ:

أ- کتێبی خوێندراوەی کە قورئانە.

ب- کتێبی بینراوی کە گەردوونە، خوا لە کتێبە خوێندراوەکەشیدا زۆر باسی کتێبە بینراوەکەی دەکات، باسی دیاردەو دیمەنەکانی دەکات، چۆنیەتیی پێکەوە پەیوەستبوونی ئەم کۆمەڵە ئایەتە موبارەکەو، ئایەتەکانی پێشوو، بەم شێوەیە.

ئێستاش با بێینە سەر خستنە ڕووی تایبەتمەندییەکانی حوشتر، لە پازدە خاڵ دا:

یەکەم: مرۆڤ کاتێك سەرنجی حوشتر دەدات، بەلای کەمەوە: شەش سوودان دەبینێ، هەڵبەتە زیاتریش هەن، بەڵام ئەو شەشەیان سەرەکیین:

١/ حوشتر گۆشتەکەی دەخورێ.

٢/ حوشتر شیرەکەی دەخورێتەوەو، بەرهەمی جۆراو جۆریشی لێ دروست دەکرێن.

٣/ حوشتر بۆ سواربوون بەکاردێ.

٤/ حوشتر بۆ بار لێنان بەکاردێ.

٥/ حوشتر جوانیی و ڕەونەقی تێدایە.

٦/ حوشتر تووك(وَبَرْ)ەکەشی بەسوودە، هەم جل و بەرگ و پۆشاك و، هەم کەلوپەلی دیکەی لێ دروست دەکرێ، وەك: بەڕەو فەڕش و گوریس و خورجێن و جەواڵ و ڕەشماڵ و...هتد.

بەڵکو لە هەندێك لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ دا هاتووە، کە حوشتر میزەکەشی وەك جۆرێك لە چارەسەر بۆ هەندێك نەخۆشیی پێست، بەکاردەهێنرێ.

کەواتە: یەکەمین تایبەتمەندیی حوشتر ئەوەیە، کە هەموو شتێکی بەکاردێ، بگرە پاشەڕۆکی حوشتر قشپلەکەی ئەویش وەك سووتەمەنیی بەکاردەهێنرێ و، ئاگری پێ دەکرێتەوە، کەواتە: حوشتر هەموو شتێکی بەکاردێ: گۆشتی، شیری، میزی، پاشەڕۆکی، بارلێکردنی، سوار بوونی، تووکی، جوانیی.

دووەم: حوشتر قەبارەکەی گونجاوە لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تێیدا دەبێ، حوشتر بە زۆریی لە بیابان و دەشت و چۆڵایی دەبێ، کە ئاوەدانیی کەمتر لێیە، بۆیەش خوا سبحانە و تعالی حوشتری وا دروستکردوە: قەبارەیەکی گەورەی هەبێ و، قەبارەکەشی گونجاوە لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا کە تێیدایە، ئەگەرنا ئەسپ و ماین و گوێدرێژو هێستر، لە بیابانی لماویی دا جاری وایە کە گەردەلوول هەڵدەکات، کوێرو کوتر دەبن و هەر ناتوانن بە ڕێدا بڕۆن.

سێیەم: حوشتر دەتوانێ: (١٧٠ - ٢٠٠) کیلۆ هەڵبگرێ، باری گەورەو قورس هەڵبگرێ و بە خێراییش پێوەی بڕوات.

چوارەم: خێرا ڕۆیشتنی حوشتر، سەرسوڕهێنەرە، لە ڕۆژێدا بەلای کەمەوە چل (٤٠) کم ڕێگا دەبڕێ بە بارەوە، بە بارێکی (١٧٠-٢٠٠) کیلۆیی و، لە هەر سەعاتێکدا چوار کیلۆمەتر دەبڕێ، واتە: ئەگەر ڕۆژی دە (١٠) سەعاتان ڕێ بکات چل (٤٠)کم ڕێ دەبڕێ، بەڵام ئەو حوشترانەی بۆ سواریی بەکاردێن، چوار هێندە خێران و شازدە (١٦)کم لە سەعاتێکدا دەبڕن!

پێنجەم: حوشتر یان ئارەق هەر ناکات، یان بە کەمیی ئارەق دەکات و، لووتی حوشتر بە زاریەوە پەیوەستەو، کاتێك هەناسە دەدا، زاری ئەو تەڕاییەی لە هەناسەیدا هەیە، حەپسی دەکات، بۆ ئەوەی تەڕایی لە جەستەی نەچێتە دەر.

شەشەم: منداڵێکی گچکە دەتوانێ حوشتر یەخ بکات و باری بکات، ئەو ئاژەڵە گەورەیە خوا وای خوڵقاندوە، بە ئاسانیی دێتە ژێر بار، منداڵێکی گچکە دەتوانێ یەخی بدات، واتە: بیخات و باری بکات و، بچێتە سەر پشتی و بەکاری بێنێ.

حەوتەم: حوشتر هەموو شتێك دەخوات لە بیابان، تەنانەت شیبریقیش، ئەو ڕووەکەی کاتێك وشك دەبێ، پێی دەگوترێ: ﴿ضَرِيعٍ﴾، هەندێك لە زانایان دەڵێن: شیبریق و ﴿ضَرِيعٍ﴾ هەریەکن و هۆکاری ئەوە جیاوازیی زارەکانی زمانی عەرەبیی (**إِخْتِلاف لَهْجات العَرَبِيَّة**)ە، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە حوشتر هەم زاری، هەم ددانەکانی، هەم لێوەکانی، بەجۆرێکن هەموو جۆرە ڕووەکێکیان پێدەخورێ، تەنانەت حوشترخۆرکەش و هەر جۆرە ڕووەکێکی دیکەش، کە بە تەصەووری تۆ دادێ و لە بیاباندا هەیە، حوشتر هیچی لەبەر عاسێ نابێ، هەموو شتێکی بۆ دەخورێ، چونکە خوا سبحانه و تعالی ژینگەی حوشتری کە گێڕاوە بە بیابان، هەرچی لە بیاباندا هەیە، حوشتر دەتوانێ بیخوات و لێی بەهرەمەند ببێ، هەر بۆیەش عەرەب بە حوشتریان گوتوە: (**سَفِينَةُ الصَّحْراء**) وەك چۆن کەشتیی لەنێو ئاوو دەریادا هەیە، حوشتریش ناویان ناوە: کەشتیی بیابان.

هەشتەم: برژانگ و پێڵووەکانی چاوی حوشتر ڕوونن، بۆیەش کاتێك لە بیاباندا گەردەلوولی زۆر گەورە هەڵدەکات، حوشتر پێڵووەکانی چاوی و برژانگەکانی دا دەداتەوەو، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێیە دەبینێ، چونکە برژانگ و پێڵووەکانی چاوی ڕوونن، واتە: ڕێیە دەبینێ، بەڵام بە لێڵیی، گرنگ ئەوەیە ڕێگا دەبینێ، کەچی ئاژەڵەکانی دیکە، ئەگەر چاویان بنووقێنن، ڕێ نابینن، ئایا حوشتر بۆچی خوا وای خوڵقاندوە؟ چونکە خوا سبحانه و تعالی دەزانێ کە لە بیاباندا گەردەلوول هەڵدەکات، باوو بڕ هەڵدەکات و ئەو لمە لەگەڵ خۆی دەبات، جاری وایە چاو چاو نابینێ، ئنجا خوا حوشتری وا خوڵقاندوە، بەوە ڕانەوەستێ و پەکی نەکەوێ، مرۆڤ دەتوانێ چاوی بنووقێنێ و سواری حوشترەکەی ببێ، یاخود دەستی بە حوشترەکەیەوە بێ و بشڕوا، بەڵام حوشتر ئەگەر ڕاوەستابووایە، لەوێ بە هیلاك دەچوون، بۆیە حوشتر چاو دەنووقێنێ و پێڵووەکانی چاوی ڕوون (**شفاف**)ن و، لە پشت پێڵووەکانیشەوە چاوی دەبینێ، تەنیا حوشتریش بەو شێوەیە.

نۆیەم: حوشتر، هەر کاتێك ویستی: هەم لووتی دادەخات، هەم گوێیەکانی دادەخات، هەم چاوەکانیشی دادەخات، بۆچی؟ لە کاتێکدا گەردەلوول بە تۆزو خۆڵ و لمەوە، هەڵدەکات، ئەگەر حوشتر لووت و گوێ و چاوەکانی دانەخات، بێگومان پڕ دەبێ لە لم و تۆزو خۆڵ.

دەیەم: پێیەکانی حوشتر کە خوفیان پێ دەگوترێ، لە گۆشت و چەرم پێکهاتوون، واتە: پێیەکانی حوشتر ئێسقانیان تێدانیە، مەگەر لە دیوی نێوێدا، بۆیەش کاتێك حوشتر پێ دادەنێ، پێیەکەی بڵاودەبێتەوە، بە پێچەوانەی کەرو هێسترو وڵاخەبەرزەوە، ئەوانە لەبەر ئەوەی (سم)یان هەن و، پێیان دەگوترێ: یەك سم، هەروەها ئاژەڵەکانی دیکەش: گاو مانگاو گامێش و مەڕو بزن، پێیان دەگوترێ: دوو سم، ئەوانە لە لم دەچەقن، بەڵام حوشتر کە پێیەکەی دادەنێ، بەهۆی نەرمییەوە پان دەبێتەوە، تاکو بە لم دا نەچێتە خوار.

یازدەیەم: کڵاوەی ئەژنۆی حوشترو، بەرسکی حوشتر، پێستێکی ڕەق و وشکی هەیە، لە کاتی یەخ بووندا، کاتێك حوشتر خۆی دەخاتە سەر زەوی، لەسەر ئەژنۆی و سینگی، پێستێکی قایم و پتەوو ڕەق و وشك بە بەرسکی و ئەژنۆیەکانیەوە هەیە، بۆ ئەوەی نەسووتێ و، بەرگەی گەرمایی و قورساییش بگرێ.

دوازدەیەم: لەسەر دونگی حوشتر چل (٤٠) کیلۆ چەوریی هەیە، ئنجا ئەو دونگەی لەسەر پشتیەتی لە کاتی برسێتییدا، ئەو چەورییەی دێتەوە نێو خوێنی و بەکاری دێنێ، بۆ ئەوەی پەکی نەکەوێ، کاتێك خواردنی دەست نەکەوت.

سێزدەیەم: لە کاتی تینوویەتییدا، حوشتر دەتوانێ سەدو سیی (١٣٠) لیتر لە ماوەی دە (١٠) خولەکدا، ئاو بخواتەوە، واتە (١/٣)ی هەموو کێشی خۆی، حوشتر دەتوانێ (١/٣) ی کێشی خۆی ئاو بخواتەوە، کە (١٣٠) لیترە! بۆ ئەوەی دوایی کە دەڕوات بە بیاباندا و ئاو نیە، چەند ڕۆژان دەڕۆن و ئاو نیە، پەکی نەکەوێ، چونکە ئاوی زۆری هەڵگرتوە لە جەستەیدا.

چواردەیەم: حوشتر لاقەکانی و ملیشی زۆر درێژن، بۆ بڕینی ڕێگاو بان و بەهۆی گەرمیی بیابانەوە نەسووتان، هەر بۆیەش خوا حوشتری وا خوڵقاندوە کە یەخ ببێ، هیچ وڵاخێکی دیکە یەخ نابێ بۆ بار، نەکەرو نە هێسترو نە وڵاخەبەرزە، ئەوانە هیچیان یەخ نابن، ئەگەر گریمان یەخیش ببن، لەوانەیە بە بارەکەیانەوە هەڵنەستنەوە، بەڵام حوشتر یەخیش دەبێ و، دەشتوانێ بەبارەوە هەڵیشستێتەوە، بە شێوەیەکی زۆر ڕێك و ئەندازەیی (**هندسي**) هەڵدەستێتەوە، نەك زۆر خۆی خوار بکاتەوەو بارەکە بەسەر ملی دابێ، یاخود خۆی بەسەر پشتی دا بدات و بارەکە بەسەر کلکیدا بێتە خوارێ، بەڵکو بەڕێکیی هەڵدەستێتەوە.

پازدەیەم: گەدەی حوشتر چوار بۆشایی هەن، بۆیەش حوشتر زۆر بە خێرایی ئاڵف و گیا دەخوات، بەڵام دوایی کاوێژ دەکات کە بە عەرەبیی (**إجْترار**)ی پێ دەڵێن، واتە: ئەو خواردنەی بە خێرایی خواردوویەتی، دوایی بە شێنەیی دەیهێنێتەوەو جارێکی دیکە دەیجوێ، بۆ ئەوەی باش هەرس ببێ، حوشتر دەتوانێ (٦ - ١٠) ڕۆژ بەبێ ئاوو خواردن بژی و بە بیاباندا بڕوات، کاتی خۆی لە جەنگی یەڕمووکدا خالیدی کوڕی وەلید خوا لێی ڕازیبێ سوپایەکەی لە عێراقەوە برد بۆ شام، بە سواری حوشترەکانیان، دیارە حوشترەکانیان تینوو کردوون و دوایی ئاویان داون و، خواردنیان پێداون، ئنجا ڕۆیشتوون و دە (١٠) ڕۆژیان پێچوون، لە نێوان عێراق و شام دا، تاکو گەیشتنە مەنزڵ، بێ ئەوەی ئەو حوشترانە ئاو بخۆنەوە، یاخود خواردنێك بخۆن.

کەواتــە: کــە خــوا دەفەرمــوێ: ﴿ أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ ﴾، ئایــا ســەرنجی حوشــترەکان نــادەن، چــۆن دروســت بــوون؟ ئێمــە ئــەو پــازدە (١٥) خاڵەمــان وەك پــازدە تایبەتمەندیــی خســتوونەڕوو، کــە تەنیــا لــە حوشــتردا هــەن، بــەڵام بێگومــان دەگونجــێ لــە بــارەی حوشــترەوە تایبەتمەندیــی دیکــەش بخرێنــەڕوو.

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە بەردەوام بێ لەسەر ئامۆژگاریی کردن و بیر خستنەوەی خۆی، چونکە ئەو دەسەڵاتی بەسەریاندا نیە، بە زۆر مسوڵمانیان بکات، ئەوەی بێبڕواش بێ، خوا سزای هەرە گەورەی دەدات، گەڕانەوەش تەنیا بۆ لای خوایەو، لێپرسینەوەش تەنیا مافی خوایە سبحانە و تعالی:

خوا دەفەرمووێ: ﴿فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ ﴿٢١﴾ لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ ﴿٢٢﴾ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ﴿٢٣﴾ فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَكْبَرَ ﴿٢٤﴾ إِنَّ إِلَيْنَآ إِيَابَهُمْ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم ﴿٢٦﴾﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ﴾، بیریان بخەوەو ئامۆژگارییان بکە، تۆ تەنیا بیرخەرەوەی، خوا بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرمووێ: ﴿فَذَكِّرْ﴾، ئنجا بیریان بخەوەو، ئامۆژگارییان بکە، ڕێنماییان بکات، ﴿إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ﴾، تۆ تەنیا بیرخەرەوەو ئامۆژگارییکارو ڕێنماییکاری، لێرەدا پیتی (ف) لە ﴿فَذَكِّرْ﴾دا: (**فَصِيحَةٌ تَفْرِيعٌ عَلَىٰ مُحَصَّلِ مَا سَبَقَ مِنْ أَوَّلِ السُّورَةِ، وَالأَمْرُ مُسْتَعْمَلٌ فِي طَلَبِ الإِسْتِمْرَارِ وَالدَّوَام**)، (ف) ڕوونکەرەوەیەو ئەوەی دێ، بنیاتی دەنێتەوە لەسەر ئەوەی ڕابردوە، هەر لە سەرەتای سووڕەتەکەوەو، فەرمانەکەش بۆ داواکردنی بەردەوامییە، یانی: حاڵ کە بەو شێوەیە باسمان کرد، تۆ بەردەوامبە لەسەر بیرخستنەوە، چونکە تەنیا ئەرکت بریتیە لە بیرخستنەوەو ئامۆژگارییکردن.

٢)- ﴿لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ﴾، تۆ زاڵ و باڵادەست نی بەسەریانەوە، ئەمە بە دوو جۆر خوێندراوەتەوە، هەم بە (ص) هەم بە (س): ﴿بِمُصَيْطِرٍ﴾ و (مُسَيْطِر)، ﴿لَّسْتَ

عَلَيۡهِم بِمُصَيۡطِرٍ ﴾، (أَيْ: لَسْتَ عَلَيْهِم مُهَيْمِناً وَلاَ مُجْبِراً وَلاَ مُكْرِهاً)، تۆ دەسەڵاتت بەسەریاندا نیەو ناچارکەرو زۆر لێکەریان نی، بەڵکو تۆ تەنیا ئەرکت ئەوەیە بیریان بخەیەوەو ئامۆژگارییان بکەی، وریایان بکەیەوەو تێیان بگەیەنی.

لە قورئانـدا وشـەکانی: (**ذِكْـر و تَذْكـِير و ذِكْـرى و تَذْكِـرَة**) زۆر هاتـوون، جارانـی دیکـەش باسـمان کـردوە، کـە حیکمەتەکـەی ئەوەیـە خـوای کاربەجـێ مرۆڤـی وا خوڵقانـدوە، ئـەو ڕاستییانەی دوایـی لـە ڕێـی وەحییـەوە دەیاننێـرێ و دایاندەبەزێنێ، نـاخ و زگماکـی مـرۆڤ پێیـان ئاشـنایە، کەواتـە: پێغەمبـەران و جێگـران و شـوێنکەوتووانی پێغەمبـەران، ئەرکیـان ئەوەیـە ئـەو ڕاسـتییانە بیـر خەڵـك بخەنەوەو، بیخەنـەوە بەرچاویـان، چونکـە زگـماك و ناخیـان بـەو ڕاسـتییانە ئاشـنایە دەیانناسـێ، گرنـگ ئەوەیـە ئـەو ڕاسـتییانەیان بخرێنـەوە بەرچـاو، بـەڵام بێگومـان کـە خوارِسـك و زگماکـی مـرۆڤ ڕاسـتییەکانی کـە لـە ڕێـی وەحییـەوە دێـن، دەیانناسـێ، بـە شـێوەی گشـتیی دەیانناسـێ و، مانـای وانیـە - وەك بـە هەڵـە بەشـێك لـە ئەهـلی تەصـەووف گوتوویانـە ئەگـەر بێـت و مـرۆڤ خـۆی پـاك و چـاك بـکات، پێویسـتیی بـە وەحیـی نـاکات! بەڵکـو مـرۆڤ کاتێـك خـۆی پـاك و چـاك دەکات، ئامادەیـی تـەواوی دەبـێ، کـە ئـەوەی وەحیـی دەیفەرمـوێ، وەریبگـرێ، نـەك ئـەوەی وەحیـی دەیفەرمـوێ، بیزانـێ، بەڵـێ، بنچینـەو ڕیشـەکانی ئـەو ڕاسـتییانەی وەحیـی دەیانفەرموێ، خوارِسـك و ناخـی مـرۆڤ پێیـان ئاشـنایە، بـەڵام وردەکارییەکانـی و درێژەکـەی، تەنانـەت پێغەمبەرانیـش کـە خاوەنـی پاکتریـن زگـماك و نـاخ بـوون، پەییـان بـەو ڕاسـتییانە نەبـردوە کـە لـە ڕێـی وەحییـەوە نەبـێ، نازانرێـن.

٣)- ﴿ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ﴾، مەگەر کەسێك کە پشتی هەڵکردوەو بێبڕوا بووە.

ئەمە زانایان دوو واتایان بۆ لێکداونەوە:

یەکەم: گوتوویانە: ﴿ إِلَّا ﴾، بە مانای بەڵام (**لَكِن**)ە، یانی: (**لَكِنْ مَنْ تَوَلَّى وَاسْتَمَرَّ عَلَى كُفْرِهِ يُعَذِّبُهُ اللهُ العَذَابَ الشَّدِيد**)، بەڵام کەسێك کە پشتی هەڵکردوەو لەسەر بێبڕوایی بەردەوام بووە، خوا سزای هەرە سەختی دەدا.

بـەم واتایـەش ئـەو هەڵاواردنـە دەبێتـە هەڵاواردنێکـی دابـڕاو (إِسْـتِثْناءٌ مُنْقَطِـع)، یـانی: تـۆ بەسـەریانەوە زۆرلێـکار نی و، ناتوانـی بـەزۆر بڕوایان پـێ بهێنی، جگـە لەوەی پشـت هەڵـدەکاو بێبـڕوا دەبـێ، ئنجـا ئایـا پێغەمبـەری خـوا ﷺ زۆر لـەوان دەکات؟ نەخێـر، بۆیـە هەڵاوێـردراو (مستثنی) بەشـێك نیـە لـە لێهەڵاوێـردراو (مُسْـتَثْنى مِنْـه)، چونکـە پێغەمبـەر ﷺ کـە بـە گشـتیی زۆرلێـکاری خەڵـك نیـە، ئەوانـەی کـە پشـت هەڵدەکـەن و بێبـڕوا دەبـن، زۆر لێـکاری ئەوانیـش هـەر نیـە، کەواتـە: ئـەوان بەشـێك نیـن لەوانـەی پێشـێ، بۆیـە پێـی دەگوتـرێ: هەڵاواردنێکـی دابـڕاو.

دووەم: گوتوویانە: (إلاّ) هەر ئامرازی هەڵاواردنەو هەڵاواردنێکی پەیوەست (إِسْتِثْناءُ مُتَّصِل)ە، (مُستثنى مِنَ المَفْعولِ المَحْذوفِ فِي فَذَكِّرْ، والتَّقديرُ فَذَكِّرِ النَّاسَ، إلاَّ مَنْ تَوَلَّى وَكَفَرَ، إِذْ تَذْكِرَتُهُ لاَ فَائِدَةَ فِيها فَهِيَ لَغْوٌ)، واتە: ﴿ فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ ﴾، دوایی کە دەفەرموێ: ﴿ لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ ﴾، ئەمە ڕستەیەکی نێواخنە، (جُمْلَةٌ مُعْتَرَضَة)، ئنجا وەك تەواوکردنی چەمك و واتای: ﴿ فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ ﴾، فەرموویەتی: ﴿ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ﴾، هەڵاواردنەکە لە بەرکاری قرتێنراوی (ذَكِّر)ە، کە بەمجۆرەیە: (فَذَكِّرِ النَّاسَ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ)، خەڵك ئاگاداربکەوەو وریایان بکەوە، بیر خەڵك بهێنەوە، جگە لەوانەی پشتیان هەڵکردوەو بێبڕوان (ئەوانە لێیان گەڕێ) چونکە بیرخستنەوەی وان سوودی نیەو شتێکی پووچەو، کاتی خۆت بەوانەوە بەفیڕۆ مەدە، وەك لە سوورەتی (النجم)دا دەفەرموێ: ﴿ فَأَعْرِضْ عَن مَّن تَوَلَّىٰ عَن ذِكْرِنَا وَلَمْ يُرِدْ إِلَّا ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿٢٩﴾ ﴾، واتە: پشت هەڵبکەو وازبێنە لەوانەی پشت لە بەرنامەو یادی ئێمە دەکەن و، تەنیا ژیانی دنیایان دەوێ، واتە: لێکدانەوەی دووەم وەك چەمك و واتای ئەو ئایەتەی سوورەتی (النجم) وایە.

منیـش ئـەم واتایـەی دووەمـم زیاتـر بـە دڵـەوە دەنووسـێ: ﴿ فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ ﴾، ئنجـا: ﴿ لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ ﴾، ئەمـە ڕسـتەیەکی نێواخـن کـراوە، ئنجـا: ﴿ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ﴾، واتـە: جگـە لـەوەی پشـتی هەڵکـردوەو بێبڕوایـە وازی لـێ بێنـەو بـۆ خـوا لێـی گـەڕێ.

٤)- ﴿ فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَكْبَرَ ﴾، خوا سزای هەرە گەورەی دەدا.

لە کۆتایی دا خوای بەرزو باڵادەست دەفەرموێ:

٥)- ﴿ إِنَّ إِلَيْنَآ إِيَابَهُمْ ﴾، بە دڵنیایی گەڕانەوەیان تەنیا بۆ لای ئێمەیە، (**الإِيَابُ: الرُّجوعُ، آبَ يَؤُبُ أَوْباً، وَإِياباً**)، واتە: گەڕایەوە، دەگەڕێتەوە، گەڕانەوە، گەڕانەوەیان تەنیا بۆ لای ئێمەیە.

٦)- ﴿ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم ﴾، ئنجا بە دڵنیایی لێپرسینەوەشیان تەنیا لەسەر ئێمەیە، لێرەدا: ﴿ ثُمَّ ﴾: (**للتَّراخِي الرُّتْبي، فَمُحَاسَبَتُهُم تُشْبِهُ حَقّاً أَوْجَبَهُ اللهُ عَلى نَفْسِهِ**)، ﴿ ثُمَّ ﴾ بۆ بەدواهاتنی پلەپلەییە، چونکە لێپرسینەوەی وان (هی مرۆڤەکان)، وەك هەقێکە خوا لەسەر خۆی پێویستی کردبێ.

چوار هەڵوەستە لە ئاقار ئەو شەش ئایەتەی کۆتایی (الغاشية)دا:

یەکەم: پێغەمبەری خوا ﷺ تەنیا ئەرکی گەیاندنی پەیامی خوایە: خوا سبحانه و تعالى بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: ﴿ فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ ﴾، مادام حاڵ بەو شێوەیە کە باسمانکرد لە ڕابردوودا، تۆ لەسەر بیرخستنەوەو ئامۆژگاریی و ڕێنمایی کردنی خۆت بەردەوام بە، چونکە تۆ تەنیا ئەرکت ئەوەیە، وەك لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ:

أ- ﴿ إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ﴿٤٨﴾ ﴾**الشورى**، واتە: تۆ تەنیا ڕاگەیاندنت لەسەرە.

ب- یان دەفەرموێ: ﴿ وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿٥٤﴾ ﴾**النور**، پێغەمبەر تەنیا ڕاگەیاندنی ڕوونی لەسەرە.

ج- یان دەفەرموێ: ﴿ فَهَلْ عَلَى ٱلرُّسُلِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿٣٥﴾ ﴾**النحل**، ئایا پێغەمبەران تەنیا گەیاندنی ڕوونیان لەسەر نیە؟

﴿ لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ ﴾، تۆ بەسەر ئەواندا زاڵ نی، واتە: تۆ ناچارکەرو زۆر لێکەریان نی، بەسەردا سەپێنەریان نی، ئیمان و ئیسلامیان بەسەردا بسەپێنی،

ئـەوە ئەرکـی تـۆ نیـە، کەواتـە: تـۆ بیریـان بخـەوەو تەنیـا بیرخـەرەوەی، ﴿ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ﴾، جگـە لەوانـەی پشـتیان هەڵکـردوەو بێبـڕوا بـوون، واتـە: لەسـەر پشـتهەڵکردن و ڕوو وەرچەرخانـدن لـە پەیامـی خـواو، لـە تـۆ، بەردەوامـن، لەسـەر بێبڕوایـی بەردەوامـن، ئەوانـە بـۆ خـوا لـێ گـەڕێ، ﴿ فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَكْبَرَ ﴾، خـوا سـبحانه و تعالـی سـزای گەورەتـری دەدا، سـزای گەورەتریـان دەدا.

دووەم: سزای گچکەو گەورەتر چین؟

سـزای گچکـە لـە ژیـانی دنیاشـدا دەگونجـێ هەبـێ، کـە بریتیـە لـە نەخۆشـیی و ئـازارو نارەحەتیـی، هەروەهـا ئـازاردران و سـزادرانیان بـە دەسـتی مسـوڵمانان لـە کاتـی ڕوو بـەڕوو بوونـەوەدا، لـە سـوورەتی: (السـجدة)ش دا خـوای پـەروەردگار باسـی سـزای گچکـەو سـزای گـەورە دەکات، دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنَ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَدْنَىٰ دُونَ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَكْبَرِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢١﴾ ﴾، واتـە: بـە دڵنیایـی لـە ئـازاری گچکەیـان پـێ دەچێژیـن، پێـش سـزادانی گەورەتـر، {سـزادانی نیزیکتریـان دەدەیـن، (هـی گچکـە)، پێـش سـزادانی گەورەتـرو دوور، کـە لـە ڕۆژی دواییدایـە}، بەڵکـو بگەڕێنـەوە.

ئێمـە کاتـی خـۆی لـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی: (السـجدة)دا باسـمان کـردوە، کـە دەگونجـێ سـزادانی گچکـە مەبەسـت پێـی نەخۆشـیی بـێ، ناخۆشـیی بـێ، گرفتاریـی و نارەحەتییـەکان بـن، کـە لـە دنیـادا دێنـە ڕێـی مرۆڤـەکان، یاخـود مەبەسـت پێـی ئەوەبـێ کـە بێبڕوایـان بـە دەسـتی خەڵکی ئیسـلام لـە کاتـی جەنـگ و ڕووبەڕووبوونـەوەدا، تووشـی سـزاو ئـازارو مەینەتیـی بـبن، کـە ئەمـەش دەبێتـە ئیعجازێکـی مێژوویـی و هەواڵـدان بـە نادیـار، کـە مسـوڵمانان لـەو کاتـەدا لـە مەککـەدا چەوسـێنراونەوە، خـواش فەرموویەتـی: کاتێـك دێ ئێمـە سـزای نیزیکـترو گچکەتریـان پـێ بچێژیـن، پێـش سـزای گەورەتـر، کـە لـە ڕۆژی دواییـدا بۆیـان دێتـە پێـش!.

سێیەم: گەڕانەوە بەس بۆ لای خواو لێپرسینەوەش هەر لەسەر ویە:

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ إِلَيْنَآ إِيَابَهُمْ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم ﴿٢٦﴾ ﴾، بەدڵنیایـی گەڕانەوەیـان تەنیـا بـۆ لای ئێمەیـە (بـە هیـچ لای دیکـەدا نـاڕۆن) و لێپرسینەوەشـیان تەنیـا لەسـەر ئێمەیـە، کەسـی دیکە لێیـان ناپرسـێتەوە، تەنیـا بەدیهێنەرو پـەروەردگارو خاوەنیـان لێیـان دەپرسـێتەوە.

وەك لـە هەندێـك لـە کتێبەکانـی خۆمـدا باسـم کـردوە[1]، ئـەم ڕاسـتییە زۆر گرنگـە خەڵکـی ئیسـلام لـە عەقـڵ و دڵیانـدا زۆر درەوشـاوە بـێ و، وا نەزانـن ژیـانی دنیـا جێـگای ئەوەیـە تەصفییـەی حیسـابی تێـدا بکـرێ و، جێـی ئەوەیـە هـەر کەسـێك خراپەیەکـی کـرد، کوفـری کـرد، شـیرکی کـرد، نیفاقـی کـرد، تاوانـی کـرد، لـەو تاوانانەی کـە پەیوەندییـان بـە نێـوان خـۆی و خـواوە هەیـە، نـەك زیانیـان بـۆ خەڵـك هەبـێ، ئـەوە دەبـێ سـزا بـدرێ! چونکـە جگـە لـەو تاوانانـەی زیانیـان بـۆ خەڵـك هەیـەو کۆمەڵـگا دەشـێوێنن، ئیسـلام سـزای دنیایـی دانەنـاوە بـۆ هیـچ کام لـەو گوناهانـەی دیکـە، بـەڵام:

١- کەسێك کە ژینی خەڵك بخاتە مەترسییەوە، خوا سزای بۆ داناوە: ﴿ وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ ﴿١٧٩﴾ ﴾البقرة.

٢- کەسێك ماڵ و سامانی خەڵك بخاتە مەترسییەوە، خوا هەم سزای ڕێگریی، هەم سزای دزیی بۆ داناوە.

٣- کەسێك وەچەو نامووسی خەڵك بخاتە مەترسییەوە، خوا سزای زینای بۆ داناوە.

٤- کەسێك زیان بگەیەنێ بە ئابڕوو و کەرامەتی خەڵك، خوا سزای بوختانکردن بە داوێنپیسیی بۆ داناوە.

---

(١) بڕوانـە: کتێبـی دوازدەیـەم لـە: (موسـوعة: الإسـلام كـما يتجـلّي في كتـاب اللـه)و، کتێبـی: (چەند مەسـەلەیەکی بـاوی سـەردەم)، بـەشی یەکـەم: بنەمایـەکانی تەبایـی و پێکـەوە ژیـان لـە قوڕئـان دا، چاپی شەشــەم

٥- کەسێك هێمنیی و ئاسایشی خەڵك بخاتە مەترسییەوە خوای دادگەر سزای بۆ داناوە.

هەندێـك لـە زانایانیـش دەڵێـن: سـزای مەیخۆرییـش خـوای کاربەجـێ دایـناوە، لـە ڕێـی پێغەمبـەرەوە ﷺ، بـەڵام ڕای ڕاسـتر ئەوەیـە کـە ئـەوە زیاتـر بـە کۆشـش و ئیجتیهـادو تێفکرینـی هـاوەڵان بـووە، بۆیـە پێشـێ چـل (٤٠) قامچییـان لێـداوە، دوایـی کردوویانەتـە هەشـتا (٨٠)، دوای ئـەوەی خەڵـك لەسـەری بـەردەوام بـووە.

کەواتـە: ئـەو سـزایە ملکەچـە بـۆ سیاسـەت و تێگەیشـتنی حوکمڕانـان، ئەوانـەی کۆمەڵـگای مسـوڵمان بەڕێـوە دەبـەن، بەڵـێ جگـە لـەو تاوانانـەی زیـان دەگەیەنـن بـە ڕووحـی خەڵـك، بـە مـاڵ و سـامانی خەڵـك، بـە نەسـل و وەچەیـان، بـە ئابـڕوو و کەرامەتیـان، بـە هێمنیـی و ئاسایشـیان، جگـە لەوانـە، خـوا بـۆ هیـچ گوناهێـك سـزایەکی دیکـەی دیارییکـراوی دانەنـاوە لـە قورئانـدا، هەروەهـا پێغەمبەریـش ﷺ لـە ڕێبـازی خۆیـدا، ئێمـە لـە تەفسـیری سـوورەتی (النـور)دا لـە بـارەی سـزای داوێنپیسـییەوە قسـەمان کـردوە کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ کاتـی خـۆی کەسـانێك کـە زینایـان کـردوە، بـەرد بارانـی کـردوون تاکـو مـردن، بـەڵام پێـم وایـە ئـەو ڕایـە ڕاسـترە کـە دوایـی حوکمـی یەکجارەکیـی لـە ئیسـلامدا لـە بـارەی سـزای زینـاوە، ئەوەیـە کـە خـوا لـە سـوورەتی (النـور)دا باسـی کـردوە: ﴿ ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِى فَٱجْلِدُوا۟ كُلَّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا مِا۟ئَةَ جَلْدَةٍ ﴿٢﴾ ﴾.

بـۆ مەسـەلەی هەڵگەڕانـەوەش لـە ئیسـلام دا، لـە تەفسـیری سـوورەتی (محمـد) و، لـە هەندێـك شـوێنی دیکەشـدا باسـمان کـردوە، سـزایەکی دیارییکـراوی نیـە لـە قورئانـداو، لـە سـوننەتی پێغەمەریـش ﷺ سـزایەکی قەتعیـی و دیارییکـراوی نیـە، بۆیـە زانایـان ئیجتیهادیـان کـردوە، بـە نسـبەت سـزای کەسـانێکەوە کـە لـە ئیسـلام هەڵگەڕاونـەوە، لـە شـوێنی خۆیـدا بـە درێژیـی باسـمان کـردوە، لـە مەوسـووعەی: **(الإسـلام كـما يتجـلي في كتـاب اللـه)**[1]دا.

---

(١) ج ١٢، چاپی دووەم.

کەواتە: پێویستە ئەوەمان لەبەرچاو ڕوون بێ، کە ئیسلام هاتوە کۆمەڵگایەکی پاك و چاك و ڕاست، دروست بکات و، سزا بسەپێنێ بەسەر ئەوانەدا کە زیان بە ژیانی خەڵك دەگەیەنن، بە نەسل و وەچەی خەڵك، بە ئابڕوو و کەرامەتی خەڵك، بە ماڵ و سامانی خەڵك، بە هێمنیی و ئاسایشی خەڵك، بەڵام شتەکانی دیکە، خوای پەروەردگار خەڵکیان پێ تاقی دەکاتەوە، ئەگەر بێت و ئەوانە پارێزراو نەبن: ژیانی خەڵك ناموسی خەڵك، ئابڕوو و کەرامەتیان، ماڵ و سامانیان، هێمنیی و ئاسایشیان، کۆمەڵگا تێکدەچێ، بەڵام خەڵك بە کوفرو ئیمانەوە پێکەوە دەژین، بۆیە لەسەر بێبڕوایی ئیسلام سزایەکی دیاریکراوی نیەو، لە کۆمەڵگای یەکەمی پێغەمبەریش ﷺدا جوولەکەکان هەبوون، هەندێك نەصرانیی هەبوون، هەندێك لە هاوبەشدانەران هەبوون، مونافیقەکان هەبوون، شان بە شانی مسوڵمانان و پێکەوەش دەژیان.

حاڵەتی تەباییش بەردەوام بوو، هەتا جوولەکەکان پەیمانیان شکاندو پەیمانیان هەڵوەشاندەوە، پێغەمبەریش ﷺ ئەوەی پەیمانی دەشکاند، سزای دەدات، لەسەر پەیمان شکاندنی، نەك لەسەر کوفری، ئەگەرنا ئەگەر لەسەر کوفر بووایە لە سەرەتاوە سزای دەدان، ئەمە ڕاستییەکی گرنگە، پێویستە بیزانین و خوای پەروەردگار لێرەداو لە چەند جێیەکی دیکەی قورئاندا ڕوونی کردۆتەوە.

چوارەم: ناگونجێ ئەو ئایەتە نەسخ کرابێتەوە:

ئەوەی لە هەندێك لە تەفسیرەکاندا هەیە، کە ئەم ئایەتە نەسخ کراوەتەوە، بە ئایەتی شمشێر (**سَيْف**)، کە ئایەتی (**سَيف**) لە قورئاندا هەر نیەو، وشەی (**سَيف**) لە قورئاندا هەر نەهاتوە و، مەبەستیان لە ئایەتی ژمارە (٥)ی سوورەتی (**التوبة**)یە، کە لە کاتی تەفسیرکردنی ئەو سوورەتەدا، بە تەفصیل قسەمان لێکردوەو گوتوومانە: سەرجەم ئەو قسانەی کە فلان ئایەتە نەسخ بۆتەوە،

چونکـە باسـی ئـەوە دەکات: لێبوردنـت هەبـێ، چاوپۆشـییت هەبـێ، سـنگ فـراوان و لێبـوردە بـە! ئـەو قسـانە هیچیـان پشـت ئەسـتوور نیـن بـە هیـچ بەڵگەیـەك، ئـەم قورئانـەی ئێسـتا لەبـەر دەسـتی ئێمـە دایـە، ئـەم موصحەفـە موبارەكـە، یـەك ئایەتیشـی تێدانیـە، بگـرە یـەك ڕستەشـی تێدانیـە، كاری پێنەكـرێ، زانایانیـش كـە كاتی خـۆی ئیبنـو عەبباس و جگـە لـە ئەویـش (خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ)، وشـەی: نەسـخ (نسـخ)یان بەكارهێنـاوە، وەك لـە كتێبـی قورئانـی مـەزن (قورئانـی مـەزن لـە نـۆزدە تـەوەردا)[1] گوتوومانـە، مەبەسـتیان چەنـد شـتێک بـووە:

١- حوكمێك كە بە گشتیی (**عام**) هاتوە، دوایی تایبەتكراوە بە هەندێك لە چەمكەكانیەوە.

٢- حوكمێك كە بە ڕەهایی (**مطلق**) هاتوە، دوایی بەنددار (**مقیَّد**) كراوە.

٣- مەبەستیان پێی ڕوونكردنەوەی حوكمێك بووە، كە پێشتر بە كورتیی هاتوە.

٤- مەبەستیان پێی پلە پلەیی (**تدّرج**) بووە.

بەڵام مەبەستیان ئەوە بێ كە ئایەتێك هاتوە، دوایی ئایەتێكی دیكە ئەوەی لابردوە، شتی وا لە قورئان دا نیەو، گریمان هاوەڵێكیش، یاخود زانایەكیش شتێكی وای گوتبێ، ڕای خۆی بووەو، ڕای ڕاست، ڕایەك كە پێمان وایە لەگەڵ پێگەی بەرزی قورئاندا بگونجێ، هەر ئەوەیە كە ئەم قورئانە، ئەم موصحەفەی ئێستا لەبەر دەستمان دایە، یەك ئایەت و یەك ڕستەشی تێدانیە، كاری پێنەكرێ و حوكمەكەی هەڵوەشابێتەوە.

لـە خـوای بـەرزی مـەزن داواكاریـن هەرچـی زیاتـر یارمەتییـمان بـدات، قووڵـترو فراوانـترو باشـترو ڕاسـتتر، لـە قورئـان تێبگەیـن و، چاكـتر بـە ڕێبـازی پێغەمبـەری خاتەمـەوە ﷺ پابەنـد بیـن، بێگومـان ڕێبـازی پێغەمبەریـش ﷺ هـەر بریتیـە لـە بەرجەسـتە كردنـی قورئـان لـە ژیانـی تاكـی و خێزانیـی و كۆمەڵایەتیـی و سیاسـیی

(١) شـایەنی باسـە ئـەو كتێبـە لـە چاپـی دووەم دا كراوەتـە (پێشـەكی گشـتیی) كۆی ئەم تەفسـیرە و دەخرێتـە بەرگـی یەكەمەوە.

و خۆیدا، خوای بەخشەر یارمەتیی ئێمەش بدات هەرچی زیاتر کارلێک بکەین لەگەڵ قورئاندا، تاکو لە دنیادا ژیانێکی پاك و چاك و ڕاست و دروستمان هەبێ و، لە دوارۆژیشدا سەربەرزو سەرفراز بین.

لێرەشدا کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی (**الغاشية**) دێنین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

تەفسیری سووڕەتی

الْفَجْرِ

دەستپێک

بەڕێـــــزان!

ئەمـــڕۆ کـــە (٢)ی مانگـــی (**ذي الحِجَّـة**)، واتـــە: مانگـــی (١٢)ی ســـاڵی (١٤٤١)ی کۆچیی، بەرانبـەر (٢٣)ی تەممـووز، واتـە: مانگـی (٧)ی سـاڵی (٢٠٢٠)ی زایینییـە، خوا پشـتیوان بـێ، دەسـت دەکەیـن، بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (**الفَجـر**).

سـەرەتاش پێناسـەو نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە حـەوت بڕگـەدا دەکەیـن، وەك چوارچێـوەو هێڵـە گشـتییەکانی و، ناسـاندنی، بـەر لـەوەی بچینـە نێـو وردەکارییەکانـی شـیکردنەوەو ڕوونکردنـەوەی چەمـکی ئایەتـە بـە پێزەکانـی:

پێناسەی سوورەتی (الفجر) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە تەنیـا نـاوی سـوورەتی (**الفَجـر**)ی، بەبـێ پیتـی (و) بـۆ بەکارهێنراوە، چونکـە سـوورەتەکە ئـاوا دەسـت پێـدەکات: ﴿ وَٱلْفَجْرِ ۝١ ﴾، بـەڵام لـە ناوەکەیـدا (و)ەکـە نەهاتـوە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

تێکـڕای زانایـان لەسـەر مەککەیـی بوونـی یەکدەنگـن، تەنیـا (**إبـنُ عَطيَّـة**)، لـە تەفسـیرەکەی خۆیـدا: (**التَّحريـرِ الوَجيـز في تَفْسـيرِ كِتـابِ اللـهِ العَزيـز**) لـە (**أَبـو عَمْـرو الدَّاني**)یـەوە هێناویەتـی، کـە هەندێـك لـە زانایـان ئـەم سـوورەتە موبارەکەیـان بـە

مەدینەیـی دانـاوە، بـەڵام بەڵگەیەکـی وا ئـەم قسـەیە پشتڕاسـت ناکاتـەوە، لـەو بـارەوەش کـە ئـەم سـووڕەتە موبارەکـە لـە مەککـە دابەزیـوە، ئـەم گێڕدراوەیـە هەیـە:

{عَـنْ عَبْـدِ اللـهِ بـنِ عَبَّـاسٍ ﷺ، قَالَ: نَزَلَـتْ سُـورَةُ وَالفَجْرِ بِمَكَّةَ} (**أورده السـيوطي فـي «الـدرُّ المَنثـور»: ج٨، ص ٤٩٧، ونسـبه لابـن الضريـس والنحـاس وابـن مردويـه والبيهقـي، وقـال: وأخـرج ابـن مردويـه عـن عبـدِ اللـه بـن الزبـير ﷺ، قـال: أنزلـت والفجـر بمكـة، وأخـرج عـن عائشـة ر ضي اللـه عنهـا، قالـت: أُنْزِلَـتْ سـورَةُ الفَجْـر بِمَكّـة، الإسـتيعاب في بيـان الأسـباب، ج٣، ص ٥١١**).

واتــە: عەبدوڵــڵای کــوڕی عەببــاس ﷺ، گوتوویەتــی: ســووڕەتی (**والفجــر**) لــە مەککــە دابەیــوە.

هەروەهــا (**الســيوطي**) پاڵیداوەتــە لای (**إبــن مُرْدَويــه**) کــە هەمــان قســەی لــە عەبدوڵــڵای کــوڕی زوبەیــرەوە ﷺ هێنــاوەو گوتوویەتــی: ســووڕەتی (**والفجــر**) لــە مەککــە دابەزیــوە، دیســان (**إبــنُ مُردويــه**) لــە دایکــمان عائیشــەوە (خــوا لێــی ڕازی بــێ) هێناویەتــی، گوتوویەتــی: ســووڕەتی (**الفَجــر**) لــە مەککــە دابەزیــوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

ئــەم ســووڕەتە موبارەکــە (**الفَجــر**)، لــە (مصحــف)دا ژمارەکــەی (٨٩)یــەو، لــە دابەزینیشــدا ژمارەکــەی (١٠)یــە، پێــش ســووڕەتی (**الضُّحــى**)و، دوای ســووڕەتی (**اللَّيْل**) دابەزیــوە، ئــەوە ڕای ژمارەیەکــی زۆر لــە زانایانــە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

زانایــان ســێ ژمارەیــان بــۆ دانــاون: أ- (**أَهْـل الكُوفَـة وَالشَّـام**)، گوتوویانــە: ســیی (٣٠) ئایەتــە.

ب- بەڵام (أَهْلُ المَدِيْنَة وَمَكّة) زانایانی ئەو دوو شارە موبارەکە، گوتوویانە: سیی و دوو (٣٢) ئایەتە.

ج- (أَهْلُ البَصرة)ش بە بیست و نۆ (٢٩)یان داناوە.

بەڵام زیاتر ژمارەی سیی (٣٠) تەبەننیی کراوە، بۆ ئایەتەکانی ئەم سوورەتە موبارەکە.

پێنجەم: نێوەرۆکی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە چوار تەوەران دەگرێتە خۆی:

١- پێنج سوێندی خوای بەرزی مەزن لە ئایەتەکانی: (١ - ٥) دا: ﴿ وَٱلْفَجْرِ ۝١ وَلَيَالٍ عَشْرٍ ۝٢ وَٱلشَّفْعِ وَٱلْوَتْرِ ۝٣ وَٱلَّيْلِ إِذَا يَسْرِ ۝٤ هَلْ فِى ذَٰلِكَ قَسَمٌ لِّذِى حِجْرٍ ۝٥ ﴾.

٢- باسی فەوتێنرانی هەرسێك گەلی: عادو سەموودو فیرعەون و شوێنکەوتووەکانی، دوای یاخیبوون و سەرکێشییان، خوا ﷻ سەرو قامچییەکی لە سزای خۆی لێداون، ئەمەش نۆ ئایەتەکانی: (٦ - ١٤)ی گرتۆتەوە.

٣- باسی مرۆڤی بێبڕواو دوور لە خوا، لە کاتی هات و نەهاتی دنیاییداو، سەرزەنشتی خوا ﷻ بۆی، لەسەر بیرکردنەوەی چەوت و هەڵەی، کە ئەگەر هاتی بوو، پێی وایە خوا لێی ڕازییەو، ئەگەر نەهاتی بوو - لە ڕووی ماددییەوە - پێی وایە خوا لێی توورەیە، خواش ﷻ بەرپەرچی ئەو بیرو بۆچوونە هەڵانە دەداتەوە، ئەمەش شەش ئایەتەکانی: (١٥ - ٢٠)ی گرتۆتەوە.

٤- باسی ئاخیر زەمان و قیامەت و، سەرەنجامی هەر کام لە مرۆڤی بێبڕواو، مرۆڤی بڕواداری دڵ و دەروون ئۆقرە گرتوو و دامەزراو لەسەر بەندایەتیی بۆ خوا، ئەمیش دە (١٠) ئایەتەکانی کۆتایی: (٢١ - ٣٠)ی گرتۆتەوە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

چەند شتێك ئەم سووڕەتە جیادەکەنەوە لە سووڕەتەکانی دیکەو، کەسایەتییەکی تایبەتی پێدەبەخشن، ئێمەش حەوت تایبەتمەندییمان تێیدا. کەوتوونە بەرچاو:

١- ئەو پێنج سوێندە تەنیا لەم سووڕەتەدا هاتوون، ئەو پێنج سوێندەی لە ئایەتەکانی: (١ - ٥) داهاتوون.

٢- پێناسەی گەلی عاد بە (إِرَمْ)، کە دەفەرموێ: ﴿إِرَمَ ذَاتِ ٱلْعِمَادِ﴾، لە ئایەتی ژمارە (٧)دا تەنیا لەم سووڕەتەدا بەو شێوەیە هاتوە، ئەگەرنا باسی فەوتێنرانی عاد دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا هوود عليه السلام، بۆ لایان ڕەوانکراوە، لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا هاتوە.

٣- وەسفی فیرعەون بە: ﴿ذِى ٱلْأَوْتَادِ﴾، لە ئایەتی ژمارە (١٠)دا، واتە: فیرعەونی خاوەن وەتەدەکان، کە دوایی باس دەکەین: ﴿ٱلْأَوْتَادِ﴾ چەند واتایەکی هەن:

أ- دەگونجێ مەبەست پێیان هەڕەمەکانی میسر بێ.

ب- دەگونجێ مەبەست پێیان سینگ و گوڵمیخ بێ.

ج- دەگونجێ مەبەست پێیان سەربازەکان سوپایەکەی فیرعەون بێ.

٤- باسی مرۆڤی بێبڕوا لە کاتی هات و نەهاتدا، کە لە کاتی هاتی ماددییدا، زۆر دڵخۆش دەبێ و پێی وایە خواش لێی ڕازییە، بەڵام لە کاتی نەهاتدا، دڵتەنگ دەبێ و پێی وایە خوا ڕیسوای کردوە، ئەویش لە دوو ئایەتەکەی: (١٥ و ١٦)دا.

٥- باسی ئەوەکە هیچکەس وەك خوا کافر سزا نادات و کەلەپچە ناکات، لە دوو ئایەتەکەی: (٢٥ و ٢٦)دا.

٦- بانگکردنی مرۆڤی بڕوادار بە نەفسی ئارامگرتوو: ﴿يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ﴾، لە ئایەتی: (٢٧)دا.

٧- چەند وشەو تەعبیرێکی تایبەت بەم سوورەتە، کە تەنیا لێرەدا هاتوون و، ئێمە ئەم پازدە (١٥) وشەو تەعبیرەمان کەوتوونە بەرچاو:

١- (وَلَيَالٍ عَشْرٍ)، سوێند بە دە شەوەکان.

٢- (وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ)، سوێند بە جووت و تاك.

٣- (وَالَّيْلِ إِذَا يَسْرِ)، سوێند بە شەوگار کە دەڕواو ڕادەبرێ.

٤- (هَلْ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٌ لِّذِي حِجْرٍ)، ئایا لەوەدا سوێند خواردن هەیە بۆ خاوەن عەقڵ؟

٥- (جَابُوا الصَّخْرَ بِالْوَادِ)، بەردیان قەڵاشتوە، بەردیان داتاشیوە لە شیو (واد)دا.

٦- (سَوْطَ عَذَابٍ)، قامچییەك ئازارو سزا.

٧- (أَكْرَمَنِ)، ڕێزی لێگرتووم.

٨- (أَهَانَنِ)، ڕیسوای کردووم.

٩- (وَتَأْكُلُونَ التُّرَاثَ أَكْلًا لَّمًّا)، میرات دەخۆن بە لرف لێدان و بە کۆکردنەوەوە، هەمووی پێکەوە دەخۆن، هی خۆتان و هی خەڵکیش.

١٠- (حُبًّا جَمًّا)، خۆشویستنێکی زۆر.

١١- (دَكًّا دَكًّا)، کوتران لەسەر کوتران، یاخود وردو خاش کران.

١٢- (لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥ أَحَدٌ)، وەك سزادانی خوا، کەس ئاوا سزا نادات.

١٣- (وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥ أَحَدٌ)، وەك کەلەپچە کردنی خوا (بۆ بابای بێبڕوا) کەس وا کەس کەلەپچە ناکات.

١٤- (يَٰٓأَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ)، ئەی نەفسی ئۆقرەو ئارامگرتوو.

١٥- (جَنَّتِی)، باخەکەم، لە هەموو قورئاندا کە خوا بە هەشتی پاڵ دابێتە لای خۆی، تەنیا لێرەدایە، (جَنَّتِی) ئەو باخ و بەهەشتەی دامناوە بۆ دۆستانی خۆم .

حەوتەم و کۆتایی: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمـە کـۆی سـیی (٣٠) ئایەتـە موبارەکەکـەی ئـەم سـوورەتە، دەکەینـە دەرسـێك، چونکـە هەرچەنـدە لـە چـوار بابـەت و چـوار تـەوەر پێکـدێ، بـەڵام هەموویـان تێکهەڵکێشــن و پێکــەوە پەیوەســتن.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە هـەر سی (٣٠) ئایەتەکـەی ئـەم سـوورەتە موبارەکـەی (الفَجـر) پێکهاتـوەو، چـوار تـەوەری سـەرەکیی دەگرێتـە خـۆی، کـە پێشـتریش باسـمان کـردن:

١- پێنج ئایەتی یەکەم: ﴿ وَٱلۡفَجۡرِ ١ وَلَيَالٍ عَشۡرٍ ٢ وَٱلشَّفۡعِ وَٱلۡوَتۡرِ ٣ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَسۡرِ ٤ هَلۡ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٞ لِّذِي حِجۡرٍ ٥ ﴾، ئەم پێنج ئایەتە موبارەکە تەوەری یەکەمی ئەم سوورەتە موبارەکە پێکدێنن، خوا ﷻ سوێند دەخوا بە بەرەبەیان و، دە شەوەکان و، بە جووت و بە تاك و، بە شەوگار کە دەڕوات، کەواتە: خوا سوێندی بە پێنج شتان خواردوە، دوایی فەرموویەتی: ﴿ هَلۡ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٞ لِّذِي حِجۡرٍ ﴾، ئایا لەوەدا سوێند هەیە بۆ خاوەن عەقڵ، واتە: ئایا ئەو پێنج شتە شایستەی ئەوەن سوێندیان پێ بخورێ، بێگومان بەڵێ، بۆیەش خوا ﷻ سوێندی پێ خواردوون.

٢- باسی فەوتێنرانی هەرسێ گەلی: (عادو سەموود و فیرعەون)، دوای یاخیبوونیان و سەرکێشییکردنیان لە بەرانبەر خواو، بەندەکانی داو سزادانی خوا بۆیان و، یەك قامچیی لێدانی هەر کامێکیان، لە سزای خۆی: ﴿ فَصَبَّ عَلَيۡهِمۡ رَبُّكَ سَوۡطَ عَذَابٍ ﴾، کە بەنسبەت گەلی عادەوە فەرموویەتی: ﴿ أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ ٦ إِرَمَ ذَاتِ ٱلۡعِمَادِ ٧ ٱلَّتِي لَمۡ يُخۡلَقۡ مِثۡلُهَا فِي ٱلۡبِلَٰدِ ٨ ﴾.

دوایـی بـە نسـبەت گەلـی سـەموودەوەش فەرموویـەتی: ﴿ وَثَمُودَ ٱلَّذِينَ جَابُواْ ٱلصَّخۡرَ بِٱلۡوَادِ ﴾، واتـە: ئـەو گەلـی سـەموودەی بەردیـان قەڵاشـت و داتاشـی، لـە (واد)دا، کـە دۆڵ و شـیوێکە زۆربـەی زانایـان دەڵێـن: (**وَادي القُرى**)یـە.

بەنسـبەت فیرعەونیشـەوە فەرموویـەتی: ﴿ وَفِرۡعَوۡنَ ذِي ٱلۡأَوۡتَادِ ﴾، فیرعەونـی خـاوەن سـینگ و گوڵمیخـەکان، ئنجـا بەگشـتیی لـە بارەیانـەوە فەرمـووی: ﴿ ٱلَّذِينَ طَغَوۡاْ فِي ٱلۡبِلَٰدِ ١١ فَأَكۡثَرُواْ فِيهَا ٱلۡفَسَادَ ١٢ ﴾، ئەوانـەی لـە وڵاتانـدا سـنووریان

بەزانـد، هەڵگەڕانـەوە لـە خـواو یاخیبـوون و، خراپەکاریـی و تێکدانیـان تێـدا زۆر کرد، ﴿ فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ ﴾، پەروەردگاریشـت سـەرو یـەك قامچـی لـە سـزاو ئـازاری خـۆی بەسـەردا ڕشـتن، ﴿ إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ ﴾، بـە دڵنیایـی پـەروەردگارت لـە بۆسـەدایە، چاودێریـی بەنـدەکانی دەکات و هەرکامێکیـان سـەرەڕۆیی و زێدەڕۆیـی بـکات، بـە شـێوەیەك کـە ژیانـی خەڵـك تێکبـدات لەسـەر زەوی، سـزای دەدات.

٣- باسی مرۆڤی بێبڕواو دوور لە خوا، لە کاتی هاتوونەهاتی دنیاییدا، کە پێی وایە: هەرکات خوا ﷻ نازو نیعمەتی پێدا، خۆشیدەوێ و ڕێزی لێ دەگرێ و، هەرکات بژێویشی لێوە وەتەنگ هێنا، ڕیسوای کردوە، لێرەدا خوای پەروەردگار بەگشتیی باسی مرۆڤ دەکات، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری زانایان دەڵێن: مەبەست پێی مرۆڤی بێبڕواو خراپەکارە، ﴿ فَأَمَّا الْإِنسَانُ ﴾، وشەی: (الإنسان)، (ال)ی ناساندنی لەسەرەو بە پێی ڕای زۆربەی زانایان (أل)ەکە بۆ (عهد)ە، یانی: مرۆڤ بێبڕوایەکە، دەشگونجێ بگوترێ: (أل) ەکە بۆ ناساندنی جینسە، جینسی مرۆڤ، چونکە ئەو کاتەی قورئانی تێدا دابەزیوە، جینسی مرۆڤەکان بەتێکڕا لەو جۆرە بوون: ﴿ فَأَمَّا الْإِنسَانُ إِذَا مَا ابْتَلَاهُ رَبُّهُ فَأَكْرَمَهُ وَنَعَّمَهُ فَيَقُولُ رَبِّي أَكْرَمَنِ (١٥) وَأَمَّا إِذَا مَا ابْتَلَاهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُ فَيَقُولُ رَبِّي أَهَانَنِ ﴾، مرۆڤ (واتە: مرۆڤی بێبڕوا)، کاتێك پەروەردگاری تاقیکردەوە، ڕێزی لێگرت و نازو نیعمەتی پێدا، دەڵێ: پەروەردگارم ڕێزی لێگرتووم، بەڵام ئەگەر تاقیکردەوەو بژێوی لێ وەتەنگ هێنا، دەڵێ: پەروەردگارم منی ڕیسوا کردوەو سووکایەتیی پێکردووم!

خواش ﷻ بەرپەرچیان دەداتەوەو دەفەرموێ: ﴿ كَلَّا بَل لَّا تُكْرِمُونَ الْيَتِيمَ (١٧) وَلَا تَحَاضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ الْمِسْكِينِ (١٨) وَتَأْكُلُونَ التُّرَاثَ أَكْلًا لَّمًّا (١٩) وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبًّا جَمًّا (٢٠) ﴾.

٤- باسی ئاخیر زەمان و قیامەت و سەرەنجامی هەرکام لە مرۆڤی بێبڕواو، بابای بڕواداری دڵ و دەروون ئۆقرە گرتوو، بە بەندایەتیی بۆ خواو، بە یادی خوا: ﴿ كَلَّا إِذَا دُكَّتِ الْأَرْضُ دَكًّا دَكًّا ﴾، ئەوە ئاخیر زەمانە، ئنجا: ﴿ وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا (٢٢) ﴾.

ئەمەش باسی قیامەتەو لە درێژەی ئەو باسەدا دەفەرموێ: ﴿ وَجِاْيٓءَ يَوْمَئِذِۭ بِجَهَنَّمَۚ
يَوْمَئِذٖ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ ﴿٢٣﴾ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِى قَدَّمْتُ لِحَيَاتِى ﴿٢٤﴾ فَيَوْمَئِذٖ
لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٞ ﴿٢٥﴾ وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٞ ﴿٢٦﴾ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ
رَبِّكِ رَاضِيَةٗ مَّرْضِيَّةٗ ﴿٢٨﴾ فَٱدْخُلِى فِى عِبَٰدِى ﴿٢٩﴾ وَٱدْخُلِى جَنَّتِى ﴿٣٠﴾ ﴾.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ وَٱلْفَجْرِ ﴿١﴾ وَلَيَالٍ عَشْرٖ ﴿٢﴾ وَٱلشَّفْعِ وَٱلْوَتْرِ ﴿٣﴾ وَٱلَّيْلِ إِذَا يَسْرِ ﴿٤﴾ هَلْ فِى ذَٰلِكَ قَسَمٞ
لِّذِى حِجْرٍ ﴿٥﴾ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ ﴿٦﴾ إِرَمَ ذَاتِ ٱلْعِمَادِ ﴿٧﴾ ٱلَّتِى لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا
فِى ٱلْبِلَٰدِ ﴿٨﴾ وَثَمُودَ ٱلَّذِينَ جَابُواْ ٱلصَّخْرَ بِٱلْوَادِ ﴿٩﴾ وَفِرْعَوْنَ ذِى ٱلْأَوْتَادِ ﴿١٠﴾ ٱلَّذِينَ طَغَوْاْ
فِى ٱلْبِلَٰدِ ﴿١١﴾ فَأَكْثَرُواْ فِيهَا ٱلْفَسَادَ ﴿١٢﴾ فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ ﴿١٣﴾ إِنَّ رَبَّكَ
لَبِٱلْمِرْصَادِ ﴿١٤﴾ فَأَمَّا ٱلْإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكْرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَكْرَمَنِ ﴿١٥﴾
وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَهَٰنَنِ ﴿١٦﴾ كَلَّاۖ بَل لَّا تُكْرِمُونَ ٱلْيَتِيمَ ﴿١٧﴾
وَلَا تَحَٰٓضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ﴿١٨﴾ وَتَأْكُلُونَ ٱلتُّرَاثَ أَكْلٗا لَّمّٗا ﴿١٩﴾
وَتُحِبُّونَ ٱلْمَالَ حُبّٗا جَمّٗا ﴿٢٠﴾ كَلَّآ إِذَا دُكَّتِ ٱلْأَرْضُ دَكّٗا دَكّٗا ﴿٢١﴾ وَجَآءَ رَبُّكَ وَٱلْمَلَكُ
صَفّٗا صَفّٗا ﴿٢٢﴾ وَجِاْيٓءَ يَوْمَئِذِۭ بِجَهَنَّمَۚ يَوْمَئِذٖ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ
﴿٢٣﴾ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِى قَدَّمْتُ لِحَيَاتِى ﴿٢٤﴾ فَيَوْمَئِذٖ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٞ ﴿٢٥﴾ وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٞ
﴿٢٦﴾ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةٗ مَّرْضِيَّةٗ ﴿٢٨﴾ فَٱدْخُلِى فِى عِبَٰدِى ﴿٢٩﴾
وَٱدْخُلِى جَنَّتِى ﴿٣٠﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

(بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە . سوێند بە سپێدە (بەیانیی) ﴿١﴾ سوێندیش بە دە شەوەکان ﴿٢﴾ سوێندیش بە جووت و بە تاك ﴿٣﴾ سوێندیش بە شەو کە ڕادەبرێ (دەڕوات) ﴿٤﴾ ئایا لەوانەدا سوێند(ی پێویست) هەیە بۆ (مرۆڤی) خاوەن عەقڵ؟ ﴿٥﴾ ئایا نەتدی (بە چاوی عەقڵ) پەروەردگارت چی و چۆنی بە (گەلی ملهوڕی) عاد کرد ﴿٦﴾ ئیرەمی خاوەن کۆڵەگان ﴿٧﴾ کە وێنەی وی لە وڵاتان دا دروست نەکرابوو؟ ﴿٨﴾ (گەلی) سەموودیش کە (بۆ خانوو و بەرەیان) بەردی ڕەقیان لە دۆڵەکەدا بڕیبوو (تراشیبوو) ﴿٩﴾ فیرعەونی خاوەن گوڵمیخەکانیش ﴿١٠﴾ ئەوانەی لە وڵاتاندا (لە خوا) یاخیبوون ﴿١١﴾ ئنجا زۆریان تێکدان و خراپەکاریی تێداکردن ﴿١٢﴾ پەروەردگاریشت قەمچییەك ئازارو سزای بەسەردا ڕشتن ﴿١٣﴾ بە دڵنیایی پەروەردگارت (بۆ سزادانی تێکدەرو خراپەکاران) لە بۆسەدایە ﴿١٤﴾ کەچی مرۆڤ (ی بێبڕوا)یش هەرکات پەروەردگاری تاقیکردەوە، ئنجا ڕێزی لێگرت و چاکەی لەگەڵدا کرد (بەهرەمەندی کرد)، یەکسەر دەڵێ: پەروەردگارم ڕێزی لێگرتم ﴿١٥﴾ بەڵام ئەگەر (خوا) تاقیکردەوە، ئنجا بژیوی لێ وەتەنگ هێنا، یەکسەر دەڵێ: پەروەردگارم ڕیسوای کردم ﴿١٦﴾ وانیە، (کە گومان دەبەن) بەڵکو ئێوە ڕێزی هەتیو ناگرن ﴿١٧﴾ یەکدیش هان نادەن لەسەر خواردن (پێدان)ی نەدار ﴿١٨﴾ میراتیش بە لرف لێدان دەخۆن (و بەشی ئافرەت و هەتیوانی لێنادەن) ﴿١٩﴾ سامانیشتان بە خۆشویستنێکی زۆر (و بێ تام) خۆشدەوێ ﴿٢٠﴾ وا مەکەن، هەر کات زەوی بە کوترانێکی یەك لە دوای یەك کوترا (وردو خاش کرا) ﴿٢١﴾ پەروەردگاریشت و فریشتەکانیش ڕیز ڕیز هاتن ﴿٢٢﴾ دۆزەخیش هێنرا، لەو ڕۆژەدا مرۆڤ (ی بێبڕوا) بیری دەکەوێتەوە، بەڵام لە کوێ و چۆن یادکردنەوەکەی (سوودی) دەبێ؟! ﴿٢٣﴾ دەڵێ: ئەی خۆزگە پێشمخستبایە (ئیمان و کردەوەی باش) بۆ ژیان (ی ئێستا)م ﴿٢٤﴾ لەو ڕۆژەدا

هیچکەس وەك ئازاردانی وی (خوا) سزاو ئازار نادات ﴿٢٥﴾ هەروەها هیچکەس وەك کەلەپچەکردنی وی، کەلەپچە ناکات ﴿٢٦﴾ ئەی نەفسی ئۆقرە گرتوو! ﴿٢٧﴾ بۆ لای پەروەردگارت بگەڕێوە، بە ڕازیی و پەسندکراویی ﴿٢٨﴾ ئنجا بچۆ نێو (ڕیزی) بەندە (چاکە)کانم ﴿٢٩﴾ هەروەها بچۆ بەهەشتەکەمەوە ﴿٣٠﴾).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان

(وَٱلْفَجْرِ): (**الفَجْرُ: شَقُّ الشَّيْءِ شَقّاً وَاسِعَاً**)، (**فَجْر**): بریتیە لە لەتکردنی شتێك بە شێوەیەکی فراوان، واتە: بە فراوانیی لێکیبکەیەوە، (**وَالْفَجْرُ: الصُّبْحُ لِأَنَّهُ فَجَرَ اللَّيْلَ**)، هەروەها (**فَجْر**) بە سپێدەو بەیانیی دەگوترێ، چونکە شەوگار شەق دەکات، دڕ بە تاریکیی شەو دەدا.

(وَٱلشَّفْعِ): (**الشَّفْعُ: ضَمُّ الشَّيْءِ إِلَى مِثْلِهِ**)، (**شَفْع**): بریتیە لەوەی شتێك وێنەی خۆی بێتەلاو جووت ببێ، (**وَالشَّفْعُ: المَخلوُقات، مِنْ حَيْثُ أَنَّها مُرَكَّبَاتٌ**)، (**شفع**) دروستکراوەکانن لەو ڕووەوەی پێکهاتەن، لە چەند بەشێك پێکهاتوون.

(وَٱلْوَتْرِ): (**الوَتْرُ: هُوَ اللهُ، لِأَنَّهُ لَهُ الوَحْدَةُ مِنْ كُلِّ وَجْهٍ**)، (**وَتْر**): مەبەست پێی خوایە ﷻ، چونکە تاکێتیی بۆ هەیە، لە هەموو ڕوویەکەوە، (**وَتْر**) و (**وِتْر**) دەگوترێن.

(حِجْرٍ): (**العَقْلُ، لِأَنَّهُ يَحْجُرُ أَي: يَمْنَعُ صَاحِبَهُ عَمَّا تَدْعُ إِلَيْهِ نَفْسُهُ مِنَ الشَّرِّ**)، (**حِجْر**)، واتە: عەقڵ لەبەر ئەوەی ڕێ لە خاوەنەکەی دەگرێ، لە شتێکدا کە نەفسی داوای دەکات، لە شتی خراپ.

(جَابُوا): (**الجَوْبُ: قَطْعُ الجَوْبَةِ، وَهِيَ كَالغَائِطِ مِنَ الأَرْض**)، (**جوب**): بریتیە لە بڕینی (**جَوْبَة**)، (**جَوْبَة**)ش دابڕاوەییەکە لە زەوییدا، دالانێك، دابڕاوییەك، خەندەکێك لە زەوییدا.

(ٱلصَّخْرَ): (الصَّخْرُ: الحَجَرُ الصَّلْبُ)، (صَخْر): بریتیە لە بەردی ڕەق، یان بەردی، چیای ڕەقی سەخت.

(ذِى ٱلْأَوْتَادِ): (الأَوْتَادُ جَمْعُ وَتِدْ، أَوَ الوَتَدْ)، (ٱلْأَوْتَادِ) کۆی (وَتِد) یان (وَتَد)ە، واتە: گوڵمیخ، سینگ، بەشێك لە زانایان گوتوویانە: ﴿ وَفِرْعَوْنَ ذِى ٱلْأَوْتَادِ ﴾ مەبەست هەڕەمەکانی میصرە، با ئەو فیرعەونەی مووساش دروستی نەکردبن، بەڵام ئەو وڵاتەی فیرعەون بەسەری ڕاگەیشتوە، ئەو هەڕەمانەی تێدابوون.

(طَغَوْا): (الطُّغيَانُ: تَجَاوُزُ الحَدِّ فِي العِصْيَانِ)، (طُغْيَان): بریتیە لە سنووربەزێنیی لە سەرپێچییدا.

(ٱلْفَسَادَ): (خُروجُ الشَّيْءِ عَنِ الإعْتِدَالِ قَلِيْلاً أَوْ كَثِيراً، وَيُضَادُّهُ الصَّلاَحُ)، (فَسَاد): (تێکدان و خراپەکاریی) بریتیە لە دەرچوونی شتێك لە حاڵەتی هاوسەنگیی، زۆر یان کەم، دژو پێچەوانەی (فَسَاد)یش بریتیە لە (صَلاَح)، واتە: چاکیی و چاکسازیی.

(فَصَبَّ عَلَيْهِمْ): بەسەریدا ڕژاندن، (صَبُّ المَاءِ: إِرَاقَتُهُ مِنْ أَعْلى، صَبَّهُ فَانصَبَّ، وَصَبَبْتُهُ فَتَصَبَّبَ)، (صَبُّ المَاء): ئەوەیە ئاو لە سەرەوە ڕا بڕژێنرێ، دەگوترێ: (صَبَّهُ فَانْصَبَّ)، ڕشتی و ئەویش ڕژا، (وَصَبَبْتُهُ فَتَصَبَّبَ)، ئاوەکەم ڕشت، ئنجا ڕژا.

(سَوْطَ عَذَابٍ): (السَّوْطُ: الجِلْد المَضْفورُ الَّذِي يُضْرَبُ بِهِ)، (سوط): بریتیە لە چەرمێك کە لە چەند زوێڵە چەرمێك دەهۆندرێتەوە، پێی لە خەڵك دەدرێ، بە کوردیی قەمچیی پێ دەڵێین، کاتی خۆی لە چەند زوێڵە[1] چەرمێك، دروستکراوە، زوێڵە چەرمەکان بە باریکیی، بڕدراون و دوایی وەك چەند داوە بەنێك پێکەوە هۆنراونەوەو، قەمچییان لێ دروستکراوەو پێیان لە خەڵکی دراوە.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ ﴾، (تَشْبِيهاً بِالضَّرْبِ بِالسَّوْطِ، أَوْ مَا خُلِطَ لَهُمْ مِنْ أَنوَاعِ العَذَاب)، ئەو سزایەی خوا چوێنراوە بە قەمچییەکەوە

---

(١) زوێڵە چەرم: پارچەی بڕدراوی چەرم و پێست بە باریکیی.

کـە پێـی لـە خەڵـك دەدرێ، یاخـود مەبەسـت پێـی تێکەڵەیەکـە لـە جۆرەکانـی سـزاو ئـازار.

(لَبِٱلۡمِرۡصَادِ): (الرَّصَـدُ: الإِسْـتِعْدَادُ لِلتَّرَقُّـبِ)، (رَصَـد): بریتیـە لـە ئامـادە بـوون بـۆ چاودێریـی کـردن، (وَالمِرْصـادُ: المَـكَانُ الَّـذي اخْتُـصَّ بِالتَّرَصُّـدْ) (مِرصـاد) ئـەو شـوێنەیە کـە تایبەتـە بـە چاودێریـی لێکردنـەوە.

کەواتـە: ﴿إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلۡمِرۡصَادِ﴾ بێگومـان پـەروەردگارت لـەو شـوێنەیە کـە چاودێریـی تێـدا دەکـرێ، یاخـود پـەروەردگارت لـە حاڵەتـی چاودێریـی کردندایـە بـۆ مرۆڤـەکان.

(فَأَكۡرَمَهُۥ): (الإِكْـرامُ والتَّكْريـمُ: إِيْصـالُ الإِكْـرَامِ، أَيْ: نَفْـعٍ لايَلحَقَـهُ فِيـهِ غَضَاضَـةٌ، أَوْ إِيصَـالُ الكَرِيـمِ الشَّريـف)، (إِكْـرَام وَتَكْريـم) هەردووکیـان بریتیـن لـە گەیاندنـی ڕێـز لێگرتـن، واتـە: سـوودێك کـە هیـچ کـەم و کووڕیـی و داشـکاندنی تێدا نەبـێ، یاخـود گەیاندنـی شـتێکی نایـاب و پەسـند لـە جـۆری خـۆی.

(وَنَعَّمَهُۥ): (النِّعْمَـةُ: الحَالَـةُ الحَسَـنَة)، (نِعْمَـة)، واتـە: چاکـە، یـان حاڵەتـی بـاش، (وَالنَّعْمَـةُ: التَّنَعُّـم) (نَعْمَـة): بـە سـەری نوونەکە واتە: خۆشـگوزەرانیی، خۆشـلێگوزەران و نـازو نیعمـەت، (نَعَّمَـهُ: أَيْ جَعَلَـهُ فِي نِعْمَـةٍ، أَوْ جَعَلَـهُ فِي نَعْمَـةٍ)، (نَعَّمَـهُ)، واتـە: ئـەو کەسـەی خسـتە نێـو نـازو نیعمـەت، یاخـود وای لێکـرد خـاوەن نـازو نیعمـەت بـێ.

(فَقَدَرَ عَلَيۡهِ رِزۡقَهُۥ): بژیوەکـەی لـێ وەتەنـگ هێنـا، (قَـدَرْتُ عَلَيْـهِ الـشَّيءَ: ضَيَّقْتُـهُ كَأَنَّمَـا جَعَلْتُـهُ بِقَـدْرٍ، بِخِـلافِ مَـا وُصِـفَ بِغَـيْرِ حِسَـابٍ)، (فَقَدَرَ عَلَيۡهِ رِزۡقَهُۥ): بژیوکـەی لـێ وەتەنـگ هێنـا، وەك وای لێکردبـێ بـە ئەنـدازە بـێ، بـە پێچەوانـەی ئـەوە کـە وەسـفکراوە: بەبـێ بـۆ ژمـاردن بـێ.

(أَهَٰنَنِ): (الهَـوَانُ عَـلَى وَجْهَـيْنِ، تَذَلُّـلُ الإِنْسَـانِ فِي نَفْسِـهِ لِـمَا لا يُلْحِـقُ بِـهِ غَضَاضَـةً، وَهَـذا مَـدْحٌ، وَتَذَلُّـلِ الإِنْسانِ مِـنْ جِهَـةٍ مُتَسَـلِّطٍ يَسْـتَخِفُ بِـهِ، فَيُـذَمُّ بِـهِ)، (هَـوَانْ): لـە

دوو ڕووەوەیە، ڕووێکیان ئەوەیە مرۆڤ لە خودی خۆیدا خۆی نەرم ونیان و هێمن و میهرەبان بکات، بە جۆرێك کەم و کوڕیی نەیەتەوە سەرێ، ئەوەیان پێی مەدح دەکرێ، دەگوترێ: فلانکەس مرۆڤێکی نەرم و نیانە، هێمنە، بێ زەرو زیانە، جۆرێکی دیکەش لە (هَوَان)، ئەوەیە کە دەسەڵاتدارێك بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو گاڵتەی پێبکات و، بە کەم تەماشای بکات، ئەوەش بەدڵنیایی لەو حاڵەتەدا بۆ ئەو کەسە بە نوقصانیی دادەنرێ و، بەوە لۆمەی دێتە سەرێ.

(تَحَٰٓضُّونَ): (**الحَضُّ: التَّزيِينُ كَالحَثِّ**)، (حَضّ): بۆ جوانکردنە، وەك (حَثّ)، واتە: هاندان، (تَحَٰٓضُّونَ) (**تَفاعُلٌ مِنَ الحَضِّ**) (تَحَٰٓضُّونَ)، لەسەر کێشی (**تَفَاعُل**)ەو لە (حَضّ)ەوە هاتوە، واتە: یەکدی هان نادەن لەسەر خواردندان بە نەدار.

(ٱلتُّرَاثَ): (**الوِرَاثَةُ وَالإِرْثُ: إنْتِقَالُ قِنْيَةٍ إلَيْكَ مِنْ غَيْرِكَ مِنْ غَيْرِ عَقْدٍ، مِيرَاثٌ وَإِرْثٌ**) (**وِرَاثَة وإرْثُ**) هەردووکیان بەمانای ئەوەن کەل و پەل و ماڵێك لە جگەلە تۆ بۆ تۆ بێ، بەبێ هەبوونی گرێبەستێك، واتە: بە کڕین و فرۆشتن نا، میرات سێ وشەی بۆ بەکاردەهێنرێن: (**مِیراث، تُرَاثُ، إرْث**) هەر سێکیان بە مانای میراتن.

(لَّمًّا): ﴿وَتَأۡكُلُونَ ٱلتُّرَاثَ أَكۡلٗا لَّمّٗا﴾، (**لَمَمْتُ الشَّيءَ: جَمَعْتُهُ وَأَصْلَحْتُهُ، يُقَالُ: لَمَمْتُ شَعْثَهُ**)، (**لَمَمْتُ الشَّيءَ**)، ئەو شتەم کۆکردەوەو چاکم کرد، دەگوترێ: (**لَمَمْتُ شَعْثَهُ**) شتێك کە پرژو بڵاو دەبێ، کۆی بکەیەوە سەریەك (**شَعْث**)، واتە: پرژو بڵاوبوونەوەی شتێك.

(جَمّٗا): (**أَيْ: كَثيراً مِن جَمَّةِ المَاءِ أَيْ: مُعْظَمِهِ وَمُجْتَمَعِهِ الَّذي جُمَّ فِيهِ المَاءُ عَنِ السَّيَلان**)، (جَمّ): یانی: زۆر، لە: (**جَمَّةُ المَاء**)ەوە، هاتوە، یانی: زۆرینەی ئاو و کۆبوونەوەی ئاو لە شوێنێك کە ئاوی لێ کۆکراوەتەوەو ڕێی لێگیراوە بڕژێ و لەبەری بڕوا.

(دُكَّتِ ٱلْأَرْضُ): (الـدَّكُّ: الأَرْضُ اللَّيِّنَـةُ السَّـهْلَةُ، دَكَّـهُ دَكّاً: جَعَلَهُ مِنْزِلَـةِ الأَرْضِ اللَّيِّنَة)، (دَكّ)، زەوییەکـی نەرمـی ئاسـانە، دەگوتـرێ: (دَكَّـهُ دَكّاً: جَعَلَـهُ مِنْزِلَـةِ الأَرْضِ اللَّيِّنَـة)، واتـە: کوتـای وەك زەوییەکـی نـەرم و ئاسـانی لێکـرد، شـتی ڕەق ئەگـەر بکوتـرێ، دەشـکێ و ورد دەبـێ، دوایـی نـەرم و تەخـت دەبـێ، وەك زەوییەکـی ئاسـان، ئەگەرنا وشـەی (دَك): لـە ئەسـڵدا بەمانـای هاڕیـن و کوتـان و شـکاندنە.

(وَلَا يُوثِقُ): (أَوْثَقْتُـهُ أَي: شَـدَدْتُهُ، وَالوَثَـاقُ وَالوِثَـاقُ: إِسْـمَانِ لِـمَا يُوثَـقُ بِـهِ الـشَّيءُ، أَوْثَقْتُـهُ أَيْ: شَـدَدْتُهُ)، واتـە: تونـدم کـرد، قایمـم کـرد، بەسـتم، (وَثَـاقُ و وِثَـاقُ)، هەردووکیـان نـاون بـۆ ئـەوەی شـتێکی پـێ دەبەسـترێ و تونـد دەکـرێ.

(ٱلْمُطْمَئِنَّةُ): (الطُّمَأْنِيْنَـةُ وَالإِطْمِئْنَـانُ: السُّـكُونُ بَعْـدَ انْزِعَـاجٍ)، هـەردوو وشـەی: (طُمَأْنِيْنَـة وإِطْمِئْنـان)، بریتیـن لـە هێمـن بـوون و ئـارام بـوون دوای بێزاریـی و ناڕەحەتیـی.

(رَاضِيَةً): (رِضَى العَبْـدِ مِنَ اللـهِ، أَلاَّ يَكْـرَهَ مَـا يَجْـرِي بِـهِ قَضَـاؤُه، وَرِضَى اللـهِ عَـن عَبْـدٍ، هُـوَ أَن يَـراهُ مُؤْتَمِـراً لِأَمْـرِهِ وَمُنْتَهِياً عَـنْ نَهْيِـهِ)، ڕازیبوونـی بەنـدە لـە خـوا ئەوەیـە پێـی ناخـۆش نەبـێ بڕیـاری خـوا جێبەجـێ ببـێ بەسـەریدا، ڕازیبوونـی خـواش لـە بەنـدە، ئەوەیـە کـە ببینـێ فەرمانەکـەی جێبەجـێ دەکات و، خـۆی لـە قەدەغەکراوەکانـی دەپارێزی.

(مَّرْضِيَّةً): لێڕازیبـوو، پەسـند کـراو، (أَيْ: مَحَـلُّ الرِّضى)، شـوێنی ڕەزامەندیـی، بێگومان بەئەنـدازەی ئـەوە کـە مـرۆڤ پابەنـد دەبـێ بـە بەرنامـەی خـوای پـەروەردگارەوە، هـەم لـە خـوا ڕازی دەبـێ و، هـەم لـە ئەنجامـی ئـەوەدا خـوای میهرەبانیـش لێـی ڕازی دەبـێ و پەسـندی دەکات و، دەیـکات بـە شـوێنی ڕەزامەندیـی و پەسـندیی خـۆی.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لەم سوورەتە موبارەکەدا دەفەرمویٚ:

﴿ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾، بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە:

١-**بە** ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە، دەست دەکەم بە خوێندنی ئەم سوورەتە موبارەکە، - یان کردنی ئەم کارە - نەك بە ناوی هەر کەس و هەر شتێکی دیکە.

٢- بەپێی بەرنامەی خوا، ئەم کارە دەکەم.

٣- بەمەبەستی وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوا، ئەم کارە دەکەم.

٤- بە هەوڵ و توانایەك کە خوا بۆی ڕەخساندووم، ئەم کارە دەکەم.

خـوا ﷻ لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا - وەك پێشـتریش پێناسـەمان کـرد - سـەرەتا سـوێند دەخـوات بـە پێنـج شـتان: ﴿ وَٱلۡفَجۡرِ ١ وَلَيَالٍ عَشۡرٖ ٢ وَٱلشَّفۡعِ وَٱلۡوَتۡرِ ٣ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَسۡرِ ٤ هَلۡ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٞ لِّذِي حِجۡرٍ ٥ ﴾.

واتـە: سـوێند بـە (**فَجْـر**)، (**فَجْـر**)، بـە کوردیـی پێـی دەڵێیـن: بەیانیـی، سـپێدە، بەرەبەیـان، ئایـا (**فجـر**) لـە چییـەوە هاتـوە؟ (**فجـر**) بـە مانـای شەقـکردن و لەتکردنی شـتێك دێ بـە فراوانیـی، ئنجـا لەبـەر ئـەوەی بەرەبەیـان دڕ بەتاریکیـی شـەو دەداو دنیـا ڕوونـاك دەبێتـەوە، بۆیـە ئـەو نـاوەی لێنراوەو خـوا سـوێندی پێخـواردوە، ئایـا مەبەسـت لـە (**فجـر**) بەیانییەکـی تایبەتـە، یـان هـەر بەیانییەکـە؟ هـەردوو واتایەکـە دەگرێتـەوە.

﴿ وَلَيَالٍ عَشۡرٖ ﴾ سـوێندیش بـە دە شـەوەکان، ئەمیـش ئایـا مەبەسـت پێـی دە شـەوی تایبەتـن، یـان هـەر دە شـەوێك؟ شـێوەی داڕشـتنەکە ئـەوە دەگەیەنـێ کـە

مەبەست دە شەوی تایبەت بن، بۆیە زۆرێك لە زانایان گوتوویانە: مەبەست پێی دە شەوەكانی سەرەتای مانگی (**ذي الحِجَّة**)یە، كە كۆتاییەكەیان، شەوو ڕۆژی دەیەم، بریتیە لە جەژنی قوربانیی (**عيد الأَضْحى**)، ئەو ڕۆژەی قوربانیی تێدا سەر دەبڕێ.

﴿ وَٱلشَّفْعِ وَٱلْوَتْرِ ﴾ سوێندیش بە جووت و بە تاك، هەندێك لە ڕوونكەرەوانی قورئان گوتوویانە: جووتەكە مەبەست پێی ڕۆژی دەیەم، (١٠)ی (**ذي الحجة**)یە، تاكەكەش مەبەست پێی ڕۆژی نۆیەمە: ڕۆژی عەرەفە (**يَومُ العَرَفَة**)ە، هەندێكیش گوتوویانە: ﴿ وَٱلشَّفْعِ وَٱلْوَتْرِ ﴾ یانی: هەر جووتێك و هەر تاكێك. (**الطبري**) گوتوویەتی: واباشە ئەو واتایەی لێ بگیرێ.

هەندێكیش گوتوویانە: (**شَفع**) واتە: دروستكراوەكانی خوا، كە هەموویان جووتن، هەر لە گەردیلەوە بگرە كە بارگەی ساردو گەرمی هەیە، هەتا هەموو دروستكراوەكانی دیكە: ڕووەكەكان، زیندەوەرەكان، ئاژەڵەكان، هەموو دروستكراوەكانی دیكەی خوا جووتن، ئاسمان و زەویی، تاریكیی و ڕووناكیی، دنیاو دواڕۆژ، چاك و خراپ، ساردو گەرم، هەمووی جووتە، تەنیا خوا تاكەو وێنەی نیە.

﴿ وَٱلَّيْلِ إِذَا يَسْرِ ﴾ سوێند بەشەوگار كە ڕادەبرێ و دەڕوات ﴿ هَلْ فِى ذَٰلِكَ قَسَمٌ لِّذِى حِجْرٍ ﴾ خوا دەپرسێ و دەفەرموێ: ئایا لەوەدا كە باسكرا (لەو پێنج شتانەدا) سوێند خواردن هەیە بۆ بابای خاوەن عەقڵ؟ ﴿ لِّذِى ﴾، یانی: (**صاحِب**)، خاوەن، ﴿ حِجْرٍ ﴾ واتە: عەقڵ، (**لأَنَّهُ يَحْجُرُ صَاحِبَهُ عَنِ الشَّرِّ**) لەبەر ئەوەی عەقڵ خاوەنەكەی لە خراپە دەگێڕێتەوە، لێرەدا وەڵامی سوێندەكە نەهاتوە لە چەند شوێنێكی قورئاندا، وەڵامی سوێندەكە نایەت، بۆیەش خوا وەڵامەكەی نافەرموێ، تاكو مرۆڤ بە هەڵهێنجانی خۆی دیاریی بكات، ئەگەر خوا فەرمووبای، یەك شتی دەفەرموو، بەڵام ئێستا بە هەڵهێنجانی خۆمان دەگونجێ بڵێین:

١- سوێند بەوانە، ئەی مرۆڤەکان! لێتان دەپرسرێتەوە.

٢- یان ئەی مرۆڤەکان! زیندوو دەکرێنەوەو سزاو پاداشت هەیە.

٣- یان ئەی مرۆڤەکان! ئەگەر خوا نەپەرستن بەدبەخت دەبن و، ئەگەر خوا بپەرستن بەختەوەر دەبن، دەگونجێ زۆر شت دابنرێ، لەوانەی لەگەڵ ڕەوتی ئایەتەکاندا دەگونجێن.

دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ ﴾، ئایـا نەتبینـی (واتـە: بە چـاوی عەقـڵ و دڵ)، چونکە کـەس لـەوێ نەبـووە، کاتێـك خـوا ئـەو گەلانـەی فەوتانـدوون تاکـو بـە چـاوی سـەر ببینـێ، ئایـا بـە چـاوی عەقـڵ و دڵ نەتبینـی: ﴿كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ ﴾ پـەروەردگارت چـی بـە عـاد کـرد، چۆنـی پـێ کـرد، چۆنـی سـزادا؟ ئەگـەر مەبەسـت لـە دیتنـی چاویش بـێ: ئایـا شـوێنەوارەکانی گەلـی عـادت نەبینیـون، خـوا چـی پێکـردوون؟

﴿ إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ ﴾، وشـەی ﴿ إِرَمَ ﴾، (عَطْـفُ بَيَـانٍ لِعَـادٍ)، واتـە: مەبەسـت لەگەلـی عـاد، گەلـی ﴿ إِرَمَ ﴾ی خـاوەن کۆڵەگـەکان ﴿ ذَاتِ الْعِمَادِ ﴾ە، ئـەو کۆڵەگانـەش:

أ- یان پایەبەرزەکانی بینایەکانیان بوون.

ب- یاخود ئەوانە ئاژەڵدار بوون و گەرمیان و کوێستانیان کردوە، کۆڵەکەیان وەبەر ڕەشماڵەکانیان داون.

ج- یاخود مەبەست پێی هێزو تواناو دەسەڵاتە.

﴿ الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلَادِ ﴾ ئەو گەلی عادەی وەك وی لە وڵاتاندا دروست نەکرابوون، زۆر بەهێز بوون، وەك لە سوورەتی (فُصِّلَت) لە کاتی تەفسیرکردنیدا باسمان کرد کە گوتوویانە: ﴿مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً ﴿١٥﴾ ﴾، کێ لە ئێمە بەهێزترە؟

﴿ وَثَمُودَ الَّذِينَ جَابُوا الصَّخْرَ بِالْوَادِ ﴾، هەروەها گەلی سەموود کە بەردیان داتاشی لە شیوو دۆڵەکەدا، یانی: (وَادِي القُرَى).

﴿ وَفِرْعَوْنَ ذِى ٱلْأَوْتَادِ ﴾، هەروەها فیرعەونی خاوەن کۆڵەکەکان، یاخود فیرعەونی خاوەن هەرەمەکان، یاخود فیرعەونی خاوەن سەربازەکان، یاخود فیرعەونی خاوەنی سینگ و گوڵمیخەکان، کە ئەگەر ویستبای کەسێك سزاو ئازار و ئەشکەنجە بدات، چوار مێخەی دەکێشا، کوردەواریی خۆمان دەڵێن: چوار مێخەی کێشاوە، واتە: بەدیوارێکەوە رایگرتوە، گوڵمیخێك لەسەر ئەو دەستەی، یەکێ لەسەر ئەو دەستەی، یەکێ لەسەر ئەو پێیەی و یەکێك لەسەر ئەو پێیەی دیکەی، بەو شێوەیە کردوویەتی بە رەسم بە دیوارەوە، هەتا رووحی دەرچووە، ئەوەش خراپترین جۆری ئەشکەنجەدانە، ﴿ ٱلَّذِينَ طَغَوْا۟ فِى ٱلْبِلَـٰدِ ﴾ ئەوانەی لە وڵاتاندا یاخیبوون، لە سنوور دەرچوون، ﴿ فَأَكْثَرُوا۟ فِيهَا ٱلْفَسَادَ ﴾ ئنجا پڕیان کرد لە تێکدان و خراپەکاریی، هەمیشە خراپەکاریی و تێکدان، بەرهەمی یاخیبوونە لە خوا، هەر کەسێك لە خوا یاخیبوو، مافی ئەوانەی دیکە پێشێل دەکات و وڵات تێکدەداو خراپەکاریی تێدا دەکات، بەڵام ئایا وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێ؟ نەخێر: ﴿ فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ ﴾ پەروەردگاریشت یەك قەمچیی ئازاری بەسەردا رژاندن، یاخود: سزاو ئازارێکی جۆراو جۆری دان و، هەر کامێکیانی بەجۆرێك سزادا، ﴿ إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلْمِرْصَادِ ﴾، بە دڵنیایی پەروەردگارت لە بۆسەدایە، چاودێریی مرۆڤەکان دەکات و لێیان ئاگادارە، هەر کامێکیان زۆر لە خەت دەرچوو، سزای دەدا، بۆ ئەوەی بیکاتە مایەی پێ تەمبێبوونی خەڵکی دیکەش.

ئنجا خوای پەروەردگار دێتە سەر باس و بابەتێکی دیکەو دەفەرموێ: ﴿ فَأَمَّا ٱلْإِنسَـٰنُ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكْرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَكْرَمَنِ ﴾، خوای کاربەجێ بەو جۆرەی رابرد، لەگەڵ کەسانێکدا کە لە خوا یاخیی دەبن مامەڵە دەکات، بەڵام مرۆڤی بێبڕوا کاتێك پەروەردگاری تاقیکردەوەو رێزی لێگرت، نازو نیعمەتی پێدا، دەڵێ: پەروەردگارم رێزی لێگرتم، وادەزانێ خوا ﷻ چونکە لە رووی ماددییەوە بەهرەمەندی کردووەو نازو نیعمەتی بۆ رەخساندوە، لە رووی مەعنەوییشەوە، هەر لەلای پەسەندەو چاکە! ﴿ وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَهَـٰنَنِ ﴾، بەڵام هەرکات پەروەردگاری تاقیکردەوەو بژیوی لێ وەتەنگ هێنا، پێشێ بەهات

تاقیکـردەوە، ئنجـا بەنەهـات، پێشـێ بـە هەبـوون، ئنجـا بـە نەبـوون، پێشـێ بـە دەوڵەمەندیـی، ئنجـا بـە ئاتاجیـی و نەداریـی، ئـەو کاتـە دەڵـێ چـی؟ ﴿فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَهَٰنَنِ﴾، دەڵـێ: پـەروەردگارم سـووکی کـردم، ڕیسـوای کـردم، وا دەزانـێ وەك چـۆن لـە ڕووی ماددییـەوە خـوا بژیـوی لـێ وەتەنـگ هێنـاوە، لـە ڕووی مەعنەوییشـیەوە لـەلای خـوا سـووکەو کەمـە! خـواش بەرپەرچـی ئـەو جـۆرە بیرۆکەیـە دەداتـەوە، بـە داخـەوەش کاتی خـۆی کـە خـوا ﷻ دایبەزانـدوە سـەردەمی نەفامیـی بـووەو، خەڵك وای بیـر کردۆتـەوە، بـەڵام ئێسـتاش خەڵکێکـی زۆر هـەر وایـە، لەبـەر ئـەوەی خەڵك بـەرەو نەفامیـی چوونـەوە، ئنجـا خـوای کاربەجـێ و دادگـەر لـە بـەر پەرچدانـەوەی هەڵگـرانی ئـەو جـۆرە بیرۆکەیـدا دەفەرمـوێ: ﴿كَلَّاۖ﴾ وانیـە کـە ئێـوە بیـر دەکەنەوە: هـەر کـەس خـوا موڵـك و سـامانی پێـدا، لـەلای بەڕێـز بـێ و، هەرکەسـیش بژیـوی لـێ وەتەنـگ هێنـا، لـە لای خـوا بێڕێـز بـێ، نەخێـر، بەڵکـو بەڕێزیـی و بێڕێزیـی لای خـوا، بـەوە دەردەکـەوێ: کـێ پابەنـدە بـە شـەریعەتی خـواوەو، کـێ لادەدا لـە شـەریعەتی خـوا؟ ﴿بَل لَّا تُكۡرِمُونَ ٱلۡيَتِيمَ﴾، بەڵکـو - خـوا ڕێـزی لـە ئێـوە گـرت و نـازو نیعمەتـی پێـدان بـەڵام - ئێـوە ڕێـز لـە هەتیـو ناگـرن، هەتیویـش منداڵێکـە باڵغ نەبـوو بـێ و بابـی نەمابـێ، ﴿وَلَا تَحَٰٓضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ﴾، یەکدیش هان نـادەن لەسـەر خـواردن دان بەبابـای نـەدارو ئاتـاج و بـێ دەرەتـان، ﴿وَتَأۡكُلُونَ ٱلتُّرَاثَ أَكۡلٗا لَّمّٗا﴾، کاتێـك میراتیـش دەخـۆن، هەمـووی پێکـەوە دەخـۆن، واتـە: بەشـی ئافـرەت و هەتیـوو کەسـانی بـێ دەسـتەڵات، نـادەن، ﴿وَتُحِبُّونَ ٱلۡمَالَ حُبّٗا جَمّٗا﴾، مـاڵ و سامانیشـتان لـە ڕاددەبـەدەر خۆشـدەوێ، بێتـام مـاڵ و سامانیشـتان خۆشـدەوێ، ئەگەرنـا مـرۆڤ ئەگـەر مـاڵ و سـامانی دونیـای خۆشـبوێ، تاکـو چاکـەی پـێ بـکات، چاکـە: (**نِعمَ المَالُ الصَّالِح لِلمَرءِ الصَّالِح**) باشـترین شـت ماڵـی حەڵاڵـە بـۆ مرۆڤـی بـاش، (چونکـە چاکـەی پـێ دەکات).

بـەڵام لێـرەدا دەفەرمـوێ: ﴿حُبّٗا جَمّٗا﴾ خۆشویسـتنێکی زۆر و لـە سـنووربەدەر، ﴿كَلَّآ﴾ وازبێنـن لـەو جـۆرە بیرکردنەوەیـە، لـەو جـۆرە مامەڵـە و ڕەفتـار کردنـە،

لەگەڵ نەدارو هەتیوو، بێچاران دا، ﴿ إِذَا دُكَّتِ ٱلْأَرْضُ دَكًّا دَكًّا ﴾ هەر کاتێك زەوی جار لە دوای جار کوترا، کوتران دوای کوتران، کوترا، شکێندران دوای شکێندران، شکێنرا، واتە: وردوخاش کراو تەختکرا، ﴿ وَجَآءَ رَبُّكَ وَٱلْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا ﴾ پەروەردگاریشت و فریشتەکانیش ڕیز ڕیز هاتن.

ڕووداوی یەکەمیان: ﴿ إِذَا دُكَّتِ ٱلْأَرْضُ دَكًّا دَكًّا ﴾ باسی یەکێکە لە نیشانەکانی ئاخیر زەمان، کە ئەم زەوییە، دەکوترێ و دەشکێنرێ، تەخت دەکرێ و بەرزیی و نزمیی تێدا ناهێڵدرێ.

دوایی یەکسەر دێتە سەر باسی قیامەت: ﴿ وَجَآءَ رَبُّكَ وَٱلْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا ﴾، پەروەردگاریشت هات بەو شێوەیەی بۆ خوا شایستەیەو، فریشتەکانیش ڕیز بە ڕیز هاتن، ﴿ وَجِاْىٓءَ يَوْمَئِذٍۭ بِجَهَنَّمَ ﴾، لەو ڕۆژەدا دۆزەخیش هێنرا، وەك لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿ وَبُرِّزَتِ ٱلْجَحِيمُ لِلْغَاوِينَ ﴿٩١﴾ ﴾الشعراء، دۆزەخیش ئاشکرا کراو هێنرایە گۆڕێ بۆ بێمرادان، ﴿ يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ ﴾، لەو ڕۆژەدا مرۆڤ (مرۆڤی بێبڕوا) وەبیری دێتەوە، بەڵام کوا وەبیر هاتنەوەکەی سوودی بۆی هەیە؟

﴿ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِى قَدَّمْتُ لِحَيَاتِى ﴾ (لەو ڕۆژەدا مرۆڤ) دەڵێ: خۆزگە بۆ ژیانی ئێستام شتێکم پێشخستبایە، لە کردەوەی باش، یاخود: خۆزگە لە کاتی ژیانی دنیامدا کردەوەی باشم پێشخستبایە بۆ ئێستا، ﴿ فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٌ ﴾، لەو ڕۆژەدا هیچکەس وەك وی (خوا) سزاو ئازار نادات، ﴿ وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٌ ﴾ هیچ کەسیش وەك وی (خوا) خەڵك کەلەپچەو زنجیر پێچ ناکات، ﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ﴾، ئەی ئەو نەفسەی ئۆقرەو ئارامت گرتوە، هێمن و هێدیی و مەندیی لەسەر ڕاستە ڕێی خوا، بەهۆی بەندایەتیی بۆ خواوە، ﴿ ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ ﴾ بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگارت، ﴿ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ﴾ ڕازیی و پەسندکراویشی، یانی: خواش لە تۆ ڕازییە، ﴿ فَٱدْخُلِى فِى عِبَٰدِى ﴾، دەجا بچۆ نێو بەندەکانمەوە، ﴿ وَٱدْخُلِى جَنَّتِى ﴾، هەروەها بچۆ نێو باخەکەمەوە، کە تایبەتە بە دۆستەکانم،

ئەوانەی هەمیشە دڵیان بە خواوە پەیوەستەو، لە دنیاو لە دواڕۆژدا ئارام و هێدیی و مەندن، بە هۆی بەندایەتییان بۆ خواوەو، دەچنە نێو باخ و بەهەشتەکانیەوە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سوێند خواردنی خوا ﷻ بە بەرەبەیان و، بە دە شەوەکان و، بە جووت و بە تاك و، بە شەوگار کە ڕادەبرێ و، پرسینی: ئایا ئەوە سوێندی تێدایە بۆ خاوەن عەقڵ؟

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَٱلْفَجْرِ ﴿١﴾ وَلَيَالٍ عَشْرٍ ﴿٢﴾ وَٱلشَّفْعِ وَٱلْوَتْرِ ﴿٣﴾ وَٱلَّيْلِ إِذَا يَسْرِ ﴿٤﴾ هَلْ فِى ذَٰلِكَ قَسَمٌ لِّذِى حِجْرٍ ﴿٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿وَٱلْفَجْرِ﴾، سوێند بە سپێدە، پیتی (و) بۆ سوێند پێخواردنە (**الفَجْر: إِسْمٌ لِوَقْتِ إِبْتِدَاءِ الضِّيَاءِ فِي أَقْصَى المَشْرِقْ، وَهُوَ ابْتِدَاءُ ظُهُورِ النُّورِ بَعْدَ مُضِيِّ اللَّيْل**)، (**فَجْر**): ناوە بۆ سەرەتای ڕووناکیی لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتەوەو ئەوە سەرەتای دەرکەوتنی ڕووناکییە، دوای تێپەڕبوونی شەوگار، خوا سوێندی پێ دەخوات.

(**الفَجْر**)یش کە (**ال**)ی ناساندنی لەسەرەو (ال)ی ناساندنیش دەگونجێ بۆ تێکڕا (جنس) بێ، ئنجا لێرەدا واتە: سوێند بەهەموو بەرەبەیانەکان، بەهەموو سپێدەکان، دەشگونجێ (ال) ناساندنەکە بۆ (**عَهْد**) بێ، واتە: سوێند بە بەرەبەیانەکە، ئنجا ئەگەر مەبەست پێی بەرەبەیانێکی تایبەت بێ، زۆربەی هەرە زۆری زانایان دەڵێن: (**هُوَ فَجْرُ يَومِ النَّحْرِ**)، بریتیە لە بەرەبەیانی ڕۆژی قوربانیی سەربڕین، زۆربەی ڕوونکەرەوانی قورئان ئەو ڕایەیان هەڵبژاردوە کە

مەبەست لە بەرەبەیان، بەرەبەیانی ڕۆژی دە (١٠)ی (**ذي الحِجُة**)یە، کە ڕۆژی سەربڕین (**يَوْمُ النَّحْرِ**)ی پێ دەڵێن و، (**يَوْمُ الأُضْحِيَة**) ڕۆژی قوربانیی و (**عيدُ الأَضْحَى**) جەژنی قوربانیشی پێ دەڵێن، بەڵام دەشگونجێ مەبەست پێی کۆی بەیانییەکان بێ و، ئەو ڕایەش هەر هەیە، خوای پەروەردگاریش دیاریی نەکردوە.

٢)- ﴿وَلَيَالٍ عَشْرٍ﴾، سوێند بە دە شەوەکانیش، واتە: ئەو دە شەوانە، دە شەوی ناوازەو دیارن، ئنجا ڕوونکەرەوانی قورئان دەڵێن: مەبەست لە دە (١٠) شەوەکان، دە شەوەکانی سەرەتای (**ذي الحِجَّة**)ن و، شەوی دەیەمیان شەوی (**عيد الأُضْحيَة**) جەژنی قوربانە، هەندێکیش گوتوویانە: مەبەست دە شەوەکانی سەرەتای هەر مانگێکە.

بەڵام وا زیاتر دێتە عەقڵ و دڵمەوە کە لێرەدا مەبەست لە: (**فَجْر**)، بەرەبەیانی (١٠)ی (**ذي الحجة**) بێ و، ﴿وَلَيَالٍ عَشْرٍ﴾ یش ئەو دە شەوانەبن، کە دەکەونە سەرەتای مانگی (**ذي الحجة**)، چونکە: لەو دە شەوەی سەرەتادا، خوا پەرستییەکانی حەج دەست پێدەکەن، بەڵکو لەو دە شەوەدا، زۆرێك لە خواپەرستییەکانی حەج دەکرێن، باتۆزێك ئەوە ڕوون بکەینەوە: کەسێك کە دەچێ بۆ حەج، بەتایبەتی ئەگەر جۆری حەجی (**تَمَتُّع**) بکات (واتە: نیەت بە عومرە بێنێ و عومرەکەی تەواو بکات و ئیحرامەکەی بشکێنێ، دوایی دووبارە ئیحرام ببەستێتەوە بە حەج) ڕۆژی هەشتەم کە (**يومُ التَّرْوِيَة**)ی پێ دەڵێن، چونکە کاتی خۆی ئاویان هەڵگرتوەو ڕۆیشتوون بەرەو عەرەفات، ئنجا حەجکەران شەو لە مینا دەمێننەوەو، بەرەبەیانییەکەی زوو دەچن بەرەو عەرەفات و، ڕۆژی نۆیەم لەوێ دەبن، ئێوارەی ڕۆژی نۆیەم، دوای خۆر ئاوا بوون، بەرەو موزدەلیفە شۆڕ دەبنەوە: ﴿فَإِذَآ أَفَضۡتُم مِّنۡ عَرَفَٰتٖ فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ عِندَ ٱلۡمَشۡعَرِ ٱلۡحَرَامِ ۝١٩٨﴾البقرة، ﴿ٱلۡمَشۡعَرِ ٱلۡحَرَامِ﴾ شوێنێکە هەر لە لای موزدەلیفەیە، ئنجا دواییش هەر لە ڕۆژی دەیەمدا دێن قوربانیی سەر دەبڕن و، سەری خۆیان دەتاشن، یاخود کورت دەکەنەوە، هەروەها دەچن حەوت وردکە بەرد بە (**جَمْرة**)ی گەورەتر (**الجَمْرَة الكُبْرى**) دادەن، ئنجا کە ئەو

خواپەرستیی (منسك) یەنەیان ئەنجام دان، دەتوانن ئیحرامی گچکە بشکێنن. (التَّحَلُّلُ الأَصْغَر)و، تەنیا ئافرەتیان بۆ حەڵاڵ نابێ، ئەگەرنا بەرگ گۆڕین و، خۆ شۆردن و، بۆنی خۆش لە خۆدان و، ئەوانەیان بۆ ڕەوا دەبن، دوایی دەچن تەواف دەکەن و تەوافی پایە (طواف الركن)و، هاتن و چوونی نێوان صەفاو مەڕوە دەکەن، دواییش دەمێننەوە بۆ بەرد پێدادانی سێ جەمرەکان لەسێ ڕۆژی یەك لە دوای یەکدا، ڕۆژەکانی: (١١ و ١٢ و ١٣)دا، کە لە سووڕەتی (البقرة)دا، خوای پەروەردگار باسی کردوون، ئێمەش لە کاتی تەفسیرکردنی سووڕەتی (البقرة)دا لەو بارەوە قسەمان لێکردوە، هەروەها لە کاتی تەفسیرکردنی سووڕەتی (الحج) یشدا، کورتە باسێکمان لە بارەی چۆنیەتیی ئەنجامدانی حەج و عومرەوە کردوە، ئنجا خوا ﷻ سوێند دەخوات بە دوو شتی دیکەش:

٣)- ﴿وَٱلشَّفۡعِ وَٱلۡوَتۡرِ﴾، سوێند بە جووت و بە تاك، (الشَّفْعُ: مَا يَكونُ ثَانياً لِغَيْرِهِ)، (شَفْع) ئەوەیە کە دەبێتە دووەم بۆ جگەلە خۆی، یاخود وێنەی خۆی دێتە پاڵی (يُضمُّ إِلَيْهِ مِثْلُهُ)، بەهەردووکیان دەبنە (شَفْع) جووت، (وَتر)یش کە بە (وِتر)یش دەگوترێ و بە (وَتْر)یش دەگوترێ، (الوِتْرُ وَالوَتْرُ: المُفْرَد)، واتە: تاك، هەر کام لە جووت (شَفْع) و تاك (وتر)یش، سیفەتن بۆ وەسفکراوێکی قرتێنراو، یاخود خوا ﷻ هەر بە گشتیی فەرموویەتی: سوێند بە هەموو جووتێك و بە هەموو تاکێك، ئەگەر سیفەتیش بن بۆ وەسفکراوێکی قرتێنراو: (شَفْع)، یانی: (يَوْم النَّحر)، ڕۆژی دەیەم کە جووتەو، (وَتْر)یش یانی: (يَوْمُ عَرَفَة) لەبەر ئەوەی وەك ژمارە تاکە، دەشگونجی مانایەکە یان گشتیی بێ، (الطبري) ئەو ڕایەی زیاتر پێ پەسند بووەو، گوتوویەتی: خوا بە گشتیی فەرموویەتی و واباشە ئێمەش هەر بە گشتیی مانایان بکەین، منیش ئەو ڕایەی (الطبري)یم بەدڵە، بەڵام بەنسبەت (الفجر) و (ليال عشر)ەوە لە سۆنگەی ئەوەوە کە لە ڕێباز (سُنَّة)دا لەو بارەوە چەند دەقێکمان هەن، دیاریی دەکەن کە مەبەست لە (فجر) بەرەبەیانی ڕۆژی جەژن و، (ليال عشر) دە شەوەکانی سەرەتای مانگی (ذي الحِجَّة)ن، بۆیە زۆربەی زانایان وایان تەفسیر کردوون.

٤)- ﴿ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَسۡرِ ﴾ سوێندیش بە شەوگار کاتێك ڕادەبرێ (دەڕوات)، وشەی: ﴿ يَسۡرِ ﴾، بە دوو جۆر خوێندراوەتەوە:

أ- (يَسْر)، ئەگەر لەسەری بوەستێ، دەڵێی: ﴿ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَسۡرِ ﴾، چونکە ژێرە (كَسْرة) لە وەستاندا لە کاتێکدا دەوەستی، دەڕوات.

ب- (يسري)، ئەگەر لە سەر خوێندن بڕۆی و بەردەوام بی (ي)ی (يَسْري) دەردەکەوێ: ﴿ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَسۡرِ ﴾.

٥)- ﴿ هَلۡ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٞ لِّذِي حِجۡرٍ ﴾، ئایا لەوەدا (لەو پێنج شتەدا کە باسکران)، سوێند هەیە بۆ خاوەن عەقڵ؟ واتە: ئایا ئەو پێنجە شایستەی ئەوەن خوا سوێندیان پێ بخوات؟ لێرەدا پرسیار کردن، بۆ دانپێپێداهێنانە (الإسْتِفهام للتَّقرير)، یانی: بە دڵنیایی لێرەدا ئەو پێنج شتە شایستەی ئەوەن خوا سوێندیان پێ بخوات، کە دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ ﴾ بێگومان ئەوە ناوی ئاماژەیەو دەگەڕێتەوە بۆ شتێك کە باسکراوەو سوێندی پێ خوراوە، یانی: (هَلۡ فِي ذَٰلِكَ المَذْكُورِ قَسَمٞ لِّذِي حِجۡرٍ)، ئایا لەو شتە باسکراوەدا سوێند پێخوران هەیە، شایستەیی سوێند پێخوران هەیە، بۆ خاوەن عەقڵ؟ ﴿ لِّذِي حِجۡرٍ ﴾، (ذِي) یانی: خاوەن (حِجْر) یانی: عەقڵ، (الحِجْرُ: العَقْلُ لأنَّهُ يَحْجُرُ صَاحِبَهُ عَن ارْتِكابِ ما لا يَنْبَغي)، بۆیە یەکێك لە ناوەکانی عەقڵ بریتیە لە (حِجْر)، چونکە خاوەنەکەی دەگێڕێتەوە لەوەی شایستە نیەو خراپە.

پیتی (ل) لە وشەی: ﴿ لِّذِي حِجۡرٍ ﴾دا، بۆ هۆکار دۆزیی (تعليل)ە، یانی: ئایا لەوەدا سوێند هەیە لەبەر خاتری کەسێکی خاوەن عەقڵ؟ پرسیار کردنەکەش بۆ پێ چەسپاندنە بە بەرانبەر، کە بڵێ: بەڵێ.

ئێستا با چەند دەقێك بێنینەوە لە بارەی ئەو چەند ئایەتە موبارەکەوە:

١)- {عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ، قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: مَا مِنْ أَيَّامٍ، العَمَلُ الصَّالِحُ فِيهَا أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنْ هَذِهِ الأَيَّامِ، يَعْنِي أَيَّامَ الْعَشْرِ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ! وَلَا الجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ؟ قَالَ: وَلَا

الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، إِلَّا رَجُلٌ خَرَجَ بِنَفْسِهِ وَمَالِهِ، فَلَمْ يَرْجِعْ مِن ذَلِكَ بِشَيْءٍ} (أخرجه أحمد: ٣٢٢٨، والبخاري: ٩٢٦).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس ﷺ، گوتوویەتـی: پێغەمبەری خـوا ﷺ فەرمووی: هیـچ ڕۆژانێـك نیـن کـردەوەی بـاش تێیانـدا لـەلای خـوا خۆشەویسـتتربێ، لـەم ڕۆژانە، واتـە: (أَيَّامِ العَـشْر)، [دە ڕۆژەکانـی دە شـەوەکان، چونکـە ئەگـەر (عَـشْر)، پەیوەسـت بـا بـە (أَيَّـام)ەوە، دەیفەرمـوو: (الأَيَّـام العَـشْرَة)، بـەڵام (أَيَّـامُ العَـشْر)، یانـی: (أَيَّـامُ اللَّيَـالِي العَشْر)، واتـە: ڕۆژەکانـی ئـەو دە شـەوانەی خـوا ﷻ سـوێندی پـێ خـواردن]، گوتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! جەنـگ و تێکۆشـان لـە پێنـاوی خواشـدا (گەورەتر نیـە لـەوە)؟ فەرمـووی: تێکۆشـان لـە پێنـاوی خواشـدا، مەگـەر پیاوێـك نەفـس و ماڵـی خـۆی بردبێتـە دەرێ، بـەڵام دوایـی هیچیانـی نەهێنابێتـەوە، واتـە: ماڵەکەشـی ڕۆیبـێ و، سەریشـی لەسـەر ڕێبـازی خـوا دانابـێ.

٢)- (الطَّبَرِي) ئەو ڕایە زیاتر پەسند دەکات، کە مەبەست لە دە شەوەکان، دە شەوەکانی سەرەتای مانگی (ذي الحِجَّة)ن، لەو بارەوەش چەند شتێك دێنێ:

أ- بەژمارە: (٣٧١٧٤): (عَنْ عَبْدِ اللهِ بنِ عَبَّاسٍ ﷺ، قالَ: إِنَّ لَيَالِي عَشْرٍ الَّتي أَقْسَمَ اللهُ بِهَا، هِيَ لَيَالِي العَشْرِ الأَوَّلُ مِن ذي الحِجَّة} (إسناده صحيح على شرط الشيخين).

واتــە: عەبدوڵــڵای کــوڕی عەببــاس ﷺ، گوتوویەتــی: ئــەو دە شــەوانەی خــوا ســوێندی پێخــواردوون، دە شــەوەکانی ســەرەتای مانگــی (ذي الحِجَّــة)ن.

ب- هەر (الطبري)، لە (إبن الزبير)یشەوە (عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر، خوا لێیان ڕازی بێ، هێناویەتی بە ژمارە: (٣٧١٧٦): (أَوَّلُ ذِي الحِجَّة إِلى يَوْمِ النَّحْر).

واتــە: مەبەســت لــە دە شــەوەکان ڕۆژی یەکەمــی (ذي الحِجَّــة)ن، تاکــو ڕۆژی قوربانیــی تێــدا ســەربڕین، واتــە: ڕۆژی دەیــەم.

ج- هەر (**الطبري**) بە ژمارە: (٣٧١٨٣)، لە (مجاهد)ەوە هێناویەتی: {**لَيْسَ عَمَلٌ فِي لَيَالِي السَّنَة أَفْضَلُ مِنْهُ فِي لَيَالِي العَشْرِ، وَهِيَ عَشْرُ مُوسى الَّتي أَتَمَّها اللهُ لَهُ**}.

واتـە: هیـچ کردەوەیـەك لـە شـەوەکانی سـاڵدا، پاداشـتی گەورەتـر نیـە، لـە دە شـەوەکان، ئـەو دە شـەوانەی خـوا ژوانگەکـەی مووسـای پـێ تـەواو کـردن، پێشـێ مانگێکـی بـۆ دانـا، دوایـی بـە دە ڕۆژی دیکـە تـەواوی کـردن و بوونـە چـل شـەو: ﴿وَأَتْمَمْنَٰهَا بِعَشْرٍ فَتَمَّ مِيقَٰتُ رَبِّهِۦٓ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً ﴿١٤٢﴾﴾ **الأعـراف**، ئنجـا ئایـا ئـەو دە شـەوانەی ژوانگەکـەی مووسـا، هـەر دە شـەوی سـەرەتای مانگـی (**ذي الحِجَّـة**) بـوون؟ وا پێدەچـێ و، ئـەو ڕایـە زۆربـەی زانایـان پەسـندیان کـردوە.

هەندێکیـش گوتوویانـە: مەبەسـت لـەو دە شـەوانە، دە شـەوی سـەرەتای مانگـی (**مُحَـرَّم**)ن.

ڕایەکی دیکەی سێیەمیش هەیە دەڵێ: دە شەوەکانی کۆتایی مانگی ڕەمەزانن.

٣)- لە بارەی (**شَفْعُ ، وَترَ**)ەوە (**الطبري**) لە ئیبنو عەبباسەوە (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) بە ژمارە: (٣٨١٨٨)، هێناویەتی: (**الوَتْرُ: يَوْمُ عَرَفَة، وَالشَّفْعُ: يَوْمُ الذَّبْحِ**) (**إسنادٌ صحيحٌ على شَرطِهما**).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس (خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ)، گوتوویەتـی: وەتـر ڕۆژی عەرەفەیـە (لەبـەر ئـەوەی تاکـە، ڕۆژی نۆیەمـی (**ذي الحِجَّة**)یـە) (**شَـفْع**)یـش ڕۆژی قوربانیـی سـەر بڕینـە (لەبـەر ئـەوەی جووتـەو ڕۆژی دەیەمـە).

بـەڵام (**الطـبري**) ڕایەکـی دیکـەی زیاتـر پەسـند کـردوە لـە چەمـك و واتـای (**شَـفْعُ**) و (**وَتْـر**)داو دەڵـێ: (**الأفضـل: عَـدَمُ تَحدِيـدِ الشَّـفْعِ وَالوَتْـر**)، واتـە: وا باشـترە چەمـك و واتـای جـووت و تـاك دیاریـی نەکـرێ (بـەو دوو ڕۆژانـەو بـە هیـچ ڕۆژانێکـی دیکـەوە، چونکـە خـوا بـە گشـتیی فەرموویەتـی).

لەو بارەشەوە (**الطبري**) لە ئیبنو عەبباسەوە (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، بە ژمارە: (٣٧٢٠٠) ئەمەی هێناوە، دەڵێ: (**أَللهُ وَتْرٌ وَأَنْتُم شَفْعٌ**) واتە: خوا تاکەو ئێوش جووتن، ئەی مرۆڤەکان! ئەی دروستکراوەکان!

وەڵامی سوێندەکەش قرتێنراوە، بەڵام ڕەوتی ئایەتەکان دەیگەیەنێ، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، وەك:

أ- زیندوو دەکرێنەوەو لێتان دەپرسرێتەوە.

ب- یاخود ئەو قورئانەی دامانبەزاندوە هەقە.

ج- یاخود موحەممەد ﷺ ڕەوانە کراوەو کۆتا ڕەوانە کراوو، پێغەمبەری منە بۆ لای مرۆڤایەتیی، هەروەها هەر شتێکی دیکە کە لەگەڵ ڕەوتی ئایەتەکاندا بگونجێ.

مەسەلەی دووەم:

سەرنجڕاکێشانی خوا ﷻ بۆ مرۆڤەکان، کە چۆن سزای هەرکام لە گەلی عادو گەلی سەموودو فیرعەونی دا، دوای ئەوەی یاخیببوون و خراپەرکاریی و تێکدانیان لە وڵاتدا کردو، خواش هەمیشە لە بۆسەدایە بۆ ستەمکاران و، قەمچییەك لە سزای خۆی بەسەردا ڕژاندن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ ﴿٦﴾ إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ ﴿٧﴾ الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلَادِ ﴿٨﴾ وَثَمُودَ الَّذِينَ جَابُوا الصَّخْرَ بِالْوَادِ ﴿٩﴾ وَفِرْعَوْنَ ذِي الْأَوْتَادِ ﴿١٠﴾ الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلَادِ ﴿١١﴾ فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ ﴿١٢﴾ فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ ﴿١٣﴾ إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ ﴿١٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ ﴾، ئایا نەتبینی خوا چی و چۆنی بە گەلی عاد کرد؟ لێرەدا (**الإِسْتِفهامُ تَقْرِيرِيٌّ**)، پرسیار کردنەکە بۆ پێچەسپاندنە، واتە: بەرانبەرەکە دانی پێدا دێنێ و دەیچەسپێنێ (**والرُّؤْيَةُ فِي: أَلَم تَر، قَلْبِيَّةٌ**)، بینینەکەش لە ﴿ أَلَمْ تَرَ ﴾دا مەبەست پێی بینینی عەقڵ و دڵە، لەبەر ئەوەی کەس لەو کاتەدا لەوێ نەبووە، ببنیێ خوا چۆن گەلی عادی سزادا! بەڵام دوای ئەوەی خوا بۆمان دەگێڕێتەوەو شوێنەوارەکانیان دەبینین، ئنجا دەزانین خوا چۆن چۆنی جێگایەکانیانی بەسەریەکدا ڕووخاندوون! چۆن بایەکی بەهێزی بۆ ناردوون، کە لە چەند جێیەکی قورئان دا خوا ﷻ باسی کردوە،

دەشگونجێ بڵێین: بینین لێرەدا بینینی چاوە، بە چاوی سەر، بەڵام نەك ببینێ: خوا ﷻ چی پێکردوون! بەڵکو بەهۆی شوێنەوارەکانیانەوە، ئەگەر شوێنەوارەکانیان ببینێ، دەزانێ خوا چۆنی لە بەین بردوون؟

شایانی باسە: ئێمە گەلی عادو چۆنیەتیی فەوتێنرانیانمان لە کاتی تەفسیرکردنی سووڕەتی (هود)دا، بە تەفصیل لەوێدا قسەمان لە بارەوە کردوون، گەلی

عادیـش، گەلێـك بـوون وا پێدەچـێ پێـش نووسرانـەوەی مێـژوو، بووبـن، چونكـە بەپێـی ئەوەبـێ كـە دوایـی باسـی دەكەیـن، دەبـێ بـە سـێ چـوار پشـتان بچنـەوە سـەر نـووح ﷺ، كەواتـە: لـەو گەلانـە بـوون كـە پێـش ئـەوەی مـرۆڤ نووسـین دابهێنـێ، ژیـاون و، شـوێنی گـوزەران و ژیانیشـیان لـە نێـوان عومـان و حەزرەمـەوت دا بـووە، وەك لـە كاتـی تەفسـیركردنی سـوورەتی (**الأحقـاف**)دا باسـمان كـرد: ﴿ وَٱذۡكُرۡ أَخَا عَادٍ إِذۡ أَنذَرَ قَوۡمَهُۥ بِٱلۡأَحۡقَافِ وَقَدۡ خَلَتِ ٱلنُّذُرُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦٓ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ﴿٢١﴾ ﴾، واتـە: یـادی بـرای عـاد بكـەوە (كـە هـوودە) كاتێـك گەلەكـەی خـۆی ترسـاندو وریـای كردنـەوەو لـە پێـش وانیـش دا ترسـێنەران ڕابردبـوون، پێیگوتـن: خـوا بپەرسـتن، مـن مەترسـیی ڕۆژێكـی مەزنـم لێتـان هەیـە، (**أحْقـاف**) كـۆی (**حِقْـف**)ە، كـە بـە كـۆ لمێـك دەگوتـرێ درێژكۆڵـە بـێ، بـەڵام بـەرز بووبێتـەوە، لم لـە بیابـان دا، جـاری وایـە بـا بەبـاری درێژییـدا كـۆی دەكاتـەوە سـەر یـەك، ئەوانیـش شـوێنە جوگرافییەكەیـان بیانێـكی لماویـی بـووە، ئنجـا خـوا ﷻ بـۆ ئـەوەی زیاتـر بـە گەلـی عـاد ئاشـنا ببـن، دەفەرمـوێ:

٢)- ﴿ إِرَمَ ذَاتِ ٱلۡعِمَادِ ﴾، ئیرەمی خاوەن كۆڵەگەكان، یانی: ئەو گەلی عادەی خوا لێرەدا ﷻ مەبەستیەتی: ﴿ إِرَمَ ﴾ی خاوەن كۆڵەكەكانە، ﴿ إِرَمَ ﴾ یان ناوی شارێكە، یاخود ناوی هۆزێكە.

زانایـان دەڵێـن لێـرەدا: ﴿ إِرَمَ ﴾ (**عَطْـف بَيَـانٍ لِعَـاد**)، ﴿ إِرَمَ ﴾ مانـای وشـەی (عاد)مـان زیاتـر بـۆ ڕووندەكاتـەوە، كـە دەفەرمـوێ: ﴿ إِرَمَ ذَاتِ ٱلۡعِمَادِ ﴾ یانـی: (**صَاحِبَـةِ العِـمَاد، وَالعِـمَاد جَمْـعُ عَمَـدْ: والعَمَـدُ: مَـا عُمِّـدَ بِـهِ الخِيـامُ مِـنَ الخَشَـبِ وَالسَّـوارِي الَّتـي يُحْمَـلُ عَلَيْهَـا البِنَـاء**)، (**عَمَـد**): ئەوەیـە كـە چـادرو ڕەشـماڵی پـێ هەڵـدەدرێ لـە دارو درەختـە، هەروەهـا ئـەو كۆڵەگەیـە، یـان ئـەو دینگەیـە خانـوو و بینـای لەسـەر ڕاوەدەسـتێ.

٣)- ﴿ ٱلَّتِي لَمۡ يُخۡلَقۡ مِثۡلُهَا فِي ٱلۡبِلَٰدِ ﴾، ئەوەی وێنەی وی لەوڵاتان دا دروست نەكرابوو، یانی: ئەو گەلی عادە، ئەو ﴿ إِرَمَ ﴾ە، خاوەن كۆڵەگەو پایە، وێنەی وان لە وڵاتاندا

دروست نەکرابوو، ﴿ ٱلَّتِي لَمۡ يُخۡلَقۡ مِثۡلُهَا ﴾، ڕاناوی (ها) دەگەڕێتەوە بۆ (عاد)، یاخود دەگەڕێتەوە بۆ ﴿ إِرَمَ ﴾، عاد کۆمەڵێك بوون، ﴿ إِرَمَ ﴾یش یان ناوی دووەمی گەلی عادە، یاخود ناوی هۆزێکە لە گەلی عاد کە لە نێویاندا دیار بوون، بە پێی ڕای هەندێك لە زانایان، کە دەفەرموێ: وێنەی وان لە وڵاتاندا دروست نەکرابوو، یانی: لە کەلەش گەورەییدا، لە هێزو تواناد، لە دڵـڕەقیی و زەبر وەشاندندا، وەك لە شوێنەکانی دیکەدا خوای باڵادەست باسی کردوون.

وشـەی: ﴿ إِرَمَ ذَاتِ ٱلۡعِمَادِ ﴾، چەمك و واتـای عادمـان بـۆ ڕووندەکاتـەوە، چونکـە ئاماژەیـە بـۆ ئـەوە کـە عـاد ئـەو هۆزەیـە باپیـرەی نیزیکیـان بریتیـە لـە: (عَـاد) کـوڕی (عِـوَض) کـوڕی (إرم)، کـە بـە ﴿ عَادًا ٱلۡأُولَىٰ ۝٥٠ ﴾النجـم، وەسـف کـراوە، ﴿ إِرَمَ ﴾یـش نـەوەی نووحـە: ئیـرەم کـوڕی سـام کـوڕی نـووح کـە باپیـرەی گـەلی عـادە، چونکـە: عـاد کـوڕی عیـوەز کـوڕی ئیـرەم کـوڕی سـام کـوڕی نـووح، کەواتـە: گەلـی عـاد بـە چـوار پشـت چوونـەوە سـەر نـووح عليه السلام.

ئنجـا خـوا ﷻ بـۆ ئـەوەی لێـمان تێکنەچـێ و پێـمان وابـێ گـەلی عـاد، گەلێکـی دیکـەن، بەڵکـو هـەر ئـەو گەلـەن کـە دەچنـەوە سـەر نـووح بـە چـوار پشـتان، واتـە: عـادی کـوڕی عیـوەزی کـوڕی ئیـرەم کـوڕی سـام کـوڕی نـووح، بـە چـوار پشـتان چوونـەوە سـەر نـووح، بۆیـە لێـرەدا بـە (إرَم) باسـی کـردوون.

بـەڵام ئـەوەی لێـرەدا لەلایـەن زۆر لـە ڕوونکەرانـەوە باسـکراوە، گوایـە (إرَم) شـارێك بـووە لـە بیابانـدا، گوایـە ئەعرابییـەك بـە نـاوی عەبدوڵـڵای کـوڕی قولابـە، لـە ڕۆژگاری موعاویـەدا دەچێتـە مەجلیسـی موعاویـەوەو دەڵـێ: مـن حوشـترم لـێ بەرهەڵـدا بـوو بـوون، بەدوایـان کەوتـم و چوومـە بیابـان، لـەوێ ئـەو شـارەم بینـی، گوایـە دوایـی لەگەڵـی دەچـن بـۆ بیابـان بـەڵام ئـەو شـارە نابینـن! ئـەوە هەمـووی لـە بازنـەی ئەفسـانەدایە، هەرچەنـدە بـە داخـەوە زۆر لـە تەفسـیرەکان هێناویانـەو، ئێسـتاش لەگەڵدابـێ لـە نێـو هەندێـك لـە ئەدەبیاتـی کوردیشـدا هـەر هەیـەو، لـە نێو

ئەدەبیاتی عەرەبیی و فارسییشدا هەیە، گوایە: (باخی ئیرەم)، باخێکی زۆر خۆش و عەجایب و سەرسوڕهێنەر بووەو، هەر بەو ناوەش شارێکی زۆر سەرسوڕهێنەر هەبووە! بەڵام لە ڕاستییدا ئەوە هەمووی ئەفسانەیەو ﴿ إِرَمَ ﴾، باپیرەی نیزیکی گەلی عادە و نەوەی نووحە، بە پێی ئەوەی زانیاری ڕەچەڵەکناسیی (**علم النَّسب**)، هێناویەتی.

کە دەفەرموێ: ﴿ إِرَمَ ذَاتِ ٱلْعِمَادِ ﴾ ﴿ ٱلْعِمَادِ ﴾ کۆی (**عَمَد**)ە، ئەویش بە مانای کۆڵەگەو دینگەیەکە، کە دەدرێتە بەر ڕەشماڵ و چادر کاتێك هەڵدەدرێ، یاخود ئەو پایەو کۆڵەکەی دەدرێتە بن خانووبەرە، چ پایەو کۆڵەگەی داربێ، چ بەرد بێ، کە کاتی خۆی دروستکراون.

لەو بارەوەش کە ئایا بۆچی خوا دەفەرموێ: ﴿ إِرَمَ ذَاتِ ٱلْعِمَادِ ﴾ ئیرەمی خاوەن عیماد، خاوەن کۆڵەگەکان؟ زانایان سێ وەڵامیان هێناون:

١- لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکە خاوەن ئاژەڵ بوون، هەرچەندە شارێکیان هەبووە تێیدا نیشتەجێ بوون، بەڵام وێڕای شارنشینیی، ڕەوەندو ئاژەڵداریش بوون ئنجا حوشتر بووە، ڕەشە وڵاخ بووە، مەڕو بزن بووە، بردوویانە بۆ کوێستان بۆ لەوەڕو دواییش گەڕاونەوە بۆ شارەکەیان، بۆیەش کۆڵەکەیان هەبوون و داویاننە بەر ڕەشماڵ و چادرەکانیان کە هەڵیانداون، ﴿ ٱلْعِمَادِ ﴾یش کۆی (**عَمَد**)ە، ئەویش بە مانای ئەو کۆڵەگەو دارەیە کە دەدرێتە بەر ڕەشماڵ و تاوڵ، کاتێك هەڵدەدرێ.

٢- وشەی: ﴿ ذَاتِ ٱلْعِمَادِ ﴾ وشەیەکە خوازراوەتەوە بۆ تەعبیرکردن لە هێزو دەسەڵات و تواناو، ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبییدا بۆ ئەو واتایە بەکاردێ.

٣- دەشگونجێ مەبەست لە (**عماد**) ئەو شوێنە بەرزانەو ئەو بەرزاییانە بن کە گەلی عاد دروستیان کردوون، بۆ ئەوەی خەڵك ڕێی لێ تێکنەچێ، یاخود دروستیان کردوون بۆ شانازیی بە خۆوە کردن، کە ئەوانە شوێنەواری گەلی عادن، وەك لە سوورەتی (**الشعراء**) دا خوای تاك و پاك دەفەرموێ: ﴿ أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ ءَايَةً تَعْبَثُونَ ﴿١٢٨﴾ ﴾، ﴿ رِيعٍ ﴾،

یانی: بەرزایی، ئایا لە هەر بەرزاییەك نیشانەیەك دروست دەكەن، وەك گاڵتەكردن و بێ ئەوەی ئامانجێكی ڕاست و دروستی لە پشتەوە بێ، تەنیا بۆ خۆ هەڵكێشان؟ وەك چۆن هەڕەمەكانی میسر، فیرعەونەكان دروستیان كردوون، وەك گۆڕ بۆ خۆیان و، سۆغرەو بێگاریان بە هەزاران كەس كردوە، بەس خوا بزانێ هەر هەڕەمێك چەند كەس لە سۆغرەو بێگارەكەیدا مردوون؟ چونكە فیرعەونێك گۆڕێك بۆ خۆی دروست دەكات!

٤)- ﴿وَثَمُودَ ٱلَّذِينَ جَابُوا۟ ٱلصَّخْرَ بِٱلْوَادِ﴾، هەروەها (ئایا نەتبینی خوا چیكرد) بە (گەلی) ثەموود كە لە شیوو دۆڵەكەدا بەردیان داتاشی، (خانوو بەرەیان تێدا دروست كرد)؟ ﴿جَابُوا۟﴾، یانی: دەیانبڕیی و دەیانتاشی، (**جَابَ يَجوُبُ جَوْباً: قَطَعَ يَقْطَعُ قَطْعَاً**)، بڕی، دەیبڕێ، بڕین، ﴿بِٱلْوَادِ﴾ بەدووجۆر خوێندراوەتەوە:

أ- ﴿بِٱلْوَادِ﴾، بە ژێر (**كَسرة**).

ب- هەروەها (**بِالوادي**)، بە (**ي**).

(**الـوَاد: اسْـمُ الأَرْضِ الكَائِنَـةِ بَـيْنَ الجَبَلَـيْنِ مُنْخَفِضَـةٌ**)، (**واد**): لـە ئەسـڵی زمانـی عەرەبییـدا یانـی: شـیوو، دۆڵ، نـاوی زەوییـەكی نزمـی نێـوان دوو چیایانـە.

دوو چیا، یان دوو گرد نێوە ڕاستەكەیان كە دابڕاوابیە، (**وادي**) دۆڵ و شیوی پێدەگوترێ.

(**وَالـوَادِي: عَلَـمٌ بِالغَلَبَـةِ عَـلَى مَنَـازِلِ ثَمُـودْ، وَيُسَـمَّى: وَادِي القُـرَى، ويُسَـمَّى: الحِجْـر، وَهُـوَ وَادٍ بَـيْنَ خَيْـبَر وَتَيْـمَاء فِي طَرِيـقِ المـاشِي مِـنَ المَدِينَـةِ إلى الشَّـام**)، وشـەی: (**وادي**) وەك ناوێكـی زاڵكـراوە بـۆ مەنزڵگاكانـی گەلـی سـەموود كـە پێـی دەگوتـرێ، (**وادي القـرى**)، ئێسـتاش هـەر هەیـە، هەروەهـا پێشـی دەگوتـرێ: (**حِجْـر**)، كـە دۆڵێكـە لـە نێـوان خەیبـەرو تەیـماءدا، كەسـێك كـە لـە مەدینـەوە دەچـێ بـۆ شـام، دەكەوێتـە سـەر ڕێـی.

٥)- ﴿وَفِرْعَوْنَ ذِى ٱلْأَوْتَادِ﴾، هەروەها (ئایا نەتبینی خوا چی كرد) بە فیرعەونی خاوەن كۆڵەكەكان!

ئایا مەبەست لە کۆڵەگەکانی فیرعەون چی بووە؟ ئەمیش دیسان زانایان چەند ڕایەکیان لە بارەیەوە هەیە:

١- هەندێکیان گوتوویانە: مەبەست لە کۆڵەگەکان، ئەوە بووە کە فیرعەون هەرکەسێکی ویستبێ بە ئەشکەنجە بیکوژێ، چوار مێخە کێشاویەتی بە دیوارێکەوە، یاخود بە درەختێکی گەورەوەو، لەسەر هەردوو دەستی و هەردوو پێی، چوار گۆڵمیخی داکوتاون و کردوویەتی بە ڕەسم بەو دارەوە، یاخود بەو دیوارەوە، تاکو گیانی داوە.

٢- هەندێکیش گوتوویانە: ﴿ٱلۡأَوۡتَادِ﴾ گوڵمیخەکان، مەبەست پێیان هەڕەمەکانی میسرن، کە مرۆڤ ئەگەر لە دوورەوە تەماشایان بکات، وەك گوڵمیخ دیارن، گوڵمیخیش سەرەکەی باریك دەبێتەوەو لای خوارێی ئەستوورە، هەڕەمەکانیش لە دوورەوە وەك گوڵمیخ کە داکوترابن لە زەویدا دیارن، ئنجا هەرچەندە خۆی دروستی نەکردوون، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەو شوێنە بوون، کە ئەو دەسەڵاتی بەسەردا بووە.

٣- هەندێکیش گوتوویانە: ﴿ٱلۡأَوۡتَادِ﴾ وشەیەکە خوازراوەتەوە بۆ هێزو دەسەڵات، واتە: خاوەن هێز، ئایا نەتبینی خوا چی کرد بەو سێ کۆمەڵە؟ بە گەلی عادو بە گەلی سەموودو فیرعەونی خاوەن کۆڵەگەکان؟!

ئایا ئەوانە چییان کردبوو خوای دادگەر ئاوا سزای دان؟!

٦)- ﴿ٱلَّذِينَ طَغَوۡاْ فِي ٱلۡبِلَٰدِ﴾، ئەوانە کە لە وڵاتاندا، (هەر کامێکیان لە وڵاتی خۆیدا) یاخیبوون، لە سنوور دەرچوون، بوغڕابوون، (**الطُّغيَانُ: شِدَّةُ العِصْيَانِ وَالظُّلْم**)، (**طُغْيَان**): بریتیە لە ئەوپەڕی سەرپێچیی و ستەم و خراپە.

٧)- ﴿فَأَكۡثَرُواْ فِيهَا ٱلۡفَسَادَ﴾، ئنجا خراپەکاریی و تێکدانیان تێدا زۆر کرد، هەر کامێکیان وڵاتی خۆی پڕکرد لە تێکدان و خراپەکاریی و، ستەم لە خەڵك، کردن و سۆغرەو بێگار پێکردنیان و، کوشتنیان بەناهەق، هەروەها ستەم لێکردنیان لە ڕووی نەتەوەییەوە، وەك فیرعەون بە وەچەی ئیسرائیلی کرد، یاخود ستەمی ئابووریی و ماڵ و سامان لێ زەوت کردنیان، هەروەها گەلەکانی دیکەش هەرکامیان بە شێوەی خۆی ستەم و خراپەو لادان

و ئاوانی کردوە، سەرەنجام: ﴿ فَأَكۡثَرُواْ فِيهَا ٱلۡفَسَادَ ﴾، زۆر خراپەکاریی و تێکدانیان تێداکرد، (**الفَسَادُ: سُوءُ حَالِ الشَيء وَلِحَاقُ الضُرِّ بِهِ**)، (**فساد**): بریتیە لەوەی شتێك حاڵی خراپ بێ و زیانی تووشبێ.

٨)- ﴿ فَصَبَّ عَلَيۡهِمۡ رَبُّكَ سَوۡطَ عَذَابٍ ﴾، ئنجا پەروەردگارت قەمچییەك لە ئازاری بەسەردا ڕژاندن، (**الصَّبُّ: إِفْرَاغُ مَا فِي الظَّرْفِ**) شتێك کە شتێکی تێدایە، توورەکەیەك شتێکی تێدابێ، هەڵیبرێژی و هیچی تێدا نەمێنێ، پێی دەگوترێ: (**صَبّ**)، (**صَبّ**) بریتیە لە ڕژاندنی ئاو لە سەرێوە، خوا ﷻ ئەو سزایەی بۆ ئەوانەی ناردوە، وەك ئاوێك چۆن بەسەر کەسێکدا دەڕێژرێ، بە خورزەم دێتە خوارێ، ئاوا وێنای دەکات، بۆیەش دەفەرموێ: ﴿ سَوۡطَ عَذَابٍ ﴾، (**سَوْط**)، بە مانای قەمچیی دێ، کە بریتی بووە لەوەی چەند زوێڵە چەرمێکیان بڕیون باریك باریك، ئنجا ئەو زوێڵە چەرمانەیان پێکەوە هۆنیونەوە بە شێوەیەکی تایبەت و قەمچییان لێ دروستکردوون، کە بۆ لێدان زۆر دێشێنێ، خوای بێ نیاز سزایەکەی خۆی چواندوە بە قەمچییەوە، واتە: ئەو سزایە تەنیا قەمچییەك بووە لە سزای خوا.

یاخـود بۆیـە دەفەرمـوێ: ﴿ سَوۡطَ عَذَابٍ ﴾، چونکـە قەمچیـی چەنـد زوێڵـە چەرمێکـی تێکەڵـەو پێکـەوە هۆندراونـەوە، ئـەو سـزایەش کـە خـوا ناردوویەتـی بـۆ ئـەو سـێ گەلـەو گەلانـی دیکـەش، هـی هەرکامێکیـان سـزایەکی تایبـەت بـووە، کەواتـە: خـوا کۆمەڵێـك سـزاو ئـازاری ئاوێتـەو تێکەڵـی ناردوون، بـۆ فەوتاندنـی ئـەو گەلانـە.

٩)- ﴿ إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلۡمِرۡصَادِ ﴾، بە دڵنیاییەوە پەروەردگارت لە بۆسەدایە، لە چاوەڕوانییدایە (بۆ ستەمکاران) واتە: ئاگای لێیانە چی دەکەن و چۆن دەکەن؟ سەرەنجام لە کاتێکدا کە خۆی بە پێویستی بزانێ، سزایان دەدات.

ئێمـە درێـژەی بەسـەرهاتی گەلـی سەموودیشـمان لـە کاتـی تەفسـیر کردنـی سـوورەتی (**الحِجـر**)دا، هێنـاوە کـە پێغەمبەرەکەیـان نـاوی صاڵیـح ﷺ بـووە،

بەسەرهاتی فیرعەون و خراپەکارییەکانی و ستەمکارییەکانیشی بە سێزدە بەش هێناومانە، هەشت بەشیمان لە کاتی تەفسیرکردنی سوورەتی **(الأعراف)** دا هێناوەو، پێنج بەشیشی لە کاتی تەفسیرکردنی سوورەتی **(القَصَص)**دا، لە سەرەتایەکەیەوە.

لێرەدا ڕووی دواندن لە پێغەمبەری خاتەمە ﷺ و، لە دوای ئەویشەوە لە هەرکەسێکە لە دوای پێغەمبەری خاتەمەوە ﷺ دەڕوات، کە بشێ بۆ ئەوەی خوا بیدوێنێ: ئایا نەتبینی خوا چی بە گەلی عاد کرد، ئیرەمی خاوەن کۆڵەگەکان، کە وێنەی ئەوان لە وڵاتاندا دروست نەکرابوو؟

هەروەها گەلی سەموود کە لە شیوو دۆڵەکەدا خانوویان لە بەرد داتاشیبوون، ئێستاش شوێنەوارەکانیان ماون.

هەروەها فیرعەونی خاوەن گوڵمیخەکان، یاخود: خاوەن هەڕەمەکان، یاخود: خاوەن هێزو توانا؟ کە لە وڵاتاندا لە خوا یاخیبوون، خراپەرکایی و تێکدانیان تێدا زۆر کرد.

کەواتە: یاخیبوون **(طغیان)** لە بەرانبەر خوادا، یەکسەر دەرهاویشتەکەی بریتیە لە خراپەکاریی و تێکدان لە زەویدا، ئایا کێ تێکدان لە زەویدا دەکات؟ پێشینانی خۆمان گوتوویانە: (لەو کەسە بترسێ، کە لە خوا ناترسێ).

هەر کەسێك لەگەڵ خوادا بەینی تێکدا، مسۆگەر لەگەڵ بەندەکانی خواشدا تێکیدەدات، هەموو ئەو کەسانەی لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا حوکمڕانیی دەکەن بەسەر مسوڵمانان دا، بەسەر هەموو ئەو گەلانەدا کە ژێر دەست و ژێر چەپۆکن، لە ئەنجامی ئەوەدا کە ئەو حوکمڕانانە لە خوا یاخیین، دەیانبینین لە خەڵکیش عاسێ بوون و، خراپەکاریی و تێکدان دەکەن، لە وڵات دا، بەڵام خوا دەفەرموێ: ﴿ فَصَبَّ عَلَيۡهِمۡ رَبُّكَ سَوۡطَ عَذَابٍ ﴾، پەروەردگارت قەمچییەك لە سزای خۆی بەسەردا ڕژاندن، ﴿ إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلۡمِرۡصَادِ ﴾، بە دڵنیایی پەروەردگارت

لـە بۆسـەدایە، یـانی: لـە چاوەڕانیـی دایـە بـۆ سـزادانی ئەوانـەی لـە خـوا یاخیـی دەبـن و، تێکـدان و خراپەرکاریـی لـە زەویـدا دەکـەن.

کەواتـە: ئـەی موحەممـەد ﷺ و هاوەڵەکانـی! ئێـوە کـە ئێسـتا لـە مەککـە دەچەوسـێنرێنەوە بـە دەسـت ئـەو زۆردارانـەو ئەشـکەنجەو ئازارتـان دەدەن، ئازاردانـی جەسـتەیی و مەعنەویـی، دڵنیابـن کـە خوایـەك ﷻ گەلـی عـادو گەلـی سـەموود و فیرعـەون و گەلەکـەی لـە بەیـن بـردوەو، سـزای داون، ئـەو خـوا پـەروەردگارە بـۆ ستەمکارانی ڕۆژگاری ئێـوەش هـەر لـە بۆسـەدایە، ئەگـەر دەسـت هەڵنەگـرن لـە ستەم و خراپەیـان، ئەوانیـش وەك پێشـووەکانیان سـزا دەدا، کـە هـەر واشـبوو خـوا ﷻ سـزای دان، چ لـە کاتـی ڕووبـەڕوو بوونەوەکانـدا لـە جەنگـی بـەدرو ئوحـودو جەنگەکانـی دیکـەداو، ئەوەبـوو ئـەو وڵاتـە هەمـوو کەوتـە ژێـر دەسـەڵاتی ئیسـلامەوە، بەڵکـو وڵاتانێـك کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی دەوڵەتـی زلهێزانـی ئەوسـای ڕۆم و فـارس دابـوون، ئەوانیـش کەوتنـە ژێـر دەسـەڵاتی ئیسـلام و مسـوڵمانانەوە، ئـەوەی خـوا ﷻ هەڕەشـەی پـێ لـە زۆردارانـی ئەوسـا کـرد، دوایـی لـە واقیعـی مێژووییـدا بەرجەسـتە بـوو و هاتـەدی.

ئنجـا ئـەوە وەك چـۆن ئـەو کاتـە دڵدانـەوە بـووە، بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ و هاوەڵانـی، بـۆ ئێمـەش هـەر دڵدانەوەیـەو، ئێسـتاش ئێمـە کـە ئـەو ئایەتانـە دەخوێنیـن، بێگومـان ئـەو خوایـەی کاتـی خـۆی گەلـی عـادو گـەلی سـەموودو گـەلی فیرعـەون و کـێ و کێـی لـە بەیـن بـردوون، ئـەو خـوا باڵادەسـتە هـەر هەیـەو، هـەر لـە بۆسـەدایەو، سزایەکەشـی هـەر مـاوە!

کەواتـە: بـا دڵنیـا بیـن: ئـەو کەسـانەی سـتەم دەکـەن لـە خەڵـك، لـە مرۆڤـەکان و دەیانچەوسـێننەوە، وەك بەرزەکـی بانـان بـۆی دەرناچـن، ئەگـەر تەماشـای مێـژووش بکەیـن، هەروایـەو هیـچ کام لەوانـەی سـتەم و خرپەیـان کـردوە، دوایـی سـەلامەت نەبـوون و، وەك بەرزەکـی بانـان بـۆی دەرنەچـوون، بەڵکـو تووشـی سـەرەنجامێکی

تـاڵ و دژوار بـوون، ئەوانـەش کـە تاڕاددەیـەك دادگەرانـە حوکمڕانیـی دەکـەن، بـا نامسـوڵمانیش بـن، دەبینیـن، بـە ڕێـزو حورمەتـەوە لـە کورسـی دێنـە خـوارو، سـەرۆك کۆمـاری پێشـوو و پێشـووترو پێشـووتریش هـەن! کەچـی لـە زۆربـەی وڵاتانـی مسوڵمانشـیندا سـەرۆك کۆمـاری پێشـوو، بـوونی نیـە، چونکـە هەمـووی لەسـەر کورسـی دەمێنێتـەوە، تاکـو تێیهەڵـدەدەن و فڕێـی دەدەنـە خـوارێ، یاخـود دەمـرێ و دواییـش نـاوی بـە ڕەشـیی لـە مێـژوودا تۆمـار دەکـرێ.

کەواتـە: ئـەو یاسـایەی خـوا ﷻ لێـرەدا بەیانـی دەکات، تەنیـا بـۆ ڕۆژگاری پێغەمبـەری خـوا ﷺ نەبـووە، بەڵکـو بـۆ ئێمەومانانیشـەو، بـۆ دڵدانـەوەی هەمـوو سـتەملێکراوان و چەوسـاوانانە.

خـوا لـە بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی یارمەتییـمان بـدات، زیاتـر و ڕاسـتر لـە فەرمایشـتەکەی تێبگەیـن و، چاکتر پێـوەی پابەنـد بیـن و، خۆمانـی پـێ پـاك و چـاك بکەیـن لـە دنیـادا، تاکـو سـەرەنجام ئـەو مـوژدە خۆشـانەی خـوا بـەو کەسـانەیان دەدات، کـە بەنـدەی بـۆ خـوا صوڵحـاوو پـاك و چـاك بـوون لـە دنیـادا، ئـەو مـوژدە خۆشـانە بـە ئێمـەش ببڕێـن، چ لـە دنیـاداو چ لـە دواڕۆژیـش دا کـە شـاد بووبمانـە بـە ڕەزامەندیـی خـواو، بـە بەهەشـتی ڕازاوەو نەبـڕاوەی خـوا.

مەسەلەی سێیەم:

باسی مرۆڤی بێبڕوا، کە هەرکات خوا پێیدا دەڵێ: خوا ڕێزی لێگرتم و، هەر کاتیش خوا لێی گرتەوە، بژیوی لێوەتەنگ هێنا، دەڵێ: خوا ڕیسوای کردم! واش نیە، بەڵکو ئەوان زیاد لەو بیرکردنەوە چەوتە، ڕێزی هەتیویش ناگرن و، هانی یەکدییش نادەن بۆ هاوکاریی و خواردن پێدانی بابای نەدار، میراتیش هەمووی پێکەوە لرف لێدەدەن و، سامانیشیان لە ڕاددەبەدەر خۆشدەوێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَأَمَّا ٱلْإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكْرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَكْرَمَنِ
(١٥) وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَهَٰنَنِ (١٦) كَلَّا ۖ بَل لَّا تُكْرِمُونَ ٱلْيَتِيمَ
(١٧) وَلَا تَحَٰٓضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ (١٨) وَتَأْكُلُونَ ٱلتُّرَاثَ أَكْلًا لَّمًّا
(١٩) وَتُحِبُّونَ ٱلْمَالَ حُبًّا جَمًّا (٢٠) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ فَأَمَّا ٱلْإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكْرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ ﴾، بەڵام مرۆڤ هەر کات پەروەردگاری تاقیکردەوە، ڕێزی لێگرت و بەهرەمەندی کرد.

٢)- ﴿ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَكْرَمَنِ ﴾، دەڵێ: پەروەردگارم ڕێزی لێگرتووم!

٣)- ﴿ وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَهَٰنَنِ ﴾، بەڵام ئەگەر (پەروەردگاری) تاقیکردەوە، بژیوی لێوەتەنگ هێناو کەمکردەوە، دەڵێ: پەروەردگارم منی ڕیسوا کردوە، سووکایەتیی پێکردووم!

خواش ﷻ بەرپەرچی ئەو بیرکردنەوە چەوتەیان دەداتەوەو دەفەرموێ:

٤)- ﴿ كَلَّا ﴾، وانیە (وەك ئێوە بیردەکەنەوەو دەڵێن).

دوایی چەند شتێکی دیکەشیان دەخاتە بەرچاو، کە ئێوە وێڕای ئەو بیرکردنەوە چەوتەتان کۆمەڵێك سیفەتی دیکەی خراپیشتان هەن، ئنجا خوا ﷻ چواریان لێ دەژمێرێ:

٥)- ﴿ بَل لَّا تُكۡرِمُونَ ٱلۡيَتِيمَ ١٧ ﴾، (وانیە وەك ئێوە دەڵێن: كە بابای بێبڕوا كاتێك خوای بژێوی بۆ زۆر دەكات، دەڵێ: خوا ڕێزی لێگرتووم، بەڵام كاتێك لێی وەتەنگ دێنێ، دەڵێ: خوا ﷻ سووكایەتیی پێكردووم، ڕیسوای كردووم) بەڵكو ئێوە ڕێز لە هەتیو ناگرن.

ئێستاش با ئەم ئایەتە موبارەكانە تۆزێك شی بكەینەوە:

١- پیتی (ف)، كە دەفەرموێ: ﴿ فَأَمَّا ٱلۡإِنسَٰنُ ﴾، پسپۆڕان گوتوویانە: (**دَليلٌ عَلى اتِّصَالِ الكَلَامِ وَتَفَرُّعِهِ عَن سَابِقِهِ، وَأَمَّا حَرفُ تَفصيلٍ: مَهْمَا يَكُنْ مِنْ شَيْءٍ**)، ﴿ فَأَمَّا ٱلۡإِنسَٰنُ ﴾، پیتی (ف) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم قسەیە بە قسەی پێشیەوە پەیوەستەو لەسەر قسەی پێشێ هەڵدەستێ، (دوایی ئەمە زیاتر ڕوون دەكەینەوە) وشەی: (**أَمَّا**)ش پێی دەگوترێ: (**حَرْفُ تَفصيل**) بۆ ئەوەیە كە پێشێ قسەیەك بكرێ، دوایی بێیە سەر درێژەكەی، یانی: (**مَهْمَا يَكُنْ مِنْ شَيْءٍ**)، هەر شتێك بێ.

لێرەدا كە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَأَمَّا ٱلۡإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبۡتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ ﴾ ئەمە وا پێدەچێ پەیوەست بێتەوە بەو ئایەتە موبارەكەوەی خوا پێشتر فەرمووی: ﴿ إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلۡمِرۡصَادِ ﴾، بە دڵنیایی پەروەردگارت لە بۆسەدایە، لە چاودێریی دایە، بۆ سزادانی ئەوانەی تێدەپەڕێنن، واتە: ﴿ إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلۡمِرۡصَادِ ﴾، (**فَأَمَّا الإِنْسَانُ الكَافِرُ يَتَوَهَّمُ خِلافَ ذَلِكَ إِذْ يَحْسَبُ أَنَّ ما يَنَالُهُ مِنْ نِعْمَةٍ وَسَعَةٍ فِي الدُّنيا، تَكْرِيمُ اللهِ لَهُ، وَمَا يَنالُهُ مِنْ ضَيقِ عَيشٍ، إهَانَةٌ أَهَانَهُ اللهُ بِهَا**)، ئاوا پێكەوە پەیوەست دەبنەوە، ئەم كۆمەڵە ئایەتە لەگەڵ كۆمەڵە ئایەتی پێشێ دا، واتە: پەروەردگارت لە بۆسەدایەو چاودێریی بەندەكان دەكات، بەڵام مرۆڤی بێبڕوا خەیاڵەكەی پێچەوانەی ئەوەیەو، پێچەوانەی ئەوە گومان دەبا، چونكە پێی وایە نازو نیعمەتێك كە خوا پێیدەداو، فراوانییەك كە خوا بۆی دەڕەخسێنێ، لە ژیانی دنیادا، ڕێزگرتنی خوایە بۆی، بەڵام ئەگەر ژیانی لێوەتەنگ بێ و بژێوی كەم بێ، خوا سووكایەتیی پێكردووەو ڕیسوای كردوە (كە واش نیە).

٢- کە دەفەرموێ: ﴿ إِذَا مَا ٱبۡتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ ﴾ (مَا) بۆ تۆخکردنەوەی مانایەکەیەتی، ئەگەرنا لە ئەسڵدا ئاوایە: (إِذاَ ٱبْتَلاَهُ رَبُّهُ) کاتێك پەروەردگاری تاقیکردەوە، (**الإِبْتِلاءُ أي: الإِخْتِبارُ بالخَيرِ والشَّرّ**)، (إِبْتِلاء) تاقیکردنەوەیە بە خۆشیی و بە ناخۆشیی، بە شتێك کە مرۆڤ پێی چاکەو، شتێکیش کە پێی خراپە.

٣- (**أَكْرَمَهُ**) ڕاغیبی ئەسفەهانیی دەڵێ: (**إِكْرَام**): بریتیە لە گەیاندنی کەرامەت بە مرۆڤ ئەویش ئەوەیە سوودێکی پێ بگات، بێ ئەوەی کەم و کوڕیی و زەبوونیی تێدابێ.

٤- ﴿ وَنَعَّمَهُۥ ﴾، (**أَيْ: جَعَلَهُ فِي نِعْمَةٍ وَهِيَ طِيبُ عَيْشٍ**)، (**نَعَّمَهُ**) واتە: خستیە نێو نیعمەتەوە کە مەبەست پێی ژیان و گوزەرانی خۆشە.

٥- بێگومان (ال)ی سەر (**الإِنْسان**)، بۆ جینسە، بەڵام جینسی عورفیی، واتە: ئەو کۆمەڵە ئینسانەی ئەو کاتە بوون، ئینسانانی هاوبەش بۆ خوا دانەر، ئینسانانی بێبڕوا، چونکە ئینسانی بڕوادار وا بیر ناکاتەوە، ئەگەر خوا تاقیکردەوە، بەوەی سوودی پێ گەیاندو خستیە نێو نازو نیعمەتەوە، یەکسەر بڵێ: پەروەردگارم ڕێزو حورمەتی لێگرتووم، بەڵام ئەگەر پەروەردگاری بە تەنگدەستیی و نەداریی تاقیکردەوە، [﴿ فَقَدَرَ عَلَيۡهِ رِزۡقَهُۥ ﴾ خوێنراویشتەوە: (**فَقَدَّر**)، (**قَدَرَ**) و (**قَدَّرَ**)، هەردووکیان بەیەك واتان، بژیوەکەی لێ تەنگ و کەمکردەوە] یەکسەر بڵێ: پەروەردگارم منی سووك و، ڕیسوا کردوە، سووکایەتی پێکردووم، وشەی: ﴿ رَبِّيٓ ﴾ لە هەردوو ئایەتە موبارەکەکەدا:

أ- ﴿ فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَكۡرَمَنِ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (**رَبِّيَ أَكْرَمَن**).

ب- هەروەها ئەوی دیکەش: ﴿ فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَهَٰنَنِ ﴾، خوێندراویشتەوە: (**رَبِّيَ أَهانَنْ**)، بە هەردوو شێوەکە خوێندراوەتەوە، (**إهانة**)ش بریتیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەسێکدا، بە جۆرێك بە سووك دابنرێ و زەبوون و بێڕێز بکرێ.

بەڵکو مرۆڤ بڕوادار وابیردەکاتەوە: بۆ ئەوەی بزانێ ئایا لەلای خوا ڕێزی هەیە یان نا؟ دەبێ تەماشا بکات بە پێوەری دیکە ئەوە هەڵسەنگێنێ، ئەو

مەسەلەیە پێوەری دیکەی هەیە، ئەویش ئەوەیە: ئایا تا چ ڕاددەیەك بەندایەتیی بۆ خوا دەكات و، پابەندە بە شەریعەتی خواوە، بە ئەندازەی پابەندیی بە شەریعەتی خواوە، مرۆڤ ڕێزو حورمەتی پەیدادەبێ و، بە ئەندازەی لادان و تاوانیش، سووكایەتیی بە خۆی دەكات.

٦- كە دەفەرموێ: ﴿بَل لَّا تُكْرِمُونَ ٱلْيَتِيمَ﴾ وشەی: ﴿بَل﴾ (بەڵكو) لە زمانی عەرەبییدا بۆ (إضْرَابَ)ە، واتە: گواستنەوە لە حاڵەتێكەوە بۆ حاڵەتێكی دیكە، یانی: ئەو حاڵەتە لێگەڕێ، وەرە تەماشای ئەمە بكە!

(بَلْ) لێرەدا بۆ گواستنەوەیە لە مەبەستێكەوە بۆ مەبەستێكی دیكەو، ئەو خاڵە هاوبەشەی لە نێوانیاندا هەیە، بریتیە لەوەی خوا ﷻ پێیان دەفەرموێ: ئەگەر ئێوە كاتێك خوا ماڵ و سامانتان بۆ زۆر دەكات، ئەوە بە ڕێزگرتنی خوا لێیان، دادەنێن، بەڵام ئێوە بەو ماڵ و سامانەی خوا پێیداون، - كە خوا ڕێزی پێ لە ئێوە گرتوە، بە پێی لێكدانەوەی خۆتان - ڕێزتان لە هەتیو نەگرتوەو هاوكارییتان نەكردوە.

هەڵبەتە ڕێزگرتن لە هەتیوییش فراوانترە لە یارمەتییدانی، بۆ مانای وشەی: ﴿ٱلْيَتِيمَ﴾،یش گوتراوە: (**الصَّبِيُّ وَالصَّبِيَّةُ: اللَّذَيْنِ مَاتَ أَبُوهُمَا قَبْلَ البُلُوغِ**)، (**یتیم**) بۆ كوڕو كچ بەكاردەهێنرێ، كە بەرلەوەی باڵغ بووبن، بابیان مردبێ.

٧- (ال)ی سەر: ﴿ٱلْيَتِيمَ﴾، هەروەها دواتر (أل) سەر: ﴿ٱلْمِسْكِينِ﴾، بۆ ناساندنە، ناساندنی جینس، واتە: تێكڕای هەتیوان و تێكڕای نەداران.

٦)- ﴿وَلَا تَحَٰٓضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ﴾، یەكدیش هان نادەن لەسەر خواردندان بە بابای نەدارو ئاتاج.

٧)- ﴿وَتَأْكُلُونَ ٱلتُّرَاثَ أَكْلًا لَّمًّا﴾، میراتیش هەمووی لرف لێدەدەن و پێكەوە دەیخۆن، (**التُّرَاثُ: المَالُ المَوْرُوث وَالتَّعْرِيف فِيهِ عِوَضٌ عَنِ المُضَافِ إِلَيْهِ**)، یانی:

(وَتَأْكُلُونَ تُرَاثَكُم) میراتەکەتان ئەوەی لە کەسێکی نیزیکتانەوە بۆتان دێ، کە دەمرێ، میراتی لێدەگرن، هەمووی پێکەوە دەخۆن. ﴿أَكۡلٗا لَّمّٗا﴾، یانی: ماڵی میراتگرەکانی دیکەش دەخەنە سەر ئەوەی خۆتان و، هەمووی پێکەوە دەخۆن.

٨)- ﴿وَتُحِبُّونَ ٱلۡمَالَ حُبّٗا جَمّٗا﴾، ماڵ و سامانیشتان بە خۆشویستنێکی زۆر خۆشدەوێ.

(الجَمُّ: الكَثير جَمَّ المَاءُ في الحَوْضِ أي: كَثُرَ، أي تُحِبُّونَ المالَ حُبّاً مُفْرِطاً) (جمّ) بە مانای زۆر دێ، دەگوترێ: ئاوەکە زۆربوو لە گۆمەکەدا، واتە: ئێوە ماڵ و سامانی دنیاتان زۆر خۆشدەوێ و لەوەدا تێتان پەڕاندوە.

چوار وردە سەرنجی دیکە لەم ئایەتانە:

١- ﴿فَقَدَرَ عَلَيۡهِ رِزۡقَهُۥ﴾، ئەم ڕاناوی (هُـ)ی، ﴿رِزۡقَهُۥ﴾ دەگونجێ بۆ خوای پەروەردگار بچێتەوە، یانی: خوا بژیوەکەی خۆی لێ کەمکردەوە، (فَقَدَرَ أيْ: فَضَيَّقَ، قَدَرَ وَقَدَّر)، (قدر وقدَّر) هەردووکیان یانی: لێی کەمکردەوە، لێی تەنگ کردەوە.

یاخود: ﴿رِزۡقَهُۥ﴾، بژیوەکەی مرۆڤە کە خۆی، واتە: ڕاناوەکە بۆ (الإنسان) دەچێتەوە.

٢- ئەو چوار وشانە: ﴿بَل لَّا تُكۡرِمُونَ ٱلۡيَتِيمَ﴾، ﴿وَلَا تَحَٰٓضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ﴾، ﴿وَتَأۡكُلُونَ ٱلتُّرَاثَ أَكۡلٗا لَّمّٗا﴾، ﴿وَتُحِبُّونَ ٱلۡمَالَ حُبّٗا جَمّٗا﴾، هەر چواریان وەك چۆن بە (ت)ی دوێنراو (مخاطَبْ) خوێنراونەوە: ﴿تُكۡرِمُونَ﴾، ﴿تَحَٰٓضُّونَ﴾، ﴿وَتَأۡكُلُونَ﴾، ﴿وَتُحِبُّونَ﴾، بە (ي)ی نادیار (غائب)یش خوێنراونەوە: (بَل لَّا يُكرِمونَ ٱلۡيَتِيمَ)، (وَلاَ يَحاضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ)، (وَيَأْكُلُوْن ٱلتُّرَاثَ أَكۡلٗا لَّمّٗا)، (وَيُحِبُّونَ ٱلۡمَالَ حُبّٗا جَمّٗا)، وشەی: ﴿تَحَٰٓضُّونَ﴾ لە (حَضّ)ەوە هاتوە، یانی: هاندان و تیژکردنی کەسێك لەسەر شتێك، ئنجا وەك چۆن بە: ﴿تَحَٰٓضُّونَ﴾، خوێنراوەتەوە، بە (تَحُضُّون)یش خوێنراوەتەوە، هەروەها بە حاڵەتی نادیاریش بە هەردووك جۆر خوێنراوەتەوە: (يَحَاضُّون) و (يَحُضُّون).

٣- ئەو ئایەتانەی دوایی کە خوا ﷻ وەك گواستنەوە (**إضْراب**)ێك لە قسەکەی پێشێیان، چوار تاوانی دیکەشیان دەداتە پاڵ، ئەوەی لێ دەفامرێتەوە، کە خوا ﷻ ئەو جۆرە بیرو بۆچوونەیان: هەر کەسێك خوا بژیوی بۆ زۆر کرد، ڕێزی لێ گرتبێ و، ئەوەی بژیوی وەتەنگ هێنا، ڕێزی لێ نەگرتبێ، هەڵدەوەشێنێتەوە، ئنجا لێرەدا دەبێ ورد سەرنج بدەین: خوا دەفەرموێ: ﴿فَأَكْرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ﴾ یانی: خوا بۆ خۆی وشەی: (**إكْرَام**)، بەکاردێنێ، کەچی دوایی کە ئەو مرۆڤە دەڵێ: ﴿رَبِّىٓ أَكْرَمَنِ﴾، پێچەوانەکەشی: ﴿رَبِّىٓ أَهَٰنَنِ﴾، خوا ئەوە هەڵدەوەشێنێتەوە لێرەدا هەڵوەشاندنەوەی بیرۆکەیەك کە خوا ﷻ وەك بیرو بۆچوونێکی چەوتی ئەوان، ڕەخنەی لێگرتوە، لەگەڵ ئەوەدا کە خوا بۆ خۆی دەیچەسپێنێ، لە یەك جیان، چونکە ئەو بێژەیەی خوا بەکاری هێناوە: (**أَكْرَمَهُ**) مەبەستی پێ ماڵ و سامان پێدانەو ﴿وَنَعَّمَهُۥ﴾ش، مەبەستی پێ خۆشگوزەران کردن و بەهرەمەند کردنە، بەڵام ئەوەی هەڵیوەشاندۆتەوە، کە بەهەمان بێژە (**لفظ**)ش هاتوە: (**ربِّي أكرمن**) ئەوەیە کە پێی وابووە لە ڕووی مەعنەوییەوە خوا ڕێزی لێگرتوە، دواییش کە خوا بژیوی لێ وەتەنگ هێناوە، گوتوویەتی: خوا لە ڕووی مەعنەوییەوە سووکایەتیی بە من کردوەو ڕێزی لێ نەگرتووم، خوا ئەوەی هەڵدەوەشێنێتەوە، واتە: ئەوەی چەسپاوە، جیایە لەوەی هەڵوەشاوە، دەبێ وا نەزانرێ کە تێکدەگیرێن، ئەوەی خوا چەسپاندوویەتی ئەوەیە کە لە ڕووی مادییەوە، بژیوی بۆ فراوان کردوە و ماڵ و سامانی پێداوەو بەهرەمەندی کردوە، ئەوەی هەڵیشیوەشاندۆتەوە، ئەوەیە کە هەر کەسێك خوا ماڵ و سامانی پێدا، بیکاتە بەڵگەی ئەوەی خوا لە ڕووی مەعنەوییشەوە ڕێزی لێگرتوە، کە نەخێر مەرج نیە، بەو شێوەیە بێ، خوا ﷻ ماڵ و سامان دەدات بە چاك و بە خراپ، بە کەسانێك کە خۆشیدەوێن و، بە کەسانێك کە خۆشیی ناوێن، بۆ تاقیکردنەوە، ئیمان و تاعەت و خۆشویستنی خواش بۆ مرۆڤێك پەیوەندیی نیە بە ماڵ و سامانەوە، بەڵکو پەیوەندیی هەیە بە ئەندازەی پابەندیی ئەو کەسەوە بە بەرنامەو شەریعەتی خوای پەروەردگارەوە.

٤- بیرۆکەی ماڵ و سامان هەبوون کردنە بەڵگەو نیشانەی ئەوەی ئەو مرۆڤە لەلای خوا بە ڕێزو حورمەتەو، هەژاریی و نەداریی کردنە بەڵگە لەسەر ئەوەی ئەو مرۆڤە

کەم بایەخە، ئەو بیرۆکەیە کاتی خۆی لە سەردەمی نەفامییدا بووە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدابێ لە ئەنجامی ئەوەدا کە مسوڵمانان لە قورئان دوور کەوتوونەوە، ئەو بیرە چەوتە هەر باوەو، کاتی خۆی یەکێك لەوانە کە بە زەندیق (ملحد) ناسراوە، بە ناوی (**أحمد الراوندي**) کە لە ساڵی (٢٥٠)ی کۆچیی دا مردوە، شیعرێکی هەیە، دەڵێ:

كَمْ عَاقِلٍ عَاقِلٍ أَعْيَتْ مَـــذَاهِبُهُ   وَجَاهِلٍ جَاهِلٍ تَلْقَاهُ مَرْزُوقــَاً

هَذا الَّذي تَـرَكَ الأَفْـهَامَ حَـائِـرَةً   وَصَيَّرَ العَالِمَ النِّحْريرَ زِنْـدِيـقَاً

واتـە: زۆر کەسـی عاقـڵ و فامیـدە هەیـە، بـەڵام مانـدوو بـووە نازانـێ چـۆن خـۆی بژیەنـێ و بژیـو پەیـدا بـکات! کەچـی بابایەکـی زۆر نەفـام و نەزانیـش دەبینـی بژیوێکـی بـاشی دراوە، ئـا ئەوەیـە کـە عەقڵەکانـی سەرسـام کـردوون و، ئەوەشـە زانـای بلیمەتـی کـردوە بـە زەندیـق و بێدیـن.

بـەڵام بێگومـان کەسـێك بەهـۆی ئـەو حاڵەتـەوە بێدیـن دەبـێ، زانـای بلیمـەت نیـە، بەڵکـو نەزانێکـی خـاوەن نەزانیـی خەسـت و خۆڵـە، چونکـە کەسـێك بزانـێ خـوا لـە دنیـادا بـۆ تاقیکردنـەوە دایناوە، کەواتـە: دەبـێ چـاوەڕێ بـکات، خـوا ﷻ بـە هەبـوون و بـە نەبـوون تاقـی بکاتـەوە، هەروەهـا بـە سـاغیی و بـە نەخۆشـیی، بـە خۆشـیی و بـە ناخۆشـیی، بـەڵام کەسـێك لـەو حیکمەتـە حاڵیـی نەبـێ، کـە خـوا مرۆڤـی لەسـەر زەوی بـۆی دانـاوە، ئـەوە کـە مەسـەلەی هەبـوون و نەبـوون، دەکاتـە بەڵگـەو نیشـانەی ئـەوەغ لـەلای خـوا بەڕێـزە، یاخـود بێڕێـزە، وەك ئـەو مرۆڤـە بێبڕوایـەی خـوا ﷻ ڕەخنـەی لـێ دەگـرێ.

هەڵبەتـە مـەرج نیـە کەسـێکی دیاریيکراویـش بووبـێ، چونکـە (أل)ی سـەر (**الإنسـان**) بـۆ جینسـی ئـەو جـۆرە کەسـەیە، کـە ئینسـانی بێبـڕواو هاوبـەش بـۆ خوادانـەرە.

مەسەلەی چوارەم:

بەرپەرچدانەوەی خوا بۆ بێبڕوایان و باسی ڕۆژی دوایی و، وردوخاش بوونی زەوی و، هاتنی خوا ﷻ و، هاتنی فریشتەکان بەڕیزو، هێنانی دۆزەخ و، بیرهاتنەوەی مرۆڤ «بێ سوود»و، خۆزگە خواستنی کە کردەوەی باشی بۆ ژیانی دوارۆژی پێشخستبایەو، هەواڵدانی خوا کە هیچکەس وەك وی سزا نادات و، هیچکەسیش وەك وی کەلەپچە ناکات:

خوا دەفەرموێ: ﴿كَلَّآ إِذَا دُكَّتِ ٱلْأَرْضُ دَكًّا دَكًّا ﴿٢١﴾ وَجَآءَ رَبُّكَ وَٱلْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا ﴿٢٢﴾ وَجِاْىٓءَ يَوْمَئِذٍۭ بِجَهَنَّمَ ۚ يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ ﴿٢٣﴾ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِى قَدَّمْتُ لِحَيَاتِى ﴿٢٤﴾ فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٌ ﴿٢٥﴾ وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٌ ﴿٢٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿كَلَّآ﴾، وانیە وەك ئێوە دەڵێن، یاخود: وازبێنن لەو کردەوانەتان، کە ڕێز لە هەتیو ناگرن و، هانی یەکدی نادەن بۆ خواردن پێدانی بابای نەدارو ئاتاج و، کاتێك میرات دەخۆن هەمووی پێکەوە دەخۆن، هەقی خۆتان و خەڵکیش و، ماڵ و سامانتان لە ڕادەبەدەر خۆشدەوێ، زیاد لە ئەندازەی ڕەوا، هەروەها واز لەو کردەوە چەوتانەی پێشێش بێنن.

وشەی: (كَلاَّ) بۆ تێوەخوڕین و بەرپەرچدانەوەیە لەو کردەوانەی پێشتر باسکراون، بەڵکو لە بیرو بۆچوونە هەڵەکەش کە مرۆڤ پێی وابێ هەرکات خوا ﷻ ماڵ و سامانی بۆ زۆر کرد، لە لای بەڕێزە، ئەگەرنا لە لای بێ ڕێزە! خوا ﷻ بەرپەرچی ئەوە دەداتەوە، دوایی دەفەرموێ:

٢)- ﴿إِذَا دُكَّتِ ٱلْأَرْضُ دَكًّا دَكًّا﴾، هەر کات زەوی کوترا، کوترا، (**الدَّكُّ: الحَطْمُ وَالكَسْرُ، أَيْ: دَكٌّ يَعْقُبُ بَعْضُهُ بَعْضَاً**)، (دَكّ): بە مانای شکاندن و تێکهاڕینە، واتە: جار لە دوای جار کوتراو تێکهاڕدراو، تێکشکێنرا، بێگومان ئەوە لە ئاخیر زەماندا ڕوو دەدا، لە قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دواییدا.

٣)- ﴿ وَجَآءَ رَبُّكَ وَٱلْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا ﴾، پەروەردگاریشت هات و، فریشتەکانیش ڕیز ڕیز، ئەوەش بێگومان لە قۆناغی دووەمی ڕۆژی دواییدا، کە قیامەتە ڕوودەدا، کە دەفەرموێ: ﴿ صَفًّا صَفًّا ﴾، بەدڵنیایی وشەی: ﴿ صَفًّا صَفًّا ﴾، کە دووبارە بۆتەوە، حاڵە بۆ وشەی (مَلَك)، واتە: فریشتەکان ڕیز، ڕیز دێن، هاتنی خوای پەروەردگاریش زانایان زۆر قسەیان لە بارەوە کردوە، زۆربەیان هەمیشە گوتوویانە: فەرمانی خوا دێ، وەك لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿ وَجَآءَ أَمْرُ رَبِّكَ ﴾، بەڵام لێرە دەفەرموێ: ﴿ وَجَآءَ رَبُّكَ ﴾، پەروەردگاریشت هات، هەروەها لە سوورەتی (**البقرة**)ش دا فەرموویەتی: ﴿ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأْتِيَهُمُ ٱللَّهُ فِى ظُلَلٍ مِّنَ ٱلْغَمَامِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَقُضِىَ ٱلْأَمْرُ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ ﴿٢١٠﴾ ﴾، واتە: ئایا چاوەڕێی چی دەکەن، جگە لەوەی خوا لە سێبەرێك، لە هەورەکاندا بێ و فریشتەکانیش بێن و، کارەکە تێکبپەڕێ و کاروبارەکانیش بۆ لای خوا بگێڕرێنەوە! بەڵام بەدڵنیاییەوە ڕای ڕاست و بێ گرێ و گۆڵ لەو بارەوە هەر ئەوەیە کە بگوترێ: هاتنی خوا ﷻ هەروەك چوونە سەر عەرشی خواو، هەموو سیفاتەکانی دیکەی خوا، بەو شێوەیە کە بۆ خوا شایستەیەو ئێمە چۆنیەتییەکەی نازانین، هەروەك چۆن ئێمە چۆنیەتیی زۆرێك لە دروستکراوەکانی خواش نازانین، بۆ وێنە: نازانین هێزی کێشندە کە ئەو هەموو گەردوونەی ڕاگرتوە چییەو چۆنە؟ بگرە چییەت (**ماهية**)ی ماددەو، ڕووحەکەی خۆمان کە لە نێوان دوو تەنیشتەکانمان دایە، چۆنیەتییەکەیان نازانین! کەواتە: ئەمەیان پێویست بە تەئویل ناکات، بەڵێ هەندێکجار زانایانی پێشین و دوایین (**سَلَف وخَلَف**) هەندێك ئایەتیان تەئویل کردوون، بۆ وێنە، ﴿ وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ﴿٤﴾ ﴾، الحديد، هەموو زانایان تەئویلیان کردوەو گوتوویانە: واتە: خوا لە گەڵتانە، بە زانیاریی و بە دەسەڵات، نەك بەزاتی خۆی لەگەڵتان بێ لێرە، بەڵام لێرەدا پەکمان لەسەر تەئویل کردنی نەکەوتوە، چونکە خوا لە قیامەتدا دێ، بەو شێوەیەی بۆ خوا شایستەیە، وەك سەرجەم سیفەتەکانی دیکەی.

کە دەفەرموێ: ﴿ إِذَا دُكَّتِ ٱلْأَرْضُ دَكًّا دَكًّا ﴾، (**الطبري**)، ئاوای لێکداوەتەوە، دەڵێ: (**إِذَا رُجَّتِ الأَرْضُ وَزُلْزِلَتْ زَلْزَلَةً بَعْدَ زَلْزَلَة، وَحُرِّكَتْ تَحْرِيكاً بَعْدَ تَحريك**)،

واتـە: کاتێـك زەوی ڕاتەکێنـدراو لـە رزێندرایـەوە، لەرزینـەوە لـە دوای لەرزینـەوەو، جووڵێنـدرا، جووڵانـدن لـە دوای جووڵانـدن، وشـەی: (دَكٌ)، وەك (دَقٌ) بـە مانـای: (لێـدان و کوتـران و هـاڕدران و شـکێنرانە)، ئـەوەش لـە قۆناغـی یەکەمـی ڕۆژی دوایـی دەبـێ، کـە ئاخیـر زەمانـە، بـەڵام لـە قۆناغـی دووەم دا کـە قیامەتـە، خـوای پـەروەردگار دێ و فریشـتەکان بەڕیـز دێـن.

٤)- ﴿ وَجِاْىٓءَ يَوْمَئِذٍ بِجَهَنَّمَ ﴾، لەو ڕۆژەدا دۆزەخیش هێنرا، یانی: دۆزەخیش ئامادەکراو هێنرا.

٥)- ﴿يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ ﴾، لەو ڕۆژەدا مرۆڤ بیری دەکەوێتەوە، بەڵام چۆن بیری دەکەوێتەوەو، چۆن لێی بەهرەمەند دەبێ؟ ئەوەی پێشێ باسکرا، هەمووی ڕێ خۆشکردن بوو بۆ ئەوەی دوایی باس دەکرێ:

لـەو ڕۆژەدا مـرۆڤ بیـری دەکەوێتـەوە، بـەڵام بیرکردنـەوە لـەوێ لـەو کاتـەدا، کـوا بـۆی دەڕەخسـێ؟ (الطَّبَري)، دەڵـێ: (يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ) (**تَفْريطَـهُ في الدُّنيـا في طَاعَـةِ اللـهِ، وَفيـمَا يُقَـرِّبُ إِلَيْـهِ مِـنْ صَالِـحِ العَمَـلْ**)، لـەو ڕۆژەدا مـرۆڤ کەمتەرخەمیـی و بـە زایەدانـی خـۆی بیـر دەکەوێتـەوە، لـە فەرمانبەریـی خـواداو، لـە کردەوەیـەك دا کـە لـە خـوای نیزیـك بخاتـەوە.

﴿ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ ﴾، (**الطَّبَري**) لـە ئیبنـو عەبباسـەوە خـوا لێیـان ڕازی بـێ، بـە ژمـارە: (٣٧٣١١) هێناویەتـی، دەربـارەی: ﴿وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ ﴾، گوتوویەتـی:

أ- (**وَكَيْفَ لَهُ**)، واتە: چۆن وەبیری دێتەوە.

ب- یاخود: چۆن بیرهاتنەوە سوودی پێ دەگەیەنێ؟ ئەگەرنا لەو کاتەدا مرۆڤ هەموو شتێکی دێتەوە یاد، بەڵام بێگومان سوودی نیە، لەو ڕۆژەدا هاتنەوە بیر و پەند وەرگرتن، چ سوودێکی هەیە؟

ج- یاخود: ﴿ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ ﴾، (ذكرى) ئەگەر بە مانای پەند وەرگرتن بێ، واتە: چۆن پەند وەردەگرێ؟ لەوێ پەند وەرناگرێ، بەڵام ئەگەر (ذكرى) بەمانای: وەبیر هاتنەوە بێ، کوا وەبیر هاتنەوەکەی لەوێ سوودی بۆی هەیە؟

٧)- ﴿ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِي قَدَّمْتُ لِحَيَاتِي ﴾، دەڵێ: ئەی خۆزگە (کردەوە باشم) بۆ ژیانم پێشم خستبایە، ﴿ يَٰلَيْتَنِي قَدَّمْتُ لِحَيَاتِي ﴾، (ل)ی سەر (حَيَاتِي)، دوو واتای هەن:

أ- (ل)ی کات دیارییکردن (توقيت)ە، خۆزگە کاتی خۆی لە ژیانمدا، ژیانی یەکەمم، ژیانی دنیامدا، کردەوەی باشم پێشخستبایەو، لەو کاتەدا کردەوەی باشم کردبانایە.

ب- (ل)ی هۆکار دۆزیی (تعليل)ە، یانی: کردەوەی باشم پێشخستبانایە بۆ ئەم ژیانەی ئێستام، بێگومان درەختی خۆزگەو بریا بۆ کەس بەری نەگرتووەو بۆ ئەویش بەر ناگرێ.

ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ:

٨)- ﴿ فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٌ ﴾، لەو ڕۆژەدا هیچکەس وەك وی (خوا) سزاو ئازار نادات.

٩)- ﴿ وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٌ ﴾، هیچکەسیش وەك وی (خوا) (تاوانباران) کەلەپچە ناکات و نابەستێ و شەتەك نادات، وشەی: ﴿ يُعَذِّبُ ﴾، و ﴿ يُوثِقُ ﴾ هەردووکیان خوێندراونەوەش: (لايُعَذَّبُ عَذابَهُ أَحَد)، (ولا يوثَقُ وثاقَه) واتە: لەو ڕۆژەدا هیچکەس وەك ئەو سزا نادرێ (وەك ئەو بێبڕوایە)و، هیچکەس وەك ئەو کەلەپچە ناکرێ و نابەسترێ، وشەی (عَذاب) و شەی (وَثَاق)، هەردووکیان چاوگن، (عَذاب) چاوگی (عَذَّب) یە، (عَذَّبَ يُعَذِّبُ عَذَاباً وتَعْذيباً) ئازاری دا ئازاری دەدا ئازاردان و سزادان، (وَثَاق)یش، چاوگی (أَوْثَقَ)یە، (أَوْثَقَ، يُوثِقُ، وَثَاقاً)، بەستی، دەیبەستێ، بەستن، (الوَثَاقُ: الرَّبْطُ وَيُجْعَلُ لِلأَسيرِ وَالمَقُودِ إِلى القَتْل)، (وَثَاق)، بریتیە لە بەستن کە بۆ بابای دیل و، کەسێك کە پەلکێش دەکرێ بۆ لە سێدارەدان و کوژران، دەبێ، تاکو خۆی نەجووڵێنێ.

لە بارەی هێنانی دۆزەخەوە، پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: {يُؤْتَى بِجَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ لَهَا سَبْعُونَ أَلْفَ زِمَامٍ، مَعَ كُلِّ زِمَامٍ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ يَجُرُّونَهَا} (أخرجه مسلم: ٢٨٤٢، والترمذي:

٢٥٧٣). واتە: دۆزەخ دەهێنرێ لەو ڕۆژەدا، حەفتا هەزار جڵەوی هەیە، لەگەڵ هەر جڵەوێکدا، حەفتا هەزار فریشتە هەن ڕایدەکێشن.

(الطَّبري)، بـە ژمـارە: (٣٧٣١٠)، لـە قەتـادەوە هێناویەتـی، گوتوویەتـی: (**جِيءَ بِهَا مَزْمومَةً**)، دۆزەخ هێـنرا بـە جڵەوکراویـی.

بەدڵنیایـی دۆزەخ عالەمێکـە، جیهانێکـی یەکجـار فراوانـە، جێـی ئەو هەمـوو بێبڕاو و تاوانبـارو خراپەکارانـەی تێـدا ببێتـەوە، دیـارە یەکجـار زۆر فراوانـە، بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە خـوای باڵادەسـت دەفەرمـوێ: لـەو ڕۆژەدا دۆزەخ دەهێـنرێ، پێغەمبەریـش ﷺ دەفەرمـوێ: ڕادەکێـشرێ و حەفتـا هـەزار جڵـەوی هەیـە، هـەر جڵەوێکیـان حەفتـا هـەزار فریشـتە ڕایدەکێشـن! لێـرەش دا بـەر لـەوەی بچینـە سـەر مەسـەلەی پێنجـەم و کۆتایـی، بـە باشـی دەزانـم کورتـە باسـێك لەبـارەی دۆزەخ و دۆزەخییانـەوە لـە بیسـت و یـەك (٢١) بڕگـەدا بکەیـن.

کورتە باسێک لە بارەی دۆزەخ و دۆزەخییەکانیەوە

بەڕێـــــزان!

کورتـە باسـێك لەبـارەی دۆزەخ و دۆزەخییانـەوە لـە بیسـت و یـەك (٢١) بڕگـەدا دەکەیـن، ئەویـش ڕاسـتەوخۆو بـە کورتکراوەیـی و گوشراویـی لـە مەوسـووعەی: **(الإسـلام كَـما يَتَجَـلّى فـي كِتـابِ اللـه، الكتـاب الثامـن: الإيمـان باليَـوْمِ الآخِـر، وَمَبْحَـثٌ مُخْتَـصَرٌ حَـوْلَ القَـدَر)** وەریدەگەریـن[1].

بڕگەی یەکەم: وەك چۆن بەهەشت پلە پلەیە بەرەو سەر، دۆزەخیش پلە پلەیە، بەڵام بەرەو خوار، دۆزەخ حەوت دەرگای هەن، پلەکانی دۆزەخ بەرەو خوار، ئەو فەرمایشتەی خوا ﷻ دەیگەیەنێ: ﴿إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا ﴿١٤٥﴾﴾النساء، واتە: بە دڵنیایی مونافیق و دەغەڵەکان لە پلەی هەرە خواری ئاگر (ی دۆزەخ)دان و، تۆ هیچ یارمەتییدەرێکت بۆ ئەوان چنگ ناکەوێ.

ئنجـا ئەگـەر مونافیقـەکان لـە تەختـی بنـی دۆزەخدابـن، لـە پلـەی خـواری خـوارەوەی، مانـای وایـە پلـەی دیکەشـی هـەن و، ئـەوەش هیـچ گومانـی تێـدا نیـە، کـە دۆزەخ حـەوت دەرگای هـەن، وەك لـە ئایەتـی ژمـارە: (٤٤)ی سـوورەتی **(الحجـر)**دا، خـوا بـە ڕاشـکاویی فەرمویەتـی: ﴿لَهَا سَبْعَةُ أَبْوَٰبٍ لِّكُلِّ بَابٍ مِّنْهُمْ جُزْءٌ مَّقْسُومٌ ﴿٤٤﴾﴾، واتـە: دۆزەخ حـەوت دەرگای هـەن، بـۆ هـەر دەرگایـەك لـەوان (لـە بێبڕوایـان و تاوانبـاران) بەشـێکی دیارییکـراو هەیـە، یـانی: تەنیـا لـەو دەرگایـەوە دەچنـە نێـو دۆزەخـەوە.

---

(١) بڕوانـە: بابـەتی: (جهنّـم ومـا فيهـا مـن صنـوف العـذاب) المجلـد الثامـن، ص ١٥٣ - ٢٠٠، الطبعة الثانية/ ٢٠١٨م.

بڕگەی دووەم: دەرگایەکانی ئاسمان بەستراون لە بەردەم ڕووحی بێبڕوایانداو بەرەو سەر ناچن، وەك خوای پەنهانزان لە سووڕەتی (**الأعراف**) لە ئایەتی ژمارە (٤٠)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا وَٱسْتَكْبَرُوا۟ عَنْهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ وَلَا يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلْجَمَلُ فِى سَمِّ ٱلْخِيَاطِ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٤٠﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی بە ئایەتەکانی ئێمە بێبڕوابوون و لە بەرانبەریان دا خۆیان بە زلگرت، دەروازەکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێنەوەو، ناچنە بەهەشت، هەتا حوشتر بە کونی دەرزییەوە نەچێ، بەو شێوەیەش سزای تاوانباران دەدەین.

پێغەمبەری خاتەم ﷺ چۆنیەتیی ڕێبەسترانی ئاسمان لە ڕووحی کافرەکانی، ڕوونکردۆتەوە، لە کاتێکدا کە گیانیان دەکێشرێ، لە فەرمایشتێکی درێژدا، کە هەرکام لە: (**أبو داود والحاكم والطيالسي وأحمد والآجري**) هێناویانە، هەروەها: (**قال الحاكم: صحيح على شرط الشيخين، وأقرّه الذهبي، وصحّحه ابن القيم في إعلام الموقعين، وتهذيب السنن، والألباني في أحكام الجنائز وبدعها، ص (١٩٨- ٢٠٢).**) بەندەش لە کتێبی پێنجەمی: (مەوسووعەی: ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی)دا هێناومە.

بڕگەی سێیەم: بەهەشت قەدەغەیە لە بێبڕوایان و هەرگیز نایچنەتێ، ئایەتەکەی لە بڕگەی پێشێدا هێنامان، بەڵگەی ئەوەیە، ئایەتی ژمارە (٤٠) لە سووڕەتی (**الأعراف**): ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا وَٱسْتَكْبَرُوا۟ عَنْهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ وَلَا يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلْجَمَلُ فِى سَمِّ ٱلْخِيَاطِ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٤٠﴾ ﴾، بێگومان لێرەدا خوا کە چوونە بەهەشتی کافرانی بەستۆتەوە، بەوەی حوشتر لە کونی دەرزییەوە بچێ، چونکە وشەی (جمل) بە مانای حوشترە، ڕایەکی دیکەش هەیە، کە (**جَمَل**) بریتیە لەو پەت و گووشە زۆر ئەستوورەی کەشتیی پێ ڕادەگیرێ، بەڵام (جمل) زیاتر مانای حوشتر دەگەیەنێ، کە هەرگیز بە کونی دەرزییەوە ناچێ و، ئەوەش لە عورفی هەموو زمانەکاندا هەیە، وەك یەکێك بەیەکێك دەڵێ: فڵان کارە ناکەم، هەتا شیر ڕەش نەبێ، یاخود: هەتا قیر سپیی نەبێ، یاخود: هەتا شیر نەچێتەوە نێو گوان، کە مەبەست پێیان

نەکردنی ئەو کارەیە، خواش دەفەرموێ: ئەوانەی بێبڕوان هەرگیز ناچنە بەهەشتەوە، هەتا حوشتر بە کونی دەرزییەوە نەچێ.

بڕگەی چوارەم: ئاگری دۆزەخ لە هەردوو لای سەرێ و خوارێوە، بەسەر بێبڕوایانی دۆزەخیی دا، زاڵ دەکرێ، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی **(الأعراف)** ئایەتی ژمارە (٤١) دا دەفەرموێ: ﴿ لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوۡقِهِمۡ غَوَاشٖۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤١﴾ ﴾، واتە: بۆیان (بێبڕوایان) هەیە ڕاخراوێك لە ئاگرو چەند پۆشاكێك لە سەروویانەوە (دیسان لە ئاگر) هەر بەو شێوەیەش سزای ستەمکاران دەدەین، وشەی: ﴿ مِهَادٌ ﴾ کە بە (**مُهُد**)، کۆ دەکرێتەوە، وەك: (**كتاب و كُتُب**)، ئەو شوێنەیە کە ئامادە دەکرێ، تاکو مرۆڤ لەسەری دابنیشێ و پشووی لەسەر بدات، (غواش)یش کۆی (**غاشية**)یە و، پۆشاكێکە کاتێك مرۆڤ دەخەوێ و پشوو دەدات، بەسەر خۆیدا دەدات، کەواتە: هەم بنەوەی بێبڕوایان ئاگرە، هەم سەرەوەشیان ئاگرە، ئەو ڕاستییەش لە زۆر شوێنی دیکە لە قورئاندا هاتوە، بۆ وێنە: ﴿ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةُۢ بِٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٤٩﴾ ﴾**التوبة**، بەدڵنیایی دۆزەخ دەورە دەری بێبڕوایانە، هەروەها لە سوورەتی (الزمر) لە ئایەتی ژمارە (١٦)دا: ﴿ لَهُم مِّن فَوۡقِهِمۡ ظُلَلٞ مِّنَ ٱلنَّارِ وَمِن تَحۡتِهِمۡ ظُلَلٞۚ ذَٰلِكَ يُخَوِّفُ ٱللَّهُ بِهِۦ عِبَادَهُۥۚ يَٰعِبَادِ فَٱتَّقُونِ ﴿١٦﴾ ﴾، بۆ ئەوان لە سەروویانەوە سێبەر هەن لە ئاگر، هەروەها لە ژێرەوەشیان سێبەر هەن...

بڕگەی پێنجەم: ڕووی بێبڕوایان لەڕۆژی دواییدا، زەبوونیی و شەرمەزاریی و ڕیسوایی دایدەپۆشێ و، ڕەش هەڵدەگەڕێ بە تۆخترین ڕەنگی ڕەش، وەك لە سوورەتی (یونس) ئایەتی ژمارە (٢٧)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَسَبُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ جَزَآءُ سَيِّئَةِۢ بِمِثۡلِهَا وَتَرۡهَقُهُمۡ ذِلَّةٞۖ مَّا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنۡ عَاصِمٖۖ كَأَنَّمَآ أُغۡشِيَتۡ وُجُوهُهُمۡ قِطَعٗا مِّنَ ٱلَّيۡلِ مُظۡلِمًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی خراپەکانیان وەدەست هێناون، سزای هەر خراپەیەك، خراپەیەکە، وەك خۆی، ئەوانە زەبوونیی دایاندەپۆشێ، لە لایەن خواوە هیچ پارێزەرێکیان نیە، وەك ڕوویان بە پارچان لە شەوی زۆر تاریك داپۆشرابێ، ئەوانە هاوەڵانی ئاگرن و، لەوێدا دەمێننەوە.

هەروەها لە شوێنی دیکەش دا خوای دادگەر باسی ئەوەی کردوە، بۆ نموونە:

أ- خوای بێنیازو جێی نیاز دەفەرموێ: ﴿ يَوۡمَ تَبۡيَضُّ وُجُوهٞ وَتَسۡوَدُّ وُجُوهٞۚ ﴿١٠٦﴾ ﴾، ئەو ڕۆژەی ڕوانێك سپیی و گەش دەبن و ڕوانێك ڕەش و تڵخ دەبن.

ب- هەروەها لە سوورەتی (عبس)دا دەفەرموێ: ﴿وَوُجُوهٞ يَوۡمَئِذٍ عَلَيۡهَا غَبَرَةٞ ﴿٤٠﴾ تَرۡهَقُهَا قَتَرَةٌ ﴿٤١﴾ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَفَرَةُ ٱلۡفَجَرَةُ ﴿٤٢﴾ ﴾، ڕوانێك لەو ڕۆژەدا تۆزو خۆڵیان لێ دەنیشێ، دووکەڵ دەچێتە سەریان، ئەوانە بێبڕوا تاوانبارەکانن.

بڕگەی شەشەم: دۆزەخییەکان بەرگی ئاگرینی سووتێنەریان لەبەر دەکرێ، وەك خوا لە سوورەتی (**الحج**) ئایەتی (١٩)دا دەفەرموێ: ﴿ هَٰذَانِ خَصۡمَانِ ٱخۡتَصَمُواْ فِي رَبِّهِمۡۖ فَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ قُطِّعَتۡ لَهُمۡ ثِيَابٞ مِّن نَّارٖ يُصَبُّ مِن فَوۡقِ رُءُوسِهِمُ ٱلۡحَمِيمُ ﴿١٩﴾ ﴾، ئەوانە دوو کۆمەڵن لە بارەی پەروەردگاریانەوە کەوتوونە کێشەوە، (کۆمەڵێك بڕوایان پەروەردگارەو بەس ئەو دەپەرستن، کۆمەڵێکیش پشت لە پەروەردگاریان دەکەن) ئەوانەی بێبڕوان بەرگیان لە ئاگر بۆ بڕاوە، ئاوی داغ و کوڵاویانیش بەسەر (تەپڵی) سەردا دادەکرێ. هەروەها لە سوورەتی (إبراهیم)، ئایەتەکانی: (٤٩ - ٥٠)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَتَرَى ٱلۡمُجۡرِمِينَ يَوۡمَئِذٖ مُّقَرَّنِينَ فِي ٱلۡأَصۡفَادِ ﴿٤٩﴾ سَرَابِيلُهُم مِّن قَطِرَانٖ وَتَغۡشَىٰ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ ﴿٥٠﴾ ﴾، لەو ڕۆژەدا تاوانباران دەبینی دوو دوو جووت کراون لە زنجیرو کەلەپچان دا.

پۆشاکەکانیان لە قەترانن[1]، [(**سَرابیل**)، کۆی (**سِرْبال**)ە، ئەو پۆشاکەی لەبەریان دەکرێ]، ئاگریش دەچێتە سەر دەموچاویان.

(**قَطران**) ماددەیەکی ڕەشی لینجە لە خەڵووزی دارو درەخت و تەختە دەردەهێنرێ، حوشتری پێ دەهەنوورێ[2]، حوشتر تووشی جۆرە دەردێك دەبێ، پێستەکەی خرووی تێدادەبێ و قەترانی تێدەدەن و تێیهەڵدەسوون بۆ ئەوەی خووەکەی بشکێ.

(١) قەتران ماددەیەکی سووتێنەری یەکجار گەرمە.

(٢) هەنوون: تێدان، پێ چەورکردن، تێهەڵسوون. بڕوانە: (المعجم الوسیط) ص ٧٤٤.

بڕگەی حەوتەم: بێبڕوایەکان ئاوی کوڵاوو داغیان بەسەر سەردا دەکرێ، ئەو ئاوە کوڵاوو داغە، هەرچی لە هەناویان دایە، هەروەها پێستەکەشیان هەمووی دەتوێنێتەوەو قاڵی دەکاتە، وەك لە ئایەتەکانی پێشێ دا، ئایەتەکانی: (١٩ - ٢٠)ی سوورەتی (**الحج**)دا، هاتوە: ﴿ هَٰذَانِ خَصْمَانِ ٱخْتَصَمُوا۟ فِى رَبِّهِمْ ۖ فَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِّن نَّارٍ يُصَبُّ مِن فَوْقِ رُءُوسِهِمُ ٱلْحَمِيمُ ﴿١٩﴾ يُصْهَرُ بِهِۦ مَا فِى بُطُونِهِمْ وَٱلْجُلُودُ ﴿٢٠﴾ ﴾، واتە: ئەمانە دوو کۆمەڵن لە بارەی پەروەردگاریانەوە کەوتوونە مشتومڕو کێشەوە، ئەوانەی بێبڕوان لە ئاگر پۆشاکیان بۆ دابڕاوە، ئاوی داغ و کوڵیویش بەسەر تەپڵی سەریان دادەکرێ، هەرچی لە هەناویاندا هەیە دەیتوێنێنەوە، هەروەها پێستەکەشیان دادەماڵێ و دەیتوێنێتەوە.

بڕگەی هەشتەم: بێبڕوایەکان بە قەمچیی ئاسن لێیان دەدرێ و، هەر کاتێك ویستیان لە دۆزەخ بچنە دەرێ، بە دڵتەنگیی و ماتەمینییەوە دەگێڕدرێنەوە بۆ نێو دۆزەخ، هەر لە سوورەتی (الحج)، ئایەتەکانی: (٢٢ - ٢٣)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَهُم مَّقَٰمِعُ مِنْ حَدِيدٍ ﴿٢١﴾ كُلَّمَآ أَرَادُوٓا۟ أَن يَخْرُجُوا۟ مِنْهَا مِنْ غَمٍّ أُعِيدُوا۟ فِيهَا وَذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ ﴿٢٢﴾ ﴾، ئەوانە قەمچیی ئاسنیان بۆ هەیە، پێی لێیان دەدرێ، هەر کاتێك بە غەم و پەژارەوە ویستیان لێی بچنە دەرێ، دەگێڕدرێنەوە نێوی، پێشیان دەگوترێ: سزای سووتێنەر بچێژن. (**مَقَامع**)، کۆی (**مقمعة**)یە، بە عەرەبیی (**مِطْرَقة**)شی پێ دەڵێن، کە جۆرێکە قەمچیی، یان کوتەکی ئاسن.

بڕگەی نۆیەم: هەر کاتێك پێستی دۆزەخییەکان سووتاو بووبە بە ڕەژوو، پێستیان بۆ تازە دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی بەردەوام سزاو ئازاری دۆزەخ بچێژن، خوا لە سوورەتی (**النساء**) ئایەتی (٥٦)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُم بَدَّلْنَٰهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿٥٦﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی بە ئایەتەکانمان بێبڕوان، لەمەودوا دەیانخەینە نێو ئاگرێکەوە، هەر کات پێستەکانیان کوڵین، (تەواو بوون و بوونە ڕەژوو) پێستی تازەیان بەبەردا دەکەین تاکو سزاو ئازار بچێژن، بێگومان خوا زاڵی کارزانە.

بڕگەی دەیەم: خواردنەوەی بێبڕوایان لە دۆزەخدا بریتیە لە ئاوی داغ و کوڵاوو کێم و زووخاو.

أ- وەك خوای کاربەجێ لە سوورەتی (**النبأ**)، لە ئایەتەکانی: (٢٤ - ٢٦)دا، دەفەرموێ: ﴿ لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا ﴿٢٤﴾ إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا ﴿٢٥﴾ جَزَآءً وِفَاقًا ﴿٢٦﴾ ﴾، واتە: تێیدا ناچێژن، نە فێنکایەتیی و نە خواردنەوە، جگە لە ئاوی کوڵاوو کێم و زووخاو، ئەوەش سزایەکی پڕ بە پێستە.

ب- هەروەها لە سوورەتی (إبراهيم) ئایەتەکانی: (١٥-١٧)دا دەفەرموێ: ﴿ وَٱسْتَفْتَحُوا۟ وَخَابَ كُلُّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ ﴿١٥﴾ مِّن وَرَآئِهِۦ جَهَنَّمُ وَيُسْقَىٰ مِن مَّآءٍ صَدِيدٍ ﴿١٦﴾ يَتَجَرَّعُهُۥ وَلَا يَكَادُ يُسِيغُهُۥ وَيَأْتِيهِ ٱلْمَوْتُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَمَا هُوَ بِمَيِّتٍ وَمِن وَرَآئِهِۦ عَذَابٌ غَلِيظٌ ﴿١٧﴾ ﴾، واتە: داوای یارمەتییان کردو هەر خۆسەپێنێکی کەللە ڕەق، بەدبەخت و بێمراد بوو، لە پشتیەوە دۆزەخ هەیە، لە ئاوێك دەیدرێتێ، کێم و زووخاوە، قوم قوم قووتی دەدا، خەریکە بۆی قووت نەچێ، مردن لە هەموو لایانەوە بۆی دێ، بەڵام نامرێ و، لە دوایەوە ئازارێکی زۆر بێڕەزاو زبرو سەخت هەیە.

ج- دیسان لە سوورەتی (**محمد**) ئایەتی (١٥)دا دەفەرموێ: ﴿ كَمَنْ هُوَ خَٰلِدٌ فِى ٱلنَّارِ وَسُقُوا۟ مَآءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَآءَهُمْ ﴿١٥﴾ ﴾، (ئایا کەسێك لەو نازو نیعمەتە دایە کە بەهەشتییەکان تێیدان) وەك کەسێك وایە کە لە ئاگردا هەمیشەیی دەبێ، ئاوێکی کوڵاو و داغیشی پێ دەنۆشرێ، ڕیخۆڵەکانی دەپچڕێ؟!

بڕگەی یازدەیەم: خواردنی بێبڕوایان لە دۆزەخدا بریتیە لە سێ شت، وەك خوا لە قورئاندا باسی کردوە:

١- (**زقوم**). ٢- (**ضريع**). ٣- (**غسلين**).

أ- (زقوم) خوا ﷻ لە زۆر شوێنان باسی کردوە، بۆ وێنە: لە سوورەتی (**الواقعة**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ إِنَّكُمْ أَيُّهَا ٱلضَّآلُّونَ ٱلْمُكَذِّبُونَ ﴿٥١﴾ لَءَاكِلُونَ مِن شَجَرٍ مِّن زَقُّومٍ ﴿٥٢﴾ فَمَالِـُٔونَ

مِنْهَا ٱلْبُطُونَ ﴿٥٣﴾ فَشَٰرِبُونَ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْحَمِيمِ ﴿٥٤﴾ فَشَٰرِبُونَ شُرْبَ ٱلْهِيمِ ﴿٥٥﴾ هَٰذَا نُزُلُهُمْ يَوْمَ ٱلدِّينِ ﴿٥٦﴾ ﴾، واتە: ئنجا ئێوە ئەی گومڕا بە درۆ دانەرەکان! لە درەختێك دەخۆن لە زەققووم، ورگی خۆتانی لێ دەئاخنن، دوایی لە ئاوی کوڵاوو داغی لەسەر دەخۆنەوە، وەك حوشتراتێك کە تووشی نەخۆشی تێر ئاو نەخواردنەوە بوون، ئاوا ئاو دەخۆنەوە، ئا ئەوە میوانداریيەکەیانە، لەو ڕۆژەدا.

ب- دەربارەی (ضَريع)يش، خوای زاڵی زانا دەفەرموێ: ﴿لَّيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٍ ﴿٦﴾ لَّا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِى مِن جُوعٍ ﴿٧﴾ ﴾**الغاشية**، واتە: خواردنیان نیە، مەگەر لە (**ضريع**)، ئەویش نە قەڵەو دەکات، نە کەلێنی برسێتییش پڕ دەکاتەوە.

ج- دەربارەی (غسلين)يش خوا لە سووڕەتی (الحاقة)دا دەفەرموێ: ﴿ فَلَيْسَ لَهُ ٱلْيَوْمَ هَٰهُنَا حَمِيمٌ ﴿٣٥﴾ وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنْ غِسْلِينٍ ﴿٣٦﴾ لَّا يَأْكُلُهُۥٓ إِلَّا ٱلْخَٰطِـُٔونَ ﴿٣٧﴾ ﴾، واتە: ئەمڕۆ (ئەو بێبڕوایە) هیچ دۆستێکی نێزیکی نیە، خواردنیشی نیە جگە لە (**غسلين**)، تەنیا تاوانبارانیش دەیخۆن.

کەواتە:

١- (زَقُّوم)، خواردنی سەرەکیی بێبڕوایانە لە دۆزەخدا، هەندێك لە زانایان دەڵێن: درەختێکە لە دۆزەخداو وێنەی نیە لە دنیادا، هەندێکی دیکە دەڵێن: بەڵکو درەختێکە لە دنیاش دا هەیەو گەڵایەکی وردی هەیە، بەرێکی زۆر تاڵ و ناخۆشی هەیە.

٢- (ضَريع)يش بوخاریی دەڵێ: (**نَبْتٌ يُقَالُ لَهُ الشِّبْرِق، يُسَمِّيهِ أَهْلُ الحِجَازِ: الضَّرِيع، إِذَا يَبِسَ وَهو سُمٌّ**)، (**ضريع**)، ڕووەکێکە پێی دەگوترێ: شیبریق خەڵکی حیجاز کاتێك وشك دەبێ پێی دەڵێن: (**ضريع**)، ڕووەکێکی ژەهراوییە.

٣- (**غسلين**)يش هەر بوخاریی دەڵێ: (**هوَ القَيْحُ والصَّدِيدُ، وَمَا يَخْرُجِ مِنَ الثَّوْبِ بعد الغَسْل**)، (**غِسلين**)، بریتیە لە کێم و زووخاو، هەروەها کە بەرگ و پۆشاکێك دەشۆررێ، چڵکاوەکەی کە دوایی لێی دێتە خوارێ، ئەوە غیسلینە. کەواتە: ئەوە خواردنە

سەرەکییەکانی بێبڕوایانن لە دۆزەخ دا: (**زَقُّوم**) و (**ضَريع**) و (**غِسلين**)، خوای میهرەبان پەنامان بدات لە دۆزەخ و، لەوەی دۆزەخییەکانی پێ سزا دەدرێن.

بڕگەی دوازدەیەم: دۆزەخییەکان کۆت و پێوەند دەخرێتە گەردنیان و، دەست و پێیان کەلەپچە دەکرێن و، بە زنجیریش دەپێچرێن، لە سوورەتی (الإنسان)، ئایەتی (٤)دا خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّآ أَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَا۟ وَأَغْلَٰلًا وَسَعِيرًا ﴿٤﴾﴾، واتە: ئێمە بۆ بێبڕوایان ئامادەمان کردوە، دامانناوە، زنجیرەکان و پێوەندەکان و، ئاگری کڵپەدار.

لـە سـوورەتی (المزمـل) ئایەتەکانـی: (١٢ - ١٣)دا، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّ لَدَيْنَآ أَنكَالًا وَجَحِيمًا ﴿١٢﴾ وَطَعَامًا ذَا غُصَّةٍ وَعَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٣﴾﴾، بەدڵنیایـی لـەلای ئێمـە هەیـە پێوەنـدەکان و کڵپـە (ی ئاگـر). هەروەهـا خواردنێـکی خـاوەن گیربـوون و ئازارێـکی بـە ئێـش. (**أَنْكَال**)، کـۆی (**نِـكْل**)ە، ئەویـش ئـەو پێوەندەیـە پێیەکانـی مرۆڤێکـی پـێ دەبەسـترێن. لـە ئایەتـی پێشـێدا فەرمـووی: ئێمـە ئامادەمـان کـردوە بـۆ بێبڕوایـان: زنجیـرەکان و کۆتـەکان و بڵێسـە: ﴿سَلَٰسِلَا۟ وَأَغْلَٰلًا وَسَعِيرًا﴾، (**سلاسـل**) کـۆی (**سِلْسِلة**)یە، یـانی: زنجیـر، زنجیـری ئاسـن، ﴿وَأَغْلَٰلًا﴾، کـۆی (**غُـلّ**)ەو بریتیـە لـەو کۆتـەی لـە گەردنـی مـرۆڤ دەکـرێ، زۆرجـار دوو دەستیشـی لەگەڵیـدا کۆدەکرێنـەوە، بـە جۆرێـك مـرۆڤ، نـە دەتوانـێ دەسـتی بجووڵێنـێ، نـە دەتوانـێ سەریشـی بەمـلاولا بجووڵێنـێ، دەبـێ ڕێـك بوەسـتێ.

هەروەهـا بـە زنجیریـش دەپێچرێـن، وەك لـە سـوورەتی (**الحَاقَّـة**) ئایەتەکانـی: (٣٠، ٣١، ٣٢)دا هاتـوە: خـوا دەفەرمـوێ: ﴿خُذُوهُ فَغُلُّوهُ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ الْجَحِيمَ صَلُّوهُ ﴿٣١﴾ ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَاسْلُكُوهُ ﴿٣٢﴾﴾ واتـە: بیگـرن و کۆتـی بخەنـە گـەردن، دوایـی بیخەنـە نێـو کڵپـە (ی دۆزەخ) ئنجـا بـە زنجیرێـك کـە درێژییەکـەی حەفتـا باسـکە بیپێچـن.

واتـە: زنجیرەکـەی بـە دەوردا بپێچـن، نـەك وەك هەندێ لـە ڕوونکەرەوانـی قوڕئان گوتوویانـە: زنجیرەکـەی بخەنـە نێـو، گوایـە دەیخەنـە زاری و لـە دواوەی دەردەچـێ،

نـا، ئـەو تەعبیـرە نـە شایسـتەی قورئانـەو، نـە خـوای پـاك و تاكیـش وایفەرمـووە، خـوا نەیفەرمـوە: (فَاْسْـلُكُوهَا فِیـهِ)، زنجیرەكـەی بخەنـە نێـو بەڵكـو فەرموویەتـی: ﴿فَٱسۡلُكُوهُ﴾ واتـە: ئەوكەسـە بخەنـە نێـو زنجیـر، ئنجـا مـرۆڤ كاتێـك دەخرێتـە نێـو زنجیـر، كـە زنجیرەكـەی بـە دەوردا بپێچـرێ، زنجیرێـك درێژییەكـەی حەفتـا (٧٠) باسـك بـێ، بـۆ ئـەوەی بەشـی بـكات، هـەر چـواردەوری بپێچـێ و وەك قاڵبێكـی ئاسـن بخرێتـە نێـوی.

سێزدەیەم: دۆزەخییەكان لە نێو صندووقی درێژكراودا دەبن، لە شوێنێك داو دەرگاكانیشیان لەسەر داخراون، وەك خوا لە سوورەتی (الهمزة)دا، دەفەرموێ: ﴿إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٌ ۝٨ فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۭ ۝٩﴾، واتە: دۆزەخ لەسەریان داخراوە، گاڵە دراوە، لە نێو كۆڵەگە درێژكراوەكان دا. ﴿عَمَدٖ﴾، كۆی (عمود)و (عماد)ە، كە بە تابووتی ئاسن یاخود بە صندووقی ئاسن دەگوترێ، یانی: لە نێو صندووقە ئاسنە درێژكراوەكان دا دانراون، لە شوێنێكدا كە شوێنەكەشیان لەسەر داخراوەو گاڵە دراوە، خوا پەنامان بدات، كە هەر هێنانە بەرچاوی خەیاڵیشی قورسە، چ جای ئەوەی كەسێك ئەو حاڵەی بەسەر بێ!

چواردەیەم: دۆزەخییەكان فڕێ دەدرێنە نێو ئاگرێكی كڵپە سەندووەوەو بە تێكشاندن تێكیان دەشكێنێ و، دەچێتە سەر عەقڵ و دڵیان، واتە: ئاگرەكە ڕێك كاریگەریی دەخاتە سەر عەقڵ و دڵیان، وەك خوا عزوجل لە سوورەتی (الهمزة)دا دەفەرموێ: ﴿كَلَّاۖ لَيُنۢبَذَنَّ فِي ٱلۡحُطَمَةِ ۝٤ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ ۝٥ نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ ۝٦ ٱلَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ ۝٧﴾، واتە: نەخێر واز بێنن، فڕێ دەدرێنە نێو ئاگرێكی تێكشكێنەرەوە، ئایا چی بە تۆی زانادوە، ئاگری تێكشكێنەر چییە؟ ئاگرێكی خوایە هەڵكراوە، دەچێتە سەر عەقڵ و دڵەكان. ﴿ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ﴾، كۆی (فُؤاد)ە، كە لە قورئاندا ناوە بۆ عەقڵ و، هەندێك جار بۆ دڵیش بەكاردەهێنرێ، ئەو ئاگری دۆزەخە دەچێتە سەر عەقڵ و دڵی مرۆڤ، ئنجا مرۆڤ كاتێك پێستی بسووتێ هێندە بە ئازارە، چ جای عەقڵ و دڵی بسووتێ! خوا دەفەرموێ: ﴿نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ﴾ ئاگری هەڵایسێنراوی خوا، واتە: جیایە

لەو ئاگرەی دنیا، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: {نَارُكُمْ جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ} (أخرجه أحمد: ١٠٢٠٤، والبخاري: ٣٠٩٢)، واتە: ئاگرەکەی ئێوە بەشێکە لە حەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ، واتە: ئاگری دۆزەخ شەست و نۆ (٦٩) هێندەی دیکە گەرمە، ئەگەر مەبەست لە ژمارە کە حەفتا (٧٠) بێ بە دیارییکراویی، ئەگەر بۆ زۆرییش بێ، دەگونجێ سەدان و هەزاران جاریش لە ئاگری دنیا گەرمتر بێ.

پازدەیەم: دۆزەخییەکان لە ژینگەیەکدا کە بایەکی زۆر گەرمی پڕووکێنەری تێدایەو، ئاوێکی کوڵاوو داغ و، سێبەرێکی لە دووکەڵێکی خنکێنەر، لە شوێنێکی ئاوادا دەژین، ئەمەش لە سوورەتی (الواقعة)دا، خوا دەیفەرمووێ: ﴿وَأَصْحَٰبُ ٱلشِّمَالِ مَآ أَصْحَٰبُ ٱلشِّمَالِ ﴿٤١﴾ فِى سَمُومٍ وَحَمِيمٍ ﴿٤٢﴾ وَظِلٍّ مِّن يَحْمُومٍ ﴿٤٣﴾ لَّا بَارِدٍ وَلَا كَرِيمٍ ﴿٤٤﴾﴾، هاوەڵانی چەپە، هاوەڵانی چەپە چیین؟ لە نێو گڕە باو ئاوی کوڵاوو داغ و لە نێو سێبەرێك لە دووکەڵدان، نەساردە، نە هیچ ڕێزو حورمەتێکیشی تێدایە. یان: نە ساردە، نە هیچ سوودێکی تێدایە.

هەروەها لە سوورەتی (المرسلات)یش لە ئایەتەکانی: (٣٠ - ٣٤)دا، خوا دەفەرمووێ: ﴿ٱنطَلِقُوٓا۟ إِلَىٰ مَا كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿٢٩﴾ ٱنطَلِقُوٓا۟ إِلَىٰ ظِلٍّ ذِى ثَلَٰثِ شُعَبٍ ﴿٣٠﴾ لَّا ظَلِيلٍ وَلَا يُغْنِى مِنَ ٱللَّهَبِ ﴿٣١﴾ إِنَّهَا تَرْمِى بِشَرَرٍ كَٱلْقَصْرِ ﴿٣٢﴾ كَأَنَّهُۥ جِمَٰلَتٌ صُفْرٌ ﴿٣٣﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٣٤﴾﴾، واتە: دەربچن بە خێرایی بەرەو سێبەرێك کە سێ پارچەیە (سێ بەشی لێ بوونەوە) نەسێبەرە، نەسوودیشی هەیە لە گڕو بڵێسە (ی دۆزەخ)، بەڵکو پارچان فڕێدەدا، وەك کۆشك وان، وەك ڕەوە حوشتری زەردن، سزای سەخت لەو ڕۆژەدا بۆ بە درۆ دانەران.

شازدەیەم: خەڵکی دۆزەخ سزایان لەسەر سووك نابێ، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو بەردەوام سزایان لەسەر توند دەکرێ، ئەمیش لە زۆر ئایەتی قورئاندا هاتوە، بۆ وێنە:

١- ﴿إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ فِى عَذَابِ جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ ﴿٧٤﴾ لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ وَهُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ ﴿٧٥﴾ وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ وَلَٰكِن كَانُوا۟ هُمُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٧٦﴾﴾الزخرف، واتە: بە دڵنیایی تاوانباران لە ئازاری

دۆزەخ دا بە هەمیشەیی دەمێننەوە، لەسەریان سووك ناكرێ، لەوێدا نائومێد دەبن، ستەمیشمان لێ نەكردوون، بەڵكو خۆیان ستەمكار بوون.

٢- لە سوورەتی (**فاطر**)، لە ئایەتی (٣٦)دا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَهُمْ نَارُ جَهَنَّمَ لَا يُقْضَىٰ عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُوا۟ وَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُم مِّنْ عَذَابِهَا كَذَٰلِكَ نَجْزِى كُلَّ كَفُورٍ ﴿٣٦﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی بێبڕوان ئاگری دۆزەخیان بۆ هەیە، كۆتاییان پێ ناهێنرێ، كە بمرن و ببڕێنەوە و كۆتاییان پێ بێ، لە ئازارەكەشی لەسەریان سووك ناكرێ، ئاوا سزای هەر سپڵەو نا سوپاسێك، یان: هەر بێبڕوایەك دەدەینەوە.

٣- لە سوورەتی (غافر)، لە ئایەتەكانی: (٤٩ - ٥٠)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ فِى ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ٱدْعُوا۟ رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٩﴾ قَالُوٓا۟ أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ ۚ قَالُوا۟ فَٱدْعُوا۟ ۗ وَمَا دُعَٰٓؤُا۟ ٱلْكَٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ ﴿٥٠﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی لە ئاگری دۆزەخدان بە دۆزەخەوانەكانیان گوت: بۆمان لە پەروەردگارتان بپاڕێنەوە، یەك ڕۆژ سزامان لەسەر سووك بكات! دۆزەخەوانەكان پێیان گوتن: ئایا پێغەمبەرانتان نەدەهاتنە لاتان، بەبەڵگە ڕۆشنەكانەوە؟ گوتیان: با، دۆزەخەوانەكان پێیان گوتن: دە بیچێژن، داواكردنی بێبڕوایان هەر لە گومڕایی و لە زایە بووندایە.

٤- لە سوورەتی (**النبأ**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ فَذُوقُوا۟ فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا ﴿٣٠﴾ ﴾، واتە: بیچێژن هەر سزاو ئازارتان بۆ زیاد دەكەین.

٥- لە سوورەتی (**الإسراء**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ مَّأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ كُلَّمَا خَبَتْ زِدْنَٰهُمْ سَعِيرًا ﴿٩٧﴾ ﴾، واتە: جێگەو ڕێگەیان - هی بێبڕوایان - دۆزەخە، هەر كە ئاگرەكە خەفە بوو، دووبارە كڵپەی دەدەینەوە بەرێ (و ئاگرەكەیان بۆ خۆشدەكەین).

حەڤدەیەم: فریشتە دۆزەخەوانەكان زۆریش دڵـڕەقن، زۆریش بەهێزن و، فەرمانەكانی خوا بەوردیی جێبەجێ دەكەن، لە سوورەتی (التحریم)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَّا

يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ﴿٦﴾ ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! خۆتان و خێزان کەس و کارتان، لە ئاگرێك بپارێزن کە سووتەمەنییەکەی خەڵکەو بەردە، فریشتە زەبەلاحە دڵڕەقەکانی بەسەرەوەن، سەرپێچیی لە فەرمانەکانی خوا ناکەن، هەرچی پێیان بگوترێ وەك خۆی ئەنجامی دەدەن.

هەڵبەتـە کەسـێکیش کـە کەسـێك ئـازارو ئەشـکەنجە دەدا، هەتـا دڵـی ڕەقتربـێ و، جەسـتەی بەهێزتـر بـێ، بێگومـان چاکـتر دەتوانـێ بابـای ئەشـکەنجەدراو ئەشـکەنجە بدات.

هەژدەیەم: دۆزەخییەکان مردنیان لە هەموو لایانەوە بۆ دێ، بەڵام نامرن، مردن بە ئاوات دەخوازن، بەڵام بە نسیبیان نابێ، بۆ وێنە:

١- لە سووڕەتی (إبراهيم)دا کە پێشتریش هێنامان، خوا فەرموویەتی: ﴿ وَيَأۡتِيهِ ٱلۡمَوۡتُ مِن كُلِّ مَكَانٖ وَمَا هُوَ بِمَيِّتٖۖ وَمِن وَرَآئِهِۦ عَذَابٌ غَلِيظٞ ﴿١٧﴾ ﴾، واتە: لە هەموو شوێنێکەوە مردنی بۆ دێ، بەڵام نامرێ، لە پشتیانەوە ئازارو ئەشکەنجەیەکی زبرو زەبەلاح هەیە.

٢- لە سووڕەتی (فاطر)یش ئایەتی (٣٦)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَهُمۡ نَارُ جَهَنَّمَ لَا يُقۡضَىٰ عَلَيۡهِمۡ فَيَمُوتُواْ وَلَا يُخَفَّفُ عَنۡهُم مِّنۡ عَذَابِهَاۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي كُلَّ كَفُورٖ ﴿٣٦﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی بێبڕوان ئاگری دۆزەخیان بۆ هەیە، کۆتاییان پێ ناهێنرێ بمرن، ئازارەکەشیان لەسەر سووك ناکرێ، ئاوا سزای هەر سپڵەیەك یاخود: هەر بێبڕوایەك دەدەینەوە.

٣- لە سووڕەتی (النبأ)یش لە ئایەتی ژمارە (٤٠)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنذَرۡنَٰكُمۡ عَذَابٗا قَرِيبٗا يَوۡمَ يَنظُرُ ٱلۡمَرۡءُ مَا قَدَّمَتۡ يَدَاهُ وَيَقُولُ ٱلۡكَافِرُ يَٰلَيۡتَنِي كُنتُ تُرَٰبَۢا ﴿٤٠﴾ ﴾، واتە: ئێمە ترساندوومانن بە سزاو ئازارێکی نیزیك، ئەو ڕۆژە مرۆڤ تەماشا دەکات، دوو دەستەکانی چییان پێشخستوە؟ بابای بێبڕواش دەڵێ: خۆزگە گڵ بوومایە.

٤- لە سوورەتی (الزخرف)یش ئایەتی (٧٧)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿وَنَادَوْاْ يَٰمَٰلِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ قَالَ إِنَّكُم مَّٰكِثُونَ ٧٧﴾، واتە: دۆزەخییەکان هاواریان کرد ئەی مالیك! (مالیك ئەو فریشتەیە سەرپەرشتیی هەموو دۆزەخ دەکات)، با پەروەردگارت کۆتاییمان پێبێنێ، فەرمووی: ئێوە ماوەوەن!

٥- لە سوورەتی (**طه**)ش دا خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُۥ مَن يَأْتِ رَبَّهُۥ مُجْرِمًا فَإِنَّ لَهُۥ جَهَنَّمَ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ ٧٤﴾، واتە: بە دڵنیایی هەرکەسێك بە تاوانباریی بێتە لای پەروەردگاری، دۆزەخ شوێنیەتی، نەتێیدا دەمرێ و نەتێیدا دەژیی، واتە: نە کۆتایی پێدێ، دەربازی بێ لە ئازارو ئەشکەنجەو، نە دەشژیەت ژیانێك پێی بگوترێ: ژیان.

نۆزدەیەم: دۆزەخییەکان لە خوای بەرز دەپاڕێنەوەو داوا دەکەن بیانگێڕێتەوە بۆ دنیا، یان بیانگێڕێتەوە بۆ ژیانێکی دیکە، هی تاقیکردنەوە، تاکو ئەوەی لە دەستیان چووە، قەرەبووی بکەنەوە، بەڵام وەڵامی ئەوەیان نادرێتەوە، بەڵکو زۆر بە توندییش سەرزەنشت دەکرێن، وەك:

١- لە سوورەتی (**فاطر**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا غَيْرَ ٱلَّذِى كُنَّا نَعْمَلُ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُ فَذُوقُواْ فَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ ٣٧﴾، واتە: ئەوان لە دۆزەخدا هاوارو بڕۆیانە، دەڵێن: پەروەردگارمان! دەرمان بێنە کردەوەی باش دەکەین، جیا لەوەی - پێشتر لە دنیادا - دەمانکرد، (خوا پێیان دەفەرموێ یان فریشتەکان): ﴿أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ﴾، ئایا بایی ئەوەندە تەمەنمان پێنەدان، کە ئەگەر کەسێك ویستبای بیری بکەوێتەوە، بیری دەکەوتەوەو پەندی وەردەگرت، ﴿وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُ﴾، ترسێنەرو وریاکەرەوەشتان بۆ هات؟ ﴿فَذُوقُواْ فَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ﴾، بیچێژن، ستەمکاران هیچ هاوکارو یارمەتییدەرێکیان نیە.

٢- لە سوورەتی (**المؤمنون**)یش ئایەتەکانی: (١٠٦، ١٠٧، ١٠٨)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿قَالُواْ رَبَّنَا غَلَبَتْ عَلَيْنَا شِقْوَتُنَا وَكُنَّا قَوْمًا ضَآلِّينَ ١٠٦ رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا مِنْهَا فَإِنْ

عُدْنَا فَإِنَّا ظَـٰلِمُونَ ﴿١٠٧﴾ قَالَ ٱخْسَـُٔوا۟ فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ ﴿١٠٨﴾ ﴾، واتە: (دۆزەخییەکان) گوتیان: پەروەردگارمان! ئێمە بەدبەختیی بەسەرمان دا زاڵ بوو و کۆمەڵێکی گومڕاو لە ڕێ لادەر بووین، پەروەردگارمان! دەرمان بێنە، ئەگەر جارێکی دیکە گەڕاینەوە، بەدڵنیایی ستەمکارین (دەرمان بێنەو بمانبەوە بۆ تاقیکردنەوە) ﴿ قَالَ ٱخْسَـُٔوا۟ فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ ﴾، (خوا) فەرمووی: بێدەنگ بن و مەمدوێنن. ﴿ ٱخْسَـُٔوا۟ ﴾، واتە: بێدەنگ بن و وشەیەکە بۆ تێخوڕینە، (**خَسَأَ بِمَعْنى بَعُدَ وَذَلَّ، وَكَلَّ وَأَعْيا**)، (**خَسَأَ**): بە مانای دوور کەوتەوە، زەبوون بوو، ماندو بوو، شەکەت بوو.

بیستەم: دۆزەخییەکان لە دیداری خوای بەرز، بێبەش دەبن، بەڵکو خوای بەرز هەر تەماشایان ناکات و نایاندوێنێ و، پاك چاکیشیان ناکات، وەك:

١- لە سووڕەتی (**المُطَفِّفين**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ كَلَّآ إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا۟ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٦﴾ ﴾، با واز بێنن، یان ئەوەی دەیڵێن ڕاست نیە، بێگومان ئەوان لەو ڕۆژەدا لە پەروەردگاریان پەردەپۆش دەکرێن (دەخرێنە پشت پەردەو، پەروەردگاریان نابینین) دواییش ئەوان دەخرێنە نێو کڵپە (ی دۆزەخە)وە.

٢- لە سووڕەتی (**آل عمران**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ ٱللَّهِ وَأَيْمَـٰنِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا أُو۟لَـٰٓئِكَ لَا خَلَـٰقَ لَهُمْ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ وَلَا يَنظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٧﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی بە پەیمانی خواو سوێندەکانیان نرخێکی کەم دەکڕن، ئەوانە لە ڕۆژی دواییدا، هیچ پشك و بەشێکی باشیان نیە، خوا نایاندوێنێ و تەماشایان ناکات لە ڕۆژی قیامەتداو، پاك و چاکیان ناکات و، ئازارێکی بە ئێشیشیان هەیە.

جێـی سـەرنجە خـوا لـە سـووڕەتی (**المطففـین**)دا، دوای ئـەوەی لـە ئایەتـی (١٥)دا دەفەرمـوێ: ﴿ كَلَّآ إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴾، واتـە: نەخێـر، ئـەوان لـە پەروەردگاریـان لـەوڕۆژەدا پـەردە پـۆش دەکرێـن، ئنجـا لـە ئایەتـی دوایـی دا دەفەرمـوێ: ﴿ ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا۟ ٱلْجَحِيمِ ﴾، دوای ئـەوەش دەخرێنـە نێـو دۆزەخـەوە،

کەواتـە: بێبـەش کرانیـان لـە دیـداری خـوا، لـە سـەریان قورسـترە لـە چوونـە نێـو دۆزەخــەوە!

بیست و یەکەم: ت خوا ﷻ نەفرین لە بێبڕوایان دەکات، لە دۆزەخداو بە هەمیشەیی دەیانهێڵێتەوەو، لە وێدا زۆر پەشێمانیی دەردەبڕن، کە فەرمانبەریی خوایان نەکردووەو، بە پێچەوانەوە فەرمانبەرییان کردوە بۆ گەورە سیاسییەکانیان و گەورە کۆمەڵایەتییەکانیان و، لاسایی ئەوانیان کردۆتەوە.

لـە سـووڕەتی **(الأحـزاب)** لـە ئایەتەکانـی: (٦٤ - ٦٨)دا، خـوا ئەمـە هەمـووی ڕوون دەکاتـەوە، دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَعَنَ ٱلْكَـٰفِرِينَ وَأَعَدَّ لَهُمْ سَعِيرًا ﴿٦٤﴾ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا لَّا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿٦٥﴾ يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِى ٱلنَّارِ يَقُولُونَ يَـٰلَيْتَنَآ أَطَعْنَا ٱللَّهَ وَأَطَعْنَا ٱلرَّسُولَا۠ ﴿٦٦﴾ وَقَالُوا۟ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ﴿٦٧﴾ رَبَّنَآ ءَاتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ ٱلْعَذَابِ وَٱلْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا ﴿٦٨﴾ ﴾، خـوا ﷻ لـەم چەنـد ئایەتـە موبارەکـەدا، هەشـت ڕاسـتیی مـەزن لـە بـارەی دۆزەخییەکانـەوە دەخاتـەڕوو:

١و٢- خوا دۆزەخییەکانی لە بەزەیی خۆی دوورخستوونەوەو، ئاگری کڵپەداری بۆ داناون: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَعَنَ ٱلْكَـٰفِرِينَ وَأَعَدَّ لَهُمْ سَعِيرًا ﴾.

٣- بێبڕوایان لە ئاگری دۆزەخدا، بە هەمیشەیی و بەردەوام دەمێننەوە، بەبێ بڕانەوە: ﴿ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴾، تێیدا دەمێننەوە هەتا هەتایە، بەبێ کۆتایی.

٤- بێبڕوایانی هەرماو لە دۆزەخدا، هیچ سەرپەرشتیارێکیان دەست ناکەوێ، سەرپەرشتییان بکات و، هیچ یارمەتییدەرێکیان نیە یارمەتییان بدات: ﴿ لَّا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴾.

٥- بێبڕوایان دەم و چاویان بە پێی ئاگرەکە دەسووڕێنرێ، تاکو ئاگرە ٥ لە هەموو لایانەوە لێیان بدات: ﴿ يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِى ٱلنَّارِ ﴾، ئەو ڕۆژەی دەم و چاویان لە ئاگردا دەسووڕێنرێ، واتە: بۆ ئەوەی ئاگر لە هەموو شوێنانیان بدات.

٦- لەو ڕۆژەدا بێبڕوایان زۆر پەشێمان دەبنەوەو داخ و خەفەت دەچێتە دڵیانەوە، کە فەرمانبەریی خوایان نەکردو، فەرمانبەریی پێغەمبەریان ﷺ نەکردوە: ﴿ يَقُولُونَ يَٰلَيۡتَنَآ أَطَعۡنَا ٱللَّهَ وَأَطَعۡنَا ٱلرَّسُولَا۠ ﴾، دەڵێن: هەی خۆزگە فەرمانبەریی خواو فەرمانبەریی پێغەمبەرمان کردبایە ﷺ.

٧- بێبڕوایان دان بەوەدادەنێن کە هۆی بێبڕواییەکەیان ئەوە بووە فەرمانبەریی گەورە سیاسییەکانیان و، دەمڕاستە کۆمەڵایەتییەکانیان کردوە: ﴿ وَقَالُواْ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعۡنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ﴾، گوتیان: پەروەردگارمان! ئێمە بە قسەی گەورە سیاسییەکانمان و دەمڕاستە کۆمەڵایەتییەکانمان کرد، ئەوانیش لە ڕێ لایاندایین... پایەدارترو، (سادَة)، کۆی (سَيِّد)ەو (كُبَرَاء)یش کۆی (كَبِير)ە، ئەوانەی پایەدارتر و بەتەمەن ترو بەڕێ و جێتربوون لە ڕووی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەوان ئێمەیان لە ڕێ لادا.

٨- ڕاستییەکی دیکەش کە لەم ئایەتە موبارەکانەدا وەردەگیرێ، ئەوەیە کە ئەوانە داوا دەکەن: بڕیار بەدەست و سەرکردەکانیان کە لە دنیادا گومڕایان کردوون، خوا زیاتر سزایان بدات: ﴿ رَبَّنَآ ءَاتِهِمۡ ضِعۡفَيۡنِ مِنَ ٱلۡعَذَابِ وَٱلۡعَنۡهُمۡ لَعۡنٗا كَبِيرٗا ﴾، پەروەردگارمان! با سزای ئەوان دوو قاتی ئێمە بێ (یاخود: چەند قاتی ئێمە بێ) بە نەفرینکردنێکی گەورەش نەفرینیان لێبکە!

لە کۆتایی باسی دۆزەخ دۆزەخییەکان دا، بەکورتیی دوو مەسەلە دەخەمە ڕوو:

یەکەم: بێگومان هەر کەسێك تەماشای ئەو ئایەتە موبارەکانە بکات، کە من مەگەر بە دەگمەن، فەرمایشتێکم هێنابێ، ئەگەرنا بەس ئایەتەکانم هێنان، چونکە ئایەتەکانی قورئان لەوبارەوە زۆرن و، هەموو شتێکیان لە بارەی دۆزەخەوە باسکردوەو، ئەوەی پێغەمبەر ﷺ باسی کردوە، هەندێك درێژەو وردەکارییە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی بەشێکی کەم لە ئایەتەکان، ئنجا هەر کەسێك تەماشای ئەو ئایەتانە بکات و، بڕواشی پێیان بێ، بێگومان خۆی لە هەموو ئەو کردەوانە دەپارێزێ، کە بەرەو دۆزەخی دەبەن، پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: {**حُفَّتْ النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ وَحُفَّتْ الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ**} (**أخرجه**

البخاري: ٦١٢٢) واتە: ئاگر بە ئارەزووان دەورە دراوەو، بەهەشت بە ناڕەحەتییان.

یـانی: کەسـێك بـەدوای ئـارەزووان بکـەوێ، بـە دوای ئاگـری دۆزەخ دا دەچـێ و، کەسـێك بیـەوێ بـەرەو بەهەشـت بچـێ، دەبـێ ناڕەحەتییـان تەحەممـول بـکات.

دووەم: ڕەنگە لێرەدا پرسیارێك لە عەقڵ و دڵی هەندێك کەس دا، سەرەتاتکە بکات: ئایا ئازارێکی بێکۆتایی بەو هەموو جۆرانەیەوە، بەرانبەرو بارتەقایە لەگەڵ تەمەنێکی کەموکورتی بابای بێبڕوادا، کە لە دنیادا بە کوفر گوزەراندوویەتی؟

بۆیـەش هەندێـك لـە زانایـان ڕایەکـی وایان هەیـە - کـە بەدڵنیایی ڕایەکـی ڕیزپەرە - دەڵـێ: کاتێـك دێ دۆزەخ کەسـی تێـدا نامێنـێ و لـە بەیندەچـێ و ئەوانـەش کـە لـە دۆزەخـدان، لـە بەیندەچـن، هەروەهـا هەندێکیـش گوتوویانـە: کاتێـك دێ، ئەوانـەی دۆزەخیـش خـوای پـەروەردگار بەزەیـی پێیـان دادێ و دەیانخاتـە بەهەشـت، بـەڵام لـە ڕاسـتییدا ئـەو دوو ڕایـە لـە گـەڵ دەقـی ئایەتـەکانی قوڕئـان و فەرمایشـتەکانی پێغەمبـەردا ﷺ، تێکدەگیرێـن و دژ دەوەسـتن.

وەڵامی ئەو پرسیارو ئیشکالەش ئەوەیە، دەڵێین:

١- هەر کەسێ بزانێ بێبڕوایی و دان نەهێنان بە پەروەردگارێتیی خواو، پەرستراوێتیی خواو، بە ناوو سیفەتەکانی خواو، بە خاوەندارێتیی خوادا، چەند تاوانێکی گەورەیە، دەزانێ کە ئەو سزایەش پڕ بە پێستە لەگەڵ ئەو تاوانە گەورەیەدا.

٢- لەلایەکی دیکەشەوە: خوا بێ سنوور مەزن و بەرزو گەورەیە، کەسێکیش سەرپێچیی لە بەرانبەر خوادا بکات، سەرپێچییەك بە مانای فراوانی سەرپێچیی: لە خوا هەڵگەڕێتەوەو، حیساب بۆ خوا نەکات و، لە بەرانبەر خوادا خۆی بە زلبگرێ، بێگومان بە ئەندازەی بەرزیی و مەزنیی و خوا، گەورەیی خوا، ئەویش شایستەی سزادرانە.

٣- هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە: لە هەر بێبڕوایەك بپرسی: ئایا ئەگەر تۆ تەمەنێکی زۆرت ببێ، تەمەنێکی تاهەتاییت هەبێ، لەسەر بێبڕوایی دەمێنیەوە؟ بێگومان دەڵێ:

بەڵێ، چونکە قەناعەتم وایەو هەر لەسەر ئەوە دەمێنمەوەو ئەوەم پێ ڕاستە، کەواتە: بەپێی قەناعەت و نیەتەکەی خۆی خوای دادگەریش سزای دەدا.

ئـەوەی لـە ڕواڵەتـی ئایەتـەکان و، لـە ڕواڵەتـی فەرمایشـتەکانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ وەردەگیـرێ، ئەوەیـە کـە سـزای دۆزەخییـەکان، هەتـا هەتاییـەو، بڕانـەوەی تێـدا نیـە، هەندێـك لـەو ئایەتانـەش کـە جۆرێـك لـە سـنووردار بـوون و کاتیـی بـوونی سـزای خـوا، دەگەیەنـن، بـۆ وێنـە:

أ- لە سوورەتی (هود)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ خَـٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَـٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ﴿١٠٧﴾ ﴾.

ب- هەروەها لە سوورەتی (**الأنعام**)دا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ ٱلنَّارُ مَثْوَىٰكُمْ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿١٢٨﴾ ﴾ **الأنعام**.

دیسـان لـە سـوورەتی (**النبـأ**)دا دەفەرمـوێ: ﴿ لَّـٰبِثِينَ فِيهَآ أَحْقَابًا ﴿٢٣﴾ ﴾، ئەوانـە هەمـووی لـە کاتـی تەفسـیرکردنی ئـەم ئایەتـە موبارەکانـەدا، وامانامـان کـردوون، کـە خـوا ﷻ بـە پێـی عەقڵـی ئێمـە، ئێمـە دەدوێنـێ، ئێمـە ئەگـەر شـتێك زۆربـێ دەڵێین: هەتـا دنیـا دنیایـە، ئنجـا ئـەو ئەبەدیـی و نەبڕانەوەیـەش هـەر کاتـی بـە دوای یەکـدا هاتـوون، ﴿ أَحْقَابًا ﴾، یانـی: کاتـە بـەدوای یەکـدا هاتـووەکان، بـەڵام بەبـێ کۆتایـی.

مەسەلەی پێنجەم و کۆتایی:

بانگکردنی مرۆڤی بڕوادار بە: ئەی نەفسی ئۆقرە گرتوو! بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگارت، تۆش لەو ڕازیی و ئەویش لێت ڕازییە، بچۆ نێو بەندەکانم و بچۆ بۆ بەهەشتەکەمەوە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفۡسُ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرۡجِعِيٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةٗ مَّرۡضِيَّةٗ ﴿٢٨﴾ فَٱدۡخُلِي فِي عِبَٰدِي ﴿٢٩﴾ وَٱدۡخُلِي جَنَّتِي ﴿٣٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفۡسُ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ ﴾، ئەی نەفسە ئۆقرەگرتووەکە! پێشتر باسمان کرد، کە مەبەست لە نەفس لێرەدا خود (**ذات**)ە، لە قورئاندا وشەی (**نَفْس**) بە دوو واتایان بەکارهاتوە.

١- وەك ڕووح لە بەرانبەر جەستەدا.

٢- هەروەها نەفس بەکارهاتوە، وەك خودی ئەو شتە بە ڕووح و جەستەوە، بۆ وێنە: لە سووڕەتی (**الزمر**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ أَن تَقُولَ نَفۡسٞ يَٰحَسۡرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنۢبِ ٱللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ ﴿٥٦﴾ ﴾، (**نفس**) یانی: کەسێك، واتە: بۆ ئەوەی کەسێك نەڵێ: ئەی داخ و خەفەت بۆ من کە لە بەرانبەر خوادا کەمتەرخەمییم کرد، بەدڵنیاییش من لە گاڵتە پێکەران بووم، کەواتە: ﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفۡسُ ﴾، یانی: کەسێك (بە ڕووح و جەستەوە)، ﴿ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ ﴾، ئۆقرە گرتوو، (**المُطْمَئِنَّة إِسْمُ فَاعِلٍ مِن اطْمَأَنَّ، إِذا كَانَ هَادِئاً غَيْرَ مُضْطَرِبٍ، ولا مُنزَعِجٍ**)، ﴿ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ ﴾، ناوی بکەرە لە کرداری (**اطْمَأَنَّ**)وە هاتوە، واتە: هێدیی بوو، ئۆقرەی گرت، ئەگەر هێدیی بێ، جووڵەو جووڵ و بێزاریی تێدا نەبێ.

٢)- ﴿ ٱرۡجِعِيٓ إِلَىٰ رَبِّكِ ﴾، بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگارت، بێگومان لێرەدا کە دەفەرموێ: بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگارت، گەڕانەوە بۆ لای خوای پەروەردگار خوازراوەتەوە، بۆ ئەوەی: بچۆ بەهەشتەوە.

٣)- ﴿ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ﴾، تۆش ڕازیی لە خواو، ئەویش لە تۆ ڕازییە، (رَاضِيَةً: **الَّتِي رَضَتْ بِمَا أُعْطِيَتْهُ مِنْ كَرَامَةٍ، وَهُوَ كِنَايَةٌ عَنْ إِعْطَائِهَا كُلَّ مَا كَانَ تَطْمَعُ إِلَيْهِ**)، (رَاضِيَةً)، واتە: بەوە ڕازی کە پێتدراوە لە ڕێزلێگرتنی خوا، لێرەدا مەبەست پێی ئەوەیە: هەرچی خواستوویەتی و لە دڵیدا ئاواتی بووە، خوا پێیداوە.

(رَاضِيَةً) ناوی بکەر (**إِسْم فاعِل**)ە، بەڵام (مَّرْضِيَّةً) ناوی بەرکار (**إِسم مَفْعول**)ە، یانی: (**مَرْضِيٌّ عَنْهَا**)، لێڕازییبوو، خوا لە تۆ ڕازییەو، تۆش پەسندکراوی لەلای خوا.

٣)- ﴿ فَٱدْخُلِي فِي عِبَٰدِي ﴾، بچۆ نێو بەندەکانمەوە، واتە: لەگەڵیاندابەو بچۆ نێو ڕیزی بەندەکانم.

٤)- ﴿ وَٱدْخُلِي جَنَّتِي ﴾، بچۆ بەهەشت و باخەکەشمەوە، لێرەدا بۆیە خوا فەرموویەتی: ﴿ فَٱدْخُلِي فِي عِبَٰدِي ﴾ دوایی فەرموویەتی: ﴿ وَٱدْخُلِي جَنَّتِي ﴾و نەیفەرمووە: (**فَادْخُلِي جَنَّتِي**)، بۆیە بە (و) گێڕدراوەتەوە بۆ سەر ڕستەی پێشێ، تاکو ئەوە بگەیەنێ کە هەردووك خرانە نێوەکان، چ کە دەخرێتە نێو بەندەکانی خواوە، چ کە دەخرێتە نێو باخ و بەهەشتی خواوە، هەردووکیان چاکەو نیعمەتێکی سەربەخۆن و، پێکەوە پەیوەست نین.

شایانی باسە: لە هەموو قورئاندا تەنیا لێرەدا وشەی: ﴿ جَنَّتِي ﴾، هاتووەو بەهەشت بەتاك، پاڵدراوەتە لای خوای بەرزی مەزن.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ، کە بە هۆی ئیمان و تاعەت و بەندایەتییەوە بۆ خواو، بەهۆی پابەندیی بە شەریعەتی خواوە، دەبنە خاوەن کەسایەتییەکی ئارامگرتوو، هێمن، دامەزراو، ئۆقرە گرتوو، ئۆخژن بۆ هاتوو، دڵنیا، بەرچاو ڕوون، هەموو ئەو واتایانەش وشەی: ﴿ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ﴾ دەیانگرێتەوە.

خوا بە بەزەیی و چاکەی خۆی ڕۆژ بەڕۆژ ئیمانمان کامڵترو دامەزراوتر بکات، بەهۆی باشترو زیاتر قوڵبوونەوەوە بە قورئانداو، کارلێککردن لەگەڵ قورئانداو،

بەهـۆی زیاتـر تێگەیشـتن و پێگەیشـتن بەهـۆی قورئانـەوە، بێگومـان خـوا ﷻ ئـەم کۆتـا فەرمایشـتەی خـۆی نـاردوە، تاکـو مرۆڤـەکان بەهۆیـەوە تێروتەواویـی وەدەسـت بێنــن، نەلەخشـاویی وەدەسـت بێنـن، ئۆقرەیـی و سرەوتـن وەدەسـت بێنـن، خـوا لـەو کەسـانەمان بگێـڕێ کـە باشـترین بەهـرە لـە فەرمایشـتی خـواوە وەردەگـرن، لـە ژیانـی تاکییـان داو، لـە ژیانـی خێزانییـان و، لـە ژیانـی کۆمەڵایەتییانـداو، لـە ژیانـی سیاسـییان دا.

خـوا لـەو کەسـانەمان بگێـڕێ کـە بـە شـوێن پێـی پێغەمبـەری خاتەمـدا ﷺ بـە دوای قورئـان دەکـەون و، بـە پێـی ڕێبازەکـەی وی لەگـەڵ کتێبـی خـوا و کۆتـا فەرمایشـتی خـوادا، مامەڵـە دەکـەن.

لێرەشــدا کۆتایــی بــە ڕوونکردنــەوەی مانــاو مەبەســتەکانی سی (٣٠) ئایەتــە بــە پێزەکانــی ســوورەتی (الفجــر)، دێیــن. دوای ئــەوەی (کورتــە باسـێك لـە بـارەی بەهەشـتەوە) دەکەیـن، وەك چـۆن کورتـە باسـێکمان بـۆ بـاسی دۆزەخ تەرخانکـرد.

کورتە باسێک دەربارەی
بەهەشت و ئەو نازو نیعمەتانەی تێیدان بۆ بەهەشتییان[1]

بەڕێـــــزان!

خـوا پشـتیوان بـێ لـە بیسـت و پێنـج (٢٥) بڕگـەدا، باسـی بەهەشـت دەکەیـن و ئـەو بیسـت و پێنـج (٢٥) بڕگەیەش هەمـووی لەبەر ڕۆشـنایی قورئانـدا دەخەینەوەڕوو، جاروبارێکیـش ئاماژەیـەك دەکەیـن بـە هەندێـك لـە فەرمایشـتەکانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ:

بڕگـەی یەکـەم: بەهەشـت هەتـا بڵێـی فراوانـەو، پێکهاتـە سەرەکییەکانیشـی بریتیـن لـە: باخـە چڕوپـڕەکان، ڕووبـارو جۆگـەو جۆبـارە ڕۆیشـتووەکان، کۆشـك و تـەلارە بـەرزەکان.

ئەگـەر تەماشـای چەنـد ئایەتێـك بکەیـن، ئـەوەی گوتمـان: هـەم فراوانیـی بەهەشـت، تاکـو ئەوپـەڕی فراوانیـی، هـەم پێکهاتـە سەرەکییەکانیشـی، زۆر بەڕوونیی دیـارە:

یەکەم: یەکەمین ئایەت کە لەوبارەوە دەیهێنین، ئایەتی ژمارە (٢١)ە، لە سوورەتی (الحديد) کە خوا دەفەرموێ: ﴿سَابِقُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا كَعَرۡضِ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ أُعِدَّتۡ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ٢١﴾، واتە: پێشبڕکە بکەن بەرەو لێبوردنێك لە پەروەردگارتانەوەو، باخێك (یان بەهەشتێك) کە پانایییەکەی بە ئەندازەی پانایی ئاسمان و زەوییە، بۆ

---

(١) ئـەم کورتـە باسـە بـە گوشراویی و پوختەکراویی لە کتێبی هەشتەمی مەوسـووعەی (الإسـلام كـما يتجلّى في كتـاب اللـه) وەردەگریـن، بـە ناوونیشـانی: (الإيمـان بِاليَـوْمِ الآخِـر، وبَحْـثٌ مُخْتَصَرٌ حَـوْلَ القَـدَر)، کـە لاپـەڕەکانی: (٢٠١ - ٢٨٣)ی گرتۆتـەوە. بڕوانـە: الطبعـة الثانيـة/ ٢٠١٨م.

ئەوانەی بڕوایان بە خواو بە پێغەمبەرانی هێناوە، ئامادەکراوە، ئا ئەوەش بەخششی خوایە، دەیدا بەهەر کەسێك بیەوێ و، خوا خاوەنی بەخششی مەزنە.

دووەم: لە سوورەتی (**آل عمران**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ ١٣٣﴾، واتە: خێرایی بکەن بەرەو لێبوردنێك لە پەروەردگارتانەوەو، باخێك (یان بەهەشتێك) کە پانییەکەی بەئەندازەی ئاسمانەکان و زەوییە، بۆ پارێزکاران دانراوە.

سێیەم: لە سوورەتی (الزمر)یشدا، خوا دەفەرموێ: ﴿لَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ رَبَّهُمۡ لَهُمۡ غُرَفٞ مِّن فَوۡقِهَا غُرَفٞ مَّبۡنِيَّةٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ وَعۡدَ ٱللَّهِ لَا يُخۡلِفُ ٱللَّهُ ٱلۡمِيعَادَ ٢٠﴾. واتە: بەڵام ئەوانەی پارێزیان لە پەروەردگاریان کردوە، ژووری بەرزیان هەن لە سەروویانەوە ژووری بەرز هەن (باڵەخانەن) دروستکراون ڕووباریان بەژێردا دەڕۆن، ئەوە بەڵێنی خوایە، بەدڵنیایی خوا بەڵێن زایەناکات.

ئەم سێ ئایەتە موبارەکە، ئەوەی گوتمان و کردوومانە بە ناوونیشان بۆ ئەم بڕگەیە، زۆر بە ڕوونیی تێیدا دیارە:

١) بە نسبەت فراوانیی بەهەشتەوە، تاکو ئەوپەڕی فراوانیی، کە لە خەیاڵ و عەقڵ و ئەندێشەدا جێی دەبێتەوە، ئایەتی ژمارە (٢١) لە سوورەتی (**الحديد**)و، ئایەتی ژمارە (١٣٣) لە سوورەتی (**آل عمران**) دەیگەیەنن، کە خوای پەروەردگار تێیان دا ڕوونی دەکاتەوە: پانایی بەهەشت[1]، بە ئەندازەی پانایی ئاسمانەکان و زەوییە، هی هەردووکیان، بۆیەش پانییەکەی باسکراوە، چونکە عادەت وایە پانایی شتێك لە درێژایی کەمتر بێ، خوای پەروەردگاریش بەپێی عەقڵی ئێمە، ئێمە دەدوێنێ، ئنجا ئەگەر پاناییەکەی بە ئەندازەی ئاسمانەکان و زەوی بێ، دەبێ درێژییەکەی چەند بێ؟!

---

(١) (عَـرْض وعُـرض)، پانیی ئەوەیە کە لە بەرانبەر (طول)دایە، واتە: درێژیی، وەك لە (مُخْتار الصِّحاح)و فەرهەنگەکانی زماندا هاتوە.

٢)- بە نسبەت پێکهاتە بنەڕەتییەکانی بەهەشتەوە، کە بریتین لە: باخ و گوڵ و گوڵزاری چڕوپڕ، ڕووبارو کانیی و سەرچاوەی لەبەر ڕۆیشتوو، کۆشکە بەرزو بڵندەکان، بەڵگەمان لەسەری ئەوەیە:

أ- پێکهاتـەی یەکـەم: خـوا ﷻ هـەر باسـی بەهەشـت بـکات، باسـی بـاخ (**جَنَّـة**) باسـی دەکات: ﴿ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡكَبِيرُ ١١ ﴾**الـبروج**، واتـە: چەنـد باخێـك ڕووبارەكانیـان بەژێـردا دەڕۆن، (**جَنَّة**)یـش بریتیـە لـە بـاخ و بێسـتانێك، کـە چڕوپـڕو، لێـك ئـاڵاو بـێ، سـێبەرەکانی داکەوتـبن، بۆیـەش بـاخ پێـی دەگوتـرێ: (**جَنَّـة**)، چونکـە ژێـر خـۆی دەشـارێتەوە لەبـەر چڕیـی و پڕیـی دارو درەختەکانـی، وەك لـە سـوورەتی (**النبأ**)یشـدا لـە ئایەتـی ژمـارە (١٦)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَجَنَّٰتٍ أَلۡفَافًا ١٦ ﴾ باخـە چڕوپـڕ و لێكئـاڵاوەكان.

ب- پێکهاتـەی دووەم: ﴿ ٱلۡأَنۡهَٰرُ ﴾یـش کـۆی (**نَهَـر**)ە، کـە بـە مانـای ڕووبـار دێ، ڕووبـاری گـەورە، هەروەهـا بـە مانـای شـاجۆگەو جۆگەلـەش دێ.

ج- پێکهاتـەی سـێیەم: کۆشـکە بەرزەکانـن، ئەمیـش لـە قورئانـدا لـە زۆر شـوێندا باسـکراوە، بـۆ وێنـە:

١- لە ئایەتی ژمارە (٢٠)ی سوورەتی (الزمر)دا، کە پێشتر خوێندمانەوە، خوا دەفەرموێ: ﴿ لَهُمۡ غُرَفٞ مِّن فَوۡقِهَا غُرَفٞ ﴾ واتە: بۆ ئەوان ژووری بەرز هەن، لە سەرووی ئەوانەوە ژووری بەرزی دیکە هەن، لە کوردیدا پێی دەڵێن: باڵەخانەو کۆشك، خانووی چەند قات.

٢- هەروەها لە سوورەتی (الفرقان)، ئایەتی (٧٥)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ يُجۡزَوۡنَ ٱلۡغُرۡفَةَ بِمَا صَبَرُواْ ٧٥ ﴾، (ٱلۡغُرۡفَةَ) یانی: کۆشکی بەرز.

٣- لە سوورەتی (العنکبوت)، ئایەتی (٥٨)دا، دەفەرموێ: ﴿ لَنُبَوِّئَنَّهُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ غُرَفٗا ﴾، کە کۆی (**غُرفة**)یەو بە (**مَنازل رفیعة**) ماناکراوە.

٤- لە سوورەتی (الفرقان)، ئایەتی ژمارە (١٠)دا، دەفەرمویٚ: ﴿ وَيَجْعَل لَّكَ قُصُورًا ﴾ کە کۆی (قَصْرَ)ە، یانی: کۆشك و باڵەخانە.

٥- لە سوورەتی (التوبة) ئایەتی (٧٢)دا، دەفەرمویٚ: ﴿ وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةً فِى جَنَّٰتِ عَدْنٍ ﴾.

هەروەها سوورەتی (الصف)، ئایەتی ژمارە (١٢)ی بەهەمان شێوە: ﴿ وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةً فِى جَنَّٰتِ عَدْنٍ ﴾، واتە: لە نشینگە پەسندەکان دا لە باخە هەمیشەییەکان دا.

لە فەرهەنگەکانی زماندا هاتوە: (**الغُرْفَةُ: وَجَمْعُهَا غُرُفات، وَغُرَفْ، هِيَ العُلِّيَّة، المَنْزِلُ الرَّفِيعُ العَالِيَ**)[١]، واتە: بریتیە لە خانوویەکی بەرزو بڵند، واتە: کۆشك، باڵەخانە.

ئەم سێ پێکهاتەیە هەرسێکیان، واتە: ١- باخ و چڕ و پڕەکان. ٢- ڕووبارەکان. ٣- کۆشکە بەرزو بڵندەکان، لە هەردوو ئایەتەکانی: (٥٤ و ٥٥)ی سوورەتی (**القَمَر**)دا هاتوون، کە کە خوا دەفەرمویٚ: ﴿ إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى جَنَّٰتٍ وَنَهَرٍ ﴿٥٤﴾ فِى مَقْعَدِ صِدْقٍ عِندَ مَلِيكٍ مُّقْتَدِرٍۭ ﴿٥٥﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیایی پارێزکاران لە نێو باخ و ڕووباراندان، لە نشینگەیەکی ئەوپەڕی پەسند، لە لای حوکمڕانی توانادار (کە خوای پەروەردگارە).

لە فەرمایشتی پێغەمبەریشدا ﷺ هاتوە، کە بەهەشت هەشت (٨) دەرگای هەن، دەفەرمویٚ: {**فِي الْجَنَّةِ ثَمَانِيَةُ أَبْوَابٍ، فِيهَا بَابٌ يُسَمَّى الرَّيَّانَ، لَا يَدْخُلُهُ إِلَّا الصَّائِمُونَ**} (**أخرجه البخاري: ٣٠٨٤**)، واتە: بەهەشت هەشت دەروازەی هەن، دەرگایەکی تێدایە پێی دەگوترێ: (**الريان**) تەنیا ڕۆژووەوانان (ئەوانەی زیاتر بەڕۆژووبوون) لەو دەرگایەوە دەچنە ژووری.

---

(١) المعجم الوسيط، ص ٦٥٠.

دۆزەخ حەوت دەرگای هەن، وەك لە دەرسی پێشوودا باسمان كرد، بەڵام بەهەشت هەشت دەرگای هەن.

بڕگەی دووەم: میوەكان (**فواكه**) خواردنی سەرەكیی بەهەشتییەكانن

خوا ﷻ لە زۆر شوێنی قورئاندا باسی میوەی كردوە، كە لە بەهەشتدا هەیە، هەروەها جۆرەكانی میوە، چونكە میوە كەسێك دەیخوات كە برسیی نەبێ، بە زۆریی وایە میوە لەسەر تێریی دەخورێ و بۆ خۆشیی دەخورێ، تەنیا بۆ چێژ وەرگرتن دەخورێ، با سەرنجی هەندێك لە ئایەتەكان بدەین:

١- لە سوورەتی (الزخرف) لە ئایەتەكانی: (٧٢ - ٧٣)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَتِلْكَ ٱلْجَنَّةُ ٱلَّتِىٓ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٧٢﴾ لَكُمْ فِيهَا فَٰكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِّنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٧٣﴾ ﴾، واتە: ئەو بەهەشتەی ئێوە بە میراتتان گرتوە، بەهۆی ئەوەوەغ دەتانكرد، بۆ ئێوە لەوێدا میوەی زۆر هەیە، لێی دەخۆن.

٢- هەروەها لە سوورەتی (یس)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ ٱلْيَوْمَ فِى شُغُلٍ فَٰكِهُونَ ﴿٥٥﴾ هُمْ وَأَزْوَٰجُهُمْ فِى ظِلَٰلٍ عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ مُتَّكِـُٔونَ ﴿٥٦﴾ لَهُمْ فِيهَا فَٰكِهَةٌ وَلَهُم مَّا يَدَّعُونَ ﴿٥٧﴾ ﴾، واتە: هاوەڵانی بەهەشت ئەمڕۆ سەرقاڵی نازو نیعمەت و خۆشیی و لەززەت وەرگرتنن، خۆیان و هاوسەرانیان لە سێبەرەكانی بەهەشتدا (لە سێبەرەكانی دارو درەختی بەهەشتدا) لەسەر تەختان پاڵیانداوەتەوە، میوە لەوێدا بۆ ئەوان هەیەو هەرشتێك داوای بكەن (هەیە).

٣- هەروەها لە سوورەتی (الرحمن)دا، دەفەرموێ: ﴿ فِيهِمَا مِن كُلِّ فَٰكِهَةٍ زَوْجَانِ ﴿٥٢﴾ ﴾. واتە: لە هەردووكیان دا هەیە، دوو جووت میوە.

٤- لە سوورەتی (الرحمن)دا، دیسان دەفەرموێ: ﴿ فِيهِمَا فَٰكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ ﴿٦٨﴾ ﴾. واتە: لە هەردووكیان دا میوەو خورماو هەنار هەیە.

٥- لە سوورەتی (**الواقعة**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَفَٰكِهَةٍ مِّمَّا يَتَخَيَّرُونَ ﴿٢٠﴾ ﴾، واتە: هەر میوەیەك لەوەی تێیدا هەڵدەبژێرن.

هەروەهــا: ﴿ وَفَٰكِهَةٍ كَثِيرَةٍ ۝٣٢ لَّا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ ۝٣٣ ﴾. واتــە: میــوەی زۆریــش (هەیــە)، نەبــڕاوەو نەڕێلێگیــراوە.

٦- لە سوورەتی (الحاقة)دا، دەفەرموێ: ﴿ فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ ۝٢٢ قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ ۝٢٣ ﴾، (قُطُوفْ) کۆی (قِطْفَ)ە، چنراو، واتە: لە باخێکی بەرزدا. میوەو چنراوەکانی نیزیکن.

٧- لە سوورەتی (الإنسان)یش دا دەفەرموێ: ﴿ وَدَانِيَةً عَلَيْهِمْ ظِلَٰلُهَا وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلًا ۝١٤ ﴾. واتە: سێبەرەکانیان لێیانەوە نیزیکن و، میوە چنراوەکانیشی ملکەچ کراون.

٨- لە سوورەتی (محمد)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَهُمْ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَمَغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ ۝١٥ ﴾ واتە: هەموو جۆرە میوەکانی بۆ وان تێدان و لێبوردنێك لە پەروەردگاریانەوە.

ئنجــا میــوە کــە خواردنــی ســەرەکیی بەهەشــتییەکانە لــە بەهەشــت دا، خــوا بــە هەشــت ســیفەت وەســفی کــردوە:

١- ئەو میوانەی لە بەهەشتدا هەن، شێوەی میوەکانی دنیا دەکەن، وەك لە سوورەتی (البقرة) ئایەتی (٢٥)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَأُتُوا۟ بِهِۦ مُتَشَٰبِهًا ۝٢٥ ﴾، واتە: میوەیان بۆ هێنرا، وێکچوویە، واتە: لە میوەکانی دنیا دەچن، چونکە مرۆڤ سرووشتی وایە لە شتێك دەسڵەمێتەوە کەپێی ئاشنا نەبێ، بەڵام بێگومان میوەکانی بەهەشت کە وەك میوەکانی دنیا دەچن، مانای وانیە وەك یەکن، وەك ئیبنو عەبباس رضي الله عنه، قسەیەکی هەیە دەڵێ: (**لَيْسَ فِي الجَنَّةِ شَيءٌ مِمَّا فِي الدُّنيا إلاَّ الأَسْمَاء**)، (**أخرجه الضياء المقدسي: ٦، وغيره، وصحَّحه الألباني في «صَحيح الجامع»: ٥٠١٠**)، واتە: لەوەی لە بەهەشتدا هەیە، لە چاو ئەوەی لە دنیادا هەیە، تەنیا لەناودا یەکن، واتە: شێوەو ناویان یەکە، بەڵام جیاوازیی نێوەڕۆکیان ئاسمان و ڕێسمانە.

٢- میوەکانی بەهەشت زۆرن و، لە هەموو کاتێکدا چنگ دەکەون: ﴿ لَكُمْ فِيهَا فَٰكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِّنْهَا تَأْكُلُونَ ۝٧٣ ﴾الزخرف، ﴿ وَفَٰكِهَةٍ كَثِيرَةٍ ۝٣٢ لَّا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ ۝٣٣ ﴾ **الواقعة**.

٣و٤) میوەکانی بەهەشت لە هەموو کاتاندا هەن و، لە هەموو حاڵانیشدا چنگ دەکەون، وەك میوەی دنیا نین، بە پێی کەشەکانی ساڵ هەبن، ئنجا جاری وایە میوە هەیە، بەڵام ئەو مرۆڤە دەستی ناکەوێ، میوەکانی هەمیشە هەن و، هەمیشەش بەردەستن بۆ بەهەشتییان، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَفَٰكِهَةٖ كَثِيرَةٖ ﴿٣٢﴾ لَّا مَقۡطُوعَةٖ وَلَا مَمۡنُوعَةٖ ﴿٣٣﴾ ﴾**الواقعة**، واتە: میوەی زۆریش، نە بڕدراوەو نە قەدەغەکراویشە.

٥- بەهەشتییەکان بەویست و ئارەزووی خۆیان لێی هەڵدەبژێرن، وەك لە سووڕەتی (**الواقعة**) لە ئایەتی (٢٠)دا دەفەرموێ: ﴿ وَفَٰكِهَةٖ مِّمَّا يَتَخَيَّرُونَ ﴿٢٠﴾ ﴾، میوە لەوەی خۆیان گوڵبژێری دەکەن، هەڵیدەبژێرن.

٦- بە ئاسانیی دەستیان دەگاتێ: ﴿ قُطُوفُهَا دَانِيَةٞ ﴿٢٣﴾ ﴾**الحاقة**، چنراوەکان (ی باخەکانی بەهەشت) نیزیکن، هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَجَنَى ٱلۡجَنَّتَيۡنِ دَانٖ ﴿٥٤﴾ ﴾الرحمن، واتە: ئەوەی لە دووباخەکان دەچنرێ و لێ دەکرێتەوە، نیزیکەو بە ئاسانیی دەستیان دەیگاتێ.

٧- لە هەموو جۆرە میوەکان دوو جووت هەن، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ فِيهِمَا مِن كُلِّ فَٰكِهَةٖ زَوۡجَانِ ﴿٥٢﴾ ﴾الرحمن، لەو بەهەشتەدا هەیە، لەو باخەدا، لە هەر میوەیەك جووتێك.

٨- هەموو جۆرە میوەکان لە بەهەشتدا هەن: ﴿ يَدۡعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَٰكِهَةٍ ءَامِنِينَ ﴿٥٥﴾ ﴾الدخان، واتە: لە هەموو جۆرە میوەیەك لێی داوا دەکەن، زۆر دڵنیاو هێمنیشن، ئەو میوانەش کە لە بەهەشتدا هەن و، خوای پەروەردگار باسیکردوون، بەپێی زانیاریی بەندە، چوارن:

١: التَّمْر (خورما).

٢: العِنَبْ (ترێ).

٣: مُواز (مۆز).

٤: الرُّمَّان (هەنار).

وەك خـوا بەنسـبەت خورمـاو هەنـارەوە فەرموویـەتی: ﴿ فِيهِمَا فَٰكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ ﴿٦٨﴾ ﴾. بەنسـبەت ترێوەش، دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا ﴿٣١﴾ حَدَآئِقَ وَأَعْنَٰبًا ﴿٣٢﴾ ﴾.

بـە نسـبەت مۆزیشـەوە فەرموویـەتی: ﴿ وَطَلْحٍ مَّنضُودٍ ﴿٢٩﴾ ﴾، واتـە: مـۆزی ڕیزكـراو (مـۆزەكان كـە لەسـەر یـەك ڕیـز بـوون).

بڕگەی سێیەم: جگە لە میوە، لە خواردنی بەهەشتییەكان گۆشتە.

خـوای میهرەبـان لـە زۆر جێیـان دا باسـی گۆشـتی كـردوە بـۆ بەهەشـتییان، بـۆ نموونـە:

أ- لە (**الطور**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَأَمْدَدْنَٰهُم بِفَٰكِهَةٍ وَلَحْمٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾**الطور**، واتە: پێماندان لە میوەو لە گۆشتێك كە خۆیان ئارەزووی دەكەن.

ب- هەروەها لە سووڕەتی (**الواقعة**)دا هاتوە: ﴿ وَلَحْمِ طَيْرٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ گۆشتی باڵندەش لەوەی ئارەزووی دەكەن.

لـە سـووڕەتی (**الواقعـة**)دا دەفەرمـوێ: گۆشـتی باڵنـدەو پـەڕەوڕ، بـەڵام لـە سـووڕەتی (**الطـور**)دا بەگشـتیی باسـی گۆشـتی كـردوە، تاكـو گۆشـتی باڵنـدەو جگـە لـە باڵنـدەش بگرێتـەوە.

بڕگـەی چـوارەم: خواردنـەوەی بەهەشـتییەكان لـە بەهەشـتدا، هەمـوو خواردنـەوە بـە چێژەكانـن بـە تایبـەت لـە نێویانـدا: ئـاوو شـیرو شـەراب و هەنگویـن.

خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (محمـد)دا ئـەو چـوارەی پێكـەوە باسـكردوون، لـە ئایەتـی ژمـارە (١٥)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ مَّثَلُ ٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى وُعِدَ ٱلْمُتَّقُونَ فِيهَآ أَنْهَٰرٌ مِّن مَّآءٍ غَيْرِ ءَاسِنٍ وَأَنْهَٰرٌ مِّن لَّبَنٍ لَّمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُۥ وَأَنْهَٰرٌ مِّنْ خَمْرٍ لَّذَّةٍ لِّلشَّٰرِبِينَ وَأَنْهَٰرٌ مِّنْ عَسَلٍ مُّصَفًّى وَلَهُمْ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَمَغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ كَمَنْ هُوَ خَٰلِدٌ فِى ٱلنَّارِ وَسُقُوا۟ مَآءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَآءَهُمْ ﴿١٥﴾ ﴾، واتـە: وێنـەی ئـەو بەهەشـتەی بەڵێنـدراوە بـە پارێـزكاران، ڕووبارەكانـی

ئاوی بۆن نەکردووی تێدان و، ڕووبارەکانی شیری تام نەگۆڕاوو، ڕووبارەکانی مەیی کە هەر چێژە بۆ خۆرەوانی (ئازارو سەرئێشەی نیە) و، ڕووبارەکانی هەنگوینی پاڵاوتە، هەروەها بۆ ئەوان هەیە، لەهەموو جۆرە میوەکان و لێبوردنێك لە پەروەردگاریانەوە...

خوای بەخشەر باسی ئەو چوار جۆرە خواردنەوەیە دەکات: ئاوو، شیرو شەراب و هەنگوین، بەڵام واپێدەچێ خواردنەوەی بنەڕەتیی بەهەشتییەکان بریتی بێ لە شەراب، خوا ﷻ بە سێزدە (١٣) وەسفان باسی شەرابەکەی بەهەشت دەکات:

١/ ئەو شەرابە لاوانی تازە پێگەیشتوو دەیگێڕن، کە لەو تەمەنەدا دەمێننەوەو خوا بەس بۆ خزمەتی بەهەشتییان دروستیکردوون، وەك دەفەرموێ: ﴿يَطُوفُ عَلَيۡهِمۡ وِلۡدَٰنٞ مُّخَلَّدُونَ ١٧ بِأَكۡوَابٖ وَأَبَارِيقَ وَكَأۡسٖ مِّن مَّعِينٖ ١٨﴾ **الواقعة**.

٢/ ئەو شەرابە لە دەفری گەورەدایە، کە خوای میهرەبان بە (**أَباريق**) و (**آنية**)، ناوی دەبا، (**أَباريق**) کۆی (**إبريق**)ەو (**آنية**)ش کۆی (**إناء**) ەو (**أواني**)یش کۆی کۆیە، (**إناء**)، یانی: گۆزە، شەربە، سوراحیی، کە بۆیان لە بەرداخ دەکرێ، ئەمە لە ئایەتی (١٨)ی سوورەتی (**الواقعة**) و، ئایەتی (١٥)ی سوورەتی (الإنسان)دا، خوای بەخشەر باسی کردوە.

٣/ ئەو شەرابە لە ڕووبارو کانیی و سەرچاوەیەکی بەرچاو، هەڵدەهێنجرێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَكَأۡسٖ مِّن مَّعِينٖ﴾ ئەمە لە ئایەتی ژمارە (١٨)ی سوورەتی (**الواقعة**)و، لە ئایەتی (٤٥)ی سوورەتی (**الصَّافات**)دا هاتوە، واتە: پەرداخێك، کووپێك لە کانیی و سەرچاوەیەکی بەرچاو، یاخود: ئاو لەبەر ڕۆیشتوو وەردەگیرێ.

٤/ شەرابی بەهەشت هیچ ئازارێکی تێدانیەو، هیچ زیانێکی تێدانیە، نە بۆ جەستە، نە بۆ عەقڵ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿لَا فِيهَا غَوۡلٞ وَلَا هُمۡ عَنۡهَا يُنزَفُونَ ٤٧﴾ الصافات.

هەروەها لە سوورەتی (**الواقعة**)دا، دەفەرموێ: ﴿لَّا يُصَدَّعُونَ عَنۡهَا وَلَا يُنزِفُونَ ١٩﴾ کەواتە: سەرئێشە و سەرخۆش بوون و عەقڵ لەلا نەمان، بەهۆی شەرابی بەهەشتەوە لە مرۆڤەکان دا پەیدانابێ.

٥/ ئەو شەرابە زۆر سپییەو زۆریش بەچێژە بۆ ئەوانەی دەیخۆنەوە، وەك خوا لە سوورەتی (الصافات)دا، دەفەرموێ: ﴿ بَيْضَآءَ لَذَّةٍ لِّلشَّـٰرِبِينَ ﴿٤٦﴾ ﴾، سپییە و زۆریش بە چێژە، بۆ خۆرەوانی.

٦/ ئەو شەرابە (**كافور**) یاخود (**زَنْجَبيل**)، یاخود (**تَسْنيم**)ی لەگەڵ تێکەڵ دەکرێ، وەك خوا دەفەرموێ:

أ- ﴿ إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ يَشْرَبُونَ مِن كَأْسٍ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا ﴾**الإنسان**،

ب- هەروەها هەر لە سوورەتی (**الإنسان**) ئایەتی ژمارە (٧)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَيُسْقَوْنَ فِيهَا كَأْسًا كَانَ مِزَاجُهَا زَنجَبِيلًا ﴾، (**مِزاج**)، واتە: ئەوەی لەگەڵی دا ئاوێتە دەکرێ، جارێك (کافور)ی لەگەڵ دا ئاوێتە دەکرێ و، جارێك (زنجبیل).

ج- هەروەها خوا لە سوورەتی (**المطففین**) ئایەتەکانی: (٢٧ - ٢٨)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَمِزَاجُهُۥ مِن تَسْنِيمٍ ﴿٢٧﴾ عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾، واتە: ئەوەی لەگەڵی تێکەڵ دەکرێ لە (**تسنیم**)ە، کە سەرچاوەیەکە زۆر نیزیکخراوان (لە خوا) (بەبێ تێکەڵکران) لێی دەخۆنەوە.

٧/ شەرابی بەهەشت ساغ و سافە، ئەو دەفرانەش کە تێیان کراوە، بەستراون، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ يُسْقَوْنَ مِن رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ ﴿٢٥﴾ خِتَـٰمُهُۥ مِسْكٌ ۚ وَفِى ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ ٱلْمُتَنَـٰفِسُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾، **المطففین**، واتە: پێیان دەنۆشێنرێ لە شیلەیەکی دەم بەستراو، کە بە میسك بەستراوە، با هەر لەوەدا ئەوانەی پێشبڕکە دەکەن، پێشبڕکە بکەن.

(**رَحیق**) لە هەر شتێك بریتیە لە شیلەو پوختەکەی، کە هیچی دیکەی لەگەڵ تێکەڵ نەکرابێ، وەك فەرهەنگەکانی زمان دەڵێن، (**مَختوم**)یش واتە: بەستراو.

٨/ خەڵکی بەهەشت بە کەیفی خۆیان مامەڵە دەکەن لەگەڵ کانیی و سەرچاوەکانی شەرابی بەهەشت داو، بۆ کوێیان بوێ بۆ وێی دەبەن: ﴿ إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ يَشْرَبُونَ مِن كَأْسٍ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا ﴿٥﴾ عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا عِبَادُ ٱللَّهِ يُفَجِّرُونَهَا تَفْجِيرًا ﴿٦﴾ ﴾الإنسان،

واتە: چاکەکاران لە پێکێك دەخۆنەوە کافووری لەگەڵ تێکەڵ کراوە، سەرچاوەیەکە بەندەکانی خوا لێی دەخۆنەوە، بۆ هەر شوێنێکیشیان بوێ، ئاوەکەی ڕادەکێشن.

٩/ ئەو سەرچاوەیەی شەڕابی بەهەشتییانی لێ هەڵدەقوڵێ، پێی دەگوترێ: (سَلْسَبيل): ﴿ وَيُسْقَوْنَ فِيهَا كَأْسًا كَانَ مِزَاجُهَا زَنجَبِيلًا ﴿١٧﴾ عَيْنًا فِيهَا تُسَمَّىٰ سَلْسَبِيلًا ﴿١٨﴾ ﴾، دیارە (سَلْسَبيل) بریتیە لە ناو بۆ خواردنەوەیەکی شیرینی بەئاسانیی و خێرایی لە گەروو چووە خوار، کە گیرو تفت و تاڵ و ناخۆش نەبێ.

١٠/ قاپ و قاچاغ و دەفرەکان کە ئەو شەڕابەیان پێ دەگێڕدرێ، لە شێوەی شووشەدان و لە سپێتیی زیودا، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيُطَافُ عَلَيْهِم بِآنِيَةٍ مِّن فِضَّةٍ وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَا ﴿١٥﴾ قَوَارِيرَا مِن فِضَّةٍ قَدَّرُوهَا تَقْدِيرًا ﴿١٦﴾ ﴾الإنسان.

١١/ ئەو گەنج و لاوانەی ئەو شەڕابە دەگێڕن، بەسەر بەهەشتییانەوە، ئەندازەگیریی دەکەن، هەر کەسە بە ئەندازەی خۆی، نە زیاد، نە کەم، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ قَوَارِيرَا مِن فِضَّةٍ قَدَّرُوهَا تَقْدِيرًا ﴾الإنسان: ١٦، واتە: ئەندازەگیرییان کردوە بە ئەندازەگیرییەکی ڕێك.

١٢)- بەهەشتییەکان کە شەڕابی بەهەشت دەخۆنەوە، جاری وایە لەوێدا پێکی شەڕاب لە یەکدی وەردەگرن، وەك خۆشیی و گاڵتەو سوعبەت، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەکیان لێ دەربچێ، پووچ و بێ واتاو نارێك بێ، وەك خوا لە سووڕەتی (**الطور**)دا، دەفەرموێ: ﴿ يَتَنَازَعُونَ فِيهَا كَأْسًا لَّا لَغْوٌ فِيهَا وَلَا تَأْثِيمٌ ﴿٢٣﴾ ﴾، واتە: لەوێدا پێك لە دەستی یەکدی دەڕفێنن و وەردەگرن، بەڵام هیچ قسەیەکی پووچ و گوناهبارکەری تێدا نیە.

١٣/ نایابترین شەڕاب و خواردنەوەی بەهەشت، بریتیە لەو خواردنەوە پاك و پاککەرەوەیەی، لەلایەن پەروەردگاریانەوە پێیان دەدرێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَسَقَاهُمْ رَبُّهُمْ شَرَابًا طَهُورًا ﴾الإنسان: ٢١.

واتە: پەروەردگاریشیان خواردنەوەیەکی پاك و پاککەرەوەی پێ نۆشکردن[1].

---

(١) (المِصبَاحُ المُنير) لەلاپەڕە (١٩٦)دا دەڵێ: (الطَّهُور في اللُّغةِ: الطَّاهِرُ والمُطَهِّرُ)، (طَهور): پاك و پاك کەرەوەیە.

برگـەی پێنجـەم: بەهەشـتییەکان لـە باشـترین جـۆرە پۆشـاك دەپۆشـن، بەجوانتریـن خشـڵ دەرازێنەوە.

ئەمیش لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا هاتوە، بۆ وێنە:

١- خوا لە سوورەتی (**الإنسان**)دا دەفەرموێ: ﴿ عَٰلِيَهُمۡ ثِيَابُ سُندُسٍ خُضۡرٞ وَإِسۡتَبۡرَقٞۖ وَحُلُّوٓاْ أَسَاوِرَ مِن فِضَّةٖ وَسَقَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡ شَرَابٗا طَهُورًا ﴿٢١﴾ ﴾، واتە: پۆشاکی ئاوریشمی تەنکی سەوزو ئەستوور (ی سەوز)یان لەسەرەوەیەو، بەبازنەی زێر دەرازێنرێنەوەو، پەروەردگاریشیان خواردنەوەیەکی پاك و پاککەرەوەی پێدان.

٢- هەروەها لە سوورەتی (**فاطر**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا يُحَلَّوۡنَ فِيهَا مِنۡ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٖ وَلُؤۡلُؤٗاۖ وَلِبَاسُهُمۡ فِيهَا حَرِيرٞ ﴿٣٣﴾ ﴾، چەند باخێکی هەمیشەیی دەیانچنەتێ، لەوێدا دەرازێنرێنەوە بە بازنی زێرو گەوهەرو، پۆشاکەکەشیان لەوێدا ئاوریشمە.

برگـەی شەشـەم: جێـگاو ڕێـگاو خانووبـەرەی بەهەشـتییەکان، بریتیـن لـە باڵەخانـەکان و کۆشـکە بـەرزەکان، کـە بـە باشـترین کـەل و پـەل تەجهیـز کـراون، ئـەو کەلوپەلانـەی پێویسـتیانن، وەك: تەخـت و، قـاپ و قاچـاغ و سـەرجەم ئـەو شـتانەی بەکاریـان دێنـن:

خـوا لـە زۆر شـوێنی قورئـان دا باسـی ئـەوەی کـردوە، بـۆ وێنـە: لـە سـوورەتی (**الغاشـية**)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٖ نَّاعِمَةٞ ﴿٨﴾ لِّسَعۡيِهَا رَاضِيَةٞ ﴿٩﴾ فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٖ ﴿١٠﴾ لَّا تَسۡمَعُ فِيهَا لَٰغِيَةٗ ﴿١١﴾ فِيهَا عَيۡنٞ جَارِيَةٞ ﴿١٢﴾ فِيهَا سُرُرٞ مَّرۡفُوعَةٞ ﴿١٣﴾ وَأَكۡوَابٞ مَّوۡضُوعَةٞ ﴿١٤﴾ وَنَمَارِقُ مَصۡفُوفَةٞ ﴿١٥﴾ وَزَرَابِيُّ مَبۡثُوثَةٌ ﴿١٦﴾ ﴾.

جێی مەبەستمان ئەوەیە کە دەفەرموێ:

١- ﴿ فِيهَا سُرُرٞ مَّرۡفُوعَةٞ ﴾ تەختە بەرزەکانی تێدان.

٢- ﴿ وَأَكْوَابٌ مَّوْضُوعَةٌ ﴾، پەرداخە دانراوەکانیش.

٣- ﴿ وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ ﴿١٥﴾ ﴾ باڵنجە ڕیزاوەکانیش.

٤- ﴿ وَزَرَابِيُّ مَبْثُوثَةٌ ﴾، فەرش و بەڕە بڵاو کراوەکانیش.

بڕگەی حەوتەم: خزمەتکرانیان لەلایەن گەنجانی تازە پێگەیشتووەوە: بەهەشتییەکان گەنجانی کەم تەمەن کەبە: ﴿ غِلْمَانٌ ﴾ و ﴿ وِلْدَانٌ ﴾ ناویان هێنراوە، خزمەتیان دەکەن، ﴿ غِلْمَانٌ ﴾، کۆی (غُلام)ەو ﴿ وِلْدَانٌ ﴾یش کۆی (وَلید)ە، واتە: گەنجی تازە پێگەیشتوو، بەڵام هەر لەو تەمەنەی تێیدان دەهێڵرێنەوە، وەك خوا دەفەرموێ:

أ- ﴿ يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ ﴿١٧﴾ بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ ﴿١٨﴾ ﴾ **الواقعة**، بەسەریانەوە دەگەڕێن لاوانی بەلاویی هێڵدراوە، بە پەرداخ و سوڕاحیی و پێکێکی پڕ لە شەڕابەوە.

ب- هەروەها لە سوورەتی (الإنسان)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيْتَهُمْ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤًا مَّنثُورًا ﴿١٩﴾ ﴾، لاوانی تازە پێگەیشتووی لەو تەمەنەدا هێڵدراوە، بەسەریانەوە دەگەڕێن، ئەگەر بیانبینی وادەزانی گەوهەرو مرواریین بڵاو کراونەوە.

ج- لە سوورەتی (**الطور**)یش ئایەتی (٢٤)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ غِلْمَانٌ لَّهُمْ كَأَنَّهُمْ لُؤْلُؤٌ مَّكْنُونٌ ﴿٢٤﴾ ﴾، بەسەریانەوە دەگەڕێن لاوانێکی خۆیان (خوا بۆ خزمەتی ئەوان خوڵقاندوونی) وەك گەوهەری شێرراوە [ی نێو قۆزاخەن تۆزو خۆڵیان لێ نەنیشتوە].

بڕگەی هەشتەم: بە هەشتییەکان لە ئاسوودەیی دان و، سەرقاڵ نین بە جگە لە چێژو لەزەت وەرگرتن و، ژیانی خۆشیی و بەختەوەرانە:

أ- وەك خوا لە سوورەتی (یس)دا، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ الْيَوْمَ فِي شُغُلٍ فَاكِهُونَ ﴿٥٥﴾ هُمْ وَأَزْوَاجُهُمْ فِي ظِلَالٍ عَلَى الْأَرَائِكِ مُتَّكِئُونَ ﴿٥٦﴾ ﴾، واتە: بێگومان ئەمڕۆ هاوەڵانی بەهەشت چێژوەرگرن لە سەرقاڵییدا. خۆیان و هاوسەرانیان لە سێبەران دا لە سەر تەختان شانیان داداوە.

ب- له سووڕەتی (**الواقعة**)ش دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ عَلَىٰ سُرُرٍ مَّوْضُونَةٍ ﴿١٥﴾ مُّتَّكِـِٔينَ عَلَيْهَا مُتَقَـٰبِلِينَ ﴿١٦﴾ ﴾، واته: لەسەر تەختە چنراوەکان (بە زێڕو گەوهەرو مرواریی) ن، پاڵیان داوەتەوە ڕووبەڕووی یەکدیی.

برگـەی نۆیـەم: خەڵکـی بەهەشـت لـە هەرجـۆرە خـەم و خەفـەت و دڵتەنگیـی و نارەحەتییـەك دوورن و، ئەوپـەڕی دڵخۆشـن، ڕوویـان درەشـاوەو گەشـاوەیە، لـە ئەنجامـی ئـەو خۆشـیی و بەختەوەرییـەدا کـە تێیـدان، وەك خـوای پـەروەردگار دەفەرمـوێ:

١- ﴿ وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِىٓ أَذْهَبَ عَنَّا ٱلْحَزَنَ ﴿٣٤﴾ ﴾**فاطر**، (بەهەشتییەکان) گوتیان: سوپاس بۆ ئەو خوایەی نارەحەتیی و دڵتەنگیی لێ لابردین (کە لە دنیادا هەیانبووە).

٢- لە سووڕەتی (**المطففين**)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍ ﴿٢٢﴾ عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴿٢٣﴾ تَعْرِفُ فِى وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ ٱلنَّعِيمِ ﴿٢٤﴾ ﴾، واتە: چاکەکاران لە نازو نیعمەت دان، لەسەر تەختان تەماشا دەکەن، لە ڕوویاندا گەشیی و جوانیی نازو نیعمەت دەبینی.

٣- لە سووڕەتی (**الغاشية**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ ﴿٨﴾ لِّسَعْيِهَا رَاضِيَةٌ ﴿٩﴾ ﴾، واتە: لەو ڕۆژەدا ڕوانێك زۆر پڕ نازو نیعمەتن، لە هەوڵ و کۆششی خۆیان ڕازیین (کە لە دنیادا بە شێوەیەکی باش هەوڵیانداوە).

٤- لە سووڕەتی (الإنسان)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ فَوَقَىٰهُمُ ٱللَّهُ شَرَّ ذَٰلِكَ ٱلْيَوْمِ وَلَقَّىٰهُمْ نَضْرَةً وَسُرُورًا ﴿١١﴾ ﴾ واتە: خوا لە خراپەو زیانی ئەو ڕۆژە چەپاڵەی دان، گەشیی و دڵخۆشیی پێدان، هەروەها لە زۆر شوێنی دیکەی قورئاندا، خوای کاربەجێ باسی ئەو شادیی و دڵخۆشیی و دووریی لە خەم و پەژارەیەی بەهەشتییانی کردوە.

برگـەی دەیـەم: خەڵـکی بەهەشـت هەرچـی بیانـەوێ، بـۆ ئـەوان لـە بەهەشـتدا هەیـەو، هەرچـی داوای بکـەن بۆیـان هەیـەو، هەرچـی چاویـان چێـژی لـێ وەربگرێ، بۆیـان هەیـە:

بـــۆ وێنـــە:

١- لە سوورەتی (الزخرف) ئایەتی (٧١)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ يُطَافُ عَلَيْهِم بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ وَأَنتُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٧١﴾ ﴾، واتە: بەسەریانەوە دەگێردرێ، قاپی زێڕین و پەرداخەکانیش، لەوێدا هەیە، هەر شتێك نەفسەکان ئارەزووی بکەن و، چاوەکان لە بینینی چێژوەربگرن و، ئێوە بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە.

٢- لە سوورەتی (فصلت)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِىٓ أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴿٣١﴾ نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ ﴿٣٢﴾ ﴾، بۆ ئێوە هەیە هەرشتێك نەفستان ئارەزووی بکات و هەرشتێك داوای بکەن، ئەوەش میواندارییە لە لایەن (خوای) لێبوردەی بەبەزەییەوە ﷻ.

برگـەی یازدەیـەم: بەهەشـت هیـچ قسـەیەکی ئـازاردەرو بێزارکـەری، وەك قسـەی پـووچ و ناشـیرین و خراپـی لـێ نابیسـترێ و، خەڵکـی بەهەشـت سـەرقاڵی بـە پاکگرتنـی خـواو، ستایشـکردنی خـواو، سـەلام لـە یەکـدی کردنـن:

١- وەك خوا لە سوورەتی (**الغاشية**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ ﴿٨﴾ لِّسَعْيِهَا رَاضِيَةٌ ﴿٩﴾ فِى جَنَّةٍ عَالِيَةٍ ﴿١٠﴾ لَّا تَسْمَعُ فِيهَا لَٰغِيَةً ﴿١١﴾ ﴾. واتە: ڕووانێك لەو ڕۆژەدا بەنازونیعمەتن. لە هەوڵ و کۆششیان ڕازیین. لە باخێکی بەرزدان، قسەی پووچی تێدا نابیستی.

٢- هەروەها لە سوورەتی (**الواقعة**)دا، دەفەرموێ، ﴿ لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا تَأْثِيمًا ﴿٢٥﴾ إِلَّا قِيلًا سَلَٰمًا سَلَٰمًا ﴿٢٦﴾ ﴾، واتە: لەوێدا قسەی پووچ و قسەی گوناحبارکەر نابیستن، جگە لە سەلامی بەردەوام و پەیتا پەیتا.

٣- لە سوورەتی (**الطور**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ يَتَنَٰزَعُونَ فِيهَا كَأْسًا لَّا لَغْوٌ فِيهَا وَلَا تَأْثِيمٌ ﴿٢٣﴾ ﴾، پێشتریش هێنامان.

٤- لە سوورەتی (یونس) ئایەتی (١٠)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ دَعْوَىٰهُمْ فِيهَا سُبْحَٰنَكَ ٱللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلَٰمٌ وَءَاخِرُ دَعْوَىٰهُمْ أَنِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، واتە:

لەوێدا داواکردنیان، (یاخود: پاڕانەوەیان) هەر بریتیە لە: (**سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ**) پاکیی بۆ تۆ ئەی خوایە! سڵاو لە یەکدیی کردنیشیان بریتیە لە سەلام و، کۆتا پاڕانەوەشیان، (یان کۆتا داواکردنیشیان ئەوەیە کە دەڵێن:) ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانییان.

بڕگـەی دوازدەیـەم: جـەوی بەهەشـت و کـەش و هـەوای کـە بەهەشـتییەکان تییـدان، پلـەی گەرمییەکـەی هاوسـەنگە، نـە گەرمـەو نـە سـاردە.

ئەگەر تەماشای ئایەتەکان بکەین، زۆر بەڕوونیی ئەمە دیارە، بۆ وێنە:

١- پەروەردگار لە سووڕەتی (الإنسان)، لە ئایەتی (١٣)دا، دەفەرموێ: ﴿ مُّتَّكِـِٔينَ فِيهَا عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِۖ لَا يَرَوۡنَ فِيهَا شَمۡسٗا وَلَا زَمۡهَرِيرٗا ﴾، واتە: لەسەر تەختان پاڵیان داوەتەوە (شانیان داداوە) نەخۆری تێدا دەبینن، نە سەرماو زوقم، (**زَمْهَرِير**) بریتیە لە سەرماو زوقمێکی زۆر.

٢- هەروەها لە سووڕەتی (الرعد) ئایەتی (٣٥)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ مَّثَلُ ٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي وُعِدَ ٱلۡمُتَّقُونَۖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ أُكُلُهَا دَآئِمٞ وَظِلُّهَاۚ تِلۡكَ عُقۡبَى ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْۚ وَّعُقۡبَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ٱلنَّارُ ﴾، واتە: وێنەی ئەو بەهەشتەی بەڵێندراوە بە پارێزکاران، ڕووبارەکانیان بە ژێردا دەڕۆن، میوەکانی بەردەوامن و، سێبەرەکەشی بەردەوامە، ئائەوە سەرەنجامی ئەوانەیە کە پارێزیان کردووەو، سەرەنجامی بێبڕوایانیش ئاگرە.

٣- لە فەرمایشتی پێغەمبەری خواش ﷺ داهاتوە، دەفەرموێ: {**إِنَّ هَواءَ الجَنَّةِ سَجْسَجٌ**[1] **لا حَرٌّ وَلاَ بَرْدٌ**}[2].

واتـە: هـەوای بەهەشـت (**سَجْسَـجَ**)ە، نەگەرمـەو نەسـاردە، خاوەنی (**صَفـوةُ البيان**)، دەڵـێ: (**سجسـج**)، بریتیـە لـەو سێبەرەی درێـژ دەبێتـەوە لـە کاتێك دا خـۆر هەڵـدێ، هەتـا خـۆر دەردەکـەوێ، واتـە: لـە سـپێدەی بەرەبەیانـەوە تاکـو خـۆر دەردەکەوێ.

---

(١) (سَجسَـجٌ)، (إسْـمٌ لِلظِّـلِّ المُمتَـدُّ مَـا بَـيْنَ الفَجْـرِ إلى طُلـوْعِ الشَّـمْسِ، وَهـوَ أطْيَـبُ الأوقـاتِ وَأصفَاهَـا، لِـذَا شَـبَّهَ بِـه النَّبـيُّ ريحَ الجَنَّـةِ المبـارَكِ الطَّيِّـب) (صفـوة البيـان لمعـاني القـرآن، ص٧٦٩).

(٢) أخرجه ابن أبي شيبة: ٣٠١٠٣ موقوفاً.

برگـەی سـێزدەیەم: خـوا ﷻ بـۆ بەهەشـتییەکان نیزیکەکانیـان کۆدەکاتـەوە: هاوسـەرانیان، وەچەیـان، بـاب و دایکیـان و ئەوانـەی لێیـان نیزیکـن.

ئەمیش لە چەند شوێنێك لە قورئاندا هاتوە، بۆ وێنە:

١- لە سوورەتی (**الطور**)، ئایەتی (٢١)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱتَّبَعَتۡهُمۡ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَٰنٍ أَلۡحَقۡنَا بِهِمۡ ذُرِّيَّتَهُمۡ وَمَآ أَلَتۡنَٰهُم مِّنۡ عَمَلِهِم مِّن شَيۡءٖۚ كُلُّ ٱمۡرِيِٕۭ بِمَا كَسَبَ رَهِينٞ ﴾، واتە: ئەوانەی بڕوایان هێناوەو وەچەکەشیان، (کوڕان و کچانیان و نەوەکانیان) کە بە ئیمانەوە شوێنیان کەوتوون، پێیان دەگەیەنین (با پلەیان نزمتریش بێ لە بەهەشتدا)و لە کردەوەی وان (باب و دایکیان) کەم ناکەینەوە (تاکو منداڵەکانیان بگەینە پلەی ئەوان) هەر کەسە بارمتەی کردەوەی خۆیەتی.

٢- لە سوورەتی (الرعد) لە ئایەتی (٢٣)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَدۡخُلُونَ عَلَيۡهِم مِّن كُلِّ بَابٖ ﴾، واتە: چەندان باخی هەمیشەیین دەیانچنەتێ و هەر کەسێك چاك بێ، لە باب و باپیرانیان و هاوسەرانیان و وەچەکانیان، (باب و باپیرانیان، دایك و نەنك و ئەوانەشیان دەگرێتەوە) فریشتەکان لە هەموو دەرگایەکەوە لێیان دەچنە ژوور (سڵاویان لی دەکەن)...

٣- هەروەها لە سوورەتی (غافر)دا هەمان مەبەست هاتوە، لە ئایەتی (٨)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ رَبَّنَا وَأَدۡخِلۡهُمۡ جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدتَّهُمۡ وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾، [فریشتەکان بۆیان دەپاڕێنەوە بۆ بەهەشتیەکان و دەڵێن]: پەروەردگارمان! بیانخە ئەو باخە هەمیشەییانەوە کە بەڵێنت پێداون، هەر کەسێکیش کە چاکە لە باب و باپیرانیان و هاوسەرانیان و وەچەو منداڵەکانیان، بێگومان هەر تۆی زاڵی کارزان.

بەدڵنیایـی ئـەوەش کـە خەڵـکی بەهەشـت لەگـەڵ خزمـان و نیزیکانیـان دا پێکـەوە کۆببنـەوە، یەکێکـە لـە نیعمەتـە زۆر گرنـگ و گـەورەکان، بگـرە لە دنیـاش دا مـرۆڤ لەگەڵ خـزم و نیزیکانـی نیزیـك بـێ و پێکـەوە بـێ، هـەر وایـە، چ جـای لـە بەهەشـتدا.

لەو بارەوە ئەم گێڕدراوەیە هەیە، هەرچەندە لە ڕووی سەنەدەکەیەوە مشت و مڕێك هەیە، پێغەمبەری خوا ﷺ - ئەگەر سەنەدەکەی ڕاست بێ - دەفەرموێ: {إِذَا دَخَلَ الرَّجُلُ الجَنَّةَ سَأَلَ عَنْ أَبَوَيْهِ وَزَوْجَتِهِ وَوَلَدِهِ؟ فَيُقَالُ: إِنَّهُم لَمْ يَبْلُغُوا دَرَجَتَكَ، وَعَمَلَكَ، فَيَقُولُ: يَا رَبِّ قَدْ عَمِلْتُ لِي وَلَهُم، فَيُؤْمَرُ بِإِلْحَاقِهِم بِهِ} (**أخرجه الطبراني في الكبير: ١٢٢٤٨، وفي الصغير: ٦٤٠، قال الهيثمي (١١٤/٧): فيه محمد بن عبد الرحمن بن غزوان، وهو ضعيف، والديلمي: ١١٥٣، وضعفه الألباني في «ضعيف الجامع» ٤٨٥**).

واتە: دوای ئەوەی پیاو دەچێتە بەهەشت، لە باب و دایکی و لە هاوسەری و ڕۆڵەکانی دەپرسێ؟ پێی دەگوترێ: ئەوان نەگەیشتوونە پلەی تۆو کردەوەی تۆ (لە بەهەشتدان بەڵام لە خوارەوەن) ئەویش دەڵێ: پەروەردگارم من بۆ ئەوانیش و بۆ خۆشم کارم کردوە، ئیدی فەرمان دەکرێ ئەوانیش دەگەیەنرێنە لای وی.

بڕگەی چواردەیەم: خەڵکی بەهەشت، خوای بەرز دڵ و دەروونیان لە چڵك و چەپەری ڕق و کینەو حەسەدو غەرەز پاك دەکاتەوە، کە لە دنیادا، لە نێو خۆیاندا بوویانەو، لە بەهەشتدا پێکەوە دەبنە دۆست و خۆشەویستی یەکدی و، پێکەوە دادەنیشن ڕوو بەڕووی یەکدیی، هەرچی مایەی پێکەوە نیگەران بوونیان بووە، بە دڵ و دەروونیانەوە نامێنێ:

ئەوەش لە چەند شوێنێکی قورئان دا هاتوە:

١- خوا لە سوورەتی (**الحِجر**) لە ئایەتەکانی: (٤٤ - ٤٧)دا، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٍ ﴾، واتە: بە دڵنیایی پارێزکاران لە نێو باخان و کانیی و سەرچاوان دان، ﴿ ٱدۡخُلُوهَا بِسَلَٰمٍ ءَامِنِينَ ﴿٤٦﴾ ﴾، پێیان دەگوترێ: بە دڵنیایی و بە سەلامەتیی بچنە نێو ئەو بەهەشتانەوە، ﴿ وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلٍّ إِخۡوَٰنًا عَلَىٰ سُرُرٖ مُّتَقَٰبِلِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾، هەرچی کینەش هەبووە لە دڵیان دامانڕنیوە، برایانە لەسەر تەختان ڕووبەڕووی یەکدی دانیشتوون.

٢- هەروەها لە سوورەتی (**الأعراف**)یشدا هەر هەمان ڕاستیی باس کراوە: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٤٢﴾ وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ ٱلْأَنْهَٰرُ ﴿٤٣﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان کردوون، ئێمە لە هیچ کەس داوا ناکەین، مەگەر ئەوەی لە توانایدا هەیە، ئەوانە هاوەڵانی بەهەشتن بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، هەرچی کینە هەبووە لە دڵ و دەروونیان، دامانڕنیوە (دڵیانمان پاك کردوونەوە) ڕووبارەکانیان بەژێردا دەڕۆن.

٣- لە سوورەتی (الزخرف)یش ئایەتی (٦٧)دا، خوا دەفەرمویّ: ﴿ ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ﴾، واتە: لەو ڕۆژەدا ئەوانەی لە دنیادا دۆست و خۆشەویستی یەکدی بوون، هەموویان دەبنە دوژمن، جگە لە پارێزکاران.

پارێزکاران خۆشەویستیی و دۆستایەتییەکەیان لەبەر ئەوەی بۆ خوا بووەو لە پێناوی خوادا بووە، لە بەهەشتیشدا هەر بەردەوام دەبێ.

بڕگەی پازدەیەم: پیاوان کە دەخرێنە بەهەشتەوە، هاوسەردار دەکرێن بە حۆرییەکان، کە خوا ﷻ بە تایبەت لە بەهەشتدا دەیانخوڵقێنی، وێڕای هاوسەرانی دنیا:

مەسەلەی حۆرییەکان و، ئەوە کە پیاوانی بڕوادار خوای کاربەجێ لە بەهەشتدا ئافرەتانێکی تایبەت کە بە (**الحورُ العِين**)، وەسفی کردوون، لە زۆر شوێنی قورئاندا باس کراوە، بۆ وێنە:

١- لە سوورەتی (**الطور**)دا، خوا دەفەرمویّ: ﴿ إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِي جَنَّٰتٍ وَنَعِيمٍ ﴿١٧﴾ فَٰكِهِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمْ رَبُّهُمْ وَوَقَىٰهُمْ رَبُّهُمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٨﴾ كُلُواْ وَٱشْرَبُواْ هَنِيٓـًٔا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٩﴾ مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ سُرُرٍ مَّصْفُوفَةٍ وَزَوَّجْنَٰهُم بِحُورٍ عِينٍ ﴿٢٠﴾ ﴾، شوێنی مەبەستمان ئەوەیە کە دەفەرمویّ: ﴿ وَزَوَّجْنَٰهُم بِحُورٍ عِينٍ ﴾، هاوسەرداریشمانکردن بە ئافرەتانی سپیی چاو گەش و گەورەو جوان.

٢- لە سوورەتی (الرحمن)دا، خوای پەروەردگار ئاوا باسی ئەو ئافرەتانە دەكات، كە تایبەت بۆ پیاوانی بڕوادار لە بەهەشتدا دەیانخوڵقێنی، دەفەرموێ: ﴿ فِيهِنَّ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرۡفِ لَمۡ يَطۡمِثۡهُنَّ إِنسٞ قَبۡلَهُمۡ وَلَا جَآنّٞ ﴿٥٦﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥٧﴾ كَأَنَّهُنَّ ٱلۡيَاقُوتُ وَٱلۡمَرۡجَانُ ﴿٥٨﴾ ﴾، واتە: لەو بەهەشتانەدا هەن، ئافرەتانێك كە چاوی خۆیان كورتكردۆتەوە لەسەر مێردیان (یاخود: هەركەسێك تەماشایان بكات، چاویان لەسەر لانادات، ئەوەندە پێیان سەرسام دەبێ) پێش ئەوان نە مرۆڤ نە جند دەستی نەگەیاندوونێ، بە كام لە چاكەكانی خوا بێبڕوا دەبن، ئەی كۆمەڵی جندو مرۆڤ؟ ﴿ كَأَنَّهُنَّ ٱلۡيَاقُوتُ وَٱلۡمَرۡجَانُ ﴾، هەر دەڵێی مرواریی و مەرجانن، [كە دوو جۆرە بەردی زۆر بە نرخ و جوانن].

٣- هەروەها لە سوورەتی (الصافات)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَعِندَهُمۡ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرۡفِ عِينٞ ﴿٤٨﴾ كَأَنَّهُنَّ بَيۡضٞ مَّكۡنُونٞ ﴿٤٩﴾ ﴾، واتە: لەلایان هەن ئافرەتانێكی نیگای خۆ كورتكەرەوە (یاخود: هەركەسێك تەماشایان بكات، نیگای لەسەر ئەوان كورت دەكاتەوەو چاوی لانادات) چاوگەش و گەورەو جوانن، ﴿ كَأَنَّهُنَّ بَيۡضٞ مَّكۡنُونٞ ﴾، وەك هێلكەی شێردراوەن.

بە تایبەتی هێلكەی حوشترمەل كە دەیشارێتەوە، هیچ تۆزو گەردێكی لێ نانیشێ.

خوا ﷻ ئەو ئافرەتانەی بە تایبەت دەیانخوڵقێنێ بۆ پیاوانی بڕوادار لە بەهەشتدا، بە كۆمەڵێك وەسفی نایاب وەسفیان دەكات، كە من پازدە (١٥) یانم لێ كەوتوونە بەرچاو:

١- وەسفی یەكەمیان: ﴿ حُورٞ ﴾: (حور) كۆی (حَوراء)ە، كە بریتیە لە ئافرەتی سپیی و جوان.

٢- وەسفی دووەمیان: ﴿ عِينٞ ﴾، كە كۆی (عَيْنَاءَ)ەو، بریتیە لە ئافرەتی چاو گەش و گەورەو جوان.

٣- وەسفی سێیەمیان: ﴿قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرۡفِ﴾، (**طَرْف**)، نیگای چاوە، واتە: نیگای خۆ کورتکەرەوە لەسەر هاوسەرەکانیان، یاخود: هەر کەسێك تەماشایان بکات، چاوی خۆیان لەسەر کورت دەکانەوەو چاوی لانادا.

٤- وەسفی چوارەم: ﴿لَمۡ يَطۡمِثۡهُنَّ إِنسٞ قَبۡلَهُمۡ وَلَا جَآنّٞ ٥٦﴾الرحمن، واتە: پێش ئەو بروادارانەی کە دەیاندرێنێ و دەکرێنە هاوسەریان، نە مرۆڤ دەستی گەیاندوونێ (بە شێوەی لەگەڵ جووتبوون) نە جند.

٥- سیفەتی پێنجەم: ﴿كَأَمۡثَٰلِ ٱللُّؤۡلُوِٕ ٱلۡمَكۡنُونِ ٢٣﴾، وێنەی گەوهەری شێردراوەن، واتە: لەو ڕووەوە کە زۆر ساف و جوان و پاك و دەست پێنەگەیشتوون.

٦- وەسفی شەشەم: ﴿كَأَنَّهُنَّ بَيۡضٞ مَّكۡنُونٞ ٤٩﴾الصافات، دەڵێی هێلکەی شێردراوەن، لەوەدا کە زۆر ساف و جوان و بێگەردن.

٧- وەسفی حەوتەمیان: ﴿كَأَنَّهُنَّ ٱلۡيَاقُوتُ وَٱلۡمَرۡجَانُ ٥٨﴾الرحمن، شێوەی یاقووت و مەرجان دەکەن، یاقووت لە سووریێتییداو، مەرجان لە سپێتییدا، ئەوانیش دوو جۆرە بەردی زۆر بە نرخن.

٨- وەسفی هەشتەمیان: ﴿خَيۡرَٰتٌ﴾الرحمن، سووککراوی (**خَيِّرات**)ە، کە کۆی (**خَيرة**)یە، واتە: زۆر چاکن لە ڕووی ڕەوشت و ئاکاری مەعنەوییەوە.

٩- وەسفی نۆیەم: ﴿حِسَانٞ﴾، کۆی (**حُسنى**)یە، ئەویش مێینەی مەجازیی (**أَحْسَن**)ە، واتە: لە ڕووی ڕەوشت و ئاکارەوەو لە ڕووی جوانییەوە، لەوپەڕی چاکیی و تەواوییدان.

١٠- وەسفی دەیەم: ﴿أَتۡرَابٞ ٥٢﴾ ص، کۆی (**تِرْب**)ە، واتە: هاوتەمەن لەگەڵ هاوسەرانیان دا.

١١- وەسفی یازدەیەم: (**عُرُباً**) **الواقعة** -٣٧-، (**عُرُب**) کۆی (**عُرُوب**)ە، ئەویش ئەو ژنەیە خۆی لە لای مێردەکەی خۆشەویست دەکات و، چاك هاوسەرداریی دەکات.

١٢- وەسفی دوازدەیەم: ﴿ وَكَوَاعِبَ ﴾النبأ -٢٢-، كۆی (**كاعبة**)یە و ئەو ئافرەتەیە تازە مەمك دەكات و مەمكەكانی شۆڕ نەبوونەوە.

١٣- وەسفی سێزدەیەم: ﴿ إِنَّآ أَنشَأْنَٰهُنَّ إِنشَآءً ﴿٣٥﴾ ﴾**الواقعة**، ئێمە بە داهێنان دروستمان كردوون، واتە: خوا لە بەهەشتدا لە ڕۆژی دوایی دا دروستیان دەكات بە تایبەت.

١٤- وەسفی چواردەیەم: ﴿ فَجَعَلْنَٰهُنَّ أَبْكَارًا ﴿٣٦﴾ ﴾**الواقعة**، گێڕاومانن بە كچ، ﴿ أَبْكَارًا ﴾، كۆی (**بِكْر**)ە، ئەو ئافرەتەیە وەك خۆی ماوەتەوە، دەستی نەگەیەندراوەتێ و كچێتیی لانەچووە.

١٥- وەسفی پازدەیەم: ﴿ أَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ ﴾ **البقرة** - ٢٥ -، هاوسەرانێكی پاككراوە، واتە: خوا چ لە ڕووی جەستەییەوە، چ لە ڕووی مەعنەوییەوە، پاك و چاكی كردوون.

بڕگەی شازدەیەم: خەڵكی بەهەشت یادی دنیا دەكەنەوەو، باسی ئەوە دەكەن كە لە دنیادا لێیان ڕووی داوە، دۆزەخییەكانیش دەبینن و، لەنێوان بەهەشتییان و دۆزەخییاندا، وتوێـژو دیالۆگ و گفتۆگۆ ڕوودەدا:

ئەوەش لە چەند شوێنێكی قورئاندا باسكراوە، بۆ وێنە:

أ- لە ئایەتەكانی: (٢٥ - ٢٨)ی سوورەتی (**الطور**)دا، كە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَآءَلُونَ ﴿٢٥﴾ قَالُوٓاْ إِنَّا كُنَّا قَبْلُ فِىٓ أَهْلِنَا مُشْفِقِينَ ﴿٢٦﴾ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْنَا وَوَقَىٰنَا عَذَابَ ٱلسَّمُومِ ﴿٢٧﴾ إِنَّا كُنَّا مِن قَبْلُ نَدْعُوهُ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْبَرُّ ٱلرَّحِيمُ ﴿٢٨﴾ ﴾، واتە: هەندێكیان ڕوویان لە هەندێكیان كرد، پرسیاریان لە یەكدی دەكرد، گوتیان: ئێمە پێشتر (لە دنیادا) لە نێو ماڵ و خێزانی خۆماندا، ترس و سام و هەیبەتمان بەرانبەر بە خوا هەبوو، پەرۆشیی خۆمانمان بوو، خواش چاكەی لەگەڵ دا كردین و لە ئازاری گڕەبا چەپاڵەی داین، ئێمە پێشتر لێی دەپاڕاینەوە، بەڕاستیی ئەو زۆر چاكەكاری میهرەبانە.

ب- شوێنی دووەم كە وتووێژی نێوان خەڵكی بەهەشت و خەڵكی دۆزەخەو خوای بەرزی مەزن باسی كردوە، لە سوورەتی (الصافات)، دوازدە ئایەتەكانی: (٥٠ - ٦١)دا، خوا ﷻ بە درێژیی باسی كردوە، دەفەرموێ:

﴿ فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَآءَلُونَ ﴿٥٠﴾ قَالَ قَآئِلٌ مِّنْهُمْ إِنِّى كَانَ لِى قَرِينٌ ﴿٥١﴾
يَقُولُ أَءِنَّكَ لَمِنَ ٱلْمُصَدِّقِينَ ﴿٥٢﴾ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَدِينُونَ ﴿٥٣﴾ قَالَ هَلْ أَنتُم
مُّطَّلِعُونَ ﴿٥٤﴾ فَٱطَّلَعَ فَرَءَاهُ فِى سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ ﴿٥٥﴾ قَالَ تَٱللَّهِ إِن كِدتَّ لَتُرْدِينِ ﴿٥٦﴾ وَلَوْلَا
نِعْمَةُ رَبِّى لَكُنتُ مِنَ ٱلْمُحْضَرِينَ ﴿٥٧﴾ أَفَمَا نَحْنُ بِمَيِّتِينَ ﴿٥٨﴾ إِلَّا مَوْتَتَنَا ٱلْأُولَىٰ وَمَا نَحْنُ
بِمُعَذَّبِينَ ﴿٥٩﴾ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٦٠﴾ لِمِثْلِ هَٰذَا فَلْيَعْمَلِ ٱلْعَٰمِلُونَ ﴿٦١﴾ ﴾.

واتــە: ئنجــا هەندێکیــان ڕوویــان لــە هەندێکیــان کــرد، پرســیاریان دەکــرد، بێژەرێـك لـەوان گوتـی: مـن هاونشـینێکم هەبـوو، (کەسـێکی نیزیکـم هەبـوو لـە دنیـادا)، بـە منـی دەگـوت: ئایـا تـۆ لـە بەڕاسـتدانەرانی؟ ئایـا ئێمـە ئەگـەر مردیـن و بووینـەوە خـۆڵ وئێسـکەکان (گۆشـتەکەمان بووبـە خـۆڵ و، پەیکـەری ئێسـکییمان بـوو بـە ئێسـکە پرتـووکاوەکان) ئایـا ئێمـە (زینـدوو دەکرێینـەوەو) سـزاو پاداشـت دەدرێینـەوە؟ (دوایـی هـەر بـۆ خـۆی ئـەو بێـژەرە) گوتـی: ئایـا ئامـادەن تەماشـا بکـەن! یەکسـەر لەوێـوە ڕوانـی، ئنجـا لـە نێوەڕاسـتی دۆزەخـدا بینـی، پێیگـوت: بـە خـوا خەریـك بـوو منیـش وەك خـۆت بفەوتێنـی! ئەگـەر چاکـەی پـەروەردگارم نەبووایـە، منیـش ئێسـتا لـە ئامـادە کـراوان، دەبـووم، (لـە دۆزەخـدا) ئنجا ئایـا ئێمـە نامریـن، جگـە لـە مردنەکـەی یەکەمـمان؟ ئایـا ئێمـە سـزاو ئـازار نادرێیـن؟ بەڕاسـتیی ئەمەیـە بردنـەوەی مـەزن، بـا کارکـەران هـەر بـۆ ئـەوە کار بکـەن.

پوختەی ئەم برگەی شازدەیەمە ئەوەیە:

بـە هەشـتییەکان کاتێـك لـە بەهەشـتدا سـەقامگیر دەبـن، یـادی دنیـا دەکەنـەوە، هەمـوو شـتێکیان لەبیـرە، کـە پێکـەوە دادەنیشـن، هـەم لەنێـو خۆیانـدا قسـەو باسـی خۆیـان دەکـەن، هـەم خۆشـیان لەگـەڵ دۆزەخییەکانـدا، ئەوانـەی لەدنیـادا ناسـیویانن، کەسـێك دوکانـی هەبـووە لـە شـوێنێك و ڕەفیقـە دوکانێکـی هەبـووە، کەسـانێك پێکـەوە قوتابیـی بـوون، یـان بەیەکـەوە کارو کەسـابەتێکیان کـردوە، یـان بەیەکـەوە کارمەندبـوون لـە فەرمانگەیـەك، یـان بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان خـزم و

نیزیکـی بـووە، بـرادەری بـووە، بـەڵام ئـەو لـە بەهەشـتێ و ئـەوان لـە دۆزەخـن، ئـەو کەسـەی نیزیکـی بـووەو لـە دۆزەخ دایـە، بەهەشـتییەکە لەوێـڕا دەیدوێنـێ!

هەڵبەتـە ئێسـتا کـە تەکنولۆژیـای مەعلووماتیـی بـەرەو پێـش چـووە، بەشـەر توانیویـەتی ئینتەرنێـت دابهێنـێ، ئەگـەر خەڵکێـك لەسـەر مانـگ بـێ یەکێـك لێـرەوە بـە ئاسـانیی لەگەڵیانـدا قسـە دەکات، هەروەهـا ئەگـەر لـە کیشـوەری ئەمریـکاو ئوسـتڕالیا بـن، دەتوانـێ بـە دەنـگ و وێنـەوە بیاندوێنـێ، بەڵـێ ئێسـتا ئـەوە بـۆ ئێمـە زۆر ئاسـان بـووە، تێبگەیـن داخـۆ چـۆن لـە بەهەشـتەوە لەگـەڵ خەڵـکی دۆزەخـدا قسـە دەکەیـن؟ چونکـە بەهەشـت زۆر زۆر فراوانـەو دۆزەخیـش زۆر زۆر فراوانـە، دوو جیهانـی زۆر فراوانـن، ئـەدی چـۆن لەوێـڕا ئـەو دەنـگ و قسـەکەی دەبیسـتێ، بگـرە بـە وێنـەو دەنگـەوە، بیدوێنـێ لەنێوەڕاسـتی دۆزەخ دا؟ وەڵامـی ئـەوە ئێسـتا ئاسـانە، هەڵبەتـە مرۆڤـی ئیمانـدار بـێ ئـەوەی ئینتەرنێتیـش هەبـێ، دەزانـێ بۆخـوا ئاسـانە بەهەشـتییەکان ئامـڕازی وایـان بۆ بڕەخسـێنێ، لەگـەڵ دۆزەخییەکان دا قسـە بکـەن، بـەڵام ئێسـتا تەکنولۆژیـای زانیاریـی، بـە تایبـەت ئینتەرنێـت کـە بەهۆیـەوە خەڵـك دەتوانـن لـە دوورەوە پێکـەوە قسـە پێکـەوە بکـەن، بـە وێنـەو بـە دەنگـەوە، زۆر ئاسـانی کـردوە کـە لـەو ئایەتانـە باشـتر تێبگەیـن.

بڕگـەی حەڤدەیـەم: خەڵکـی بەهەشـت خـوای پـەروەردگار لێیـان ڕازی دەبـێ و، ئەوانیـش لـە خـوا ﷻ ڕازی دەبـن:

ئەمەش لە زۆر شوێنی قورئاندا هاتوە بۆ وێنە:

١- لە سوورەتی (البَيِّنة)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمْ خَيْرُ ٱلْبَرِيَّةِ ۝٧ جَزَآؤُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّٰتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًاۖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُۚ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِيَ رَبَّهُۥ ۝٨﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان ئەنجامداون، ئەوانە باشترینی دروستکراوانی خوان، پاداشتیان لەلای پەروەردگاریان باخە هەمیشەییەکانن، ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، بە

هەمیشەیی تێیاندا دەمێننەوە بێ کۆتایی، خوا لێیان ڕازییەو ئەوانیش لە خوا ڕازین، ئەوەش بۆ کەسێکە سام و هەیبەتی بەرانبەر پەروەردگاری هەبێ.

٢- لە سووڕەتی (التوبة) ئایەتی (٧٢)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةً فِى جَنَّٰتِ عَدْنٍ ۚ وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾، واتە: خوا بەڵێنی بە پیاوانی بڕواداران و بە ئافرەتانی بڕوداران داوە، بە باخانێك ڕووباریان بەژێردا دەڕۆن، بە هەمیشەیی تێیاندا دەمێننەوە، هەروەها نشینگە بەرزو پەسندو خۆشەکان، لە باخە هەمیشەییەکانداو، ڕەزامەندیی لە خواوە، لە هەموو شتێك گەورەترە، ئا ئەوەیە بردنەوەی مەزن.

٣- لە سووڕەتی (الفجر)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ (٢٧) ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً (٢٨) فَٱدْخُلِى فِى عِبَٰدِى (٢٩) وَٱدْخُلِى جَنَّتِى (٣٠)﴾، واتە: ئەی نەفسی ئۆقرە گرتوو! بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگارت تۆش (لەو) ڕازی و، پەسندکراویشی (ئەویش لە تۆ ڕازییە) بچۆ نێو بەندەکانمەوەو بچۆ باخ و بەهەشتەکەمەوە.

٤- لەو بارەوە ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خواش ﷺ دێنین: {عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: إِنَّ اللَّهَ يَقُولُ لِأَهْلِ الْجَنَّةِ، يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ! فَيَقُولُونَ: لَبَّيْكَ رَبَّنَا وَسَعْدَيْكَ، فَيَقُولُ: هَلْ رَضِيتُمْ؟ فَيَقُولُونَ: وَمَا لَنَا لَا نَرْضَى، وَقَدْ أَعْطَيْتَنَا مَا لَمْ تُعْطِ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ، فَيَقُولُ: أَنَا أُعْطِيكُمْ أَفْضَلَ مِن ذَلِكَ، قَالُوا: يَا رَبِّ وَأَيُّ شَيْءٍ أَفْضَلُ مِنْ ذَلِكَ؟ فَيَقُولُ: أُحِلُّ عَلَيْكُمْ رِضْوَانِي فَلَا أَسْخَطُ عَلَيْكُمْ بَعْدَهُ أَبَدًا} (أخرجه أحمد: ١١٨٥٣، والبخاري: ٦١٨٣، ومسلم: ٢٨٢٩).

واتە: ئەبوو سەعیدی خودریی ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خوا ﷻ بە خەڵکی بەهەشت دەفەرموێ: ئەی خەڵکی بەهەشت! دەڵێن: لە خزمەتداین ئەی پەروەردگارمان بەختەوەرین لە خزمەتتدا، دەفەرموێ: ئایا ڕازیین؟ دەڵێن: ئنجا بۆچی ڕازیی نەبین، ئەوەی پێتداوین بەهیچ کام لە

دروستکراوەکانی خۆتت نەداوە! ئەویش دەفەرموێ: باشتر لەوەی پێمداون، پێتان دەدەم، دەڵێن: ئەی پەروەردگار! چ شتێك باشترە لەوەی پێتداوین، دەفەرموێ: ڕەزامەندیی خۆمتان بەسەردا دەڕژێنم، هەرگیز لەمەودوا لێتان تووڕە نابم.

بڕگەی هەژدەیەم: خەڵکی بەهەشت خوا تبارك و تعالی سەلامیان لێ دەكات:

وەك لە سوورەتی (یس)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ ٱلْيَوْمَ فِى شُغُلٍ فَٰكِهُونَ ﴿٥٥﴾ هُمْ وَأَزْوَٰجُهُمْ فِى ظِلَٰلٍ عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ مُتَّكِـُٔونَ ﴿٥٦﴾ لَهُمْ فِيهَا فَٰكِهَةٌ وَلَهُم مَّا يَدَّعُونَ ﴿٥٧﴾ سَلَٰمٌ قَوْلًا مِّن رَّبٍّ رَّحِيمٍ ﴿٥٨﴾﴾، واتە: بە دڵنیایی هاوەڵانی بەهەشت ئەمڕۆ سەرقاڵی لە ززەت وەرگرتن و خۆشیی و ڕابواردنن، خۆیان و هاوسەرانیان لە سێبەراندا لەسەر تەختان پاڵیان داوەتەوە، (شانیانداداوە)، بۆ ئەوان هەموو جۆرەکانی میوە هەن و هەرشتێك داواشی بکەن، هەروەها سەلام کردن، گوتراوێکە لەلایەن پەروەردگاری میهرەبانەوە.

گومانیشی تێدانیە، سڵاو لێکردنی خوا لە خەڵکی بەهەشت لە هەموو نیعمەتەکان بەرزترو چاکترو گەورەترە.

بڕگەی نۆزدەیەم: خەڵکی بەهەشت بە دیداری خوای بەرز دەگەن، خوای بێ وێنەو هاوەڵ دەبینن:

وەك لە سوورەتی **(القیامة)**دا هاتوە: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴿٢٣﴾﴾، واتە: لەو ڕۆژەدا ڕووانێك زۆر گەش و جوانن، تەماشاکەری پەروەردگاریانن.

هەر لەو بارەوە ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەریش ﷺ دێنین: {**عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ** رضي الله عنه، **قَالَ: قَالَ أُنَاسٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ! هَلْ نَرَى رَبَّنَا يَوْمَ القِيَامَةِ؟ فَقَالَ: هَل تُضَارُّونَ فِي الشَّمْسِ لَيْسَ دُونَهَا سَحَابٌ؟ قَالُوا: لَا يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: هَلْ تُضَارُّونَ فِي الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ، لَيْسَ دُونَهُ سَحَابٌ؟ قَالُوا: لَا يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: فَإِنَّكُمْ تَرَوْنَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ**} **(أخرجه أحمد ١٠٩١٩، والبخاري: ٧٧٣، ومسلم: ٢٩٦٨).**

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە ﷺ، دەڵـێ: کۆمەڵێـك کـەس گوتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ! ئایـا لـە ڕۆژی قیامەتـدا پەروەردگارمـان دەبینیـن؟ ئەویـش فەرمـووی: ئایـا زیانتـان پێـدەگات لـە بینینـی خـۆردا، کاتێك هـەوری لەبـەر نەبێ؟ گوتیـان: نەخێـر، فەرمـووی: ئایـا زیانتـان پێـدەگات لـە بینینـی مانگـدا، هـەوری لەبـەر نەبـێ، لـە شـەوی بـەدردا؟ گوتیـان: نەخێـر ئـەی پێغەمبـەری خـوا، فەرمـووی: ئێـوەش ڕۆژی قیامەتـدا (بـەو شـێوەیە، وەك چـۆن لـە ڕۆژێـدا خـۆر دەبینـن و لـە شـەوی بـەدردا مانـگ دەبینـن، بـێ ئـەوەی هـەوری لەبـەر بـێ) ئـاوا خـوای بـەرزی مـەزن دەبینـن.

برگـەی بیسـتەم: خەڵکـی بەهەشـت وێـڕای ئـەوەی هەرچـی بیانـەوێ و ئـارەزووی بکـەن بۆیـان هەیـە، خـوای پـەروەردگار بەردەوامیـش لـە بەخشـش و چاکـەی خـۆی کـە بـێ سـنوورە، بۆیـان زیـاد دەکات:

ئەمیـش لـەو پێنـج ئایەتـەی سـوورەتی (ق)دا زۆر بـە ڕوونیـی خراوەتـەڕوو، خـوا دەفەرموێ: ﴿ وَأُزۡلِفَتِ ٱلۡجَنَّةُ لِلۡمُتَّقِينَ غَيۡرَ بَعِيدٍ ﴿٣١﴾ هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِكُلِّ أَوَّابٍ حَفِيظٍ ﴿٣٢﴾ مَّنۡ خَشِيَ ٱلرَّحۡمَٰنَ بِٱلۡغَيۡبِ وَجَآءَ بِقَلۡبٍ مُّنِيبٍ ﴿٣٣﴾ ٱدۡخُلُوهَا بِسَلَٰمٍۖ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلۡخُلُودِ ﴿٣٤﴾ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ فِيهَا وَلَدَيۡنَا مَزِيدٞ ﴿٣٥﴾ ﴾، واتـە: بەهەشـت نزیکخرایـەوە بـۆ پارێـزکاران لێیـان دوور نیـە ئەمـەش ئەوەیـە کـە بەڵێـن دەدرێ بەهـەر زۆر بـۆلا خـوا گەڕاوەیەکـی پارێـزەر، (کـە خـۆی پاراسـتوە لـە گوناهـو تـاوان و لادان)، کەسـێك کـە سام و هەیبەتی بەرانبـەر بەخـوای بـە بەزەیـی هەیـە بـە پەنامەکیـی و، بـە دڵێکـی گـەڕاوەوە هاتـوە بـۆ خزمـەت خـوا، بچنـە نێـو بەهەشـتەوە بـە سـەلامەتیی ئائـەوە ڕۆژی هەمیشـە مانەوەیـە، بـۆ ئـەوان لەوێـدا هـەر شـتێك هەیـە کـە بیخـوازن و، زیادەشـمان لـە لایـە.

بەردەوام خوا ﷻ لە چاکەو بەخششی بێ سنووری خۆی، بۆیان زیاد دەکات.

برگـەی بیسـت و یەکـەم: خەڵـکی بەهەشـت هەموویـان یـەك پلـە نیـن، بەڵکـو بەرزیـی و نزمییـان لـە بەینـدا هەیـەو، چەنـدان پلـەو پێگـەی جـۆراو جۆریـان هـەن، هـەر کەسـە بەپێـی ئیمانەکـەو پارێزکارییەکـەی، کـە بوویەتـی لـە دنیـادا:

لە زۆر شوێنی قورئاندا، خوا ئەم ڕاستییە مەزنەی خستۆتەڕوو، بۆ وێنە:

١- لە سوورەتی (**الإسراء**) ئایەتی (٢١)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱنظُرْ كَيْفَ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ وَلَلْـَٔاخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَـٰتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلًا ﴾ واتە: سەرنج بدە! چۆن هەندێکیانمان بەسەر هەندێکان دا هەڵبژاردوە.

واتـە: هەیانـە سـامانی زیاترمـان داوەتـێ، هەیانـە جەسـتەی بەهێزتـرە، هەیانـە جوانـترە، هەیانـە زانیاریـی زیاتـرە، هەیانـە عەقڵـی باشـترە، خـوای پـەروەردگار نیعمەتەکانـی لـە دنیـادا بەرزیـی نزمـی پێکـردوون، بـەڵام نـەك لەسـەر بناغـەی ئەوەی کـێ زۆری خۆشـدەوێ، نیعمـەتی زۆری بداتـێ و، کـێ کەمـی خۆشـدەوێ، کەمـی بداتێ! نەخێـر، دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَلْـَٔاخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَـٰتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلًا ﴾ مەنزڵـگای کۆتاییـش پلەکانـی تێـدا زیاتـرن و بەرزیـی و نزمییشـی تێـدا زیاتـرە.

٢- لە سوورەتی (**الواقعة**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَكُنتُمْ أَزْوَٰجًا ثَلَـٰثَةً ﴿٧﴾ فَأَصْحَـٰبُ ٱلْمَيْمَنَةِ مَآ أَصْحَـٰبُ ٱلْمَيْمَنَةِ ﴿٨﴾ وَأَصْحَـٰبُ ٱلْمَشْـَٔمَةِ مَآ أَصْحَـٰبُ ٱلْمَشْـَٔمَةِ ﴿٩﴾ وَٱلسَّـٰبِقُونَ ٱلسَّـٰبِقُونَ ﴿١٠﴾ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴿١١﴾ فِى جَنَّـٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿١٢﴾ ﴾، واتە: ئێوە دابەش دەکرێن بۆ سێ پۆڵ (سێ کۆمەڵ):

١)- هاوەڵانی لای ڕاستە (کە بە دەستی ڕاستیان نامەی کردەوەکانیان دەدرێتەوە) هاوەڵانی لای ڕاستە چین؟ یانی: مەگەر خوا بۆت باس بکات، ئەگەرنا پێگەکەیان ئەوەندە بەرزە تۆ نازانی.

٢)- هاوەڵانی چەپ، هاوەڵانی لای چەپە چین؟

٣)- کۆمەڵی سێیەم: پێشکەتووەکان، پێشکەوتووەکان، ئا ئەوانە زۆر نیزیکخراوەن لە خوا، لە باخە پڕ نازو نیعمەتەکاندان.

٤)- لە فەرمایشتێکی پێغەمبەردا هاتوە ﷺ: {**عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْد رضي الله عنه، قَالَ: قَالَ رَسُول الله ﷺ: إِنَّ أَهْلَ الْجَنَّةِ لَيَتَرَاءَوْنَ الْغُرَفَ فِي الْجَنَّةِ كَمَا تَتَرَاءَوْنَ الكَوْكَبَ فِي السَّمَاءِ**} (**أخرجه أحمد: ٢٢٩٢٧، والدارمي: ٢٨٣٠، والبخاري: ٦١٨٨، ومسلم: ٢٨٣٠**).

واتـە: سـەهلی کـوڕی سـەعد (خوا لێـی ڕازی بێ) لـە پێغەمبـەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کـە فەرموویەتـی: بێگومـان خەڵکـی بەهەشـت تەماشـای کۆشـکە بـەرزەکان دەکـەن لـە بەهەشـت دا، وەك چـۆن ئێـوە لـە دنیـادا تەماشـای ئەسـتێرە دەکـەن لـە ئاسـمان.

وەك چـۆن ئێمـە تەماشـای ئەسـتێرەیەکی بـەرز دەکەیـن، فڵانـە ئەسـتێرە بـە شـەوقترە لـە فـڵان، لـە بەهەشتیشـدا بەهەشـتییەکان ئـاوا، هەندێکیـان تەماشـای شـوێنی بـەرزی هەندێکیـان دەکـەن.

بڕگـەی بیسـت و دووەم: پوختـەو گـوشراوی ئـەوەی بەهەشـتی پـێ وەسـف دەکـرێ، ئەوەیـە کـە نـازو نیعمەتێکـی بەردەوامـە، پاداشـتێکی مەزنـە، موڵـك و حوکمڕانییەکـی گەورەیـە، وەك چییەتـی خـۆی، تەنیـا خـوا تبـارك و تعالـی دەزانـێ چۆنـە؟ ئەمیـش لـە زۆر ئایەتـان وەردەگیـرێ، بـۆ وێنـە:

١- خوا لە سوورەتی (السجدة) ئایەتی (١٧)دا، دەفەرموێ: ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾، واتە: هیچکەس نازانێ چی بۆ پەنهانکراوە لەوەی پێی دڵخۆش دەبن، وەك پاداشت بۆ ئەوەی کردوویانە.

یـانی: هیچکـەس نازانـێ ئـەوەی خـوا بـۆی پەنهـان کـردوون لـەوەی مایـەی شـادمانیی و دڵخۆشـییانە، لـە بەرانبـەر کردەوەکانیانـدا کـە کردوویانـن.

٢- لە سوورەتی (الإنسان)، ئایەتی (٢٠)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا رَأَيْتَ ثَمَّ رَأَيْتَ نَعِيمًا وَمُلْكًا كَبِيرًا ﴾، واتە: ئەگەر ئەوێ ببینی، نازو نیعمەتێك و حوکمڕانییەکی زۆر گەورە دەبینی.

٣- لە سوورەتی (التوبة)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ يُبَشِّرُهُمْ رَبُّهُم بِرَحْمَةٍ مِّنْهُ وَرِضْوَٰنٍ وَجَنَّـٰتٍ لَّهُمْ فِيهَا نَعِيمٌ مُّقِيمٌ ﴿٢١﴾ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿٢٢﴾ ﴾، واتە: پەروەردگاریان موژدەیان پێدەدات بە بەزەییەك و ڕەزامەندییەك لەلایەن خۆیەوەو، بە باخانێك کە نازو نیعمەتێکی هەمیشەو بەردەوامیان تێدایە. بەهەمیشەیی تێیاندا دەمێننەوە بێ کۆتایی، بێگومان خوا پاداشتی مەزنی لەلایە.

٤- فەرمایشتێکی پێغەمبەریش ﷺ هەیە لە خوای بەرزەوە دەیهێنێ، واتە: فەرموودەکە قودسییەو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیهێنێ بەبێژەی خۆی، بەڵام مانایەکەی هی خوایە:

{عَن عَن أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ قَالَ اللَّهُ: أَعْدَدْتُ لِعِبَادِي الصَّالِحِينَ: مَا لَا عَيْنٌ رَأَتْ، وَلَا أُذُنٌ سَمِعَتْ، وَلَا خَطَرَ عَلَى قَلْبِ بَشَرٍ، فَاقْرَءُوا إِنْ شِئْتُمْ: فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَا أُخْفِيَ لَهُمْ مِنْ قُرَّةِ أَعْيُنٍ} (أخرجه أحمد: ٨١٢٨، والبخاري: ٣٠٧٢، ومسلم: ٢٨٢٤)، واتە: ئەبوو هورەیرە ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خوا فەرموویەتی: بۆ بەندە چاکەکانم (بە نێرو مێ وە) شتێکم ئامادە کردوە، کە نە هیچ چاوێك دیویەتی، نە هیچ گوێیەك بیستوویەتی، نە بەخەیاڵ و ئەندێشەی هیچ مرۆڤێکدا هاتوە، ئەگەر دەتانەوێ ئەوە بخوێننەوە: ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٧﴾ ﴾ واتە: هیچ کەسێك نازانێ ئەوەی بۆی پەنهانکراوە لەوەی مایەی دڵخۆشییەتی، وەك پاداشت بۆ ئەوەی کردوویانە.

بێگومان هەرشتێك هەبێ، یان مرۆڤ خۆی دەیبینێ، یان ئەگەر خۆی بەچاو نەیبینێ بۆی باس دەکەن و بەگوێ دەیبیستێ، یان ئەگەر بۆشی باس نەکەن، مرۆڤ دەتوانێ بیهێنێتە بەر خەیاڵی خۆی.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ئەوەی بۆ بەندە چاکەکانم ئامادەم کردوە، نەچاو بینیویەتی، نەگوێش بیستوویەتی، نە بە خەیاڵی کەسیش داهاتوە.

کەواتە: ڕاستە ئەوەی دەبێتە باشترین پێناسە بۆ بەهەشت، ئەوەیە کە: وەك چییەتی خۆی، بەس خوا دەزانێ چییەو چۆنە؟

برگەی بیست و سێیەم: خەڵکی بەهەشت هەرگیز بێ تاقەت و بێزار نابن، هەرچەندە بەبێ کۆتایی تێدا دەمێننەوەو، هەرگیز خۆزگە ناخوازن بچنە دەرێ، چونکە هیچ شتێك لە بەهەشت چاکتر، بەڵکو وەك ئەو و وێنەی ئەویش نیە: ئەمیش لە چەند شوێنێك لە قورئان دا هاتوە:

١- ئەو دوو ئایەتەی سوورەتی (**الکهف**)، کە خوا تێیان دا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّٰتُ ٱلْفِرْدَوْسِ نُزُلًا ﴿١٠٧﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا لَا يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلًا ﴿١٠٨﴾﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی ئیمانیان هێناوە (بە هەموو ئەوشتانەی پێویستە ئیمانیان پێ بهێنرێ) و کردەوە باشەکانیان ئەنجام داون، باخەکانی فیردەوسیان بۆ دەکرێتە شوێنی میوانداریی، (یان: ئەوەی بۆ میوان دادەنرێ) تێیان دا هەرماوی هەمیشەیی دەبن، حەز ناکەن بەجێی بهێڵن (حەز ناکەن ئەوێ واز لێ بێنن، بچن بۆ شوێنێکی دیکە).

٢- هەر لەو بارەوە ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەریش ﷺ دێنین لە بارەی فیردەوسەوە، کە فیردەوس بەرزترین شوێنی بەهەشتە، دەفەرموێ: {**مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ، وَأَقَامَ الصَّلَاةَ، وَصَامَ رَمَضَانَ، كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الجَنَّةَ، هَاجَرَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، أَو جَلَسَ فِي أَرْضِهِ الَّتِي وُلِدَ فِيهَا، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ! أَفَلَا نُنَبِّئُ النَّاسَ بِذَلِكَ؟ قَالَ: إِنَّ فِي الجَنَّةِ مِائَةَ دَرَجَةٍ أَعَدَّهَا اللَّهُ لِلْمُجَاهِدِينَ فِي سَبِيلِهِ، كُلُّ دَرَجَتَيْنِ مَا بَيْنَهُمَا كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ، فَإِذَا سَأَلْتُمُ اللَّهَ فَسَلُوهُ الْفِرْدَوْسَ، فَإِنَّهُ أَوْسَطُ الْجَنَّةِ، وَأَعْلَى الْجَنَّةِ وَفَوْقَهُ عَرْشُ الرَّحْمَنِ، وَمِنْهُ تَفَجَّرُ أَنْهَارُ الجنَّة**} (**أخرجه أحمد: ٨٤٥٥، البخاري: ٢٦٣٧، وابن حبان: ٤٦١١**).

واتە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هەرکەسێك بڕوا بە خواو بە پێغەمبەرەکەی بێنێ و، نوێژ بەرپا بکات و، ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرێ، لەسەر خوا پێویستە بیخاتە بەهەشت، (خوا لەسەرخۆی پێویستی کردوە) لە پێناوی خوادا کۆچ بکات، یاخود لەسەر زەمینەکەی خۆی دابنیشێ، کە تێیدا لە دایك بووە، هاوەڵان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! ئەو هەواڵە بدەینە خەڵك؟ فەرمووی: بزانن لە بەهەشتدا سەد (١٠٠) پلە هەیە، خوا بۆ تێکۆشەرانی ڕێی خۆی ئامادەی کردوون، لە نێوان هەردوو پلەدا، بە ئەندازەی دووریی نێوان ئاسمان و زەوییە، بۆیە ئەگەر داواتان لە خوا کرد، داوای فیردەوسی لێ بکەن، چونکە نێوەڕاستی بەهەشتەو بەرزترین پلەی بەهەشتەو لە سەرووی فیردەوسەوە، عەرشی (خوای) بەبەزەیی هەیە، لە فیردەوسیشەوە هەموو ڕووبارەکانی بەهەشت دێن.

هەڵبەتە ئەو ئایەتە موبارەکەی دەفەرموێ: ﴿ لَا يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلًا ﴾، خۆزگە ناخوازن بە هەشت جێبهێڵن، وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە ڕەنگە لە مێشکی هەندێ کەسدا بێ: ئەگەر هەتا هەتایە مرۆڤ لە بەهەشتدابێ، ئایا بێ تاقەت و بێزار نابێ؟ خوای میهرەبان وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە.

دەڵێم: لە ڕاستییدا لە بەهەشتدا کات (زَمَن) دەوەستێ، ئێمە لە دنیادا دەژین، لەسەر خڕۆکەی زەوی و، زەوی هەر (٢٤) سەعات جارێك بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، بە خێرایی (٣٠)کم لە خولەکێك داو، ئەوە دەبێتە هۆی پەیدابوونی شەوو ڕۆژ، ئەو ڕووەی زەوی کە ڕووی لە خۆرە دەبێتە ڕۆژ، دیوەکەی دیکەشی دەبێتە شەو، هەروەك زەوی لە ساڵێکیشدا خولێك دەخوات و جارێك دەسووڕێتەوە بە دەوری خۆردا، بە خێرایی (٣٠)کم لە چرکەیەکدا، واتە: شەست (٦٠) ئەوەندە خێراتر کە بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، لە ئەنجامی ئەوەشدا ساڵ و کەشەکانی ساڵ پەیدادەبن، کەواتە: ئێمە لەسەر زەوی هەست دەکەین، بە شەوو ڕۆژ و مانگ و ساڵ و هەفتە، بەڵام لە بەهەشتداو لە دۆزەخدا، کات دەوەستێ، ئەو چەمك و واتایەی ئێستا ئێمە بۆ کات دەیزانین، بەو شێوەیە نامێنێ.

برگەی بیست و چوارەم: بەهەشتییەکان شوێنی خۆیان، لە نێو ئاگری دۆزەخدا دەبینن، کە ئەگەر بێبڕوابوونایەو خراپەیان کردبایە، دەیچوونەتێ، تاکو سوپاسگوزاریی بۆ خوا زیاد بکەن:

ئەمیش لە ئایەتی (٩) ی سووڕەتی (التغابن)دا، ئاماژەیەکی پێکراوە، بەڵام لە فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺدا بەڕوونی باسکراوە، خوا دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ الْجَمْعِ ذَلِكَ يَوْمُ التَّغَابُنِ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ وَيَعْمَلْ صَالِحًا يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾، واتە: ئەو ڕۆژەی (خوا) کۆتان دەکاتەوە بۆ ڕۆژی کۆکردنەوە، ئەوکاتە ڕۆژی

زیـان لـە یەکـدی دانـە (لـە تەفسـیری سـوورەتی (**التَّغَابُن**)دا، بەتەفصیـلْ قسـەمان لـە بـارەی (**تغابـن**)ەوە کـردوە، هـەر کەسـێك بـڕوا بێنـێ و کـردەوەی بـاش بـکات، خـوا خراپەکانـی لـێ دەسـڕێتەوەو دەیخاتـە باخانێکـەوە ڕووباریـان بەژێـردا دەڕۆن، بـە هەمیشـەیی هەتـا هەتایـە تێیـان دەمێننـەوە، ئـا ئەوەیـە بردنـەوەی مـەزن.

فەرمایشـتێکی پێغەمبەریـش ﷺ ئـەوەی لـەو ئایەتـەدا ئامـاژەی پێکـراوە، ڕوونـی دەکاتـەوە:

{عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: لَا يَدْخُلُ أَحَدٌ الْجَنَّةَ إِلَّا أُرِيَ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ، لَوْ أَسَاءَ لِيَزْدَادَ شُكْرًا، وَلَا يَدْخُلُ النَّارَ أَحَدٌ، إِلَّا أُرِيَ مَقْعَدَهُ مِنَ الْجَنَّةِ، لَوْ أَحْسَنَ لِيَكُونَ عَلَيْهِ حَسْرَةً} (أخرجه البخاري: ٦٢٠٠).

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتـی: هیـچ کەسـێك ناچێتـە بەهەشـت، مەگـەر نشـینگەی خـۆی لـە ئاگـردا پێشـان دەدەن، ئەگـەر خراپەی کردبایـە (دەڵێـن: هاتوویـە ئێـرە، بـەڵام بـۆ زانیارییـت ئەگـەر بێبـڕوا بـووای، ئائـەوە شـوێنەکەت بـوو) تاکـو سوپاسـگوزاریی بـۆ خـوا زیـاد بـکات، (بڵـێ: سـوپاس بـۆ تـۆ خوایـە! کـە هیدایەتـت دام، ڕێـی ڕاسـت بگـرم و هاتمـە ئێـرەو نەچوومـە ئـەوێ) هیـچ کەسـیش ناچێتـە نێـو ئاگـری دۆزەخ، مەگـەر نشـینگەکەی خـۆی لـە بەهەشـت دا پێشـان دەدەن، ئەگـەر چاکـەی کردبایـە، تاکـو زیاتـر خەفـەت بخـوات، (مەینەتیـی و نارەحەتیـی زیاتـر بچێتـە دڵیـەوە، کـە خوایـە! بۆچـی ڕێـی ڕاسـتم نەگـرت، تاکـو بچمـە ئـەوێ و، نەهاتبامـە ئێـرە لـە دۆزەخـدا؟!

برگـەی بیسـت و پێنجـەم: بەهەشـتییەکان ستایشـی خـوای بـەرز دەکـەن، لەسـەر ئـەوەی لـە دنیـادا ڕێـی ڕاسـتی پێشـان داون و، خـەم و ماتەمـی لـە دڵـدا لابـردوون و، بەهەشیتشـی کردۆتـە میراتیـان:

لـە چەنـد شـوێنێکی قورئانـدا خـوای زانـاو توانـا ئـەم ڕاسـتییانەی خسـتوونەڕوو، بـۆ وێنـە:

١- لە سوورەتی (**الأعراف**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٤٢﴾ وَنَزَعْنَا مَا فِى صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ تَجْرِى مِن تَحْتِهِمُ ٱلْأَنْهَٰرُ وَقَالُواْ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى هَدَىٰنَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِىَ لَوْلَآ أَنْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ لَقَدْ جَآءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلْحَقِّ وَنُودُوٓاْ أَن تِلْكُمُ ٱلْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾ ﴾.

واتە: ئەوانەش کە بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان ئەنجام داون، ئێمە هیچکەس زیاد لە توانای خۆی لە سەری پێویست ناکەین، ئا ئەوانە هاوەڵانی بەهەشتن، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، هەرچی کینە هەبووە لە سینەکانیاندا دامانڕنی دەرمان هێنا، ڕووبارەکان بە ژێریاندا دەڕۆن، گوتیان: ستایش بۆ ئەو خوایەی ڕێنمایی کردین بۆ ئەم ڕێیە، ئێمە ڕێی ڕاستمان نەدەگرت، ئەگەر ئەو ڕێنمایی نەکردباین، بەڕاستیی پێغەمبەران هەقیان لە پەروەردگارمان بۆ هێنابووین، بانگکران: ئەو بەهەشتانە کراون، بە میراتی ئێوە بەهۆی ئەوەوە کە دەتانکرد.

واتە: چۆن کە میراتێکت بۆ دێ، دەبێتە موڵکی تۆ، ئەو بەهەشتەش ئاوا دەبێتە موڵکی ئێوە.

٢- لە سوورەتی (**فاطر**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالُواْ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِىٓ أَذْهَبَ عَنَّا ٱلْحَزَنَ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٣٤﴾ ٱلَّذِىٓ أَحَلَّنَا دَارَ ٱلْمُقَامَةِ مِن فَضْلِهِۦ لَا يَمَسُّنَا فِيهَا نَصَبٌ وَلَا يَمَسُّنَا فِيهَا لُغُوبٌ ﴿٣٥﴾ ﴾، واتە: (بەهەشتییەکان) گوتیان: ستایش بۆ ئەو خوایەی خەمباریی و دڵتەنگیی لێ لابردین، بە دڵنیایی پەروەردگاری ئێمە زۆر لێبوردەی سوپاسگوزارە، ئەو کەسەی ئێمەی خستۆتە مەنزڵگای تێدامانەوە، لە بەخششی خۆیەوە، لە وێدا نە ماندوێتییمان تووش دێ، نە هیچ ئازارو ناڕەحەتییەکمان بەسەر دێ.

٣- لە سوورەتی (الزمر)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ رَبَّهُمْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ زُمَرًا حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ

طِبْتُمْ فَٱدْخُلُوهَا خَـٰلِدِينَ ﴿٧٣﴾ وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَـٰمِلِينَ ﴿٧٤﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی پارێزیان لە پەروەردگاریان کردبوو، کۆمەڵ کۆمەڵ بەڕێکران بەرەو بەهەشت، هەتا کاتێك گەیشتنە لای (بەهەشت) و دەروازەکانیشی کرابوونەوە، (پێش ئەوەی بچن) دەرگاوانەکانی بەهەشت پێیان گوتن: سەلام لەسەر ئێوە بێ، ئێوە پاك و چاك بوون بچنەتێی (بەهەشت) تێیدا هەمیشەیی وهەرماون. ئەوانیش گوتیان: ستایش بۆ ئەو خوایەی بەڵێنی لەگەڵ ڕاست بردینەسەر، [ئەو بەڵێنەی پێی دابووین، ڕاستی بردە سەر] سەر زەوی (بەهەشتی) پێداین لە هەر شوێنێك لەوێدا (لە بەهەشت دا) بمانەوێ تێیدا نیشتەجێ دەبین، باشترین پاداشت، پاداشتی ئەوانەیە کاریان (بۆ خوای بەرزی مەزن) کردوە.

لە کۆتایی ئەم کورتە باسەدا دەڵێین:

باسی بەهەشت، هەروەها باسی دۆزەخ، کە پێشتر باسی دۆزەخمان کرد، زۆر زۆری بە بەرەوەیەو، خوای پەروەردگار زۆر بەوردیی باسی دۆزەخی کردوەو زۆریش بەوردیی باسی بەهەشتی کردوە.

بەڵام من هەوڵمدا: باسی دۆزەخ لە بیست و یەك (٢١) بڕگەداو، باسی بەهەشتیش لەم بیست وپێنج (٢٥) بڕگەیەدا بخەمە ڕوو - وەك پێشتریش گوتم - بە پلەی یەکەمیش پشتم بە قورئان بەستوەو جارجاریش هەندێ لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ یشم هێناون، چونکە خوای بەرزی مەزن وەك لە سەرەتای مەوسووعەی: (**الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله**)دا گوتوومە: هەرچی شتی بنەڕەتیی و سەرەکییە لە دینداریی دا، لە مسوڵمانێتییدا، لە قورئاندا باسی کردوە، بەڵام هەندێك درێژە پێدان و ڕوونکردنەوە، پێغەمبەری خاتەم ﷺ باسی کردوە، بۆیەش هەر بابەتێك بمانەوێ مادام بابەتێکی ئیسلامیی بێ، دەبێ تەماشای قورئان بکەین و، مادام شتێکی گرنگ و سەرەکیی بێ، لە قورئاندا خوای

پـەروەردگار باسـی کـردوە، هەڵبەتـە وێـڕای قورئـان، ئـەوەش کـە بـۆ پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ نێـردراوەو سرووشـکراوە، ئەویـش هـەر وەحییـە، بـەڵام بێگومـان هەمـوو ئـەو شـتانەی بنەڕەتیـی و سـەرەکیین لـە قورئانـدا بـاس کـراون، هـەر بۆیـەش ڕای هەندێـك لـە زانایـان وایـە، کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئـەوەی فەرموویەتـی، هـەر لەبـەر ڕۆشـنایی قورئانـدا فەرموویەتی، وەك ئیمام شـافیعیی (ڕەحمەتـی خـوای لـێ بـێ) لـە کتێبـە ناودارەکـەی خـۆی (**الرسـالة**)دا باسـی کـردوە.

خـوا بـە بەبەزەیـی و لوتـف و کەڕەمـی بـێ سـنووری خـۆی یارمەتییـمان بـدات، خۆمـان بپارێزیـن لـە هەمـوو ئـەو شـتانەی بـەرەو دۆزەخـمان دەبـەن و خـوا تەوفیقـمان بـدات و دڵـمان وەربچەرخێنـێ، بـۆ پەرسـتن و تاعەتـی خـۆی و، بـۆ هەمـوو ئـەو کردەوانـەی بـەرەو بەهەشـت و ڕەزامەندیـی خوامـان دەبـەن، خـوا ئـەو بەهەشـتەش کـە باسـمان کـرد، بـە قسـمەت و نسـیبی هەمـوو لایەکـمان بـکات.

لێـرەش کۆتایـی بـە ئـەم کورتـە باسـە، دێنیـن و، کۆتاییـش بە تەفسـیری سـوورەتی (**الفجـر**) دێنین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

تەفسیری سوورەتی

البَلَدِ

دەستپێك

بەڕێـــزان!

ئەمڕۆ کـە (٦)ی مانگـی (**ذي الحِجَّة**)ی سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچییـە، بەرانبـەر (٢٧/٧/ ٢٠٢٠)ی زایینـی، لـە شـاری دێرینـی هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن بـە ڕوونکردنـەوەی چەمـك واتـای ئایەتـە بـە پێزەکانـی سـوورەتی (**البَلَـد**).

سەرەتاش پێناسەو نێوەڕۆکیی ئەم سوورەتە موبارەکە لە حەوت بڕگەدا، دەخەینەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (البلد) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

نـاوی باوتـری ئـەم سـوورەتە موبارەکـە بریتیـە لـە: (**سـورة البلـد**)، بـەڵام نـاوی: (**سـورة لا أقسم**)یشـی، بـۆ بەکارهێـنراوە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

زۆربـەی هـەرە زۆری زانایـان بـە مەککەییـان دانـاوە، هەندێکیـش بـە مەدینەیـی، بەهـۆی ئایەتـی: ﴿وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ﴾ و تەفسـیرکردنی بـەوە، کـە: تـۆ ئـەی موحەممـەد ﷺ! ئێسـتا ئـەم وڵاتـەت بـۆ حەڵاڵـە، چـی تێـدا دەکـەی! گوایـە لـە ڕۆژی ئازادکردنـی مەککـەدا دابەزیـوە، بـەڵام ئـەو ڕایـە بێهێـزەو، ڕای ڕاسـت هـەر ئەوەیـە کـە ئـەم سـوورەتە مەککەییـە، لـەو بارەشـەوە ئـەم دەقـە دێنیـن: {**عَـنْ عَبْـدِ اللهِ ابِـنِ عَبَّـاس** ﵄، **قـال: نَزَلَـتْ سُـورَةُ لاَ أُقْسِـمُ بِهَـذاَ البَلَـدْ، بِمَكَّـةَ**}[1].

---

(١) أورده السـيوطي في «الـدر المنثـور»: ج٨، ص٥١٦، ونسـبه لابـن الضريـس، والنحـاس، والبيهقـي،

واتــە: عەبدوڵـڵای کــوڕی عەببــاس ، گوتوویەتــی: ســوورەتی ﴿ لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ﴾ لـە مەککـە دابەزیـوە، هەروەهـا (السیوطي)، گوتوویەتـی: ئیبنـو موردەوەیـە لــە عەبدوڵــڵای کــوڕی زوبەیــرەوە هەمــان شــتی هێنــاوە، گوتوویەتــی: ئــەم ســوورەتە لــە مەککــە دابەزیــوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

ئــەم ســوورەتە موبارەکــە، لــە (موصحــەف)دا، ژمارەکــەی: نــەوەد (٩٠)ە، کــە لــە ســوورەتی (**الفاتحة**)وە دێــی، لــە دابەزینیشــدا زۆرێــك لــە زانایــان ژمــارەی سی و پێنــج (٣٥)یــان بــۆ دانــاوەو، پێــش ســوورەتی (**الطـارق**)و دوای ســوورەتی (ق)، دابەزیــوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمێرەرانــی ئایەتەکانــی قورئــان، لەســەر ئــەوە یەکدەنگــن کــە ئــەم ســوورەتە موبارەکــەی (البلــد)، بیســت (٢٠) ئایەتــە، نــە کەمــترو نــە زیاتــر.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئـەم ســوورەتە موبارەکـە بـە هـەر بیسـت (٢٠) ئایەتەکەیـەوە، یـەك بابەتـی چـڕو پـڕی تێکهەڵکێشـە، بـەم شـێوەیە: خـوای کارزان و میهرەبـان دوای سـێ سـوێندان، ڕایدەگەیەنـێ، کـە مرۆڤـی لـە گرفـت و ناڕەحەتییـدا هێناوەتـە دی، پاشـان باسـی مرۆڤـی دەسـتی هیدایەتـی خـوا پێنەگەیشـتوو دەکات، کـە خـۆی بـە خەرجکردنـی مـاڵ و سـامانی لەسـەر یـەك کەڵەکـە بـووەوەی هەڵدەکێشـێ.

وابــن مردویــه، وقــال وأخــرج ابــن مردويــه عَــن عبــد اللــه بــن الزبــیر مثلــه رَضي اللــهُ عَنهُــما، الإســتيعاب في بيــان الأســباب: ج٣، ص٥١٣.

دوایی خوا باسی چوار لە نیعمەتە گەورەو سەرەکییەکانی خۆی بۆ دەکات، هەر دوو چاوی، زمانی و دوو لێوی و، هەردوو ڕێ پێشاندرانی، ڕێی ڕاست و ڕێی چەوت.

ئنجا سەرزەنشتی دەکات لەسەر نەبڕینی دەرووی سەخت، دواییش دەرووی سەخت بە ئازادکردنی کۆیلەیەك و تێرکردنی برسییەك، کە ئەویش هەتیوێکی خزم، یاخود نەدارێکی پەککەوتوو بێ، تەفسیر دەکات، وێڕای بڕواهێنان و یەکدی سپاردن بە خۆڕاگریی و، بە بەزەیی و سۆز لەگەڵ یەکدیدا نواندن.

دواییش خوا ڕایدەگەیەنێ کە ئەوان (ئەوانەی بەو جۆرەن)، هاوەڵانی دەستی ڕاستن و، بێبڕوایانیش بە ئایەتەکانی خوا، هاوەڵانی چەپەن و، لە ئاگرێکی دەرگا لەسەر گاڵەدراودا دەبن، ئاگرێك لە شوێنێك دا کە دەرگاکانی لەسەریان داخراون.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

سێ تایبەتمەندییمان لەم سوورەتە موبارەکەدا کەوتوونە بەرچاو:

١- تەنیا لەم سوورەتەدا دروستکردنی مرۆڤ لە ڕەنج و زەحمەتییدا، ڕاگەیەنراوە، لە ئایەتی ژمارە (٤)دا: ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِى كَبَدٍ ﴾، بە دڵنیایی مرۆڤمان لە ناڕەحەتیی و ڕەنج دا هێناوەتە دی.

٢- تەنیا لەم سوورەتەدا دەرووی سەخت بڕین بە: ئازادکردنی کۆیلەو تێرکردنی برسیی تەفسیر کراوە، لە ئایەتەکانی: (١١ - ١٦)دا: ﴿ فَلَا ٱقْتَحَمَ ٱلْعَقَبَةَ ﴿١١﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْعَقَبَةُ ﴿١٢﴾ فَكُّ رَقَبَةٍ ﴿١٣﴾ أَوْ إِطْعَٰمٌ فِى يَوْمٍ ذِى مَسْغَبَةٍ ﴿١٤﴾ يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ ﴿١٥﴾ أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ ﴿١٦﴾ ﴾.

٣- چەند وشەو تەعبیرێك تایبەتن بەم سوورەتەوە، کە ژمارەیان یازدەیە:

١- ﴿ وَأَنتَ حِلٌّۢ بِهَٰذَا ٱلْبَلَدِ ﴾، کە وەك دوایی دەیگەینێ زانایان سێ تەفسیریان بۆ کردووون.

٢- ﴿ وَوَالِدٍ وَمَا وَلَدَ ﴾، سوێند بە باب و ڕۆڵە.

٣- ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِى كَبَدٍ ﴾، بەدڵنیایی ئینسانمان لە ڕەنج و ناڕەحەتیی دا هێناوەتە دی.

٤- ﴿ يَقُولُ أَهْلَكْتُ مَالًا لُّبَدًا ﴾، دەڵێ: ماڵێکی لەسەر یەك کەڵەکە بووم خەرج کردوە.

٥- ﴿ أَلَمْ نَجْعَل لَّهُۥ عَيْنَيْنِ ﴿٨﴾ وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ ﴿٩﴾ وَهَدَيْنَٰهُ ٱلنَّجْدَيْنِ ﴿١٠﴾ ﴾، ئایا دووچاومان بۆ نەڕەخساندوون و، زمانێك و دوو لێوو و، دوو ڕێیەکانیشمان پێشان نەداون؟

٦- ﴿ فَلَا ٱقْتَحَمَ ٱلْعَقَبَةَ ﴾، ئەو دەرووی سەختی نەبڕیوە.

٧- ﴿ فَكُّ رَقَبَةٍ ﴾، ئازادکردنی گەردنێك، واتە: کۆیلەیەك.

٨- ﴿ يَوْمٍ ذِى مَسْغَبَةٍ ﴾، ڕۆژێکی خاوەن برسێتیی.

٩- ﴿ يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ ﴾، هەتیوێکی (منداڵێکی بێ بابی) خاوەن خزمایەتیی، نیزیك.

١٠- ﴿ أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ ﴾، نەدارێکی خاوەن گڵ و خۆڵ، واتە: هیچی نەبێ و لەسەر گڵ و خۆڵ دانیشتبێ.

١١- ﴿ بِٱلْمَرْحَمَةِ ﴾، بە بەزەیی نواندن.

ئەم وشەو تەعبیرانە، بەم جۆرەی لەم سووڕەتەدا هاتوون، لە هیچ کام لە سووڕەتەکانی دیکەدا، نە هاتوون.

حەوتەم و کۆتایی: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمە کۆی بیست (٢٠) ئایەتەکەی ئەم سووڕەتە دەکەینە دەرسێك.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

بەڕێـــــزان!

پێشـتریش گوتمـان ئـەم سـووڕەتە هەمـووی یـەك بابەتـی چـڕو پـڕە، سـەرەتا خـوا ﷻ سـێ سـوێندان دەخـوات: ﴿لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ۝١ وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ۝٢ وَوَالِدٖ وَمَا وَلَدَ ۝٣﴾.

دوایـی ڕایدەگەیەنـێ کـە مرۆڤـی لـە گرفـت و ڕەنـج و میحنـەت دا خولْقانـدوە: ﴿لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِي كَبَدٍ﴾.

ئنجـا باسـی مرۆڤـی لـە هیدایەتـی خـوا دوور، یـان دەسـتی هیدایەتـی خـوا پێنەگەیشـتوو، دەکات: ﴿أَيَحۡسَبُ أَن لَّن يَقۡدِرَ عَلَيۡهِ أَحَدٞ ۝٥ يَقُولُ أَهۡلَكۡتُ مَالٗا لُّبَدًا ۝٦ أَيَحۡسَبُ أَن لَّمۡ يَرَهُۥٓ أَحَدٌ ۝٧﴾، ئـەو جـۆرە کەسـە خـۆی هەڵدەکێشـێ و دەڵـێ: ماڵێکـی لەسـەریەك کەڵەکـە بـووم خەرجکـردوە، کـە بێگومـان لە حـەڕام و خراپەشـدا خەرجـی کـردوە، ئایـا پێـی وایـە کـەس نەیبینیـوە لـە چیـدا خەرجـی کـردوە؟!

ئنجـا خـوا ﷻ باسـی چـوار لـە نیعمەتـە سـەرەکییەکانی خـۆی دەکات، بـۆ ئـەو مرۆڤـەو بـۆ هەمـوو مرۆڤەکانـی دیکـەش: ﴿أَلَمۡ نَجۡعَل لَّهُۥ عَيۡنَيۡنِ ۝٨ وَلِسَانٗا وَشَفَتَيۡنِ ۝٩ وَهَدَيۡنَٰهُ ٱلنَّجۡدَيۡنِ ۝١٠﴾، ئایـا دووچاومـان بـۆ نەڕەخسـاندوون، کـە مامەڵەیـان پـێ لەگـەڵ دەوروبەریـدا دەکات، ﴿وَلِسَانٗا﴾ زمانێـك کـە مامەڵـەی پـێ لەگـەڵ خەڵـك دا دەکات و دەیاندوێنـێ ﴿وَشَفَتَيۡنِ﴾، دوو لێوەکان، ﴿وَهَدَيۡنَٰهُ ٱلنَّجۡدَيۡنِ﴾ دوو ڕێیەکانیشـمان پێشـان نـەداون؟ کـە هـەردووك ڕێـی ڕاسـت و چەوتـن؟

ئنجـا خـوا ﷻ ئـەو مرۆڤـە سەرزەنشـت دەکات لەسـەر ئـەوەی دەرووی سـەختی نەبڕیـوە: ﴿فَلَا ٱقۡتَحَمَ ٱلۡعَقَبَةَ﴾، دەرووە سـەختەکەی نەبڕیـوە، ﴿ٱلۡعَقَبَةَ﴾ بریتیـە لـە دەروویەکـی سـەخت کـە مـرۆڤ لـە چیاو شـاخ پێیـدا دەڕوات و بـە تەنیـا نەبـێ

ناتوانێ پێیدا بڕوات، دوایی خوا ئەو دەرووە سەخت بڕینە، تەفسیر دەکات بە دوو شت: ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡعَقَبَةُ ﴾، ئەو دەروو سەختە چییە؟ کێ بە تۆی زانانـدوە چییە؟ ﴿ فَكُّ رَقَبَةٍ ﴾ ئازادکردنی کۆیلەیەکە، ﴿ أَوۡ إِطۡعَٰمٞ فِي يَوۡمٖ ذِي مَسۡغَبَةٖ ﴾، یاخود خواردن پێدانە لە ڕۆژێکی خاوەن برسیەتییدا، بە کێ؟ ﴿ يَتِيمٗا ذَا مَقۡرَبَةٍ ﴾، بە هەتیوێك کە خاوەن نیزیکایەتییە (یَتیم) لە زاراوی قورئاندا، منداڵێکە باڵغ نەبووەو بابی مردوە، لە عورفی کوردەواریی خۆمان دا دەڵێن: (ئاژەڵ بە دایك هەتیو دەبێ، بەڵام مرۆڤ بە باب هەتیو دەبێ)، ﴿ أَوۡ مِسۡكِينٗا ذَا مَتۡرَبَةٖ ﴾، یان: نەدارێکی بە گڵەوە نووساو، ئنجا ئایا بەوەندە دەرووی سەخت دەبڕدرێ؟ نەخێر، ﴿ ثُمَّ كَانَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، دواییش لەوانەبێ کە بڕوایان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ، ﴿ ثُمَّ ﴾ لێرەدا بۆ ڕیزبەندیی کاتیی نیە، بەڵکو بۆ ڕیزبەندیی گرنگییەتییە، واتە: لەوەش گرنگتر بریتیە لە ئیمان، چونکە بەهۆی ئیمانەوە مرۆڤ بەزەیی دەبێ و کۆیلە ئازاد دەکات و هاوکاریی هەتیوو هەژارو نەدار دەدات.

﴿ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡمَرۡحَمَةِ ﴾ هەروەها یەکدیش ڕاسپێرن بە خۆڕاگریی و، یەکدیش ڕاسپێرن و ئامۆژگاریی یەکدی بکەن بە ڕەحم و بەزەیی، ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَيۡمَنَةِ ﴾، ئا ئەوانە هاوەڵانی ڕاستەن، بەدەستی ڕاست، نامەکانیان دەدرێنەوە، ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا ﴾، ئەوانەش کە بە ئایەتەکانی ئێمە بێبڕوا بوون، نیشانەکانی خوای پەروەردگاریش چ ڕستەکانی قورئان بن، چ دیاردەو دیمەنەکانن بن، کە لە گەردووندا خوڵقاندوونی، ئەوانەی کە بە ئایەتەکانی ئێمە بێبڕوا بوون، ﴿ هُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَشۡـَٔمَةِ ﴾ ئەوانە هاوەڵانی چەپەن، بە دەستی چەپیان نامەی کردەوەکانیان دەدرێتەوە، ﴿ عَلَيۡهِمۡ نَارٞ مُّؤۡصَدَةُۢ ﴾، ئاگرێکیان لەسەرە کە دەرگاکانیانی لەسەر گاڵەدراون و داخراون.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ﴿١﴾ وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ﴿٢﴾ وَوَالِدٖ وَمَا وَلَدَ ﴿٣﴾ لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ
فِي كَبَدٍ ﴿٤﴾ أَيَحۡسَبُ أَن لَّن يَقۡدِرَ عَلَيۡهِ أَحَدٞ ﴿٥﴾ يَقُولُ أَهۡلَكۡتُ مَالٗا لُّبَدًا ﴿٦﴾ أَيَحۡسَبُ
أَن لَّمۡ يَرَهُۥٓ أَحَدٌ ﴿٧﴾ أَلَمۡ نَجۡعَل لَّهُۥ عَيۡنَيۡنِ ﴿٨﴾ وَلِسَانٗا وَشَفَتَيۡنِ ﴿٩﴾ وَهَدَيۡنَٰهُ ٱلنَّجۡدَيۡنِ ﴿١٠﴾
فَلَا ٱقۡتَحَمَ ٱلۡعَقَبَةَ ﴿١١﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡعَقَبَةُ ﴿١٢﴾ فَكُّ رَقَبَةٍ ﴿١٣﴾ أَوۡ إِطۡعَٰمٞ فِي يَوۡمٖ ذِي مَسۡغَبَةٖ
﴿١٤﴾ يَتِيمٗا ذَا مَقۡرَبَةٍ ﴿١٥﴾ أَوۡ مِسۡكِينٗا ذَا مَتۡرَبَةٖ ﴿١٦﴾ ثُمَّ كَانَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ
وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡمَرۡحَمَةِ ﴿١٧﴾ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَيۡمَنَةِ ﴿١٨﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا هُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَشۡـَٔمَةِ
﴿١٩﴾ عَلَيۡهِمۡ نَارٞ مُّؤۡصَدَةُۢ ﴿٢٠﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، وانیە (کە ئێوەی بێبڕوا دەڵێن) سوێند دەخۆم بەم وڵاتە (١) تۆش حەڵاڵکراوی لەم وڵاتەدا (لە لایەن بێبڕوایەکانەوەو ئازارت دەدەن) (٢) سوێندیش بە باب و بەوەش کە لێیبووە (٣) بە دڵنیایی مرۆڤمان لە سەختیی دا دروستکردوە (٤) ئایا پێی وایە هیچکەس (پێی ناوێرێ و) توانای بەسەریدا ناشکێ؟ (٥) دەڵێ: سامانێکی لەسەریەك کەڵەکە کراوم خەرجکردوە (٦) ئایا پێی وایە هیچکەس نەیدیوە؟ (چۆن ئەوماڵەی پەیدا کردوەو چۆنیشی خەرج کردوە؟) (٧) ئایا دوو چاومان بۆی نەڕەخساندوون! (٨) هەروەها زمانێك و دوو لێو (٩) (ئایا) دوو ڕێیەکانیشمان پێشان نەداون (ڕێی ڕاست و ڕێی چەوت)؟ (١٠) کە چی ئەو دەرووی سەختی نەبڕیوە (١١) چیش بە تۆی زانانـدوە دەرووی سەخت چییە؟ (١٢) ئازادکردنی کەسێك (ی کۆیلە) (١٣) یان خواردن پێدان لە ڕۆژێکی خاوەن برسیەتیی دا (١٤) بە

هەتیوێکـی خـاوەن خزمایەتیـی (و نیزیکیـی) ﴿١٥﴾ یـان نەدارێکـی (زۆر ئاتاجـی) خـاوەن گڵ و خـۆڵ ﴿١٦﴾ ئنجـا لـەو کەسـانەش بـێ کـە بڕوایـان هێنـاوەو، یەکـدی ڕادەسـپێرن بـە خۆڕاگریـی و، یەکـدی ڕادەسـپێرن بـە بەزەیـی نوانـدن (بەرانبـەر بـە خەڵـك) ﴿١٧﴾ ئەوانـە هاوەڵانـی ڕاسـتەن (کـە بـە دەسـتی ڕاسـتیان نامـەی کردەوەکانیـان دەدرێتـەوە) ﴿١٨﴾ ئەوانـەش کـە بـە ئایەتەکانمـان بێبڕوابـوون، ئەوانـە هاوەڵانـی چەپـە (و نەگبەتیـی)ن ﴿١٩﴾ ئاگرێکـی (دەرگا) داخراویـان لەسـەرە ﴿٢٠﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلْبَلَدِ): (**المَكَان المُحِيطُ المَعْـدودُ المُتَأَثِّرُ بِاجْتِـماع قُطَّانِـهِ وَإِقَامَتِهِـم فِيـهِ، وَالجَمْـعُ بِـلاَدٌ وَبُلْـدان**)، (بلـد): شـوێنێکی دەورەدراو و کارتێکـراوە بەوانـەی تێیـدا نیشـتەجێ بـوون و، لێـی کۆبوونـەوە، واتـە: خەڵکەکـەی، بـە: (**بِـلاد**) و (**بُلْـدان**) کۆدەکرێتـەوە.

(حِلٌّ): (**حَلَلْـتَ أَيْ: نَزَلْـتَ، أَصْلُـهُ مِـنْ حَـلِّ الأَحْـمَالِ عِنْـدَ النُّـزوُلِ، ثُـمَّ جُـرِّدَ اسْـتِعْمَالُهُ لِلنُّـزُولِ فَقِيـلَ: حَـلَّ يَحِـلُّ حُلـولاً وَأَحَـلَّ غَـيْرَهُ**)، دەگوتـرێ: (**حَلَلْـتَ**) واتـە: تـۆ دابـەزی لـەو شـوێنە، لـە ڕیشـەدا لـەوەوە هاتـوە کاتـی خـۆی کەسـێك کـە بـە میوانیـی چـووە بـۆ شـوێنێك بـاری پـێ بـووە، ئنجـا کـە بارەکـەی کردۆتـەوە، مانـای وایـە خەڵـکی ئـەو شـوێنەی کردۆتـە خانـە خوێـی خـۆی، دواییـش وشـەی: (**حَـلَّ**) بەکارهێـنراوە بـۆ دابەزیـن و نیشـتەجێ بـوون لـە شـوێنێك، دەگوتـرێ: (**حَـلَّ يَحِـلُّ حُلـولاً**)، واتـە: نیشـتەجێ بـوو، نیشـتەجێ دەبـێ، نیشـتەجێبوون، (**وَأَحَـلَّ غَـيْرَهُ**) جگەلـە خـۆی نیشـتەجێ کـرد.

کەواتـە: (**أنـت حِـلٌّ بِبَلَـدِ كَـذا، أي: مُقِيْـمٌ فِيـهِ**)[1]، تـۆ لـەو شـوێنە نیشـتەجێی، بـەڵام وێـڕای ئـەوە (**حِـلّ**) دوو واتـای دیکەشـی هـەن:

---

(١) المُعْجَم الوَسيط: ص١٩٤.

واتای یەکەم: تۆ حەڵاڵ کراوی لەو وڵاتەدا، واتە: بێبڕوایەکان هەموو شتێك لەو وڵاتەدا بە قەدەغە دەزانن، کەچی ئازاردانی تۆ کە پێغەمبەری خوای، بە حەڵاڵ دەزانن!

واتای دووەم: بۆ تۆ حەڵاڵ کراوە لەو وڵاتەدا، کە لە سیاقی ئەم سوورەتە موبارەکەدا، ئەو واتایە ناگەیەنێ، بەڵام ئەوە لە فەرمایشتێکی پێغەمبەردا هاتوە ﷺ کە فەرموویەتی: ئەم وڵاتە هەموو شتێکی تێدا قەدەغەیە، تەنیا سەعاتێك لە ڕۆژێ بۆ من حەڵاڵ کرا لە کاتی ئازادکردنی مەککەدا، بەڵام دوایی چۆتەوە سەر ئەسڵی قەدەغە بوونی خۆی.

(كَبَدٍ): (**المَشَقَّةُ: تَنْبِيهاً أَنَّ الإِنْسَانَ خَلَقَهُ اللهُ تَعَالى فِي حَالَةٍ، عَلَى حَالَةٍ مَا يَنْفَكُّ مِنَ المَشَاقِّ مَا لَم يَقْتَحِمِ العَقَبَةَ، وَيَسْتَقِرُّ بِهِ دَارَ القَرار**)، (**كَبَد**): بە مانای ناڕەحەتیی و ڕەنج دێ، ئەمە بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوەیە کە مرۆڤ خوای بەرز خوڵقاندوویەتی، بە جۆرێك کە هەرگیز لە ناڕەحەتییان بەدەرنابێ، هەتا دەرووی سەخت نەبڕێ و لە مەنزڵگای کۆتاییدا نیشتەجێ نەبێ (کە بەهەشتە).

(أَهْلَكْتُ): (**أَهْلَكَ مَالَهُ: أَيْ بَاعَهُ أَوْ أَنْفَقَهُ**)، دەگوترێ: (**أَهْلَكَ مَالَهُ**) ماڵەکەی فرۆشت، یاخود خەرجی کرد.

(لُّبَدًا): (**جَمْعُ لِبْدَة، كَالُّبَد المُلبَد، أَي: المُجْتَمِع، لُبَداً، أَيْ: كَثِيراً مُتَلَبِّداً**)، (**لُبَد**) کۆی (**لِبْدَة**)یە، (**اللِّبَدُ المُتَلَبِّدُ: المُجْتَمِعْ**)، واتە: پەستراوی کۆبووەوە سەریەك، (**لبَاد**): کە لە خوریی دروستی دەکەن، لەسەریەك دەیپەستن، پێی دەگوترێ: (**لبَاد**)، لەبەر ئەوەی خورییەکە پەستراوەتە سەر یەك، کۆکراوەتەوە سەریەك.

کەواتە: کە دەڵێ: ﴿يَقُولُ أَهْلَكْتُ مَالًا لُّبَدًا﴾، (**أَيْ: كَثِيراً مُتَلَبِّداً**)، ماڵ و سامانێکی زۆری لەسەر یەك کەڵەکە بوو.

(ٱلنَّجْدَيْنِ): (النَّجْـدُ: المَـكَانُ الغَليـظُ الرَّفِيـعُ، وَذَلِـكَ مَثَـلٌ لِطَرِيقَـي الحَـقِّ وَالبَاطِـلِ فِي الإِعْتِقَـاد)، (نَجْـد): بـە شـوێنێکی بـەرزی زبـر دەگوترێ، ئـەوەش وێنەیـە بـۆ هـەردوو ڕێـی هـەق و ناهـەق لـە بڕواهێنانـدا.

(ٱقْتَحَمَ): (الإِقْتِحَـامُ: تَوَسُّـطُ شِـدَّةٍ مُخِيفَـةٍ)، (إقتحـام): بریتیـە لـە چوونـە نێـو سـەختییەکی ترسـناکەوە، (يقـال: قَحَّـمَ فُـلَانٌ نَفْسَـهُ فـي كَذا مِـنْ غَيْرِ رَوِيَّـةٍ)، دەگوترێ: فڵانکـەس خـۆی پەسـتایە نێـو فـڵان شـت، بەبـێ بیـر لێکردنـەوە، خـۆی تێهاوێشـت.

(ٱلْعَقَبَةُ): (طَرِيـقٌ وَعِـرٌ فِي الجَبَـل)، (عَقَبَـة): ڕێیەکـی سـەختە لـە چیـادا، بـە کوردیـی پێـی دەڵێـن: دەروو، واتـە: ئـەو شـوێنەی تاکـە ڕێیـەو تەنیـا مرۆڤێـك دەتوانـێ لێـی سـەرکەوێ و، زۆرجاریـش بـە زەحمـەت سـەردەکەوێ.

(فَكُّ): (فَـكُّ الرَّهْـنِ: تَخْلِيصُـهُ)، کەسـێك بارمتەیەکـی لـەلای کەسـێك دانـاوە لـە بەرانبـەر پارەیـەك دا، کـە لێـی وەرگرتـوە، بـۆ وێنـە: زەوییـەك یـان خانوویـەك، ئنجا هـەرکات پارەکـەی بـۆ بـردەوە، ئـەو شـتەی بارمتـە بـووە لـەلای بەرانبەرەکـەی، لێـی وەردەگرێتـەوە، ئـەوە پێـی دەگوتـرێ: (فَـكُّ الرَّهْـن)، دەربازکردنـی بارمتەکـە، (فَـكُّ رَقَبَـةٍ: عِتْقُهَـا)، (رَقَبَـة) بـە مانـای گـەردن دێ، دوایـی بەکاریـان هێنـاوە، بـۆ کـۆی مـرۆڤ.

کەواتـە: ﴿فَكُّ رَقَبَةٍ﴾، یانـی: ئازادکردنـی گەردنێـك کـە مەبەسـت پێـی ئازادکردنی مرۆڤێکـە، کۆیلەیەکـە، (الرَّقَبَةُ:اسْـمٌ لِلْعُضْـو المَعْـرُوفِ، ثُـمَّ يُعَـبَّرُ بِهَـا عَـنِ الجُمْلَـةِ، وَجُعِـلَ فِي التَّعَـارُفِ إِسْـمَاً لِلْمَمَالِيـك)، (رَقَبَـة): نـاوە بـۆ ئـەو ئەندامـەی ئێمـە دەیزانیـن، واتـە: گـەردن، مـل، ئەسـتۆ، دوایـی تەعبیـری پێکـراوە لـە کـۆی مـرۆڤ، یەکێـك بـە یەکێـك دەڵـێ: گەردنـم ئـازاد بکـە، واتـە: مـن ئـازاد بکـە، نـەك هـەر ملـی بـە تەنیـا، دواییـش لـە عورفـی نێـو خەڵـك دا وشـەی (رَقَبَةٍ)، بـۆ کۆیلـە بەکارهێـنراوە، کەواتـە: ﴿فَكُّ رَقَبَةٍ﴾، یانـی: (تَحْرِيـرُ رَقِيـقٍ أو تَحْرِيـرُ عَبْـدٍ) ئازادکردنـی کۆیلەیـەك.

(مَسۡغَبَةٖ): (**السَّغَبُ: الجُوعُ مَعَ التَّعَبْ**)، (**سَغَبْ**): بریتیە لە برسێتیی لەگەڵ ماندوبووندا، کەواتە: ﴿ فِي يَوۡمٖ ذِي مَسۡغَبَةٖ ﴾ ڕۆژێك كە خەڵك تێیدا برسیشەو ماندووشە.

(ذَا مَتۡرَبَةٖ): (**ذا**) یانی: (**صَاحِب**) خاوەن.

(مَتۡرَبَةٖ): یانی گڵ، (**ذَا مَتْرَبَةٍ: مُلْصَقٍ بالتُّرَابِ لِفَقْرٍ**)، کەسێك كە بە گڵەوە نووسابێ لەبەر هەژاریی، کەسێك كە زۆر هەژارو نەداربێ، بەڕەو فەڕشی نیە ڕایخا، شتێکی نیە لە ماڵدا، لەسەر گڵە، ئنجا ئەم وشەیە وشەیەکی سەیرە لە زمانی عەرەبییدا، (**تَرِبَ**) یانی: هەژار كەوت، بە گڵەوە نووسا، بەڵام (**أَتْرَبَ**)، یانی: (**إِسْتَغْنى**)، دەوڵەمەندبوو، بێ نیاز بوو.

(بِٱلۡمَرۡحَمَةِ): (**الرَّحْم**) بەزەیی.

(ٱلۡمَشۡـَٔمَةِ): (**الشُّؤْمُ أَوْ اليَسَارُ**)، (**مَشْئَمَة**) واتە: نەگبەتیی، یان: لای چەپ، (**شُؤْم**)، بە مانای خراپەو زیان دێ.

(مُّؤۡصَدَةُۢ): (**أَصَدَ البَابَ يَأْصُدُ أَصْداً، وَإِصَاداً، أَغْلَقَهُ، وَآصَدَهُ، إِيصَاداً: أَصَدَهُ**)، (**أَصَدَ البَابَ**)، واتە: دەرگایەکەی داخست، (**يَأْصُدُ أَصْداً، وَإِصَاداً**) (**أَغْلَقَه**) دایخست، دایدەخات، داخستن، هەروەها (**آصَدَهُ إِيصَاداً**)، دایخست، داخستن.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوای بەرزو مەزن لە سەرەتای ئەم سوورەتە موبارەکەدا بە ناوی پاك و تاکی خۆی دەست پێدەکات و دەفەرمووێ: ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴾، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە:

١- خوێندنی ئەم سوورەتە بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە دەست پێدەکەم.

٢- ئەم سوورەتە بە پێی بەرنامەی خوا دەخوێنم.

٣- ئەم سوورەتە بە مەبەستی ڕەزامەندیی خوا دەخوێنم.

٤- ئەم سوورەتە بە هەوڵ و توانایەك کە خوا بۆی ڕەخساندووم، دەخوێنم.

ئنجا دەفەرمووێ: ﴿ لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ﴾، وانیە، سوێند دەخۆم بەم وڵاتە، هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ئەمە بۆ سوێند نەخواردنە کە لێرەش هاتووەو، لە سەرەتای سوورەتی (**القيامة**)شدا هاتووە: ﴿ لَآ أُقۡسِمُ بِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴾ و لە نێو سوورەتی (**الواقعة**)شدا هاتووە: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ٧٥ ﴾، بەڵام ئێمە پێشتر لەو بارەوە زۆر دواوین، بە تایبەت لە کاتی تەفسیرکردنی سوورەتی (**الواقعة**)دا، گوتوومانە: هەموو ئەو: ﴿ لَآ ﴾یانەی لە پێش سوێندەکانەوە هاتوون، بۆ لابردنی قسەیەکن، کە پێشتر بێبڕوایان کردوویانە، یاخود بەپێی ڕەوتی ئایەتەکان دەردەکەوێ، لێرەش: ﴿ لَآ ﴾، واتە، وانیە وەك ئێوە دەڵێن و گومان دەبەن، ﴿ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ﴾، سوێند دەخۆم بەم وڵاتە، کە بێگومان مەبەست پێی مەککەیە، حەرەمی مەککەو دەوروبەری مەککە، بە پانتایی چەند کیلۆمەترێك زانایان لەو بارەوەش قسەیان کردووەو ڕاجیاییشیان لەسەری هەیە، ﴿ وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ﴾، لە حاڵێکیشدا کە تۆ لەم وڵاتەدا حەڵاڵ کراوی، واتە: ئازاردانی تۆ بە ڕەوا دانراوە، لە حاڵێکدا لەم مەککەیەدا کە (**البلد الحرام**)ە،

هەمـوو شـتێك قەدەغەیـە، گوناهـەكان لـە هەمـوو شـوێنێك گوناهـن، بـەڵام لـەوێ گوناهـترن، هەندێـك شـتی دیكـەش لـە شـوێنەكانی دیكـە گونـاح نیـە، بـەڵام لـەوێ گوناحـەو نابـێ بكـرێ، كەچـی تـۆ كـە پێغەمبـەری خـوای، ئازاردانـی تۆیـان بۆخۆیـان ڕەوا كـردوە.

یاخـود: ﴿ وَأَنتَ حِلٌّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ﴾ سـوێند دەخـۆم بـەوم وڵاتـە، لـە كاتێكـدا كـە تـۆ لـەم وڵاتـەدا نیشـتەجێی، ئـەم دوو واتایـە لەگـەڵ ڕەوتـی ئایەتەكانـداو، لەگـەڵ ئـەم سـوورەتە موبارەكـەدا گونجـاون، بـەڵام مانایەكـەی دیكـە: ﴿ وَأَنتَ حِلٌّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ﴾ تـۆ لـەم وڵاتـەدا بـۆت حـەڵاڵ كـراوە، كـە هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: ئەمـە هەواڵدانێكـە بـە داهاتـوو و ئیعجازێكـی مێژوویيـە، یـانی: ئێسـتا ئـەوان تۆیـان حـەڵاڵ كـردوە لـەم وڵاتـەدا، بـەڵام كاتێـك دێ ئـەم وڵاتـە بـۆ تـۆ ڕەوا دەبـێ، هەرچـی تێـدا بكـەی، و لەكاتـی ئازادكردنـی مەككـە لـە سـاڵی هەشـتەمی كۆچییـدا.

ئـەم مانایە-بـەڕای بەنـدە- زۆر ڕێـی تێناچێ و بەگونجـاوی نازانـم و، دوو مانایەكی پێشـووتر ڕاسـتر و گونجاوترن.

أ- تۆش لەم وڵاتەدا نیشتەجێی.

ب- لەم وڵاتەدا ئازاردانی تۆ ڕەوا كراوە، لە لایەن هاوبەش بۆ خوا دانەرەكانەوە.

﴿ وَوَالِدٖ وَمَا وَلَدَ ﴾، ئەمانـەش سـوێندی دووەم و سـێیەم: سـوێند بـە بـاب و، بەوەی لێـی بـووە، سـوێند بـە بـاب و بـە ڕۆڵـە.

ئایا ئەو بابە مەبەست پێی كێیەو ئەوەی لێشیبووە، كێیە؟

هەندێـك لـە زانایـان دەڵێـن: (**والـد وماولـد**) مەبەسـت پێیـان ئادەمـەو هەرچـی لـە ئـادەم بـووە.

بــەڵام هەندێــك گوتوویانــە: (**والــد**) مەبەســت پێــی (**إبراهیــم**)ەو، ﴿ وَمَا وَلَدَ ﴾، مەبەسـت پێـی ئیسـماعیلە، چونكـە (ئیبراهیـم) و (ئیسـماعیل) ئـەم وڵاتەیان ئـاوەدان

کردۆتـەوەو، کەعبەیـان لەوێـدا بنیـات نـاوەو، دوایـی ئاوەدانیـی لـێ پەیـدا بـوو، **ئیبراهیـم** ﷺ هاجـەرو ئیسـماعیلی کـوڕی لـەوێ دانـان، دوایـی هـۆزی جورهـوم هاتـن و لـەوێ نیشـتەجێ بـوون، ئنجـا ئیسـماعیل هاوسـەرگیریی لێکـردن و زمانـی ئـەوان فێـر بـوو، لـەوەوەش کۆمەڵـی سـێیەمی عـەرەب پەیـدا بـوون، کـە پێیـان دەگوتـرێ: (**العَـرَبُ المُسْـتَعْرَبة**)، عەرەبـە بـە عەرەبکـراوەکان، لـە ئەسـڵدا عـەرەب نەبـوون، بـەڵام بـوون بـە عـەرەب.

مێژوو زانان گوتوویانە: گەلی عەرەب سێ کۆمەڵی سەرەکیی بوون:

١- کۆمەڵی یەکەمی عەرەب: (**العَرَبُ البَائِدَة**) عەرەبە فەوتاوەکان، وەك هۆزی (**عاد و ثمود**)و ئەوانی دیکە، کە کتێبە مێژووییەکان باسیان کردوون، بەڵام ئەو دووانە لە قورئاندا ناویان هاتوە.

٢- کۆمەڵی دووەم: (**العَرَبُ العَارِبَة**)، عەرەبە ئەسڵییەکان، کە عەرەبەکانی یەمەن و، عەرەبی (**قحطاني**)یشیان پێ دەگوترێ.

٣- کۆمەڵی سێیەم: (**العَرَبُ المُسْتَعْرَبة**)، عەرەبە بە عەرەبکراوەکان، کە عەرەبە عەدنانییەکان، یاخود ئیسماعیلییەکانن و دەچنەوە سەر ئیسماعیل ﷺ.

هەندێکیـش لـە زانایـان گوتوویانـە: ﴿ وَوَالِدٍ وَمَا وَلَدَ ﴾، واتـە: سـوێند بـە هـەر باببێـك و بـە هـەر ڕۆڵەیـەك، هـەر کەسـێك کـە لێـی بـووە، بـەڵام وا پێدەچـێ زیاتـر مەبەسـت پێـی ئیبراهیـم بـێ، ﴿ وَوَالِدٍ ﴾ سـوێند بـە باببێـك، کـە ئیبراهیمـە (**وَمَا وَلَدَ**) بـەوەش کـە لێـی بـووە کـە ئیسـماعیلە، بـە بەڵگـەی ئـەوەی ئـەوان ئـەم وڵاتەیـان ئـاوەدان کردۆتـەوەو، کەعبەیـان لـەوێ بنیاتنـاوە.

سـوێند بـەو سـێ شـتانە: ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِى كَبَدٍ ﴾ بـە دڵنیایی مرۆڤمان لە ڕەنج و ناڕەحەتیی و میحنەتـدا هێناوەتـە دی، واتـە: مـرۆڤ هـەر لـە سـەرەتاوە کـە دروسـت دەبـێ لـە ڕەنـج و میحنـەت و ناڕەحەتیـی دا دروسـت دەبـێ، هەتـا ژیانی کۆتایـی پێدێ، هـەر لـە سـەرەتاوە لـە دوو بـەش پێکـدێ: أ- زینـدەوەری تۆویـی (حەیمـەن) نێـو ئـاوی

بابی، کە زیندەوەرێکی بچووکەو بەچاو نابینرێ، لەهەر دڵۆپێکیدا ملیۆنان هەیە، زانایان دەڵێن: بە مەزەندە هەر کاتێك کە پیاو لەگەڵ هاوسەریدا جووت دەبێ، ئەوەندە ئاوەی دێ، کە تێکڕا سانتیمەترێك یان دوو سانتیمەتر سێجا (١ سم٣)یە، ئەندازەی سێسەد (٣٠٠) ملیۆن، تاکو پێنجسەد (٥٠٠) ملیۆن دانە زیندەوەری تۆویی لەو ئاوەدا هەیە، ئنجا یەکێك لەو زیندەوەرە گچکانە دەچێ لەگەڵ زیندەوەرێکی دیکەی گچکەی نێو ئاوی دایکدا کە پێی دەگوترێ: هێلکۆکە (بُوَيْضَة) جووت دەبێ، کە ئەویش هەر زیندەوەرێکی گچکەیە، بەڵام بەچاو دەبینرێ، ئیدی لەو دوو زیندەوەرە، زیندەوەرێکی دیکە پێك دێ، پێی دەگوترێ: تۆویکە (نُطْفة)، ئنجا ئەو (نُطْفة)یە دەگۆڕدرێ بۆ خوێنپارە (عَلَقَة)، دوایی بۆ زارجوو (مُضْغَة)، دوایی قۆناغ بە قۆناغ تاکو دەبێتە کۆرپەلەو، ژیانی نێو منداڵدان (رحم) تەواو دەکات بە نۆ (٩) مانگ، دوایی لە منداڵدانی دایکی دێتە دەرێ، ئنجا هەر کە لە دایك دەبێ، دەچریکێنێ و کە چریکاندی، مانای وایە زیندوویە، چونکە کە چریکاندی دەرگای هەناسەی دەکرێتەوە، ئەگەرنا لە نێو سکی دایکیدا هەناسە نادات، سەرەتا کۆئەندامی هەناسەدانی دەکەوێتە کار، ئنجا ئەندامەکانی دیکەی دەکەونە کار، هەڵبەتە دڵی لەوێشدا هەر لێ دەدات، بەڵام کۆئەندامی هەرسی دەکەوێتە کارو کۆئەندامی میزی دەکەوێتە کار، ئنجا گوێی، دوایی چاوی، هەمووی بە میانی ڕەنج و بە میحنەت و زەحمەتدا دێ، دوایی دەفەرموێ: ﴿ أَيَحْسَبُ أَن لَّن يَقْدِرَ عَلَيْهِ أَحَدٌ ﴾، ئایا ئەو پێی وایە (مەبەست پێی مرۆڤی بێبڕوایە) کەس پێی ناوێرێ و توانای بە سەریدا ناشکێ، نازانێ لە چییەوە هاتوە؟ مرۆڤ ئەگەر تەماشای ڕابردووی خۆی بکات، سەری سوڕدەمێنێ! لە کوێوە هاتوە؟ لە زیندەوەرێکی گچکە کە بە چاو نابینرێ و، نۆ (٩) مانگان لە نێو حەوزێکی خوێنداوودا لە منداڵدانی دایك دا، ئنجا قۆناغ بە قۆناغ، گەشەی کردوەو لەڕێی نێوکەوە کۆرپەلە خواردنی بۆ دەچێ و، لە جەستەی دایکی دەخوات، هەتا لە دایك دەبێ، کە لە دایك بوو، ئنجا ڕێی نێوکی دەبڕن و، خوا دوو ڕێی دیکەی بۆ کردوونەوە، کە بریتین لە هەردوو مەمکی

دایکی، دوایی کە قۆناغی شیر خواردنیشی بەسەر دەچێ، ئنجا خوا سی و دوو (٣٢) ددانی بۆ دەڕوێنێ.

کەواتە: ئەی مرۆڤ! تۆ قۆناغ بەقۆناغ هاتووی و، خوای میهرەبان ڕۆژ بەڕۆژ کەرەمی خۆی لەگەڵ تۆدا زیاد کردوە، لە دنیاداو کە دنیاش بە جێ دێڵی، دەچیە قۆناغی بەرزەخەوە، لەوێش خوا کەرەمی خۆیت بۆ زیاد دەکات و، هەر بەرەو زیادیی و فراوانیی دەچی.

ئەبوو حامیدی غەززالیی (ڕەحمەتی خوای لێبێ)، دەڵێ: منداڵدانی دایك چەندە لەچاو ژیانی دنیا، ژیانی دنیاش لەچاو قۆناغی بەرزەخ ئەوەندەیەو، قۆناغی بەرزەخیش لە چاو قیامەت، ئەوەندەیە، ئێمە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو فراوانیی دەچین!

﴿ يَقُولُ أَهۡلَكۡتُ مَالٗا لُّبَدًا ﴾، مرۆڤ (مرۆڤی بێبڕوا)، دەڵێ: ماڵێکی زۆرو زەوەندو لەسەر یەك کەڵەکە بووم، خەرج کردوە، ﴿ أَيَحۡسَبُ أَن لَّمۡ يَرَهُۥٓ أَحَدٌ ﴾، ئایا پێی وایە کەس نەیبینیوە؟ کەس نەیبینیوە کە ئەو مرۆڤە دنیا پەرستە، ماڵ و سامانەکەی لەچیدا خەرج کردوە، لە تاوان و خراپە و تێکدان دا خەرجی کردوە، هەروەها ئایا کەس نەیبینیوە، ئەو ماڵەی چۆن کۆ کردۆتەوە؟

ئنجا خوا ﷻ چوار لە نیعمەتە سەرەکییەکانی خۆی دەخاتە بەرچاوی ئەو مرۆڤەو، هەر مرۆڤێکی دیکەش: ﴿ أَلَمۡ نَجۡعَل لَّهُۥ عَيۡنَيۡنِ ﴾، ئایا دوو چاومان بۆ نەڕەخساندوون[1]، ﴿ وَلِسَانٗا وَشَفَتَيۡنِ ﴾، هەروەها ئایا زمانێکمان بۆ نەڕەخساندوون کە وێڕای شت پێخواردن قسەشی پێدەکەن؟! شارەزایانی زمانەکان[2] (لغات) دەڵێن: ئێستا نزیکەی چوار هەزار (٤٠٠٠) زمان لە دنیادا هەیە کە

---

(١) لە مەسەلە گرنگەکاندا کورتە باسێك لە بارەی چاوەوە دەکەین، کە چۆن زانستی سەردەم ئەو نهێنییانەی لە چاودا هەن، هەندێکیانی دەرخستوون.

(٢) لە کوردیی دا زمان بۆ زمانی گۆشتیین و زمانی قسەکردنیش بەکاردێ، بەڵام لە عەرەبیی دا: (لسان) زمانی گۆشتیین و، (لغة) زمانی پێدوان، هەرچەندە لە قورئان دا بۆ هەردووکیان (لسان) بەکارهاتوە.

مرۆڤەکان، قسەیان پێدەکەن، کە یەکێکیان زمانی کوردییەو، زمانی کوردییش بۆ خۆی چەند زارو لەهجەیەکی هەن: لە هجەی گۆران، لەهجەی بادینی و کرمانجیی و، لەهجەی (سۆرانیی) و، لەهجەی هەورامیی، ئنجا لەهجەی لەك و لوور، چەندان زار هەن، هەموویان هەر یەك زمانن، کە زمانی کوردییە، ئنجا زمانی عەرەبیی، زمانی ئینگلیزیی، زمانی ئیسپانیی، زمانی ئەڵمانیی، زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا: هیندیی و چینیی و مالنزیی و...هتد، هەر بەو تاکە زمانە، ئەو هەموو زمانانە گۆ دەکرێن، ﴿ وَشَفَتَيْنِ ﴾ هەروەها دوو لێویشمان بۆ خوڵقاندوون و، بە هۆی دوو لێوەکانەوە نەبێ، مرۆڤ قسەی بۆ ناکرێ، بەڵکو ئەگەر لێوی تووشی ئازارێك و دەردێك ببێ، قسەی بۆ ناکرێ، ﴿ وَهَدَيْنَٰهُ ٱلنَّجْدَيْنِ ﴾ هەروەها دوو ڕێیەکانیشمان پێشانداون، (واتە: ڕێی ڕاست و ڕێی چەوت)، مەبەست لە پێشاندانیش ئەوەیە کە خوا ﷻ لە عەقڵ و هۆشی مرۆڤداو، لە ناخ و زگماگی مرۆڤدا وای کردوە، مرۆڤ هەست بە ڕاست و چەوت بکات، هەست بە حەڵاڵ و حەڕام بکات، هەست بە چاك و خراپ بکات، بەڵام بێگومان ئەو هیدایەتە تێرو تەواوەی بە تەواویی مرۆڤ ڕاست و چەوتی بۆ لێك جیا بکەنەوە، تەنیا لە ڕێی وەحییەوە دێ و لە وەحییەوە سەرچاوە دەگرێ، ئایا هەموو ئەوانەمان بۆ نەکردوون؟

﴿ فَلَا ٱقْتَحَمَ ٱلْعَقَبَةَ ﴾، کەچی (ئەو مرۆڤە) ئەو دەرووە سەختەکەی نەبڕیوە، نەچۆتە نێو دەرووی سەختەوە.

﴿ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْعَقَبَةُ ﴾ چ شتێك بە تۆی زانانەوە دەرووی سەخت چییە؟ ﴿ فَكُّ رَقَبَةٍ ﴾ ئازادکردنی کۆیلەیەکە، ﴿ أَوْ إِطْعَٰمٌ فِى يَوْمٍ ذِى مَسْغَبَةٍ ﴾ یاخود خواردن پێدانە لە ڕۆژێکی خاوەن برسێتییدا، ئەو خواردن پێدانە بەکێ؟ ﴿ يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ ﴾، بە هەتیوێکی خاوەن خزمایەتیی، ﴿ أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ ﴾ یاخود نەدارێکی خاوەن گڵ و خۆڵ، کە هیچ شتێکی نیەو بە گڵەوە نووساوە لە هەژاریی و نەدارییدا، ﴿ ثُمَّ كَانَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، دوایی لەوانەش بێ کە بڕوایان هێناوە، بڕوایان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ

بهێنرێ، ﴿ وَتَوَاصَوْاْ بِٱلصَّبْرِ وَتَوَاصَوْاْ بِٱلْمَرْحَمَةِ ﴾، یەکدییش ڕاسپێرن و ئامۆژگاریی یەکدی بکەن بە خۆڕاگریی و، یەکدیش ڕاسپێرن بە بەزەیی نواندن.

﴿ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْمَيْمَنَةِ ﴾، ئا ئەوانە هاوەڵانی لای ڕاستن، یاخود هاوەڵانی خێرو خۆشیین، ﴿ ٱلْمَيْمَنَةِ ﴾، هەم بە مانای (يَمِيْن) دێ، لای ڕاست، هەم بە مانای (يُمْن) دێ، واتە: خێرو خۆشیی و پیت و پێزو بەرەکەت.

﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا ﴾، ئەوانەش کە بە نیشانەکانی ئێمە بێبڕوا بوون، نیشانەکانی ئێمە (آياتنا) هەم ڕستەکانی قورئان دەگرێتەوە، کە بە پێی ڕەوتی ئەم ئایەتانە زیاتر ئایەتەکانی قورئان دەگرێتەوە، هەم دیاردەو دیمەنەکانی کە خوا لە دەوروبەرو گەردووندا خوڵقاندوونی، هەم ئەو موعجیزانەی بە پێغەمبەرانی داون، ئەوانەی بە نیشانەکانی ئێمە بە هەموو جۆرەکانیانەوە بێبڕوان، ﴿ هُمْ أَصْحَٰبُ ٱلْمَشْـَٔمَةِ ﴾، ئا ئەوانە هاوەڵانی لای چەپەن، ﴿ ٱلْمَشْـَٔمَةِ ﴾ش هەم بە مانای: چەپ (شِمال) دێ، هەم بە مانای (شؤم)یش دێ، واتە: نەگبەتیی و بێ خێریی، یانی: هاوەڵانی نەگبەتیین، شتێك هەیانبێ و لەگەڵیان بێ، بریتیە لە نەگبەتیی و بێخێریی، ﴿ عَلَيْهِمْ نَارٌ مُّؤْصَدَةٌۢ ﴾ (لە ڕۆژی دواییدا) ئاگرێکی داخراویان بە سەرەوەیە، واتە: ئاگرێك کە دەرگاکانییان بەسەردا گاڵە دراون، وەك لە سووڕەتی (الهمزة)دا دەفەرموێ:

﴿ إِنَّهَا عَلَيْهِم مُّؤْصَدَةٌ ۝٨ فِى عَمَدٍ مُّمَدَّدَةٍۭ ۝٩ ﴾.

واتە: ئاگرەکە بەسەریاندا داخراوە، لە نێو کۆڵەگەو لوولە درێژکراوەکان دا.

کەواتە: ئەوانەی بێبڕوان بە ئایەتەکانی خوای پەروەردگار، ئا ئەوە سەرەنجامیانەو، ئەوانی دیکەش کە خوا ﷻ سیفەتەکانی ژماردن و، دەبێ خۆیان بەو سیفەتانە بڕازێننەوە، ئنجا شایستەی ئەوە دەبن. بە دەستی ڕاستیان نامەی کردەوەکانیان بدرێتەوەو، بە بەزەیی و بەخششی خوای میهرەبان بگەن لە ڕۆژی دواییدا.

خوا بەبەزەیی و بەخششی بێ سنووری خۆی لەو کەسانەمان بگێڕێ.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سوێند خواردنی خوا ﷻ بە شاری مەککەو دەوروبەری، لە حاڵێکدا ئازاردرانی موحەممەد ﷺ تێیدا ڕەوا کراوە لەلایەنی بێبڕوایەکانەوەو، سوێند خواردنی بە باب و بەوەی لێیبووە، کە خوا مرۆڤی لە ڕەنج و زەحمەتیی دا دروستکردوە، کەچی بابای بێبڕوا پێی وایە کەس توانای بەسەریدا ناشکێ، دەڵێ: ماڵی زۆرو کەڵەکەبووم سەرف کردوە، ئایا پێی وایە کەس نەیبینیوە؟!:

خوا دەفەرموێ: ﴿لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ۝١ وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ۝٢ وَوَالِدٖ وَمَا وَلَدَ ۝٣ لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِي كَبَدٍ ۝٤ أَيَحۡسَبُ أَن لَّن يَقۡدِرَ عَلَيۡهِ أَحَدٞ ۝٥ يَقُولُ أَهۡلَكۡتُ مَالٗا لُّبَدًا ۝٦ أَيَحۡسَبُ أَن لَّمۡ يَرَهُۥٓ أَحَدٌ ۝٧﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ﴾، واتە (کە دەڵێن) سوێند دەخۆم بەم وڵاتە، پێشتریش گوتمان: ﴿لَآ﴾ لێرەدا بۆ لابردنی شتێکە، کە بە سەلیقەو بە ڕەوتی ئایەتەکان دەزانرێ، یان پەیوەندیی بە لابردنی شتێکەوە هەیە، کە لە ڕابردوودا هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بوویانە، واتە: وانیە وەك ئێوە دەڵێن، کە موحەممەد پێغەمبەری خوا نەبێ، یاخود: وانیە وەك ئێوە دەڵێن، ئەوەی دەیڵێ، کە قورئانە، هەڵیبەستبێ، یان: وانیە وەك ئێوە دەڵێن، زیندوو کرانەوە نەبێ، هەتا کۆتایی، هەموو ئەو شتانەی بێبڕوایەکان گوتوویانن.

﴿أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ﴾، سوێند دەخۆم بەم وڵاتە، (الطبري)، گوتوویەتی: (**أُقْسِمُ يَا مُحَمَّدُ بِهَذا البَلَدِ الحَرَامِ وَهُوَ مَكَّة**)، ئەی موحەممەد! سوێند دەخۆم بەم وڵاتە، هەموو شت تێدا قەدەغە کراوە، کە بریتیە لە مەککە.

٢)- ﴿وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ﴾، لە حاڵێك دا تۆڕەواكراوی (ئازاردانت ڕەواكراوە) لەم وڵاتەدا، پێشتریش گوتمان: ئەم ڕستەیە سێ واتایان هەڵدەگرێ:

یەكەم: لە حاڵێكدا كە تۆ ڕەواكراوی لەم وڵاتەدا، واتە: ئازاردانی تۆو هاوەڵانت لەلایەن ناحەزانتەوە، بە شتێكی ڕەواو حەڵاڵ دانراوە.

دووەم: لە حاڵێكدا كە تۆ لەم وڵاتەدا نیشتەجێی.

سێیەم: یاخود لە حاڵێكدا ئەم وڵاتە بۆ تۆ ڕەوا كراوە چی تێدا دەكەی، یانی: ماوەیەكی كەم، سەعاتێك، لە كاتی ئازادكرانی مەككە لە ساڵی هەشتەمی كۆچیی دا.

ئەوەی زیاتر بە عەقڵ و دڵەوە دەنووسێ:

أ- یان ئەوەیە كە پێغەمبەری خوا ﷺ لە وێدا ڕەواكراوە ئازار بدرێ.

ب- یاخود مەبەست پێی ئەوەیە لە حاڵێكدا تۆ لەم وڵاتەدا نیشتەجێی.

(الطبري)، دەڵێ: **(أَنْتَ فيهِ حَلاَلٌ تَصْنَعُ فيهِ مِنْ قَتْلِ مَن أَرَدْتَ قَتْلَهُ، وَأَسْرِ مَنْ أَرَدْتَ أَسْرَهُ، مُطْلِقٌ ذَلِكَ لَكَ)** واتە: تۆ لەم وڵاتەدا بۆت ڕەوایە هەرچی دەكەی، لە كوشتنی كەسێك دەتەوێ كوشتنیت دەوێ، بیكوژی و، كەسێك بتەوێ بەدیلی بگری، بەدیلی دەگری، ئەو شتانە هەموویان بۆ تۆ ڕەوان.

(إبن عاشور)یش ئاوای لێكداوەتەوە: **(جَعَلَكَ أَهْلُ مَكَّةَ حَلالاً بِهَذا البَلَدِ الَّذي يَحْرُمُ أَذَى صَيْدِهِ)**، خەڵكی مەككە تۆیان لەم وڵاتەدا ڕەوا كردوە كە ئەزیەتت بدەن، لە حاڵێكدا ڕاوكردنی نێچیری ئەم وڵاتە، (مەككەو دەوروبەری) قەدەغەیە!

٣)- ﴿وَوَالِدٖ وَمَا وَلَدَ﴾، سوێند بە باب و بەوەی لێی بووە.

مانایەكەی سێ ئەگەری هەن:

١- هەندێك لە زانایان گوتوویانە: مەبەست پێی ئادەم و وەچەكەیەتی، سوێند بە ئادەم و بەو وەچەیەی لە ئادەم بووە، یان ئادەم وایكردوە پەیدا بێن.

٢- مەبەست پێی ئیبراهیم ﷺ و ئیسماعیلی کوڕیەتی ؈.

یـان مەبەسـت پێـی ئیبراهیـم و وەچەکەیەتـی بـە گشـتیی، هـەم ئیسـماعیل و هـەم ئیسـحاق و کوڕانـی دیکەشـی، کـە لـە پەیمانـی کۆنـدا باسـکراون.

٣- مەبەست پێی هەر بابێك و، هەر ڕۆڵەیەکە، بەڵکو جاری وا هەیە وشەی: ﴿وَوَالِدٍ﴾ بۆ بابیش و دایکیش بەکاردەهێنرێ، بۆیە دەگوترێ: **(والِدَين)** یانی: هەردووك کەس کە ئەو منداڵەیان بووە، کە باب و دایکن.

بـەڵام ئـەوەی زیاتـر بـە عەقـڵ و دڵـەوە دەنووسـێ، ئەوەیـە کـە مەبەسـت پێـی ئیبراهیـم و ئیسـماعیل بـێ، یاخـود ئیبراهیـم و وەچەکـەی بـێ، بـە نیشـانەی ئـەوەی بـاس باسـی مەککەیـە، ئـەو وڵاتـەی هەمـوو شـتێك تێیـدا قەدەغەکـراوە، ئـەو وڵاتـە و ئـەو شـارەش ئیبراهیـم و ئیسـماعیلی کـوڕی بوونـە هـۆی ئـەوەی بنیـات بـنرێ، بەهـۆی دروسـتکرانی کەعبـەوە لـەو شـوێنەدا.

ئنجـا بەپێـی ئـەم مانایـە، ئەمـە جۆرێکـە لـە توانجدانیـش لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان، کـە لـە ڕێـی ئیبراهیـم ؈ لایانـداوە، ئیبراهیـم وەك هەمـوو پێغەمبەرانـی خـوا، تەنیـا خـوا پەرسـت و خـوا بەیەکگـر **(موحِّـد)** بـووە، ئەوانـەش لاف لـێ دەدەن کـە بـە دوای ئیبراهیـم دەکـەون، کەچـی هاوبـەش بـۆ خـوا دادەنێـن!

٤)- ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ فِى كَبَدٍ﴾، بە دڵنیایی مرۆڤمان لە ڕەنج و نارەحەتیی دا هێناوەتە دی، وشەی: ﴿ٱلْإِنسَـٰنَ﴾، (أل)ی ناساندنی لەسەرەو بۆ جینسە، یانی: هەموو مرۆڤێکمان لە نارەحەتیی و ڕەنج و زەحمەتیی دا، خوڵقاندوە، چونکە ئەوە تایبەت نیە بە هەندێك لە مرۆڤەکانەوە جیا لە هەندێکیان، بەڵکو هەموو مرۆڤەکان وەك یەك، خوا ﷻ بە چەند قۆناغێك لە نێو منداڵدانی دایکیاندا دەیانخوڵقێنێ، دواییش لە دایك دەبن و گەشە دەکەن و پێدەگەن، هەموویان وەك یەك بە پێی سیستمێك کە خوا ﷻ دایناوە.

٥)- ﴿ أَيَحْسَبُ أَن لَّن يَقْدِرَ عَلَيْهِ أَحَدٌ ﴾ ئایا پێی وایە کەس پێی ناوێرێ، کەس توانای بەسەریدا ناشکێ، لە ژێر ڕکێفی کەس دا نیە؟ یاخود: ئایا پێی وایە توانامان بەسەریدا ناشکێ، دوای ئەوەی جەستەکەی لەبەین دەچێ و دەپووکێتەوەو دەبێتەوە بەخۆڵ، ناتوانین زیندووی بکەینەوە؟

هەندێك لە زانایان باسی یەك دوو کەسیان کردوە لە مەککە، یەکێك لەوانە: (**أَبو أَشَد الجُمَحِيُّ**) و یەکێکی دیکەش، زۆر بەهێزو بە توانابوون، یەکیان لە سەر پێستی ڕەشە وڵاخ ڕاوەستاوەو گوتوویەتی: وەرن ئەو پێستەم لەبن پێ دەربێنن، ئنجا کە ڕایانکێشاوە ئەویان پێ لەسەر ئەو پێستە پێ لانەچووەو، پێستەکەیان بە دەستەوە هاتوەو ئەوەی ژێر پێی ماوەتەوە، ئەوەندە قورس و بە هێزو زەبەلاح بووە، گوتوویانە: مەبەست پێی ئەو ئینسانەیە!

بەڵام ڕای ڕاست هەر ئەوەیە کە وشەی: ﴿ ٱلْإِنسَٰنَ ﴾، مەبەست پێی مرۆڤە بە گشتیی، نەك (أل) ە کە بۆ (عهد) بێ: ئایا مرۆڤەکە کە (**أَبو أَشَدّ الجُمَحيّ**) ە، یاخود مرۆڤیکی دیکەیە، پێی وایە کەس پێی ناوێرێ؟ بەڵێ مرۆڤێکی واش هەبووەو، چەمکی ئایەتەکە ئەویش دەگرێتەوە، بەڵام هەموو مرۆڤەکانی دیکەش دەگرێتەوە.

ئەم ئایەتە موبارەکەی دەفەرموێ: ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِى كَبَدٍ ﴾، شێوەی ئەو ئایەتە موبارەکەی سووڕەتی (التین)ە، کە دەفەرموێ: ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾، مرۆڤمان لە باشترین پێکهاتەدا هێناوەتە دی، وەك چۆن لەوێ گشتییە، لێرەش دروستکردنی مرۆڤەکان: لە ڕەنج و زەحمەت و ناڕەحەتییدا، هەموویان تێیدا وەك یەکن و هەر گشتییە، کە دەشفەرموێ: ﴿ أَيَحْسَبُ أَن لَّن يَقْدِرَ عَلَيْهِ أَحَدٌ ﴾، ئایا پێی وایە کەس توانای بەسەریدا ناشکێ؟ چ لە دنیادا، چ مەبەست ئەوە بێ، توانای بەسەریدا ناشکێ کە زیندووی بکاتەوە، دیسان ئەویش هەر گشتییە بۆ هەموو مرۆڤەکان.

٦)- ﴿يَقُولُ أَهْلَكْتُ مَالًا لُّبَدًا﴾، دەڵێ: سامانێکی کەڵەکە بوو (زۆر)م سەرفکردوە، هەندێك لە زانایان گوتوویانە: مەبەست ئەوەیی فڵانکەسێك لە هاوبەشدانەرەکان کە زۆر ماڵی خۆی خەرج دەکرد، خۆی پێوەیە هەڵدەکێشا، بێگومان ئەو جۆرە کەسە دەگرێتەوە، بەڵام هەر کەسێکی دیکەش دەگرێتەوە کە ماڵ و سامانی هەیە، بە حەڵاڵ و حەرام وەسەرێکی ناوەو کەڵەکەو پەزمەندەی کردوەو، دواییش هەر بە ویست و خواست و ئارەزووی خۆی خەرجی دەکات، بێ ئەوەی گوێ بداتە سنوورەکانی شەریعەت.

بێگومانیش ئەمە ئەوانەی لە کۆمەڵگای پێغەمبەری خوا ﷺ دابوون لە مەککە، لە هۆزی قورەیش و جگەلە قورەیش دەیانگرێتەوە و، ئەوانەی لە هەموو کۆمەڵگاکانی دیکەش دابوون، تێکڕایان دەگرێتەوە، مادام ئەو سیفەتەیان تێدا بووبێ و تێدابێ.

٧)- ﴿أَيَحْسَبُ أَن لَّمْ يَرَهُۥٓ أَحَدٌ﴾، ئایا پێی وایە هیچکەسێك نەیبینیوە (ئەو ماڵەی چۆن پەیدا کردوەو چۆنیشی خەرجکردوە)؟ هەردوو پرسیارکردنەکان بۆ سەر زەنشتکردن و بۆ بە هەڵە دانان (**للتّوبيخ والتّخطِئة**)ن، واتە: ئایا پێی وایە کەس توانای بەسەریدا ناشکێ؟ ئایا پێی وایە کەس نەیبینیوە (ماڵەکەی چۆن پەیدا کردوەو چۆن سەرف کردوە)؟ وشەی: ﴿ٱلْإِنسَٰنَ﴾، لێرەدا گشتییەو (أل)ە کە بۆ جینسە، بەڵام جینسی عورفیی، واتە: بەنسبەت ئەوکاتەوەی خەڵکەکە تێکڕا هاوبەش بۆ خوا دانەر بوون.

لەو بارەوەش ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ دێنین، کە دەفەرموێ:

{لاَ تَـزُولُ قَدَمَا عَبْدٍ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يُسْأَلَ، عَنْ عُمُرِهِ فِيمَا أَفْنَاهُ؟ وَعَنْ عِلْمِهِ فِيمَ فَعَلَ؟ وَعَنْ مَالِهِ مِن أَيْنَ اكْتَسَبَهُ، وَفِيمَ أَنْفَقَهُ؟ وَعَنْ جِسْمِهِ فِيمَ أَبْلَاهُ؟} (أخرجه الترمذي: ٢٤١٧، والدارمي: ٥٣٧، وصححه الألباني).

واتە: دوو پێی هیچ بەندەیەك لە ڕۆژی قیامەتدا، بەولاولادا ناچن، هەتا (لە چوار شتان) لێی نەپرسرێتەوە: تەمەنی لە چیدا بە ڕێی کردوە؟ لە بارەی زانیارییەکەشیەوە چەندە کاری پێکردوە؟ لە ماڵ و سامانەکەشی چۆنی کۆکردۆتەوەو لەچیدا سەرفی کردوە؟ لە جەستەکەیشی بە چی لەنێوی بردوە؟

مەسەلەی دووەم:

خستنەڕووی چوار لە چاکەو نیعمەتەکانی خوا لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا، کە بریتین لە: هەردوو چاوەکانی و زمانی و، هەردوو لێوەکانی و، ڕێی ڕاست و چەوت پیشاندانی:

خوا دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ نَجْعَل لَّهُۥ عَيْنَيْنِ ﴿٨﴾ وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ ﴿٩﴾ وَهَدَيْنَٰهُ ٱلنَّجْدَيْنِ ﴿١٠﴾ ﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ أَلَمْ نَجْعَل لَّهُۥ عَيْنَيْنِ ﴾، ئایا دوو چاومان بۆ نەڕەخساندوون؟ ئەو مرۆڤەی ئاوا خۆی هەڵدەکێشێ بە خەرجکردنی ماڵ و سامانیەوە، ئایا دوو چاومان بۆ نەڕەخساندوون؟ دوو چاو کە هەموو شتیان پێ دەبینێ، هەرچی بە ڕێکردنی ژیانی دنیای پێویستیی پێی بێ، ببینێ؟

٢)- ﴿ وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ ﴾، هەروەها زمانێك و دوو لێویش؟ زمان ئەو پارچە گۆشتە ماسوولکەییەی بە کەیفی خۆی هەڵیدەسووڕێنێ و پێی دەدوێ، هەروەها دوو لێویش کە جوانیی بە دەم و چاوی دەدەن و، بۆ قسەکردنیش بەکاریان دێنێ و، بۆ خواردن بەکاریان دێنێ و هەم دەروازەشن بۆ زاری.

٣)- ﴿ وَهَدَيْنَٰهُ ٱلنَّجْدَيْنِ ﴾، دوو ڕێیەکانیشمان پیشان داون، دەڵێ: (**النَّجْدُ: الأَرْضُ المُرْتَفِعَةُ ارْتِفَاعاً دونَ الجَبَلِ أي: طَريقَانِ نَجْدان مُرْتَفِعان**)، (**نَجْد**): بە مانای زەوییەکە بەرز بووبێتەوە، بەڵام بەرزییەك کەمتر لە بەزریی چیا، وەك گردۆلکەیەك، دووڕێی بەرزو دیار، مەبەستیش پێیان ڕێی ڕاست و ڕێی چەوتە.

ئایا ئەو پیشاندانەی خوا ﷻ بۆ ئەو دوو ڕێیانە چۆنە؟

أ- ئەو هیدایەتە عەقڵ دەگرێتەوە، کە خوا عەقڵێکی داوە بە مرۆڤەکان، هەموویان لە هەندێ شتدا کۆکن: بۆ نموونە:

١- هەموو خاوەن عەقڵێك دەزانێ (٢ + ٢) دەكاتە (٤).

٢- هەموو خاوەن عەقڵێك دەزانێ هەموو لە بەشێكی ئەو هەمووە گەورەترە (**الكُلُّ أَكْبَرُ مِنَ جُزْئِهِ**).

٣- هەموو خاوەن عەقڵێك دەزانێ دوو شتی پێكەوە دژو پێچەوانە لە یەك كات و شوێندا، پێكەوە كۆنابنەوە، ناگونجێ شتێك هەشبێ و نەشبێ.

ب- هەروەها وێڕای هیدایەتی عەقڵ، هیدایەتی دڵ و دەروون و ناخ و زگماكیش دەگرێتەوە، هەموو مرۆڤەكان بۆ خوا تینوون، هەموو مرۆڤەكان شەیداو عەودالی دادگەریی و پاكیی و چاكیی و جوانیین، خوا هەموو مرۆڤەكانی وا خوڵقاندوە.

ج- هەروەها هیدایەتی پێنج هەستەكانیش دەگرێتەوە، هەموو مرۆڤەكان بە چاو دەبینن، بەگوێ دەبیستن، بۆن دەكەن، تام دەكەن، دەست لە شتەكان دەدەن.

د- هەروەها هیدایەتی وەحیی و پەیامی خواش دەگرێتەوە، ئەوەش تەواوترین جۆری هیدایەت و ڕێنمایی خوای پەروەردگارەو، بەو هیدایەتە، بەڵگە لەسەر خەڵك تەواو دەكرێ و خەڵك بیانوو بڕاو دەكرێ.

زانایان لەو بارەوەش زۆریان قسە كردوە، كە ئایا مەبەست لە: ﴿ٱلنَّجۡدَيۡنِ﴾، چییە ؟

أ- ئایا مەبەست پێی ڕێی خواپەرستیی و پێچەوانەكەیەتی؟

ب- یان مەبەست پێی خواناسیی و پێچەوانەكەیەتی؟

ج- یان مەبەست پێی بڕواو بێبڕواییە.

د- یاخود مەبەست پێی چاكەو خراپەو ڕاست و چەوت و حەڵاڵ و حەرامە؟

من وای تێدەگەم هەموویان دەگرێتەوە، واتە: خوا سبحانەو تعالى لە ڕێی ئەو هێزانەوەی بە مرۆڤی داون:

١- ئەو توانا عەقڵییەی کە بە مرۆڤی داوە.

٢- ئەو زگماك و ناخە پاکەی پێیداوە.

٣- هەروەها پێنج هەستەکانی.

٤- دواییش لە ڕێی وەحییەوە خوا عز وجل ئیمان و کوفری بۆ خەڵك دیارییکردوون و، خوا بەیەکگرتن و هاوبەشدانان (**توحید وشرك**)ی بۆ لێك جیاکردوونەوە و، حەڵاڵ و حەڕام و، چاکەو خراپەو ڕاست و چەوت، هەمووی بۆ لێك جیا کردوونەوە.

شایەنی باسە:

هەندێل لەڕوونکەرەوانی قورئانیش ﴿ٱلنَّجۡدَيۡنِ﴾ یان بەدوو مەمکەکانی دایک لێکداوەتەوە، چونکە دوای باسی زمان و لێوەکان هاتووە، منیش ناڵێم ئەو مانایەش گونجاو نییە، بەڵام مانایەکەی دیکە گونجاو ترو فراوان ترە.

کورتە باسێک دەربارەی
کۆئەندامی بینین و سەرنجدانێکی زمان و لێوەکان

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ أَلَمۡ نَجۡعَل لَّهُۥ عَيۡنَيۡنِ ٨ وَلِسَانٗا وَشَفَتَيۡنِ ٩ ﴾، واتـە: ئایـا دووچاومـان بـۆ نەڕەخسـاندوون، زمانێـك و دوو لێـوەكان؟ ئێسـتاش بـا سـەرەتا سـەرنجی چـاو بدەیـن[1]، ئـەم باسـەش ڕاسـتەوخۆ لـە مەوسـووعەی: (درەوشـاوەیی ئیـمان و پووچەڵیـی ئیلحـاد، لەبـەر تیشـكی زگـماك و عەقڵ و زانسـت و وەحیـی دا) وەردەگـرم:

١- زمـــــان:

زمـان ئـەو پارچـە گۆشـتە ماسـوولكەییەیە كـە خـوا سـبحانە و تعالـی خسـتوویەتە نێـوان دوو شـەویلاگەكانی مرۆڤـەوەو لـە نێـو زاردایـە، زمـان لـە جووڵـەدا زۆر خێـراو چالاكـە، هـی وا هەیـە بـە خێرایـی قسـەی بـۆ ناكـرێ و زمانـی تەپـە، ئـەوە حاڵەتێكـی نەخۆشـییەو حاڵەتێكـی دەگمەنـە، بـەڵام بـە زۆریـی وایـە زمـان خێرایـە، هـەم بـۆ خـواردن هەڵگێـرو وەرگێركـردن، هـەم بـۆ قسـە كـردن، ئـەو زمانـە كوێـت بـوێ لـەوێ ئامـادە دەبـێ بـۆ دەربڕینـی پیتـەكان، بـۆ نموونـە: دەتـەوێ پیتـی (ت) دەرببـڕی، یەكسـەر زمـان دێتـە سـەر ددانەكانـی پێشـەوە، یـان (ث) و (س) و (ش)، هەروەهـا هەندێـك لـە پیتـەكان بـە لێـوەكان دەردەبڕرێـن، وەك: (م) و (ف).

بەڵـێ زمـان وێـڕای ئەوەی خـواردن هەڵگێڕو وەرگێـڕ دەكات و، بەبێ زمان ئینسـان خواردنـی بـۆ قـووت ناچـێ، هەروەها زمـان پیتەكانیـش و دەنگەكانیـش دەردەچوێنێ، ئنجـا لـە نێـو زارو زمانـدا لیكێـك هەیـەو بەگوێـرەی پێویسـت دێتـەدەرێ، تاكـو ئـەو پـارووە سـەرو بـەر بكـرێ و بجـوورێ و بگونجـێ قـووت بـدرێ.

---

(١) بڕوانـە: مەوسـووعەی ئیـمان و ئیلحـاد، بەرگـی یەكـەم، لاپـەڕە: ٤٤٢ - ٤٤٩، چاپـی دووەم: ٢٠٢٠ ز - ١٤٤١ك.

دوو لێوەکان:

خـوای زانـاو کارزان دوو لێویشـی بـۆ مـرۆڤ خوڵقانـدووون، کـە هـەم جوانیـی بـە دەم و چـاوی مـرۆڤ دەدەن، بیهێنـە بەرچـاوی خـۆت کەسـێك دەم و چـاوی بسـووتێ و لێوەکانـی هەڵقرچابـن ونەمابـن، چەنـد دیمەنێکـی سـەیری هەیـە، ددانەکانـی پێشـەوە هەموویـان لـە دەرەوەن، بـەڵام ئـەو دوو لێوانـە جوانیـی بـە دەم و چـاو دەدەن، هـەر کاتێـك مـرۆڤ ویسـتی دوو لێـوەکانی دادەخـات، ماسـوولکەکانی دوو لێـوەکان لاسـتیکیی و بازنەییـن، مـرۆڤ دەتوانـێ دەمـی بکاتـەوەو، ئەگـەر بیـەوێ پارووییـەك قـووت بـدات و دەتوانـێ دەمـی بێنێتـەوە یـەك، هەروەهـا ئـەو دوو لێوانـە زۆریـش یارمەتییـدەرن بـۆ قسـە کـردن، ژمارەیـەك لـە پیـت و دەنگـەکان بـە لێـوەکان دەردەهێنرێـن، وێـڕای ئەوەش دوو لێـوەکان و زمـان و زار و ددانـەکان و مەڵاشـوو، لەگـەڵ گـەروو، ئـەو دەروازەیـەن کە هـەر شـتێك مـرۆڤ بیـەوێ بیخاتـە نێـو جەسـتەیەوە، دەبـێ لەوێـوە بچـێ، خـواردن بێ، شـلەمەنیی بـێ، هـەوا بـێ، بـەڵام هـەوا بەشـێکی لـە لووتـەوە دەچـێ و دوایـیش هـەر دەچێتـەوە ئـەو ڕێگایـەی خـواردن و خواردنـەوەی پێـدا دەچـێ، بۆیـەش خـوا ﷻ زمانـە بچکۆڵـەی دانـاوە لـە نێـوان دوو بۆڕێـی و دەروازەکـەی کـە بـۆ کۆئەندامـی هـەرس و، کۆئەندامـی هەناسـە دەچـن، لـەوێ هـەر کاتێك مـرۆڤ خـواردن و خواردنە بخـوات، ئەو زمانـە بچکۆڵەیـە بـۆڕی لای هەناسـە دەگـرێ، تاکـو ئـەو خواردنـەوەو خواردنـە نەچێتـە شـوێنی هەناسـەدانەوە، هەرکاتێـك مـرۆڤ بـە پەلـە پـەل شـتێك بخـوات و، حاڵەتێکـی نائاسـایی بـێ و، هەندێـك لـە خـواردن بچێتـە نێـو بـۆڕی کۆئەندامـی هەناسـەدانەوە، هـەر دەکۆکێـت تاکـو دێتـە دەر، چونکـە چۆتـە شـوێنێکەوە هـی خـۆی نیـە.

کەواتـە: خـوا ﷻ کـە دەفەرمـوێ: ﴿ أَلَمْ نَجْعَل لَّهُۥ عَيْنَيْنِ ﴿٨﴾ وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ ﴿٩﴾ وَهَدَيْنَٰهُ ٱلنَّجْدَيْنِ ﴿١٠﴾ ﴾، واتـە: ئایـا دوو چاومـان بـۆ (مـرۆڤ) نەڕەخسـاندووون؟ هەروەهـا زمانێـك و دوو لێـو؟ دوو ڕێیەکانیشـمان پێشـان نـەداون؟ مـرۆڤ دەبـێ ئـاوا سـەرنج بـدات و لێـی ورد بێتـەوەو لێـی بکۆڵێتـەوە، ئێسـتاش زانسـت کـە بـەرەو پێشـەوە چـووە، زۆر یارمەتییـدەری ئینسـانی مسـوڵمانە، تاکـو زیاتـر بتوانـێ ئـەو فەرمانانـەی خـوای پـەروەردگار جێبەجـێ بـکات.

مەسەلەی سێیەم:

سەرزەنشتکردنی خوا بۆ مرۆڤ کە دەرووی سەختی نەبڕیوە، کە ئازادکردنی کۆیلەو تێرکردنی برسییە، پاشان بڕواهێنان و یەکدی ڕاسپاردنە بە خۆڕاگریی و بەزەیی نواندن، تاکو سەرەنجام ئەوجۆرە مرۆڤانە ببنە هاوەڵانی ڕاستە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلَا ٱقۡتَحَمَ ٱلۡعَقَبَةَ ﴿١١﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡعَقَبَةُ ﴿١٢﴾ فَكُّ رَقَبَةٍ ﴿١٣﴾ أَوۡ إِطۡعَٰمٞ فِي يَوۡمٖ ذِي مَسۡغَبَةٖ ﴿١٤﴾ يَتِيمٗا ذَا مَقۡرَبَةٍ ﴿١٥﴾ أَوۡ مِسۡكِينٗا ذَا مَتۡرَبَةٖ ﴿١٦﴾ ثُمَّ كَانَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡمَرۡحَمَةِ ﴿١٧﴾ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَيۡمَنَةِ ﴿١٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

دوای ئایەتەکانی پێشوو کە خوا ﷻ باسی جۆرێك لە مرۆڤی بێبڕوای خۆهەڵکێش بە ماڵ و سامان خەرجکەرەوەی کردو، چوار لە نیعمەتەکانی خۆی خستنەوە یادی: هەردوو چاوەکانی و، زمان و، دوو لێوەکانی و، دوو ڕێی ڕاست و چەوت پێشاندانی، ئنجا دەفەرموێ:

١)- ﴿ فَلَا ٱقۡتَحَمَ ٱلۡعَقَبَةَ ﴾، کەچی ئەو دەرووی سەختی نەبڕیوە.

(ف)ی سەر (لا)، بۆ لق لێکردنەوە (تَفْرِيعَ)یە، لەسەر ڕستەی: ﴿ وَهَدَيۡنَٰهُ ٱلنَّجۡدَيۡنِ ﴾، واتە: ئێمە دوو ڕێیەکامان پێشان داون، بەڵام ئەو ڕێی ڕاستی نەگرتوە، یانی: ﴿ وَهَدَيۡنَٰهُ ٱلنَّجۡدَيۡنِ ﴾، بەڵام ئەو: ﴿ فَلَا ٱقۡتَحَمَ ٱلۡعَقَبَةَ ﴾، دەرووە سەختەکەی نەبڕیوە، کە ڕێی ڕاست بگرێ، یاخود لق لێکردنەوە (تَفريعَ)یە، لەسەر ڕستەی: ﴿ أَهۡلَكۡتُ مَالٗا لُّبَدًا ﴾، واتە: (هَلاَّ أَهْلَكَ مَالَهُ فِي الخَيْرِ، لا فِي الخَمْرِ والشَّرِّ)، دەبووایە ماڵ و سامانەکەی لە چاکەدا سەرف کردبایە، نەك لە شەڕاب خۆریی و تاوان و خراپەدا.

(الإقتِحام: تَوَسُّطُ الشِّدَّةِ المُخِيْفَةِ)، (إقْتِحام): بریتیە لە چوونە نێوەڕاستی شتێکی مەترسییدارەوە، بە کوردیی دەڵێن: خۆ پێدادان و خۆ تێڕاکردن.

(عَقَبـة: طَرِيـقٌ وَعِـرٌ فِي الجَبَـلِ) (عَقَبـة): ڕێیەکـی عاسـێیە لـە چیـادا، (عَقَبـة) بـە کوردیـی دەبێتـەوە: دەرووی سـەخت، کـە مـرۆڤ بـە تەنیـا نەبـێ ناتوانـێ پێیـدا بـڕوا، خـوا ﷻ لێـرە دەفەرمـوێ: ئـەو کەسـە دەرووی سـەختی نەبڕیـوەو، نەچۆتـە نێـو ئـەو دەرووە سـەختەوە، تاکـو بیبـڕێ.

٢)- ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡعَقَبَةُ ﴾، چ شتێك بە تۆی زانادوە ئەو دەرووە سەختە چییە؟

ئنجا خوا ﷻ ڕوونی دەکاتەوەو دەفەرموێ:

٣)- ﴿ فَكُّ رَقَبَةٍ ﴾، ئازاد کردنی کۆیلەیەکە.

٤)- ﴿ أَوۡ إِطۡعَٰمٞ فِي يَوۡمٖ ذِي مَسۡغَبَةٖ ﴾، یاخود خواردن پێدانە لە ڕۆژێکی خاوەن برسیەتییدا، وشەی: ﴿ فَكُّ رَقَبَةٍ ﴾، ئازادکردنی گەردنێك، یانی: کۆیلەیەك، کە خوێندراویشەتەوە: (فَكَّ رَقَبَةً)، کەسێك کە کۆیلەیەکی ئازاد کردوە، هەروەها: ﴿ إِطۡعَٰمٞ فِي يَوۡمٖ ذِي مَسۡغَبَةٖ ﴾ خوێندراویشەتەوە: (أَو أَطۡعَمَ فِي يَوۡمٖ ذِي مَسۡغَبَةٖ)، خواردنی داوە لە ڕۆژێکی خاوەن برسێتیی دا، (فَكّ): بریتیە لە وەرگرتنی شتێك لە دەستی کەسێك کە بۆخۆی گرێداوەو لە لای خۆی هێشتوویەتەوە، هەروەها وشەی (فكّ) ئەسڵی واتایەکەی ڕزگارکردن و دەربازکردنە. (رَقَبَة)یش بە مانای گەردن دێ، بەڵام لێرەدا بە مانای کۆی جەستەی مرۆڤەو، زیاتر بۆ کۆیلان بەکارهاتوە.

ئنجـا ئایـا ئەوکەسـە ئـەو خواردنـەی لـە ڕۆژێکـی برسـیەتیی و قـات و قڕیـی و گرانییـدا، بەکـێ داوە؟!

٥)- ﴿ يَتِيمٗا ذَا مَقۡرَبَةٍ ﴾، هەتیوێکی خاوەن نیزیکیی و خزمایەتیی.

٦)- ﴿ أَوۡ مِسۡكِينٗا ذَا مَتۡرَبَةٖ ﴾ یان نەدارێکی خاوەن گڵ و خۆڵ.

ئـەو دوو جـۆرە کەسـە لـە هەمـوو کـەس ئاتاجـترن: هەتیوێـك کـە خـاوەن خزمایەتیـی بـێ و، نەدارێـك کـە خـاوەن گڵ و خـۆڵ بـێ، یـانی: جگەلـە گڵ هیچـی دیکـەی نەبـێ و کەوتبێتـە سـەر زەوی.

﴿ذَا مَتْرَبَةٍ﴾، یانی: (ذا حَاجةٍ)، ئایا لە چییەوە هاتووە؟ دەگوترێ: (تَرِبَ أيْ: نامَ عَلى التُّرابِ)، لەسەر گڵ و خۆڵ نووست، واتە: کەسێك کە هیچ شتێکی بەدەستەوە نەماوە.

(یَتیم)یش (الشَّخص الَّذي لَيْسَ لَهُ أَبٌ وَهوَ دوُنَ البُلوغِ)، کەسێك بابی نەمابێ و خۆشی باڵغ نەبووبێ، ﴿يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ﴾، (المَقْرَبَة: قَرَابَةُ النَّسَب)، یانی: نیزیکیی ڕەچەڵەك و خزمایەتیی.

٧)- ﴿ثُمَّ كَانَ مِنَ الَّذِينَ ءَامَنُوا﴾، ئنجا لەو کەسانەش بێ کە بڕوایان هێناوە، ﴿ثُمَّ﴾، لێرەدا بۆ بەدوای یەکداهاتنی ڕیزبەندییە، واتە: بڕوای هێناوە بە پاداشتی چاکی ئەو کردەوە چاکانە، ئەگەرنا پێشێ دەبێ بڕوا بە خواو بە پایەکانی دیکەی ئیمان هەبێ، ئنجا ئەو ئیمانە مرۆڤ پاڵ پێوە دەنێ بۆ هاوکارییکردنی هەتیوو هەژارو نەدار.

کەواتە: ﴿ثُمَّ كَانَ مِنَ الَّذِينَ ءَامَنُوا﴾، ئەگەر ﴿ثُمَّ﴾ بۆ ڕیزبەندیی بەدوای یەکداهاتن بێ، یانی: لەو کەسانەش بێ کە بڕوای هەیە بەپاداشتی چاکی ئەو کردەوانە، بەڵام ئەگەر: ﴿كَانَ مِنَ الَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ مەبەست ئەوەبێ ئەوانەی بڕوایان هێناوە بە خوا ﷻ و بەڕۆژی دوایی و، پایەکانی دیکەی ئیمان، ئەو کاتە ﴿ثُمَّ﴾، بۆ ڕیزبەندیی باسکردن (للترتيب الذكري)ە، نەك ڕیزبەندیی پلە پلەیی (الترتيب الرتبي)، چونکە بڕوا بەخواو بەڕۆژی دوایی و بە کتێبەکانی خواو و بە فریشتەکان و بە پێغەمبەران، لە دوای هاوکارییکردنی هەتیوو هەژارو نەدارەوە نایەت، بەڵکو لە پێشیانەوە دێ، بەڵام لە باسکردندا خراوەتە دواوە، هەروەك لە سوورەتی (آل عمران)یشدا خوای بەرزو مەزن دەفەرموێ: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ﴿١١٠﴾﴾، واتە: ئێوە باشترین کۆمەڵن بۆ مرۆڤایەتیی پەیدا کراون، فەرمان بە پەسند دەکەن و ڕێ لە ناپەسند دەگرن و، بڕوا بە خوا دێنن، بێگومان بڕوا بە خوا هێنانە، مرۆڤ پاڵ پێوەدەنێ، فەرمان بەچاکە بکات و ڕێ لە خراپە بگرێ، بەڵام لەوێ لە ڕووی باسکردنەوە خراوەتە دوایە، بۆچی؟

تاكو بزانرێ بڕوا بە خوا هێنان كاتێك بەڕاستیی بە ئیمان لە قەڵەم دەدرێ، كە خاوەنەكەی وا لێ بكات، لەگەڵ چاكە دابێ و دژی خراپە بێ و، هەوڵ بدات پەسند بچەسپێنێ و ناپەسند ڕیشەكێش بكات، كۆمەڵگاو دەوروبەری خۆی لێ بڕزار بكات.

٨)- ﴿ وَتَوَاصَوْاْ بِٱلصَّبْرِ ﴾، (هەروەها ئەو كەسانە لەوانەش بن كە) یەكدی ڕادەسپێرن بە خۆڕاگریی، (**تَواصِي بالصبر**)، واتە: یەكدی ڕاسپاردن و ئامۆژگاریی یەكدی كردن، ڕێنمایی یەكدی كردن، هاندانی یەكدی بۆ خۆڕاگریی.

٩)- ﴿ وَتَوَاصَوْاْ بِٱلْمَرْحَمَةِ ﴾، هەروەها یەكدی ڕادەسپێرن و ئامۆژگاریی یەكدیش دەكەن بە بەزەیی نواندن.

خۆڕاگریی و بەزەیی نواندن، دوو سیفەتی زۆر مەزنن، لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانداو، مرۆڤ بەبێ خۆڕاگریی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی ڕاست بۆ بەڕێوە ناچن و، بەبێ بەزەییش بێگومان لە پەیوەندییەكانی دا وەك پێویست نابێ، ئەم دوو سیفەتە زۆر گرنگن، بۆیەش خوا ﷻ لە دوای ئیمانەوە باسی كردوون.

١٠)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْمَيْمَنَةِ ﴾، ئا ئەوانە هاوەڵانی خێرو چاكەن، یاخود: هاوەڵانی لای ڕاستن، ﴿ ٱلْمَيْمَنَةِ ﴾، دوو واتای هەن:

أ- لای ڕاست. ب- خێردارو پیزدار.

(**يَمَنَهُ: أ- جَعَلَهُ عَلَى يَمِينِهِ. ب-يَمَنَهُ اللهُ يُمْناً: بَارَكَهُ**).

﴿ ٱلْمَيْمَنَةِ ﴾، یان لە (**يَمَنَهُ**)وە هاتوە، واتە: خستیە لای ڕاستی، یاخود (**يَمَنَهُ اللهُ يُمْناً، أَيْ بَارَكَهُ**). یانی: خوا پیزی تێخست و بەرەكەتدارو خێرداری كرد.

كەواتە: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْمَيْمَنَةِ ﴾ یانی: ئەوانە هاوەڵانی لای ڕاستن، یاخود: ئەوانە هاوەڵانی خێرو چاكەن، بە پێچەوانەی ئەوانی دیكەوە كە هاوەڵانی

لای چەپەن، یاخود: هاوەڵانی نەگبەتیی و بێ خێرییـن، کـە خـوا ﷻ لێرەدا باسـی کـردوە: بڕینـی دەرووی سـەخت بریتیـە لـە ئازادکردنـی کۆیلـەو، خـواردن پێدانـی نـەدار، ئـەو نـەدارەش یـان هەتیوێکـی خزمـە، یاخـود نەدارێکـی بەخـاك و خۆڵـەوە نووسـاوە، لـەو بـارەوە ئـەم دوو فەرموودەیـە دێنیـن:

١- فەرموودەی یەکەم: {عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ: قُلْتُ: يَا رَسُول اللهِ ﷺ! إِنَّ عَبْدَ اللَّهِ بنَ جُدْعَانَ كَانَ فِي الجَاهِلِيَّةِ يَقْرِي الضَّيْفَ، وَيَفُكُّ الْعَانِيَ، وَيَصِلُ الرَّحِمَ، وَيُحْسِنُ الْجِوَارَ، فَأَثْنَيْتُ عَلَيْهِ، فَهَلْ يَنْفَعُهُ ذَلِكَ؟ قَالَ رَسُول اللهِ ﷺ: لَا إِنَّهُ لَمْ يَقُلْ يَوْمًا قَطُّ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي يَوْمَ الدِّينِ} (أخرجه أحمد: ٢٤٩٣٦، ومسلم: ١١٤، وإبن حبان: ٣٣٠، وأبو يعلى: ٤٢٤).

واتـە: دایکـمان خاتـوو عائیشـە (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، دەڵـێ: گوتـم ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! عەبدوڵـڵای کـوڕی جودعـان لـە سـەردەمی نەفامییـدا، ڕێـزی میوانـی دەگـرت و، دیلـی ئـازاد دەکـردو، پەیوەندیـی خزمایەتیـی دەگەیانـدو، چاکـەکار بـوو لەگـەڵ دراوسـێ دا، بـە چاکـە باسـم کـرد، ئایـا ئەوانـە هیـچ سـوودی پێدەگەیەنـن؟ پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: نەخێـر، چونکـە ئـەو ڕۆژێـك لـە ڕۆژان نەیگوتـوە: ئـەی پـەروەردگارم! لـە ڕۆژی سـزاو پاداشـت دا، لـە گوناهەکـەم ببـوورە! (واتـە: بـۆ خـوای ئەنجـام نـەداون، بۆیـە پاداشـتی نیـە).

٢- هەر لەوبارەوە ئەم فەرموودەیەش هەیە، کە بە ڕواڵەت پێچەوانەی فەرموودەکەی پێشێیە:

{عَـنْ حَكِيـمِ بْـنِ حِـزَامٍ رَضِيَ اللَّـهُ عَنْـهُ، قَـالَ: قُلْـتُ يَـا رَسُـولَ اللَّـهِ! أَرَأَيْـتَ أَشْـيَاءَ كُنْـتُ أَتَحَنَّـثُ بِهَـا فِي الجَاهِلِيَّـةِ مِـن صَدَقَـةٍ، أَوْ عَتَاقَـةٍ، وَصِلَـةِ رَحِـمٍ، فَهَـلْ فِيهَـا مِـنْ أَجْـرٍ؟ فَقَـالَ النَّبِـيُّ ﷺ أَسْـلَمْتَ عَـلَى مَـا سَـلَفَ مِـنْ خَـيْرٍ} (أخرجـه البخـاري: ١٣٦٩، ومسـلم: ١٢٣).

واتـە: حەکیمـی کـوڕی حیـزام (خـوا لێـی ڕازی بـێ) - دوای ئـەوەی مسـوڵمان بـووە - دەڵـێ: گوتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! لـە سـەردەمی نەفامییـدا هەندێـك کـردەوەم دەکـردن، وەك خواپەرسـتیی، بـۆ خـۆ لـە خـوا نیزیـك خسـتنەوە، لـە

بەخشین و ئازادکردنی کۆیلەو گەیاندنی پەیوەندیی خزمایەتیی، ئنجا ئایا هیچ پاداشت هەیە (لەو کردەوانەمان دا؟) فەرمووی: کاتێك مسوڵمان بووی، شتی خێرو چاکەت پێشخستوە، واتە: ئەو کردەوانەی دیکەشت بۆ حیسابن.

ئەم دوو فەرمایشتە کەسێك بەڕواڵەت تەماشایان بکات، دەڵێ: تێکدەگیرێن، لە فەرمایشتی یەکەمدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (**إِبْن جُدعان**) هیچ بەهرە وەرناگرێ لە کردەوەکانی، کە لەسەردەمی نەفامییدا کردوونی، بەڵام لە فەرموودەی دووەمدا بە حەکیمی کوڕی حیزام دەفەرموێ: مسوڵمان بووی و چاکەت پێشخۆت خستوون، واتە: ئەو کردەوە چاکانەشت بۆ حیسابن کە لە سەردەمی نەفامییی دا کردووتن!

وەڵامەکەشی هەر ئەوەیە کە حەکیمی کوڕی حیزام دوای ئەوەی مسوڵمان بووە، ئەوەی پرسیوە، بەڵام ئەوەی دیکە مسوڵمان نەبووە، ئەمەش وەڵامێکی ڕێکە، چونکە کەسێك مسوڵمان بێ، کردەوە چاکەکانیشی کە پێش مسوڵمانبوونی کردوونی، لێیان بەهرەمەند دەبێ، بەڵام کەسێك مسوڵمان نەبێ خراپەکانی لەسەر حیسابن و کردەوە چاکەکانیشی جێی بۆ ناگرن، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَقَدِمْنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُوا۟ مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَٰهُ هَبَآءً مَّنثُورًا ﴿٢٣﴾ ﴾الفرقان، ڕوومان کردە ئەو کردەوانەی کردبوویانن (کردەوە چاکەکانیان) و کردمانن بە تۆزو گەردی بڵاو.

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

بـەڵام بێبڕوایـان بـە ئایەتەکانـی خـوا، هاوەڵانـی چەپـەو بێخێـرن و، ئاگرێکـی قەپـات و دەرگا گاڵـە دراویـان لەسـەر دەبـێ:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا هُمْ أَصْحَٰبُ ٱلْمَشْـَٔمَةِ ﴿١٩﴾ عَلَيْهِمْ نَارٌ مُّؤْصَدَةٌۢ
 ﴾

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا هُمْ أَصْحَٰبُ ٱلْمَشْـَٔمَةِ ﴾، ئەوانەش کە بە نیشانەکانی ئێمە بێبڕوابوون، ئەوان هاوەڵانی چەپەن، یاخود: هاوەڵانی خاوەنی نەگبەتیی و بێخێریین.

٢)- ﴿ عَلَيْهِمْ نَارٌ مُّؤْصَدَةٌۢ ﴾ ئاگرێکی (دەرگا) داخراویان بەسەرەوەیە.

(الطـبري) لـە **(قتـادة)**وە بـە ژمـارە: (٣٧٤٧٧)، هێناویەتـی، دەڵـێ: ﴿ مُّؤْصَدَةٌۢ ﴾، **(أَيْ: مُطْبَقَـةٌ أَطْبَقَهَـا اللهُ عَلَيْهِـم، فَـلا ضَـوءَ، وَلا فَـرَجَ، وَلاَ خُـروجَ مِنْهَـا آخِـرَ الأَبَـد)**، واتـە: ئـەو ئاگـرە خـوا دەرگایـەکانی لەسـەریان داخسـتوون و گاڵـەی داون، ڕۆشـنایی و، دەروو لـێ کرانـەوە و، لـێ هاتنـە دەر نیـە تاکـو هـەرە کۆتایـی.

هەروەهـا **(الطـبري)** لـە **(الضَّحَّـاك)**ەوە بـە ژمـارە: (٣٧٤٧٨) هێناویـەتی، لـە بـارەی مانـای: ﴿ عَلَيْهِمْ نَارٌ مُّؤْصَدَةٌۢ ﴾ەوە، دەڵـێ: **(أَي: مُغْلَقَـةٌ عَلَيْهِـم)**، ئاگرەکەیـان لەسـەر داخـراوە، واتـە: ئەوانـە لـە شـوێنێکدان، دەرگاکانییـان لەسـەر داخـراون و، لـە نێـو ئـەو شـوێنەی تێیـدان، بـە ئاگریـش سـزا دەدرێـن و دەسـووتێنرێن، خـوا پەنامـان بـدات.

وەك چۆن: ﴿ ٱلْمَيْمَنَةِ ﴾، بـە مانـای لای ڕاسـت **(يمين)** دێ و، بەمانـای چاکـەو خێـر **(يُمْـن)**ش دێ، ﴿ ٱلْمَشْـَٔمَةِ ﴾ ش بـە هەمـان شـێوە: بـە مانـای لای چـەپ **(شـمال)** دێ و، بـە مانـای نەگبـەت و بـێ خێـر **(شـؤم)**یش دێ.

هەڵوەستەیەک لە بەرانبەر نەهێشتنی ستەمی سیاسیی و ئابووریی دا

لـە کۆتایـی تەفسـیرکردنی ئـەم سـووڕەتە موبارەکـەدا هەڵوەسـتەیەك دەکەیـن، لـە بەرانبـەر ئـەو شـەش ئایەتـە موبارەکـەدا، کـە خـوا تێیـان دا دەفەرمـوێ:

﴿ فَلَا ٱقْتَحَمَ ٱلْعَقَبَةَ ﴾، ئـەو دەرووە سـەختەکەی نەبڕیـوە، ﴿ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْعَقَبَةُ ﴾، چـی پێـی زانانـدووی دەرووە سـەختەکە چییـە؟ کـە هـەرکات ئینسـان بڕی، ئنجـا بـەرەو بەهەشـت دەچـێ؟ ﴿ فَكُّ رَقَبَةٍ ﴾، ئازادکردنـی کۆیلەیـەك ﴿ أَوْ إِطْعَٰمٌ فِى يَوْمٍ ذِى مَسْغَبَةٍ ﴾، یاخـود خـواردن پێـدان لـە ڕۆژێکـی قـات و قڕیـی و گرانییـدا، ﴿ يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ ﴿١٥﴾ ﴾، بـە هەتیوێـك (منداڵێك کـە باڵـغ نەبـووەو، بابـی مـردووە) کـە خـاوەن نزیکایەتییشـە: ﴿ أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ ﴾، یاخـود نەدارێـك کـە خـاوەنی گڵـە و بـە خۆڵـەوە نووسـاوەو، هیچـی نیـە، هەڵبەتـە مانـای وانیـە کـە ئـەو خـواردن پێـدان و مـاڵ بەخشـینە، تەنیـا بـۆ ئـەو دووانەیـە، بـەڵام یـانی: ئـەو دووانـە لـە نێـو کۆمەڵـگادا لـە هەمـوو توێـژەکان ئاتاجـترن، بۆیـە خـوای بەبەزەیـی ﷻ وەك دوو نموونـەی زەقـی کـە دەبـێ هاوکاریـی بکرێـن و خواردنیـان پـێ بـدرێ و مشـووریان لێبخـورێ، هێنـاونی.

وەك دەبینیـن: لـەم ئایەتانـەدا خـوا ﷻ چوونـە بەهەشـت بەهـۆی دەرووی سـەخت بڕینـەوە، لـە دوو کاردا خوڵاصـە دەکاتـەوە:

یەکەم: ئازادکردنی کۆیلەیەك.

دووەم: خواردن پێدانی کەسێکی ئاتاج، وەك هەتیوو نەدارو هەژار.

کەواتـە: لـە ڕاسـتییدا هەوڵدانـی مسـوڵمانان بـۆ ئـەوەی مرۆڤـەکان سەربەسـت و ئـازاد بـن و، کـەس بندەسـت و ژێـر دەسـت نەبـێ و کۆیلـەو چەوسـاوە نەبـێ، بەڵکـو

هەر بە ئازادیی بمێننەوە، وەك چۆن خوا ﷻ بە ئازادیی خوڵقاندوونی، وەك عومەری كوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێ، لە بۆنەیەكدا بە كەسێك دەڵێ: كە ستەمی كردوە لە هاوڵاتییەكی خۆیان هەر لەبەر ئەوەی مسوڵمان نیە: **(مَتى اسْتَعْبَدْتُمُ النَّاسَ، وَقَدْ وَلَدَتْهُم أُمَّهَاتُهُم أَحْرَاراً؟!)**، لە كەیەوە خەڵكتان كردۆتە كۆیلە، كە دایكیان بە ئازادیی هێناونیە دنیاوە، واتە: مرۆڤەكان هەموویان بە ئازادیی لە دایك دەبن، كەواتە: كە دوایی مرۆڤێك، یاخود كۆمەڵە مرۆڤێك، یان نەتەوەیەك ژێر دەست دەكرێ و دەچەوسێنرێتەوە، ئەوە پێچەوانەی ئەو حاڵەتە ئاساییی و سرووشتییەیە كە خوا لەسەری خوڵقاندوە، كە بریتیە لە ئازادیی و سەربەستیی، بۆیەش خوای دادگەر ﷻ چوونە بەهەشتی بەستۆتەوە بەوەوە كە مرۆڤ دەبێ دەرووی سەخت ببڕێ، ئنجا بڕینی دەرووە سەختەكەشی بەوە داناوە كە بریتیە لە: ئازادكردنی كۆیلەیەك، یەك مرۆڤی كۆیلەو ژێر دەست، لە ژێر دەستیی و كۆیلایەتیی، دەری بێنی و ڕزگارو ئازادی بكەی، مانای وایە بەهۆی ئەوەوە نیوەی ئەو دەرووە سەختەت بڕیوەو، نیوەكەی دیكەشی ئەوەیەكە:

لە ڕۆژێكی برسیەتیی و قات و قڕیی و گرانییدا، خواردن بدەی بەو كەسانەی پێویستییان پێیەتی، بە تایبەت منداڵێكی بێ باب، هەروەها نەدارێك كە بە گڵ و خۆڵەوە نووساوەو، هیچی نیە.

ئنجا ئەگەر دەرووی سەختبڕین، بریتی بێ لە ئازاد كردنی كۆیلەیەك، هەروەها تێركردنی برسییەك، ئایا ئازادكردنی نەتەوەیەك كە زەبوون و ژێر دەستكراوەو، خاوەنی زەوی خۆی نیە، خاوەنی ئیرادەی خۆی و قەوارەو ئیدارەی خۆی نیە، خاوەنی چارەنووسی خۆی نیە، هەروەها دەربازكردنی میللەتێك و كۆمەڵگایەك لە برسیەتیی و قات و قڕیی، دەبێ چەند خێر بێ؟ بێگومان خێرێكی زۆر گەورەیە، بۆیەش خوا ﷻ كردوویەتی بە سەنگی مەحەكی دینداریی و ئیمانداریی و مسوڵمانێتیی.

لێرەدا دەپرسین: بۆچی خوا فەرموویەتی: ﴿ فَكُّ رَقَبَةٍ ﴿١٣﴾ أَوْ إِطْعَٰمٌ فِي يَوْمٍ ذِي مَسْغَبَةٍ ﴿١٤﴾ يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ ﴿١٥﴾ أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ ﴿١٦﴾ ﴾؟! تاکو بزانین: ئازاد کردنی کۆیلەیەکیش ئەوەندە خێرو پاداشتی هەیە، چ جای سەدان و هەزاران کۆیلە، هەروەها تێرکردنی هەتیوێکی ئاتاج و برسیی، هەروەها نەدارێکی برسییش ئەوەندە خێرو پاداشتەی هەیەو هێندە شتێکی گرنگە، چ جای کۆمەڵە خەڵکێك و کۆمەڵگایەك کە تووشی قات و قڕیی و برسێتیی بووە!

بۆیە پێویستە وەك مسوڵمان و خەڵکی ئیسلام، زۆر هەستیار بین بەرانبەر بە ئازادیی مرۆڤەکان، هەروەها بەرانبەر بە تێرییان، بەرانبەر بە ئەمانیان و بەرانبەر بە نانیان، بەرانبەر بەوەی مرۆڤەکان خوا خوڵقاندوونی، کە ئازادو سەربەست بن و، ئازادانەو سەربەستانە تاقیکردنەوەی بەندایەتیی خۆیان بدەن لەسەر زەوی، هەروەها خوا مرۆڤەکانی خوڵقاندوون و دنیاشی بۆ پڕ کردوون لە نازو نیعمەت، تاکو تێر بن و برسیی نەبن، چونکە مرۆڤی کۆیلەو مرۆڤی برسیی، مسۆگەر بیر کردنەوەشی ڕاست و دروست نابێ، بۆیە پێویستە ئێمە وەك مسوڵمانان و خەڵکی ئیسلام بزانین، کە دینەکەمان دینی ئازادیی و سەربەستییە بۆ هەموو کەس، لێرە خوا ﷻ نەیفەرمووە: ئەو کۆیلەیەی ئازاد دەکرێ، مسوڵمانە، یان نامسوڵمانە، ڕەش، یان سپییە، خوێندەوارە، یان نەخوێندەوارە، کوردە، یان عەرەبە، یان چ گەلێکە، یان چ زمانێکە، هەر کەسێك کۆیلە بێ، دەبێ کار بکەی بۆ ئازادکردنی ئەو کۆیلەیەو، هەرکەسێك برسیی بێ، دەبێ کار بکەی بۆ تێر کردنی ئەو برسییە.

ئنجا ئەگەر تەماشای بارودۆخی ئێستای دنیاش بکەین، بەڵێ بە فەرمیی کۆیلایەتیی لە سەدەی نۆزدەیەمەوە نەماوە، بەلام هەر فەرمیی و ڕواڵەتیی، ئەگەرنا لە حەقیقەتدا بە تایبەت ئەگەر تەماشای بارودۆخی مسوڵمانان بکەی، هەروەها گەلانی دیکەی ژێر دەست، دەبینن زلهێزەکان بە چاوی کۆیلە تەماشایان دەکەن، وەك خزمەتکار تەماشایان دەکەن و، مامەڵەیان لەگەڵدا

دەکەن و، ئەمەش حاڵەتێکی نائاساییەو، حاڵەتی ئاسایی و سرووشتیی ئەوەیە کە مرۆڤەکان هەموویان ئازادو سەربەست بن، خاوەنی زەوی و خاکی خۆیان و، بوونی خۆیان و، ئیدارەی خۆیان بن، ئەوە حاڵەتی ئاساییە، هەروەها نازو نیعمەتی وڵاتی خۆیان، خۆیان خاوەنی بن، نەك زلهێزێك بێ، بە زۆر خۆییان بەسەر دا بسەپێنێ و، نەوتەکەیان بە تاڵان بەرێ و، غازەکەیان بە تاڵان بەرێ و، خێرو بێری دیکەیان بەتاڵان بەرێ! ئەوە حاڵەتێکی ڕەفز کراوە، لە شەریعەتی خوای دادگەرو کارزان داو، مسوڵمانانیش دەبێ بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی بزانن، ئەگەر بیانەوێ دەرووی سەخت ببڕن و سەرکەون و بچنە نێو بەهەشتی خواوە، زۆر بەجیددیی خەم و مشوور بخۆن لە ئازادکردنی کۆیلەکان و، تێر کردنی برسییەکان.

خوای پەروەردگار لەو کەسانەمان بگێڕێ کە بەو شێوەیە دەبن و، هەموو توانایەکانی خۆمان بخەینە گەڕ بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجە شەرعییانەی خوا ﷻ ئاوا گرنگیی و بایەخی پێداون، لە دوا فەرمایشت و پەیامی خۆی دا بۆ مرۆڤایەتیی.

لێرەش دا کۆتایی بە تەفسیر کردنی سوورەتی (البلد)، دێنین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

تەفسیری سوورەتی

الشَّمس

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمڕۆ (٧)ی مانگی (**ذي الحِجَّة**)، واتە: مانگی (١٢)ی ساڵی (١٤٤١)ی کۆچی، بەرانبەر (٢٨)ی تەممووز، واتە: مانگی (٧)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی زاینییە، لە شاری دێرینی هەولێر، خوا پشتیوان بێ دەست دەکەین بە تەفسیرکردنی سوورەتی (**الشَّمس**)، پێناسەو نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە موبارەکە لە حەوت (٧) بڕگەدا دەخەینە ڕوو:

پێناسەی سوورەتی (الشمس) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە ناوی (**سورة الشَّمسَ**)ە، بەڵام بوخاری لە کتێبە ناودارەکەی خۆیدا (**الجَامِع الصَّحيح**) بە ناوی سوورەتی (**سُورَةُ وَٱلشَّمۡسِ وَضُحَىٰهَا**) هێناویەتی.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

بەیەك دەنگی زانایان ئەم سوورەتە مەککەییە، لە مەککە دابەزییوە، لەم بارەشەوە ئەم دەقە دێنین.

(**عَن عَبدِ اللهِ ابْنِ عَبَّاس** ﷺ، **قَالَ: نَزَلَتْ سُورَة وَالشَّمْسِ وَضُحها بِمَكَّة**)[1].

---

(١) ذَكَرَهُ السيوطي في الدُّرُّ المنثور: ج٨، ص٨٢٧، ونسبه لابن الضُّريس وَالنَّحَّاس، وابن مَردَويه، والبيهقي وقال: وأخرج ابن مردويه عَن عَبْدِ اللهِ ابن الزبير مِثلَهُ، الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ص٥١٤.

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس ، گوتوویەتـی: سـوورەتی ﴿وَٱلشَّمۡسِ وَضُحَىٰهَا﴾، لـە مەککـە دابەزیـوە.

هەروەهـا ئیبنـو مـوڕدەوەی، لـە عەبدوڵـڵای کـوڕی زوبەیـرەوە ، بەهەمـان شـێوە، ئەویـش گوتوویەتـی: {نَزَلَت سُورة ﴿وَٱلشَّمۡسِ وَضُحَىٰهَا﴾ بِمَكَّة}. ئـەم سـوورەتە لـە مەککـە دابەزیـوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و دابەزین دا:

ڕیزبەندیـی لـە (مصحـف)دا ژمـارە: (٩١)ە، لـە (الفاتحـة)ەوە کـە دێیـن، ئەمـە (٩١)یەمیـن سـوورەتە، لـە ڕیزبەندیـی هاتنـە خـواردا (٢٦)ەمیـن سـوورەتە، پێـش سـوورەتی (**الـبروج**) و دوای سـوورەتی (**القَـدر**)، دابەزیـوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە:

لـە لای زۆربـەی زانایـان پـازدە (١٥)، لـە لای ئەهلـی مەککـە شـازدە (١٦) ئایەتـن، بـەڵام زیاتـر پازدەکـە تەبەننیکـراوە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە موبارەکە دوو بابەتی سەرەکیی گرتوونە خۆی:

١- لە ئایەتەکانی: (١ - ١٠)، یازدە (١١) سوێند خواردنی خوا لەسەر سەرفرازبوونی بابای تەزکیەکارو، بێمرادیی و پەشێمانیی بابای خۆ بن چڵك و چەپەڵی گوناهدەر.

٢- لە ئایەتەکانی: (١١ - ١٥)، کە دەکاتە (٥) ئایەتی کۆتایی، باسی گەلی سەموود کە لە قسەی پێغەمبەرەکەیان صاڵح دەرچوون و سەرەنجام خوا سزایەکی توندیان دوای ئەوەی حوشترەکەی صاڵحیان- کە خوا وەك موعجیزەیەك لە شاخێك، لە تاتە بەردێکی گەورە بۆی دەرهێنابوون - پەییان کردو[١] کوشتیان، خوا سزای دان.

---

(١) پەییان کرد: چوارپەکیان بڕین، پەیکردن، پەیکردن: چوار پەل بڕین.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

لەم سوورەتەدا دوو تایبەتمەندیمان کەوتوونەتە بەرچاو:

١- سوێند خواردنی خوا ﷻ بە یازدە (١١)، یان بەلای کەمەوە بە حەوت (٧) شت، کە زۆرترین ڕێژەی سوێند خواردنە، ئەوانی دیکە، خوا یان سوێندی بە شتێك خواردوە، یان بە دووان، یان سێیان، یان بە چواران، یان بە پێنج، هیچ کام لە سوورەتەکانی دیکە سوێندەکانیان لە پێنج تێنەپەڕیون، بەڵام ئەم سوورەتە دەگونجێ بڵێین: خوا سوێند بە حەوت (٧) شتان خواردوە، دەشگونجێ بڵێین: سوێندی بە یازدە (١١) شت خواردوە.

٢- چەند وشەیەك کە تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون:

(جَلَّىٰهَا) واتە: دەریخستوە.

(طَحَىٰهَا) واتە: پان ڕایخستوە.

(فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَىٰهَا) واتە: تاوانباریی و پارێزکاریی فێرکردوە، شارەزای کردوە.

(خَابَ مَن دَسَّىٰهَا) واتە: پەشێمان و بێمرادە ئەو کەسەی نەفسی خۆی پەنهان کردوە، لە بن چڵکی گوناهاندا.

(فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ) واتە: خوا ﷻ لەرزاندنیەوە، یان تەختی کردن، یەکسانی کردن لەگەڵ خاکدا.

حەوتەم و کۆتایی: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمە کۆی پازدە (١٥) ئایەتەکان دەکەینە یەك دەرس، لەبەر ئەوەی هەموویان پێکەوە تێکهەڵکێشن، هەرچەندە دوو بابەتن، بەڵام بابەتی دووەمیشیان هەر تەواوکەری بابەتی یەکەمە.

کەواتە: دێینە سەر بڕگەکانی ئەم دەرسە کە کۆی پازدە (١٥) ئایەتەکەی ئەم سوورەتە موبارەکە پێکدێنێ.

دەرسی ئەم سوورەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە ئـەم سـوورەتە هەمـووی یانـی: هـەر پـازدە (١٥) ئایەتەکـەی دەگرێتـەوە، ئـەو (١٥) ئایەتـەش دوو تـەوەری سـەرەکیین:

یەکـەم: لـە ئایەتەکانـی: (١ - ١٠) دا، خـوا ﷻ یـازدە (١١) سـوێندان دەخـوات بـە یـازدە (١١) شـتان، وەڵامـی سـوێندەکەش بریتیـە لـەوە کـە مـرۆڤ بەهـۆی خـۆ پـاك چاککردنـەوە سـەرفراز دەبـێ، بـەڵام بەهـۆی نەفسـی خـۆ پەنهانکـردن لـە بـن کەمـڕەو چڵکـی گوناهانـدا، پەشـیمان و بەدبەخـت و بێمـراد دەبـێ.

دووەم: لـە پێنـج ئایەتـی کۆتایی دا: ئایەتەکانی: (١١ - ١٥) باسـی گەلی سـەموودە، کـە پێغەمبەرەکەیـان صاڵـح ﵇ بـووە و، ئێمـە لـە کاتـی تەفسـیرکردنی سـوورەتی (**الحِجـر**)دا، باسـی گەلـی سـەموود و پێغەمبەرەکەیـان (صاڵح)مـان کـرد، کـە دوای ئـەوەی لـە قسـەی صاڵـح دەردەچـن و، ئـەو حوشـترەی خـوا وەك موعجیزەیەکـی تایبـەت بـە صاڵحـی داوە و، لـە بەردێـك بـۆی دەرهێنـاوە، کـە خەڵکەکـە داوایـان لێکـردوە بەڵگەیەکیـام بـۆ بێنێـت، وەك کاتـی خـۆی لـە بەسـەرهاتەکەیدا باسـمان کـردوە، دوای ئـەوەی حوشـترەکە پەیـی دەکـەن، پێشـێ چوارپەلەکان دەبـڕن و دوایی سـەری دەبـڕن، خـوا ﷻ سـێ ڕۆژ مۆڵەتیـان بـۆ دادەنـێ، دوای سـێ ڕۆژەکـە ئـەو بەڵا گەورەیـان بـە مـل دادێ، کـە بریتـی بـووە لـە هەڕژنـگ و دواتـر لەرزینەوەیـەك، بریتـی بـووە ، کـە بەهۆیـەوە هەموویـان لەگـەڵ زەویـدا تەخـت و یەکسـان دەبـن.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا ﴿١﴾ وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا ﴿٢﴾ وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا ﴿٣﴾ وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا
﴿٤﴾ وَالسَّمَاءِ وَمَا بَنَاهَا ﴿٥﴾ وَالْأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا ﴿٦﴾ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا ﴿٧﴾ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا
وَتَقْوَاهَا ﴿٨﴾ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا ﴿٩﴾ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا ﴿١٠﴾ كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِطَغْوَاهَا
﴿١١﴾ إِذِ انبَعَثَ أَشْقَاهَا ﴿١٢﴾ فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ نَاقَةَ اللَّهِ وَسُقْيَاهَا ﴿١٣﴾ فَكَذَّبُوهُ
فَعَقَرُوهَا فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُم بِذَنبِهِمْ فَسَوَّاهَا ﴿١٤﴾ وَلَا يَخَافُ عُقْبَاهَا ﴿١٥﴾ ﴾

مانای دەقاودەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە . سوێند بە خۆرو بە تیشکەکەی (١) سوێند بە مانگ، کاتێك بە دوای (خۆردا) دێ (٢) سوێند بە ڕۆژگار کاتێك ڕۆشنی کردەوە (٣) سوێند بە شەوگار کاتێك دایدەپۆشێ (٤) سوێند بە ئاسمان و بەوەی بنیاتی ناوە (٥) سوێند بە زەوی و بەوەی ڕایخستوەو لێکی وەدوورخستوە (٦) سوێند بە نەفس و بەوەی ڕێکیخستوە (٧) ئنجا خراپەکاریی و پارێزکاریی فێر کردوە (٨) مسۆگەر سەرفرازە کەسێك پاکو چاکی کردوە (٩) مسۆگەریش بێمرادە کەسێك (لە بن کەمرەی گوناهان دا) پەنهانی کردوە (١٠) (گەلی) سەموود بە هۆی یاخیبوونیانەوە بە درۆیان دانا (١١) کاتێك خراپترین کەس بە خێرایی دەرچوو (بۆ پەیکردنی حوشترەکە) (١٢) پێغەمبەر خواش (صالح) پێیگوتن: وریای حوشترەکەی خواو ئاو خواردنەوەکەی بن! (١٣) کەچی بەدرۆیان داناو پەییان کردو (سەریان بڕی)و پەروەردگاریشیان بە هۆی گوناهەکەیانەوە، بەڵایەکی بەسەردا گشتاندن ئنجا ختی کردن، (١٤) لەسەرەنجامەکەشی ناترسێ (١٥)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(**وَضُحَىٰهَا**): (**الضُّحَى: إِنْبِسَاطُ الشَّمْسِ وَامْتِدَادُ النَّهَارِ، وَسُمِّيَ الوَقْتُ بِهِ**)، (**ضُحَى**): بریتیە لە بڵاوبوونەوەی تیشکی خۆرو درێژە کێشانی ڕۆژ، بەکاتی چێشتەنگاوییش گوتراوە: (**ضُحى**).

(**جَلَّىٰهَا**): (**أَصْلُ الجَلْوِ: الكَشْفُ الظَّاهِرُ وَالتَّجَلِّي: الظُّهُور**)، (**جَلْو**): لە ئەسڵدا بە مانای دەرخستن و ئاشکرا کردنە، (**تَجَلِّي**)ش بە مانای دەرکەوتنە.

(**طَحَىٰهَا**): (**الطَّحو كَالدَّحْوِ وَهُوَ بَسْطُ الشَّيْءِ وَالذَّهَابُ بِهِ**)، (**طَحو**)، وەك (**دَحُو**) وایە لە واتادا، بەڵام (**دَحُو**)، بە مانای پانڕاخستن، بەڵام (**طَحُو**) بریتیە لە ڕاسختن، وێڕای دوورخستنەوەش.

(**سَوَّىٰهَا**): (**تَسْوِيَةُ الشَّيءِ جَعَلَهُ سَوَاءً**)، واتە: شتێك ڕێك بێت، چاك بێت، ڕێکوپێك بێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿فَسَوَّىٰكَ ۝٧﴾ الإنفطار، (**أَيْ جَعَلَ خِلْقَتَكَ عَلى ما اقْتَضَّ الحِكْمَة**)، واتە: دروستکرانی تۆی وا لێکردوە وەك حیکمەت دەیخوازێ.

(**فَأَلْهَمَهَا**): واتە: فێری کرد، (**الإِلْهامُ: إِلقاءُ الشَّيْءِ فِي الروُعِ وَيَخْتَصُّ ذَلِكَ بِمَا كَانَ مِن جِهَةِ اللهِ أَوْ جِهَةِ المَلأَءِ الأَعْلى**)، (**إلهام**): بریتیە لە خستنە نێو دڵ و عەقڵ، ئەویش تایبەتە بەوەی لەلایەن خواوە، یاخود لەلایەن فریشتەکان کە لە بەرزیین، دێ.

(**فُجُورَهَا**): (**الفَجْرُ: الشَّقُّ شَقًّا وَاسِعًا**)، (**فَجْر**)، بریتیە لە لەتکردنی شتێك بەفراوانیی، (**وَالْفُجور: شَقُّ سَتْرِ الدِّيانَةِ**)، (**فُجُور**): بریتیە لە لەتکردنی پۆشاکی دینداریی و مسوڵمانێتیی و چوونە نێو گوناهو تاوانەوە.

(خَابَ): (الخَيْبَـة: فَـوتُ الطَّلَـبِ)، (خيبـة): بريتيـە لـە بێمراديـی، بـەدوای دادەچـی لـە، دەسـتت بچـێ.

(دَسَّىٰهَا): (أَيْ: دَسَّسَـهَا فِي المَعَـاصي، فَأَبْـدَلَ مِـنْ إحْـدَى السِّـينَاتِ يَـاءً مِثْـلُ: تَظَنَّيْـتُ أَي: تَظَنَّنْـتُ)، (دَسَّـاهَا)، لـە ئەسـڵدا، (دَسَّـسَ)ە بـووە، واتـە: نەفسـی خـۆی لـە نێـو گوناهانـدا پەنهـان كـردوە، ئنجـا يەكێـك لـە سـينەكان كـراوە بـە (ی) وەك: (تَظَنَّنْـتُ)، دوايـی كـراوە بـە (تظَنَّيْـتُ)، واتـە: گومانـم بـرد.

(بِطَغْوَىٰهَآ): (طَغَـوْتُ، وَطَغَيْـتُ، طِغْوَانـاً، وَطُغيَانـاً، وَأَطْغَـاهُ كَـذَا: حَمَلَـهُ عَـلَى الطُّغيانِ، وَالطُّغيـانُ تَجَـاوزُ الحَـدِّ فِي العِصْيَـان)، (طَغَـوْتُ) و، (طَغَيْـتُ)، وەك كـرداری ڕابـردوو هاتـوون، (طُغْـوان) و (طُغْيـان)، وەك چـاوگ هەردووكيـان هاتـوون، (وَأَطْغَـاهُ كَـذَا حَمَلَـهُ عَـلى الطُّغيَـان)، واتـە: وای لێكـرد (طُغيـانِ)ی ببـێ، (طُغيَـان) چيـە؟ (تَجـاوزُ الحَـدِّ فِي العِصيـان)، سـنووربەزاندن لـە سـەرپێچييدا.

(انۢبَعَثَ): (الإنْبِعَـاثُ: التَّوَجُّـهُ وَالمُـضِيّ وَالبَحْـثُ إِثَـارَةُ الـشَّيءِ وَتَوْجِيهُـهُ)، (إِنْبِعـاث): بريتيـە لـە ڕووكردنە شـتێك، ڕۆيشـتن بـەرەو شـتێك، (بعـث): بريتيە لە هەڵگيرسـاندنی شـتێك، ناردنـی شـتێك و ئاڕاسـتە كردنـی بـەرەو لايـەك.

(أَشْقَىٰهَا): (الشَّـقَاوَةُ: خِـلَافُ السَّـعَادَة، وَأَشْـقَاهَا، أَيْ أَتْعسُـها)، (شَـقَاوَة): بێبەختـی، ڕۆژ ڕەشـی، نەگبەتـی، پێچەوانـەی (سَـعَادَة)ە، واتـە: بەختـەوەری، ئنجـا (أَشْـقَاهَا أَيْ: أَتْعسُـها)، واتـە: لـە هەموويـان خراپـترو نەگبەتـر.

(وَسُقْيَٰهَا): (السَّـقْيُ وَالسُّـقْيَا: أَنْ يُعطيَـهُ مَـا يَـشْرَبْ)، (سَـقْي، سَـقْيا)، هەردووكـی ئەوەيـە ئـەوەی دەيخواتـەوە پێـی بـدرێ.

(فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ): (أَيْ: أَهْلَكَهُـم، وَقِيـلَ: الدَّمْدَمَـةُ: حِكَايَـةُ صَـوْتِ الهَـدَّةِ) (دَمْـدَمَ عَلَيْهِـم) واتـە: فەوتاندنـی، گوتـراوە: (دَمْدَمَـة) گێڕانـەوەی دەنگـی كەوتنـە خـوارو ڕاشـەقێنرانە، گوتـراوە: (دَمْـدَمَ) (أَيْ غَضِـبَ)، تووڕەبـوو، (دَمْـدَمَ عليهـم أَيْ: طَحَنَهُـم

فَأَهْلَكَهُـم)، هارینـی و کۆتایـی پێهێنـان، هەروەهـا (**دَمْـدَمَ عَلَيْهِـم أي: أَطْبَـقَ عَلَيْهِـم**)، واتـە: سـزاکەی وا بـۆ ناردوون دەورەیـان بـدات و هیچ دەرفەتـی هەڵاتـن و ڕاکردنیان نەبـێ.

(فَسَوَّىٰهَا): (**جَعَلَهَـا سَـوِيّاً، سُـوِّيَتْ عَلَيْـهِ وَبِـهِ الأَرْضُ، أَيْ هَلَـكَ فِيهَـا**)، (فَسَوَّىٰهَا)، چاکیکـرد، ڕێکـی کـرد، ئـەوە واتایەکـی، بـەڵام لێـرەدا (فَسَوَّىٰهَا): واتـە: هەموویانـی تەختکـرد، یاخـود سـەرزەمینەکەیان و شـارەکەیانی تەختکـرد، بەرزیـی و نزمیـی تێـدا نەمـا، دەگوتـرێ: (**سُـوِّيَتْ عَلَيْـهِ الأَرْضُ وَسُـوِّيَتْ بِـهِ الأَرْضُ**)، هەردووکیـان بـە مانـای (**هَلَـكَ فِيهـا**)، کـە بگوتـرێ: سـەر زەوی لەسـەر تەخـت کـرا، یـان سـەر زەوی پـێ تەخـت کـرا، لەگـەڵ زەویـدا تەختکـرا، واتـە: لـەوێ فەوتـا.

(عُقْبَٰهَا): (**العُقْبـى: الآخِـرَة**)، (**عُقْبـى**): بەمانـای مەنزڵـگای کۆتایـی و گەڕانـەوە دێ، کۆتایـی هـەر شـتێك و سـەرەنجامی هـەر شـتێك پێـی دەگوتـرێ: (**عُقبـى**) (**وَالعُقْبـى البَـذَلُ**)، جێگـرەوەی کارێـك.

کەواتـە: ﴿ وَلَا يَخَافُ عُقْبَٰهَا ﴾، واتـە: لـە سـەرەنجام و سـزای ئـەو بەڵایـەی بەسـەری هێنـان (خـوای پـەروەردگار) بێبـاك و بێـترس بـوو.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لەم سوورەتە موبارەکەدا دەفەرموێ:

﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ﴾، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە:

١- ئەم قورئانخوێندنە بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە دەست پێ دەکەم، نەك بەناوی هەر کەسێك و هەر شتێکی دی.

٢- ئەم قورئان خوێندنە بۆ خوا دەستی پێدەکەم.

٣- ئەم قورئان خوێندنە بە پێی بەرنامەی خوا، جێبەجێ دەکەم.

٤- ئەم قورئان خوێندنە بە هێزو توانایەك کە خوا بۆی ڕەخساندووم، ئەنجام دەدەم.

﴿ وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا ﴾، سوێند بە خۆرو بە تیشکەکەی، ﴿ وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا ﴾، سوێند بە مانگ کە بەدوای دادێ، واتە: بە دوای خۆر دادێ، مانگ ئەو کاتەی سەرەتای مانگە، کاتێك خۆر ئاوا دەبێ، سەرەتای مانگ دەبێ لەو کاتەدا بۆی بگەڕێی واتە: مانگی یەك شەوە، ئنجا ئەگەر بەیەك شەوە دەرنەکەوێ، بە دوو شەوە دەردەکەوێ، دوای خۆر ئاوابوون، کەواتە، دوای ئەوەی خۆر ئاوا دەبێ، ئنجا مانگ دەردەکەوێ، ئەوە لە ڕوویەکەوە، لە ڕوویەکی دیکەشەوە: مانگ بە دوای خۆر دادێ لە تیشکدا، دیارە خۆر تیشکەکەی زاتییە وەک دوایی، کورتە باسێك لە بارەی خۆرەوە دەکەین، بەڵام مانگ تیشکەکەی وەدەستهێنراوە (كَسْبي) ە، لە خۆرەوە تیشکی بۆ دێ، کەواتە: لە ڕووی تیشکەوە مانگ لە دوای خۆر دێ، لە ڕووی کاتیشەوە بە هەمان شێوە: ﴿ وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا ﴾ سوێند بە ڕۆژگار کاتێك کە دەیدرەوشێنێتەوە، چی دەدرەوشێنێتەوە؟ ڕۆژگار زەوی

دەدرەوشێنێتەوە، ڕاناوەکەی بۆ زەوی دەچێتەوە، هەرچەندە هەندێك گووتویانە: بۆ خۆر دەچێتەوە، بەڵام لە ڕاستییدا ئەوە خۆرە ڕۆژگار پەیدا دەكات، نەك ڕۆژگار بێ خۆر بدرەوشێنێتەوە، بۆیە ڕاناوەكە بۆ زەوی دەچێتەوە هەرچەندە باسی زەوی نەكراوە، بەڵام هەموو ئەو شتانەی بەسیاق و سەلیقە دەزانرێ، خوای پەروەردگار ڕاناویان بۆ لا دەگێڕێتەوە، ﴿ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰهَا ﴾ سوێند بە شەوگاریش كاتێك دایدەپۆشێ، زەوی دادەپۆشێ، ﴿ وَٱلسَّمَآءِ وَمَا بَنَىٰهَا ﴾ سوێند بە ئاسمان و بەو كەسەی كە بنیاتی ناوە، ئەگەر (مَا)، (مَوْصولة) بێ، یانی: (وَٱلسَّمَآءِ وَالَّذي بَنَىٰهَا)، سوێند بە ئاسمان و سوێند بەو كەسەش كە بنیاتی ناوە، بەڵام ئەگەر (ما) لێرەدا (مَصْدَرِيَّة)، چاوگ بێ، یانی: (وَٱلسَّمَآءِ وبناءها)، سوێند بە ئاسمان و سوێند بە بنیاتنانی ئاسمانیش، ئاسمان هەموو ئەوەی پێی دەگوترێ: گەردوون و بوونەوەر هەمووی دەگرێتەوە، ﴿ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا طَحَىٰهَا ﴾ سوێند بە زەوی و بەو كەسەش كە زەوی ڕاخستووە، یاخود سوێند بە زەوی و بە ڕاخستنی زەویش، بەپان ڕاخستن و دوور خستنەوەی زەوی، ﴿ وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا ﴾، سوێند بە نەفس، بەو كەسەی ڕێكیخستوو، یاخود ئەگەر (ما) لێرەدا چاووگ، (مَصْدَرِيَّة) بێ، یانی: سوێند بە نەفس و بە ڕێكوپێك كردنەكەی، بەڵام مانای یەكەمیان زیاتر دێتە عەقڵ و زەینەوە، سوێند بە نەفس و بە ڕێكخەری نەفس، ﴿ فَأَلۡهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقۡوَىٰهَا ﴾ هەم تاوانباریی و خراپەكاریی فێر كردوە، هەم پارێزكاریشی فێر كردوە، واتە: خوا نەفسی بەشەری وا خوڵقاندوە بتوانێ خراپەش بكاو چاكەش بكات، چەوتیش بڕواو، ڕاستیش بڕوا، ئەگەر واش نەبووا بە كەڵكی تاقیكردنەوە نەدەهات، فریشتەكانی بە كەڵكی تاقیكردنەوە نایەن، بۆچی؟ چونكە ناتوانن خراپە بكەن، ﴿ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ٦ ﴾ التحريم، هەروەها هەندێك لە دروستكراوەكانی دیكە، ئاژەڵ و ڕووەك و زیندەوەرو پەڕەورو ماددەی بێ ژیان بە كەڵكی تاقیكردنەوە نایەن، چونكە خێرو شەڕیان لە دەست نایەت، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ بەرەو سەربچێ بەهۆی

تەقـواوە و، دەتوانـێ بـەرەو خـوار بچـێ، بەهـۆی تـاوان و خراپـەو لادانـەوە، ئنجـا وەڵامـی ئـەو سـوێندانە کـە یـازدە (١١) سـوێندن، یاخـود (٧) سـوێندن، ئەگـەر بڵێیـن: خـۆرو تیشـکەکەی هەمـووی یەکـە و، مانـگ کـە بـەدوای دادێ ئـەوە دوو، ڕۆژگار کـە ڕۆشـنی دەکاتـەوە، ئـەوە سـێ و، شـەوگار کـە دادەپۆشـێ واتـە: زەوی دادەپۆشـێ ئـەوە چـوار و، ئاسـمان و بنیاتنانەکـەی، یاخـود بنیاتنەرەکـەی ئـەوە پێنـج، و زەوی و ڕاخەرەکـەی لێـك دوورکەوتنەوەکـەی، یاخـود ئـەوەی لێکـی دوورخسـتۆتەوە، ئـەوە شـەش، ئنجـا نەفـس و ئـەوەی ڕێکوپێکـی کـردوە، دەبـن بەحـەوت سـوێند، بـەڵام ئەگـەر خـۆرو تیشـکەکەی دووان بـن، مانگیـش ئـەوە سـێ و، ڕۆژگار کـە زەوی دەردەخـا ئـەوە چـوار و، شـەوگار کـە دایدەپۆشـێ ئـەوە سـوێندی پێنجـەم، (واتـە: زەوی دادەپۆشـێ)، ئاسـمان و ئـەوەی کەسـەری ئاسـمانی بنیاتنـاوە، ئـەوە شـەش و حـەوت، زەوی و ئـەوەی زەوی پانڕاخسـتوە، ئـەوە هەشـت و نـۆ و، نەفـس و ئـەوەی نەفسـی ڕێکـو پێـك کـردوە ئـەو دەو یـازدە، کەواتـە: بوونـە (١١) سـوێند، جـا وەڵامـی ئـەو (١١) سـوێندانە ئەوەیـە:

﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ۝١٠ ﴾، بەڕاسـتیی سـەرفرازە، ﴿ قَدْ ﴾ کـە دەچێتـە سـەر کـرداری ڕابـردوو، مانـای سـاغکردنەوەو جەختکردنـەوە دەگەیەنـێ، ﴿ أَفْلَحَ ﴾، بەڕاسـتیی سـەرفراز و خۆشـبەختە و بـە ئامانـج گەیشـتوویە، ﴿ مَن زَكَّىٰهَا ﴾، ئـەو کەسـەی ئـەو نەفسـەی چـاك و پـاك کـردوە، ئێمـە دوایـی لـە کۆتایـی تەفسـیرکردنی ئـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، کورتـە باسـێك لـە بـارەی تەزکییەی نەفسـەوە دەکەیـن، بـەڵام (**تزکیـة**)، سـێ واتـای هـەن:

یەکەم/ پاك بوون.

دووەم/ چاك بوون.

سێیەم/ گەشە کردن.

(الطَّهارَةُ والنَّمُوُّ وَالصَّلاح).

کەواتە: ئەو کەسە سەرفرازە و بە ئامانج گەیشتوویە کە خۆی بژار کردوە و لە سیفەتە خراپەکان، پاکی کردۆتەوە و گەشەی بەخۆی داوە، سیفەتی تەقوای لەخۆیدا زیاد کردوەو گەشەی پێداوە و، خۆشی چاك کردوە، کە لە ئەنجامی پاك بوون و گەشە کردندا، نەفسی مرۆڤ چاك دەبێت.

﴿ وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ﴾ بە دڵنیاییش پەشێمان بێمراد و، دۆڕاوە، ئەو کەسەی کە نەفسی خۆی شاردۆتەوە، واتە: وەبن گوناهانی خستوە، لە جیاتی ئەوەی گەشەی پێبداو بەرزی بکاتەوە، وەبن چڵك و چەپەرو کەمڕەی گوناهان خستوە، ئەمە وەڵامی ئەو (١١) سوێندەیە.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر تەوەری دووەم: ﴿ كَذَّبَتۡ ثَمُودُ بِطَغۡوَىٰهَآ ﴾ گەلی سەموود بە هۆی یاخیی بوونیەوە بەدرۆی دانا، چی بەدرۆ دانا؟ ڕۆژی دوایی بە درۆی دانا، پێغەمبەرەکەی کە صاڵحە بەدرۆی دانا، پەیامی خوای بەدرۆ دانا، هەموویان دەگرێتەوە، بەڵام بەهۆی چییەوە ئەو بەدرۆ دانانە پەیدا بوو، بەهۆی یاخیی بوونیەوە، ﴿ كَذَّبَتۡ ثَمُودُ بِطَغۡوَىٰهَآ ﴾، بەهۆی یاخیی بوون و لە سنوور دەرچوونیەوە، بێبڕوا بوو و، بەدرۆی دانا، ﴿ إِذِ ٱنۢبَعَثَ أَشۡقَىٰهَا ﴾، یاد بکەوە کاتێك خراپترینی گەلی سەموود دەرچوو، بە پرتاو دەرچوو، بە خێرایی ڕۆیی، بۆچی ڕۆیی؟ ڕۆیی تاکو حوشترەکە پەیی بکات، واتە: لاقەکانی ببڕێ و بریندار بکات، بۆ ئەوەی بکەوێ، دوایی سەری ببڕێ، ﴿ فَقَالَ لَهُمۡ رَسُولُ ٱللَّهِ ﴾، ڕەوانەکراوی خوا پێی گوتن: ﴿ نَاقَةَ ٱللَّهِ وَسُقۡيَٰهَا ﴾، ئاگاتان لە حوشترەکەی خوا بێ و ئاگاتان لەئاو خواردنەوەکەشی بێ، واتە: نە زیان بە حوشتری خوا بگەیەنن، هەموو حوشترەکان حوشتری خوان، بەڵام ئەو حوشترە خوا بە شێوەی تایبەت دروستی کردبوو، بە دوعای صاڵح، لەسەر داوای خەڵکەکەی گوتیان: موعجیزەیەکمان بۆ بێنە لەلای چیایەك وەستا بوون، گوتی: موعجیزەکە چیتان بۆ بێنم؟ گوتیان: با لەو چیایە حوشترێك بێتە دەرێ و بە چکەکەشی لەگەڵیدابێ، ئەویش لە خوا پاڕایەوە، ئیدی ئەو چیایە لەرزی، ئەو شاخە لەرزی

و حوشـترێکی لـێ هاتـەدەر بەچکەکەشـی لەگەڵیدابـوو، بـەڵام حوشـترێکی زۆر گـەورە و، زۆر جـوان، کـە بـە تەنیـا یـەك ڕۆژ ئـاوی بیرەکەیانـی هەمـوو دەویسـت، بـەڵام دوایـی خۆیـان هەمـوو خەڵکـی هۆزەکـە هـۆزی سـەموود شـیریان لەو حوشـترە دەدۆشـی و، بەشـی هەموانیشـی شـیر پـێ بـوو، ئنجـا پێغەمبەرەکەیـان پێـی گوتـن: ئاگاتـان لـە حوشـترەکەی خـوا بـێ و، ئاگاشـتان لـە ئـاو خواردنەوەکەشـی بـێ، لـە نـۆرە ئـاوی خۆیـدا لێـی تێـك مـەدەن، کاتـی خـۆی لـە بەسـەرهاتەکەیدا بەدرێژیـی باسـمان کـردوە، بـەڵام: ﴿ فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا ﴾، ئـەوان یەکسـەر بەدرۆیـان دانـاو پەییـان کـرد، (عَقْـر): بریتیـە لـە بڕینـی پێیەکانـی پێشـەوەی حوشـتر، چونکـە حوشـتر سـەر نابـڕدرێ، ئەگـەر پەیـی نەکـرێ، دەبـێ پێشـێ پێیەکانـی ببردرێـن و، بکەوێتـە زەوی، ئنجـا دەتوانـرێ سـەر ببـڕدرێ، ﴿ فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُم بِذَنبِهِمْ فَسَوَّاهَا ﴾، پەروەردگاریـان بـە هـۆی گوناهەکەیانـەوە بەڵایەکـی بەسـەردا گشـتاندن، تەختـی کـرد، واتـە: زەوییەکەیانـی تەخـت کـرد، بەرزیـی و نزمیـی تێـدا نەهێشـت، شـار و ئاوەدانییەکەیانـی تەخـت کـرد، یاخـود: ﴿ فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ ﴾، یانـی: (أَطْبَـقَ عَلَيْهِم)، خـوا بەڵایەکـی دەورەدەری بـۆ نـاردن، بەهـۆی گوناهەکەیانـەوەو شـوێنەکەیانی تەختکـرد، لـە شـوێنی خۆیـدا باسـمان کـردوە، کـە خـوا چریکـەو هاڕژنێکـی گـەورەی بـۆ نـاردن، بڵێسـە ئاگرێکـی گـەورەی تێدابـوو، لە رزینـەوەی لـێ پەیدابوو، سـەرەنجام کەسـیان نەمـا، هەموویـان فەوتـان، ﴿ وَلَا يَخَافُ عُقْبَاهَا ﴾، لـە سەرەنجامەکەشـی ناترسـێ، خـوا ﷻ لـە سـەرەنجامی ئـەو بەڵایـەی بەسـەر گەلـی سـەموودی هێنـا، بـێ بـاك و، بـێ ترسـە، چونکـە خـوا خاوەنـی ئـەو پـەڕی دەسـتەڵاتە، بێگومـان هیـچ کەسـیش سـزا نـادات، مەگـەر شایسـتەی سـزا بـێ، بۆیـە لێـرەش دەفەرمـوێ: ﴿ فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُم بِذَنبِهِمْ ﴾، خـوا بەهـۆی گوناهەکەیانـەوە بەڵایەکـەی بـۆ نـاردن و بەسـەردا گشـتاندن و تەختـی کـردن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سوێند خواردنی خوا ﷻ بە خۆرو تیشکەکەی و، مانگ کە بە دوایدادێ و، ڕۆژگار کە سەر زەوی دەردەخات و، شەوگار کە زەوی دادەپۆشێ و، ئاسمان و بنیاتنەرەکەی و، زەوی و لێك کێشەرەوەکەی و تەختکەرەکەی و، نەفس و ڕێك و پێکخەرەکەی، ئەمە (١١) شت، کە خراپەکاریی و پارێزکاریی و فێری نەفس کردوە و، مسۆگەر بابای خۆ پاك و چاککەر سەرفرازە و، بابای خۆوەبن کەمرەو چڵکی گوناهان هاندەریش، بێمرادو پەشێمانە:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا ﴿١﴾ وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا ﴿٢﴾ وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا ﴿٣﴾ وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا ﴿٤﴾ وَالسَّمَاءِ وَمَا بَنَاهَا ﴿٥﴾ وَالْأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا ﴿٦﴾ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا ﴿٧﴾ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا ﴿٨﴾ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا ﴿٩﴾ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا ﴿١٠﴾ ﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا ﴾، سوێند بە خۆرو بە تیشکەکەی، ئێمە دوایی کورتە باسێك لە بارەی خۆرەوە دەکەین، (ضُحَى): بریتیە لەکاتی بەرزبوونەوەی خۆر لە ئاسۆی خۆرهەڵاتەوە کە بابای بینەر وای دێتە بەرچاو بە ئەندازەی ڕمێکە، وشەی: (ضُحى) جگە لە چێشتەنگاو بە مانای تیشکی خۆریش هاتووە، ئەم ئایەتەش سێ واتایان بۆ لێك داونەوە:

أ- وێند بە خۆر و بە تیشکەکەی.

ب- سوێند بە خۆرو بە چێشتەنگاوەکەی کە بەهۆی خۆرەوە پەیدا دەبێ.

ج- سوێند بەخۆرو بە ئەو دنیا ڕووناککردنەوەو وڵات گەرم داهێنانەی لە ئەنجامی خۆردا پەیدادەبێ.

(الضَحْوَةُ أَوَّلُ النَّهَارِ)، (ضَحْوَة)، بە سەرەتای ڕۆژ دەگوترێ، (وَالضُّحى: بَعْدَ ذَلِكَ)، (ضُحى) چێشتەنگاو دوای ئەوەیە، ئنجا (مَا بَعْدَهُ إلى قَرِيبِ الزَّوالِ ضَحاء)، دوای چێشتەنگاو تاکو ئەو نیزیك لەوەی کە خۆر لە نێوە ڕاستیی ئاسمان لابدات، هەمووی پێی دەگوترێ: (ضَحاء).

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە (خوا لە خۆی و بابی ڕازیبێ)، هاتوە، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس گوتوویەتی: {والشَّمْسِ وَضُحُٰها} (أخرجه الحاكم: ٣٠٩٣٨، وقال صحيح على شرط الشيخين، ولم يخرجاه)، واتە: سوێند بەخۆرو بەتیشکەکەی، یاخود بە ڕووناکییەکەی.

٢)- ﴿وَٱلْقَمَرِ إِذَا تَلَىٰهَا﴾، سوێند بە مانگ کاتێك بە دوای دادێ، دەڵێ: (التُّلُوُّ الطَّبَعُ)، (تُلُوّ): بە مانای بەدواکەوتن و شوێنکەوتن، (ها) کە ڕاناوە دەچێتەوە بۆ خۆر، واتە: مانگ کە بەدوای خۆر دا دێ، ئنجا ئەمە سێ واتایان بۆ لێکداونەوە:

یەکەم: مانگی یەك شەوی دوای خۆرئاوا بوون، مانگ بەیەك شەویی دەردەکەوێ.

دووەم: کاتێك کە مانگ نیزیك دەبێتەوە لە چوونە حاڵەتی (بدر)، واتە: (١٤، ١٥)وە، بە دوای خۆر دادێ.

سێیەم: یاخود دوای ئەوەی دەبێتە (١٤و ١٥).

لە ڕاستییدا لە یەك کاتدا هەرسێکیشیان پێکەوە گونجاون، هەم کە مانگی یەك شەوەو، هەم شەوانی (١٤و١٥)، هەم دوای (١٤و ١٥)ش، بێ خواش ﷻ وایکردوە، کە مانگ کاتێك بەرەو حاڵەتی (بدر) بوون دەچێ، زیاتر بە ئاسمانەوە دەبێ، واتە: بە شەودا، چونکە ئەو کاتە دنیا زیاتر ڕووناك دەکاتەوە.

٣)- ﴿وَٱلنَّهَارِ إِذَا جَلَّىٰهَا﴾، سوێند بە ڕۆژگار کاتێك کە دەری دەخا، ئەمیش سێ واتایان بۆ لێکداونەوە:

یەکەم: گوتوویانە: ﴿ جَلَّىٰهَا ﴾، ڕاناوەی (ها)، دەچێتەوە بۆ زەوی، واتە: کاتێك زەوی دەردەخات.

دووەم: هەندێك گوتوویانە: ﴿ جَلَّىٰهَا ﴾، ڕاناوەکەی دەچێتەوە بۆ (شمس) بۆ خۆر، کاتێك خۆر دەردەخات.

سێیەم: هەندێکیش گوتوویانە: ﴿ جَلَّىٰهَا ﴾، واتە: دنیا، کە ئەوەیان لەگەڵ یەکەمیان هەر دەبێتەوەیەک.

بەڵام زیاتر وا پێدەچێ مەبەست پێ زەوی بێ، چونکە زەوی لە ئەنجامی ڕۆژدا زەوی دەردەکەوێ.

٤)- ﴿ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰهَا ﴾، سوێند بە شەوگار کاتێك دایدەپۆشێ، ئەویش دیسان واتە: زەوی دادەپۆشێ، خۆر دادەپۆشێ، یاخود دنیا دادەپۆشێ، بەڵام داپۆشینی زەوی نیزیکترە لەواتایەکەیەوە، ئنجا جێی سەرنج ئەوەیە کە بە نسبەت ڕۆژگارەوە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلنَّهَارِ إِذَا جَلَّىٰهَا ﴾، بە کرداری ڕابردوو هێناویەتی، بەڵام بۆ شەوگار ﴿ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰهَا ﴾، سوێند بە شەوگار کاتێك کە دادەپۆشێ بە کرداری (**مُضارِع**)، یەکێك لە توێژەرەوانی قورئان دەڵێ: بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو واقیعەیە کە ئەو کاتە وا بووە، واتە: ئەو کاتە کوفرو شیرك و بێبڕوایی و خراپەکاریی هەبووەو، دنیای داپۆشیوە.

٥)- ﴿ وَٱلسَّمَآءِ وَمَا بَنَىٰهَا ﴾، سوێند بە ئاسمان و بە بنیاتنەرەکەی، (**مَا**) دەگونجێ (**مَوصُولة**) بێ، یانی: (**الذي بَنَىٰهَا**) کە خوای پەروەردگارە، هەروەها (ما) دەگونجێ (**مَصْدَرِيَّة**) بێ، یانی: (**وَٱلسَّمَآءِ بناءَهَا**)، سوێند بە ئاسمان و بە بنیاتنانەکەی، بەڵام هەم لێرەداو هەم لە شوێنەکانی دیکەدا، (ما)، (**مَوصوْلة**) بێ نیزیکترە.

٦)- ﴿ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا طَحَىٰهَا ﴾، سوێند بە زەوی و بە پانڕاخەری زەوی، لێك دوورخەرەوە و لێککێشەرەوەی زەوی، کە خوای پەروەردگارە، دەشگونجێ (ما): (**مَصْدَرِيَّة**) بێ، واتە: سوێند بە زەوی و بە پانڕاخستن و لێککێشانەوەکەی، (**الطَّحو: البَسْطُ والتَّوْطِئَة وَالقَذْفُ**

وَالدَّفْعُ)، (طَو): بە مانای پانڕاخستن و، هەم بە مانای ئامادە کردن، هەم بە مانای هاویشتن و، بە مانای پاڵ پێوەنانیش دێت.

٧)- ﴿ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا ﴾، سوێند بەنەفس و بە (نَكِرة)، هاتوە، بە نەناسراو (نكرة) هاتووە؟ ئەمە بۆ جۆرە، واتە: سوێند بە جۆری نەفس، (تَسْوِيَةُ النَّفس)، کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا سَوَّىٰهَا ﴾، واتە: ڕێك و پێك دروست کردن.

٨)- ﴿ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَىٰهَا ﴾، تاوانبارییەکەی خۆی و پارێزکارییەکەشی فێر کردوە، (إِلْهَام: إِيْقاعُ الشَّيء فِي الرُّوعِ فَيَخْتَصُّ ذَلِكَ بِمَا كَانَ مِنْ جِهَةِ اللهِ أَو جِهَةِ المَلأِ الأَعْلى)، (إلهام): بریتیە لە خستنە نێو دڵ، ئەوەش تایبەتە بەوەی لە لایەن خواوەبێ، یان لە لایەنی فریشتە بەرزو باڵاکانەوە بێت.

٩)- ﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ۝١٠ ﴾، بەڕاستیی سەرفرازە ئەوەی کە پاك و چاکی کردوە و، پەشێمان و بەدبەختە ئەو کەسەی لە بن چڵکی گوناهاندا پەنهانی کردوە، ﴿ قَدْ أَفْلَحَ ﴾: (الفَلاَحُ: النَّجَاحُ بِحُصُولِ المَطْلُوب)، (فَلاَح): بریتیە لە سەرکەوتن و بە دەستهێنانی ئەو شتەی بەدوایدا چووی، داوات کردوەو بەدوایدا گەڕاوی، (التَّزْكِيَةُ: الطَّهَارَة وَالنُّمُو وَالصَّلاح)، پێشتریش باسمان کرد، (تزكية)، هەم بەمانای پاکیی، هەم بە مانای گەشە کردن، هەم بە مانای چاك بوون دێ، کەواتە: کەسێك خۆی پاك کردوە، گەشەی پێداوە، چاك کردوە، واتە: سیفەتە خراپەکانی لە خۆیدا لابردوە و، خۆی بژارکردوە و، سیفەتە باشەکانی لە خۆیدا گەشە پێداوەو چەسپاندوە، ئەو کەسە سەرفرازە.

١٠)- ﴿ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ﴾، پەشێمان و بەدبەختیش ئەو کەسەیە کە خۆی، نەفسی خۆی پەنهان کردوە، (الخَيْبَةُ: حِرْمانُ الطَّالِبِ مِنْ مَطْلُوبِهِ)، (خَيْبَة): بریتیە لەوەی کەسێك بە دوای ئامانجێکدا بڕوا، بەڵام لێی بێبەش بێت و، دەستی پێنەگات.

(وَالتدسـيَةُ: مِـنْ فِعْـلِ دَسَّى، وَأَصْلُـهُ مِـنْ دَسَّـسَ: أَدْخَـلَ شَـيْئاً تَحْـتَ شَيْء فَأَخْفَـاهُ)، (تَدسية): لـە کـرداری (دَسَّىٰهَا) هاتـوە، ئەویـش لـە ئەسـڵدا (دَسَّسَ)یە، بـەڵام (س)

ێکیان کراوە بە (ي)، (دَسَّسَ)، واتە: شتێکی خستە بن شتێك و پەنهانی کرد.

بێگومان کە دەفەرموێ: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ۝١٠ ﴾، بەڕاستی بە ئامانج گەیشتوویە کەسێك خۆی پاك و چاك کردوە و، بە ڕاستیی پەشێمان و بەدبەختە کەسێك خۆی لە بن چڵکی گوناهاندا شاردۆتەوەو، پەنهان کردوە، ئەمە وەڵامی ئەو یازدە (١١) سوێندەیە، کە پێشتر هاتوون.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش: بۆچی خوا ﷻ بۆ ئاسمان و بۆ زەوی و بۆ نەفس، بۆ هەر سێکیان فەرموویەتی: ﴿ وَٱلسَّمَآءِ وَمَا بَنَىٰهَا ۝٥ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا طَحَىٰهَا ۝٦ وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا ۝٧ ﴾، بۆچی نەیفەرمووە: (وَٱلسَّمَآءِ وَمَن بَنَىٰهَا)، ئەگەر (مَا مَوصُولة)یە و، مەبەست پێی خوای پەروەردگارە؟ (وَٱلۡأَرۡضِ وَمَنۡ طَحَىٰهَا)، (وَنَفۡسٖ وَمَنۡ سَوَّىٰهَا)؟

وەڵامەکەی هەندێك لە شارەزایانی ڕێزمانی عەرەبیی وایان لێکداوەتەوە، دەڵێن:

بۆیە (ما) بەسەر (مَن)دا هەڵبژێردراوە، چونکە (ما) جۆرێك لە (إبْهام) و جۆرێك لە سەرسوورمانی تێدا هەیە و، ماناکەی ئاوای لێدێتەوە: (أُقسِمُ بِالسَّمَاءِ وَالشَّيءِ القَويِّ العَجيبِ الَّتي بَنَاها)، سوێند بە ئاسمان دەخۆم و بەو شتە بە هێزو سەرسوورهێنەرەی ئاسمانی بنیاتناوە، هەروەها سوێند دەخۆم بە زەوی و بەو شتە بەهێزو سەرسوڕهێنەرەی کە پانی ڕاخستوە و، سوێند دەخۆم بەنەفس و بەو شتە سەرسوڕهێنەرە بەهێزەی ڕێك وپێکی کردوە، کە مەبەست پێی خوای پەروەردگارە.

بە نسبەت وشەی: (إِلْهَام) ەوە، زانایان زۆریان قسە لە بارەوە کردوە:

أ- یەکێکیان دەڵێ: (**يُطْلَقُ الإِلْهَامُ عَلَى حُدوثِ عِلمٍ فِي النَّفْسِ بِدُونِ تَعْليمٍ وَلاَ تَجْرِبَةٍ وَلاَ تَفْكِير**)، (**إلهام**): بەکاردەهێنرێ بۆ پەیدابوونی زانستێك لە نەفسی مرۆڤدا، بەبێ فێرکردن و بە بێ ئەزموون و بەبێ بیرکردنەوە، ڕێك زانیارییەکە لە دڵیدا پەیدا دەبێ، (**إِلهَام**) لە (**لَهْم**)ەوە هاتوە، (**لَهْم**)، بریتیە لەوەی شتێك یەکسەر قووت بدەی، زانیارییەکیش کە

بە هۆی (إلهَام)ەوە دێتە عەقڵ و دڵی مرۆڤەوە، یەکسەر دێتە نێو عەقڵ و دڵی مرۆڤ بەبێ پێشەکیی و پێوەخران.

ب- یەکێکی دیکە لە زانایان دەڵێ: (إلْهام): بریتیە لە خستنە نێو عەقڵ و هۆشی مرۆڤ، کە ئەویش لە هەڵڕشتنی خوای پەروەردگارە، کە زانیارییەکان لە وێنەی وێنا کردن (**تصور**) یاخود بە ڕاست دانان، دەیانخاتە نەفسی بەشەرەوە و، مەبەست پێی ئەوەیە خوا نەفسی بەشەری، هەروەها جندیشی وا خوڵقاندوە، بتوانێ خێرو شەڕ، چاکەو خراپە لێك جیابکاتەوەو، ئەوەش لە پێکهاتەکانی نەفسی بەشەرە.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَىٰهَا ﴾، دەڵێ: (**إلْهَـام الفُجُـورِ وَالتَّقْـوَى: إفْهَامُهُـمَا وَإعْقالُهُـما وَأنَّ أحَدُهُـما حَسَـنٌ وَالآخَـرَ قَبيـحٌ، وَتَمْكـينُ مَـنِ اخْتـار مَاشَـاءَ مِنْهُـما**)، کە دەفەرموێ: ﴿ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَىٰهَا ﴾، فێرکردنیی تاوانباریی پارێزکاریی، واتە: خوا ﷻ وای لە مرۆڤ کردوە، کە تێیان بگات و بیانزانێ، بزانێ کە یەکێکیان کە (فجور) ە، خراپە و (تقوى)کەش باشە و، بشتوانێ یەکێکیان هەڵبژێرێ، واتە: (إلهـام) لێرەدا تەنیا فێرکردنی تیۆریی نیە، بەڵکو تواناداركردنی مرۆڤیشە کە لە نێوان خێرو شەردا، لێکیان بکاتەوە، کە ئەمە خێرەو ئەمە شەڕە، ئەمە تاوانبارییە، ئەمە پارێزکارییە، ئنجا بشتوانێ یەکێکیان هەڵبژێرێ بەویستی خۆی.

ئەم ئایەتە موبارەکە لەشێوەی ئەم ئایەتە موبارەکەی سوورەتی (الروم)ە، کە دەفەرموێ: ﴿ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾، واتە: ڕووی خۆت ڕاست بکە بەرانبەر بە ئاینی ڕاست، ﴿ حَنِيفًا ﴾، واتە: لابدە لە چەوتی بەرەو ڕاستیی، ﴿ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ﴾، ئەو ئایینەی خوا دەفەرموێ: ڕووی خۆتی لەگەڵ ڕاست بکە، هەمان زگماك و خواڕسکە کە خوا خەڵکی لەسەر هێناوەتە دی، ﴿ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ﴾، گۆڕین نیە بۆ دروستکراوی خوا، یانی: ئەو خواڕسك و زگماکە، وەك خۆی دەمێنێتەوە بەڵێ: ژینگەو دەوروبەر

باب و دایك كۆمەڵگا، كاریگەری چاك، یان خراپی لەسەری دەبێ، بەڵام هەر دەمێنێتەوە كە مرۆڤ هەر كاتێك ئیرادە بكات و بیەوێ دەتوانێ بچێتە سەر ئەو ئەسڵە و، ئەو حاڵەتەی خوا ئەوی لەسەری خوڵقاندوە.

لەبەر ڕۆشنایی یەكەمین ئایەتی ئەم سوورەتە موبارەكەدا: ﴿وَٱلشَّمۡسِ وَضُحَىٰهَا﴾، كورتە باسێك لە بارەی خۆرەوە دەكەین، دواییش خوا پیشتوان بێ، دێینە سەر مەسەلەی دووەم و كۆتایی و، كورتە باسێكیش لە بارەی (**تزكية النفس**)ەوە دەكەین.

کورتە باسێک دەربارەی
خۆر و پەیوەست بوونی ژیانی مرۆڤ پێیەوە.

سەرەتا لەیازدە خاڵدا باسی خۆر دەکەین، دواییش پەیوەست بوونی ژیانی مرۆڤ لەسەر خڕۆکەی زەویی، بە کۆمەڵەی خۆر بەگشتیی و بە خۆرەوە، دەخەینە ڕوو:

أ- خـــۆر:

١)- خۆر (شَمْس) یەکێکە لە ئەستێرەکانی کەهکەشانی کاکێشان (مَجَرَّة دَربِ التبَّان)، ئەو کەهکەشانەی ئێمە ئەستێرەکانی بە یەك تریلیۆن، یەك دوازدە سفری لە پێشەوە بێ: (٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ١٠٠٠) مەزەندە دەکرێ، واتە: (١٠٠٠) ملیار، گەردووناسان دەڵێن: مەزەندە دەکرێ لە نێو گەردووندا زیاتر لە (٢٠٠) ملیار کەهکەشان هەبێت، بەڵکو هەندێکیان دەڵێن: یەک تریلیۆن کەهکەشان ڕەنگە لە هەموو گەردووندا تا ئێستا هاتبێتە بەرچاوی دووربین و تەلسکۆبەکان.

٢)- تیرە (قُطْر)ی گەردوون بە (١٣ - ١٤) ملیار ساڵی تیشکیی مەزەندە دەکرێ، واتە: ئەوەی بە تەلیسکۆبەکان دەیبینین، نەشیان گوتوە، ئەوە کۆتایی گەردوونە، بەڵکو گوتوویانە: ئەوە ئەو سنوورەیە کە ئامێرەکانی ئێمە تاکو ئێستا دەیبینن، لە زەوییەوە کە دەست پێ دەکات، تاکو ئەوپەڕی کە دێتە بەرچاوی تەلیسکۆبەکان بە هەردوو دیووی زەویدا بە: (١٣) ملیارو (٧٠٠) یاخود (٨٠٠) ملیۆن ساڵ، یانی: (١٣) ملیار تاکو (١٤) ملیار ساڵی تیشکی مەزەندە دەکرێ، کە زۆرجار باسمان کردوە، ساڵی تیشکییش بریتیە لەو ماوەیەی تیشکێك لە ساڵێکدا دەیبڕێ، کە تیشك لە هەر چرکەیەکدا (٣٠٠,٠٠٠)کم دەبڕێ، بۆ ئەوەی لە خولەکێکدا بزانین دەبێ: (٣٠٠,٠٠٠) جارانی (٦٠) بکەین، ئنجا ئەنجامەکەی دەردەچێت لە خولەکێکدا، دوایی ئەویش جارانی (٦٠)ی دەکەین، ئەنجامەکەی لە

سەعاتێکدا دەردەچێ، دوایی جارانی (٢٤)ی دەکەین لە شەوو ڕۆژێکدا، دەردەچێ، پاشان جارانی (٣٦٥)ی دەکەین، لە ساڵێکدا، ئەنجامەکەی.

٣)- خۆر بارستاییەکەی (٣٣٣٠٠٠) جار لە بارستایی زەوی گەورەترە و، خۆر (١٥٠) ملیۆن کیلۆمەتر لە ئێمەوە دوورە.

٤)- پێکهاتەی خۆر بە پێی ڕای بەشێك لە گەردوون ناسان، لە (٨١,٧٦٪) هایدرۆجین پێکی دێنێ، وە (١٨,١٧٪) هێلیۆم پێکی دێنێ، ئەمە: (د. زغلول النجار) لە کتێبی (**السماء**[1]) ئەو ڕایە دێنێ، بەڵام هەندێکی دیکە لە گەردوونناسان دەڵێن: نەخێر، بەڵکو لە (٧١٪)ی خۆر گازی هایدرۆجین پێکی دێنێ و، (٢٧٪)ی هێلیۆم و (٢٪)یشی توخمە قورسەکانی وەك: کاربۆن و ئاسن پێکی دێنن.

٥)- خۆر (شمس) لە هەر چرکەیەکدا (٦٥٥) ملیۆن تەن لە گازی هایدرۆجین دەسووتێنێ و دەیگۆڕێ بۆ گازی هیلیۆم، دەیگۆڕێ بۆ (٦٥٠) ملیۆن تەن گازی هێلیۆم، ئەو پێنج (٥) ملیۆن تەنەی کەم دەکات، دەبێتە تیشك و وزە و لە خۆر جیادەبێتەوە، بەرەو کۆمەڵەی خۆر دێ، کە یەکێك لە نۆ خڕۆکەکانی کۆمەڵەی خۆر ئەو زەوییەی ئێمەیە.

لە هەر چرکەیەکدا زەوی (٥) ملیۆن تەن لە وزەی خۆی دەبەخشێ و، هەندێکی بۆ ئێمەی دانیشتووانی خڕۆکەی زەوی دێ.

٦)- پێویستە بزانرێ کە ماددە لە نێوجەرگەی خۆردا جیایە لە سێ حاڵەتەکەی ماددە کە ئێمە دەیان بینین، ئێمە ماددە لە سێ حاڵەتدا دەبینین، ڕەقی (**صَلْب**)وە، شلی (**سائِل**) و، حاڵەتی گازیی (**دُخان**) دەیبینین، بەڵام حاڵەتی ماددە لە نێو خۆردا و بەهەمان شێوە لە نێو ئەستێرەکانی دیکەشدا، پێی دەگوترێ: حاڵەتی پلازمایی.

ئەویش ئەوەیە کە پێکهاتەکانی گەردیلەکان هەڵدەوەشێنەوەو دەبنە نێوکی ڕووت، ئەلیکترۆنەکان ئازاد دەبن و، نێوکی گەردیلەکان کە پرۆتۆن و نیوترۆنە ڕووت دەبنەوە، واتە: لێك جیا دەبنەوەو لێك هەڵدەوشێنەوە ولەگەڵ

---

(١) لەپەڕە (٤٤١)

ئەلیکترۆنەکان پێکەوە نامێنن، ماوەی نێوان پێکهاتەکانی یەکەمی ماددە گەردیلە دەبێتە (١/١٠٠,٠٠٠)ی ئەوەی لە گەردیلەکانی لای ئێمە هەیانە، (١/١٠٠,٠٠٠)، واتە: چڕیی (كَثَافَة)ی ماددە لە نێو جەرگەی خۆرو ئەستێرەکاندا زۆر زۆرە و چڕیی ماددە لێرە بریتییە (١/١٠٠,٠٠٠)ی چڕی ماددەی ئەوێ، ئنجا حاڵەتی پلازمایی لە نێو خۆردا شێوەیەکە لە شێوەکانی ماددەی زۆر زۆر چڕ، بە شێوەیەك کە (١) سانتیمەتر سێجا (١٠٠) ملیۆن تەن قورس دەبێ،یانی: بەئەندازەی سەرە پەنجەیەك (١٠٠) ملیۆن تەن قورسە!

٧)- خۆر بەردەوامیش لە کشاندایە لە ئەنجامی ئەو تەقینەوە بەهێزە نێوکییانەی لە نێویدا ڕوو دەدەن و، ئەگەر وا نەبووایە وەك قومبەلەیەکی هایدرۆجینیی گەورە دەتەقییەوە.

٨)- ئەگەر یەکێك بڵێ: چۆن وزەی خۆر تەواو نابێ!

دەڵێین: بارستایی خۆر (كُتْلَةُ الشَّمس)، بە (٢٠٠٠) تریلۆن تریلۆن تەن مەزەندە دەکرێ، واتە: ژمارە یەک (١) بیست و حەوت (٢٧) سفری لەلای ڕاستەوە بێ: (٢٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠) ئەوەندە تەن بارستایی و قورسیی خۆر پێکدێنێت، کە زۆر زۆرە.

٩)- هێزی کێشکردنی خۆر بیست و هەشت (٢٨) هێندەی هی زەوییە، واتە: ئەگەر شتێك لێرە کیلۆیەك بێ لەسەر خۆر ئەو شتە (٢٨) کیلۆیە.

١٠)- بێگومان ئەگەر خۆر ئەو هەمووە هایدرۆجینەی تێدا نەبووایە و، بارستاییەکەی هێندە گەورەو بێ ڕەزا نەبووایە، یاخود ڕێژەیەکی زیاتری سووتاندبایە، کە لە هەر چرکەیەکدا (٥) ملیۆن تەن دەسووتێنێ و، سەرف دەکات و، لە دەستی دەدا، ئەو کاتە لە مێژبوو کۆتایی پێ هاتبوو، ئەگەر گەورەتریش بووایە دیسان هاوکێشەکە هەر دەگۆڕا.

١١)- خۆر (١٥٠) ملیۆن کیلۆمەترە لە ئێمەوە دوورە- وەک پێشتریش گوتمان- ئنجا ئەگەر دوورتر بووایە، بێگومان ئەو ئەندازە تیشك و گەرمیی و وزەیەی دەماندائێ، نەیدەداینێ.

ئـەو کاتـەش هێندەمـان نەدەگەیشـتێ و سـەرەنجام یـان ژیـان نەدەبـوو، یانیش بە جۆرێکـی دیکـە دەبـوو، ئەگـەر نیزیکتریـش بووایـە، بێگومـان زیاتـر وزەو گەرمیمیـان دەگەیشـتێ و دیسـان ژیـان نەدەبـوو، بەڵکـو هەندێـك لـە زانایـان ئەندازەیەکیـان دیاریکـردوە دەڵێـن: ئەگـەر خـۆر ئەوەنـدە لـە ئێمـە نیزیـك بووایـە، سـەر زەوی هەمـوو دەبـوو بـە خۆڵـە مێـش و دەسـووتا، هەروەهـا ئەگـەر بـە بارەکـەی دیکەشـدا دوورتـر بووایـە، سـەر زەوی هەمیشـە هەمـووی بەسـتەڵەك دەبـوو و ژیانـی تێـدا نەدەگونجـا.

پەیوەسـت بوونـی ژیانـی مـرۆڤ لەسـەر زەوی بەکۆمەڵـەی خـۆرەوە بەگشـتیی و بەخـۆرەوە بەتایبـەت:

ئەمـە وەك پێناسـەیەکی کورتـی خـۆر بەپێـی ئـەو ڕۆژگارەی ئێمـەدا کـە زانسـت پێـی گەیشـتوە، پەیوەسـت بوونـی ژیانـی مـرۆڤ لەسـەر زەوی بژیانـی مـرۆڤ لەسـەر زەوی، بـە کۆمەڵـەی خـۆر و بەخـۆرەوە، لـە حـەوت (٧) خاڵـدا دەخەینـەڕوو:

١- ژیانی بەشەرو هەموو ژیاندارەکانی کە لەسەر زەویین، بێگومان پەیوەستە بە تیشك و ڕووناکییەک کە لە خۆرەوە بۆمان دێ و، ئەگەر خۆر نەبووایە و، ئەو تیشك و گەرمیی و ڕووناکییەمان بۆ نەهاتبایە، ئێمە لەم سەر زەوییە نەدەبووین، نەك ئێمە بەڵکو سەرجەم ژیاندارانی دیکەش.

٢- هەموو جۆرەکانی خواردن بە هۆی ڕووناکیی خۆرەوە بۆ ئێمە دەستەبەر دەبن، نەك هەر ڕووەك و ژیانداران کە خۆراکی ئێمە ئەوان پێکی دەهێنن، ڕووەك بە هەموو جۆرەکانیانەوە، دانەوێڵە، میوە، سەوزەو تەڕەکان، هەروەها ژیاندارانیش بە هەموو جۆرەکانییەوە هەوایی و دەریایی و خاکیی، نەك هەر ئەوان پەکییان لەسەر تیشکی

خۆر کەوتوە، بەڵکو تەنانەت ئەو ڕووەك و ژیاندارانەی لە قوڵایی ئۆقیانووسەکانیشدان، ئەوانیش دیسان بە شێوەیە لە شێوەکان لە تیشکی خۆر بەهرەمەند دەبن و، ئەگەر تیشکی خۆر نەبووایە نەیاندەتوانی ژیان لە قووڵایی ئۆقیانووسەکانیشدا بەسەر بەرن، چونکە ئەوانیش ئەو گیایانەی لە ئۆقیانووسەکان دان و، کەم و زۆر تیشکیان پێدەگات، لێیان بەهرەمەند دەبن.

٣- تێکڕای ڕەنگەکان و هەموو جوانییەکان و هەموو درەوشاوەییەکان کە لە دەورو بەرو لە سرووشتدا دەیان بینین، هەموویان بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیوەستن بە تیشکی خۆرەوەوە، ئەمە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، کە ئەگەر تیشکی خۆرو ڕووناکی خۆر نەبووایە، ئێمە هیچ ڕەنگێك و هیچ جوانییەك و هیچ درەوشاوەیەکمان لەسەر زەوی نەدەدیت.

٤- ئەو ئاوەی دەبارێ چ باران، چ بەفر، چ تەزرە، هەورەکان کە ئاومان بۆ دادەبەزێنن، ئاومان بۆ دەبارێنن، هەورەکان لە ئەسڵدا بریتیە لە هەڵمی ئاو کە تیشکی خۆر لەسەر دەریایەکان پەیدای کردوە و، دوایی ئەو هەڵمە دێت، بەرەو شوێنە ساردەکان دێ، دوای ئەوەی کە لەسەر یەك کەڵەکە و، موتوربە دەبێ، سەرەنجام هەورەکان پێکدێنن، هەورەکانیش باران و بەفرو تەزرەمان بۆ دەبارێنن.

٥- هەروەها بایەکان دەبنە هۆی پیتاندن لە ڕووەکەکاندا، لە درەختەکاندا، دیسان با دەبێتە هۆی پاککردنەوەی زەوی و، با دەبێتە هۆی فێنککردنەوەی زەوی و، وە با دەبێتە هۆی ئەوەی هەورەکانمان بۆ دروست بێ، ئەمەش هەمووی دیسان پەیوەستە بە خۆرەوە، چونکە تیشکی خۆر کە لە هەوا دەدا، هەوا لە هەندێك شوێن دا دەکشێ و، لەو شوێنەدا قەبارەی زۆر دەبێ و پەستان دروست دەبێ و لەوێ جێی نابێتەوە و، دەچێ بۆ شوێنی دیکە کە پەستانی هەوای کەمتر لێیە، لە ئەنجامی ئەو جێگۆڕکە کردنەدا، لە ئەنجامی ئەوەدا کە هەوا لە شوێنێك دەکشێ و لە شوێنێك کە گەرمایی دەگاتێ لێك دەکشێ قەبارەکەی دەبێ، بەرەو شوێنێکی دیکە کە قەبارەکەی کەمترە

دەچێ، لە ئەنجامی ئەوەدا بایەکان دروست دەبن، کەواتە: ئەویش دیسان پەیوەستە بە خۆرەوە.

هەروەها تێکڕای وزەکان هەموو ئەو وزانەی لەسەر زەوی هەن، چ ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ تیشکی خۆر وەردەگرن، چ ئەوەی بە هۆی تاقگەکانەوە بەهۆی بەنداوەکانەوە تیشکی وزەی کارەباییمان بۆ بەرهەم دێ، هەروەها ئەوەی کە لە ژێر زەویدا هەیە لە نەوت و غازو ئەوانە، هەروەها خەڵوزی بەرد، هەموو ئەوانە پەیوەستن بە خۆرەوە، چ بە ئێستای خۆرەوە، چ بە تەمەنی ڕابردووی خۆرەوە کە بێگومان وزەیان لە خۆرەوە وەرگرتوە، ئەگەر ڕووەك بوون یان ژیاندار بوون، کەوتوونە بن زەوی و ئێستای سەرچاوەی نەوت و غازو خەڵووزی بەردیان بۆ ئێمە پێکهێناوە، گرنگ ئەوەیە هەموو ئەو وزەیەی دەماندەنێ، کاتی خۆی لە خۆر وەریانگرتوە.

٦- مانەوەی کۆمەڵەی خۆر، واتە: زەوی و مەریخ و موشتەری و زوحەڵ و هەر نۆ خڕۆکەکەی بەدەوری خۆردا دەخولێنەوە و پێیان دەگوترێ: کۆمەڵەی خۆر، هەموو ئەوانە پەیوەستن بە خۆرەوە و، خۆر بە لای خۆیدا کێشیان دەکات، ئەوانیش پاڵ بە خۆرەوە دەنێن و، لە ئەنجامی ئەوەدا خولانەوەیان بۆ دروست دەبێ بە دەوری خۆردا، کەواتە: ئەگەر خۆر نەبووایە، ئێمە کۆمەڵەی خۆریشمان کە لە نێویاندا خڕۆکەی زەوییە، نەدەبینی، بۆیەش ئەوە دەمانگەیەنێ بەو ئەنجامە ژیانی ئێمەو ژیانی ژیانداران، بەڵکو بوونی نۆ (٩) خڕۆکەکان هەموویان بە خۆرەوە پەیوەستن.

مەسەلەی دووەم:

باسی گەلی سەموود کە بەهۆی لە خوا یاخیبوونیانەوە بە پێغەمبەرەکەیان صالح ﷺ بێبڕوابوون و، بە درۆیان دانا، هەرچەندە ترساندنی و هۆشداریی پێدان، بەڵام حوشترە تایبەتەکەی خوای پەروەردگاریان پەیکردو سەربڕی، خواش سزایەکی سەختی بەسەردا سەپاندن و تەختیکردن و، لەسەرەنجامەکەیشی بێباك بوو:

خوا دەفەرموێ: ﴿ كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِطَغْوَىٰهَآ ﴿١١﴾ إِذِ ٱنۢبَعَثَ أَشْقَىٰهَا ﴿١٢﴾ فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ ٱللَّهِ نَاقَةَ ٱللَّهِ وَسُقْيَٰهَا ﴿١٣﴾ فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُم بِذَنۢبِهِمْ فَسَوَّىٰهَا ﴿١٤﴾ وَلَا يَخَافُ عُقْبَٰهَا ﴿١٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِطَغْوَىٰهَآ ﴾، سەموود بە هۆی یاخیبوونەکەیەوە بێبڕوا بوون، (**الطَّغْوى، وَالطُّغيان، مَصْدَرانِ لطَغى، وَالطُّغيَانُ مُجَاوَزَةُ الحَدِّ فِي العِصْيَان**)، (**طَغْوى**) و (**طُغْيان**)، هەردووکیان چاوگن بۆ (**طَغَى**)، واتە: لە سنوور دەرچوو، یاخیی بوو، (**طُغْيان**) بریتیە لە سنوورشکاندن و سنووربەزاندن لە سەرپێچییدا.

خوا ﷻ دەفەرموێ: گەلی سەموود بەهۆی لە خوا یاخیی بوونیانەوە بە درۆیان دانا، پێغەمبەری خوایان صالح بەدرۆ دانا، ڕۆژی دوایی و دیداری خوایان بە درۆ دانا، پەیامی خوایان بە درۆ دانا، هەموو ئەوانەی دەبوو بڕوایان پێ بێنن، بە درۆیان دانان لەبەر ئەوەی لە بەرانبەر خوادا یاخیی بوو بوون.

٢)- ﴿ إِذِ ٱنۢبَعَثَ أَشْقَىٰهَا ﴾، کاتێك خراپترینی گەلی سەموود، بە خێرایی ڕۆیی، دەڵێ: (**إِنْبَعَثَ: مُطَاوِعُ بَعَثَ بَعَثْتُهُ فَانبَعَثَ**)، ناردم ئەویش ڕۆیشت، ﴿ إِذِ ٱنۢبَعَثَ أَشْقَىٰهَا ﴾، کاتێك کە خراپترینی گەلی سەموود ڕۆیی، هەموو سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن: کابرایەك

بووە ناوی قوداری کوڕی سالیف بووە، ڕۆیشتوە بۆ سەربڕین و پەییکردنی حوشترەکەی صالّح، کە خوا بەشێوەیەکی تایبەت بۆی خولّقاندبوون.

٣)- ﴿ فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ ٱللَّهِ نَاقَةَ ٱللَّهِ وَسُقْيَٰهَا ﴾، ڕەوانەکراوی خوا پێی فەرموون: وریای حوشترەکەی خواو ئاوخواردنەوەکەشی بن! پێغەمبەرەکە لێرە ناوی نەهێناوە، بەڵام لە سوورەتەکانی دیکەدا ناوی هاتوە و بەسەرهاتەکەیان لە شوێنەکانی دیکەدا بە درێژی هاتوە، بەڵام لێرە هەروا بە کورتی ئاماژەی پێ دەکات، چونکە درێژەکەی لە سوورەتەکانی دیکە هاتوە، پێغەمبەرەکە ناوی صالّح ﷺ بووە، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموون: ئاگاتان لە حوشترەکەی خوا، لە ئاو خواردنەوەکەشی بێ، ﴿ نَاقَةَ ٱللَّهِ ﴾، یانی: (**إِحْذَرُوا** نَاقَةَ ٱللَّهِ)، وریای حوشترەکەی خوا بن، ﴿ وَسُقْيَٰهَا ﴾، (**أَيْ: وَاْحْذَرُوا شُرْبَهَا**)، لە ئاو خواردنەوەکەشی، وریابن و نۆرەکەی لێ تێکمەدەن.

٤)- ﴿ فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا ﴾، گەلی سەموود (پێغەمبەری خوا صالّح یان بە درۆ، حوشترەکەیان پەیی کرد، (**عَقْر**) لە زمانی عەرەبیدا: بریتیە لە پەییکردن، بریندارکردنی یان بڕینی پێیەکانی پێشەوەی حوشتر تاکو یەخ ببێ و، بکەوێتە سەر زەوی، دوایی لە گەردنی بدەن، ئەگەرنا دەستیان ناگاتە گەردنی، چونکە حوشتر دوای ئەوەی پەیی دەکرێ، ئنجا دوایی سەر دەبڕدرێ.

جێی سەرنجە کە خوا ﷻ پێشێ دەفەرموێ: خراپترینی گەلی سەموود کە قوداری کوڕی سالیفە ڕۆیشت، بەڵام دوایی دەفەرموێ: ﴿ فَعَقَرُوهَا ﴾، هەموویان سەریان بڕی، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە بە فەرمانی هەموویان، بووە و هەموویان ڕازی بوون ئەو حوشترە سەر ببڕێ، بۆیە سەر بڕینەکەی پاڵداوەتە لای هەموویان.

٥)- ﴿ فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُم بِذَنۢبِهِمْ فَسَوَّىٰهَا ﴾، یەکسەر پەروەردگاریان بەهۆی گوناهەکانیانەوە بەڵایەکی بەسەردا گشتاندن تەخت و وڵاتەکەی یەکسان کرد. ﴿ فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ ﴾، یانی: أ- (**عَمَّ عَلَيْهِمُ العَذَاب**)، خوا بەڵای بەسەردا گشتاندن،

ئەوە واتایەکی، یاخود ب- (أَطْبَقَ عَلَيْهِم)، بەڵایەکی بۆ ناردن چواردەوری گرتن.ج- هەندێکیش گوتویانە: ﴿فَدَمْدَمَ﴾، دەنگی کەوتنەکە دەنگێکی گەورەیە ئەو هاڕژنەی، کە خوا بۆی ناردوون، دەنگێکی گەورەی لێ پەیدابووە، پەروەردگاریان سزایەکی ئاوای بەسەردا گشتاندن، بەهۆی گوناهەکەیانەوە: ﴿فَسَوَّىٰهَا﴾، واتە: تەخت و یەکسانی کرد، شوێنەکەیان و، شارە، وڵاتەکەیانی، تەخت و یەکسان کرد.

٦)- ﴿وَلَا يَخَافُ عُقْبَٰهَا﴾، لە سەرەنجامەکەشی ناترسێ، عادەت وایە کەسێك کەسێك سزا بدات، زیان بە کەسێك بگەیەنێ، دوایی بابای زیان پێگەیەنراو یان سزادراو، یان کەس و کارەکەی، هەوڵدەدەن تۆڵەی بستێننەوە، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: خوا لە سەرەنجامەکەی بێباك بوو، نەترسا، کێ هەیە لە دروستکراوەکانی خوا تۆڵە لە خوا ﷻ بستێنێتەوە؟!

کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا يَخَافُ عُقْبَٰهَا﴾، ئەمە بە جۆرێکی دیکەش خوێندراوەتەوە: (فَلاَ يَخَافُ عُقْبَٰهَا)، لە جێی (و)، (ف) بەکارهێنراوە، ئەم جۆرە خوێندنەوانە هەن، بەڵام خوێندنەوەی ناودارتر ﴿وَلَا يَخَافُ عُقْبَٰهَا﴾یە.

(العُقْبَى: مَا يَحْصُلُ عَقِبَ فِعْلٍ مِنَ الأَفْعَالِ مِن تَبِعةٍ لِفَاعِلِها أَوْ مَثُوبَةٍ)، (عُقْبَى): بریتیە لەو سەرەنجامەی پەیدادەبێ لە ئەنجامی کاری بکەرێك دا، وەك سزا، چ وەك پاداشت، واتە: خوا لە دەرەنجامەکەی بێ باك بوو نەترسا.

کە دەفەرموێ: ﴿فَسَوَّىٰهَا﴾، یانی: (سَوَّتْ الدَّمْدَمَة عَلَيْهِم، كُلَّهم)، ئەو (دَمْدَمَة)کە نارد، ئەو هاڕژنە و بومەلەرزەیە و، ئەو تەختکرانە، بەسەر هەمووانیدا گشتاند. ب- یاخود: ﴿فَسَوَّىٰهَا﴾، یانی: خوا ﷻ زەوی لەگەڵدا تەخت و یەکسان کردن، کە جەستەکانیان دیار نەبوون و، شارو ئاوەدانییەکانیشیان دیار نەبوون، لەو بارەوە ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ دێنین:

{عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بنِ زَمْعَةَ رضي الله عنه، قَالَ: خَطَبَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فَذَكَرَ النَّاقَةَ وَذَكَرَ الَّذِي عَقَرَهَا، فَقَالَ: إِذْ انْبَعَثَ أَشْقَاهَا، قال: فَبَعَثَ بِهَا رَجُلٌ عَزِيزٌ عَارِمٌ مَنِيعٌ

فِي رَهْطِـهِ مِثْـلُ أَبِي زَمْعَـةَ} (أخرجـه البخـاري: ٣٣٧٧، ومسـلم: ٢٢٥٥، والترمـذي: ٣٤٤٣، والنسـائي: ٦٩٥).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی زەمعـە (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ وتاریـدا، باسـی حوشـترەکەی کـرد، (حوشـترەکەی صاڵـح) باسـی ئـەو کەسەشـی کـرد کـە حوشـترەکەی پەیـی کـردو سـەری بـڕی، فەرمـووی: ﴿إِذِ ٱنۢبَعَثَ أَشۡقَىٰهَا﴾، کاتێـك خراپترینـی گەلـی سـەموود چـوو بـۆ حوشـترەکە، دەرچـوو، دوایـی فەرمـووی: پیاوێکـی دڕی باڵادەسـتی خـۆ پارێـز لـە نێـو گەلەکـەی خۆیـدا کـە وەك ئەبـوو زەمعـە وابـوو (لـە نێـو هـۆزی قورەیشـدا)، چـوو [ئـەو حوشـترەی سـەرەتا پەیـی کـرد (واتـە: پێیەکانـی بـڕی بـۆ ئـەوەی بکەوێتـە زەوی)، دواییـش سـەری بـڕی].

وەك پێشـتریش گوتمـان، بێگومـان ئـەوەی کەتنەکـەی کـردوەو حوشـترەکەی سـەر بڕیـوە، یـەك کـەس بـووە، بـە نـاوی قـوداری کـوڕی سـالیف، بـەڵام خـوا پاڵـی داوەتـەوە لای هەموویـان، لەبـەر ئـەوەی هەموویـان ڕازی بـوون بـەوەی ئـەو کابرایـە بـە نـاوی هەموویانـەوە و بەنوێنەرایەتیـی هەموویانـەوە ئـەو حوشـترەی صاڵـح علیه السلام کـە خـوا بـە شـێوەی تایبـەت بـۆ صاڵحـی، وەك موعجیزەیـەك ڕەخسـاند بـووی، سـەرببڕێ و بیفەوتێنـێ.

ئێمـە بەسـەرهاتی صاڵـح و گەلەکـەی سـەموودمان لـە سـوورەتی (الحجـر)دا بـە تەفصیـڵ بـاس کـردوە، بۆیـە لێـرە هـەروا بـە کورتیـی بـە ئەنـدازەی ڕوونکردنـەوەی چەمـك و واتـای ئایەتـە بـە پێـزەکان، قسـەمان لەسـەر کـرد.

کورتە باسێک دەربارەی تەزکییە

لـە چەنـد بەرهەمێکـی خۆمانـدا باسـی تەزکیـەی نەفسـمان کـردوە: ١-کتێبـی (ڕێـگای صاڵـح بـوون و بـەرەو خـوا چـوون)، کـە تاکو ئێسـتا شـەش جاران چـاپ کراوە و، بەتەمـای چاپـی شەشـەمینین، ٢- کتێبـی (گیانـی ژیـان)، ٣-کتێبـی :(خواپەرسـتیی، تەزکییـە تەقـوا) یەکێکـە لـە کتێبەکانـی: (مەوسـووعەی بـەرەو باشـتر تێگەیشـتن و پێگەیشـتن)، بـە درێژیـی لـە بـارەی تەزکییـەوە قسـەمان کـردوە.

ئـەوەی لێـرە دەیهێنیـن باسـێکە ڕاسـتەوخۆ لـە مەووسـوعەی: (**الإسْلام كَمَا يَتَجَلَّى فِي كِتَـابِ اللـه**) لـە کتێبـی نۆیەمـی وەریدەگریـن، (**الفَصـل الرَّابـع: تَزْكِيـةُ النَّفْـس**)، نەفـس پـاك و چـاك كـردن[1] لـە لاپـەڕە: ئێمـە لـە چـوار تـەوەردا باسـی تەزکیـە دەکەیـن:

١)- مانای تەزکیەی نەفس.

٢)- پێگەی تەزکیەی نەفس و بەرهەمی تەزکیەی نەفس.

٣)- خۆ پاك و چاككردن چۆن ئەنجام دەدرێ و ئامرازەکانی چین؟

٤)- چەند ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی قوتابخانەکانی تەزکیەی نەفس و، ڕێبازەکانی تەسەوفەوە.

ئـەوەی لـە سـەرچاوەی ئامـاژە پێکـراودا هێناومانـە، لێـرەدا زۆر بـە کورتیـی و گوشراویـی دەیهێنیـن.

تەوەری یەکەم: مانای تەزکیەی نەفس:

لـەڕووی زمانـەوە وشـەی: (**تَزكِيـة**)، لـە (**زَكَّى، يَزْكـوُ، زَكَاةً، وَتَزْكِيَةً**) هاتـوە، دەگوترێ: (**زَكَى الـزَّرْعُ إِذا نَمَـى وَتَرَعْـرَعَ**)، واتـە: کشـتوکاڵەکە، ڕووەکەکـە گەشـەی کـردو هـەراش

---

(١) لەپەڕە (١٢٩-١٩٧)، چاپی دووەمی ئەو مەوسووعەیە ساڵی (٢٠١٩)ی زایینی.

بـوو، وێـڕای مانـای: (گەشـە کـردن) و (هـەراش بـوون)، وشـەی: (تَزكِيَـة) (زَكَاة)، مانـای پاکبوونـەوەو، چاکبوونیـش دەگرێتـەوە.

واتـە: وشـەی (تزكيـة) وەك فەرهەنگەکانـی زمـان[1]، دەڵێـن: وشـەی (زَكَى، يَزْكُـو، زَكَاةً)، سـێ مانایـان هەڵدەگـرێ: یەکـەم: (طَهُرَ)، پـاك بـۆوە، دووەم: (نَمَـى) گەشـەی کـرد. (صَلـحَ) یـان (صَلُـح)، واتـە: چـاك بـوو.

شـایانی باسـە لـە سـوورەتی (الشـمس)دا کـە پێشـتر تەفسـیرمان کـرد، خـوا ﷻ لـە دە (١٠) ئایەتـی سـەرەتای ئـەو سـوورەتە موبارەکـەدا، سـوێند دەخـوا بـە یـازدە شـتان، وەڵامـی سـوێندەکەش ئەوەیـە: کـە هـەر کەسـێك خـۆی پـاك و چـاك بـکات، سـەرفرازە و، هـەر کەسـێك خـۆی لەبـن گوناهانـدا پەنهـان بـکات، پەشـێمانەو بەدبەختـەو دۆڕاوە: ﴿ وَٱلشَّمۡسِ وَضُحَىٰهَا ١ وَٱلۡقَمَرِ إِذَا تَلَىٰهَا ٢ وَٱلنَّهَارِ إِذَا جَلَّىٰهَا ٣ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰهَا ٤ وَٱلسَّمَآءِ وَمَا بَنَىٰهَا ٥ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا طَحَىٰهَا ٦ وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا ٧ ﴾، ئەمـە یـازدە (١١) سـوێندەکە، وەڵامەکەشـیان ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ٩ وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ١٠ ﴾، بێگومـان خـوا ﷻ سـوێند بخـوات بـە یـازدە (١١) لـە دروسـتکراوەکانی خـۆی، کـە لـە نێویانـدا، (نفـس)ە، واتـە: ڕۆحـی بەشـەر، کـە وا پێدەچـێ جندیـش هـەر بگرێتـەوە، ئـەوە کـە خـوا عـز وجـل، وەك پێشـتر باسـمان کـرد، توانـای پێـداوە جیاوازیـی بـکات، لـە نێـوان خێـرو شـەڕدا، ڕاسـت و چـەوت دا، حـەق و ناحـەق دا، وە توانـای ئەوەشـی پێـداوە چاکـە بـکات خـۆی لـە خراپـە دوور بگـرێ، چاکـە هەڵبژێـرێ و خراپـە پـاڵ پێوەنـێ، یاخـود بـە پێچەوانـەوە خراپـە هەڵبژێـرێ و چاکـە پشـتگوێ بخـات، ئەمـە ئـەوە دەگەیەنـێ کـە بەڕاسـتیی خـۆ پـاك و چاککـردن، لـە ئیسـلامدا، (تَزْكِيـةُ النَّفـس) شـتێکی زۆر گـەورەو گرنگـە، هـەروەك پێچەوانەکەشـی، شـتێکی زۆر جێـگای مەترسـییە، کـە بریتیـە لـەوەی مـرۆڤ خـۆی ئیهـمال و، پشـت گـوێ بخـا گوێنـەدا بەخـۆی و خـۆی پـاك و چـاك نـەکات، بـە

---

(١) (المختار الصحاح) لاپەڕە: (٢٤٨)، و (المحجم الوسيط) لاپەڕە: (٣٦٦- ٣٦٧).

پێچەوانـەوە تاوانباریـی لـە خۆیـدا بەهێـز بـکات، پارێزکاریـی لـە خۆیـدا خەفـە بکات و بـێ شـۆقی بـکات وخـۆی بخاتـە ژێـر کەمـڕەو چڵـك و ژەنگـی گوناهـو تاوانـەوە.

کەواتـە: بـۆ پێناسـەی تەزکیـەی نەفـس، دەتوانیـن ئـاوا بڵێیـن: (**تَزكيـةُ النَّفْـسِ هِـيَ إِنْمَـاءُ بَـذْرَةِ التَّقـوَى المودعـة فِيهـا ثُـمَّ التَّمكـينُ لَهـا فيهـا، إلى أن تنشـأ وَتَرَعْـرَعَ، وتُثْمِـرَ وفِي الوَقْـتِ نَفْسِـهِ جـذر الفُجـورِ فيهـا، وَتَطْهِيرُهـا مِنْهـا**)، واتـە: تەزکیـەی نەفـس بریتیـە لـە گەشـەپێدانی تـۆوی پارێزکاریـی کـە لـە نەفسـدا دانـراوە، دواییـش تواناداركردنـی پارێزکاریـی تاکـو گەشـە دەکات، هـەراش دەبـێ، بـەرو میـوە دەردەکات، لـە هەمـان کاتیشـدا بریتیـە لـە ڕیشەکێشـکردنی ڕەگ و ڕیشـەکانی تاوانباریـی و پاککردنـەوەی نەفـس لێـان.

کەواتـە: (**النَّفْـسُ الزَّكِيَّـة**) نەفسـی تەزکیەکـراو، بریتیـە لـە نەفسـێکی پارێـزکاری چـاك، هـەروەك نەفسـی خۆپەنهانکـەر (**النَّفْـسُ المُتَدَسِّـيَّة**) بریتیـە لـە نەفسـێکی گوناهـکاری تاوانبـاری خراپـەکار.

شـایانی باسـە وشـەی: (**تزکيـة**) وەك هەمـوو وشـەکانی: (**إيـمان و عبـادة و تقـوى وبـر وطاعـة**) هـەر کاتێـك بـە تەنیـا بـێ لـە ڕەوتێکـدا، مەفهـوم و چەمکەکـەی زۆر فـراوان دەبـێ تاکـو دیـن هەمـووی دەگرێتـەوە، چ لـە بـاری ئەرێنییـدا، کـە بریتیـە لـە فەرمانبەریـی کردنـی خـوا، چ بەبـاری نەرێنییـدا کـە بریتیـە لـە خـۆ دوورگرتـن لەسـەر پێچیـی خـوا ﷻ، هـەر بۆیـەش بـەو چەمکەیەتـی کـە خـوا ﷻ سـەرفرازی بـە تەزکیـەی نەفسـەوە بەسـتۆتەوە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ﴾، هەروەهـا دەشـفەرموێ: ﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ ﴾الأعـلى، بـەڵام کاتێـك تەزکیـەی نەفـس، لەگەڵ وشـەکانی دیکـەدا بـەراورد دەکـرێ، ئـەو کاتـە مانـاو چەمکەکـەی قەتیـس دەبـێ لـەو بـوارەدا کـە بـواری مەعنەویـی، ڕووحییـە و بـواری ئاکاریـی و ڕەوشـتییە.

تەوەری دووەم: پێگەو بەرهەمی تەزکیەی نەفس:

لەبارەی بەرهەم و پێگەی تەزکیەی نەفسەوە دەتوانین زۆر شت بڵێین، بەڵام ئێمە لە حەوت (٧) بڕگەدا، باسی پێگەو بەرهەم و میوەی خۆ پاك وچاك كردن، (**تزكية النفس**) دەكەین.

١- (**التزكيية النفس**) واتە: خۆ پاك و چاك كردن، یەكێكە لە چوار ئەركەكەی كە پێغەمبەری كۆتایی موحەممەد ﷺ پێیان ڕەوان كراوە، هەروەك هەركام لە ئایەتەكانی: (١٢٩ و ١٥١)، لە سوورەتی (**البقرة**) و، ئایەتی (١٦٤) لە سوورەتی (**آل عمران**)و، ئایەتی (٢) لە سوورەتی (**الجمعة**) دەیگەیەنن، كە ئێمە بۆ نموونە ئایەتی: (٢)ی سوورەتی (**الجمعة**) دێنین، كە دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٢﴾ ﴾، كەواتە: چوار ئەركەكەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ كە لە چوار ئایەت لە قورئاندا هاتوون، بریتین لە خوێندنەوەی ئایەتەكانی خوا، پاكو چاككردنی خەڵك و لێب و حیكمەت و فێركردنیان.

هەڵبەتە لەشوێنی خۆیدا باسمان كردوە كە مەبەست لە كیتاب، واتە: بەرنامە و، شەریعەتی خوا، (**حكمة**)یش بریتیە لەو ڕەوشت و ئاكارە بەرزو پەسندانەی دەبێ كۆمەڵگا خۆیانیان پێ برازێنێتەوە، یاخود بریتیە لە چۆنێتی جێبەجێكردنی یاساكانی شەریعەت، هەركامیان لە شوێنی خۆیداو لەكاتی خۆیدا، بە شێوازی خۆی.

٢- بەڵگەیەكی دیكەی گرنگیی پێگەی تەزكیەی نەفس و بەرهەمەكەی، ئەوەیە كەهەر كەسێك خۆی پاك و چاك بكات، سەرفرازیی ڕەهای بۆ دەستەبەر دەبێ، كە لە ڕازیبوونی خواو چوونە بەهەشتدا بەرجەستە دەبێ، هەروەك ئایەتەكانی ژمارە: (٧٥ و ٧٦) لە سوورەتی (**طه**) و، وە ئایەتەكانی: (١ - ٤) لە سوورەتی (**المؤمنون**) و، ئایەتی (٤) لە سوورەتی (**الأعلى**) و، ئایەتی (٩) لە سوورەتی (**الشمس**) دەیگەیەنن:

بـۆ نموونـە لـە ئایەتەکانـی: (١ - ٤) لـە سـوورەتی (المؤمنـون)دا، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ (١) الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ (٢) وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ (٣) وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ (٤) ﴾، واتــە: بەدڵنیایــی بــڕواداران سـەرفرازن. ئەوانـەی لەنوێژەکانیـان دا ملکەچـن و، ئەوانـەی پشـتێکردووی، ئەوانـەی ئەنجامـدەری تەزکییـەن. لێـرەدا زەکات مەبەسـت پێـی خـۆ پاکـو چـاك کردنـە.

٣- خوا ﷻ تەزکیەی نەفسی کردوە بە گەورەترین شوێنەوار بۆ شوێنکەوتنی ئایین و بەرنامەکەی و، شوێنکەوتنی پێغەمبەرانی خوا، وەك لە ئایەتەکانی: (١٥ - ١٩) لە سوورەتی (النازعات)دا هاتوە، هەروەها ئایەتەکانی: (١ - ٤) و (٥ - ٧)، لە سوورەتی (عبس)دا، لە بارەی بەسەرهاتەکەی عەبدوڵڵای کوڕی ئومی مەکتوومەوە و، ڕۆیشتنی بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و گوێ بۆگرتنی و، ڕوو لێوەرگێڕانی پێغەمبەر ﷺو، خۆ لێگرژکردنی بەهۆی سەرگەرم بوونی بەقسە کردن، بۆ کۆمەڵێك لە زلەزلانی قوڕەیش وە، پاشان گلەییکردنی خوای پەروەردگار لێی: ﴿ أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَىٰ (٥) فَأَنتَ لَهُ تَصَدَّىٰ (٦) وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ (٧) ﴾.

کەواتــە: تەزکیـەی نەفـس بەهـۆی ڕووکردنـە خـواو بڕواهێنـان بـە خـواو شـوێن پێهەڵــگرتنی پیغەمبـەری خـوا وە ﷺ پەیدادەبـێ.

٤- خوا تبارك و تعالى وەدەستهێنانی مرۆڤ بۆ تەزکیەی نەفسی کردوە، بە دەرەنجامێك بۆ بەخشش و چاکەی خوا لەگەڵیدا و، بەزەیی خوا بەرانبەری، وەك لە سوورەتی (النور) ئایەتی (٢١)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يُزَكِّي مَن يَشَاءُ (٢١) ﴾، واتە: ئەگەر بەخشش و بەزەیی خوا نەبووایە لەسەر ئێوە، هیچ کام لە ئێوە پاك وچاك نەدەبوون، بەڵام خوا هەر کەسێکی بیەوێ پاکو چاکی دەکات، خوا بیسەری زانایە، دەزانێ کێ شایستەی ئەوەیە بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکات کە: پاکوچاکی بکات.

٥- خوا ﷻ تەزکیەبوونی نەفسی کردوە بە دژو پێچەوانەی شوێنکەوتنی هەنگاوەکانی شەیتان، وەك لە ئایەتی (٢١) لە سوورەتی (النور)دا ئەمە زۆر ئاشکرا دیارە، دەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِۚ وَمَن يَتَّبِعْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَإِنَّهُۥ يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِۚ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُزَكِّي مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢١﴾ ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! شوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون و، هەر کەسێك شوێن هەنگاوەکانی شەیتان بکەوێ، بە دڵنیایی ئەو فەرمان دەکات بە شتی ناقۆڵاو خراپ، ئەگەر بەخشش و بەزەیی خواش نەبووایە لەسەرتان، هیچ کامتان پاکوچاك نەدەبوون، بەڵام خوا کەسێکی بوێ پاك و چاکی دەکات، کەواتە: پاك و چاکبوون ڕێك پێچەوانەی شوێنکەوتنی شەیتان و شوێنکەوتنی هەنگاوەکانی شەیتانە.

٦- خوا ﷻ هەرکام لە یەحیای کوڕی زەکەریاو عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوایان لێبێ)، بە تەزکیەی نەفس باسکردوون، وەك لە ئایەتەکانی: (١٣ و ١٩) لە سوورەتی (مریم)دا، بۆ هەردووکیان وشەی (**زكاة**)ی بەکارهێناوە: ﴿ وَزَكَوٰةً وَكَانَ تَقِيًّا ﴿١٣﴾ ﴾، شایانی باسیشە: عیساو یەحیا (سەلامی خوایان لەسەر بێ)، لە قوڕئاندا هیچ هەڵەو کەموکوڕییەکەیان پاڵ نەدراوەتەلا، وەک ئەوەی پاڵدراوەتە لای پێغەمبەرانی دی، کە ئەمەش سیفەتێکی بەرزە لەواندا بە هۆی بەخششی خواوە، بەڵام بێگومان ئەمە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە لە پێغەمبەرانی دیکە پایەدارترن، بەڵام ئەمە تایبەتمەندییەکی ئەوانە، واش پێدەچێ کە وەسفکردنی ئەوان لە نێو هەموو پێغەمبەراندا بە (**زَكَاةُ النَّفس**) واتە: ڕووحی پاك و چاك، ئەوەیە کە هیچ هەڵەو کەم و کوڕی لێیڕوونەداون، بەڵام پێغەمبەرانی دی، خوا هەڵەو کەموکوڕیی پاڵداونە لا، ئەو هەڵەو کەم وکوڕییانەش ئەوە نین، کە بە چەمك و واتای ئێمە بە گوناح لە قەڵەم بدرێن، پێغەمبەران پارێزراو بوون لە هەڵەو کەموکوڕیی و، هەرگیز شتێکیان نەکردوە، کە زانیبییان گوناحەو ئەنجامیان دابێ، بەڵام جاری وایە لە شتێکدا نەیانپێکاوە.

٧- لەبەر ئەوەی، ئەو خۆ پاك و چاککردنە، هەرکەسێك لافی پاك و چاکبوونی لێدابێ بەبێ ئەوەی شایستە بێ، خوا سەرزەنشتی کردوە بەدرۆ هەڵبەستەر ئاوزەوی کردوە، وەك لە ئایەتی (٣٢)، لە سوورەتی (النجم)دا و، لە ئایەتەکانی: (٤٩ و ٥٠) لە سوورەتی

(النساء)یش دا هاتوه، دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنفُسَهُم ۚ بَلِ ٱللَّهُ يُزَكِّي مَن يَشَآءُ وَلَا يُظْلَمُونَ فَتِيلًا ﴿٤٩﴾ ٱنظُرْ كَيْفَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۖ وَكَفَىٰ بِهِۦٓ إِثْمًا مُّبِينًا ﴿٥٠﴾ ﴾، هەروەها لە سوورەتی (النجم) ئایەتی (٣٢)دا دەفەرموێ: ﴿ فَلَا تُزَكُّوٓا۟ أَنفُسَكُمْ ۖ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ﴿٣٢﴾ ﴾، خۆتان پاك وچاك مەكەن [بە قسە، بە كردەوە خۆت پاك وچاك بكە، بەڵام بە كردەوە لاف لێ مەدە]، خوا زاناترە بەوەی کێ پارێزی کردووە.

کەواتــە: لــە ئەنجامــی پەیدابوونــی تەقــوادا نەفــس تەزکیــە دەبــێ و، لــە ئەنجامــی خــۆ پــاك وچاککردنــدا تەقــوا میوانــی دڵ و دەروونــی مــرۆڤ دەبــێ، ئنجا خــۆ پــاك وچاککــردن بەقســە چەنــدە خراپــە، بــە پێچەوانــەوە بەکردەوە ئینســان خــۆی پاکوچاك بــکات، بەبــێ ئــەوەی بانگەشــە بــکاو لاف لێبــدات، ئەوەنــدە چاکــەو، هێنــدە گــەورەو گرنگە.

چۆن تەزکیەی نەفس ئەنجام دەدرێ و ئامرازەکانی چین؟

کەواتە: ئێمە لە دوو خاڵدا ئەم تەوەری سێیەمە دەخەینە ڕوو:

١- چۆن پرۆسەی تەزکیەی نەفس ئەنجام دەدرێ؟

٢- ئامرازەکانی تەزکییەی نەفس چین؟

یەکەم: چۆن پرۆسەی تەزکیەی نەفس ئەنجام دەدرێ ؟

وشەی نەفس بەلایەنی مەعنەویی لە مرۆڤدا دەگوترێ، ڕووحیی، نابەرهەست، چونکە مرۆڤ لە دوو پێکهاتەی سەرەکی پێکهاتوە: جەستەیەکی خاکیی و، ڕووحێکی خوایی.

هەڵبەتە هەردووکیان دروستکراوی خوان، بەڵام ڕووح دروستکراوێکی سەرووی ماددییە، خوا هەمیشە ڕووح پاڵدەداتە لای خۆی: ﴿ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي ﴿٢٩﴾ ﴾الحجر، ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي ﴿٨٥﴾ ﴾الإسراء، ئنجا ئەمە لە زۆر شوێنی قورئاندا هاتوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾الحجر، هەروەها لە سووڕەتی (الإسراء)دا ئایەتی (٨٥) دەفەرموێ: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي ﴿٨٥﴾ ﴾.

کەواتە: مرۆڤ لە جەستەیەکی خاکیی و ڕووحێکی خوایی ﷻ ڕووحێکی ڕەبیانیی، دروست بووە، کە هەردووکیان دروستکراوی خوان، بەڵام ڕووح بۆ ئێمە شتێکی زانراوو دیار نیە، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٥﴾ ﴾، واتە: لە بارەی ڕووحەوە پرسیارت لێدەکەن، بڵێ: کاری پەروەردگارمەو کەمێکیش نەبێ زانیارییتان پێنەدراوە، واتە: بەو ئەندازە کەمە زانیارییە ناتوانن دەرکی چییەتی

ڕووح بکـەن، ئنجـا تەزکیـەی نەفـس لـە میانـی کارکردنـی مـرۆڤ و هەوڵدانـی مرۆڤـدا بـۆ ملپێکەچکردنـی نەفسـی بـۆ ئـەوەی شـەریعەت داوای لـێ دەکات لـە پابەندییـەکان، چ بەبـاری ئەرێنییـدا، بـە ئەنجامدانـی فەرمانـەکان و ئەرکـەکان، چ بەبـاری نەرێنیـدا بـە خـۆ دوورگرتـن لـە قەدەغـەکان، لەمیانـی ئـەوەدا تەزکیـەی نەفـس ئەنجـام دەدرێ.

مـرۆڤ لـە پرۆسـەی خـۆ پاکوچاککردنـدا بـە زۆر قۆناغانـدا دەڕوات، بـەڵام بـە گشـتیی، سـێ قۆناغـن:

قۆناغـی یەکـەم: لـە ئەسـڵدا نەفـس زۆر فەرمـان دەکات بـە خراپـە: ﴿ إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةٌۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓ ﴿٥٣﴾ ﴾یوسـف، ئەمـە قسـەی یوسـوفە لـە سـوورەتی (یوسـف)دا، بەدڵنیایـی نەفـس زۆر فەرمـان دەکات بەخراپـە، مەگـەر پـەروەردگارم بەزەیـی بنوێنـێ.

نەفـس لـە ئەسـڵی سورشـتی خۆیـدا، خـوا ﷻ وای خوڵقانـدوە، کـە زۆر فەرمـان دەکات بـە خاوەنەکـەی بـە خراپـەو بـە دووریـی لـە بەندایەتیـی بـۆ خـوا.

قۆناغـی دووەم: ئەوەیـە کـە دوای ئـەوەی مـرۆڤ لەگـەڵ خۆیـدا خەریـك دەبـێ، خـۆی وا لێـدەکات جارجـار ملکـەچ بـکات بـۆ شـەرع و، جارجاریـش لابـدات، ئەمـەس قۆناغـی (لَوّامـة)ی پـێ دەڵێـن: ﴿ وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ ﴿٢﴾ ﴾. واتـە : نەخێـر سـوێند بـە نەفسـی زۆر ڕەخنەگـر _لەخـۆی- دەخـۆم.

قۆناغـی سـێیەم: کـە قۆناغـی کۆتایـی تەزکیـەی نەفسـە، بریتیـە لـە وەی نەفـس دەچێتـە حاڵەتـی ئۆقرەگرتـن و سـەقامگیربوون لەسـەر جـادەی شـەرع، وەک خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفۡسُ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرۡجِعِيٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةٗ مَّرۡضِيَّةٗ ﴿٢٨﴾ ﴾الفجـر، کەواتـە: تەزکیـەی نەفـس و چۆنیەتیـی ئەنجامدانەکـەی ئەوەیـە کـە مـرۆڤ لەگـەڵ خۆیـدا خەریـك بـێ، کار لەسـەر خـۆی بـکات، نەفسـی لـە حاڵەتـی (لَأَمَّارَةٌۢ بِٱلسُّوٓءِ) زۆر فەرمانکـەر بـە خراپـەوە بگوازێتـەوە بـۆ قۆناغێکـی دیکـە، قۆناغـی

خـۆ سـەرکۆنەکردن (ٱللَّوَّامَةِ)، دوایـی لەوێشـەوە بیگوازێتـەوە بـۆ قۆناغـی ئارامگرتـن (ٱلْمُطْمَئِنَّةُ)، وای لـێ بـێ نەفسـی ملکـەچ بـێ بـۆ فەرمانەکانـی خـوا و، مـووی لـێ نەلەخشـێ و مـوێ نەپسـێنێ لـە فەرمانبەرییکـردن بـۆ خـوای بـەرزی مەزنـدا.

بێگومـان خـۆ پـاك و چـاك کـردن زۆر گرنگـە بـە کـردەوە، بـەڵام خـۆ بـە پـاك و چـاك دانـان بـە قسـە، یەکجـار خراپـە، بۆیـەش خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (النجـم) لـە ئایەتـی ژمـارە (٣٢)دا، مرۆڤـی قەدەغـە کـردوە لـەوەی بەقسـە خـۆی بـە پاکوچـاك لـە قەڵـەم بـدات: ﴿ فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡۖ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ﴾، خۆتـان پـێ پاکـو چـاك نەبـێ بەقسـە، چونکـە خـوا زاناتـرە بـەوەی کـێ پارێـزی کـردوە لـە خـوا، کەواتـە: بەهـۆی پەیدابوونـی تەقـواوە، نەفـس حاڵەتـی پاکیـی و چاکیـی بـۆ دروسـت دەبـێ.

هەروەهـا لـە سـوورەتی (النسـاء)یش کـە پێشـتریش ئاماژەمـان پێـدا لـە ئایەتـی ژمـارە (٤٩)، دەفەرمـوێ: ﴿ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنفُسَهُمۚ بَلِ ٱللَّهُ يُزَكِّي مَن يَشَآءُ وَلَا يُظۡلَمُونَ فَتِيلًا ﴿٤٩﴾ ٱنظُرۡ كَيۡفَ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۖ وَكَفَىٰ بِهِۦٓ إِثۡمٗا مُّبِينًا ﴿٥٠﴾ ﴾، واتـە: ئایـا سـەرنجی ئەوانـەت نـەداوە کـە خۆیان پـاك و چاك پێشـان دەدەن، (بەقسـە خۆیـان پاکوچـاك دەکـەن) بەڵکـو خـوا هـەر کەسـێکی بیـەوێ پـاك و چاکـی دەکات، سـەرنج بـدە چـۆن درۆ بەنـاوی خـواوە هەڵدەبەسـتن، ئـەوەش گوناهێکـی ئاشـکرایە، بـەڵام لـە حاڵێکـدا مـرۆڤ بەکـردەوە خـۆی پـاك وچـاك بـکات، خـوا سـەرفرازیی دنیـاو دوارۆژی پێـوە بەسـتۆتەوە: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ﴿٩﴾ وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ﴿١٠﴾ ﴾الشـمس، ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ ﴾**الأعلی**، کـە خـوا ﷻ بـە هـەردوو حاڵەتـی رابـردوو و ئێسـتا هێناونـی.

دووەم: ئامرازەکانی تەزکیەی نەفس:

بـە کورتیـی دەتوانیـن بڵێیـن: ئامرازەکانـی خـۆ چـاك و پاککـردن، هەمـوو ئەوانـەن کـە پارێزکاریـی لـە مرۆڤـدا دێننـە دی، چونکـە پارێزکاریـی بناغـەی تەزکیەیـەوە، لـە

لـە ئەنجامـی پارێزكارییـدا، تەزكیـە پەیدادەبـێ، هەڵبەتـە دەشـگونجێ بڵێیـن: هەركاتـێ مـرۆڤ خـۆی تەزكیـە كـرد، ئنجـا تەقـوای تێـدا پەیدادەبـێ و، تەقـوا بناغەیـە بـۆ تەزكیەبوونـی نەفـس، مـرۆڤ بـە ئەنـدازەی ئـەوەی تەقـوا لە خۆیـدا پەیـدا دەكات، ڕوو لـە چاكـە دەكات، ڕوو لـە خـوا دەبـێ، پشـت لـە خراپـەو تـاوان و لادان دەكات.

ئنجا ئێمە نۆ (٩) هۆكارەكان هێناون لەوانەی دەبنە هۆی پاكوچاك بوونی نەفس:

هۆكاری یەكەم: ئاگاداربوون لە ئایەتە بە پێزەكانی خوا، چ وەك خوێندن، چ وەك گوێ گرتن: چونكە خوا ﷻ لە چوار شوێنی قورئاندا چوار ئەركە سەرەكییەكەی پێغەمبەری خاتەمی ﷺ بەو چوارە داناون: ﴿ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَيُزَكِّيهِمۡۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿١٢٩﴾ ﴾، واتە: ئایەتەكانی خوایان بەسەردا دەخوێنێتەوە و تەزكیەیان دەكات و كتێبیان فێر دەكات و حیكمەتیان فێر دەكات.

ئنجـا لەهـەر چـوار شـوێنەكاندا خـوا ﷻ خوێندنـەوەی ئایەتەكانـی پێـش خسـتوە: ﴿ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ ﴿١٦٤﴾ ﴾**الجمعة**، لـە هـەر چـوار شـوێنەكاندا ئەمە پێشـخراوە، كەواتـە: شـارەزابوون بـە ئایەتەكانـی خـوا و پەیبـردن، ئاگاداربـوون لـە ئایەتەكانـی خـوا، بناغـەی تەزكیـەی نەفـس و پـاك وچـاك بوونـە.

هۆكاری دووەم: ئیمان: بێگومان لەڕووی ڕیزبەندیی كاتییەوە، ئیمان لە پێشەوەیە، چونكە مرۆڤ دەبێ ئیمانی هەبێ، ئنجا هەوڵدەدا خۆی پاك و چاك بكات، سیفەتی پارێزكاریی لە خۆیدا بێنێتە دی، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئایەتەكانی (١ - ٤)ی سوورەتی (**المؤمنون**)ە: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴿١﴾ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي صَلَاتِهِمۡ خَٰشِعُونَ ﴿٢﴾ وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنِ ٱللَّغۡوِ مُعۡرِضُونَ ﴿٣﴾ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِلزَّكَوٰةِ فَٰعِلُونَ ﴿٤﴾ ﴾، خوا ﷻ پێناسەی بڕواداران دەكات بە سەرفرازیی، دوایی بەوە پێناسەیان دەكات و وەسفیان دەكات كە لە نوێژەكانیاندا ملكەچن بۆ خوا، خۆیان لە قسەی پووچ و لە كرداری پووچ دەپارێزن، زەكات ئەنجام دەدەن، مەبەست لە زەكات كە دەفەرموێ: ﴿ لِلزَّكَوٰةِ فَٰعِلُونَ ﴾، تەزكیەیە، چونكە زەكاتی ماڵ و سامان دەدرێ، نەك ئەنجام بدرێ.

هۆكاری سێیەم: سام و هەیبەت بەرانبەر بە خوای بەرزی مەزن:

وەك لە سوورەتی (**فاطر**)دا، دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا تُنذِرُ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ ۚ وَمَن تَزَكَّىٰ فَإِنَّمَا يَتَزَكَّىٰ لِنَفْسِهِۦ ۚ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٨﴾﴾، واتە: بێگومان تۆ تەنیا ئەوانە وریا دەكەیەوە، (وریاكردنەوەیەك كە لێی بەهرەمەند بن) كە سام و هەیبەتیان بە پەنامەكیی بەرانبەر بە پەروەردگاریان هەیە، [كاتێك كە كەسی لێ نیە، تەنیا خۆیان و خوان، لەو كاتەدا سام و هەیبەتیان بەرانبەر بە پەروەردگاریان پەیدادەبێ] و نوێژیان بەرپا كردوەو، هەر كەسێكیش خۆی چاك و پاك بكات، بۆخۆی خۆی چاك و پاك كردوە.

كەواتە: لە ئەنجامی سام و هەیبەت بەرانبەر بەخوا ﷻ و، نوێژ بەرپاكردن دا، دەگونجێ نەفس كە پاك و چاك ببێ.

هۆكاری چوارەم: بەرپاكردنی نوێژ:

بێگومان بەرپاكردنی نوێژ، هۆكارێكی یەكجار كاریگەرە بۆ چاك و پاك و گەشەكردنی نەفس، وەك لە سوورەتی (**فاطر**) دا، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ ۚ وَمَن تَزَكَّىٰ فَإِنَّمَا يَتَزَكَّىٰ لِنَفْسِهِۦ ۚ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٨﴾﴾ واتە: نوێژیان بەرپا كردوە و هەركەسێكیش خۆی پاك و چاك بكات، خۆ پاك و چاك كردنەكەی سوودەكەی بۆ خۆیەتی.

هۆكاری پێنجەم: یادی خوا تبارك و تعالى:

لە سوورەتی (الزمر)، ئایەتی (٢٣)دا كە وەك نموونەیەك دەیهێنین، خوا دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ ٱلْحَدِيثِ كِتَٰبًا مُّتَشَٰبِهًا مَّثَانِىَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٢٣﴾﴾، واتە: خوا باشترین فەرمایشتی دابەزاندوەو كتێبێكی وێكچوویە، مەبەستەكان تێیدا دووبارە دەبنەوە، ئەوانەی ترس

و سامیان بەرانبەر بە پەروەردگاریان هەیە، پێستیان ڕێك دێ، (تەزوویان پێدا دێ)، دوایی پێستیان و دڵیان بۆ لای یادی خوا نەرم دەبێ، ئەوەش ئەو ڕێنماییەی خوایە، هەر کەسێکی بیەوێ پێی ڕاستەڕێ دەکات و، هەر کەسێك خوا ڕێی لێ تێکبدات، هیچ ڕێنماییکارو بە ئامانج گەیەنەرێکی نیە.

بێگومان مرۆڤ لە ئەنجامی ئەوەدا کە پشت لە هیدایەتی خوا دەکات، خوای دادگەریش گومڕای دەکات، وەك دەرەنجامێکی لۆژیکیی کەسێك ژەهر بخوات دوایی دەرهاوێشتەی ژەهرەکە دەبێتە دەردو نەخۆشیی، کەسێك هیدایەتی خوا ڕەفز بکات، بێگومان بەپێی یاسایەك و سستمێك کە خوا دایناوە لە ژیانی بەشەردا، ڕێی گومڕایی دەگرێتە بەر، بەڵام خوا پاڵیداوەتە لای خۆی، بۆ ئەوەی بزانین کە هیچ شتێك لەم گەردوونەدا بەبێ ویستی خوا و توانای خوا و زانیاریی خوا ئەنجام نادرێ.

هەروەها لە سوورەتی (**الأعلى**)شدا، خوا دەفەرموێ: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ وَذَكَرَ ٱسۡمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ ﴿١٥﴾ ﴾، واتە: بەدڵنیایی سەرفرازە ئەو کەسەی خۆی پاك و چاك کردووەو، ناوی پەروەردگاری هێناوەو نوێژی کردوە، کەواتە: یادی پەروەردگارکردن، چ بە زمان، چ بە دڵ، چ بە هەردووکیان، بێگومان هۆکارێکی کاریگەرە بۆ پاك وچاك بوونی نەفس.

ئێستاس بۆ زیاتر تیشک خستنەسەر چەمک و مانای یادی خوا (ذكر الله) هەڵوەستەیەکی کورتی لەبەرسنبەردا دەکەین:

هەڵوەستەیەک لە بارەی یادی خواوە ئەم هەڵوەستەیە لە چوار

١- یادی خوا چییە؟

وشـەی: (**ذِکـر**) بریتیـە لـەوەی شـتێك بخەیـە سـەر زمانـت و نێـو دڵـت، لێـی بێئـاگا نەبـی و وازی لـێ نەهێنـی، ئنجـا چ لەگـەڵ دڵـدا زمانیـش ئامادەبـێ، چ تەنیـا دڵ ئـەو خستنەوە یـادەی تێدابـێ، وشـەی زیکـر لـە ئەسـڵدا بـەو مانایەیـە، (**ذکـر**)، پێچەوانـەی (**نسـیان**) لـە بیرچوونەوەیـە و پێچەوانـەی بـێ ئاگاییـە، شـوێنی ئەسـڵی یـادی خـوا کـردن، بریتیـە لـە دڵ و دەروون.

٢- گرنگیی یادی خوا:

یـادی خـوا کـردن گشـتیترینی پەرستشـەکانە و هیـچ کاتێـك نیـە، خـوا فەرمانـی پـێ نەکردبـێ، خـوا ﷻ نەیبەسـتۆتەوە بـە حاڵەتێکـی تایبـەت، یـان کاتێکـی تایبـەت، یــان کەســانێکی تایبــەت، بەڵکــو گشــتاندوویەتی بەســەر هەمــوو کەســەکاندا و، لەهەمـوو کاتەکانـدا، بـۆ وێنـە خـوا ﷻ کـە دەفەرمـوێ: ﴿ ٱتۡلُ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِۗ وَلَذِكۡرُ ٱللَّهِ أَكۡبَرُۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تَصۡنَعُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾**العنکبـوت**، یانـی: یـادی خـوا گەورەتـرە لـە هەمـوو ئـەو شـتانەی دیکـە کـە باسـکران، هەروەهـا خـوا ﷻ وشـەی: (**ذِکْر**)ی فەرمـان پێکـردوە بـە گشـتیی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكۡرٗا كَثِيرٗا ﴿٤١﴾ ﴾، واتـە: ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! بەباسـکردنێکی زۆر، یـان بـە یادکردنێکـی زۆر، یـادی خـوا بکـەن.

٣- جۆرەکانی یادی خوا:

جۆرەکانی یادی خوا ﷻ ئێمە هەشت (٨)یانمان لێ هێناون:

١)- خوێندنەوەی کتێبی خوای بەرز.

٢)- بە پاکگرتن و ستایشکردنی خوا (**التسبيح والتحميد**).

٣)- پاڕانەوە لە خوا (**الدعاء**).

٤)- داوای لێبوردن کردن لە خوا ﷻ.

٥)- گوتنی (**اللهُ أَكْبَر**)، خوا گەورەترە.

٦)- خوا بە یەکگرتن، (**التوحيد**)، گوتنی: (**لا إله الا الله**).

٧)- سەڵات و سەلام ناردن بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ.

٨)- یادی خوا کردن لە حاڵە جۆراو جۆرەکان دا.

ئەوەش باسێکی زۆر دوور و درێژە.

٤- چۆن یادی خوای بەرز دەکەین:

بێگومـان یـادی خـوای بـەرز وەك لـە چەنـد ئایەتێکـی قورئانـدا دیـارە، چەنـد ئەدەبێکـی هـەن و دەتوانیـن بڵێیـن: شەشـیان ئـەو ئەدەبـە سـەرەکییانەن کـە دەبـێ ڕەچـاو بکریـن لـە کاتـی یـادی خـوای بـەرزی مـەزن دا:

١- یادی خوا بکرێ، بە کڕوزانەوەو لاڵانەوەو ملکەچییەوە: ﴿ وَٱذۡكُر رَّبَّكَ فِي نَفۡسِكَ تَضَرُّعٗا ﴿٢٠٥﴾ ﴾ **الأعراف**.

٢- یادی خوا بکرێ لە حاڵێکدا کە مرۆڤ سام و هەیبەتی خوای بەرز دایدەگرێ، هەست دەکات بە بەزریی و شکۆی بێوێنەی خوا: ﴿ وَٱذۡكُر رَّبَّكَ فِي نَفۡسِكَ تَضَرُّعٗا وَخِيفَةٗ ﴾، بە ترسەوە.

٣- زمانیش هاوبەش بێ لەگەڵ دڵدا، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَدُونَ ٱلۡجَهۡرِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ ﴿٢٠٥﴾ ﴾ **الأعراف**، بەبێ دەنگ بەرز کردنەوە.

٤- یادی خوا کردن بە دەنگ بەرزکردنەوەو هاوارو دەنگ هەڵهێنان نەبێ، بەڵکو بە دەنگێکی کپی نزم بە کرووزانەوەو لالانەوە بێ، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَدُونَ ٱلْجَهْرِ مِنَ ٱلْقَوْلِ ﴿٢٠٥﴾ ﴾، هەروەها: ﴿ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥ نِدَآءً خَفِيًّا ﴿٣﴾ ﴾.

٥- مرۆڤ بچێتە نێو یادی خواوەو کارلێکی لەگەڵ بکات، خۆی بەرەو خوای پەروەردگار دابڕێ و، هەست بە شهوودیی خوای بەرزی مەزن بکات و (**جَمَال و جَلال وعَظَمَة**)و هەیبەت و کەماڵی خوای پەروەردگار هەست پێ بکات، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلًا ﴿٨﴾ ﴾المزمل.

٦- لە ئەنجامی یادی خوادا، دڵ ڕاچڵەکین و موچڕکە پێداهاتن و هەست و نەست جووڵان بێ، وەك لە سوورەتی (الحج)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا لِّيَذْكُرُوا۟ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلْأَنْعَـٰمِ ۗ فَإِلَـٰهُكُمْ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌ فَلَهُۥٓ أَسْلِمُوا۟ ۗ وَبَشِّرِ ٱلْمُخْبِتِينَ ﴿٣٤﴾ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَٱلصَّـٰبِرِينَ عَلَىٰ مَآ أَصَابَهُمْ وَٱلْمُقِيمِى ٱلصَّلَوٰةِ وَمِمَّا رَزَقْنَـٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾، واتە: بۆ هەر کۆمەڵێك خوا پەرستییەکمان داناوە، تاکو یادی خوا بکەن، لەسەر ئەوەی پێیداون لە ئاژەڵەکان، ئنجا پەرستراوی ئێوە یەك پەرستراوە، بۆ ئەو ملکەچ بن و موژدە بدە بە ملکەچان و نەرم و نیانان (لە بەرانبەر خوای پەروەردگاردا)، ئەوانەی کاتێ یادی خوا دەکرێ، دڵییان ڕادەچلەکێ و خۆڕاگرن لەسەر ئەوەی تووشیان دێ و نوێژ بەرپاکەران و ئەوانەی لەوەی پێمان داون دەبەخشن.

هۆکاری شەشەم: بەخشین لەڕێی خوادا.

وەك خوا سبحانەو تعالی لە سوورەتی (**التوبة**)دا دەفەرموێ: ﴿ خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ ﴿١٠٣﴾ ﴾، واتە: لە ماڵەکانیان خێرو صەدەقەك وەربگرن، کە بەهۆیەوە پاکیان بکەیەوە و گەشەیان پێ بدەی و صەلاتیان لەسەر بدە..

هەروەها لە سوورەتی (**اللیل**)، ئایەتەکانی: (١٧ - ١٨)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَسَيُجَنَّبُهَا ٱلْأَتْقَى ﴿١٧﴾ ٱلَّذِى يُؤْتِى مَالَهُۥ يَتَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ ﴾، واتە: لێی دوور دەخرێتەوە.

[لەو ئاگرە گەورەیەی خوای] هەرە پارێزگار (کەسێك لە هەموو کەس پارێزکارترە) ئەو کەسەی ماڵ و سامانی خۆی دەدات و خۆی پاکوچاك دەکات.

هۆکاری حەوتەم: ئامرازی حەوتەم: پابەندیی بە شەریعەت و ئەدەبە بەرزەکانییەوە، لە بواری هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکاندا؛ ئەمیش دەتوانین زۆر بەڵگەی لە قورئان لەسەر بێنینەوە، کە خۆ ڕازاندنەوە بە ئەدەب و ڕەوشتەکان، لە بواری هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان دا دەبێتە هۆی تزکیەی نەفس، بۆ وێنە: لە سوورەتی (النور)، ئایەتەکانی: (٢٧ و ٢٨)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَدْخُلُوا۟ بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّىٰ تَسْتَأْنِسُوا۟ وَتُسَلِّمُوا۟ عَلَىٰٓ أَهْلِهَا ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٢٧﴾ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا۟ فِيهَآ أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّىٰ يُؤْذَنَ لَكُمْ ۖ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ٱرْجِعُوا۟ فَٱرْجِعُوا۟ ۖ هُوَ أَزْكَىٰ لَكُمْ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴿٢٨﴾ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! مەچنە ماڵانێك جگە لە ماڵەکانی خۆتان تاکو مۆڵەت وەرنەگرن، بزانن پێیان خۆشە و، ئاسوودەن بەچوونتان و، سڵاو لە دانیشتووەکانی ئەو ماڵانە نەکەن، ئەوە بۆ ئێوە باشترە، بەڵکو پەند وەربگرن (یان بیرتان بکەوێتەوە)، ئەگەر کەستان تێدا نەبینی، مەیانچنەتێ هەتا مۆڵەتتان دەدرێ، ئەگەر پێشتان گوترا بگەڕێنەوە، بگەڕێنەوە، ئەوە بۆ ئێوە پاك و چاکترە، خوا بەوەی دەیکەن زانایە، کەواتە: یەکێك لە هۆکارەکانی تەزکییەبوونی نەفس ئەوەیە کە مرۆڤ لە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی بڕازێنێتەوە بەئەدەب و ڕەوشتە بەرزو جوانەکان، لەنێوانیشیاندا چۆنییەتی سەردان و هاموشۆ.

هۆکاری هەشتەم: خۆ دوورگرتن لە گوناهان بەگەورەو گچەکەوە:

وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (النور) ئایەتی (٣٠)دا دەفەرموێ: ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا۟ مِنْ أَبْصَـٰرِهِمْ وَيَحْفَظُوا۟ فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴾، واتە: بە پیاوانی بڕوادار بڵێ: لە نیگای چاویان بگرنەوە و داوێنی خۆشیان بپارێزن، ئەوە بۆ ئەوان پاك و چاکترە، بێگومان خوا بەوەی کە وردەکارانە دەیکەن، شارەزایە [دەزانێ چی دەکەن و چۆنی دەکەن؟]

هۆکاری نۆیەم و کۆتایی: داواکردن لەخوای بەرز، هاوار تێبەستن لە بەزەیی و بەخششەکەی:

چونکە لە سووڕەتی (النور) ئایەتی (٢١)دا دەفەرموێ: ﴿وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُزَكِّي مَن يَشَآءُ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢١﴾﴾، واتە: ئەگەر بەخششی خواو بەزەیی خوا نەبووایە لەسەرتان، هیچ کام لە ئێوە پاکو چاك نەدەبوون، بەڵام خوا هەر کەسێك بیەوێ پاك وچاکی دەکات، خوا بیسەری زانایە.

بۆیەش دەڵێین: نۆیەم هۆکار لە هۆکارەکانی خۆ پاك و چاککردن، پەنا بەخوا بردن و داوا لە خوا کردن و هاوار لە خوا بەستنە، چونکە پێغەمبەری خاتەمیش ﷺ هەر وای کردوە، وەك لەم دەقەوە دیارە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {اللَّهُمَّ آتِ نَفْسِي تَقْوَاهَا، وَزَكِّهَا أَنْتَ خَيْرُ مَنْ زَكَّاهَا، أَنْتَ وَلِيُّهَا وَمَوْلَاهَا} (أخرجه أحمد: ١٩٣٢٧، ومسلم: ٢٧٢٢، والنسائي: ٥٤٥٨، والطبراني: ٥٠٨٦).

واتە: ئەی خوایە! پارێزکاری بەنەفسم ببەخشە و، پاکوچاکی بکە، تۆ باشترین کەسێکی پاك وچاکی بکەی، تۆ سەرپەرشتیارو مشورخۆری نەفس منی.

٤- چەند تێبینییەك لەسەر قوتابخانەکانی تەزکییەی نەفس و ڕێبازەکانی تەصەووف:

ئەم بابەتە لە چوار خاڵدا دەخەینەڕوو:

١- پێویستە جیاوازیی بکەین لە نێوان تەزکیەی نەفس و، قوتابخانەو ڕێبازەکانیدا.

٢- تەزکیە بە چەمك و واتا تایبەتییەکەی، بەشێك و لایەنێك لە لایەنەکانی ئیسلام.

٣- دامەزرێنەرانی قوتابخانەکان تەزکیە، ئەوانەی ڕێبازەکانی تەصەووفیان پاڵ دەدرێنەلا، زانایانی ئیسلام پێشەوایانی مسوڵمانان بوون.

٤- قوتابخانەکانی تەزکیەو ڕێبازەکانی تەصەووف تەنیا ئەزموون و کۆششی زانایان و پێشەوایان بوون لەو بوارەدا، بۆیە بەپێی تەرازووی قورئان و سوننەت لێیان وەردەگیرێ و، لێشیان ڕەفز دەکرێ، ئەوەی لەگەڵ قورئان و سوننەتدا نەیەتەوە.

یەکەم: پێویستە جیاوازیی بکرێت لەنێوان تەزکیەی نەفس و، قوتابخانەکان و ڕێبازەکان، تەزکیەی نەفس دا واتە: خۆ پاك و چاککردن لە زاتی خۆیدا، لایەنێکی زۆر گەورەو گرنگی ئیسلامە، کە باسمان کرد، لە تەوەرەکانی ڕابردوودا خوا ﷻ سەرفرازیی و بەختەوەریی و بە مراد گەیشتنی دنیاو دواڕۆژی بە خۆ پاك و چاککردنەوە بەستۆتەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ ﴾**الأعلى**، هەروەها ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ﴿٩﴾ ﴾**الشمس**، تەزکییە لە زاتی خۆیدا لە هەموو حاڵاندا لایەنێکە لە لایەنەکانی ئیسلام، بەڵکو لایەنی زۆر گەورەو گرنگی دیندارییە بەبێ ئەوە مرۆڤ هیچ بەهیچ ناکات لە بواری خواپەرستییدا، بەڵام قوتابخانەکانی تەزکیە، ڕێبازەکانی تەصەووف، ئەوانە هەموویان ئەزموونن و، بۆچوونی زانایانن، کۆششی ئەوانن لەو بوارەدا، بۆیە ئەگەر کەم و کوڕییەکمان لە قوتابخانەیەکی تەزکیەدا بینی، یان لە ڕێبازێکی تەصەووفمان بینی، نابێ کۆی ئەو لایەنەمان لەبەرچاو ببێزرێ و، لەبەرچاومان بکەوێ یاخود نیشانەی پرسیاری بخەینە سەر،

چونکە وەك چۆن ئیمان و عەقیدە بەشێکی گەورەو گرنگی دینداریی مسوڵمانانە و، بناغەی دینداریی و مسوڵمانێتییە، هەروەها پەرستشەکان لایەنی پەروەردە، لایەنی حوکم و سیاسەت و لایەنی جەنگ و جیهاد، ئنجا ئەگەر کەسێکمان بینی بە هەڵە باسی ئیمان و عەقیدەی کردیان، بە هەڵە پەرستشێکی ئەنجامدا، بە هەڵە لە بواری حوکم و سیاسەتدا شتێکیی گوت، یان بە هەڵە لە بواری جەنگ و جیهادا مومارەسەیەکی هەڵەی کرد، نابێ ئەو لایەنەمان لەبەرچاو بکەوێ، دەبێ بڵێین: ئەو کەسە یان ئەو لایەن و خەڵکە، لەو ڕووەوە، لەو بوارەدا هەڵەو کەموکوڕییان هەیە، بەهەمان شێوەش تەزکیەی نەفس لەزاتی

خۆیدا لایەنێکی گەورەو گرنگی دینداریی و مسوڵمانێتیە، نابێ تێبینیمان لەسەر قوتابخانەکانی تەزکیەی نەفس و ڕێبازەکانی تەصەووف وامان لێ بکات، ئەو لایەنە نادیدە بگرین، یاخود بە کەم تەماشای بکەین.

دووەم: تەزکییە بە چەمك و واتا تایبەتەکەی، تەنیا بریتیە لە لایەنێك لە لایەنەکانی ئیسلام، بۆیەش دەڵێین: بە چەمك و واتا تایبەتییەکەی، واتە: گرنگیدان بە ڕووحیی و، مەعنەویی، لایەنی پەنهان و نەبینراوی مسوڵمانێتی، تەنیا لایەنێکە لە لایەنەکانی ئیسلامەتی، وە ئیسلام هەمووی لەوەدا خوڵاصە نەبۆتەوە.

تەزکیەش زۆرجاران وشەی: (تصوف)ی بۆ بەکاردەهێنرێ، بەڵام من پێم خۆشە وشەی: تەزکییە بەکاربهێنرێ، چونکە وشەیەکی قورئانییە، هەڵبەتە ئەوانەش کە لە ئەو بوارەدا وا مامەڵە دەکەن کە بریتیە لە هەموو ئیسلام و دینداریی و مسوڵمانێتی لەوەدا خوڵاصە دەبێتەوە، بە هەڵە داچوون، تەزکیەی نەفس بە واتا تایبەتەکەی بریتیە لە خۆ پاك وچاككردن و نەفسی خۆ بژارکردن لە سیفەتە خراپەکان و، ڕازاندنەوەی بە سیفەتە باشەکان، ئەمە پێناسەیەکی زۆر جوانی تەزکیەی نەفسە: (**التَّخليَةُ مِنَ الرَّذائِل، وَالتَّحليَةُ مِنَ الفَضَائِل**)، خۆ بژارکردن لە سیفەتە نزم و پەستەکان و، خۆڕازاندنەوە بە سیفەتە بەرزو پەسندەکان، بەو واتایەش بێگومان لایەنێکە و، بەشێکە لە دینداریی و مسوڵمانێتی و مسوڵمانێتی زۆر لەوە فراوانترە.

سێیەم: دامەزرێنەرانی قوتابخانەکانی تەزکیە و ئەوانەی ڕێبازەکانی تەصەووفیان پاڵ دەدرێنە لا، لە زانایانی ئیسلام و پێشەوایانی مسوڵمانان بوون، گرنگە ئەوە بزانین کە هەموو ئەوانەی لەو بوارەدا کاریان کردوە، بۆ وێنە: (شێخ عەبدولقادری گەیلانی، سەید ئەحمەدی سەرهەندیی، شێخ جونەید، ئەبو سولەیمانی دارانی، حاریسی موحاسیبی، ئەبوو حامیدی غەززالیی و....هتد) هەموو ئەوانە زانایانی مسوڵمانان و پێشەوایانی مسوڵمانان بوون، مەرجیش نیە خۆیان ناویان لەو ڕێبازەی خۆیان نابێ، تەریقەتی فلان، (شێخ عەبدولقادر) نەیگوتوە: بێنن بە دوای عەبدولقادر بکەون و ئەوە تەریقەی

قادرییە، (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێ)، بەڵکو هەموو کتێبەکانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، بۆ نمونە: (**الفَتْحُ الرَّبَّاني وَالفَيْضُ الرَّحْماني**)، هەروەها (**الغُنية لِطَالِبِ طَرِيقِ الحَق**)، هەروەها (**فُتوح الغَيث**)، کتێبەکانی دیکەی تەماشا بکەین هەر باسی قوڕئان و سوننەت دەکات، ڕۆژێك لە ڕۆژان شێخ عەبدولقادری گەیلانی، نەیگوتووە: بەدوای من بکەون ئەوە ڕێبازی منە، گوتوویەتی: وەرن ئایەتی خوا وا دەفەرموێ، فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ وا دەفەرموێ، بە ئەندازەی ئەوەی کە خۆیان لە قوڕئان و سوننەت تێگەیشتوون، خەڵکیان بۆ قوڕئان و سوننەت بانگ کردوە، خەڵك لە دوای خۆیان ناوی لێناون ڕێبازی قادریی و ڕێبازی نەقشبەندیی و ڕێبازیی بەدەویی و ڕێبازی ڕیفاعیی و ڕێبازیی چەشتیی و کوبرەویی و ڕێبازی فلان و ڕێبازی فلان، ئەمە وەك ڕێبازەکانی تەصەووف.

وەك قوتابخانەکانـی تەزکیـەش بەهەمـان شـێوە، هەندێـك لـە زانایـان ناویـان وەك دامەزرێنـەری قوتابخانەیەکـی تەزکیـەی نەفـس دەرچـووە، هەندێکیـان ناویـان وا دەرنەکەوتـوە، بـەڵام کاری زۆرشـیان لەوبـارەوە کـردوە، وەك هـەر کام لـە ئیبنـو تەیمییـە ڕەحمەتـی خـوای لێبـێ، هەروەهـا ئیبنـو قەییمـی جەوزیـی کـە قوتابـی ئیبنـو تەیمیـە بـوەو، کۆمەڵێکـی زۆر کتێبیـان هـەن لـە بـارەی تەزکیـەی نەفسـەوە لـە بـارەی خـۆ پاکـو چاککردنـەوە، لـە حاڵێکـدا وەك هەندێـك لـە زانایانـی دیکـەی ئـەو بـوارە ناویـان وا دەرنەکـردوە، بـەڵام کاری زۆریشـیان کـردوە لەسـەر مەسـەلەی تەزکیـەی نەفـس.

پێـم وایـە هیـچ زانایەکـی ئیسـلام و هیـچ پێشـەوایەکی ڕەسـەن نەبـووە، کـە پشـکو بەشـی باشـی نەبووبـێ، لـە مەسـەلەی تەزکیـەی نەفسـداو، کاری زۆر لـەو بـارەوە نەکردبـێ، بۆچـی؟

چونکـە جددیـی ئەگـەر بەچەمکـە گشـتییەکەی تەماشـای تەزکییـە بکەیـن، خـۆ پـاك وچاککـردن هەمـوو بوارەکانـی دینداریـی دەگرێتـەوە و، ئەگـەر بـە چەمکـە تایبەتییەکەشـی تەماشـای بکەیـن، تەزکیـەی نەفـس ئـەو لایەنـە گـەورەو گرنگـەی

دینداریی دەگرێتەوە کە لایەنێکی پەنهانە، پەیوەندیی بە ڕووح و ناخی مرۆڤەوە هەیە، ئنجا هیچ کەسێك ناگونجێ دیندارێکی ڕاست و ڕەسەن و ساغ و پاك و چاك بێ و، مشوورێکی زۆرباش لەو لایەنەی خۆی نەخوات.

٤- قوتابخانەکانی تەزکیەو ڕێبازەکانی تەصەووف، تەنیا ئەزموون و کۆشش و بۆچوونی زانایان و پێشەوایان بوون، بۆیە لە قوتابخانەکانی تەزکیەو، لە ڕێبازەکانی تەصەووف وەردەگیرێ، کە پێمان وایە لەگەڵ قورئان و سوننەتدا دەگونجێ و بەپێی تەرازووی قورئان و سوننەت، ڕاستە و، ئەوەش ڕەفز دەکرێ کە پێمان وابێ لەگەڵ قورئان و سوننەتدا ناگونجێ، لە دەرەوەی قورئان و سوننەتە، یان لەگەڵیاندا تێکدەگیرێ، ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە کە قوتابخانەکانی تەزکیەی نەفس و ڕێبازەکانی تەسەوف وادائەنێین کە دینی تایبەتن و، نابێ هیچکەس هیچ شتێکیان بەسەر خاوەنەکانیاندا بداتەوە،! پێشەوایانێك کە ئەو ڕێبازانەیان پاڵدراوەتە لا، یاخود ئەو قوتابخانانەی تەزکیەی نەفسیان دامەزراندوون، هەرگیز هیچ کام لافیی ئەوەی لێ نەداوە، کە هەرچی دەیڵێ ڕاستە و، هەرگیز هیچ کام لەوانە نەیگوتوە: پارێزراوم لە هەڵە، بۆیە شوێنکەوتووانیشیان، دەبێ زۆر وریا بن، پارێزراوان لە هەڵە تەنیا پێغەمبەرانن (**علیهم الصلاة والسلام**)، ئەویش لە هەڵەی بە ئانقەست، واتە: شتێك بزانن گوناهەو بیکەن لەوە پارێزراون، بەڵام لەوەدا کە بۆچوونێکیان ببێ نەیان پێکابێ، پارێزراونەبوون، پێغەمبەران (**علیهم الصلاة والسلام**)، هەموویان لە قورئاندا خوای پەروەردگار هەڵەی پاڵ داونە لا، بۆ چوونێکیان بووە، هەڵهێنجانێکیان بووە، نەیان پێکاوە، بەتایبەت پێغەمبەری سەروەرییان گەورەو پێشەوای پێغەمبەران موحەممەد ﷺ خوا لە چەند شوێن لە قورئاندا هەندێك شتی پاڵداوەتە لا، کە کردوویەتی نەدەبوو کردبای، فەرموویەتی نەدەبوو فەرمووبای، خواش بۆی ڕاست کردۆتەوە، بۆ وێنە:

﴿عَفَا اللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ ﴿٤٣﴾﴾ **التوبة**، واتە: خوا لێتببووری بۆچی مۆڵەتتدان (هی دڵ نەخۆشەکان)؟ مۆڵەتت نەدابان نەیەن بۆ جەنگی تەبووك.

٢- هەروەها: ﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِي ٱلْأَرْضِ ﴿٦٧﴾ ﴾ **الإسراء**، واتـە: هیـچ پێغەمبەرێـك بـۆی نییـە، دیلـی هەبـن هەتاکـو کافـران خەسـت و خـۆڵ نـەکات لـە کوشـتنیاندا، دەبـێ زۆریـان لـێ بکـوژێ لـە پـەل و پۆیـان بخـات، ئنجا ئەگـەر دوایـی دیلیـان لـێ بگـرێ، بـەو واتایـە نـا کـە دەبـوو دیلـەکان بکـوژن، واتـە: بـە تەماعـی ئـەوەی کـە دوایـی قەرەبوویـان لێوەربگـرن، نەدەبـوو بەدیلیـان بگـرن.

هەروەهـا: ﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١﴾ أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ ﴿٢﴾ ﴾عبـس، واتـە: ڕووی خـۆی گـرژ کـردو، ڕووی وەرچەرخـان، کاتێـك پیـاوە کوێرەکـە هـات بـۆ لای، لێـرەدا خـوا ڕەخنـە لـە پێغەمبـەر ﷺ دەگـرێ کـە نەدەبـوو وات بکردبایـە، بۆچـی؟ پێغەمبـەر ﷺ ئیجتیهادێکـی کـردوەو نەیپێـکاوە، بـەڵام بێگومـان پێغەمبـەران سـەلامی خوایـان لێبـێ هیـچ شـتێکیان نەکـردوە نـە گوتـوەو کـە زانیبوویـان گوناهـەو گوتبیـان یـان کردبیـان، بـەڵام جـاری وا هەیـە ئیجتیهادییـان کـردوە لـە بـۆ چوونێـك لـە بـارەی شـتێکەوە هەڵسـو کەوتێکیـان کـردوە نەیانزانیـوە گوناهـە، یـان نەیـان پێکاوە، خـوای پـەروەردگار بـۆی ڕاسـت کردوونەتـەوە.

ئنجـا ئەگـەر پێغەمبـەران وابووبـن، شـوێنکەوتووانی پێغەمبـەران کـە زۆر لـە خـوار ئەوانـەوەن بـە پێچەوانـەی ئـەوەی کـە موحیەددینیـی ئیبنـو عەرەبـی لـە هەندێـك لـە کتێبەکانیـدا بـاس دەکات، کـە هەندێـك لەدۆسـتانی خـوا ڕەنگـە لـە هەندێـك شـتدا، لـە پێـش پێغەمبەرانـەوە بـن، ئـەوە ئەسـڵ و ئەساسـی نییـە، ئەفسـانەیەکە خـۆی دایهێنـاوە، باسـی (خاتـم **الأولياء**)و (خاتـم **الأنبياء**) دەکات، هـەر ئەفسـانەیەکە خـۆی دایهێنـاوە، هیـچ بەڵگەیەکـی لەسـەر نیـە، ئـەوە ئـەوەی لـێ بەرە دەرێ، هەمـوو ئەوانـەی غەیـری پێغەمبەرانـن لـە خـوار پێغەمبەرانـن لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە لـە ڕووی زانیارییـەوە لـە ڕووی تەقـواوە، لـە ڕووی پەرستشـەکانەوە، لـە ڕووی تێگەیشـتنەوە، لـەڕووی پابەندییـەوە، لـە هەمـوو ڕوویەکانـەوە لـە خـوار پێغەمبەرانـەوەن، بۆیـە ئەگـەر پێغەمبـەران لـە هەڵـەو لـە بۆچوونـی هەڵـە لـە کۆششـکردنی هەڵـە پارێـزراو نەبووبـن، غەیـری پێغەمبـەران لێـی پارێـزراو نیـن.

پێویستە ئاوا تەماشای قوتابخانەکانی تەزکیەو ڕێبازەکانی تەصەووف بکەین، کە ئەزموون و تاقیکردنەوەو بۆچوونی زاناو پێشەوایان بوون لەو بوارەدا، بۆیە ئەوەی کە پێمان وابێ لەگەڵ قورئان و سوننەتدا دژ دەوەستێ، ڕەتی دەکەینەوە، ئەوەش کە پێمان وابێ بە ئەرازووی شەریعەت لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا ڕاست و دروستە، وەریدەگرین و سوپاسیشیان دەکەین، داواش دەکەین خوا پاداشتیشیان بداتەوە.

بەڵام بێگومان نابێ هیچ کام لەو زانا پێشەوایانە نەڕێبازەکەی، نە کتێبەکانی، نە قەسەکانی وا تەماشا بکرێن، کە ئەوە بەفری بێ پەڵەو فریشتەی بێ هەڵەیەو، هەموو شتێکی لێ وەردەگیرێ، ئەوە تەنیا بۆ پێغەمبەری خاتەم وایە ﷺ، تەنیا پێغەمبەری خاتەم پارێزراو بووە لە هەڵەو کەموکوڕیی، چ لە ڕووی زانیارییەوە چ لە ڕووی کردەوە. وە لێرەشدا کۆتایی بەم کورتە باسە دێنین لە بارەی تەزکیەی نەفسەوە.

هەروەها کۆتایشش دێنین بەکۆی تەفسیری سوورەتی (الشمس) خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی یارمەتیمیان بدات، هەرچی زیاتر بە قورئاندا قوڵبینەوەو لێی وردبینەوە و، لێی تێبگەین و، بەهۆیەوە پێبگەین، تاکو بەهۆی ئەوەوە لە دنیادا، ژیانێکی دروست و ساغ و پاك و چاك بگوزەرێنین و، سەرەنجامیش لە ڕۆژی دواییدا شایستەی ئەوە بین خوا ﷻ بمانخاتە ژێر سایەی بەزەیی خۆیەوە و، پێغەمبەری خاتەم ﷺ موحەمەدیش بە شوێنکەوتووی خۆی لە قەڵەممان بدات.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

تەفسیری سووڕەتی

اللَّيْلِ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمـڕۆ (٩)ی مانگــی (ذي الحجــة)ی ســاڵی (١٤٤١)ی کۆچیــی، بەرانبــەر (٣٠)ی تەممــووز، [واتــە: مانگــی (٧)]ی ســاڵی (٢٠٢٠) زاينييــە، لــە شــاری دێرینــی هەولێــر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیر کردنـی سـوورەتی (اللَّيل)، سـەرەتاش پێناسـەو نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە حـەوت بڕگـەدا دەخەینـەڕوو، بـۆ ئـەوەی چوارچێـوەی ئـەو سـوورەتە موبارەکـەو هێڵـە گشـتییەکانیمان لەبەرچـاو بـن، بـەر لـەوەی بچینـە نێـو وردەکارییەکانـی واتـاو مەبەسـتی ئایەتـە بـە پێـزەکان.

پێناسەی سوورەتی (الليل) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە سێ ناوی بۆ بەکارهێنراون:

یەکەم: (سُورَةُ اللَّيْل).

دووەم: (سُورَةُ وَاللَّيْل).

سێیەم: (سورةُ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ).

بەڵام ئەو ناوەی لە هەموویان زانراوترەو باوترە، بریتیە لە: (سورةُ اللَّيْل).

دووەم: شوێنی دابەزینی:

بــەڕای زۆربــەی زانایــان ئــەم ســوورەتە مەککەییــەو لــە مەککــە دابەزییــوە، هەندێکیـش بەمەدینەیـی دادەنێـن، لەبـەر بەسـەرهاتی کڕانـی دارخورمایەکـە کـە

دوایـی باسـی دەکەیـن، لـە هـۆی هاتنـە خـواری هەندێـك لـە ئایەتەكانـی ئـەم سـوورەتە موبارەكـەدا، بـەڵام هـەر ڕای یەكەمیـان ڕاسـتەو، گومانـی تێدانیـە كـە ئـەم سـوورەتە موبارەكـە مەككەییـە، لـەم بارەشـەوە ئـەم دەقـە دێنیـن:

(عَنْ عَبْدِ اللهِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ، قَالَ: نَزَلَتْ سُورَةُ {واللَّيْلِ إِذَا يَغْشَى} بِمَكَّة)، ذَكَرَهُ السيوطي فِي الدُّرُّ المَنْثور: ج٨، ص٥٣٢، ونَسبه لابن الضريس والنَّحَّاس، وابن مَرْدَوَيه، والبيهقي، الإستيعاب فِي بيَان الأسباب: ج٣، ص٥١٥).

واتـە: عەبدوڵڵای كـوڕی عەبباس ﷺ، گوتوویەتـی سـوورەتی: ﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ﴾ لـە مەككـە دابەزیـوە.

بـە سـەرنجدانی ئایەتەكانـی ئـەم سـوورەتە موبارەكـەو، تێوەڕامانی سروشتەكەشـی بـە ئاشـكرا، دیـارە كـە سـوورەتێكی مەككییـەو لـە قورئانـی مەككەییە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

لـە ڕیزبەندیـی موصحەفـدا ژمارەكـەی نـەوەدو دوو (٩٢)یـە، واتـە: نـەوەد و یـەك سـوورەت لـە پێـش ئـەم سـوورەتەدا ڕیزبەندكـراون لـە موصحەفـدا، لـە دابەزینیشـدا ژمـارە نـۆ (٩)ی بـۆی دانـراوە، واتـە: لـە سـوورەتە سـەرەتاییەكانە كـە دابەزیـون، پێـش سـوورەتی **(الفجـر)** و، دوای سـوورەتی **(الأعلى)** دابەزیـوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەكانی ئەم سوورەتە:

ژمـارەی ئایەتەكانـی ئەم سـوورەتە موبارەكە بیسـت و یـەك (٢١)ە، بـە یەكدەنگیی هەمـوو ژمێرەرانی ئایەتەكانـی قورئان.

پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە بەهـەر بیسـت و یـەك (٢١) ئایەتەکەیـەوە لـە بـارەی بابەتێکەوەیە، ئەویـش ئەوەیـە: خـوا ﷻ سـوێند بـە شـەو و ڕۆژ و، بـە بەدیهێنـەری نێـرو مێیـان دەخـوات، کـە هـەوڵ و کۆششـی مرۆڤـەکان جـۆراو جـۆرن، دوایـی باسـی بابایەکـی بەخشـەری پارێـزکارو بـە ڕاسـتدانەری پاداشـتی باشـتر دەکات، کـە خـوا بـەرەو خێـر ئاسـانی دەکات و وەریدەچەرخێنـێ، دوایـی بـە پێچەوانـەوە: باسـی بابایەکـی ڕژدو بێبـاك لەخـواو بەدرۆدانـەری پاداشـتی چاکـترو، ئاسـانکردنی بـەرەو قورسـیی و ناڕەحەتیـی و، سـوود پـێ نەگەیاندنـی سـامانەکەی، دەکات، دوایـی باسـی خاوەندارێتیی ڕەهـای خـوا ﷻ دەکات بـۆ دواڕۆژو دنیـا، ئنجـا ترسـاندنی ئـەو جـۆرە مرۆڤـەش یـان مرۆڤـەکان بـە گشـتیی لـە ئاگرێکـی بڵێسـەدار، کـە تەنیـا خراپتریـن کەسـی بـەدرۆ دانـەرو پشـت هەڵکـەری دەچێتـێ و، بابـای پارێـزکاری سامانی خـۆ بەخشـەر بـەس لەبـەر خـوا، لێـی دوور دەبـێ، خـوای پەروەردگاریـش ئـەو جـۆرە کەسـە ڕازی و شـادمان و بەختـەوەر دەکات، ئەوەنـدەی پاداشـتی بـەرزو مـەزن پـێ دەدات.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

لەم سوورەتەدا چوار تایبەتمەندییمان کەوتوونەتە بەرچاو:

١- ئەو سێ سوێندەی لە سەرەتاوە هاتوون: ﴿ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ ۝١ وَٱلنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ ۝٢ وَمَا خَلَقَ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ ۝٣ إِنَّ سَعۡيَكُمۡ لَشَتَّىٰ ۝٤ ﴾، لە هەموو قورئاندا تەنیا لەم سوورەتەدا ئاواهاتوە، واتە: سوێند بە شەوگار کە دادەپۆشێ و، سوێند بەڕۆژگار کە دەردەکەوێ و دەدرەوشێتەوەو، سوێند بەوەی نێرو مێی هێناونە دی، هەوڵ و کۆششی ئێوە جۆراو جۆرە.

٢- هەردوو تەعبیری:

أ- ﴿ فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَاتَّقَىٰ ﴿٥﴾ وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَىٰ ﴿٦﴾ فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَىٰ ﴿٧﴾ ﴾
ب- ﴿ وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَىٰ ﴿٨﴾ وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَىٰ ﴿٩﴾ فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَىٰ ﴿١٠﴾ ﴾

ئەم دوو تەعبیرە لە بارەی ناساندنی دوو جۆرە کەسایەتیی، کە یەکێکیان ئەوپەڕی چاکە و ئەوی دیکەشیان ئەو پەڕی خراپە، تەنیا لەم سوورەتەدا بەم شێوەیە هاتوون.

٣- چوونە دۆزەخی خراپترین کەس و، لێ دوور بوونی پارێزکارترینیان: ﴿ لَا يَصْلَاهَا إِلَّا الْأَشْقَى ﴿١٥﴾ الَّذِي كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿١٦﴾ ﴾، ئەوی دیکەش: ﴿ وَسَيُجَنَّبُهَا الْأَتْقَى ﴿١٧﴾ الَّذِي يُؤْتِي مَالَهُ يَتَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ وَمَا لِأَحَدٍ عِنْدَهُ مِنْ نِعْمَةٍ تُجْزَىٰ ﴿١٩﴾ إِلَّا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِ الْأَعْلَىٰ ﴿٢٠﴾ وَلَسَوْفَ يَرْضَىٰ ﴿٢١﴾ ﴾.

٤- ئەم تەعبیرە: ﴿ وَمَا لِأَحَدٍ عِنْدَهُ مِنْ نِعْمَةٍ تُجْزَىٰ ﴿١٩﴾ ﴾، بۆ هیچکەس چاکەیەك لە لای وی نەبوو، پاداشت بدرێتەوە، واتە: ئەوەی کردی تەنیا بۆ ڕەزامەندیی خوا کردی، نەك هەقی کەسێکی بەسەرەوە بووبێ، یان چاکەیەکی کەسێکی لە چاودا بووبێ.

حەوتەم و کۆتایی: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمە کۆی بیست و یەك (٢١) ئایەتەکەی ئەم سوورەتە موبارەکە، دەکەین بە یەك دەرس، لەبەر ئەوەی هەموویان پەیوەست و پێکەوە تێکهەڵکێشن.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە هـەر بیسـت و یـەك (٢١) ئایەتەكـەی سـوورەتی (اللیـل) پێك دێ، پێشـتریش باسـمان كـرد، كـە ئـەم سـوورەتە موبارەكـە هەمووی یـەك بابـەت بـاس دەكات، بەمجـۆرە: دوای ئـەوەی خـوا ﷻ سـوێند دەخـوات بـە شـەوگار كە دادەپۆشـێ، واتـە: ڕووی زەوی دادەپۆشـێ و، بـە ڕۆژگار كـە دەدرەوشـێتەوە، ڕۆژگار خۆشـیی و پانتایـی زەوییـش ڕوونـاك دەكاتـەوەو دەدرەوشـێنێتەوەو، بـەو زاتـەی نێـرو مێـی هێناونـە دی، وەڵامـی سـوێندەكەش ئەوەیـە كـە دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّىٰ﴾، هـەوڵ و كۆششـەكەی ئێـوە جـۆراو جـۆرە، یـەك بـەو لادا، یـەك بەملاداو،....هتـد.

دوایـی خـوا ﷻ دێتـە سـەر ڕوونكردنـەوەی جۆراوجـۆر بوونـی هـەوڵ و كۆششـەكان و، دەیانكاتـە دوو جـۆری سـەرەكیی: ﴿فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَاتَّقَىٰ ۝٥ وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَىٰ ۝٦ فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَىٰ ۝٧﴾، ئنجـا كەسـێك كـە ببەخشـێ، چـی ببخەشـێ؟ هەرچـی هەیەتـی لـە پێنـاوی خـوادا ببیەخشـێ بـە خەڵـك، لێـرەدا هەرچەنـدە بـە پلـەی یەكـەم شـتی ماددیـی دەگرێتـەوە، بـەڵام شـتی مەعنەوییـش دەگرێتـەوە: زانسـت ببەخەشـێ، عەقـڵ ببەخشـێ، لـە ڕێـزو مەكانەتـی خـۆی ببەخشـێ، صوڵـح و چاكـە بـكات، ﴿وَاتَّقَىٰ﴾، خۆشـی بپارێـزێ، پارێـز لـە خـواش بـكات، ﴿وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَىٰ﴾، پاداشـتی هـەرە باشـیش بەڕاسـت دابنـێ و بـڕوای پـێ بێنـی، ﴿فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَىٰ﴾، (كەسـێكی ئـاوا) ئاسـانی دەكەیـن بـۆ ڕێبـازی هـەرە ئاسـان، كـە بریتیـە لـە ئیسـلامەتیی و دینداریـی، كـە لەگـەڵ نـاخ و زگماكـی مرۆڤـدا گونجـاوو تەبایـە، یاخـود ئاسـانی دەكەیـن بـۆ هەمـوو شـتێكی ئاسـان، بـۆ هەمـوو خێـرو چاكەیـەك.

﴿وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَىٰ ۝٨ وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَىٰ ۝٩ فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَىٰ ۝١٠﴾، بـەڵام كەسـێك چرووكیـی بنوێنـێ و، لـە جیاتـی ئـەوەی پارێزیـش لـە خـوا بـكات، بێبـاك و بـێ منـەت بـێ، بـێ نیازیـی پێشـان بـدات بەرانبـەر بـە خـوا، ﴿وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَىٰ﴾، بـە

پاداشتی هەرە چاکیش بێبڕوابێ و بە درۆی دابنێ، ﴿ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡعُسۡرَىٰ ﴾، ئەویش ئاسان دەکەین بەرەو سەغڵەتیی و نارەحەتیی و قورسیی، کە یان مەبەست پێی ژیانی نامسوڵمانانەی دنیایەتی، کە ژیانێکی قورس و بە زەحمەتەو، پڕە لە دڵەڕاوکەو نارەحەتیی و ڕەشبینیی، یان مەبەست پێی ئەوەیە لە ڕۆژی دواییدا تووشی ژیانێکی قورس و زەحمەت دێ لە دۆزەخدا.

﴿ وَمَا يُغۡنِي عَنۡهُ مَالُهُۥٓ إِذَا تَرَدَّىٰٓ ﴾ کاتێکیش دەکەوێتە نێو دۆزەخەوە، یان کاتێکیش دەخرێتە نێو گۆڕەوە، یان کاتێکیش کە لە بەین دەچێ، ماڵ و سامانەکەی هیچ دادی نادات و سوودی پێ ناگەیەنێ.

دوایی خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّ لَنَا لَلۡأٓخِرَةَ وَٱلۡأُولَىٰ ﴿١٣﴾ فَأَنذَرۡتُكُمۡ نَارٗا تَلَظَّىٰ ﴿١٤﴾ ﴾، بە دڵنیاییی مەنزڵگای کۆتایی و ژیانی یەکەم (کە دنیایە) هی ئێمەن، بۆیەش ئێوەم ترساندوەو ئاگادارم کردوونەوە لە ئاگرێك کە کڵپە دەستێنێ، ﴿ تَلَظَّىٰ ﴾، واتە: کڵپە دەستێنێ و بڵێسەی بەرزدەبێتەوە، ئایا کێ بۆ ئەو ئاگرە دانراوە؟ ﴿ لَا يَصۡلَىٰهَآ إِلَّا ٱلۡأَشۡقَى ﴾، پێی ناسووتێنرێ جگە لە بابایەکی زۆر خراپەکار، **(الأَشْقى)** واتە: زۆر بەدبەخت و خراپەکار، یانی: **(الأَشَدُّ شَقَاوَةً)**، یانی: لە هەموو کەس خراپترو بەدبەختتر بێ، ﴿ وَسَيُجَنَّبُهَا ٱلۡأَتۡقَى ﴾، لێشی وەدووردەخرێ، بابایەکی زۆر پارێزکار، ئەوپەڕی پارێزکار ﴿ ٱلَّذِي يُؤۡتِي مَالَهُۥ يَتَزَكَّىٰ ﴾، ئەو کەسەی ماڵ و سامانی خۆی دەبەخشێ، خۆی پاك و چاك دەکات، ﴿ وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُۥ مِن نِّعۡمَةٖ تُجۡزَىٰٓ ﴾، بۆ هیچکەسیش چاکەیەك نیە لە لای وی، کە پاداشت بدرێتەوە، (واتە: ئەو ماڵ و سامانەی دەبەخشێ لە بەرانبەر چاکەیەکدا نیە لەگەڵیدا کرابێ)، ﴿ إِلَّا ٱبۡتِغَآءَ وَجۡهِ رَبِّهِ ٱلۡأَعۡلَىٰ ﴾، هیچ هاندەرو پاڵنەرێکی نیە، جگە لە داواکردنی ڕووی پەروەردگاری هەرە بەرزی، واتە: بۆیە ماڵ و سامانەکەی دەبەخشێ، کە بە دیداری خوا شاد بێ و، ڕەزامەندیی خوا بەدەست بێنێ، ﴿ وَلَسَوۡفَ يَرۡضَىٰ ﴾، لەمەودواش بە دڵنیاییی ڕازی دەبێ، خوا ئەو پاداشتەی دەیداتێ، پێی شادمان و بەختەوەرو ڕازیی دەبێ.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ ﴿١﴾ وَٱلنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ ﴿٢﴾ وَمَا خَلَقَ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ ﴿٣﴾ إِنَّ سَعۡيَكُمۡ لَشَتَّىٰ ﴿٤﴾
فَأَمَّا مَنۡ أَعۡطَىٰ وَٱتَّقَىٰ ﴿٥﴾ وَصَدَّقَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ ﴿٦﴾ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡيُسۡرَىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسۡتَغۡنَىٰ
﴿٨﴾ وَكَذَّبَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ ﴿٩﴾ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡعُسۡرَىٰ ﴿١٠﴾ وَمَا يُغۡنِي عَنۡهُ مَالُهُۥٓ إِذَا تَرَدَّىٰٓ ﴿١١﴾ إِنَّ عَلَيۡنَا لَلۡهُدَىٰ
﴿١٢﴾ وَإِنَّ لَنَا لَلۡأٓخِرَةَ وَٱلۡأُولَىٰ ﴿١٣﴾ فَأَنذَرۡتُكُمۡ نَارٗا تَلَظَّىٰ ﴿١٤﴾ لَا يَصۡلَىٰهَآ إِلَّا ٱلۡأَشۡقَى ﴿١٥﴾ ٱلَّذِي
كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿١٦﴾ وَسَيُجَنَّبُهَا ٱلۡأَتۡقَى ﴿١٧﴾ ٱلَّذِي يُؤۡتِي مَالَهُۥ يَتَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُۥ مِن
نِّعۡمَةٖ تُجۡزَىٰٓ ﴿١٩﴾ إِلَّا ٱبۡتِغَآءَ وَجۡهِ رَبِّهِ ٱلۡأَعۡلَىٰ ﴿٢٠﴾ وَلَسَوۡفَ يَرۡضَىٰ ﴿٢١﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، سوێند بە شەوگار کاتێك (زەوی) دادەپۆشێ ﴿١﴾ سوێندیش بە ڕۆژگار کاتێك ڕوونبۆوەو دەرکەوت ﴿٢﴾ سوێندیش بەوەی نێرو مێی دروست کردوون ﴿٣﴾ بێگومان هەوڵ و کۆششەکەتان جۆراو جۆرو جیاجیایە ﴿٤﴾ ئنجا هەر کەس بەخشیی و پارێزی کرد ﴿٥﴾ باشترین (پاداشت)یشی بە ڕاست دانا ﴿٦﴾ بێگومان بەرەو (بەرنامەی) ئاسانترین ئامادەو سێنای دەکەین ﴿٧﴾ بەڵام هەر کەس چرووکیی کردو (لە خوا) بێنیاز بوو ﴿٨﴾ باشترین (پاداشت)یشی بە درۆ دانا (پێی بێبڕوا بوو) ﴿٩﴾ بەرەو هەرە قورسیی و زەحمەت، سێناو سازی دەکەین ﴿١٠﴾ سامانەکەیشی دادی نادات (لە بەرانبەر دۆزەخ دا) کاتێك تێیکەوت ﴿١١﴾ بە دڵنیایی ڕێنمایی کردن لەسەر ئێمەیە ﴿١٢﴾ (مەنزڵگای) کۆتایی و یەکەمیش تەنیا هی ئێمەیە ﴿١٣﴾ ئنجا لە ئاگرێك دەتانترسێنم بڵێسە دەدات ﴿١٤﴾ جگە لە بێبڕواترین (کەس) پێی ناسووتێ ﴿١٥﴾ ئەو کەسەی (ئەوەی پێغەمبەر هێناویەتی) بەدرۆی داناو پشتی هەڵکرد ﴿١٦﴾

پارێزکارترین (کەس)یش لێی دووردەخرێتەوە ﴿١٧﴾ ئەو کەسەی سامانەکەی (لە ڕێی خوادا) دەدات، خۆی پێ پاك و چاك دەکات ﴿١٨﴾ چاکەی هیچکەسیشی لەلا نیە (و لە چاودا نیە) پاداشت بدرێتەوە ﴿١٩﴾ جگە لە داواکردنی ڕووی پەروەردگاری هەرە بەرزی (هیچ پاڵنەرێکی دیکەی نیە) ﴿٢٠﴾ لەمەودواش ڕازی دەبێ (بە پاداشتی بەرزی پەروەردگاری) ﴿٢١﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(يَغۡشَىٰ): (أَيْ: يَسْتُرُ وَيُغَطِّي)، واتە: دەپۆشێ و دادەپۆشێ و پەنهان دەکات.

(تَجَلَّىٰ): (أَصْلُ الجَلْو: الكَشْفُ الظَّاهِرُ، جَلا لِيَ الخَبَرُ، وَخَبَرٌ جَلِيٌّ، وَقِياسٌ جَلِيٌّ) (تَجَلَّى) لە (جَلْو)ەوە هاتووە، (أَصْلُ الجَلْو الكَشْفُ الظَّاهِرُ) وشەی: (جَلْو) لە بنەڕەتدا بە مانای دەرخستنێکی ئاشکرایە، دەگوترێ: (جَلا لِيَ الخَبَرُ)، هەواڵەکە بۆ من ئاشکرا بوو، (وَخَبَرٌ جَلِيٌّ) هەواڵێکی ئاشکرا، (وَقِياسٌ جَلِيٌّ) پێوانەکردنێکی ئاشکرا، کەواتە: (تَجَلَّىٰ)، یانی: (ظَهَرَ) دەرکەوت، ئاشکرا بوو.

(سَعۡيَكُمۡ): (السَّعْي: المَشْيُ السَّرِيعُ، وَيُسْتَعْمَلُ لِلْجِدِّ فِي الأَمْرِ خَيْراً كَانَ أَوْ شَرّاً)، (سَعْي): بەمانای ڕۆیشتنی خێرا دێ، بەڵام دوایی بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی کارێك بە جیددیی، چ کارێکی باش بێ یان خراپ.

(لَشَتَّىٰ): (الشَّتُّ: تَفْرِيقُ الشَّعْبِ، شَتَّ جَمعُهُم، وَجاءُوا أَشْتَاتاً أَي: مُتَفَرِّقُوا النِّظَام، وَشَتَّى أَيْ: مُخْتَلِفَةُ الأَنْوَاع)، (شَتّ): لێك بڵاوکردنی گەل و نەتەوەیەکە، (شَتَّ جَمْعَهُم)، واتە: کۆمەڵەکەیانی پرژو بڵاو کرد، (وَجَاءُوا أَشْتَاتاً)، واتە: لە حاڵێکدا هاتن سیستم و ڕێك و پێکییان هەڵوەشابوو، (شَتَّى)، واتە: جۆراو جۆرن، جۆرەکانیان زۆرن.

(وَصَدَّقَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ): (**الحُسْـنَى مُؤَنَّـثُ الأَحْسَـن، أي: المَثُوبَـةُ الحُسْـنَى**)، (**صَـدَّق**) یانــی: بەڕاسـتی دانـاوە، (**الحُسْـنى**)، پاداشـتی هـەرە بـاش، (**الحسـنى**)، مێینـەی (**أَحْسَـن**)ە، یانـی: باشـتر، (**حُسـنى**)یش، یانـی: باشـتر بـەڵام بـە بـاری مێینـەدا، (**حُسـنى**)، سـیفەتی وەسـفکراوێکی قرتێنراوە، (**أَيْ المَثُوبَـةُ الحُسـنى**)، پاداشـتی هـەرە چـاك.

(فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡيُسۡرَىٰ): ئاسـانی دەکەیـن بـۆ ئاسـانتر، (**إسْـتَيْسَرَ أَي: اسْتَسْـهَلَ، وَالْيُـسْرى السَّـهْلُ، وَيَـسَّرْتُ أَيْ: سَـهَّلْتُ**)، (**إسْـتَيْسَرَ**)، بـە مانـای (**اسْتَسْـهَلَ**)، ئاسـان بـوو، یاخـود زۆر ئاسـان بـوو، (لِلۡيُسۡرَىٰ)، ئەمیـش دیسـان بـە بـاری مێینەدایـە لـە بەرانبـەر (**أَيْـسَر**) دا، (**أَيْـسَر**) ئاسـانتر، (**يُـسری**)ش، ئاسـانتر، (**هَـذَا أَيْـسَرُ مِـنْ هَـذا**)، ئەمـە لـەوە ئاسـانترە، (**يُـسرى**)ش بـە بـاری مێینـەدا، هەمـان واتـای هەیـە، واتـە: ئاسـانتر، مەبەسـت پێـی ئـەو ڕێبـازەی خـوای میهرەبانـە کـە لەگـەڵ خواڕسـك و عەقـڵ و ناخـی مرۆڤـدا گونجـاوە، (**وَيَسَّرْتُـهُ لَـهُ: أَيْ سَـهَّلْتُ لَـهُ**)، کارەکـەم بـۆ ئاسـان کـرد.

(وَٱسۡتَغۡنَىٰ): (**أَغْنَـاهُ أَيْ: كَفَـاهُ، وَاسْـتَغْنَى بـِهِ: اكْتَفَـى، وَأَغْنـى الـشَّيْءُ أَي: كَفَـى**)، (**أَغْنَـاهُ**) بـە مانـای (**كَفَـاهُ**)، واتـە: بەشـی کـرد، بـۆوی بـەس بـوو، (**اسْـتَغنى بِـهِ**)، (**أَيْ اكْتَفـى بِـهِ**)، واتـە: ئـەو شـتەی بـەس بـوو، بەشـی دەکـرد، (**أَغْنـى الـشَّيءُ أَي: كَفَـى**)، شـتەکە بەشـی کـردو بـۆ ئـەو بـەس بـوو، کەلێنـی بـۆ پـڕ کـردەوە.

(وَكَذَّبَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ): (**الحُسْـنى: مُؤَنَّـثُ الأَحْسَـن**)، (**الحُسـنى**) بـاری مێینـەی (**الأَحْسَـنَ**) ە، هـەرە بـاش، یـان باشـترین، (وَكَذَّبَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ)، واتـە: پاداشـتی هـەرە باشـی بـەدرۆ دانـا، چونکـە (**الحُسْـنَى**) سـیفەتی وەسـفکراوێکی قرتێنراوە، (**أَي: العَاقِبَـةُ الحُسْـنى، أَو المَثوبَـةُ الحُسْـنى**) سـەرەنجامی هەرەبـاش، یاخـود پاداشـتی هەرەبـاش.

(لِلۡعُسۡرَىٰ): (**العُـسْرَى: الأَمْـرُ الصَّعْـبُ الشَّـدِيد**)، کارێکـی قورسـی سـەخت، (**وَالعُـسرى الخَصْلَـةُ المُؤَدِّيَـةُ إِلى العَـذَابِ، وَالأَمْـرِ العَسِـير**)، سـیفەتێکی گەیەنـەر بەسـزاو بـە بارودۆخێکـی سـەخت و دژوار.

(تَرَدَّىٰٓ): (رَدَى، يَـرْدَى، رَدَىً، أَيْ: هَلَـكَ يَهْلِـكُ هَـلاكاً)، فەوتـا، دەفەوتـێ، فەوتـان، واتایەکـی دیکەشـی: (رَدَى فِي الهُـوَّةِ أي: سَـقَطَ، فَهُـوَ رَدٍ)، (رَدَى) کەوتـە نێـو چاڵەکـە، (فَهُـو رَدٍ) ئـەو تێکەوتوویـە.

(تَلَظَّىٰ): (تَلَظّـى لَظَـاً، أَيْ: اَلتَهَبـت)، ئاگـر کـە بڵێسـەی سـتاندو کڵپـەی لـێ بـەرز بـۆوە، پێـی دەگوتـرێ: (تَلَظَّىٰ)، دەگوتـرێ: (لَظِيَـتِ النَّـارُ تَلَظُّـى لَظَـاً أَيْ: التهَبـتْ)، ئاگرەکـە بڵێسـەی لـێ بەرزبـۆوە، بڵێسـەی لـێ بەرزدەبێتـەوە، (لَظَـاً)، واتـە: بڵێسـە لـێ بـەرز بوونـەوە، (اللَّظَـى: لَهَـبُ نَـارٍ خَالِـصٍ، لاَ دُخَـانَ فيـهِ)، (لَظَـى): بریتیـە لـەو بڵێسـەیەی ئاگـر کـە سـاغەو هیـچ دووکەڵـی تێـدا نیـەو بڵێسـە شـینەکەیەتی.

(ٱلۡأَشۡقَى): (الشَّـقِيُّ: التَّعِيسُ غَـيْرُ السَّـعِيد، (ٱلۡأَشۡقَى): الأَكْثَرُ شَـقَاءً)، (الشَّـقِيُّ): نەگبەت، بێخێـر، (ٱلۡأَشۡقَى) کەسێك کـە لـە خەڵکـی دیکـە بەدبەختـترو خراپـترە، (الشَّـقَاءُ: العُـسْرُ وَالشِّـدَّةُ)، (شَـقَاءُ): بەمانـای زەحمەتیـی و مەینەتیی و قورسـیی دێ.

(ٱبۡتِغَآءَ): (الإِجْتِهـادُ فِي طَلَـب الخَـيْرِ أَوِ الـشَّرِّ)، (ابتغـاء): بریتیـە لـە هەوڵـدان و کۆششـکردن لـە داواکـردن دا، چ بـۆ چاکـە بـێ، چ بـۆ خراپـە، (بَغَـى) یانـی: (طَلَـبَ)، داوایکـرد، (إِبْتَغـى)، زۆری داواکـرد، (زِيَـادَةُ المَبْنَـى تَـدُلُّ عَـلَى زِيـادةُ المَعْنـى)، بێژەیـەك پیتەکانـی زیاتربـن، مانایەکەشـی بەهێزتـر دەبـێ.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

١- سەرەتا ئەم ڕیوایەتە دێنین، هەرچەندە سەنەدەکەی بێهێزە، بەڵام تیشکێکی باشمان بۆ دەخاتە سەر چەمك و واتای ئەم ئایەتە بە پێزانە، مەرجیش نیە هەر گێڕدراوەیەك سەنەدەکەی بێهێز بوو، لە ڕووی نێوەڕۆکیشیەوە وابێ، دەگونجێ هۆکارێك بووبێ ئەو گێڕدراوەیە بە سەنەدێکی ڕاسترو ڕێکتر نەگەیشتبێتە ئێمە، بەڵام مەرج نیە ئەو ڕووداوە، نەبووبێ، بە تایبەت کە لەگەڵ چەمك و واتای ئایەتەکاندا بێتەوەو بگونجێ:

{عَـن ابْـنِ عَبَّـاسٍ رضي الله عنهما: أَنَّ رَجُـلاً كَانَـتْ لَـهُ نَخْلَـةٌ فَرْعُهـا فِي دَارِ رَجُـلٍ فَقِـيرٍ ذِي عِيـالٍ، فَـكَانَ الرَّجُـل إِذَا جَـاءَ فَدَخَـلَ الـدَّارَ فَصَعَـدَ إِلَى النَّخْلَـةِ لِيَأْخُـذَ مِنْهَـا الثَّمَـرَة، فَرُبَّمَـا تَقَـعُ ثَمَـرَةٌ فَيَأْخُذَهَا صِبْيَـانُ الفَقِـيرِ، فَيَنْـزِلَ مِـنْ نَخْلَتِـهِ فَيَأْخُـذَ الثَّمَـرَةَ مِـن أَيْدِيهِـم، وَإِنْ وَجَدَهَـا فِي فَـمِ أَحَدِهِـم أَدْخَـلَ أُصْبِعَـهُ حَتَّـى يُخـرِجَ الثَّمَـرَةَ مِـن فِيـهِ، فَشَـكَى ذَلِـكَ الرَّجُـلُ إِلَى النَّبِـيِّ ﷺ فَقَـالَ: اذْهَبْ، وَلَقِـيَ النَّبِـيُّ ﷺ صَاحِـبَ النَّخْلَـةِ فَقَـالَ لَـهُ: أَعْطِنِـي نَخْلَتَـكَ المَائِلَـةَ الَّتِـي فَرْعُهـا فِي دَارِ فُـلانٍ، وَلَـكَ بِهَـا نَخْلَـةٌ فِي الجَنَّـةِ، فَقَـالَ لَـهُ الرَّجُـل: لَقَـدْ أَعْطَيْـتُ وَإِنَّ لِي لَنَخْـلاً كَثِـيراً، وَمَـا فِيـه نَخْـلٌ أَعْجَـبَ إِلَيَّ ثَمَـرَةً مِنْهَـا، ثُـمَّ ذَهَـبَ الرَّجُـلُ وَلَقِـيَ رَجُـلاً كَانَ يَسْـمَعُ الـكَلَامَ مِـن رَسُـوْلِ اللـهِ ﷺ لِصَاحِـبِ النَّخْلَـةِ، فَـأَتَى رَسُـولَ اللـهِ: فَقَـال: تَعْطِنِـي مَـا أَعْطَيْـتَ الرَّجُـلَ إِنْ أَنَـا أَخَذْتُهَـا؟ قَـالَ: نَعَـم، فَذَهَـبَ الرَّجُـلُ، فَلَقِـيَ صَاحِـبَ النَّخْلَـةِ وَلِكِلَيْهِـمَا نَخْـلٌ، فَقَـال: لَـهُ صَاحِـبُ النَّخْلَـةِ: أَشَـعَرْتَ أَنَّ مُحَمَّـدَاً أَعْطَـانِي بِنَخْلَتَـيْ المَائِلَـةَ إِلى دَارِ فُـلانٍ نَخْلَـةٌ فِي الجَنَّـةِ، فَقُلْـتُ: لَقَـدْ أَعْطَيْـتُ وَلكِـن يُعْجِبُنِـي ثَمَرُهـا وَلِيَ نَخْـلٌ كَثِـيرٌ مَـا فِيـه نَخْلَـة أَعْجَـبَ إِلَيَّ ثَمَـرَةً مِنْهَـا، فَقَـالَ لَـهُ الآخَـر: أَتُرِيـدُ بَيْعَهَـا؟ فَقَـال: لاَ إِلاَّ أَنْ أُعْطَـىَ بِهـا مَـا أُرِيـدُ، وَلاَ أَظُـنُّ أُعْطَـى، قَـال: فَكَـمْ تُؤَمِّـلُ فِيهَـا؟ قَـال: أَرْبَعِـينَ نَخْلَـة، فَقَـال لَـهُ الرَّجُـل: لَقَـدْ جِئْـتَ بِأَمْـرٍ عَظِيـمٍ، تَطْلُـبُ بِنَخْلَتِـكَ المَائِلَـةَ أَرْبَعِينَ نَخْلَـة؟ ثُـمَّ سَـكَتَ عَنْـهُ، فَقَـالَ: أَنَـا أُعْطِيـكَ أَرْبَعِـينَ نَخْلَـةً، فَقَـالَ لَـهُ: إِشْـهَدْ إِنْ كُنْـتَ صَادِقـاً، فَأَشْـهَدَ لَـهُ بِأَرْبَعِـينَ نَخْلَـة بِنخلَتِـهِ المَائِلَـةَ، فَمَكَـثَ سَـاعَةً ثُـمَّ قَـالَ: لَيْـسَ بَيْنِـي وَبَيْنَـكَ بَيْـعٌ لَمْ نَفْـتَرِق، فَقَـال لَـهُ الرَّجُـل: أَوَلَسْـتَ بِأَحْـقٍّ حِـينَ أَعْطَيْتُـكَ أَرْبَعِـينَ نَخْلَـةً بِنَخْلَتِـكَ المَائِلَـةَ؟ فَقَـالَ لَـهُ: أُعْطِيـكَ عَـلَى أَنْ تُعْطِيَنِـي كَـمَا أُرِيـدُ، تَعْطِينَهَـا عَـلىَ سَـاقٍ، فَسَـكَتَ عَنْـهُ، ثُـمَّ قَـالَ: هِـيَ لَـكَ عَـلى سَـاقٍ، قَـالَ: ثُـمَّ ذَهَـبَ إِلىَ النَّبِـيِّ ﷺ فَقَـالَ لَـهُ: يَـا رَسُـولُ اللـه إِنَّ النَّخْلَـةَ قَـدْ صَـارَتْ لِي فَهِـيَ لَـكَ، فَذَهَـبَ رَسُـولُ اللـهِ ﷺ إِلى صَاحِـبِ الـدَّارِ، فَقَـالَ: النَّخْلَـةُ لَـكَ وَلِعِيَالِـكَ، فَأَنْـزَلَ اللـهُ (وَاللَّيْـلِ إِذَا يَغْـشَى) إِلى آخِـرِ السـوْرة}[1].

---

(١) أخرجـه الحافـظ ابـن أبي حاتـم في تفسـيره، كـما في تفسـير القـرآن العظيـم لابـن كثـير، ج٤، ص٥٥٥، والواحـدي في الوسـيط ج٤ ص٥٠٢، وأسـباب النـزول ص ٤٢٩، قلنـا: وهـذا إسـنادٌ ضعيـف، فيـه حفـص وهـو ضعيـف، كـما في التقريـب، قـال حافـظ ابـن كثـير رواه ابـن أبي حاتـم وقـال: حديـث غريـب جـداً، وقـال السـيوطي في الـدر المنثـور ج٨ ص٥٣٢ سـند ضعيـفٌ، الإسـتيعاب فـي بيـان الأسـباب ج٣ ص٥١٥-٥١٦.

واتـە: عەبدوڵڵای کـوڕی عەبـباس ﷺ دەگێڕێتـەوە، دەڵـێ: پیاوێـك دارخورمایەکی هەبـوو لقێکـی کەوتبـووە ماڵـی پیاوێکـی هـەژاری خـاوەن خێزانـەوە، خـاوەن دارخورمایەکـە کاتێـك دەهـات، دەچـووە نێـو خانووەکـەو سـەردەکەوتە سـەر دارخورمایەکـە بـۆ ئـەوەی میوەکـەی (واتـە: خورمایـەکانی) لـێ بچنـێ، جـاری واهەبوو میوەیەکـی (واتـە: خورمایەکـی)، یـان چەنـد خورمایەکـی دەکەوتنە خـوار، منداڵەکانی بابـای هـەژار هەڵیـان دەگرتنـەوە، ئەویـش لـە دار خورمایەکـەی دادەبـەزی و میوەکـەی لـێ دەسـتاندنەوە، لەدەسـتی وەردەگرتنـەوەو، ئەگـەر دیتبـای یەکێکیـان خسـتوویەتە نێـو زاریشـی پەنجـەی لـە زاری[1] ڕادەکـردو دەنکـە خورمایەکـەی لـە زاری دەردەهێنایـەوە، ئـەو پیـاوە هـەژارە خـاوەن منداڵـەش سـکاڵای خـۆی بـردە لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ، پێغەمبـەری خـواش ﷺ فەرمـووی: بـڕۆ، دوایـی پێغەمبـەر ﷺ بـە خـاوەن دارخورمایەکـە گەیشـت و پێـی فەرمـوو: ئـەو دارخورمایـەی لار بۆتـەوەو لقێکـی چۆتـە ماڵـی فـڵان کەسـەوە، بمدەیـە، لـە بەرانبـەردا داراخورمایەکـت هەبـێ لـە بەهەشـتدا؟ پیاوەکـە پێیگـوت: زۆرم بەخشـیوە، دارخورماشـم زۆرن، بـەڵام هیـچ دارخورمایەکـم نیـە میوەکـەی سەرسـامم بـکات، وەك ئـەو دارخورمایـەی لار بۆتـەوە، دوایـی پیاوەکـە ڕۆیـی و گەیشـتە پیاوێـك کـە گوێـی لـە فەرمایشـتەکەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـوو، (واتـە: پێغەمبـەری خـوا ﷺ چـی بـەو پیـاوە گوتبـوو ئەوەی بیسـتەوە)، ئـەو پیـاوەی دووەم چـوو بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ پێـی گـوت: ئایـا ئـەوەم دەدەیـە کەداوتـە بـەو پیـاوە، ئەگـەر ئـەو دارخورمایـەم وەرگـرت؟ پێغەمبـەر ﷺ فەرمـووی: بەڵـێ، (تـۆش دارخورمایەکـت دەبـێ لـە بەهەشـتدا لـە بەرانبەریـدا)، پیاوە دووەمەکـە ڕۆیـی گەیشـتە کابـرای خـاوەن دارخورمـا، هەردووکیـان خـاوەن باخـی خورمـا بـوون، کابـرای خـاوەن دارخورمـا لارەکـە پێیگـوت: دەزانـی کـە موحەممـەد بـۆ دار خورمـا لارەکـەم، کـە لار بۆتـەوە بـۆ نێـو ماڵـی فڵانکـەس، دارخورمایەکـی لـە بەهەشـتدا داومـێ، منیـش گوتوومـە: زۆرم بەخشـیوە، بـەڵام زۆر سەرسـامم بـە

---

(١) پەنجەی لە زاری ڕادەکرد: پەنجەی دەخستە نێو دەمی.

میـوەی (واتــە: بەخورمـای) ئـەو دار خورمایـەو، دارخورمـای دیکـەم هـەن، بـەڵام هیـچ کامیـان بـەرو میوەکـەی سەرسـامم نـاکات وەك هـی ئـەو دارخورمـا لارە، پیـاوە دووەمەکـە پێیگـوت: دەتـەوێ بیفرۆشـی؟ گوتـی: نەخێـر، مەگـەر ئـەوەی دەمـەوێ لـە بەرانبەریـدا بمدرێتـێ، پێشـم وانیـە بمدرێتـێ، پیـاوە دووەمەکـە پێیگـوت: بەهیوای چەنـدت بدرێتـێ؟ گوتـی: چـل بنکـە دارخورمـا، پیاوەکـە پێـی گـوت: شـتێکی زۆر مـەزن داوا دەکـەی، لـە بەرانبـەر دارخورمـا لارەکـەت دا چـل دارخورمـا وەردەگـری؟ دوایـی لێـی بێدەنـگ بـوو، پاشـان پیـاوە دووەمەکـە گوتـی: مـن چـل بنکـە دار خورمـات دەدەمـێ، کابـرای خـاوەن بنکـە دارخورمـای لار گوتـی: شـایەد بگـرە، ئەگـەر ڕاسـت دەکـەی، ئەویـش شـایەدی بـۆ گـرت، کـە چـل بنکـە دارخورمـای بداتـێ لـە بەرانبـەر ئـەو بنکـە دارخورمـا لارەدا، ماوەیـەك مایـەوە لـەوێ، دوایـی خـاوەن دارخورمـای لار گوتـی: چـارێ لـە یـەك جیـا نەبووینـەوەو هیـچ کەسیشـمان لـە بەیـن دانیـە، مـن ئـەو دارخورمایـەت نادەمـێ، مەگـەر ئـەو چـل دارخورمایـەی دەمدەیـە تەنیـا میوەکەیـان نەبـێ، بەڵکـو دارخورمایەکانیشـم بدەیـە! ئەویـش لێـی بێدەنـگ بـوو، دوایـی پێیگـوت: باشـە، بـە هەمـوو شـتێکەوە ئـەو چـل دارخورمایـە بـۆ تـۆ، دوایـی ڕۆیشـت چـوو بـۆ لای پێغەمبـەر ﷺ، گوتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئـەو بنکـە دارخورمـا لارە، بۆتـە هـی مـن، ئێسـتاش مـن دەیـدەم بـە تـۆ، پێغەمبەریـش ﷺ چـوو بـۆ لای خاوەنـی خانووەکـە، گوتـی: ئـەو بنکـە دارخورمایـە لارەی هاتۆتـە نێـو ماڵەکـەی تـۆوە، بـۆ خـۆت و مـاڵ و خێزانـت، ئیـدی خـوای پـەروەردگار لـەو بـارەوە ئـەم سـووڕەتە موبارەکـەی دابەزانـد.

٢- هەر لەو بارەوە ئەم گێڕدراوەیەش هەیە: {**عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَبَّاسٍ** رضي الله عنهما **قَالَ: إِنِّي لَأَقُولُ: هَذِهِ سُورَةٌ نَزَلَتْ فِي السَّمَاحَةِ وَالبُخْلِ**}[1].

---

(١) ذكـره السـيوطي في الـدر المنثـور: ج٣ ص٥١٦، ونسـبه إلى ابـن مردويـه، الإسـتيعاب في بيـان الأسـباب: ج٣، ص٥١٦.

واتـە: عەبدوڵڵای کـوڕی عەبباس ﷺ گوتوویەتـی، مـن دەڵێـم: ئـەم سـوورەتە لـە بـارەی بەخشـین و چرووکییـەوە دابەزیوە.

(**سَمَاحة**)، یانی: دڵکراوەیی و بەخشین، (**بُخْل**)یش، واتە: چرووکیی و ڕژدیی.

٣- لە بارەی دابەزینی ئەم ئایەتانەوەش: ﴿ فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَاتَّقَىٰ ﴿٥﴾ وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَىٰ ﴿٦﴾ فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَىٰ ﴿٨﴾ وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَىٰ ﴿٩﴾ فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَىٰ ﴿١٠﴾ وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُ إِذَا تَرَدَّىٰ ﴿١١﴾ ﴾، تاکو کۆتایی سوورەتەکە، ئەم گێڕدرایەوە دێنین:

(**عَنْ عَبْدِ اللهِ بنِ الزُّبَيْرِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُما، قَالَ نَزَلَتْ هَذِهِ الآيَةَ فِي أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقْ**)[1].

واتـە: عەبدوڵڵای کـوڕی زوبەیـر (خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ)، گوتوویەتـی: ئـەم ئایەتـە (ئایەتەکانـی دواییشـی) لـە بـارەی ئەبـوو بەکـری صیددیقـەوە (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، دابەزیـوە.

٤- هەر لە بارەی ئەو ئایەتە بەپێزانەوە، ئەم گێڕدراوەیەش دێنین، هەرچەندە سەنەدەکەی بەهێز، بەڵام تیشکی زیاترمان بۆ دەخاتە سەر، چەمکی ئایەتەکان:

{عَـن عُـروةَ بـن الزبـير رضي اللـه عنهـما، أَنَّ أَبَـا بَكْـر الصِّدِّيـق أَعْتَـقَ سَـبْعَةً كُلُّهُـم يُعَـذَّبُ فِي اللـهِ: بِـلال، وَعَامِـر بِـن فُهَـيْرة، والنَّهْدِيَّـة وَابْنَتَهـا، وَزَنِّـيرَة، وَأُمُّ عيـسى، وأمـة بنـي المؤمـل، وَفيـه نَزَلَـت (وَسَـيُجَنَّبُها الأَتْقـى) إلى آخـرِ السُّـورة}[2].

---

(١) أخرجـه البـزار: ٢٨٠٩، والآجـري في الشريعـة: ١٣٥٠، والطـبري في جامـع البيـان: ج٣٠، ص٤٤٦، والطـبراني في الكبـير، وابـن عـدي في الكامـل ج٦ ص ٢٣٥٩، والواحـدي في الوسـيط ج٤، ص٥٤٦، وذكـره السـيوطي في الـدر المنثـور ج٨ ص٥٣٨، وزاد نسـبته لابـن المنـذر وابـن مردويه وابن عسـاكر، وأخرجـه أحمـد بـن حنبـل في فضائـل الصحابـة: ٦٦، وابنـه عبـد اللـه في الزوائـد الفضائـل:٩٩١، قلنـا: وهـذا إسـناد حسـن، قـال الحاكـم: وهـذا إسـناد صحيـح عـلى شرط مسـلم ووافقـه الذهبـي، قلنـا: لم يخـرج مسـلم لابـن إسـحاق إلا متابعـةً، الإسـتيعاب في بيـان الأسـباب).

(٢) ذكـرده السـيوطي في الـدر المنثـور: ج٨، ص٥٣٧، لبـاب النقـول ص ٢٣٠، ونسـبه لابـن أبي حاتـم، قلنـا: هـو ضعيـف لإرسـاله، الإسـتيعاب في بيـان الأسـباب، ج٣ ص ٥١٩.

عـوڕوەی کـوڕی زوبەیـر (خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازیبـێ)، (کـە لـە دایکییـەوە دەبێتـەوە بـە نـەوەی ئەبـوو بەکـری صیددیـق، کـوڕی ئەسـمائە، بابیشـی زوبەیـرە، خـوا لێیـان ڕازیبـێ)، دەڵـێ: ئەبـوو بەکـری صیددیـق (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، حـەوت کەسـی ئـازاد کـردن هەموویـان لـە پێنـاوی خـوادا ئـازارو ئەشـکەنجە دەدران: بیلالـی حەبەشـەیی، عامیـری کـوڕی فوهەیـرە، ئەلنەهدییـەو کچەکەشـی (واتـە: ئافرەتێـك بـووە لەگـەڵ کچەکەشـی) و، زەنیـرە، (ئافرەتێکـی دیکـەی کۆیلـە بـووە)و، ئوممـو عیسـا، (ئەویـش ئافرەتێکـی دیکـە بـووە)و، کەنیـزەکی بەنـی موئەممیـل، هـەر حەوتیـان ئەبـوو بەکـر (خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، ئـازادی کـردوون، کڕیونیـەوە بـە پـارەی زۆرو ئازادیشـی کـردوون.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا لەم سووڕەتە موبارەکەدا دەفەرموێ:

﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴾، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە:

١- ئەم قوڕئانخوێندنەم بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە دەست پێدەکەم.

٢- ئەم قوڕئانخوێندنەم بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوایە.

٣- ئەم قوڕئانخوێندنەم بەپێی ئایین و بەرنامەی خوایە.

٤- ئـەم قوڕئانخوێندنـەم بەهـەوڵ و توانایـەك کـە خـوا بـۆی ڕەخسـاندووم، ئەنجامـی دەدەم.

﴿ وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَىٰ ﴾، سـوێند بـە شـەوگار کـە دادەپۆشـێ، چـی دادەپۆشـێ؟ بـە دڵنیایـی شـەوگار ڕووی زەوی دادەپۆشـێ، واتـە: دنیـا، ﴿ وَالنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ ﴾، سـوێند بـە ڕۆژگاریـش کـە دەدرەوشـێتەوە، ڕوون دەبێتـەوە، ڕۆژگار بریتیـە لـە دەرکەوتنـی

زەوی لە خۆر، زەوی کە بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە لە بەرانبەر خۆردا، ئەو ڕووەی دەکەوێتە بەرانبەری، دەبێتە ڕۆژو دەدرەوشێتەوەو ڕوون دەبێتەوە، بۆیە ڕوونبوونەوەکە بۆ ڕووی زەوییە، ﴿ وَمَا خَلَقَ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰٓ ﴾، سوێند بەو کەسەی نێرو مێی هێناونە دی، (ما)، کەم وایە بۆ خاوەن عەقڵ و شعورو ویستان بەکاربهێنرێ، زیاتر بۆ شتی بێ گیان و بێ ژیان بەکاردێ، بەڵام جاری واش هەیە بە پێچەوانەوە بۆ ژیاندار بەکاردێ، ئەویش نوکتەیەکی ڕەوانبێژیی تێدایە، لێرەدا بۆچی خوا نەیفەرمووە: (وَمَنْ خَلَقَ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰٓ)، واتە: سوێند بەو کەسەی نێرو مێی هێناونە دی؟ چونکە ئەگەر فەرمووبای: (مَن)، واتە: ئەو کەسە، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: (ما)، واتە: ئەو زاتە سەرسوڕهێنەرە خاوەن دەسەڵات و بە توانایەی نایەتە وەسفکردن، نایەتە پێناسە کردن، ئەو نێرو مێیەی هێناونە دی.

سوێند بەو سێ شتانە: بە شەوگار کە دادەپۆشێ و، بە ڕۆژگار کە دەدرەوشێتەوەو، بەو زاتەی نێرو مێی هێناونە دی، کە خوای بەرزو مەزنە، ﴿ إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّىٰ ﴾، بە دڵنیایی هەوڵ و کۆششی ئێوە جۆراو جۆرە، (سَعْي): لە ئەسڵی زماندا بە مانای (السَّيْرُ السَّرِيعُ أو المَشْيُ السَّرِيع)، ڕۆیشتنی خێرا، یان ڕێکردنی خێرا، بەڵام دوایی خوازراوەتەوە بۆ هەر کارێك، کە مرۆڤ بە جیددیی و بە بایەخ پێدان و بە گرنگیی پێدانەوە بیکات، هەوڵ و کۆششی ئێوە جۆراوجۆرە، (شَتَّى) کۆی (شَتٌّ)، یان (شَتِيتٌ)ە، بە مانای لێك بڵاو، یان جۆراوجۆر، هەوڵ و کۆششی ئێوە جۆراوجۆرەو لێك بڵاوە، ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر ڕوونکردنەوەو تەفصیل پێدانی ئەو کۆششە جۆراو جۆرو جیاوازە، دەفەرموێ: ﴿ فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَٱتَّقَىٰ ﴾، ئنجا هەر کەس بەخشیی و پارێزی کرد، (أَمَّا) لە زمانی عەرەبییدا پێی دەگوترێ: (حَرْفُ تَفْصِيلٍ)، پیتێکە بۆ درێژ کردنەوەو ڕوونکردنەوەی مەبەستێك بەکاردەهێنرێ، پیتی (ف)ش بە زۆر واتایان دێ، بەڵام لێرەدا دەگونجێ بۆ بادانەوە (عَطْف) بێ و، ئەم قسەیە دەگێڕێتەوە بۆ سەر قسەی پێشێ، دەشگونجێ بۆ (تَفْرِيع) بێ، واتە: ئەم قسەیە بنیاتدەنرێ لەسەر قەسەیەکی پێشتر، یاخود

(**الفَصیحة**)بێ، یانی: دەلالەت لەسەر قسەیەك بکات، کە پێشتر نەگوتراوە، بەڵام لێی دەفامرێتەوە، واتە: حاڵ کە بەو شێوەیەو هەوڵ و کۆششی ئێوە جۆراو جۆرو جیاوازە، ئنجا: ﴿فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ﴾، هەر کەسێك بەخشیی ﴿وَٱتَّقَىٰ﴾، پارێزیشی کرد.

﴿أَعْطَىٰ﴾، بەخشیی و دای، کە بە دڵنیایی بە پلەی یەکەم مەبەست پێی ماڵ و سامانە، ئنجا ئەو ماڵ و سامانە، چ پارەی نەقدینە بێ، چ ئاژەڵ بێ، چ دانەوێڵە بێ، چ کەلوپەلی بازرگانیی بێ، هەموو ئەو شتانەی خەڵك پێویستییان پێیانە، پێیان ببەخشێ، ﴿وَٱتَّقَىٰ﴾، پارێزیش بکات، واتە: خۆی بپارێزێ لە لێپرسینەوەو گلەیی و سزای خوای دادگەر، ﴿وَصَدَّقَ بِٱلْحُسْنَىٰ﴾، پاداشتی هەرەباشیشی بەڕاست دانا، (**الحُسْنى**)، لە هەموو حاڵاندا سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێندراوە، (**حُسْنى**)، واتە: هەرە باش، باشترین، لە بەرانبەر (**أَحْسَن**) دایە، بەڵام (**حُسْنى**)، بۆ باری مێینەیەو (**أَحْسَن**) بۆ باری نێرینەیە، ئنجا ﴿وَصَدَّقَ بِٱلْحُسْنَىٰ﴾، واتە: بڕوابێنێ بە وشەی هەرە باش، (**بالکلمة الحُسْنى**) کە وشەی خوا بە یەکگرتن (**توحید**)ە، بەڵام زۆربەی ڕوونکەرەوانی قورئان گوتوویانە: (**الحُسْنى: المثُوبَةُ الحُسْنى**) پاداشتی هەرە باش، کە لە بەهەشتی خوادا خۆی دەنوێنێ، بڕواش بەوە بێنێ و بەڕاستی بزانێ، کەسێك ئەو سێ سیفەتەی تێدا بن: ﴿فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلْيُسْرَىٰ﴾، بە دڵنیایی ئێمە ئاسانی دەکەین، بۆ ڕێی هەرە ئاسان، واتە: بەرەو هەق ڕووی پێوەردەچەرخێنین و، لەسەرشانی سووك دەکەین، لە قالبی خۆش دێنین، چی؟ (**الیُسْری**)، واتە: گرتنی ڕێی هەرە ئاسان کە ڕێی بەندایەتیی بۆ خواو خواپەرستییە، چونکە ئەو ڕێیە لەگەڵ عەقڵی ڕاست و زگماکی ساغ و بەرژەوەندیی دنیاو دواڕۆژی مرۆڤدا، پێکەڵێیێك و گونجاوە، یانی: ئێمە ئاسانی دەکەین بۆ گرتنی ئەو ڕێیە هەرە ئاسانە.

ئەوە جۆرێك لە هەوڵ و کۆشش و، ئەوەش جۆرێك لە سەرەنجام و دەرئەنجام، ئنجا دێتە سەر جۆرێکی دیکە:

﴿ وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسۡتَغۡنَىٰ ﴾، بەڵام کەسێك چرووکیی نواند، ﴿ بَخِلَ ﴾ ڕێك پێچەوانەی ﴿ أَعۡطَىٰ ﴾یە، ﴿ أَعۡطَىٰ ﴾ یانی: بەخشیی، ﴿ بَخِلَ ﴾، واتە: نەیبەخشی، چرووکیی و ڕژدیی کرد، ﴿ وَٱسۡتَغۡنَىٰ ﴾، بێنیازیی پێشان دا، (**إِسْتَغْنى**)، لە چەند ڕوویەکەوە دەکەوێتەوە بەرانبەر (**إتَّقى**):

أ- (**إتَّقى**) خۆی پاراست و پارێزکاریی کرد لە بەرانبەر خوادا، (**إِسْتَغْنى**) بێنیازیی پێشاندا بەرانبەر بە خوا.

ب- (**إتَّقى**) خۆی پاراست لە لێپرسینەوەو سزای خوا، (**إِسْتَغْنى**) بێ نیاز بوو، بێ باکیی و بێ منەتیی پێشاندا بەرانبەر بە لێپرسینەوەو سزای خوا.

﴿ وَكَذَّبَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ ﴾، بە پاداشتی هەرە باشیش بێبڕوابوو، بە درۆی دانا، یاخود: بە وشەی هەرە باشیش بێبڕوا بوو، کە وشەی خوا بەیەکگرتنە، کەسێك ئەو سێ سیفەتە خراپەشی تێدابن: ﴿ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡعُسۡرَىٰ ﴾، بە دڵنیایی ئاسانی دەکەین، بەرەو حاڵەتی هەرە قورس و زەحمەت، ئەوەش دەگونجێ مەبەست پێی ژیانی دنیا بێ، واتە: ژیانێکی تەنگ و سەغڵەت و ناڕەحەتی دەبێ، بەڵام زیاتر وا پێدەچێ مەبەستی پێ ڕۆژی دوایی بێ، واتە: ئێمە ئاسانی دەکەین، بەهۆی ئەو کردەوە خراپانەیەوەو سەری پێ دەگەیەنین بە حاڵەتێکی زۆر ناخۆش، کە بریتیە لە ژیانی نێو دۆزەخ.

﴿ وَمَا يُغۡنِي عَنۡهُ مَالُهُۥٓ إِذَا تَرَدَّىٰٓ ﴾، ماڵ و سامانەکەشی دادی نادات:

أ- کاتێك دەکەوێتە خوار.

ب- یاخود کاتێك دەفەوتێ.

ج- یان کاتێك کە دەخرێتە گۆڕەوە.

د- یان کاتێك کە دەخرێتە نێو دۆزەخەوە، ﴿ تَرَدَّىٰٓ ﴾، هەم بە مانای فەوتا (**هَلَكَ**) دێ، هەم بە مانای کەوتەخوار (**سَقَطَ**) دێ.

ئنجا خوا لە هەمان بابەت دا، مەسەلەیەکی دیکە دەخاتە ڕوو:

﴿ إِنَّ عَلَيْنَا لَلْهُدَىٰ ﴾، بە دڵنیایی لەسەر ئێمەیە ڕێنمایی کردن و ڕێ پێشاندان ﴿ وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَٱلْأُولَىٰ ﴾ بە دڵنیاییش مەنزڵگای کۆتایی و مەنزڵگای یەکەمیش هی ئێمەن، (الآخِرَة)، لە: ﴿ وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَٱلْأُولَىٰ ﴾دا، دیسان سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، یانی: (وَإِنَّ لَنَا للدَّارَ الآخِرَة)، یان (المَثُوبَةَ الآخِرَة) مەنزڵگای کۆتایی، یان پاداشتی کۆتایی هی ئێمەیە، ﴿ وَٱلْأُولَىٰ ﴾، هەروەها یەکەمیش، کە مەبەست پێی ژیانی دنیایە، واتە: دنیاو دوارۆژ هەموویان لەبەر دەستی ئێمەن و موڵکی ئێمەن.

﴿ فَأَنذَرْتُكُمْ نَارًا تَلَظَّىٰ ﴾، ئنجا ئێوەم ترساند، هۆشدارییم پێدان و وریام کردنەوە، لە ئاگرێك کە کڵپە دەستێنێ، بڵێسەی لێ بەرز دەبێتەوە، ﴿ لَا يَصْلَىٰهَآ إِلَّا ٱلْأَشْقَى ﴾، ناچێتە نێو ئەو ئاگرەوەو بە شێوەی تایبەت پێی ناسووتێنرێ، مەگەر مەینەتبارترین کەس، زۆرجار گوتوومانە: (صَلِي)، ئەوەیە کە شتێك بخرێتە نێو ئاگرێکەوەو، لە هەر چوار دەوری تینی بۆ بێ و، بپیشێ یاخود ببرژێ، بێگومان خراپترین کەسیش نەبێ ناچێتە نێو ئەو ئاگرەوەو بەو شێوەیە پێی ناسووتێ، ﴿ ٱلْأَشْقَى ﴾، (أَيْ الأَشَدُّ شَقاءً) کەسێك کە لە هەموو کەسێك مەینەتبارترە، (شَقي) پێچەوانەی (سَعید)ە، واتە: بەختەوەر، (شَقي)یش، یانی: بەدبەخت و پەشێمان و خراپەکار.

﴿ ٱلَّذِى كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴾، ئەو کەسەی بەدرۆی داناو پشتی هەڵکرد، واتە: لە ڕووی تیۆرییەوە ئایین و بەرنامەو پەیامی خوای بەدرۆ داناو، لە ڕووی کردەییشەوە پشتی تێکردو ڕووی لێوەرگێڕا، ئا ئەوە نەبێ ناچێتە نێو ئەو ئاگرەوە.

لە لایەن زانایانەوە مشتومڕی زۆر لەسەر ئەم ئایەتەو ئایەتی دواییشی کراوە، چۆن خوا دەفەرموێ: خراپترینی کەس نەبێ ناچێتە نێو ئەو ئاگرە، ئەدی ئایا بەندە خراپەکارەکانی دیکە دەچنە کوێ؟ دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا

زیاتـر تیشـك دەخەینـە سـەر چەمـك و واتـای ئـەم ئایەتـە بـە پێـزە، بـەڵام ئـەوەی لێرەدا دەیڵێیـن، ئەوەیـە: واتـە: بەشـێوەی تایبـەت بـەو ئاگـرە ناسـووتێنرێ، جگـە لـە خراپتریـن کـەس، کـە بێبڕوایـەو بـە درۆی دادەنـێ، واتـە: هەمـوو ئـەوەی لـە خـواوە هاتـوە بـە درۆی دادەنـێ و، پشتیشـی هەڵکـردوە، ئـەو کەسـە شایسـتەی ئەوەیـە بـەو شـێوەیە تایبەتـە بـەو ئاگـری دۆزەخـە سـزا بـدرێ.

﴿ وَسَيُجَنَّبُهَا ٱلۡأَتۡقَى ﴾، لێشـی وە دوور دەخـرێ، بابایەکـی زۆر پارێـزکار، هـەرە پارێـزکار، لێـرەش نەیفەرمـووە: (المُتَّقـي)، پارێـزکار یـان (التَّقـي)، فەرموویەتـی: ﴿ ٱلۡأَتۡقَى ﴾ هـەرە پارێـزکار، لـەو ئاگـرە وەدوور دەخـرێ، ﴿ ٱلَّذِي يُؤۡتِي مَالَهُۥ يَتَزَكَّىٰ ﴾ ئـەو کەسـەی ماڵـی خـۆی دەبەخشـێ، خـۆی پـاك و چـاك دەکات، خـۆی لـە سیفەتی ڕژدیـی و چرووکیـی پـاك دەکاتـەوە، خـۆی لـە خۆشویسـتنی ماڵـی دنیـا زیـاد لـە پێویسـت، پـاك دەکاتـەوە.

﴿ وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُۥ مِن نِّعۡمَةٖ تُجۡزَىٰٓ ﴾، هیـچ کەسـیش لـە لای وی چاکەیەکـی نیـە، پاداشـت بدرێتـەوە، واتـە: کـە مـاڵ و سـامانی خـۆی دەبەخشـێ، لەبـەر ئـەوە نیـە چاکەیەکـی بابـای چاکـە لەگـەڵ کـراوو، مـاڵ پـێ بەخـشراو، لـە چـاوی ویـدا هەبـێ، هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: دوای ئـەوەی ئەبـوو بەکـر، بیـلال ئـازاد دەکات و دەیکڕێتـەوە، بـە پارەیەکـی زۆر ئـازادی دەکات، هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان پـڕو پاگەنـدە دەکـەن، دەڵێـن: کاتـی خـۆی بیلالـی چاکەیەکـی لەگـەڵ ئەبـوو بەکـردا کـردوە، بۆیـە ئێسـتاش ئەبـوو بەکـر ئـەو چاکەیـەی لەگـەڵ ئـەودا کـردووەو کڕیویەتـەوەو ئـازادی کـردوە!.

دەڵێـن: ئەمـە بـەر پەرچدانـەوەی ئـەو پـڕو پاگەندانەیـە، دەڵێـم: وێـڕای بەرپەرچدانـەوەی ئـەو پڕوپاگەندانـە، مانـا گشـتییەکەی کـە بـۆ هەمـوو حـاڵان و بـۆ هەمـوو کـەس گشـتگیرە، ئەوەیـە: هیـچ کەسـیش چاکـەی لـە چـاوی ئـەودا نیـە، پاداشـت بدرێتـەوە، کـە ئـەو ماڵـەی دەبەخشـێ، ئـەدی بۆچـی دەیبەخشـێ؟

﴿إِلَّا ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ رَبِّهِ ٱلْأَعْلَىٰ﴾، نایبەخشێ مەگەر بە مەبەستی وەدەستهێنانی ڕووی پەروەردگاری هەرە بەرزی، کە بە دیداری پەروردگاری شاد بێ، یاخود ڕەزامەندیی پەروەردگاری وەدەست بێنێ، ﴿وَجْهِ﴾ وێڕای: ڕوو، بە مانای دیدار دێ و، بە مانای ڕەزامەندییش دێ، ﴿وَلَسَوْفَ يَرْضَىٰ﴾ بە زوویش ڕازی دەبێ، واتە: ئەوەی چاوەڕوانی کردوە لە خوا ﷻ، خوا پێی دەدات، هێندەی پێ دەدات، تاکو ڕازی دەبێ و شادمان دەبێ.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمەش لەو کەسانە بگێڕێ کە خۆیان بەو ڕەوشتە بەرزو جوانە دەڕازێننەوەو، سەرەنجام شایستەی ئەوە دەبن، خوای کارزان و میهرەبان ئاوا ڕازییان بکات.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سـوێند خواردنـی خـوا ﷻ بـە شـەوگاری داپۆشـەرو، بـە ڕۆژگاری ڕوون و، بەبەدیهێنـەری نێـرو مـێ، کـە هـەوڵ و کۆششـی مرۆڤـەکان جۆراوجـۆرە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ ١ وَٱلنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ ٢ وَمَا خَلَقَ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ ٣ إِنَّ سَعۡيَكُمۡ لَشَتَّىٰ ٤﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ﴾، سوێند بە شەوگار کە دادەپۆشێ، (و)ی ﴿وَٱلَّيۡلِ﴾، واوی سوێند پێخواردن (**وَاو القَسَم**)ە، ئایا شەوگار چی دادەپۆشێ؟ لێرەدا: (**حُذِفَ المَفْعُولُ لِتَنْزِيلِ الفِعْلِ مَنْزِلَةَ اللأَزِم لِأَنَّ العِبْرَةَ بِغِشَايَةِ كُلِّ مَا تَغْشاهُ ظُلْمَتُهُ**)، بەرکارەکە بۆیە قرتێنراوە، تاکو کرداری ﴿يَغۡشَىٰ﴾، وەك کرداری لازیم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، کە پێویستیی بە بەرکار نیە، [وەك (**غَرِقَ السفينة**)، کەشتییەکە نقووم بوو، نغرۆ بوو]، چونکە مەبەست هەر شتێکە کە تاریکیی شەو دایدەپۆشێ و، هەموو شتێك دەگرێتەوە، کەواتە: ﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ﴾، یانی: (﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ﴾ **وَجْهَ الأَرْضِ، إِذَا يَغْشَىٰ الدُّنيا، إِذَا يَغْشَىٰ كُلَّ شَيءٍ**)، سوێند بە شەوگار کاتێك ڕووی زەوی دادەپۆشێ، کاتێك دنیا دادەپۆشێ، کاتێك هەموو شتێك دادەپۆشێ.

٢)- ﴿وَٱلنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ﴾، سوێند بە ڕۆژگاریش کاتێك دەرکەوت، درەوشایەوە، (**التَّجلِّي: الضَّوءُ، وَتَجَلِّي النَّهَارِ: وُضوءُ ضِيائِهِ**)، (**تَجَلِّي**): بریتیە لە ڕوونیی و ئاشکرا بوون، تەجەللیی ڕۆژگار بریتیە لە دەرکەوتنی ڕۆشنایی ڕۆژگار، ئاشکراشە زەوی بۆ خۆی هەمیشە تاریکە، بەڵام کە بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، بە خێرایی سیی (٣٠) کم لە خولەکێك دا لە بەرانبەر خۆردا، ئنجا ئەو ڕووەی دەکەوێتە بەرانبەر خۆر دەبێتە ڕۆژ، دوایی وردە وردە

دەڕوا، دەڕوا، هەتا ئەو ڕووەی لە بەرانبەر خۆردا بووە، دەکەوێتە ئەو دیوو دەبێتە شەوو، ڕووەکەی دیکەی دێ، بۆیە هەمیشە لەسەر خڕۆکەی شەوو ڕۆژ بەدوای یەکدا دێن.

لێرەدا خوا ﷻ بۆ شەوگار بە کرداری ئێستا (**مُضارع**) دەیهێنێ: ﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ﴾، سوێند بە شەوگار کە دادەپۆشێ، ڕووی زەوی دادەپۆشێ، بەڵام بۆ ڕۆژگار بە کرداری ڕابردوو هێناویەتی: ﴿وَٱلنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ﴾، سوێند بە ڕۆژگار کە ڕوونبوو و درەوشایەوە، ئنجا یەکێك لە ڕوونکەرەوانی قورئان وەك لە سووڕەتی (الشمس)یشدا باسمان کرد، دەڵێ: بۆیە بەم شێوەیە هاتوە بۆ ئاگادار کردنەوە لەو واقیعەی ئەو کاتە دنیای تێدا بووە، کە وەك چۆن شەوگار بەردەوام ڕووی زەوی دادەپۆشێ، بە هەمان شێوە کوفرو شیرکیش بە بەردەوامیی ڕووی دنیای داپۆشیوە.

بۆ ڕۆژگاریش لەوێ دەفەرموێ: ﴿وَٱلنَّهَارِ إِذَا جَلَّىٰهَا ۝٣﴾الشمس، لێرەو لەوێش بە ڕابردوو هێناویەتی، چونکە خۆری خوا بە یەکگرتن، (**توحید**) کت و پڕ دەردەکەوێ، ڕوون و ئاشکرا دەبێ و، دنیا ڕووندەکاتەوە.

٣)- ﴿وَمَا خَلَقَ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ﴾، سوێند بەوەی نێرو مێی هێناونە دی.

وشەی: (ما) لێرەدا دوو ئەگەری هەن:

یەکەم: کە (ما)، (**موصولة**)بێ، یانی: (**وَالَّذي** خَلَقَ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ)، سوێند بەو کەسەی نێرو مێی هێناونە دی.

دووەم: دەشگونجێ (ما)، (**مصدريّة**)، بێ، یانی: (**خَلْقُ الذَّكَرِ وَالأُنْثى**) سوێندیش بە دروستکرانی نێر و مێ.

بەڵام مانای یەکەمیان زیاتر بەعەقڵەوە دەنووسێ، کە (ما) لێرەدا (**مَوصولة**) بێ، هەندێك لە ڕوونکەرەوانی قورئان گوتوویانە: بۆچی خوا ﷻ سوێند خواردن بە خۆی خستۆتە دوایی و، خۆی لە پێشەوە باس نەکردوە؟

دەڵێین: خوای پەروەردگار کە باسی دروستکراوەکان دەکات، دروستکراوەکانیش هەر هی خۆینی، ناوەکانی خوا ﷻ و سیفەتەکانی لە دروستکراوەکانیدا دەدرەوشێنەوە.

هەروەها لە سوورەتی (الشمس)یشدا: ﴿ وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا ﴿٧﴾ ﴾، سوێند بە نەفس و بەو کەسەی ڕێکیخستوەو ڕێك و پێکی کردوە، لەوێش خوای کاربەجێ ئەگەر (ما)، بە مانای (الَّذي) بێ خستوویەتە دوایی، هەندێکیش گوتوویانە: لەوێشدا (ما) (مَصْدَرِيَّة)یە، واتە: سوێند بە نەفس و بە ڕێکخستنەکەی.

خوا دەفەرموێ: سوێند بەو سێ شتانە: بە شەوگار کە دادەپۆشێ و، بە ڕۆژگار کە ڕوون بۆوەو، بەو زاتەی نێرو مێی هێناونە دی، یاخود بەدروستکرانی نێرو مێ:

٤)- ﴿ إِنَّ سَعۡيَكُمۡ لَشَتَّىٰ ﴾ بە دڵنیایی هەوڵ و کۆششی ئێوە جۆراو جۆرە.

پێشتریش باسی حاڵەتی نێرو مێمان کردوەو لێرەش دا: ﴿ وَمَا خَلَقَ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ ﴾، هەموو شتێك دەگرێتەوە، مرۆڤ و جندو ئاژەڵ و زیندەوەرو پەڕەورو کشت و کاڵ و دارو درەخت، بەڵکو بە چەمك و واتایەکی گشتییتری: ﴿ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ ﴾، دەگونجێ ماددەی بێ ژیانیش بگرێتەوە، ئێوکی ماددە کە لە پرۆتۆن و نیۆترۆن پێك دێ، پرۆتۆن بارگەیەکی موجیبی هەیەو، نیۆترۆن بێ بارگەیە، ئەلیکترۆنیش بارگەیەکی سالیبی هەیە، بۆیە ئەوانیش دەگونجێ وەك نێرو مێ، وەك جووت دابنرێن، حاڵەتی نێرو مێ یاساو سیستمێکە خوا لە نێو سەرجەم دروستکراوەکاندا داینـاوەو هەموویان جووتن، خوا تەنیا خۆی تاکە، خۆی بێ هاوەڵەو بێ وێنەیە، خوا دەفەرموێ: سوێند بەو سێ شتانە ﴿ إِنَّ سَعۡيَكُمۡ لَشَتَّىٰ ﴾، بە دڵنیایی هەوڵ و کۆششی ئێوە جۆراو جۆرە، (**السَّعْيُ: المَشْيُ القَويُّ الحَثيثُ، وَهُنَا مُسْتَعَارٌ لِلْعَمَلِ وَالكَدِّ**)، (**سَعي**): بریتیە لە ڕۆیشتنێکی بەهێزی خێرا، بەڵام لێرە خوازراوەتەوە بۆ هەوڵ و کۆشش.

(شَتَّى): جمع شَتيتْ: مِثْلُ مَرْضَى وَمَرِيض، وَقَتْلى وَ قَتِيل، مُشْتَقٌّ مِنَ الشَّتُّ وَهُوَ التَفَرُّقُ الشَّديد)، **(شَتَّى)** كۆی **(شَتیت)**ە، وەك چۆن **(مَرضى)** نەخۆشەكان، كۆی **(مريض)**ە، نەخۆش و، **(قَتْلى)** كوژراوەكان، كۆی **(قَتيل)**ە، كوژراو، **(شَتَّى)**، لە **(شَتٌّ)**ەوە هاتوە، كە بریتیەلە لێكجیاكردنەوەو لێك پرژو بڵاوكردنێكی بەهێز، كەواتە: خوا ﷻ لێرەدا سێ سوێندی خواردوون، دواییش وەڵامی سوێندەكە هاتوە، كە هەوڵ و كۆششی ئێوە زۆرو جۆراو جۆرە. لە ئایەتەكانی دواییشدا جۆراوجۆریی هەوڵ و كۆششەكانی مرۆڤەكان ڕوونكراونەتەوە.

مەلەسەی دووەم:

هەر کەس بەخشەرو پارێزکارو بە ڕاستدانەری باشترین پاداشتی خوا بێ، خوا بەرەو خێرو چاکەو، ڕێی هەرە ئاسان وەری دەچەرخێنێ و، ڕێی بۆ ئاسان دەکات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَاتَّقَىٰ ۝٥ وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَىٰ ۝٦ فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَىٰ ۝٧ ﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَاتَّقَىٰ ﴾، ئنجا هەر کەسێك بەخشیی و پارێزی کرد.

هەر کەسێك بەخشی، واتە: ماڵ و سامانی و، هەرچی هەیەتی، بەخشیی لە پێناوی خوادا، ﴿ وَاتَّقَىٰ ﴾، پارێزیشی کرد، واتە: خۆی پاراست لە خوا ﷻ کە گلەیی لێ بکات و لێی نارازی بێ و سزای بدات.

یاخود: ﴿ وَاتَّقَىٰ ﴾، یانی: خۆی پاراست لە لادان لە بەرنامەی خواو، لە هەموو ئەو شتانەی پێیان گوناهبارو عەیبدار دەبێ، لە دنیاو دوارۆژدا.

وەك پێشتریش گوتمان، پیتی (ف) لە ﴿ فَأَمَّا ﴾دا، بۆ (**تَفريعَ**)ە، واتە: ئەم قسەیە لەسەر قسەکەی پێشێ هەڵدەستێنرێ، کە خوا فەرمووی: هەوڵ و کۆششی ئێوە جۆراو جۆرە، ئنجا خوا ﷻ ئەوە ڕوون دەکاتەوە، ئەو هەوڵ و کۆشش جۆراوجۆربوون و، ئەو سەرەنجام جۆراو جۆر بوونە، چۆنە؟ ڕوونی دەکاتەوە:

وشەی (**أَمَّا**) پیتی درێژەپێدان (**حَرْف تَفْصِيل**)ە، و لە زمانی عەرەبیی دا یانی: (**مَهْمَا يَكُن مِنْ شَيءٍ**)، هەر شتێك ببێ، ئەوە ئەسڵی واتایەکەیەتی و، بۆ درێژە پێدان و ڕوونکردنەوەی مەبەستێك بەکاردەهێنرێ.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ ﴾ ئنجـا هـەر کەسـێك بەخشـیی، لێـرەدا وشـەی: ﴿ أَعْطَىٰ ﴾، (نُـزِّلَ مَنْزِلَـةَ الـلاَزِم، لِأَنَّـهُ مَشْـهورٌ لِإِعْطـاءِ المـاَل)، (أَعْطَىٰ)، وەك کـرداری (لازم) مامەڵـەی لەگەڵـدا کـراوە، ئەگەرنـا خـۆی تێپەڕکـەر (**متعـدِّي**)ە، چونکـە زۆر نـاودارە بـۆ بەخشـینی مـاڵ و سـامان، بۆیـە بەرکارەکـەی بـاس نەکـراوە، یانـی: (فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ المَـاَل) ئنجـا هـەر کـەس سـامانی بەخشـیی، یـان: (فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ **النِّعَمـةَ الَّتـي أَنْعَـمَ اللـهُ بِهـا عَلَيْـهِ**)، ئنجـا هـەر کەسـێك ئـەو چاکەیـەی خـوا پێیـداوە، بەخشـیی.

﴿ وَاتَّقَىٰ ﴾، پارێزیـشی کـرد، کـە زیاتـر مانایەکـەی وایـە: پارێـزی لـە خـوا کـرد: (**اتَّقـى اللـه**)، (**الطَّبَري**) لـە قەتـادەوە بـە ژمـارە: (٣٧٥٥٥)، هێناویـەتی، دەڵـێ: (**إِتَّقـى، أي: إِتَّقـى مَحَـارِمَ اللـهِ الَّتـي نَهَـى عَنْهَـا**)، خـۆی لـەو قەدەغـە کراوانـەی خـوا پاراسـت، کـە قەدەغـەی کـردوون.

هەروەهـا (**الطـبري**) لـە ئیبنـو عەبباسـەوە هێناویەتـی، دەڵـێ: (**إِتَّقـى: أَيْ إِتَّقَـى اللـهَ**) خـۆی لـە خـوا پاراسـتوە، واتـە: پارێزکاریـی کـردوە بەرانبـەر بـە خـوا، شـتێك نـەکات خـوا لێـی نارازیـی بـێ و تووشـی سـزاو جەزرەبـەی خـوا ببـێ.

٢)- ﴿ وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَىٰ ﴾، ئەوەی هەرە باشیشە بەڕاستی زانی، پێشتریش گوترا: (**الحُسْنى**) سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراو (**صفة موصوف محذوف**)ە، ئنجا (**الحُسْنَى**)، لە بەرانبەر (**أَحْسَنَ**)ە، (**الحُسْنَى**)، بۆ مێینەو (**الأَحْسَن**) بۆ نێرینەیە، واتە: (**المَثُوبَةَ الحُسْنى**) یان: (**الكَلِمَةَ الحُسْنى**) یان: (**الدَّارَ الحُسنى**)، بەڕاستی زانیی:

أ- پاداشتی هەرە باش، وەك (**الطبري**) لە (**إبن عباس**)ە هێناویەتی، بە ژمارە: (٣٧٥٥٩) و (**مخرِّج**)ی تەفسیری (**الطبري**)یش سەنەدەکەی بە ڕاست داناوە، گوتوویەتی: (**صدَّق بالخَلَفِ من الله**) واتە: پاداشتدانەوەی چاکەی لە خواوە بەڕاست داناوە.

ب- یان وشەی هەرە باش، (کە وشەی خوا بە یەکگرتن (**لا إِلَه اِلاَّ الله**)ە)، وەك (**الطبري**) بە ژمارە: (٣٧٧٥١) لە (**الضحاك**)ە هێناویەتی، گوتوویەتی: [**صدَّق ب(لا إِلَه اِلاَّ الله)**].

ج- یاخود مەنزڵگای هەرە باش، کە مەنزڵگا کۆتایی و بەهەشتەو لە ڕۆژی دواییدا خوای پەروەردگار دەیڕەخسێنێ، ڕاستتریش ئەوەیە بگوترێ: خوای پەروەردگار لە ڕۆژی دواییدا، بڕوادارانی دەخاتە نێو، چونکە بە ڕای زۆربەی هەرە زۆری زانایان بەهەشت و دۆزەخ ئێستا هەن.

٣)- ﴿فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلْيُسْرَىٰ﴾، بە دڵنیایی ئێمە ئاسانی دەکەین، بۆ ڕێی هەرە ئاسان، (**التَيسيرُ: جَعْلُ الشَّيءِ يَسيرَ الحُصول، وَمَفْعُول فِعلُ التَّيسير، هو شَيءٌ صَعْبٌ**)، (**تَيْسير**): بریتیە لەوەی شتێك وا لێ بکەی بە ئاسانیی پەیدابێ، بەرکاری کرداری (**تَيْسير**) ئاسانکردن، بریتیە لە شتێکی بە زەحمەت، ﴿فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلْيُسْرَىٰ﴾، یانی: ئێمە شتێك کە بە زەحمەتەو قورسە، بۆی ئاسان دەکەین، (**يُسرى**)، واتە: هەرە ئاسان، (**اليُسْرى: مَا لا مَشَقَّةَ فيهِ وَتَأْنيثُها بِتَأْويلِ أولاً: الحَالَةُ الَّتي لا تَشُقُّ عَلَيْهِ فِي الآخِرَةِ: حآلَةَ النَّعيم، ثانياً: المَكانَة**)، واتە: (**يُسرى**): ئەوەیە کە زەحمەتیی و قورسیی تێدا نەبێ، کە بە مێینەش دانراوە، دوو ئەگەری هەن:

١)- ئەو حاڵەتەی لە ڕۆژی دواییدا لەسەری قورس نابێ، کە حاڵەتی پڕ نازو نیعمەتی بەهەشتە.

٢)- ئەو پلەو پایەو پێگەیەی لە ڕۆژی دواییدا پێی دەدرێ، هیچ زەحمەتیی و سەر ئێشەو ماندووبوونی تێدا نیە، کە پێگەی بڕودارانە لە بەهەشتەکانی خوای بەرزی مەزندا.

مەسەلەی سێیەم:

هەر کەسیش چرووك بێ و، بێنیازیی بەرانبەر بە خوا بنوێنێ و، بە پاداشتی هەرە چاکیش بێبڕوا بێ، خوا بەرەو حاڵەتی هەرە قورس و زەحمەت وەریدەچەرخێنێ و، سامانەکەیشی لە کاتی کەوتنە دۆزەخیدا دادی نادات و بە کەڵکی نایەت:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسْتَغْنَىٰ ﴿٨﴾ وَكَذَّبَ بِٱلْحُسْنَىٰ ﴿٩﴾ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلْعُسْرَىٰ ﴿١٠﴾ وَمَا يُغْنِى عَنْهُ مَالُهُۥٓ إِذَا تَرَدَّىٰٓ ﴿١١﴾ ﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

لە ئایەتەکانی پێشێدا، باسی کەسێکی کرد کە دەبەخشێ و پارێز لە پەروەردگاری دەکات و، بڕواشی بە پاداشتی هەرە چاك یان مەنزڵگای هەرەباش هەیە، یاخود: بە وشەی هەرە چاك هەیە، کە وشەی خوا بە یەکگرتنە، ئنجا خوا ﷻ وەك بەراوردکردن لەگەڵ ئەوەی پێشێدا، دەفەرمووێ:

١)- ﴿ وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسْتَغْنَىٰ ﴾، بەڵام کەسێك چرووکیی و ڕژدیی بنوێنێ و، نەبەخشێ، بێنیازیش بێ، بێنیازیی پێشان بدات بەرانبەر بە خوا، لە جیاتی پارێزکاریی.

٢)- ﴿ وَكَذَّبَ بِٱلْحُسْنَىٰ ﴾، وشەی هەرە چاکیش بە درۆ دابنێ، لە جیاتی بڕواهێنان بە وشەی هەرەچاك، یان باشترین مەنزڵگا، یان پاداشتی هەرە باشی خوا، پێی بێبڕوابێ و بە درۆی دابنێ، هەر کەسێك وابێ:

٣)- ﴿ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلْعُسْرَىٰ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە بەرەو قورسیی و زەحمەتیی وەریدەچەرخێنین.

٤)- ﴿ وَمَا يُغْنِى عَنْهُ مَالُهُۥٓ إِذَا تَرَدَّىٰٓ ﴾، ماڵ و سامانەکەشی دادی نادات و سوودی پێ ناگەیەنێ، کاتێك دەکەوێ.

کورتە باسێک: شەش وردە سەرنج

١- کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسۡتَغۡنَىٰ ﴾، ئیبنو عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، وەك (الطبري)، بە ژمارە: (٣٧٥٨١)، لێیەوە هێناوە، بە سەنەدێکی ڕاست و دروست، دەڵێ: (مَنْ بَخِلَ بِالفَضْلِ وَاسْتَغْنى عَن رَبِّهِ)، واتە: هەر کەسێك چرووکیی بنوێنێ، لە بەخشینی شتێکدا کە لە خۆی زیادەو، لە پەروەردگاریشی بێنیازیی دەرببڕێ.

(الطبري) هەر لە ئیبنو عەبباسەوە بە ژمارە: (٣٧٥٨٠)، بە سەنەدێکی باش (حَسَن) هێناویەتی: (مَنْ بَخِلَ بِمَا عِنْدَهُ، وَاسْتَغْنَى فِي نَفْسِهِ)، واتە: هەر کەسێك لەوەدا کە لەلایەتی، چرووکیی بکات و نەیبەخشێ، لە دەروونی خۆشیدا خۆی پێ بێنیاز بێ.

من ئەو مانایەی دووەمیانم زیاتر بە دڵەوە دەنووسێ، چونکە خوا نەیفەرمووە: (مَنْ بَخِلَ بِالفَضْلِ مِنْ مَالِهِ)، کەسێک چرووکی بکات لەوەدا کە لێی زیادە، بەڵکو: خوا بە گشتیی باسی چرووکیی و ڕژدیی و نەبەخشینی کردوە.

هەروەها ﴿ وَٱسۡتَغۡنَىٰ ﴾، بەڵێ بەپێی ڕەوت و بە سەلیقە دەتوانین بڵێین، یانی: (وَٱسۡتَغۡنَىٰ عَنْ رَبِّهِ)، لە پەروەردگاری بێنیاز بوو، بەڵام دەشگونجێ مەبەست ئەوە بێ کە لە دەروونی خۆیدا، خۆی پێ بێنیازو بێباکەو پێی وایە پێویستیی بە کەس نیە.

٢- ﴿ وَكَذَّبَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ ﴾، لێرەدا زۆربەی زانایان گوتوویانە: (كَذَّبَ بِالخَلَفِ مِنَ الله)، یانی: ئەو کەسەی بێبڕوایە بە پاداشتی باش لە خواوە، لە بەرانبەر بەخشین و پارێزکارییدا، بەڵام وێڕای ئەو مانایە مانایەکانی دیکەشی هەن کە پێشتر هێنامانن.

٣- ﴿ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡعُسۡرَىٰ ﴾، (العُسْرى) سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، یانی: (لِلْعاقِبَةِ العُسْرى) یان (لِلْخَصْلَةِ العُسرى)، بەرەو سەرەنجامی زۆر قورس و زەحمەت، بەرەو سیفەتی هەرە قورس و زەحمەت.

ئیبنـو عەببـاس بـە ژمـارە: (٣٧٥٩٩)، (**الطـبري**) لێیـەوە هێنـاوەو سـەنەدەکەشی ڕاسـتە، دەڵـێ: ﴿لِلْعُسْرَىٰ﴾، (**أَي: شَرٌّ مِـنَ اللـه**)، بـەرەو زیـان و خراپەیـەك لـە لایـەن خـواوە کـە بەسـەری دێ.

کەواتە: (**العُسْرى**) دوو واتای هەن:

أ- حاڵەتی قورس و زەحمەت و مەینەتیی (**حالة العسر و الشدّة**).

ب- پێگەی خراپ و سەخت کە دۆزەخە (**المكانة السيئة الصّعبة وهي جهنّم**).

٤- کە دەفەرموێ: ﴿وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُۥٓ إِذَا تَرَدَّىٰٓ﴾، یانی: ماڵ و سامانەکەی سوودی پێ ناگەیەنێ، کاتێك دەکەوێ، (**التَّرَدِّي: السُّقُوطُ مِن عُلوٍ إلى سُفْلٍ**)، (**تَرَدِّي**): بریتیە لەبەربوونەوە لەسەرێوە بۆ خوارێ، زانایانیش سێ واتایان بۆ ئەو کەوتنە خوارەوە داناون:

أ- هەندێکیان بە مردنیان لە داناوە: (**تَرَدَّى: أَيْ مَاتَ**).

ب- هەندێکیان بە خرانە نێو گۆڕیان داناوە: (**تردَّى أَيْ أُدْخِلَ فِي القَبْر**).

ج- هەندێکیشیان بە کەوتنە نێو دۆزەخیان داناوە: (**تردَّى: سَقَطَ فِي جَهَنَّم**)، کە (**الطبري**): ئەم ڕایەی هەڵبژاردوە، چونکە (**رَدِيَ: أَيْ: مَاتَ**)، (**التَّرَدِّي: السُّقُوط**)، (**رَدِيَ**) بە مانای مرد، (**التَّرَدِّي**)، واتە: کەوتن، (**الطبري**) لە (قەتادة)وە بە ژمارە: (٣٧٦٠٣)، هێناویەتی: (**إِذَا تَرَدَّى فِي النَّارِ**)، کاتێك کە دەکەوێتە نێو ئاگری دۆزەخەوە.

٥- ﴿فَسَنُيَسِّرُهُۥ﴾، لەمەودوا ئاسانی دەکەین، یەکێك لە ڕوونکەرەوان گوتوویەتی: (**نُيَسِّرُهُ: أَيْ نُدْرِجُهُ فِي عَمَلَي السَّعَادَةِ وَالشَّقَاوَة، فَالأَعْمَالُ الصَّالِحَةُ هِيَ يُسْرى، أَوَّلاً: فِي نَفسِهَا لِمُواءَمَتِهَا لِلْفِطْرة، ثانياً: لِعَاقِبَتِهَا الأُخْرَوِيّة**)، واتە: وای لێدەکەین، هەردوو کرداری بەختەوەرانەو بەدبەختانەشی لە دەست بێن، کردەوە باشەکان، خوا بە (**يُسْرَى**) پێناسەی کردوون، لەبەر ئەوەی: أ- لە خودی خۆیان دا ئاسانن و، لەگەڵ زگماك و ناخی مرۆڤیشدا گونجاون.

ب- بۆیە پێیان گوتراوە: (**يُسْرَى**)، لەبەر سەرەنجامە چاکەکەی دوارۆژیان.

هەروەها گوتوویەتی: (**ووصفت السَّيِّئَات بالعُسرى لسببين:**)، کردەوە خراپەکانیش بە (**عُسرى**) پێناسە کراون؟ ئەویش لەبەر دوو هۆکاران:

یەکەم: (**هي صعبة فِي نَفْسِهَا، لِمُخَالَفَتِهَا لِلْفِطْرَة**)، لە خودی خۆیاندا کردەوە خراپەکان قورسن، چونکە پێچەوانەی زگماك و ناخی مرۆڤن.

دووەم: (**لِعَاقِبَتِهَا السَّيِّئَة فِي الآخِرَة**)، لەبەر سەرەنجامە خراپەکەیان لە ڕۆژی دواییدا.

٦- (**أل**)ی سەر (**العُسْرى**) و (**اليُسْرى**) دوو ئەگەریان هەن:

دەگونجێ بۆ تێکڕا (**جنس**) بن، واتە: ئاسانی دەکەین، بۆ کۆی زەحمەتیی و نارەحەتییەکان لە دنیاو دوارۆژدا.

یاخود: ئاسانی دەکەین بۆ کۆی ئاسانییەکان لە دنیاو دوارۆژدا.

بەڵام دەشگونجێ بۆ (**عهد**) بن، یانی: بۆ ئاسانییەکە ئاسانی دەکەین، یان بۆ قورسەکە ئاسانی دەکەین، ئاسانییەکە وەك پێشتریش باسمان کرد واتە: ئەو شەریعەتەی خوای پەروەردگار کە ئاسانەو لەگەڵ عەقڵ و فیترەتدا، گونجاوە.

(**عُسرى**)ش واتە: بەرەو ڕێیەك کە قورسەو زەحمەتە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ فیترەت و ناخیدا نەگونجاوەو سەرەنجامیشی خراپە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئایەتە موبارەکەدا، ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ دێنین:

{عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: كُنَّا جُلُوسًا عِنْدَ النَّبِيِّ ﷺ وَبِيَدِهِ عُودٌ فَنَكَتَ فِي الْأَرْضِ، ثُمَّ رَفَعَ رَأْسَهُ فَقَالَ: مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا وَقَدْ كُتِبَ مَقْعَدُهُ مِنَ الْجَنَّةِ، وَمَقْعَدُهُ مِنَ النَّارِ، قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! أَفَلَا نَتَّكِلُ؟ قَالَ: لَا، اعْمَلُوا وَلَا تَتَّكِلُوا، فَكُلٌّ مُيَسَّرٌ لِمَا خُلِقَ لَهُ، ثُمَّ قَرَأَ: فَأَمَّا مَنْ أَعْطَى وَاتَّقَى وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى، وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَى وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى} (أخرجه أحمد:

١٠٦٧، والبخاري: ٤٦٦٥، ومسلم: ٢٦٤٧، وأبو داود: ٤٦٩٤، والترمذي: ٣٣٤٤، وقال: حسن صحيح، وعبد بن حميد: ٨٤، وأبو يعلى: ٥٨٢).

واتە: عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب (خوا لێی ڕازی بێ) دەگێڕێتەوە، دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ دانیشتبووین بە داروو چکەیەك لە زەوییەوە دەژەنی، {وەك داڵغە لێدانێك و بیرکردنەوەیەك}، دوایی سەری بەرز کردەوەو فەرمووی: هیچ کام لە ئێوە نیە مەگەر نشینگەکەی لە بەهەشتداو، نشینگەکەی لە دۆزەخدا بۆ دیارییکراوە (بۆی نووسراوە)، گوتمان: ئەی پێغەمبەری خوا! ئایا پشت نەبەستین بەو نووسینە؟ فەرمووی: نەخێر، کردەوە بکەن و پشت بەو نووسینە مەبەستن (چونکە نازانن چیتان بۆ نووسراوە)، هەر کامێك لە ئێوە ئاسانکراوە، واتە: ئاسان دەکرێ بۆ ئەو شوێنەی بۆی دروستکراوە، دوایی ئەو ئایەتە موبارەکانەی خوێندنەوە: (**فأما من أعطى...**).

مەبەستی پێغەمبەری خاتەم ﷺ ئەوە بووە کە بزانن خوا هەموو شتێك دەزانێ، دوایی کە گوتوویانە: (**أَفَلا نَتَّكِلُ**)، ئایا پشت نەبەستین؟ واتە: واز نەهێنین لەوەی خوا چی نووسیوەو چی دەوێ؟ فەرمووی: نەخێر، کار بکەن و پشت بەوە مەبەستن، چونکە هەر کامێك لە ئێوە ئاسان دەکرێ، بۆ ئەو شوێنەی بۆی نووسراوە، واتە: ئەگەر بۆ بەهەشت نووسرا بێ، کردەوەی بەهەشتییان دەکات و، ئەگەر بۆ دۆزەخ نووسرابێ، کردەوەی دۆزەخییانە ئەنجام دەدات.

کەواتە: دەتوانین بڵێین: (**العَمَلُ الصَّالِحُ عِنْوانٌ عَلى العَاقِبَةِ الحَسَنة، وَالعَمَلُ السَّيِّئُ عِنْوَانٌ لِلعَاقِبَةِ السَّيِّئَة**)، کردەوەی باش، ناوونیشانی سەرەنجامی باشەو، کردەوەی خراپیش ناوونیشانی کردەوەی خراپە.

وەك من لە هەندێك لە کتێبەکانی خۆم دا، بە تایبەت مەوسووعەی: (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا)، باسم کردوە کە قەدەری خوا بۆ ئێمە پەنهانە، بەڵام کردەوەکانی خۆمان ئاوێنەیەکن، ئێمە سەرەنجامی

خۆمانیـان تێـدا دەخوێنینـەوەو قـەدەری خواشـیان تێـدا دەبینیـن، ئەگەرنـا ئێمـە نازانیـن خـوا ﷻ چـی نووسـیوە، بـەڵام ئەگـەر کـردەوەی بـاش ئەنجـام بدەیـن، مانـای وایـە سـەرەنجامت خێـرەو، ئەگـەر کـردەوەی خراپیـش ئەنجـام بـدەی، سـەرەنجامت خراپـە، چونکـە بەهـۆی کردەوەکانـەوە، مـرۆڤ دەچێتـە بەهەشـت، یاخـود دەچێتـە دۆزەخ.

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

خـوا ڕێنمایـی کردنـی، لەسـەر خـۆی پێویسـت کـردوەو، دوارۆژو دنیـاش هـی ویـن، هەمـوو لایەکیشـی لـە ئاگـری بڵێسـەدار ترسـاندوە، کـە خراپەکارانـی بێبـڕوای پشـت هەڵکـەری دەچنـێ و، پارێزکارانـی خـۆ پـاك و چاککـەری بەخشـەر لێـی دووردەبـن، ئەوانـەی سامانی خۆیـان تەنیـا بـە پاڵنـەری دەستخسـتنی دیـداری خـوا دەبەخشـن و، چاکـەی هیچکەسیان لـە چـاودا نیـەو، خـوای پەروەردگاریـش ڕازییـان دەکات:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ عَلَيْنَا لَلْهُدَىٰ ﴿١٢﴾ وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَالْأُولَىٰ ﴿١٣﴾ فَأَنذَرْتُكُمْ نَارًا تَلَظَّىٰ
﴿١٤﴾ لَا يَصْلَاهَا إِلَّا الْأَشْقَى ﴿١٥﴾ الَّذِي كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿١٦﴾ وَسَيُجَنَّبُهَا الْأَتْقَى ﴿١٧﴾ الَّذِي يُؤْتِي
مَالَهُ يَتَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُ مِن نِّعْمَةٍ تُجْزَىٰ ﴿١٩﴾ إِلَّا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِ الْأَعْلَىٰ ﴿٢٠﴾ وَلَسَوْفَ
يَرْضَىٰ ﴿٢١﴾ ﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ عَلَيْنَا لَلْهُدَىٰ ﴾، (خوا ﷻ دەفەرموێ:) بە دڵنیایی ڕێنمایی کردن لەسەر ئێمەیە، (**هُدى**): لێرەدا بە مانای ڕێ پیشاندان و ڕێنمایی کردن و بەرچاو ڕوونکردنەوەیە، کە ئەوە ڕێگای ڕاستەو خوا پەسندی دەکات.

(الطبري) لـە قەتـادەوە بـە ژمـارە: (٣٧٦٠٧)، هێناویەتـی، کـە گوتوویەتـی: (**عَلَى اللهِ البَيَانُ، بَيَانُ حَلالِهِ وَحَرامِهِ وَطَاعَتِهِ وَمَعْصِيَتِهِ**)، ڕوونکردنـەوە لەسـەر خوایـە، ڕوونکردنـەوەی ئـەوەی ڕەواو حەڵاڵـی کـردوەو، ئـەو شـتەی قەدەغـەی کـردوەو، فەرمانبەرییەکـەی و سـەرپێچییەکەی، خـوا ﷻ لەسـەر خـۆی پێویسـت کـردوە بۆمـان ڕوون بکاتـەوە.

٢)- ﴿ وَإِنَّ لَنَا لَلۡأٓخِرَةَ وَٱلۡأُولَىٰ ﴾، بە دڵنیایی (مەنزڵگای) کۆتایی و یەکەمیش هی ئێمەن، (آخِرَة)، هاوەڵناوو سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، یانی: (لَلدَّارُ الآخِرَة) یان (لَلْعَاقِبَةُ الآخِرَة)، یان (لَلْمَنْزِلَةُ الآخِرَة)، واتە: ماڵی کۆتایی، یاخود پاداشتی کۆتایی، یاخود سەرەنجامی کۆتایی، هی ئێمەیە، ﴿ وَٱلۡأُولَىٰ ﴾ هەروەها هی یەکەمیش، واتە: مەنزڵگای یەکەمیش، کە ژیانی دنیایە، واتە: دوارۆژو دنیا هەردووکیان هەر هی ئێمەن، (الطبري)، ئەمەی بەمجۆرە مانا کردوە: (وَإِنَّ لَنَا مُلْكَ مَا فِي الدُّنيا وَالآخِرَة، نُعْطِي مِنْهَا مَنْ أَرَدْنَا مِنْ خَلقِنَا وَنَحْرِمُهُ مَن شِئْنا)، حوکمڕانیی دنیاو دوارۆژ هەر هی ئێمەیە، هەر کەسێك بمانەوێ لە دروستکراوەکانمان، پێی دەدەین، هەر کەسێکیش بمانەوێ، بێبەشی دەکەین و پێی نادەین.

٣)- ﴿ فَأَنذَرۡتُكُمۡ نَارٗا تَلَظَّىٰ ﴾ ئنجا من دەتانترسێنم لە ئاگرێك کە بڵێسە دەدات، ﴿ تَلَظَّىٰ ﴾ (الطَّبَري) بە ژمارە: (٣٧٦٠٨) لە موجاهیدەوە هێناویەتی: (أَيْ: تَوَهَّج)، کڵپەو بڵێسە دەدات، (أَصْلُهُ تَتَلَظَّى، حُذِفَتْ إِحْداهُما لِلإختصار)، ﴿ تَلَظَّىٰ ﴾، لە ئەسڵدا (تَتَلَظَّى) یە، بەڵام یەکێك لە (ت)ەکان قرتێنراوە بۆ کورتبوونەوە، واتە: ئێوەم ترساندوەو وریام کردوونەوە لە ئاگرێك کە بڵێسەو کڵپە دەدات.

٤)- ﴿ لَا يَصۡلَىٰهَآ إِلَّا ٱلۡأَشۡقَى ﴾، نایچێتە نێو مەگەر کەسێك خراپترین بێ، ﴿ ٱلۡأَشۡقَى ﴾: (الأَشْقَى مِنْ غَيْرِهِ هُوَ الكَافِرُ، أَمَّا غَيْرُهُ مِنَ الأَشْقِيَاءِ فَلَيْس كَذَلِك)، کەسێك کەلە جگە لە خۆی خراپترە، بێبڕوایە، بەڵام بەدبەختەکانی دیکە، مادام بێبڕوا نەبن، بە ئەندازەی ئەو خراپ نین، کەواتە: کەسێك لە هەموو کەس خراپترە، ئەو کەسەیە کە بێبڕوایە[1].

ئنجا خوا دەفەرموێ: نایچێتە نێو، یان بەشێوەی تایبەت پێی ناسووتێنرێ، مەگەر خراپترین کەس، چونکە: ﴿ ٱلۡأَشۡقَى ﴾، ڕێژگەی هەڵبژاردنە، بۆ (شَقي)، واتە: بەدبەخت و خراپەکار، ﴿ ٱلۡأَشۡقَى ﴾، واتە: بەدبەخترو خراپتر.

---

(١) دوایی ئەو ئیشکالەی لەسەر ئەو ڕستەیەو، ڕستەی دواتریش کە دەفەرموێ: ﴿ وَسَيُجَنَّبُهَا ٱلۡأَتۡقَى ﴾، لێی دوور دەخرێتەوە کەسێك کە پارێزکارترینە، هەڵدەگیرسێنرێ، قسەی لێ دەکەین و وەڵامی زانایانیش دێنین.

٥)- ﴿ ٱلَّذِى كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴾، ئەو کەسەی بێبڕوابووەو، پشتیشی هەڵکردوە، بێبڕوا بووە لە ڕووی بڕواهێنانەوەو بە درۆی داناوە، ﴿ وَتَوَلَّىٰ ﴾، پشتیشی هەڵکردوە لە ڕووی کردەوەوە.

٦)- ﴿ وَسَيُجَنَّبُهَا ٱلْأَتْقَى ﴾، لێشی وەدوور دەخرێ پارێزکارترین.

ئنجا دوایی پارێزکارترین پێناسەو مانا دەکات:

٧)- ﴿ ٱلَّذِى يُؤْتِى مَالَهُۥ يَتَزَكَّىٰ ﴾، ئەو کەسەیماڵی خۆی دەبەخشێ، خۆی پاك و چاك دەکات، یەکێك لە ڕوونکەرەوانی قورئان ئاوا مانای لێك داوەتەوە، دەڵێ: (**الَّذي يُعْطِي مَالَهُ فِي الدُّنيا فِي حُقُوقِ اللهِ الَّتِي أَلْزَمَهُ إِيَّاها يَتَطَهَّرُ بِذَلِكَ مِنْ ذُنُوبِهِ**) واتە: ئەو کەسەی لە دنیادا ماڵ و سامانەکەی خۆی لە مافەکانی خوادا، کە پێوەیانی پابەند کردوە، دەبەخشێ و، بەهۆی ئەو ماڵ و سامانە بەخشینەوەیە، خۆی لە گوناهەکانی پاك دەکاتەوە.

٨)- ﴿ وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُۥ مِن نِّعْمَةٍ تُجْزَىٰٓ ﴾، هیچ کەسێکیش چاکەیەکی لە لای نیە، تاکو پاداشت بدرێتەوە، وشەی: (**مَا**)، لابەرە (**نَافية**)یەو بۆ لابردنە، ﴿ وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُۥ مِن نِّعْمَةٍ ﴾، (**مِنْ زَائِدَةٌ لِلتَّأكيد**)، (**مِن**)یش، بۆ جەختکردنەوە زیاد کراوە.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُۥ مِن نِّعْمَةٍ تُجْزَىٰٓ ﴾، یانی: هیچ کەسێك هیچ جۆرە چاکەیەکی لە لای نیە، پاداشتی بداتەوە لەسەری و، هیچ چاکەیەك لە کەسێکەوە بۆ وی نەهاتوە، کە ئەویش چاکەی بداتەوە، بەڵکو تەنیا بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕووی خواو، ڕەزامەندیی خواو، دیداری خوا، ئەو ماڵەی خۆی دەبەخشێ.

٩)- ﴿ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ رَبِّهِ ٱلْأَعْلَىٰ ﴾، جگە لە داواکردنی ڕووی پەروەردگاری هەرە بەرزی، ئەم هەڵاواردن (**إستثناء**)ە، هەڵاواردنێکی دابڕاو (**إستثناء منقطع**)ە، چونکە داواکردنی ڕووی پەروەردگاری هەرە بەرز، بەشێك نیە لە چاکەی کەسێك لە لای.

﴿ ٱبْتِغَآءَ ﴾یش: (**الطَّلَبُ بِجِدٍّ، لأَنَّهُ أَبْلَغُ مِن البَغْي، البَغْيُ: الطَّلَبُ**)، ﴿ ٱبْتِغَآءَ ﴾: بریتیە لە داوا کردنێکی زۆر بە گرنگیی پێدانەوەو بەهێزترە لە (**بَغي**) کە بە مانای داواکردنە.

١٠)- ﴿ وَلَسَوۡفَ يَرۡضَىٰ ﴾، بەدڵنیاییش لەمەودوا ڕازیی دەبێ، (ل)ی (لسوف): (لام الإبْتِدَاءِ لِتَأكيد الخَبَر، ﴿ وَلَسَوۡفَ يَرۡضَىٰ ﴾)، لامی دەستپێکردنە بۆ جەختکردنەوەی هەواڵەکە.

کە دەفەرموێ: (سَوْفَ يَرۡضَىٰ)، (سَوْفَ: لِتَحقُّقِ الوَعْدِ بِالمُسْتَقْبَلِ، مِثْلُ: سَوْفَ أَسْتَغْفِرُ لَكُم رَبِّي)، (سَوف) بۆ ساغکردنەوەی هاتنە دی ئەو بەڵێنەیە لە داهاتوودا، وەك یەعقووب ﷺ کە کوڕەکانی داوایان لێکرد، داوای لێبوردنیان بۆ لە خوا بکات، فەرمووی: ﴿ سَوۡفَ أَسۡتَغۡفِرُ لَكُمۡ رَبِّيٓ ﴿٩٨﴾ ﴾یوسف، واتە: لەمەودوا بە دڵنیایی داوای لێبوردنتان بۆ لە پەروەردگارم دەکەم.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَأَنذَرۡتُكُمۡ نَارٗا تَلَظَّىٰ ﴾، پیتی (ف)، لە: (فأنذرتكم)دا دوو ئەگەری هەن:

یەکەم: (لِمُجَرَّدِ التَّفريعِ الذِّكْري)، بەس بۆ لق لێکردنەوەی باسکردنە، چونکە جاری وایە پیتی (ف) دێ، بەس بۆ باسکردن و، پەیوەست کردنەوەی قسەیەك کە ئێستا دەکرێ بە قسەیەکەوە کە پێشتر کراوە.

دووەم: (لِلتَفريعِ المَعْنَوِيِّ فَهُوَ تَفْرِيعٌ عَلى جُمْلَةِ (إِنَّ عَلَيۡنَا لَلۡهُدَىٰ) وَالمَعنى هَدَيْتُكُم فَأَنذَرۡتُكُمۡ إِبْلاغاً فِي الهُدى)، ئەمە بۆ لق لێکردنەوەو جیاکردنەوەی مەعنەوییە لە ڕستەیەکی پێشتر، ئەویش بریتیە لە ڕستەی: (إِنَّ عَلَيۡنَا لَلۡهُدَىٰ)، بە دڵنیایی ڕێنماییکردن لەسەر ئێمەیە.

ئنجا لێرە دەفەرموێ: ﴿ فَأَنذَرۡتُكُمۡ نَارٗا تَلَظَّىٰ ﴾، واتە: من ڕێنماییم کردوون و ترساندوومن و ئاگاداریشم کردوونەوە، بۆ ئەوەی زۆر ڕێنماییتان بکەم و ڕێتان پێشانبدەم، ﴿ إِنَّ عَلَيۡنَا لَلۡهُدَىٰ ﴿١٢﴾ وَإِنَّ لَنَا لَلۡأٓخِرَةَ وَٱلۡأُولَىٰ ﴿١٣﴾ فَأَنذَرۡتُكُمۡ نَارٗا تَلَظَّىٰ ﴿١٤﴾ ﴾، کەواتە (ف) ئەم ڕستەیە دەبەستێتەوە بە ڕستەی: (إِنَّ عَلَيۡنَا لَلۡهُدَىٰ)ەوە، کە پێشتر هاتوە.

کورتە باسێك: چوار جۆرە وەڵامی ئیشکالێك

چـوار جـۆرە وەڵامـی زانایـان بـۆ ئیشـکال و پرسـیارێك کـە بریتیـە لـەو ئیشـکالەی لـە هـەردووك ڕسـتەی: ﴿لَا يَصۡلَىٰهَآ إِلَّا ٱلۡأَشۡقَى﴾و، ڕسـتەی: ﴿وَسَيُجَنَّبُهَا ٱلۡأَتۡقَى﴾، سـەرهەڵدەدات، واتـە: (صَلِي) ناکـرێ بـەو ئاگـرە، جگـە لـە خراپتریـن کـەس و، لێـی دەپارێـزرێ، پارێزکارتریـن کـەس.

بـە پێـی ڕواڵەتـی ئـەم دوو ڕسـتە قورئانییـەی ئـەم دوو ئایەتـە موبارەکـە: کـەس ناچێتـە دۆزەخ مەگـەر خراپتریـن کـەس بـێ و، کەسـیش لـە دۆزەخ ناپارێـزرێ، مەگـەر باشـترین کـەس بـێ، کـە پارێزکارترینـە، لـە حاڵێکـدا ئێمـە دەزانیـن: هـەم کەسـێك کـە خراپتریـن بـێ و، هـەم کەسـێك کـە خراپیـش بـێ، دەگونجـێ سـزا بدرێـن، خراپتریـن بـێ واتـە: بێبـڕوا بـێ، خـراپ بـێ، واتـە: بڕواداریکـی تاوانبـارو خەتـاکار بـێ، دیسـان: پارێزکارتریـن دەچێتـە بەهەشـت، بـەڵام پارێزکاریـش هـەر دەچـێ بـۆ بەهەشـت، ئایا وەڵامـی ئـەوە چۆنـە؟

سـەرنجی ئـەو تەفسـیرانەم دا کـە لەبـەر دەسـتمن هـی زۆربەیـان، چـوار وەڵامیان داونـەوە، هـەر کامێکیـان لـە شـوێنی خۆیـداو بـە شـێوەی خـۆی، بەبـۆ چوونـی مـن هەرکامیـان وەڵامێکـی باشـە:

١- (الطبري) دەڵێ: (**وَوُضِعَ أَفْعَلَ مَوْضِعَ فَعيل، الأَشْقَى: الشَّقِي أو الشَّديدُ الشَّقَاء، الأَتْقى: التَّقي، أَوِ الشَّدِيد التَّقْوى**)، واتە: لێرەدا کە خوا دەفەرموێ: ﴿لَا يَصۡلَىٰهَآ إِلَّا ٱلۡأَشۡقَى﴾، وشەی: ﴿ٱلۡأَشۡقَى﴾، ئەوپەڕی بەدبەخت، لەسەر کێشی (**أَفْعَل**) دانراوە لە شوێنی (**شَقِيٌ**) لەسەر کێشی (**فعيل**)، واتە: کەسێك کە بەدبەخت و خراپەکارە، ﴿ٱلۡأَتۡقَى﴾یش دیسان لە شوێنی (**التَّقي**) دانراوە، ﴿ٱلۡأَتۡقَى﴾، واتە: کەسێك کە زۆر خۆپارێزە، بەڵام لێرەدا هەر بە مانای (**تقيّ**)یە، واتە: پارێزگار.

٢- (الزَّجَّاج) دەڵێ: {هذِهِ الآيَة هِيَ الَّتي مِنْ أَجْلِهَا، قَالَ أَهْلُ الإِرْجَاءِ بِالإِرْجاء، فَزَعَمُوا أَنَّهُ لا يَدْخُلِ النَّارَ إِلاَّ كَافِرٌ؛ وَلِأَهْلِ النَّارِ مَنَازِل، فَمِنْهَا أَنَّ المُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الأَسْفَلِ مِنَ النَّار، وَاللهُ سُبْحَانَهُ كُلُّ مَا وَعَدَ عَلَيْهِ بِجِنْسٍ مِنَ العَذَاب، فَجَدِيرٌ أَنْ يُعَذِّبَ بِه، وَقَدْ قَالَ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴿٤٨﴾ ﴾النساء، فَلَوْ كَانَ كُلُّ مَنْ لَمْ يُشْرِكْ، لَمْ يُعَذَّبْ لَمْ يَكُن فِي قَوْلِهِ: ﴿ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴿٤٨﴾ ﴾، فائِدَة}(فتح القدير: ج٥، ص٥٥٦).

واتـە: بەهـۆی ئـەم ئایەتەوەیـە[1] کـە مورجیئـە کـردەوە لـە ئیـمان دوادەخـەن، (بـە بەڵگەیـان هێناوەتـەوە)، پێیـان وابـووە، تەنیـا بابـای بێبـڕوا دەچێتـە نێـو ئاگـری دۆزەخـەوە، {(الزجّاج)یـش وەڵام دەداتـەوەو دەڵـێ:} بـەڵام خەڵکـی دۆزەخیـش پلـە پلـەن، بـۆ وێنـە موونافیقـەکان لە پلـەی خـوارەوەی ئاگـردان: ﴿ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا ﴿١٤٥﴾ ﴾النسـاء، واتـە: بـە دڵنیایـی موونافیـق و دەغەڵـەکان لـە پلـەی ژێرەوەتـری ئاگـر دان، {کەواتـە: دۆزەخ پلـەی خوارێـی هەیـەو، پلـەی سەرتریشـی هەیـە}، بـەو شـێوەیەش خـوا بەڵێنـی بـە هـەر جـۆرە سـزایەك دابـێ، بێگومـان شایسـتەی ئەوەیـە ئـەو بەڵێنـەی خـۆی بەرێتـە سـەرو پێـی سـزا بـدات، ئنجـا خـوا ﷻ فەرموویەتـی: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴿٤٨﴾ ﴾النسـاء، واتـە: بـە دڵنیایـی خـوا لـەوە نابـوورێ هاوبەشـی بـۆ دابـنرێ، بـەڵام جگـە لـە هاوبـەش بـۆ دانـان، هـەر کەسـێکێ بیـەوێ لێیدەبـوورێ، (واتـە: بەبـێ گەڕانـەوەش، ئنجـا دەڵـێ:) ئەگـەر هـەر کەسـێك هاوبەشـی بـۆ خـوا دانەنابایـە، سـزا نەدرابایـە، ئـەو کاتـە ئـەو فەرمایشـتەی خـوا (کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴿٤٨﴾ ﴾، واتـە: لـە جگـە لـەوە، (جگـە لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـان) هـەر کەسـێك بیـەوێ لێـی دەبـوورێ)، سـوودی نەدەبـوو.

چونکـە هـەر لـە ڕێـوە دیـارە ئـەوەی خـاوەنی کوفـر نەبـێ، کـە شـیرکیش جۆرێکـە لـە کوفـر، سـزا نـادرێ! ئـەدی وەڵامەکـەی چۆنـە؟

---

(١) یانی: بە هەڵە لێتێگەیشتنی ئەو ئایەتەوە.

{أي: لايَصْلاَهَا صَلْياً لاَزِماً عَلَى جِهَةِ الخُلُودِ إلاَّ الأَشْقى، وَهُوَ الكَافِرُ، وَإِنْ صَلِيَهَا غَيْرُهُ مِنَ العُصَاةِ، فَلَيْسَ صَلْيُهُ كَصَلْيِهِ} واتە: پێی ناسووتێنرێ بەو ئاگرە، پێ سووتاندنێك كە پێوەی پەیوەست بێ و بە هەمیشەیی تێیدا بمێنێتەوە جگە لە: ﴿ٱلْأَشْقَى﴾، خراپترین كە بریتیە لە بابای بێبڕوا، بەڵام جگە لە بێبڕوا لە گوناهباران و تاوانبارانی بڕواداریش بەو ئاگرە، سزا دەدرێ، بەڵام سزادانەكەی وەك سزادانەكەی كافر نیە، كەواتە: ﴿لَا يَصْلَىٰهَآ إِلَّا ٱلْأَشْقَى﴾، یانی: پێی ناسووتێنرێ سووتاندنێكی پەیوەست كە تێیدا هەمیشە ببێ، جگە لە كەسێك كە خراپترینە.

٣- (الزَّمَخْشَرِيُّ) دەڵێ: {الْآيَةُ وَارِدَةٌ فِي الْمُوَازَنَةِ بَيْنَ حَالَتَيْ عَظِيمٍ مِنَ الْمُشْرِكِينَ وَعَظِيمٍ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ، فَأُرِيدَ أَنْ يُبَالَغَ فِي صِفَتَيْهِمَا الْمُتَنَاقِضَتَيْنِ، فَقِيلَ: الْأَشْقَى، وَجُعِلَ مُخْتَصًّا بِالصَّلْيِ، كَأَنَّ النَّارَ لَمْ تُخْلَقْ إِلَّا لَهُ، وَقَالَ: الْأَتْقَى، وَجُعِلَ مُخْتَصًّا بِالنَّجَاةِ، وَكَأَنَّ الْجَنَّةَ لَمْ تُخْلَقْ إِلَّا لَهُ، وَقِيلَ: هُمَا أَبُو جَهْلٍ، أَوْ أُمَيَّةُ بْنُ خَلَفٍ، وَأَبُو بكر الصديق رضي الله تَعَالَى عَنْهُ}.

واتە: ئەم ئایەتە لە بارەی بەراوردی نێوان دوو حاڵەتی دژ بەیەك و لێك جیاوازی مەزنێك لە هاوبەش بۆ خوا دانەران و، مەزنێك لە بڕوادارانەوە هاتوە، ئنجا ویستراوە زێدەڕۆیی لە دەرخستنی سیفەتەكەیاندا بكرێ، سیفەتە دژو پێچەوانەی یەكدییەكە، بۆیە گوتراوە: ﴿ٱلْأَشْقَى﴾، بەدبەختترین، تایبەتیشكراوە بە (صَلِيَ)، وەك ئەوەی ئاگر(ی دۆزەخ) تەنیا بۆ وی دروست كرابێ، هەروەها گوتراوە: ﴿ٱلْأَتْقَى﴾، پارێزكارترین، تایبەتیشكراوە بە دەرباز بوونەوە، وەك بەهەشت تەنیا بۆ وی دروست كرابێ، هەندێكیش گوتوویانە: مەبەست لە: ﴿ٱلْأَشْقَى﴾، پیاوە كافرە مەزنەكە ئەبوو جەهل، یاخود ئومەییەی كوڕی خەڵەفەو، مەبەستیش لە: ﴿ٱلْأَتْقَى﴾، پارێزكارترین ئەبوو بەكری صیددیقە.

٤- (الشُّوكاني) لە (فَتْح القَدير)ەكەی خۆیدا،[1] دەڵێ:

{وَالأَوْلَى حَمْلُ الأَشْقَى وَالأَتْقَى عَلَى كُلِّ مُتَّصِفٍ بِالصِّفَتَيْنِ المَذْكُورَتَيْنِ، وَيَكُونُ المَعْنَى أَنَّهُ لاَ يَصْلاَهَا صَلْياً تَامّاً إلاّ الكَامِلَ فِي الشَّقَاءِ، وَهُوَ الكافِر، وَلاَ يُجَنَّبُها وَيُبْعَدُ عَنْهَا تَبْعِيداً كَامِلاً إلاّ الكَامِلَ فِي التَّقْوَى}.

---

(١) بەرگی (٥) لاپەڕە (٥٥٦).

ئەمیش وەڵامێکی چاکە، بە عەقڵ و دڵەوە دەنووسێ، دەڵێ:

باشتر وایە وشەی: ﴿ٱلْأَشْقَى﴾ و ﴿ٱلْأَتْقَى﴾، مانا بکرێن بە دوو کەسێك کە ئەو دوو سیفەتەیان لە خۆیان دا هێناونە دی و، مانایەکەی ئاوا لێ دێتەوە: بە شێوەی تایبەت و تەواو بەو ئاگرە ناسووتێنرێ، مەگەر کەسێك لە خراپەکارییدا تەواو بووبێ، کە بریتیە لە بابای بێبڕوا، لێشی وەدوورناخرێ بە لێوە دوورخستنێکی تەواو، مەگەر کەسێك لە پارێزکارییدا تەواوی کردبێ.

کەواتە: (لایَصلاها)، واتە: پێی ناسووتێنرێ بەپێ سووتاندێکی تێرو تەواو، مەگەر کەسێك لە خراپەکارییدا تەواوی کردبێ کە بابای بێبڕوایە، بەتەواوییش لێی وەدوورناخرێ، لێوە دوورخستنێکی تێرو تەواو، کە هیچ لەو ئاگرەی نەگاتێ، مەگەر کەسێك کە لە پارێزکارییدا، تەواوی کردبێ، بۆیە دەگونجێ بە شێوەیەکی ناتەواو بسووتێنرێ بەو ئاگرە، کەسێك کە: بەدبەختترین ﴿ٱلْأَشْقَى﴾ش نەبێ و، هەر بەدبەخت و خراپەکار (شَقي) بێ، هەروەها دەشگونجێ دیسان لێی وەدوورنەخرێ لەو ئاگرە، کەسێك کە پارێزکارترین ﴿ٱلْأَتْقَى﴾ نەبێ، بەڵکو بەس پارێزکار (تَقي) بێ، کە لە هەندێك شت خۆی پاراستوە، بەڵام لە هەندێك شت خۆی نەپاراستوە، ئنجا بە ئەندازەی خۆ نەپاراستنەکەی، بەو ئاگرە سزا دەدرێ.

خوا بە لوتف و کەرەمی بێ سنووری خۆی ئێمەش بپارێزێ لەوەی خۆمان گرفتار بکەین بەو سیفەتە خراپەوانەوە، کە بەرەو دۆزەخمان دەبەن و، تەوفیق و یارمەتییمان بدات کە خۆمان برازێنینەوە بەو سیفەتە بەرزو چاکانەی، بەرەو بەهەشت و پاداشتی هەرە باشی خوای پەروەردگارمان دەبەن.

لێرەش کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی (الليل) دێنین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

تەفسیری سوورەتی

الضُّحَىٰ

دەستپێک

بەڕێـــــزان!

ئەمڕۆ (١١)ی مانگی (**ذي الحِجّة**)یە، {مانگی (١٢)ی} ساڵی (١٤٤١)ی کۆچیی، بەرانبەر (١)ی ئاب، {مانگی (٨)ی} ساڵی (٢٠٢٠) زایینی، لە شاری دێرینی هەولێر، خوا پشتیوان بێ دەست دەکەین بە تەفسیرکردنی سوورەتی (**الضحى**)، سەرەتاش پێناسەو نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە موبارەکە، لە حەوت بڕگەدا، دەخەینە ڕوو:

پێناسەی سوورەتی (الضحى)و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە بە سوورەتی (**الضُّحى**) ناسراوە، بەڵام لە (**صحيح البخاري**)دا، ناوەکەی بە سوورەتی (وَٱلضُّحَىٰ)، هاتووە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

بە یەکدەنگیی زانایان ئەم سوورەتە لە مەککە دابەزیوە، لەو بارەوەش ئەم دەقە هەیە:

{عَنْ عَبْدِ اللهِ بنِ عَبَّاسٍ ﷺ، قَالَ: نَزَلَتْ سُورةُ الضُّحَى بِمَكَّةَ} (ذكره السيوطي في الدر المنثور: ج٨، ص٥٣٩، ونسبه لابن الضريس والنحاس وابن مردويه والبيهقي).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﷺ گوتوویەتی: سوورەتی ﴿وَٱلضُّحَىٰ﴾، لە شاری مەککە دابەزیوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

لـە ڕیزبەندیـی موصحـەف دا ژمارەکـەی: (٩٣)یـەو، لـە دابەزینیشـدا ژمـارە (١١) یـان بـۆ دانـاوە، ئـەم سـوورەتە سـەرەتای سـوورەتەکانی: (**قِصارُ المُفَصَّـل**)ە، ئەمـەش زاراوەیەکـەو، زانایـان چەنـد زاراوەیەکیـان بـۆ سـوورەتەکانی قورئـان لـە ڕووی قەبارەیانـەوە بەکارهێنـاون، وەك: (**السَّـبْعُ الطِّـوال**)، ئنجـا (**المِئِـين**)، دوایـی (**المُفَصَّـل**)، دوایـی (**قِصـارُ المُفَصَّـل**)، واتـە: سـوورەتە کورتـەکان، ئـەم سـوورەتە موبارەکـە، پێـش سـوورەتی (**الإنـشراح**)و، دوای سـوورەتی (**الفَجـر**) دابەزیـوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمـارەی ئایەتەکانـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە یـازدە (١١)یـە، بەیەکدەنگیـی هەمـوو ژمێرەرانـی قورئـان.

پێنجەم: نێوەرۆکی:

ئـەم سـوورەتە خـوا ﷻ لـە سـەرەتایەکەیەوە سـوێندی خـواردوە بـە: چێشـتەنگاوو بـە شـەوگار، کـە دادەپۆشـێ، یاخـود دادەسـەکنێ، کـە پـەروەردگاری موحەممـەد ﷺ وەك هاوبەشـدانەرەکان لافیـان لێـدەدات و بانگەشـەیان دەکـرد، وازی لـێ نەهێنـاوەو لێـی زویـر نەبـووە، بەڵکـو لـە داهاتـوودا، هەتـا موحەممـەد ڕازی دەبێ، خوا پاداشـتی پـێ دەدات، یاخـود لـە دنیـادا خـوا سـەرکەوتن و پێشـکەوتنی بـۆ دەڕەخسـێنێ و، لـە دواڕۆژیشـدا پاداشـتی پـێ دەدات، دواییـش خـوا بیـری دەخاتـەوە، کـە کاتـی خـۆی هەتیـو بـووەو خـوا پەنـای داوەو، گومـڕا بـووەو خـوا ڕێنمایـی کـردوەو، ئاتـاج بـووەو خـوا بـێ نیـازی کـردوە، بۆیـەش فەرمانـی پێـدەکات، کـە سـتەم لـە هەتیـو نـەکات و، لـە سـواڵکەر تـووڕە نەبـێ و، یـادی چاکـەی خـوا بکاتـەوەو باسـی بـکات.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

ئـەم سـوورەتە تێیـدا باسـی ژمارەیەك لـە تایبەتمەندییەکانـی پێغەمبـەر موحەممەد ﷺ کـراوە، کـە تەنیـا لـەم سـوورەتەدا هاتـوون، ئەوانیـش پێنج شـتن:

١- سوێند خواردنی خوا بە چێشتەنگاو و بە شەوی هێمن، کە پەروەردگارت وازی لێ نەهێناوی و لێشت تووڕە نەبووە، ئەمە لە ئایەتەکانی: (١ و ٢ و ٣)دا هاتوە.

٢- دوارۆژ لە دنیا بۆ تۆ باشترە، لە ئایەتی (٤)دا.

٣- خوا هێندەت دەداتێ لە دنیاو لە دوارۆژدا، هەتا ڕازیی دەبی، لە ئایەتی (٥)دا.

٤- باسی هەتیویی و نەشارەزایی و نەداریی موحەممەد ﷺو، گۆڕینیان بە حەوێنرانەوەی و، ڕێنماییکرانی و، بێنیازکرانی، لە ئایەتەکانی: (٦ و ٧ و ٨) دا.

٥- فەرمان پێکردنی لە بارەی هەتیوو هەژارو باسی چاکەی خوا کردنەوە، لە ئایەتەکانی: (٩ و ١٠ و ١١)دا.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمـە کـۆی یـازدە (١١) ئایەتەکـەی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە دەکەینـەوە بـۆ یـەك دەرس.

دەرسی ئەم سوورەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە کـۆی یـازدە (١١) ئایەتەکـەی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە دەگرێتـەوە، کـە وەك گوتمـان خـوا ﷻ لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، سـەرەتا سـوێند دەخـوا بـە دوو شـتان:

یەکەم: بە چێشتەنگاو، یاخود بە تیشکی خۆر: ﴿ وَٱلضُّحَىٰ ﴾ بە چێشتەنگاو دەگوترێ، کە خۆر لە چاوی مرۆڤدا بە ئەندازەی ڕمێك بەرز دەبێتەوە لە ئاسۆی خۆرهەڵاتەوە، هەروەها ﴿ وَٱلضُّحَىٰ ﴾، بە تیشکی خۆریش دەگوترێ.

دووەم: ﴿ وَٱلَّيْلِ إِذَا سَجَىٰ ﴾، سوێند بە شەوگاریش کاتێك ئارام و، هێمن دەبێ، کاتێك سەقامگیر دەبێ، یاخود کاتێك دادەپۆشێ، ئەو واتایانەی هەموو بۆ دانراون.

خـوا سـوێند بـەو دوو شـتانە دەخـوات، لەسـەرچی؟ ﴿ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ﴿٣﴾ ﴾، ئەمـە وەڵامـی سـوێندەکەیە، پـەروەردگارت خواحافیزیـی لـە تـۆ نەکـردوە و، تـۆی بەجێنەهێشـتوە، ﴿ وَمَا قَلَىٰ ﴾، یانـی: (وَمَـا قَـلاَكَ)، تۆشـی نەبوغزانـدوەو لێـت زویـر و تـوورە نیـە، ﴿ وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ ٱلْأُولَىٰ ﴾، مەنزڵـگای کۆتاییـش بـۆ تـۆ لـە مەنزڵـگای یەکـەم کـە دنیایـە باشـترە.

ئنجـا خـوا بەڵێنـی پێـدەدا، کـە لەمـەودوا هێنـدەی پێـدەدا لـە بەخششـی خـۆی، لـە دنیـاو لـە دواڕۆژدا تاکـو ڕازی دەبـێ ﴿ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰٓ ﴾، ئەمـەش بـە ڕاسـتیی موژدەیەکـی یەکجـار خۆشـبووە بـۆ سـەر دڵـی موبارەکـی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ، کـە خـوا هێنـدەی پێـدەدات تاکـو ڕازی دەبـێ، نەشـیفەرمووە: لـە دنیـا یـان لـە دواڕۆژدا، بۆیـە هـەم دنیـا دەگرێتـەوە، هـەم دواڕۆژ دەگرێتـەوە، یـانی: هـەم لـە دنیـادا سـەرکەوتنی بـۆ دەڕەخسـێنێ و، کاری خێـری بـۆ دەڕەخسـێنێ، چاکـەی بـۆ دەڕەخسـێنێ، تاکـو ڕازی دەبـێ، هـەم لـە ڕۆژی دواییشـدا، هێنـدەی پاداشـت دەداتـێ تاکـو ڕازی دەبـێ.

ئنجا خوا ﷻ سێ لە چاکەو نیعمەتەکانی خۆی دەخاتەوە یادی پێغەمبەر موحەممەد ﷺ: ﴿ أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ ﴾، ئایا خوا تۆی بە هەتیوو لێ هەڵنەکەوت، پەنای دای؟ ﴿ يَجِدْكَ ﴾، یانی: (أَلَمْ يُصَادِفْكَ) ئایا خوا تۆی بەهەتیو لێ هەڵنەکەوت، ئایا تۆ بێ باب نەبووی؟ بەڵکو بێ دایکیش بووی، (فَـآوَى) تۆی حەواندەوە، تۆی پەنادا، پەنایەکی بۆ ڕەخساندی، ﴿ وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ ﴾، هەروەها ئایا خوا تۆی گومڕا نەبینی، بەڵام ڕێنماییکردی، (ضَلال) لێرەدا بە مانای نەزانینی هیدایەتی خوایە، نەك بە مانای کوفرو شیرك و تاوان و لادان بێت، نەخێر، ئایا خوا تۆی لێ هەڵنەکەوت کە بەڕێت نەدەزانی، ﴿ فَهَدَىٰ ﴾، یانی: (فَهَدَاكَ)، بەڵام تۆی ڕێنماییکردو خستیەتە سەر ڕێی ڕاست؟

ئنجا: ﴿ وَوَجَدَكَ عَآئِلًا فَأَغْنَىٰ ﴾، ئایا خوا تۆی بە نەدارو ئاتاج لێ هەڵنکەوت، بێ نیازی کردی، تۆ نەدارو ئاتاج بووی، بەڵام خوا تۆی بێ نیاز کرد، بە تایبەت بە هۆی هاوسەرگیرییت لەگەڵ خەدیجەوە (خوا لێی ڕازی بێ)؟ ئنجا مادام خوا ﷻ بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ تۆدا کردوە، ﴿ فَأَمَّا ٱلْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ ﴾، تۆش منداڵی بێباب، چ کوڕ بێ، چ کچ بێ، ستەمی لێ مەکە، لێی تووڕە مەبە، مەیچەوسێنەوە، ﴿ وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنْهَرْ ﴾ بابای سواڵکەریش کە داوات لێ دەکات، لێی تووڕە مەبە، تێوەی مەخوڕە، ﴿ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴾ چاکەی پەروەردگاریشت باس بکەو، یادی بکەو، بیخەڕوو.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ وَٱلضُّحَىٰ ۝١ وَٱلَّيْلِ إِذَا سَجَىٰ ۝٢ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ۝٣ وَلَلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ
ٱلْأُولَىٰ ۝٤ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰٓ ۝٥ أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ ۝٦ وَوَجَدَكَ
ضَآلًّا فَهَدَىٰ ۝٧ وَوَجَدَكَ عَآئِلًا فَأَغْنَىٰ ۝٨ فَأَمَّا ٱلْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ ۝٩ وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا
تَنْهَرْ ۝١٠ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ۝١١ ﴾

مانای دەقاودەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە . سوێند بە چێشتەنگاو ﴿١﴾ سوێند بە شەویش کاتێك (تاریك داهات و) هێمن بوو ﴿٢﴾ پەروەردگارت وازی لێ نەهێناوی و لێشت نیگەران نەبووە (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿٣﴾ (مەنزڵگای) کۆتاییش بۆ تۆ لە (مەنزڵگای) یەکەم (ژیانی دنیا) باشترە ﴿٤﴾ بە دڵنیاییش بەمزووانە خوا (لە چاکەکانی خۆی) پێت دەبەخشێ، ئنجا ڕازی دەبی ﴿٥﴾ ئایا (خوا) تۆی هەتیو لێ هەڵنەکەوت، ئنجا پەنای دای و حەواندیەوە؟ ﴿٦﴾ هەروەها ئاتاجی بینی و بێنیازی کردی؟ ﴿٧﴾ هەروەها گومڕای بینی و ڕێنمایی کردی؟ ﴿٨﴾ ئنجا تۆش ستەم لە هەتیو مەکە (و مەیڕەنجێنە) ﴿٩﴾ هەروەها لە سواڵکەریشەوە مەخوڕە (و مەیڕەتێنە) ﴿١٠﴾ چاکەی پەروەردگاریشت باس بکە ﴿١١﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(وَٱلضُّحَىٰ): (**الضُّحى: إنْبِسَاطُ الشَّمْسِ وَامْتِدَادُ النَّهَارِ، وَسُمِّيَ الوَقْتُ بِهِ**)، (**ضُحَى**): بریتیە لە بڵاوبوونەوەی خۆر و درێژبوونەوەی ڕۆژگار، کاتێکی دیارییکراویش بە (**ضحى**) ناونراوە، کە بریتیە لە کاتی چێشتەنگاو، کاتێك خۆر لە چاوی مرۆڤدا بە ئەندازەی ڕمێك، لە کاتی هەڵهاتنیدا، لە ئاسۆی خۆرهەڵات، بەرزدەبێتەوە.

(سَجَىٰ): (**سَجَى البَحْرُ سَجْواً أَيْ: سَكَنَ، سَكَنَتْ أَمْواجُهُ، وَمِنْه استُعِيرَ تَسْجِيَةُ المَيِّتِ**)، (سَجَىٰ)، بە مانای (**سَكَنَ**)، واتە: هێمن بوو، ئارام بوو، دەگوترێ: (**سَجَى البَحْرُ سَجْواً**) واتە: دەریایەکە شەپۆلەکانی ئارام و هێمن بوون، ئاڵۆز نەبوون، دوایی لەو وشەیەوە داپۆشینی مردوو (**تَسْجِيَةُ المَيِّت**) خوازراوەتەوە، مردوو کە دەمرێ، پۆشاکێکی بەسەر هەڵدەکێشن و جەنازەکەی دادەپۆشن.

(مَا وَدَّعَكَ): (الدَّعَـةُ: الخَفْـضُ يُقـالُ: وَدُعْـتُ كَـذا أَدَعَـهُ وَدْعَـاً، نَحْـوَ تَرَكْتُـهُ وَادِعَـاً، وَالتَّودِيـعُ أَصْلُـهُ الدُّعَـاءُ أَنْ تَدْعُـوَ لِلْمُسـافِرِ بِالدَّعَـةِ)، وشـەی: (دَعَة): بـە مانـای (خَفْـض) ە، واتـە: ژیانێکـی نـەرم و خـۆش، دەگوتـرێ: (وَدَعْـتُ كَـذا أَدَعَـهُ وَدْعَـاً)، فـلان شـتەم واز لێهێنـا، وازی لـێ دەهێنـم بـە واز لێهێنـان، (نَحْوَ تَرَكْتُهُ وَادِعَـاً)، واتـە: وازم لێهێنـاو بـە هێمنیـی لێـی گـەڕام، (وَالتَّودِيعُ أَصْلُـهُ الدُّعَـاءُ أَنْ تَدْعُـوَ لِلْمُسـافِرِ بِالدَّعَـةِ) (تَوْدِيـع): لـە ئەسـڵدا ئەوەیـە کـە بـۆ بابـای ڕێبـوار بپاڕێیـەوە، خـوا ژیانـی خۆشـی بـە نسـیب بـکات لـەو سـەفەرەیدا تووشـی گرفـت و کێشـەو کۆسـپ و تەگـەرە نەبێـت.

(وَمَا قَلَىٰ): (القِـلَى: شِـدَّةُ البُغْـضِ، يُقَـالُ: قَـلاَهُ يَقْلِيـهِ وَيَقْلُـوهُ)، (قِـلَى): بریتیـە لـە زۆر ڕق لـێ هەڵسـان، دەگوتـرێ: (قَـلاَهُ يَقْليـهِ وَيَقْلُـوهُ)، ڕقـی لـێ هەڵسـا، ڕقـی لـێ هەڵدەسـتێ، هـەم بـە (يَقْليـهِ)، هـەم بـە (يَقْلُـوهُ)، هەردووکیـان هاتـوون، واتـە: ڕقـی لـێ هەڵدەسـتێ.

(فَـَاوَىٰ): (أَوَى إِلى كَـذَا: اِنْضَـمَّ إِلَيْـهِ يَـأْوِي أُوِيّـاً وَمَـأْوَى، وَآوَاهُ غَـيْرُهُ يُؤْوِيـهِ إِيـوَاءً)، (أَوى) پەنـای بـۆ فـلان شـتە بـرد، چـووە تەنیشـتی (يَـأْوِي) پەنـای پـێ دەبـا (أُوِيّـا وَمَـأْوَى) هەردووکیـان چاوگـن، (وَآوَاهُ غَـيْرُهُ) واتـە: جگـە لـە خـۆی ئـەوی پەنـادا (يُؤْويـهِ إِيـوَاءً) دەیحەوێنێتـەوە، یـان پەنـای دەدا بـە پەنـادان.

(ضَآلًّا): (الضَّـلاَلُ: العُـدولُ عَـنِ الـصِّرَاطِ المُسْـتَقيم، وَيُضَـادُّهُ الهِدَايَـةُ، أَيْ: غَـيْرُ مُهْتَـدٍ لِـما سِـيقَ إِلَيْـكَ مِـنَ النُّبُـوَّةِ)، (ضَلال): لادانـە لـە ڕێـی ڕاسـت، پێچەوانەکـەی بریتیـە لـە هیدایـەت واتـە: بەڕێـی ڕاسـت زانیـن، ئنجـا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ ﴾، واتـە: تـۆی لـێ هەڵکـەوت کـە بەڕێـت نەدەزانـی.

یاخـود: (غَـيْرُ مُهْتَـدٍ لِـما سِـيقَ إِلَيْـكَ مِـنَ النُّبُـوَّةِ)، ئـەوەی دوایـی بەهـۆی پێغەمبەرایەتییـەوە بـۆت هێـنرا، دەتزانـی.

مەبەسـت ئەوەیـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ کـە خـوا لێـرەدا بـە (ضـال) پێناسـەی دەکات، وەك دوایـی بـاس دەکەیـن، پێویسـت بـەو هەمـوو پینـەو پەڕۆیانـە نـاکات،

کـە بەشـێك لـە ڕوونکەرەوانـی قورئـان کردوویانـە، چونکـە حاڵەتـی گومڕابوونـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ واتـە: بەڕێـی ڕاسـتی نەزانیـوە، نـەك بـەو واتایـەی هەڵگـری کوفـرو شـیرك بووبـێ، چونکـە ناسینی خـواو، خواناسـین، شـتێکی ڕیشـەداره لـە نـاخ و زگماکـی هەمـوو مرۆڤەکانـدا، پێغەمبـەران و جگـە لـە پێغەمبـەران، بۆیـە پێویسـت نـاکات ئـەو گومانانـە بـبردرێ، پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ وەك دوایـی باسـی دەکەیـن، خـوا پارسـتوویەتی پێـش پێغەمبەرایەتیـش لـە شـتی ناشـیرین، وەك پێغەمبەرانـی دیکەشـی پاراسـتوون، بەڵکـو جـاری وایـە خـوا جگـە لـە پێغەمبەرانیـش دەپارێـزێ لـە کاتێکیـدا کـە شـارەزاش نیـن، بـەڵام خـوا لـە شـتی ناشـیرین و ناڕێـك دەیانپارێـزێ، چ جـای پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ سـەروەری پێغەمبـەران و باشـترین ئینسـان و چاکترینـی بەندەکانـی خـوا ﷻ.

(عَآئِلًا): (أَيْ: أَزَالَ عَنْـكَ فَقْـرَ النَّفْـسِ وَجَعَـلَ لَـكَ الغِنَـى الأَكْبَرْ، وَعَـالَ أَي: افْتَقَـرَ فَهُوَ عَائِـلٌ)، خـوا هەژاریـی نەفسـیی لـە تـۆ دوورخسـتەوەو بێنیازیـی گـەورەی بـە تـۆ بەخشـیی، کـە لەدڵـدا دەوڵەمەندبـی.

(عَـال)، یانـی: ئاتـاج و نـەدار بـوو، (فَهُـوَ عَائِـلٌ) ئـەو نـەدارە، (عائِـل)، کەسـێکە کەسـانێکی دیکـەی بـە ئەسـتۆوە بـن، بەخێویـان بـکات و، مەسرەفیـانی بـۆ نەکێشرێ، لـەوەوە هەمـوو هـەژارو نەدارێـك نـاوی لێـنراوە: (عائِـل).

(فَأَغْنَىٰ): (أَغْنَـى عَـنْ كَـذَا أَيْ: كَفَـاهُ)، واتـە: تـۆی بێنیـاز کـرد، خـوا ﷻ کەلێنـی ئاتاجیـی و نەداریـی لـە تـۆدا نەهێشـت.

(فَلَا تَقْهَرْ): (القَهْـرُ: الغَلَبَـةُ وَالتَّذلِيـلُ مَعَـاً)، (القَهْرُ): بریتیە لـە زاڵبوون و زەبوونکردن پێکـەوە، (وَيُسْـتَعْمَلُ فِي كُلِّ وَاحِـدٍ مِنْهُـمَا)، لـە هـەر کامێکیشـیاندا بەکاردەهێـنرێ، هـەم لـە بەسـەردا زاڵبوونـدا، هـەم لـە زەبـوون کردنـدا، واتـە: کـە لەگـەڵ هەتیـودا مامەڵـە دەکـەی، وای مامەڵـە لەگەڵـدا مەکـە، بەسـەریدا زاڵبـی و زەبوونـی بکەی.

(وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنۡهَرۡ): (تَنْهَـرْ: النَّهْـرُ وَالإِنْتِهَـارُ: الزَّجْـرُ بِمُغَالَظَـةٍ، نَهَـرَهُ وانْتَهَـرَهُ)، (نَهْر وَانْتِهار)، هەردووكیـان، یانـی: تێوەخوڕیـن بـە زبریـی لـە كەسێكەوە، (انْتَهَـرَهُ)، مانایەكـەی بەهێزتـرە لـە (نَهَـرَهُ)، چونكـە پیتەكانـی زیاتـرن و مانایەكەشـی بەهێزتـرە.

(فَحَدِّثۡ): یانـی: (أُذْكـر) بـاس بكـە (التَّحديـثُ: الإِخْبـارُ)، (تَحديـثُ): بـە مانـای هـەواڵ پێـدان (أَيْ أَخْبِر بِمَا أَنْعَـمَ اللـهُ عَلَيْـكَ اعْتِرافاً بِفَضْلِـهِ وَذلِـكَ مِـنَ الشُّكْر)، ئـەوەی خـوا ﷻ پێیـداوی، باسـی بكـە، وەك دان پێداهێنـان بەچاكـەی ئـەودا، ئـەوەش بەشـێكە لـە سوپاسـگوزاریی بـۆ خـوا.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەكان

لەوبارەوە چەند ڕیوایەتێك هاتوون:

١- {عَنْ جُنْدَبِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: احْتَبَسَ جِبْرِيلُ «عَلَيْهِ السَّلَامَ» عَلَى النَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَتْ امْرَأَةٌ مِنْ قُرَيْش: أَبْطَأَ عَلَيْهِ شَيْطَانُهُ، فَنَزَلَتْ: ﴿ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ﴿٣﴾ وَلَلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لَّكَ مِنَ ٱلۡأُولَىٰ ﴿٤﴾ وَلَسَوۡفَ يُعۡطِيكَ رَبُّكَ فَتَرۡضَىٰٓ ﴿٥﴾ ﴾}. رواه البخاري: ٤٩٨٣، و مسلم: ١٧٩٧.

واتـە: جونـدوبی كـوڕی عەبدوڵـڵا (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، دەڵـێ: جیبریـل «علیـه السـلام» ماوەیـەك لـە پێغەمبـەر ﷺ دواكـەوت، نەهـات بـۆ لای، ئافرەتێـك لـە هـۆزی قورەیـش گوتـی: شـەیتانەكەی لێـی دواكەوتـوە، نەهاتـوە بـۆ لای، خـوا ﷻ لـەو بـارەوە ئـەم ئایەتـە موبارەكانـەی دابەزانـدن.

٢- {عَنْ جُنْدُب رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: أَبْطَأَ جِبْرِيلُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَقَالَ: الْمُشْرِكُونَ قَدْ وُدِّعَ مُحَمَّدٌ فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ ﴿ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ﴿٣﴾ وَلَلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لَّكَ مِنَ ٱلۡأُولَىٰ ﴿٤﴾ وَلَسَوۡفَ يُعۡطِيكَ رَبُّكَ فَتَرۡضَىٰٓ ﴿٥﴾ ﴾ } أخرجه الطبري في جامع البيان ٣٠١/ ١٣٨.

واتـە: جونـدوب (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، دەڵـێ: جیبریـل سـەلامی خـوای لێبـێ ماوەیـەك پێیوەخـرا، نەهـات بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ، هاوبـەش بـۆ خـوا

دانــەرەکان، گوتیــان: موحەممــەد وازی لێهێـنراوە، خــوا عزوجـل ئەمــەی دابەزانــد: ﴿ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ۝٣ وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ الْأُولَىٰ ۝٤ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰ ۝٥ ﴾.

٣- {عَنْ جُنْدُب رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، يَقُولُ اشْتَكَى النَّبِيُّ ﷺ فَلَمْ يَقُمْ لَيْلَةً أَوْ لَيْلَتَيْنِ، فَأَتَتْهُ امْرَأَةٌ فَقَالَتْ: يَا مُحَمَّدُ مَا أُرَى شَيْطَانَكَ إِلَّا قَدْ تَرَكَكَ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ (وَالضُّحَى، وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى، مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَى)}. الطبراني: ١٧٠٩.

واتــە: جونـدوب (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ نەخـۆش بـوو، شــەوێك یـان دوو شــەوان، هەڵنەسـتا بـۆ پەرسـتش و نوێـژ، ئافرەتێـك هـات بـۆ لای، گوتــی: ئـەی موحەممــەد پێـم وایـە شـەیتانەکەت وازی لـێ هێنـاوی، خـوا عـز وجـل سـەرەتای ئـەم سـوورەتە موبارەکـەی دابەزانـد.

٤- {عَنْ جُنْدُبٍ الْبَجَلِيِّ رضي الله عنه، قَالَ كُنْتُ مَعَ النَّبِيِّ ﷺ فِي غَارٍ فَدَمِيَتْ أُصْبُعُهُ فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ هَلْ أَنْتِ إِلَّا إِصْبَعٌ دَمِيتِ، وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ مَا لَقِيتِ، قَالَ: وَأَبْطَأَ عَلَيْهِ جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلَام، فَقَالَ: الْمُشْرِكُونَ قَدْ وُدِّعَ مُحَمَّدٌ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَى}[١]. أخرجه الترمذي: ٣٣٤٥ وقال: حديث حسن صحيح.

واتــە: جوندوبـی بەجەلیـی (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەڵـێ: لـە خزمـەت پێغەمبـەردا بـووم ﷺ لـە ئەشـکەوتێکدا پەنجەیەکـی برینداربـوو، (ئایـا بەبـن بەردێـك کەوتـوە، یــان بەردێکــی پــێ کەوتــوە)، پێغەمبەریــش ﷺ تەماشــای پەنجــەی خــۆی کــردو فەرمــووی: ئایـا تـۆ تەنیـا پەنجەیـەك نـی کـە خوێنـت پێداهاتـوە لـە پێنـاوی خـوادا، ئـەوەی تووشــت بــووە، بەســەرت هاتــوە! ئنجـا جیبریلـش ماوەیـەك لێـی دواکـەوت و نەهــات بــۆ لای، هاوبــەش بــۆ خــوا دانــەرەکان گوتیــان: موحەممــەد ﷺ وازای لێهێـنراوە، خــواش ﷻ ئــەم ئایەتــە موبارەکــەی دابەزانــد: ﴿ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ﴾.

---

(١) ئەم چوار گێردراوەیە لە (الإستيعاب في بيان الأسباب: ج ٣، ص٥٢٠ و ٥٢١)دا هاتوون.

ئەم چوار گێڕدراوەیە هەر چواریان ڕاست و دروستن لە ڕووی سەنەدەوە.

٥- ئنجا با لەو بارەوە چەند دەقێکی دیکەش بێنین:

{عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَبَّاسٍ ﵁، قَالَ: عُرِضَ عَلَى رَسُوْلِ اللهِ ﷺ مَا هُوَ مَفْتُوحٌ عَلَى أُمَّتِهِ مِنْ بَعْدِهِ كَفْراً كَفْراً، فَسُرَّ بِذَلِكَ، فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰٓ ﴿٥﴾ ﴾ فَأَعْطَاهُ فِي الجَنَّةِ أَلْفَ قَصْرٍ، فِي كُلِّ قَصْرٍ، مَا يَنْبَغِي مِنَ الوِلْدَانِ وَالخَدَمِ} (أخرجه الطبري: ج٣٠ ص ٤٤٩، وابن أبي حاتم، وابن كثير في تفسير القرآن العظيم ج٤ ص ٥٥٨، والطبراني في المعجم الكبير: ١٠٦٥٠، والحاكم في المستدرك ج٢ ص ٦٦٤، والبيهقي في دلائل النبوة: ج٧، ص ٦١، والواحدي في أسباب النزول ص٣٠٢، والوسيط ج٤ ص ٥٠٩، وأبو نعيم في حلية الأولياء ج٣ ص ١١٢، قال مؤلفا الإستيعاب في بيان الأسباب: قلنا هذا حديث صحيح رجاله ثقات).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﵁، دەڵێ: پێشانی پێغەمبەری خوا ﷺ درا ئەوەی لە دوای خۆی ئۆممەتەکەی پێی دەگات، شوێن شوێن پێشانی دران، ئەویش زۆر بەوە دڵخۆش بوو، ئنجا خوا عزوجل ئەم ئایەتە موبارەکەی دابەزاند: ﴿ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰٓ ﴾، لەمەودوا پەروەردگارت هێندەت پێدەدا، تاکو ڕازی دەبی، ئنجا لە بەهەشتدا هەزار کۆشکی پێدا، لە هەر کۆشکێکدا ئەوەی تێدایە کە پێویستە تێیدا بێ، لەو لاوانەی خزمەت دەکەن، لە خزمەتکاران و، لەو نازو نیعمەتانەی بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ دانراون.

٦- هەر لەو بارەوە ئەم گێڕدراوەیەش دێنین، کە گێڕدراوەیەکی (مُرْسَل)ەو، سەنەدەکەی وەك هی ئەوانەی پێشێ بەهێز نیە، بەڵام هەندێك وردەکاریی زیاتر دەگرێتە خۆی:

{عَنْ زَيدِ بْنِ أَرْقَمِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: لَمَّا نَزَلَتْ: ﴿ تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ﴿١﴾ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ﴿٢﴾ سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ﴿٣﴾ وَٱمْرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ ﴿٤﴾ فِى جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍۭ ﴿٥﴾ ﴾، قَال فَقِيلَ لامْرَأَةِ أَبِي لَهَبٍ: إِنَّ مُحَمَّداً قَدْ هَجَاكِ، فَأَتَتْ رَسُولَ اللهِ ﷺ وَهُوَ جَالِسٌ فِي المَلأ فَقَالَتْ: يَا

مُحَمَّدُ عَلى ما تَهْجُونِي؟ قَال فَقَالَ: إِنِّي وَاللهِ مَا هَجَوْتُكِ مَا هَجَاكِ إِلاَّ اللهَ، قَالَ: فَقَالَتْ: هَلْ رَأَيْتَنِي أَحْمِلُ حَطَباً أَوْ رَأَيْتُ فِي جِيدِي حَبْلاً مِنْ مَسَد؟ ثُمَّ انْطَلَقَتْ فَمَكَثَ رَسوُلُ اللهِ ﷺ أَيَّاماً لاَ يَنْزِلُ عَلَيْهِ، فَأَتَتْهُ، فَقَالَتْ: يَا مُحَمَّد! مَا أَرَى صَاحِبَكَ إِلاَّ وَقَدْ وَدَّعَكَ وَقَلاَكَ فَأَنْزَلَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ وَٱلضُّحَىٰ ۝١ وَٱلَّيۡلِ إِذَا سَجَىٰ ۝٢ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ۝٣ ﴾} (أخرجه الحاكم: ج٢، ص٥٢٦، قال مؤلّفا الإستيعاب: قلنا وهذا إسناد ضعيف، وقال الحاكم: هذا إسناد صحيح).

لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، دوای ئەوەی سوورەتی: ﴿ تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ۝١ مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ۝٢ سَيَصۡلَىٰ نَارٗا ذَاتَ لَهَبٖ ۝٣ وَٱمۡرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلۡحَطَبِ ۝٤ فِي جِيدِهَا حَبۡلٞ مِّن مَّسَدِۭ ۝٥ ﴾، بۆ پێغەمبەری خاتەم دابەزی ﷺ، بە خێزانی ئەبوو لەهەب گوترا، {کە ناوی (ئوممو جەمیل) بووە}: موحەممەد هێرشی کردۆتە سەرت، قسەی پێگوتووی، ئەویش هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ لە حاڵێکدا دانیشتبوو لەگەڵ کۆمەڵێکدا، لە کەسانی قسە بەدەست و قسە ڕۆیشتوو، گوتی: ئەی موحەممەد! بۆچی هێرشم دەکەیە سەر؟ ئەویش فەرمووی: سوێند بەخوا من هێرشم نەکردۆتە سەرت، تەنیا خوا ﷻ هێرشی کردۆتە سەرت، ئنجا خێزانی ئەبوو لەهەب گوتی: ئایا بینیوتە کۆڵەدار هەڵبگرم، یاخود بینیوتە پەتێکی هۆندراوەم لە گەردندا بێ، (وەك ئایەتەکە دەفەرموێ؟) دوایی ڕۆیشت، پێغەمبەری خواش ﷺ چەند ڕۆژێك مایەوە، قورئانی بۆ دانەبەزی، ئەو ئافرەتەش جارێکی دیکە هاتەوە بۆ لای، گوتی: ئەی موحەممەد! وا هەست دەکەم هاوەڵەکەت وازی لێ هێنابی و لێت نیگەران بووبێ، ئیدی خوا عز وجل ئەم سوورەتەی دابەزاند، بە تایبەت هەرسێ ئایەتی: ﴿ وَٱلضُّحَىٰ ۝١ وَٱلَّيۡلِ إِذَا سَجَىٰ ۝٢ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ۝٣ ﴾.

وەك پێشتریش گوتم، لە ڕووی سەنەدەوە بەڵێ زانایان گرفتێکیان لە سەنەدەکەیدا هەیە، بەڵام مانایەکەی هەروەك مانای گێڕدراوەکانی پێشییە.

٧- کۆتا دەق کە لەوبارەوە دەیهێنین:

{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: سَأَلْتُ رَبِّي شَيْئاً وَدِدْتُ أَنِّي لَمْ أَكُنْ سَأَلْتُهُ، قُلْتُ: يَا رَبِّ كُلُّ الأَنْبِيَاءِ أُعطوا أشياء فَذُكِرَ سُلَيْمان بِالرِّيح، وَذُكِرَ مُوسى، فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ ۝٦﴾} (ذكره السيوطي في الدرّ المنثور: ج٨، ص٥٤٤، ونسبه لابن مردويه).

واتە: ئیبنو عەبباس ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: شتێکم لە پەروەردگارم داوا کرد، حەزم دەکرد لێم داوا نەکردبایە، گوتم: ئەی پەروەردگار! هەموو پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێ، هەریەکەی شتێکیان پێدراوە، دوایی باسی ئەوەی کردوە کە سولەیمان بای بۆ دەستەمۆو ملکەچ کراوە، دوایی باسی موسای کردوە، (وا پێدەچێ باسی پێغەمبەرانی دیکەشی کردبێ)، خواش عز وجل بۆی دابەزاند: ﴿أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ ۝٦﴾، ئایا تۆش هەتیو نەبووی خوا تۆی پەنادا، هەژار نەبووی (خوا) تۆی دەوڵەمەندو بێنیاز کرد، بە ڕێ نەزان نەبووی خوا تۆی ڕێنمایی کردو بەرچاو ڕوونیی بە تۆدا؟

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لەم سوورەتە موبارەکەدا دەفەرموێ:

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە، واتە:

١- خوێندن و تێڕامانی ئەم قورئانە بەناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە دەست پێدەکەم.

٢- کارەکەم بۆ خوا ئەنجام دەدەم، نەك بۆ جگە لە خوا.

٣- کارەکەم بەپێی بەرنامەی خوا ئەنجام دەدەم.

٤- کارەکەم بەپێی تواناو وزەیەك کە خوا بۆی ڕەخساندووم ئەنجام دەدەم.

﴿ وَٱلضُّحَىٰ ﴾، سوێند بە (ضُحى)، ئەم وشەیە بە تیشکی خۆر دەگوترێ و، بە چێشتەنگاویش، ﴿ وَٱلَّيۡلِ إِذَا سَجَىٰ ﴾ سوێند بە شەوگار کاتێك کە ئارام دەبێ، هێمن دەبێ، یاخود کاتێك دادەپۆشێ، ﴿ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ﴾، پەروەردگارت نە وازی لێت هێناوە، نە لێشت نیگەرانەو لێشت زویر بووە، ﴿ وَلَلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لَّكَ مِنَ ٱلۡأُولَىٰ ﴾، بەدڵنیایی کۆتایی، (مەنزڵگاو پێگەو پاداشتی کۆتایی) بۆ تۆ لە هی یەکەم باشترە، واتە: لە دنیاشدا خوا ﷻ نازو نیعمەتت پێدەدا، نازو نیعمەتی مەعنەویی و، بۆت دەڕەخسێنێ، سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن، بەڵام ژیانی دواڕۆژو پاداشتی دواڕۆژ بۆ تۆ لە هی دنیا باشترە، ﴿ وَلَسَوۡفَ يُعۡطِيكَ رَبُّكَ فَتَرۡضَىٰٓ ﴾ بە دڵنیایی پەروەردگارت بە زوویی پێت دەدات، ئنجا ڕازی دەبی، واتە: هەم لە دنیادا پێت دەدا، نیعمەتی مەعنەویی، ئایین و پەیامەکەی کە پێیدا ناردووی بۆت سەقامگیرو دەسترۆیشتوو دەکات و بڵاودەکاتەوە، لە دواڕۆژیشدا بە جۆرێ پاداشتت دەداتەوە پێی ڕازی دەبی.

ئنجا خوا ﷻ سێ لە چاکە بنەڕەتییەکانی خۆی دەخاتەوە بیری موحەممەد ﷺو دەفەرموێ: ﴿ أَلَمۡ يَجِدۡكَ يَتِيمٗا فَـَٔاوَىٰ ﴾ ئایا (خوا) تۆی هەتیو لێ هەڵنەکەوت، بەڵام حەواندیەوە، یانی: (فَـآوَاكَ)، ﴿ وَوَجَدَكَ ضَآلّٗا فَهَدَىٰ ﴾ هەروەها ئایا تۆی گومڕاو بەڕێ نەزان لێ هەڵنەکەوت، بەڵام ڕێنماییکردیی و بەرچاوی ڕۆشن کردیەوە؟ ﴿ وَوَجَدَكَ عَآئِلٗا فَأَغۡنَىٰ ﴾، هەروەها ئایا تۆی هەژارو نەدارو ئاتاج لێ هەڵنەکەوت، بەڵام بێنیازی کردی، سەروەت و سامانی بۆ ڕەخساندی؟ ﴿ فَأَمَّا ٱلۡيَتِيمَ فَلَا تَقۡهَرۡ ﴾، ئنجا مادام خوا ﷻ هەموو ئەوانەی بۆ تۆ کردوون، تۆش لە منداڵی هەتیوی بێباب تووڕە مەبە، مەیچەوسێنەوەو، ستەمی لێ مەکە، ﴿ وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنۡهَرۡ ﴾ لە سواڵکەرو داواکەریش مەخوڕەو سەرزەنشتی مەکەو، دەری مەکە، ﴿ وَأَمَّا بِنِعۡمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثۡ ﴾، چاکەی پەروەردگاریشت باس بکە، یاخود: یادی بکە.

هەڵبەتە پێغەمبەری خاتەم ﷺ لەگەڵ هەتیوو منداڵی بێبابدا، زۆر بە لوتف و میهرەبان بووە، بەڵام کە دەفەرموێ: ﴿ فَلَا تَقْهَرْ ﴾، ئەوە توانج تێگرتنی ئەوانەیە کە ستەم لە هەتیو دەکەن، واتە: تۆ وەك کەسانێك مەبە کە ستەم لە هەتیو دەکەن.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ هەرگیز لە سواڵکەرو ئاتاج تووڕە نەبووەو، سەرزەنشتی نەکردووەو دەری نەکردووەو، بەڵام دیسان ئەوەش توانج گرتنە لە کەسانێك کە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ سواڵکەرو داواکاردا دەکەن، یانی: تۆ وەك وان مەکە.

﴿ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴾ چاکەی پەروەردگاریشت یاد بکە، یاخود باسی بکە، یادکردنەوەی لەبیر بوونیەتی و باسکردنەکەشی ئەوەیە کە ئەو ئایین و پەیام و بەرنامەیە خوا پێیدا ناردوە بڵاوی بکاتەوەو، ڕایبگەیەنێ.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سوێند خواردنـی خـوا سبحانە و تعالـی بـە چێشـتەنگاوو بـە شـەوگاری هێمـن و داپۆشـەرو، جموجـۆڵ تێـدا وەسـتاو، کـە پێغەمبـەری خـۆی واز لـێ نەهێنـاوەو، لێـی قەڵـس نەبـووە، مەنزڵـگاو پێگـەی دوارۆژیشـی لـە هـی دنیـای باشـترەو، هێندەشـی پـێ دەبەخشـێ تاکـو ڕازی دەبـێ:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَٱلضُّحَىٰ ﴿١﴾ وَٱلَّيۡلِ إِذَا سَجَىٰ ﴿٢﴾ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ﴿٣﴾ وَلَلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لَّكَ مِنَ ٱلۡأُولَىٰ ﴿٤﴾ وَلَسَوۡفَ يُعۡطِيكَ رَبُّكَ فَتَرۡضَىٰٓ ﴿٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا

١)- ﴿وَٱلضُّحَىٰ﴾ خوای پەروەردگار دوای: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، سوێند دەخوات بە (**ضُحى**)، پێی (و)، لێرەدا بۆ سوێند پێخواردنە، لە زمانی عەرەبییدا سێ پیت هەن سوێندیان پێ دەخورێ، (**و، ب، ت**)، (**وَالله، بِالله، تَالله**)، لێرە خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱلضُّحَىٰ﴾، سوێند بە (**ضُحى**)، (**ضُحى**)ش زانایان بە چەند واتایەك تەفسیریان کردوە:

یەکەم: (**صَدْرُ النَّهَارِ حَتَّى تَرْتَفِعَ الشَّمْسُ وَتُلْقِي شُعَاعَهَا**)، سەرەتای ڕۆژ کاتێك خۆر بەرز دەبێتەوەو، تیشکەکەی دەهاوێ.

دووەم: (**النَّهَارُ كُلُّهُ بِدَلِيلِ جَعْلِهِ فِي مُقَابَلَةِ اللَّيْل**): ﴿وَٱلضُّحَىٰ ﴿١﴾ وَٱلَّيۡلِ إِذَا سَجَىٰ ﴿٢﴾﴾، واتە: (**ضُحى**) بە هەموو ڕۆژگار دەگوترێ، بە بەڵگەی ئەوەی لەگەڵ شەوگاردا بەراوردی پێکراوە.

سێیەم: کە لە هەموو واتایەکانی باوترە، بریتیە لە چێشتەنگاو، نوێژێکی سوننەت هەیە پێی دەگوترێ: (**صَلاةُ الضُّحى**)، کە لەو کاتەدا دەکرێ، خۆرهەڵدێ و بە ئەندازەی ڕمێك

لە خۆرهەڵاتەوە، لە چاوی مرۆڤدا بەرز دەبێتەوە، هەرچۆنیش بێ: (**ضُحى**) چ مەبەست پێی سەرەتای ڕۆژگار بێ، کە خۆر بەرزدەبێتەوە تاکو لای نیوەڕۆ، چ هەموو ڕۆژگار مەبەست بێ، چ مەبەست کاتی چێشتەنگاوبێ بە تایبەت، گرنگ ئەوەیە خوا سوێندی پێ خواردوە.

٢)- ﴿ وَٱلَّيۡلِ إِذَا سَجَىٰ ﴾، سوێند بەشەوگار، کاتێك هێمن دەبێ و ئارام دەگرێ، (سجى)ش سێ مانای هەن:

یەك: (**أَيْ سَكَنَ، أَوْ رَكَدَ، أَوْ هَدَءَ**) ئەو سێ وشەیەش مانایەکانیان لێك نیزیکن: کاتێك شەوگار سەقامگیر دەبێ، ئارام دەبێ، هێمن دەبێ.

دوو: ﴿ سَجَىٰ ﴾: (**أَظْلَمَ**)، ﴿ إِذَا سَجَىٰ ﴾، یانی: (**إِذَا أَظْلَمَ**)، سوێند بە شەوگار کاتێك تاریك دادێ.

سێ: مانای سێیەمی: ﴿ إِذَا سَجَىٰ ﴾: (**إِذَا غَطَّى**) کاتێك دادەپۆشێ، لێرەدا پێویستە ئەوە بزانرێ، کە خوا دەفەرموێ: سوێند بە شەوگار، کە ئارام دەگرێ، هێمن دەبێ، واتە: خەڵکەکەی تێیدا ئارام دەگرن، وەك (**الطَّبَري**)، گوتوویەتی: (**وَاللَّيْلِ إِذَا سَكَنَ بِأَهْلِهِ وَثَبَتَ بِظَلَامِهِ كَمَا يُقَالُ: بَحْرٌ سَاجٍ إِذَا كَانَ سَاكِنًا**)، واتە: سوێند بەشەوگار کە خەڵکەکە تێیدا ئارام دەگرن و، هێمن دەبن، تاریکییەکەی دەچەسپێ، هەروەك گوتراوەو دەگوترێ: (**بَحْرٌ سَاجٍ**)، واتە: دەریایەکی هێمن و ئارام، کە شەپۆلەکانی بوەستن، کەواتە: ﴿ وَٱلَّيۡلِ إِذَا سَجَىٰ ﴾ ئەمە لەڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە، پێی دەگوترێ: پاڵوەلادانی مەجازیی (**إسنادٌ مجازيٌّ**)، دەگوترێ: (**سَجى، يَسْجو، سَجواً**)، واتە: ئارام و هێمن بوو، بێ دەنگ بوو، بە ئارام بوون و بێدەنگ بوون و هێمن بوون، ئنجا لێرەدا کە خوا (**سَجو**)ی پاڵداوەتە لای شەو، پێی دەگوترێ: پاڵوەلادانێکی مەجازیی، چونکە ئەوانەی هێمن دەبن و ئارام دەگرن لە شەودا، شەوەکە خۆی نیە، بەڵکو خەڵکەکەیە کە لە شەودا بەهۆی تاریکییەکەیەوە ئارام و هێمن و بێ دەنگ دەبن، پشوو دەدەن، دەخەون.

٣)- ﴿ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ﴾، پەروەردگارت نە وازی لە تۆ هێناوە، نە لێشت زویر بووە، ﴿ وَمَا قَلَىٰ ﴾، یانی: (وَمَا قَلَاكَ)، لە تۆش زویرو نیگەران نەبووە، (الطَّبَري)، دەڵێ: (مَا تَرَكَكَ وَمَا أَبْغَضَكَ)، وازی لە تۆ نەهێناوەو، ڕقیشی لە تۆ هەڵنەستاوە، لێت نیگەران و زویر نەبووە، وەك بێبڕوایەكان بانگەشەیان دەكرد، پێشتر لە بڕگەی هۆی هاتنە خواردا، لەو بارەوە چەند ڕیوایەتێكی جۆراو جۆرمان هێنان، لێرە خوای بەرزی مەزن ڕاناوی (ك)ی، خستۆتە سەر: ﴿ مَا وَدَّعَكَ ﴾، یانی: (ما تَرَكَكَ)، پەروەردگارت وازی لە تۆ نەهێناوە، خوا حافیزی لە تۆ نەكردوە، بەڵام: ﴿ وَمَا قَلَىٰ ﴾، ڕاناوی (ك)ی نەخستۆتە سەر وشەی: (قَلَىٰ)، چونكە پسپۆڕانی زمان گوتوویانە: (القِلَى: أَشَدُّ البُغْضِ) (قِلَى) یانی: زۆر ڕق لێ هەڵسان، ئەوەش بەرپەرچدانەوەی نەیارەكانی پێغەمبەرە ﷺ كە دەیانگوت: پەروەردگاری زۆر لێی نیگەران و تووڕەو لێی پەست بووە!

خوا دەفەرموێ: نەخێر، پەروەردگارت نە وازی لە تۆ هێناوە، نە لێشت تووڕەو نیگەران بووە، ئنجا بۆیە (ك)ی نەخستۆتە سەر (قلى) تاكو تووڕەییەكە پەیوەست نەكرێتەوە بە پێغەمبەری خاتەم ﷺو وشەی پێشتریش (ك)ی پێوە لكێنراوە، قەرەبووی (ك) پێوە لكاندنی ئێرەش دەكاتەوە.

٤)- ﴿ وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ الْأُولَىٰ ﴾، مەنزڵگای كۆتاییش بۆ تۆ باشترە لە هی یەكەم، (الطَّبَري) ئاوای لێكداوەتەوە، (وَلَلْآخِرَةُ: مَا أَعَدَّ لَكَ فيهَا، خَيْرٌ لَّكَ مِنَ الدَّارِ الدُّنيا وَمَا فِيهَا)، واتە: مەنزڵگای كۆتایی و ئەوەی پەروەردگارت بۆی سازو ئامادە كردووی لەوێدا، بۆ تۆ چاكترە، لە مەنزڵگای دنیاو لەوەی تێیدا هەیە، (فَلاَ تَحْزَنْ عَلَى مَا فَاتَكَ فِيهَا، فَإِنَّ الَّذي لَكَ عِنْدَ اللهِ، خَيْرٌ لَّكَ مِنْها) ئنجا ئەگەر لە دنیادا شتێكت لە دەست چوو، دڵتەنگ مەبە، چونكە ئەوەی بۆ تۆ هەیە لەلای خوا لە ڕۆژی دواییدا باشترە، لەوەی لە دنیادا هەیە.

٥)- ﴿ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰ ﴾، بە دڵنیایی پەروەردگارت هێندەت پێدەدا، تاكو ڕازی بی، (الطَّبَري)، ئاوای لێك داوەتەوە: (وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ يَا مُحَمَّد! رَبُّكَ فِي الآخِرَةِ مِنْ فَضَائِلِ نِعَمِهِ حَتَّى تَرْضَى)، لەمەودوا ئەی موحەممەد پەروەردگارت لە ڕۆژی دواییدا هێندەت لەبەخشش و چاكەكانی خۆی پێدەدا، تاكو ڕازی دەبی.

وشـەی: ﴿ وَلَسَوْفَ ﴾، دیـارە (و) بـۆ بادانـەوەو گێڕانەوەیـە، بـەڵام (ل)ی سـەر (سَـوف): (**الـلاَّمُ لِلإِبْتِـدَاءِ دَخَلَـتْ عَـلى الخَـبَرِ لِلتَّأكيـدِ عَـلَى مَضْمُـونِ الجُمْلَـةِ، وَالمُبْتَـدَأُ مَحْـذوفٌ، تَقْديـرُهُ: وَلَأَنْـتَ سَـوْفَ يُعْطِيـكَ رَبُّـكَ فَـتَرْضَى**)، (ل) بـۆ دەسـت پێکردنـە، چۆتـە سـەر هـەواڵ، بـۆ جەختکردنـەوە لەسـەر نێوەڕۆکـی ڕستەکە، گـوزارە (**مُبْتَـدَأ**) ەکـەش قرتێنراوە، بـەو شـێوەیە: (**وَلَأَنْـتَ سَـوْفَ يُعْطِيـكَ رَبُّـكَ فَتَرْضَى**)،تۆش بـە دڵنیایی پـەروەردگارت هێنـدەت پێـدەدا، تاکـو ڕازی دەبـی، ئەمـە ئەگەرێـك بـۆ (ل)ەکـە.

بـەڵام (**أبـو عـلي الفـارسي**)، دەڵـێ: (**الـلاَّمُ هِـيَ الَّتـي فِي قَوْلِـكَ: لَأَقُومَـنَّ، وَنَابَـتْ سَـوْفَ عَـنْ إِحْـدَى نُـونَيْ التَّوْكِيـدِ فَكَأَنَّـهُ قَـالَ: وَلَيُعْطِيَنَّـكَ**)، واتـە: (ل)، وەك ئەوەیـە کـە دەچێتـە سـەر قسـەی تـۆ کـە دەڵێـی: (**لأَقومَنَّ**)، بـە دڵنیایـی هەڵدەسـتم، (**سـوف**)ش لەجێـی یەکێـك لـە دوو نـوون (ن)ەکانـە کـە بـۆ جەختکردنـەوە دێـن، وەك ئـەوەی فەرموویێتـی: (**وَلَيُعْطِيَنَّـكَ**) بـە دڵنیایـی پێتدەبەخشـێ.

بـەڵام لێـرەدا زانایـان لـەو بـارەوە گوتوویانـە: ئایـا ئـەوەی خـوا سـبحانه و تعالـی مەبەسـتیەتی کـە بـە پێغەمبـەری خاتەمـی ﷺ دەبەخشـێ، تاکـو ڕازی دەبـێ چییـەو چۆنە؟

دواتـر قسـەی لـێ دەکەیـن، بـەڵام پێـش ئـەوە ئـەو قسـەیەی (إبـن عبـاس ﵄) دێنیـن کـە (**الطَّبَري**)، بـە ژمـارە: (٣٧٦٢٣) لێیـەوە هێنـاوە، کـە لـە تەفسـیری: ﴿ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ﴾دا، گوتوویەتـی: (**مَاتَـرَكَكَ رَبُّـكَ وَمَـا أَبْغَضَـكَ**)، پـەروەردگارت نـە وازی لـە تـۆ هێنـاوەو نـە لێشـت نیگـەران بـووەو، لێشـت قەڵـس بـووە.

لـە بـارەی ئـەوەوە کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰٓ ﴾ لەمـەودوا پـەروەردگارت هێنـدەت پێـدەداو پـێ دەبەخشـێ، تاکـو ڕازی دەبـی، زانایـان چـوار ڕایـان هێنـاون:

١- (يُعْطِيكَ رَبُّكَ **الفَتْحَ فِي الدُّنيا وَالثَّوابَ فِي الآخِرَةِ** فَتَرْضَىٰٓ)، پێم وایە ئەمە لە هەموویان گشتگیرترە، واتە: پەروەردگارت لە دنیادا سەرکەوتنت پێدەدا و، لە دواڕۆژدا پاداشتت پێدەدا، تاکو ڕازی دەبی.

٢- ئەوەی خوا پێی دەدا: (الحَوْضَ وَالشَّفَاعَة)، حەوزی کەوسەرو تکاکردنی پێغەمبەرە ﷺ بۆ مرۆڤایەتیی کە دەست بکرێ بە لێپرسینەوەو سزاو پاداشت، دواییش بۆ ئوممەتی بە تایبەت.

٣- ئەوەی خوا پێی دەدا، (أَلْفَ قَصْرٍ مِن لُؤْلُؤٍ أَبْيَضٍ تُرَابُهُ المِسْك)، وەك پێشتر لە هۆی هاتنە خوارەکەشی دا هێنامان، هەزار (١٠٠٠) کۆشك لە گەوهەری سپیی، خۆڵەکەی بریتیە لە میسك.

٤- (يُعْطِيهِ مِنْ خَيْرِ الدُّنيَا وَالآخِرَة، مَا يَرْضِي بِهِ)، خوا لە چاکەی دنیاو ڕۆژی دوایی پێیدەدا، ئەوەندە کە پێی ڕازی بێ، ئەمە وەك ڕای یەکەم وایە و، لەو گشتگیرتریشە.

لەو بارەوە ئەم دەقەش دێنین:

{عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ رضي الله عنهما، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ تَلَا قَوْلَ اللَّهِ عَزَّوَجَلَّ فِي «إِبْرَاهِيمَ»: ﴿فَمَن تَبِعَنِي فَإِنَّهُۥ مِنِّي وَمَنْ عَصَانِي فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ٣٦﴾، وَقَالَ عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَام: ﴿إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ١١٨﴾، فَرَفَعَ يَدَيْهِ، وَقَالَ: اللَّهُمَّ أُمَّتِي أُمَّتِي وَبَكَى فَقَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: يَا جِبْرِيلُ اذْهَبْ إِلَى مُحَمَّدٍ وَرَبُّكَ أَعْلَمُ فَسَلْهُ مَا يُبْكِيكَ؟ فَأَتَاهُ جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلَام فَسَأَلَهُ: فَأَخْبَرَهُ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بِمَا قَالَ: وَهُوَ أَعْلَمُ فَقَالَ اللَّهُ: يَا جِبْرِيلُ اذْهَبْ إِلَى مُحَمَّدٍ، فَقُلْ: إِنَّا سَنُرْضِيكَ فِي أُمَّتِكَ وَلَا نَسُوءُكَ} (أخرجه مسلم: ١٦١).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، گێڕاویەتەوە کە پێغەمبەر ﷺ ئەم فەرمایشتەی خوای لە سوورەتی (إبراهیم) دا خوێندەوە، کە ئیبراهیم ﷺ دەفەرموێ: ﴿فَمَن تَبِعَنِي فَإِنَّهُۥ مِنِّي وَمَنْ عَصَانِي فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ٣٦﴾، واتە: هەر کەسێك شوێنم بکەوێ، لە منەو، هەر کەسێکیش سەرپێچیم لێ بکات، تۆ لێبووردەی میهرەبانی، هەروەها قسەی عیسای ﷺ، لە سوورەتی (المائدة)دا، خوێندەوە کە دەفەرموێ: ﴿إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ١١٨﴾، واتە: ئەگەر ئازاریان

بـدەی بەنـدەی خۆتـن و، ئەگـەر لێشـیانببووری هـەر تـۆی زاڵـی کارزان، ئنجـا پێغەمبـەر ﷺ (دوای ئـەوەی ئـەو قسـانەی ئـەو دوو پێغەمبـەرەی خوێندنـەوە)، دەسـتەکانی بـەرز کردنـەوەو، فەرمـووی: پـەروەردگارم! ئۆممەتەکـەم، ئۆممەتەکـەم و گریـا، خـواش سـبحانه و تعالـی فەرمـووی: جبریـل بچـۆ بـە موحەممـەد بڵـێ: ئێمـە لـە بـارەی ئۆممەتەکەتـەوە ڕازییـت دەکەیـن و کارێـك ناکەیـن بـۆ تـۆ خـراپ بـێ، (پێـت ناخۆشـبێ و مایـەی نیگەرانیـی و دڵتەنگیـی تـۆ بـێ).

مەسەلەی دووەم:

بیرخستنەوەی خوا سبحانه و تعالى بۆ پێغەمبەر موحەممەد ﷺ کە بە هەتیویی حەواندوویەتەوەو، بەڕێی نەزانیوەو لە ڕێی بەندایەتیی بۆ خوا، شارەزای کردووەو ڕێنمایی کردوە، لە هەژاریی دەربازو بێنیازی کردوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ ۝٦ وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ ۝٧ وَوَجَدَكَ عَآئِلًا فَأَغْنَىٰ ۝٨ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ ﴾، ئایا (خوا) تۆی بە هەتیویی لێ هەڵنەکەوت، تۆی بە هەتیوی نەبینی، ئنجا حاواندیەوە؟ ﴿ فَـَٔاوَىٰ ﴾، یانی: (فَآوَاك)، خوا تۆی حاواندەوە، تۆی لە پەنای خۆی گرت، ﴿ يَجِدْكَ ﴾، (**مُضَارع وَجَدَ أَيْ أَلْفَى وَصَادَفَ، وَيَتَعَدَّى إِلى مَفْعُولٍ وَاحِدٍ، وَمَفْعُولُهُ ضَمِيرُ المُخَاطَبِ**)، ﴿ أَلَمْ يَجِدْكَ ﴾، (**يَجِدْكَ**) بە (**لَم**) (**مجزوم**)ەو، کرداری ئێستای (**مُضارِع**)ەو، لە (**وَجَدَ**)وە هاتوە، (**وَجَدَ أَلْفَى وَصَادَفَ**). یانی: تووشی بوو، لێی هەڵکەوت، (**وَجَدَ وَيَجِدُ**)، تەنیا بەرکارێك دەخوازێ، بەرکارەکەشی لێرەدا بریتیە لە ڕاناوی دواندن، ﴿ أَلَمْ يَجِدْكَ ﴾، پیتی (**ك**) بەرکاری (**يَجِد**)ە، ئایا تۆی لێ هەڵنەکەوت بە هەتیویی، تۆی بە هەتیویی نەبینی، ﴿ فَـَٔاوَىٰ ﴾ ئنجا تۆی پەنادا، (**الإيوَاءُ: مَصْدَرُ أَوَي، وَالإِيواءُ: الإِرْجَاعُ إِلى المَسْكَنِ، أَيْ: جَعَلَهُ آوِياً، وَأُطْلِقَ الإِيواءُ عَلى الكَفَالَةِ وَكِفَايَةِ الحَاجَةِ**)، (**إِيوَاء**)، لە (**أوى**)وە هاتوە، (**أَوَى**)، یانی: (**لَجَأَ**)، پەنای برد، بەڵام (**آوَى**) یانی: پەنایدا، (**ضَمَّهُ إِلى نَفْسِهِ**)، (**الإيواءُ: الإِرْجَاعُ إِلى المَسْكَن**)، (**إِيوَاءُ**): گێڕانەوەی کەسێکە بۆلای نشینگەکەی خۆی، (**أَيْ: جَعَلَهُ آوِياً**)، واتە: وای لێکرد، پەنای بدرێ، بحەوێنرێنەوە، وشەی (**إِيوَاءُ**): بەکارهێنراوە بۆ کەفالەت و جێبەجێکردنی پێداویستیی کەسێك، پێغەمبەری خاتەم ﷺ لە سکی دایکی دابووە، کە بابی مردووە، لە دوای بابی باپیری وەئەستۆی گرتووە، ئنجا دواتر باپیریشی مردوەو، تەمەنی شەش ساڵییدا دایکیشی مردوە، دواتر

دایکیشی مردوە، چۆتە لای مامی ئەبوو تالیب و ئەو بەخێوی کردوە، سەرپەرشتیی کردوە، بۆیە خوا سبحانە و تعالی ئەوە دەخاتەوە بیری پێغەمبەر ﷺ تۆ بێ باب بووی، بەڵام خوا تۆی حەواندەوە، سەرەتا بە هۆی باپیرتەوە، دواییش بە هۆی مامتەوە.

٢)- ﴿ وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ ﴾، یانی: (وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَاكَ)، هەروەها (خوا) تۆی گومرا بینی، ڕێنمایی کردی، ڕێی پێشاندای، (**الضَّلاَلُ: عَدَمُ الإهْتِدَاءِ إلى الطَّرِيقِ المُوصِلِ إلى المَكَانِ المَقْصودِ، وَلَيْسَ المُرادُ بِهِ هُنَا: اِتِّبَاعَ البَاطِل**)، (**ضَلال**): لێرەدا بەمانای شارەزا نەبوونە لە ڕێیەك كە مرۆڤ بگەیەنێتە شوێنی مەبەست، مەبەست لە (**ضَلال**)، شوێنكەوتنی باتیڵ و ناهەق نیە، وەك شیرك و كوفرو لادان و تاوان، چونكە پیتی (و)ی ﴿ وَوَجَدَكَ ﴾، ئەم ڕستەیە دەگێڕێتەوە بۆ حوكمی ڕستەی پێشێ: ﴿ أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ ﴾، مانایەكەی ئاوای لێ دێتەوە: (أَلَمْ يَجِدْكَ ضَآلًّا فَهَدَاكَ)، ئایا خوا تۆی گومڕا لێ هەڵنەكەوت، ڕێنمایی كردی؟ واتە: بە ڕێیەت نەدەزانی و ڕێی پێشاندای، ڕێی دینداریی و خواپەرستیی، ڕێی ئەوەی كۆمەڵگایەكەی خۆت بهێنیە سەر ڕاستە ڕێیەك لە خوایان نزیك بخەیەوەو، لە زەلكاوی كوفرو گومڕایی و شیرك و بتپەرستیی و ستەم و خراپەو لادان و تاوان دەربازبێنی.

٣)- ﴿ وَوَجَدَكَ عَآئِلًا فَأَغْنَىٰ ﴾، هەروەها ئایا (خوا) تۆی ئاتاج لێ هەڵنەكەوت، ئنجا دەوڵەمەندو بێ نیازی كردی؟ ﴿ فَأَغْنَىٰ ﴾، یانی: (فَأَغْنَاكَ)، (**العَائِلُ: الَّذِي لاَ مَالَ لَهُ، وَالفَقْرُ: العَيْلَة**)، (**عائِل**)، كەسێكە ماڵ و سامانی نەبێ و، هەژاریی لە قورئاندا بە مانای (**عَيْلَة**)یە، ﴿ فَإِنْ خِفْتُم عَيْلَةً ﴾**التوبة: ٢٨**، واتە: هەر كەسێك لە ئێوە لە هەژاریی ترسا، بۆیەش بابای نەدار پێی گوتراوە: (**عائِل**)، چونكە بە زۆریی وابووە ئەوانەی ماڵ و منداڵیان هەبووەو، ماڵ و منداڵەكەیان بۆ بەخێو نەكراوە، ئەوانە زیاتر هەژاریی و ئاتاجییان پێوە دیار بووە، كە ماڵ و منداڵیان بێ بەرگ و بێ خواردن و بێ جێگاوڕێگا كەوتۆتە گۆڕێ.

ئنجا لەوەوە بەهەر هەژارو نەداریکیان گوتوە: (عَائِل)، هەر کام لە بەرکار (**مَفْعول بِهِ**)ی، (**آوی، هَدیَ، أغْنیَ**)، قرتێندراون کە بریتیە لە (ك)، لەبەرئەوەی زاندراون، بەهۆی ڕاناوەکانی دواندنی پێشەوەوە کە خوا سبحانه و تعالی فەرموویەتی: ﴿ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰٓ ﴾، ئنجا دوایی کە دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ ﴾، یانی: (فَـآوَاك)، ﴿ وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ ﴾، یانی: (فَهَداكَ)، ﴿ وَوَجَدَكَ عَآئِلًا فَأَغْنَىٰ ﴾، (فَأَغْنَاكَ)، خوا سبحانه و تعالی لەبەر ئەوەی زانراوە کە ڕووی دواندن لە پێغەمبەری خاتەمە ﷺ، بۆیە بەرکاری هەر سێك وشەکانی قرتاندوە.

قسەیەکی کورت لەبارەی
(ضلال) پاڵدانە لای پێغەمبەری خواوە ﷺ

لێرەدا زانایان زۆریان قسە کردوە لە بارەی ئەوەوە کە خوا سبحانه و تعالی وشەی: (ضَلاَل)ی بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ بەکارهێناوە، پێیان وابووە ئەوە ناگونجێ، چونکە جۆرێکە لە کەم و کوڕیی پاڵدانە لای پێغەمبەری خوا ﷺ بۆیەش:

هەندێکیان گوتوویانە: ﴿وَوَجَدَكَ ضَآلًّا﴾، پێغەمبەری خاتەم ﷺ، جارێك پێش پێغەمبەرایەتیی، ڕێی لێ ونبووە لە شوێنێك و دوایی دۆزیویانەتەوە!

ئەوەش هۆکارەکەی ئەوەیە کە زۆرجار عاتیفە بەسەر عەقڵدا زاڵ دەبێ، ئەگەرنا پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) پێش پێغەمبەرایەتییش گومانی تێدانیە کە خوا سەرپەرشتیی کردوون و پاراستوونی لە شتی ناشیرین و لە لادان و تاوان، کەواتە: ﴿وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ﴾ مەبەست پێی ئەوە نیە کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ، خوا ئەوی بە گومڕاو سەرگەردان، وەسف کردوە بەو واتایەی خوای نەناسیبێ و تووشی شیرك و کوفر و بتپەرستیی بووبێ، ئنجا ڕێنمایی کردبێ! نەخێر.

بەڵام پێغەمبەران پێش ئەوەی دەستی هیدایەتی خوایان پێبگات، وەك خەڵکی دیکە بوون، لەڕووی بەڕێی هەق و ڕاست نەزانین و باش بەندایەتیی نەکردنەوە بۆ خوا، بەڵێ خاوەنی مەعدەنێکی ئەوپەڕی پاك و سرووشتێکی یەکجار چاك بوون و، خوا پاراستوونی لە هەر شتێك کە پێی ناشیرین و عەیبدار بن، بەڵام دوای ئەوەی خوا هیدایەتی داون و پەیامی خۆی بۆ ناردوون، زۆر جیابوون لەوەی پێش ئەوەی پەیامی خوایان بۆبێ، پێش ئەوەی پەیامی خوایان بۆبێ، وەك ئەو خەڵکە

بیریـان کردۆتـەوە لـە زۆر شـتدا، بـەڵام خـوا پاراسـتوونی لـەو شـتانەی دژو پێچەوانـەی زگماکـی سـاغی مـرۆڤ و عەقڵـی تێـرو تـەواوی مرۆڤـن کـە بریتیـە لـە: شـیرك و کوفـرو لادان و تاوانـی گـەورە، بـەڵام ئەگـەر عاتیفـە بەسـەر عەقڵمانـدا زاڵ بـێ و، بڵێیـن:

موحەممـەد ﷺ پێـش ئـەوەی خـواش وەحیـی بـۆ بنێـرێ، هـەروەك ئەو کاتـە بووە کـە خـوا وەحیـی بـۆ نـاردوەو، هەمـوو شـتێکی تێـرو تـەواو بـووە، ئـەوە پێچەوانـەی واقیعـەو، ئـەو پرسـیارەش بـێ وەڵامـە: ئایـا بۆچـی موحەممـەد ﷺ بـەر لـە تەمەنـی چـل سـاڵیی بانگـی کەسـی نەکـرد بـۆ تەنیـا خواپەرسـتیی؟ بەڵـێ، خـۆی تەنیـا خـوای پەرسـتوە، بـەو شـێوەیەی لـە کلتـوورو فەرهەنگـی کۆمەڵگایەکـەی، دابـووەو، ئەوەنـدەی عەقڵـی سـەلیمی و، زگماکـی سـاغی پەسـندی کـردوە، وەریگرتـوە، بـەڵام بەدڵنیایـی بەرنامەیەکـی لەبـەر دەسـتدا نەبـووە، خەڵکـی بـۆ بانـگ بـکات: خەڵکینـە وەرن ئـاوا خواپەرسـتن و، بـەو شـێوەیە بـن لـە ڕووی ڕەوشـتیی و ئاکارییـەوە ڕەفتـار بکـەن و، بـەو شـێوەیە لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوەو، بـەو شـێوەیەین لە ڕووی سیاسـیی و حوکمڕانییـەوە، ئەوانـەی نەزانیـون، ئـەو ئایەتـەی ئێـرەو، ئایەتـی ژمـارە (٥٢) لـە سـوورەتی (الشـوری)، کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا ۚ وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٢﴾﴾، خـوا پێشـێ باسـی چۆنیەتیـی ناردنـی وەحیـی دەکات و، جۆرەکانـی هاتنـی وەحیـی، دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ﴾ هـەر بـەو جـۆرەی بـۆ پێغەمبەرانمـان نـارد، بۆ لای تـۆش سروشـمان کـردوە، وەحییمان بـۆ لای تـۆ نـاردوە، خـوا چـی بـۆ نـاردوە؟ ﴿رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا﴾، ڕووحێـك لـە لایـەن خۆمانـەوە، ﴿مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ﴾، پێشـتر نەتدەزانـی کتێـب چییـە، واتـە: بەرنامـە، ﴿وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ﴾، هەروەهـا نەشـتدەزانی ئیمانیـش چییـە.

بـەڵام هەندێـك لـە زانایـان، خـوا عەفوویـان بـکات و لێیـان خۆشـبێ، ئیـمان و خواناسـییان لـێ تێکـەڵ بـوون و، وایانزانیـوە هـەر کەسـێك ئیـمانی نەبـوو، یانـی: خـواش ناناسـێ، بـەڵام نـا!

خواناسیی شتێکی خوارسکە، خوا لە زگماك و ناخی مرۆڤدا دایناوە، مرۆڤەکان بەڵکو هەموو دروستکراوەکان، خوای خۆیان دەناسن، بەڵام ئیمان تەنیا بریتی نیە لە خواناسین، بەڵکو ئیمان بریتیە لە:

خواناسیی + بەندایەتیی بۆ خوا، ئەو بەندایەتییکردنەش بۆ خوا دەبێ لە هەر چوار هێزە سەرەکییەکەی مرۆڤ دا بەرجەستە ببێ:

١- لە هێزی عەقڵ و ئیدراکی دا، کە خوا ﷻ بناسێ، بە شێوەیەکی ڕاست و دروست، سیفەتەکانی خواو ناوەکانی خوا.

٢- لە هێزی دڵ و دەروونیدا، ئەو خوایەی ناسیویەتی، ئەوپەڕی خۆشویستن و، بەبەرزگرتن و، بە مەزنگرتن و، سام و هەیبەت لە بەرانبەردا کردن و، پشت پێ بەستن و، مل بۆ کەچکردنی، بۆی هەبێ.

٣- لە هێزی دەربڕینیداو، دانی پێدابنێ.

٤- لە هێزی جێبەجێکردنی ئەندامەکانیداو جێبەجی بکات، هەروەها تێکڕای ئەو کردەوەو بەرهەمانەی ئیمان لە مرۆڤ دا پەیدایان دەکات، ئا بەو شێوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ ئیمانی نەزانیوە، بەڵام کە ئیمانی نەزانیوە بە دەقی ئایەت، مانای وانیە خوای نەناسیوە، خوای ناسیوەو، هەموو جارێ کە چووە بۆ ئەشکەوتی (حِرَاء)، لەوێدا پەرستشی بۆ خوا کردوە، کەواتە: خوای ناسیوە، بەڵام وردەکارییەکانی ئیمان و وردەکارییەکانی حەڵاڵ و حەرام و شەریعەت، کە دوایی خوا بەهۆی قورئانەوە فێری کردوە، بە دڵنیایی نەیزانیون، ئنجا لێرە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ ﴾، واتە: خوا تۆی نەشارەزاو سەرگەردان بینی، لەو ڕووەوە کە چۆن خوا بپەرسترێ، چۆن بەندایەتیی بۆ بکرێ، چۆن کۆمەڵگا ڕێك بخرێ و، ئیدارە بدرێ، لەو ڕووانەوە، تۆ بە ڕێت نەدەزانی و شارەزا نەبووی و خوا، تۆی شارەزا کردو ڕێنمایی کردی.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَوَجَدَكَ عَآئِلًا فَأَغْنَىٰ ﴾، هەروەها (خوا) تۆی نەدارو ئاتاج لێ هەڵکەوت، بەڵام بێ نیازی کردی، بێنیاز کردنەکەی پێغەمبەری خاتەمیش ﷺ

ئەوە بووە کە بەهۆی هاوسەرگیریی کردنیەوە لەگەڵ خەدیجەدا (خوا لێی ڕازی بێ)، کە هاوسەرگیرییان کرد، بە دەستپێشخەریی خەدیجە، خەدیجە لە تەمەنی چل (٤٠)ساڵییداو، موحەممەد ﷺ لە تەمەنی بیست و پێنج (٢٥) ساڵییدا، پازدە ساڵ لە خۆی گەورەتر بووە، ئنجا کە هاوسەرگیریی لەگەڵ موحەممەد ﷺدا دەکات، خەدیجە ماڵ و سامانی زۆری بووەو، موحەممەد ﷺ بازرگانیی و سەوداو مامەڵە بە ماڵەکەی دەکات و، دەبێتە خاوەنی ئەو سەروەت و سامانەی خەدیجە، لەوەوەش لەو ئاتاجیی و نەدارییەی تێیدا بووە، خوای بەخشەر پەروەردگار دەربازی دەکات و بێ نیازی دەکات، یەکێك لە زانایان دەڵێ: (**أَغْنَاهُ اللهُ غِنَائَيْنِ، غِنى القَلْبِ، وَهُوَ أَعْظَمُهُمَا، وَغِنَى المَالِ حِينَ أَلْهَمَ خَدِيجَةَ مُقَارَضَتَهُ فِي تِجَارَتِها**)، واتە: خوا دوو بێ نیازیی بە موحەممەد ﷺ بەخشیین:

یەکەمیان: کە گەورترینیانە بریتیە لە بێنیازیی دڵ و دەروون، خوا دڵ و دەروونی موحەممەدی ﷺ وا لێکرد، هەمیشە بەرچاو تێرو، بە قەناعەت و، خۆ پێ دەوڵەمەند بێ.

دووەمیان: ئەوە بوو خوای بەرز خورپەی خستە دڵی خەدیجەوە، کە بازرگانیی لەگەڵ موحەممەدا ﷺ بکات، بەر لەوەی کە هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات.

خەدیجە (خوا لێی ڕازی بێ) ئافرەتێکی زۆر فامیدەو عاقڵ بووە، مەیسەرەی غوڵامی خۆی لەگەڵ موحەممەد ﷺدا نارد بۆ شام، بە ماڵ و سامان و کاروانەوە، ماڵ و سامانی خەدیجە، کاتێك مەیسەرە دەگەڕێتەوە باسی ڕەوشت و ئاکاری موحەممەد ﷺ بۆ خەدیجە دەکات، خەدیجە زۆر دڵی پێیدا دەچێ، کە هێندە پیاوێکی ڕاست و ساغ و پاك و چاکە، ئنجا پێشنیار دەکات شووی پێ بکات، پێغەمبەری خاتەمیش ﷺ ڕاوێژ بە خزمەکانی دەکات و، پێشنیارەکەی خەدیجە سەر دەگرێ، دەبێتە یەکەمین هاوسەری و، گەورەترین و چاکترین هاوسەری پێغەمبەری خاتەم ﷺو، ماڵ و سامانەکەی خۆشی لە خزمەت موحەممەد ﷺدا دادەنێ، بۆیەش خوای پەروەردگار دەفەرموێ: خوا تۆی ئاتاج لێ هەڵکەوت، بەڵام تۆی دەوڵەمەند و بێنیاز کرد.

مەسەلەی سێیەم:

فەرمانکردنی خوای کاربەجێ بە پێغەمبەر موحەممەد ﷺ، کە ستەم لە هەتیو نەکات و، سەرزەنشتی سواڵکەر نەکات و، باسی چاکەی پەروەردگاری بکات:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ فَأَمَّا ٱلْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ ﴿٩﴾ وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنْهَرْ ﴿١٠﴾ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴿١١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێ بڕگەدا:

دوای ئەوەی خوا سێ لە چاکە بنەڕەتییەکانی خۆی خستنەوە یادی موحەممەد ﷺ و فەرمووی: ﴿ أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ ﴿٦﴾ وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ ﴿٧﴾ وَوَجَدَكَ عَآئِلًا فَأَغْنَىٰ ﴿٨﴾ ﴾، ئنجا لەم سێ ئایەتەی کۆتاییدا، سێ ڕێنمایی و ئامۆژگاریی پێغەمبەر ﷺ دەکات لەبارەی هەتیووەوە و، لەبارەی سواڵکەرو داواکەرەوەو، لە بارەی مامەڵەکردنیەوە لەگەڵ چاکەو نیعمەتەکانی پەروەردگاریداو، بە نسبەت مامەڵەکردن لەگەڵ هەتیو، دەفەرمووێ:

١)- ﴿ فَأَمَّا ٱلْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ ﴾ [ئنجا کە ئاوایە] هەرچی هەتیوە ستەمی لێ مەکە، مەیچەوسێنەوە، پیتی (ف) کە کەوتۆتە سەر (أَمَّا)، پێی دەگوترێ: (فَصِيْحَةٌ)، یانی: (تُفْصِحُ عَمَّا قَبْلَهَا) شتێك کە لە پێش خۆیدا باس نەکراوە، بەهۆی ئەم (ف)ەوە دێتە زەینەوە، ڕوونی دەکاتەوە، مانایەکەی ئاوای لێ دێ: (إِذَا كُنْتَ تَعْلَمُ ذَلِكَ وَأَقْرَرْتَ بِهِ، فَعَلَيْكَ شُكْرُ ذَلِكَ، وَبَيِّنْ لَهُ الشُّكْرَ بِقَوْلِهِ: ﴿ فَأَمَّا ٱلْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ ﴿٩﴾ وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنْهَرْ ﴿١٠﴾ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴿١١﴾ ﴾).

واتە: ئەوەی باسکرا، مادام زانیت و دانت پێدا هێنا (زانیت کە هەتیو بووی و خوا تۆی حەواندەوەو، گومڕا بووی و بە ڕێت نەدەزانی و، خوا تۆی ڕێنمایی کردو، نەدارو ئاتاج بووی و خوا تۆی دەوڵەمەندو بێنیاز کرد، مادام ئەوەت زانی.

کەواتـە: تـۆ ئێسـتا سوپاسـگوزاریی بۆ خـوا ئەنجام بدە، ئنجـا سوپاسـگوزارییەکەش بـەوە دەبـێ مـادام تـۆ هەتیـو بـووی و خـوا بـە هەتیویـی حەواندیـەوەو پەنـای داوی، کەواتـە: تـۆش ئـاگات لـە هەتیـوان بـێ و، سـتەمیان لـێ مەکـە.

(ال)ی سـەر ﴿ ٱلْيَتِيمَ ﴾، دواییـش: ﴿ ٱلسَّآئِلَ ﴾، بـۆ ناسـاندنەو، ناسـاندنەکەش مەبەسـت پێـی جینسـە، واتـە: سـتەم لـە هەتیـوان مەکـە بـە گشـتیی، ﴿ وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنْهَرْ ﴾، هەروەهـا دواکـەر سـواڵکەریش تێیـوەی مەخـوڕە، لێـی تـووڕە مەبـە، ﴿ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴾، چاکـەی پەروەردگاریشـت بـاس بکـەو، یـادی بکـە.

لێـرە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَأَمَّا ٱلْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ ﴾، بێگومـان پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ ڕەوشـتی و ئـەدەبی و پێـش ئـەوەش نـاخ و زگماکـی زۆر لـەوە پاکـترو چاکـتر بـووە کـە سـتەم لـە هەتیـو بـکات، بـەڵام بۆچـی خـوا ئـەم تەعبیـرەی بەکارهێنـاوە؟ دواتـر حیکمەتەکـەی ڕوون دەکەینـەوە.

(**القَهْـرُ: الغَلَبَـةُ والإِذْلال**)، (**قَهْـر**): بریتیـە لەبەسـەردا زاڵبـوون و زەبـوون کـردن، ئنجـا ئایـا ئـەوە کـەی لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ وەشـاتەوە؟ بێگومـان هەرگیـز، بـەڵام دوایـی حیکمـەت و هـۆکاری بەکارهێنانـی ئـەو تەعبیـرە ڕووندەکەینـەوە.

موجاهیـد، بـە ژمـارە (٣٧٦٤٣)، (**الطَّبَري**)، لێـوەی هێنـاوە، گوتوویەتـی: (**أَنْ تَغمِصَهُ حَقَّـهُ أَوْ تَحْقِـرَهُ**)، کـە مافەکـەی لـێ زەوت بکـەی و لـێ کـەم بکەیـەوە، یـان بـە سـووك تەماشـای بکەی.

٢)- ﴿ وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنْهَرْ ﴾، هەروەها لە سواڵکەریشەوە مەخوڕەو مەیڕەتێنە، (**النَّهْرُ: الزَّجْرُ بِالقَوْلِ**)، (**نَهْر**): بریتیە لە لێتووڕە بوون بە قسە، تێوەی مەخوڕەو، مەیڕەتێنە، وەك ئەوەی بڵێی: (**إِلَيْكَ عَنِّي**) لێم دووربکەوەوە! ئایا حیکمەتی ئەوە چییەو بۆچی خوا سبحانە و تعالی ئەو دوو تەعبیرەی بەکارهێناون؟ بە نیسبەت هەتیوەوە ستەمی لێ مەکەو، مەیچەوسێنەوەو، بەکەم تەماشای مەکە، بە نیسبەت سواڵکەریشەوە: لێی تووڕە مەبەو، مەیڕەتێنەو، دەری مەکە!

دەڵــــێم:

نەمبینیــوە لــە تەفسـیرەکاندا ئــەوە بــاس بکــرێ، بــەڵام هەرکەســێ ســەرنجی ڕەوشــت و ئەدەبــی بــەرزی موحەممــەد ﷺ بــدات، پێــش پێغەمبەرایەتییــش، چ جــای دوای وەحیــی بــۆ هاتنــی و پێغەمبەرایەتیــی، دەزانــێ کــە ئــەم تەعبیرانــە مەبەسـت پێیـان ئەوەنیـە خـوا بفەرمـوێ: ئـەی موحەممـەد ﷺ! تـۆ تاکـو ئێسـتا هەتیـوت سـتەم لـێ کـردوەو چەوسـاندۆتەوەو، لەمـەودوا زوڵمـی لـێ مەکـەو مەیچەوسـێنەوە! یان تۆ هەتـا ئێسـتا سـواڵکەرو داواکـەرت دەرکـردوون و لێیـان تـووڕە بـووی و ڕەتاندووتـن، لەمـەودوا مەیانڕەتێنـە، نەخێـر، بەڵکـو مەبەسـت لـەو تەعبیرانـە:

یەك: وێڕای ڕێنماییکردن و ئامۆژگارییکردنی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێنماییکردن و ئامۆژگارییکردنی مسوڵمانانێکیشە کە شوێنی دەکەون.

دوو: لەبەر ڕاهاویشتن و بە کنارە قسە گوتنە بە هاوبەشدانەرو بێبڕواو بێدینەکان، کە ئێوە هەتیو دەچەوسێننەوە ستەمی لێ دەکەن و مافەکەی زەوت دەکەن و، سواڵکەریش دەردەکەن و دەیڕەتێنن و دەیڕەنجێنن.

واتــە: مســوڵمانینە! ئێـوە وەك ئـەو بێبـڕواو هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرانـە مەکـەن، کـە سـتەم لـە هەتیـو دەکـەن و دەیچەوسـێنەوەو بـە کـەم تەماشـای دەکـەن و بابـای سـواڵکەرو داواکەریـش دەڕەتێنـن و دەڕەنجێنـن و تێـوەی دەخـوڕن، مەبەسـت ئەوەیـە ئـەی مسـوڵمانینە! ئێـوە کـە شـوێنکەوتەی موحەممـەدن ﷺ ئاگاتـان لـێ بێ لـە مامەڵە کـردن لەگـەڵ هەتیـوو، داواکـەرو سـواڵکەرداو، هەمـوو لایـەك بزانـن کـە موحەممـەد ﷺ خـوا ڕەفتارێکـی لـێ قەدەغـە کـردوە کـە، لـە کۆمەڵگایەکەیـدا هەبـووە، کـە بریتیە لـە چەوساندنەوەی هەتیـوو، سـتەم لێکـردن و مـاف خواردنـی و، دەرکردنـی سـواڵکەرو داواکـەرو پێنـەدانی و لـێ تـووڕە بـوون و تێوەخوڕینـی.

٣)- ﴿ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴾، بە نسبەت چاکەی پەروەردگاریشتەوە، یادی بکە، زۆرجاران گوتوومانە: (**أَمَّا: حَرْفُ تَفْصِيلٍ**)، (أَمّا) پیتێکە بۆ درێژەپێدانی قسە، پێشێ

قسەیەك دەكەی، دوایی دەتەوێ درێژەی پێ بدەی و ڕوونی بكەیەوە، بۆ وێنە: سێ نەفەر دێن بۆ لات، دەڵێی: هەمووتان لە لام بەڕێزن، ئەمما تۆ ئاوا بووی و، تۆش ئاواو تۆش ئاواو، دەرێژە بە قسە لەبارەكردنیانەوە دەدەی.

بە عەرەبیی (أَمَّا)، مانایەكەی دەبێتە: (مَهْمَا يَكُن مِنْ شَيْءٍ)، هەر شتێك ببێ، كە دەفەرموێ: ﴿ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴾، بەڵام چاكەی پەروەردگارت باس بكەو، یادبكە، ﴿ فَحَدِّثْ ﴾، (التَّحْدِيثُ: الإِخْبَار) هەواڵ پێدان، یانی: ڕای بگەیەنە.

(الطَّبَرِي)، بە ژمارە (٣٧٦٤٥)، لە (أَبِي النَّضْر)ەوە هێناویەتی، گوتوویەتی: (إِنَّ مِنْ شُكْرِ النِّعَمِ أَنْ يُحَدَّثَ بِهَا)، لە سوپاسگوزارییە بۆ چاكەكان(ی خوا) كە باس بكرێن، قسەیان لەبارەوە بكرێ.

كەواتە: خوای پەروەردگار لە كۆتایی ئەم سوورەتە موبارەكەدا، كە زۆر تایبەتە بە موحەممەدە ﷺ لە كۆتاییدا بە سێ شتان ئامۆژگاریی دەكات:

أ- بە نسبەت هەتیوەوە كە لەگەڵیدا چاك بێ و، بە پێچەوانەی عادەت و نەریتی نەفامانەی كۆمەڵگایەكەیەوە، ستەم لە هەتیو نەكات و، نەیچەوسێنێتەوەو، بەكەم تەماشای نەكات و، مافەكەی لێ زەوت نەكات، بەڵكو بەچاكە مامەڵەی لەگەڵدا بكات.

ب- بە نسبەت سواڵكەرو داواكەرەوەوە، كەسێك كە بە زمانی حاڵ و بە زمانی وتار بە شێوەیەك لە شێوەكان، داوا دەكات، تێوەی نەخوڕێ و نەڕەتێنرێ و دەرنەكرێ و نەڕەجێنرێ.

ج- بەنسبەت چاكەكانی خواوە سبحانە و تعالى كە لەگەڵی دا كردوون، باسیان بكات و ڕایانبنوێنێ[1] و هەواڵیان پێ بدات.

---

(١) ڕایانبنوێنێ: بیخاتەڕوو، پێشانیان بدات.

چەند دەقێکی سوننەت لەبارەی هەتیوو سواڵکەرو باسکردنی چاکەی خواوە

لەبارەی هەر کام لەو سێیانەوە، پێغەمبەری خاتەم ﷺ فەرمایشتی هەن، بۆ وێنە:

یەکەم: لەبارەی هەتیووەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

١- {أَنَا وَكَافِلُ الْيَتِيمِ كَهَاتَيْنِ فِي الْجَنَّةِ، وَأَشَارَ بِالسَّبَّابَةِ وَالْوُسْطَى} (أخرجه أحمد: ٢٢٨٧١، والبخاري: ٥٦٥٩، ومسلم: ٤٢، وأبو داو: ٥١٥٠، والترمذي: ١٩١٨)، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ پەنجەی شایەتمان و نێوەڕاستی پێکەوە ڕاگرتن و ئاماژەی پێکردن و فەرمووی: من و کەسێك کە سەرپەرشتیی هەتیو دەکات، لە بەهەشتدا بەو شێوەین.

پێغەمبەری خاتەم ﷺ لە بارەی هەتیووەوە فەرمایشتی زۆرن، کە دەبێ بە شێوەیەکی باش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، (**القُرْطبي**)، بە ژمارە (٦٣٦٩) ئەم دەقەی هێناوە:

٢- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، أَنَّ رَجُلاً شَكَا إِلى النَّبِيِّ ﷺ قَسْوَةَ قَلْبِهِ؛ فَقَالَ: إِنْ أَرَدْتَ أَنْ يَلِينَ قلبكَ، فَامْسَحْ رَأْسَ اليَتِيمِ، وَأَطْعِمِ المِسْكِينَ} (أخرجه أحمد: ٩٠٠٦، قال الهيثمي (٨/١٦٠): رجاله رجال الصحيح).

واتە: ئەبوو هوڕەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) دەگێڕێتەوە: پیاوێك سکاڵای بردە لای پێغەمبەر ﷺ کە دڵی ڕەقە، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ئەگەر ویستت دڵت نەرم بێ، دەست بەسەری هەتیو دابێنەو، خواردن بدە بە نەدار.

دەست بەسەرداهێنان، هەرچەندە دەست بەسەرداهێنانی ڕواڵەتیش دەگرێتەوە، بەڵام وێڕای ئەوە چاك مامەڵە کردن لەگەڵ هەتیویشدا بەشێوەی باشترو لەپێشتر دەگرێتەوە، لەگەڵیدا، چاك بە لە باوەشی بگرە، ماچی بکە، ئامۆژگاریی بکە، دڵی بدەوە، هاوکاریی بکە.

هەروەها ئەو فەرموودەیەی پێشتر هێنامان، بەو شێوەیەش هەر هاتوە:

٣- {كَافِلُ الْيَتِيمِ لَهُ أَوْ لِغَيْرِهِ أَنَا وَهُوَ كَهَاتَيْنِ فِي الْجَنَّةِ وَأَشَارَ مَالِكٌ بِالسَّبَّابَةِ وَالْوُسْطَى} (أخرجه مسلم: ٢٩٨٣).

واتـە: پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتـی: مـن و کەسـێك کـە سەرپەشـتیی هەتیوێـك دەکات، هـی خـۆی یـان هـی جگـە لـە خـۆی، (هـی خـۆی ئافرەتێـك کـە مێـردی دەمـرێ، سەرپەرشـتیی منداڵـەکان دەکات، ئـەوە هـی خـۆی، هـی جگـە لـە خـۆی، ماڵێـك منداڵێکـی دیکـەی بێبـاب دێنـن، لەگـەڵ منداڵەکانـی خۆیـان دا پـەروەردەی دەکـەن، سەرپەرشـتیی دەکـەن، دەفەرمـوێ:) هەردووکـمان لـە بەهەشـتدا ئاوایـن، ئامـاژەی کـرد بەپەنجـەی شـایەدمان و پەنجـەی نێوەڕاسـتی.

دووەم: دەربارەی سواڵکەرو داواکەر، کەسێك کە دێ داوای شتێکت لێ دەکات، لەو بارەشەوە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ زۆرن، بۆ نموونە:

١- پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {لِلسَّائِلِ حَقٌّ وَإِنْ جَاءَ عَلَى فَرَسٍ} **(أخرجه أحمد: ١٧٣٠، والطبراني: ٢٨٩٣، وابن أبي شيبة: ٩٨٢٣، وأبو داود: ١٦٦٥، وأبو يعلى: ٦٧٨٤)**، واتە: بابای داواکەر، سواڵکەر، مافی پێ بەخشینی هەیە ئەگەر بە سواریی ئەسپیش بێ.

واتـە: کەسـێك کـە داوای شـتێکت لـێ دەکات، داوای هاوکارییـت لـێ دەکات، ئەگـەر بـە ڕواڵـەت دەوڵەندیـش بـێ و، بـە سـواریی ئەسـپیش هاتبـێ، ئەسـپ ئـەو کاتـە وەك سـەیارەی مۆدیـل بـەرزی ئێسـتا وابـووە، مـادام داوای لـێ کـردی و، ڕووی لـێ نـای، هاوکاریـی بکـەو شـتێکی پـێ بـدە.

ئنجـا ئـەم فەرمایشـتەی پێغەمبـەر ﷺ هەیـە، بـەڵام ئـەوەش هـەر هەیە، کەسێك کە بزانـی قۆڵبـڕو، سـاختەچییە، بابـای واش دەبـێ بەپێـی خـۆی مامەڵەی لەگەڵـدا بکەی.

٢- هەر لەوبارەوە ئەم دەقەش دێنین، کە ئەمیان باسی داواکەر دەکات، بەڵام داواکەری زانست، چونکە هەندێك لە ڕوونکەرەوانی قورئان گوتوویانە، کە دەفەرموێ: ﴿وَأَمَّا

﴿ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنۡهَرۡ﴾، ﴿ٱلسَّآئِلَ﴾، داواکەر، تەنیا کەسێك نیە کە ماڵ و سامان داوا بکات، جاری وایە کەسێك زانیارییت لێ داوا دەکات، یان شتێکی دیکەت لێ داوا دەکات و تۆش پێت دەکرێ، واتە: شتی مەعنەویی، ئنجا لەو بارەوەش ئەم دەقە هەیە:

{عَنْ أَبِي هـارون العبـدي قَـالَ: كُنَّـا إِذَا أَتَيْنَـا أَبَـا سَـعِيدٍ يَقُـول: مَرْحَبَـاً بِوَصِيَّـةِ رَسـوُلِ اللّـهِ ﷺ، إِنَّ رَسـوُلَ اللـهِ ﷺ قَـال: «إِنَّ النَّـاسَ لَكُـمْ تَبَـعٌ وَإِنَّ رِجَـالاً يَأْتُونَكُـمْ مِـنْ أَقْطَـارِ الأَرْضِ يَتَفَقَّهُـونَ، فَـإِذَا أَتَوْكُـمْ فَاسْـتَوْصَوْا بِهِـم خَـيْراً»} (أخرجـه الترمـذي: ٢٦٥٠، وابـن ماجـه: ٢٤٩، والطـبراني في الشـاميين: ٤٠٥، وضعفـه الألبـاني).

واتـە: ئەبـوو هـارووني عەبدیـی دەڵـێ: ئێمـە کـە دەچووینـە لای ئەبـوو سـەعید (یەکێکـە لـە هـاوەڵان خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، دەیگـوت: سڵاو لـە ئەوانـەی پێغەمبەری خـوا ﷺ ئامۆژگاریـی کردوویـن، بەخێریـان بێنیـن و ڕێزیـان لـێ بگریـن، بەخێربێـن، پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: خەڵـك شـوێن ئێـوە دەکـەون و، پیاوانێـك لـە گۆشـەو کەنارەکانـی دنیـاوە دێـن بـۆ لای ئێـوە، فێـری زانسـتی شـەرعیی بـبن و شـارەزا بـبن، ئنجـا هـەر کاتێـك هاتـن بـۆ لاتـان زۆر بـە جیددیـی ئامۆژگاریـی خێریـان بکـەن، (ئـەوەی دەزانـن لـە خێـرو چاکـە فێریـان بکـەن).

کەواتـە: ﴿وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنۡهَرۡ﴾، بابـای داواکـەر دەرمەکـەو تێـوەی مەخـوڕە، واتـە: چ هاوکاریـی ماددییـت داوا لـێ بـکات، چ هاوکاریـی کۆمەڵایەتیـی یـان مەعنەویـی لـە تـۆ داوا بـکات، بـە تایبەتـی فێرکردنـی زانسـت و ئاییـن و پەیامـی خـوا سـبحانە و تعالـی.

٣- ئەم دەقەش هەرچەندە پێشتر لە هۆی هاتنە خواریشدا ئاماژەیەکمان پێدا، بەڵام لێرە بە شێوەی تێرو تەواوتر دەیهێنین، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

{سَـأَلْتُ رَبِّي مَسْـئَلَةً وَدِدْتُ أَنِّي لَـمْ أَسْـأَلْهَا: قُلْـتُ: يَـا رَبِّ اِتَّخَـذْتَ إِبْرَاهِيـمَ خَليـلاً، وَكَلَّمْـتَ مُـوسى تَكْليـماً، وَسَـخَّرْتَ مَـعَ دَاودَ الجِبَـالَ يُسَـبِّحْنَ، وَأَعْطَيْـتُ فُلانـاً كَـذَا، فَقَـال عَـزَّ وَجَـلَّ: أَلَـمْ أَجِـدْكَ يَتِيـمَاً فَآوَيْتُـك؟ أَلَـمْ أَجِـدْكَ ضَـالاً فَهَدَيْتُـك؟ أَلَـمْ أَجِـدْكَ عَائِـلاً

فَأَغْنَيْتُكْ؟ أَلَمْ أَشْرَحْ لَكَ صَدْرَك؟ أَلَمْ أُوتِكَ مَا لَمْ أَوتْ أَحَداً قَبْلَكْ: خَواتيم سُورةُ البَقَرةَ، أَلَمْ أَتَّخِذْكَ خَليلاً، كَمَا اتَّخَذْتُ إِبْراهِيمَ خَليلاً؟ قُلْتُ: بَلَى يَا رَبّ»} (أخرجه الحاكم: ٣٩٤٤، من حديث ابن عباس رضي الله عنهما، ذكره الهيثمي في المجمع، ج٨ ص ٢٥٣-٢٥٤، وقال رواه الطبراني في الكبير والأوسط وفيه إبن السائب قد إختلط).

واتە: داوایەکم لە پەروەردگارم کرد، خۆزگە داوام نەکردبایە، گوتم: ئەی پەروەردگار! ئیبراهیمت کردە خەلیلی خۆت، مووسات کردە دوێندراوی خۆت و قسەت لەگەڵ کرد، بۆ داوود چیایەکانت ملکەچ کردن، خوایان بە پاك دەگرت، فلانە کەست ئاوات پێدا، [دیارە ژمارەیەکی دیکەی لە پێغەمبەران باس کردوون]، خوا عز وجل، فەرمووی: ئایا تۆم هەتیو لێ هەڵنەکەوت، پەنام دای و، حەواندمیەوە؟ ئایا گومڕا نەبووی ڕێنماییم کردی؟ نەدار نەبووی بێ نیازم کردی؟ ئایا سینەتم گوشادو فراوان نەکرد؟ ئایا شتێکم پێت نەدای کە لە پێش تۆدا نەمداوە بە هیچ کەس، کۆتاییەکانی سوورەتی (البقرة)، ئایا تۆشم نەکردە خەلیلی خۆم، وەك چۆن ئیبراهمم بە خەلیل گرتبوو، گوتم: با، ئەی پەروەردگارم!

سێیەم: لە بارەی ئایەتی کۆتایی کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴾، لەو بارەوەش چەند دەقێك دێنین، یەکێکیان ئەمەیە کە دەفەرموێ:

١)- {مَنْ أُبْلِيَ بَلَاءً فَذَكَرَهُ، فَقَدْ شَكَرَهُ، وَإِنْ كَتَمَهُ، فَقَدْ كَفَرَهُ} (أخرجه أبو داود: ٤٨١٤، والترمذي: ٢٠٣٤، وابن حبان: ٤٣١٥، وصححه الألباني).

واتە: هەر کەسێك چاکەیەکی لەگەڵدا کراو باسی کرد، ئەوە سوپاسی خوای لەسەر کردوە، (لەسەر ئەو چاکەیە)، بەڵام ئەگەر شاردیەوەو پەنهانی کرد، ئەوە سپڵەیی و بێ نمەکیی بەرانبەر (بە خواو بەرانبەر بە چاکەی خوا) کردوە.

٢)- {مَنْ أُوْلِيَ مَعْرُوفاً، فَلْيُكَافِئْهُ، فَإِنْ لَمْ يَقْدِرْ عَلَيْهِ، فَلْيَذْكُرْهُ، فَمَنْ ذَكَرَهُ، فَقَدْ شَكَرَهُ} (أخرجه البيهقي في شعب الإيمان: ٩١١١، وغيره).

واتـە: پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتـی: هـەر کەسـێك چاکەیەکـی لەگـەڵ دا کـرا، بـا پاداشـتی بداتـەوە، ئەگـەر نەیتوانـی، بـا باسـی بـکات، چونکـە هـەر کەسـێك باسـی چاکەیەکـی کەسـێکی کـرد، سوپاسـی ئـەو کەسـەی کـردوە.

٣)- {مَنْ لَمْ يَشْكُرِ القَلِيلَ لَمْ يَشْكُرِ الكَثِيرِ، وَمَنْ لَمْ يَشْكُرِ النَّاسَ لَمْ يَشْكُرِ اللهَ، وَالتَّحَدُّثُ بِنِعْمَةِ شُكْرٌ، وَتَرْكُهَا كُفْرٌ، وَالجَمَاعَةُ رَحْمَةٌ وَالفِرْقَةُ عَذَاب} (أخرجه عبد الله بن أحمد في زوائده: ١٩٣٧٠، والبيهقي في شعب الإيمان: ٩١١٩، وأخرجه الطبراني كما في مجمع الزوائد (٢١٧/٥) قال الهيثمي: رواه عبد الله بن أحمد والبزار والطبراني ورجالهم ثقات).

واتـە: پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتـی: هـەر کەسـێك سوپاسـی کـەم نـەکات، سوپاسـی زۆریـش نـاکات، (ئـەوەی بـە کـەم نەزانـێ، بـە زۆریـش نازانـێ)، هـەر کەسـێك سوپاسـگوزاریی بـۆ خەڵـك نـەکات، سوپاسـگوزاریی بـۆ خـواش نـاکات، باسـکردنی چاکـە، بریتیـە لـە سوپاسـگوزاریی، بـەڵام واز لێهێنانـی باسـکردنی چاکـە، نادیـدە گرتنـی سـپڵەیی و بـێ نمەکییـەو، کۆبوونـەوەی مسـوڵمانان ڕەحمـەت و بەزەییـە، بڵاوبـوون و پەرتەوازەییـان دەردو مەینەتیـی و ئـازارە.

٤)- {عَنْ أَبِي الأَحْوَصِ عَنْ أَبِيهِ رضي الله عنه، قَالَ كُنْتُ جَالِسَاً عِنْدَ رَسُولِ اللّٰهِ ﷺ فَرَآنِي رَثُّ الثِّيَابِ، فَقَالَ: أَلَكَ مَالٌ؟ قُلْتُ: نَعَمْ يَا رَسُولَ اللّٰهِ مِنْ كُلِّ الْمَالِ، قَالَ: فَإِذَا آتَاكَ اللّٰهُ مَالاً، فَلْيُرَ أَثَرُهُ عَلَيْكَ} (أخرجه النسائي: ٥٢٢٣، وَصححه لألباني).

واتـە: ئەبـوو لئەحـوەص دەگێڕێتـەوە لـە باوکییـەوە (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، دەڵـێ: لـە خزمـەت پێغەمبـەری خـوادا ﷺ دانیشـتبووم، بینیمـی بەرگـم شـڕ و دڕاو بـوو، فەرمـووی: مـاڵ و سـامانت هەیـە؟ گوتـم: بەڵـێ، ئـەی پێغەمبـەری خـوا لـە هەمـوو جۆرەکانـی مـاڵ و سـامان هەیـە، (لـە ڕیوایەتـی دیکـەدا هاتـوە، گوتوویەتـی: حوشـترم هەیـە، مـەڕم هەیـە، بزنـم هەیـە)، پێغەمبەریـش ﷺ فەرمـووی: ئەگـەر خـوا مـاڵ و سـامانی پێـدای، بـا شـوێنەواری مـاڵ و سـامانەکە لەسـەر تـۆ دیـار بـێ.

واتـە: کەسـی دەوڵەمەنـدو هەبـوو، بـا خـۆی ڕووت و ڕەجـاڵ و بـەرگ شڕ پێشـان نـەدا، ئـەوە سەرسـواڵکەریی دەگەیەنـێ، مـادام هەتـە، بـا پێتـەوە دیـار بـێ، هەیـە نیشـیەتی بـەرگ و پۆشـاکی جـوان لەبـەر دەکات، بـۆ ئـەوەی لـە چـاوی خەڵکـدا وانەبـێ، جێـی بەزەیـی و پـەرۆش بێـت! چ جـای هەتبـێ، بۆچـی خـۆت وا پێشـان دەدەی خەڵـك بەزەیـی پێتـدا بێـت؟!

دیـارە پێغەمبـەری خـوا ﷺ یـان خوای پـەروەردگار خسـتوویەتە دڵی، یان شـارەزای بـووە کـە هەیەتـی، بۆیـە کـە بەرگەکـەی شـڕ بینیـوە، پێـی شـتێکی نائاسـایی بـووەو فەرموویەتـی: ئایـا مـاڵ و سـامانت هەیـە؟ مـادام کـە هەتـە بـا پێتـەوە دیـار بـێ.

حوكمی گوتنی (الله أكبر) له كۆتایی خوێندنی بیست و دوو سوورەتەكەی كۆتایی قورئان دا

لـه كۆتایـی تەفسـیركردنمان بـۆ سـوورەتی (الضُّحـى)، مەسـەلەیەك بـاس دەكەیـن، كـە هەمـوو تەفسـیرەكان كـەم و زۆر ئاماژەیـان پێـداوە، سـەرەتا بـا ئـەم دەقـە بێنیـن كـە (القُرْطبـي)، لـە تەفسـیرەكەی خۆیـدا[1] دەڵـێ:

{فَصْـلٌ: يُكَـبِّرُ القَـارِئُ فِي رِوَايَـةِ البَـزِّيِّ عَـن اِبـنِ كَثِـير، وَقَـدْ رَوَاهُ مُجَاهِـد عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ، عَـن أُبَيِّ بْـنِ كَعْـبٍ، عَـنِ النَّبِـيِّ ﷺ: إِذَا بَلَـغَ آخِـرَ (وَالضُّحَـى) كَـبَّرَ بَـيْنَ كُلِّ سُـورَةٍ تَكْبِـيرَةً، إِلى أَنْ يَخْتِـمَ القُـرآنْ، وَلاَ يَصِـلُ آخِـرَ السُّـورَةِ بِتَكْبِـيرِهِ؛ بَـلْ يَفْصِـلُ بَيْنَهُـمَا بِسَـكْتَةٍ. وَكَأَنَّ المَعْنَـى فِي ذَلِـكَ أَنَّ الوَحْـيَ تَأَخَّـرَ عَـنِ النَّبِـي ﷺ أَيَّامَـاً، فَقَـالَ نَـاسٌ مِـنَ المُشْرِكِين: قَـدْ وَدَّعَـهُ صَاحِبُـهُ وَقَـلاَهُ؛ فَنَزَلَـتْ هَـذِهِ السُّـورَة، فَقَـال: «اللّـه أَكْـبَر». قَـالَ مُجَاهِـد: قَـرَأْتُ عَـلى ابْـن عَبَّـاسٍ، فَأَمَـرَنِي بِـهِ، وَأَخْـبَرَنِي بِـهِ عَـن أُبَيِّ عَـنِ النَّبِـي ﷺ وَلاَ يُكَـبِّرُ فِي قِـرَاءَةِ البَاقِـينَ؛ لأَنَّهَـا ذَرِيعَـةٌ إِلىَ الزِّيَـادَةِ فِي القُـرْآنْ}.

واتــە: قورئانخوێــن، لــە ڕیوایەتــی بەززیــی لــە (إبــن كثــير)ەوە، هێناویەتــی، هەروەهـا موجاهیدیـش لـە ئیبنـو عەبباسـەوە، ئەویـش لـە ئوبەیـی كـوڕی كەعبـەوە خـوا لــە هەموویــان ڕازیبــێ، {(الطبري)یــش، بــە ژمــارە: (٦٣٨١) لــە تەفســیرەكەی خۆیـدا، هێناویـەتی} لـە پێغەمبـەرەوە ﷺ كـە كاتێـك گەیشـتۆتە كۆتایـی سـوورەتی (وَالضُّحـى) لـە نێـوان هـەر سـوورەتێك و ئـەوی دیكـەدا (أَللـهُ أَكـبَر)ی كـردوە، هەتـا قورئانـی تـەواو كـردوە، كۆتایـی سـوورەتەكەی لەگـەڵ (اللـه أكبر)ەكـەدا، پەیوەسـت نەكـردوە، بەڵكـو ماوەیـەك وەسـتاوە، ئنجـا (اللـه أكبر)ەكـەی كـردوە.

---

(١) ج٢٠، ص٧٨ و ٧٩.

(القرطبي)، دەڵێ: لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە وەحیی لە پێغەمبەری خوا ﷺ چەند ڕۆژێکان دابڕاوە، کۆمەڵێك لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، (وەك پێشتر لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا چەند ڕیوایەتێکمان هێنان)، گوتوویانە: هاوەڵەکەی وازی لێهێناوەو لێی زویر و نیگەران بووە، ئنجا ئەم سوورەتە کە دابەزیوە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **(اللـه أكـبر)**، خوا گەورەترە، (قسەو بانگەشەی بێبڕوایەکان درۆ بوو).

موجاهید دەڵێ: قورئانم لەسەر عەبدوڵلای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازیبێ) خوێند، فەرمانی پێکردم بە گوتنی: **(أَللـه أكـبَر)**و، هەواڵی پێدام لە ئوبەیی کوڕی کەعبەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە **(اللـه أكـبَر)**ی کردوە، بەڵام لە قورئان خوێندنی قورئان خوێندنەکانی دی، هیچیان ئەو **(اللـه أكبر)**ەیان، نەگوتوەو، گوتوویانە: ئەوە بیانوویەکە بۆ زیادکردن لە قورئاندا.

ئنجا با جارێ قسەکەی **(القرطبي)** تەواو بکەین، کەدەڵێ:

{قُلْتُ: القُرآنُ ثَبَتَ نَقْلاً مُتَوَاتِراً سُوَرُهُ وَآيَاتُهُ وَحُرُوفُهُ؛ لاَ زِيَادَةَ فيهِ وَلاَ نُقْصَانَ؛ فَالتَّكْبِيرُ عَلَى هَذا لَيْسَ بِقُرْآنٍ، فَإِذَا كَانَ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيم المَكْتوبِ فِي المُصْحَفِ بِخَطِّ المُصْحَفِ لَيْسَ بِقُرْآنْ، فَكَيْفَ بِالتَّكْبِيرِ الَّذي هُوَ لَيْسَ بِمَكْتُوب! أَمَّا أَنَّهُ ثَبَتَ سُنَّةً بِنَقْلِ الآحَادِ، فَاسْتَحَبَّهُ اِبْنُ كَثيرٍ، لا أَنَّهُ أَوْجَبَهُ، فَخَطَأَ مَن تَرَكَهُ. ذَكَرَ الحَاكِم أَبو عَبْدِالله مُحَمَّد بنِ عَبْدِ الله، الحَافِظ فِي كِتابِ المُسْتَدْرَك لَهُ عَلَى البُخَاري وَمُسْلِم: حَدَّثَنَا أَبُو يَحْيَى مُحَمَّدْ بْنِ عَبْدِ الله بْنِ مُحَمَّد بْنِ عَبْدِ الله بْنِ يَزِيد، المُقْرئ الإمامِ بِمَكَّة، فِي المَسْجِدِ الحَرَام ، قَالَ: حَدَّثَنَا أَبو عَبْدِ الله مُحَمَّد بْنِ عَلِي بْنِ زَيْدٍ الصَّائِغ، قَالَ: حَدَّثَنَا أَحْمَد بْنِ مُحَمَّد بْنِ القَاسِمِ بْنِ أَبِي بَزَّة: سَمِعْتُ عِكْرِمَةَ بنِ سُلَيْمَان يَقُول: قَرَأْتُ عَلَى إِسْمَاعيل بْنِ عَبْدِ الله بْنِ قُسْطَنْطِين، فَلَمَّا بَلَغْتُ {وَالضُّحَى} قَالَ لِي كَبِّر عِنْدَ خَاتِمَةِ كُلِّ سُورَةٍ حَتَّى تَخْتِم، فإِنِّي قَرَأْتُ عَلَى عَبْدِ الله ابْنِ كَثير فَلَمَّا بَلَغْتُ {وَالضُّحَى} قَالَ: كَبِّر، حَتَّى تَخْتِمْ. وَأَخْبَرَهُ عَبْدِ الله ابْنُ كَثيرٍ، أَنَّهُ قَرَأَ عَلى مُجَاهِد،

وَأَخْبَرَهُ مُجَاهِد أَنَّ ابن عَبَّاس أَمَرَهُ بِذَلِك، وَأَخْبَرَهُ ابْنِ عَبَّاس أَنَّ أُبَيّ بْنِ كَعْب أَمَرَهُ بِذَلِكَ، وَأَخْبَرَهُ أُبَيّ بْنِ كَعْبْ أَنَّ رَسولُ اللّهِ ﷺ أَمَرَهُ بِذَلِك} (**أخرجه الحاكم: ٥٣٢٥، وقال: هَذا حديث صحيح ولم يخرجاه**).

واتە: قورئان بە شێوەیەکی موتەواتیر چەسپاوە (کۆمەڵێك لە پێغەمبەریان بیستوە، ئەوانیش گەیاندوویانە بە کۆمەڵێك لە دوای خۆیان، ئەوانیش هەروا تاکو گەیشتۆتە ئێمە، ئەوە تەواتورە، کە نەگونجێ ئەو کۆمەڵە لەسەر درۆ کۆببنەوە، ئاوا بە ئێمە گەیشتوە)، هەم ئایەتەکانی، هەم سوورەتەکانی، هەم پیتەکان، کەمیی و زیادیی تێدانیە، بۆیە (**الله أکبر**) کردن لە کۆتایی سوورەتی (**الضُّحى**)وە، تاکو سوورەتی (**النَّاس**) ئەمە بەشێك نیە لە قورئان.

ئنجا (بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)، لە موصحەفەکانیشدا نووسراوە، لە سەرەتای هەر سوورەتێکەوە نووسراوە، {جگە لە سوورەتی (**التوبة**)}، ئەگەر ئەوە بە قورئان دانەنرێ، چۆن ئەو (**الله أکبر**) گوتنە کە نەشنووسراوە، بە بەشێك لە قورئان دادەنرێ؟

{دەڵێم: (بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)، بێگومان ئایەتێکە لە قورئان، ئەگەرنا هاوەڵان نەیاندەخستە نێو موسحەفەوەو، ڕایەکی بێهێز هەیە لەوبارەوە کە: (بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)، تەنیا بۆ لێکجیاکردنەوەی سوورەتەکانە، ئەگەرنا بەشێك نیە لە هیچ کام لە سوورەتەکان، بەڵام ئەوە ڕایەکی بێهێزە.

ئنجا ئەو (**الله أکبر**) گوتنە، بە شێوەی (**آحاد**) نەقڵ کراوەو (**إبن کثیر**)، (کە یەکێکە لە حەوت قورئانخوێنەکان)، بە چاکی زانیوە، بەڵام بە پێویستی نەزانیوەو، کەسێك وازی لەو (**الله أکبر**) گوتنە هێنابێ، بەهەڵەی دانەناوە، ئنجا (**قرطبي**) دوایی ئەو دەقە دێنێ لە (**الحاكم**)ەوە (**أبي عبد الله محمد بن عبد الله الحافظ**) لە کتێبەکەی (**المستدرك على الصحيحين**)ەوە، دەڵێ: ئەبوو یەحیا موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی

یەزیـد، کـە قوڕئـان خوێـن و ئیـمام بـووە لـە مەککـە، پێشـەوای هەمـوو قوڕئـان خوێنـەکان بـووە لـە مزگەوتـی حـەڕام دا، گوتوویەتـی: ئەبـوو عبدوڵـڵای کـوڕی موحەممـەدی کـوڕی عەلـی کـوڕی زەیـدی صائیـغ، بـۆی باسـکردووین، ئەویـش گوتوویەتـی: ئەحمـەدی کـوڕی موحەممـەدی کـوڕی قاسـغم لـە ئەبـی بـەززەوە، بـۆی بـاس کردوویـن، کـە گوێـی لـە عیکریمـەی کـوڕی سولەیمان بـووە گوتوویەتـی: قوڕئانـم لەسـەر ئیسـماعیلی کـوڕی عەبدوڵـڵای کـوڕی قوسـتەنتین خوێنـد، کاتێـك گەیشـتمە (**والضُّحـى**)، پێـی گوتـم: (**اللـه أكـبر**) بکـە لـە کۆتایـی هـەر سـووڕەتێك تاکـو کۆتایـی قوڕئـان، چونکـە مـن قوڕئانـم لەسـەر عەبدوڵـڵای کـوڕی **كثـير**، خوێنـد، کاتێـك گەیشـتمە (**والضحـى**)، گوتـی: (**اللـه أكـبر**) بکـە تاکـو قوڕئـان تـەواو دەکـەی، ئەویـش عەبدوڵـڵای کـوڕی **كثيريـ**ش هەواڵـی پێـداوە کـە قوڕئانـی لەسـەر (موجاهیـد) خوێنـدوە، موجاهیدیـش گوتوویەتـی: منیـش لەسـەر (إبـن عبـاس)م خوێنـدوە، فەرمانـی بـەوە پێکـردووم، ئەویـش هەواڵـی پێـداوەو، گوتوویەتـی: قوڕئانـم لەسـەر ئوبەیـی کـوڕی کەعـب خوێنـدوە ئەویـش بـەوە فەرمانـی پێکـردووم، ئوبەیـی کوڕیـی کەعبیـش گوتوویەتـی: قوڕئانـم لەسـەر پێغەمبـەر ﷺ خوێنـد بـەوە فەرمانـی پێکـردم، (**الحاكِـم**)، گوتوویەتـی: ئەمـە فەرموودەیەکـە سـەنەدەکەی ڕاسـتە، بـەڵام بوخاریـی و موسـلیم نەیـان هێنـاوە.

بەڵێ: ئەم دەقە هەیەو، با منیش ڕای خۆم لەوبارەوە بڵێم:

پێـم وایـە وەك (**القرطبي**)یـش گوتوویەتـی، ئـەوە ڕای یەکێکـە لـە حـەوت قوڕئـان خوێنـەکان (ڕەزاو ڕەحمەتـی خوایـان لێبـێ)، هەڵبەتـە قوڕئانخوێنەکانیـش تەنیـا حەوت نەبـوون، وەك لـە باسـێکی تایبـەت لـە بـارەی قوڕئانـەوە لـە کۆتایـی ئـەم تەفسـیرەدا بـاس دەکەیـن[1]، بـەڵام ئـەو حەوتـە هەڵبژێـردراون لـە لای یەکێـك لـە زانایانـەوەو زیاتر نـاودار بـوون، ئەگەرنـا وێـڕای حەوتـەکان سـێی دیکـەش هـەن پێکـەوە پێیـان دەگوترێ:

---

(١) خـوا پشـتیوان بـێ لـە چاپـی دووەمـی ئـەم تەفسـیرەدا ئـەو بابەتـە کـە زۆر فراوانـە دەیکەینە پێشـەکی کـۆی تەفسـیرەکەو دەیخەینـە بەرگـی یەکەمیەوە.

(دە قورئانخوێنـەکان)، بەڵکـو هەندێکیـان دەیانگەیەننـە چـواردەش.

منیـش ڕام وایـە مـادام ئەمـە تەنیـا ڕای (إبـن کثـیر)ە، بـا (حاکِم)یـش ئـەو دەقـەی لـە بـارەوە هێنابـێ، وا باشـترە پابەندیـی بکـرێ، بـەڕای زۆرینـەی قورئانخوێنـان و زانایانـی قورئـان خوێنـەوەو، ئـەو (اللـه أکبر)انـە، لـە کۆتایـی سـووڕەتەکاندا نەگوترێن و ئەگـەر کەسـێکیش گوتـی، بایـی ئـەوە شـتێکی بـە دەسـتەوە هەیە،بـۆ چۆنیەتیـی گوتـرانی: (اللـە أکبر)یـش، زانایـان ڕاجیاییـان هەیـە، هەندێکیـان گوتوویانـە: (**اللـه أکبر کبیرا**)، هەندێکیـش هـەر گوتوویانـە: (**اللـه أکـبر**)، هەندێکیشـیان بـە شـێوەیەکی دیکە گوتوویانـە، بۆیـەش وام پـێ باشـترە ئـەو (**اللـه أکبر**)انـە نەگوترێـن، تاکـو کەسـێك وا نەزانـێ شـتێك لـە قورئـان زیـاد کـراوە.

خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی بـێ سـنووری خـۆی، وەك چـۆن بـۆ پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ ئـەو هەمـوو ڕاسـتییانەی خسـتوونەڕوو و ئـەو هەمـوو چاکانەی لەگەڵـدا کردوون، تەوفیقـی ئێمـەش بـدات، بـە دوای پێغەمبـەری کۆتایـی ﷺو سـەروەری پێغەمبەرانـدا بڕۆیـن و، پشـك و بەشـی ئێمـەش بخاتـە نێـو ئـەو نـازو نیعمەتانـەوە کـە بـە پێغەمبـەری خـۆی ﷺ داون لـە دنیـاو لـە دواڕۆژداو، پشـك و بەشـی ئێمـەش بخاتـە نێـو ئـەو دیندارییـە ڕاسـت و سـاغەوە، کـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ کردوویەتـی، کـە ئەویـش بـە دڵنایـی بـە هـۆی ئـەم قورئانـەوە کـە هیدایەتـی خوایـەو دایبەزاندووەتـە سـەر دڵـی موبارەکـی پێغەمبەرەکـەی موحەممـەد ﷺ، ئـەو نـازو نیعمەتانـەی دنیـاو دواڕۆژی پێبـڕاون.

لێرەشدا کۆتایی بە تەفسیری سووڕەتی (**الضحى**) دێنین.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

تەفسیری سوورەتی

الشَّرح

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمڕۆ کـە (١٣)ی (**ذي الحجة**)ی سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچییـە، بەرانبـەر (٢٠٢٠/٨/٣)ی زاینیـی، لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بێـت دەسـت دەکەین بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (الـشرح)، وەك عـادەتی خۆشـمان پێشـەکی پێناسـەو نێـوەڕۆکی ئەم سـوورەتە دەخەینـەڕوو لـە حـەوت بڕگەدا:

پێناسەی سووڕەتی (الشرح) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە:

ئەم سووڕەتە سێ ناوی بۆ بەکارهێنراون:

١- (**سُورَةُ الإنشراح**).

٢- (**سُورَةُ الشرح**).

٣- (**سُورَةُ أَلَمْ نشرح**).

بـەڵام زیاتـر بـە (**سُـورَةُ الـشرح**) نـاسراوە، ئەگەرنـا ئـەو دوو نـاوەی دیکـەش بەکارهاتـــوون.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ئـەم سـووڕەتە بەیەکدەنگیـی هەموو زانایـان، سـووڕەتێکی مەککەییـەو، لەوبارەوە ئـەم دەقـە دێنین:

{عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ ﷺ، قَـالَ: نَزَلَـتْ سُـورَة: ﴿أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ۝١﴾ بِمَكَّـة} (أخرجـه السـيوطي في الـدر المنثـور: ج٨، ص٥٤٧، وابـن الضُّريـس والنحـاس و ابـن مردويـه والبيهقـي، وقـال عائشـة وابـن الزبير ﷺ مثلـه)، واتـه: لـه عەبدوڵڵای كـوڕی عەبباسـەوە ﷺ گێردراوەتـەوە گوتوویەتـی: سـوورەتی ﴿أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ۝١﴾ لـە مەككـەدا دابەزیـوە.

هەروەهـا (السـيوطي)، لـە سـەرچاوەی ناوبـراودا یانـی: (الـدر المنثـور)، هەمـان شتیشـی پاڵداوەتـە لای عائیشـەو عەبدوڵـلای كـوڕی زوبەیـر ﷺ، ئەوانیـش هەمـان شـتیان گێڕاوەتـەوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

لـە موصحـەف دا ژمارەكـەی نـەوەدو چـوار (٩٤)ەو، لـە دابەزینـدا دوازدەیەمیـن سـوورەتە، پێـش سـوورەتی (العـصر)و، دوای سـوورەتی (الضحـی) دابەزیـوە، ئـەوەش بۆچوونـی ئیبنـو زەیـدو هەندێـك لـە زانایانـە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەكانی:

ژمـارەی ئایەتەكانـی ئـەم سـوورەتە هەشـت (٨)ە، بەبـێ ڕاجیایـی لـە نێـوان زانایـانی ژمێـرەری ئایەتەكانـی قورئانـدا.

پێنجەم: نێوەڕۆكی:

بابەتـی سـەرەكیی ئـەم سـوورەتە بریتیـە لـە دەرخسـتنی لوتـف و میهرەبانیـی خوا لەسـەر پێغەمبـەری خاتـەم موحەممـەد ﷺو، لابردنـی خـەم و پـەژارەی و، كار بـۆ ئاسـانكردنی و، سـینە بـۆ فراوانكردنـی و، ناوبەرزكردنـەوەی و، گفـت پێدانـی بـۆ سێنا

کـردنی کاروبـاری هـەرکات زەحمـەت بـوو، هەروەهـا فەرمـان پێکـردنی بـۆ ڕەنجـدانی لـە بەندایەتیکردنیـداو، ئارەزوومەندیـی پتری بـەرەو لای خـوای پـەروەردگار.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

لـەم سـوورەتەدا دڵدانەوەیەکـی زۆری پێغەمبـەری خـوا ﷺ هەیـەو، لـەو بـارەوە تاکــە ســوورەتە کــە: قورســایی لەســەر لابــران و، ناوبەرزکرانــەوە و، کاری قــورس ئاسـانکران بـۆ پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ، لـەم سـوورەتەدا خراونـەڕوو، ئـەم سـوورەتە موبارەکـە نێواخـن و نێوەڕۆکەکـەی زۆر وەك سـوورەتی پێـش خـۆی (**سـورة الضحـی**) دەچـێ، بۆیـەش هەندێـك لـە زانایـان بـە یـەك سـوورەتیان دانـاون و، بـە یەکـەوە خوێندوویانـن، بـەڵام ڕای ڕاسـت هـی زۆربـەی زانایانـە کە دوو سـوورەتی جیـاوازن و، وێکچوونیـان لـە نێوانـدا هەیـە.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی:

ئێمە کۆی ئەم هەشت ئایەتەی ئەم سوورەتە موبارەکە، دەکەینە یەك دەرس.

دەرسی ئەم سوورەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە کۆی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە: (١ - ٨)، پێکدێ، پێشتریش باسمان کرد کە لەم سوورەتە موبارەکەدا خوا ﷻ میهرەبانیی و بەخششی بێ سنووری خۆی بۆ کۆتا پێغەمبەری خۆی ﷺ دەردەخات، سەرەتا دەیدوێنێ و دەفەرموێ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ) بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، ﴿أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ﴿١﴾﴾، ئایا سینەمان بۆ گوشادو فراوان و ئاوەڵا نەکردی، ﴿وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ ﴿٢﴾ الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ ﴿٣﴾﴾، ئەو کۆڵە قورسەی لەسەر پشت بوو لامان نەبرد، کە پشتتی وەجیرەجیر خستبووی، وەك چۆن کەسێك کۆڵێکی قورسی لەسەر دابنرێ، بە هۆی قورسییەوە کۆڵەکە جیرەی دێ، ئەو کۆڵەش پشتی گران کردبووی و، چەماندبووی و، پشتت جیرەی دەهات لە بن ئەو کۆڵە قورسەدا، ﴿وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ﴿٤﴾﴾، هەروەها ئایا ناوی تۆمان بەرز نەکردەوە؟ دوایی خوا دەفەرموێ: ﴿فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٥﴾ إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٦﴾﴾، بەدڵنیایی لەگەڵ سەغڵەتیی و نارەحەتییدا ئاسانیی هەیە، (جارێکی دیکەش بۆ جەختکردنەوە) بەدڵنیایی لەگەڵ سەغڵەتیی و نارەحەتییدا ئاسانیی و فەرحانیی هەیە، ﴿فَإِذَا فَرَغْتَ فَانصَبْ ﴿٧﴾﴾، ئنجا هەرکات لێبوویەوە، پێ بچەقێنە، واتە: هەرکات لە کارێك بوویەوەو دەست بە تاڵ بووی، پێ لە کارێکی دیکەدا بچەقێنەو، خۆت ماندوو بکە بە کارێکی دیکە، ﴿وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَارْغَب ﴿٨﴾﴾، هەمیشەش هەوڵبدە جار بۆ جار پتر ئارەزوومەندی دیداری پەروەردگارت بە، بەرەو لای پەروەردگارت بجووڵێ، پاداشت و ڕەزامەندیی زیاتری پەروەردگارت وەدەست بێنە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿ أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ﴿١﴾ وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ ﴿٢﴾ الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ ﴿٣﴾ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ﴿٤﴾ فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٥﴾ إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٦﴾ فَإِذَا فَرَغْتَ فَانصَبْ ﴿٧﴾ وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَارْغَب ﴿٨﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە . (ئەی موحەممەد!) ئایا سینەمان بۆت فراوان نەکرد؟ ﴿١﴾ قورساییشتمان لەسەرت لانەبرد؟ ﴿٢﴾ ئەوەی لەبەر گرانیی پشتتی وەجیرە خستبوو ﴿٣﴾ باس و ناوباگیشتمان بۆ بەرزنەکردیەوە؟ ﴿٤﴾ جا بێگومان لەگەڵ زەحمەت و سەغڵەتییدا ئاسانیی هەیە ﴿٥﴾ بە دڵنیایی لەگەڵ زەحمەت و سەغڵەتییدا ئاسانیی هەیە ﴿٦﴾ ئنجا هەر کات لە کارێک لێبوویەوە، بۆ کارێکی دیکە خۆت ماندوو بکە ﴿٧﴾ بەرەو لای پەروەردگاریشت ئارەزوو بکە ﴿٨﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(نَشْرَحْ): (**أَصْلُ الشَّرْحِ بَسْطُ اللَّحْمِ وَنَحْوِهِ، وَشَرْحُ الصَّدْرِ: بَسْطُهُ بِنُورٍ إِلَهِي وَسَكِيْنَةٍ مِنْ جِهَةِ اللهَ وَرُوحٍ مِنْهُ**)، (شرح) لە ڕیشەدا بە مانای بڵاوکردنەوەو یەکلاکردنەوەی گۆشت و وێنەی گۆشتە، مەبەست لە (**شَرْحُ الصَّدْر**) سینەفراوان بوونە بە ڕووناکییەکی خوایی و ئۆخژنێک کە لەلایەن خواوە دێ.

(وِزْرَكَ): (**الوِزْرُ: الثِّقَلُ، تَشْبِيهاً بِوَزْرِ الجَبَلِ، وَيُعَبَّرُ بِذَلِكَ عَنِ الإِثْمِ**)، (وزر): بە مانای قورساییە، چوێنراوە بە پەناگە لە چیاداو، تەعبیریشی پێدەکرێ لە گوناح.

(أَنقَضَ ظَهْرَكَ): (**النَّقْـضُ: إنْتِشَـارُ العَقْـدِ مِـنَ البِنَـاءِ وَالحَبَـلِ، نَقَضَـهُ: كَسَرَهُ حَتَّـى صَـارَ لَـهُ نَقِيـضٌ**)، (**نقـض**) واتـە: بڵاوبوونـەوەی گـرێ، لـە دیـوارو گوریـس (کـە گـرێ دەدرێ، دوایـی گرێیەکـەی ببێتـەوە)، دەگوتـرێ: (**نَقَضَـهُ**) واتـە: شـکاندی تاکـو دەنگـی هـات، کەواتـە: (**أنقـض ظهـرك**) دەنگـی لـە پشـتت هێنابـوو، یاخـود پشـتتی چەماندبـوو، کـە بێگومـان مەبەسـت پێـی کۆڵـی قورسـی مەعنەوییـە.

(وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ): (**الذكـر**) بـە مانـای ناووناوبانـگ و بـاس و خواسـە، ناوبانگتـمان بـۆ بەرزکردیـەوە.

(فَإِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا): بەدڵنیایـی لەگـەڵ سـەغڵەتیی و قورسـایی دا سـێنایی هەیـە، دەگوتـرێ: (**عَسَرَ الزَّمَـانُ يَعْسِرَ عَسْراً، أي: اشْـتَدَّ**) ڕۆژگارەکـە سـەخت بـوو، نارەحـەت بـوو، ئەگـەر (**عَسَرَ**) بـێ، بـەڵام (**عَسِرَ**) یانـی: (**صَعُـبَ وَاشْـتَدَّ، فَهُـوَ عَسِرٌ**) واتـە: قـورس بـوو، زەحمـەت و سـەخت بـوو، ئـەو شـتە زۆر قـورس و سـەختە، مانایەکەیـان لـە یەکـدی نیزیکـە.

(يُسْرًا): (**يَسَرَ الـشَّيءُ يَيْـسَرُ يَسْراً: سَـهُلَ وَأَمْكَـنَ، ولاَنَ وانْقَـادَ**)، (**يَسَرَ الـشَّيءُ يَيْـسَرُ يَسْراً**) واتـە: شـتە ئاسـان بـوو، ئاسـان دەبـێ، ئاسـان بـوون، (**لاَنَ وانْقَـادَ**) نـەرم بـوو، ملکـەچ بـوو، ئـەو کارەی کـە دەویسـترا ئەنجامبـدرێ، ئاسـان بـوو.

(فَرَغْتَ): (**فَـرَغَ الـشَّيءُ يَفْـرغُ فَرَاغَـاً، أي: خَـلا**)، واتـە: شـتەکە بـۆش بـوو، (**يَفْـرغُ فَرَاغَـاً**): بـۆش دەبـێ، بـۆش بـوون.

(فَٱنصَبْ): (**نَصِـبَ يَنْصَـبُ أي: تَعِـبَ وأعيـا، أو جَـدَّ واجتهـد فهـو ناصـبٌ**)، (**نَصِـبَ يَنْصَـبُ**) دوو واتـای هـەن، یەکەمیـان: مانـدوو بـوو، دووەمیـان: هەوڵیـدا و خـۆی مانـدوو کـرد، ئـەو خۆماندووکـەرو ڕەنجـدەرە.

(فَٱرْغَب): (**رَغِـبَ يَرْغَـبُ رَغْبَـةً وَرَغْبَـاً ورُغْبَـةً: حَـرَصَ عَـلَى شَيءٍ وَطَمَـعَ فِيـهِ**)، ئـارەزووی کـرد، ئـارەزوو دەکات (**رَغْبَـةً وَرَغْبَـاً ورُغْبَـةً**) هەرسـێکیان چاوگن، واتە: سـووربوون لەسـەر شـتەکە، تەمـا پێـی هەبـوون، تەمـاع تێیـدا هەبوون.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا ﷻ وەك سـوورەتی (**الضحى**) لەم سـوورەتە موبارەکەشـدا ڕوو لـە پێغەمبەری خاتـەم ﷺ دەکات و دەفەرمـوێ: (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە:

١- ئەم سوورەتە موبارەکە دەخوێنم بە ناوی خوا وەك پەرستشێك، یان دەستپێکردنی خوێندنی ئەم سوورەتەم بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندەیەز

٢- بە پێی بەرنامەی خوا دەیخوێنمز

٣- بە تواناو یارمەتیی خوای پەروەردگار دەیخوێنمز

٤- بە مەبەستی ڕازییکردنی خوا دەیخوێنم.

ئنجـا خـوا ﷻ ڕوو دەکاتـە پێغەمبەرەکـەی ﷺو دەفەرمـوێ: ﴿أَلَمۡ نَشۡرَحۡ لَكَ صَدۡرَكَ ﴾، ئایـا سـینەتمان بـۆت فـراوان نەکـرد؟ سـینەتمان بـۆت گوشـاد نەکـرد؟ سـینەتمان بـۆت ئاوەڵانەکـردەوە؟ لێـرەدا ئـەو هەمزەیـە (أ) بـۆ پرسـیارکردنە، پرسیارکردنی دانپێداهێنـان، واتـە: شـتەکە هێنـدە ڕوونـە، بەرانبەرەکـەت ناچارە دانـی پێدابێنـێ، ئەگـەر پەرداخێـك ئـاو لـە پێشـت بـێ و، بڵێیە کـەسی بەرانبـەرت: ئایا ئەوە پەرداخێـك ئـاو نیـە؟! مەبەسـتت ئەوەیـە ناچـاری بکـەی دانـی پێدابێنـێ، لێـرەش خوا کـە بـەو جـۆرە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دەدوێنـێ، مەبەسـتی ئەوەیـە، چونکـە پرسـیار کردنەکـە بـۆ لابـردن (**نفي**)یـەو، ڕسـتەکە ئەگـەر هەمـزە (أ)ی پرسـیارکردنی لەسـەر لابـەری لابـردن (**نفي**)یـە، ئاوایـە: (لَـمْ نَـشْرَح لَـكَ صَـدْرَك)، سـینەتمان بـۆ گوشـاد نەکـرد، بـەڵام بـە هـۆی پرسـیارکردنەکەوە خـوا نکووڵیـی دەکات لـەوەی سینەی وی گوشـاد نەکردبـێ، بەڵکـو سـینەی بـۆ گوشـاد کـردوە، تاکـو سرووشی خـوا وەربگـرێ، وەك لـە سـوورەتی (**الشـعراء**)دا دەفەرمـوێ: ﴿وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٩٢ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلۡأَمِينُ ١٩٣ عَلَىٰ قَلۡبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ ١٩٤ بِلِسَانٍ عَرَبِيّٖ مُّبِينٖ ١٩٥﴾، واتـە:

هەروەها ئەم (قورئان)ە بە دڵنیایی دابەزێنراوی پەروەردگاری جیهانییانە . ڕووحی ئەمیندار دایبەزاندۆتە . سەر دڵت، تاکو لە ترسێنەران و هۆشیارکەرەوان بی. (ئەم قورئانە) بە زمانێکی عەرەبیی ڕوون و ڕۆشنکەرەوەیە.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَوَضَعۡنَا عَنكَ وِزۡرَكَ ﴾، ئەم (و) واوی بادانەوە (**واو العاطفة**) یە، ڕستەکە دەگێڕێتەوە بۆ سەر ڕستەی پێشێ، واتە: هەروەها ئایا ئەو کۆڵە قورسەی لەسەرت بوو، لەسەرمان لا نەبردی؟ (**وِزْر**) بە مانای قورساییە، هەر لەوەوەش خوازراوەتەوە بۆ گوناح، چونکە گوناح شانی مرۆڤ قورس دەکات، بەڵام بە دڵنیایی لێرەدا مەبەست پێی گوناح نیە، چونکە پێغەمبەری خاتەم ﷺ بەر لەوەی خوا بە پێغەمبەر ﷺ هەڵیبژێرێ گوناهی لەسەر حیساب نەکراوەو، گوناح لەسەر هیچکەس حیساب ناکرێ تاکو خوا پەیامی خۆی دەنێرێ، پێغەمبەرانیش صەڵات و سەلامی خوایان لەسەربێ، پاش نێردرانیان خوا دەیانپارێزێ لە گوناح و سەرپێچییان، وەك کوفر و شیرك تاوان و ستەم و شتی ناپەسند.

کەواتە: مەبەست پێی ئەو حاڵەتە دەروونییەیە کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ هەستی بە قورسایی و سەغڵەتیی کردوە، بەوەی کە لە نێو هۆز و کۆمەڵگایەکەیدا گوزەراوە: جگە لە خوا دەپەرستن، لە ڕووی سیاسییەوە بێ سەروبەرن، لە ڕووی ئابوورییەوە قڕیی و پڕیی و چینایەتیی هەیە، لە ڕووی ڕەوشتییەوە داڕووخاون، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەڵوەشاون، لە ڕووی خێزانییەوە .... هتد، موحەممەدیش بە عەقڵە ساغ و سرووشتە پاکەکەی خۆی زانیویەتی، ئەو خەڵکە لە گومڕایی و، لادان و سەرلێشێواویی دان، هەر بۆیەش جارجار چووە بۆ ئەشکەوتی حیرا، بەر لەوەی خوای پەروەردگار وەحییشی بۆ بنێرێ و خۆی دوورگرتوە لەو کۆمەڵگایە، زانیویەتی ئەوانە لە گومڕایی دان لە ڕووی عەقیدەوە، لە ڕووی هەڵسوکەوتەوە، لە زۆربەی ڕەهەندەکانی ژیانیاندا، خوا ڕێنمایی ئەوی کردو، فێریشی کرد چۆن ڕێنمایی ئەو خەڵکە گومڕاو نەزانە بکات و، لەو زەلکاوی بتپەرستیی و نەفامییە ڕزگاریان بکات.

﴿ ٱلَّذِيٓ أَنقَضَ ظَهۡرَكَ ﴾، (**نقیض**) دەنگی جیڕەجیڕە، کاتێك کۆڵێکی قورس دەخەیە سەر پشتت، یان یان بارێکی قورس دەخەیە سەر پشتی وڵاخێك، جیڕەی لێ دێ،

واتە: ئەو کۆڵەگرانەی پشتی تۆی وەجیڕە خستبوو، پشتی تۆی قورس کردبوو، هەندێك گوتوویانە: پشتی تۆی چەماندبوو، ئەوەش مانایەکی خوازراوە بۆ ئەم وشەیە، ئەگەرنا وشەی (**أنقض**) یانی: وایلێکردبوو (**نقیض**)ی هەبێ، (**نقیض**)یش بریتیە لە جیڕەو دەنگێك کە لە کۆڵ و باری قورس دێ.

﴿ وَرَفَعۡنَا لَكَ ذِكۡرَكَ ﴾، دیسان (و)ەکە واوی یادانەوەو گێڕانەوەیە، واتە: ئایا ناوبانگ و باس و خواسی تۆمان بەرزنەکردەوە؟ ئەوانە هەموویان پرسیارکردنی دانپێداهێنانن، یانی: بە دڵنیایی وامان بۆ کردی.

﴿ فَإِنَّ مَعَ ٱلۡعُسۡرِ يُسۡرًا ﴾، ئنجا لەگەڵ زەحمەتیی و قورسیی دا ئاسانیی و سێنایی هەیە، ئەو سەغڵەتییەی تۆ تێیکەوتووی بە هۆی پێغەمبەرایەتییەوە، ئاسانییشی بە دوادا دێ، چ لە دنیادا چ لە دوارۆژدا.

﴿ إِنَّ مَعَ ٱلۡعُسۡرِ يُسۡرًا ﴾، بێگومان لەگەڵ زەحمەتیی و قورسیی دا، ئاسانیی و سێنایی هەیە، (العسر) کە (أل)ی ناساندنی لەسەرە، لە هەردووکیاندا یەکە، بەڵام (یسر) بە نەناسراو (**نکرة**) هاتوە، بۆیە (**يُسْر**) ەکان جیان، لەبەر ئەوەشە هەندێك لە زانایان گوتوویانە: (**لن یغلب عُسْرٌ یسرین**) زەحمەتیی و ماندووبوونێك بەسەر دوو ئاسانییاندا زاڵ نابێ.

﴿ فَإِذَا فَرَغۡتَ فَٱنصَبۡ ﴾، بۆیە هەر کاتێك لێبوویەوە لە کارێك بوویەوە، پێ بچەقێنەو، خۆت ماندووبکە بۆ کارێکی دیکە، (فَٱنصَبۡ) بە مانای دەست بەکاربوون لە کارێکی دیکەدا و، بە مانای خۆماندوو کردن و زەحمەتکێشانیش دێ، (**نَصِبَ يَنْصَبُ أي: تَعِبَ وأعيا، أو جَدَّ واجتهد فهو ناصبٌ**)، (**نَصِبَ يَنْصَبُ**) دوو واتای هەن، یەکەمیان: ماندوو بوو، دووەمیان: هەوڵیدا و خۆی ماندوو کرد، ئەو خۆماندووکەرو ڕەنجدەرە.

﴿ وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَٱرۡغَب ﴾، ئارەزووی لای پەروەردگارت بکە، یانی: چ شتێك لە خوات نیزیك دەخاتەوە بەرەو پەروەردگارت دەبات، ئەو کارە ئەنجام بدە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

ڕاگەیانـدنی خـوای میهرەبـان بـۆ پێغەمبـەری کۆتایـی موحەممـەد ﷺ، کـە سـینەی فراوانکـردوەو، بـاری سەرشـانی لابـردوە کـە پشـتی وەجیـرە خسـتبوو، نـاوو شۆرەتیشـی بەرزکردۆتـەوە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ۝١ وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ ۝٢ الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ ۝٣ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ۝٤ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ﴾، ئایا سینەمان بۆت گوشاد نەکرد؟ پێشتر باسمان کرد، کە لێرەدا هەمزەی پرسیارکردن بۆ پرسیارکردنی دانپێداهێنان (**همزة الإستفهام التقريري**) ە، (**تقرير**) واتە: وا بکەی بەرانبەرەکەت دانی پێدابێنێ، کەواتە: کە خوا دەفەرموێ: ئایا سینەمان بۆت گوشادو فراوان نەکردوە؟ یانی: وامان کردوە، چونکە لە ڕێزمانی هەموو زماناندا وایە، کە لابردنی لابردن (**نفي النفي**) دەبێتە هۆی چەسپاندن، لێرەشدا: (**لَمْ نَشْرَح لَكَ صَدْرَكَ**) لابردنە، بەڵام هەمزەکە کە دەچێتە سەری: (أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ) پرسیارکردن هەمزەکە، لابردنەکەی دیکە لادەبات، واتە: (**شَرَحْنَا لَكَ صَدْرَكَ**) سینەمان بۆت فراوان کرد.

(**الـشَّرْحُ: فِي أَصْلِ اللُّغَـةِ بَسْـطُ اللَّحْـمِ وَنَحْـوِهِ**) (شرح) لـە بنەڕەتی زمانـدا یەکالاکردنی گۆشـت و وێنـەی گۆشـتە، دوایـی خوازراوەتـەوە بۆ فـراوان کردن.

یەکێك لـە ڕوونکـەرەوانی قوڕئـان دەڵـێ: (**شَرْحُ صَـدْرِهِ، كِنَايـةٌ عَـنِ الإنْعَـامِ عَلَيْـهِ بِكُلِّ مَـا تَطْمَـعُ إِلَيـهِ نَفْسـهُ مِـنَ الكَـمَالاَتِ وَإِعْلاَمـه بِرِضَـا اللـهِ عَنْـهُ وَبَشَـارَته بِنَـصره فِي الدُّنِيَـا**)،

واتـە: سـینەفراوانکردنی پێغەمبـەر ﷺ مەبەسـت پێـی چاکـە لەگەڵـدا کـردنی خوایـە بـۆی، بـە هەمـوو ئـەوەی کـە نەفسـی ئـارەزووی کـردوە لـە شـتە بـاش و تـەواوەکان و ئاگادارکردنەوەیەتـی لـە ڕازیبوونـی خـوا لێـی و، مـوژدە پێدانیەتـی بەسـەرکەوتنی بەسـەر کۆسـپ و تەگـەرەکان و ناحـەزو دوژمنەکانیـدا.

کـە بێگومـان ئـەو سـینەفراوانییە، زیاتـر مەبەسـت پێـی لایەنـە مەعنەوییەکەیەتی، بـەڵام لـە ڕووی جەستەییشـەوە، دیسـان چەنـد جارێـك سـینە گوشـاد کـران و دڵپـاك کرانـەوەی بـۆ هاتۆتـە پێـش، وەك دوایـی ئامـاژە دەکەیـن بـە سـێ دەق کـە لـەو بـارەوە هاتـوون.

٢)- ﴿ وَوَضَعۡنَا عَنكَ وِزۡرَكَ ﴾، هەروەها ئەو قورساییەی لەسەرت بوو لەسەرمان لابردی، (**الوِزْرُ: الثِّقلُ وَالحَرَجُ، وَالمقْصُودُ بالوِزْرِ كُلُّ مَا فِي الجَاهِلِيَّةِ فِي العَقَائِدِ وَالعَادَاتِ المنَاقِضَةِ للفِطْرَة**) (**وزر**): بە مانای قورسایی و سەغڵەتیی دێ و، بە مانای گوناهیش دێ، کە مەبەست پێی هەرچییە کە لە بیروباوەڕەکان و داب و نەریتەکان لە سەردەمی نەفامیی دابوون و، پێچەوانەی زگماك و ناخی پاکی هەر مرۆڤێکن، بە تایبەت هی پێغەمبەری خاتەم ﷺ].

هەروەهـا (**الـوزر: الحمـل الثِّقـل**) (**وِزْر**) بـە مانـای بـاری قـورس دێ، بـەڵام لێـرەدا مەبەسـت پێـی ئـەو حاڵەتەیـە کـە پێغەمبـەر ﷺ پێـش پێغەمبەرایەتیـی هەسـتی بـە نارەحەتیـی و بارقورسـیی و سـەغڵەتییەکی زۆر کـردوە لـە کۆمەڵگاکـەی خۆیـدا، زانیویەتـی کـە لـە ڕووی بووناسـییەوە، لـە ڕووی بیـرو بـڕواوە، لە ڕووی پەرستشـەوە، لـە ڕووی کۆمەڵایەتیـی و خێزانییـەوەو ... هتـد، تـووشی لادان و تاوانێـکی زۆر بـوو ون.

ئنجا خوا باسی ئەو بارو کۆڵە قورسە دەکات:

٣)- ﴿ ٱلَّذِيٓ أَنقَضَ ظَهۡرَكَ ﴾، کە پشتیی وەجیرە خستبوو، (**أَنْقَضَ: أي: جَعَلَ الشَّيءَ ذَا نَقِيض**) شتەکەی وا لێکرد خاوەنی (**نقیض**) بێ، (**والنقیض: صوت صریر المحمل والرَّحل، وصوت عظام المفاصل**) (**نقیض**)یش بریتیە لە دەنگی جیرەی بارو کۆڵ ئەو جلەی

دەیخەنە سەر پشتی وڵاخ، هەروەها دەنگی ئێسقانی جومگەکانیشە، جاری وایە مرۆڤ جومگەکانیشی قرچەیان لێ دێ.

٤)- ﴿ وَرَفَعۡنَا لَكَ ذِكۡرَكَ ﴾، هەروەها باس و خواسی تۆو، ناوناوبانگی تۆمان بەرزکردەوە، هەڵبەتە بەرزکردنەوەی ناوبانگ و باس و خواسی پێغەمبەری خوا ﷺ بە هۆی ئەوەوە بوو کە خوا کردی بە هەڵگری کۆتا پەیامی خۆی، هەروەها خوا ناوی پێغەمبەری ﷺ خستۆتە گەڵ ناوی خۆی، لە بانگ و قامەت و تەحییات و وتارەکاندا بە گشتیی و، لە چەندان شوێنی قورئاندا، بەڵام وێڕای ئەمە، ئەوەش دەگەیەنێ کە خوا ﷻ خستوویەتە دڵی هەموو ئەوانەوەی خاوەنی ئیسلام و ئیمانن، بە تایبەت و، جندو، مرۆڤەکان بە گشتیی، کە ناوی پێغەمبەری خاتەم بەرز ڕابگرن.

دەربـارەی سـینە گوشـاد کرانـی پێغەمبـەر موحەممـەد ﷺ، کـە وەك گوتمـان مەبەسـت پێـی حاڵەتـی مەعنەوییـە، چونکـە مـرۆڤ کاتێـك هیدایـەت دەچێتـە نێـو دڵ و دەروونـی، هەسـت دەکات سـینەی فـراوان دەبێـت و، کاتێـك خەمێـك، نارەحەتییـەك، گـرێ و گۆتاڵێـك ڕووی تێـدەکات، هەسـت دەکات دڵـی تەنـگ و بچـووك دەبێتـەوە، ئنجـا ئـەو حاڵەتـی دڵ گوشـادکرانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، کـە خـوای بـەرز بـە سـینە بـۆ گوشـادو فراوانکـران باسـی کـردوە، لـە ئەسـڵدا مەبەسـت حاڵەتـی مەعنەوییەتـی، هەروەهـا مەسـەلەی کـۆڵ لەسـەر پشـت لابرانیشـی، دیسـان مەبەسـت پێـی حاڵەتـی مەعنەوییەتـی، کـە هەسـتی بـە سـەغڵەتیی و دڵتەنگیـی کـردوە لـە کۆمەڵگایەکـەی خۆیـدا، بـە هـۆی بێبڕوایـی و بتپەرسـتیی و سـتەم و خراپـەو لادان و تاوانیانـەوە.

ئـەوەی دیکـەش کـە دەفەرمـوێ: کۆڵەکـەت پشـتی وەجیـرە خسـتبووی، پشـتی چەماندبـووی، بـۆ ئەوەیـە بۆمـان وێنـا بـکات وەك چـۆن بارێـکی قـورس دەخەیـە سـەر پشـتی ئاژەڵێـك جیـرەی لـێ دێـت، ئـاوا نارەحـەت بـووە.

ناو بۆ بەرزکرانەوەش مەبەست پێی ناووناوبانگی پێغەمبەری خوایە ﷺ، کە لە لای فریشتەکان و لەلای بڕواداران، پێغەمبەری خاتەم ﷺ کە هەڵگری کۆتا پەیامی پەروەردگار بووە، ناووناوبانگی بەرز بووەو، ڕێز لێگیراوە.

بەڵام وێڕای ئەوە، سێ گێڕدراوەش دێنین دەربارەی سینە بۆ گوشادکرانی پێغەمبەر ﷺ لە ڕووی جەستەییەوە:

یەکێکیان لە تەمەنی دوو ساڵییدا بووە، یەکێکیان لە تەمەنی دە ساڵییدا بووە، یەکێکیان لە کاتی سەفەری شەووڕۆ بەرزکرانەوەی دا، بەلای کەمەوە ئەو سێجارە پێغەمبەری خاتەم ﷺ سینەی بۆ گوشاد کراوە، واتە: بە ڕواڵەتیی و جەستەیی.

حاڵەتی یەکەم:

کە لە بەرگی یەکەمی **(السیرة النبویة لابن هشام)**[1] و تەفسیری **(روح المعاني)**[2]دا هاتوە، لە شیرپێدەرەکەی پێغەمبەرەوە ﷺ حەلیمەی سەعدییە، دوای ئەوەی موحەممەد دەبات بۆ لای خۆیان، وەك عادەتی عەرەبەکان کە منداڵی گچەکەیان داوەتە دایەن، بۆ ئەوەی لە بیابان و دەشت و سارای چۆڵ بە خێو بکرێ، نەك لە نێو شاردا، کە چاکتر پەروەردە دەبێ و زمانی ڕەوان و پاراوتر دەبێ، ئەو کاتەش موحەممەد بابی نەمابوو، حەلیمە دەڵێ[3]:

دوای ئەوەی موحەممەدمان بردە لای خۆمان، لەلایەن خوای بەرزەوە هەر زێدەیی و چاکەمان دەبینی، تاکو دوو ساڵەکەی تەواوبوون و لە شیرم بڕیەوە، ئنجا ئەو بە زوویی پێدەگەیشت و گەورە دەبوو، وەك پێگەیشتن و گەورەبوونی منداڵەکانی دیکەدا نا، دوو ساڵی تەواو نەکردبوون، بوو بە منداڵێك پێویستیی

---

(١) ص

(٢) ج١٥، ص٤٨٩ و ٤٩٠.

(٣) یەکسەر وەرگێڕراوە کوردییەکەی دێنین.

بـە شـیر نەمـا، ئێمـەش بردمانـەوە بـۆ لای دایـکی و، زۆریـش سـوور بوویـن لەسـەر ئـەوەی لەلامـان بمێنێتـەوە، چونکـە بـە هـۆی ئـەوەوە پێـزی زۆرمـان دەبینـی، بـە دایکیـمان گـوت: ئەگـەر لێیگەڕێـی لەلامـان بمێنێتـەوە هەتـا گـەورەو پتـەو دەبـێ، چونکـە ئێمـە مەترسـیی دەردو نەخۆشـیی مەککەمـان لێـی هەیـە، ئیـدی هـەر لەگەڵیـدا خەریـك بوویـن، هەتـا لەگـەڵ ئێمـەدا ناردیـەوە، ئێمـەش بردمانـەوە، سـوێند بـە خـوا دوای ئـەوەی بردمانـەوە، لـە نێـوان مانگێـك بـۆ سـێ مانـگ دەبـوو، لەگـەڵ برایـە شـیرییەکەی لـە کەپرێـکی پشـت ماڵمانـدا بـوون، برایەکـەی هـات رایدەکـرد، گـوتی: ئـەو بـرا قورەیشـییەم دوو پیـاو هاتـن بەرگـی سـپییان لەبـەر دابـوو پاڵیـان خسـت و سـکیان هەڵـدڕی! مـن و بابیشـی بـەرەو لای وی چوویـن، بینیـمان ڕاوەسـتابوو، ڕەنگـی بزڕکابـوو، بابـی لـە باوەشـی گـرت و گوتـی: ڕۆڵـە گیـان چیتـە؟ گـوتی: بابـە گیـان! دوو پیـاو هاتـن بەرگـی سـپییان لەبـەردا بـوو، منیـان پاڵخسـت و سـکیان هەڵدڕیـم، شـتێکیان لـێ دەرهێنـاو فڕێیانـدا، دوایـی سـکمیان وەك خـۆی لێکـردەوە! ئێمـەش بردمانـەوە بـۆ مـاڵ.

بابـی گوتـی: حەلیمـە! مـن مەترسـییم هەیـە لـەم کـوڕە، کـە تـووشی دەسـت لێوەشـاندن بووبـێ، بیبـەوە بـۆ لای کـەس و کاری بـەر لـەوەی ئـەوەی مەترسـییمان لێـی هەیـە، لێـی دەربکـەوێ، کـە جنـددار بـوون و شـێت بوونـە.

حەلیمە دەڵێ: بردمانەوە بۆ لای دایکی.

دایـکی گوتـی: ئـەوە چۆنـە هێناتانـەوە، خـۆ ئێـوە زۆر سـووربوون کـە لەلاتـان بمێنێتـەوە؟

گوتمان: ترسایین لە ڕووداوان و لە گرفت و کێشە.

گوتی: پێم وانیە ئەوە ڕاست بێ، ڕاستییم پێ بڵێن.

ئیدی وازی نەهێنا تاکو هەواڵەکەیمان پێدا.

ئەویش گوتی: لە شەیتان لێی ترسان؟ سوێند بە خوا شەیتان ڕێی تێنابات و دەستەڵاتی بەسەریدا ناشکێ، ئەم کورەم حاڵەت و کارێکی تایبەتی دەبێ، بیبەنەوە بالەلاتان بێت.

حاڵەتی دووەم:

{عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ، أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ رضي الله عنهما: كَانَ جَرِيئاً عَلَى أَنْ يَسْأَلَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ عَنْ أَشْيَاءَ لاَ يَسْأَلُهُ عَنْهَا غَيْرُهُ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا أَوَّلُ مَا رَأَيْتَ فِي أَمْرِ النُّبُوَّةِ؟ فَاسْتَوَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ جَالِسًا، وَقَالَ: لَقَدْ سَأَلْتَ أَبَا هُرَيْرَةَ، إِنِّي لَفِي صَحْرَاءَ ابْنُ عَشْرِ سِنِينَ، وَإِذَا أَنَا بِكَلاَمٍ فَوْقَ رَأْسِي، وَإِذَا أَنَا يَقُولُ لِرَجُلٍ: أَهُوَ هُوَ؟ قَالَ: نَعَمْ، فَاسْتَقْبَلاَنِي بِوُجُوهٍ لَمْ أَرَهَا لِخَلْقٍ قَطُّ، وَأَرْوَاحٍ لَمْ أَجِدْهَا مِنْ خَلْقٍ قَطُّ، وَثِيَابٍ لَمْ أَرَهَا عَلَى أَحَدٍ قَطُّ، فَأَقْبَلاَ إِلَيَّ يَمْشِيَانِ حَتَّى أَخَذَ كُلُّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا بِعَضُدِي لاَ أَجِدُ لأَحَدِهِمَا مَسًّا، فَقَالَ أَحَدُهُمَا لِصَاحِبِهِ: أَضْجِعْهُ، فَأَضْجَعَانِي بِلاَ قَصْرٍ، وَلاَ هَصْرٍ، وَقَالَ أَحَدُهُمَا لِصَاحِبِهِ: إِفْلِقْ صَدْرَهُ، فَهَوَى أَحَدُهُمَا إِلَى صَدْرِي فَفَلَقَهَا، فِيمَا أَرَى بِلاَ دَمٍ، وَلاَ وَجَعٍ، فَقَالَ لَهُ: أَخْرِجِ الْغِلَّ وَالْحَسَدَ، فَأَخْرَجَ شَيْئًا كَهَيْئَةِ الْعَلَقَةِ، ثُمَّ نَبَذَهَا فَطَرَحَهَا، فَقَالَ لَهُ: أَدْخِلِ الرَّأْفَةَ وَالرَّحْمَةَ، فَإِذَا مِثْلُ الَّذِي أَخْرَجَ يُشْبِهُ الْفِضَّةَ، ثُمَّ هَزَّ إِبْهَامَ رِجْلِيَ الْيُمْنَى، فَقَالَ: اغْدُ وَاسْلَمْ، فَرَجَعْتُ بِهَا أَغْدُو رِقَّةً عَلَى الصَّغِيرِ، وَرَحْمَةً لِلْكَبِيرِ}
(أخرجه عبد الله بن أحمد في زوائده على المسند: ٢١٢٩٦، قال الهيثمي (٢٢٣/٨): رجاله ثقات وثقهم ابن حبان، والضياء: ١٢٦٤).

واتە: ئوبەیی کوڕی کەعب گێڕوایەتەوە کە ئەبوو هورەیرە (خوا لێیان ڕازی بێ) بۆ پرسیارکردن لە پێغەمبەری خوا لە هەندێك شتان کە جگە لەو لێی نەدەپرسیی، گوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری خوا! لە کاروباری پێغەمبەرایەتیی دا یەکەمین شت کە بینیوتە چی بووە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵساو ڕێك دانیشت فەرمووی: پرسیارت کرد ئەی ئەبوو هورەیرە! من لە بیابان بووم تەمەنم دە ساڵ بوو، لەسەروومەوە گوێم لە پیاوێك بوو، بە پیاوێکی دیکەی گوت: ئەوە خۆیەتی؟ گوتی: بەڵێ، ئنجا بە ڕوویەکەوە بەرەو لام هاتن، ئەو ڕووانەم هەرگیز

نەبینیبوون لە هیچ دروستکراوێکداو، بە بۆنێکی خۆشەوە بۆ لام هاتن، ئەو بۆنە خۆشەم لە هیچ دروستکراوێك نەکردبوو و، بە بەرگ و پۆشاکێکەوە بۆ لام هاتن، ئەو بەرگ و پۆشاکەم لەبەر هیچ کەسێکدا نەبینیبوو، بۆ لام هاتن دەڕۆیشتن هەتا لێم نیزیککەوتنەوە، هەر کامێکیان قۆڵێکی گرتم، کە هەستم بە گرتنیان بۆ قۆڵم نەدەکرد، یەکێکیان بە ئەوەی دیکەی گوت: سینەی بقڵیشێنە، ئەوەی دیکە داهاتەوەو سینەی منی قڵیشاند، وەك دەمبینی بێ ئەوەی خوێنی لێ بێ و، بێ ئەوەی ئازاریشی هەبێ، پێی گوت: کینەو حەسوودیی لە دڵی دەربێنە، ئنجا داهاتە سینەم و شتێکی وەك خوێنپارەی لە سینەم دەرهێناو فڕێیدا، دوایی پێیگوت: بەزەیی و پەرۆشیی بخە دڵ، شتێك بوو بە ئەندازەی پارچە زیوێك (خستییە سینەمەوە)، دوایی پەنجە گەورەی پێی ڕاستمی گرت و گوتی: بڕۆ و سەلامەت بە، ئیدی گەڕامەوە، دڵم پڕ بوو لە نەرمی و میهرەبانیی بۆ کەم تەمەن و، بەزەییش بەرانبەر بەهی بە تەمەن.

حاڵەتی سێیەم:

ئەو کاتە بووە کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ سەفەری شەوڕۆو بەرزبوونەوە (**الإسراء والعروج**)ی کردوە:

{عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ، عَنْ مَالِكِ بْنِ صَعْصَعَةَ رَجُلٍ مِنْ قَوْمِهِ، أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «بَيْنَمَا أَنَا عِنْدَ الْبَيْتِ بَيْنَ النَّائِمِ وَالْيَقْظَانِ، إِذْ سَمِعْتُ قَائِلًا يَقُولُ: حُدُ بَيْنَ الثَّلَاثَةِ، فَأُوتِيتُ بِطَسْتٍ مِنْ ذَهَبٍ فِيهَا مِنْ مَاءِ زَمْزَمَ»، قَالَ: «فَشُرِحَ صَدْرِي إِلَى كَذَا وَكَذَا» -قَالَ قَتَادَةُ: قُلْتُ: مَا يَعْنِي بِهِ؟ قَالَ: إِلَى أَسْفَلِ بَطْنِهِ -«فَاسْتُخْرِجَ قَلْبِي، فَغُسِلَ بِمَاءِ زَمْزَمَ، ثُمَّ أُعِيدَ مَكَانَهُ، ثُمَّ حُشِيَ إِيمَانًا وَحِكْمَةً، ثُمَّ أُوتِيتُ بِدَابَّةٍ أَبْيَضَ يُقَالُ لَهُ الْبُرَاقُ، فَوْقَ الْحِمَارِ وَدُونَ الْبَغْلِ، يَقَعُ خُطَاهُ أَقْصَى طَرْفِهِ، فَحُمِلْتُ عَلَيْهِ، ثُمَّ انْطَلَقْتُ حَتَّى أَتَيْنَا السَّمَاءَ الدُّنْيَا...}[1].

---

(١) أخرجه مسلم: ٤٣٤.

واتـە: واتـە: ئەنەسـی کـوڕی مالیـك ﷺ دەگێڕێتـەوە لـە مالیکی کـوڕی صەعصەعە پیاوێـك بـوو لـە قەومەکـەی، پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: لـە کاتێکـدا مـن لـەلای کەعبـە لـە نێـوان خەوتـوو و بێـداردا بـووم، گوێـم لـە کەسـێك بـوو گـوتی: یەکێـك لـەو سـێیانە بگـرە، تەشـتێکی زێـڕی بـۆ هێنـام، ئـاوی زەمزەمـی تێدابـوو، فەرمـووی: سـینەمی هەڵـدڕی تاکـو فلانـە شـوێن، -قەتـادە گـوتی: مەبەسـتی چـی بـوو؟ گـوتی: هەتـا خـوار سـکی- دڵـم دەرهێـنراو بـە ئـاوی زەمـزەم شـۆردرا، پاشـان گێڕدرایـەوە شـوێنی خـۆی، دوایـی پڕکـرا لـە ئیـمان و حیکمـەت و دانایـی، پاشـان ئاژەڵێکـی سـپییان بـۆ هێنـام، پێـی گوتـرا: بـوراق لـە گوێدرێـژ بەرزتـر بـوو لـە ئێسـتر بچووکـتر بـوو، بـە هەنگاوێـك دەگەیشـتە ئـەو جێگایـەی چـاوی بـڕ بـکات، سـواری ئـەو بوڕاقە کـرام، پاشـان دەرچوویـن (لەگـەڵ جبریلـدا) تاکـو گەیشـتینە ئاسـمانی دنیـا، (دوایـی باسـی ئاسـمانەکانی دیکـەش دەکات).

هەمـوو ئـەو حاڵەتانـەش ئـەوە دەگەیەنـن کـە خـوا لـە ڕووی جەستەییشـەوە کاری لەسـەر پێغەمبـەری کۆتایـی ﷺ کـردوە، کـە زیاتـر ئامـادەی بـکات بـۆ وەرگرتنی پەیامەکـەی و، شایسـتەی ئـەو نـوورو بەرەکـەت و هیدایەتـە بێـت.

مەسەلەی دووەم:

بێگومان لەگەڵ سەغڵەتیی و قورسییدا ئاسانیی هەیە، بە دڵنیاییی لەگەڵ سەغڵەتیی و قورسییدا سێنایی هەیە، ئنجا خوا بە پێغەمبەری کۆتایی فەرمووە: دوای تەواوکردنی کارێك، یەکسەر کارێکی دیکە بکە ئەی موحەممەد ﷺ! هەمیشەش بەرەو لای خوا ئارەزوومەندبە:

خوا دەفەرمویٚ: ﴿ فَإِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٥﴾ إِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٦﴾ فَإِذَا فَرَغْتَ فَٱنصَبْ ﴿٧﴾ وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَٱرْغَب ﴿٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ فَإِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ﴾، بە دڵنیایی لەگەڵ سەغڵەتیی و قورسییدا، ئاسانیی هەیە، پسپۆڕانی زمان گوتوویانە: (**ف: فصيحة تُفْصِحُ عن كلامٍ مُقدَّرٍ يدلُّ عليه الإستفهام التقريريُّ هنا أي: إذا علمت هذا وتقرَّر، فاعلم أن مع العسر يسراً**)، (ف): پێی دەگوترێ: (**فصيحة**) چونکە قسەیەك کە ئەندازەگیریی کراوە، پیتی (ف) ڕوونی دەکاتەوە، کە پرسیارکردنە دانپێداهێنانەی پێشێ دەیگەیەنێ، واتە: ئەگەر ئەوەت زانی کە باسکراو چەسپا، بزانە لەگەڵ زەحمەتیی و قورسییدا کە دێتە ڕێت لە پێناوی خوادا، ئاسانیی و فەڕحانییش هەیە.

٢)- ﴿ إِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ﴾، بە دڵنیایی لەگەڵ سەغڵەتیی و قورسییدا ئاسانیی هەیە، وشەی (مع) بە مانای (لەگەڵ) دێ، بەڵام لێرەدا لە هەردوو ڕستەکاندا بەکارهێنراوە، بە مانایەکی جیاواز لە مانا ڕاستەقینەکەی، چونکە زەحمەتیی و ئاسانیی پێکەوە لە یەك کاتدا نابن و، ناگونجێ پێکەوە بن، بەڵام یانی: نیزیکە لە دوای زەحمەتیی و قورسیی، ئاسانیی پەیدابێ، بۆیەش فەرموویەتی: (مع) (لەگەڵ) یانی: هێندە لە یەکدی نیزیکن، وەك پێکەوەبن وان.

٣)- ﴿ فَإِذَا فَرَغْتَ فَٱنصَبْ ﴾، کەواتە: تۆ هەر کاتێك لێبوویەوە، دەست بە تاڵبووی، خۆت ماندووبکە، یاخود کۆششی زیاتر بکە، چونکە (**فانصب**) بە مانای: خۆت ماندوو بکە و، بە مانای: هەوڵبدەو کۆشش بکە، دێ.

ئایا مەبەست لە لێبوونەوەو دەست بە تاڵبوون، چییە؟

هەرچەندە ئێمە دوایی چەند وردە سەرنجێك لەو ئایەتانە دەدەینەوە، بەڵام (**الطبري**) دەڵێ: مەبەست پێی ئەوەیە: هەر کاتێك ئەو کارەی تێیدا دەست بە کاری، لێیبوویەوەو تەواوت کرد، لە کارێکی دیکەدا خۆت ماندوو بکەو رامەوەستە.

٤)- ﴿ وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَٱرْغَب ﴾، بەرەو لای پەروەردگاریشت ئارەزوومەندبە.

وشەی: (**رغبة**) بۆیە لێرەدا بە پیتی (**إلى**) بەرکاری خواستوە، تاکو مانای رووتێکردن و گرنگیی پێدانی بخرێتە نێو.

واتە: بەرەو لای پەروەردگارت زیاتر ئارەزوو بکەو، رووی تێبکە، چ شتێك زیاتر لە خوات نیزیك دەخاتەوە، رەچاوی بکە.

حەوت وردە سەرنج لەو ئایەتانە:

١- جارێ کە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَإِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ۝٥ ﴾، وشەی: (**العسر**) کە (**أل**)ی ناساندنی لەسەرە، بۆ (**عهد**)ە، واتە: ئەو زەحمەتیی و نارەحەتییەی دەیزانی، وەك شارەزایانی زمانی عەرەبیی کووفەنشین گوتوویانە: (**الألف واللام عِوَض عن المضاف إليه**)، ئەلیف و لام قەرەبووی پاڵاوەلادراو دەکەنەوە، واتە: ئەو زەحمەتیی و نارەحەتییەی تۆ پێی ئاشنای، لەگەڵ ئەودا ئاسانیی هەیە، یانی: (**فَإِنَّ مَعَ عُسْرِكَ يُسْرًا**) لەگەڵ زەحمەتیی و قورسیی تۆدا، ئاسانییش هەیە، هەمیشە تۆ بەبەر هەورازەوە نابی، پێشینان گوتوویانە: (لە دوای هەورازان نشێوە)، هیچ هەورازێك نیە تاکو سەر بەردەوام بێت.

٢- ئایا مەبەست لە وشەی (عسر) چییە؟ (عسر): بریتیە لە زەحمەتیی و قورساییەك لە بەدەستهێنانی شتێکدا کە ئارەزووی دەکرێ و، کردەوەیەك کە بە ئامانج گیراوە، لەوەدا مرۆڤ ماندوو ببێ و تووشی زەحمەتیی و نارەحەتیی بێ.

ئایا مەبەست لە (یسر) چییە؟ (یسر): بریتیە لە ئاسانیی لە بە دەستهێنانی شتی ئاسانکراودا، کە مرۆڤ تێیدا ماندوو نابێ، یان بە ئامانج گەیشتنەکە، ماندووبوونەکەی لە بیر بباتەوە.

٣- کە خوای بەرز دووبارەی کردۆتەوە: ﴿ فَإِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ۝٥ إِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ۝٦ ﴾، (**المقصود بالتكرار التأكيد على تحقيق هذا الوعد وتعميمه**)، مەبەست لە دووبارە کردنەوە، جەختکردنەوەی هێنانەدی ئەو بەڵێنەو گشتاندنیەتی.

٤- کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا فَرَغْتَ فَٱنصَبْ ۝٧ وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَٱرْغَب ۝٨ ﴾، (**الرَّغْبَةُ: الحُصُولُ عَلَى مَا هُوَ مَحْبُوبٌ، وَأَصْلُهُ تَعْدِيته بنَفْسِه، يُقَالُ رَغِبَ فِيه، وَعَكْسهُ: رَغب عَنْهُ أي: صرف رَغْبَتَهُ عَنْهُ**)، (**رغبة**): بریتیە لە ویستنی وەدەستهێنانی شتێك کە خۆشویستراوەو، لە ئەسڵدا وشەی (**رغب**) بۆ خۆی بەرکار دەخوازێ، (**رَغِبَ فِيهِ**) واتە: ئەو شتەی ویست، یان ئەو شتەی ئارەزوو کرد، (بەڵام لێرەدا کە بە (إلى) بەرکاری پێخوازراوە، بۆ ئەوەیە مانای ڕووتێکردن و گرنگیی پێدانی بخرێتە نێو)، بۆ پێچەوانەکەیشی دەگوترێ: (**رَغِبَ عَنْهُ**) واتە: ئەو شتەی نەویست، ئارەزووی نەکردو، خۆی لێ لادا.

٥- (**الشوكاني**) لە (**فتح القدير**)[1] دا دەڵێ: (**فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْراً أَيْ: إِنَّ مَعَ الضِّيقَةِ سَعَةً، وَمَعَ الشِّدَّةِ رَخَاءً، وَمَعَ الْكَرْبِ فَرَجٌ، وَفِي هَذَا وَعْدٌ مِنْهُ سُبْحَانَهُ بِأَنَّ كُلَّ عسر يَتَيَسَّرُ، وَكُلَّ شَدِيدٍ يَهُونُ، وَكُلَّ صَعْبٍ يَلِينُ**)، واتە: لەگەڵ هەر تەنگانەیەکدا فەرحانیی هەیەو، لەگەڵ هەر سەختییەکدا خۆشیی هەیەو، لەگەڵ هەر خەمێکدا دەرووکرانەوە هەیە، لەمەدا بەڵێن هەیە لە خوای پاك و بێگەردەوە، کە هەموو شتێکی بە زەحمەت ئاسان دەبێ و، هەموو شتێکی سەخت دوایی سێنا دەبێ و، هەموو شتێکی قورس دوایی نەرم دەبێ.

٦- کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا فَرَغْتَ فَٱنصَبْ ۝٧ ﴾، زانایان زۆریان قسە لێکردووە:

---

(١) ج٥، ص٥٦٩.

أ- هەندێك گوتوویانە: ئەگەر لە نوێژی فەرز تەواو بووی، ئنجا نوێژی سوننەت بکە.

ب- هەندێك گوتوویانە: ئەگەر لە نوێژەکەت تەواو بووی، ئنجا دەست بە بانگەواز بکە.

ج- هەندێك گوتوویانە: ئەگەر لە بانگەواز تەواو بووی، ئنجا دەست بکە بە نزاو بپاڕێوە.

بەڵام وەك (**الطبري**) دەڵێ: خوا بە گشتیی فەرموویەتی و، هیچ کۆت و بەندێکی نەخستۆتە سەری، بۆیە ﴿ فَإِذَا فَرَغْتَ ﴾، واتە: لە هەر کارێك کە تێیدای، پەیوەندیی بە دینداریییەوە هەبێ، یان دنیادارییەوە، کە لەو کارە بوویەوە، دەست بە کارێکی دیکە بکەو، زەحمەت بکێشە و ڕەنج بدە.

٧- کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَٱرْغَب ﴿٨﴾ ﴾، یانی: هەموو کارو جموجۆڵەکانت کە دەیانکەی، با بە هاندەری بەرەو خوا چوون بن و، بە ئارەزووکردنی لای خواو نزیکیی لای خوای پەروەردگاربن.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمەش لەو کەسانە بگێڕێ، کە بە شوێن پێی پێغەمبەری خاتەمدا ﷺ هەنگاو دەنێن و، وەك پێغەمبەری خاتەم دەکەن و، لەو نیعەمەتانەمان بۆ بڕەخسێنێ کە بۆ پێغەمبەری خاتەمی ڕەخساندوون، وەك: سینەفراوانیی و، باری شان سووك بوون و، کۆڵی قورس و گران لاچوون و، ناووناوبانگی باش و، باس و خواسی باشمان پێ بدات و، یارمەتییمان بدات بۆ ئەوەی هەرچی زیاترو باشتر سەرگەرمی بەندایەتیی بۆ خوابین، دینداریی و دنیادارییەکی ڕێ و ڕاست بکەین بە ڕاستەڕێی خوای پەروەردگاردا، تاکو تەمەنە کاتیی و ئەمانەتییەکەمان لەم ژیانی دنیایەدا کۆتایی پێ دێنین و، بەسەربەرزیی دەچینەوە خزمەت خوای بەرزی مەزن.

لێرەشدا کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی (الشرح) دێنین.

تەفسیری سوورەتی

التِّينِ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمڕۆ (١٤)ی مانگـی (**ذي الحجـة**)ی سـاڵی (١٤٤١) کۆچییە، بەرانبـەر (٢٠٢٠/٨/٤) زایینـی، لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (التیـن).

سـەرەتا پێناسـەو نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە حـەوت بڕگـەدا دەخەینە ڕوو، بـۆ ئـەوەی بـەر لـەوەی بچینـە سـەر ڕوونکردنـەوەی چەمـك و واتـای ئایەتـە بـە پێزەکانـی، سـیمای گشـتیی و هێڵـە سـەرەکییەکان و چوارچێـوەی فراوانـی ئـەم سـوورەتە موبارەکەمـان لەبەرچـاو بـێ.

پێناسەی سوورەتی (التین) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە بـە سـوورەتی (والتیـن)، هەروەهـا بـە (**سـورة التـين**) نـاسراوە، بەهـەردوو نـاوەکان نـاسراوە، لـەو بارەشـەوە ئـەم فەرموودەیـە دێنیـن:

{عَـنِ الْبَرَاءِ بـن عـازِبٍ رَضِيَ اللَّـهُ عَنْـهُ، قَـالَ سَـمِعْتُ النَّبِـيَّ ﷺ يَقْـرَأُ وَالتِّـينِ وَالزَّيْتُـونِ فِي الْعِشَـاءِ، وَمَـا سَـمِعْتُ أَحَـدًا أَحْسَـنَ صَوْتًـا مِنْـهُ أَوْ قِـرَاءَةً} (أخرجـه البخـاري: ٧٥٤٦، ومسـلم: ١٧٧).

واتـە: بەڕائـی کـوڕی عازیـب (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەڵـێ: گوێـم لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـوو، لەنوێـژی خەوتنانـدا لەیەکێـك لـە ڕکاتەکانـدا سـوورەتی (**وَالتِّـينِ**

وَالزَّيْتُـونِ)ی خوێنـد، گوێـم لـە هیـچ کەسێك نەبـووە دەنگـی لـەو خۆشـتربێ، یـان چاکـتر لـەو بخوێنـێ.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

بەبۆچوونـی زۆربـەی زانایـان ئـەم سـوورەتە مەککەییـەو لـە شـاری مەککـە دابەزیـوە، لـەو کاتـەدا کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە مەککـەدا بـووە، بـەر لـە کـۆچ کردنـی بـۆ مەدینـە. لەوبـارەوەش ئـەم دەقـە دێنیـن:

(عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ ﷺ، قَـالَ: أُنزِلَـتْ سُـورةُ وَالتِّـينِ مِكَّـة) (أورده السـيوطي في الـدر المنثـور: ج٨، ص٤٥٣، ونسـبه لابـن الضريـس والنحـاس والبيهقـي، وقـال: أخـرج ابـن مردويـه عـن عبـد اللـه بـن الزبـير مثلـه، الإسـتيعاب في بيـان الأسـباب: ج٣، ص٥٣٠).

واتــە: عەبدوڵــڵای کــوڕی عەببــاس ﷺ، گوتوویەتــی: ســوورەتی (والتیــن) لــە مەککـە دابەزیـوە، سـیوتیی کـە ئەمـەی لـە عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبباسـەوە هێنـاوە، گوتوویەتـی: ئیبنـو مـوردەوەی هەمـان شـتی لـە عەبدوڵـڵای کـوڕی زوبەیریشـەوە خـوا (لێیـان ڕازی بـێ) هێنـاوە، کـە گوتوویەتـی: ئـەو سـوورەتە لـە مەککـە دابەزیـوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی ئەم سوورەتە لە موصحەف و دابەزیندا:

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە (مصحـف)دا ژمارەکـەی (٩٥)ەو، لـە دابەزینیشـدا ژمارەکـەی بیسـت و هەشـت (٢٨)ە، پێـش سـوورەتی (الإیـلاف) و دوای سـوورەتی (الـبروج) دابەزیـوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمـارەی ئایەتەکانـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە هەشـت (٨)ە، بەبـێ ڕاجیایـی لەنێـو زانایانـی ژمێـرەری ئایەتەکانـی قورئاندا.

پێنجەم: نێوەرۆکی:

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە خـوای پـەروەردگار لەسـەرتایەکەیەوە سـوێند بەچوار شـتان دەخـوات: (هەنجیـر، زەیتـوون، کێـوی سـینا، وڵاتـی هێمـن و پـڕ ئاسـایش «مەککـە»)، وەڵامـی سـوێندەکەش ئەوەیـە کـە مرۆڤـی لەسـەر باشـترین پێکهاتە لە ڕووی جەسـتەیی و مەعنەوییـەوە پێکهێنـاوە، دوایـی گێڕاویەتـەوە بـۆ ژێـری هەمـوو ژێـران، بـۆ خـواری خـوارەوە، جگـە لـە بڕوادارانـی کـردار بـاش، کـە پاداشـتی نەبڕاوەیـان هەیـە، دوای ئـەوەش خـوای زانـاو توانـا ڕایگەیانـدوە، کـە هیـچ پاڵنەرێکی بێبڕوایی بەسـزاو پاداشـت نیـە، خـواش دادگەرتریـن و کارزانترینـی دادوەران و حوکمڕانانـە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

سێ تایبەتیی ئەم سوورەتە بەپێزە دەخەینەڕوو:

١)- خوای پەروەردگار سوێندی خواردوە بەچوار شتان، یاخود بەچوار شوێنان، وەك دوایی درێژەکەیان باس دەکەین، کە مرۆڤـ لە چاکترین شێوەو پێکهاتەی مەعنەویی و ڕواڵەتییدا هێنراوەتە دی.

٢)- گێڕانەوەی خوا بۆ مرۆڤ، بۆ پلەی هەرە خوارو نزم، بەهۆی دوورلەخوایی و بێبڕواییەوە: ﴿ ثُمَّ رَدَدْنَٰهُ أَسْفَلَ سَٰفِلِينَ ۝٥ ﴾ التين.

٣)- ڕاگەیانرانی کارزانترو دادگەرتر بوونی خوا لە حوکمیدا: ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَحْكَمِ ٱلْحَٰكِمِينَ


حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمـە هـەر هەشـت ئایەتەکـەی ئـەم سـوورەتە دەکەینـە دەرسـێك، چونکـە هەموویـان پێکـەوە پەیوەسـتن و لەبـارەی بابەتێکـەوە دەدوێـن.

دەرسی ئەم سوورەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە کـۆی هەشـت ئایەتەکـەی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە پێـك دێ، ئایەتەکانـی: (١-٨)، پێشـتریش باسـمان کـرد، کـە لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا خـوای کاربەجـێ لەسـەرەتایەکەیەوە سـوێند دەخـوات بـە چـوار شـتان: هەنجیـرو زەیتـوون و کێـوی سـیناو، ئـەم وڵاتـە پـڕ ئاسایش و هێمنییـە، کـە مەبەسـت پێـی شـاری مەککەیە.

وەڵامـی سـوێندەکەش ئەوەیـە کـە مرۆڤـمان لـە باشـترین پێکاتـەدا هێناوەتـە دی، چ پێکهاتـەی بەرچـاوو، چ نابەرهەسـت، لـەڕووی ڕووحیـی و لـەڕووی جەسـتەییەوە، مرۆڤـ باشـترین حاڵـەت و پێکهاتـەی هەیـە، بـەڵام دوایـی خـوا دەیگێڕێتـەوە بـۆ نزمـی هـەرە نزمـان، هەڵبەتـە خـوای دادگـەر کـە مرۆڤـی لـە باشـترین پێکهاتـەو شـێوەدا هێناوەتـە دی، خـۆی نایگێڕێتـەوە بـۆ پلـەی هـەرە نـزم، بەڵکـو ئـەوە مرۆڤـە وا لـە خـۆی دەکات، بـە بەڵگـەی ئـەوەی دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ ﴿٦﴾ ﴾، (ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟) کـردارو بکـەر (**فعـل و فاعـل**)ە، یـانی: ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە، کەواتـە: مرۆڤـەکان کـە بڕوادێنـن، خۆیـان بڕوادێنـن، (وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ) ئەمیـش دیسـان: کارو بکـەرو بـەرکار (**فعـل وفاعـل ومفعـول بـە**) یـانی: کـردەوە باشـەکانیان ئەنجـام داون، کەواتـە: مرۆڤـ خـۆی کـردەوە باشـەکان ئەنجـام دەداو پەیدایـان دەکات.

بۆیـە کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ ثُمَّ رَدَدْنَـٰهُ أَسْفَلَ سَـٰفِلِينَ ﴿٥﴾ ﴾، خـوای پـەروەردگار تەعبیـر دەکات لـە ویسـتی گشـتیی خـۆی و، لـە سیسـتمێك کـە دایناوە لەژیانـی بەشـەردا، کـە مـرۆڤ ئەگـەر ڕوو لـە ئیـمان و کـردەوەی بـاش نـەکات، لـەو حاڵەتـە هـەرە چاکـەی خـوا تێیـدا داینـاوە، نامێنێتـەوە، بەڵکـو دەچێتـەوە خواری خـوارێ، خوا لـە سـەرەوەی دروسـتکراوەکان داینـاوە، بـەڵام بەهـۆی بـێ ئیمانیـی و خوانەناسـیی و دوور لـە خواییـەوە، دەچێتـەوە خـواری خـوارێ.

ئنجا لەبەر ئەوەی بەپێی سیستمێك كە خوا داینـاوە ئەوە دێتە دی و، بە پێی ویستی خوای باڵادەست ئەوە دێتە دی، بۆیە خوای پەروەردگار پاڵیداوەتە لای خۆی، ئەگەرنا خوا مرۆڤەكانی چاك خوڵقاندوون و پێی خۆشە بەرز بن، بەرنامەو هیدایەتی بۆ ناردوون، تاكو بەرزیان بكاتەوەو، عەقڵ و زگماكی ساغ و باشی پێداون، تاكو بەهۆیانەوە بەرز ببنەوە، بەڵام كە خۆیان لەخۆیان نەگەڕێن، لەو پێگە بەرزەوەی خوا تێیدا دانیاون، خۆیان لێژ بكەنەوەو سەرەو ژێر بكەنەوە، بێگومان ئەوە بەپێی سیستم و ویستی خوای پەروەردگارە، ئەگەرنا خۆیان وا لەخۆیان دەكەن.

دوایی خوای بەرزو مەزن دەفەرمووێ: ﴿ فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِالدِّينِ ﴿٧﴾ ﴾، چ شتێك دوای ئەوە، دوای ڕوونكردنەوەی ئەو ڕاستییە مەزنانە، وا لە تۆ دەكات بێبڕوابی بە سزاو پاداشت، یان بێبڕوا بی بە ئایین و بەرنامەی خوا؟ ﴿ أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ ﴿٨﴾ ﴾، ئایا خوا دادگەرترینی دادوەرەكان نییە، یاخود ئایا خوا كاربەجێترینی دادوەرەكان نییە؟ بۆیە واباشە بگوترێ: (**بَلَى، وَأَنَا عَلَى ذَلِكَ مِنَ الشَّاهِدِين**) با، من لەسەر ئەوەش لە شایەدانم، ئەمە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە، بەسەنەدێك كە مشت و مڕی پسپۆڕانی بواری فەرموودەناسیی (**علم الحديث**)ی لە سەرە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ ﴿١﴾ وَطُورِ سِينِينَ ﴿٢﴾ وَهَذَا الْبَلَدِ الْأَمِينِ ﴿٣﴾ لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾ ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ ﴿٥﴾ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴿٦﴾ فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِالدِّينِ ﴿٧﴾ أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ ﴿٨﴾ ﴾ التين.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. سوێند بە هەنجیرو بە زەیتوون (١) سوێندیش بە کێوی سینا (٢) سوێندیش بەم وڵاتە هێمنە (٣) بە دڵنیایی مرۆڤمان لە چاکترین شێوەو پێکهاتەدا دروستکردوە (٤) دوایی گێرامانەوە بۆ ژێری هەرە ژێرەوان (٥) بێجگە لەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردوون، ئەوانە پاداشتی نەبڕاوەیان هەیە (٦) ئنجا (ئەی مرۆڤ! دوای ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە مەزنانە) چی وات لێدەکات سزاو پاداشت بەدرۆ دابنێی (٧) ئایا خوا کارزانترینی دادوەران نیە؟ (٨)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(التِّينُ): هەنجیر، **(شَجَرٌ مِنْ الفَصيلَةِ التُّوتيَّةِ، وَالتِّينُ: ثَمَرُ ذَلِكَ الشَّجَر)** درەختێکە لە جۆری درەختە توویییەکان، بە بەبەرو بوومی ئەو درەختەش دەگوترێ: (التين). بەهەمان شێوە زەیتوونیش بەدرەختەکەی دەگوترێ: زەیتوون، بەبەرەکەشی هەر دەگوترێ: زەیتوون. بەڵام خورما، بەدرەختەکەی دەگوترێ: (نخل)و بەبەرەکەی دەگوترێ: (تمر).

(وَٱلزَّيْتُونِ): **(شَجَرٌ مُثْمِر زَيْتيٌّ، تُؤكَلُ ثِمَارُهُ بَعْدَ مَلْحِهَا، وَيُعْصَر مِنْها الزَّيت، والزَّيتُونُ ثَمَر شَجَر الزَّيتونِ)**، زەیتوون دەرختێکی بەردارە، لە جۆری زەیتییە، میوەکەی دوای ئەوەی سوێر دەکرێ دەخورێ و، ڕۆنیشی لێ دەگووشرێ و، بەبەرەکەشی هەر دەگوترێ: زەیتوون.

(وَطُورِ سِينِينَ): (جَبَلُ سَيْنَاء، الطُّورُ: الجَبَلُ، وَالطُّور جَبَلٌ يُنْبِتُ الشَّجَر)، لە قورئاندا (سينين) هاتوە، (سَيْناء) یش هاتوە، کە بیابانێکە لە نێوانی میصرو فەڵەستیندا، ئەو چیایەی لە بیابانی سینایە، بە (سینین) هاتوە و، بە (سَيْناء)یش هاتوە.

هەندێك گوتوویانە: (طور) چیایەکە درەخت سەوز دەکات.

چونکە هەندێك چیا هەن درەختیان لێ سەوز نابێ، هیچ ڕووەك و گیایەکیان لێ نیە، بەڵام هەندێك چیای دیکە هەن، ڕووك و گیایان لێ سەوز دەبێ.

(وَهَٰذَا ٱلْبَلَدِ ٱلْأَمِينِ): ئەم وڵاتە هێمنە، پڕ ئاساییش، کە مەبەست پێی مەککەیە، مەککەی ڕێز لێگیراو.

(تَقْوِيمٍ): (قَوَام أَي: عَدْل، وَقِوَام الأَمْرِ: مَا يَقومُ بِهِ) (قَوَام): بەمانای ڕێك و ڕاست، (قِوَام) بەمانای سیستەم و بناغەی کارێك، (والقَوِيم: المُعْتَدِلُ، حَسَنُ القَامَة) (قويم) کەسێکە قەدو قیافەی ڕێك و ڕاست بێ.

(سَٰفِلِينَ): (سَفَلَ يَسْفُل سُفُولاً وَسَفَالَةً: ضِدُّ عَلاَ)، (سَفَلَ يَسفُل) واتە: نزم بوو نزم دەبێ، (سُفُولاً وَسَفَالَةً) هەردووکیان چاوگن، واتە: نزم بوون، پێچەوانەی (علا)یە، واتە: بەرز بوو، (عَلاَ يَعْلو عُلوّاً) واتە: بەرز بوو، بەرز دەبێ، بەرزیی، (سَفُلَ يَسْفُلُ سَفَالَةً: خَسَّ وَنَذَلَ)، (سَفَلَ يَسْفُل صارَ فِي سُفْلٍ) واتە: چووە خوار، دەچێتە خوار، بەڵام (سَفُلَ يَسْفُل سَفَالَةً) واتە: کەم بایەخ و بێنرخ بوو، (السُّفلُ: ضِدُّ العُلْوِ، (السُّفلُ) پێچەوانەوەی (العُلْو)ە، یەکەمیان یانی: نزمیی و ئەوەی دیکەیان یانی: بەرزیی.

(فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِٱلدِّينِ): ئایا دوای ئەوە چ شتێك وات لێ دەکات سزاو پاداشت بەدرۆ دابنێی، پێی بێبڕوابی؟ یاخود ﴿ فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِٱلدِّينِ ﴾ یانی: دوای ئەوە چ شتێك وات لێ دەکات درۆ بکەی بەهۆی بەدرۆدانانی ڕۆژی سزاو پاداشتەوە؟ هەر کەسێك شتێکی ڕاست بەدرۆ دابنێ، خۆی درۆی کردوە.

(أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَحْكَمِ ٱلْحَٰكِمِينَ): ئایا خوا دادگەرترینی دادوەران، یاخود: حوکمڕانان نیە؟ یاخود ئایا خوا کاربەجێترینی دادوەران و حوکمڕانان نیە؟ لەوەڵامدا دەگوترێ: (**بَلى وأنا على ذلك من الشاهدين**) با، منیش لەسەر ئەوە لەشایەدانم. (**حَكَمَ أَيْ مَنَعَ مَنْعَاً لإِصْلاحٍ، وِمِنه سُمِّيَتِ اللُّجامُ: حَكَمَةَ الدَّابَّةِ**) واتە: ڕێگریی بە ڕێگرتن بۆ چاکبوون، هەر بۆیە لغاوی ئاژەڵ پێی دەگوترێ: (**حكمة**) ئەو لغاوەی دەخرێتە زاری ئاژەڵەوە، بۆ ئەوەی لەوەڕی بۆ نەخوریّ، پێی دەگوترێ: (**حَكَمَةُ الدَّابَّةِ**) چونکە ڕێی لێ دەگرێ لە لەوەڕخواردن تاکو بڕوات و مەحتەل نەبێ. (**وَالحُكْمُ بِالشَّيْءِ: أَنْ تَقْضِيَ بِأَنَّهُ كَذَا، أَوْ لَيْسَ بِكَذَا**) (**حكم**) ئەوەیە تۆ بڕیار بدەی ئەو شتە وایە، یان وانیە.

وشەی ﴿بِأَحْكَمِ ٱلْحَٰكِمِينَ﴾ یان لە (**حُكم**)ەوە هاتوە، یان لە (**حِكْمة**)ەوە هاتوە، ئەگەر لە (حُكْم)ەوە هاتبێ، واتە: ئایا خوا قسە ڕۆیشتووترینی حوکمڕانان یاخود دادوەران نیە؟ لەهەموو کەس باشتر قسەی ناڕوا، بڕیاری بڕشتی نیە؟ بێگومان با، ئەگەر لە (**حكمة**)یشەوە هاتبێ، واتە: ئایا خوا کاربەجێترین و کارزانترینی دادوەران و حوکمڕانان نیە؟ بێگومان با.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە، واتە:

١- بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە دەست بە خوێندنی ئەم سووڕەتە موبارەکە دەکەم، نەك بەناوی هەرکەس و هەرشتێکی دیکە.

٢- ئەم سووڕەتە بەپێی ئایین و بەرنامەی خوا دیخوێنم.

٣- ئەم سوورەتە بەمەبەستی وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوا دەیخوێنم.

٤- ئەم سوورەتە بەهەوڵ و تواناو بڕستێك كە خوا بۆی ڕەخساندووم دەیخوێنم.

﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴾ لە سەرەتای خوێندنی قورئانەوە، ئەم سوورەتە یان هەر سوورەتێكی دیكە، ئەو چوار واتایەی بۆ لە عەقڵ و دڵ دەگیرێن، هەروەها ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴾، لەسەرەتای هەر كارێكی دیكەشەوە بكرێ بگوترێ، پێویستە بەلای كەمەوە ئەو چوار واتایەی بۆ لە عەقڵ و دڵ بگیرێن.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ ﴿١﴾ وَطُورِ سِينِينَ ﴿٢﴾ وَهَٰذَا الْبَلَدِ الْأَمِينِ ﴿٣﴾ ﴾ خوای بەرزی مەزن لێرەدا سوێند دەخوات بەچوار شتان دەفەرموێ: سوێند بە هەنجیرو بە زەیتوون و، بەكێوی سینین، هەروەها سوێند بەم وڵاتە هێمن و پڕ ئاسایشە.

كەواتە: خوا سوێندی بەچوار شتان خواردوە:

١و٢- دوو میوەو بەری دوو لە درەختەكان، كە هەنجیرو زەیتوونن.

٣و٤: سوێندیشی خواردوە بەدوو شوێنان، یەكەم: كێوی سینا، ئەو كێوەی لەدەشتی سینایە، كە بیابانێكە دەكەوێتە نێوان میسڕو فەڵەستینەوە، شوێنی دووەم: ئەم وڵاتە ئەمینە، (**أمين**) كە لەسەر كێشی (**فعيل**)ە، بەمانای (**مُفعل**) واتە: هەركەسێك لێی بێ، ئەمینی دەكات، دڵنیاو بێترسی دەكات.

یاخود (**أمين**) لەسەر كێشی (فعيل)ە، بەڵام بەمانای (مأمون)ە، واتە: (**مَأْمُونٌ مَن فِيهِ**) ئەوانەی تێیدان لەخۆیان بێترس و دڵنیادەبن. كەواتە: خوا سوێندی بە بەری دوو ڕووەكان خواردووە: هەنجیرو زەیتوون، هەروەها بەدوو شوێنانیش: كێوی سیناو مەككە، كە وڵاتێكی پڕ هێمن و ئاسایشە، دەشگونجێ بگوترێ: خوای كاربەجێ سوێندی بە سێ شوێنان خواردوە:

١- شوێنێك هەنجیرو زەیتوونی زۆری لێیە، كە شامە.

٢- ئەو شوێنەی کێوی **طووره** لە دەشتی سینا.

٣- سوێندیشی بە مەککە خواردوە، ئنجا ئەگەر بڵێین: مەبەستی ئەو سێ شوێنەیە، مانای وایە سێ شوێنی سێ لە پێغەمبەرە پایە بەرزەکانی خوان (صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێ) کە پەیام و بەرنامەکەیان ماوەو شوێنکەوتووانیان هەن:

١- هەنجیرو زەیتوون لە شامن و عیساش (سەلامی خوای لێ بێ) زیاتر لە شام بووە.

٢- مووسا (سەلامی خوای لێ بێ) و گەلەکەی خوا ڕزگاری کردن لەدەستی فیرعەون و لەدەشتی سینا گیرسانەوەو لەوێش تەوراتی پێ دراوە.

٣- ﴿ وَهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٱلۡأَمِينِ ۝٣ ﴾، مەککەش کە نشینگەی پێغەمبەری کۆتایی مەحەممەدە ﷺ.

هەندێکیش لە زانایان - وەك دواتر لە مەسەلە گرنگەکان زیاتر تیشکی دەخەینە سەر - گوتوویانە:

١- هەنجیر مەبەست پێی شوێنی ئەو پەرستگایەیە، کە نووح لەسەر کێوی جوودیی دروستی کرد.

٢- زەیتوونیش ئەو ڕووەکەیە، کە لە فەڵەستین دەڕوێ و شوێنی عیسایە.

٣- کێوی سیناش لەو بیابانەیە کە مووساو قەومەکەی لێبوون.

٤- ئەو وڵاتە پڕ هێمن و ئاسایشەش، بەدڵنیایی مەککەیە، شوێنی پێغەمبەری کۆتایی موحەمەد.

هەندێکی دیکە گوتوویانە: مرۆڤ بە چوار قۆناغدا تێپەڕیوە:

قۆناغی یەکەم: کاتێك ئادەم و حەووا لە درەختە قەدەغە کراوەکەیان خوارد، دوایی بە گەڵایان خۆیان داپۆشی، زانایان دەڵێن: ئەو گەڵای درەختەی خۆیان پێ داپۆشیوە، هی هەنجیر بووە.

قۆناغـی دووەم: نـووح سـەلامی خـوای لێبـێ دوای ئـەوەی تۆفـان کۆتایـی هاتـوە، باڵنـدەی نـاردوە بزانـێ: ئایـا لەکـوێ زەوی دەرکەوتۆتـەوە؟ ئنجـا ئـەو باڵندەیـەی ناردوویەتـی کۆتـر بـووە، هەرچـی بـووە، چڵـە زەیتوونێکـی سـەوزی بـۆ هێنـاوە، ئـەوەش نیشـانەی ئەوەبـووە سـەرزەوی دەرکەوتۆتـەوە.

قۆناغـی سێیەم: هاتنـی مووسـایە کـە لـە سـەر کێـوی **طـوور** لـە دەشـتی سـینادا تـەوراتی پـێ درا.

قۆناغـی چوارەم: هاتنـی موحەممـەدە ﷺ کـە لـە شـاری پـڕ هێمنیـی و ئاسـایشی مەککـە سـەری هەڵـدا.

خـوای پـەروەردگار دوای سـوێند خـواردن بـەو چـوار شـتانە، دەفەرمـوێ: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾﴾، بەدڵنیایـی مرۆڤـمان لـە باشـترین پێکهاتـەدا هێناوەتـە دی، یەکێـك لـە مانایـەکانی (تقویـم) بریتیـە لـە: (تعدیـل) یـانی: ڕاسـتکردن و چاککردنـی شـتێك، وای لێبکـەی ڕێـك و ڕاسـت و هاوسـەنگ بـێ.

لێـرەدا خـوای پـەروەردگار باسـی ئینسـان دەکات بەهەمـوو شـتێکیەوە: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ﴾ بۆیـە زۆربـەی ڕوونکەرەوانـی قورئـان کـە زەینیـان بـەلای جەسـتەی مرۆڤدا چـووە، لەڕاسـتییدا تێگەیشـتنەکەیان نیوەچـڵ بـووە، چونکـە مرۆڤـ تەنیـا جەسـتە نیـە، بەڵکـو جەسـتە بـەس دیکـۆرو ڕواڵەتـی مرۆڤـە، وەك یەکێـك لـە شـاعیران دەڵـێ:

عَلَيكَ بِالرُّوحِ فَاسْتَكْمِل فَضَائِلَهَا - فَأَنْتَ بِالرُّوحِ لاَ بِالجِسْمِ إنْسانٌ

واتـە: سـەرگەرمی ڕووحـت بـەو سـیفەتە بەرزەکانـی تێـدا بەرجەسـتە بکـە، چۆنکە تـۆ بـە ڕووحـت مرۆڤـی نـەك بە جەسـتە.

لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾﴾، بەڕاسـتیی مرۆڤـمان لەباشـترین شـێوەو پێکهاتـەدا هێناوەتـە دی، ئەمـە دیـوی مەعنەویـی و نەبینـراوی دەگەیەنـێ و، دیوی بەرجەسـتەو بەرهەستیشـی دەگەیەنێ، لەڕاسـتییدا مرۆڤـ

بە ڕووحەکەی مرۆڤەو، بەدیوی پەنهانی لە جگەلە خۆی لە دروستکراوەکانی دیکە جیا دەبێتەوە، ڕووحەکەشە مرۆڤی شایستەی ئەوە کردوە، فریشتەکان کڕنووشی ڕێزگرتنی بۆ ببەن و سڵاوی لێ بکەن، هەروەها هەر بەهۆی ئەو ڕووحەشەوە بووە کە مرۆڤ دەتوانێ بەرز بێتەوە تاکو ئەو شوێنەی خوا دەیەوێ، هەروەها نزمیش بێتەوە تاکو ئەو شوێنەی خوا دەیەوێ.

دەتوانێ بەهۆی ئەو ڕووحەوە بچێتە بەرزی هەرە بەرزان (**أعْلى عليِّين**)و، دەشتوانێ بچێتە نزمی هەرە نزمان (**أسفل سافلين**).

لێرەدا خوای کاربەجێ دوای ئەو چوار سوێندە، ڕایدەگەیەنێ کە مرۆڤی لە باشترین پێکهاتەی ماددیی و مەعنەویی و ڕواڵەتیی و ڕووحییدا هێناوەتە دی[1].

﴿ ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ ﴾ دوایی گێڕامانەوە بۆ نزمی هەرەنزمان.

ئەمە لە سوورەتی (ص)یش دا هاتوە[2].

---

(١) باشترین شێوەی مەعنەویی کە ڕووحەکەیەتی و پڕە لە نهێنیی و تەنیا خوا دەزانێ چۆنە، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ ۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّى وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٥﴾ ﴾ الإسراء، لەبارەی ڕووحەوە لێت دەپرسن، بڵێ: ڕووح لەکاری پەروەردگارمەو ئەندازەیەکی کەم نەبێ زانیاریتان پێ نەدراوە، واتە: بەو ئەندازە کەمە زانیارییە ناتوانن دەرکی چییەتی ڕووح بکەن. هەروەها خوای پەروەردگار لەچەندان شوێن دا کە باسی دروستکردنی ئادەم دەکات، هەروەها باسی دروستکردنی وەچەی ئادەم دەکات، دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى ﴿٢٩﴾ ﴾ الحجر، هەر کاتێك ڕێکمخست، جەستەکەیم ئامادەکرد و لە ڕووحێك کە تایبەتە بەخۆمەوە، دروستکراوێکی تایبەتی خۆمە، فووم بەبەردا کرد.

(٢) بەڵام ئەوە کە خوای زانا وشەی ڕووحی بەکارهێناوە بۆ وەچەی ئادەم، بەپێی زانیاریی من تەنیا لە سوورەتی (السجدة)دا هاتوە، کە دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ كُلَّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ ۖ وَبَدَأَ خَلْقَ ٱلْإِنسَٰنِ مِن طِينٍ ﴿٧﴾ ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُۥ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ ﴿٨﴾ ثُمَّ سَوَّىٰهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِۦ ۖ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ ۚ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ ﴿٩﴾ ﴾، واتە: خوا ئەو کەسەیە هەرشتێك دروستیکردوە بەباشترین شێوە دروستیکردوە، دەستپێکی دروستکردنی مرۆڤیشی لە قوڕەوە هێناوە، واتە: جەستەکەی، دواییش وەچەکەی (لەڕووی جەستەییەوە) لە پوختەیەك، لە

کەواتــە: کــە دەفەرمــوێ: ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾، بەدڵنیایــی مرۆڤــمان لــە باشــترین پێکاتــەدا هێناوەتــە دی، بــەر لــەوەی جەســتەکەی بگەیەنــێ، مەبەســت ڕووحەکەیەتــی، چونکە لە جەســتەدا مرۆڤــ لەگەڵ دروســتکراوەکانی دیکەدا بەشــدارەو خاڵــی هابەشــیانە، بــەڵام بــە ڕووح جیادەبێتــەوە لــە دروســتکراوەکانی دیکــە، بــەو ڕووحــەی خــوا نــاوی لێنــاوە: ڕووحــی خــۆم، یــانی: دروســتکراوی تایبەتــی خــۆم.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ رَدَدْنَٰهُ أَسْفَلَ سَٰفِلِينَ ﴿٥﴾ ﴾، دوایی گێڕامانەوە ژێری هەرە ژێران، خوارەوەی هەرە خوارەوان، واتە: لە ئەنجامی ئەوەدا کە ئەو مرۆڤە ئەو پێگە بەرزەی خوا پێیداوەو ئەو ڕێزو حورمەتەی خوا لێیناوە، دەتوانێ بەهۆی ئیمان و خواناسیی و پەیوەندیی بەخواو بەندایەتیی بۆ خواوە پارێزگاریی لێ بکات، بەڵام پارێزگاریی لێ نەکردوە، لەو پێگە بەرزە، نزم بۆتەوە بۆ خواری خوارێ، پێشێ خوا لەسەری سەرەوەی داناوە، کە دەیتوانی بمێنێتەوەو بەرزتریش بێتەوە، بەڵام بەهۆی بڕوا نەهێنان و پەیوەندیی پچڕانی لەگەڵ خواوە، کەوتۆتە خواری خوارێ، چونکە مرۆڤــ بە پێچەوانەی دروستکراوەکانی دیکەوە، دەتوانێ زۆر سەرکەوێ و دەشتوانێ زۆر داکەوێ، بەڵام دروستکراوەکانی دیکە وانین، بۆ وێنە: شەیتان هەر شەیتانە، فریشتە هەر فریشتەیە، ئاژەڵ هەر ئاژەڵە، بەرد هەر بەردە، ڕووەک هەر ڕووەکە، بەڵام مرۆڤـ دەتوانێ زۆر بەرز بێتەوەو دەشتوانێ زۆر نزم بێتەوە، بۆ وێنە: لەڕووی نەفامیی و کەم هۆشییەوە کەر وێنەی پێ دەهێنرێتەوە، دەگوترێ: فڵانکەس وەک کەر وایە، یان کەرە! یانی: کەم هۆش و کەم عەقڵە، ئنجا کەر هەر دەتوانێ کەر بێ، بەڵام مرۆڤــ دەتوانێ لە نەفامییدا وەک کەر بێ و، لە فێڵبازییدا وەک ڕێوی بێ و، لەدڕندەییدا وەک گورگ بێ و، لە لاساییکردنەوەدا وەک مەیموون، بێ و، لە ئارەزووپەرستییدا وەک بەراز بێ و ... هتد.

ئاوێکــی بێهێــزەوە هێنــاوە، دوایــی جەســتەکەی (وەچــەی ئادەمــی) ڕێکخســتوەو لــە ڕووحــی خــۆی فــووی بەبــەردا کــردوە، واتــە: لــەو ڕووحــەی تایبەتە بــە خۆیــەوەو دروســتکراوێکی تایبەتی خۆیەتــی و، تەنیــا خــۆی چییەتەکــەی دەزانــێ، هەروەهــا بیســتن و چــاوەکان و عەقڵەکانــی بــۆ ڕەخســاندن، بــەڵام بەکەمیــی سوپاســگوزاریی بــۆ خــوا ئەنجــام دەدەن.

لەیەک کاتدا مرۆڤ دەتوانێ سیفەتە خراپ و نزمەکانی کۆمەڵێک لە دڕندەو ئاژەڵان لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، بۆیە مرۆڤ کاتێک پەیوەندیی لەگەڵ خوادا نامێنێ و دەپچڕێ، دەچێتەوە خواری خوارێ، ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ﴿٦﴾ ﴾، بێجگە لەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان ئەنجام داون، ﴿ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴿٦﴾ ﴾، ئەوانە ناچنەوە خواری خوارێ، بەڵکو بەهۆی ئیمان هێنانەوە بەهەموو ئەو شتانەی پێویستە ئیمانیان پێ بهێنرێ و، ئەنجامدانی کردەوە باشەکانەوە، ئەو ڕێزو پێگەو حورمەتەی خوا پێیداون، دەیپارێزن، بۆیە ئەوانە: ﴿ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴿٦﴾ ﴾ لەڕۆژی دواییدا پاداشتێکی نەبڕاوەیان هەیە.

﴿ فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِٱلدِّينِ ﴿٧﴾ ﴾ ئەمە لەڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە پێی دەگوترێ: ئاوڕدانەوە (**إلتفات**) پێشێ خوا بەشێوەی نادیار لەبارەی مرۆڤەوە قسەی کرد، ئنجا ڕوو لە مرۆڤ دەکات و دەفەرموێ: چ شتێک وات لێ دەکات بێبڕوا بی بە ڕۆژی سزاو پاداشت، ئەگەر وشەی (دین) مانای (**جزاء**) بێت، دەشگونجێ (دین) مەبەست پێی بەرنامەی خوا بێ، واتە: چ شتێک وات لێ دەکات بێبڕوا بی، بەرانبەر بەرنامەی خواو بەدرۆی دابنێی، دوای ئەوەی خوای کاربەجێ ئەو ڕاستییە مەزنانەی بۆ خستیە ڕوو، چ شتێک پاڵت پێوەدەنێ بێبڕوا بی بە سزاو پاداشت، یان بە بەرنامەی خوا؟!

یاخود ڕووی دواندن لە پێغەمبەرە ﷺ، یانی: ئەی موحەممەد ﷺ! دوای ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە مەزنانە، چ شتێک وا لەنەیارانت دەکات تۆ بەدرۆ دابنێن، بەهۆی بێبڕواییان بە سزاو پاداشتەوە، واتە: تۆ بەدرۆ دابنێن بەهۆی ئەوەوە کە بڕوایان بەڕۆژی سزاو پاداشت نیەو تۆش دەڵێی: سزاو پاداشت هەیە؟!

واتایەکی دیکەشی ئەوەیە: ئەی مرۆڤ! چ شتێک وات لێ دەکات دوای ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە مەزنانە، درۆ بکەی بەهۆی بەدرۆدانانی ڕۆژی سزاو پاداشتەوە؟! ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَحْكَمِ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿٨﴾ ﴾، ئەمە پرسیارکردنی دانپێپێداهێنان (**إستفهام تقريري**)ە، واتە: ئایا خوا دادگەرترینی دادوەران نیە؟ یاخود: ئایا خوا کارزانترینی حوکمڕانان و دادوەران

نیە؟ ئەمە پرسیارکردنێک نیە تاکو وەڵامەکەی بزانی، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ وەک دوایی دەیهێنین، لە کۆتایی ئەم سوورەتە موبارەکەدا فەرموویەتی: (**بَلىَ وَأنا عَلى ذَلِكَ مِنَ الشَّاهدين**) با، (خوا دادگەرترین و کارزانترینی دادوەران و حوکمڕانانەو)، منیش لەوبارەوە لە شایەدانم، شایەدیی دەدەم.

بەڵێ ئەوە ئەوپەڕی دادگەرییە، ئەوپەڕی کارزانییە بۆ خوای بەرز، کە مرۆڤێک بخوڵقێنێ لە باشترین شێوەداو، بە هۆی ئیمان و کردەوەی باشەوە، ئەو باشترین شێوەو، ئەو پێگە بەرزە لە خۆیدا بپارێزێ، بەڵام بەهۆی لادان و تاوانەوە، لەو پلەو پێگەو مەقامە بەرزە داکشێتە خوارێ، داپەڕێتە خوارێ، خواری هەرە خوارێ!

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سوێندخواردنی خوا بە هەنجیرو زەیتوون و کێوی سیناو وڵاتی هێمن و ئاسایش، شاری مەککە، کە مرۆڤی لە باشترین شێوەو پێکهاتەی ماددیی و مەعنەوییدا هێناوەتە دی، دوایی گێڕاویەتەوە پلەی خواری خوارێ، جگە لە بڕوادارانی کردار باش، کە پاداشتی نەبڕاوەیان هەیە:

وەک دەفەرموێ: ﴿ وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيْتُونِ ﴿١﴾ وَطُورِ سِينِينَ ﴿٢﴾ وَهَٰذَا ٱلْبَلَدِ ٱلْأَمِينِ ﴿٣﴾ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾ ثُمَّ رَدَدْنَٰهُ أَسْفَلَ سَٰفِلِينَ ﴿٥﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴿٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيْتُونِ ﴿١﴾ ﴾ سوێند بە هەنجیرو بەزەیتوون، (و) لە وشەی (والتين) دا بۆ سوێندە، سوێند بە هەنجیر، هەروەها (و)ی دووەمیش دیسان هەر بۆ سوێندە، سوێند بە زەیتوونیش، دیارە هەنجیرو زەیتوون دوو دەرختن، هەم بە درەختەکەیان دەگوترێ: هەنجیرو زەیتوون، هەم بە میوەکەشیان هەمان ناو دەگوترێ، (تین) واتە: هەنجیر، کە دەخورێ و لە درەختی هەنجیر دەکرێتەوە، زەیتوونیش ئەو زەیتوونەیە کە لە درەختی زەیتوون پەیدادەبێ، هەم بەکاڵیی دەخورێ، هەم ڕۆنی لێ پەیدا دەبێ و، بەزۆر شێوە بەهرەی لێ وەردەگیرێ.

زمانە بیانییەکان بۆ (تین) هەر (angeer)یان بەکارهێناوە، دیارە وشەیەکی هاوبەشی کۆمەڵێک لە زمانەکانە، کە بۆ ئەو جۆرە درەختەو ئەو جۆرە میوەیە بەکاردەهێنرێ.

ئنجا شتی سێیەم دێ کە خوا سوێندی پێ دەخوات:

٢)- ﴿ وَطُورِ سِينِينَ ﴿٢﴾ ﴾ سوێندیش بەکێوی سینین، (**طور**) بە مانای (جبل) چیا، دێ، (سینین) لە وشەی (**سَيناء**)ەوە هاتوە، لە سوورەتی (**المؤمنون**)داو (سینین) و (**سَيناء**) هەر یەکن و ناوی بیابانێکەو دەشتێکە دەکەوێتە نێوان فەڵەستین و میسرەوە، ئنجا لەبەر ئەوەی ئەو چیایە دەکەوێتە بیابانی سیناوە، بۆیە گوتراوە: (**طور سنين**)، لە سوورەتی (**المؤمنون**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِن طُورِ سَيْنَاءَ تَنْبُتُ بِالدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِّلْآكِلِينَ ﴿٢٠﴾ ﴾.

ئنجا چوارەم شت دێ کە خوا سوێندی پێ دەخوات:

٣)- ﴿ وَهَٰذَا الْبَلَدِ الْأَمِينِ ﴿٣﴾ ﴾ سوێند بەم وڵاتە هێمن و پڕ ئاسایشە، کە بەدڵنیاییەوە مەبەست پێی مەککەیە، بەڵام وشەی (**الأمين**) دوو واتای هەن:

یەکەمیان: (**سُمِّيَ الأمين، لأنَّ مَنْ دَخَلَهُ كَانَ آمِناً، فَالأَمِين فَعِيلٌ بِمَعْنَىَ مُفْعِل**) واتە: بۆیە ناونراوە (**أمين**) چونکە هەرکەس دەچێتە ئەو شوێنە دڵنیاو بێ ترس دەبێ، هێمن دەبێ، کەواتە: (أمین) لە سەرکێشی (فعیل)ە، بەڵام بە مانای (مُفْعِل)ە، واتە: دڵنیاکەر، هێمنکەر.

دووەمیان: (أمین) لەسەر کێشی (فعیل)ە، بەڵام بەمانای (مفعول)ە، (**أَي: المأْمونِ سَاكِنوهُ**)، واتە: نیشتەجێبووەکانی ئەمینن، دڵنیان، لە خۆیان ناترسن.

٤)- ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾، بەدڵنیایی مرۆڤمان لەباشترین شێوەدا، لەباشترین پێکهاتەدا هێناوەتە دی. ئەمە وەڵامی سوێندەکەیە.

٥)- ﴿ ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ ﴿٥﴾ ﴾، دوایی گێڕامانەوە بۆ ژێری هەرە ژێران، خواری هەرە خواران، بۆچی دەفەرموێ: گێڕامانەوە؟ چونکە بەپێی سیستمێک کە خوا لەژیانی بەشەردا دایناوە، مرۆڤ ئەگەر پەیوەندیی لەگەڵ خوادا هەبێ، ئیمانی هەبێ و کردەوەی چاکی هەبێ، ئەو ڕێزو حورمەت و پێگە بەرزەی خوا پێیداوە، دەیپارێزێ.

بەڵام ئەگەر پەیوەندیی لەگەڵ خوادا پچڕا، خۆی لێ ون دەبێ و شۆڕ دەبێتەوە بۆ خواری خوارێ.

دوایی خوای پەروەردگار کەسانێک هەڵداوێرێ، لەو شۆڕبوونەوەو کەوتنە خوارە جیایان دەکاتەوەو دەفەرمووێ:

٦)- ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَلَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونٖ ﴿٦﴾ ﴾، بێجگە لەوانەی بڕوایان هێناوە (بەهەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ) و کردەوە باشەکانیشیان ئەنجام داون، ئەوانە بەدڵنیایی پاداشتێکی نەبڕاوەیان هەیە.

هەندێکی دیکە گوتوویانە: ﴿ غَيۡرُ مَمۡنُونٖ ﴾، واتە: منەتیان لەسەر ناکرێ، بەڵام وا پێدەچێ زیاتر (ممنون) بەمانای (**مقطوع**) بێ، (**مَنَّ الحَبلَ: أي قَطَعَهُ**) پەتەکەی پچڕاند، واتە: پاداشتەکەیان بێ کۆتاییەو نەبڕاوەیە.

ئنجا با چەند سەرنجێکی وردتر لەو ئایەتە موبارەکانە بدەین، سەرەتاش دەڵێین: دواتر کورتە باسێک لەبارەی هەنجیرەوە دەکەین، کاتی خۆیشی لەتەفسیری سووڕەتی (النحل)دا کورتە باسێکمان لەبارەی زەیتوونەوە کردوە، بۆیە لێرە دووبارەی ناکەینەوە.

شایانی باسە: ئەم ئایەتانە بە چەند جۆرێک ماناکراون:

مانای یەکەم: دەپرسین: ئایا خوای پەروەردگار سوێندی خواردوە بەو دوو درەختەو بە بەرەکەیان، یاخود مەبەست لە باسکردنی ئەو دوو درەختە شوێنەکەیانە، واتە: ئەو شوێنەی ئەو دوو درەختەی زیاتر لێ دەڕوێن؟ زۆربەی ڕوونکەرەوانی قورئان دەڵێن: مەبەست پێی شامە.

هەردوو واتایەکەی هەن، ئەگەر مەبەست هەردووک درەختەکەو ئەو دوو جۆرە ڕووەکە بێ، بەڕاستیی هەنجیروزەیتوون دوو میوەی زۆر بەسوودن و سەرسوڕهێنەرن، وەک کاتی خۆی باسی زەیتوونمان کردوە، دوایی باسی هەنجیریش دەکەین، ئەگەر مەبەستیش شوێنەکەیان بێ، ئەو شوێنەی هەنجیرو زەیتوونی لێ دەڕوێن، کە شامەو

شوێنی عیسایە (سەلامی خوای لێ بێ)، ئەو زیاتر لەوێ بووە، هەروەک کێوی سینا شوێنی مووسایە (سەلامی خوای لێ بێ)، مووساش زانراوە کە خوا لەسەر کێوی توور دواندوویەتی و تەوراتی پێداوە، بۆیە ئەو شوێنەش بە نشینگەی مووسا دادەنرێ، ﴿وَهَٰذَا ٱلْبَلَدِ ٱلْأَمِينِ ۝٣﴾ ئەم وڵاتە هێمن و پڕ ئاسایشە، یان: ئەم وڵاتە ئاسایشکەرەو خەڵک هێمنکەرە، کە شوێن و نشینگەی موحەممەدە ﷺ.

مانای دووەم: هەندێکی دیکە لە زانایان گوتوویانە: خوای پەروەردگار لێرەدا باسی چوار شوێن و چوار قۆناغ لە ژیانی بەشەر دەکات و ئاماژەیان پێ دەکات:

قۆناغی یەکەم: ئادەم و حەووا صەڵات و سەلامی خوایان لەسەربێ لەبەهەشت بوون، چ ئەو بەهەشتەی خوا بۆ بڕوادارانی داناوەو لەڕۆژی دواییدا دەیچنەتێ، چ مەبەست پێی باخێک بێ لە شوێنێکی بەرز، لەسەر زەوی، ئەوەش ڕایەکە.

ئنجا لەوێ کە لە درەختە قەدەغەکەیان خواردوە، ئەو درەختەش کە لێیان خواردوە وابووە پاشەرۆکی هەبێ و، پەییان بردوە بە عەورەتی خۆیان و، گەڵای درەختیان بەخۆیانەوە لکاندوە، وەک خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ ٱلْجَنَّةِ ۝٢٢﴾ الأعراف، ئنجا زانایان بەشێکیان دەڵێن: ئەوە گەڵای هەنجیر بووە بە خۆیانەوە لکاندوە، کەواتە: ﴿وَٱلتِّينِ﴾، ئاماژەیە بۆ قۆناغی یەکەمی ژیانی بەشەر، کە ئادەم و حەووان.

قۆناغی دووەم: ﴿وَٱلزَّيْتُونِ﴾، زەیتوونیش ئاماژەیە بۆ قۆناغی دووەم لە ژیانی بەشەر، چونکە نووح سەلامی خوای لێبێ دوای ئەوەی کەشتییەکەی لەسەر چیای جوودیی نیشتۆتەوە - وەک خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱسْتَوَتْ عَلَى ٱلْجُودِيِّ ۝٤٤﴾ هود، چیایەکەش دەکەوێتە باکووری کوردستان و لەلای جەزیرەیە - کۆتری ناردوە، یان باڵندەیەکی دیکەی ناردوە، بۆ ئەوەی سۆراغ بکات بزانێ: ئەو تۆفانەی دنیای داگرتوە، ئایا وشکانیی دەرکەوتۆتەوە؟ ئەویش چڵە زەیتوونێکی بۆ هێناوە، لەوەوە گەیشتوونە ئەو قەناعەتە کە وردە وردە وشکانیی دەرکەوتۆتەوە، ئنجا فەرمانی بە سواربووانی کەشتییەکەو سەرنشینانی کردوە کە دابەزنە خوار.

زەیتوونیش ئاماژەیە بە قۆناغی دووەمی ژیانی بەشەر، کە لە نووحەوە دەست پێدەکاتەوە، بۆیەش بە نووح گوتراوە: دووەمین بابی مرۆڤایەتیی.

قۆناغی سێیەم: ﴿ وَطُورِ سِينِينَ ٢ ﴾ کێوی **طووریش** ئاماژەیە بە قۆناغێکی دیکەی ژیانی بەشەر، دوای ئەوەی خوای کاربەجێ بەنوو ئیسرائیلی لە دەستی فیرعەون لە میسر دەرباز کردن و هێنانی بۆ دەشتی سیناو، خوای باڵادەست و بەبەزەیی دەریای سووری بۆ شەق کردن و لە دەشتی سینا جێگیر بوون، ئنجا خوا تەوراتی بە مووسادا سەلامی خوای لێبێ، واتە: شەریعەت و بەرنامە بۆ ئەوەی ژیانی کۆمەڵگایەکەی خۆی پێ ڕێک بخات، ئەویش قۆناغێکی دیکەی سێیەمە لە ژیانی بەشەر.

قۆناغی چوارەم و کۆتایی: لە ژیانی بەشەر لەڕووی ڕێنماییکرانەوە لەلایەن خوای پەروەردگارەوە، ئەو قۆناغەیە کە لەسەر دەستی موحەممەد ﷺ دەستی پێکرد: ﴿ وَهَٰذَا ٱلْبَلَدِ ٱلْأَمِينِ ٣ ﴾، ئەم وڵاتە پڕ هێمن و ئاسایشە، یان ئەم وڵاتە ئاسایشکەرە، کە مەککەیە، ئەمەش قۆناغی کۆتایی پەیوەندیی مرۆڤەکانە لەگەڵ خواداو کۆتا بەرنامەی خۆی دابەزاندە سەر موحەممەد ﷺ، بەدرێژایی زەمان و بە پانایی زەمین، بۆ هەموو بەشەر.

مانای سێیەم: هەندێکی دیکەش گوتوویانە: بەڵێ: مەبەست پێیان چوار قۆناغەکەی ژیانی بەشەرە، بەڵام مەبەست ئەو چوار پەیامەیە کە خوا ناردوونی بۆ بەشەر:

١- پەیامەکەی بووزا کەوەک لە ژیانیدا هاتوە، لە کاتی پەیام بۆ هاتنی دا لەژێر درەختێکی هەنجیردا بووە، دیارە بەپێی ئەو ڕایەی بووزاش یەکێک بووە لە پێغەمبەران، بەڵام دوایی بەرنامەکەی گۆڕدراوەو دەستکاریی کراوە.

٢- پەیامەکەی عیسا (سەلامی خوای لێ بێ)، کە زەیتوون تەعبیر دەکات لە شوێنەکەی عیسا کە شامە و ئینجیلی لەوێ بۆ هاتوە.

٣- پەیامەکەی مووسا، کە کێوی توور تەعبیر لە شوێنەکەی دەکات.

٤- پەیامەکەی ﷺ کە قورئان و ئیسلامە و وڵاتی هێمن و هێمنکەر ئاماژەی پێ دەدات.

هەموو ئەمانە بە جۆرێک لە جۆرەکان پێدەچن، بەڵام زیاتر وا پێدەچێ مەبەست لە هەنجیر هەر ئەو هەنجیرەبێ کە دەخورێ و، زەیتوونیش بەهەمان شێوە، ﴿ وَطُورِ سِينِينَ ۝٢ ﴾، یش هەر دیارە کە کێوی سینایە، ﴿ وَهَٰذَا ٱلْبَلَدِ ٱلْأَمِينِ ۝٣ ﴾، ئەم وڵاتە پڕ هێمن و ئاسایشەش دیارە کە شاری مەککەیە.

مانای چوارەم: دەشگونجێ بڵێین: ئەمە ئاماژەیە بە سێ ئایینەکەی خوای پەروەردگار کە شوێنکەوتووانیان هەن:

أ- (التين والزيتون) ئاماژەیە بە ئایینی مەسیح، عیسا (سەلامی خوای لێ بێ)، کە شوێنەکەی شام بووە.

ب- ﴿ وَطُورِ سِينِينَ ۝٢ ﴾، ئاماژەیە بەو پەیام و ئایینەی خوا بۆ مووسای ناردوە.

ج- ﴿ وَهَٰذَا ٱلْبَلَدِ ٱلْأَمِينِ ۝٣ ﴾، ئاماژەیە بە کۆتا پەیامی خوا. ئێستاش ئەم سێ ئایینە وەک ئایینی ئاسمانیی شوێنکەوتوانیان هەن: ئەوانەی شوێن عیسا دەکەون و، ئەوانەی شوێن مووسا دەکەون و، ئەوانەی شوێن موحەممەد دەکەون، (صەڵات و سەلامی خوا لە هەرسێکیان بێ).

سوێند بەمانە: ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ۝٤ ﴾، بەدڵنیایی مرۆڤمان لە باشترین شێوەو پێکهاتەدا، هێناوەتە دی، **(التَّقويم جَعْل الشَّيء في قَوام، وَالقَوامُ: هوَ العَدْلُ وَالتَّسويَةُ)** **(تقويم)** بریتیە لەوەی شتێک بخرێنە حاڵەتی **(قَوام)**، ئەمیش واتە: دادگەریی و ڕێک و ڕاستیی.

کە دەفەرموێ: ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ ﴾، (أل)ی سەر (الإنسان) بۆ ناساندنەو ناساندنەکەش بۆ جینسە، واتە: کۆی مرۆڤانمان بەو شێوەیە خوڵقاندوە، یاخود بۆ ناساندنی چییەتە، نەک مرۆڤەکان هەموویان تێیدا لە بەرچاوبگیرێن، بەڵکو چییەت و حەقیقەتی مرۆڤی تێدا لەبەرچاو گیراوە.

کە دەفەرمویّ: ﴿ ثُمَّ رَدَدۡنَٰهُ أَسۡفَلَ سَٰفِلِينَ ۝٥ ﴾، (ثُمَّ) بێگومان بۆ ڕیزبەندیی و بەدوایەکداهاتنە، یانی: دوایی مرۆڤمان گێڕایەوە بۆ ژێری هەرە ژێران، ئەمە زانایان چ لە ڕووی ڕێـزمانییەوە، چ لەڕووی واتایەکەیەوە، زۆر قسەیان لەسەر کردوون، هەندێکیان گوتوویانە: (**أسفَلَ إسْم تَفضِيل، أي: أشَدّ سَفَالةً، وَسافِلين مَوْصوفِينَ بِالسَّفَالة، والسَّفالَةُ إنْخِفاضُ مَكانٍ، وَتُطْلَق مَجازاً لِلخِسَّةِ وَالحَقارةِ فِي النَّفْس**) واتە: (**أسفَلَ**) لەڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە پێی دەگوترێ: (**إسْم تَفضِيل**) ناوی هەڵبژاردن، واتە: نزمتر، شۆڕتر، (**سافلين**) ئەوانەن کە بە سەفالەت وەسف دەکرێن، سەفالەتیش بریتیە لە نزمبوونی شوێن، بەڵام دوایی بە مەجاز بەکارهێنراوە بۆ بێنرخیی و بێبایەخیی نەفسێک کە بێڕێزەو کەم نرخە.

١- هەندێک گوتوویانە: ﴿ أَسۡفَلَ سَٰفِلِينَ ﴾ (**حَالٌ مِنَ المَفعولِ أي: رددناه حَالَ كَونِهِ أسْفَل السَّافلين**) لە حاڵێکدا کە ئەو لە ژێری هەرە ژێرەکان بووە.

٢- یەکێکی دیکە لەزانایان دەڵێ: (**صِفة لِمَوصوف مَحذوفٍ، أي: مَكاناً أسْفَل السَّافِلين**) سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، یانی: بۆ شوێنێک کە نزمترینی نزمەکانە.

٣- هەندێکی دیکە گوتوویانە: (**صَيَّرناهُ أسْفَلَ مِنَ الحَيواناتِ الَّتي كَانَت أسْفَل مِنْهُ**) گێڕامان بە نزمتر لەو ئاژەڵ و ژیاندارانەی لەو نزمتر بوون، کەچی دوایی ئەو چووە خواری خوارەوەیان.

٤- یەکی دیکەیان دەڵێ: (**ثُمَّ جَعلْناهُ مِن أهْلِ النَّارِ الَّذي هُم أقْبَحُ مِنْ كُلِّ قَبيح**) دوایی گێڕامان لە خاوەنانی ئاگر، کە لە هەموو ناقۆڵایەک ناشیرینترن.

٥- (عبدالرحمن بن ناصر السعدی) دەڵێ: (**أسْفَل سَافِلين، أي: أسْفَل النَّار، مَوضِع العُصَاةِ المُتَمَرِّدينَ عَلَىٰ رَبِّهِم**) ژێرەوەی ئاگر کە شوێنی سەرپێچییکاران و هەڵگەڕاوانە لە پەروەردگاریان.

٦- (**الزمخشري**) دەڵێ: (**أنْ رَدَدْنَاهُ أسْفَل مِن سَفَلَ خُلْقاً وَتَركِيباً، يَعني: أقْبَحَ مِن قَبُحَ صورَةً وَأشْوَهَهُ خِلْقَةً، وَهُم أهْلُ النَّار**) نزمتر لە هەرکەسێک کە نزمە لەڕووی پێکهاتەوەو، ناشیرینتر لە هەرکەسێک کە ناشیرینە لەڕووی شێوەوە، کە بریتیە لە دۆزەخییەکان.

٧- (ابن عجيبة) لە (أبو العبّاس المرسي) دەگێڕێتەوە (کە یەکێکە لە عاریفەکان)، گوتوویەتی: سوورەتی (التين)م خوێند، دوایی شەو لەخەودا لەوحی مەحفووزیان پێشاندام، نووسرابوو: (**أحسن تقويم: أي عقلاً وروحاً، ثُمَّ رَدَدناهُ أَسْفَل سافِلين: أَي نَفْساً وَهَوىً**) لەڕووی عەقڵ و ڕووحەوە لە باشترین شێوەدا هێناومانەتە دی، بەڵام نزممان کردنەوە بۆ پلەی هەرە خوارێ لەڕووی نەفس و ئارەزووەکانەوە.

ئەم مانایانەش هەر کامێکیان بە شێوەی خۆی جۆرێک لە گونجاوییان تێدایە.

﴿ أَسْفَلَ سَٰفِلِينَ ﴾، (**ظَرفٌ أَي مَكاناً أَسْفَلَ مَا يَسْكُنُه السَّافِلون، فإضافة أسفل إلى سافلٍ، إِضَافَةُ الظَّرْفِ إلى الحالِّ فيهِ**)، واتە: ئەمە زەرفە، ناوی شوێنە، یانی: شوێنێک کە نزمترە لە هەموو ئەوەی خەڵکی نزم تێیدا نیشتەجێ دەبن، (**أسفل**) پاڵدراوەتە لای (**سافلين**) ئەمە پاڵدانی شوێنە بۆ لای کەسێک لەو شوێنەدا نیشتەجێیە، واتە: ئەوانەی نیشتەجێن لە شوێنی هەرە نزمدا.

زانایان هەموویان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە (**أسفل**) (منصوب)ە لەبەر ئەوەی زەرفە، یانی: (**مكاناً أسفل**)، یاخود بە داڕنینی ژێردارکەر (**نزع الخافض**) و لە ئەسڵ دا ئاوایە: (**إلى أسفل سافلين**)، بەڵام (إلى)یەکەی لابردراوە، بۆیە پێی دەگوترێ: (**منصوب بنزع الخافض**)، یانی: ئەوەی ژێرداری دەکرد لابردراوەو لێی داڕنراوە، بۆیە مەنسووب بووە.

٦- ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ﴾، جگە لەوانەی بڕوایان هێناوە (بەهەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ) و کردەوە چاکەکانیشیان ئەنجام داون.

٧- ﴿ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ۝٦ ﴾، ئەوان پاداشتێکی نەبڕاوەیان بۆ هەیە.

لەبارەی ئەوەوە کە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِيٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ۝٤ ﴾، لە فەرمایشتی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتوە، فەرموویەتی: {**فَإِنَّ اللَّهَ خَلَقَ آدَمَ عَلَى صُورَتِهِ، وَفِي روايةٍ: عَلَى صورةِ الرَّحْمنِ**} (**أخرجه أحمد: ٨١٥٦، والبخاري: ٥٨٧٣، ومسلم: ٢٨٤١**)، واتە: خوای بەرز ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی دروست کردوە، لە گێڕدراوەیەکدا دەفەرموێ: ئادەمی لەسەر شێوەی (الرحمن) دروست کردوە.

هەڵبەتە شێوە مەبەست پێی شێوەی مەعنەوییە، واتە: ئەو سیفەتانەی خوای بەرزو مەزن هەینی، لەجۆری ئەو سیفەتانەش بەشی بەشەرانی داوە، زانیاریی و بینین و بیستن و قسەکردن و بەزەیی و، ...هتد، هەموو ئەو سیفەتانەی لە مرۆڤەکاندا هەن، خوای پەروەردگار لەو سیفەتانەی خۆی بەشی مرۆڤیشی داوە، مەبەست پێی ئەوەیە ئەگەرنا خوا وێنەکەی دیار نیە، تاکو بزانین وێنەی خوا چۆنە، ئنجا بگوترێ: مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی دروستکردوە، خوای بێ وێنە لە سەرووی دروستکراوەکانەوەیەو، لەسەرووی ئەوەوەیە وێنەی هەبێ، وەک دەفەرموێ: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَيْءٌ ﴿١١﴾﴾الشورى، واتە: هیچ شتێک وەک وێنەی خوا نیە.

کەواتــە: فەرموودەکــە مەبەســتی پــێ وێنــەی مەعنەوییــە، واتــە: لــەڕووی مەعنەوییـەوە، لـەڕووی سـیفەت و ئاکارەکانـەوە، خـوا ئادەمـی لەسـەر شـێوەی خۆی، هەمـان ئـەو سـیفەتانەی خـۆی هەینـی، بەشـی ئادەمیشـی لێـداون، لەقـەدەر خـۆی.

مەسەلەی دووەم:

ئایا دوای ئەوە چ شتێك مرۆڤ بێبڕوات دەكات بە سزاو پاداشتی خوا؟ ئایا خوا دەسترۆیشتووترین و کارزانترین دادوەر نیە؟

وەك دەفەرموێ: ﴿ فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِالدِّينِ ﴿٧﴾ أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ ﴿٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِالدِّينِ ﴿٧﴾ ﴾، چ شتێك دوای ئەوە وا لە تۆ دەكات بێبڕوابی بە سزاو پاداشت، یان: بە ئایین و بەرنامەی خوا؟ پیتی (ف)، (**الفَاء لِلتَّفريعِ عَلى جَميعِ مَا ذُكِرَ، لأَنَّ مَا بَعْدَ الفَاءِ مُسَبَّبٌ عَن البَيان الَّذي قَبْلَهَا**) لێرەدا (ف) بۆ بنیاتنانە، لەسەر تێكڕای ئەوەی پێشتر باسكرا، چونكە هەمیشە ئەوەی لەدوای (ف)ەوە دێ، پەیداكراوە لەو ڕوونكردنەوەیەی پێشێ باسكراوە.

واتە: دوای ئەوەی ئەو شتانە باسكران، چ شتێك وا لە تۆ دەكات بێبڕوا بی و سزاو پاداشت بەدرۆ دابنێی؟ وشەی (ما) دوو حاڵەتی هەن و سەرجەم ئەم ئایەتە چوار مانای دەبن:

١- (**إسْتِفْهاميَّة تَوبيخيَّة، أي: مَا الَّذي يَجْعَلُك مُكَذِّباً، فَلا عُذْرَ لَكَ فِي تَكذيبِكَ بالدِّين**) واتە: چ شتێك وا لەتۆ دەكات بەدرۆ دانەر بی، هیچ پۆزشێكت نیە بۆ بەدرۆ دانانی سزاو پاداشت.

٢- یاخود (**ما موصولة**) بەواتای (**مَن**) (**أي: مَنِ الَّذي يَنْسِبُك إلى الكَذِب بسبب مَا جِئْتَ بِهِ مِنَ الإِسْلام أَو الجَزاء؟**) ئەگەر (ما) (**موصولة**) بێ دەبێ ڕووی دواندن لە پێغەمبەر ﷺ بێ، واتە: چ كەسێك تۆ پاڵدەداتە لای درۆ، بەهۆی ئەوەوە كە ئیسلامت هێناوە، یاخود سزاو پاداشتت ڕاگەیاندوە، كە خوا سزاو پاداشتی هەیە ئەی موحەممەد؟

٣- واتایەكی دیكەی: (**ما سَبَب تكذيبِكَ بَعدَ هَذا البَيَان؟**) دوای ئەم ڕوونكردنەوەیە چ

شتێك وا لەتۆ دەكات بێبڕواو بەدرۆدانەر بی بەسزاو پاداشت، دوای ڕوونكردنەوەی ئەو ڕاستییە مەزنانە؟

٤- واتایەكی دیكەی: (مَا الَّذي جَعَلَك كَاذِباً بِسَبَبِ تَكذيبِكَ بِالدِّين؟) واتە: چ شتێك وا لە تۆ دەكات درۆ بكەی بەهۆی بەدرۆدانانی سزاو پاداشتەوە؟ چونكە هەر كەسێك شتێكی ڕاست بەدرۆ دابنێ، درۆی كردوە.

ئـەو ئایەتـە ئـەو چـوار واتایـەی هـەن و، دیـارە هەندێكیـان لـە هەندێكیـان بەهێزتـرن.

لە كۆتایی دا خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

٢)- ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَحْكَمِ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿٨﴾ ﴾، ئایا خوا دادگەرترینی، یاخود كارزانترینی دادوەران نیە؟

ئـەم پرسـیاركردنە بـۆ دان پێپێداهێنـان (**الإسْـتفهام للتَّقريـر**)ە، یـانی: بەدڵنیایـی خـوا دادگەرتریـنـی دادوەرانـە، خـوا كارزانتریـنـی دادوەرانـە، بۆچـی ئـەو دوو واتایەمـان هەردووكیـان بەكارهێنـاوە؟ چونكـە وشـەی (**أَحْكَم**) یـان لـە (**حُكْـم**)ەوە هاتـوە، واتـە: بڕیـاردان و جێبەجـێ كـردن، خـوا دەسترۆیشـتووترینی دادوەرانـە، یاخـود لـە (**حكمة**) ەوە هاتـوە.

ئنجا ئەگـەر لـە (حكـم)ەوە هاتبـێ، ئـەوە بـە مانـای هەڵبـژاردن (**تفضيـل**)ە، یـانی: بڕیـارو حوكمـی خـوا ڕاسـترەو باشـتریش جێـگا دەگـرێ.

بـەڵام ئەگـەر لـە (**حكمـة**)ەوە هاتبـێ، (**أَي: أَقْـوى الحَاكِمِـينَ حِكْمَـةً**) خـوا حیكمەتەكـەی لـە هـی هەمـوو دادوەرەكان بەهێزتـرە لـە بڕیاردانیـدا، بەشـێوەیەك كـە كەمتەرخەمیـی و بەزایـەدان بـۆ بەرژەوەندیـی، تێكـەڵ بـە حوكـم و بڕیارەكـەی نابـێ. بۆیـە خـوا باشـترینی ئەوانەیـە كـە دادوەری دەكـەن و حوكـم دەكـەن.

لـە شـوێنەواردا هاتـوە: {كَانَ إِذا قَرَأَهـا قَـالَ: بَـلى وَأَنَـا عَـلَى ذَلِـكَ مِـنَ الشَّـاهِدِين} **(أخرجـه ابـن ماجـه: ٨٨٧، والترمـذي: ٣٣٤٧، وَضَعَّفَـهُ كُل مِـن الألبـاني و شـعيب الأرنؤوط).**

واتـە: پێغەمبـەری خـوا ﷺ كاتێـك ئـەم سـوورەتە موبارەكـەی دەخوێنـدو دەگەیشـتە ئـەو ئایەتـە: ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَحْكَمِ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿٨﴾ ﴾، ئایـا خـوا دادگەرترینـی دادوەران نیـە، كارزانترینـی دادوەران نیـە؟ دەیفەرمـوو: بـا، مـن لـەو بـارەوە لـە شـایەدانم.

کورتە باسێک لەبارەی هەنجیرەوە[1]

بەڕێـــــزان!

لەدوو تەوەردا باسی هەنجیر دەکەین:

تەوەری یەکەم: چەند زانیارییەك لەبارەی درەختی هەنجیرەوە:

١)- درەختی هەنجیر یەکێکە لەو درەختە بە پێزانەی خوای میهرەبان لە قورئاندا باسی کردوون و، تاکە شوێنێك لە قورئاندا ناوی هەنجیری تێدا هاتبێ ئەم سووڕەتەیە، درەختی هەنجیر لە کۆنترینی ئەو درەختانەیە کە مرۆڤ لەسەر زەوی دۆزیونەیەوەو لێیان بەهرەمەند بووە، ئەم درەختە یەکێکە لە درەختە زۆر بەتەمەنە بەردارەکان و، لەگەڵ هەرسێ درەختەکەی دیکە: (زەیتوون، خورما، ترێ) چوارینەیەك پێکدێنن، چوار دەرختن کە مرۆڤ بە گشتیی لەسەر زەوی زۆرترین بەهرەی لێیان وەرگرتوە، ئەم درەختە لە ماوەی هەزاران ساڵدا میوەی تەڕو تازەی لە هاویناندا بۆ مرۆڤ بەرهەم هێناوەو، هەنجیری وشك کراوەو خەزن کراویش لەماوەی ساڵدا، خەڵك هەنجیر وشك دەکاتەوە دەیکاتە خەرواو بە چەند جۆرێك لێی بەهرەمەند دەبن، درەختی هەنجیر کاتی خۆی فینیقییەکان و فیرعەونییەکان و گریکییەکان هەم وەك خواردن، هەم وەك چارەسەرو دەرمان، بەکاریانهێناوە.

٢)- زۆربەی لێکۆڵەرەوان پێیان وایە نشینگەی ئەسڵی هەنجیر - بەپێی ڕای ئەو نووسەرە - نیوەدوورگەی عەرەبیی بووە، دوایی گواستراوەتەوە بۆ ئاسیای بچووك لە ئەنادۆڵ و تورکیاو ئەفغانستان، دوایی لەڕێی گریکیی و فینیقییەکانەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەورووپا، ئنجا کە ئیسلام هاتوە، ئەم درەختە گواستراوەتەوە بۆ زۆبەی وڵاتانێك

---

(١) ئـەم کورتـە باسـەمان لـە ئینتەرنێـت وەرگرتـووە، لـە چەنـد پێگەیـەك، یەکێـك لـەو پێگانـە بەنـاوی: (ثَقِّـفْ نفسَـك) واتـە: خـۆت ڕۆشـنبیر بکـە!

کە دەسەڵاتی ئیسلامی پێگەیشتوە، جارێکی دیکەش لەرێی تورکیاوە بڵاو بۆتەوە بۆ ئەورووپاو رۆژئاوا، هەروەها لە سەدەی چواردەمی زایینیی دا گەیشتوە بە هیند، هەروەها لەسەدەی شازدەی زایینییدا لە چین بڵاوبۆتەوە، هەندێك لە شوێنەوارەکان دەگەڕێنەوە بۆ دوو هەزار (٢٠٠٠) ساڵ پێش زایین و دەڵێن: درەختی هەنجیر یەکێك بووە لە کشتوکاڵە سەرەکییەکان لە وڵاتانی ئاسیای بچووك و، وشك کردنەوەو ناردنی یەکێك بووە لە بازرگانییە گرنگەکان کە لەو رۆژگارانەدا کراون.

٣)- هەنجیر زۆر لەمێژە هەیەو مرۆڤ لێی بەهرەمەند بووە، پشکنەرەکان هەنجیری بەبەردبوویان دۆزیوەتەوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (٩٤٠٠ - ٩٢٠٠) ساڵ پێش زایین، لە ئاوەدانییەك لەسەردەمی چاخی بەردیندا لە شیوی (بوردن)دا، بگرە شارەزای شوێنەوارەکان (کریس هێرس) دەڵێ: هەنجیر پێنج هەزار ساڵ پێش زایین بەهرەی لێ وەرگیراوە.

گۆڤاری (سادرن لیڤینج) دەڵێ: هەنجیر وێڕای ئەوەی میوەیەکی زۆر خۆشە، درەختی زۆر جوانیشی هەن، لە نێوەڕاست و خواروو و دامێنەکانی، شوێنە ئیستیوایییەکانی هێڵی یەکسانیی دا بڵاوبۆتەوەو، هەنجیر یەکێکە لەو درەخت و میوانەی کەیفیان بەگەرما دێت.

٤)- سرووشتی هەنجیر وایە زیاتر لەو شوێنانە دەڕوێ و دەکرێ کە ئاووهەوایان هاوسەنگە، هەر چەندە حەزیشی بە گەرما دەکات، بەڵام ئەو جێیەی هاوکۆی شێی زۆرە هەنجیر لەوێ چاك نابێتێ و، ئەگەر بشبێ بەرەکەی باش نابێ، بۆیە هەنجیر وێڕای ئەوەی لە پێدەشتەکان دا دەبێ، لە چیایەکانیشدا هەر دەبێ.

٥)- هەنجیر پێی خۆشە بەدرێژایی رۆژ تیشکی خۆری لێ بدات، بۆ ئەوەی میوەکەی باشتر بێ.

٦)- واباشە لەژێر درەختی هەنجیرداو لە دەوروبەرو نیزیکی هیچ شتێکی دیکە نەکرێ، واتە: کشتوکاڵی دیکە، چونکە زیانی پێ دەگەیەنێ.

٧)- درەختی هەنجیر هەندێ کرم کە پێیان دەگوترێ: **(الدیدان الخیطیة)** کرمە دەزوویییەکان، لێی دەدەن، هەرچەندە بەرگرییش لەخۆی دەکات و، خوای پەروەرگار وای کردوە کە ئەو زیندەوەرانە بفەوتێنێ.

٨)- گرفتێکی دیکەی درەختی هەنجیر بریتیە لە ژەنگ هێنانی گەڵایەکانی، ئەوەش وا دەکات گەڵایەکانی بەزوویی بوەرن و سەرەنجام بەرهەمی هەنجیرەکەش کەم دەبێتەوە، لەکاتێکدا کە باران زۆر ببارێ، ئەو نەخۆشییە لە درەختی هەنجیر دەدا.

٩)- هەنجیر کاتێك بەرەکەی پێدەگات، شۆڕ دەبێتەوەو، واباشە هەنجیر هەر بەنەرمیی و لە باریی لێ بکرێتەوە، بەڵکو باشترە ئەگەر دەستکێشیش لەدەست بکرێ، بۆ ئەوەی کەسانێك کە هەستیارییان هەیە بە شیری هەنجیر، تووشی زیان نەبن.

تەوەری دووەم: سوودەکانی هەنجیر:

سوودەکانی هەنجیر زۆر زۆرن و ئێمە بەخێرایی هەندێکیان دەخەینەڕوو:

١)- خواردنی هەنجیر ڕێ دەگرێ لەبەرز بوونەوەی گوشار **(ضغط)**ی خوێن، چونکە ئەندازەیەکی زۆر پۆتاسیۆم و، ئەندازەیەکی کەم لە سۆدیۆم لە هەنجیردا هەیە، بۆیە ئەوانەی تووشی گوشاری بەرزی خوێن دەبن، هەنجیر دەبێتە هۆی ڕێکخستنی گوشاری خوێن و دابەزاندنی.

٢)- بۆ کەسانێك کە لەڕووی جینسیەوە گرفتیان هەیە، هەنجیر هۆکارێکی باشە بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشییە، کە دوو تاکو سێ هەنجیر بخرێنە نێو شیرەوەو بەیانیان بخورێ، ئەوە ئەو گرفت و کێشەیەی پیاوان تاکو ڕاددەیەك چارەسەر دەکات.

٣)- خواردنی هەنجیر ڕێ دەگرێ لە سەرەتانی پڕۆستات، پڕۆستات ئەو لووەیە کە تەنیا پیاوان هەیانەو، تووشی شێرپەنجە دەبێ، ئەو ڕیشاڵانەی لە هەنجیردا هەن ڕێ دەگرن لە تووشبوونی شیرپەنجەی پڕۆستات، چونکە زۆر پێکهاتەی بەهێزی تێدا هەن کە دژی ژەنگهێنان **(أَكْسَدة)**ن کە هۆکارێکی سەرهەڵدانی شێرپەنجەیە.

٤)- خواردنی هەنجیر ڕێگە دەگرێ لە توشبوون بە نەخۆشییەکانی دەماری سەرەکیی دڵ، لەبەر ئەوەی هەنجیر ئەندازەیەك ترشەڵۆکی تینۆك و ئۆمێگا سێی تێدایە، هەروەها ئۆمێگا شەشی چەوری تێدایە، ئەو ترشەڵۆکانەش یارمەتی دەدەن کە نەخۆشییەکانی دەمارەکانی دڵ کەم ببنەوەو، ڕێژەی چەوریی سێیی لە خوێندا کەم دەکەنەوە.

٥)- پیاوانێك کە دووچاری نەزۆکیی بوون خواردنی هەنجیر چارەسەرە بۆ ئەوە، ئەگەر هەنجیر بە شێوەیەکی باش بەکاربێنن، حاڵەتی نەزۆکیی لە پیاواندا کەم دەکاتەوە، یاخود لایدەبات.

٦)- هەنجیری وشککراوە ژمارەی ژیاندارە تۆوییەکان (**الحيوانات المنوية**)لە تۆوی پیاوان دا زیاد دەکات و تەندروستتریان دەکات و، وایان لێدەکات دووربن لە حاڵەتی شێوێندران، بۆیە خواردنی هەنجیری وشك بۆ بەرهەمدارکردنی پیاوان کاریگەرە.

٧)- هەنجیر لە هەندێك لە شوێنەکان، بەتایبەت نیوەدوورگەی هیندیی و، لە هەندێ شوێنی دیکەی دنیادا، وەك چارەسەرێك بەکاردێ بۆ نەخۆشییە زاووزێییەکان، ئەو نەخۆشییانەی دووچاری ئەندامانی زاووزێ دەبن.

٨)- خواردنی هەنجیر ئەندازەی شەکر لە خوێندا ڕێك دەخات، چونکە بێگومان نەخۆشیی شەکرە کاریگەریی دەخاتە سەر هەموو ئەندامەکانی دیکەی جەستە، لەبەر ئەوەی هەنجیر ئەندازەیەکی زۆر لە ڕیشاڵە خۆراکییەکانی تێدا هەن، چ میوەی هەنجیر، چ گەڵایەکانی هەنجیر ئەندازەیەك لە هۆڕمۆنی ئەنسۆلین کە لە جەستەدا هەیە، کەمی دەکاتەوەو ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێژەی شەکر لە خوێندا دابەزێ.

٩)- خواردنی هەنجیر ڕێژەی کۆلسترۆڵ لە خوێندا دادەبەزێنێ، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەندازەیەك ماددەی بەکتینی تێدایە، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕیشاڵی خواردن و لە نێو خواردن دا دەتوێتەوەو دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ئەندازە زیادەی لە کۆلسترۆڵ لە جەستەو خوێندا هەیە، بیخاتە دەرێ، وێڕای ئەوەی بەکتین دەبێتە هۆی ئەوەی

ڕیخۆڵەکان هان بدات لەسەر جموجۆڵ، بۆیە خواردنی هەنجیر بۆ قۆڵۆن باشە تاکو مرۆڤ تووشی قەبزیی نەبێ.

١٠)- خواردنی هەنجیر دەبێتە هۆی دابەزاندنی کێش و ڕێگرتن لە قەڵەویی، بەڵام ئەگەر هەنجیر لەگەڵ شیردا بخورێ، لەوانەیە ببێتە هۆی قەڵەو بوون، چونکە شیر ماددەی چەوریی تێدایەو هەنجیریش ماددەی شیرینیی تێدایەو بەیەکەوە دەبنە مایەی قەڵەویی، بەڵام ئەگەر بەتەنیا بخورێ، مرۆڤ تێر دەکات و وای لێدەکات خواردنی دیکەی زۆر پێ نەخورێ.

١١)- خواردنی ئێسقان بەهێز دەکات، لەبەر ئەوەی ڕێژەیەکی زۆر ماددەی کالیسیۆمی تێدایە، ئەویش یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ئێسقان، هەروەها هەنجیر لە مەترسیی توشبوونی ئێسکەنەرمە، یاخود بێهێزبوونی ئێسقان، کەم دەکاتەوە، چونکە ئەندازەیەك کانزای فۆسفۆڕی تێدایەو، هەروەها وەك پێشتریش گوتمان ئەندازەیەك کالیسیۆمیشی تێدایە.

١٢)- خواردنی هەنجیر هۆکارە بۆ چارەسەری شێرپەنجەی قۆڵۆن، چونکە ئەو ڕیشاڵە خۆراکییانەی لە هەنجیردا هەن، دەبنە هۆی ئەوەی جووڵە بە ڕیخۆڵەکان بکەن و زووتر لە بەدەن جیابێتەوەو بچێتە دەر.

١٣)- خواردنی هەنجیر ڕێگە دەگرێ لە قەبز بوون و، خەستبوونەوەی پاشەڕۆك لە جەستەداو، نەچوونەدەری، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی پاشەڕۆك بە ئاسانیی لە جەستەدا بچێتەدەر، ڕیخۆڵەکان جموجۆڵی زیاتر بکەن - وەك پێشتریش گوتیان -.

١٤)- خواردنی هەنجیر ڕێگە دەگرێ لە توشبوونی نەخۆشیی زەهایمەر، کە تووشی مێشك دێت، هەنجیر ڕێگە دەگرێ لە توشبوونی ئەو نەخۆشییە.

١٥)- هەنجیر چارەسەرە بۆ هەوکردنی سیکلّدانۆچکە هەواییەکانی نێوسییەکان، ئەو ماددە کیمیاییە سرووشتییانەی لە هەنجیردا هەن، بەتایبەت لە گەڵاکەیدا، ئەگەر

جۆرێك لە چای لێ دروست بکرێ و بکوڵێنرێ و بەکاربهێنرێ، ڕێ دەگرێ لە هەوکردنی سیکڵدانۆچکەکانی نێو سییەکان و ڕیش دەگرێ لە نیشانەکانی هەناسە بڕکە (ربُو).

١٦)- خواردنی هەنجیر پارێزگاریی دەکات لە تەندروستی موو و پێست، لەبەر ئەوەی هەنجیر ئەندازەیەکی زۆر (فلافۆنیودی) تێدایە، هەروەها پێکهاتەکانی دیکەی وەك (دینۆل) کە دژی ئەکسەدەن، دژی ژەنگ گرتنن و، دەبنە هۆی ئەوەی مووەکانی مرۆڤ چاکتر بن و پێستیش سەلامەتتر بێ.

١٧)- بەردو لـمێك کە لە گورچیلەدا هەیە، ئەگەر ڕۆژانە هەنجیری وشك بخرێتە نێو پەرداخێك ئاوو بخورێتەوە، بۆ لابردنی زۆر بەسوودە.

١٨)- لەبەر ئەوەی هەنجیر ئەندازەیەکی زۆر پۆتاسیۆمی تێدایە، خواردنی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەنسۆلین لە خوێندا، وەکو پێشتریش باسمان کرد، ئەمەش یارمەتییدەرە بۆ ئەوانەی تووشی نەخۆشیی شەکرە بوون.

١٩)- هەنجیر بۆ چارەسەری هەوکردنی گەروو، لەکاتێکدا لەگەڵ هەنگویندا تێکەڵ بکرێ، زۆر بەسوودە.

٢٠)- هەنجیر هەندێك ماددەی تێدان دژی ئەکسەدەن، یانی: ژەنگگرتنی دەمارەکان و، هۆکار دەبن بۆ دەربازکردنی جەستە لەو ژەهرانەی تێیدەکەون.

٢١)- هەنجیر ئەگەر بهاڕدرێ و لەسەر پێست دابنرێ، چارەسەرە بۆ ئەو زیبیکانەی لەدەم و چاوی گەنجان دێن، هەروەها ئەو خاڵە ڕەشانەی لەسەر پێست پەیدادەبن.

٢٢)- هەنجیر مرۆڤ دەپارێزێ لە نیشانەکانی پیریی لە دەم وچاوداو ئەو چرچ و لۆچانەی پەیدادەبن و ئەو خاڵە سپییانەی پەیدادەبن، ڕێیان لێ دەگرێ.

٢٣)- هەنجیر بەکاردەهێنرێ بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی ئاوڵە لە قۆناغەکانی یەکەمیدا.

٢٤)- هەنجیر هەمیشە پێست بە تەڕو تازەیی ڕادەگرێ، لەبەر ئەوەی کە هەردوو ڤیتامینی: (b - a)ی تێدان و فۆسفۆڕو پۆتاسیۆم و هەندێ کانزای وەك کالیسیۆم و مەگنیسیۆم و ترشە ئەمینییەکانی تێدان، هەروەها ئۆمێگا سێی تێدایە.

٢٥)- سوودێکی دیکەی هەنجیر ئەوەیە لێکۆڵینەوەکان دەڵێن: جوینی دوو تاکو سێ گەڵای هەنجیر و غەرغەرە پێکردنیان بەئاو، بۆنی ناخۆشی زار ناهێڵێ و، ئەگەر لەنێو زاردا جۆرێك لە برین هەبێ بۆ ئەوەش چاکە.

٢٦)- لەبەر ئەوەی هەنجیر ڕێژەیەکی زۆر ڤیتامینەکان و کانزایەکانی تێدا هەن کە دەبنە هۆی بەهێزکردنی مووەکان و، پاراستنیان لە لەبەین چوون و کەوتنە خوار، بۆ بەهێزکردنی مووەکان بەسوودە، هەروەها دەبێتە هۆی پارێزگاریی لە تووکی سەر، لەخوران و سووربوونەوە، لەبەر ئەوەی ئەندازەیەکی زۆر کالیسیۆمی تێدایە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی (کۆلاجین) ئەویش بەسوودە بۆ قژ.

٢٧)- ئەو کرێژو توێژەی لەسەردا پەیدا دەبێ، خواردنی هەنجیر دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کرێژە کەم بێتەوە یاخود نەمێنێ.

نێوەڕۆک